فەرهەنگی خاڵ

زادە

دانانی

شێخ محەمەدی خاڵ

ئاراس

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

ناوی کتێب: فەرهەنگی خاڵ
دانانی: شێخ محەمەدی خاڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٥٦
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد + نادیە عەزیز + نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + هەندرێن شێرزاد + ئەمیر حاجی داود
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم + حاجی دلاودر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

پێشکەشکردن

پێشکەش بێ بە پێشگاهی گەلی کورد، بەهەموو هۆز و تیرە و خێڵ و ئێل و، بنەچە و ڕەگەز و نەتەوە و بەرەیەکیەوە و بە پیاو و ژن و کوڕ و کچ و گەورە و بچووک و خوێندەوار و نەخوێندەوار و مردوو و زیندوویەوە، نەخوازەڵا خوێندەوارانی ئیمڕۆ و لاوانی پاشەڕۆژ کە هیوای هەموو لایەکمانن، هیوادارم کە بەدڵێکی پاک و گیانێکی ڕووناک و هەستێکی چاکەوە ئەم فەرهەنگەم بە دیارییەکی نۆبەرە لێ وەربگرن.

شێخ محەمەدی خاڵ

وتەیەک

خوالێخۆشبووی باوکم وەک ڕۆشنبیرێکی دڵسۆز بەنەتەوەکەی لە زۆر زووەوە هەستی کردووە بەگرینگیی دانانی فەرهەنگێک کە زۆربەی وشەی کوردی بەهەموو لەهجەکانی کوردستانی گەورە بگرێتە خۆی بۆ پاراستنی زمانەکەمان لە فەوتان. بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە میللەتی کورد فەرهەنگێکی ئەوتۆی نەبوو کە ئەم کەلێنە گرینگە پڕ بکاتەوە. شێخی خاڵ لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا (١٩٣٥) چووە ژێر ئەم بارە قورسە گرینگە پڕ سەروەرییەوە. بێ ئەوەی کەرەستەیەکی ئەوتۆی لەبەردەمدا بێ کە یارمەتیی بدا و ئەرکی سەرشانی تۆزێک سووک بکات. بەڵام هیمەتی پۆڵایین و شەوقێکی بێ سنوور و خۆشەویستییەکی زۆر بۆ گەل و نیشتمانیی پاڵی پێوەنا کە ئەم ئەرکە گەورەیە بخاتە ئەستۆی خۆی. لە ماوەی ٤١ ساڵی بەردەوامدا، واتە لە ساڵی ١٩٧٦دا توانی ئەم پرۆژە گەورەیە تەواو بکات بەشێوەیەک کە ڕەزامەندیی نەتەوەی کوردی لەسەر بێ و، لەلایەن پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە بەکورد و بێگانەکان دەستخۆشکەریی لێ کرا و، بەفەرهەنگێکی نوێەرە لە قەڵەم درا و، بە سێ بەرگ کەوتە بازاڕەوە.

زۆرجار باوکم لە مەجلیسەکانیدا دەیفەرموو خۆزگە بمتوانیایە ئەم سێ بەرگەم بکردایە بەیەک بەرگ و، وەک (المنجد)ی عەرەبی بەوێنەوە لە چاپم بدایە. بەڵام ڕووی نەبوونی ڕەش بێت. شێخ محەمەدی خاڵ، بەداخەوە، تا ئەم جیهانەی بەجێ هێشت لە ساڵی ١٩٨٩دا نەیتوانی ئەم ئاواتەی بەجێ بێنێ.

ئێستاش وا بەهیمەت و کۆششی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، ئەم ئاواتەی باوکم و هەموو خوێنەرانی کورد هاتەدی. سوپاس و پێزانینم بۆ دەزگای ناوبراو، بە بەڕێوەبەر و هەموو کارمەندانی کە بەشێوەیەکی ڕەنگین ئەم ئەرکە گەورەیەیان ئەنجام دا. لە یەزدانی گەورەم داوایە کە دەزگای ناوبراو هەر لە گەشە و پێشکەوتندا بێ لە خزمەتی وێژە و هەموو بوارە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری کوردیدا و، هەر فاکتەرێکی گەورە بێت لە خەباتی پڕ شانازی و سەروەریی نەتەوە نەبەزەکەماندا.

خالد محەمەد خاڵ

تێبینی: چاپی کۆنی ئەم فەرهەنگە بەڕێنووسێک نووسرابووەوە کە ئەمڕۆ باوی نەماوە. بۆیە ئێمە ناچاربووین دەستکارییەکی تەواوی ئەم ڕێنووسە بکەین و فەرهەنگەکە بە شێوەی ئەمڕۆی ڕێنووسی کوردی بنووسینەوە. وامان نەکردایە خوێنەران نەیاندەتوانی سوودی تەواوی لێ وەربگرن. ئەمە جگە لەوەی کە لە نێوان بەرگەکانی ئەم فەرهەنگەدا کە لە سالآنی ١٩٦٠، ١٩٦٥، ١٩٧٦ چاپ کرابوون جیاوازیی ڕێنووس هەبوو. کارمەندانی دەزگای ئاراس ماندووبوونێکی بێ ئەندازیان کێشا تا توانییان ئەم فەرهەنگە لەم چاپ و شێوە تازەیەیدا بخەنە بەردەست. هیواداریین جێی ڕەزامەندی بێت.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان: خوایە! نازانم بە چ زبانێک سوپاست بکەم و بە چ ئالا (قەڵەم)ێک ستایشت بنووسم، تۆ ئەو خوایەیت کە ئادەمیت لەناو هەموو گیانلەبەراندا بەرز کردووەتەوە، زانا و دانات کردوون، ژیری و بیرت داونەتێ و، کردووتن بەجێنشینی خۆت لەسەر زەوی. بەپێی دەستوور و باوی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوە هەموویانت تیرە تیرە و کۆمەڵ کۆمەڵ کردوون و، هەر تیرە و کۆمەڵەیەک بەپێی ناوچەی خۆی زبانێکت داونەتێ، تا مەبەستی خۆیانی پێ بەجێ بێنن و، لەگەڵ یەکتری قسەی پێ بکەن و خستووتەتە دڵی هێندێ لە خوێندەوارانی بەرز و پێشەوایانیانەوە کە وتە کۆبکەنەوە و فەرهەنگ بنووسن و، بە یادگار بۆ دوای خۆیانی بەجێ بهێڵن، سا بەڵکو هەموو لایەکیان لەیەک بگەن و، لە یەکتری نزیک بکەونەوە و، بە ئاشتی دانیشن و، لە پاشەڕۆژدا دەست بکەنە ملی یەک بە برایەتی.

بێ گومانم کە دوو شت گەورەترین شۆڕشی هەڵگیرساند لە جیهاندا و، ئادەمی جیا کردەوە لە گیانلەبەرانی تر و لەناو هەموویاندا ئەمی لەسەر تەختی پاشایی دانا لەم جیهانەدا، یەکەم دەستی، دووەم زبانی، کە دەستی بەرەڵاکرد بەم ڕەنگە بەرزی کردەوە لە زەوی لەکاتی ڕۆیندا سەدان هەزار شتی سەیری پێ دروست کرد و، گەورەترین کەلەپووری بەجێ هێشت لەسەر زەوی. کە زبانی بەرەڵا کرد بەم ڕەنگە دەستی کرد بەقسەکردن، توانیی هەرچی بەدڵیدا بێ بیڵێ و هەموو کەسێک لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە بکەن و تێ بگەن و، یارمەتیی بیری یەکتری بدەن تا ئادەمی گەیشتە ئەم پایە بەرزە لە زانین و ژیری و بیر و وێژەدا کە هەرچی ئیمڕۆ دەیبینین لە دیمەنی شارستانی لە زانین و لە کردار هەمووی بەری کردەوەی دەست و زبانێتی.

بەڕاستی دۆزینەوەی پیت و وتە و وتار و قسەکردن شتێکی زۆر زۆر سەیرە. ئەگەر ڕاستت دەوێ لە دۆزینەوەی ئەتۆم گەلێ وردتر و هونەرترە، بەڵام چونکە لە منالییەوە فێری بووین بۆیە زۆر لێی سەرسام نابین. ئینجا لەبەر ئەمە ئادەمی لەزۆر کۆنەوە خەریکی دانانی وتە و کۆکردنەوەیەتی.

لە هەموو کەسێکەوە ئاشکرا و نمایانە کە زمان پایەی هەرە گەورە و بەهێزە لە کۆشکی کۆمەڵایەتیدا و، ڕوشتەی هەرەقایم و بەتینە بۆ یەکخستنی کۆمەڵە و گەل لە ڕۆژهەڵاتیەوە تا ڕۆژئاوای. بەڵکو زبان گیانی گەلە، کە زبان بوو گەل هەیە، کە نەشبوو گەل نییە.

هەروەها ئاشکرایە کە سەرمایەی زمان خەرمانی وتەیە و، گەنجینەکەشی فەرهەنگی وشەیە، هەر بەهۆی فەرهەنگەوەیە کە مەبەست لە وتە دەردەکەوێ و هەموو وتارێک نمایان دەبێ. کە وابوو نووسینی فەرهەنگ بۆ پاسی زمان لە هەموو شت پێویستترە بۆ مانەوەی گەلان. هەر گەلێک زمان و فەرهەنگی نەبێ لەگەڵ گەلاندا ناژمێردرێ و ناناسرێ، بەڵکو دەکرێ بە بەردەباز و پێشێل لەژێر پێی ئەو گەلانەی کە بۆ کوێستانی ژیان دەچن. تا لە ڕێ پێڵگەدا پان و پلیش دەکرێنەوە و، لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکرێن.

بەڵام کە زمان و فەرهەنگی بوو با دیلیش بێ هەر گەلە و، بەگەل دەناسرێ و ڕۆژێک دەبێ کە لەگەڵ گەلانی خواپێداودا ڕووەو کوێستانی ژیان بڕوا و سەرکەوێ و، لە پێشکەوتن و بەرزبوونەوە دابێ، تا دەگاتە لووتکەی هەرە بەرزی ژیان و، بەسەر چڵەپۆپەی کامەرانییەوە وەک بولبولی هەزار داستان بخوێنێ و بچریکێنێ. کە وابوو ئاگاداریکردنی زمان بەنووسینی فەرهەنگ و کۆکردنەوەی وتە لە ئاگاداریکردنی گیان پێویستترە بۆ مانەوەی گەلان، چونکە بە نەمانی هەزاران گیان گەل نامرێ، بەڵام بە نەمانی زمان ڕشتەی کۆمەڵایەتی دەپچڕێ و شیرازەی گەل تێک دەچێ تا هەموو پەڕەوازە دەبن و لەیەک دەبڕێن و زۆردار قووتیان دەدەن و لەناویان دەبەن.

ئەگەر بەچاوێکی وردبوونەوە تەماشای سەرگوزشتە و مێژووی گەلانی ڕابردوو بکەین، تێ دەگەین کە لەمەوپێش زۆر گەلی گەورە بوون کە لە خوێندەواری و تێگەیشتن و پێگەیشتن و تێکۆشین و پێشکەوتندا پایەیەکی بەرز و جێگایەکی بڵندیان بووە و، لەسەر

ڕووپەڕەی مێژوو زۆر نیشانەی مەردانە و پیاوانەیان بەجێ هێشتووە، بەڵام چونکە وەیشوومەی ڕۆژگار و، گەردشی چەرخی کەج ڕەفتار، زمانەکەی لەناوبردوون، خۆشیان لەناوچوون، سا مەگەر لە کون و قوژبنی مێژوودا ناوێکیان مابێتەوە.

کە وابوو مانەوەی زمان مایەی مانەوەی گەلە، هەر گەلێک تا هەرچەندە دووچاری خەم و تەم و خەفەت و دەردی سەری ببێ و، تاڵی و سوێری ڕۆژگار بچەژێ و، تەنگانە و چەڵەمە کەڵەمەی بکا، ئەو گەلە هەر دەژی و دەمینێ تا وەکو ئاگاداری زمانەکەیان بکەن و، نەیەڵن لەناو بچێ.

کەواتە زمان بۆ ئاگاداریی گەلان لە هەموو قەڵایەکی ئاسنین و قوللەیەکی سەختی بەهێزی مسین باشتر و چاکترە. چونکە قەڵا دەگیرێ و قولله دەڕووخێنرێ، بەڵام زمان هیچی لێ ناکرێ.

هەزار ئافەرین بۆ ئەو زانایەی کە وتوویەتی: گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگ و زمان وەک بەندییەک وایە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێ. هەر حەلێک بیەوێ ڕزگار و، لە دیلی سەرفراز ببێ، بەکلیلی زمانەکەی دەرگای بەندیخانەی دیلییەکەی دەکاتەوە و، بەیداخی ئازادی و سەربەخۆیی هەڵدەدا، بەڵام گەلی دیلی بێ فەرهەنگ و زمان وەک بەندییەک وایە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفانی دوژمنەکەیدا بێ. ناچار دەبێ دەستەئەژنۆ دانیشێ تا دەتوێتەوە و نامێنێ و، هەموو کەلەپوور و داراییەکەی داگیردەکرێ و، ماڵی دەچێتە سەربەشی ماڵان و، بەئێجگاری چرای دەکوژێتەوە.

کە وابوو کۆکردنەوەی وتە و نووسینی فەرهەنگ بۆ کۆمەڵە و گەل لە هەموو شت پێویستتر و بەنرخترە.

***

کەس نییە لە جیهاندا بتوانێ گشت وتەی زمانی خۆی بزانێ و، لە مێشک و دڵیدا جێگای ببێتەوە، چونکە ئەمە هەر شایستەی خوایە. جا لەبەر ئەمە هەموو زمانێک ئەگەر لە چوارچێوەی فەرهەنگ نەگیرێ وەیشوومەی ڕۆژگار شەن و کەوی تێدا دەکا و بەبای دەدا و، کۆگای وتەکانی بەرەبەرە کەم دەکاتەوە تا وای لێ دێ کە نەتوانێ بەسەرمایەکەی خۆی بژی و مەبەست بەجێ بێنێ.

لەبەر ئەمانە، زانا بەرزەکان و تێگەیشتووانی هەموو گەلێک لە زۆر کۆنەوە خەریکی نووسینی فەرهەنگ و کۆکردنەوەی وتەی گەلەکەیان بوون، تا ژمارەی فەرهەنگیان گەیشتە ژمارەی زمانانی سەرزەوی، نەخوازەڵا فەرهەنگی زمانە زیندووەکان کە ژمارەیان گەیشتۆتە هەزار و پێنج سەد[1] و ژمارەی وتەی هێندێک لەو فەرهەنگانەش لە سەد هەزار تێ پەڕیوە. کۆنترین فەرهەنگێک کە نووسراوە فەرهەنگی (کالیماکی غەراماتیقی إغریقی)یە کە سێ سەد ساڵ لە پێش میلاد نووسیویەتی و، ناوی ناوە (زەخیرە). لەپاش ئەم فەرهەنگە ئینجا بەرەبەرە فەرهەنگی تر نووسراوە، بەیۆنانی، ئینجا بەعەرەبی، ئینجا بە زمانەکانی تر کە یەکێکیان زمانی کوردییە.

کۆنترین فەرهەنگێکی کوردی کە نووسرابێ- بەپێی زانینی من- فەرهەنگی (ئەحمەدی خانی)یە، کە لە ساڵی ١٠٩٤ هـ بەشیعر نووسیویەتی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و ناوی ناوە (نەوبەهار) کە لە داوێنی فەرهەنگی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية) لە چاپ دراوە.

نەوبەهار نۆ چەکامە (قصیدة)یە، هەر چەکامەی لە وەزنێک. وا بۆ نموونە سێ شیعری دەنووسین هەر یەکەی لە چەکامەیەک:

(رجل) پێ و (رکـــــبـــــــة) ئەژنۆ (بطـن) سک
(صـــدر) سنگ و(جـــیـــد) ئەســـتـــۆ (عین) چاڤ
(بیـدا)، (فلاة) و (سـبب)، (فـیـفـاو) و (بدو) دەشتێ
(ینبـــوع) و (عین)، کـــانی (جب) و (قلیب) بیــــرە
(اکحل) مرۆڤی چاڤ بەکل، (اشهل) مرۆڤی چاڤ بەلەک
(اشقر) مرۆڤی چاڤ هشین، ڕەنگی گەنم گون (اسمر)ە

لە پاشا ئینجا شێخ مارفی نۆدێیی (ئەحمەدی)ی نووسیوە بەشیعر لە ساڵی (١٢١٠هـ) لەسەر شێوەی (نەوبەهار) و لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، تا ئێستا دووجار لە چاپ دراوە، جارێکیان لە سلێمانی لە چاپخانەی (ژیان) لە ساڵی (١٣٥٤هـ)-(١٩٣٦م). جاری

دووەمیش لە (بەغدا) هەر لەو ساڵەدا. (ئەحمەدی) دوو بابە (١) بابی أسماء (٢) بابی افعال. بابی أسماء سێ فەسڵە، هەر فەسڵەی لەسەر وەزنێکە، فەسڵی یەکەمی وەک:

(رأس) سەرە (عین) چاوە

(بدن) قالب (إسم) ناوە

فەسڵی دووەم وەک:

(سور) وارشە (حائط) حەسار

(حدیث) سخن (مسمار) بزمار

فەسڵی سێیەم وەک:

(أین) لە کوێ (من) کێیە (أیان) کەی

(إن) ئەگەر (ما) چی (متی) کەی (سم) ژار

بابی أفعال هەر یەک وەزنە وەک:

(جلس) دانیشت (نهض) هەستا

(قعد) دانیشت (وقف) وەستا

لە دوای ئەحمەدی ئینجا فەرهەنگی جنراڵ (ئۆغۆستۆیابا)یە کە قونسوڵێکی ڕووس بووە لە شاری (ئەرزەڕۆم) و، فەرهەنگەکەی ٨٤٢٨ وتەیە و، لە ساڵی ١٨٧٩م لەلایەن (فەردیناند جوستی)یەوە لە چاپ دراوە لە شاری (پترسپۆرگ) کە ئێستا پێی دەڵێن (لەنینگراد)، لە ساڵی ١٩٤٣م لە چەمچەماڵ ئەم فەرهەنگەم چاو پێ کەوت لای زەینەلعابدینیی کوڕی (مەلافانی).

لەدوای ئەم فەرهەنگە ئینجا (یوسف ضیا پاشای خالدی) فەرهەنگێکی نووسیوە لە کوردییەوە بۆ عەرەبی لەگەڵ سەرەتایەک لە دەستووری زمانی کوردی و، ناوی ناوە (الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة) و لە ساڵی ١٣١٠ی ڕۆمی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوە، بەڵام وتەکانی هەر وتەی زازا و گەلێکیشی ناوی شاخ و کانی و دێهاتی ئەو ناوچەیەیە، کە ئەمانە لە فەرهەنگی وتەدا نانووسرێن، بەڵام بەڕاستی فەرهەنگێکی جوان و، کەلێنێکی زۆر گەورەی پڕکردووەتەوە. بەشی زۆری وتەی (زازا)م لەم فەرهەنگە وەرگرتووە، سا خوا بەمیهرەبانی خۆی پاداشی بداتەوە.

لەپاشا ئینجا فەرهەنگی (میجەرسۆن) دەرچوو- کە حاکمێکی ئینگلیزی بوو لە شاری سلێمانی لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی و، لە ساڵی ١٩١٩م لە لەندن لە چاپ دراوە.

لە ساڵی ١٩٥٠م (ڕابەر) دەرچوو لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

لەپاش ئەم فەرهەنگانە ئینجا فەرهەنگی مەردۆخ دەرچوو لە ساڵی ١٣٧٥هـ (١٩٥٦م) بەڕاستی کۆششێکی گەورە و نووسراوێکی بەنرخە، شتی وا مەگەر هەر بەقەڵەمی زانا و پێشەوایەکی وەک ئایەتوڵڵای کوردستانی بنووسرێ، بەڕاستی کارەکەی پەسند و کردەوەکەی جێی سوپاس و ستایشە، بەڵام- داخەکەم چەند نەنگێکی تێدایە کە چاوی لێ ناپۆشرێ:

١- خۆی لە سەرەتای فەرهەنگەکەوە دەستوورێکی تایبەتی داناوە بۆ چۆنێتیی نووسینی کوردی، کەچی خۆی فەرهەنگەکەی بەو دەستوورە نەنووسیوە، بەڵکو بەپێی دەستووری فارسی نووسیوبەتی، کەسێک فارسی زان نەبێ نازانێ بیخوێنێتەوە.

٢- لەبەرئەوەی کە بەپێی دەستووری نووسینی کوردی نەنووسراوە، وتەکانیشی بەو جۆرە ڕیز نەکراوە، لەبەر ئەمە وتەی ئێجگار بەگران تیا دەدۆزرێتەوە.

٣- نیوەی وتەکانی وتە نین، سا یا:

أ- فعلن - کە نابێ بنووسرێن - وەک (بدە، ئاما، ئێژێ، نەوینی، ئەژیی، ئەدا، ئەدرەوشێ).

ب- یا ناوە بۆ یەکێک - کە نابێ بنووسرێ - وەک: (ئامینە).

ج- یا هەر ناویش نییە وەک: (ئامە) کە دەڵێ: کورتەی (ئامان اللە)یە.

د- یا دروست کراوە وەک: (بەدشەو، بەدصبح).

هـ- یا هەر وتە نییە وەک: (ئەسپی تەمەڵ، ئەسپی سواری، ئەسپی تەڵایی، ئەسپی یاڵ چەرمگ، بارانی ورد، بارانی درشت، بارانی ناوەخت، بارانی کەم، بەن دەرگای جەواڵ، بەن دەرگای خیگە، باقلەی کولیاگ، بمخە، بمرە، بمزانیایە، بمشێلە، بمگرە، بملاوێنە، بمکەرە زووخاڵ، بمێنە).

و- یا هەر هەڵەیە وەک: (برس) لە برسێتی و (تاقی) لە تاقیکردنەوەدا کە ئەمانە هەرگیز نەبیستراون.

٤- زۆری وتەی عەرەبی ناقۆڵایە وەک: (أصلع، إعجاز، اضطراب، إراک، إجحاف، أسد، أوج، استشمام، اصحاب الکهف، ارذل الناس).

٥- زۆریشی وتەی فارسییە، وەک: (پەزیرا، پەزیرایی، پەزیرە، پرخاش).

٦- وتەکانی هەر وتەی (ئەردەڵان)ە، زازا و بادینانی تێدا نییە، بابان و هەورامی و لوڕی و فەیلیشی مەگەر بەددگمەن تێدابێ.

٧- زۆرتر ڕاڤە (شرح)ی وتەیەکی بەتاقەوتەیەک کردووە، بەبێ ئەمەی کە درێژەی پێ بدا و پێت بڵێ کە چۆن بەکار دەهێنرێ، یا باسی گیایەک، یا گوڵێک یا درەختێک یا یارییەکت بۆ بکا یا دەنگێکت لە دەنگێکی تر بۆ جیابکاتەوە.

٨- زۆر جار ڕاڤەی وتەیەکت بە وتەیەک بۆ دەکات کە خۆی ئەو وتەیەی لە شوێنی خۆیدا نەگرتووە، وەک وتەی (پاماسێ) کە ڕاڤەی دەکا بە (پاماسە) یا(چوت) کە ڕاڤەی دەکا بە (چورتکە) کەچی (پاماسە) و (چورتکە) لە فەرهەنگەکەیدا ناگرێ.

٩- زۆر وتەی وا هەیە سێ جار نووسیویەتی وەک: (نۆوەن)، یا دووجار نووسیویەتی وەک: (خورجین، نەدارا، نەزانست، نەزانکار).

١٠- زۆر وتەی وا هەیە لە دوو لاوە دەیگرێ و ڕاڤەی دەکا، بەڵام لە هەر لایەی بەجۆرێک وەک: (نەگۆمە).

لەگەڵ ئەمەشدا بەشی زۆری وتەی ئەردەڵانم لە فەرهەنگی مەردۆخ وەرگرتووە:

فەرهەنگی (نەوبەهار) و(ئەحمەدی) و (میجەرسۆن) یەکی چەند لاپەڕەیەکی بچووک و چەند وتەیەکی کەمن کە شایستەی ئەوە نین پێیان بوترێ فەرهەنگی کوردی. جگە لەوەش کە نەوبەهار و ئەحمەدی و ڕابەر لە عەرەبییەوەن بۆ کوردی، واتە فەرهەنگی عەرەبین نەک کوردی.

فەرهەنگی (ضیاپاشا)ش هەر وتەی زازایە.

فەرهەنگی (ئۆغۆستۆیابا)ش وەک (عەنقا) وایە، دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە، جگە لەوە کە وتەکانیشی هەر وتەی ناوچەیەکی بچووکە لە کوردستاندا.

ئینجا کاتێک ورد بوومەوە و تێ گەیشتم کە زمانەکەمان هێشتا فەرهەنگێکی وای بۆ نەنووسراوە کە ڕووی بێ بچێتە ناو فەرهەنگانەوە و، ئەمە سێ چوار هەزار ساڵە کورد- کە خاوەنی زمان و نووسینە - هێشتا وتەی زمانەکەی خۆی کۆ نەکردووەتەوە و، کەس بەبیریدا نەهاتووە کە فەرهەنگێکی تێکڕاییی بۆ بنووسێ، لەگەڵ ئەمەی کە زمانی کوردی لە زمانە دەوڵەمەندە زیندووەکانە و لە ئاهەنگ و شێوە و دەنگدا لەگەڵ ناسکترین زمان- کە فەرەنسییە- جیاوازییەکی نییە.

ئینجا هەرچەند بیرم لە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و جوانیی ئاهەنگەکەی دەکردەوە بزە دەیگرتم و، هەرچەند بیریشم دەکەوتەوە کەوا خەرمانی زمانەکەمان لە دەشتی بێ کەسی و لەبەر بارەشی ڕۆژگاردا ماوەتەوە و بە ڕاستە و چەپەدا شەن وکەوی تێدا دەکا و بە بای دەدا هەنسکم هەڵدەدا. بەم ڕەنگە چەند ساڵێک لە ناوەندی بزە و هەنسکدا مامەوە تا خوا هێنامیە سەر کۆکردنەوەی (وتە) و نووسینی ئەم (فەرهەنگ)ە.

لە ساڵی (١٩٣٥)وە بە هەموو هێز و توانای خۆمەوە خەریکی کۆکردنەوەی وتەی کوردیم بە هەموو ئاهەنگ و شێوەکانیەوە و، بە وتەی بابان و، سۆران و، زازا و، بۆتان و، بادینان و، لوڕ و، فەیلی و، لەک و، موکریان و، هەورامی و، ئەردەڵانەوە و، لەم ڕێیەدا زۆر ڕەنجم داوە و کۆششم کردووە، تا وتەی ڕاست و دروستم کۆ کردووەتەوە و هەزاران وتەی ناقۆڵام لە بربەنگ و هەسان داوە تا ڕاستم کردوونەتەوە.

زۆر جار وتەم لە دوورەوە بۆ هاتووە، بەلام چونكی بەشێوەی نووسینی كوردی نەنووسراوە دڵنیا نەبووم لێی و تێكەڵی فەرهەنگەكەم نەكردووە تا خاوەنەكەم دیوە و لە دەمی خۆیم وەرگرتووە، هەروا زۆر وتەی وابووە كە زانیومە لای ژن یا لادێیی یا ڕاوكەر یا جووتیار یا جۆلا یا دارتاش یا ئاشوەستا یا ناڵبەند یا كالا و زین و كورتان و كەوش درو دەست دەكەوێ بەتایبەتی لێم پرسیونەتەوە تا هیچ گومانێكم نەماوە.

ئەوی لەم فەرهەنگە ورد دەبێتەوە دەبێ بزانێ كە تا ئێستا لەم ڕووەوە سەرمەشقێكمان بۆ دانەندراوە تا چاوی لێ بكەین و، فەرهەنگێكی تێكڕاییمان بە زمانی كوردی بۆ نەنووسراوە تا لاسایی بكەینەوە و، وتەكانمان ڕیز نەكراوە و مەبەستیان بۆ دانەنراوە، مەبەست دانەوەش لە وتان بە ڕەنگێكی وا كە هەموو وتەیەك لە یەك جیا بكاتەوە و، هەموو وتەیەك ڕاڤەیەكی وای بۆ بنووسرێ كە بە تەواوی هەموو كەسێك لە مەبەستەكەی بگات. زۆر زۆر گرانە و هەروا بە ئاسانی مەزانە ڕاڤەكردن و مەبەست دانەوە لە وتەی (بەلام) یا (تومەز) یا (مەگەر) یا (گونجان) یا (خالانە) یا (ئە) یا (بە) یا (ئانە) یا (ئەگینا) یا هەزاران وتەی تری وا.

هەروەك پێویستە بزانی كە ئاهەنگی زمانی كوردی و عەرەبی لە یەك جیان و، فەرهەنگی كوردی نابێ لەسەر شێوە و دەستووری فەرهەنگی عەرەبی بێ، ئنجا ئەگەر ئەم فەرهەنگە باش و پەسند بوو ئەوا ئاواتی چەند ساڵەی خۆم و گەلەكەم هاتەدی ئەگینا من دریغ و كۆتایم نەكردووە و شتی بێ نەنگیش هەر شایستەی خوایە. لەگەڵ ئەمەشدا كە دەگونجێ چەند جارێكی تر بەر و دوا لە چاپی بدەینەوە و، هەموو نۆرەیەك گەلێ وتەی تری بخەینە سەر و، كەموكوڕی و هەڵەیەكی ئەگەر ببێ چاكی بكەین.

پەیدابوونی وتە و زمان

وتە وشەیەكە كە بۆمەبەستێك دانرابێ. وتار گوفتارێكە كە هەموو كەسێك مەبەستی دڵی خۆی پێ بەجێ دێنێ. پەیدابوونی وتە و زمان بەهۆی كۆمەلایەتیی ئادەمیەوە بووە، ئەگەر كۆمەلایەتی نەبوایە پێویست نەدەبوون بەتێگەیاندنی یەكتری لەو مەبەستانەی كە بەدڵیاندا هاتوچۆی كردووە و، ئەگەر پێویستیش بە تێگەیاندن نەبوونایە قسەكردن نەدەبوو و، ئەگەر قسەكردنیش نەبوایە ئیمڕۆ وتە و زمان نەدەبوو كە وابوو هەرچی وتەی ئادەمی هەیە هەمووی زادەی كۆمەلایەتییە.

زۆر لە زانایانی زمان بەلایانەوە وایە كە وتە یەكەمجار لە دەنگەوە[٢] وەرگیراوە، واتە لە دەنگی گیاندار و با و باران و ئەوشتانەی كە لە كردەوەیەكی ئادەمیزادەوە پەیدا دەبێ وەك دەنگی لێدان و كوتان و شكاندن و گەلێ شتی تر. ئینجا مەبەستیان لە گێڕانەوەی یەكێك لەو دەنگانە باسی ئەو شتە بووە كە دەنگەكەی لێوە هاتووە یا باسی شتێك بووە كە بەخاوەنی دەنگەكەوە بووە و، لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو دەنگانەدا جوولانەوەی سەر و دەست و چاو و ئەندامیشیان بەكار هێناوە بۆ پیشاندانی درێژی و پانی و ئەستووری و قەبارە و چۆنێتیی ئەو شتەی كە قسەیان لێ كردووە، لەپاشا بەرە بەرە بەپێی پێشكەوتن و بەرزبوونەوەی ئادەمی و زۆربوونی پێویستانی و بەهۆی سەركەوتنی بە پلەی شارستانێتیدا وتەیان زۆر بووە و جوان بووە.

یەكێك ئەگەر باش وردبێتەوە لە وتەی (باڕە) و (باعە)ی مەڕ و بزن و(بۆڕە)ی گا و(تەقە)ی تفەنگ و (جروكە) و (جریوە)ی چۆلەكە و (جووكە) و (جیكەی) جووجەڵە و (جیڕە)ی دەرگا و (چركە)ی بنمیچ و (حەپە)ی سەگ و (حیلە)ی ئەسپ و (خرتە)ی مشك و (خرچە)ی شووتی لە كاتی لەتكردنی و (خڕە)ی گوێز و (خرمە)ی ترۆزی لەكاتی خواردنیدا و (خشە)ی بارە قامیش و (خوڕە)ی ئاو و (خوشە)ی شیر لە كاتی دۆشینیدا و (خیزە)ی سنگ و (زڕە)ی پارە و (زرمە)ی پێی وڵاخ و (زرنگە)ی پاوانە و (زیڕە)ی پڵنگ و (زیكە)ی مشك و (شڵپە)ی ئاو و (شڵقە)ی مەشكە و (شەقە)ی شووشە لەكاتی شكانیدا و (شریخە)ی هەورە تریشقە و (فیشكە)ی مار و (فیكە)ی لێو و (فڕە) و (ڤنگە)ی بەردی قۆچەقانی و (قاسپە)ی كەو و (قرتە)ی مریشك و (قرچە)ی دار لەكاتی شكانیدا و (قلپە)ی گۆزە و (قڕە)ی بۆق و (قرمە)ی داری ئەستوور لەكاتی شكانیدا و (قۆڕە)ی مانگا و (قووقە)ی كەڵەشێر و (قوڵپە)ی شتی شل لەسەر ئاگر و (كڕە)ی بەرداش و (كزە)ی مەنجەڵ لەسەر ئاگر و (كسپە)ی شیشی سوورەوەبوو لە كاتێكدا كە بكرێ بە ئاوی سارددا و (گارە)ی مریشكە بەكڕ و (گرمە)ی هەور و (گڤە) و (گڤە)ی ڕەشەبا و (گیزە)ی مێشوولە و (loورە)ی گورگ و (مڕە)ی سەگ و (مشە) و (منگە)ی لووت و (میاوە)ی پشیلە و (ویزە)ی ویزویزە و (هاڕە)ی تاڤگە و (هاژە)ی

بارەگەلا، ئینجا ئەگەر یەکێک لەم وتانە وردبێتەوە باوەڕ دەکا بەقسەکەی پێشوو کە وتمان سەرچاوەی وتان دەنگ بووە، نەخوازەلا کە گوێ بگرین لە منالی ساوا لە کاتی زمان گرتنیدا و لێی وردبینەوە دەبینین کە زۆر شت ناو دەبا بەناوی ئەو دەنگەی کە لێوەی دێ وەک (بەعە) بۆ مەڕ و بزن چونکە دەباعێنێ و (جزە) بۆ گۆشت چونکە لە کاتی سوورکردنەوە و برژاندنیدا چز و هووڕی لێوەدێ و (حەبە) و (هەچە) بۆ گوێدرێژ چونکە بەم وتانە لێی دەخوڕن.

جیابوونەوەی زمان و وتەی گەلان

کاتێک کە ئادەمی زۆر بوون و پەرەیان سەند و پەلوپۆیان هاوێشت و جێگایان نەبوودتەوە لەو ناوچە و شوێنانەی کە تێدابوون، بەناچاری بلاودیان لێ کردووە و، هەر کۆمەڵەی ڕووی کردووەتە ولاتێک و، لە شوێنێکی تازە دابەزیون و جێگیر بوون، دیارە هەموو شوێنێک جۆرە چەشمەندازێک و چەشنە سەرما و گەرمایەکی بوود و، هەر قەڵەمرەوێک جۆرە کالا و پێخەف و نوێن و خانوبەرەیەک و چەشنە ناومال و خانوویەکی ویستووە، نەخوازەلا کە هەزاران شتی واش بووە لە نیشتمانە تازەکەیاندا کە لە نیشتمانی پێشوویاندا نەبوو، ئینجا چەند ساڵێکی دوورودرێژ خەریک بوون تا وتەیان بۆ ئەو شتە تازانە داناوە و، توانیویانە مەبەست لێ بدنەوە لەو شتانەی کە تازە بەرچاویان کەوتووە و، یا تازە پێویست بوون پێی، جگە لە پاش و پێشکردن (قلب) و گۆڕین (ابدال)ی پیتێک بەپیتێکی تر کە ئەمانە هەمیشە لە هەموو زمانێکدا بەسەر پیت و وتە داهاتوون و دێن، جا لەبەر ئەمانە هێندێ لە وتە کۆنەکان فەرامۆش کران و، گەلێکیش تاشران و ڕێکخران و گەلێک لە جاران جوانتر کران، بەرەنگێکی وا لە وتە کۆنەکان نەدەچوون، تا وای لێ هات کە زمانەکەی پێشوویان پێچرایەوە و، هیچێکی چەندانی وای نەما مەگەر دانە دانەیەک نەبێ کە بلاوبوونەتەوە بەناو گەلێک لە زمانەکاندا و، بە ڕێکەوت لەم لا و لەولا تووشیان دەبین(٣). جا بەم بۆنەیەوە زمانی هەموو گەلێک لەگەڵ زمانی ئەوانی تر جیابووەوە و زمان زۆر بوون بەڕەنگێکی وا کە هێندێ لەو زمانزانانەی کە لەم جۆرە شتانە دەکۆڵنەوە و ژمارەی زمانانی سەر زەوییان گەیاندووەتە (٢٦٠٠) زمان.

لق و پۆپی زمان

زانایان و شارەزایان بە بناغە و لق و پۆپی زمان، زمانی ئادەمییان بردووەتەوە سەر چەند شتێک کە یەکێکیان (ئاری)یە، بنچینەی زمانی ئاری زمانی (هیندی)ی کۆنە کە پێی دەڵێن (سەنسکریتی)، (کوردی) لکێکە لە زمانی ئاری، هەروەک (ئینگلیزی) و (ئەڵمانی) و (فەرەنسی) و (ئیتالی) و (ئەسپانی) و (یۆنانی) و (پەهلەوی) واتە فارسی کۆن لکەکانی تریەتی، یەکێک ئەگەر زۆر باش بچێتە بنج و بناوانی ئەم زمانانەوە گەلێ وتەی وا دەبینێ لە ناویاندا کە لەیەک دەچن؛ بەڵکو یەکن(٤). یەکێک ئەگەر باش وردبێتەوە لەم خشتەیە تێ دەگا کە زمانی ئینگلیزی و کوردی و، فەرەنسی و کوردی چەند لە یەکەوە نزیکن!!

ئینگلیزی	کوردی	ئینگلیزی	کوردی
باد	بەد (خراپ)	ستنگ	چزووی زەردەواڵە و هەنگ کە بەبادینانی پێی دەڵێن (ئەستینگ).
جوو	جوو (جوولەکە)		
هەراس	هەراس	چن	چەنە، چەناگە
جەکەل	چەقەڵ	لێک	لاق
برۆو	برۆ	لیپ	لێو کە پێشی دەڵێن (لەپ)

درۆپ	دڵۆپ (دڵۆپە)	نەیم	ناو، نام
ئێک	هێلکە کە بەبادینانی پێی دەڵێن (هێک)	نیو	نوێ
ئەسپن	ئەسپندار (سپیدار)	تو	دوو
پارت	پارچە	نۆ	نە ، کە بەبلباسیش پێی دەڵێن نۆ
شەیم	شەرم	لالابای	لای لایە
باند	بەند		
هەنی	هەنگوین		
		فیری	پەری
ستار	ئەستێرە	کت، کات	پشیلە کە پێشی دەڵێن (کتک)
موون	مانگ		
سپلین	سپڵ	فەذەر، فاذەر	باوک کە بەفارسی پێی دەڵێن (پدر)
دۆر	دەرگا کە پێشی دەڵێن (دەر)		
بارک	بەرگ (گەڵای درەخت)	ناین	نۆ
برادەر	برا، برادەر	پرۆسپێراز	پیرۆزی (موبارەکبایی)
مەذەر، ماذەر	دایک کە بەفارسی پێی دەڵێن مادر	دۆتەر، داوتەر	کچ کە بەبادینانی پێی دەڵێن (دوێت) بەفارسیش پێی دەڵێن (دختر)

فەرەنسی	کوردی	فەرەنسی	کوردی
پێ	پێ	ئوێ	ئاو
دان	دان	پاپیلون	پەپوولە
ژەنو	ئەژنۆ		

هەروا ئەگەر بەم رەنگە زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تردا بەراورد بکەین، ئەخوازەڵا لەگەڵ ئەڵمانیدا، گەلێ گەلێ زۆرتر و رێکتر دەردەچی، خۆ کوردی و فارسی هەر مەپرسە

کورد

کورد گەلێکی ئاری زۆر کۆنە و، لە پێش سپێدەی مێژووەوە- واتە زیاتر لە هەزار ساڵی پێش میلاد- هاتوون و لە ناو ئەم شاخانی کوردستانە دابەزیون و ماونەتەوە تا ئیمڕۆ[٥]. گەلی کورد کۆنترین تیرەیەکن لەناو ئارییەکاندا[٦] و دەتوانین بەپێی مێژووی چەرخە گرنگەکان (ادواری رئیسی)ی کورد دابەش بکەین بە سێ بەش:

١- لە سپێدەی مێژووەوە تاپەیدابوونی دەوڵەتی (ماد)، واتە تا هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش میلاد.

٢- لە پەیدابوونی دەوڵەتی مادەوە تا هاتنی ئاینی ئیسلام و موسوڵمان بوونی کورد.

٣- لە موسوڵمان بوونی کوردەوە تا ئیمڕۆ.

پێگەیشتنی زمانی کوردی

سەرچاوەی کوردی زمانی (ماد)ی کۆنە کە ئاوێستای (زەردەشت) پێغەمبەر بەو زمانە هاتووەتە خواردوە.

زمانی کوردی- وەک هەموو شتێکی زیندوو- لەدایک بووە و، بەرەبەرە پێگەیشتووە و خۆی دارشتووە، ئینجا بەهەزاران تاشین و رێکخستن و بیراز و چەکوشکاری بەسەردا هاتووە و، لە بڕیەند و هەسان دراوە و، بەرەبەرە بەپلەی ئاوەدانی و شارستانیدا سەرکەوتووە، تا لە دوادەمی دەوڵەتی مادا گەیشتووە بە پلەی هەرەبەرزی شارستانیێتی، یەکێک ئەگەر بەچاوێکی وردبوونەوە تەماشای ئەو وتە کوردییە کۆنانە بکا کە (ماد) بۆیان بەجێ هێشتووین و، ئێمەش لە داوێنی فەرهەنگەکەمانەوە هێندێکی گرنگی- کە شوێنیان لە زمانی کوردیدا چۆڵە- بڵاو دەکەینەوە، تێ دەگا کە زمانی کوردی دووسێ هەزار ساڵ لەمەوپێش بەرزترین و دەوڵەمەندترین زمان بووە.

جیابوونەوەی شێوەی کوردی

کاتێک کە کورد زۆر بوون و، لە ناو خۆیاندا پەرەیان سەند و بڵاوبوونەوە بەناو شاخ و کێوەکانی کوردستاندا، ئیتر لە یەکتری دوور کەوتنەوە نەخوازەڵا لە هۆی بێ ڕێگایی شاخەکان و چەم و ڕووبارە گەورەکانەوە، ساڵەهای ساڵ ڕادەبوورد هەورامییەک بادینانی و، زازاییەک لوڕی و، فەیلییەک موکریانی و، بابانییەک بۆتانی و، سۆرانییەک ئەردەڵانییەکی نەدەدی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە گەلێ لە تیرە و خێلاتی (ماد) هاتوونەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئیمڕۆ و، هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش میلاد تێکەڵی تیرەکانی سپی یا ئاری کۆنتری دانیشتووی ئەوێ بوون و، گەلێ لە وتەی تیرەکانی ئەوێ - کە ناویان (گۆتی، لۆلۆ، کاسی، ئێلامی) بووە- تێکەڵاوی زمانی (ماد) بووە، لە دواییدا ئێلاتی فارسی (ماد)ی تێکەڵی خۆی کرد و قووتی دا، ئنجا زمانی فارسی هێزی سەند و، وتەی فارسی کەوتە ناو زمانی کوردییەوە[٧] لەپاشا ئینجا بەچوار سەد ساڵ پێش میلاد (ئەرمەنی)یەکان و (ڕووم)دکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای (ئەنادۆڵ) بوون بەدراوسێی کورد و، گەلێ وتەیان تێکەڵ بەزمانی کوردی[٨] بوو.

لەپاشا ئینجا ئیسلام بەهەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە و لە (٦٥٠) ساڵ پاش میلاد، کورد سەرانسەر بوو بەموسوڵمان و، وتەی عەرەبی کەوتە ناو زمانی کوردییەوە.

لە (٩٠٠) ساڵ پاش میلاد بەدواوە ئینجا تورکەکان پەیدا بوون و، حوکمدارییان لە کوردستاندا دەستی پێ کرد و، زۆر وتەی تورکی لە زمانی کوردیدا مایەوە و، بەم بۆنانەوە شێوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان لە یەک جیابوودوە و، گەلێ وتەی بێگانە لەناو زمانەکەماندا مایەوە.

بێگومانم زمانی کوردی لە پێش بڵاوبوونەوەی ئەم زمانانەدا، نەخوازەڵا لە پێش زمانی عەرەبییەوە زمانێکی زۆر دەوڵەمەند بووە، بەڵام لەپاش بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی ئیتر بەرە بەرە وتەی عەرەبی بەکار هێنراوە لە نووسین و قسە و گفتوگۆدا لەجیاتی وتەی کوردی. بەم بۆنەیەوە گەلێ وتەی کوردی فەرامۆش کرا و لە بیر چووەوە، ئەمەش ڕێگایەکی ناچارییە بۆ هەموو گەلێکی زەبوونی داگیرکراو کە هەمیشە بە چاوێکی زۆر بەرز و تایبەتی تەماشای گەلی زاڵ دەکا و، دەیەوێ لە هەموو شتێکدا چاوی لێ بکا و لاسایی بکاتەوە و، بە ڕەنگی ئەو خۆی ڕەنگ بکا و، خۆی لەو نزیک بخاتەوە، نەخوازەڵا زمانی عەرەبی کە زمانی ئاینمانە. لەبەرئەوەی کە تا ئێستا فەرهەنگێکی کوردی نەنووسراوە کە وتەکانمان کۆبکاتەوە و ئاگاداری بکا، گەلێ وتەمان فەرامۆش کراوە و لەبیر براوە، دەتوانم بڵێم ئەمە دوو هەزار ساڵە خەرمانی زمانەکەمان لەلایەن دراوسێکانمانەوە بەجەنجەڕی زۆر و ستەم گێرە کراوە و کوتراوە و شەن و کەو کراوە و بەبا دراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا لە زمانی فارسی دەوڵەمەندترە چ جای تورکی. بێگومانم ئەوەتی زمانی کوردی هەیە گەلێ زمانی تر لەدایک بوون و هاتوونەتە جیهانەوە، لەپاشا نەیانتوانیوە لەبەر وەیشوومەی ڕۆژگاردا بوەستن، بەڵکو مردوون و لەناوچوون. بەڵام زمانی کوردی وەک کێوی (پیرەمەگروون) وەستاوە و سنگی داکوتاوە و، لەبەر هیچ سێلاوێکی ڕۆژگار و گێژەڵووکەیەکی چەرخی

کەچ ڕەفتاردا نەلەرزیوە و دانەچلەکیوە، ئەمەش وابزانم لەبەر دوو شتە:

١- کوردستان شوێنێکی شاخ و داخاویی زۆر سەختی کووڕی وایە کە هەرگیز بێگانە نەیتوانیوە تێیدا هەڵبکا و، بەم بۆنەیەوە گەلی کورد هەروەک خوێنی بەپاکی ماوەتەوە و زمانەکەشی بەچاکی ماوەتەوە.

٢- کورد مەردییەکیان هەیە، دووانیان کە لە شوێنێک کۆبنەوە بەزمانی خۆیان نەبێ قسە ناکەن و، هەرگیز دەست لە زمانەکەیان هەڵناگرن. نابینیت برا فەیلییەکانمان سێ سەد ساڵە لە بەغدان کەچی هێشتا زمانەکەی خۆیان فەرامۆش نەکردووە و، لەناو خۆیاندا هەر بە کوردی قسە دەکەن.

هەموو زمانێک کە قەڵەمڕەوی گەورە بوو و، سنووری لە یەک دوور کەوتەوە نەخوازەڵا کە چەم و ڕووباری گەورە و شاخ و داخی سەخت و کووڕیشی تێدابێ ئیتر شێوەی زۆری لێ پەیدا دەبێ و، هەر شێوەیەک چەند شێوەیەکی تری لێ دەکەوێتەوە، ئینجا بەم پێیە زمانی کوردیش گەلێ شێوەی لێ پەیدابووە و، ئەو شێوانەی کە زۆر لە یەک جیا بن شێوەی (لوڕ، هەورامی، ئەردەڵان، بابان، بادینان، زازا)یە، لەگەڵ ئەم شێوانەدا گەلێ شێوەی تریشی هەیە، بەڵام زۆر لە یەک دوور نین.

بۆ ئەوەی کە شوێنی ئەم شێوانە لە کوردستاندا بزانین پێویستە باس لە سنووری کوردستان بکەین و یەک بەیەک شوێنی ئەم شێوانە جیا بکەینەوە.

سنووری کوردستان

سنووری کوردستانی گەورە نەختێک لە ژوور ڕۆ (خلیج)ی فارسییەوە بەدیوی ئێراندا دەست پێ دەکا و، بەقەراخ شاری (شیراز) و (ئەسفەهان) و (کاشان) و (هەمەدان) و (تەورێز) و (خۆی) و (ئەریوان)دا دەڕوا و، بەلای (قارس) و (ئەرزەڕۆم)دا بادەداتەوە و، لە خوار دەریای ڕەشەوە شۆڕ دەبێتەوە و، لە ژوور شاری (ئەرزنجان)ەوە دەڕوا تا دەگاتە ڕۆی (ئەسکەندەروونە)، ئینجا دێتە خوارەوە بە ژوور (حەلەب)دا تا دەگاتە ڕۆژئاوای (سنجار) و بەڕۆژهەڵاتی (بەغدا)دا تێ دەپەڕێ تا (مەندەلی) و لەوێوە تا ڕۆی فارسی.

لق و پۆپی زمانی کوردی

زمانی کوردی بە چواربەش دابەش دەکرێ:

١- زازا.

٢- کرمانجی دەستە چەپ (شمالی) کە (بۆتانی) و (بادینانی) و (هەکاری) و (بایزیدی) و (شەمدینانی)یە.

٣- کرمانجی دەستە ڕاست کە (سۆرانی) و (بابانی) و (موکریانی) و (ئەردەڵانی) و (کەڵهوڕی) و (گۆرانی)یە.

٤- لوڕی کە (بەختیاری) و (لەکی) و (فەیلی)یە.

بەم ڕەنگە ڕۆژئاوای دەستەچەپی کوردستان هەمووی زازا و دەستەڕاستی لەگەڵ کوردستانی ناوەڕاست هەمووی (کرمانج)ە و، ڕۆژهەڵاتی دەستەڕاستی هەمووی (لوڕ)ە.

ئەگەر بمانەوێ شوێنەکانیان یەک بە یەک بزانین، بەم جۆرەیە: لە ڕۆژهەڵاتی (خانەقین)ەوە تا (عەلی غەربی) لە پانی و، لە درێژی تا (کرماشان) و (ئەهاوەند) لوڕە. لە (بیجاڕ)ەوە تا (گەڕووس) و (جوانڕۆ) و (بانە) و ڕۆژهەڵاتی (سیروان) ئەردەڵانە. لە (شنۆ) و (لاجان)ەوە بەسەر (ساباڵخ) و (سەردەشت)دا تا وەکو (میان دواو) موکریانە، لە (مەریوان)ەوە تا (سیروان) هەورامانە، لە (سیروان)ەوە تا (زێ)ی بچووک باباە، لە (زێ)ی بچووکەوە تا (زێ)ی گەورە سۆرانە، لە (زێ)ی گەورە تا شاخەکانی (هەکاری) بادینانە، ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی (هەکاری) شەمدینانە، لە ڕۆژئاوای (زاخۆ)وە تا (ماردین) و (نسێبین) بەپانی و، بەدرێژی لە (سێرت)ەوە تا (دێرزوور) بۆتانە، ڕۆژئاوای (دیاربەکر) بە(ئورفە) و (خەرپووت) و (دەرسیم)ەوە زازایە.

پیتی کوردی

زمانی کوردی (٢٧) پیتی هەیە:

(ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، ه، و، ی)

(ث، ذ، ص، ض، ط، ظ) لە زمانی کوردیدا نین.

(د) لەسەر دوو جۆرە: (١) گران وەک: (دار، داو، داش، دەنگ، دنگ). (٢) سووک وەک: (بدە، مەدە، هەناردان، گوڵاودان)، هێندێ کەس بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو (د)یە لە ژێر سووکەکەیاندا (.) یەک دادەنێ، بەڵام ئێمە ئەمەمان لەم فەرهەنگەدا هەڵگرت، چونکە ئەو (د)ە سووکە هەر لە ناوچەی سلێمانی هەیە، جگە لەوە کە لەم ڕووەوە هیچ مەبەست ناگۆڕێ. (ر) لەسەر دوو جۆرە، (١) بچووک وەک: (برین، کەر). (٢) گەورە وەک: (بڕین، کەڕ). بەڵام (ر)ێک کە لە سەری وتەوە بێ، چونکە هەمیشە هەر گەورە دەبێ بەیەک (ڕ)ی قەڵەو دەنووسرێ وەک: (ڕەنگ، ڕنگ، ڕم، ڕاو، ڕام)

(ل) دوو جۆری هەیە: (١) سووک وەک: (گول، گەل، کەل). (٢) قەڵەو وەک: (گوڵ، گەڵ، کەڵ). (ل) ی قەڵەو نیشانەی (٧)ی لەسەر دادەنرێ.

(و) لەسەر دوو جۆرە: (١) وشراو وەک: (بوون، چوون، ڕوون)، ئەم جۆرە بە دوو (و) دەنووسرێ. (٢) کراوە وەک: (بۆن، چۆن، ڕۆن)، ئەم جۆرەش نیشانەی (٧)ی لەسەر دادەنرێ.

(ی) لەسەر دوو جۆرە: (١) درێژ وەک: (تیر، بیر، بی، زی)، ئەم جۆرە بەدوو (ی) دەنووسرێ. (٢) کراوە وەک: (تێر، دلێر، بێرە، کولێرە)، ئەم جۆرەش نیشانەی (٧) ی لەسەر دادەنرێ. (٣) خوار وەک:

(قوتیل)- کە ئەم خوارییە هەر لە (ی)ەکەوە نییە بەڵکو لە یەککەوتنی (و) و (ی)دکەوە پەیا دەبێ ، ئەم جۆرە (ی)ەش نیشانەی (٨)ی لەسەر دادەنرێ.

بۆ ئەوەی کە وتەی کوردی چۆن دەبێژرێ وا بنووسرێ و، وتن و نووسین لە یەک جیا نەبێتەوە، هەر پیتێک سەری ببێ (ە) ی پێوە دەنووسرێ وەک: (ڕەق، شەل، دەڵ) تا لە خوێندنەوەدا نەکرێن بە (ڕق، شل، دڵ).

ئەگەر خۆی (ە)ی پێوە بوو ئەوا دوو (ە)ی بۆ دەنووسرێ وەک:

(بەهبەهە)، هەروەک (ە)ی سەرداریش بە دوو (ە)دەنووسرێ وەک:(هەرمێ، هەنار).

هەر پیتێک بۆری ببێ، (و)ی پێوە دەنووسرێ وەک: (قول، کون، کولک)تا لە خوێندنەوەدا نەکرێن بە (قل، کن، کلک). ئەگەر خۆی (و)ی پێوە بوو ئەو حەلە بەدوو(و) دەنووسرێ وەک: (قوول، پوول، موور)، ئەمە ئەگەر (و)ەکە قووچاو بوو. بەڵام ئەگەر کراوە بوو وەک: (قۆڵ، پۆڵ، مۆر) بەیەک (و) دەنووسرێ، واتە نیشانەی (٧)ەکە لە جێی (و)ی دووەم دادەنرێ.

(و) ی بۆردار بە دوو (و) دەنووسرێ وەک: (وورە، ووزە، ووژە) و ئەگەر ئەم (و)ە بۆردارە (و)ێکی تری پێوە بوو ئەو حەلە بە سێ (و) دەنووسرێ وەک: (وو ون) بەمەعنا خوێن، چونکە ئەگەر بە سێ (و) نەنووسرێ دەبێ بە (وون) کە مەعناکەی جیایە.

هەر پیتێک ژێری ببێ (ی)ی پێوە دەنووسرێ وەک (سیروان، جیهان) و ئەگەر خۆی (ی)ی پێوە بوو ئەو حەلە بە دوو (ی) دەنووسرێ وەک (سیر، بیر، تیر).

(ی)ی ژێردار بە دوو (ی) دەنووسرێ وەک (یێ) و، ئەگەر ئەم (ی) ە ژێردارە (ی) ەکی تری پێوە بوو ئەو حەلە بە سێ (ی) دەنووسرێ وەک بلێیت (یی ی) کراوە زۆرە.

ئەو پیتانەی کە ژێری سووکیان هەیە وەک (برنج، ترنج، بزن)، (ی)یان پێوە نانووسرێ.

نووسینی کوردی تا ئێستا یەکی نەگرتووە و، هەر کەسە بە جۆرێک دەنووسێ، لەم ڕووەوە دوو بیروباوەڕ هەیە:

(١) هەموو وتەیەک بەجیا بنووسرێ وەک (بێ خود، بان گوش، بان گردین، بن باخەڵ، بن قۆڵ، بن میچ، بەجێ هێشتن، پێ لێ هەڵ برین).

(٢) هەموو وتەیەک بەقەد تەوانا پێکەوە بنووسرێ، وەک: (بێخود، بانگوش، بانگردین، بنباخەڵ، بنقۆڵ، بنمیچ، بەجێهێشتن، پێلێ هەلبڕین).

من نووسینی دووەمم پێ باشترە لەبەر گەلێ شت:

(١) کورتکردنەوەی وەخت، چونکە دەست کەمتر بەرز دەکەیتەوە و، زووتر شت دەنووسیت.

(٢) کورتکردنەوەی نووسراو، چونکە شتێک کە بەنووسینی یەکەم دوو دێر بێ، بەنووسینی دووەم دێڕ و نیوێکە.

(٣) فارسی- کە برای کوردییە- بە ئیملای دووەم دەنووسرێ، نابینیت (بێدل)- کە لە (بێ) و (دل) دروست کراوە و، (پیغامبر) کە لە (پیغام) و (بر) دروست کراوە و بەمەعنا پێغەمبەر و، بەیەکەوە دەنووسرێن.

(٤) ئەم وتانە کاری پەیوبست (مصدری مرکب)ن، واتە هەرچەندە بەدیمەن چەند وتەیەکن و لێکدراون، بەلآم لە مەعنادا یەک وتەن، نابینیت؟ (پێلێ هەڵبرین) بەمەعنا مبالغەکردنە لە کارێکدا، (چاولێقووچان) بەمەعنا بەخشین و بووردنە، (بانگوش) بەمەعنا زەلامێکە کە بان بگێرێ، (بنقۆڵ) بەمەعنا بێچوولەیەکی سێ سووچە کە دەکەوێتە بن دەستی کالآوە.

(٥) زانای بەناوبانگی کورد (یوسف ضیاپاشای خالدی) وتەی فەرهەنگە کوردییەکەی خۆی- کە ناوی (الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه)یە، بە ئیملای دووەمی نووسیوە وەک: (نیڤیکرن، هلهلوک)

(٦) نووسینی کوردی بە ئیملای دووەم گەلێ جوانتر و ڕێکوپێک ترە لە هی یەکەم چونکە ئەو بزربزرِ دەردەچێ و هیچی بەهیچیەوە نانووسێ.

(٧) ئەم وتانە لە لاتینیدا بەیەکەوە دەنووسرێن، کەوابوو تا ڕۆژێک دێ کە کوردی بەلاتینی بنووسرێ، با هەر لە ئێستاکەوە پێکەوە بنووسرێن.

دەستووری زمانی کوردی

دەستووری زمانی کوردی بە (سەرف) و (نەحو)یەوە دەستوورێکی ئێجگار دوورودرێژە، کتێبێکی دووسەد لاپەڕەییم تێدا نووسیوە. لەبەر ئەوە بە پێویستم نەزانی لێرەدا بەدوورودرێژی باسی ئەو دەستوورە بکەین، بەلآم ئەوەندەی کە پێویست بێ بەم فەرهەنگە بەکورتی باسی دەکەین.

وتە و لکەکانی

وتە (کلمە) وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ، وەک (دار، کار، ژن، من، برین، درین).

وتە سێ جۆرە: (١) ناو (إسم)، (٢) کردار (فعل)، (٣) پیت (حەرف).

ناو و پیت وتەن و، لەم فەرهەنگەدا دەنووسرێن، بەلآم کردار وتەیەک نییە کە لە فەرهەنگی کوردیدا بنووسرێ، چونکە بنەڕەتەکەی کە کار (مصدر)ە دەنووسرێ نیتر پێویست بە نووسینی کردار نییە.

ناو لەسەر دوو جۆرە: (١) تێکڕا (عام) وەک: (دار، بەرد، پیاو، ژن، گورگ، مەڕ). ئەمانە بە وتە دەنووسرێن لەم فەرهەنگەدا.
(٢) تایبەتی (خاص) وەک: (نەریمان، سیروان، کرماشان).

ناوی مرۆڤ نانووسرێ، هەر وەک ناوی دێهات و جێگایانی کوردستان نانووسرێن. مەگەر لە حەلێکدا کە ئەو وتەیە مەبەستێکی تری بێ، وەک: (بانە، دووکان، قامیش، گەلاڵە) کە لەگەڵ مەبەستەکەی خۆیاندا ناوی جێگایەکیشن لە کوردستاندا. لەم حەلەدا ناوی جێگاکەش دەنووسرێ. هەروا کردار (فعل) نانووسین؛ مەگەر لە حەلێکا کە بەمەعنا ناو (إسم) یش هاتبێ، وەک وتەی (بۆ) کە لە هەورامیدا بە مەعنای وەردیە.

کار (مصدر)

کار لەسەر پێنج جۆرە: (١) ئەلفی، (٢) تائی، (٣) دالی، (٤) واوی، (٥) یائی،، چونکە لەپێش نوونی (کار)ە و هەمیشە یەکێک لەم پێنج پیتە: (ا، ت، د، و، ی) دەبێ ببێ. ئینجا بەم بۆنەیەوە هەر یەکەی ناو دەبرێ بەیەکێک لەو پیتانە.

(١) کاری ئەلفی وەک: (برژان، بێژان، پێچان، سووتان).

(٢) تائی وەک: (نوستن، کوشتن، گرتن، کەوتن).

(٣) دالی وەک: (کردن، بردن، خواردن، مردن).

(٤) واوی وەک: (بوون، چوون، دروون، گورروون).

(٥) یائی وەک: (زانین، ڕوانین، درین، برین).

کار - بەهەر پێنج جۆرەکەیەوە -یا سادە (بسیط) دەبێ یا پەیوەست (مرکب). سادە، کارێکە کە تاقە وتەیەک بێ وەک (کار)ەکانی پێشوو.

پەیوەست، کارێکە کە دروست کرابێ لە دوو وتە وەک: (هەڵماڵین، داماڵین) یا لە سێ وتە وەک: (پێ لێ خستن، پیاهەڵگەڕان، چاولێقووچان) یا لە چوار وتە وەک: (پێ لێ هەڵبرین، جێ پێ لێژبوون، چەنە بە چەنەوێستان). ئەم پەیوەستانە تا بتوانین لە وتەی فەرهەنگەکەماندا تێکیان دەخەین و لە نووسیندا بەتاقە وتەیەک پیشانیان دەدەین وەک: (ڕەشبگیر، ڕەهێڵبوون، ڕەنگوڕێس) کە (ڕەش) بەدەم(بگیر)ەوە و(ڕەهێڵ) بەدەم (بوون)ەوە و (ڕەنگ) بەدەم (و)ەکەوە نووسراون.

پارچەی ئەم کارە پەیوەستانە، ئەوی نیشوکار دەگەیەنێ وەک: (ماڵین، خستن، گەڕان، قووچان، برین، وێستان) بێ لەم وێنانەدا پێیان دەڵێین بەشی پەیدایی (جزئی حدثی)، ئەوانی تر وەک: (هەڵ، پێ لێ، پیاهەڵ، چاو لێ، پێلێ هەڵ) پێیان دەڵێین: بەشی پەیوەستی (جزئی ترکیبی).

بەشی پەیوەستی لە پێشەوە دەبێ وەک: (هەڵکردن)، لە دواوە دەبێ وەک: (کردنەوە)، لە هەردوو سەرەوە دەبێ وەک: (هەڵکردنەوە).

ئەو بەشە پەیداییەی کە لە دواوە دەبێ هەمیشە (و) ێک دەبێ لە ناوەندی دوو (ە)دا وەک: (هاتنەوە، چوونەوە، خواردنەوە) و، ئەم (ە و ە)یە هەمیشە یەکێک لەم سێ مەبەستە دەگەیەنێ:

١- گەڕانەوە (عودت) وەک: (هاتنەوە، چوونەوە) بۆ شوێنێک کە لەوەوپێش لێی بووبێت.

٢- کردنەوە (تکرار)ی کارێک وەک: (دانیشتنەوە، هەستانەوە، نوستنەوە).

٣- بەرە بەرە (تدریج) و هێواشی وەک: (خواردنەوە)ی شتی شل قوم قوم و، (چوونەوە)ی بەفر بەرە بەرە و، (بردنەوە)ی یاری کەم کەم و بە دزە دزە.

ئەم بەشەیان - واتە ئەوەی کە بەشی پەیوەستییەکەی لە هەردوو سەرەوە بێ- بە وتە ناناسرێ و، لە فەرهەنگەکەدا نانووسرێ، چونکە ئەمە بەدەستوورێکی تێکڕایی دەزانرێ.

ئەو بەشی پەیوەستییەی کە لە پێشەوە دەبێ، لەسەر دەستوور و باوێکی تایبەتی نییە، بەڵکو لەسەر بیستنە و، چەند وتەیەکی

تایبەتین کە پێش هێندێ کار دەکەون. ئەو وتانە ئەمانەن: (دا، ڕا، هەڵ، لێ، تێ، ڕێ، ڕۆ، ڕاو، سەر، پیا، تیا، پێ، تێک، پێک، هێ، جێ، فڕێ، پێوە، بەجێ، ڕێ پێ، پێ لێ، ڕوولێ، ڕووتێ، ڕووهەڵ، چاو لێ، سەر لێ، پێ لێ دا، پێ لێ هەڵ، پێ لێ وەر).

پەیوەستی	پەیدایی	پەیوەستی	پەیدایی	پەیوەستی	پەیدایی
دا	هێنان	ڕا	هێنان	هەڵ	هێنان
دا	هاتن	ڕا	هاتن	هەڵ	هاتن
لێ	کەوتن	پیا	کەوتن	تێ	کەوتن
لێ	دان	پیا	دان	تێ	دان
تێک	دان	سەر	دان	پێ	دان
تێک	خستن	سەر	خستن	پێ	خستن
ڕۆ	چوون	ڕێ	کەوتن	بەجێ	هێنان
ڕۆ	کردن	ڕێ	خستن	بەجێ	هێشتن
ڕاو	نان	هێ	نان	فڕێ	دان
ڕووتێ	کردن	ڕوولێ	نان	پێ لێ	خستن
ڕێ پێ	بردن	تیا	چوون	پێ لێ	نان
ڕێ پێ	گرتن	تیا	مان	پێوە	بوون
چاو لێ	قووچان	پێک	هێنان	پێوە	کردن
پێ لێ دا	گرتن	پێ لێ هەڵ	برین	ڕوو لێ وەر	گێران
پێ لێ وەر	گێران	سەرلێ	بادان	چەنە بەچەنە	وێستان

ئەم بەشە پەیوەستییانە هێندێکیان بەتەنیا مەبەست (معنی) دارن و، هێندێکیان مەبەستیان نییە، ئینجا هەر کامێکیان بێ کە لەگەڵ بەشی پەیداییدا یەک کەوتن، زۆرجار مەبەستێکی تر دەگەیەنن کە جیاوازە لە مەبەستی بەشەکان وەک: (سەرخستن، ڕاکردن) ئێستا لە یەکەمدا (سەر) مەبەستێکی هەیە، (خستن) یش مەبەستێکی هەیە، بەڵام کە لە یەک دران مەبەستەکەیان دەبێ بەمە کە یەکێک لە نزمییەکەوە شتێک بخاتە بەرزییەک.

لە دووەمدا (ڕا) مەبەستی نییە، (کردن) مەبەستەکەی ئەمەیە کە کارێک بکەیت، بەڵام کە پەیوەست کران مەبەستەکەیان دەبێ بەهەڵاکردن، نینجا ئەمانە بە وتە دادەنرێن و لە فەرهەنگدا دەنووسرێن. زۆرجاریش مەبەستی پەیوەستەکە هەرمەبەستی پارچەکانێتی و مەبەستێکی زیاد ناگەیەنێ وەک:

(چوونە بازاڕ) ئەمە بە وتە دانانرێ.

پەیوەست یا ئاشکرا (صریح)یە یا بریتی (کنایە)یە، ئاشکرا ئەوەیە کە مەبەستێکی ڕاست و ڕەوانی ببێ، بریتی ئەوەیە کە لەلاوە مەبەستێک بگەیەنێ وەک: (دەست درێژ، دەست بڵاو، دەست سپی).

زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە بەبریتی و، هەر زمانێک وابێ ناسکتر و بەنەزاکەتترین زمانە، یەکێک ئەگەر ورد ببێتەوە لە وتەی (بەدەستگرتن، دەست بەئاو گەیاندن) تێ دەگا کە زمانی کوردی چەند نازک و بەرزە. لەبەر ئەمە هەر چێکمان دەست کەوتبێ لە بریتی کۆمان کردووەتەوە و، لەگەڵ وتەدا بە ڕیزکراوی نوسیومانن.

کاری ڕیشەیی و دەستکردی

کاری ڕیشەیی (اصل) کارێکە کە لە بنەڕەتدا هەر کاربێ و، بەهۆی هیچ جۆرە شتێکەوە نەبووبێ بەکار وەک ئەو کارانەی پێشوو.

کاری دەستکردیی (جعل)ی ناو یا سیفەتێکە کە بەپاشەکەیەوە (یی) یا (ێتی) یا (ێنی)یا (ایەتی) یا(هتی) بنرێ وەک ئەم وێنانەی خواردوە:

ناو	کار	کار	سیفەت	کار	کار
پیر	پیری	پیریێتی	چاک	چاکی	چاکێتی
کوڕ	کوڕێنی	کوڕێتی	سوور	سووری	سوورێتی
دوژمن	دوژمنێتی	دوژمنایەتی	جوان	جوانی	جوانێتی
دۆست	دۆستی	دۆستایەتی	باش	باشی	باشێتی
پیاو	پیاوەتی				
ژن	ژنێتی				

هەر وتەیەک ئەگەر خۆی بەکاردەهێنرا و لەگەڵ (بوون)یا (کردن) یا هەردووکیشیاندا بەکار دەهێنرا، ئەو وتەیە هەر خۆی بەو وتە دەناسرێ و لەسەری دێرەوە دەنووسرێ و لەگەڵ (بوون) و (کردنا) لەناو ڕاڤەکەیدا دەنووسرێ وەک: (بچووک، بچووکبوونەوە، بچووککردنەوە) و (ئاشکرا، ئاشکرابوون، ئاشکراکردن). بەڵام ئەگەر وتەکە خۆی بەتەنیا بەکار نە دەهێنرا و هەمیشە لەگەڵ (بوون) یا (کردن) یا هەردووکیاندا بەکاردەهێنرا، ئەو حەلە لەگەڵ (بوون) و (کردن)دا بەوتە دەناسرێ و لەسەری دێرەوە دەنووسرێ وەک: (تەمێ بوون) و (تەمێ کردن) چونکی (تەمێ) بەتەنیا نەبیستراوە.

یاخۆ بەتەنیاش بەکار دەهێنرا و لەگەڵ (بوون) و (کردن)یشدا بەکار دەهێنرا، بەڵام لەگەڵ (بوون) و (کردن)دا مەبەستێکی تریان بووە بێجگە لە مەبەستەکەی خۆی. لەم حەلەشدا هەر بەجیا و لە سەری دێرەوە دەنووسرێن وەک: (بەخت بوون) و (بەختکردن) کە مەبەستێکی بریتییان هەیە کە لە (بەخت)دا نییە. زۆر جار ڕاڤەی وتەیەک دەکەین بە وتەیەکی وا کە دوو سێ مەعنای هاتووە، وەک ڕاڤەی (وژاردن) بە (بژاردن). ئەمە مەعنای وایە کە ئەو وتەیەش ئەو دوو سێ مەعنایەی هاتووە.

بۆ ڕیزکردنی وتەی ئەم فەرهەنگە، لە پیتی یەکەمەوە تا پیتی دوایی بەرچاو خراوە، هەر وەک پیتی سەر و بۆر (إعراب)یش بەرچاو خراوە. بەم ڕەنگە وتەی (ئاژاژک) لە پێش (ئاژاژیی)یەوە و، (ئاژاڵ) لە پێش (ئاژاوە)وە نووسراوە. (ل)ی سووک لەبەر ئەمەی بێ نیشانەیە پێش (ڵ)ی قەڵەو خراوە و بەم ڕەنگە نووسراوە: (گول) ئینجا (گوڵ) ئینجا (گۆل) ئینجا (گۆڵ). یاخۆ (پچکۆلە) ئینجا (بچکۆڵە) و (بچکەلە) ئینجا (بچکەڵە). هەروا (و)ی سووکی بێ نیشانە پێش (ۆ)ی نیشانەدار خراوە و بەم ڕەنگە نووسراوە: (کون) ئینجا (کۆن) و (قول) ئینجا (قۆڵ). بەم ڕەنگە هەموو خوێندەوارێک زۆر بەئاسانی دەتوانێ هەموو جۆرە وتەیەک لەم فەرهەنگەدا بدۆزێتەوە بە بێ گیروگرفت.

نیشانەکانی ئەم فەرهەنگە

هەموو وتەیەک لە سەری دێرەوە لەناو دوو کەوان ( )دا نووسراوە، ئینجا ئەگەر وتەکە کوردی نەبوو بەم ڕەنگە لە زمانێکی تردوە وەرگیرابوو ئەوا لەلای ڕاستی کەوانەکەوە نوختەیەک دادەنرێ.

هەر وتەیەک هەورامی بێ (هـ) بادینانی بێ (با) زازا بێ (ز) ئەردەڵانی بێ (د) لوڕ یا لەک یا فەیلی بێ، (ل) لە تەنیشتی

چەپەوە دەنووسرێ، موکریانی و پشدەری و هەولێری و گەلێ شوێنی تر وەک وتەی خۆمان- کە کرمانجییە- هیچی بۆ نانووسین، چونکە زۆر لەیەک جیانین.

ئەگەر وتەکە دووسێ مەبەستی بوو هەر مەبەستەی هی شوێنێک لەم شوێنانە، ئەو حەلە ئەم نیشانانە لە دوای کەوانەکەوە نانووسرێ بەڵکو لەدوای تەواوبوونی مەبەستەکەوە دەنووسرێ و، ئەگەر دوو یا سێ مەبەست هی شوێنێک بوو لەو شوێنانە ئەو حەلە بۆ هەر مەبەستێک نیشانەکە دەنووسرێتەوە.

زۆر لە وتەکان گەلێ مەبەستیان بۆ نووسراوە، ئینجا ئەگەر لە ناوەندی مەبەستەکاندا (.) دانرا ئەوە مەبەستێکی ترە و، ئەگەر (:) دانرا ئەوە لە جێی وتەی (دەبێژی) بەکار دێنرێ و، وێنەیەکی بەکارهێنانی ئەو وتەیە نیشان دەدا و، ئەگەر (،) دانرا ئەوە بەستنەوەی وتارێک بە وتارەکەی پێشووەوە دەگەیەنێ.

زۆر سوپاس بۆ کاک (مەلا محەمەدی کوردی) کە لەم فەرهەنگەدا زۆر یارمەتیی دام، جارێ جگە لەوەی کە سێ جار بۆی نووسیومەتەوە لە سەرەوە تا خوار، لە وتە دۆزینەوە و مەبەست لێکدانەوەشدا زۆر یارمەتیی داوم، بەڕاستی یارمەتییەکەی شایانی سوپاس و ستایشە.

هەروا سوپاس بۆ ئەو دۆست و برادەرانەی کە یارمەتییان داوم و وتەیان بۆ ناردووم ئەخوازەڵا کاک شاکر فەتاح و جەمال ئەبەز کە ئەویان (١٥٠) وتەی پشتکۆ و، ئەمیان (٤١٥) وتەی کوردی سووریەی بۆ ناردووم.

محەمەدی خاڵ

٣٠-٨-١٩٥٩م   ٢٦-١-١٣٧٩هـ

---

(١) سەرەتای فەرهەنگی (الیاس انطوان الیاس).

(٢) نشأة اللغة عند الانسان والطفل.

(٣) نشأة اللغة عند الانسان والطفل.

(٤) نشأة اللغة عند الانسان والطفل.

(٥) القضیة الکردیة نووسراوی دکتۆر (بەلەچ).

(٦) القضیة الکردیة.

(٧) سەرەتای فەرهەنگی شەمسەدین سامی.

(٨) سەرەتای فەرهەنگی شەمسەدین سامی.

ئـ

ئا: پیتێکە لە وەرامی کەسێکدا بەکاردێنرێ کە بانگت بکا، یا پرسیارێکت لێ بکا، بەم ڕەنگە بڵێت: تۆ خوێندووتە؟ تۆش دەڵێیت: (ئا)، واتە خوێندوومە. پیتی وریاکردنەوە.
(ئا): وەرە پیتی سەرسامی. (ئا) لە وەرامی کەسێکدا کە پێت بڵێ فیسار کەس مرد.
ئاغا: (ئا) محەمەد واتە ئاغا محەمەد (د).
ئائل: ز. ئاڕدوا.
ئائلبوون: ز. زۆرداریکردن.
ئائلی: ز. ستەم و زۆرداری.
ئاب: مانگی هەشتەم لە ساڵی ڕۆژی لە ناوەندی تەمووز و ئەیلولدا کە سی و یەک ڕۆژە و، تا بیست و یەکی ڕۆژ لە کەلووی شێردایە، لەوە بەدوا دەچێتە کەلووی سونبولە.
ئابجی: د. خوشک.
ئابخانە: ئاودەستخانە.
ئابدەست: ئاودەستخانە.
ئابدەستخانە: ئاودەستخانە.
ئابروو: شەرم: فیسار کەس زۆر بێ (ئابروو)وە، واتە زۆر بێ شەرمە.
ئابرووبردن: ڕیسواکردن.
ئابرووچوون: ڕیسوابوون.
ئابووری: پاشەکەوتی.
ئابوونە: بەشداربوون لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا.
ئاپ: ز. مام.
ئاپۆ: ز. خاڵ.
ئاتاج: نەدار و داماو.
ئاتاجی: نەداری و داماوی.
ئاتر: د. ئاگر.
ئاتوون: ز. توونی حەمام.
ئاتەشپەرست: کەسێکە کە ئاگر بپەرستێ.
ئاتەشخانە: جێگای ئاگری سەماوەر و حەمام.
ئاتەشکەدە: جێگای پەرستنی ئاگر.
ئاتەشگا: جێی ئاگری ئاگرپەرست. کێوێکی سەختە لە جوانڕۆ.
ئاتەشەک: جۆرە برینێکی زۆر پیسە ئەندام دادەوەشێنێ. ئاگرە (د).
ئاتەشی: مەردوومی زۆر تووڕە و تڕۆ. جۆرە گوڵێکە لە گوڵەباخ سوورترە بەڵام ئەم بۆنی نییە.
ئاتەک: تەنیشت.
ئاتی: د. زێڕ.
ئاجگی: ز. بەخیل.
ئاجیل: د. چەرەسێکە کە لە کۆبوونەوەدا دادەنرێ بۆ خواردن.
ئاخ: وشەی داخ و خەفەت لە کاتی ئازار و ئێشێکی ئەندامی، یا خەفەتێکی دەروونیدا بەکاردێنرێ. خاک (ز).
ئاخاتی: ز. ئاغایەتی.
ئاخافتن: قسەکردن (ز). ئاخاوتن.
ئاخاوتن: لنگدانی وڵاخ و گێرانی.
ئاخایۆک: ز. بەیەکێک دەوترێ کە حەزی لە گەورەیی بێ بەبێ ئەوەی کە لێی بێ.
ئاخبان: ز. گڵەبان.
ئاخپۆل: ز. قوڕ هەڵشێلان بۆ سواغ و قوڕەکاری.
ئاخچەباش: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک یاسەمەن وایە دەکرێتە ناو دۆکوڵیوەوە.
ئاخر: ئیتر- (ئاخر) بڵێم چی. دواییی شت: سەد ساڵ بژیت (ئاخر) هەر دەمریت.
ئاخرکە: ز. جۆرە مێشوولەیەکی زۆر وردی بەئالۆشە.
ئاخرەمین: دواترینی شت.
ئاخری: لە دواییدا: نەمدەویست بچم بەڵام (ئاخری) هەر چووم.
ئاخسبات: ز. پازدە ڕۆژەی دواییی مانگی شوبات.
ئاخش: ز. ئۆخەیش.

ئاخلە: لێوارێکە کە بەگردی شتێکدا دروست بکرێ لە قوڕ یا شتێکی تر. خەرمانەی مانگ.
ئاخلەدان: کۆبوونەوە بەگردی. پێچ خواردنی مار.
ئاخلێف ز. خاکەلێوە.
ئاخلیڤە: با. ئاخلێف.
ئاخنین: ترنجاندن و پەستاوتنی شتێک لەناو شتێکی تردا.
ئاخۆ: وتەی پرسیار: (ئاخۆ) کەی ڕۆژمان لێ بێتەوە؟
ئاخوا: ئاخۆ.
ئاخور: ئیتر.
ئاخۆران و بخۆران: پشێوی و ئاشووب لە وڵاتدا.
ئاخوڕ: ئاخلەیەکە لە قوڕ دروست دەکرێ بەبەرزییەوە بۆ ئەوەی کە وڵاخ ئالیکی تێدا بخوا. تەویلە (ز).
ئاخوون: پێشەوای ئاینیی شیعە.
ئاخویرک: ز. ئاخرکە.
ئاخەفتن: ئاخافتن.
ئاخ هەڵکێشان: وتنی ئاخ لە خەفەتدا.
ئاخێزکردن: هەستان و چوون بۆ شوێنێک.
ئاخیە: د. ئەو سنگەیە کە لە تەنیشت ئاخوردوە دادەکوترێ.
ئاخین: ز. ئاخ هەڵکێشان.
ئادار: مانگی ئازار.
ئادان: ز. زەوی بەپیت.
ئادانی: ز. بەپیتیی زەوی.
ئادوودە: ز. قامیشێکی درێژە ئاسنێک بەنووکەکەیەوەیە بنمیچی خانووی پێ پاک دەکرێتەوە.
ئادەکردن: ز. پاککردنەوە.
ئادەم: باپیرە گەورەی ئادەمی.
ئادەمی: نەتەوەی ئادەم.
ئادەمیزاد: ئادەمی.
ئادێ: هـ. ئەوان.
ئادیان: ز. تیرەیەکە لە ناوچەی بەروار.
ئار: ئاگر. ئارد (ز).
ئارا: ناوچە و مەیدان: فیسار کەس لەم (ئارا)یەدا نییە. وتەیەکە دەنووسێ بەدوای هێندێ وشەوە، مەبەسی ئارایش و جوانکردن دەگەیەنێ: فیسار کەس بەزم (ئارا) یا مەجلیس (ئارا)یە.
ئاراستن: ز. خستنە پشتگوێ.
ئاراڤ: ز. ئاراو.
ئارام: ئۆقرە و دان بەخۆداگرتن.
ئارامگا: شوێنێکە کە مەردووم ئارامی تێدابگرێ. بریتییە لە گۆڕ: ئەمە (ئارامگا)ی فیسار کەسە واتە گۆڕی ئەوە.
ئارام گرتن: ئۆقرە و دان بەخۆداگرتن.
ئارام هەڵگیران: نەمانی ئۆقرە.
ئاران: د. زەمینی نەرمان.
ئاراندن: ز. ئێش و ئازار.
ئاراو: ئۆرەیەک لە کەفاو و سابووناو کە بەرگ و کاڵای پێ دەشۆردرێ.
ئارایش: جوانی و ڕازاوەیی شت: فیسار کەس بە(ئارایش)ە.
ئارایشت: ئارایش.
ئارایشدان: ڕازاندنەوە و جوانکردنی شت.
ئارایشکردن: ئارایش دان.
ئارایشکەر: ئافرەتێکە کە ئارایشی خۆی بدا. ئافرەتێکە کە ئارایشی ئافرەتی تر بدا.
ئارایشگەر: د. کەسێکە کە ئارایشی یەکێکی تر بدا.
ئارخاڤک: ز. جۆرە ناوساجی و کولێرەیەکە کە شەکر و ڕۆنی لێ درابێ.
ئارد: هاڕواوی دانەوێڵە.
ئارداوێژ: ئەو ئاردەیە کە بەرداش لە سووڕانەوەدا فڕێی دەدا.
دەم و پل: فیسار کەس (ئارداوێژ)ێکی خۆش یا ناخۆشی هەیە، واتە دراوی قسەی خۆش یا ناخۆشە.
ئاردپێچ: ز. جۆرە حەلوایەکە لە ئارد دەکرێ.
ئاردکێش: دارێکی درێژە تەختەیەکی پانی بەسەردوەیە، ئاشەوان ئاردی پێ ڕادەکێشێتە دواوە.
ئاردماڵک: شتێکە لە دوای تەواوبوونی باراش دەوروپشتی بەرداشی پێ دەماڵرێتەوە.
ئاردن: هـ. هێنان.
ئارد و ڕۆن: د. ئاردەوا.
ئاردوو: ز. ئاگرکەوتنەوە.
ئاردەبارە: ئاردێکە خاوەن باراش بەخۆشی خۆی دەیدا بەئاشەوان و بۆی دەکاتە ناو (قوولکە)وە.
ئاردەشان: ئارداوێژ. شتێکە ئارد لە بەرداش دوور دەخاتەوە لە کاتی هاڕینیدا (د).
ئاردەمشار: ئاردێکە کە لە دەمی مشار دەکەوێتە خوارەوە.
ئاردەوا: پەڵوولە.
ئاردەوارە: ئاردەبارە.
ئاردی: ز. ئاردەوا.
ئاراستە: شتێکە کە بەرامبەر بە شتێکی تر کرابێ، (ئاراستەکردن) بەرامبەرکردنی شتێک بە شتێک بۆ تێگرتنی.
ئارۆ: د. ئەمڕۆ.
ئارزەن: ز. ئێسقانی چەناگە.

ئارزی: ز. ئارەزوو.
ئارژنگ: دارێکە وەک بەلاڵووک داردەستی لێ دروست دەکرێ.
ئارسم: ز. هەلامەت.
ئارسمی: ز. کەسێکە کە تووشی هەلامەت بووبێ.
ئارگا: هـ. ئاگردان.
ئارگۆن: ز. شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی ئاگر وابێ.
ئارمانج: ز. ئامانج.
ئارمووش: ئاوریشم.
ئارنگ: ز. جۆرە نەخۆشییەکە تووشی بزن و مەڕ دەبێ.
ئارۆ: هـ. ئەمڕۆ.
ئاروانە: ز. حوشتری مێی چوار ساڵانە.
ئاروفتە: د. تەنراوێکە کە چووبێ و تانوپۆی دەرکەوتبێ. دیواری داڕووخاو.
ئارۆک: ز. جۆرە کفتەیەکی پانە وەک کولێرە لە ساوەر و گەنمەکوتاو دروست دەکرێ.
ئاروو: ز. خەیار.
ئارووشک: ز. پژمین.
ئاروێ: ئاروو.
ئارهان: ز. ئازار بەهوێ ئاگرەوە.
ئارهاندن: ز. داخکردن.
ئارهایی: ز. ئازارێکی هەمیشەییە لە ئەندامێکدا.
ئارەزوو: ویستنی شتێک و دڵ بۆچوونی، (ئارەزووکردن) حەزکردن لە شت و دڵ بۆچوونی.
ئارەزوومەند: کەسێکە کە زۆر دڵی بە شتێکەوە بێ.
ئارەزوومەندی: زۆر دڵبوون بە شتێکەوە.
ئارەق: ئاوێکە لە بن مووی ئەندامی گیانلەبەرەوە دێتە دەرێ لە گەرماندا. ئاوێکی سپیی روونە بەجۆرێکی تایبەتی لە هێندێ شت دەگیرێ و، گەلێ جۆرە هێندێکیان سەرخۆشی دەدەن.
ئارەقخۆر: کەسێکە کە ئارەق خواردنەوەی کردبێ بەخوو.
ئارەق دەردان: ئارەقکردنەوە.
ئارەقفرۆش: کەسێکە کە هەر ئارەق بفرۆشێ.
ئارەقکردن: کردنی ئارەقی زۆر لە نەخۆشیی گرانەتادا و، لەش سووکبوون و ڕزگاربوون لێی.
ئارەقکردنەوە: هاتنە دەرەوەی ئارەق لە ئەندام.
ئارەقگرتن: گرتنی ئارەقی هێندێ شت بەجۆرێکی تایبەتی.
ئارەقگیر: ژێرزین.
ئارەقە: ئارەقی جەستە. مەهاری ولاخ.
ئارێ: ئەرێ.
ئارێخ: ز. مێخ زنجیرێکە کە ولاخی پێ دەبەسترێتەوە.
ئارێنج: ز. جۆرە دومەڵێکە لەبن باخەڵ دێ.
ئارینۆک: لەتکەنۆک.
ئاری: ز. خۆڵەمێش. بەشێکی زۆرە لە ئادەمیزادی سپی پێست کە کوردیش دەچێتەوە سەر ئەو.
ئارێ: پیتی سەرسووڕمان.
ئارێ: لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ من ناخوێنم.
ئاز: ز. ئازا. ڕاست. ساخ.
ئازا: گیانداری نەترس. گیانداری خێرا لە کارێکدا: (ئازا) کە، واتە خێرا کە. گوێزی ساخی پڕ.
ئازاد: سەربەخۆ.
ئازادخوا: ئازادخواە.
ئازادخواە: کەسێکە کە ئارەزووی سەربەخۆیی بێ.
ئازادخواهی: ئارەزووکردنی سەربەستی.
ئازادخوایی: ئازادخواهی.
ئازادکردن: خۆشبوون لە یەکێک کە مافێکت بەسەریەوە بێ، بەرەڵاکردنی بەندەیەک کە کڕیبێتت بەڕەنگێکی وا کە ئیتر بتوانێ ئیش بکا بۆ خۆی.
ئازادە: ئازاد. فیسار کەس (ئازادە)یە، واتە سەربەستە.
ئازادی: سەربەستی و سەربەخۆیی.
ئازادیخواە: ئازادخواە.
ئازار: ئێشی ئەندام. مانگی مارت کە سی و یەک ڕۆژە.
ئازاردان: ئێش گەیاندن بە شتێک.
ئازارسی: د. دەردەبارێکە.
ئازاڵە: د. سۆختی زستان.
ئازایی: نەترسی و بێباکی لە شت.
ئازراندن: ز. ئازاردان.
ئازری: ز. برینێکە کە کێمی تێ زابێ.
ئازنگ: ز. خانوویەکە کە لەسەر یەک تاوێرەبەرد دروست کرابێ.
ئازوباز: ئۆباڵ: (ئازوباز)ی تۆم بە مل.
ئازوبەزە: ئازوباز.
ئازووخە: پێ بژیوێکە کە هەڵبگیرێ بۆ خواردن.
ئازووقە: ئازووخە.
ئازەب: عازەب.
ئازەپ: ز. بەندەی زەڕ خریدە.
ئازیز: خۆشەویست.
ئاژاژک: باوێشک.
ئاژاژی: ئاژاژک.
ئاژاڵ: مەڕ و ماڵات و گا و گۆتاڵ. سەوزەگیا و لەوەڕ.
ئاژاڵدار: خاوەن ئاژاڵ.
ئاژان: د. پۆلیس.

ئاژاوڵە: د. ئاژاوە.
ئاژاوە: پشێوی و ناکۆکی.
ئاژنی: ز. مەلەکردن.
ئاژنین: چیلکەکردن بەناوەندی دانداا. سووژن کردنی زۆر بەشتێکدا، داخستنی دەرگا: دەرگاکە (ئاژنە) واتە دایخە. داکەندنی کاڵا: کراسەکەم (ئاژنی) واتە دام کەند (ل).
ئاژۆ: ز. شوێن پێ هەڵگرتن.
ئاژۆتن: ز. هەڵکوتانە سەر شتێک.
ئاژۆدان: لەوەڕاندنی ئاژاڵ بەشەو: ئەو ڕانە (ئاژۆ بدە).
ئاژووان: لێخورین.
ئاژوین: بڵاوبوونەوەی شتێک لە شوێنێک: ئەو ڕانە لەو پاوەندەدا (ئاژین) بووە. هاژین.
ئاژینە: د. چەقچەقەی ئاش.
ئاس: جۆرە مقەبیایەکە قوماری پێ دەکرێ.
ئاسا: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(مُشَبَّه بە): نەریمان (ئاسا) ئازا بە، واتە وەک ئەو ئازا بە.
ئاسان: کاری سووکی بێ گیروگرفت.
ئاسانە: جێی کەوش داکەندن لەبەر دەرگادا.
ئاسانی: سووکی و بێ گیروگرفتیی کاروبار.
ئاساو: هـ. ئاش.
ئاسایش: حەسانەوە و ئارامگرتنی گیاندار. بێ ئاژاوەیی.
ئاسایی: ئاسا: خۆت (ئاسایی) داوێنم لێ کرد بەلادا.
ئاست: عاست.
ئاستان: ئاسانە.
ئاستانە: دەرماڵ: خۆی خستە (ئاستانە) کەت.
ئاستن: د. هێشتنەوە.
ئاستەر: ئاسەر.
ئاستەم: عاستەم.
ئاسرم: هەڵامەت.
ئاسرمە: د. تیلمەیەکی پانە لە کورتان دەکەوێتە سەر کلکی وڵاخ.
ئاسک: گیاندارێکی چاوڕەشی جوانی خێرایە لە (مەڕدسوور) پچووکترە.
ئاسکە زەربنە: شتێکە لە وێنەی ئاسکێکی پچکۆلە لە پەڕۆ دروست و ڕەنگاوڕەنگ دەکرێ، منداڵ یاری پێ دەکات.
ئاسمان: لای هەرە ژووورووی سەرت.
ئاسمان و ڕێسمان: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ جیاوازی و دووری دوو شت لە یەکەوە: ئەمە و ئەوە (ئاسمان و ڕێسمان)ە واتە زۆر لە یەکەوە دوورن.
ئاسمانە: مەلاشو لەناو دەمەوە. بنمیچ.
ئاسمانی: جۆرە ڕەنگێکی شینی کاڵە.
ئاسمین: ز. یاسەمەن.
ئاسن: جۆرە کانێکە لە زەوی دا دەردەهێنرێ و بەئاگر قاڵ دەکرێ و گەلێ شتی لێ دروست دەکرێ.
ئاسنجاو: قاپ و قاچاخی مسین.
ئاسندرک: دڕکە ئاسنینە.
ئاسنفرێن: د. موقناتیس.
ئاسنگەر: کەسێکە لە ئاسن شت دروست بکا.
ئاسنگەری: خەریکبوون بەپیشەی ئاسنەوە.
ئاسنی سارد کوتان: بریتییە لە خەریکبوون بەکارێکەوە کە تیایدا سەر نەکەویت.
ئاسنی: شتێکە لە ئاسن دروست کرابێ.
ئاسنینە: ئاسنین.
ئاسۆ: ملە. جێگای هەڵاتن یا ئاوابوونی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە.
ئارمایی. ڕووناکی.
ئاسۆک: سێبەر.
ئاسۆگە: ئاسۆ. ئەوپەڕی هەنای چاو لە ئاسۆدا (د).
ئاسوودە: گیانداری بێ خەفەتی حەساوە.
ئاسوودەیی: بێ خەفەتی.
ئاسەر: د. بەری کاڵا. پەڕاوێزی کەوا.
ئاسیاو: ئاش.
ئاسیاوان: ئاشەوان.
ئاسیاوبازی: د. ئاشە بەتەندوورە.
ئاسیو: چورتم و چەپووکی ڕۆژگار.
ئاش: جێی هاڕینی دانەوێڵە و کرە. شۆ: ئەم کاڵایە بە(ئاش)ە، واتە شۆدارە. چێشت (د).
ئاشاخە: میوەی کۆنی ڕزیو.
ئاشانە: دە یەکی مزی ئاشە کە ئاغا لە خاوەن ئاشی دەسێنێت بەناردی یا بەدراوی.
ئاشبگیر: تاڵانکردنی ئاش لەلایەن جەردەوە.
ئاشبوون: ز. ئاشتبوونەوە.
ئاشبەتاڵ: وتەیەکە ئاشەوان بەدەنگی بەرز دەیڵێ لە کاتێکدا کە ئاشەکەی دانی نەمابێ بۆ ئەوەی کە باراشی بۆ بەرن.
ئاشپەز: د. چێشتکەر.
ئاشپەزخانە: د. چێشتخانە.
ئاشت: کەسێکە کە لە گەڵتدا ڕێک بێ، (ئاشتبوونەوە) یەک کەوتنەوەی دوو کەس لە دوای ناکۆکییان.
ئاشتکردنەوە: یەکخستنەوەی دوو کەس لە دوای ناکۆکی.
ئاشتێنی: ئاشتی.

ئاشتی: ڕێکی و دۆستایەتی.
ئاشتیخواز: کەسێک کە حەزی لە ئاشتی بێ.
ئاشچی: ئاشپەز.
ئاشخانە: چێشتخانە.
ئاشدار: د. شتی شۆدار.
ئاشدۆڵ: ئاشبەتاڵ.
ئاشرمە: هێشرمە.
ئاشک: ز. معدە.
ئاشکرا: شتی دیاری نمایان.
ئاشکرابوون: دەرکەوتنی شتی نادیار.
ئاشکراکردن: دەرخستنی شتی نادیار.
ئاشگێڕ: ئەندازەیەکە لە ئاو کە ئاش بگێڕێ.
ئاشماست: د. دۆکولیو.
ئاشنا: ناسیاوی تێکەڵ.
ئاشناس: د. ئاشنا.
ئاش نانەوە: دروستکردنی ئاش و خستنەگەڕی.
ئاشنا و ڕۆشنا: کەسانێکن کە تێکەڵ بن لەگەڵتدا.
ئاشنایەتی: شناسی و تێکەڵی.
ئاشنایی: ئاشنایەتی.
ئاشۆ: د. پشێوی.
ئاش و پاشو: قسەی شرم برم.
ئاش و ماش: وتەیەکە منداڵان بەکاری دەهێنن لە کاتی قسە برینەوەیاندا لەگەڵ یەکتری.
ئاشووب: جەنگ و کێشەی گەورە.
ئاشووبگێڕ: کەسێکە کە زۆر ئاشووب هەڵگیرسێنێ.
ئاشووبگێڕان: ئاشووب نانەوە.
ئاشووب نانەوە: هەڵگیرساندنی ئاشووب.
ئاشووژن: ز. بەنێکە دەمی جەواڵی پێ دەدروێ.
ئاشودستا: کەسێکە کە وەستابێ لە سازکردنی ئاشدا.
ئاشە بەتەندوورە: یارییەکی دوو دەستەییە، دەستەیەکیان بەپێوە سەر بەیەکەوە دەنێن و یەکێکیان پاسیان دەکات و، دەستەکەی تر لە دەرفەتدا باز دەدەنە سەر کۆڵیان تا تێ دەکەون.
ئاشەبەتەندوورێ: ئاشەبەتەندوورە.
ئاشەتەندوورە: ئاشێکە نێوەکەی وەک تەندوور وایە بەبەرد و قسڵ دروست دەکرێ بۆ ئەوەی کە بەئاوێکی کەم بگەڕێ.
ئاشەتەندوورێ: ئاشەتەندوورە.
ئاشەڤان: ز. ئاشەوان.
ئاشەوان: کەسێکە کە هەمیشە بەسەر ئاشەوە بێ و باراش لێ بکا.

ئاشێ: ز. کوێرەوەری.
ئاشێڕ: کەسێکە باراش کۆبکاتەوە و بیبا بۆ ئاش بۆ هاڕینی.
ئاشێفکرن: ز. هەڵکۆڵینی بنکی سەوزایی و کشتوکاڵ بۆ بەهێزبوونی.
ئاشێگە: ز. شوێنی سەختی ڕەق لە زەوی.
ئاشێو: د. قۆرت و بەڵا.
ئاغا: وتەیەکە کە بەهێندێ پیاوی گەورە دەوترێ.
ئاغابانوو: جامانەی سەر.
ئاغاژن: ژنی ئاغا.
ئاغایانە: شتێکە کۆدەکرێتەوە بۆ ئاغا.
ئاغایەتی: بوونی یەکێک بەئاغا.
ئاغزە: کاغەزێکی پێچراوەیە دەخرێتە قنگی جگەرەوە.
ئاغڵەویک: ز. تاوەی ڕۆن تێدا داخکردن.
ئاغە: ئاغا.
ئاغەبانوو: ئاغابانوو.
ئاغەژن: ئاغاژن.
ئاغەڵ: جێی داکردنی ئاژاڵ لە زستاندا.
ئافتابە: ئافتاوە.
ئافتاو: ڕۆژێکە کە بەئاسمانەوەیە. هەتاو.
ئافتاوگەردان: خێوەتی بچووک کە لەگەڵ خۆتدا بیگێڕیت بۆ هەڵدان.
ئافتاونیشان: بلوورییەکی سپیی ئەستوورە، وێنەی مەسینەیەکی پێوەیە.
ئافتاوە: مەسینە.
ئافتاوی بوون: د. ئاشکرابوون.
ئافتووش: ز. خۆهەڵقورتاندن لە کاری مەردوومدا.
ئافر: ز. ئاخوڕ.
ئافڕ: ز. ئاخوڕ.
ئافرەت: وتەیەکە بەکاردێنری بۆ ژن و کچی گەورە.
ئافشووژن: ز. ئاشووژن.
ئافەرۆز: هـ. هەڵاتنی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە.
ئافەرین: وتەی پەسندکردن.
ئاڤ: ز. ئاو.
ئاڤا: ز. ئاوا.
ئاڤار: ز. چەرمی گیراوەی ئاژاڵ.
ئاڤاهی: ز. ئاوایی. کۆشک.
ئاڤپڤاز: ز. پیازاو.
ئاڤپەنگ: ز. ئاوی باران. گومێکە کە باراناوی تێدا کۆبێتەوە.
ئاڤخێز: ز. ئاوێکە کە لەسەرخۆ بڕوا.
ئاڤدار: ز. جۆرە دارێکە.

ئاڤدانک: ز. دەفری ئاو.
ئاڤدۆنک: ز. شۆربای بێ تام.
ئاڤدڤ: ز. مەتارە.
ئاڤدین: ز. تۆڵەسەندن.
ئاڤرێژ: ز. ئاودەستخانە.
ئاڤرمیش: ز. ئاوریشم.
ئاڤزدلێلک: ز. نەخۆشی ئاوبەند.
ئاڤزەمکی: ز. شتێک یا قسەیەک کە درەنگ بگات.
ئاڤزیم: ز. کانیاوێکە کە هەر لە بەهاردا بژبەتەوە.
ئاڤزیم: ز. ئاڤزێم.
ئاڤژن: ز. مەلەوان.
ئاڤژنی: ز. مەلەوانی.
ئاڤس: ز. ئاوس.
ئاڤسین: ز. ئاوسبوون.
ئاڤشۆ: ز. ئەو ئاوەیە کە لە پاش شوشتنی قاپ و قاچاخ دەمێنێتەوە.
ئاڤشیز: ز. ئەو ئاوەیە کە لمی تێدابێ.
ئاڤشیلە: ز. ئاوی بەرسیلە.
ئاڤکینە: ز. مەسینەی شووشە.
ئاڤگیر: ز. شوێنێکە باراناوی تێدا بمێنێتەوە تا درەنگ.
ئاڤرێ: ز. لارێ.
ئاڤیاری: ز. بە سایەی.
ئاڤێتن: ز. هاویتن.
ئاڤی: ز. کشتوکاڵی ئاوی. زەمینی بەراو. شەونم، ئاوارە.
ئاڤیتن: ز. هاویتن.
ئاقار: عاستی شت.
ئاقید: ز. دۆشاوی خەست.
ئاقیق: بەردێکی سووری جوانی بەنرخە.
ئاکام: ئەنجام.
ئاگا: ئادەمیزادی وشیار. خەبەردار لە شت.
ئاگابوونەوە: بێداربوونەوە لە خەو.
ئاگادار: کەسێکە کە چاودێری و وریایی شتێک بکات: خوا ئاگادارت بێ. کەسێکە کە خەبەردار بێ بە شتێک: فیسار کەس زانایەکی ئاگادارە، واتە خەبەردارە بەگەلێ شت.
ئاگاداری: سەرپەرشتی و چاودێریکردنی شتێک.
ئاگا لێ بوون: ئاگاداریکردنی شتێک. ئاگاداری بە شتێک: ئاگام لێی نییە.
ئاگاە: ئاگا.
ئاگاهی: هوشیاری و خەبەرداری.
ئاگایی: ئاگاهی.

ئاگر: شتێکی سووری سووتێنەری ئاشکرایە.
ئاگرباران: بریتییە لە ئاشوب و پشێویی ڕۆژگار.
ئاگربازی: یاریکردن بەئاگر.
ئاگربڕ: بەرهەڵستکردنی ئاگر بۆ ئەوەی کە نەتەنێتەوە. قسەکردن بەجۆرێکی وا کە شتێکی خراپ لە خۆت دوور بخەیتەوە.
ئاگربەربوونەوە: پەیدابوونی ئاگر لە شوێنێک.
ئاگر بەردانەوە: ئاگرنان بەشوێنێکەوە کە بیسووتێنێ.
ئاگرپارە: مەردوومی زرنگی زیرەک.
ئاگرپاریز: ز. ئاگرپەرست.
ئاگر تێ بەربوون: بەربوونی ئاگر لە شتێک. بریتییە لە ڕق هەستان و ئاڵۆزبوون.
ئاگرخۆش: ز. مەردوومی قسەخۆشی گاڵتەچی.
ئاگردان: قووڵکەیەکە ئاگری تێدا دەکرێتەوە. تەقاندنی چەک.
ئاگردانک: ز. ئاگردان.
ئاگرکردن: خۆشکردنی ئاگر. بریتییە لە ئاشوب نانەوە.
ئاگرکردنەوە: هەڵگیرساندنی ئاگر.
ئاگرکوژ: ز. کەسێکە کە ئاگر بکوژێنێتەوە.
ئاگرکەوتنەوە: ئاگر بەربوونەوە.
ئاگرگرتن: بریتییە لە تووڕەبوون. داگیرسانی ئاگر.
ئاگرگووشک: ز. ئێسقانی چەناگە.
ئاگرگەشکەرە: د. شتێکە لە تەل دەتەنرێ و زریزەیەکی درێژی پێوەیە خەڵووز و ئاگری تێ دەکرێ و بەهەڵسووڕاندنی دەگەشێتەوە.
ئاگرگەشکەرەوە: ئاگرگەشکەرە.
ئاگرگیرە: د. دەستەچیلە.
ئاگرناک: ز. مەردوومی تووڕە و ترۆ.
ئاگرنانەوە: ئاگر بەردانەوە.
ئاگرۆچکە: ئاگری پچووکی کز.
ئاگرۆک: ز. مەردوومی دووزبانی ئاشووبگێڕ. شەرایەکە دەدا لە مەردەزە.
ئاگرە: جۆرە برینێکە بەدەموچاو هەڵدەپەڕێ. جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە.
ئاگری ژێر کا: بریتییە لە یەکێک کە لە ژێرەوە بەنهێنی ئاشووب بنێتەوە.
ئاگرین: شتێک کە زۆر گەرم بێ وەک ئاگر.
ئاگە: هـ. نەوێ.
ئال: پەنجەی (باڵابەرزە)ی دەست.
ئاڵ: جۆرە ڕەنگێکە وەک گوڵاڵەسوورە. جۆرە نەخۆشییەکە تووشی هێندێ زەیستان دەبێ و دەیکوژێ.
ئالا: قەڵەمی نووسین. بەیداخ.

ئاڵئاڵ: ز. گیایەکی بۆنخۆشە.
ئالاستن: ز. لستنەوە.
ئالان: پێچخواردنی دوو شت بە یەکدا.
ئالاندن: بادانی دوو شت بە یەکدا.
ئالانن: ئالاندن.
ئالاو: ئاڵۆزکاو. هالاو.
ئالا و والا: ئاڵ و والا.
ئالایش: ز. کۆبوونەوە لە شەودا بۆ ڕابواردن.
ئالایش: د. ئارایش.
ئالایی: د. ڕەنگاوڕەنگ.
ئاڵبردنەوە: دووچاربوونی زدیستان بەنەخۆشی (ئاڵ).
ئاڵبوونەوە: سڕبوونی ددان بەهۆی زۆر خواردنی شتی ترشەوە.
ئاڵتوون: زێڕ.
ئاڵتیردم: شەست و چوار یەکی حوقە.
ئاڵخواج: پەنجەی دۆشاومژە.
ئاڵدووز: شتێکە کە ڕووکەش کرابێ بە زێڕ یا بە زیو یا بە شتی تر بۆ جوانی.
ئاڵدووزکاری: ڕووکەشکردنی شت بە زێڕ یا زیو و یا شتی تر.
ئاڵدووزکردن: ئاڵدووزکاری.
ئاڵشت: د. کڕین و فرۆشتن. گۆڕینەوەی شت بە شت.
ئاڵف: ئالیک. پاوەن.
ئاڵفجاڕ: د. شوێنێکە لەوەڕی زۆری بێ.
ئاڵقاڕێز: د. نەڵقەڕێز.
ئاڵک: د. ئاڵوو.
ئاڵگۆشت: ز. نەخۆشییەکە تووشی ڕەشەوڵاخ دەبێ بەتایبەتی کەر و ئێستر.
ئالنگ: ئاڵوو.
ئاڵۆ: خاڵۆ.
ئاڵوباڵوو: جۆرە گێلاسێکی دەنک وردە.
ئاڵوبخارا: د. هەڵووژەڕەشە.
ئاڵ و بۆڵ: بەرسیلەیەکە دەنکە دەنکە شیرین بووبێ.
ئاڵ و بۆڵبوون: بوونی بەرسیلە بەئاڵ و بوڵ.
ئاڵو بەڵالووک: د. بەڵالووک.
ئاڵودار: داری داردڕا.
ئاڵۆز: گیانداری تووڕە و تڕۆ. کاتی سەرما و ودیشومە: نیمڕۆ زۆر (ئاڵۆز)ە.
ئاڵۆزان: بریتییە لە تووڕەبوون. ئاڵۆزکان.
ئاڵۆزاو: ئاڵۆزکاو. ئاڵۆز.
ئاڵۆزکان: شێوان و تێکچوونی بەن و دەزوو و شتی تر.
ئاڵۆزکاو: هەودای تێکەڵاو.
ئاڵۆزکاوی: عاستی ئاڵۆزکانی شت.
ئاڵۆش: خارشتی جەستە.
ئاڵۆشاوی: شتێکە کە ئاڵۆش پەیدا بکات. شتێکە کە ئاڵۆشی بێ. ئادەمیزادی خونک.
ئاڵۆشدار: ئاڵۆشاوی.
ئاڵوگۆڕ: گۆڕینەوەی شتێک بە شتێک.
ئاڵوو: چەند گرێیەکی بچووکە لەژێر شەویلە و هێندێ جومگەی گیانداردا لە لای نەخۆشیی لایەک لە ئەندام خوێنی پیس لەو ئاڵووانەدا کۆ دەبێتەوە و ئازار پەیدا دەکات: (ئاڵوو)م کەوتووە، یا (ئاڵوو)ی برینەکە داویەتییە بن باخەڵم. ئاڵوباڵوو.
ئاڵووالا: کالای ڕەنگاوڕەنگ.
ئاڵووچە: ز. هەڵووژە.
ئاڵوودە: گیرۆدەی شتێک: فیسار کەس (ئالوودە)ی جگەرەیە.
ئاڵوودەیی: گیرۆدەیی.
ئاڵووز: ز. خەم و خەفەت.
ئاڵووکەوتن: ئازار گەیشتن بەئاڵووی مل بەهۆی سەرینی خراپەوە.
ئاڵوولە: ز. باریکە کۆڵان. پیاوی بێ شەرمی بێ ئابڕوو.
ئاڵە: نەخۆشییەکە تووشی ئافرەت و ماین دەبێ، ئەندامیان پەڵە پەڵە دەکات.
ئاڵەت: گیایەکی گەرمیانییە بەرێک دەگرێ دەنکەکەی ڕەش و خڕ و تیژ و توندە، دەکرێتە ناو هێندێ خواردمەنییەوە. پارچەی وردی دار لە شووشەکاری و پەنجەرەدا.
ئاڵەتکاری: خەریکبوون بەدروستکردنی ئاڵەتی ورد لە دارتاشیدا.
ئاڵەتە کێویلە: گیایەکی تیژ و توندی بۆندارە.
ئاڵەکۆک: هەڵەکۆک.
ئاڵهە: ئومێد.
ئالیۆر: ز. سێوە لاسوورە.
ئالی: ز. لا: ژڤێ (ئالی) واتە لەولاوە.
ئالیستن: ز. ئالاستن.
ئالیسوور: ز. هەرمێ لاسوورە.
ئالیک: مووچە کا و جۆبەکە کە بدرێ بە وڵاخ و ئاژاڵ.
ئام: ز. مام.
ئامادە: شتی سازی ڕێکوپێک. گەچی گیراوەی نەکوژراوی بەهێز.
ئامادەبوون: سازکردن و ڕێکوپێککردن.
ئامادەیی: سازی و ڕێکوپێکیی شت.
ئاماس: ئاوسایی.
ئامان: هاتن (هـ). قاپ و قاچاخی مسین. بوارە (آمان): ئاو و ئاگر. ئامانیان نییە واتە بواردی کەس نادەن. پەنا و هانا.

ئامانج: خزم و خوێش (ز). مەبەست. نیشانەیەکە کە نرابێتەوە بۆ پێکانی.

ئامان لەرزانە: بەستەیەکی کوردییە.

ئامایی: کوتری.

ئامباز: شتێکە کە ئاوقەدی شتێکی تر بووبێ. ئامبازبوون: ئاوقەدبوون.

ئامبازد: ئامباز. ئامبازدبوون: ئامبازبوون.

ئامداگرتی: ز. شتێکە کە تێکڕاییی بێ و هی تاقە یەکێک نەبێ.

ئامڕاز: هاوڕاز.

ئامڕازی: هاوڕازی.

ئامسەر: هاوسەر.

ئامشۆ: هاتوچۆ.

ئامشۆکردن: هاتوچۆکردن.

ئامشۆکەر: کەسێکە کە ئامشۆت بکا.

ئامک: پووری خوشکی باوک.

ئامۆزا: منداڵی مام.

ئامۆزازا: منداڵی منداڵی مام.

ئامۆژ: ڕێ نیشاندان.

ئامۆژگار: کەسێکە کە ئامۆژگاری یەکێک بکات.

ئامۆژگاری: بەسەر یەکێک هاتن و ڕێی باش پیشاندانی.

ئامۆژن: ژنی مام.

ئامۆژیار: د. ئامۆژگار.

ئامۆژیاری: د. ئامۆژگاری.

ئامور: هەوجار.

ئامە: د. دایک.

ئامەد: د. بەخت.

ئامیان: هـ. هەوێن.

ئامێتە: شتی تێکەڵ، (ئامێتەبوون) تێکەڵبوون، (ئامێتەکردن) تێکەڵکردن.

ئامێژن: د، هەوێنی پەنیر و ماست.

ئامێژەن: تێکەڵکردنی کەمێک لە شتێکی باش لەگەڵ شتێکی تر بۆ باشکردنی: ئەم ئاردەجۆیە (ئامێژەن)ێک ئاردی گەنمی لێ بدە. فریشک.

ئان: ز. یان: ئەم شتە (ئان) ئەو شتە، واتە یان.

ئانام: د. ئەندام.

ئان و ئوون: د. ناز و نووز.

ئانە: ئەوە (هـ). پیتێکە بەهەر ناوێکەوە بنرێ دەیکا بە(مُشبّه به): شێر(انە) هەستاوە و پیاو(انە) وەستاوە. دەبێ بەپیتی پاڵدان (نسبة) لە جێگایەکدا کە ببێ بە(موزافو الیه) لەگەڵ ئەو ناوەی کە پێوەی نووساوە: کەوای پیاو(انە) و کراسی ژن(انە)، واتە کەوا و کراسێک کە هی پیاو و ژن بێ. دایک (د).

ئانەشا: هـ. ئەوەیان.

ئانیسک: د. ئانیشک.

ئانیشک: جومگەیەکە لە ناوەندی باسک و بازوودا.

ئانیشکە: دارێکی دوو پەلە دەبەسترێ بە(خوانکە) و پێی ئاشی بەناودا دەڕوات بە بەرز و نزمکردنەوەی پێیەکە ئەویش بەرز و نزم دەبێتەوە. لوولە و گونجی کەوانەدار کە بۆ سەر سووچ بەکاردێنرێ.

ئانین: ز. هانین.

ئاو: شتێکی شلی ڕووناکی ئاشکرایە کە هەموو گیاندار و سەوزاییییەک بەبێ خواردنەوەی ناژی. تۆوی گیانداری نێر و مێ.

ئاوا: ئاوەدان: ماڵتان (ئاوا) بێ. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پیشاندانی شتێک بەیەکێک لەسەر جۆرێکی تایبەتی: من چیت پێ دەڵێم (ئاوا) بکە. شتێکە لە ئاسۆ ون ببێ: ڕۆژ (ئاوا)یە.

ئاوابوون: پەناگرتن و ونبوونی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە لەلای ڕۆژ ئاواوە. ونبوونی هەموو شتێک لە ئاسۆ.

ئاوات: شتێکە کە خۆزگەی بۆ دەخوازرێ: فیسار کەس بە(ئاوات)ی خۆی گەیشت.

ئاواتخواستن: خۆزگەخواستن بۆ شتێک.

ئاواتەخواز: کەسێکە کە زۆر بەئاوات بێ بۆ شتێک.

ئاوار: ز. جۆرە حەلوایەکی زۆر توندە لە ئارد و دۆشاو دروست دەکرێ و، وشک دەکرێتەوە و پارچە پارچە هەڵدەگیرێ بۆ زستان. چایچی ناو ماڵ. خانووی تەپیو: فیسار کەس بوو بەژێر (ئاوار)ەوە(د).

ئاوارتن: ز. دەربواردنی شتێک لە شتێک (إستثناء).

ئاوارتە: ز. شتی دەربراو (مستثنى).

ئاواتیی: کەسێکە کە زۆر بەئاواتی شتێکەوە بێ. منداڵێکە کە ئاواتەخوازی باوک و دایکی بێ.

ئاوارخانە: شوێنێکە کە چایچی ناوماڵ چا و قاوەی تێدا لێ دەنێ.

ئاوارە: مەردوومی دەربەدەر. ئاوارەبوون: دەربەدەربوون.

ئاوارەکردن: دەربەدەرکردن. هەڵاڵەی هەنگ (هـ).

ئاوارەیی: دەربەدەری.

ئاواری: د. شتومەکی چا و قاوە کە بەبار لە شوێنێکەوە ببرێ بۆ شوێنێکی تر.

ئاواز: دەنگی بەرز.

ئاوازکردن: بانگکردن بە بەرزی.
ئـاوازنـگ: د. زڕاو: (ئـاوازنـک) بـووە، واتـە دەنـگـی زڕاوە و بڵاوبۆتەوە.
ئاوازە: ئاواز. دەنگوباس: ئاوازەیەک داکـەوتووە کـە لەمـەولا بەزۆر بە منداڵ دەخوێنرێ.
ئاوازەخوان: د. گۆیندە.
ئاوازەخوێن: ئاوازەخوان.
ئاواژ: ئاوەژوو.
ئاواق: د. کەسێکە چاوی نەبڵەق بووبێ.
ئاواکردنەوە: خانوو دروستکردنەوە لە دێیەکی وێران و مەردووم تێدا دانانی.
ئاوان: جـۆرە دەفـرێکی قـووڵـە لە زەرد یا لە مس شـتـی تێـدا دەهاڕدرێتەوە. قاپ و قاچاخی ناوماڵ. مزی ئاش. ئاوەدان. ڕەسا و گوشاد. بەدی و چۆغلی (ز).
ئاوانتە: خواردن و بردنی شتی مەردووم بەخۆڕایی.
ئاوانتەچی: کەسێکە شتی مەردووم بخوا یا ببیا بە ئاوانتە.
ئاوۆک: ز. قەشمەری قسە زۆرکەر.
ئاوایی: چەند ماڵێکی نیشتەجێ.
ئاوبارە: ئاوێکە کە لە بەرزییەکەوە ببرێ بۆ بەرزییەکی تر بەهۆی لەوح یا تەنەکەوە. جۆگەیەکی گەورەیە لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە. هەڵاڵەی هەنگ.
ئاوباز: د. مەلەوان.
ئـاوبـڕ: دەردێکـە دووچاری ئـاژاڵ دەبێ لە زۆر ئـاوی سـارد خواردنەوەوە لە زستاندا و کوتوپڕ دەیکوژێ.
ئاوبەددەمـە: قـوبوولـیـیـەکی تەڕ و بڕە کـە زۆر لەسـەر ئاگـر نەمابێتەوە.
ئاوبەر: کـەسـێکە کـە ناو بەگـۆزە و دەفـر لە شـوێنێکەوە ببـا بۆ شوێنێکی تر.
ئاوبەند: دەردێکی کوشندەیە لەناو سکدا پەیدا دەبێ.
ئاوپاش: ئاوڕشێن.
ئاوپاڵ: د. دەفرێکە شتی شلی پێ دەپاڵێورێ.
ئاوپرژێن: ئاوڕشێن.
ئاوپژاندن: د. ئاوڕشێنکردن.
ئاوپژێن: ئاوڕشێن. شتێکە کە ئاوڕشێنی پێ دەکرێ.
ئاوپەڕ: پوازێکە دەخرێتە پاڵ گونجی ئاشەوە بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ ئاوەکە بدا بەناوەڕاستی پەڕەکەدا.
ئاوجز: د. ئاودز.
ئاوجۆ: د. بیرە.
ئاوچاوسەندن: د. بریتییە لە ترساندن.
ئاوچاودان: د. زاخـاوی چاودانەوە بەتەمـاشـاکـردنی ئافـرەتی بێگانە.

ئاوچنین: د. ئاوگرتنی میوە و هێندێ شتی تر.
ئاوخانە: د. ئاودەستخانە.
ئاوخۆری: د. دەفرێکە کە ئاوی پێ بخورێتەوە. شەربە و گوزەڵەی ئاو.
ئاودار: شـوێنێکە کە کـانی و ئاوی زۆربێ. درەخت و سـەوزایی و میوەی تەڕ و نازاو. تیغی جەوهەردار.
ئاودامان: کاڵای شۆڕی تا سەرپێ.
ئاودان: ئاوکـردنە بن دار و درەخت و سـەوزایی. دانی ناو بە وڵاخ و ئاژاڵ. ئاودانەوەی تیغ.
ئاودانەوە: کـردنی تیـغـی سـووردەوەبوو بە ئاودا بۆ ڕەقـبـوون و برشتی.
ئاودڕ: زەوییەکە ئاو هەڵی دڕیبێ.
ئاودڕکە: شوێنێکە ئاو دایدڕیبێ و ئاوی تێدا مابێتەوە.
ئاودز: تەشەنەی برین بەهۆی تەڕبوونیەوە، (ئاودزکردن) ئاودز.
ئاودزدک: ئەو پارچەیە لە شرینقە کە ئاو هەڵدەمژێ.
ئاودەر: ئاودێر.
ئاودەس: ئاودەست.
ئاودەست: ئاودەستخانە.
ئاودەستخانە: پێشاو.
ئاودەنگ: کەسێکە دەنگت بیگاتێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵدا کردنی.
ئاودەنگی: هاودەمیی یەکێک بۆ یەکێک.
ئاودێر: کەسێکە کە ئاوی کشتوکاڵ بدا بەمانگانە یا ساڵانە.
ئاور: ز. ڕوخساری بە سامی سەنگین و گران.
ئاورای: هـ. برسێتی.
ئاوڕۆشنکەرە: گیـاندارێکی بچکۆلەی ڕەشە بەسـەر ئاودا دێت و دەچێ.
ئاوڕوو: شەرم.
ئاوڕووبردن: بەدناوکردنی یەکێک.
ئاوڕووت: ئاوەڕووت.
ئاوڕووتکردن: ئاوەڕووتکردن.
ئاوڕووچوون: بەدناوبوون.
ئاوڕوونکەرە: ئاوڕۆشنکەرە.
ئاوڕێژ: کـەسـێکە کـە ئاوی مـردوو بڕێژێ لەکـاتی شـوشـتـنیـدا. ئاوەڕێژ.
ئاوڕێژگە: ئاوەڕێژ.
ئاورنگ: ئاونگ، بریسکانەوە.
ئاورنگدان: بریسکانەوە.
ئاوریشم: شـتـێکی جوانی نەرمی بریسکەدارە لە جۆرە کـرمـێک پەیدا دەبێ و تەنراو و پارچەی نایابی بەنرخی لێ دروست دەکرێ.

ئاورینگ: ئاورنگ.
ئاوزان: توانین بۆ کردنی کارێک، ئەم وتەیە هەر لە وتاری نەبوون (نفی)دا بەکاردێنرێ: نەریمان نای (ئاوزێ) کە تەماشای دەرسەکەی بکات یا بزانە سالار دەیناوزێ دەموچاوی بشوات؟ واتە نایان ناوزێ.
ئاوزانەچاو: چاوتەڕبوون بەهۆی خەفەتێکەوە.
ئاوزانەدەم: دەم پاراوبوون لە کاتی بینینی خواردنێک و حەز لێکردنیدا.
ئاوزوونە: ئاسنێکی باریکی زبانە، دارەپشتێن و تەنگەی پێ توند دەکرێ.
ئاوزەنگی: دوو ئاسنە بە ڕاست و چەپی زینەوە، سوار پێی تێ دەخات.
ئاوزەنگی تەقێن: بڕیتییە لە تاودانی ولاخ: (ئاوزەنگی تەقێن) بۆی دەرچوو.
ئاوزەنگیدار: پێی هێندێ کەس کە پشتەکەی قوقز بێ.
ئاوزەنگی لێدان: لێخوڕینی ولاخی بە زین.
ئاوزیان: ئاوزان.
ئاوزین: ئاوزان.
ئاوسان: بەرزبوونەوە و هەڵکفانی ئەندامی گیاندار لەبەر ئازارێک.
ئاوساو: شوێنێکە لە ئەندام کە هەڵکفابێ.
ئاوسێ: دراوسێ.
ئاوسیان: ئاوسان.
ئاوشار: تاڤگە.
ئاوقە: ئاوقەد.
ئاوقەد: کەسێکە کە پەلاماری شتێکی دابێ و پێیداهەڵزنیبێ، (ئاوقەدبوون) پەلاماردانی شتێک و پێداهەڵزنینی.
ئاوکردن: پژاندنی ئاو لە هێندێ شت بۆ نەرمبوونەوە.
ئاوکێش: کەسێکە بەمانگانە یا بەڕۆژانە ئاوت بۆ بێنێ. خواردنێکە کە ئاوی زۆر بەسەردا بخورێتەوە.
ئاوگرتن: خۆشبوونی میوە و ئاوتێزانی بەجۆرێک کە بخورێ.
ئاوچنین: ئاوڵەیەکە کە ئاوی تێ زابێ.
ئاوگردان: دەفرێکی مسینی کلک درێژە ئاوی لە کوڵ و هێندێ شتی تری لە مەنجەڵ پێ هەڵدەهێنجرێ.
ئاوگیرکردن: خواردنی شتێکی کەم بۆ لابردنی برسێتی لەپێش نانخواردن بەتۆزێک: زۆرم برسی بوو (ئاوگیر)ێکم کرد.
ئاوڵە: وردە برینێکە لە ئەندامی منداڵ دێتەدەرەوە.
ئاو لە دڵ ڕۆیین: بڕیتییە لە برسێتیی زۆر.
ئاو لە دنگا کوتان: ئاو لە دنگا کوتاندن.
ئاو لە دنگا کوتاندن: بڕیتییە لە کردار و گوفتاری بێهوودە.

ئاوڵەمە: د. بێچووی ناو سکی ئاژاڵ کە لە دوای سەربڕینی دایکی دەخورێ.
ئاومالّ: دراوسێ.
ئاومالک: کۆتەرەدارێکە کە ئاو ڕایپێچێ و بگیرێتەوە بۆ سووتاندن.
ئاومروار: جۆرە ئاوێکە کە هاتە ناو چاو کوێری دەکا بەلام بە میل لێدانی ڕووناک دەبێتەوە.
ئاومل: هاومل.
ئاوملبوون: بوون بەهاودەم.
ئاو و تام: د. جەخت: فیسار کەس بەئاو و تاوێکەوە قسەکەی دەگێرایەوە واتە بەجەخت و بەکوڵ و دڵ.
ئاور: ئاگر. ئاوس (هـ).
ئاوڕ: هـ. ئاخوڕ.
ئاوردانەوە: لاکردنەوە بەسەر بەلای ڕاست یا چەپدا.
ئاوڕشێن: پڕژاندنی ئاو بەزەویدا.
ئاوڕلێدانەوە: بڕیتییە لە دەستگرتن و یارمەتیدانی یەکێک.
ئاوس: گیانداری سکپڕ.
ئاوسبوون: سکپڕبوونی گیاندار.
ئاوسکردن:سکپڕکردنی گیاندار.
ئاووگڵ: سروشت (ئاو و گڵە)کەی بەدە. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ یەکێک کە دوور لە نیشتمانی خۆی بمرێ: فیسار کەس (ئاو و گڵ) هێنای بۆ ئێرە، واتە دەبوو ئاو و گڵی ئێرەی بەتووشەوە ببوایە.
ئاوگۆشت: چێشتی گۆشتاو.
ئاونگ: شەونم. ترپێی مێلاق.
ئاوهاتنەوە: ڕەحەتبوونی گیاندار بەهاتنەوەی ئاوی.
ئاوەچۆڕ: چۆڕانەوەی ئاو لە شتێکی تەڕ، ئاوەچۆڕبوون: نەمانی چۆڕدی ئاو بە شتی تەڕدوە.
ئاوەخۆرە: سوورێنچک. ڕاوی سەرکانی. ئەو ئەندازەیەیە لە دەم و لێوی ولاخ کە لە کاتی ئاوخواردنەوەدا دەکەوێتە ناو ئاوەوە. کولۆرییەکە لە ناوەڕاستی درەختدا ئاوی لێوە دەخواتەوە.
ئاوەدان: جێگایەکە ئاوابێ.
فراوان: ئەم ژوورە یا ئەم کالایە ئاوەدانە.
ئاوەدانی: ئاوایی.
ئاوەدر: باوەڕ و یەقین. دلنیایی.
ئاوەڕۆ: جۆگەلەیەکە لە مالدا باراناو و چڵکاوی لێوە دەچێتە دەرەوە.
ئاوەڕۆگە: ئاوەڕۆ.
ئاوەڕووت: ڕووتبوونی سەر و پێی ئاژاڵ و باڵندەی سەربڕاو لە خوری یا موو یا پەڕ بەهۆی ئاوی لە کوڵەوە. ئاوەڕووتکردن: ڕووتاندنەوەی سەر و پێی ئاژاڵ یا باڵندە بەئاوی گەرم.

ئاوڕەش هێنانەوە: وتەیەکە دەوترێ بەیەکێک کە زۆر دەنگوباسی ناخۆشت بۆ بێنی و نوقلانەی خراپت بۆ لێ بدا:ئاوەڕەشت هێنایەوە: واتە هیوا و ڕووناکیت نەهێشتەوە.

ئاوەڕێژ: شوێنێکی لێژە کە ئاوەڕۆی شوێنێکی لێوەبڕوا:ئاوەڕێژی سلێمانی دەچێتەوە سەر تانجەڕۆ.

ئاوەڕیس: جۆرە جاوێکی سپیی تایبەتییە.

ئاوەڕوو: د. شوێنی ئاوەزێ.

ئاوەزا: د. ئاوەزێ.

ئاوەزێ: شوێنی تەڕ و نمدار.

ئاوەژوو: کـــالاّ و پـۆشـــاکی هەلـگەڕاوە. ئاوەژووبـوون: هەلگەڕانەوەی کالاّ و پۆشاک. ئاوەژووکردن: هەلگێڕانەوەی کالاّ و پۆشاک.

ئاوەژنە: هـ. کـەلەبەرێکە کـە لە پشت ئاشـەوە ئاوی لێـوە دەشکێنرێ لە کاتێکدا کە ئاشەکە بخەوێنرێ.

ئاوەژێ: ئاوەژوو.

ئاوەسوو: شتێکە لەناو ئاودا سووابێ و لووس بووبێ. بریتییە لە مەردوومی بێعار. ئاوەسـووبوون : سوان و لووسبـوونی شت بەهۆی مانەوەی لەناو ئاودا.

ئاوەسێ: فەقیانەی کراس.

ئاوەشکێنە: ئاوەژەنە.

ئاوەکی: ئاژاڵ یا وڵاخێکە کە لە مێگەل و ڕەوەی خۆی بزربووبێ و کەوتبێتە ناو مێگەل و ڕەوەیەکی بێگانەوە. شتی تەڕ.

ئاوەکیبوون: ئاوەکیکەوتن.

ئاوەکـیکەوتـن: ئاوارەبوون و دوورکـەوتنەوەی گـیاندار لە جێ و ڕێی خۆی.

ئاوەڵ : هاوەدەم.

ئاوەڵانە: وەلیفەتێکە دەدرێ بەشوان بەرامبەر بەهێنانەوەی کار و بەرخی تازەبوو لە کێوەوە بۆ خاوەنی.

ئاوەڵچنە: جـۆرە کـاغـەزێکی فـشـەڵە، نووسـراوی پێ وشک دەکـرێتـەوە. کـاغـەزێکی زۆر تەنکە لە هێندێ شـتـەوە دەپێچرێ.

ئاوەڵزاوا: مێردی خوشکی ژن.

ئاوەڵکراس: بریتییە لە دەرپێی ژن.

ئاوەنووس: د. عەبەنووس.

ئاوەنیا: گەنم و جۆی بەراو. کۆڵەبەست.

ئاوەوەرە: هـ. ڕاوی سەرکانی.

ئاوهەلکردن: ئاو کردنە سەر شوێنێک بۆ ئاودانی.

ئاوهێنانەوە: بریتییە لە خۆ ڕەحەتکردن بەدەست.

ئاویار: د. ئاودێر.

ئاویاری: د. ئاودێری.

ئاوێتە: ئامێتە.

ئاوی ڕەش: ڕەشاوێکە کـە چووە پەردەی چاوەوە کـوێری دەکـا و، ئیتر ڕووناک نابێتەوە.

ئاوێز: د. شتێکە کە دارۆچکە کرابێ.

ئاوێزان: ئاوێز.

ئاوێزە: چرایەکی شـووشـەی گـەورەی پڵـپـڵـەداری لق لقە بەبنی میـچدا هەڵدەواسرێ بۆ جوانی و، لە هەر لقێکیدا چرایەکی تێدا هەڵدەگیرسێنرێ.

ئاویشتن: هاویشتن.

ئاوێنە: شووشەیەکی پاکی ڕووناکە دیوێکی دەرمانێکی پێوەیە و دیوەکەی تری شت دەنوێنێ.

ئاوێنەبەند: شـــوێنێکە کـــە ئاوێنەی زۆر چەسپ کـــرابێ بەدیوارەکانیەوە.

ئاویە: د. شتی ئاوی بەراو، سواغ.

ئاویەدان: د. سواغدان.

ئاوی: جۆرە ڕەنگێکە لە ئاسمانیی ڕوونتر. گیاندارێکە بەبێ ئاو دەژی. سەوزاییەکە کە ئاو بدرێ.

ئاوینە: ئاوێنە.

ئاه: وتەی دەربڕینی داخ و خـــەفـــەت. هەناســـە: (ئاه)ی تێدانەماوە.

ئاها: پیتی سەرسوڕمان: دەڵێیت (ئاها) بەیەکێک کە پێت بڵێ ئیمڕۆ بۆمبای وا هەیە شارێک وێران دەکا.

ئاهار: د. شۆیەکە کە بە شتی تەنراوەوە بێ.

ئاهن: ل. ئاسن.

ئاهۆ: ئەی هۆ. شێتیی (ل). فێ.نەنگ.

ئاهەک: قسڵ.

ئاهەنگ: کـــۆبوونەوە و گـــۆرانی وتن و ڕابواردن لە شـــایی منداڵبوون یا ژنهێنان یا خەتەنەسووراندا.

ئاهەنگگرتن: پێکهێنانی ئاهەنگ و کۆبوونەوە بۆی.

ئاهەنگگێڕ: کەسێکە لە ئاهەنگدا گۆرانی بڵێ و خۆشیی بکا.

ئاهەنگگێڕان: ئاهەنگگرتن.

ئاه هەڵکێشان: ئاخ هەڵکێشان.

ئاهیر: ئاگر.

ئاهێر: ئاگر.

ئاهیستە: هێدی و لەسەرخۆ.

ئاهیستەیی: هێدێتی و لەسەرخۆیی.

ئاهی: ل. ئاسک.

ئاهین: ز. ناڵین.

ئای: ئاخ.

ئایا: وتەی پرسیار.

نایاکو: نایا.
نایبای: جۆرە مقامێکی خۆشی کوردییە.
نایای: نایبای.
نایندە و ڕەوندە: هاتوچۆکەران.
نایبوئۆبن: فروفێڵ.
نایەر: هـ. ناگر.
نایین: چەند دەسـتـوور و فـەرمـانێکە کـە لەلایەن خـواوە بەهۆی پێغەمبەرێکەوە نێردرابێ بۆ ئادەمیزاد. ڕەفتار و ڕەوشت.
نسپار: ل. هەڵگێرانەوەی زەویی ناوباخ.
نسترانە: با. لاوکێکە کە سەرگوزشتەی دڵداریی پیشان بدا.
نستێرک: شوقەللەت.
نستێنک: با. زەردەواڵە.
نشکێڵ: نەشکێڵ.
نم: پیتی وەرامدانەوە.
نمجا: ئینجا.
ئینجا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە پاش دەست هەڵگرتن لە شتێک و دەستکردن بە شتێکی تر: تا ئێستا من کارم کردووە ئینجا نۆرەی تۆیە.
ئینجاکو: ئینجا.
ئینجاکونێ: ئینجا.
ئۆ: ئاو (ل). پیتی بانگکردن: ئۆباب، ئۆدا، واتە ئەی بابە، ئەی دایە! پیتێکە ژنان لەکاتی سەرسوڕماندا بەکاری دەهێنن وەک پیتی (ئەیەڕۆ).
ئۆء: ز. وتەیەکـە بەکـاردێنرێ لەکـاتی سـەرسـوڕمـان و پێ ناخۆشبوونی کارێکدا.
ئۆباڵ: گوناح: (ئۆباڵ)ت بەئەستۆم.
ئۆبە: ز. هۆبە.
ئۆحە: وتەیەکە ڕەشەولاخی پێ لێ دەخوڕدرێ.
ئۆخ: . ئۆخەی. ئاخ (ز).
ئۆخەی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەکاتی دڵخۆشبوون بە شتێک.
ئۆخەیچ: ئۆخەی.
ئۆخەیش: ئۆخەی.
ئۆدە: ژووری خانوو.
ئورفـە: ناوە بۆ جـۆرە مـقـامـێک. ناوە بۆ شـارێکی کـورد لە ڕۆژئاوای کوردستانی تورکیادا.
ئورووسی: د. عرووسی.
ئۆسا: د. وەستا.
ئۆغر: ڕۆین: (ئۆغر) بی، واتە بۆ کوێ دەچیت. ئۆغرکردن: ڕۆین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک.
ئۆف: پیتی داخ و خەفەت.
ئۆفـە: دەردێکە دەدا لە سەری ولاخی بەرزە ، ناو بەلووتیدا دێتە خواردوە.
ئۆقرە: ئارام.
ئۆقرەگرتن: ئارامگرتن و دابینبوون.
ئۆگر: هۆگر.
ئۆگە: هـ. دەوێ.
ئولاخ: ولاخ.
ئولاخدار: ولاخدار.
ئولاغ: ئۆلاخ.
ئولاغدار: ئۆلاخدار.
ئۆلاق: ز. ئەسپی نارەسەن.
ئۆلی: ز. ژوور.
ئوموستیلە: ئەموستیلە.
ئومێد: هیوا. ئومێدکردن: ئومێدەواری.
ئومێدەوار: هیوادار.
ئومێدەواری: هیواداری.
ئۆمی: نەخوێندەوار. بەکەسێک دەوترێ کە لە نەتەوەی (حەسەن) و (حوسێن) نەبێ.
ئونکیردم: سی و دوو یەکی حوقە.
ئونیشک: با. کەرە.
ئۆحە: وتەیەکە ڕەشەولاخی پێ ڕادەوەستێنرێ.
ئووک: گەروو.
ئوونە: هـ. هۆ ئەوە.
ئۆی: ئۆف.
ئویف: وتەی پەسندکردن.
ئۆین: فێڵ.
ئۆینباز: فێڵباز.
ئۆیە: جـۆرە چنراوێکی تەنکی کـون کـونە بۆ جـوانی دەگـیـرێ بەقەراغی شتدا.
ئە: پیـتـی لەمـەولا (مـسـتـقـبل): ئە(خوێنم) ئە(نووسم) واتە لەمـەولا. پیـتـی ڕابردووی درێژەدار (مـاضي اسـتـمـراري): (ئە)م خوێند، (ئە)م نووسی. پیـتـێکە لە جێی وتەی (بۆ) یەک بەکـاردێنرێ کە بەمەعنا پاڵدان (نسبت) بێ: قسـەی خراپ مەدە (ئە) پاڵ کەس، واتە بۆ لای کەس.
ئەبرۆ: برۆ.
ئەبرەش: مێینەیەکە لە پاش زانی شیری نەبێ بیدا بە بێچووی.
ئەبڵەق: بازوو. چاوی داپچڕاو کە تەماشای جێگایەکی تایبەتی نەکات.
ئەپرەخ: ز. یاپراخ.
ئەترەش: زراو.

ئەترشچوون: بریتییە لە زۆر ترسان و زراوچوون.
ئەتککردن: ئابڕووبردنی یەکێک.
ئەتۆ: تۆ.
ئەتوو: تۆ.
ئەتەر: نیشانە و بەڵگە.
ئەچنەو: ل. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پیشاندانی شتێک بەیەکێک لەسەر جۆرێکی تایبەتی.
ئەحئەح: ز. دەنگێکە مەڕی پێ دەردەکرێ.
ئەخترمە: ز. ولاخێکە لە جەنگدا لە دوژمن گیرابێ.
ئەختە: ز. یەختە.
ئەخشاڵ: د. پڕ و پیتی ناوماڵ.
ئەخلەخ: د. سوخمەی ژنانە.
ئەخمکردن: د. ناوچەوان دان بەیەکدا.
ئەدا: هـ. دایک.
ئەدابابا: هـ. گوڵێکی سووری پەنجە پەنجەیە وەک دەست.
ئەددی: وتەی سەرسوڕمان. ئەددی: لە وەرامی کەسێکدا کە بڵێ سالار ناخوێنێ.
ئەددب: شەرم: فیسار کەس زۆر بە(ئەددبە) واتە بەشەرمە، ئەددبکردن: شەرمکردن.
ئەددبگرتن: فێربوونی ئەددب و شەرم.
ئەدی: وتەی وەرامدانەوە.وتەی ئاگادارکردنەوە: (ئەدی) بابم بۆ ناخوێنی. ئیتر: (ئەدی) چیت دەوێ، واتە ئیتر. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (بەڵێ). (ئەدی) لە وەرامی کەسێکدا کە بڵێ تۆ دەخوێنیت؟ واتە بەڵێ.
ئەر: ئەگەر.
ئەرامەند: ئەرامەندە.
ئەرامەندە: هـ. داماوی هەژار.
ئەرامەنە: د. ئەرامەندە.
ئەرخوت: لۆرە لەپ.
ئەرخە: پشتیوان.
ئەرخەوان: دارێکی گەڵاپانە لە پێش گەڵادا گوڵێکی سوور دەگرێ بەهێشوو.
ئەرخەوانسوور: کاتی سووربوونی ئەرخەوان لە بەهاردا. بریتییە لە هاتنی لافاو بەزۆری: ئەوەندە باران باریوە تانجەرۆ ئەرخەوانسوور هاتووە.
ئەرخەوانی: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی ئەرخەوان.
ئەرد: ئەرز.
ئەرا: ل. مشار. بۆ: (ئەرا)ی کوێ دەچیت واتە بۆ کوێ.
ئەرز: زەوی.
ئەرزان: هەرزان.
ئەرزانجان: هەرزانجان.
ئەرزانی:هەرزانی.
ئەرزن: هەرزن.
ئەرزنی: با. جۆرە هەنجیرێکە.
ئەرزەن: ز. چەناگە.
ئەرزینک: با. چەناگە.
ئەرژنگ: دارێکی بێ بەرە وەک ئەرخەوان وایە.
ئەرژنگی دێو: وتەیەکە گیانداری زلی قەبەی ناشیرینی پێ دەشوبهێنرێ: دەڵێی (ئەرژەنگی دێو)یت.
ئەرغەوان: ئەرخەوان.
ئەرغەوانسوور: ئەرخەوانسوور.
ئەرغەوانی: ئەرخەوانی.
ئەرقاز: تەپۆڵکە.
ئەرک: ئیشوکاری زۆر. ڕەنج و باری سەرشان: فیسار کەس (ئەرک)ی زۆرە.
ئەرکدار: کەسێکە کە ئەرکی زۆربێ.
ئەرکە: ئەرک. کارێکی گرنگی مەبەست کە بەیەکێک بسپێردرێ.
ئەرەبەستە: هـ. دابەستە.
ئەرەدج: د. مەچەک.
ئەرەقچین: جۆرەکڵاوێکی تەنکە.
ئەرەقگیر: ژێرزین. گومگومەیەکی لوولەدارە گوڵاو و ئارەقی پێ دەگیرێ.
ئەرێ: پیتی وەرامدانەوە. (ئەرێ) لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێت خوێندووتە؟ پیتی پرسیار: ئەرێ مانگ هەڵات؟ پیتی ورپاکردنەوە:ئەرێ ئەریمان بۆ ناخوێنێ.
ئەز: ز. من.
ئەزبولە : هەزبێلە.
ئەزبیە: د. بەهاراتی ناو چێشت.
ئەژدەر: ئەژدەها.
ئەژدەها: ماری زۆر گەورە.
ئەژدیها: ئەژدەها.
ئەژنۆ: جومگەی ناوەندی ڕان و لاق.
ئەژنەفتن: د. بیستن.
ئەژنەوا: د. گوێرایەڵ.
ئەژنەوتن: ئەژنەفتن.
ئەژنەوین: ئەژنەوتن.
ئەسپ: گیاندارێکی نێری باڵابەرزی ناوپشت چاڵی دارێژراوی بەهێزە سواریی پێ دەکرێ. ناوە بۆ داشێک لە داشەکانی شەترەنج.
ئەسپاردن: سپاردن.

ئەسپایی: هێواشی.

ئەسپرزە: د. کەپەک.

ئەسپیدار: سپیدار.

ئەسپۆن: گیایەکی کوێستانیی بەهارییە بنکێکی هەیە ورد دەکرێ و وەک سابوون بەکار دەهێنرێ.

ئەسپوول: هـ. سپڵ.

ئەسپەئاسنینە: پایسکل.

ئەسپەدارینە: ئەسپێکە لە دار دروست دەکرێ و منداڵان سواری دەبن بۆ یاری.

ئەسپەر: د. ئەسپەرە.

ئەسپەردن: سپاردن.

ئەسپەردە: سپاردە، ئەسپەردەکردن: سپاردن.

ئەسپەرە: دارێکی کوندارە دەخرێتە کلکی بێڵەوە بۆ ئەوەی لە کاتی زەوی کێڵاندا پێی بخرێتە سەر و هێزی بدرێتێ. ئەگریجە.

ئەسپەرێز: ئەندازەیەکە کە سوار تیایدا لنگ بدا (د). ناوی دێیەکە لە هەورامان.

ئەسپەشینە: باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە (کەرەواڵە) گەورەترە، لەکاتی هەڵفڕیندا دەنگێکی لێوە دێ لە حیلەی ئەسپ دەچێ.

ئەسپەک: دەردێکە هێندێ جار دەداتەسەری گرانەتادار و دەبزرکێنێ. گیایەکە وەک (نێرگس) وایە دەگیرێتە سەری ئەسپەکدار.

ئەسپەناخ: جۆرە سەوزەیەکە وەک سلق، بەڵام ئەم گەڵای باریکترە دەکرێ بەچێشت.

ئەسپێ: دەعبایەکی بچووکی چنگاویی بەئالۆشە، دەداتە جەستەی گیاندار.

ئەسپێکوژە: بریتییە لە پەنجە گەورەی دەست.

ئەسپێون: کەسێکە کە جەستەی زۆر ئەسپێ هەڵبێنێ.

ئەستربلک: سرێش.

ئەستری: جۆرە درەختێکە گوڵی وەک خەزێم وایە. درک.

ئەستنگ: با. چزووی دووپشک و زەردەواڵە و هەنگ. پلەی شاخ

ئەستو: ئەستۆ.

ئەستۆ: ئەستوورایی مل.

ئەستورک: ئەستورکە.

ئەستورکە: کولێرەساجی ئەستوور.

ئەستۆک: ئەستۆ.

ئەستوندکە: کۆڵەگە.

ئەستونگ: د. ئەستوون.

ئەستوور: شتێکە کە تەنک نەبێ.

ئەستووران: لۆکە و خورییەکە کە ئەستوور ڕێسرابن.

ئەستوورایی: عاستی ئەستووریی شت.

ئەستوورک: ئەستورکە.

ئەستووری: ئەستوورایی.

ئەستوون: کۆڵەگە. کۆڵەگەی دەوار.

ئەستوونەزێڕینە: پەلکەزێڕینە.

ئەستێ: پارچە پۆڵایەکی کەوانەدارە کە لە بەردەئەستێ بدرێ ئاگر دەهێنێ.

ئەستێر: ئەستێڵ.

ئەستێرک: شوقەللەت.

ئەستێرک: ئەستێڵ.

ئەستێرکە: ئەستێرک.

ئەستێرۆک: ئەستێڵ.

ئەستێرە: ئەو شتە ڕووناکانەن کە شەو بەئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە.

ئەستێرەژمێر: جۆرە مووروویەکی سوورکاری بریسکەدارە وەک ئەستێرە جریوەی دێ، ژنان لە زێڕ و زیوی دەگرن و دەیکەنە ملیان.

ئەستێرەشناس: کەسێکە- گوایە- بەهۆی ئەستێرەوە شتی نادیار بزانێ.

ئەستێڵ: گۆلێکی گەورەیە لە بەردەمی ئاوێکی کەمدا دروست دەکرێ بۆ ئەوەی کە پڕبوو بەئاسانی شینایی پێ ئاو بدرێ.

ئەستێلە باخەڵ: یارییەکە چەند کەسێک دادەنیشن و وەستاکەیان شتێک لە باخەڵیاندا دەشارێتەوە، هەر کامێکیان دۆزییانەوە دەبێ بە وەستا.

ئەستێوڵک: ئەستێووڵک.

ئەستێووڵک: ئاسنێکی دەمپانی کلک درێژە هەویری وشکەوەبووی لە (کوول) پێ دەکرێنرێ.

ئەستیو: خاکەنازی ئاگر.

ئەسر: د. فرمێسک.

ئەسرین: هـ. فرمێسک.

ئەسکڵ: سکڵی ئاگر.

ئەسکوداری: ز. جۆرە سەرپێچێکە کە کوردی تورکیا دەیبەستێ.

ئەسکوێ: کەوچکێکی گەورەی دەم زلی کلک درێژە چێشتی شلەی لە مەنجەڵ پێ تێ دەکرێ.

ئەسکەری: د. جۆرە ترێیەکە.

ئەسکەمل: جۆرە کورسییەکی یەک کەسییە. یارییەکە بەجۆرە کاغەزێک دەکرێ. کاغەزێکە کە یاریی (ئەسکەمل)ی پێ دەکرێ.

ئەسکەناس: جۆرە دراوێکی ئێرانییە لە کاغەز وەک دیناری عێراقی.
ئەسکەنە: ئاسنێکی دەم تیژە دارتاش داری پێ هەڵدەکەنێ.
ئەسمەرپێچ: جۆرە چیغێکی تایبەتییە بە بەنی ڕەنگاوڕەنگ دەچنرێ.
ئەشخاڵ: ئەخشاڵ.
ئەشرەفی: جۆرە دراوێکی زێڕینی بچکۆلانەیە دەکرێ بەپلپلەی هێندێ چەکی ژنانە. جۆرە گوڵێکە وەک گوڵەباخ بەڵام ئەم بۆنی کەمترە و گەڵێ ڕەنگی هەیە.
ئەشقەمە: هـ. ورگی ئاژاڵ کە هێشتا پیسییەکەی لێ فڕێ نەدرابێ.
ئەشکنج: بۆشاییی لای ڕاست و چەپی بەرموسڵدان.
ئەشکنجە: ئاسنێکی درێژە، ئاسنێکی پێچ پێچ بەسەرەکەوەیەتی، دەرگا و پەنجەرە و هێندێ شتی تری لە پێش داکوتاندا تێ دەخرێ و لێی توند دەکرێ بۆ جووتبوونی، ئینجا لە ناویدا دادەکوترێ.
ئەشکەرە: ز. ئاشکرا.
ئەشکەفت: د. ئەشکەوت.
ئەشکەڵە: د. قوڵفەکانی دەوارە کە بەیەکدا دەکرێن و داریان پیا دەکرێ و دەبەسترێن بەیەکەوە. چێوجەڵە. ئەشکنجە.
ئەشکەمدوڕیدە: شکەمدوڕیدە.
ئەشکەنجە: د. ئەشکنجە.
ئەشکەندوڕی: ئەشکەمدوڕیدە.
ئەشکەندوڕیدە: ئەشکەمدوڕیدە.
ئەشکەوت: کولۆراییەکی ناڕێکە لە کەژ و کێودا بە شەو دڕندە و جانەوەر ستاری تێدا دەگرن.
ئەشکێڵ: چوارپەل بەستنی وڵاخ و بەزەوی دادانی.
ئەشکیل: د. پاوەن.
ئەغز: داگیرکردنی شتێک لە یەکێک.
ئەغزە: کاغەزێکی لوولکراوە دەخرێتە قنگی جگەرەوە.
ئەفسانە: بەسەرهات و سەرگوزەشتی پڕوپووچ.
ئەفسووس: وتەی دەربڕینی خەفەت. داخ و خەفەت.
ئەفسوون: د. جادووکردن لە یەکێک.
ئەفسوونباز: جادووگەر.
ئەفشار: ناوە بۆ جۆرە مقامێک.
ئەفەرۆز: یەکێکە دەرکرابێ و دوورخرابێتەوە. ئەفەرۆزکردن: دەرکردن و دوورخستنەوەی یەکێک.
ئەفێهار: ز. وتەیەکە ئیشارەی پێ دەکرێ بۆ تەنها یەکێکی نزیک.
ئەفێهانێ: ز. وتەیەکە ئیشارەی پێ دەکرێ بۆ یەکێک یا دوو یا سێ کەس.

ئەڤ: ز. وتەیەکە ئیشارەی پێ دەکرێ بۆ تەنها یەکێکی نزیک.
ئەڤان: ز. وتەیەکە ئیشارەی پێ دەکرێ بۆ دووان یا زیاتر.
ئەڤراز: ز. هەوراز.
ئەڤینی: ز. خۆشەویستیی و دڵبوون بە شتێکەوە.
ئەک: دەک.
ئەککوو: ئەک.
ئەگرە: ئێرە.
ئەگریجە: مووی سەری ژن لە عاستی ڕوومەتی.
ئەگەر: پیتێکە بەستنەوەی شتێک بەشتێکی تردوە دەگەیەنێ: (ئەگەر) چاک بیت چاکە دەبینیت.
ئەگین: ئەگینا.
ئەگینا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە ناوەندی دوو وتاردا بەستنەوەی بوونی وتاری دووەم بەنەبوونی وتاری یەکەم دەگەیەنێ: وەرە ئەگینا دێم، واتە کاتێک من دێم کە تۆ نەیەیت، یان مەیە ئەگینا نایەم، واتە کاتێک من نایەم کە تۆ بێیت.
ئەگینە: ئەگینا.
ئەڵامەت: هەڵامەت.
ئەلف: ناوە بۆ پیتی یەکەم لە بیست و حەوت پیتەی کوردی، ئەلف لە سەرەتای وتەوە و لە ناوەڕاستییەوە و لە دواییییەوە دەبێ. ئەلفێک کە لە سەرەتاوە بێ لەسەر سێ جۆرە: (١) أصلي، (٢) وصلي ،(٣) زیاد. أصلي: ئەلفێکە فڕێدانی دروست نەبێ وەک (ئاو، ئاگر)، وصلي: ئەلفێکە فڕێدانی دروست بێ وەک (ئەگەر) کە دروستە بڵێیت (گەر)، زیاد: ئەلفێکە کە اصلي وشە نەبێ وەک (ئەمن، ئەتۆ) کە اصلەکەیان (من، تۆ)ن.
ئەلفێک کە لە ناوەڕاستەوە بێ لەسەر دوو جۆرە:
(١) ئەلفی بەستنەوە (ربط) کە دوو وتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەک (سەرانسەر، بەرامبەر، سەراپا).
(٢) ئەلفی زیاد، وەکو (خەمخوار، ئێگوزار)کە اصلەکەیان (خەمخۆر، ئێگوزەر)ە.
ئەلفێک کە لە دواییەوە بێ هەر اصلی دەبێ وەک: (ئینجا، کوێخا).
ئەلفوبێ: ناوە بەکورتی بۆ هەموو پیتەکان: (ئەلفوبێ)ی نەخوێندووە.
ئەلفە: ئەشکێڵ.
ئەڵقاوێز: د. ئەڵقەڕێز. کەسێکە کە بەسێدارەدا کرابێ.
ئەڵقایی: د. دەرگای گەورە.
ئەڵقە: چەمەرەیەکی گردی هاتوودەیە لە ئاسن یا لە زەرد یا شتی تر.
ئەڵقە بەگۆش: بەندەی زەڕخریدە.

ئەلقەدان: پێچخواردنی مار.

ئەلقەرێز: ئاسنێکی ئەلقە ئەلقەی تێکهەڵکێشراوە دەرگای پێ دادەخرێ.

ئەلقەمچی: ئەلقەیەکی زێڕینە سەرەکەی لەباتی نقێم، (غازی) یا (ئەشرەفی)یەکی پێوەیە ژنان دەیکەنە پەنجەی دۆشاومژەیان.

ئەڵلاوەیی: جۆرە مقامێکی کوردیی خۆشە.

ئەللو: ل. هەڵووژە.

ئەلماس: جۆرە بەردێکی سپیی گران مایەیە شووشەی پێ دەبڕێتەوە.

ئەلماستەراش: پیاڵە و پەرداخێکە کە تاشرابێ و گۆشەگۆشە بێ.

ئەلووجە: هەڵووژە.

ئەلووژە: هەڵووژە.

ئەلۆ و جەلۆ: عەلۆ و جەلۆ.

ئەلها: د. کەڵکەڵە و ئاردزوو. خواهیش.

ئەلیردم: هەشت یەکی حۆقە.

ئەم: وتەیەکە تاقە شتێکی نزیکی پێ پیشان دەدرێ. ئێمە.

ئەمان: وتەیەکە چەند شتێکی پێ پیشان دەدرێ.

ئەمانە: ئەمان.

ئەمجا: ئینجا.

ئەمدیو ئەودیوکردن: هەڵگەڕانەوەی پاڵکەوتوو لەسەر لایەکەوە بۆ لاکەی تری. بریتییە لە وردبوونەوە و تێبینین لە کارێکدا. هەڵگێڕانەوەی شت.

ئەمڕۆ: ئیمڕۆ.

ئەمڕۆکە: ئیمڕۆ.

ئەمساڵ: ئیمساڵ.

ئەمشەو: ئیمشەو.

ئەمن: من.

ئەمنە: ئەمەندە.

ئەموست: پەنجەی دەست و پێ.

ئەموستبەستە: دەستخەڕۆ.

ئەمستەچاو: بریتییە لە شەوی زۆر تاریک.

ئەموستەویلە: ئەموستیلە.

ئەموستیلە: ئەلقەیەکی زێڕین یا زیوینە کە سەرەکەی دوگمە یا نقێمێکی بێ، دەکرێتە پەنجەی دەست بۆ جوانی. پارچە تەنەکەیەکی گرنج گرنجە کالادروو لە دروومانـدا دەیکاتە پەنجەی بۆ ئەوەی لە قنگی دەرزییەکەی گیر بکا.

ئەمە: ئەم.

ئەمەک: مزی چاکەی کەسێک بەسەر کەسێکی ترەوە: (ئەمەک)ی فیسار کەسم بەسەردەوەیە.

ئەمەکدار: کەسێکە کە ئەمەکی بەسەرتەوە بێ.

ئەمەندە: وتەیەکە ئەندازەیەکی نزیکی پێ پیشان دەدرێ.

ئەمەهە: د. ئەمە.

ئەمەهەی: ئەمەهە.

ئەمهەی: ئەمەهە.

ئەمێ: وتەیەکە شوێنێکی نزیکی پێ پیشان دەدرێ.

ئەمێستا: ئێستا.

ئەمێستاکە: ئەمێستا.

ئەمێستە: ئێستە.

ئەمێستەکە: ئێستەکە.

ئەنار: هەنار.

ئەنازە: ئەندازە.

ئەنبازبوون: ئەمبازبوون.

ئەنجام: دوایی کارێک.

ئەنجامدان: بڕینەوەی کارێک.

ئەنجامە: ئاسنێکی دوولایییە تای دەرگا و پەنجەرە و شتی تری پێ دادەکوترێ.

ئەنجنین: جنین و وردکردنی شت. (ئەنجن ئەنجن): شتی زۆر جنراوی ورد.

ئەنجومەن: لیژنەیەکی تایبەتییە کە پێکهاتبێ بۆ دوان و کۆڵینەوە لە شتێک.

ئەنجومەنی بەڕێوەبەری: مەجلیسی ئیدارە.

ئەنجومەنی شارەوانی: مەجلیسی بەلەدییە.

ئەنجە: د. شتی جنراو. ئەنجە ئەنجە: ئەنجن ئەنجن.

ئەنجیر: هەنجیر.

ئەنجینە: د. چیلکە و چەواڵ.

ئەنداخت: تفەنگ و تۆپهاویشتن بۆ نیشان.

ئەندازە: چەندێتیی شت لە درێژی یا پانی یا بەرزی یا قەبارەیی (هندسە).

ئەندازەگر: کەسێک کە پیشەی گرتنی ئەندازە بێ (مهندس).

ئەندازەگرتن: گرتنی چەندێتی و قەبارەی شت.

ئەندازیار: ئەندازەگر (مهندس).

ئەندام: جەستە، یەکێکە لە لیژنەیەکی چەندکەسی.

ئەندێش: مەترسی. ئەندێشی لێ مەکە.

ئەندێشە: ئەندێش.

ئەنگاوتن: لێدان و پێکانی شتێک.

ئەنگاوتە: دەردی کوتوپڕی، (ئەنگاوتە) لە گۆی دڵی دا.

ئەنگۆ: ئێوە.

ئەنگوتک: گونک.

ئەنگۆرە: لەمەوپێش.

ئەنگوس: د. ئەنگوست.
ئەنگوست: پەنجە.
ئەنگوستەویلە: ئەموستەویلە.
ئەنگوستنما: ئەنگوشتنما.
ئەنگوستیلە: ئەموستیلە.
ئەنگوشت: ئەنگوست.
ئەنگوشتنما: کەسێکە ئەوەندە ناسراو بێ بەئەنگوشت پێشان بدرێ.
ئەنگوشت نیشان: شتێکە کە نرابێتەوە بۆ دزین، ئەنگوشتنما.
ئەنگوشتەویلە: ئەنگوستەویلە.
ئەنگوشتیلە: ئەنگوستیلە.
ئەنگووتن: هەڵکردنی با بەهێواشی: بای بەیان (ئەنگووت). هەڵەنگووتن.
ئەنگوچک: فەقیانەی کراس.
ئەنگوور: ترێ.
ئەنگیر: ل. ترێ.
ئەنی: با. ناوچەوان.
ئەنێش: د. ئەندێش.
ئەنیشک: با. ئانیشک.
ئەنیسوون: بەری گیایەکە وەک کونجی وایە بەڵام ئەم تۆزێک گەورەترە بۆ دەرمان بەکاردێنرێ.
ئەو: وتەیەکە تاقە شتێکی دوور یا نادیاری پێ پێشان دەدرێ.
ئەوا: پیتی ئێستایی (أداتی حال): ئەوا دەنووسم، واتە ئێستا. ئەو(ز).
ئەواگل: د. گەڕانەوە.
ئەوان: وتەیەکە چەند شتێکی دوور یان نادیاری پێ پێشان دەدرێ.
ئەوانە: ئەوان.
ئەوانەی: وتەی پەیوەست (موصول) بۆ چەند کەسێک: (ئەوانەی) ژیرن بەبیرن.
ئەوباش: د. سەرسەری.
ئەوتۆ: وتەیەکە پەیوەستی دەخاتە ناوەندی دوو وتارەوە: پیاوی (ئەوتۆ) بووە هەرگیز درۆی نەکردووە.
ئەوتەو: ئەوتۆ.
ئەوجە: د. پێویست: (ئەوجە) بەوە ناکا. زۆرتر لە نەبووندا بەکاردێنرێ.
ئەودالّ: د. عەودالّ.
ئەورا: هـ. برسێتی.
ئەورە: ئەوێ.
ئەوسا: ئەو حەلە.
ئەوسار: هەوسار.
ئەوقەدبوون: ئاوقەدبوون.
ئەوکێ: ز. وتەیەکە لە جیاتی وتەی (یارو) بەکاردێنرێ.
ئەوگار: د. پەرێشان و گرفتار. بریندار.
ئەوەنە: د. ئەوەندە.
ئەوک: با. قوڕگ.
ئەوە: وتەیەکە تاقە شتێکی دووری پێ پێشان دەدرێ. ئەمە.
ئەوەئامای: هـ. هاتنەوە.
ئەوەتە: ئەوەتەی. وتەیەکە شتێکی لە دوورەوە پێ پێشان دەدرێ: مانگ (ئەوەتە).
ئەوەتەی: وتەیەکە سەرەتای کاتی ئیشێک دەگەیەنێ: (ئەوەتەی) بیرم کردووەتەوە درۆم نەکردووە.
ئەوەتی: ئەوەتەی.
ئەوەجە: ئەوجە.
ئەوەندە: ز. وتەیەکە ئەندازەی شتێکی دیاری پێ پێشان دەدرێ.
ئەوهەی: ئەوەی.
ئەوەی: وتەی پەیوەست (موصول): (ئەوەی) کوردە گوردە. ئەوە: (ئەوەی) بێنە.
ئەوێ: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پێشاندانی جێگایەکی تۆزێک دوور.
ئەوێها: ز. ئەوە.
ئەوی: وتەی پەیوەست وەک وتەی (ئەوەی): (ئەوی) زانایە بەختیارە. ئەوە: (ئەوی) بێنە.
ئەهـ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتێکدا کە مەردووم شتێکی ناخۆش لە دەست خۆی یا یەکێکی تر بقەومێ: (ئەهـ) لە کاتێکدا شتێک بەدەستەوە بشکێت. وتەیەکە نەخۆش بەدەم نەخۆشییەوە بەبێ پەروا دەیڵێت.
ئەها: وتەی بێدارکردنەوە: (ئەها) فیسار کەس! وتەی سەرسوڕمان، (ئەها) لە کاتی بیستنی شتێکی سەیردا. وتەی تەڵفیس: (ئەها) لە وەرامی یەکێکی بێ نموودا کە هەڕەشەیەکت لێ بکات، واتە تۆ چیت؟ کە شتی وات لە دەست بێ.
ئەهاک :ل.قسلّ.
ئەهای : د. وتەی بێدارکردنەوە.
ئەهۆ: ئەها.
ئەهێو: وتەی تەڵفیس و گاڵتەپێکردن.
ئەی: وتەی بانگکردن: (ئەی) خواداد لە دەست ڕۆژگار. وتەی پرسیار: (ئەی) نەریمان لە کاتێکدا کە پێت بڵێن: (وریا) و (نەژاد) چوون بۆ دەرەوە. وتەی وەرام: (ئەی) لە وەرامی یەکێکدا کە پێت بڵێ خوێندووتە؟ واتە بەڵێ. هەی.

ئەیار: مانگی مایس کە سی و یەک ڕۆژە.
ئەیارە: عەیارە.
ئەیرۆ: هەی ڕۆ.
ئەیلوول: مانگی نۆیەمی ساڵی ڕۆژییە کە لە ناوەندی ئاب و تشرینی یەکەم دایە و سی ڕۆژە.
ئەین: ڕۆژی جومعە.
ئەینا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە وەرامی یەکێکدا کە پرسیارت لێ بکا لە کردنی کارێک کە تۆ زۆر سووربیت لە کردنیدا: (ئەینا) لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێ ئایا تۆ ئارەزووی یارمەتیدانی هەژارانت هەیە؟ واتە چۆنم نییە؟
ئەینوو: ئەین.
ئەینە: هـ. ئەوێ.
ئەینی: ئەینوو.
ئەیە: هـ. ئەمە.
ئەیەرۆ: وتەیەکە ژنان دەیڵێن لە کاتی سەرسوڕمان و بیستنی شتێکی ناخۆشدا.
ئەیهۆ: وتەی پێ هەڵشاخان و وەڕسبوون لە گوفتارێک یا کردارێک. (ئەیهۆ) لە کاتێکدا کە یەکێک درێژە بدا بە وتارێک یا کردارێک، واتە بیبڕەوە.
ئەیهوو: ئەیهۆ. وتەی ڕابردووی هەرە دوور. (ئەیهوو) لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی زۆر کۆندا، واتە ئەم بەسەرهاتە زۆر کۆن و دوورە.
• ئەیی: وتەیەکە داوای دڵنیایی لە وتارێکدا پێ دەکرێ: (ئەیی) لە کاتێکدا کە یەکێک قسەیەکت بۆ بگێڕێتەوە، واتە بەڕاستی وایە ئەیی.
ئەیی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە وەرامی یەکێکدا کە قسەیەکت بۆ بکا و تۆش باوەڕی پێ نەکەیت و لەگەڵ ئەوەشدا تەڵفیسی پێ بکەیت. (ئەیی) لە وەرامی یەکێکدا کە پێت بڵێ لێت دەدەم، واتە شتی وا لە دەست تۆ نایەت.
ئێ: پیتی باوەڕکردن: (ئێ) لە وەرامی یەکێکدا کە قسەت بۆ بکا، واتە ڕاست دەکەیت. ئا.پیتێکە قسەی پێ دادەمەزرێنرێ لەگەڵ یەکێکدا: ئێ فیسار کەس! لە کاتێکدا کە بتەوێ بیهێنیتە قسە. پیتی سەرسوڕمان.
ئیبراهیمی: جۆرە مقامێکە.
ئێجگار: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ زۆریی شتێک: فیسار کەس (ئێجگار) زیرەکە.
ئێجگارەکی: ئێجگاری.
ئێجگاری: وتەیەکە بڕانەوە و ئەوپەڕی شت پێشان دەدا: فیسار کەس (ئێجگاری) ڕۆیی، واتە جارێکی تر نایەتەوە.
ئیختیار: ئادەمیزادی پیر. ئیختیاربوون: پیربوون. (ئیختیاری) پیری.

ئێد: هـ. ئەمە.
ئێدەک: ز. یەدەک.
ئیدی: ئیتر.
ئیر: هـ. ئاگر.
ئیراق: هـ. بەربەڕۆچکە.
ئیرانە: ئێرە.
ئێرڤست: ز. دارێکی گەڵا وردی هەمیشەسەوزی دڕکاوییە.
ئێرۆ: ز. ئیمڕۆ.
ئێرە: وتەی پێشاندانی جێگای نێزیک.
ئێرەق: دارێکی دووپەلە، پەلە کورتەکەی گاسنی پێدادەکرێ و پەلە درێژەکەی مژانی لێ دەدرێت. وڵاخی یەکسم کە کێری ڕەپ بێ.
ئێرەقان: نەخۆشیی زەردوویی.
ئێرەقبوون: ڕەپبوونی کێری وڵاخی یەکسم، (ئێرەقکردن) ڕەپکردنی کێری وڵاخی یەکسم.
ئێرەقە: ئێرەقی جووت.
ئێزا: د. پاداش: خوا (ئێزا)ت بداتەوە.
ئیزردم: چوار یەکی حۆقە.
ئیژگڵ: ل. پشکۆ ئاگر.
ئێسا: ئێستا.
ئێساکە: ئێستاکە.
ئیساڵ: ز. ئیمساڵ.
ئیست: وەستانێکی کەم لە کاتی کردار یا گوفتارێکدا. (ئیستکردن) وێستانێکی کەم.
ئیستا: ئێستا.
ئێستا: ئەوەدەمەیە کە تۆی تێدایت.
ئیستاکانی: ئێستاکانێ.
ئێستاکانێ: ئێستاکە.
ئیستاکوونی: ئێستاکوونی.
ئێستاکوونێ: ئێستاکانێ.
ئیستاکە: ئێستاکە.
ئێستاکە: ئێستا.
ئێستر: وڵاخێکی چوارپەل قەوی و بارەبەر، دایکی ماینە و باوکی کەر.
ئێسترسوار: سوارەی ئێستری دەوڵەتی.
ئیستە: ئێستە.
ئێستە: ئێستا.
ئیستەکانێ: ئێستەکانێ.
ئێستەکانێ: ئێستا.
ئیستەکە: ئێستەکە.

ئێستەکە: ئێستا.

ئیستەکوونی: ئێستەکوونێ.

ئێستەکوونێ: ئێستەکە.

نیستیکان: پیاڵەی چای.

ئێسقان: شتێکی ڕەقی سپییە لە جەستەی گیانداردا گۆشت و دەماری بەسەردا دێ.

ئێسک: ئێسقان، شێوە و تەحر: فیسار کەس (ئێسک)ی سووکە.

ئێسک سووک: بریتییە لە شتی جوان کە بچێتە دڵەوە.

ئێسک قورس: بریتییە لە شتی ناشیرین کە نەچێتە دڵەوە.

ئێسک گران: ئێسک قورس.

ئێسک و پڕوسک: ئێسقانی بوواوی ڕزیو: فیسار کەس ئەوەندە دەمێکە مردووە (ئێسک و پڕوسک)یشی نەماوە.

ئیسلام: کەسێکە کە لەسەر ئاینی حەزرەتی محەممەد بێ.

ئێسە: ئێستە.

ئێسەتێ: ئێستە.

ئیش: د. وتەی نەفرین: ئیش لەو شتە، واتە تف لەو شتە.

ئیشک: با. بەروو لە دارێکە گوریسی شلبووەوەی پێ توند دەکرێتەوە.

ئێش: ژان و ئازار.

ئێشان: ژانکردنی ئەندام.

ئێشک: ئاگاداری و بەدیارەوەبوونی شتێک.

ئێشکچی: کەسێکە کە بەلای شتێکەوە بێ و ئاگاداری بکا.

ئێشکگر: ئێشکچی.

ئێشکگرتن: ئاگاداریکردنی شتێک و بەدیارەوەبوونی.

ئێغنی: ز. یەغنی.

ئیفتادە: ئادەمیزادی پیری کەفتەکار.

ئیفلیج: کەسێکە کە شەپلە لێی دابێ.

ئیفلیجی: نەخۆشیی شەپلە.

ئێڤار: ز. ئێوارێ.

ئێق: هێلنج.

ئێقدانەوە: هێلنجدان. قڕقێنەدانەوە. بریتییە لە شەپۆلدانی قەڵەباڵغیی زۆر بەڕەنگێکی وا کە پاشەوپاش بگەڕێتەوە لەبەر زۆری.

ئێقکردنەوە: ئێقدانەوە.

ئێقلاب: بەرکوت.

ئێک: هێلکە.

ئیگرەمبێژرەم: شانزە یەکی حۆقە.

ئێگجار: ئێجگار.

ئێگجاردکی: ئێجگارەکی.

ئێگجاری: ئێجگاری.

ئێگە: هـ. لێرە.

ئێل: عێل.

ئێلاخ: کوێستان.

ئێڵاخ: ئێلاخ.

ئێلجاری: عیلجاری و گەلەکۆمەکی.

ئێلچی: سەفیر و نماینده ، پۆستەچی.

ئێڵەک: هێڵەک.

ئیلیان: هـ. هێلانە.

ئیم: ئەم: ئیمڕۆ، ئیمشەو، واتە ئەمڕۆ، ئەمشەو.

ئیمچوون: دەستەیەک ناڵ و بزمار.

ئیمڕۆ: ئەو ڕۆژەیە کە تۆی تێدایت.

ئیمساڵ: ئەو ساڵەیە کە تۆی تێدایت.

ئیمشەو: ئەو شەوەیە کە تۆی تێدایت.

ئێمە: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پێشاندانی خۆت و ئەو کەسانەی کە لەگەڵتان و بەناوی ئەوانیشەوە قسە دەکەیت.

ئێمەمانان: ئێمە و ئەو کەسانەی کە وەک ئێمە وان: (ئێمەمانان) لە یارمەتیی نیشتماندا کۆتایی ناکەین.

ئێمە و مانان: ئێمەمانان.

ئینج: دوانزە یەکی فووتێک.

ئینجا: ئنجا.

ئینجارە: ز. ئەمجارە.

ئینجاکوو: ئنجاکوونێ.

ئینجاکوونێ: ئنجاکوونێ.

ئینجانە: شتێکی گڵینی سوورەوەکراوە، وەک بنکە گۆزە وایە گوڵی تێدا دەڕوێنرێ.

ئینجە و فینجە: د. دەعیە و دەماری بەبێ جێ.

ئێنە: د. ئەوێ.

ئێوارە: کاتی ڕۆژئاوا.

ئێوارێ: ئێوارە.

ئێوە: وتەیەکە دەوترێ بەچەند کەسێک کە ڕووی قسەیان تێ کەیت.

ئێوەمانان: ئێوە و ئەو کەسانەی کە وەک ئێوە وان.

ئێوە و مانان: ئێوەمانان.

ئیهی: ئەها.

ئی: هـ. ئەم: (ئی) پیاوە، واتە ئەم پیاوە.

ئێی: وتەیەکە هەڕەشەی پێ دەکرێ: (ئێی) با نەوەت کردبێ. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتێکدا کە چاوەڕوانی تەواوکردنی قسەی یەکێک بکەیت. (ئێی) لە کاتێکدا کە یەکێک قسەیەکت بۆ بکا، واتە دڵم لێتە.

ئیتـر: وتەیەکـە بەکـاردێنرێ بۆ دەسـتـهـەڵگرتن لە شـتـێک و دەستکردن بە شتێکی تر: (ئیتر) تەمەڵی بەسە.
ئیسا: ئێستا.
ئیساکوونێ: ئیساکێ.
ئیساکە: ئێستاکە.
ئیساکێ: ئیساکە.
ئیسال: ز. ئیمساڵ.
ئیسک: ز. قڕقێنە.
ئیسە: ئێستا.
ئیسەتێ: ئێستا.
ئیش: کار و فرمان.
ئیش بەدەست: کـەسـێکە کـە فـەرمـاندەر بێ و کـارێکی لەژێر دەستدا بێ.
ئیـشک: ز. دارێکی باریکە دەئاڵێنرێتە ئەو گوریسـەی کـە باری پێ بەستراوە و شل بووەتەوە بۆ توندبوونەوەی گوریسەکە.
ئیشکردن: کار و فرمانکردن.
ئیشکەر: کەسێکە کە ئیش باش بکا.
ئیشگوزار: کەسێکە کە ئیش باش ڕاپەڕێنێ.
ئیشلک: ز. کورتەک.
ئیش لێهاتن: جوانی و ڕێکوپێکیی ئیش لە یەکێکەوە.
ئیش لێهاتوو: ئیشگوزارێکە کە ئیشەکانی زۆر ڕێکوپێک بێ.
ئیشەڤ: ز. ئیمشەو.
ئیکە: ئیتر.
ئیل: ئێل.
ئین: ز. ڕۆژی جومعە.
ئینە: هـ. ئەمە.
ئینەشا: هـ. ئەمەیان.
ئیوەدر: ز. ئەوکێ.

ب

ب: پیتێکە دەچێتە سەر ئەمری حازر و غائب: (بـ)خوێنە!، (بـ)نووسە!، (بـ)خوێنێ، (بـ)نووسێ. پیتێکە دەچێتە سەر هێندێ کار (مصدر) لەپاش فڕێدانی نیشانەی کاری دەیکا بە کارکەر (اسمی فاعل): (بـ)زان، (بـ)نووس، (بـ)خۆر.

با: شتێکی نادیارە بەهۆی جوولانەوەی قەبارەیەک لەناو بۆشیدا پەیدا دەبێ. پیتی پەلە و تەنگیدە دەخرێتە سەر ئەمری غائب: (با) بێ، (با) بڕوا. دەبێ بە وەرام بۆ پرسیار لە نەبوونی کارێک: (با) لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ: ئەرێ ئیمڕۆ نەریمان نەچووە بۆ قوتابخانە؟ واتە چووە. جۆرە نازارێکە دەداتە ئەندامی هێندێ گیاندار: قاچم (با)ی تێ داوە. دەچێتە سەر مازیی ئینشائی و مضارع: (با) بچوویتایە، (با) بچیت، واتە چوونت چاکترە لە نەچوونت. نارەزووکردنی دڵی سەگ و بەراز بۆ نێرە: ئەو دەڵە هاتووەتە (با). تەنیشت (ز).

بائەنگێو: کونێکە بای لێ بێتە ژوورەوە.

باب: باوک.

بابا: هـ. باوکی باوک.

بابان: باوان. ناوە بۆ بەرەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە کە ساڵەهای ساڵ فەرمانداری کوردستان بوون. ناوە بۆ قەڵەمڕەوی بابان.

بابدەست: ز. مەردوومی نابووتی بێ پارە و پوول.

بابدەستی: ز. نابووتی.

بابردوو: بڕیتییە لە شتی زۆر سووک.

بابردی: جۆرە قوماشێکی تەنکی گوڵگوڵییە وەک شێلە.

بابلیچک: ز. پەنجەتووتە.

بابن: ز. گوڵە بابوونە.

بابۆ: باوک. وتەیەکە وەک وتەی (باوکە) لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەکاردەهێنرێ.

بابۆڵە: پاروونانی پێچراوەی درێژی ئەستوور. مەلۆتکە.

بابۆڵەپێچ: د. پەتێکە مەلۆتکەی پێ دەپێچرێ.

بابوتان: ز. جۆرە یارییەکی منداڵانەیە.

بابوونە: گیایەکی بەهارییی بۆنخۆشە، گەڵای وەک گەڵای شوێیت وایە و گوڵێکی زەردی خڕ دەگرێ، وەک چا جۆش دەدرێ و دەخورێتەوە بۆ هەڵامەت و سک ئێشە.

بابویر: بادرز.

بابە: وتەیەکە باوکی پێ بانگ دەکرێ.

بابەت: جۆر: گەلێ (بابەت) شت هاتووەتە بازاڕ. لایەن. لە (بابەت) چییەوە قسە دەکەیت؟ واتە لە لایەن چییەوە.

بابەخولێ: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە بەگردی خۆیاندا دەخولێنەوە.

بابەعەمرە: بەیەکێک دەوترێ کە بەدیمەن منداڵکار بێ و کەچی وەکی تر زۆر بەعەمر بێ.

بابەلیسک: ز. گێژەڵووکە.

بابی بابی: یارییەکە دەستەیەک تێ دەکەون و دەستەیەک سواریان دەبن و بەدەست چاویان دەگرن، وەستاکەیان بەسەر ئەو یەکەیاندا دەماڵێ کە خۆی سواری بووە دەڵێ: (بابی بابی لە چەند بابی) و لەو حەلەدا چەند پەنجەیەک هەڵ دەبڕدرێ، ئینجا ئەوی ژێرەوە ئەگەر هەڵی هێنا دەستەکەی ئەو دەبیەنەوە و سواردەبن و ئەو کەسەش دەبێ بە وەستا.

بابینی: د. هەڵامەت.

باپوسکە: د. خۆڵەمێشی کاغەزی سووتاو کە با بیبا.

باپووک: ز. بایەکە کە لەگەڵ بەفربارینێدا بێ.

باپەڕ: دەردێکە دووچاری مەردووم دەبێ لە ساردی و گەرمی کەوتنەوە. (باپەڕکردن) دووچاربوون بە باپەڕ.

باپێچ: شوێنێکی چەپەکە کە با گێژی تێدا بخوا. پێچێکە کە بە سکی مەردوومدا بێ.

باپێچک: ز. پێچانەوە و بەستنی شت.

باپێدان: پێچدان بە شتێک.سووڕدان و سەماکردن.

باپێش: ز. چاوێشە.

باپێشک: ز. بای باران.
باپیر: باوکی باوک و باوکی دایک.
باپیره: باپیر.
باپیری: هەنارێکی مزره کە ترشی زۆرتر بێ.
باپیڤان: ز. هەتیوچە.
باپیڤانی: هەتیوچەیی.
باتزۆک: ز. مەردوومی خونکی بێ شەرم و شووڕەیی.
باتسمی: ز. جەژنی گەورەی یەزیدی.
باتلاخ: د. زۆنگاو. چورتم.
باتمان: ئەندازەیەکە لە کێشان کە شەش حۆقەیە.
باتۆڤ: ز. جۆرە گیایەکی سوورە.
باتوو: گون.
باتەقا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەباتی وتەی بە(قەد): (باتەقا)ی تۆ نەرمانم خۆش دەوێ، واتە بەقەد تۆ.
باتینک: با. خونچەی تازە پشکووتوو.
باتینۆک: با. گوڵاڵەسوورە.
باتی: بریتی: ئەمە لەباتی ئەوە.
باج: دراوێکە کە لەلایەن گەورەیەکی بەدەسەڵاتەوە لە هەموو بارێک دەسێنرێ.
باجان: ز. باینجان.
باجگر: کەسێکە کە باج کۆبکاتەوە.
باجگرتن: سەندنی باج لە شت.
باجگە: شوێنێکە کە باجگر باجی تێدا وەردەگرێ.
باج لێگرتن: بریتییە لە هەڵگرتنی شتێک لە شتێک بە ناخونەک: تۆ هەرچی ببینیت (باجی لێ دەگریت).
باجە: باجی. قەفەزەیەکە لە بانک و سینەما و شەمەندەفەردا یەکێکی تێدا دادەنیشێ چەک و بلیتی تێدا دەبڕێ (د).
باجەوان: د. باجگر.
باجی: خوشکی گەورە.
باچک: ز. گەنمەشامیی سوور.
باچیک: ز. هەرزن.
باخ: شینایی لە گوڵ یا بەرزەدرەخت.
باخچە: باخی بچکۆڵە.
باخڵە: دەفرێکە تووی تێ دەکرێ.
باخواردن: پێچخواردن.
باخۆر: بادرز.
باخە: باقەی گیا و شتی تر. دەنگ نووساو (ز).
باخەڵ: دووتوێی کاڵا و بەرگ لە عاستی پەراسوو.
باخەوان: کەسێکە کە چاودێری و سەرپەرشتیی باخ بکا.
بادار: کەسێکە (با) دابێتیە ئەندامی. خواردنێکە کە ببێ بەمایەی باکردن. بریتییە لە مەردوومی بەفیز.
بادارۆک: ز. جۆرە قردێلەیەکە دەدرێ لە سەری منداڵ.
باداری: دووچاربوون بە نەخۆشی (با).
باداک: ز. گیایەکە بەدار و دردختدا هەڵدەچێ.
بادام: شتێکە وەک چەقالە بەڵام ئەم گەورەتر و خۆشتر و سەختترە.
بادامچە: چەقالە.
بادامی: بە شتێک دەوترێ کە لە وێنەی بادام بێ.
بادان: پێچدانی شتێک. بەبادانی شت.
بادانەوە: بەیەکدا بادانی دوو ڕیس و کردنیان بەیەک هەودا. بریتییە لە پەشیمانبوونەوە لە قسەیەک یا کردەوەیەک.
باداوە: بادەوە.
بادرخان: ز. جۆرە گیایەکە.
بادرز: درزی زۆر باریک لە شت.
بادرەنگ: د. گیایەکی بۆنخۆشە بەپەنیرەوە دەخورێ.
بادگیر: جۆرە موغەیرییەکە لە سارداوی هێندێ کۆشکدا دروست دەکرێ بۆ باکێشی هاوینان.
بادە: پیاڵەی ئاوخواردنەوە.
بادەرچوون: د. بریتییە لە لووت بەبەرخۆدا هاتنەوە.
بادەوان: د. قوماشێکی ئەستووری پانی گەورەیە بە دارێکی بەرزەوە، جۆرە پاپۆڕێکی پێ دەڕوا بەهێزی با.
بادەوە: تۆف و سارد و سەرما.
بادی هەڤا: ز. بادی هەوا.
بادی هەوا: خۆرایی و فیڕۆ.
بادی: جامی ئاوخواردنەوە.
بادین: بادی. زێیەکی گەورەیە لە ناوەندی هەولێر و مووسڵدا.
بادییە: هـ. جامی گەورە.
بار: شتێکی قورسی دووتاییە بەوڵاخ هەڵدەگیرێ. دیوی ڕاست و ڕووی ڕێکی شت: ئەم قاڵبیە لە (بار)ی خۆی ڕانەخراوە یا ئەم بەردە لە (بار)ی خۆی دانەنراوە. تویژاڵێکە دەنیشێتە سەر لێو لەبەردەم وشکی: لێوی (بار)ی گرتووە. بریتییە لە ئەرک: باری قورسە.
باراش: ئەندازەیەکە لە دانەوێڵە کە ئامادەکرابێ بۆ هارین و ناردنی بۆ ئاش.
باراش لێکردن: باراشکردن لە ئاش بریتییە لە تێهەڵکردن و درێژەدان بە قسە: فیسار کەس (باراشی لێ کردووە).
باراشهاڕ: ئاشەوان.
باران: ئاوێکە دڵۆپ دڵۆپ لە هەور بکەوێتە خوارەوە.
باراناو: ئاوێکە بەهۆی بارانی زۆرەوە کۆبووبێتەوە لە شوێنێک.
بارانبران: مانگی حوزەیران کە سی ڕۆژە، ئیتر بارانی تێدا نابارێ.

بارانپیو: شتێکە ئەندازەی بارینی باران پێشان دەدا.
بارانە: باجێکە لە هێندێ بار دەسێنرێ. جۆرە گۆرانییەکی کوردیی خۆشە.
بارانی: سەردەرییەکە لە باراندا دەکرێتەبەر بۆ تەڕنەبوون.
باربو: یارمەتی و دەستگیرۆییی یەکێک لەکاتی لێقەومان و زیان لێ کەوتنیکیدا یا لە ژنهێنان و شایی و زەماوەندێکیدا. (باربووکردن) یارمەتیدانی یەکێک و شت پێ دانی.
باربوویی: باربوو، (باربوو پێکردن) باربووکردن.
بارتەقا: باتەقا.
بارخانە: شوێنێکە کە باری زۆری یەک لەسەر یەکی تێدا دابنرێ.
بارخانوو: ز. شتومەکی ناومالّ.
بارخانی: ز. بارخانوو.
بارخستن: کردنەوەی بار و خستنی لە شوێنێک. جۆرە کەوتنێکی مریشک و کەلّەشێرە لەسەر تەنیشت.
باردار: د. گیانداری ئاوس.
باردان: ز. بادان.
باڕ: بەچکەی هێندێ پەلەور کە لە جووجەلّەیی دەرچووبێ.
باڕاندن: باڕەکردنی مەڕ و بزن.
باڕن: د. شوێنێکە با بیگرێتەوە.
باڕۆکە: مریشکی باڕ.
باڕە: دەنگی مەڕ و بزن، (باڕە باڕ) باڕەی یەک لەسەر یەک.
باڕەش: ڕەشەبا.
باڕێزە: جۆرە گیایەکی سەوزی سێ پەڕەیە لە گوێ کانیاو سەوز دەبێ. وردەیەکە کە لە شت بێتەوە.
باڕێسە: د. فڕفڕۆکەی منداڵان کە با دەیخولێنێتەوە.
بارسایی: بارست.
بارست: قەبارەیەکە لە زەوی بەرز بووبێتەوە.
بارستایی: بارست.
بارسووکی: بریتییە لە بوونی مەردووم بەسووکبار و کەم ئەرک.
بارش: بارشت.
بارشت: بارانی وردی لەسەرخۆ.
بارکردن: کۆچکردن.
بارکەوتن: بریتییە لە بەدبەختی و نەهاتی.
بارکەوتوو: بریتییە لە یەکێک کە بەدبەختی و نەهاتی ڕووی تێ کردبێ.
بارکەوتە: بارکەوتوو.
بارکێش: ولاخ. بریتییە لە یەکێک کە ئەرکێکی قورس کەوتبێتە سەری.
بارکێشان: بریتییە لە هەلّگرتنی ئەرکێکی قورس.
بارکێشی: خەریکبوون بەهەلّگرتن و هێنان و بردنی باری ئەم و ئەودوە.
بارەگاه: بارەگا.
بارگر: دارێکە دەدرێتە بەرباری هەرە سەروو لە چەند بارێکی زۆر کە بارخانە کرابن بۆ ئەوەی کە نەڕووخێ.
بارگە: نوێن و کەلوپەلێکە کە ڕێبوار بیکا بەبار و لەگەلّ خۆیدا هەلّیگرێ بەولاخ.
بارگەچی: کەسێکە هەر ئاگای لە بارگە بێ.
بارگیلی: ز. بارگیر.
بارگیر: ئەسپی بارەبەر.
بارگیل: ز. بارگیلی.
بارگین: بارگیر.
بارمتە: شتێکە دادەنرێ لەلای یەکێک بۆ دلّنیایی لە بەرامبەر شتێکیدا کە لە لاتە بەرەنگێکی وا کە بارمتەکە بەنرختر بێ.
بارنامە: د. کاغەزێکە ناوی ئەو شتانەی یەک بەیەک تێدا دەنووسرێ کە دەنێردرێ بۆ شوێنێک.
بار و بنە: مالّ و کۆچ.
بارۆشە: د. باوەشێن.
باروونە: د. بادرەنگ.
بارو: بارووت (ز). قەلا و قوللە (د).
باروت: دەرمانێکی بەهێزی ئاگرسێنە فیشەک و گوللەی پێ پڕ دەکرێ.
باروتپێچ: ز. کەسێکە کە باروت دروست بکا.
بارود: ل. باروت.
بارە: لایەن؛ لە (بارە)ی منەوە چیت بیستووە؟ مووچە و بەش. عەرەبانەی دەستی (ز).
بارهاتن: د. هاتنەبەر و پێگەیین؛ درەختەکە یا منداڵەکە بارهاتووە: واتە پێ گەیشتووە.
بارەبوو: باربوو.
بارەبەر: ولاخێکە کە بار بەرێ.
بارەچە: د. مووچە و بەش.
بارەکی: بارەبەر.
بارەگا: کۆشک و سەرای گەورە.
بارهنگێڤ: ز. کەسێکە مەردووم توورە و پەست بکا.
بارێ: وتەیەکە لە جێی وتاری (هیچ نەبێ) بەکاردێنرێ: (بارێ) گە خێرت نییە شەڕیشت نەبێ.
بارێزە: د. باخوڕ، درەختێکە کە با بەری وەراندبێ.
باریە: نوێلّ.
باریک: شتێکە نەستوور نەبێ.
باریکان: ڕیسی زۆر باریک.

باریکایی: عاستی باریکیی شت.
باریکبوون: بریتییە لە لاوازبوون.
باریک و بنێسی: لاوازبوون لە نەخۆشیی دووورودرێژەوە: فیسار کەس داویەتییە (باریک و بنێسی).
باریکە: درووماني سەر پەڕاوێزی کەوا. ناوی دێیەکە لە ناوچەی عەربەت.
باریکەڕێ: ڕێگای باریکی تەسک.
بارین: هاتنەخوارەوەی باران. هێنان (ل).
بارینە: وەنەوز.
باز: باڵندەیەکی تیژڕەوی گۆشتخۆری ڕاوکەری چاوجوانە. بازد. دووبارە: (باز) هاتەوە. وتەیەکە بەدوای هەر وشەیەکەوە نووسا دەیکا بە(صیفەتی مشبّە): قومار (باز)، فێل (باز).
بازار: چەند دوکانێکە کە جێگای کڕین و فرۆتنی تێکڕایی بێ. سەودا: (بازار)ی گەرمە.
بازارتیژی: د. بازارگەرمی.
بازارکەساسی: بریتییە لە بێ بازاڕی.
بازارگەرم: کەسێکە کە کڕین و فرۆتنی زۆر بێ.
بازارگەرمی: بریتییە لە فرۆتنی زۆر و بردو لە بازاردا.
بازاری: بریتییە لە ئادەمیزادی هیچ و پووچی بێ مایە. بریتییە لە شتومەکێک کە تایبەتی و چاک نەبێ.
بازبازان: د. بازدبازدێن.
بازبازۆکێ: بازبازێن.
بازبازێن: بازدبازدێن.
بازبەند: بازیبەند.
بازد: خۆهەڵدان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.
بازدان: ز. مردن. بەتایبەتی مردنی بزن و مەڕ.
بازدبازدۆکێ: بازدبازدێن.
بازدبازدێن: بازدی یەک لە دوای یەک.
بازدبردن: بازددان.
بازدپەڕین: د. بازدبردن.
بازددان: بازدبردن.
بازدەبەران: ناوەڕاستی بەهارە کە شەوی دوو دەقیقە درێژ دەبێ.
بازدەڵبازد: بازدبازدێن.
بازر: مەلێکی گۆشتخۆرە بەقەد ڕیشولەیەک دەبێ ڕەنگی بۆرە قنەیە.
بازرە: د. گەڕانەوەی گوللە لەپاش ئەوەی کە لە نیشان بدا.
بازرگان: کوتاڵفرۆش.
بازرگانی: کڕین و فرۆتنی کوتاڵ.
بازرە: د. کەوانە.
بازرەقە: لەپڕ دەرچوونی گیاندار بەچالاکی: مارەکە (بازرەقە)ی بەست، فیچقە بەستنی خوێن لە جەستە و شتی شل لە دەفرێک کە کونی تێ بێ.
بازگ: بەڵەک.
بازگوور: ز. هیوا و ئومێد. یارمەتی.
بازگووری: ز. یارمەتی.
بازگە: شوێنێکە کە بازدی لێوە بدرێ.
بازگەشت: پەشیمان.
بازگەشتی: پەشیمانی.
بازمان: د. منداڵێکە لە دوای باوکی بەجێ مابێ: (با زمانەکان) خۆش بن.
بازن: شتێکە لە زێڕ یا زیو و یا شتی تر، ژنان بۆ جوانی دەیکەنە مەچەکیان.
بازنە: تەوقێکە لە ئاسن وەک بازن دروست دەکرێ و لە شتێک دەگیرێ کە درزی تێ بووبێ.
بازۆڕ: د. واشە.
بازۆڕی: بازۆڕ.
بازۆڵە: قۆڵ و بازووی قەڵەو.
بازوو: ناوەندی شان و ئانیشک لە پەلی ئادەمیزاد. بەڵەک. لاشیپان.
بازووبەند: شتێکە لە زێڕ یا زیو و یا چەرم دروست دەکرێ و دەکرێتە بازوو.
بازە: بەڵەک: جۆرە تەنراوێکە.
بازەبەران: مانگی شوبات کە بیست و هەشت ڕۆژە و شەوگار درێژ دەبێتەوە و، هەموو شەوێک دوو دەقیقە درێژ دەبێ.
بازەڵە: شتێکە کە کەمێک بەڵەک بێ. منداڵێکە کە کزر و گەورە بووبێ.
بازەڵە خوێندن: بریتییە لە بێ شەرمی و چاونەترسیی یەکێک: فیسار کەس چاک (بازەڵەی خوێندووە).
بازەوان: کەسێکە کە باز بەخێو بکا.
بازی: یاری.
بازیبەند: بازووبەند.
باژار: ز. شار.
باژاری: ز. شاری.
باژەڵە: دەردێکە بەمنداڵی ساوا دەگا و هەموو لەشی دەکا بە لیر.
باژێر: بازار. شار (با).
باژێڵە: د. باژەڵە.
باژیلە: باژەڵە.
باس: دوان لە بابەت شتێکەوە: (باس)ی کەس بەخراپە مەکە.
باستورمە: باسورمە.
باستێک: ز. باسوق.

باسقەندە: داردەستێکە کە لە داری بەلاڵووک کرابێ. هەموو دارێکی باریکی لووسی کونکراوە کە کرابێ بەدەسکی قەندە.
باسقەنگە: باسقەندە.
باسک: ناوەندی مووچەی دەست و نانیشک. شانی شاخ و باڵ.
باسکردن: گفتوگۆکردن لە شتێک.
باسکە: باسک.
باسکەسەگ: جۆرە سەگێکی باریکەلەیە باوکی گەماڵە و دایکی تانجییە.
باسکەمەلە: جۆرە مەلەیەکە بەجووڵاندنی باسک دەکرێ.
باسکێش: مژان.
باسماز: ز. هەفتەیەکی باراناوییە لە مانگی ئازاردا.
باسمبێڵ: ز. مەردوومی بەفیزی خۆپەرست.
باسمبێڵی: ز. خودپەرستی.
باسنامە: نامیلکەیەکە کە چەند سەرگوزەشتەیەکی تێدابێ.
باسوخ: د. باسوق.
باس و خواس: دەنگوباس.
باسورمە: گۆشتی قیمەکراوی سوێرخوێیە لەگەڵ بەهاراتدا لەناو ریخۆڵەدا هەڵدەگیرێ.
باسوق: جۆرە خواردەمەنییەکە لە نیشاستە و شیلەی ترێ دروست دەکرێ و سەلک سەلک دەبڕدرێ.
باسەرە: شوێنێکە کە با زۆر بیگرێتەوە. ناوە بۆ رووبارێک لە ناوچەی بازیان. ناوە بۆ دەربەندێک لە ناوچەی ناوبراو.
باسیکردن: ز. لاساییکردنەوە.
باش: شتی چاک.
باشار: ژیان. چارەکردن.
باشقەپان: جۆرە مارێکی ئەستووری درێژی زەردە سەر کلکی خڕە.
باش و بۆشی: دەست بڵاوی و ماڵ بەفیرۆدان.
باشوکە: باڵندەیەکی دەنووک کەوانەییە لە واشە بچووکترە ڕاوە چۆلەکەی پێ دەکرێ.
باشەڵ: باشێڵ.
باشێل: باشێڵ.
باشێڵ: چارۆکەیەکە ژنان دەیگرنە کۆڵیان و دوو سەرەکەی خواردوەی دەبەستنە پشتیان بۆ ئەوەی شتی تێ بخەن.
باشی: چاکی.
باشیل: باشێڵ.
باشیلا: ز. مەردوومی ناوارە.
باشی و بۆشی: باش و بۆشی.
باعاندن: باڕاندن.
باعە: بارە، (باعەباع) باعەی یەک لە دوای یەک.
باغ: باخ.
باغە: جۆرە شتێکە لە بنێشت دروست دەکرێ. جۆرە برینێکی پیسە لە چوارپەلی ولاخی بەرزە دێ.
باغەڵ: باخەڵ.
باغەوان: باخەوان.
بافت: شایستە، فیسار کەس بافتی ئەوەیە بخرێتە سەر سەر. ریس و چنین: ئەم قاڵییە (بافت)ی کاشانە.
بافتە: جۆرە قەیتانێکی تەنراوی پانە دەگیرێ بەلێواری کەوا و سوخمەدا.
بافرە: کەتیرەی سپی.
بافلە: ز. نۆ موسڵمانی کۆنەگاور.
بافوو: د. تلیاک.
بەفیاگ: د. شتی چنراو.
بافین: د. تەنین. هۆنینەوە.
بافبرا: ز. برای باوکی.
بافی: با. بادام.
باق: با. پووز.
باقاندن: باقەکردن.
باقانن: باقاندن.
باقر: ژەنگی دەفری مسین. عەیبی ونی نادیار: پیاوی نەخوێندەوار کە قسەی کرد. (باقر)ی دەردەکەوێ.
باقلک: با. سڵق.
باقلە، پاقلە: بەری (لو) (هـ).
باقۆ: هەنجیری نەگەییو.
باقە: چەپکێک لە گیا یا لە گوڵ. دەنگێکە وەک دەنگی بزن و رێوی.
باقە باق: باقەی یەک لە دوای یەک.
باقە بەس: شتێکە کە گەنم و دەسکەگوڵ و شتی تری پێ ببەسترێ. (د) شتێکە کە بە باقە بەسترابێ.
باقە بەست: باقە بەس.
باک، ترس: فیسار کەس بێ (باک)ە.
با کردن: پەیدابوونی با لە سکدا. ناوسان، بریتییە لە تووڕەبوون.
با کۆڤە: ز. میوەی نەگەییو.
باکور: لای چەپ (شیمال).
باکوزیرک: با. بەفرێکە کە بەباوە بباری.
باکەش: کەڵەشاخ. بابوێر.
با کەشگرتن: کەڵەشاخ گرتن لە شوێنێک لە ئەندام بەبێ جنینی.
باکەڤ: خشتێکە کە باش سوور نەبووبێتەوە و، بەخستنە ناو ناو هەڵ بودرێ.

باکێش: بادگیر.
باگا: د. شوێنی باگر.
باگر: شوێنێکە کە با بیگرێتەوە.
باگردان: باگردێن.
باگردێن: شتێکی خڕی ئەستووری درێژکۆلەی قورسە لە دار یا لە بەرد بانی پێ دەگێردرێ لە کاتی باران باریندا.
باگژە: د. بایەکە لە ناوەندی شەماڵ و سەبادا.
باگوردان: باگردێن.
با گونە: جۆرە نەخۆشییەکە دەداتە گونی نێرینە لە غوبابییەوە و، هەڵیدەئاوسێنێ.
باگەڕ: ز. بای بەهێز.
با گەڕێن: ز. بانگوش. باگردێن.
باگێژە: گێژەڵووکە.
باگیر: با گا.
باڵ: پەلی گیاندار. دوو ئەندامە بەڕاست و چەپی باڵدارەوە، پێی دەفڕێ.
بالا: درێژیی شت.
بالابەرزە: پەنجەی سێیەمی دەست.
بالاپۆش: عەبا.
بالادەست: کەسێکە کە بەدەسەلاتتر و دەست ڕۆیووتر بێ لە یەکێکی تر: ئەم (بالادەست)ی ئەوە.
بالاروان: ئاوێنەی گەورەیە کە بالای مەردوومی تێدا دیار بێ. پەنجەرەیەکە لە نزیک بنمیچەوە دەکرێتەوە بۆ ڕووناکی و باکێش.
بالاشمە: د. باڵیشمە.
بالاشەمە: د. باڵیشمە.
بالافڕ: ز. فڕۆک.
بالاف: ز. بەرگو. کالایەکە کە بۆ شوشتن ئامادە کرابێ.
بالاڤی: ز. سوێنەی جل شوشتن.
بالاڤ: با. جلشۆرین.
بالاکردن: درێژبوونی قەد و بالا. بریتییە لە گەشەکردن : گەز گەز (بالا دەکەم) واتە لە خۆشیاندا گەشە دەکەم.
بالاگەردان: کەسێکە کە خۆی بگێرێ بەدەوری یەکێکدا.
بالانوێن: ئاوێنەی بالاروان.
بالانی: جۆرە ئێسترێکی بچکۆلانەیە کە پێی دەڵێن: (ئێسترە گایلکە).
بالباز: سەرباز.
باڵبەست: کەسێکە هەردوو باڵی لە پشتەوە بەسترابێ.
باڵبەستکردن: بەستنی هەردوو باڵی مەردووم لە پشتەوە.
باڵبەستن: باڵبەستکردن.

باڵتوز: ز. ژن خوشک.
باڵتە: ل. تەشوێ. تەور.
باڵخەنجەرە: مەلێکە لە کۆتر بچووکترە لە کاتی فڕیندا باڵی وەک خەنجەر لێ دێ.
باڵدار: گیاندارێکە کە بەباڵ بفڕێ.
باڵگرتن: فڕین.
باڵگرتنەوە: فڕینی باڵندە.
باڵگک: ز. سەرین.
باڵگە: ز. سەرین.
باڵگیڤ: ز. سەرین.
باڵندە: باڵدار.
بالنگو: د. بادرەنگ.
بالویک: با. بالووکە.
بالۆ: ز. وتەیەکە لە جیاتی وتاری: (بە لای کەمەوە) بەکار دەهێنرێ.
بالۆرە: جۆرە گۆرانییەکی کوردییە.
بالۆرێ: بالۆرە.
باڵۆز: باڵیۆز.
بالۆکە: بالووکە.
باڵۆن: جۆرە فڕۆکەیەکە.
بالوور: ز. قنگی مریشک.
بالووک: د. بالووکە.
بالووکە: گرتیەکی بچکۆلانەیە لە جەستەی گیاندار پەیدا دەبێ.
باڵوولە: پاروو.
بالە: مەردوومی گێلی تێ نەگەیشتوو (ز). بارەی کارژۆلە. دەسکێشی چەرم.
باڵە: دەسکێشی چەرم. بێلاسن (هـ).
باڵەبان: باڵندەیەکی گۆشتخۆری خێرای ڕاوکەرە لە باز گەورە ترە. جۆرە ئێسترێکی زەلامە. پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆسیقا.
باڵەتە: ز. سەرەتای گەیینی میوە.
باڵەتەپە: باڵەتەپێ.
باڵەتەپێ: باڵەفڕێ.
باڵەخانە: سەرخان.
باڵەشنە: ز. سەرینی بچکۆلانە.
باڵەشۆرە: باڵەشۆری.
باڵەشۆرێ: جۆرە نەخۆشییەکە دەگا بەجووجەڵەی مریشک باڵەکانی شۆڕ دەکا و دەیکوژێ.
باڵەفڕە: باڵندەیەکە تازە باڵی گرتبێ. فڕەفڕکردنی مەل بەباڵی.
باڵەفڕێ: باڵەفڕە.

باڵەکرە: دارێکی درێژە تەختەیەک بە سەریەوەیە خۆڵ و خاشی پێ کۆدەکرێتەوە.
باڵەوان: باڵندەیەکی گۆشتخۆری ڕاوکەرە.
باڵێ: هـ. باڵەدارینە.
بالیشت: ل. سەرین.
باڵیشمە: داری سەرینی گورگە و دارەڕا و سەرتاق.
بالێف: سەرین.
بالیفک: با. سەرین.
باڵێن: د. سەرین. پشکۆڵ.
باڵیۆز: شابەندەر.
باڵیۆزخانە: کۆشکێکە شابەندەری تێدا دادەنیشێ بۆ بەجێهێنانی کاروباری مەردووم.
بالیف: بالێف.
باڵین: د. سەرین.
باڵینە: شتێکە بەگردی لە پەڕۆ دروست دەکرێ لەسەر تەنەکەی منداڵ دادەنرێ و لە سەری ڕادەهێلرێ، یا کرێکار دەیخاتە سەر سەری و شتی قورسی لەسەر دادەنێ.
بام: پیتی پەلە و تاکیدە دەخرێتە سەر ئەمری غائب و متکلمی وحدە و متکلمی مع الغیر: (بام) بڕوا، (بام) بڕۆین، (بام) بڕۆم.
بامجان: د. باینجان.
بامجان مەزرەنگی: د. تەماتە.
بامێ: گیایەکی بەرزی گەڵاپانە بەرێک دەگرێ وەک بەڕوو، دەکرێ بەچێشت.
بامیە: بامێ.
بان: سەر سەری شت، سەربان.
بانبارگە: بەربووکێکە کە لەسەر بارگەی بووکەوە سوار دەکرێ دەنێردرێ بۆ ماڵی زاوا.
بانبانک: مشکێکی درێژکۆلەیە دەڵێن گوایە هەر لەسەر کۆمای زێڕ دەنوێ.
بانپووشین: لاگیرە.
بانتلێن: بانگردێن.
بانجیلە: د. بانی نزمی بچووک.
بانسەر: دراوێکە دەدرێ لە تەوقەسەری کڵاوی ژنان بۆ پێداکردنی ئەڵقەی دەسماڵی.
بانق: شوێنێکی تایبەتییە پیشەی هەر پارەوەرگرتن و پارەدانە بەم و بەو بەسوود.
بانقۆ: جۆرە قومارێکە.
بانگ: چەند وتارێکی ئاینیی تایبەتییە (بانگدەر) لە سەرەتای هەموو نوێژێکەوە بەدەنگی بەرز دەیڵێ بۆ ئاگادارکردنەوەی نوێژکەران. هاوار. (بانگە بانگ) بانگی یەک لە دوای یەک. بانق.
بانگاواز: بانگکردن بەدەنگی بەرز. ئەندازەیەکە کە دەنگی بەرز بیگاتێ.
بانگدان: وتنی بانگ بۆ نوێژکەران.
بانگدەر: کەسێکە کە بانگ بدا بۆ نوێژ.
بانگرۆزبوونەوە: گلۆربوونەوە.
بانگکردن: هاوارکردن. بانگێشتن.
بانگردێن: باگردێن.
بانگلێر: باگردێن.
بانگلێن: بانگلێر.
بانگوش: کەسێکە کە بان بگێڕێ بەپارە.
بانگەڕ: باگردێن (ز). بانگوش.
بانگەواز: بانگاواز.
بانگهەڵدان: گریان بەدەنگی بەرز.
بانگێڕ: بانگوش. باگردێن.
بانگێشتن: بانگکردن بۆ سەر شیرینی و نانخواردن.
بانگێن: د. شتێکە کە لە سەری سەرەوە بێ.
بانما: د. شتێکە ئەندازەی با و گەرمی و ساردی پێشان دەدا.
بانماڵ: د. بەفرماڵ. سەربان.
بانۆک: کەسێکە کە ساوا بەدایکە نەبانەکەی هەڵبگرێتەوە. نەبان.
بانوو: خانم: لێم بووە بە(بانوو)ی بانووان.
بانە: ئەو خانانەیە کە جووتیار لە وەردا دەیکێشێ بۆ ئەوەی کە تۆوی پێوە بکا و بزانێ کە چەندی تۆو کردووە لە زەوییەکە. جێ لەوەڕی بەهاری ئاژاڵ (ز). بەرزایی ناوەندی دوو دێراو (ل). ناوی شارێکی کوردە لە ڕۆژئاوای کوردەواریی ئێران.
بانەگا: جێیی ڕووانی مووی خوار بەرمووسڵدان.
بانەناو: هـ. سواخ.
بانەوبان: بازدان لە بانێکەوە بۆ بانێکی تر.
بانی: تەپڵەسەری شاخ یا گردێکە کە تەخت بێ. سەربان.
بانیژە: بانی نزمی بچووک.
باو: دەستوور: فیسار شت بووە بە(باو). باوک. زیادەی شتێک بەسەر شتێکی تردا: ئەم کۆمەڵە گەنمە (باو)ی هەیە بەسەر ئەو کۆمەڵەدا، یا نەریمان لە زیرەکیدا (باو)ی بەسەر ساڵاردا هەیە، واتە لەو زیاترە.
باوا: باوکی دایک. باوک (ل).
باوام: ل. بادام.
باوان: ماڵە باوک.
باوانی: ئەو شتومەکەیە کە لە ماڵی باوکەوە لەگەڵ بووکدا دەنێردرێ.

باوبژە: بایەکە کە لەناو سکدا قوڕەقوڕ بکا.
باوجو: باوجوود.
باوجوود: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (لەگەڵ): نەریمان (باوجوود)ی نەخوێندەواریشی لە وشیار زیرەکترە، واتە لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەر ئەو وریاترە.
باودیان: د. شتێکە کەرێکی ئارەزووبێ: ئەو خواردنە یا ئەو فاسۆنە (باودیان)ی فیسار کەسە واتە بەئارەزووی ئەوە.
باو سەندن: زاڵبوون بەسەر شتێکدا: فەرهاد (باوی سەند) بەسەر ڕۆستەمدا. بوونی شت بە باو.
باوکە: چۆلەکەی نێر. وتەیەکە لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەیەکێک دەوترێ.
باوکەڕۆ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتی شیوەندا.
باوکەلێ: وتەیەکە دەوترێ بەیەکێک لە ڕووی خۆشەویستییەوە.
باوش: باوەش.
باوشک: باوێشک.
باوک: نێرینەیەکە کە منداڵی لێ بکەوێتەوە.
باوڵ: باوەڵ.
باوەئیرک: ز. ئەڵقەی مسین یا ئاسنین.
باوەپیاو: مێردی دایک.
باوەت: د. بابەت.
باوەجوو: باوجوود.
باوەخولێ: بابەخولێ.
باوەخون: بردنەوەی بووکی تازە لەلایەن ماڵی باوکیەوە لەپاش چەند ڕۆژێک لە گوێزانەوەی.
باوەخۆن: باوەخون.
باوەخوون: باوەخۆن.
باوەڕ: چوونە دڵی قسەیەک.
باوەڕکردن: چەسپینی قسەیەک لە دڵدا.
باوەڕپێکراو: کەسێکە کە باوەڕ بەقسەی کرابێ. کەسێکە کە بیکەی بە جێنشینی خۆت لە کارێکدا و باوەڕت پێی بێ.
باوەڕپێکردن: باوەڕکردن بەیەکێک.
باوەژن: ژنی باوک.
باوەش: کۆش و بەرسنگ.
باوەش پیاکردن: باوەشکردن بە شتێکدا.
باوەشگرتن: گرتنە باوەشی شتێک.
باوەشێن: شتێکە بەسووڕانەوە و ڕاوەشاندنی بای فێنک پەیدا بکا.
باوەقوت: د. پیاو و ژنی بچکۆلەی باڵا نزم.
باوەڵ: جۆرە سندووقێکە کە کاڵا و کەلوپەلی تێ دەخرێ و بەدەست هەڵدەگیرێ.
باوەڵبوون: گۆتبوونی کار و بەرخ بەهۆی نەخۆشیی (باوەڵی)یەوە.
باوەڵی: جۆرە نەخۆشییەکە دەداتە ئەژنۆی کار و بەرخ دەیئاوسێنێ و گۆتی دەکا.
باوێشک: جۆرە دەم داچەقاندنێکە بەبێ ئارەزوو لە کاتی خاوبوونەوەی جەستە و خەوبردنەوەدا.
باوێشکدان: دەم داچەقاندن لە کاتی باوێشکدا.
باویلکە: پەپوولە پایزە: (باویلکە) بایەکی بەسە.
باوی: بادام. بادار (ز).
باهاتن: هاتنەبا.
باهوڕ: ز. ڕەشەبا.
باهۆڕ: با. ڕەشەبا.
باهوو: شان و قۆڵ. دارێکی شووشەییە دەکرێ بەچوارچێوەی پەنجەرە و دەرگا و شتی تر. ئاسۆ.
باهوودار: ئادەمیزادی چوارشانەی بەخۆرە.
باهەنجیر: هەنجیرێکی بێ تامە لەپێش هەنجیری تردا پێ دەگا.
باهێر: د. زەوییەکە کە شتی تێدا نەڕوێ. سەراسیمە.
باهێف: با. بادام.
بای: شقارتە.
بایام: ل. بادام.
بایجان: د. باینجان.
بایس: بایست.
بایست: هۆ: بوویت بە(بایست)ی کوشتنی فیسار کەس.
بایستی: هۆیەتی.
بایسی: بایستی.
بایلکە: باویلکە.
بایڵە: د. جۆرە تەنراوێکی زۆر تەنکی ناسکە.
باینجان: گیایەکی گەڵاپانە بەرێکی قاوەیی تۆخ دەگرێ وەک چەکەی هەلاج دەکرێ بەچێشت. تەماتە.
باینجانی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی باینجان وابێ.
بایەخ: دەگەر و باوەڕ: (بایەخ)ت نییە یا (بایەخ)ت پێ ناکەم.
بایەف: داری چەقالە.
بایەقوش: جۆرە باڵندەیەکە لە کوندەبەبوو دەچێ.
بایەو: بایەف.
بایی: کەسێکە لە خۆی خەڕۆ بووبێ. وتەیەکە پرسیاری نرخی شتی پێ دەکرێ: ئەم شتە (بایی) چەندە. بادام. جامی ئاو خواردن.
بایدە: لەگەن.
ببرای ببرای: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ نەکردنەوەی کارێک بەئێجگاری: (ببرای ببرای) ئیتر ئەو کارە بکەم.

ببلە: د. بەچکەی گیاندار.
بت: وێنەیەکی قەبارەداری دروستکراوە بۆ پەرستن.
بتپەرست: کەسێکە کە بت بپەرستێ.
بتپەرستی: پەرستنی بت.
بتخانە: شوێنێکە کە بتی تێدا بپەرسترێ.
بتر: شتێکە کە لە هاوەڵەکانی زووتر پێ بگا و بەخۆیدا بێ (ز).
بتربوون: ز. زووتر پێگەیشتن و زیاتر بەخۆداهاتنی شتێک لەناو هاوەڵەکانیدا (ز) زۆرتربوون.
بتەو: پتەو.
بتەوی: عاستی پتەویی شت.
بچران: پچران.
بچراندن: پچراندن.
بچرک: ناوساجی (ز).ناسکەنان (با).
بچریان: د. پچران.
بچرین: د. پچرین.
بچرک: ز. کولێرە بەرۆن.
بچکۆلانە: پچکۆلانە.
بچکۆلە: پچکۆلە.
بچکەلە: د. پچکۆلە.
بچکەڵە: پچکۆلە.
بچۆلە: د. بچکۆلە.
بچووک: پچووک.
بچووکی: پچووکی و بەندەگی.
بچەنگانی: ز. چنگەپۆپانێ.
بختیان: بوختان.
بخۆر: زۆرخۆر. کەسێکە کە خواردنی باش بخوا.
بخورد: شتێکە وەک کەتیرە دەسووتێنرێ بۆ بۆنخۆشی.
بخوردان: دەفرێکی تایبەتییە بخوردی تێدا دەسووتێنرێ.
بخوز: د. گایەکە کە لە کاتی کاردا بنوێ.
بخوور: بخورد.
بخووردان: بخوردان.
بختیری: ز. موغەیری.
بدوو: کەسێکە کە بزانێ بدوێ.
برا: نێرینەیەکە کە لە باوک و دایکت یا لە یەکێکیان بێ.
برابەش: کەسێکە کە لە شتێکدا لەگەڵتدا هاوبەش بێ.
برادەر: دۆست و ئاشنا.
برادەری: دۆستی و ئاشنایەتی.
برازا: منداڵی برا.
برازازا: منداڵی منداڵی برا.
برازاڤا: ز. برازاوا.
برازاگ: د. برازا.
برازاوا: برا یا برادەرێکی زاوایە کە لە ڕۆژی بووک گواستنەوەدا پشتێنی بووکەکە ببەستێ.
برازە: ز. شتێکە کە شتی قورسی پێ بەرز بکرێتەوە. برازا.
برازی: ز. برازا.
براژن: ژنی برا.
براڵوو: هـ. پەلاڵووک.
برالە: وتەیەکە دەوترێ بەیەکێک لە ڕووی خۆشەویستییەوە. جۆرە گیایەکە. ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی پێنجوین.
براڵە: برالەی خۆشەویست.
برامازگ: د. جۆرە بەرێکە لە بەری مازوو.
برایتووتە: پەنجەی تەنشت پەنجەتووتە.
برایەتی: بوونی دوو کەس بەبرا. برادەری.
برایی: برایەتی.
برت و بۆڵ: لەبەرخۆوە بۆڵەبۆڵکردن.
برجی پیرێژن: حەوت ڕۆژی زۆر ساردە لە دواییی زستاندا، چواری بەر شوبات و سێی بەر ئادار دەکەوێ.
برچی: ز. برسی.
بردن: لەگەڵ خۆدا هەڵگرتنی شتێک لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.
بردنەبەست: ڕێگرتنی یەکێک یا شتێک لە یەکێک: فیسار کەس ڕێگای لێ (بردووینەتە بەست)، یا ناوەکە ڕێگای (بردۆتە بەست).
بردنە سەر: تەواوکردنی کارێک یا وتارێک: هەرچی دەکەی (بیبەرە سەر).
بردنەوە: سەرکەوتن و زاڵبوون لە یاریدا. بردنی شتێک بۆ شوێنێک دووەم جار.
برِ: لق: (برِ)ێک دار. هێند (برِ) ێک دانیشە. گوترە: لە (برِ) ئەم کارەم بۆ بکە. بوار: ئەم ناوە (برِ) نادا.
برِادە: ڕیزە ئاسنی وردە کە لە ئاسنی ڕنراو دەبێتەوە.
برِان: پچران: گوریسەکە (برِا). برینداربوون بەتیغ: دەستم بەچەقۆ (برِا).
برِانەوە: نەمانی شت. پچرانەوە: تەزبێحەکەم (برِایەوە) واتە پچرایەوە.
برِبرِاگە: برِبرِەی پشت.
برِبرِە: ئێسکی زنجیرەداری موورغەی پشت. داسێکی پچکۆلەی کەوانەدارە وەک مشار. نەتەوەی ساغی تیرەیەک: ئەم پیاوە لە (برِبرِە)ی بابانە.
برِبوون: جیابوونەوە و لێکبرانی هێندێ گیاندار لە یەک.
برِبەند: پارچە پۆلایەکی درێژکۆلەی گرنج گرنج و ڕووشە شتی پێ دەکرێنرێ.

بڕەنک: بڕبەند.
بڕدان: جوێکردنەوەی شتێک لە شتێکی تر.
بڕس: د. بڕست.
بڕست: هێز و هەناو: (بڕست)ت بڕیم.
بڕشت: پارچەی سەرەمەقەست. تیژیی مەقەست و تیغ: ئەم قەیچییە یا ئەم چەقۆیە بێ (بڕشت)ە. پیت و بەرەکەت: دەغڵودانی ئیمساڵ بە(بڕشت)ە. دەگەر و فەرمانڕەوایی: فیسار کەس بە(بڕشت) یا بێ (بڕشت)ە.
بڕفێن بڕفێن: د. فڕان فڕان.
بڕک: بنجی کاڵەک و شووتی و خەیار و ترۆزی. شووتی و کاڵەکی تازە لە بڕک کراوە. قڕقێنە (با).
بڕکردن: توانین لە ڕێڕۆیندا: بەپێ (بڕناکەم). کارکردن و جێگیربوونی فەرمان و قسە: فیسار کەس وتە یا فەرمانێ (بڕ ناکا). جیاکردنەوەی دوو شت لە یەک.
بڕکە: پلار. بڕکی بێستان. کۆمەڵێ ئاژاڵ. گیایەکی کوێستانیی بۆنخۆشە بۆ لەوەڕی ئاژاڵ زۆر باشە. پارچە (د).
بڕگە: لەلەی قەراغی هێندێ شت. (بڕگەبڕگە) شتێکە بڕگەی زۆری پێوەبێ.
بڕمەبڕم: دواندن و خورین بە وتاری قەبەی زبر. تۆ چ (بڕمە بڕم)ێکتە.
بڕمێن: بڕیتییە لە مەردوومی ئازادی بەدەستوبردی جوامێر.
بڕناخ: کونەلووت. لووت.
بڕناخە: بڕناخ.
بڕندە: تیغێکە کە باش شت ببڕێ.
بڕنووتی: دەرمانێکە لە تووتن دەکرێ و دەکرێتە لووتەوە بۆ پژمین.
بڕوا: باوەڕ، (بڕوابوون) بڕواکردن، (بڕواکردن) باوەڕکردن.
بڕوایی: دڵکرانەوە بەبینینی شتێک یا شوێنێک: دڵم (بڕوایی) نادا بچم بۆ لای فیسار کەس.
بڕوسک: شتی کەم: (بڕوسک)ێک ئاوم بدەرێ.
بڕۆش: بڕوێش.
بڕووش: بڕوێش.
بڕوێش: گەنمی پەڵخوردکراو.
بڕوێشکردن: بڕیتییە لە قسەکردن بەهەڵەیی: فیسار کەس کەوتە (بڕوێشکردن) واتە کەوتە قسەی بێ سەر و پێ. مووکردن.
بڕوێشێن: د. چێشتی بڕوێش.
بڕۆیی: بڕوایی.
بڕە: کەڵبەی بەراز. یەکانە. قرتاندنی گوڵەزەرات بۆ کوتاندن: زەراتەکە (بڕە) بکە. کەڵەمێرد. کچ (ل). بەیارێکە لە زەوی لە ناوەند دوو وەردا (د). گۆترە (د).
بڕەک: ز. مشار.
بڕیار: پەیمان.
بڕیان: د. پچڕان.
بڕیانەوە: د. بڕانەوە. پچڕانەوە.
بڕێژ: قاڵبێکە کە شتی تواوەی تێدا دابڕێژرێ.
بڕێس بڕێس: سمڕ سمڕ.
بڕێش: د. بڕوێش.
بڕێشت: د. بڕینی کالآ: ئەم کەوایە (بڕێشت)ێ جوانە. بڕشت.
بڕین: کەرتکردنی شتێک بەشتێکی تیژ.
بڕینەوە: هەڵپاچینی تووکی ئاژاڵ بە(بڕنگ). گرتنەوەی ساوا لە شیری دایکی. دووکەرتکردنی دار یا ئاسن بەمشار. دواهێنان بەگوفتار یا کردارێک.
برژان: سوورەوەبوونی هێندێ شت بەئاگر. برژانگ.
برژاندن: سوورەوەکردنی شت بەئاگر.
برژاندنەوە: تیمارکردنی برینی تازە بەدەرمانێکی تیژ بۆ ئەوەی کە تەشەنە نەکا.
برژانگ: مووی سەر پێڵووی چاو.
برژانەوە: ژانکردنی برین لە کاتی برژاندنەوەدا.
برژاو: شتێکە کە لەسەر ئاگر برژابێ. برژانگ.
برژۆڵ: ڕیشووی خاولی و سووزەنی و هێندێ شتی تر. پڕی گوڵە گەنم و جۆ.
برژیاگ: برژاو.
برژیان: برژاو.
برژیانەوە: برژانەوە.
برسێتی: پێویستی گیاندار بەخواردنێک کە بەری دڵی بگرێ.
برسی: گیاندارێکە کە پێویست بێ بەخواردنێک کە بەری دڵی بگرێ، (برسیبوون) پێویستبوونی گیاندار بەخواردن.
برشهەلاتن: تەنگەنەفەس بوون و پیشهەلاتن لە گەرماندا.
برقەندەرە: ل. چەقەڵ.
برک: ژانێکە لە دەماری پشت و کەلەکەدا پەیدا دەبێ بەهۆی سەرمابوونەوە. (برککردن) دووچاربوونی ئازاری برک. پەڵ: (برک)ێکی تێ گرت. حەوز (با).
برکدان: فڕێدان.
برکە: پەڵ: (برکە)یەکی تێ گرە.
برمە: جۆرە خواردەمەنییەکە لە هەویر و شەکر و گوێز دروست دەکرێ. ناڵەی تادار. (برمەبرم) ناڵەناڵی تادار.
برن: ز. بردن.
برنج: دانەوێڵەیەکە وەک گەنم بەڵام ئەم سپییە، دەکوترێ و دەکرێ بەگەڵێ جۆرە چێشت.
برنجاڕ: شوێنی مەرەزە.

برنج کوت: کەسێکە کە هەر برنج بکوتێ بۆ مەردووم بەپارە.

برنجۆک: شتێکی تەنکی کون کونی جوانە ژنان دەیکەن بەکراس و دەسماڵ.

برنجە: هـ. زەردێکە کە شتی لێ دادەرێژرێ.

برنگ: تیغێکی دوودەمە وەک مەقەست ئاژاڵی پێ دەبڕدرێتەوە. پلار.

برنگدان: د. فرێدان.

برنگە: برنگی ئاژاڵ برینەوە.

برۆ: ڕیزە موویەکی کەوانەییە بەسەر کالانەی چاوەوە.

بروسک: ز. بروسکە.

بروسکاندن: بروسکەدان.

بروسکانەوە: بریقەدانەوەی هێندێ شت لە دوورەوە.

بروسکە: چەخماخە و ئاگر هێنانێکە کە لە هەور یا لە لێکەوتنی دوو شتەوە پەیدا دەبێ.

بروسکەدان: چەخماخەدانی ئاسمان. پەیدابوونی ئازارێکی کوتوپڕی لە جەستەدا.

بروسکیان: د. بروسکەدان.

برۆش: ز. بەروش.

برووزسەندن: زۆربوون و زاڵبوونی شتێک بەسەر شتێکدا: ئاگردکە یا فیسار کەس بەسەر فیسار کەسدا (برووزی سەند).

برە: برژانێکی ناوەنجییە بۆ هێلکە و کڵ کە نابێ لەوە زیاتر ببرژێن: هێلکەکە یا گۆزەکە ئەوەندە برژاوە و سووربووەتەوە لە (برە) چووە.

بردش: ز. هەژار.

بردڤان: با. ناوبژیکەر.

بردو: بەرزبوونەوە یا زیادبوونی نرخی شت: فیسار کەس لە بردو دایە یا ئەو شتە لە (بردو) دایە.

بردوبردنەوە: بردوسەندن.

بردوپێدان: برەودان بەکەسێک یا بەشتێک.

بردوسەندن: برەوپەیداکردنی شتێک.

برێ: برە.

بریا: وتەی ئاواتخواستن: بریا کورد هەموو خوێندەوار دەبوون.

بریانی: بەرخ و مریشکی ناوسک ئاخنراوی لە ڕۆندا سوورەوە کراو.

برێژیا: هـ. برژاندن.

بریسکە: تیشکی شووشە و هێندێ شتی تر کە خۆر لێی بدا. (بریسکە بریسک) بریسکەی یەک لەدوای یەک، (بریسک و هوور) بریسکە بریسکی زۆر.

بریسکەدان: بروسکەدان.

بریسکەدانەوە: تیشکدانەوەی شووشە و هێندێ شتی تر کە خۆر لێی بدا.

برێشتە: هـ. برژاندن.

برێشکە: دانەوێڵەی برژاو بەئاگر.

برێشگە: برێشکە.

برێنە: برنگی ئاژاڵ برینەوە.

بری: بریتی. برۆ (با).

بریتی: شتێکە کە لە جیاتی شتێکی تر بێ: چای بۆ هەژار (بریتی) چێشتێتی. (کنایە).

بریخە: بریقە. بەربەخەیە کە بۆ قایمی لە دیوی ناوەوە دەدرێ بەیەخەی کراسدا.

بریق: ل. مەسینە.

بریقانەوە: بریقەدانەوە.

بریقە: درەوشانەوەی شت لەبەر هەتاو و چرا. (بریقە بریق) بریقەی یەک لەدوای یەک. (بریق و هوور) بریقە بریقی زۆر.

بریقەدانەوە: درەوشانەوەی شت لەبەر هەتاو و چرا.

بریکە: د. بریسکە.

بریکەنێ: بریا.

برین: شتێکی بەسفت و سۆیە لە جەستەی گیاندار پەیدا دەبێ و دەم دەداتەوە.

بریندار: گیاندارێکە کە برین بەجێگایەکیەوە بێ. هێندێ شتە کە کونی تێ بووبێ. (برینداربوون) پەیدابوونی برین لە شتدا. (بریندارکردن) پەیداکردنی برین لە شتدا.

برینداری: بوونی جەستە بەبریندار.

برینگە: برنگی ئاژاڵ برینەوە.

برینە: ژانگرتنی ژن لە کاتی منداڵ بوونیدا.

بز: چاوی زەقی داپچڕاو. کێرێکە لە یاریی (بزێندا) دەکێشرێ.

بزن: (هـ). جۆرە ماسییەکی گەورەیە. بەز. (د).

بزان: کەسێکە کە لە کارێکدا زۆر شارەزا و زانیار بێ.

بزاوتن: بزواندن.

بزبزۆکە: هـ. و بیز و بیزە.

بز پێوەکردن: پەنجەکردن بەقنگی یەکێکدا بەگاڵتە. بریتییە لە گاڵتە پێکردن: (بزی پێوە مەکە) واتە گاڵتەی پێ مەکە.

بزدان: پچڕان (با). ترسان (ز).

بزداندن: ز. ترساندن.

بزدۆنەک: ز. ترساندن.

بزدین. بەزدین.

بزر: شتی ون. (بزربوون) ونبوونی شت. (بزرکردن) ونکردن. ڕۆنی کەتان (ز).

بزربزر: شتێکە کولێ کولێ و گرۆگرۆ بوەستێ وەک ڕۆندووگ.

بزرکان: تێکچوونی شیر و ماست و هێندێ شتی تر و گرۆگرۆ ویستانی. تێکچوون و شپرزەبوونی گیاندار لە ترساندا. (بزر کاندن) ورێنەکردن.
بزرکاو: ماست و شیر و هێندێ شتی ترە کە تێکچووبێ. گیاندارێکە لە ترسا شپرزە بووبێ.
بزرکرن: ز. خۆهەنوون بەرۆنی کەتان.
بزرۆک: ز. زیپکەی ئەندام.
بزگ: د. پزووی دەرپێ. شیلانی سوور کە ژنان دەیکەنە ملیان.
بزگور: پارچەیەکی بێ نرخە لە بەرگ و پێخەف و ژێرەخەر. بریتییە لە دراوێکی کەم نرخ: (بزگور)ێکم پێ نییە.
بزگیر: رژد.
بزگیلە: بەربووک.
بزلماجی: جۆرە کولێرەیەکە لە پێشەوە دەخرێتە سەر ساج تا نیوە برژ دەبێ ئینجا دەخرێتە سەر مادە و دیوەکەی تری بەتوندی دەدرێ بەسەر ساجەکەدا.
بزلە: هـ. کارژۆلە.
بزماتە: توێژی ئەستووری سەر برین.
بزمار: ئاسنێکی باریکی درێژی سەرپانی لووت تیژە دادەکوترێ بە هێندێ شتدا بۆ قایمی.
بزمارڕێژ: شتێکە کە بزماری زۆرێ پیادا کوترابێ.
بزمارکوت: ترێیەکە کە هێشووی زۆر پربێ.
بزمارە: وردە پوازێکە دەدرێ لە گێڕی ئاش تا نەمیێزێ.
بزمک: بلامک.
بزمەتە: بزماتە.
بزن: جۆرێکە لە ئاژاڵی ماڵی.
بزنانە: سەندنی چل یەکە لە ئاژاڵی ماڵی لەلایەن دەوڵەتەوە.
بزن ترێنە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەوەر وایە بنکێکی خڕی هەیە وەک پیازی پچووک.
بزنلەر: مەلێکی بۆری گەورەیە وەک قاز، گۆشتی دەخورێ.
بزن مژ: دەعبایەکی کێویی کاوێژکەرە لە (قومقمۆکە) گەورەترە، چنگی وەک چنگی منداڵ وایە، گۆشتی دەخورێ و پێستەکەی دەکرێ بەکالانی خەنجەر.
بزن مژە: بزن مژ.
بزن مژەک: بزن مژ.
بزن مشک: بزن مژ.
بزنەدۆخە: بزنێکە بەکار و شیرەوە هەموو ماڵێک ساڵەوساڵ دەیدەن بەئاغا بۆ ماست و دۆ خواردنی.
بزنەریشە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک شوبیت وایە، بنجێکی پچووکی هەیە.
بزنەکورانە: بزنێکە هەموو ماڵە مسکێنێک دەینێرن بۆ ماڵی ئاغا لە حەلێکدا کە کوری ببێ.
بزنەکێفی: بزنە کێوی.
بزنە کێوی: گیاندارێکی کێوییە لە ئاسک دەچێ بەڵام ئەم شاخی لق لقە.
بزنەودس: مەشکەیەکە لە پێستی بزن کرابێ.
بزواندن: جووڵاندن.
بزۆز: بزێو.
بزۆک: بزێو. گیاندارێکە کە سک و زا بکا. ئافرەتێکە کە زۆر سک و زا بکا.
بزوو: ز. داری بی.
بزووت: برە دارێکە سەرەکەی سووتابێ.
بزووتک: بزووت.
بزووتن: جووڵانی شت. هاتنەخواردوەی شیر بەمەمکدا بۆ منداڵ.
بزووتنەوە: جووڵانەوە. بریتییە لە سەرکەوتنی نرخی شت بەرەبەرە. بریتییە لە زیادبوونی ئاو بەرەبەرە.
بزووک: د. گیانداری بزێو.
بزوێن: جوولێنەر.
بزە: زەردەخەنە. زەقەی چاو،
بزەبز: زەقەزەقی چاو.
بزەفتن: ز. بزووتن.
بزەکردن: بریتییە لە پێکەنینی بێ دەنگ.
بزەگرتن: بزەکردن.
بزەن: مەردوومی ئازای لێهاتووی لێدەر.
بزەڵە: بەچکەی بەراز. بەچکەی گیاندارێکە کە بەخۆیداهاتبێ و گەورە بووبێ. (بزەڵەبوون) گەورەبوون و بەخۆداهاتنی بەچکەی گیاندار.
بزەلەر: بزنلەر.
بزێبزێ: گیایەکی بەهاریی کوێستانییە سێ چوار پەل دەردەکا، گوڵێکی سپیی واش دەگرێ.
بزیسک: پزیسک.
بزیشک: ز. کەرە.
بزێن: جۆرە یارییەکە منداڵان کێرێکی گرد دەکێشن، یەکێک دەچێتە ناویەوە ئەوانی تر تێی هەڵدەدەن.
بزێو: کەسێکە کە زۆر بجووڵێ.
بزێوی: جولانی زۆر.
بزی: رەشەوڵاخێکە کە پێی نابێتە سێ تا چوار ساڵ.
بژ: مووی گێف. پژ.
بژار: پاککردنەوەی شینایی لەو گیایانەی کە زیانی پێ دەگەیەنێ. گیایەکە لەناو شینایدا بژار دەکرێ.
بژارتن: ز. بژاردنی دانەوێڵە.
بژاردن: پاککردنەوەی وشکەدان لە زیوان. ژماردن. دانی نرخی شتێک بەخاوەنی کاتێک شتەکەت بەدەستەوە چووبێ.

بژارکردن: پاککردنەوەی شینایی لە گیا و سەوزی بێگانە.
بژارکەر: کرێکارێکە کە هەر بژار بکا.
بژارە: ڕاستکردنەوەی ڕایەڵی جۆلاّ کە پاش و پێش بکەوێ. ژماردن.
بژارەکردن: خەوزڕان و خەیاڵکردن لەبەر مەراقێک: ئیمشەو تا بەیانی من هەر (بژارەم کردوە).
بژانگ: ڕیشووی شت (ز).
برژانگ. خۆدۆزین (د).
بژانن: هەڵبژاردن. برژاندن.
بژبژە: پەسپەسە کۆڵە.
بژنک: ز. پرشنگی ئاو و بەرد لە کاتی شکاندنیدا.
بژنیاگ: د. هەڵبژێردراو.
بژنین: د. هەڵبژاردن.
بژوون: ز. سووژن.
بژوولک: برژانگ.
بژوێن: زەبەند و لەوەڕی زۆر.
بژوین: پاک و خاوێن.
بژیاگ: د. برژاو.
بژێو: خواردەمەنییەکە کە هۆی ژیانی مەردووم بێ. بژوێن.
بژی: با. چەند موویەکە لەپێش ناوچەوانەوە دەهێڵرێتەوە لەلایەن لادێیی و کۆچەرییەوە.
بس: بستی گیاندار. بلۆسکی ئاش.
بسبسۆک: ز. گوڵە ئەستێرە.
بست: پانیی دەست لە سەری پەنجەتووتەوە تا سەری پەنجە گەورە. بلۆسکی ئاش. بستک (ز).
بستک: با. شیشی گۆشت برژاندن.
بستوو: کۆسپایی. بلۆسک.
بستە: شتێکە وەک چەقاڵە، سوێر دەکرێ و دەخورێ. چەقەنەی دەست.
بستەلێدان: چەقەنەلێدان.
بسک: با. ئەگریجە.
بسکۆک: بسک.
بسکە: ڕووخۆشی و زەردەخەنەیەکە پەیدا دەبێ لە یەکێکی سەر و دڵ خۆشەوە: فیسار کەس (بسکە)ی لێوەدێ، یا (بسکە)ی سمێڵی دێ.
بسمار: بزمار.
بسمارە: د. مێخەکە.
بسە: د. بستە.
بسێن: د. کڕیار. کەسێکە کە بەزۆر شت لە مەردووم بسێنێ.
بشکافتن: ز. هەڵپچڕاندنی دروومان.
بشکانن: د. گریان بەنووکەنووک.
بشکۆژ: ز. دوگمەی کراس و شتی تر.
بشکوشک: خونچەی گوڵ.
بشێونە: د. کەسێکە ئاشووب بنێتەوە.
بشێوە: ئاشووب و پشێوی.
بشێوی: پشێوی.
بعۆک: ز. ئادەمیزادی ناشیرین.
بغورد: بخورد.
بغوردان: بخوردان.
بغوز: بخوز.
بفرۆش: د. فرۆشیار.
بڤ: وتەیەکە منداڵی ساوای پێ دەترسێنرێ لە دەستبردن بۆ شتێک.
بڤر: ز. تەور.
بڤە: شتێکە کە بەوتەی (بڤ) منداڵی لێ بترسێنرێ.
بڤێنڤێ: ز. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە باتی وتاری: (دەبێ هەروابێ).
بکوژ: شتی کوشندە: بەگرانەتایەکدا کەوتووە زۆر (بکوژ)ە. مەردوومی پیاوکوژ. مەردوومی بزەن.
بکێڵ: د. جووتیار.
بکێڵگە: د. کێڵگە.
بگار: د. ڕێگا. بوارە (بگار)م نادا واتە بواردم نادا. بوار.
بگاردن: تێپەڕاندن. جێبەجێکردن. بواردن.
بگارە: د. بوارە.
بگارەدان: بوارەدان.
بگردگ: ڕابردوو.
بگردن: د. ڕابروودن.
بگرە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی: (تقریباً): (بگرە) سێ ساڵە تۆم نەدیوە.
بگرەوبەردە: وتەیەکە ئاشووب و پشێوی و بەیەکداهاتنی مەردووم دەگەیەنێ.
بڵ: شتێکە زیاد لە ئەندازەی خۆی نەرم بووبێ. (بڵبوون) نەرمبوونی شت زیاد لە ئەندازەی خۆی.
بلا: ز. پیتێکە دەخرێتە سەر ئەمری غائب بۆ بەهێزکردنەوە (تاکید): (بلا) بڕوا، واتە بابڕوا.
بلاّ: بلا.
بلاتە: ز. بالەتە.
بلاّمک: دارێکە هەردوو سەری بەنی پێوە دەبەسترێ و دەکرێتە دەمی کار و بەرخ تا دایکیان نەچەکێن.
بلاو: شتی لەیەک دوور. شاش: ئەم هێڵەکە (بلاو)ە.

بلاوبوونەوە: دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەی چەند شتێک لە یەکتری.
بلاوکردنەوە: دوورخستنەوەی چەند شتێک لە یەکتری.
بلاوە: بلاوبوونەوە.
بلاوەکردن: بلاوبوونەوە.
بلاوە لێ کردن: بلاوبوونەوە و دوورکەوتنەوەی چەند شتێک لە یەکتری.
بلبل: باڵندەیەکی دەنگخۆشی بازەڵەیە، بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ.
بلتە: دەنگێکی پچووکە لە کەوتنی شتێکی ڕەق بۆ ناو شتێکی شل پەیدا دەبێ بەڕەنگێکی وا کە لە (قوڵتە) پچووکتر بێ. (بلتەبلت) بلتەی یەک لەدوای یەک.
بلع: هـ. گۆیژ.
بلح: شتی بێ کەڵک.
بلخ: د. تلپە.
بلسک: بلۆسک.
بلفرە: باڵندەیەکی پچکۆلەی کەوەڵەیە لە فڕیندا باڵی ڕەپ ناکا.
بلق: بۆشاییەکە لەناو ئاو و هێندێ شتی تردا پەیدا دەبێ بەهۆی با تێچوونییەوە. بلۆق.
بلقاو: د. زەلکاو.
بلقدان: پەیدابوونی بلق لە شتی شلدا.
بلقە: دەنگێکە لە هاتنە دەرەوەی با لەژێر ئاودا پەیدا دەبێ. (بلقە بلق) بلقەی یەک لەدوای یەک. (بلق و هوور) بلقە بلقی زۆر.
بلقەدەرە: دەعبایەکی زەردی پانکەڵەیە وەک مارمێلکە وایە.
بلق هەڵدان: بلقدان.
بلمەبلم: دەنگی قسە و گفتوگۆی مەردوومی پیری بێ ددم و ددان، یا نەخۆشێک کە لە سەرەمەرگدابێ.
بلن: د. بلند.
بلنایی: د. بلندایی.
بلند: شتی بەرز.
بلندایی: ئەندازەی بەرزیی شت.
بلندبوونەوە: بەرزبوونەوە.
بلندکردنەوە: بەرزکردنەوە.
بلندەوەبوون: بلندبوونەوە.
بلندی: بلندایی.
بلۆسک: بلووسک.
بلۆق: هەڵتۆقاوی ئەندامی گیاندار بە ئاوتێزانی لەکاتی سووتان یا ئازار پێگەیشتنێکیدا. (بلۆقکردن) هەڵتۆقینی ئەندامی گیاندار.
بلووچە: کۆجەڵەیەکی پچکۆلەیە مزەی ئاشی پێ دەگیرێ.
بلوور: شووشەیەکە دەکرێ بەسەر چرای لەمپادا. بلوێر. شووشەی ئەستووری ساخ.
بلووری: جۆرە تەنراوێکی سپیی تەنکە، دەکرێ بەکراس و دەرپێ و شتی تر.
بلووسک: ئاسنێکە لە هەردوو بەرداش هەڵدەکێشرێ، سەری ژوورووی دەکرێ بە(تەودرە)دا بۆ ئەوەی کە بەرداشی سەرەوە بسووڕێنێتەوە، سەرەکەی تری دەکرێ بە(تۆپ)دا بۆ ئەوەی تۆپەکە ئەم بسووڕێنێتەوە.
بلووک: د. ناوچەیەکی گەورەیە کە چەند ئاوایی و دێیەکی تێدابێ.
بلوێر: دارێکی درێژی کون تێ کراوە لە وێنەی سەبیل منداڵ لە پێشکەدا میزی پێدا دەکاتە خوارەوە. لوولک.
بلوێربەزێن: چەنەباز.
بلوێرپێچ: پارچە پەڕۆیەکە بەلێواری بلوێری منداڵدا دەپێچرێ بۆ ئەوەی کە منداڵەکە بریندار نەبێ.
بلوێرپێچک: بلوێرپێچ.
بلوێرژەن: کەسێکە بلوێر باش لێ بدا.
بلوێرلێدان: فووکردن بەبلوێردا و دەنگ لێ پەیداکردنی.
بلەربەزێن: د. بلوێر بەزێن.
بلەکناجێ: د. پیاوی ژنانی.
بلەگاز: هەژار.
بلەماج: جۆرە بەلۆڵەیەکی شل و شۆڵە.
بلەنگاز: ز. دەربەدەر.
بلەور: بلووری چرا.
بلێزە: بلێسەی ئاگر.
بلێسە: کلپەسەندنی ئاگر. (بلێسە بلێس) بلێسەی یەک لەدوای یەک.
بلیت: پارچە نووسراوێکە دەدرێ بەکەسێک کە بەئاسانی پێی بچێتە ژوورەوە بۆ هێندێ جێگای تایبەتی بەپارە.
بلیمەت: ئادەمیزادی بەکاری لێهاتووی هەڵکەوتوو.
بم: قەڵەوی تێکسمراو.
بمکردن: خۆ گیڤکردن.
بن: ژێری شت. کچێنی.
بن ئاگرە: هەویرێکە دەخرێتە بن ئاگر تا دەبرژێ.
بن ئاگری: بن ئاگرە.
بنار: داوێنی شاخ.
بناغە: چەند چینێکە لە دیوار کە لە بنەوە لەسەر ساغی دادەنرێ.
بناغەدانان: دانانی بناغەی دیوار لەسەر ساغی.
بناغەدانەوە: هەڵکەندنی بناغەی دیوار.
بناغەنان: بناغەدانان.

بناغەهەڵکەندن: بناغەدانەوە.
بناغە هەڵبەستن: بناغەدانان.
بناقاقا: د. بیناقاقە.
بناقاقە: د. بیناقاقە.
بناو: جۆرە دارێکە گۆچانی لێ دروست دەکرێ و لەبەر قورسی ژێر ئاو دەکەوێ.
بناوان: بەرهەڵستێکە لە بەردەمی ئاودا دروست دەکرێ بۆ هەستانی ئاوەکە. ئافرەتێکە کە لە ماڵدا گەورە بێ و سەرپەرشتیی ئیش و کار بکا: فیسار کەس بێ بناوانە.
بناوان هەڵبەستن: دانانی بەرهەڵست لە بەردەمی ئاودا بۆ بەرزبوونەوەی ئاوەکە و لادانی بۆ لایەکی تر.
بناوی: بناو.
بن باخەڵ: بن هەنگڵ.
بنبڕ: د. بنەبڕ.
بنبزوو: بن کلکی ولاخ.
بن بەردووگ: گیایەکی یەک لقی بەهاریی کوێستانییە لاسکەکەی لە هێرۆ دەچێ، چەند گوڵێکی وردی سپی دەگرێ.
بنبەردەقیێ: گیایەکی کوێستانیی خۆشە وەک ڕێواس وایە.
بنبێژنگ: وردەیەکە لە بێژنگ دەکەوێتە خوارەوە لە کاتی بێژانەوەی دانەوێڵەدا.
بنپاڵ: د. تەنشت.
بنپژان: نەمانی کچێنیی کچ بەهۆی کەوتنەخوارەوەی لە جێگایەکەوە.
بنتاتی: ز. جۆرە ترێیەکە.
بنتاو: د. نەمام.
بنتل: د. یەکەم گوێزە کە منداڵان لە یاریی مووشێندا دای دەکەن و تیلی تێ دەکەن. بەرد یا لیسێکە کە بخرێتە ژێر تاوێرێکی گەورە بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی تل بدرێ.
بنتەک: د. بنپاڵ.
بنتیان: ئەو حەلوا گەزۆیەیە کە دەنوسێ بەبنکی تیانەوە.
بنتیک: پێکەوەنانی پارچەی کاڵا بەدرووومان لەپێش (هەڵپێچدا).
بنج: ڕیشەی دار و درەخت. لق و پۆپی گوڵ و گیا.
بنجبەست: شتێکە کە ڕووابێ و ڕەگی داکوتابێ.
بنجبەستکردن: بریتییە لە دامەزراندن و جێبەجێکردنی کارێک.
بنج داکوتان: ڕیشەداکوتانی درەخت و سەوزایی. بریتییە لە جێگیربوونی شتێک: فیسار کەس (بنجی داکوتا).
بنجک: بنچک.
بنج و بناوان: سەرچاوە و بناغەی کارێک.
بنج و چکە: د. کلێنچکە.
بنجۆری: د. جوست و جۆکردن بەدووی شتێکدا.
بنجوو: کەسێکە کە باو و باپیری جوولەکە بووبێ. کلێنچکە.
بنجووری: د. بنجۆری.
بنچاخ: د. قەباڵە و سەنەدی کۆن: بۆ زەویوزارەکەم (بنچاخ)ی باو و باپیرم هەیە.
بنچک: بنە دەوەن یا بنە گیایەکی ئەستوور و پڕ و چڕە لە هاویندا بەسەوزی دەمێنێ و لە پایزدا وشک دەبێ و بۆ سووتەنی هەڵدەکەنرێ. بن پاڵ (د).
بنچڵ: د. بن لق.
بنچین: دەمار و ڕەگ.
بنچینە: بناغە و تەمەڵەی دیوار.
بن خەرمان: دانەوێڵەیەکە کە لەژێر خەرماندا دەچەقێتە زەوی.
بندروو: جۆرێکە لە درووومان. جۆرێکە لە درەو کە سەپان دەست و داس لە بنەوە دادەگرێ بۆ ئەوەی کای زۆر بێ.
بندۆک: دۆووک.
بندەست: بن پەلی گیاندار.
بنقۆڵ: پارچەیەکە لە کراسی ژنان کە سەرقۆڵی پێدا دەدروێ.
بنک: خوارووی شت.
بنکدار: بازرگانێکە کە شت بەکۆمەڵ بفرۆشێ. قاپ و دەفرێکە کە بنکێک گیرابێ بەژێرەکەیدا.
بنکڕ: چێشتێکە کە بەبنی مەنجەڵدا نوسابێ.
بنکلێشە: بندەست: فیسار کەس چۆتە (بنکلێشە)ی فیسار کەسەوە، واتە چۆتە بن دەستی بۆ هەڵخەڵەتاندنی.
بنکۆشک: ژێرخان.
بنکەش: د. بن دەست.
بنکەشی: گرتنی درزی بەردکاری و خشتکاری بەگەچ یا چیمەنتۆ.
بنکەن: بنکەند.
بنکەند: شتێکە کە بنکی هەڵتۆڵ بووبێ. بنکەندبوون: هەڵتۆڵبوونی شت. بنکەندکردن: هەڵتۆڵکردنی بنکی شت.
بنکەوش: بن هەنگڵ.
بنگس: د. بست.
بنگست: د. بست.
بنگوس: بنگس.
بنگوست: بنگست.
بنگۆزروان: بنی گیایەکی بەهاریی گەڵا وردە وەک شوبێت، پێشی دەڵێن: سێفەزەمینە.
بنگۆزەڵە: بن گۆزروان.
بنگوڵ: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەرەوز وایە بەبێخەوە هەڵدەکەنرێ و دەدرێ بە ڕەشەوڵاخ.

بنگووف: با. گەڵەخان.
بنگە: بناغەی هەموو شتێک. جومگە.
بنگیری: د. بنجووری.
بن لق: وردە لقێکە لەبن لقی ئەستووری درەختەوە دەردێ.
بنۆک: گیایەکی دەشتییە وەک توێسی وایە بەوردی دەکرێتە برینی ئاژاڵەوە چاکی دەکاتەوە.
بنووس: نووسەر.
بنە: گیایەکە لە گێرەدا لە پەڕی ناوەوە دەبەسترێ. سووکە ماڵێکە کە ببرێ بۆ سەر ڕەز یا هەوار. گەهەک.
بنەبڕ: شتێکە کە دواییی هاتبێ و ببڕابێتەوە. (بنەبڕبوون) بڕانەوەی شتێک. (بنەبڕکردن) بڕاندنەوەی شتێک.
بنەبەنگە: د. بەستی بەردەمی ئاو.
بنەپیت: دەستمایە. سەرکۆزەری بن خەرمان کە لە پاشدا کۆ دەکرێتەوە.
بنەتۆم: بنەتۆو.
بنەتۆمە: بنەتۆم.
بنەتۆو: دانەوێڵەیەکە کە کشتیار دایدەنێ بۆ تۆوی ساڵی دوایی.
بنەجوو: د. بنجوو.
بنەجووت: بنەتۆو.
بنەجڵ: بنچین.
بنەچە: وەگەز.
بنەخڵ: د. بن باخەڵ.
بنەڕەت: بناغە.
بنەفش: ز. وەنەوشە.
بنەفشی: ز. وەنەوشی.
بنەکردن: نانەوەی شت لەلایەن دزەوە لەپێش دزینیدا بۆ ئەوەی لە هەڵێکدا بیدزێ. دۆزینەوەی ئەو شوێنەی کە شتی دزراوی تێدا حەشاردراوە. لە سەربیستن.
بنەگا: د. هەوارگە.
بنەماڵ: خانەدان.
بنەماڵە: بنەماڵ.
بنەوا: د. بناوان. بنەبەنگە.
بنەوان: بناوان.
بنەوانە: ژنێکە کە لە ماڵدا بنەوان بێ.
بنەوش: وەنەوشە.
بنەوشە: پارچەیەکی ئاوریشمیی مۆرە ژنان دەیکەن بەکاڵا. وەنەوشە.
بنەوشی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی بنەوشە وابێ.
بنەوشیلە: بەری داری وەنەتەق.
بن هەنگڵ: بن باخەڵ.
بنیات: بناغە.
بنیسک: تەنکە سابوونێکە کە دوای کارکردن لە سەلک مابێتەوە.
بنیسکە: بنیسک.
بنێسی: دەردەباریکە.
بنێشت: شتێکی سپیی جیڕی بەکەشە لە (دارەبەن) پەیدا دەبێ.
بنیچە: بنەچە.
بنیلە: فرێدانی کولۆش بۆ ژێرپێی گا لە کاتی گێرەدا لە دیوی خەرمانەوە.
بۆ: پیتی پرسیار لە هۆی شت: بۆ ناخوێنیت؟. پیتێکە کردنە قەبەڵ و تەرخانکردنی شتێک بەشتێکەوە دەگەیەنێ: ئەسپەکە (بۆ) تۆ، زینەکە (بۆ) ئەسپەکە. پیتێکە هۆیەتی (تعلیل) دەگەیەنێ. (بۆ) خوێندن هاتووم، واتە هۆی هاتنەکەم خوێندنە. بۆن: ئەم گوڵە (بۆ)ی خۆشە. وەرە (هـ).
بواژوو: د. بۆژوو.
بۆبا: شتێکە بەهۆی با لێدانیەوە بۆنی ناخۆش بووبێ وەک ڕۆن.
بۆبرە: بۆنبرە.
بۆبلات: ز. کۆستی گەورە.
بۆپرووز: بۆ کورووز.
بۆت: ئاوبارە (با). دارێکی درێژکۆلەیە ناوەکەی وەک پلوسک هەڵکەندرابێ (ز).
بۆتە: د. تەپکە خاکێک یا گوڵ و سەوزاییەکە کە لە زەویی بەرزبووبێتەوە. (بۆتە) جۆرە دەفرێکی پچووکی گڵینە، زێڕ و زیو و شتی تری تێدا دەتوێنرێتەوە.
بۆتیمار: د. خەمەخۆرە.
بۆج: بۆچی.
بۆچاڵ: بۆنێکی ناخۆشە لە دانەوێڵەیەکەوە دێ کە لە چاڵدا زۆر مابێتەوە.
بۆچرووک: بۆنی چەوری سووتاو.
بوچک: د. پچکۆلە.
بوچکە: پچووک: ئەموست. کلکی گیاندار.
بوچکەلانە: پچکۆلانە.
بوچکەلانە: د. بچکۆلانە.
بوچە: بۆچی.
بۆچەک: بۆچرووک.
بۆچەکوهوور: بۆچەکەوور.
بۆچەکەوور: بۆچرووک.
بۆچەکەوەر: د. بۆچرووک.
بۆچی: وتەی پرسیار لە بۆنە و هۆی شت.
بوحتیان: بوختان.

بوحشت: ز. بەهەشت.
بوخاری: موغەیری.
بوختان: شتی ناشیرین هەڵبەستن بەمەردوومەوە و گێرانەوەی بۆ ئەم و ئەو.
بوختیان: بوختان.
بوخچک: ز. بوخچەی پچکۆلە کە لەوانە بێ بەسترێتە پشت.
بوخچە: شتێکی پانی چوار سووچە کالا و کەلوپەلی تێ دەخرێ و گرێ دەدرێ.
بوخچەبەگەردانە: بوخچەبەگەردانێ.
بوخچەبەگەردانێ: یارییەکە کۆمەڵێک بەگردی دادەنیشن بوخچەیەک بۆ یەکتری دەهاوون، یەکێک بەدووی بوخچەکەدا ڕادەکا لە دیوی دەردوەیان، لە دەست هەر کەسێکدا گرتی ئەو کەسە وەکو ئەم تێ دەکەوێ.
بوخچەی گەردان: د. بوخچە بەگەردانێ.
بوخچەی نەکراوە: بریتییە لە پیاوێک کە هەر کوڕ بێ و هێشتا ژنی نەهێنابێ.
بوخورد: بخورد.
بوخوردان: بخوردان.
بۆخۆشکە: هـ. کەنێرە.
بۆخۆیی: دەردێکی بەئاڵۆشە بەچاو دەگا.
بۆدان: بۆن پێدان.
بۆدانەوە: د. بۆندانەوە.
بۆدڕ: بۆن دڕ.
بۆدرن: جۆرە بۆنێکی ناخۆشە بەهۆی چڵکنییەوە پەیدا دەبێ.
بۆدرە: شتێکی سپیی وردی بۆنخۆشە وەک سپیاو دەکرێ بەجەستەوە.
بۆ دوکەڵ: شتێکە کە بۆنی دوکەڵی گرتبێ.
بۆر: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی خۆڵەمێش. زەمینێکە کە ساڵێک لەوەپێش نەکێڵرابێ. نیشانەیەکە وەک واوێکی پچووک لەسەر هێندێ پیتی عەرەبی دادەنرێ.
بۆران: کاتی تۆف و سەرما و باران.
بۆرانی: جۆرە خواردەمەنییەکە لە هێلکە دروست دەکرێ.
بۆراو: چێشتێکە لە برویشی گەنمی برژاو دروست دەکرێ و ڕۆنی داخی دەکرێ بە سەردا.
بۆرچیل: د. شتی ڕەشکەوە.
بۆرچین: د. بۆرچیل. مراویی مێ.
بۆڕ: جێگایەکی فێنکە لە ژێر پووش و گەڵایدا لە زەویدا دروست دەکرێ بۆ میوەهەڵگرتن. کەسێکە کە بۆڕی خواردبێ.
بۆڕاندن: بۆڕەکردن.
بۆڕخواردن: دەمکوتبوونی یەکێک لە قسە و گفتوگۆیەکدا. زەبوونبوونی یەکێک لە یارییەکدا.
بۆڕدان: زەبوونکردنی یەکێک بەقسە یا لە یارییەکدا.
بورمان: دەنکە هەناری وشکەوەبوو.
بۆڕە: دەنگی بەرزی ڕەشەوڵاخ. (بۆڕەبۆڕ) بۆڕەی یەک لە دوای یەک.
بورێش: د. برویش.
بورێشین: د. چێشتی برویش.
بۆڕیە: شتێکی کولۆری دەم واڵی سەرتەسکە سەرباز فووی پێدا دەکەن بۆ پێدا ڕاگەیاندنی فەرمانێک پێیان. بۆری.
بۆڕیەزەن: سەربازێکە کە بۆڕیە لێ بدات.
بۆری: بۆڕیە.
بۆڕێزەن: بۆڕیەزەن.
بورغوو: بزمارێکە کە سەرەکەی پێچ پێچ بێ.
بورغی: بورغوو.
بۆرە: ئەسپ و ماین و سەگێکە کە بۆر بن. بوورە.
بۆرەبنار: دەمقاڵی.
بۆرەپنە: د. قەلەباچکە.
بۆرەپیاو: پیاوێکە کە ناسراو و ناودار نەبێ.
بۆرەجرە: باڵندەیەکی بۆرە وەک (فشەکلاونە) بەلام ئەم پچووکترە و بێ کلاوە.
بۆرەخزم: خزمی دوور.
بۆرەسوار: سوارێکە کە ناسراو و ناودار نەبێ.
بۆرەقانی: هـ. گیای سوورەوەکراو.
بورەقنە: شتێکە کەمێ بۆربێ.
بۆرەک: باڵندەیەکی بۆری پچووکی دەشتییە. جۆرە خواردەمەنییەکە لە ئارد و هێلکە و قیمە و ڕۆن دەکرێ.
بۆرەڵووک: بۆرەقنە.
بۆریە: لوولەیەکی بۆشی کوناودەرە لە شووشە یا ئاسن یا تەنەکە یا گڵی سوورەوەکراو.
بۆری: بۆریە. بوونی شت بەبۆر.
بۆز: ڕەنگێکە لە تێکەڵبوونی ڕەش و سپی پەیدا دەبێ.
بۆزە: شتی بۆز.
بۆژانە: گیایەکی گەڵا وردی لاسک درێژە گوڵێکی بۆری پچکۆلە دەگرێ بۆنێکی توندی هەیە دەکرێتە ناو جلوبەرگەوە بۆ ئەوەی مۆرانە نەیخوا.
بۆژۆ: گیا و ئالیکێکە کە لە بەردەمی ئاژاڵ و وڵاخدا مابێتەوە.
بۆژۆکردن: بریتییە لە سەرکردنەسەر یەکێک و بێزارکردنی.
بۆژە: بۆژۆ.
بۆژەکردن: بۆژۆکردن.
بۆسار: بۆنی زۆر ناخۆش.
بۆسان: بێستان.

بۆسۆ: بۆنی پەڕوێ سووتاو.

بۆسۆ لێ هەستان: بریتییە لە بڵاوبوونەوەی دەنگوباسێکی ناشیرین لە یەکێکەوە.

بۆسۆ لێ هەڵنەستان: بریتییە لە زۆر ڕووتی و هەژاریی یەکێک: فیسار کەس ئەوەندە ڕووتە (بۆسۆی لێ هەڵناسێ).

بۆسە: بووسە.

بۆسەخواردن: بووسەخواردن.

بۆش: شتی هەڵۆڵ. زۆز (ز).

بۆشایی: هەڵۆڵیی شت.

بۆشکە: د. بەرمیل.

بۆشناخ: گیانداری باڵابەرزی تێکسمڕاوی چوارشانە.

بۆشی: بۆشایی.

بوغمە: وتەیەکە لەباتی وتەی (قوززەقورت) دەوترێ.

بۆق: دەعبایەکی پانکەڵەی چوارپێی مەلەوانە، بەقونە دەڕوا. هەڵم: ئەم حەمامە (بۆق)ی زۆرە. چاوی زەق (د).

بۆق پێوەنان: پاڵ پێوەنان.

بۆقژە: جۆرە دەم ئێشەیەکە تووشی منداڵی ساوا دەبێ.

بوقل: ز. پووز.

بۆقلەمووت: د. بۆقلەموون.

بۆقلەموون: مەلێکی ماڵییە بەقەد قازێک دەبێ، گۆشتی دەخورێ، نێرەیان خۆی گیڤ دەکا و سەردەندووکی پارچە گۆشتێکی پێدا شۆڕ دەبێتەوە.

بۆقەبۆق: جۆرە دەنگێکی ڕەشەوڵاخە لە بۆڕە نزمترە.

بۆقەتە: پشتی مل.

بۆقە مەلە: جۆرە مەلەیەکە وەک مەلەی بۆق.

بۆقی مل: بۆقەتە.

بۆ کردن: د. بۆگەنبوون.

بۆ کرووز: بۆنی خوری و مووی سووتاو.

بۆکر: جۆرە بۆنێکە لە هێندێ ماست و چێشت دێ بەهۆی زۆر مانەوەیەوە لەسەر ئاگر.

بوکڵە: بووکی منداڵانە.

بۆکڵێشە: بۆ درن.

بۆگنتگ: جۆرە بۆگەنییەکە لە میوەی ڕزیو و هێندێ شتی تر دێ.

بۆگەن: شتی بۆن ناخۆش. بۆگەنبوون: گەڕانی شت بەبۆگەن. بۆگەنکردن: بۆگەنبوون: گۆشتەکە (بۆگەنی کردووە).

بۆگەنکە: خورما. سیچان. گیایەکی بۆگەنە.

بۆڵ: دەنکی ترێ. زەنگێکی زلە دەکرێتە ملی پێشەنگ. هێشووی ترێ و خورما. خۆڵەمێش.

بۆڵاندن: بۆڵەکردن.

بۆڵمازوو: جۆرە ترێیەکی سپییە وەک (سادانی) وایە بەڵام ئەم مزرە و لەو ناسکترە.

بۆڵە: بۆڵە.

بۆڵە: لەبەرخۆوە خوتەکردن لەسەر شتێک کە پێت ناخۆش بێ. بۆڵەبۆڵ: بۆڵەی یەک لەدوای یەک. بۆڵەکردن: بۆڵەبۆڵ.

بۆڵەمر: خۆڵەمێشی گەرم.

بۆڵەنمە: ماتەدانی بەری بەرزە درەخت: ئەم میوە (بۆڵەنمە)ی تێ کەوتووە، واتە ماتەی داوە.

بۆڵەنمێ: بۆڵەنمە.

بۆم: د. بۆمبا.

بۆمارانە: سیرمۆکە.

بۆمبا: شتێکی بۆشە پڕە لە پارچە ئاسن و باڕووت، دەهاوێژرێ بۆ دوژمن.

بۆمباباران: هاویشتنی بۆمبا بەفڕۆک.

بۆمباران: د. بۆمباردومان.

مومباردومان: بۆمباباران.

بۆمباهاوێژ: فڕۆکێکە کە بۆمبا هەڵگرێ و بیدا بەسەر دوژمندا.

بۆمچ: بۆ گنتک.

بۆمچک: بۆمچ.

بۆمچە: د. بۆمچ.

بۆمچەوە: د. بۆمچ.

بۆن: هاڵاوێکی خۆش یا ناخۆشە لە هێندێ شت دەبێتەوە و دەچێ بەلووتدا.

بۆنبرە: چەند شتێکی تایبەتی بۆنخۆشە لەگەڵ گڵێکی پاکدا تێکەڵ دەکرێ و بەئاودوە دەکرێ بەدەمی منداڵێکەوە کە بەبۆن کەوتبێ.

بۆن پێدان: نیوە برژکردنی هێندێ شت لەسەر ئاگر.

بۆنخۆشکە: با. ڕێحانە کێویلە.

بۆنخۆشکەرە: گیایەکی بەهاریی کوێستانیی بۆنخۆشە دەخرێتە ناو کەلوپەلەوە.

بۆنخۆشی: بوونی شت بەبۆنخۆش.

بۆندار: تووتنی بۆنخۆش.

بۆندان: بۆن پێدان.

بۆندانەوە: بڵاوبوونەوەی بۆنی شت.

بۆندڕ: بۆ دڕ.

بۆندڕن: بۆ دڕن.

بۆنکردن: بۆکردن.

بۆن و بەرامە: هاڵا و بۆنێکی خۆشە کە لە شتێکەوە بڵاوبووبێتەوە.

بۆنە: هۆی شت: بە(بۆنە)ی تۆوە هاتم.

بوو: کوندەبەبوو.

بوار: تەنکاییی ئاو کە ڕێی هاتوچۆ بدا.

بواردن: هەڵبواردن. ڕەنگگرتنی کاڵا و پارچە بەڕەنگێکی جیاواز لە خۆی بەجۆرێک کە ئیتر لێی نەبێتەوە.

بوارەدان: ڕێدان بۆ قسەکردن: فیسار کەس (بوارەی قسەی کەس نادا).

بۆ و بەرامە: بۆن و بەرامە.

بووتک: با. پلوسک. دارێکی هەڵکۆڵراوە کــە ئاوی پێـــدا بپەڕێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

بوودڕ: کونێکە لە زەوی کە هەڵکەنرابێ.

بوودەڵە: مەردوومی هیچ لێ نەهاتوو.

بوودینە: نەعنا.

بوور: زەمینێکە کە ساڵێک بێ نەکێڵرابێ.

بووراندن: ز. هێنان و بردن.

بوورانەوە: بووردنەوە و لەسەرخۆ چوون.

بووردن: خـۆشبـوون و چاوپۆشی. زۆر گـەیین و تەپینی کـاڵەک و شووتی: ئەم کاڵەکە یا ئەم شووتییە بووردووە.

بووردنەوە: لە هۆشخۆچوون.

بووردوو: شووتی و کاڵەکێکە کە زۆر گەیبێ و لووس بووبێ.

بوورە: بوور.

بووری: ل. بۆریەی سەماوەر.

بوورین: ز. ڕابووردن.

بووڕ: با. بوار.

بووزوو: شاڵی ڕانک و چۆغە.

بووژانەوە: ژیانەوەی گیاندار یا سەوزایی لەپاش کزی و زەبوونی.

بووسە: حەشار. کەڵەمەی جووت (ز).

بووسەخواردن: خۆحەشاردان.

بووسەلی: با. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

بووش: با. ئاوی زۆر.

بووق: ز. نێرکە پیازێکە کە تۆوەکەی بەسەرەوەبێ.

بووک: نافرەتێکە کە تازە شووی کردبێ. ژنی کوڕ. گوڵاڵە سوورە (با). شـتـێکە لە وێنەی بووک منداڵان دروسـتـی دەکـەن لە قامیش و واڵا بۆ یاری.

بووکبووکێنە: یاریکردن بەبووکی قامیش.

بووکک: ز. سیچکە سڵاوە.

بووکڵە: بووکی منداڵانە.

بووکەبارانە: بووکە بەبارانێ.

بووکـەبەبارانێ: شـتـێکە وەک داهۆڵ منداڵان دەیکەن لە دار و پەڕۆ لە حـەلی بێ بارانیـدا مـاڵەو مـاڵ دەیگێـڕن بۆ ئەوەی ئاوی بەسەردا بکەن بۆ نوقڵانەی باران بارین.

بووکە سەماکەرە: شتێکە وەک بووکە بەبارانێ منداڵان لە بەڕۆ و لۆکە دەیکەن بۆ یاری پێ کردن.

بووکەشووشە: جۆرە بووکێکی منداڵانەیە لە شووشە.

بووڵ: هـ. خۆڵەمێش.

بوولە: مەردوومی بوودەڵە.

بووم: ساختمانی جەستە: فیسار کەس (بووم)ی باشە یا خراپە. خاک و زەویوزار: فیسار شوێن بەر و (بووم)ی باشە.

بوومەلەرزە: جووڵانەوەی هێندێک لە زەوی بەهۆی هوروژم هێنانی هەڵم و بۆقی ناویەوە.

بوون: پەیدایی و هاتنە ناوی شت لە دوای نەبوونی. بۆن (ل). بریتییە لە دارایی و دەست ڕۆین.

بوونەوە: بووژانەوەی مەردووم لە دوای لێکەوتنی.

بۆوڕەتەگە: بۆنێکی ترشەڵۆکی ناخۆشە لە سابرێن و بزنەوە دێ.

بووە: کەسێکە کە دارا و دەوڵەمەند بێ. کوندەبەبوو (هـ).

بووەتەقلە: هـ. کوندەبەبوو.

بووەکوێرە: بایەقوش.

بووەکەڕە: کوندەبەبوو.

بوهر: با. بەش.

بوهرزاوی: جۆرە مقامێکە.

بوهن: ز. بۆن.

بوهندار: ز. بۆندار.

بوهیشت: ز. بەهەشت.

بۆیاخ: جۆرە ڕەنگێکە شتی پێ ڕەنگ دەکرێ.

بۆیاخچی: کەسێکە بۆیەکاریی بکا.

بوێژ: گۆیندە. قسەکەر. شاعیر.

بۆیسان: بێستان.

بویش: با. شۆینی زەبەندی دێم.

بۆینباخ: شـتێکی تایبەتی جوانی درێژە لە قوماش دەبەسـترێتە مل.

بۆیە: بۆیاخ. وتەیەکە لە وەرامی پرسـیارێکدا دەبێـژرێ کە وەرام دەرەوەکـە لەو پرسـیـارە سـەغـڵـەت بێ. (بۆیە) لە وەرامی یەکێکدا کە پێت بڵێ بۆچی وادەکەیت؟

بۆیەچی: بۆیاخچی.

بۆیەکاری: خەریکبوون بەکاری بۆیەوە. شوێنێکە کە بۆیە کرابێ: خانووی فیسار کەس هەمووی بۆیەکارییە.

بە: بەگەلێ مەبەس هاتووە، (١) هۆیەتی و سببیتی ئەو وتەیەی کـە ئەم دەچێـتـە سـەری بۆ وتارێک کـە لە دواوە دێ: (بە) هاتنتان دڵم کرایەوە، واتە مـایەی کرانەوەی دڵم هاتنتان بوو. (٢) بۆ سـوێندخـواردن: (بە) خـوا. (٣) بۆ یـاریدەدان: (بە) قەڵەم دەنووسم، (بە) پارە شت دەکڕم (٤) بۆ ظرفیت: (بە) ڕۆژ کـار دەکـەم، (بە) شـەو دەنووم. (٥) بۆ بەرزێتی: کـرا (بە) دارا. (٦) بۆ هاوڕێیی: (بە) خـۆشـیـیـەوە دەچم بۆ

قوتابخانە. (٧) بۆ تشبیە: کەسم نەدیوە (بە) ڕەنگی تۆ. (٨) بۆ چەندێتی و ئەندازەی شت: گەنم لە هێندێ شوێن (بە) کێشان و لە هێندێ شوێن (بە) پێوانە. (٩) بۆ پێکەوە نووسانی دوو شت: دەردی دواکەوتن (بە) گەلی نەخوێندەوارەوەیە، یا لە ڕێ گەیشتم (بە) نەریمان. (١٠) بۆ کردنی اسم بە صفەت: مندالّی (بە) هۆش، پیاوی (بە) هێز واتە مندالّی هۆشیار و پیاوی هێزدار. (١١) بۆ لێکدانی دوو وتە: ڕوو (بە) ڕوو، موو (بە) موو، دەست (بە) دەست، سەر (بە) سەر.

بەئاگاهاتن: بێداربوونەوە و هاتنەوەهۆشی ئادەمیزاد.

بەئاواتگەیشتن: گەیشتن بەمەبەست.

بەئاوادان: بریتییە لە بەفیڕۆدانی شت: فیسار کەس داراییەکەی (دا بەئاودا)، یا ڕەنجی سەد سالّەی باوکی (دا بەئاودا).

بهار: با. بەهار.

بهارە: ز. گەنمە بەهارە.

بەئۆک: ز. شتی خراپ و ناشیرین.

بە با: سەگ و بەراز و پشیلەیەکی مێینەیە کە ئارەزووی نێر بکا.

بەبرشت: بریتییە لە مەردوومی دەمڕاستی فەرمانڕەوا.

بەبک: ز. مندالّی ساوا.

بەبلوانە: بووکی پچووکی قامیشین کە مندالّ لە بووک بووکێنەدا لە تەنیشت بووکی گەورەی قامیشینەوە دایدەنێن.

بەبلە: د. مندالّی ساوا.

بەبۆکە: بووکێکە لە وێنەی مندالّ لە شووشە یا لاستیک یا قامیش دەکرێ. وتەیەکە لە خۆشەویستییەوە بەمندالّی ساوا دەوترێ.

بەبۆلە: د. بەبۆکە.

بەبە: وتەیەکە مندالّی ساوا بەمندالّی ساوای تری دەلّێ. تیرەی بابان.

بەپێ: ئادەمیزادێکە کە لە ڕێ ڕۆیندا ئازابێ.

بەپێچ: بریتییە لە فێلّباز، ڕێوی (بەپێچە).

بەت: بالّندەیەکی سپییە لە مراوی گەورەترە.

بەتار: ز. بینایی چاوان.

بەتارە: د. لفکە.

بەتالّ: دەفری خالّی. کاری بێ کەلک. مەردوومی بێ ئیش.

بەتالّیی: عاستی بەتالّیی شت.

بەتالّی: بێکاری. عاستی بۆشی شت.

بەتاناچوون: بەتاناهاتن.

بەتاناهاتن: ژمارەکردن و باسکردنی چاکە یا خراپەی شتێک بەدووردرێژی.

بەتانوبۆداهاتن: بەتاناهاتن.

بەتانیا: جۆرە پێخەفێکی ئەستووری خوریی تەنراوی سووراوەیە.

– بەتانیە: بەتانیا.

– بەتانی: بەتانیە.

بەترپێر: بەسرپێرێ.

بەترپێرار: بەسرپێرار.

بەتردف: د. شتی لەکار کەوتوو.

بەتلاّندن: لەدەستدانی شت.

بەتلانە: ز. ڕۆژی تەعتیل.

بەتلین: ز. ماندووبوون.

بەتوون: د. وتەیەکە لەجێی وتەی (قیروسیا) بەکاردێنرێ.

بەتوێکلّ: بریتییە لە وتەیەک کە دوو مەعنای بێ.

بەتەقەکەوتن: دەستهەلّگرتن لە شتێک لە شەرماندا.

بەتەنگەوەبوون: دەربایستی و مەبەستبوونی شتێک.

بەتیە: عەبای هاوینە.

بەجا: بەجێ.

بەجگە: بێجگە.

بەجووج: ز. زۆر بلّێ. داوێن پیس.

بەجەرگ: بریتییە لە ئادەمیزادی ئازای چاونەترس.

بەجێ: گوفتار یا کردارێکە کە لە جێی خۆیدابێ.

بەجێگە: بەجێ.

بەجێمان: پاشکەوتنی شتێک لە شتێک.

بەجێماو: شتێکە کە پاشکەوتبێ لە شتێکی تر.

بەجێهاتن: جێبەجێ بوونی کارێک.

بەجێهانین: بەجێ هێنان.

بەجێهێشتن: دواخستنی شتێک و جوێبوونەوە لێی.

بەجێهێنان: جێبەجێکردنی کارێک.

بەچ: بەچکە. شەلّغە.

بەچاوکردن: بەدیکردن.

بەچاوەوەبوون: تووشی زیانبوون بەهۆی چاوی پیسەوە.

بەچاوەوەکردن: چاوی پیس هەلّهێنان بەشتێک و هەلّپەرداوتنی.

بەچک: د. بەچکە.

بەچکە: بێچووی گیاندار.

بەچنگ: بریتییە لە گیاندارێک کە بەپچڕ بێ لە پەیداکردنی شتدا.

بەچوو: بێچوو.

بەچوە: بێچوو.

بەچە: ل. مندالّ. زاوا. بووک.

بەچەباز: د. هەتیوباز.

بەچەبازی: نەخۆشیی گەشکە کە تووشی مندالّ دەبێ. هەتیوبازی.

بەچەخۆرە: دەردێکە تووشی گیاندار دەبێ و هەرگیز تێر ناخوات.
بەچەدان: ل. منداڵدان.
بەحەشت: بەهەشت.
بەخت: تالع و ناوچەوان و بەش.
بەختدار: بەختیار.
بەختداری: بەختیاری.
بەخترەش: بەدبەختی کوڵۆڵ.
بەختکردن: چوونەوەی ڕەنگ. خەرجکردن و بڵاوکردنەوەی دراو.
بەختکەنۆک: ز. بەختیاری.
بەختە: بەران و سابرێن.
بەختەباران: مانگی مایس کە سی و یەک ڕۆژە.
بەختەمام: ز. مەردوومی ئەمینی ڕاستگۆی دڵسۆز.
بەختەمامی: ز. ئەمینی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی.
بەختەوار: ز. مەردوومی ئەمینی بەوژدان.
بەختەوەر: بەختیار.
بەختیار: خاوەن بەخت.
بەختیاری: خۆشبەختی و کامەرانی. ناوە بۆ تیرەیەکی گەورەی کورد لە ئێران.
بەخزمەت: خزمەتگوزار.
بەخشایش: بەخشش.
بەخشش: بەخشیش.
بەخشندە: کەسێکە زۆر شت بدا بەمەردووم. کەسێکە کە چاو بپۆشێ لە مەردووم.
بەخشندەیی: شت دان بەمەردووم بەزۆری.
بەخشیش: شتێکە کە گەورەیەک بیدا بەپچووکێک.
بەخشین: شت دان بەیەکێک بەخۆڕایی، چاوپۆشیکردن لە یەکێک.
بەخشینەوە: بەشینەوە.
بەخۆداهاتن: خۆداڕشتن و گەورەبوون.
بەخۆژیو: کەسێکە کە ئازا و ئیشکەر بێ و بە ڕەنجی شانی خۆی بژی.
بەخۆکردن: د. بەخێوکردن.
بەخۆنازین: باییبوون.
بەخۆوەبوون: قەڵەوی و تێکسمڕاوی.
بەخۆوەبەستن: بەستنی یەکێک بەخۆتەوە لە کارێکدا.
بەخوێکردن: د. بەخێوکردن.
بەخەبەر: کەسێکە کە نووستوو نەبێ. ئاگادار بە شت.
بەخەڵ: د. باخەڵ.
بەخەمکردن: گەورەکردن و پەروەردەکردنی شتێک.
بەخێوکردن: پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی گیاندار.

بەد: گیانداری خراپی نالەبار.
بەدانکەوتن: نەخۆشکەوتنی ئاژاڵ لە زۆرخواردنی ئالیکەوە.
بەدئەخم: د. ڕووگرژی، ڕووترش.
بەدابکردن: ناڵەناڵ و نکەنکی نەخۆش بەدەم نەخۆشییەوە.
بەدبەخت: کەسێکە کە بەختی لە هیچدا نەبێ. ستەمکار: فیسار کەس زۆر خراپ و (بەدبەخت)ە.
بەدبەختی: کوڵۆڵی و بێ چارەیی. ستەمکاری.
بەدبێژ: د. بەدگۆ.
بەدبێژی: بەدگۆیی.
بەدبین: کەسێکە کە ئەنجامی کار بەباش نەبینێ.
بەدبینی: بینینی ئەنجامی کار بەخراپ.
بەدتوخم: مەردوومی ناڕەسەن.
بەدتەرەف: د. بەرتەرەف.
بەدچارە: ئێسک قورس.
بەدخواە: کەسێکە کە خراپەی مەردوومی بوێ.
بەدخواهی: ویستنی خراپەی مەردووم.
بەدخوو: گیاندارێکە کە خووی خراپ بێ. (بەدخووبوون) خراپبوونی خووی گیاندار. (بەدخووکردن) خراپکردنی خووی گیاندار.
بەدخوویی: خراپی ڕەوشت و خوو.
بەد دڵ: د. دڵپیس.
بەدڕەسەن: ناڕەسەن.
بەدڕەفتار: بەدخوو.
بەدرەقە: ڕابەری شارەزا.
بەدڕەقەکردن: ڕابەریکردن لە ڕێ ڕۆیندا.
بەدرەمە: جۆرە هەنگێکە لە هەنگی ماڵی پچووکترە و، هەنگوینەکەشی لە هەنگوینی ماڵی جیرتر و خۆشتر و بەنرخترە و پێی دەڵێن: هەنگوینی (شەمەتلێنکە).
بەدزبان: کەسێکە کە چاکە بە زبانیدا نەیەت.
بەدزەرە: د. مەردوومی ئێسک قورس.
بەدسروشت: کەسێکە کە بەسکماک بەدخوو بێ.
بەدکار: کەسێکە کە کردەوەی بەد بێ.
بەدکاری: بەدیی کردەوە.
بەدکردار: بەدکار.
بەدکرداری: بەدکاری.
بەدگۆ: کەسێکە کە باشەی کەس نەڵێ.
بەدگومان: کەسێکە کە بیری دەربارەی مەردووم باش نەبێ.
بەدگۆیی: وتنی خراپەی ئەم و ئەولای مەردووم.
بەدڵبوون: چوونی شتێک بە دڵتدا.
بەدڵەودنووسان: بریتییە لە خواردن و خواردنەوەیەک کە لەسەر پشت و بەحەسانەوە بێ: نانەکەم (بەدڵەوە نووسا).

بەدمەست: کەسێکە کە سەرخۆش بوو زۆر بێهۆش بکەوێ.
بەدمەستی: بێهۆشیی زۆر لە سەرخۆشییەوە.
بەدناو: کەسێکە کە ناوی بەخراپە زرابێ. (بەدناوبوون) ناوزڕان بەخراپە. (بەدناوکردن) ناوزڕاندن بەخراپە.
بەدناوی: ناوزڕان بەخراپە.
بەدنگین: بەدبەخت.
بەدنگینی: بەدبەختی.
بەدنمەک: کەسێکە کە بەرامبەر بەچاکە خراپە بکا.
بەدنمەکی: سپلەیی.
بەد نهاد: بەد سروشت.
بەد نیهاد: بەد نهاد.
بەدوێژ: د. بەد بێژ.
بەدوێژی: د. بەد بێژی.
بەددەردخواردن: بەکارهاتن.
بەددس: بەددست.
بەددست: مەردوومی ددست ڕۆیو.
بەددستگرتن: بریتییە لە چوونی مێرد بۆ لای ژنی خۆی یەکەمین جار.
بەددستەودبوون: بریتییە لە نیازی کردنی کارێک: (بەددستەودم) بچم بۆ بازاڕ.
بەددستەوددان: دانی شتێک بەیەکێک لە ڕووی زۆر یا فروفێڵ لێ کردنەوە: فیسار کەس پیاوکوژدکەی دا بەددستەوە. لاوازبوون و بەناوداچوونی نەخۆش: فیسار کەس بەم نەخۆشییە (داویە بەددستەوە).
بەددق: گیاندار و سەوزاییی بەکەیف.
بەددم: ئاددمیزادی قسەڕەوان.
بەددمار: مەردوومی بەفیز.
بەددم و پل: بەددم.
بەددم و دوو: مەردوومی قسەزانی قسەخۆش.
بەددمەوددان: بریتییە لە لغاو شلکردن بۆ یەکێک. ددرخواردنی شتێک بەددم شتێکی تردوە وردە وردە: ئەو چیلکە و چەوێڵە (بدە بە ددم ئاگردکەوە).
بەددن: ز. شوورە و دیواری بەرز.
بەددو: گیانداری چەسپان. جوان (ز).
بەدیارەودبوون: ئاگاداریکردنی شتێک.
بەدێلڤانی: ز. یارمەتی.
بەدیی: خراپەکردن: (بەدی) مەکە. (بەدیکردن) خراپەکردن.
بەدیکردن: بینینی شت لە دووردوە و کردنی خراپە.
بەدیل: ز. نۆرە.
بەر: پێش: پچۆرە (بەرەوە). بەری درەخت و شینایی و گیاندار و مەشکە. مووی خوار بەرموسڵدان. لایەک لە شتێک یا لە شوێنێک کە سنوورێک جیای بکاتەوە لە لاکەی تر: ئەم (بەر) یا ئەو (بەر). بەرد (با). بەرگ (ز). پانیی شت: چیتەکە (بەر)ی پانە. پارچەیەکە دەگیرێ بەبەری کاڵادا لە دیوی ناوەوە. پیتێکە بەهەر ناوێک (اسم)ەوە نووسا دەیکا بە اسمی فاعل: ڕەنج (بەر)، فەرمان (بەر)، ڕا (بەر). ددرگا (هـ).
بەرا: ل. بەرخ. کارژۆلە .
بەرابەر: بەرامبەر.
بەرابەری: بەرامبەری.
بەرات: مووچەیەکی ساڵانەیە کە گەورە ددبیرێتەوە بۆ پچووک. بەڵگە (ز).
بەراتخۆر: مووچەخۆر.
بەراتە: ز. لاکە تۆپیوێکە کە لە ددشتدا فڕێ درابێ.
بەراتی: شتێکە کە بە بەرات دددرێ.
بەراردەی: هـ. هەڵکەندن.
بەراز: ددعبایەکی کێویی مل کورتی بەزیانە بەقەد بەرانێک ددبێ. بریتییە لە مەردوومی بەهێزی بەکێش.
بەرازخۆر: تیردیەکن لە قەراخ سیروان لە بەشی ئێراندا دادەنیشن.
بەرازە: دوو دانی گەورەیە بەرزە وڵاخ لە شەش ساڵیدا ددری ددکات. چەند دارێکە ددخرێتە بن بەرداشی ژێرووی ئاشەوە (ز). شتێکە کە شتێکی تری پێ بەرز بکرێتەوە (ز).
بەراش: ز. بەرداش.
بەراڤ: ز. بالاڤ.
بەراڤێژک: ز. حەلوا و دیارییەکە کە لە جەژندا بنێردرێ بۆ ئاشنایەک. (بەرامای) هـ. ددرهاتن.
بەرامبەر: دوو شتی ڕووبەڕووی یەک.
بەرامبەرکێ: د. بەرامبەری کردن.
بەرامبەری: وێستانی دوو شت بە ڕێکی یەک.
بەرامبەریکردن: بەرزە بلێس وێستانی یەکێک لە ڕووی یەکێکی تردا.
بەرامە: بۆن و هالاوێکی خۆشە کە لە شتێکەوە بێ.
بەران: شەکی نێری چوار ساڵە.
بەرانبەر: بەرامبەر.
بەرانبەری: بەرامبەری.
بەرانبەری کردن: بەرامبەری کردن.
بەرانپێچ: جۆرە بەروانکەیەکی گەورەیە ژنان لە کاتی فرماندا ددیگرن بەبەرسنگیانەوە.
بەرانپێڵ: بەرانپێچ.
بەرانگە: ز. بەچەی مەڕ و بزن.

بەرانەکێوی: جۆرە بەرانێکی کێویی سوورکاری شاخداری قوڵ هەڵکراوی تووک کورتە.
بەراو: زەمینێکە کە لەبەر ئاوابێ.
بەراوپشت: د. بەر و پشت.
بەراوردکردن: تاقیکردنەوە.
بەراوەژوو: ئاوەژوو.
بەراویتە: گیاندارێکە کە بەری بەناکامی فڕێدابێ.
بەرایی: پێشڕەویی شتێک: بەراییی ئاوەکە یا لەشکرەکە گەیشت.
بەراییدان: چاوهەڵهاتن بەبینینی شتێک یا شوێنێک و دڵ بڕوایی دان بۆ تەماشاکردنی: چاوم (بەرایی نادا) فیسار کەس ببینم.
بەراییهاتن: بەراییدان: چاوت (بەراییی هات) فیسار کەس ببینیت؟.
بەربا: دانەوێڵەیەکی پووچە کە لە کاتی شەنکردندا با بیبا. بەرباد.
بەرباخت: ز. کچێکە کە کاتی شووی هاتبێ.
بەرباد: شتی لەکارکەوتووی پەرێشان. (بەربادبوون) لەناوچوون و پەرێشانبوونی شت. (بەربادکردن) لەناوبردن و پەرێشانکردنی شت.
بەربار: وڵاخێکی یەک سمە کە کاتی بارکردنی هاتبێ و هێشتا نەگیرابێ.
بەربازن: بازنێکی باریکی پچووکە لە دوای بازنەکانی تردەوە لە دەست دەکرێ بۆ ئەوەی دانەماڵرێن.
بەربانگ: خواردنێکە کە ڕۆژووەوان ئێوارە بیخوا.
بەربانگ کردنەوە: خواردنی بەربانگ لە ئێواراندا.
بەربای گوێکەوتن: بریتییە لە سووسەکردنی قسەیەک.
بەربچان: ز. کەسێکە ڕەوشت و خووی لە خەڵق بەددەر بێ.
بەربر: ز. کەسێکە بەرد بشکێنێ. سەرتاش.
بەربژاری: ز. ئیمتیاز.
بەربن: د. بەربەست.
بەربوو: ز. ئەو کەسانەن کە دەچن بۆ بووک.
بەربوودی: ز. بەربووک.
بەربوورە: پێشبینین و چاوپێکەوتن: تۆ لە (بەربوورە) بڕیار مەدە، واتە تا شت بەچاو نەبینیت باوەڕ مەکە.
بەربووق: ز. گونجی ئاو.
بەربووک: ژنێکە لەگەڵ بووکدا بچێ بۆ ماڵی زاوا.
بەربوون: بەرەڵابوونی بەندی. ڕاییبوونی ئاو. بەرەڵابوونی گیاندار لە پەت یا لە قەفەس. لاچوونی ڕەشیی مانگ و ڕۆژ بەهۆی گیرانیانەوە. ترازانی دوو شتی قایمکراو لەیەک: تەختەی ئەم کورسییە، یا ئەم دروومانە (بەربووە).
بەربوونەوە: کەوتنە خوارەوە. ڕاییبوونی ئاو.
بەربەر: سەرتاش. دەنگێکە جووتیار لە گای جووتی دەکا لە کاتێکدا کە بیەوێ گاکان لابکەنەوە بۆ لای بوورەوە.
بەربەرۆچکە: شوێنی پەنابای ڕووەو هەتاو.
بەربەرۆشک: ز. مەردوومی بێ ئیشوکار. کەسێکە کە هەمیشە لە مدبەقدا بێ.
بەربەرە: دارێکی چەوتە دەخرێتە گێری هەوجاڕ بۆ تەختکردنی گێڕ. بەفرماڵ.
بەربەرەکانێ: ملەملەکردن و چەنەبەچەنە وێستانی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تردا.
بەربەرەکانی: بەربەرەکانێ.
بەربەژن: ز. نوشتە.
بەربەس: بەربەست.
بەربەست: بەرهەڵستێکە لەبەر بانی ئاو یا لەسەر ڕێگا دادەنرێ بۆ نەڕۆین و هاتوچۆ نەکردن.
بەربەستکردن: بەرهەڵست دانان. هەڵکێشانی ڕیسی ڕەنگکراو لە زاخاوی گەرما بۆ ئەوەی کە ڕەنگە نەچێتەوە.
بەربەسکردن: بەربەستکردن.
بەربەسێڵ: گۆشتێکە کە لەناو ساجدا سوور دەکرێتەوە لەگەڵ ڕۆندا و ماستی دەکرێ بەسەردا.
بەربەش: ز. شتێکە کە لە مەعدەن دروست کرابێ.
بەربەق: بەربەستێکە دروست دەکرێ لە مەرەزەی (تیر) لە زەوییەکدا کە بەرز و نزم بێ بۆ ئاوخواردنەوەی مەرەزەکە بەیەکسانی.
بەربەن: د. بەربەست. جۆرە خورمایەکە.
بەربێژ: ز. چەنەباز.
بەربێڵ: بەرەجووت.
بەربین: قورقوڕاگە لە دیوی دەردوە.
بەرپابوون: هەڵگیرسانی هەرا و ئاژاوە. (بەرپاکردن) هەڵگیرساندنی هەرا و ئاژاوە.
بەرپاش: ز. پێچەوانە.
بەرپرسیار: ز. کەسێکە بەرامبەر شتێک مەسئوول بێ و پرسیاری لەسەر بکرێ.
بەرپرسیاری: ز. مەسئوولیەت.
بەرپەچدانەوە: قسە بردنەدواوەی یەکێک بەقسە هێنانەوە بەسەریدا. بەرە و بڕیی دانەوە لە ڕۆیندا.
بەرپەرچ: د. پەرژین.
بەرپەرچدانەوە: بەرپەچدانەوە.
بەرپێچ: د. مووروولەیەکە لە سەری ئەو سەری بورغو توند دەکرێ بۆ ئەوەی کە بورغوەکە دەرنەیەت.

بەرتل: د. پارە یا میچێکە کە لە یاریی (مووشێن)دا لە بەرتیلی هەڵماتدا دادەنرێ.

بەرتەرەف: شتێکە کە لە کەڵک کەوتبێ.

بەرتەلانە: بەنێلانە.

بەرتە و بۆڵە: برت و بۆڵ.

بەرتیشت: ز. بەرچایی.

بەرتێلانە: د. دیارییەکە لە ماڵی زاواوە دەنێردرێ بۆ ماڵی بووک بەر لە گواستنەوەی.

بەرتیل: شتێکە کە بیدەیت بەیەکێک کە کارێکت پێی بێ بۆ ئەمەی ئەو کارەت بۆ بکا.

بەرتیل خواردن: بریتییە لە بەرتیل وەرگرتن.

بەرتیلخۆر: کەسێکە کە بەرتیل بخوا.

بەرتیلکردن: د. قسە کێشانەوە لە یەکێک.

بەرجفت: د. بەرەجووت.

بەرجل: ز. بەروانکە.

بەرجەوەن: د. چەشمەنداز: ئەم خانووە (بەرجەون)ی خۆشە.

بەرجەوەنگکردن: لێکدانەوەی قسە لەپێش کردنیدا بۆ بەراوردی چاکی و خراپیی قسەکە: قسە تا (بەرجەوەنگ) نەکەیت مەیکە.

بەرجێنک: ز. بەرچاوگەی ژنان.

بەرچا: بەرچایی.

بەرچاڤک: ز. چاوێلکە.

بەرچاو: شتێکە کە هەمیشە لە پێش چاو بێ.

بەرچاو تاریکبوون: بریتییە لە ڕقهەستان و تووڕەبوون.

بەرچاوتەنک: مەردوومی ڕژدی چرووک.

بەرچاوتەنگی: بریتییە لە ڕژدی و چرووکی.

بەرچاوتێر: مەردوومی دڵفراوان.

بەرچاوتێری: بریتییە لە دڵفراوانی.

بەرچاوگە: پارچە خشڵێک یا چەند زەنگیانە و مووروویەکی هۆنراوەیە ژنان بۆ جوانی دەیکەن بەپێش سەریاندا.

بەرچاوە: د. بەرچاوگە. مێش ڕەوێن.

بەرچایی: خواردنێکە کە بەیانیان لەگەڵ چاییدا دەخورێ.

بەرچنۆکە: بەرچنەی پچووک.

بەرچنە: سەبەتەی تووڵینی قووڵی لاپانە میوەی تێدا دەبرێ بۆ دوور.

بەرچەپ: د. مێمل: فیسار کەس (بەرچەپ)ی فیسار شتە.

بەچینەک: ز. چیکڵدانەی مەل.

بەرچیخ: بەرچیغ.

بەرچیغ: سەربەڵی سپیدار کە باریک و درێژ بێ. تێلا.

بەرچێلک: با. چیقڵدانە.

بەرچین: زەوییەکە کە (خەرتە) نەکرا بێ، بەڵکو هەر تۆوی پێوە کرابێ و کێڵرابێ.

بەرچینە: بەرچنە.

بەرخ: ساوای مەڕ. چەنێرچە مێ تا کاتی برینەوەی بەرگنەکەی.

بەرخستن: فڕێدانی بەچکە لە سکدا بەناکامی.

بەرخوار: خواردەمەنییەکی کەمە کە جوێ کرابێتەوە لە ئازووخەیەکی زۆر بۆ ئەوەی کە لەبەر دەستدابێ بۆ خواردن. شتی خوار و خێچ (ز).

بەرخوان: ز. بەرخەلەوان.

بەرخۆر: بەرخوار. کەسێکە کە بەمێچکە مێچکە و قسەی خۆش خۆی بباتە پێشەوە لای مەردووم بۆ ئەوەی کە بەروبوومیان بخوا.

بەرخوردار: کەسێکە کە عەمری ئەوەندە درێژ بێ لە بەری نەتەوەی خۆی بخوا. کەیفخۆش (ز).

بەرخورک: ز. تەرزەی پچووک.

بەرخۆلە: بەرخی ساوا.

بەرخەل: بەرغەل.

بەرخەلەوان: بەرغەلەوان.

بەرد: شتێکی ڕەقی تورتی قورسی ئاشکرایە لە زەویدا.

بەردار: درەخت و سەوزاییەکە کە بەری ببێ.

بەرداش: بەردێکی پانی گردە کونێک لە ناوەڕاستیایەتی، دانەوێڵەی پێ دەهاڕدرێ.

بەرداشت: گونجان.

بەردان: بەرەڵاکردنی شتی گیراو.

بەردانەوە: بەردانی ئاوی گیراو. فڕێدانی شتێک لە بەرزییەوە.

بەردانی: بەردەڵان.

بەرداوێژ: ئەندازەی هاویشتنی بەردەدەستی زەلامێک: خانووی ئێمە لە خانووی ئێوەوە (بەرداوێژێک) دوورە. (بەرداوی) بەردانی.

بەردای: بەردانی.

بەردتاش: کەسێکە کە بەرد ڕێک بخا بۆ دیوار (نقار).

بەردڕکانە: خواردەمەنییەکە ئامادە کرابێ لەلایەن یەکێکەوە کە کالایەکی تازەی لەبەر کردبێ بۆ چەند هاوڕێیەکی.

بەردڕەکانە: بەردڕکانە.

بەردکێش: کەسێکە کە بەپارە بەرد بگوێزێتەوە بۆ ئەم و ئەو.

بەردڵ: د. بەرقلیان.

بەردڵخستن: خواردنی بەرقلیان.

بەردلک: ز. خۆشەویست. تووڕەگەی مەمک.

بەر دڵکەوتن: حەزکردن لە شتێک و چوونی بەدڵدا.

بەردۆڵە: د. سوێنەیەکە نانی تێدا هەڵدەگیرێ. تەغاراوی پینەچی و ئاسنگەر.

بەردووخ: بەردێکە دەخرێتە سەر پێچکەی خەڕەک بۆ ئەوەی کە نەبزوێ.
بەردووگ: پێستی ژێر دووگی مەڕ.
بەردە: د. بەندەی زەڕخریدە چ نێر چ مێ.
بەردەئازەبە: بەردە عازەبە.
بەردەئەستێ: جۆرە بەردێکی شینکارە بەلێدانی ئەستێ ئاگر دێنێ.
بەردەئەموستیلە: نقێمی ئەموستیلە.
بەردەبار: ز. پیاوی ژیر کە سەری لە هەموو شتێک دەرچێ.
بەردەباران: بەرد فڕێدان بۆ یەکێک بەزۆری.
بەردەباری: ز. حیکمەت و پسپۆڕی.
بەردەباز: بەردێکە لەناو ئاودا دانرابێ بۆ پەڕینەوە.
بەردەبیـرۆ: بەردێکی زۆر سـەختـە شـتی شل کـە زۆر تـوند بووبێتـەوە پێی دەشـوبهـێنرێ: دۆشـاوەکـە ئەوەندە خـەست بووەتەوە بووە بە(بەردەبیرۆ).
بەردەپێ: جۆرە بەردێکی زبری سووکە لە حەمامدا دەهێنرێ بەبن پێدا بۆ لابردنی چڵک.
بەردەتووتن: شیشێک تووتنە لە هەموو (کەلاریک) دەردەکرێ بۆ ئاغا لە پاش سێیەک.
بەردەرگـانە: د. پارەیەکـە لەبەر دەرگـای مـاڵی بووک لە زاوا دەسێنرێ بۆ ئەوەی کە دەرگاکەی لێ بکەنەوە.
بەردەساو: هەسان.
بەردەست: کـەسـێکە لەژێر دەسـتی یەکـێکدا هەڵسـووڕێ بۆ فرمـانکردن. شـتێکی سووکەڵەیە لە بەردەسـتدا دادەنرێ بۆ فرمانی هەمیشەیی. بەرێکە دەگـیرێ بەسەر قوڵی سەڵتە و کەوادا لە دیوی ناوەوە.
بەردەسـتە: پارچەیەکـە دەدرێ لە سـەردەسـتی کـەوا و سوخـمە و سەڵتە لە دیوی ناوەوە.
بەردەستی: ئیشکردن لەبەر دەستی یەکێکدا. کرێکار (ز).
بەردەستیکردن: هەڵسووڕانی یەکێک لەبەر دەستی یەکێکدا.
بەردەشۆرکردن: شوشـتنەوەی برنج و نیـسک و مـاش بەڕەنگێک کە بەردەکەی لێ بگیرێ.
بەردەعازەبە: بەردێکی قورسە کوڕانی هەرزەکار بە بەرزکردنەوەی هێزی خۆیانی پێ تاقی دەکەنەوە.
بەردەڤک: ز. یاوەر (مرافق).
بەردەقانی: قۆچەقانی.
بەردەلان: بەردەلانی.
بەردەلانی: شوێنێکە کە بەردی زۆر بێ.
بەردەلبەرد: دەربەدەری و سەرگەردانی بەڕەنگێک کە هەر دەمەی لە جێگایەک و هەر ڕۆژەی بەشاخێکەوە بێ.
بەردەم: پێش دەمی شت.
بەردەمـۆرە: شـتێکی پچکۆلانەی تەنکە لە قـوڕی (کـەربەلا) و (نەجـەف) سـوور دەکـرێتـەوە، شیـعـە لە نوێژدا ناوچەوانی دەخاتە سەر.
بەردەنوێژ: بەردێکی پانی تەختی درێژە نوێژی لەسەر دەکرێ.
بەردەواز: بەردەباز.
بەردەهاڕ: بەرداش.
بەردەی: ه. بردن.
بەردێلی: ز. گۆڕینەوەی شت بەشت.
بەردیل: مەڕی سێ ساڵانە.
بەڕ: بەڕە. شاڵینە.
بەڕانی: بێگانە.
بەر ڕەتخستن: بەرگیرخستن.
بەر ڕەتکەوتن: بەرگیرکەوتن.
بەرۆژوو: ڕۆژووان. (بەرۆژووبوون) ڕۆژووگرتن.
بەڕوو: بەری دارێکی گەڵا پانی کێوییە، درێژکۆلەیە و توێکڵ و کڵاوی هەیە. ئەو دارەیە کە بەڕوو دەگرێ.
بەڕوودار: داری بەڕوو.
بەڕوولە: دارێکی پچکۆلەیە دەکرێ بەکونی (هەپە)دا تا هەپەکان دەرنەیەن. ترۆزی و خەیاری ناسک. چەند سنگێکی باریکە تەختەی دەواری پێ لێک دەدرێ. گاینجە.
بەڕوولە خۆرە: کونی هەپە.
بەڕە: ژێرەخەرێکە لە بەن دروست دەکرێ.
بەڕەپۆ: د. کلیم.
بەڕەزا: گـیـایەکـی گـەڵاوردی پڕی کـێـوی بەهاربیـە لە تەڕەتیـزە دەچێ.
بەرێکردن: خستنەرێی گیاندار و پێکهێنانی پێویستیی ڕێگای.
بە ڕێ و جێ: کردار یا گوفتارێکە کە لە جێی خۆیدابێ.
بە ڕێ و شوێن: بە ڕێ و جێ.
بەرێوەبردن: سەرپەرشتی و چاودێریکردنی شتێک.
بەرێوەچوون: بریتییە لە گوزەرانکردن.
بەرز: بڵند.
بەرزا: د. منداڵی نۆبەرە. بەرزایی.
بەرزاخـور: وڵاخـێکە ئالیکی زۆری کـرابێتـەبەر و ئەوەندەی خواردبێ خواردنی لەبەرچاو کەوتبێ، یاخۆ خواردنی خۆشی درابێتێ و خواردنی تری پێ نەخورێ.
بەرزاخ: د. دامێنی کێو.
بەرزایی: ئەندازەی بڵندیی شت. شوێنی بەرز.
بەرزبوونەوە: بڵندبوونەوە.
بەرزفڕین: بریتییە لە کەسێک کە زیاد لە ئەندازەی خۆی بخورێ و قەپ دابگرێ.

بەرزڤک: ز. بەرهەڵستێکە کە لە دار دروست کرابێ.

بەرزکردنەوە: بڵندکردنەوە.

بەرزە: چێشتی پلاو. ون: (بەرزە)م کرد، واتە ونم کرد.

بەرزەبلێس: کەسێکە لە هەموو قسە و گفتوگۆیەکدا تێ هەڵ بچێ بەڕەنگێک کە بەرامبەرەکەی دەمکوت بکا.

بەرزەبلێس وێستان: تێ هەڵچوون لە هەموو قسە و گفتوگۆیەکدا و بەگژ دەمدا چوونەوە.

بەرزەجرە: جۆرە ویزویزەیەکە لە بەرزەجورە گەورەترە.

بەرزەجورە: جۆرە ویزویزەیەکە هەر جرەجر دەکا.

بەرزەچرە: بەرزەجرە.

بەرزەحەوایلە: د. کۆلارەی منداڵان.

بەرزەربینە: ز. زوبەرجەد.

بەرزەکی بانان: وتەیەکە تەشبیهی یەکێکی پێ دەکرێ کە لە چورتمێک بەناسانی رزگاری بووبێ.

بەرزەگەوە: قیسپێکی هەڵ نەپاچراوە دەکرێ بەپەرژین بەبێ تەنین.

بەرزەلنگ: گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە دەیخەنە ناو لێفە و سەرینەوە بۆ بۆنخۆشی.

بەرزەولاخ: ماین و ئەسپ و ئێستر.

بەرزەوەبوون: بەرزبوونەوە.

بەرزەهەوایلە: د. بەرزەحەوایلە.

بەرزی: بەرزایی.

بەرزیلان: د. یاریی شێر و خەت بەپارە.

بەرزین: ولاخێکە کەکاتی زینی هاتبێ.

بەرژنە: ژەمەنێک کەرە.

بەرژنەک: دارێکی تەنکی پانە لە بەردەمی (دانە) و (گورد) دادەنرێ بۆ ڕاگرتنی ئەندازەی پانیی تەنراوەکە بۆ ئەوەی کە خوار و گێر نەبێ.

بەرستە: با. بەردە ئەستێ.

بەرستۆ: ز. بەرۆک.

بەرسڤ: ز. وەرام.

بەرسمێڵ: مووی سمێڵە کە لە لێو تێپەڕێ، (بەرسمێڵکردن) قرتاندنی مووی بەرسمێڵ.

بەرسووڤ: ز. هەموو شتێکی پاش و پێشکراوی هەڵگەڕاوە.

بەرسێل: جۆرە کولێرەیەکە بەساج دەکرێ.

بەرسینگ: ز. قایشێکە کە دەکەوێتە بەرسنگی ولاخی بەرزە لە کاتی زین کردنیدا.

بەرسیلە: بەری مێو کە هێشتا ترش بێ.

بەرسینە: سینەبەرە.

بەرشووش: ز. بەرسووڤ.

بەرشێو: خۆراکی ئێواران. بەرشێوکردن: نانخواردنی ئێواران.

بەرشییەی: هـ. دەرچوون.

بەرغەل: ڕانی کار و بەرخ.

بەرغەلەوان: شوانی کار و بەرخ.

بەرف: ز. بەفر.

بەرفخورک: ز. تەرزە.

بەرفرێدان: دانانی بەچکە و منداڵ بەنەبەکامی.

بەرفماڵک: ز. بەفرماڵ.

بەرفەشۆ: ز. بەفرێکە کە لەگەڵ باراندا بباری.

بەرفەک: ز. جۆرە پێچ و مێزەرێکە.

بەرڤالە: ز. دەست ڤالە.

بەرڤانک: ز. بەرکۆش.

بەرڤین: ز. مردن لە ڕێگایەکی ناشیرندا.

بەرقلیان: بەرچایی.

بەرک: گوللە (ز). ئەستێرەیەکە بەعەرەبی پێی دەڵێن: شیعرای شامی.

بەرکار: کەرەسەی خانوو کە ئامادەکرابێ بۆ کردنی.

بەرکاز: ز. پەنجەرە.

بەرکانی: ز. بەردەقانی.

بەرکاو: د. بەرزاخ.

بەرکردن: د. لەبەرکردن.

بەرکۆ: د. قەرپووسی زین.

بەرکوت: دانەوێڵەیەکە لە پێش کوتانی خەرماندا دەکوترێ بۆ نان.

بەرکور: ز. گۆشتی ژێر چەناگەی مەردوومی قەڵەو کە دادەکەوێ.

بەرکۆستە: ز. پیاوی ڕیش تەنک.

بەرکۆسە: ز. بەرکۆستە.

بەرکۆش: پەشتەماڵێکە دەگیرێ بەبەرکۆشەوە لە کاتی فرماندا بۆ پاک و خاوێنی.

بەرکوڵ: ئەندازەیەکە لە چێشت کە لەپێش پێگەیشتنیدا بخورێ. (بەرکوڵ کردن): خواردنی کەمێک لە چێشت لەپێش پێگەیشتنیدا.

بەرگوڵە: دارێکە وەک (چاکڵ) دەخرێتە ناوەندی (مژان) و (ئێرەق) تا کار باش بکا.

بەرکەتی: ز. شتی گران مایە و بەنرخ.

بەرکەش: ز. سینی.

بەرکەک: ز. پەیژە. پێپیلکە.

بەرکەکردن: وتەیەکە لە وتاری نزادا بەکاردەهێنرێ: مانگاکەت (بەرکە کا) شیری زۆرە.

بەرکەڵ: نێوونێکە کە کاتی کەڵگرتنی هاتبێ.

بەرکەمەر: گیایەکی بۆنخۆشی گەرمیانییە.

بەرکەوتن: پێشکەوتن. کەوتنی شتێک لە شتێک: شووشەکە بەردێکی بەرکەوت. نۆرە هاتنە سەر: ئیمرۆ زوو نۆرەت (بەرکەوت). پێ بران: تۆش ئەوەندەت (بەردەکەوێ).

بەرکەیە: ز. نوێنەر. یارمەتیدەر.

بەرگ: کالا. مقەبای ئەملاو ئەولای کتێب. گەلای دار و درەخت و سەوزایی. ئەو ڕێگایەیە کە مەردووم لە ڕەوشت و خوودا دەیگرێ (مبدا). ز. پێشوو: جاری (بەرگ) هاتم، واتە جاری پێشوو.

بەرگاز: ز. درێژییەکە کە نێزیک گەزێک بێ.

بەرگایلکە: باڵندەیەکی پچکۆلەی شینە زۆرتر لە بەردەمی گای جووتدا دەنیشێتەوە.

بەرگایی: پێشکەوتنی یەکێک لە بەردەمی گایەکەوە کە تازە خرابێتە ژێر جووت یا گێرە بۆ ڕاهێنانی.

بەرگدروو: کەسێکە کالا بدروێ.

بەرگر: بەرگرد.

بەرگرتن: پرژاندنی ترش و خوێ بەدەموچاوی یەکێکدا کە (ناگرە)ی پێ گەیشتبێ لەلایەن یەکێکەوە کە منداڵی بەناگر سووتابێ بۆ ئەمەی کە چاک بێتەوە. بەربەستکردنی شتێک: بەری ئەو ئاوە یا ئەو ڕانە بگرە. هاتنە بەری درەخت. بەرگەگرتن: ئەم ولاخە بۆ ئەم بارە (بەرناگرێ)، واتە بەرگە ناگرێ. ناوسبوونی گیاندارێک کە ئادەمیزاد نەبێ (ز). بەربەستکردنی شتی ڕەنگکراو.

بەرگرد: شتێکە کە لەبەردەستدابێ و بەکار بێنرێ بۆ ئەمەی ئەو شتەی کە لەم باشترە جارێ بەکار نەهێنرێ و بمێنێتەوە.

بەرگن: تووکی بەرخی تازەبوو کە یەکەمجار بڕابێتەوە.

بەرگورد: دارێکە دەخرێتە تەونەوە بۆ ئەوەی کە ڕێک بوەستێ. بەرگرد.

بەرگەر: جامخانە و شووشەی بەردەم.

بەرگەڕەکی: گیانداری جوانی ڕێکوپێکی شۆخ و شەنگ: ئەم پیاوە یا ئەم ئەسپە یا ئەم کەڵەشێرە (بەرگەڕەکی)یە.

بەرگەش: ز. سینیی زۆر گەورە.

بەرگەشتە: بەدبەخت.

بەرگەشتەیی: بەدبەختی.

بەرگەشتەیی هاتن: بەدبەختبوون.

بەرگەشتی: بەرگەشتەیی.

بەرگەگرتن: خۆڕاگرتنی شت لەژێر بارێکی گراندا.

بەرگەل: بەرغەل.

بەرگەلەوان: بەرغەلەوان.

بەرگەمێ: ھ. کووزەڵە.

بەرگیر: ز. جۆرە مارێکی ژەهراویی کوشندەیە.

بەرگیرخستن: پەیداکردنی شتێک و خستنە ژێر دەستی.

بەرگیرکەوتن: هاتنە ژێردەستی شتێک کە بەدوویدا عەوداڵ بووبێت.

بەرگیربکردن: د. بەرهەڵست وەستان.

بەرگین: د. پێشوو.

بەرما: ز. بەرماوە.

بەرماخ: کاغەزێکی لوولەکراوە تووتنی تێ دەکرێ و دەکرێ بەجگەرە.

بەرماغ: بەرماخ.

بەرمال: ز. ماوەیەکی تەختە لەبەر دەرگای ماڵدا.

بەرماڵ: پارچە تەنراوێکی تایبەتییە نوێژی لەسەر دەکرێ. دوو تەختە دەواری لێکدراوی ئامادەیە بۆ ئەوەی هەر کاتێک بایەکی بەهێز هات بگیرێ بەتەنیشت ڕەشماڵدا و، بەچەند (سوولە) یەک بەدەوارەکەوە قایم بکرێ بۆ بەربەستی بایەکە.

بەرماڵک: با. جاجم.

بەرماڵی: ز. کەیبانووی ماڵ.

بەرماوە: پاشماوە.

بەرموور: جۆرە ملوانکەیەکە کە ژنان بۆ جوانیی ڕاست و چەپ دەیکەنە ملیان.

بەرموورە: بەرموور.

بەرمووسڵدان: خوار ناوک.

بەرمەجێل: د. دەرگای چەپەر.

بەرمەمکانە: منداڵی شیرەخۆرە.

بەرمیل: جۆرە سندووقێکی گردی قووڵە لە لەوح یا تەختە.

بەرناف: ز. لەقەب.

بەرنامە: مەنهەج و پرۆگرام.

بەرنوێژ: کەسێکە پێشنوێژی بکا.

بەرنوێژی: پێشنوێژی.

بەروار: با. کوێستان. ناوە بۆ ناوچەیەک لە ئامێدی.

بەروال: ز. ڕێگای خوار و خێچی سەختی ناو شاخوداخ.

بەروان: پارچەیەکی تایبەتییە لە کاتی نانخواردندا دەدرێ بەسەر کۆشدا. بەروانکە.

بەروانک: بەروانکە.

بەروانکە: سەردەربییەکی تەنکە دەکرێ بەبەرسنگی منداڵدا بۆ ئەمەی کە کالاکەی پیس نەبێ.

بەرواپشت: د. بەر و پشت.

بەروبووم: پیت و فەڕی شت: یاخوا لە (بەروبووم)ی منداڵەکانت بخۆیت.

بەر و بێشکە: بەبێشکەیەک دەوترێ کە دۆشەکە و دەسرازە و شتومەکی نوستنی منداڵی تێدابێ.

بەر و پشت: ناوەڕوو. (بەروپشت کردن) وەرگێڕانی یەخەی کراس بەجۆرێک کە پشتەکەی لەبەر ساغی بکەوێتە پێشەوە و پێشەکەی لەبەر دڕاوی بکەوێتە پاشەوە.

بەر و دوا: یەک لەدوای یەک: فارس و نەریمان بەر و دوا لە دایکبوون.

بەر و دواخستن: پاش و پێشکردن.

بەر و دواکردن: بەر و دواخستن.

بەر و دواکەوتن: پاش و پێشکەوتن.

بەر و دوانان: ڕاونان.

بەروڤاژی: با. شتی پێچەوانە.

بەرۆژ: ز. بەربەرۆچکە.

بەرۆش: ز. مەنجەڵۆکە.

بەرۆک: یەخە.

بەرۆک بەردان: بریتییە لە وازهێنانی یەکێک لە یەکێک.

بەرۆکگرتن: بریتییە لە شەڕ فرۆتن بەیەکێک.

بەروو: پێشوو.

بەرودج: ز. جۆرە ئاسنێکە کە تفەنگی لێ دروست دەکرێ. تفەنگ.

بەرودستا: با. شاگرد.

بەرودسێل: ز. ئاگردان.

بەرە: وتەیەکە جووتیار بەگای جووتی دەڵێ لە کاتێکدا کە گاکە پشت هێڵ بێ، واتە ڕووی لە بوورە بێ. نەتەوە: ئەمە (لە بەرە)ی فیسار کەسە. شتێکی سێ پەلە، پەلێکی بەتەنگەوە و دوو پەلەکەی تری بەقەڵتاغەوە توند دەکرێ. دەرگا (هـ). خۆشیی دوای باران (د).

بەرەبەرە: وتەیەکە کردنی کارێک یا وتنی گوفتارێک دەگەیەنێ کە لەسەرخۆ، وردە وردە بێ.

بەرەبێڵ: د. بەرەجووت.

بەرەبەیان: د. دەمەدەمی بەیانی.

بەرەببین: زارێین.

بەرەتەشی: دارێکی گردی کونداره دەکرێ بەکلکی تەشیدا لە حەلێکدا کە سووک بێ و زۆری لەسەر هەڵ نەکرابێ بۆ ئەوەی قورس بێ و باش بسووڕێتەوە.

بەرەتی: د. بریتی.

بەرەجفت: د. بەرەجووت.

بەرەجووت: بەو ئەندازە زەوییە دەڵێن کە کشتیار جووتی تێدا دەکا. بەو دەغڵۆدانە دەوترێ کە ساڵەوساڵ کشتیار لە زەویی خۆی هەڵی دەگرێ.

بەرەجەژنان: چەند ڕۆژێکە لەپێش جەژنەوە کە خۆی تێدا ئامادە دەکرێ بۆ جەژن.

بەرەخوار: بەرەخوارە.

بەرەخوارە: بەرەوخوارە.

بەرەخەر: د. شوێنێکی تایبەتییە کە باری وڵاخی تێدا دەخرێ. مێینەیەکە کە بەر فرێدا.

بەرەدەمووکە: دەمووکانە.

بەرەڕەت: د. چاڵێکە داوی تێدا دەنێنەوە.

بەرەزبانە: بەرەزمانە.

بەرەزمانە: د. ئاوزوونەی پشتێن.

بەرەزوانە: د. بەرەزمانە.

بەرەزە: د. وێڵ و ئاوارە.

بەرەزەی: بەری دڕکەزی کە لە (پانکە)ی مازوو دەچێ.

بەرەژان: وردە ژانێکی دەم دەمییە لەپێش منداڵبووندا بەچەند ڕۆژێک تووشی ئافرەت دەبێ.

بەرەژە: د. جەوی.

بەرەژوور: بەرەوژوور.

بەرەژوورە: بەرەوژوورە.

بەرەژنە: بەرژەنە.

بەرەژێر: بەرەژێرە.

بەرەژێرە: بەرەوخوارە.

بەرەستە: با. بەرددئەستێ.

بەرەڤان: ز. ناوبژیکەر.

بەرەک: بەرۆک. بەروانکەی پەزیشک.

بەرەگە: د. سەرەڕێ.

بەرەگەڵا: بەرێکی سووری سپیواشە لە گەڵای مازوودار دەردەچێ.

بەرەڵا: بەرەڵڵا.

بەرەڵڵا: گیاندار و ئاوێکە کە لە ڕۆیندا بەرهەڵستی نەبێ. بریتییە لە مەردوومی سەرسەریی بێکارە. (بەرەڵڵابوون) بەربوونی گیاندار و ئاوێکە کە گیرابن. (بەرەڵڵاکردن) بەردانی گیاندار و ئاو.

بەرەمۆ: کار و بەرخ و گوێلکێکە کە فێری مژینی دایکی بووبێ بەرەنگێکی وا کە بە بەستنەوە نەبێ چاری نەکرێ.

بەرەمۆم: بەرەمێو.

بەرەمەشکە: ژەمەنەیەک کەرە.

بەرەمێو: مێوی تلپەی هەنگوین.

بەرەنگاربوون: گەیشتنی دوو گیاندار بەیەک لووت و بزووت.

بەرەواژ: شتی ناوەڕوو.

بەرەو ئیزباربوونەوە: بەرەورووبوونەوە.

بەرەو ئیزبارکردنەوە: بەرەورووکردنەوەی دوو کەس بۆ دەرخستنی درۆ و ڕاستیی قسەیەک لە ناویاندا.

بەرەوبردانەوە: پێش ڕێگرتن لە یەکێک.
بەرەوبری دانەوە: بەرەو بردانەوە.
بەرەوپێڵ: بەرانپێخ.
بەرەوپیری: بەپێش دەمەوە چوونی یەکێکی گەورە.
بەرەوخوار: لای خوارووی شت.
بەرەوخواربوونەوە: ڕۆین بۆ لای خواروو.
بەرەوخوارکردنەوە: ناردنی شتێک بۆ بەرەوخوار.
بەرەوخوارکە: بەرەوخوارە.
بەرەوخوارە: شوێنی سەرەولێژ.
بەرەوخواری: بەرەوخوارە.
بەرەودوا: بەرودوا.
بەرەودوانان: بەرودوانان.
بەرەوڕووبوونەوە: هاتنەڕووی دوو کەس بۆ دەرخستنی قسەیەک کە لەناویدا کرابێ.
بەرەوڕووکردنەوە: ناردنی یەکێک کە شتێکی لە سەرت بێ بۆلای یەکێکی تر کە تۆ شتێکت لای بێ بۆ ئەمەی کە بچێ لێی وەربگرێتەوە بۆ خوێ. بەرەو ئێزبارکردنەوە.
بەرەوژوور: لای ژووروو.
بەرەوژووربوونەوە: ڕۆین بۆ لای ژووروو.
بەرەوژوورکردنەوە: ناردنی گیاندار بۆ لای ژووروو.
بەرەوژوورکە: بەرەوژوورە.
بەرەوژوورە: هەوراز.
بەرەوژێر: بەرەوخوار.
بەرەوژێرکە: بەرەوخوارە.
بەرەوژێرە: بەرەوخوارە.
بەرەولا: د. لابەلا.
بەرەولێژ: بەرەوخوارە.
بەرەولێژایی: هەڵدێرگە و بەرەوخوارە.
بەرەولێژنە: بەرەولێژە.
بەرەولێژە: سەرەولێژە.
بەرەولێژی: بەرەولێژ.
بەرهوور: ز. تفەنگی لوولە تەسک.
بەرەوەبوون: بەربوونەوە.
بەرهەڤ: با. شتی ئامادەی دەردەست.
بەرهەڵبێنە: چاردکەیەکە ژنان لە کاتی فرماندا لە پشتێن بەرەوخواریان دەیگرن بەبەریانەوە.
بەرهەڵست: شتێکە کە پەکی کارێک بخا و نەیەڵێ سەربگری.
بەرهەمهێنان: پێگەیاندن و هێنانە ناوی شتێک.
بەریان: ڕێگوزاری ئاو و با: (بەریان)ی ئاودەکە یا باکە بگرە.
بەری پەڕەگەڵا: شتێکی وردی خڕە لە پشتی گەڵای مازوو پەیدا دەبێ.
بەریڤانی: ز. شوان.
بەری: بەروو (ل). شتی بەردار. گیرفان (ز).
بەریک: با. گیرفانی بەرباخەڵ.
بەرین: پان. بەروو.
بەرینایی: پانایی.
بەز: چەوریی ئەندامی گیاندار جگە لە دووگ.
بەزات: مەردوومی ئازای نەترس.
بەزاج: ز. دووزبانی و بەدی و چرغولی.
بەزاجکەر: ز. مەردوومی دووزبانی بەد.
بەزاندن: کۆڵپێدان و زەبوونکردنی یەکێک. هاتنە دەرەوەی میزی منداڵ لە دەمی بلوێرەوە بەرەنگێک کە ناو بێشکە تەڕ کا.
بەزتن: د. بەزین و بارخستن لە شوێنێکدا.
بەزدۆنەک: ز. ترسنۆک.
بەزدین: ز. ترساندن.
بەزرک: بزرۆک.
بەزرەک: د. گیایەکە بەرێکی وردی هەیە دەکوترێ و دەنرێ لە ئەندام بۆ نەمانی ئازاری.
بەزرەونج: گیایەکی هەمیشەییە گەڵایەکی خڕ و ورد و بۆنخۆشی هەیە.
بەزگەر: ل. جووتیار.
بەزم: یاری و ڕابواردن و کۆڕگرتنی کۆمەڵێک بەخۆشی.
بەزمژک: ز. گەنە.
بەزمگا: شوێنی بەزم و ڕەزم.
بەز و بنێشت: دەرمانێکە لە بەز و بنێشت دروست دەکرێ، بۆ برین زۆر باشە.
بەزە: ز. گوناهبار. بەهەڵەچوو.
بەزەتاو: چەورکردنی شوێنێکی قەڵەشاو یا سووتاو لە ئەندام بەبەزی داخکراو.
بەزەک: ز. نەخۆشیی زەردوویی.
بەزەوی پیاهاتنەوە: دڵسووتان بەگیاندار لەکاتی کزی و زەبوونیدا.
بەزەیی پیاهاتنەوە: بەزەوی پیاهاتنەوە.
بەزیان: د. کۆڵدان.
بەزێن: جۆرە یارییەکە منداڵان کێرێکی گرد دەکێشن یەکێک دەچێتە ناویەوە ئەمانی تریش تێی هەڵدەدەن.
بەزی: جۆرە سابوونێکە لە بەز و قڵیە دروست دەکرێ.
بەزین: کوڵدان لە کارێکدا. خستنی ماڵ و کۆچ لە شوێنێک: جاف لە شارەزوور (بەزیوە). بەرینی وڵاخی بەرزە. هەڕاکردن.
بەژ: بەشی وشکایی لە زەوی (بەر). شینایییەکە کە بێ ئاویی کێشابێ (ز).

بەژا: هاوتەمەن.

بەژقین: ز. وردەی شتێکە کە شکابێ بەهۆی کەوتنی شتێکی قورس بەسەریدا.

بەژک: ز. شینایییەکە کە بەبێ ئاو بڕوێ و سەوز ببێ (دێمەکار).

بەژن: باڵا.

بەژی: ز. زەوییەکی دێم کە کشتوکاڵی تێدا بکرێ.

بەس: وتەیەکە بەدیمەن ناو (اسم) و لە مەعنای (فعل)دایە، واتە دەست لەو کارە یا لە و گوفتارە هەڵگرە. بەستێکە کە پەنای پێ ببرێ. بەستێ.

بەسات: د. پێویستیی شت: سبەینێ دەچین بۆ سەیران هەرچی (بەسات)ی هەیە تۆ ڕێکی بخە، واتە پێویستانی.

بەست: بەرهەڵست. شوێنێکی مووفەڕکی خۆشەویستی وایە ئەگەر یەکێکی گوناحبار خۆی تێ بهاوێ ئیتر کەس نەتوانێ دەستی بۆ درێژ بکا. ڕووبارێکە کە لە (زێ) پچووکتربێ. حەماڵی خانوو (ز). شیوێکی وشک کە ئاوی لێ برابێ.

بەستران: بوونی شت بە بەستراو. پەککەوتنی پیاو لە چوونە لای ژنی لەبەر سامێک یا خورپەیەک یا شتێکی پڕوپووچ. (بەستراو) شتی گرێدراو، بریتییە لە پیاوێک کە پەکی خرابێ لە دروستبوون لەگەڵ ژنیدا.

بەستن: ڕەقبوونی شتی شل و بوونی بەسەهۆڵ لەبەر ساردی. پێچان و گرێدانی شتێک. بریتییە لە پەکخستنی پیاو لە دروستبوون لەگەڵ ژنیدا. داخستن.

بەستنەوە: بەستنی گیاندار بەپەت.

بەستوو: کووپەڵەی شین. بستوو.

بەستوورە: چەمێکە کە لە زێ پچووکتر بێ.

بەستە: جۆرە مقامێکە. چەند شتێکن کە پێکەوە بەسترابن.

بەستەک: دەستە نوێنێکی پێچراوەی بەستراوە لەناو شتێکدا. دەنگ. (ز).

بەستەگی: د. پەیوەندی.

بەستەلۆک: شوێنێکە کە سەهۆڵی زۆر تێدا بەستبێتی.

بەستەڵەک: بەستەلۆک.

بەستەنی: د. بەستەڵەک. دۆندرمە.

بەستی: ز. خڕی چەم. کەوێکە کە بۆ ڕاوەکەو ببرێ.

بەستیر: ز. قاڵی.

بەسرپێر: بەسرپێرێ.

بەسرپێرار: سێ ساڵ لەمەوپێش.

بەسرپێرێ: سێ ڕۆژ لەمەوپێش.

بەسزمان: گیانداری هێمنی لەسەرخۆ.

بەسزوان: بەسزمان.

بەسڵەک: د. بەستەڵەک.

بەسە: د. بەستەی شت کە پێکەوە بەسترابن. بەستەگی. بەستەی گۆرانی. (بەس)ی بەمەعنا واز بێنە!

بەسەراچوون: چوونی یەکێک بەسەر یەکێکدا لەکاتی کارێک یا گوفتارێکدا.

بەسەرادان: چوونە سەر یەکێک لە ناکاو.

بەسەراهاتن: نامۆژگاریکردن. هاتنی یەکێک بەسەر یەکێکدا لە کاتی کارێک یا گوفتارێکدا.

بەسەربردن: بردنە سەری کات هەر چۆنێک بێ. بردنە سەری کارێک هەر چۆنێک بێ.

بەسەرچوون: بڕانەوەی کاتی شت: توو (بەسەرچوو) واتە کاتی تێپەڕی. ئاوهاتنەوەی گیاندار: فیسار کەس (بەسەرچوو) واتە ئاوی هاتەوە.

بەسەرگرتنەوە: دۆزینەوەی وڵاخ و ئاژاڵی ونبوو: بزنەکە یا مانگاکەم لای فیسار کەس (بەسەرگرتەوە). تێهەڵچوونەوە لە گوفتارێک یا کردارێک لە نوکەوە بۆ تەواوکردنی: قسەکە یا ئیشەکەم (بەسەر گرتەوە).

بەسەرگێران: بریتییە لە خەریککردنی یەکێک و سەر لێ تێکدانی: بەسم (بەسەر بگێڕە).

بەسەرهات: خۆشی و ناخۆشییەکە کە لە ژیاندا بەسەرتدا هاتبێ.

بەسەرهاتن: هاتنی خۆشی و ناخۆشییە بەسەرتدا لە ژیاندا.

بەسەردوە گرتن: گرتنی پیاوێکی بێگانە بەسەر ژنێکەوە.

بەسەردوە گەڕان: بریتییە لە مووشەکردن و خۆ بەخێوکردنی یەکێک بەم و بەو: فیسار کەس هەر (بەسەردوە دەگەڕێ).

بەسەزمان: بەسزمان.

بەسەزوان: بەسەزمان.

بەسەڵەک: د. بەستەڵەک.

بەسیاگ: د. بەستراو.

بەسیان: د. بەستران.

بەسی: د. کەسێکە کە لە (بەستدا) بێ.

بەش: هێندێ لە شتێک کە بردرابێ بۆ یەکێک. گیانداری ناوچەوان سپی (ز). کولۆڵی چارەڕەش. شتێکە کە دەمی دابێتەوە: فیسار کەس دەمی (بەشە)، یا دەمی برینەکەی (بەشە) واتە کراوەیە. (بەشبوون) والابوون. (بەشکردن) والاکردن. دەمت (بەش کە) واتە بیکەرەوە.

بەشاوەند: ز. قافیە.

بەشبەر: کەسێکە لە کەلەپووری مردوویەکدا خاوەن بەش بێ.

بەشدار: خاوەن بەش.

بەشکا: بەشکم.

بەشكايەك: بەشكا.

بەشكايەكم: بەشكا.

بەشكايەكوو: بەشكايەكم.

بەشكردن: دابەشكردنی شتێک بەسەر چەند کەسێکدا. بەسبوون و کفایەتکردنی شتێک بۆ کەسێک: ئەمە (بەشم دەکا).

بەشکم: تەقوو.

بەشکوو: بەشکم.

بەشکە: بەشکم.

بەشکی: بەشکوو.

بەشگا: د. شوێنێکی تایبەتییە بۆ بەشکردنی ئاو کە بۆ سەر کشتوکاڵ بچێ.

بەشگە: د. بەشگا.

بەشۆ: شتی شۆدار.

بەشووار: سابوونێکە کە زۆر کەف بکا.

بەشیری: جۆرە قوربانێکە.

بەشینەوە: دابەشکردنی شتێک بەسەر چەند کەسێکدا بەخۆڕایی.

بەعە: وتەیەکە منداڵ بەکاری دەهێنێ بۆ مەڕ و بزن.

بەعیجاندن: ز. ڕق هەڵساندن.

بەعیجین: ز. ڕق هەستان.

بەعیڤ: ز. بادام.

بەعیڤتەر: چواله بادام.

بەغمە: د. بوغمە.

بەفاڵ: ماکەر و ماینێکە کە ئارەزووی نێرەکەر و ئەسپ بکەن.

بەفر: شتێکی سپیی وردە وەک وردەی هەلاج لە زستاندا لە کوێستان دەبارێ.

بەفراو: ئاوێکە کە بەفری تێ کرابێ.

بەفرخۆرکە: هەورێکی خۆڵاوییە لە بەهاراندا دەنیشێتە سەر بەفری کوێستان دەیتوێنێتەوە.

بەفرماڵ: دارێکی دەم پانی کلک درێژە بەفری سەربانی پێ دەماڵرێ.

بەفرژبلکە: بەفرە لووکە.

بەفرەسەر: کاتێکە کە بەفر باریبێ و بەستبێتی و مابێتەوە.

بەفرەلوو: بەفرماڵ.

بەفرەلووکە: بەفرێکی دەنک وردە لە تەرزە وردترە.

بەفش: ز. شتێکە وەک شانە وایە بەڕەی پێ پاک دەکرێتەوە.

بەفشک: ز. بەفشی پچکۆلە.

بەفەڕ: بەکەڵک.

بەق: نێرەکەو (هـ). بۆق (با).

بەقاڵ: تەڕەفرۆش.

بەقاڵی: فرۆشتنی تەڕە.

بەقبەقۆک: ز. بڵقەبڵقی ئاو.

بەقتاندن: ز. تەقاندن.

بەقلە: د. قەلەموون.

بەقلەمووت: د. قەلەموون.

بەقلەوا: ز. پاقلاوە.

بەقلیسۆک: ز. بێ ئابرووی ڕووهەڵماڵراو.

بەقنگداخستن: بریتییە لە دواخستنی کارێک.

بەقنگەوە خستنە کەندەڵان: بریتییە لە دەمکوتکردنی یەکێک.

بەقنگەوەنانە کەندەڵان: بەقنگەوە خستنە کەندەڵان.

بەقەم: ڕەنگێکە کە زوو بچێتەوە.

بەقیە: جۆرە دروومانێکە لە کاڵادا.

بەقیناکەوتن: ڕق هەستان و مانەوەی لەسەر ئەو شتەی کە ڕقی لەسەر هەڵگرتووە.

بەکار: گیانداری ئیشکەری لێهاتوو.

بەکارخواردن: بەکەڵک هاتن.

بەکارهاتن: بەکارخواردن.

بەکامگەیشتن: بەکام گەیین.

بەکام گەیین: بەئاوات گەیشتن.

بەکرووک: با. کەسێکە کە چاو و ڕاو بکا لەم و لەو (موشاغب).

بەکرە: تەختەیەکی کونداری گردە دەزووی دروومانی لەسەر هەڵدەکرێ.

بەکسەمە: پسکوێتێکە بۆ سەفەر هەڵدەگیرێ.

بەکسەمەد: بەکسەمە.

بەکەرەم نەمان: لە کەڵک کەوتن.

بەکەردم هاتن: بەکەڵک هاتن.

بەکەڵ: مانگایەکە ئارەزووی کەڵەگای بێ.

بەکەڵک: شتێکە کە بەهرە و سوودێکی لێ وەربگیرێ.

بەکەڵک هاتن: بەکارهاتن.

بەکەیف: کەیفخۆشی بەدەق.

بەکێش: مەردووم یا گیاندارێکە کە لە ئیشوکاردا بەپشوو بێ.

بەگ: وتەیەکە بۆ گەورەیی بەهێندێ کەس دەوترێ.

بەگزادە: نەتەوەی بەگ.

بەگژاپەڕین: د. بەگژاچوون.

بەگژاچوون: ئاوقەدبوونی شتێک بە شتێکدا: سالار چوو (بەگژ) نەڕیماندا، یا مێوەکە (چوو بەگژ) چنارەکەدا.

بەگژاهاتن: بەگژاچوون.

بەگون: نێرێکە لە گیاندار کە ئارەزووی پەڕینی زۆربێ.

بەگەن: شتی پەسند. (بەگەنکردن) پەسندکردنی شتێک.

بەگوێدادان: وتنی شتێک بەیەکێک لە پەردەدا.

بەگیر: گیاندارێکە لەژێر کەشمەکەشی ڕۆژگاردا خۆی بگرێ.

بەگیرکەوتن: دەستکەوتنی شتێک.
بەگیروەستان: هاتنە ژانی شوێنێک لە ئەندام.
بەگیروێستان: بەگیروەستان.
بەگیرهاتن: گیرۆدەبوونی گیاندارێک و دووچاربوونی بەشتێک.
بەگیرهێنان: زۆرهێنان بۆ گیاندارێک و تەنگەتاوکردنی.
بەل: بزنی گوێ لوول. شتێکە کە شۆڕ بووبێتەوە و تەکەتەکی بێ. (بەلەبەل) تەکەتەک. گیانداری گوێ قوت (ز).
بەلا: چەپۆکی ڕۆژگار.
بەلاتە: ز. بەراتە.
بەلاتیتک: با. پەپوولە.
بەلاش: شتی خۆڕایی.
بەلاشە: جۆرە تەنراوێکی هەرزانە دەکرێ بەکالا.
بەلاف: ز. بلاو.
بەلاگەردان: بەلاگێڕ.
بەلاگێڕ: کەسێکە کە خۆی بگێڕێ بەدەوری یەکێکدا. خێرێکە کە بکرێ بۆ گەڕانەوەی بەلایەک.
بەلالووک: ز. بەلالووک.
بەلالووک: دارێکی کێوییە بەرێک دەگرێ وەک گێلاس بەلام وردترەوە و ناوکەکەی ڕەوانی دەدا.
بەلالیسک: ز. جۆرە گوڵێکی پچکۆلانەیە.
بەلام: وتەیەکە دەبێژرێ لە دوای چەند وتارێکەوە بۆ لابردنی بیرێک کە بگونجێ لەوێدا ببرێ: چووم بۆلای فیسار کەس (بەلام) لەوێ نەبوو.
بەلامک: دارێکی باریکە ئەمسەر و ئەوسەری لەلە دەکرێ و بەنێکی تێ دەخرێ و دەکرێتە دەمی کار و بەرخ بۆ ئەوەی دایکیان نەمژن.
بەلان: پیاوی کەلەمێرد.
بەلان: بەلام.
بەلاوەگێڕ: بەلاگێڕ.
بەلبوون: ز. بزووتن و بۆ پێشەوەچوون.
بەلبەلەگۆش: د. مەردوومی گوێ لە مشت.
بەلچم: ز. گەلای درەخت.
بەلخ: جۆرە چلکێکە بەهۆی تەڕییەوە لە هەندێ شت پەیدا دەبێ.
بەلخە: د. یەکانە.
بەلشین: ز. بەگژداچوون. قینەبەریکردن.
بەلغ: بەلخ.
بەلغەم: ملتەیەکە لە دەروونەوە دێتە ناو دەم.
بەلقتین: ز. بەرقتین.
بەلک: ز. نەرمایی گوێ.
بەلکا: بەشکا.
بەلکانک: ز. جۆرە مەلێکە.
بەلکم: بەشکم.
بەلکو: بەشکوو.
بەلکە: بەلکو: جۆرە گیایەکە (د).
بەلکی: بەلکو.
بەلگ: ز. گەلای گوڵ. قەلافەت. شێوەی مەردووم. گەلای درەخت (با).
بەلگ: د. بەرگ.
بەلگ و بن: لەناوبردنی شت: ماڵەکەی (بەلگ و بن) کرد، واتە لەناوی دا.
بەلگە: نیشانەیەکە کە لە شتێکی دزراودا دەربکەوێ: (بەلگە)ی ماڵەکەم گرتووە.
بەلم: لاسکی چەلتووک. پەلپ.
بەلمەپڕ: تفەنگێکە کە لە قنگەوە دابگیرێتەوە.
بەلمەریشە: بریتییە لە پیاوێک کە ریشێکی گەورەی گڤی بێ.
بەلۆچە: د. شتێکە وەک ئەسپۆن کالای پێ دەشۆرێ.
بەلۆک: ز. کەسێکە نهێنی ئاشکرا بکا.
بەلۆکە: قیتکە.
بەلوو: هـ. بەڕوو.
بەلووجە: دارێکی پچکۆلەیە دوو سەرەی (وێژە)ی جووتی لە (وێژانبەر) پێ توند دەکرێ. بەڕوولەی دەوار.
بەلوور: ز. بلوور. بلوێر.
بەلودشین: ز. نەخۆشییەکی زۆر سەختە.
بەلەباریکە: مەردوومی باریکی ڕەقەڵە.
بەلەباقە: دەردێکە تووشی بزن دەبێ و دەیکوژێ.
بەلەبل: د. مەردوومی زبان درێژ.
بەلەپا: هـ. کەسێکە لە ڕۆیندا زۆر بەپێ و خێرابێ.
بەلەچەک: شتێکە شۆڕبووبێتەوە و تەکەی بێ. کەلەپچە. کوولەکەی پاککراوی چنراو.
بەلەد: شارەزا. (بەلەدبوون) شارەزابوون.
بەلەدی: تریشقە (با). شارەزایی.
بەلەزووانە: ئاوزوونە.
بەلەسە: گیانداری یاخی. (بەلەسەربوون) یاخیبوون.
بەلەشوانە: گیایەکی کوێستانییە گەلای وەک گەلای (بەنا) وایە، بەلام لاسکی باریکترە.
بەلەفیرە: نەخۆشییەکە تووشی بزن و مەڕ و گا دەبێ دەفیرێنێ بەخۆیدا.
بەلەفیرێ: بەلەفیرە.
بەلەک: جۆرە گیایەکی بەرزی شیلەداری لاسکدارە گەلای وەک بی وایە، بەلام پچووکترە، بنکەکەی بۆ گەلی دەرمان دەشێ. پووزی ئادەمیزاد. بەلک (ز).

بەلەک: شتی بازوو.
بەلەکان: ناوی تیرەیەکە لە کورد لە ناوچەی (سێرت).
بەلەکبردێن: ز. شتی ڕەنگاوڕەنگ.
بەلەکبردێنی: ز. نەخشکردن بەچەند ڕەنگێک.
بەلەکناچێ: د. پیاوی ژنانی.
بەڵەکی: بوونی شت بەبەڵەک. دەردێکی پیسە تووشی ئادەمیزاد دەبێ ئەندامی پلّپڵ دەکا.
بەلەگوشک: ز. ئێسقانی گوێ.
بەلەم: شتێکی درێژکۆڵەی قووڵە لە دار دروست دەکرێ و لە ئاودا پێی دەپەڕنەوە. دەورییەکی شووشەیی درێژکۆڵەیە وەک بەلەم.
بەلەنگاز: ز. سواڵکەر.
بەلەنگازی: ز. سواڵکردن.
بەڵێ: وتەی وەرامدانەوە: (بەڵێ) لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێ ئایا خوێندووتە؟
بەڵیاندن: ز. ڕازیبوون. پێکهاتن.
بەڵێن: پەیمان و دەستەبەربوون.
بەڵێندان: پەیمان دان.
بەم: پارچەیەکە لە دەستەی مۆزیقە. دەنگی قەبە: فیسار کەس دەنگی (بەم) بووە (د). بم.
بەمبوولە: د. مەردوومی دەغەڵ.
بەمبوون: د. فشبوون و بەرزبوونەوە.
بەمێرد: ژنی بەشوو.
بەن: ڕێسراوی خوری. داری قەزوان. دەوروپشتی دێ (ز).
بهن: ز. بۆن.
بەنا: گیایەکی کوێستانییە لاسکی وەک کەنگر و گەڵای وەک کەرەوز وایە. وەستای دیوار.
بەناشوانە: گیایەکی بۆنخۆشە دەکرێتە ماست و تۆراخەوە.
بەناف: ز. داری بناو.
بەناڤ: ز. داری ئەستووری پتەوی قایم.
بەناو: بەدناو. (بەناوبوون) بەدناوبوون.
بەناواچوون: بریتییە لە پیربوونی مەردووم.
بەناوی: بەدناوی.
بەنبڕ: بریتییە لە تیخ: (بەنبڕ) دائمە.
بەنبوون: بەندبوون. سەندنی شتێک لە یەکێک بەبێ پارە (د).
بەنپێڵاو: د. قەیتانێکە پێڵاوی پێ دەبەسترێ.
بەن تفەنگ: د. قایشی تفەنگ.
بهن تەنگ: ز. مەردوومی تووڕەی تەنگەتیلکە.
بەن جگەر: بەندی جگەر.
بەند: گیرۆدەیی و گرفتاری: فیسار کەس کەوتووەتە (بەند)ەوە.
بەندبوون: مانەوە و گیربوون. جوگە گەورە. پارچەیەکی تایبەتییە لە هۆنراوە و پەخشان. بەرزاییەکە لە ناوەندی دوو زەویدا کە جیایان بکاتەوە (ز). بەربەستی ئاو (ز). قەدەغە (ز). ئەندازەیەکە لە کاغەزی سپی کە پێنج سەد تەبەقە.
بەندان: وتەیەکە بەهێندێ وتەی تایبەتییەوە دەنووسێ لەکاتێکدا کە ئەو شتە تێکڕایی بێ. خەنەبەندان: لە کاتێکدا کە خەنە لە ماڵێکدا بەتێکڕایی بەکار بهێنرێ بەبۆنەی شاییەکەوە، یا (سەهۆڵبەندان، یەخبەندان) لەکاتێکدا کە هەرچی ئاو و تەڕی هەیە بووبێ بەسەهۆڵ و یەخ.
بەندک: پەت (با). گیایەکی بۆنخۆشە تێکەڵ بەپەنیر دەکرێ لەکاتی دروستکردنیدا (ز). بۆنباخ (ز).
بەندڵ: د. بەندی دڵ.
بەند و باو: دەنگوباسێکی ناشیرین کە بکەوێتە دوای یەکێک: فیسار کەس هەر ڕۆژەی (بەند و باوێکی) بەدواوەیە.
بەندۆکە: گیایەکی بەهاریی ئاوییە گەڵای وەک کەرەوز وایە بەترشەوە دەخورێ. ژێر چەناگە.
بەندۆڵ: پانتۆڵی ساعات.
بەندە: مزوور و کارگوزارێکە کە کڕدرابێ.
بەندەخوێن: پەتێکی درێژە لە پزووی دەرپێ و شەرواڵ و ڕانک هەڵدەکێشرێ بۆ بەستن.
بەندەر: ڕۆخ و مینای قەراخ دەریا. لەنگەر. شارێکە کە لەسەر ڕۆخی دەریابێ.
بەندەقە: ز. ئاسنێکە لەژێر پێی ئاشدا دادەنرێ بۆ ئەوەی بەرداشی لەسەر بسوورێتەوە.
بەندەگی: پچووکی و مزووریکردن بۆ یەکێک.
بەندەن: شوێنی سەخت لە شاخ.
بەندەیی: بەندەگی.
بەندی جگەر: بریتییە لە کەسێکی زۆر خۆشەویست وەک منداڵ و کەسوکارت: فیسار کەس (بەندی جگەر)مە، واتە زۆر خۆشەویستمە.
بەندی دڵ: بەندی جگەر.
بەندێر: بەیداخ.
بەندی: کەسێکە کە لە بەندیخانەدا گیرابێ. بارەدار (ز).
بەندیخانە: جێگایەکە بەندی تێدا بەند و گیرۆدە بکرێ.
بەنژین: ز. پژمین.
بەنسامۆتە: بەنێکی هۆنراوەیە بەلای ڕاست و چەپی زیندا پاشکۆی پێ دادەبەسترێ.
بەنسەعات: بەن یا زریزەیەکە دەخرێتە سەعاتی قەدەوە.
بەنک: ز. بەنی ڕێسراو. پەتی ژێرچەنەی ژنان. درەختی قەزوان.
پەنکەشی: بنکەشی.

بەنکەوانە: گوریسێکی باریکە بەهەردوو پێچکەی (شەخرە)وە.
بەنگ: بەری گیایەکە کێشانی سەرخۆشی دەدا. گیانداری قەتیس ماو. نیشان (ز). کات (ز).
بەنگبوون: بەندبوون.
بەنگا: هـ. کەلەبەری ئاو.
بەنگکێش: کەسێکە فێری بەنگکێشان بووبێ.
بەنگەڵە ژیلە: جۆرە گیایەکە زۆرتر لە مێرگ و تەڕاییدا دەردێ.
بەنگ و باو: بەند و باو.
بەنگۆکە: بەندۆکە.
بەنگە: د. شوێنی هەڵبەستنی ئاو.
بەنگەڵ: هـ. بەنگڵە ژیلە.
بەنگی: بەندی. بریتییە لە یەکێکی گێژ و وێژ.
بەنەخوون: ز. بەندەخوێن.
بەنەر: د. بەندەر.
بەنەری: د. کەری سواری.
بەنەن: د. بەندەن.
بەنی: ز. سوجوق. خشڵی پڵپڵەدار.
بەنیر: ز. بەنی کەڵەمەی ملی گای جووت.
بەنیشت: ز. بنێشت.
بەور: جۆرە پڵنگێکی گەرمیانییە تووکی ڕەنگاوڕەنگە. بەفر.
بەورەشینکە: جۆرە برینێکی بەناسۆرە.
بەوز: جۆرە دارێکی گەورەیە وەک توو، بەڵام گەڵای باریکترە.
بەوش: دارێکی دانەداری پانە دەیخـــەنە ناوەندی تانوپۆی جاجمەوە بۆ ئەوەی کە پێی بکوتن و سفتی کەن.
بەوشی قۆڵ: لە ئانیشکەوە تا سەرشانی ئادەمی.
بەون: بوورە. بۆن (ل).
بەوەرز: هـ. دەعبایەکی چوارپێی درندەیە لە پشیلە پچووکترە.
بەوەسیری: د. مایەسیری.
بەه: وتەی پەسندکردن: (بەه) لەو گوڵە جوانە.
بەها: نرخ.
بەهار: سێ مانگەی دوای زستان.
بەهارات: داو و دەرمانی چێشت.
بەهارارا: شیعر وتن بەسەر بەهاردا.
بەهاربەند: جێیەکی تایبەتییە کە وڵاخی تێدا ببەسترێتەوە.
بەهاروو: بەهارە.
بەهارە: گەنمێکە کە لە بەهاردا چەنرابێ. بەهاری: دەستێک جلی (بەهارە)م کردووە.
بەهاری: شتێکە کە لە بەهاردا بەکار بهێنرێ.
بەهانە: تەشقەڵە و بیانوو.
بەهانە گرتن: بیانووگرتن بەیەکێک و تەشقەڵە پێکردنی.
بەهانەهێنانەوە: بیانووهێنانەوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کارێک کە نەتەوێ بیکەیت.
بەهبەه: وتەی پەسندکردن: (بەهبەه) لەم منداڵە چەند پاک و خاوێنە.
بەهر: ز. بەش.
بەهرپار: ز. بەش.
بەهرک: ز. دەریاچە.
بەهرکردن: ز. بەشکردن.
بەهرە: بەشێکی باش کە خوا بیدا بەیەکێک.
بەهرەدار: خاوەن بەهرە.
بەهرەمە: مەتکەی دارتاشی.
بەهرەمەند: بەهرەدار.
بەهرەوەر: بەهرەدار.
بەهرێز: ز. پارێز.
بەهس: ز. باس.
بەهسک: ز. مێشوولە.
بەهلنگی: ز. پشتییەکە دەخرێتە ژێر پێ بۆ پاراستنی لە شێ و تەڕی.
بەهەجاندن: ز. تووڕەکردنی یەکێک.
بەهەجۆک: ز. مەردوومی تووڕە و تڕۆ.
بەهەشت: ئەو جێگا خۆشەیە کە خوا ئامادەی کردووە لە ڕۆژی دواییدا بۆ چاکان.
بەهەشتی: کەسێکی زۆر چاکە کە شایستەی چوونە بەهەشت بێ.
بەهێ: میوەیەکی خڕی زەردی بۆنخۆشە بەقەد پرتەقاڵێک دەبێ. داری بەهێ.
بەهیڤ: ز. بادام.
بەهیڤتاژنگ: ز. بادامی تاڵ.
بەهیڤتەرک: ز. بادامی سەوز.
بەی: بەهێ.
بەیات: جۆرە مقامێکە.
بەیاتە: ڕۆنی بەز و دووگ.
بەیاخ: بەیداخ.
بەیاخدار: کەسێکە کە بەیداخ هەڵگرێ. بریتییە لە ئافرەتی بێ شەرمی شیرەت.
بەیادیکردن: بێ خەوی و بێ کەیفییەکە لە نەخۆشی یا لە ڕانەهاتنی شوێنێک پەیدا دەبێ.
بەیار: زەوییەکە کە چەند ساڵێک بێ نەکێڵرابێ. قسەی پێچراوەی نادیار.
بەیان: دەمەدەمی بەیانی.
بەیانە: بەهێ.

بەیانەکی: بەیانی.

بەیانی: کاتی دەرکەوتنی رووناکیی رۆژ.

بەیایکردن: بەیادیکردن.

بەیبوون: گوڵە بەیبوونە.

بەیبوونە: بابوونە.

بەیت: داستان: (بەیت)ی دوازدە سوارەی مەریوانم بۆ بکە.

بەیتلشا: ز. شتی بێ کەڵک.

بەیچەڵ: ئافرەتی نەزۆک.

بەیداخ: پارچە تەنراوێکی رەنگاورەنگە دەکرێ بەسەری دارێکی درێژدا و لەسەر کۆشکی دەوڵەتی هەڵدەدرێ و، هەر دەوڵەتەی جۆرە بەیداخێکی هەیە.

بەیداخدار: بەیاخدار.

بەیدەست: کەسێکە کە دەستەپاچە کرابێ. (بەیدەستبوون) دەستەپاچەبوون. (بەیدەستکردن) دەستەپاچەکردن.

بەیلووت: ز. جۆرە هەڵپەرکێیەکە.

بەینەت: د. پەیمان. وەفا.

بەینەتدار: د. بەوەفا.

بەیەخەداکێشان: بریتییە لە کردنی منداڵێکی بێگانە بەمنداڵی خۆت.

بەیەکاچوون: چوونی چەند شتێک بەناو یەکدا. بریتییە لە بەگژدا چوونی دوو کەس لەگەڵ یەک.

بەیەکادان: دانی دوو دەستە یا دوو لەشکر لە یەک. ئاوێتەکردن (د).

بەیەکگەیشتن: گەیشتنی دوو کەس یا دوو شت بەیەک.

بەیجە: پەیژە.

بهیستن: ز. بیستن.

بێ: پیتی دووەم لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. پیتی نەبوون (نفی): (بێ) کارە هەموو کەس لێی بێزارە. بەهێ. وەرە. دردختی بی. پیتی دەربواردن: ئەم ئەسپە بە(بێ) زینەکەی بەچەندە؟

بێ ئابروو: بێ شەرم.

بێ ئار: ز. بێ ئابروو.

بێ ئارام: گیاندارێکە کە ئۆقرەی نەمابێ.

بێ ئاری: ز. بێ شەرمی.

بێ ئاگا: بێ خەبەر.

بێ ئاگایی: بێ خەبەری.

بێ ئاوروو: د. بێ ئابروو.

بیابان: دەشتی چۆڵی کاکی بەکاکی. ئادەمیزادێکە دڵی چووبێ و بێ هۆش کەوتبێ. (بیابانبوون) دڵچوون و بێ هۆش کەوتن.

بیانک: بیانوو.

بیانگ: بیانوو.

بیانوو: بەهانە.

بیاوان: بیابان: بێخود.

بێ ئوورت: ز. کەسێکە کە بێ بەڵێن بێ و درۆ و هەڵاتی زۆر بێ بەرەنگێک کە کەس بڕوای پێ نەکا.

بێ ئەنوا: بێ نەوا.

بێ ئەنوایی: بێ نەوایی.

بێ بار: مەردوومی نالەبار. شتی بێ بەر.

بێ باسک: ز. مەردوومی بێ کەسی بێ نەنوا.

بێ باسکی: ز. بێ کەسی و بێ ئەنوایی.

بێ باڤ: ز. زۆڵ.

بێ باڤی: ز. فرۆفێڵ و تەڵەکە.

بێباک: نەترس.

بێباکی: ئازایی و نەترسی.

بێ بن: کچێکە کە کچێنی نەمابێ. بریتییە لە ئاو و بیری زۆر قووڵ.

بێ بەر: بریتییە لە ئافرەت و وڵاخی نەزۆک.

بێ پەڕ و باڵ: بریتییە لە هەژاری رووتی بێ دەق.

بێ پەروا: بێباک.

بێ پەروایی: بێباکی.

بێ پەی: ناوی بێ بن. بریتییە لە شتی زۆر.

بێ پیڤان: ز. شتی زۆر و بێ ئەندازە.

بێ تابی: ز. ماندوویەتی.

بێ تار: ز. فەلاکەت و چورتم.

بێتام: بریتییە لە شتێک کە نەچێتە دڵەوە.

بێ تاوان: بێ سووچ و گوناح.

بێتر: ز. پتر.

بێ تڤاب: ز. بێ هێز.

بێ توان: ز. بێ دەرەتان.

بێ تووتە: ز. هەژاری دەربەدەر.

بێتووک: بریتییە لە مەردوومی رووتی بێ کەیف.

بێ تەرەف: مەردوومی کەنارەگیر.

بێتەرەفی: کەنارەگیری.

بێ تەشە: ز. مەردوومی بێ هێزی کەفتەکار.

بێتەل: مەکینەیەکە بەبێ تەل قسەی پێ دەدرێ و پێی وەردەگیرێ.

بێتجا: شتی بێ جێ و نالەبار.

بێتجاکردن: بریتییە لە وتنی قسەیەکی وا کە بەدڵت نەبێ.

بێجگە: وتەی دەرهاوێتن (استثناء): (بێجگە) لە تۆ کەس نەهاتووەتە لام.

بێ جێ: بریتییە لە کردار یا گوفتارێک کە لە جێی خۆیدا نەبێ.
بێ چارە: دەستەپاچەی هەژار.
بێچارەیی: دەستەپاچەیی و هەژاری.
بێ چاو و ڕوو: مەردوومی بێ شەرم.
بێ چاوێنی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە نزاکردندا بۆ یەکێک کە چاوی پیسی کاری لێ نەکا: فیسار کەس (بێ چاوێنی) بێ لە پۆلی خۆیدا هەمیشە یەکەمە.
بیچم: شێوە: (بیچم)ێکی جوانی هەیە. ئادەمی فێڵباز: فیسار کەس زۆر (بیچم)ە.
بێچوو: ساوای گیاندار. جۆرە دراوێکی پچکۆلەی زیوینە.
بێچوولە: ساوای گیاندار. پارچەیەکە دەکەوێتە عاستی نافەکی دەرپێی ژن.
بێچی: ز. بزن و مەڕ.
پێچیڤان: ز. شوان.
بێحاڵ: بریتییە لە نەخۆشی کەشەنگ. بریتییە لە مەردوومی کەمدەست.
بێخ: بنکی شت. گوڵێکی جوانی کوێستانییە.
بێخبڕ: د. بنەبڕ. (بێخبڕبوون) بنەبڕبوون.
بێخود: کەسێکە کە لە هۆش خۆی چووبێ.
بێخودی: لە هۆش خۆچوون.
بێخۆست: بێ هەست. بێخوستبوون: بێدەنگبوون.
بێخێر: بێ کەڵک.
بێداد: بریتییە لە زۆریی شتێک بەجۆرێکی وا کە لێی بێزار بووبیت و هاواری لە دەست بکەیت. میوە لە بازاڕی سلێمانیدا (بێدادە).
بێدار: هۆشیار. (بێداربوونەوە) هۆشیاربوونەوە. (بێدارکردنەوە) هۆشیارکردنەوە.
بێداری: هۆشیاری.
بێداوی: ز. بێ دوایی و بێ بڕانەوە.
بێدۆش: ز. جامی شیر تێدا دۆشین.
بێدووندان: ز. نەزۆک.
بێدەر: بێ دەرەتان.
بێ دەرەتان: مەردوومی بێ جێ و ڕێ.
بێدەست: بریتییە لە مەردوومی نەدارا.
بێدەستی: بریتییە لە هەژاری و دەستکورتی.
بێدەم: بریتییە لە کەسێک کە قسەی ڕەوان نەبێ.
بێ دەم و پل: بێدەم.
بێ دەم و دووان: بێ دەم و پل. کەم دوو.
بێدەنگ: مەردوومی کەم قسە. ئەو پیتانەیە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی کە دەنگیان لێوە نایەت وەک (ئەلف، واو، هێ، یێ).
بێدەنگی: کەم قسەیی.
بێ دین: کەسێکە کە لە خوا نەترسێ.
بێ دینی: لە خوا نەترسان.
بێر: دارێکە دادەچەقێنرێ یەکێک لە سەری دادەنیشێ و، یەکە یەکە سەری ئاژاڵی دۆشەنی دەگرێ بۆ دۆشینی. بێڵ (ز).
بێرایی: هەیوانێکە پێشەکەی هەموو بەرەڵڵا نەبێ بەڵکو لەمسەر و لەو سەریەوە دیوار هاتبێتە پێشەوە.
بێ ڕوو: شەرمن. بێ شەرم.
بێ ڕێ: لاڕێ.
بێرک: خاکەنازی گەورەی دەم پان.
بێرگ: شوێنێکی تایبەتییە مەڕی تێدا دەدۆشرێ.
بێرە: هاتنەوەی ئاژاڵ لە نیوەڕواندا بۆ دۆشین. کۆکردنەوەی ئاژاڵ بۆ دۆشینی لە نیوەڕوان یا ئێواراندا.
بێری: ز. بێرگ.
بێریڤان: ز. ئەو کەسانەن کە دەچنە (بێری) بۆ دۆشینی ئاژاڵ.
بێریکردن: ز. بیرکردن.
بێز: ڕەنگ: ئەم قاڵییە لە (بێزی) ئەو قاڵییەیە. قێز.
بێزا: گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە.
بێ زات: ترسنۆک.
بێزار: مەردوومی وەڕسبوو. بێزاربوون: وەڕسبوون. (بێزارکردن) وەڕسکردن. بێ دەم و پل (ز).
بێزران: لەبەرچاوکەوتنی شتێک.
بێزراو: شتێکە کە لەبەرچاو کەوتبێ.
بێزکردنەوە: دڵ هەڵشێوان لە شتێک.
بێزگ: بێزوو.
بێزگەوان: ژنێکە کە بێزوو بکات.
بێزنەهاتن: بڕوایی نەهاتنی دڵ بۆ وتن یا کردنی شتێک لەبەر هیچ و پووچیی ئەو شتە: (بێزم نایە) بچمە لای فیسار کەس، یا (بێزم نایە) ئەو شتە بڵێم.
بێزووکردن: ئارەزووکردنی ژنی تازە ئاوس بۆ خواردنی هێندێ شت.
بێزووکەر: ژنێکی سکپڕە کە بێزوو بکات.
بێزە: جۆرە دراوێکی کەم نرخە.
بێزەڕوو: گیایەکی گەڵا وردی توونی ئاوییە گەڵای وەک کەرەوز وایە دەخورێ.
بێزیاگ: بێزراو.
بێزیان: بێزران.
بێژ: وتەیەکە بەدوای هێندێ وتەوە دەنووسێ و دەیکا بەکارکەر: گۆرانی(بێژ)، وتە(بێژ).
بێژار بێژار: شتی کۆن کۆنی هەلاهەلا: بەرگ و کاڵای هەژار (بێژار بێژار)ە.

بێژان: گیایەکی بۆنخۆشە، گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ. قسەکردن. ویرانکردنی شوێنێک: هەرچی هەستاوە کوردستانی (بێژاوە). بێژانەوە.
بێژاندن: بێژانەوە. وتنی شت.
بێژانن: بێژاندن.
بێژانە: بۆژانە.
بێژانەوە: لە هێلەک و بێژنگ و قەلبیردانی شتی کوتراو یا هاڕدراو بۆ جیاکردنەوەی درشت و وردی.
بێژن: دەنگی جوولەی شت (ز). سەرەن.
بێژنگ: شتێکی کون کونە لە هێلەک شاشترە، دانەوێلەی پێ دەبێژرێتەوە.
بێژۆک: ز. چەنەباز.
بێژوو: ژنی کەم شیر.
بێژەک: گیانداری کەم شیر لەپاش زانی. غەرامەفۆن.
بێسامان: شتی زۆر.
بێسان: بێستان.
بێسانەوان: بێستانەوان.
بیست: ناوە بۆ ژمارەیەک کە دوو دەیە.
بێستان: باخی شووتی و کاڵەک و خەیار و ترۆزی.
بێستانەوان: کەسێکە چاودێریی بێستان بکا.
بیستراو: دەنگێکە کە بەرگوێ بکەوێ.
بیستن: هاتنەگوێی دەنگێک یا وتەیەک.
بیستنەوە: کەوتنەوەی قسەیەک بەرگوێت کە دەربارەت کرابێ.
بیستۆک: تەلەفۆن.
بیستەم: شتێکە لە پایەی بیستەمیندا بێ.
بیستەمین: بیستەم.
بێسمیلکردن: بریتییە لە شۆرین و ئاوی پاککردن بەسەر شتێکدا.
بیسیرە: با. بەرسیلە.
بێسوس: ز. شتێکە مۆمی داگیرساوی تێدا دادەنرێ.
بێسوو: ز. مەکۆیەکە کە خۆی تێدا حەشار دەدرێ. بۆسۆ.
بێ سەر و بن: بریتییە لە شتی نارێکی تێکەڵ و پێکەڵ.
بێ سەر و پا: د. بێ سەر و پێ.
بێ سەر و پێ: بێ سەر و بن.
بێسی: با. ماستێکە کە تامی تێک چووبێ.
بێ سیم: بێتەل.
بێش: ز. خەرجێکە کە دەوڵەت دەیسێنێ.
بێشک: بێشکە.
بێشکە: شتێکە لە دار و تەختە دروست دەکرێ و منداڵی ساوای تێدا دەپێچرێتەوە بۆ نووستن.

بێ شۆ: د. بێ شومار.
بێ شومار: شتی زۆر و زەبەندە.
بێشە: دارستانی چڕ.
بێ شەرم: بێ ئابروو.
بێشەلان: بێشە.
بێشیرە: ز. بەرسیلە.
بێعار: کەسێکە لە هیچ شتێک پەند وەرنەگرێ.
بێفرشک: ز. شتی بێ مایە و سوود.
بێفەڕ: شتی بێ کەڵک.
بێقاج: ز. شتێکە کە بیر و عەقڵ نەیگرێ (بدون منطق).
بێقڵ: ز. لووت.
بێقەری: ز. ناهومێدی.
بێ کار: بێ ئیشی دەستەپاچە.
بێ کارە: گیانداری بێ کەڵکی دەستەوسان.
بێکاری: بێ ئیشی.
بیگ: ز. پیادەی شەترەنج.
بێگار: کردنی ئیشوکار بەمەردووم بەزۆر و بەبێ پارە.
بێگارچی: کەسێکە بەبێگار ئیشی پێ بکەن.
بێگاری: بێگارکردن بەمەردووم. ئیشێکە کە بەبێگار بەمەردووم بکرێ.
بێگاڤی: ز. ناچاری.
بێگانە: کەسێکە کە خزم و خوێشت نەبێ.
بێگانە بەدەر: کردنی کارێک خۆ بەخۆیی و بەپەنهانی.
بێگانە پەرست: کەسێکە کە بێگانەی لە کەسوکار و گەلی خۆی لەلا خۆشەویستتربێ.
بێ گوێ: بریتییە لە کەسێک کە ئامۆژگاری نەچێ بەگوێیدا.
بێگەڤی: ز. گەوجی و ڕاڕایی.
بێگەن: بۆگەن.
بێل: ئاسنێکی کلکداری نەسپەردداره دەمی لە خاکەناز باریکترە زەوی پێ دەکێلرێ.
بێلا: با. باڵەخانە.
بێ لانە: بریتییە لە مەردوومی بێ جێگا و ڕێگا.
بێڵەپکردن: کێڵانی بنکی دار و درەخت لە بەهاردا.
بێلچە: بێلی پچووک.
بێلکار: د. بێلوچکە.
بێلکاری: ئیشکردن بەبێل.
بێلۆ: د. سەرچاوەیەکە کە بەهاران بژیەتەوە.
بێلووچکە: بێلێکی دارینی کلک کورتە ئاردی پێ دەکرێتە ناو دەفرەوە. بێلچە.
بێلووز: ز. جۆرە هەرمێیەکە.

بێلەدارینە: بێلوچکە.
بێلـەکـان: دارێکی دادواو یا دارێکە ئاسنێکی دەمـپـانی تیـژی پێوەیە کەنگر و گیای پێ هەڵدەکەنرێ.
بێلـەهەڕ: گـیـایەکی کـوێسـتـانیی بەهارییە وەک (گـونۆڕ) وایە، گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
بێلیتڤان: ز. کەسێکە کە بەگۆرانییەوە سەما بکا.
بێلیتە: ز. گۆرانی وتن بە سەماوە.
بێلیتە: ز. گۆرانیی قوتابخانە.
بێلیتەڤان: ز. کەسێکە کە گۆرانیی قوتابخانە باش بڵێ.
بێماد: ز. ڕووگرژ.
بێمرێس: ز. ڕووگرژ.
بێمەژگ: بێ مێشک.
بێمک: با. قەزوانی بنەوشیلە.
بێ مێشک: بریتییە لە مەردوومی گێل و گەوج.
بێن: بۆن.
بێنا: ز. بێ برانەوە.
بێ ناز: بێ ئەنوا.
بێناهی: ز. بینایی.
بێنایی: ز. جۆرە هەنجیرێکە.
بێندۆش: ز. بێدۆش.
بێندەر: ز. خەرمان.
بێ نوێژ: بریتییە لە ئافرەتێک کە لە حەیزدا بێ.
بێ نوێژی: چەند ڕۆژێکە لە هەمـوو مـانگێک کە ئافـرەت خوێنی پێ دادێ و نوێژی تێدا ناکات.
بێ نەوا: هەژاری گەدا.
بێ نەوایی: هەژاری و گەدایی.
بێ نیاز: دارای خاوەن دەسەڵات. بریتییە لە خوا.
بێوار: ز. نەزۆک.
بێوڵە: بەچکەی ورچ و بەراز.
بێوڵەت: مەردوومی هەژاری بەدبەخت.
بێـوڵـەتی: بەدبەخـتی و نەهاتی: فـیـسـار کـەس (بێـوڵـەتی) گرتوویەتی.
بێوە: بێوەژن. بێوەپیاو.
بێوەپیاو: پیاوێکە کە ژنی نەمابێ.
بێ وەج: مەردوومی کەودەنی بێ کەڵک.
بێ وەخت: کـاتی ترس و تەنگانە و بیم: نیوەشەو مەچۆرە دەرەوە چونکە (بێ وەختە).
بێوەژن: ژنێکە کە مێردی نەمابێ.
بێوەژنکۆشی: ڕەنجدانی بێوەژن بۆ بەخێوکردنی خۆی و منداڵی.
بێ وەی: مەردوومی بێ زیان.
بێـویژان: با. گـیـایەکی بۆن ناخـۆشـە مـار حـەزی لێ ناکا کـەچی زۆرتر لەبەر کونەکەیدا سەوز دەبێ.
بێ هاوتا: شتی تاقانەی نایاب.
بێ هۆش: مـەردوومی کـەم بیـر. بێـخـود: (بێ هۆشـبـوون) بێ خودبوون.
بێ هۆشکردن: بێخودکردن.
بێ هۆشداڕوو: دەرمانێکە کە مەردوومی پێ بێ هۆش دەخەن.
بێ هۆشکەوتن: بێ خوودبوون.
بیهن: با. هەناسەدان.
بێهۆشی: بێخودی. بێ بیری.
بێهوودە: شتی بێ کەڵکی بێ قازانج.
بی: دارێکی بێ بەرە گەڵایەکی تاڵی باریک و درێژی هەیە.
بیبار: بیبەر.
بیبک: با. بیبیلەی چاو.
بیبن: هـ. پشتێن.
بیبەر: دەلوبیبەر.
بیبی: بووکی منداڵان (هـ). بیبیلەی چاو (ل).
بیبیلکە: باڵندەیەکی پچووکی بازەڵەی دەشتییە.
بیبیلە: شتێکە بەقەد نیسکێک لە ناوەڕاستی ڕەشێنەی چاودا، بەو شت دەبینرێ.
بیبیلە گەورە: هـ. قومقومۆکەی پچکۆلە.
بیبین: هـ. بیبن.
بیتووتە: ز. مەردوومی بێ کەسی بێ پارە.
بیج: زۆڵ.
بیجا: پەچەی ژنان.
بیجادە: جۆرە زەنگیانەیەکی ڕەشی درێژکۆلەیە ژنان دەیکەن بەژێر چەنە و بەرچاوگە.
بیر: یاد: (بیر)ت دەکەم. چاڵێکی قووڵی تەسکە لە زەویدا.
بیـرارکردن: زبرکردنەوەی دیوی ناوەوەی بەرداش و دەسـتـاڕ دوای سـووانی. کـەل و کـون گـرتنی دیواری وشکە کـەڵەک. دیوارکردنی ئەمـلا و ئەولای کـارێز و گـۆڕ بەوشکە کەڵەک. بریتییە لە لێدانی زۆر.
بیرچوون: دەرچوونی شت لە یاد لە دەمێکدا.
بیرچوونەوە: دەرچوونی شت لە یاد بەئێجگاری.
بیرخستنەوە: خستنەوەیادی شتێک بۆ یەکێک.
بیرک: ز. نەنک.
بیرکردن: یادکردنی شتێک.
بیرکردنەوە: بەدڵ وردبوونەوە لە شتێک.
بیرکەوتنەوە: هاتنەوەیادی شتی بیرچوو.
بیـرنامە: دەفـتـەرێکە کە شتی تێدا بنووسیت بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بیرت بخاتەوە.

بیـرۆ: جـۆرە برینێکی وشکی زبرە لە ئەندامی ئادەمـیـزاددا پەیدا دەبێ.
بیرۆف: ز. بیرۆ.
بیرهاتن: لە یادبوونی شتێکی کۆن.
بیرهاتنەوە: بیرکەوتنەوە.
بیرەوەری: ماوەیەکە لە کات کە لەوانەبێ مەردووم شـتـی تێدا لە بیـر بێ: بە(بیـرەوەری) من بەفـری وەک ئەمـسـاڵ نەباریوە، واتە ئەودەتی من هەم و بیرم کردۆتەوە.
بیرەوەکردن: بیرکردنەوە.
بیزا: بەیزا.
بیژیرەڕەش: ز. گەنمێکە کە گوڵی ڕەش بێ.
بیـژوک: با. بزن و مەڕێکە کە بەگـیـسکی و کـاوڕی ئاوس بێن و بزێن.
بیژوو: زۆڵ.
بیژی: ز. زۆڵ.
بیش: با. بێشە.
بیشە: ز. پیشە.
بیشی: ز. بێشە.
بیڤر: تەور.
بیکمار: ز. مارمێلکە.
بیکۆڵ: داربییەکە لە خۆیەوە ڕوابێ.
بیلبیلە: بیبیلە.
بیلەکەڕە: هـ. شەوگەرد.
بیم: ترس لە شتێک کە لە مەولا ڕووبدا.
بیمار: نەخۆش.
بیمارسان: د. بیمارستان.
بیمارستان: خەستەخانە.
بیماری: نەخۆشی.
بیمە: د. سیگۆرتە.
بیمەلەرز: با. بوومەلەرزە.
بین: پشوو: با (بینێک) بدەم. قورقوڕاگە: لە (بینم) گیرا.
بینا: د. کەسێکە کە چاوی تیژ بێ و شت باش ببینێ.
بینافتی: با. جۆرە هەنجیرێکە.
بیناقاقە: بینەقاقا.
بینایی: ڕووناکیی چاو.
بینایی چاوان: بریتییە لە خوا.
بینگ: د. بین و هەناسە.
بینـگرتن: خـولانەوەی هێندێ شت چەند هەناسـەیەکی دوور و درێژ: ئەم مـزراحـە باش (بین دەگـرێ). قـورقـوڕاگـە گـرتـنی یەکێک.
بینەقاقا: قورقوڕاگە.
بینەقاقە: بینەقاقا.
بینین: چاوپێکەوتن: بەستن (هـ).
بینینەوە: دۆزینەوەی شتی ونبوو.
بیوور: تەور.
بیویژان: با. گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانیی بەهارییە.
بیهەنجیر: د. گەرچەک.

پ

پا: د. پێ. پله. پەلەپیتەکەی تفەنگ و دەمانچە. ڕکێف.
پائەوشار: د. تەختەی ژێر پێی جۆلا.
پابەرە: هـ. دەرپێ.
پابەند: پاشبەند.
پابێڵ: پێ بێڵ.
پاپ: ز. خلتەی شتی خواردنەوە لە بنکی پەرداخدا.
پاپا: باپیر (ل). گەورەی ئاینی گاوران. وتەیەکە منداڵی ساوا بەکاری دەهێنی بۆ پێ.
پاپاجانە: پاپەجان.
پاپاچینە: پەیژە. جێگاپێیەکە لە دیواری بیردا دەهێڵرێتەوە بۆ پێدا چوونە خوارەوە.
پاپل: د. وردە گەڵایەکە لەژێر لقەوە دەردەچێ.
پاپۆڕ: کەشتی گەورەی دەریایی کە بەئاگر بڕوا.
پاپۆڕەوان: کەسێکە کە پاپۆڕ لێ بخوڕی.
پاپۆش: ناوەڵکراس. پێڵاو (د).
پاپووج: جۆرە پێڵاوێکە وەک پانی بەرز ژنان لەپێی دەکەن.
پاپەجانە: جۆرە کەوشێکی ئاوزوونەداری منداڵانەیە.
پاپەجانێ: پاپەجانە.
پاپەنجە: پەیژە.
پاپیاساوین: د. بریتییە لە پۆشین و چاوقووچاندن لە شتێک.
پاپی: جاسووس. مفتش.
پاتاڵ: پەڕۆی شڕ. بریتییە لە مەردوومی بێکارە.
پاتاوە: هـ. پێتاو.
پاتک: با. پشتمل.
پاتن: ز. سووتاندن.
پاتۆ: ز. کۆڵووی نان.
پاتۆف: ز. گیایەکە پشتی ڕەشەوڵاخی پێ پاک دەکرێتەوە لە تۆز.
پاتەتە: پێ تەتە.
پاتەخت: د. پایتەخت.
پاتێڵ: د. مەنجەڵۆکە.
پاتیڵ: د. مەنجەڵۆکە.
پاتیلە: پاتێڵ.
پاجقە کرن: ز. وەرگێڕانی شتێک لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر وەک تەرجەمەی عەربی بۆ کوردی.
پاچ: ئاسنێکی لووت تیژی کلکدارینە زەویی پێ هەڵدەکەنرێ.
پاچاڵ: پێچاڵ.
پاچرا: د. چرادان.
پاچکاری: ئیشکردن بەپاچ.
پاچکە: پێچکە.
پاچولکە: پاچی پچووک.
پاچە: سەر و پێی ئاژاڵی وردە. پارچە.
پاچەچی: کەسێکە هەر سەر و پێ بفرۆشێ.
پاچەقوڵی: د. پاشقول.
پاچەکوڵە: جۆرە پاچێکی دەمکوڵی پچکۆلەیە ناو دێراو و بن شینایی پێ دەکۆڵرێتەوە بۆ بژارکردن. کۆڵینەوەی ناو دێراو و بن شینایی بۆ بژارکردن.
پاچین: د. هەڵپاچین.
پاچینە: ل. پلیکانە.
پاخ: ز. پەڕۆ.
پاخراو: هـ. پێخاوس.
پاخستن: د. پێخستن.
پاخل: ز. باخەڵ.
پاخوا: خەرمانێکە گێرە کرابێ و شەن نەکرابێ. پێخوێیەک قوڕ.
پاخۆشە: د. پێخوست.
پاخەسوو: بەربووک.
پاخێڵ: ز. تەختەیەکە لەسەر پێچکە دەبەسترێ بەوڵاخەوە شتی قورسی لەسەر دادەنرێ و دەگوێزرێتەوە.

پادار: گیانداریَکه که بەپێ بڕوا. قەدی درەخت و کوڵەکە (د).
پایەدار (د).
پاداش: چاکەیەکە دەکرێ لەگەڵ یەکێکدا بەرامبەر بەچاکەی خۆی.
پاداشت: پاداش.
پاداشدانەوە: چاکەکردن لەگەڵ یەکێک بەرامبەر بەچاکەی خۆی.
پادان: د. پیادان.
پاداو: د. جۆرە داوێکە.
پادشا: گەورە و سەرۆکی دەوڵەت.
پادشاهی: گەورەیی و سەرۆکایەتیی دەوڵەت.
پادشایی: پادشاهی.
پادەشت: د. پێدەشت.
پار: ساڵی ڕابردوو. ماشەر.
پارازتن: د. پاراستن.
پاراستن: چاودێری و دوورخستنەوەی زیان لە شتێک: خوا بتپارێزێ.
پاراو: شتی تەڕ و تێراو.
پارپار: ز. پەڵپینە.
پارت: دەستە.
پارتی: د. دۆست و برادەر.
پارج: د. پاچ.
پارچە: کەرتی شت. قوماش: (پارچە)ی ئەم کەوایە زۆر چاکە. بریتییە لە لاکێش و قاڵی. پاچەی ئاژاڵ.
پارچەفرۆش: د. بازرگان.
پاردە: د. خەندەق. کەند. دیوار.
پاڕانەوە: داواکردنی شتێک لە یەکێک بەلالانەوە.
پارۆ: خاکەنازە دارینە.
پاروکڵە: د. ڕەوڕەوەیەکە منداڵی ساوا دەستی پێی دەگرێ و پێی فێری ڕۆین دەبێ.
پارۆکە: د. منداڵی پیرەوکە.
پاروێنک: جۆگەیەکە بەقەراغی چیغ و ڕەشماڵدا هەڵدەکەنرێ بۆ ئاوەڕۆ.
پاردوکە: د. پارۆکە.
پاریانەوە: د. پاڕانەوە.
پارزونک: با. شاڵینەی کوڵی ژنە لادێیی.
پارزوون: ز. شیرپاڵێوی شاڵین.
پارسکردن: ز. سواڵکردن.
پارسەک: ز. سواڵکەر.
پارسەنگ: شتێکە دەخرێتە تای سووکی تەرازوو بۆ بەرامبەر ویستانی لەگەڵ تاکەی تریدا لەکاتێکدا کە دەفرێکی بۆشی تێ بخرێ بۆ دەرکەوتنی قورساییی دەفرەکە.
پارسەنگ خستنەپاڵ: بریتییە لە ناو و نەتۆرە و شتی سووک خستنە پاڵی یەکێک.
پارسەنگ گرتنەوە: گرتنەوەی پارسەنگی دەفرێکی بۆش کە لە تایەکی تەرازوودا دانرابێ بۆ دەرکەوتنی قورساییی دەفرەکە.
پارشەو: پارشێو.
پارشێو: کاتی خواردنی ڕۆژووەوان لە بەشی دواییی شەودا. (پارشێوکردن) خواردنی ڕۆژووەوان لە بەشی دواییی شەودا بۆ بەڕۆژووبوونی سبەینێی.
پارکەر: د. تەشیلەیەکە کلافەی لەسەر هەڵدەکرێ.
پارگوێر: پارێن.
پارگێن: باڕوێنک.
پارگیر: د. پارکەر.
پارگێن: پارگێن.
پاروو: ئەندازەیەکە لە خواردەمەنی کە بەجارێک بخرێتە دەمەوە.
پارووگرتن: کردنی خواردەمەنی بەپاروو.
پاروو گلاندن: پارووی زل گرتن.
پارووگلێن: کەسێکە کە پارووی زل بگرێ.
پاروونەک: ز. پارێن.
پارە: پارچە. (پارە پارە) شتی هەلا هەلا. دراو. لەوێ (هـ).
پارەپیس: بریتییە لە مەردوومی ڕژدی چرووک.
پارەدار: کەسێکە کە پارەی زۆری بێ.
پارێز: پارێزگە: فیسار کەس لە (پارێز)ی مەڕە کێوییەکە دایە. نەخواردنی نەخۆش هی خواردەمەنییەک کە بۆی باش نەبێ تا چاک دەبێتەوە: فیسارکەس ئەوەتی نەخۆشە لە (پارێز)دایە یا (پارێز)ێتی. بێستانی ترۆزی و کاڵەک و خەیار (ز).
پارێزچوون: چوونە کەمین.
پارێزڤان: ز. بێستانەوان.
پارێزکردن: خۆ دوورگرتن لە شتێک: فیسار کەس زۆر (پارێز) دەکا.
پارێزکەر: کەسێکە خۆی بپارێزێ.
پارێزگا: شوێنی خۆ تێداحەشاردان.
پارێزگار: کەسێکە کە دووربین بێ و پارێز لە هەموو شتێک بکا.
پارێزگاری: دووربینی و پارێزکردن لە شت.
پارێزگە: پارێزگا.
پارێڤ: ز. گۆشتێکە کە بەتەندوور ببرژێ.
پارێن: گوێرەکەی دوو ساڵە.
پارێنە: د. پارێن.
پاری: ز. پاروو.
پاریهێ: ز. جۆرە گیایەکە دەخورێ.
پازار: جۆرە مووروویەکە دەکرێ بەتەزبیح.

پازده: بانزه.
پازدەمین: پانزەمین.
پازدەهەم: پانزەهەم.
پازدەهەمین: پانزەهەمین.
پازگە: چاڵێکە لە ناوەڕاستی بێستاندا، خاوەن بێستان بەشەو دەچێتە ناوی بۆ پاسی بێستانەکەی.
پازناوک: دارێکە وەک بێڵەکان دەکرێ بەنوێڵ و بەرداشی پێ هەڵدەگیرێ.
پاژ: د. هێندێک لە شتێک (جزء).
پاژنۆ: پاژنە.
پاژنە: گولمە گۆشتی بەشی دواوەی پێ.
پاژنەکێش: پاژنەهەڵکێش.
پاژنەهەڵکێش: شتێکی پانی لووسە پاژنەی هێندێ پێڵاوی پێ هەڵدەکێشرێ.
پاژوخ: پاسوخ.
پاژەرێژ: هـ. گۆیکە گەڵا گوێز کە تازە دەم دەداتەوە.
پاژی: د. جزئی.
پاژینە: د. کەپەک. زیوانی ناو دانەوێڵە.
پاس: پارچە کاغەزێکە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەربەستی لە هێندێ شتدا وەردەگیرێ.
پاسا: د. پێشێل. سەرپۆش.
پاسار: گوێسوانە.
پاساردان: داخی دڵرشتن بەیەکێک: (پاسار)ێکی فیسار کەس دەدەم.
پاسارە: پاسار.
پاساری: جۆرە چۆلەکەیەکە زۆرتر لەناو پاساردا هێلانە دەکا.
پاسقاڵ: مەردوومی قەشمەری گاڵتەچی.
پاسقاڵی: قەشمەری و گاڵتەچییەتی.
پاسکردن: ئاگاداریکردنی شتێک.
پاسگە: پازگە.
پاسوخ: ودرام.
پاسە: هـ. وەها.
پاسەبان: پاسەوان.
پاسەبانی: پاسەوانی.
پاسەرنیان: د. بەشوێن شتێکدا ڕۆیین.
پاسەوان: کەسێکە ئاگاداری شت بکات.
پاسەوانی: ئاگاداریکردنی شتێک.
پاش: دوای شت.
پاشا: پادشا.
پاشاپاشاێنە: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە یەکێک لە خۆیان دەکەن بەپاشا.

پاشاخور: کا و کوتەڵێکە کە لە ئاخوری وڵاخ و ئاژاڵدا دەمێنێتەوە.
پاشاراو: ئاراوێکە کە لەپاش (سەراراو) شتێکی تری پێ بشۆرێ.
پاشاگەردانێ: پاشاگەردانی.
پاشاگەردانی: پشێویی شوێنێک بەهۆی نەمانی گەورە و سەرۆکییەوە.
پاشام: پارشێو.
پاشاو: ئاوێکە کە جاری دووەم بکرێتەوە بەسەر چایی ناو قۆریە و بەسەر گوڵەباخێکدا کە ئارەقەکەی بگیرێ. قنگاو. ئاوێکە کە لە خواردنەوەی یەکێک بمێنێتەوە (د).
پاشبارە: دەستەدوو.
پاشبەن: پاشبەند.
پاشبەند: زنجیرێکە پێی وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.
پاشتەرک: پاشکۆ.
پاشتەرکی: پاشتەرک.
پاشتێلانە: میوانداریییەکی تێکراییيە لە ماڵی زاوا دەکرێ لەپاش سێ ڕۆژ لە گواستنەوەی بووکەکە.
پاشخستن: دواخستنی شتێک.
پاشخوان: پاشماوەی سەرخوان.
پاشخوانە: د. پاشخوان.
پاشدار: چەند سەربازێکە لە ڕۆییندا دەکەونە دوای لەشکرەوە.
پاشدز: کەسێکە کە لە دوای دزەوە بوەستێ بۆ ئاگاداریکردنی.
پاشدزە: پاشدز.
پاشقول: پێ دانە بەرپێی ئەو کەسەی کە زۆرانێی لەگەڵ دەگریت بۆ ئەوەی کە بیدەیت بەزەویدا.
پاشکۆ: شتێکە کە سوار لەپاش خۆیەوە دای ببەستێ.
پاشکەوان: پاشدز. پاشماشە.
پاشکەوتن: دواکەوتن.
پاشکەوتوو: کەسێکە کە دواکەوتبێ.
پاشکەوتە: دواکەوتووی بەجێماو.
پاشگەز: پەشیمان. (پاشگەزبوونەوە) پەشیمانبوونەوە (پاشگەزکردنەوە) پەشیمانکردنەوە.
پاشل: ز. باخەڵ.
پاشڵ: پاڵوویەکە چەند زەنگوڵەیەکی پێوەبێ. پاشەڵ.
پاشماشە: پارچەیەکە لە تفەنگ کە فیشەکی پێ فڕێ دەدرێ.
پاشمامان: مامانێکە کە لە پشتی زەیستانەوە دادەنیشێ لە منداڵبوونیدا.
پاشماوە: خواردەمەنییەکە کە لەبەردەمی یەکێک بمێنێتەوە.
پاشمله: کاتی باسکردنی یەکێک کە خۆی دیار نەبێ: لە (پاشمله) باسی کەس مەکە.

پاشملەیی: باسکردنی یەکێک لە پاشملە.
پاشمەرگە: منداڵێکە کە لەپاش مردنی باوکی لە دایک ببێ.
پاشمەندە: د. پاشخوان.
پاشمەنە: د. پاشمەندە.
پاش و پێش: دوو شتن کە بەنارەوا پێشوو یان پاشوویان پێش خرابێ.
پاشۆڵ: پاشەڵ.
پاشوو: هەردووپێی وڵاخی یەکسم.
پاشوەن: د. پاشبەند.
پاشەبەرە: بەری دوایی بێستان. دواهەمین منداڵی ئادەمیزاد.
پاشەخورج: د. پاشکۆ.
پاشەڕۆژ: ڕۆژانی لەمەودوات.
پاشەڕۆک: پاشماوەی سەوزی و کشتوکاڵێکە کە خاوەنی بەرەڵڵای کردبێ.
پاشەکەفت: د. پاشەکەوت.
پاشەکەوت: شتێکە کە گلت دابێتەوە بۆ تەنگانە و نامانگووری. (پاشەکەوتکردن) گلدانەوەی شت بۆ پاشەڕۆژ.
پاشەکەوتی: پاشەکەوتکردن.
پاشەڵ: داوێنی دواوەی کراس و کەوای درێژ.
پاشەلەقە: ڕۆژێکە دوای تەواوبوونی جەژنەکان کە قوتابییان و شاگردان لەو ڕۆژەدا ناچنەوە سەر ئیشیان.
پاشەوانە: شتێکە دەنرێ بەپاشی پلوورەی هەنگەوە بۆ ئەوەی شانی تێدا هەڵبەستێ.
پاشەوپاش: گەڕانەوەی شت پشتاوپشت.
پاشێو: د. پارشێو.
پاشێڵ: د. لەقەشێل.
پاشیف: ز. پارشێو.
پاقژ: ز. پاکژ.
پاقژە: پەلەقاژە.
پاقلانچکە: گیایەکی بەهارییە گەڵایەکی درێژی برگە برگەی هەیە، بەرێکی وردی سوور دەگرێ و زۆر ڕەوانە.
پاقلاوە: جۆرە خواردەمەنییەکی خۆشە لە شەکر و گوێزی کوتراو و ڕۆن و نانی تەنکی چین چین دەکرێ و لە شێوەی (لەبزینە) دەبردرێ.
پاقلە: جۆرە گیایەکی بەهارییە، دەچێنرێ، بەرێکی کەلووداری درێژ دەگرێ، چەند دەنکێکی تیایە بەکوڵاوی دەخورێ.
پاقلینچکانە: د. جۆرە گیایەکە وەک پەلپینە دەخورێ.
پاقلیر: هـ. گوێزێکە کە توێکڵە سەوزەکەی لێ کرابێتەوە.
پاقولاخ: د. سمی مەڕ و بزن و ئاسک.
پاک: شتێکە کە خاوێن بێ. پیتی گشتی (عمومی): کتێبەکەی (پاک) خوێندەوە واتە هەمووی.
پاکار: د. نۆکەر.
پاکانە: دڵ پاککردنەوەی یەکێک بەسوێند بۆ خواردنی.
پاکایی: شوێنێکی پاک لە زەوی.
پاکبوونەوە: نەمانی چڵک یا پیسیی شت. بریتییە لە مردنی پیاوی خراپ: پیاوی خراپ خوا زوو (پاکی کاتەوە).
پاکردن: توێکڵ گرتنەوەی هێندێ شت: ترۆزی (پاک بکە) ئینجا بیخۆ. زیوان و خاک و خۆڵگرتن لە دانەوێڵە.
پاکردنەوە: لابردنی چڵک و پیسی لە شت.
پاکژ: پاک. لەوەڕی قەدەغەکراو.
پاکردان: نەهێشتنی گیا و خەلە لە زەویدا بەهۆی دروێنە یا دەسکەنەوە، یا بەهۆی خواردنی ئاژاڵەوە.
پاککردن: پاکردن.
پاککردنەوە: پاکردنەوە.
پاکڵ: د. ئاگر خۆشکەر. کلی پرد.
پاکڵە: د. پاکڵ.
پاکلیرە: پاگردنی (کەمکۆڵ).
پاک و پووککردن: بەختکردن و بەفیرۆدانی شتێکی بەنرخ: دەست مایەکەت هەموو (پاک و پووک کرد).
پاک و پیسکردن: جیاکردنەوەی شتی چاک و خراپ لەیەک.
پاکوت: د. پێشێل.
پاکۆترە: گیایەکە لە (پاقلانچکە) دەچێ و دەخورێ.
پاکوتکێ: د. پێدان بەزەویدا.
پاکۆدان: دروێنەکردنی گژوگیا بەدەست. بریتییە لە نەهێشتنی شت.
پاکورە: کوللەی باڵ نەگرتوو. پیادە.
پاکە: د. پاکی.
پاکەپاکە: پەتاتە.
پاکەت: کاغەزێکە لە کارخانەدا پێچرابێتەوە و سرێشی لێ درابێ وەک پاکەتی جگەرە و شقارتە و شتی تر.
پاکەمی: د. ماندوویەتی.
پاکەوەبوون: پاکبوونەوە. بریتییە لە مردن و نەمانی یەکێک کە نەتەوێ.
پاکی: خاوێنی.
پاکیزە: شتی پوختەی خاوێن.
پاگرتن: د. پێگرتن.
پاگە: تەویلە (ز). بوار (د). ئاسانەی دەرگا (د).
پاگیر: د. گرفنار.
پاگیرە: د. پائەوشار.
پال: ز. تەپۆڵکە.
پالی: با. پارچە چەرمێکی پانە لە کورتان دەکەوێتە لای ڕانی گوێدرێژەوە.

پاڵ: قەد شاخ و گرد. تەنیشتی گیاندار.
پالا: هـ. پێڵاو.
پالاخ: گوێرەکەی گامێش. گەڵای وشکی وەریوی دڕکوداڵ.
پالادرانە: د. حق القدم. حق السعي.
پالافتن: د. پالاوتن.
پالافتە: د. پالاوتە.
پالامز: کەرەیەکە شوان دەیچنێتەوە لەبری مزی شوانانەی.
پالان: ز. کورتان.
پالان: پالان.
پالانتە: پالانچەی گونج.
پالانچە: ماسولکە گۆشتی پاڵ بربڕەی پشت. بەرد و قوڕ و قسڵێکە دەدرێتە پاڵ گونجکاری. ماسولکە خورییەکە بەسەرپشتی هێندێ بەران و مەڕی جوانەوە دەهێڵرێتەوە بۆ جوانی.
پالانە: خوری و موویەکە لە کاتی برینەوەدا دەهێڵرێتەوە بەسەر پشتی مەڕ و بزنەوە بۆ جوانی.
پالانی: گوێدرێژێکە کەکاتی کورتان لێکردنی هاتبێ.
پالاوتن: خەوشگرتنی شتی شل بەشتێکی چنراو. بریتییە لە زۆر ترسان: فیسار کەس لە ترساندا (پالاوتوویەتی).
پالاوتە: شتی پاڵێوراو.
پاڵپشت: شتێکی نەرم و شلە دروست دەکرێ بۆ پاڵپێوەدانی.
پاڵپێوەدان: پاڵدان بەشتێکەوە.
پاڵپێوەنان: پاڵنان بەشتێکەوە.
پاڵتاو: پاڵتۆ. پاڵوو (د).
پاڵتۆ: سەربەرگێکی ئەستووری زستانییە.
پاڵتەک: دەردێکە لە قوڕگی ڕەشەوڵاخ پەیا دەبێ، دەئاوسێ و هەڵی دەدرن و گەمێ تێ دەخەن و چاک دەبێتەوە.
پاڵخستن: ڕاکشاندنی گیاندار.
پاڵدان: پاڵدانەوە. پاڵپێوەنان.
پاڵدانەوە: پشت بەشتێکەوە دان بۆ حەسانەوە.
پاڵدامێن: قەراخی خواروی داوێن. داوێنی شاخ و گرد.
پاڵداوێن: پاڵدامێن.
پاڵداینە: د. پاڵداوێن.
پاڵدم: پاڵدێم.
پاڵدوو: پاڵووی کورتان.
پاڵدە: پاڵدوو.
پاڵدێم: داوێن.
پاڵشت: پاڵپشت.
پاڵفتە: د. بێژراوە. پالاوتە.
پاڵکەفتن: د. پاڵکەوتن.
پاڵکەوتن: ڕاکشان.
پاڵ لێدانەوە: بریتییە لە دڵنیابوون لە شتێک.
پاڵمە: د. پاڵمە.
پاڵمە: گیایەکی بەهاریی گەڵا پانە تامی (هەڵەکۆک) دەدا.
پاڵنان: پاڵپێوەنان. هەڵپەساردنی شتێک بەشتێکدا.
پاڵنگ: هـ. پڵنگ.
پاڵوانە: باڵندەیەکی ڕەشی باڵ درێژی قاچ کورتی تیژڕەوە کە کەوتە زەوی ناتوانێ هەڵفڕێ.
پاڵوبەن: د. پشتیوان و یارمەتیدەر.
پاڵوبەنی: پشتیوانی و فریارەسی.
پاڵودان: د. پاڵدانەوە.
پاڵوو: کەلەکە. پارچەیەکە لە کورتان دەکەوێتە ژێر کلکی وڵاخەوە.
پاڵووگیر: دارێکە دەدرێتە بەر (نی)ی ئاش کاتێک کە بەلایەکدا لاسەنگ بێ.
پاڵە: شاری گەورە (د). کرێکار: (ز). سەپان (هـ). بریتییە لە ئەندازەیەک لە دانەوێڵە کە سەپانێک لە ڕۆژێکدا بیدروێتەوە: (پاڵە)یەک جۆ یا نیسکم هەیە واتە ئەوەندەی کە بەرۆژێک بدروێتەوە لەلایەن سەپانێکەوە.
پاڵەپەستۆ: پاڵنانی زۆری بەنهێم بەگیاندارێکەوە.
پاڵەقە: د. پێڵەقە.
پاڵەنگ: د. ڕەشمە و مەهار.
پاڵەوان: پیاوی بەهێزی دارێژراوی زۆرانباز.
پاڵەوانبازی: زۆرانبازیی پاڵەوانان.
پاڵەوانە: جۆرێکە لە مازوو. فیلپایە. کوڵەکە یا پایەیەکە بدرێتە ژێر شوێنێکی زەدەداری شکست.
پاڵەهەنگ: زنجیری گەورە کە دەکرێتە پێی بەندی.
پاڵێ: هـ. کەوش.
پالیک: ز. مووی ڕیشە کە بخرێتە سەر سمێڵ بۆ درێژی.
پاڵێن: د. کەوگیر.
پاڵێوکە: دەفرێکی پانی کون کونە شتی پێ دەپاڵێورێ.
پامال: پایەماڵ.
پاماڵ: د. پێشێل.
پاماڵە: شتێکی چوارچێوەدارە بەتەیان دەتەنرێ و ماڵەی زەوی پێ دەدرێ دوای تۆو پێوەکردنی.
پاماو: لووسکردنی سواغی گەچ بەبەرۆی تەڕ.
پامز: د. پالادرانە.
پامووره: جۆرە پاوانەیەکە لە زەنگیانەی ڕەش و شین بە سێ لیسپ دەهۆنرێتەوە و دەکرێتە پێ.

پامـێـزە: گـووی هەنگە کـە لەسـەر کـانی دەیکا دوای ئاو خواردنەوەی، سەرێکی خڕ و سەرێکی باریکە، هەنگ دۆز تەمـاشای دەکـا سەرە باریکەکەی ڕووی لە هەر لابێ دوای دەکەوێ تا پلوورەکەی دەدۆزێتەوە. خوری و مووی دەست و پێی ئاژاڵ. ئاوی وشکەوەبووی ناولنگی سـابرێن لەکـاتی نارەزووکردنی پەڕیندا.

پان: شتێکە کە تەسک نەبێ.

پانایی: ئەندازەی پانیی شت.

پانبوونەوە: پلیشانەوەی شت.

پانبەپان: بریتییە لە وتنی قسەیەک بەبێ پەردە.

پانپانۆکە: پانپانۆکێ.

پانپـانۆکێ: سـواربوونی ئافـرەتە بۆ ئافـرەتێکی تر و کـوت پێوەدانی.

پانتاو: تەپڵەسەری کێو و گردێکە کە تەخت بێ.

پانتاوی: شوێنی پان و تەخت.

پانتۆڵ: دەمـەر قۆپان. جۆرە دەرپێـیـەکی لنگ درێژی تەسکە لە قـومـاش دروست دەکـرێ و لەگـەڵ چاکـەت لەبەر دەکـرێ. تەلێکی زۆر باریکە لەناو سەعاتدا.

پانجەقولێ: هـ. پاشقول.

پاندان: جۆرە قەڵەمێکە مەرەکەبی تێ دەکرێ و پێی دەنووسرێ.

پانزە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە پێنج و دەیە.

پانزەمین: شتێکە کە لەپایەی پانزەهەمدا بێ.

پانزەهەم: پانزەمین.

پانزەهەمین: پانزەهەم.

پانکردنەوە: پلیشاندنەوە.

پانکە: جـۆرێکە لە بەری دارمـازوو لە قـۆێچـە دەچێ. جـۆرە ماسییەکی پانکەڵەی گۆشت خۆشە پێستی زگی ئەستوورە. جۆرە باوەشێنێکە بەنەوت یا بەکارەبا دەسووڕێتەوە.

پانکەڵە: شتێکە کە کەمێک پان بێ.

پانوپۆڕ: شتی پانی فراوان.

پانەکێ: جۆرەقفڵێکی پانکەڵەیە.

پانەوەبوون: پانبوونەوە.

پانیبەرز: پێڵاوێکی ژنانەیە وەک سۆل بەڵام پاژنەی ئەم بەرزە.

پانیبەرز دروو: کەسێکە هەر پانیبەرز دروست بکا.

پانیر: پارێن.

پانی: پاژنەی پێ. بەری شت لەلای تەسکییەوە.

پاوان: جێ لەوەڕی ئاژاڵ.

پاوانە: شتێکی زەنگوڵەدارە لە زێڕ یا لە زیو دەکرێتە پێی منداڵ بۆ جوانی.

پاوپل: د. پێ و پل.

پاوموری: جۆرە مقامێکی کوردییە.

پاونە: د. پێوەندێکە دەکرێتە پێ.

پاوشک: د. بریتییە لە کەسێک کە پێ و قەدەمی خێر نەبێ.

پاوە: لەوەڕی قەدەغەکراو. ناوی دێیەکە لە هەوراماندا.

پاوەپاکردن: د. پێ دزکێکردن لە کارێکدا.

پاوەجێ: د. پایەدار.

پاوەجێکردن: د. قایمکردنی شت.

پاوەجێگە: د. پاوەجێ.

پاوەرە: هـ. دەرپێ.

پاوەرێ: دەرپێ.

پاوەمانگ: د. ژنێکی ئاوسە کە پێی نابێتە مانگی نۆیەمی.

پاوەند: لەوەڕی قەدەغەکراو. پێوەند.

پاوەیو: هـ. پێ خەسوو.

پاهەڵکەوتن: د. پێ هەڵکەوتن.

پاهەڵگرتن: د. پێ هەڵگرتن.

پای: بەخت (ز). بۆ: (پای) بالاکەت.

پایان: دواییی شت: وتەی کوردی (پایان)ی نییە.

پایتەخت: شارێکە کە پاشا یا سەرۆکی دەوڵەتی تێدا دابنیشێ.

پایدۆست: بڕانەوەی جـەنگی دەوڵەتی و ئاشـتـبـوونەوە یان تەواوبوونی هەموو کار و کردەوەیەک.

پایز: سێ مانگە دوای هاوین.

پایزە: جۆرە ترێیـەکی پایزەی دەنک خڕی سپـیی ئاوداری مزری ناسکی هێشوو بزمارکوتە. شتێکە کە لە پایزدا بەکار بێنرێ. میوە و سەوزییە کە لە پایزدا پێ بگا.

پایزەبرا: بەدۆستێک دەوترێ کە کەم کەم سەرت بدا.

پایزەڕێز: د. شتێکە سەرمای پایز لێی دابێ و کاری تێ کردبێ.

پایزی: جۆرە هەنجیرێکە وەک (یەحیابەگی) (با). پایزە.

پایکردن: ز. دابەشکردنی شتێک بەسەر چەند کەسێکدا.

پایناز: د. چەند وتارێکی جوانە کە لە خۆشهاتن و بەخێرهاتنی یەکێکدا بوترێ.

پایناو: قنگاو. سەوزییەکی پاراوی نازاوە (د).

پایە: دیوارێکی باریکی بەرزە لە خشت یا بەرد دروست کرابێ. ئەندازەی بەرزی و ڕیزی کۆمەڵایەتیی یەکێک: یاخوا (پایە) بەرز بێ.

پایەبەرز: بریتییە لە گەورەیەکی بەنرخی دەست ڕۆیبێو.

پایەدار: بەردەوام.

پایەداری: بەردەوامی.

پایەماڵ: شتێکە بەرباد بووبێ و لەناوچووبێ.

پاین: لای خوارووی شت.

پت: لووت (ل). نوختـە (ز). پەلەپیـتکەیەکە بەپشـتی پەنجەی دەست لە شتێک دەدرێ.

پتاپت: ز. پسە پسکردن.
پتات: ز. زۆربێژی پروپووچ.
پتپتوک: ز. شتێکە کە چەند خاڵێکی ڕەنگاوڕەنگی پێوەبێ.
پتر: زۆرتر.
پتروو: د. پەترۆک. پترووخە.
پترووخە: د. قەتماغەی سەر برین.
پترووکە: د. پەترۆک.
پتکە: شتێکی کەم لە پیسی یا لە قوڕ.
پت و پووز: د. دەم و کاوێژ.
پتەپت: پرتەپرت.
پتەو: شتی قورسی توند و تۆڵی مایەدار.
پتیلە: ل. پلێتە.
پچ: ز. کەم: (پچ)ەک ئاڤ بینە، واتە کەمێک.
پچانن: د. چپەکردن.
پچڕان: کەرتبوونی هەودا و تەل و هێندێ شتی تر. پسانی گیاندار: (پچڕا)م.
پچڕاندن: پچڕین.
پچڕانن: پچڕاندن.
پچڕانەوە: پسانی کشتەکی ملوانکە و تەزبیح و هەموو شتێکی هۆنراوە.
پچڕاو: شتێکە کە پچڕابێ.
پچڕاوە: شتێکە کە پچڕابێتەوە.
پچڕپچڕ: شتێکە لە گەلێ لاوە پچڕابێ. قسەی بزربزر: قسەکانت (پچڕپچڕ)ن واتە بەیەکەوە نانووسێن. کردەوەیەکە کە سەر و مڕ نەبێ: کاردکەت (پچڕپچڕ)ە واتە سەر و مڕ نییە.
پچرک: با. کولێرەی ناودشکێنە.
پچڕۆک: شتێکە کە زوو بپچڕێ.
پچڕیاگ: د. پچڕاو.
پچڕیان: د. پچڕان.
پچڕین: کردنەوەی شتێک لە شتێک بەنهێم.
پچڕینەوە: بڕدانی یەکێک لە یەکێک یا لە شتێک: چاک لە فیسار کەست (پچڕیەوە)، یا چاکم لە قومار (پچڕینەوە). شالاوبردن بۆ یەکێک و ڕنینەوەی ئەندامی. سەندنی شتێک لە یەکێک بەزۆر: بەسم (پچڕەردوە).
پچکۆل: پچکۆلە.
پچکۆلانە: شتی زۆر پچووک.
پچکۆلە: پچکۆلانە.
پچکۆڵە: پچکۆلە.
پچکەلە: پچکۆلە.
پچکەڵە: پچکۆلە.
پچووک: شتێکە کە گەورە نەبێ.
پچووکبوونەوە: بوونی شتێکی گەورە بەپچووک. (پچووککردنەوە) کردنی شتێکی گەورە بەپچووک. خواردەستی گەورەیەک: من (پچووک)ی تۆم.
پچووکی: خواردەستی. بوونی شت بەپچووک.
پچە: د. چپە، (پچەپچ) چپەچپ.
پچین: ز. شەق تێ هەڵدان.
پخ: وتەیەکە کوتوپڕ و لە ناکاو دەوترێ بۆ ترساندنی یەکێک.
پخک: ز. پخ.
پخکردن: بڕینی شت بەگردەبڕ. پخەکردن.
پخمە: د. پیسی پۆخڵ.
پخەکردن: وتەیەکە منداڵ بەکاری دێنێ بۆ سەربڕینی گیاندار.
پر: ز. پرد.
پراش: د. ورد، (پراش پراش) شتی ورد و خاش.
پرپرە: پەڵپینە.
پرپریک: ز. گیایەکی بەهارییە.
پریە: با. هەزارپێ.
پرتاپرتا: ڕاکردنی یەک لە دوای یەک بەپرتەپرت.
پرتال: ز. کوتاڵ.
پرتدان: د. فڕێدان.
پرتکردن: د. فڕێدان.
پرتکە: د. وردەی شت. (پرتکە پرتکە) شتی ڕێزە ڕێزە.
پرت و پەلا: د. شتی هیچ و پووچی بلاوبووەوەی ناو ماڵ.
پرتۆکە: د. پرتکە.
پرتوکیاک: د. شتی پواو.
پرتوکیان: د. پوان.
پرتوێژی: د. قسەی شاش و وێشکردن.
پرتە: لێدانی دەمار. جوولانەوەی گڕی چرا. فرتە، (پرتە پرت) پرتەی یەک لەدوای یەک.
پرچ: مووی سەر کە لە عاستی پشت شۆڕ ببێتەوە.
پرچانن: د. قرتانن.
پرچن: کەسێکە کە پرچێکی زۆری ناشیرینی ببێ.
پرچنە: پرچن.
پرچە: د. دەنگی قرتاندنی شت.
پرخاندن: پرخەکردن.
پرخن: کەسێکە کە لە خەودا بپرخێنێ.
پرخە: دەنگێکە لەکاتی نووستندا لە دەم و لووتی هێندێ کەسەوە دێ. (پرخەپرخ) پرخەی یەک لەدوای یەک. (پرخ و هوڕ) پرخە پرخی زۆر.
پرد: شتێکە لە دار یا لە بەرد یا لە ئاسن دروست دەکرێ بەسەر ئاوەوە بۆ پێدا پەڕینەوە.

پردژ: د. وچان. دەسرەس.
پردوخیاگ: د. هەڵپرووزاو.
پردوخیان: د. هەڵپرووزان.
پردوو: د. پەردوو.
پردەڵە: چەند دارێکە لەسەر (خەردار)ی ئاش ڕایەڵ دەکرێن و بەرداشیان لەسەر دادەنرێ. دارێکی درێژە لەسەر دوو سنگ داکوتراوە لە ناوەندی (مۆلەق) و (نەوەرد)دا، ڕایەڵی جۆلاّ ڕاگیر دەکا.
پردی: هـ. پرد.
پڕ: دەفر یا بۆشاییەکە کە لێوانلێو شتی تێدابێ. شتی سفت: ئەو قاڵییە تانەکەی زۆر (پڕ)ە واتە سفتە.
پڕاوپڕ: شتێکە کە بۆشاییەک پڕ بکاتەوە بەبێ کەموکوڕی: ئەم تۆپەوانەیە (پڕاوپڕ)ی دەمی گۆزەکەیە.
پڕبار: د. درەختێکە کە بەری زۆر بێ. دەغلۆدانەوێڵەی قەڵەو.
پڕبوون: لێوانلێوبوونی دەفرێک یا بۆشاییەک لە شتێک. بریتییە لە تووڕەبوون و پیشخواردنەوەی یەکێک لە یەکێک.
پڕبوونەوە: لێوانلێوبوونی دەفرێک یا بۆشاییەک بەرە بەرە. بریتییە لە تێرخواردن و داکەوتن: فیسارکەس هەرگیز (پڕ نابێتەوە) واتە چاوی تێر نابێ.
پڕ بەپڕ: پڕاوپڕ.
پڕبەر: د. پڕبار.
پڕبێژ: با. سازندە.
پڕپچی: با. چاوی کزی پرووپووشاوی.
پڕپۆڵ: پارچەی کۆنی شڕ: (پڕپۆڵ)ێک شتم لە ماڵدا نییە. مەردوومی چەپەڵی بێ کەڵک.
پڕپۆڵە: ئاردێکە کە ئاوی لێ پرژێنرابێ و دانە دانە وێستابێ بۆ ئەوەی کە بکرێ بەچێشت یا بدرێ بەجووجەڵە و مریشک. چێشتی پڕپۆڵە.
پڕپیاکردن: پەلاماردانی شتێک بەچالاکی بۆ فڕاندنی.
پڕتاف: د. پڕتاو.
پڕتافانن: د. تاودانی ولاخ.
پڕتاو: تاودانی ولاخ بەتوندی.
پڕچەک: مەردوومێکە کە چەکی تەواوی پێ بێ.
پردان: هەڵمەت بردنە شتێک: پڕی دایە ئەو کارە واتە هەڵمەتی بۆ برد.
پرزۆڵ: پارچەی پچکۆلانە کە لە شتێک بوو بێتەوە. (پرزۆڵ پرزۆڵ) شتی ورد و خاش.
پرزۆڵە: پرزۆڵی پچووک لە هەموو شتێک.
پرشنگ: پرشنگ.
پڕقێنە: قرقێنە.
پڕکردن: لێوانلێوکردنی دەفرێک یا بۆشاییەک لە شتێک. بریتییە لە هاندانی یەکێک دەربارەی یەکێکی تر.
پڕکردنەوە: لێوانلێوکردنی بۆشاییەک بەرە بەرە.
پڕکێشی: زاتکردن و بەخۆدا ڕاپەرموونی کردنی کارێک: فیسار کەس (پڕکێشی) هەموو شتێک دەکا.
پڕگۆشت: بریتییە لە گیانداری زۆر قەڵەو.
پرمە: هەناسەدان بەلووت بەتوندی بەجۆرێک کە دەنگی لێوەبێ: فیسار کەس دایە (پرمە)ی گریان، یا ولاخەکە (پرماندی). (پرمە پرم) پرمەی یەک لەدوای یەک. پرم و هوڕ: پرمە پرمی زۆر.
پرمێشک: بریتییە لە مەردوومی زۆر ژیر.
پرنۆ: د. دەلیل و بەڵگە.
پرنۆڵ: پارچەیەک کالاّی شڕ: فیسار کەس (پرنۆڵ)ێک بەرگی لەبەردانییە.
پرووپا: د. قاچ و قۆل.
پرووپاتاڵ: شتومەکی پرووپووچی بێ نرخ.
پرووپۆشتە: د. پۆشتە و پەرداخ.
پرووپووچ: درۆی زلی هەڵبەستراوی لە ژیری و بیرەوە دوور. شتی بێ کەڵک.
پرووپەشێو: شوێنێکەکە پڕبێ لە کەلوپەلی ناوماڵ بەنارێکی.
پرووپیت: وردە شتی ناوماڵ.
پرووزکان: پچران.
پرووزکاندن: پچراندن.
پرووزکاو: پچراو.
پرووزیان: د. سووتان.
پرووسقان: د. پچران.
پرووسقانن: د. پچراندن.
پرووسقاو: د. پچراو.
پرووسقیان: پچران.
پرووسک: د. پزیسک.
پرووسکان: پرووزکان.
پرووسکاندن: پرووزکاندن.
پرووسکاو: پچراو.
پروکیاگ: د. پچراو.
پروکیان: پچران.
پروکیاو: د. پرووکاو.
پرووز: نارێکی و چەوتیی کەناری کاغەز و پارچەی تەنراو کە هێشتا لێی نەبووبێتەوە: (پرووز)ی کەواکەم دەرکەوتووە، واتە قەراغی ناوەوەی هاتووەتە دەرەوە. بریتییە لە نەنگ و شوورەیی یەکێک: فیسار کەس (پرووز)ی دەرکەوت واتە نەنگ و شوورەیی ئاشکرابوو. بۆ کوڕووز.

پرووزە: بۆکورووز: لە تینوانا (پرووزە)م لێوەدێ.
پرووش: وردە تووکی دار و گەڵێ شتی تر کە هەڵی دابێ.
پرووشەکردن: بارینی بەفر بەوردی. بریتییە لە کەم کەم خواردنی منداڵی ساوا و نەخۆشێکەوە کە دەمێ بێ خواردنی نەخواردبێ.
پرووکان: پچڕان: تەزبێحەکەم (پرووکا). هەڵپرووزان لە گەرماندا.
پرووکاندن: پچڕاندن.
پرووکانن: پرووکاندن.
پرووکاو: پچڕاو.
پڕەوەبوون: د. پربوونەوە.
پریشک: چەند پارچەیەکی وردە کە لە شتێک ببێتەوە: (پریشک)ی ئاوەکە یا بەردەکەم لێ کەوت. پزیسک.
پرزانگ: پزدان.
پرزک: ز. برین و زیپکەی ئەندام.
پرزۆڵ: پرزۆڵ.
پرزۆڵە: پرزۆڵە.
پرزە: هەناسە: (پرزە)ی بڕیم.
پرزەبڕاو: کەسێکە کە تەنگەنەفەس بووبێ. بریتییە لە کەسێک کە زیانێکی زۆری لێ کەوتبێ.
پرژ: پژی شت. تەرزی سەوزایی وەک مێو و لاولاو و ترۆزی. پەرش و بلاو (د).
پرژان: ڕژان و بڵاوبوونەوە.
پرژاندن: ڕشتن و بڵاوکردنەوە.
پرژۆڵ: پژی شت. برژۆڵ.
پرس: داواکردنی زانینی شتێک کە نەیزانیت لە یەکێک: هەرچی نازانیت (پرس کە).
پرسا: د. کەسێکە کە دوای شت بکەوێ بۆ زانینی.
پرسانە: د. شتێکە کە لە پرسەدا دەبرێ بۆ ماڵە مردوو.
پرسکردن: پرسین.
پرسە: سەرەخۆشی کردن لە خاوەن مردوو. پرسیار.
پرسەکەر: کەسێکە پرسە بکا لە خاوەن مردوو.
پرسەگورگانە: پرس کردنە بەیەکێک بۆ کارێک کە نەتەوێ بەقسەی بکەیت بەڵام هەر بۆ گلەیی دوارۆژ بێ.
پرسەگورگانێ: پرسە گورگانە.
پرسیار: پرسکردن لە شتێکی نادیار.
پرسین: پرسیار.
پرسینەوە: بەسەرکردنەوەی شت بەپرسین دەربارەی: فیسار کەس لە پچووکی خۆی (دەپرسێتەوە).
پرش: بڵاو.
پرشنگ: پرشەی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و ئەو شتانەی کە لەبەر هەتاو دەبریسکێنەوە. پریشکی ئاگر.
پرشە: بریسکانەوەی شتی بەشەوق وەک ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ و گەڵێ شتی تر. (پرشەپرش) پرشەی یەک لەدوای یەک.
پرگ: شتێکی سپییە دەکەوێتە سەر شتی شل لەبەر زۆر مانەوەی. پەڵەیەک لە زەوی یا دەغڵ.
پرگ هەڵهێنان: پەیدابوونی پرگ لەسەر شتی شل یا تەڕ.
پرواندن: وەراندنی گوڵی شینایی و دانەوێڵە. ولینی کاڵا و شتی تەنراو بۆ لێکردنەوەی شتێک کە پێوەی وشک بووبێتەوە.
پرۆت: ز. کەسێکە دەفری گڵێن دروست بکا.
پرۆژە: مەشروعێکی تێکراییی.
پروسک: پزیسک (د). دەبێ بەتاکیدی (ئێسک): ئێسک و (پروسک).
پروسکە: د. پروسک.
پرووز: د. بۆکڕووز.
پرووش: د. پروسک.
پرووشە: د. پرووش.
پرووکە: د. پرووشە.
پرووکەپرووک: د. نووکە نووکی گریان.
پریاسکە: پارچە پەڕۆیەکە کە شتێکی تێدا گرێ درابێ.
پریسک: د. پزیسک.
پرێش: د. شتی وردبوو. (پرێش پرێش) هەلا هەلا.
پریق و هوڕ: پێکەنینی قاقا.
پریک و هوڕ: پریق و هوڕ.
پزان: ز. پزدان.
پزدان: پێستێکی تەنکە لە سکی بزن و مەڕ و مانگادا بێچووی تێدا بەرهەم دێ.
پزگ: پزووی دەڕیێ. پزوویەکە تووشی ئاژاڵ دەبێ.
پزۆر: ز. ناو سک و ڕیخۆڵەی گیاندار.
پزوسک: د. پزیسک.
پزوسکە: د. پزوسک.
پزوو: دەردێکە تووشی بزن و مەڕ دەبێ وەک هەڵامەت وایە بۆ ئادەمی. نوشتاوەی دەڕیێ و سەرین کە بەندەخوێن یا کشتەکی تێ هەڵدەکێشرێ. دەمی ڕەشکەی کاکێشان.
پزە: پزوو.
پزیسک: پریشکی ئاگر.
پزیشک: دوکتۆری نەخۆشی.
پزینک: بلامک.
پژ: پرژۆڵی گوڵی گەنم و جۆ. سەرلقی دار و درەخت.
پژاڵ: د. پژی سەر لقی درەخت.

پژان: وەرین و بڵاوبوونەوەی دانەوێڵە. بەربوونی خوێنی لووت و کچێنیی کچ.
پژاندن: بڵاوکردنەوەی دانەوێڵە و بەردانی خوێنی لووت و کچێنیی کچ.
پژگاڵ: کار و فرمان.
پژمە: هاتنە دەرەوەی باو تەزوویەکە لە لووتەوە بەتەکان بەجۆرێکی وا کە دەنگی لێوە بێ. (پژمەپژم) پژمەی یەک لەدوای یەک. (پژم و هوڕ) پژمە پژمی زۆر.
پژمێن: پرنووتی.
پژمین: پژمە.
پژنچە: د. فلّچە.
پژ و پۆ: د. لق و پۆپی درەخت کە بڕابێ.
پژوو: با. یاڵی ولاخ.
پژوون: ز. گزرەگیا.
پژوێن: پشتێن.
پژوێنە: پشتێنە.
پژە: چەند پرشەیەک لە ئاو.
پژیاگ: د. پژاو.
پژیان: پژان.
پژی: با. پژوو.
پس: کوڕ (ز). کەسێکە کە بەسەری زمان قسە بکا.
پسان: پچڕان. پروکانی گیاندار بەهۆی زۆر پێکەیشتنێکەوە.
پساندن: پچڕاندن پروکاندن.
پسانەوە: پچڕانەوە: تەزبێحەکەم پسایەوە، یا لەشکرەکە ئەوەندە زۆر بوو هەر نە(دەپسایەوە).
پسپان: ز. پارچەیەکە کالای پێ پینە دەکرێ. (پسپانکردن) پینە کردن.
پسپس: ز. وتەیەکە پشیلەی پێ بانگ دەکرێ وەک (پشپش).
پسپاندن: ز. بەچرپە قسەکردن.
پسپسیک: ز. پشیلە.
پسپستلی: هـ. جاڵجاڵۆکە.
پسپۆر: ئاژاڵدارێکە کە لە بەسەرکردنەوە و ناسینەوەی ئاژاڵدا زۆر وریا و شارەزا بێ. کەسێکە لە کارێکدا زۆر بزان بێ.
پستان: فستان.
پسترک: ز. پەیژە.
پستوو: با. یەخە.
پستەق: ز. مێوژی خراپ.
پسک: پشیلە (با). زمان پس. پرچ.
پسکە: د. ورد ڕۆینی ڕاوچی بۆ لای نێچیر. باڵ بەیەکدادانی بەچکەی چۆلەکە و باڵندەی تر لەبەردەمی دایک و باوکیدا بۆ ئەوەی کە دانی بداتێ.
پسکەپسک: پسکەی یەک لەدوای یەک.
پسکیان: د. پسکە.
پسڵ: لووشەیەکە کە دەکرێتە ناو چێشتی دۆکوڵیوەوە.
پسمام: با. ئامۆزا.
پسمیران: با. خانەدانی میرزادە.
پسیان: د. پسان.
پسیزک: پزیسک.
پش: وتەیەکە پشیلەی پێ بانگ دەکرێ.
پشاقیک: ز. بنیسکی سابوون.
پشام: د. ئاوسان و هەوکردن.
پشپشۆکە: گیایەکی پژپژی زبرە وەک کلکی پشیلە.
پشپێنت: پشتێن.
پشت: لە مل بەرەوخواری گیاندار تا سەر سمتی. باوک و باپیرە: فیسار کەس لە (پشت)ەوە دەچێتەوە سەر تیرەی جاف. یارمەتیدەر و پشتیوان: تۆ بەپشتی کێ ئەمە دەکەیت؟ دیوی ئەودیوی هەموو شتێک: پشت گوێژە شارباژێڕە. دیوی قۆقزی میچ. وتەیەکە پشیلەی پێ دەردەکرێ وەک (ختە).
پشت ئەستوور: کەسێکە کە پشتیوانی بەهێزی بێ و دڵنیابێ.
پشتدار: شتی قایم و دارێژراو: ئەم فاسۆنە (پشتدار)ە، واتە قایمە. خاوەن پشتیوان.
پشتدان: بریتییە لە وێستانی گیانداری مێینە بۆ نێرەی.
پشتدانەوە: هەڵدانەوەی ئاگری ناو تەنوور پاش دامردنی تا گەرم دابێتەوە، پاڵدانەوە.
پشترێژ: گیانداری ناوکەرێژ.
پشتکووڵ: د. پشکۆڵ.
پشتگوێخستن: بریتییە لە بیردەرکردنی کارێک و نەکردنی.
پشتگوێکردن: هەڵپاچینی وردەتووکی بن پرچی ژنان بەمەقەست.
پشتگین: د. دواهەمین.
پشت لێدان: جۆرە یارییەکە چەند کەسێک یەک لەدوای یەک بەکووری دادەنیشن و بەرودوا بەسەر یەکدا هەڵدەچن بەلێدانی پشتیان لە پشتی ئەوی تر.
پشت لێدانەوە: بریتییە لە دڵنیابوون لە پێکهاتن یا پێک نەهاتنی کارێک: فیسار کەس لە کارەکەیدا (پشتی لێ دایەوە) واتە دڵنیابوو کە دەبێ یا نابێ.
پشت لێکردنەوە: پشت لێدانەوە.
پشتماڵە: دراوسێیەکە کە ماڵی لە پشت ماڵتەوە بێ.
پشتمێر: پشتیوان و یارمەتیدەر.
پشتووری: د. پشت ئەستووری.
پشتوێن: پشتێن.

پشتە: پشتی میچی قاپێن. دەنگێکە پشیلەی پێ دەردەکرێ.
ناوە بۆ دێیەک لەوبەری سیروان.
پشتەپا: د. پشتەپێ.
پشتەپێ: بریتییە لە شەق.
پشتەرێژ: د. پشترێژ.
پشتەرێشە: د. برینداربوونی پشتی وڵاخ بەهۆی بارەوە.
پشتەسەر: جۆرە خشڵێکی پلپلەدارە لە زێڕ یا زیو ژنان دەیدەن لە پشتی سەریان.
پشتەک: خوری و موویەکە لەکاتی برینەوەدا بەسەر پشتی مەڕ و بزنەوە دەهێلرێتەوە. پشتیوانێکە بدرێتە بەر شتێک.
پشتەملە: بریتییە لە زۆرکردن لە یەکێک بۆ کارێک: بە(پشتەملە) ئیشی پێ دەکا.
پشتەملێ: پشتەملە.
پشتەمەلە: جۆرە مەلەیەکە لەسەر پشت دەکرێ.
پشتەوەشکێن: دیوارێکە کە بەپشتدا شکابێتەوە.
پشت هەڵکردن: بریتییە لە زویربوون لە یەکێک.
پشت هەیوان: ژوورێکە کە کەوتبێتە پشتی هەیوانەوە.
پشتەیوان: پشت هەیوان.
پشتێر: د. پشتیر.
پشتێن: شتێکە دەبەسترێتە پشت.
پشتێنە: دارێکە بەناو (بەرزەگەوە) دارەت دەکرێ بۆ ئەمەی نەجوولێ. شتێکە بەربەستی فیچقەی ئاوی نێو ئاشی پێ دەکرێ. پشتێنێکە بەسترابێتە ناوقەدی هێندێ شت بۆ قایمی.
پشتی: جۆرە سەرینێکی درێژکۆلەی تەنکە پشتی پێوەدەدرێ. پاشەوانەی هەنگ (د). شتێکەکە بەکۆڵ هەڵبگیرێ (ز).
پشتیر: هۆدەی ئاژاڵ. گەنجینەی پشت کەلەگی.
پشتیوان: یارمەتیدەر. دارێکە لە پشت دەرگاوە دادەچەقێنرێ بۆ ئەمەی بخرێتە بەر (پشکۆڵ) بۆ قایمی. دارێکە لە باری پانی بەپشتی تای دەرگا و دەڕابەدا دادەکوترێ.
پشتیوانی: یارمەتی و خاوەنداری.
پشتیوانی کردن: یارمەتیدان و خاوەنداری کردن.
پشروون: ز. چێشتی پیرخەنیلە.
پشقل: پیسی دانەدانەی خڕی ئاژاڵی وردە.
پشک: با. گۆیکەی درەخت.
پشک: چیلکەیەکە دەخرێتە کونی مەشکە و کوندە و هیزەوە بۆ ئەوەی ئەوی تیایەتی نەرژێ. بەش: ئەم کۆمەڵە بکە بەچوار (پشک). پلێک گۆشت. جەرگ (ز). چەند شتێکە دەدرێتە دەست یەکێکی نەشارەزا لەلایەن چەند کەسێکەوە کە بەشەریکی شتێکمان کڕیبێ و بەشیان کردبێ بۆ ئەوەی کە هەر یەکێک لەو شتانە لەسەر بەشێک لە بەشەکان دابنێ، تا هەر کەسە بەپێی پشکەکەی خۆی بەشەکەی بێ قڕە هەڵگرێ.
پشکخستن: دانانی چەند پشکێک لەلایەن یەکێکی نەشارەزاوە لەسەر چەند بەشێک لە شتێک کە بەشەریکی کڕیبێتیان.
پشکڤین: ز. هەڵپچڕانی درومان.
پشکل: پشقل.
پشکڵ: پشقل.
پشکنین: گەڕانی جێگەیەک یا گیرفان و باخەڵی یەکێک بۆ شتێک.
پشکۆ: دەنکە ئاگری گەش.
پشکول: ز. پشقل.
پشکۆڵ: دارێکی درێژە لە دیوی ناوەوە دەدرێتە پشت دەرگا بۆ قایمکردنی.
پشکووتن: دەمدانەوەی خونچەی گوڵ. گۆیکەکردنی درەخت لە بەهاردا. وردبوونی بەردی قسڵ لە دوای ئاو پێداکردنی. هەڵتۆقینی گەنمەشامی لەسەر ساج.
پشکووڵ: د. پشکۆڵ.
پشکەڵ: پشقل.
پشکیل: د. پشکیلان.
پشکیلان: یاریی گۆرەویبازیی تاقمان لە جووت. کاڵە مستێ.
پشوو: هەناسە: (پشوو) نادا.
پشوودان: بریتییە لە حەسانەوە: ئەمڕۆ هێشتا (پشووم نەداوە).
پشووگرتن: پشوودان.
پشە: ژە (د). پشیلە.
پشیان: د. پژانی ئاو.
پشێ پشێ: وتەیەکە پشیلەی پێ بانگ دەکرێ.
پشی: پشیلە (ل). کولیچە بەڕۆن (ه).
پشی پشی: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە.
پشیک: ل. پشیلە.
پشیلە: دەعبایەکە لە وێنەی پڵنگ بەڵام گەلێ پچووکترە، و مێملی مشکە.
پشیلەسوورە: جۆرە یارییەکە یەکێک تێ دەکەوێ، ئەوانی تر دەست بەیەکەوە دەگرن و، ئەوی تێ کەوتووە دەیگرنە ناو خۆیان، ئەویش تەقەلا دەدا کە لەناو لنگیانەوە دەرچێ، ئەمانیش نایەڵن و دەڵێن: (پشیلە سوورە کوێرا چوو، عەرزی دڕی و پیایدا چوو) ئینجا لەناو لنگی هەر کامێکیانەوە دەرچوو ئەو کەسە تێ دەکەوێ.
پشیلەسوورێ: پشیلەسوورە.
پشیلەشۆر: بریتییە لە شوشتنی ئەندام بەناتەواوی و کەموکوڕی: ئیمڕۆ لە حەمام لەبەر ساردیی ئاوەکەی خۆم (پشیلەشۆر کرد).

پشێوینی: پشێوی.
پشێوی: ئاشووب و تێکچوونی ئاسایشی شوێنێک.
پف: فوو. وتەیەکە لەکاتی دڵ هەڵشێوان لە شتێک دەوترێ: (پف) لەم بۆنە ناخۆشە. (پفکردن) فووکردن.
پفدان: شت فوودان.
پفدریاگ: د. شتی فوودراو.
پفە: وتەیەکە منداڵی ساوا بەچێشتی دەڵێ.
پفەڵ: شتی فش و فۆڵ.
پف هەڵدان: فووکردنە شتێک و ئاوساندنی بە فوو.
پف هەڵدراو: شتی فوودراو.
پگڕ: د. گەمرە.
پل: کوتە گۆشت. پەڕی باڵندە (د). پەنجە (د).
پڵ: خاڵێکە کە لە شتێکدا پەیدابووبێ: (پڵ)ێک لە دەستم پەیدا بووە.
پڵپڵ: شتێکە کە پڵی زۆری پێوەبێ. جۆر (د). زبان: فیسار کەس دوو (پڵ)ە، واتە دووزبانە (د). ڕوو (د).
پلار: کورتەە دارێکە کە بگیرێتە شتێک. توانج.
بلارتێگرتن: بریتییە لە توانج گرتنە یەکێک.
پلاس: ه. پەڵاس.
پلاسماسی: جۆرە ماسییەکە وەک سفرە خۆی دەکاتەوە لەسەر ئاو بۆ ئەوەی هەر مێش و مەرۆشێکی لێ بنیشێ بیخوا.
پلاش: د. پووش و پەڵاش.
پلان: د. ئێسقان.
پلانن: د. تلدان بەشت.
پلاننەوە: د. تلاندنەوە.
پلاو: برنجی کوڵاوی پاڵێوراوی ڕۆنی داخ بەسەردا کراو.
پلاو پالا: د. پلاو پاڵێو.
پلاو پاڵێو: دەفرێکی شوولێنی پەلە برنجی پلاوی پێ دەپاڵێورێ.
پلاو پلاو: جۆرە یارییەکە هەر یەکەی دە جار لەسەر یەک دەبێ بەدەنگی بەرز بڵێ (پلاو) بەلام جار لە دەنگی بەرزتربێ.
پڵپ: د. مەردوومی بێ کەڵک.
پلپسکیان: نەخۆشیی باڵەشۆڕێ.
پڵپڵە: پارچەیەکی پچکۆلانەیە لە زێڕ یا لە زیو کە بەخشڵێکەوە بەند کرابێ.
پڵپڵی: د. شتی پڵپڵ.
پڵتۆک: پەلەپیتکە بەپشتی پەنجەیەک.
پڵتە: تلپەی شت. دەنگێکە لە کاتی بەنهەیم هێنانەدەرەوەی شتێک لەناو شتێکی تردا پەیا دەبێ.
پلتەقاندن: چەقەنە لێدان بە پەنجەی دەست.
پلچ: د. پان.
پلچانن: د. پانکردنەوە.
پڵدان: لێدان و جووڵانەوەی شوێنێک لە جەستە.
پلک: پوور. پیس (ل).
پلکانن: د. پلانن.
پلکیان: د. تلخواردن.
پل لێدان: پلتەقاندن.
پڵمژیاگ: شتی پەژمردە.
پڵمە: د. پرمە.
پڵندار: با. کورتەە دارێکە دەگیرێتە درەختی گەورە بۆ ئەوەی بەرەکەی بکەوێتە خوارەوە.
پڵنگ: جانەوەرێکی گەورەی بەچنگی بەڵەکی چالاکی کوشندەیە کلکێکی باریکی درێژی هەیە.
پڵنگیان: ئاڵۆزکانی موو.
پل و پا: د. قاچ و قول. تەلاش و کۆشش.
پل و پۆ: کەوتنەسەر فاک و فیکی کارێک: (پل و پۆ)ی ژنهێنانی پێ کەوتووە.
پلوپووش: د. پڕ و پووشی ناو ماڵ.
پڵوپووش: پلوپووش.
پلۆر: ز. پەڵوولە.
پلوسک: شتێکی بۆشە ئاو و چۆڕاوگەی پێدا دێتە خوارەوە.
پلوور: پلوسک (ه). شمشاڵ (د).
پلوورژەن: د. بلوێرژەن.
پلوورە: شتێکی بۆشە هەنگ شانی تێدا هەڵدەبەستێ.
پلووسگرد: ه. پەڕەسێلکە.
پلە: پوور. جێگاپێی پەیژە و پێپیلکە. ڕێز و حورمەت و پایە: فیسار کەس (پلە)ی بەرزە. هەڵ: خوا هەڵتخا لە (پلە) یەکدا بتگرم. ئەنگوشت (د).
پلەپرتکێ: د. پەلەپرووزێ.
پلەترازیان: د. پەشیمانبوونەوە. شلبوونەوە.
پلەتسیان: د. پلەترازیان.
پلەزیقان: د. خۆشی خۆشی.
پلەکان: پلیکانە.
پلەکانە: پلیکانە.
پلەمەتە: د. مەتەی دارتاش.
پلەنیان: د. هانەهانەدانی یەکێک.
پلیان: د. گلان و کەوتن.
پلیکانە: پێپیلکە.
پلیتە: د. پڵیتە.

پلێته: شتێکی بادراوه که له شتێکی تر هەڵکێشرێ.
پلێتەکێش: دارێکی سەر لەلەکراوە پلێتەی لە شت پێ هەڵدەکێشرێ.
پلیسرگ: پەڕەسێلکە.
پلیشاندنەوە: پانکردنەوەی شتێک بەهۆی قورساییەکەوە.
پلیشانەوە: پانبوونەوەی شتێک بەهۆی قورساییەکەوە کە بکەوێ بەسەریدا.
پلیشاوە: شتێکە کە پان بووبێتەوە.
پلیکە: پلیکانە.
پن: زڕ. نوختە (ز).
پنتک: شتێکی کەم لە قوڕ یا لە پیسی.
پنتی: کەسێکە کە زۆر گوێ نەداتە پاک و خاوێنی و خۆڕێکخستن.
پنج: دەرمانێکە لە قسڵ و لۆکە و ماست دەگیرێتەوە بۆ پینە کردنی دیزە و گۆزەی شکاو. پنجی گیا (ز).
پنجار: ز. گیای سوورەوەکراو.
پنچک: بنچک.
پنچکردن: پینەکردن بەپنج. بریتییە لە چارەکردنی کارێک.
پند: ز. قنگ.
پندر: پنر.
پندربوونەوە: پنربوونەوە.
پنر: جەستەیەکە کە بەهۆی مانەوەی زۆرەوە لەناو ئاودا ناسک بووبێتەوە.
پنربوونەوە: ناسکبوونەوەی جەستە.
پنکاف: ز. گولاو.
پنگ: د. پونگە.
پنگر: پندر. پەنگر.
پنگربوونەوە: پندربوونەوە.
پنگرکێش: مەقاش.
پنگە: پونگە.
پنۆک: خاڵ و پەڵەی ورد لە شتدا.
پنە: شتێکی پانی تەختە لە دار یا لە گەچ دروست دەکرێ و نانی تیری لەسەر دەکرێتەوە.
پنیۆز: با. ڕۆیشتن لە شوێنێک بۆ چەند دەمێک: (پنیۆز) دەکەم واتە ئێستا دەڕۆم لە پاش چەند دەمێ دێمەوە.
پۆ: ئەو شتەیە کە لەسەر ڕایەڵ دەتەنرێ. لق و پۆپ (د).
پۆبر: توندکردنەوەی ڕایەڵی تەون بەجۆرێکی وا کە پۆی پێدا دەچێ.
پۆپ: پۆپنەی کەڵەشێر و مریشک. قژی ژن.
پۆپکە: پۆپە.
پۆپنە: گۆشتێکی سووری بڕگەبڕگەیە بەسەری کەڵەشێر و مریشک و بۆقلەموونەوە.
پۆپە: تەپلەسەری شاخ و درەخت. پۆپنە.
پۆپەڕەشە: دەردێکە دەگا بەکەڵەشێر و مریشک و پۆپنەی ڕەش هەڵدەگێرێ و دەیکوژێ.
پۆپەژمین: د. پۆپەشمین.
پۆپەشمین: پێخەفێکی شاشی هاوینییە لە خوریی ڕێسراوی باریک دروست دەکرێ.
پۆت: لۆچ.
پۆتلاک: سەر و پێچ.
پۆتەلاک: پۆتلاک.
پۆتین: جۆرە قۆندەرەیەکی لاسکدارە بەقەیتان دادەخرێ.
پۆخ: گۆیکەی دار و درەخت لەپێش پشکووتنیدا.
پۆخ: با. میوەی زۆر گەیوو.
پوخت: شتی ڕێکوپێکی خاوێن.
پوختکردن: خاوێن و ڕێکوپێککردنی شت.
پوختە: پوخت. (پوختەکردن) پوختکردن.
پۆخ دەرکەوتن: بریتییە لە نەنگ و شوورەیی دەرکەوتنی یەکێک.
پۆخڵ: شتی پیسی ناخاوێن.
پۆخین: قاووت.
پۆدای: ھ. پێوەدان.
پۆدرە: بۆدرە.
پۆدوو: ز. پووک.
پۆرتک: د. کلاو و دەسماڵی ژنانە.
پۆرتکان: ڕزین و داوەشانی شت.
پۆرتکاو: شتی ڕزیو.
پۆرخز: گیانداری مۆنی سەهەندەی لاساری مانگر.
پۆڕ: باڵندەیەکی بۆرە لە کەو پچووکترە و گۆشتی خۆشترە.
پۆڕاو: شتی ڕێکخراو.
پۆڕک: ناوماڵی کۆچەری. دوو چیغی لوولەکراوە کە کرابن بەبن بار.
پۆڕیان: ل. شتی ڕێکوپێک کە بەکار بێت.
پۆڕین: ل. پۆڕیان.
پۆرگ: توێکێکی ناسکی تەنکە بەسەر برین و هێندێ شتی ترەوە. بەرگی خونچەی گوڵی نەپشکووتوو.
پۆز: ز. لووت.
پۆرنکان: ڕزین.
پۆزە: لووت. کۆسپایی.
پۆزەبەند: د. شتێکە دەکرێتە دەمی هێندێ وڵاخەوە بۆ بەستنی دەمی.

پۆزەخووگە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو وەک لمۆزی بەراز وایە.
پۆزەوانە: ئاسنێکە دەخرێتە سەر لووتی ولاخ و ڕەشمەی پێ بەند دەکرێ.
پۆس: پیر: هەواڵی لاو و پۆسیان دەپرسم. چەرم (د). تویک. پۆستە (د). قەرەووڵ و ئێشکچی (د).
پۆست: پێست.
پۆستکەندن: پێست گرتنەوەی گیاندار.
پۆستکەندە: بریتییە لە شتێک کە زۆر چاک لێی کۆڵرابێتەوە و ئاشکراکرابێ. (پۆستکەندەکردن) بریتییە لە لێکۆڵینەوەی شتێک و دەرخستنی.
پۆست گرتنەوە: کەوڵکردنی گیاندار.
پۆستنشین: کەسێکە کە لە تەکیە یا خانەقایەکدا دانیشتبێ و بەچاکە و ئامۆژگاریی مەردووم خەریک بێ.
پۆستە: کاغەز و پەیامێکە کە بەهۆی دەوڵەتەوە بگەیەنرێ.
پۆستەچی: کەسێکە کە پۆستە بگەیەنێ بەخاوەنی.
پۆستەخانە: شوێنێکی تایبەتییە کە پۆستەی تێدا دابەش دەکرێ.
پۆسکەندن: د. پۆستکەندن.
پۆسکەندە: د. پۆستکەندە.
پۆسەخانە: د. پۆستەخانە.
پۆسیان: د. ڕزین.
پۆسین: د. پۆسیان. کەوڵ پۆست.
پۆش: بزنی ڕەشی گوێ سپی.
پۆشاک: کالای لەبەرکردن.
پۆشاڵ: د. ڕیشووی شت.
پۆشان: د. پۆشین.
پۆشت: مەردوومی حیز.
پۆشتە: کەسێکە بەرگی باشی نوێی لەبەردابێ.
پۆشتەکردنەوە: کردنی کالا بە بەری یەکێکی رووتدا.
پۆشتە و پەرداخ: کەسێکە زۆر پۆشتە و ڕێکوپێک بێ.
پۆشەن: د. پۆشاک.
پۆشەنی: پۆشاک.
پۆشی: ز. پووشوو. پووشینی سەری ژنان.
پۆشین: لەبەرکردنی کالا. ونکردنی دەنگوباس بۆ ئەوەی بلاو نەبێتەوە.
پۆغە: گوێرەکەی نەخەساو.
پۆک: با. پەککو.
پۆکە: گریانی نەرم.
پۆکە پۆک: سکالا و گلەییی لەبەرخۆوە. گریانی نەرمی یەک لەسەر یەک.
پۆکەر: جۆرە قومارێکە بەکاغەز دەکرێ.

پۆل: پشکۆ ئاگر. کۆمەڵێک گیاندار.
پۆلا: شتێکە وەک ئاسن بەلام ئەم پوختتر و بەنرختره، تیغ و شتی برندەی لێ دەکرێ.
پۆلاخۆر: د. بریتییە لە مەردوومی ئازا و دلێر.
پۆلانیا: تیژکردنەوەی گاسن و تەور بەخستنەوەی پۆلا لەسەر دەمیان.
پۆلایین: شتێکە لە پۆلا کرابێ.
پۆلکە: گیایەکی بەهارییە بەرێک دەگرێ وەک پاقلە، بەلام ئەم وردترە.
پۆلوو: پشکۆ ئاگر.
پۆنژین: ز. وەنەوز.
پونگ: پونگە.
پۆنگ: پۆنگاو.
پۆنگاو: ئاوێکە یەقی کردبێتەوە و مەفەڕی دەرچوونی نەبێ.
پۆنگخواردنەوە: کۆمەڵبوون و دەرنەچوونی ئاو و دوکەڵ لەبەر گیرانی بەریان.
پونگە: گیایەکی بەهاریی ئاویی بۆنخۆشە وەک نەعنا وایە.
پووار: پاکژ. شتی زۆر ڕزیو: ئەو دارە ئەوەندە ڕزیوە بووە بە(پووار).
پووارتک: ڕزیویی ناو داری گەندڵ.
پوواز: جۆرە سنگێکە لە دار یا لە ئاسن بەداردا دادەکوترێ بۆ قەڵەشتنی.
پووازناو: دارێکی تۆزێ خوارە سەرێکی پان و دادڕاوە بەرداشی سەرووی پێ بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی (گردەڵە)ی بخرێتە ژێر.
پووان: ڕزین.
پوواو: شتی ڕزیو.
پووت: پووچ، سەنگێکی کێشانەیە لە کوردەواریی ئێران. گزرەگیایەکی وشکە لەسەر یەک هەڵدەچنرێ بۆ زستانی ئاژاڵ، بت (ز).
پووتک: د. خۆرە.
پووتەڵ: پووچەڵ.
پووچ: شتی بێ ناوکی بۆشی کلۆر. بریتییە لە قسە و گفتوگۆی بێهوودە.
پووچەک: پووچەڵی دانەوێڵە و شتی تر.
پووچەڵ: شتی پووچی بێ ناو.
پووخک: ز. گوڵنگەی فێست و کلاو.
پووخین: ز. ئاردی زۆر وردی بێژراوە.
پوور: خوشکی باوک یا دایک. پووچ (ز).
پوورت: ز. موو.

پوورزا: منداڵی پوور.
پوورزازا: منداڵی پوورزا.
پوورکە: پوور.
پوورە: کۆمەڵەی هەنگ.
پوورەدان: کۆمەڵبەستنی هەنگ.
پووز: گوڵمەگۆشتی خوار ڕەفیسک.
پووزەوان: د. پووزەوانە.
پووزەوانە: جۆرە گۆرەوییەکی لاسک درێژە کە هەموو پووز داپۆشێ.
پووس: ل. پێست.
پووش: گیای وشکەوەبوو.
پووشانە: دراوێکە ئاغا لە خاوەن ئاژاڵێک دەیسێنێ کە پووش بخوا.
پووشبەقنگە: دەعبایەکی کلک درێژە چوار باڵی یەک لەسەر یەکی هەیە.
پووشپەڕ: مانگی حوزەیران کە سی ڕۆژە.
پووشدانەدەست: بریتییە لە نابووتکردنی یەکێک: (پووشکێت دایە دەستم) واتە نابووتت کردم.
پووشکە: تاقە پووشێک.
پووش و پەلاش: پڕ و پووشی ناو ماڵ.
پووشوو: شتێکی نەرمی وشکی پفەڵە لە بەڕوو و دار و دارگوێز پەیدا دەبێ و بەبەرد و ئەستێ دادەگیرسێنرێ. شتێکی نەرمە لە کارگ و کەمکۆڵ پەیدا دەبێ و بەبەردە ئەستێ دادەگیرسێنرێ.
پووشەلان: شوێنێکە کە پووشی زۆر بێ.
پووشێن: پووشەلان. دێیەکە لە ناوچەی سرۆچک.
پووشی: جۆرە پەچەیەکی تەنکە.
پووشین: پارچەیەکی ئاوریشمیی ڕەشی ئەستوورە ژنان دەیبەستن بەسەریانەوە. شتێکە کە لە پووش دروست کرابێ. پووشێن.
پووشینپێچ: جۆرە خشڵێکی ژنانەیە دەپێچرێ بەپووشیندا.
پووشینە: سەلەی پووش.
پووف: ل. سیی گیاندار.
پووک: ڕیزە گۆشتێکە لەناو دەمدا کە ددانی لەسەر دەڕوێ. چەپۆک (ل). پووچ (د).
پووکانەوە: کەمبوونەوە و بەناوداچوون و چرچبوون و پچووک بوونەوەی شت.
پووکاووڵ: چەمۆڵە.
پووکە: پۆکە. (پووکەپووک) پۆکەپوک (د). بەفری کەڕەپوو (ز). پووگ (ز). بای بەهێز.
پوول: دراوێکی مسینی کەم نرخە. پارچە کاغەزێکی چاپکراوی دەوڵەتییە دەنرێ بەپۆستە و سەنەدەوە. ئێسقانی دەفەی شان (ز).
پووڵ: دراو: دراوی مسین.
پوولاد: ل. پۆلا.
پووڵک: د. پوولەکەی ژنانە.
پووڵکە: د. پووڵک.
پوولەزەرتکە: جۆرە دراوێکی کەم نرخە لە زەرد دروست دەکرێ.
پوولەکە: شتێکی گردی زەردی تەنکی پچووکی بریسکەداری کونداره بۆ جوانی بە کاڵای ژناندا دەدروێ. شتێکی تەنکی گردی ڕەقە بەسەر پشتی ماسییەوە.
پووڵەکە: پوولەکە. پارچە چەرمێکی پچووکی سێ سووچە دەدرێ لە ڕاست و چەپی کەوش.
پوولەکەڕێز: دەسماڵ یا کراسێکی ژنانەیە کە بەپوولەکە دروابێ.
پووڵەکەڕێز: پوولەکەڕێز.
پوولەکی: ئادەمیزادی ڕژدی پارەپەرست.
پوولی: پشکۆ ئاگر.
پووە: د. کەڕەپوو.
پوویاگ: د. پوواو.
پوویان: د. پووان.
پۆیشی: با. مێشوولە.
پۆیلانە: دیارییەکە دەبرێ بۆ ژنێک کە تازە شووی کردبێ یا منداڵی بووبێ.
پۆیلە: زڕ و زەنگیانەی سەری ژنان. پۆیلانە.
پەپک: ز. قاچی مەڕ.
پەپکە: خەرمانی گێرەنەکراو کە هێشتا شەن نەکرابێ. خەروای هەنجیر و پەنیر و قیر. گونک (د).
پەپکەبەستن: پەپکەدان.
پەپکەخواردن: پەپکەبەستن.
پەپکەدان: پەپکەخواردن.
پەپکەمەلیچکانە: د. تۆڵەکە.
پەپلانیۆز: ل. نێرکی زەل کە بەناسکی کە دەخورێ.
پەپوک: ز. کوندەبەبوو. وتەیەکە ژنان بەکاری دێنن وەک وتەی (هەی ڕۆ).
پەپۆکە: کولێرەی پچکۆلە کە بۆ منداڵ دەکرێ.
پەپۆلە: سەرە گونکە هەویرێکە کە لە دوای نانکردن دەمێنێتەوە و دەکرێ بەنیوە نانێک.
پەپوو: بایەقوش.
پەپووسلێمانکە: باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی جوانی کڵاوداره بەقەد کۆترێک دەبێ.
پەپوسلێمانە: پەپووسلێمانکە.

پەپووقژە: باڵندەیەکە وەک پەپووسلێمانکە بەڵام ئەم بێ کڵاوە.

پەپووکەرە: کوندەبەبوو.

پەپوولە: باڵندەیەکی پچکۆلانەیە لە گوڵ و گوڵزار دەنیشێ و گەلێ جۆری هەیە.

پەپوولەپایزە: شتێکی قژقژاوی سووکی گردە پایزان لە گوڵی دڕکی کەڵەوێ پەیدا دەبێ.

پەپوولەهەڵهێنان: جۆرە نەخۆشییەکە لە تینوێتی یا لە گەرمای زۆرەوە دووچاری ئاژاڵ دەبێ.

پەپە: وتەیەکە منداڵ بەکولێرەی دەڵێ.

پەت: تیلمەیەک یا پارچەیەکی باریک لە شتێک.

پەتا: درم: (پەتا) داکەوتووە، واتە درمێک هەیە لە ناودا. لەپەیەکی گەرمە دەنرێ لە جێگایەکی بەئازار لە ئەندام.

پەتاتە: سێفە زەمینە.

پەتپەتی: د. تیمار و پێچانی برین. چەرمەسەرێ.

پەتپەتی پێکردن: بریتییە لە دەردی سەری و چەرمەسەرێ دانی یەکێک.

پەترمە: با. موتوربەی دار و درەخت.

پەترۆ: توێژی تەنکی سەربرین.

پەترۆک: پارچەیەکی پچووک لە نان یان لە شتێکی تر: (پەترۆک)ێک نان لەماڵمدا نییە.

پەتک: پارچە پەتێکی بادراوی ئەستوورە.

پەتکردن: پەت خستنە ملی گیاندارێک و ڕاکێشانی.

پەتڵە: هـ. ساوەری نەهاڕداو. دانەوێڵە.

پەتۆ: هەناسە: دەردێکی گرت (پەتۆی) نەدا.

پەتۆت: ز. شتی کۆنی ڕزیوی پەڕپووت.

پەتوو: پێخەفێکی خوریی ئەستووری نەرم و شلی تووکنی سووڕاودیە.

پەتە: نانکردن (هـ). پارچە کاغەزێکی تایبەتی نووسراوە دەدرێ بەو کەسەی کە پارەیەکی لێ وەربگیرێ (وصل).

پەتەری: مەردوومی پەتیارەی شێتۆکە.

پەتیارە: مەردوومی شێتۆکەی بەرەڵا.

پەتی: ڕووت: پێی (پەتی)یە، یا وتارەکەی کوردییەکی (پەتی)یە، واتە ڕووتە لە وتەی بێگانە.

پەج: بزمار یا سینگێکی ئاسنە کە سەرێکی لە دیوی ناودوە پەرچ درابێتەوە.

پەچدانەوە: پەرچدانەوە.

پەچنین: کۆکردنەوەی خەفەت لە دڵدا: مردم ئەوەندم خەفەت (پەچنی)یە دڵم.

پەچە: جێگای مۆڵدانی ئاژاڵ. پارچە تەنراوێکی تەنکی ڕەشە ژنان لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا دەیگرن بەدەم و چاویاندا. نانکردن (هـ).

پەچەتە: پارچەیەکی چوارگۆشەی سپییە لە کاتی نانخواردندا دەدرێ بەسەر کۆشدا.

پەح: پەحح.

پەحێن: ز. کوڵاندن.

پەحح: وتەی سەرسوڕمان: پەحح: چەند زیرەکە.

پەححا: پەحح.

پەحلوان: ز. پاڵەوان.

پەحن: با. پان.

پەحنی: با. پاژنەی پێ.

پەخ: شتێکە کە قۆقزی و تیژییەکەی تەخت بووبێ. (پەخبوون) کۆڵبوونی قۆقزی و تیژیی شت. پەخکردن: لابردنی قۆقزی و تیژیی شت و تەختکردنی.

پەخش: بڵاو: پرچی بەسەر شانیدا (پەخش)ە.

پەخشان: پەخش. (پەخشانبوون) بڵاوبوونەوە. (پەخشانکردن) بڵاوکردنەوە.

پەخشانبوونەوە: بڵاوبوونەوە.

پەخشانکردنەوە: بڵاوکردنەوە.

پەخشە: مێش: (ل). مێشوولە.

پەخشە کوورە: ل. مێشوولە.

پەر: مەری دەموچاو و مل ڕەش. پەڕ (ز).

پەراسوو: چەند ئێسقانێکی کەوانەدارە لە ڕاست و چەپی گیاندار سەرێکیان بەئێسقانی سنگ و سەرەکەی تریان بەمووردغەی پشتەوەیە.

پەراسووە: ڕایەڵی زنج.

پەراگندە: پەراگەندە.

پەراگەندە: گیاندارێکە کە لە چەند گیاندارێکی تر بربووبێ و بڵاو بووبێتەوە.

پەراوێز: پارچەیەکی باریکە دەنرێ بەقەراغی کەواوە لە دیوی ناوەوە.

پەڕیتین: ز. ڕووتاندنەوەی پەڕی باڵندە.

پەڕیەڕۆک: ز. پەپوولە.

پەرینە: پەڵپینە.

پەرت: بڵاو: بیرم (پەرتە). (پەرتبوون) بڵاوبوون. (پەرتکردن) بڵاوکردنەوە. فڕێدان (هـ). پەڵ.

پەرتەوازە: پەڕەوازە.

پەرچ: سەر پەلی بەرزەدرەخت کە قرتابێ. پەچ. پەرژین (د).

پەرچان: با. پەرژین.

پەرچاندنەوە: د. پەرچدانەوە.

پەرچانن: د. پەرچدانەوە.

پەرچاوە: شتی پەرچدراوە.

پەرچدانەوە: نوشتاندنەوەی لووتی بزمار لە دیوی ناوەوە.

پەرچەم: بەرچاوگە. مووی ناوچەوان كە بە(قەیچی) خشت كرابێ بۆ جوانی.

پەرداخ: پیاڵەیەكی گەورەی درێژكۆلەیە ئاوی پێ دەخورێتەوە. شتی پەرداخكراو.

پەرداخكردن: لووسكردن و رێكوپێككردنی شتێك: گەچكارییەكە (پەرداخ كە).

پەرداغ: پەرداخ.

پەرداغكردن: پەرداخكردن.

پەردوو: زەل و هەڵاشێكە كە لەسەر دارەڕاوە دادەنرێ و گڵەبانی لەسەر دەكرێ.

پەردە: پارچەیەكە دەگیرێ بەدەرگا و پەنجەرەدا. توێی شت: پیاز (پەردەپەردە)یە. بەستە (د).

پەردەپلاو: جۆرە پلاوێكە پڕ لە كشمیش و بادام و كفتەی ورد لەناو دەفرێكی مسینی قووڵی تایبەتیدا دادەچێنرێ و پەردەیەكی لە هەویر بۆ دەكرێ.

پەردەدار: كەسێكە كە هەر هەڵدانەوە و دادانەوەی پەردەی پێ سپێردرابێ.

پەردەدڕان: بریتییە لە ئاشكرابوونی شتێكی نهێنی.

پەردەك: موعەمما و مەتەڵ.

پەردەگیر: زاوایەكە كە لە پەردەی زاواییدا بمرێ یا نەخۆش كەوێ.

پەردەیی: د. ئافرەتێكە كە هەمیشە لە پەردەدا بێ و نەیەتە دەرێ.

پەڕ: شتێكی نەرمە بەئەندامی باڵندەوە كە بەهۆی ئەودوە دەفڕێ. كەناری شت: فیسارە شوێن (پەڕ)ە.

پەڕاندن: بواردنی شت. پەیكردنی شت. چاكردنی ولاخی نێری یەكسم لە مێی.

پەڕاندنەوە: تێپەڕاندنی یەكێك بەسەر ئاوێكدا. بریتییە لە ڕزگاركردنی یەكێك لە چورتمێك.

پەڕانن: پەڕاندن.

پەڕانەوە: پەڕینەوە.

پەڕبازی: یاریكردنی باڵندە بەپەڕ و باڵی خۆی بۆ شۆخی یا بۆ ئەوەی كە خۆی فێری فڕین بكا. بریتییە لە شۆخیكردن و بەخۆدا نازینی یەكێك.

پەڕبوون: دەركەناربوون و گۆشەگیربوونی یەكێك.

پەڕپووت: شتی كۆنی بێ هێزی لە یەك بەبوو: ئەم كاڵایە یا ئەم خانووە یا ئەم پیاوە (پەڕپووت) بووە. جۆرە مراوییەكە.

پەڕش: جۆرە گەنمێكی سوورە وەك چەڵتووك لە پۆرگدایە، وەك ساوەر دەهاڕدرێ و دەكرێ بەچێشت.

پەڕشت: پەڕش.

پەڕشە: پەڕش.

پەرگار: ئاسنێكی دووپەلە كێڕی گرد و كەوانەیی پێ دەكێشرێ.

پەرلەپێ: جۆرە كۆترێكە هەردوو قاچی پەڕ داپۆشیوە.

پەرندە: باڵندە.

پەڕۆ: پارچە تەنراوی كۆن.

پەڕۆك: با. كوتاڵ.

پەڕوو: كاڵایەكە كە ببەخشرێ.

پەڕە: چەند دارێكە سەرێكیان وەك كەوچك وایە سەرەكەی تریان دادەدرێ و دەكرێ بەتۆپی ئاشدا بۆ ئەوەی كە ئاودكە لێیدا و تۆپەكە بسووڕێتەوە. گەڵای دار و درەخت و گوڵ. تەبەقی كاغەز. شتێكی تەنكە بەسەر كلك و پشتی ماسییەوە. نەرماییی لووت. نەرماییی گوێ. توێی دڵ.

پەڕەپا: د. پەڕ لە پێ.

پەڕەخەرەك: پەڕەیەكی گەورەیە لە خەرەكدا بەبادانی دەسكە لووجەكەی دەخولێتەوە.

پەڕەسلێنكە: پەڕەسێلكە.

پەڕەسێلكە: باڵندەیەكی باڵ و سەر ڕەشی ژێر سك سپیی بەرچەنە سووری كلك دوو فاقی پچكۆلەیە.

پەڕەكە: پەراسوو (د.). پەڕەی شتی پەڕەدار.

پەڕەكەر: كەسێكە كە بەچەك و كەوان لۆكە بكاتەوە.

پەڕەناو: هەڵدانەوەی كولۆش بۆ ژێرپێی گاگێرە لە كاتی گێرەدا لە دیوی دەرەوە.

پەڕەوازە: گیاندارێكە لە شوێن خۆی دوور كەوتبێتەوە. (پەڕەوازە بوون) دووركەوتنەوە و ئاوارەبوونی گیاندار. (پەڕەوازەكردن) ئاوارەكردن.

پەڕین: هەڵاتنی نێر لە مێ. ترازان و دەرچوونی شت لە جێی خۆی. لە گۆچوونی ئەندام بەهۆی سەرماوە.

پەڕینەوە: تێپەڕین بەسەر ئاودا. بریتییە لە ڕزگاربوون لە چورتمێك.

پەرژان: دەست گەیشتن بۆ كردنی كارێك.

پەرژیان: پەرژان.

پەرژین: پەرژان. ڕیزە دڕكەزیی یا قامیش یا شتێكی ترە دروست كرابێ بەگردی شتێكدا بۆ پاراستنی.

پەرستش: پەرستن.

پەرستن: بەندەگیكردن بۆ خوا و بەجێ هێنانی فەرمانەكانی.

پەرش: بڵاو: گورگ پێی نایە ناو ڕانەكەوە (پەرش) و بڵاوی كردەوە.

پەركال: ز. جوانی و بریقە و ڕێكوپێكیی شت.

پەركولۆڵ: مەری دەموچاو و مل ڕەشی سەرلووت سپی.

پەركەم: فێ.

پەرگ: هەودایەکی بادراوە لە دەزوو یا بەن سەری کەڵاشی پێ دەچنرێ. پەرگ.

پەرگەما: دەزوویەکە بەکەناری بنکی کەڵاشدا دادەدروێ و پەرگی لەسەر دەچنرێ.

پەرموون: پەرموونەوە.

پەرموونەوە: هیوای لێ شێوانەوەی شتێکی چاک یا خراپ لە یەکێک: پیانا (دەپەرموومەوە) یا (ناپەرموومەوە) بۆ کردنی ئەو کارە. کۆکردن و سڵەمینەوە لە شتێک: فیسار کەس لە هیچ نا پەرموێتەوە.

پەروا: ترس و بیم: (پەروا)م لە کەس نییە.

پەروار: دابەستە.

پەرواری: پەروار.

پەرواز: فڕینی باڵندە.

پەروانە: جۆرە پەپوولەیەکە بەگردی چرادا دەسووڕێتەوە. هەموو شتێک کە بەگردی چەرخێکدا بسووڕێتەوە.

پەرۆش: پەرێشانی و سەغڵەتیی دڵ.

پەروەردگار: ناوێکە لە ناوەکانی خوا.

پەروەردە: گیاندار یا دار و درەخت و سەوزاییی یا هێندێ شتی تر کە بەرەنج و کۆشش بەرهەم هێنرابێ: ئەم منداڵە یا ئەم درەختە یا ئەم گوڵە یا ئەم دەرمانی چاوە (پەروەردە)ی خۆمە. (پەروەردەبوون) بەرهەم هاتنی شت. (پەروەردەکردن) بەرهەمهێنان.

پەروەرش: د. پەروەردەکردن.

پەروەری: مامۆستای بەرهەمهێنان (تربية).

پەرە: بۆ: (پەرە)ی دیدەی یار غەریب جەشارم (ھ). پارە (ز).

پەرەبەستن: پەرەسەندن.

پەرەسەندن: تەنینەوە و زۆربوونی شت.

پەرەسێن: شتێکە کە زوو بتەنێتەوە.

پەرەکردن: شیکردنەوەی لۆکە و خوری.

پەرەگرتن: پەرەسەندن.

پەرەنێشک: گیای نووسەنەک.

پەرهێز: پارێز. (پەرهێزکردن) پارێزکردن.

پەرهێزگار: کەسێکە لە کاروباری خۆیدا هەمیشە بەپەرهێز بێ. بریتییە لە خوا، چونکە هەمیشە بەندەی خۆی دەپارێزێ.

پەرهێزی: پارێزکردن.

پەرێ: پێرێ (د)، بەمەعنا (بۆ)یە کە بۆ تەرخان بێ: ئاوم (پەرێ)بێنە واتە بۆم بێنە (ھ).

پەرێپیتاندن: ز. پەرپتین.

پەرێز: شوێن دروێنەی دەغڵودان. پارێزگە: فیسار کەس لە پەرێزی مەڕە کێویدایە.

پەرێشان: گیانداری شپرزە. شتی شێواو. (پەرێشانبوون) شێوان و شپرزەبوون. (پەرێشانکردن) شێواندن و شپرزەکردن.

پەرێشانی: شپرزەیی. شێواوی.

پەری: جۆرە گیاندارێکی خەیاڵیی زۆر جوانە گوایا دەتوانێ خۆی بەهەموو ڕەنگێک بگۆڕێ.

پەریبر: منداڵێکی نێرینەیە کە سکماک چەرمی چووکی نەبێ.

پەز: مەڕ. ڕانی مەڕ یا بزن (با).

پەزاو: ئاودانی سەوزاییی دووەم جار.

پەزە کێفی: د. مەڕەکێوی.

پەزێرە: د. خواردەمەنییەکە کە شەو مابێتەوە.

پەزیشک: پزیشک.

پەزیزانک: سیقەتۆرەی کەڵەشێر.

پەژارە: خەفەت و پۆکەپۆک بۆ شتێک.

پەژراندن: با. بەپیرەچوون.

پەژک: ز. دەستەچیلەی ئاگر.

پەژم: ھ. خوری.

پەژمردە: پەژموردە.

پەژموردە: گیاندار و سەوزایی و درەختی سیسی ژاکاوی بێ کەیف

پەژیراندن: ویستن و قبووڵکردن.

پەژێو: د. پەشێو.

پەژیوان: پەشیمان.

پەژیوانی: پەشیمانی.

پەس: مەڕ (ل). پەست.

پەسا: د. پێخوێیەک قوڕ.

پەساپۆرت: جۆرە پاسێکە دەدرێ بەیەکێک کە بیەوێ بچێ بۆ شارێکی بێگانە.

پەساخوڕ: د. پاشاخوڕ.

پەساکردن: د. خووساندن.

پەساو: د. پاشاراو.

پەسپۆر: ز. ژنی چەنەباز.

پەسپەسکەرە: دەعبایەکی زەردی چنگ چنگاوییە وەک جاڵجاڵۆکە وایە.

پەسپەسەکۆڵە: پەسپەسکەرە.

پەسپەسەکەرە: پەسپەسەکۆڵە.

پەسپەندە: ز. پیاوی کەم نرخی بێ ناو.

پەست: شوێنی نزمی تەنگ. مەردوومی بێ مایە و نرخ. مەردوومی زویر. (پەستبوون) زویربوون. (پەستکردن) زویرکردن.

پەستاپەستا: وتەیەکە ڕۆین یا هاتن یا ناردنی شت پێشان دەدا یەک لە دوای یەک و بێ پسانەوە: عیلی جاف (پەستاپەستا) دەچن بۆ کوێستان، یا ئاوەکە (پەستاپەستا) دێ.
پەستان: پەستانەوە.
پەستاندن: پەستان.
پەستاندنەوە: پەستانەوە.
پەستانەوە: کوتانەوە و لە یەک توندکردنی شتی فشی هەڵۆڵ.
پەستاوتن: پەستانەوە.
پەستراو: شتی کوتراوەی لە یەک توندکراو.
پەستراوە: پەستراو.
پەستن: پەستانەوە.
پەستنەوە: پەستانەوە.
پەستەک: جۆرە کاڵایەکە وەک سوخمەی بێ قۆڵ لە مەرەز یا کورک دروست دەکرێ و لەسەر هەموو کاڵایەکەوە لەبەر دەکرێ.
پەستەکۆڵە: کۆبوونەوەی ژن و پیاوی دێیەکە لەناو تیرەی (ئاکۆ)، هەر شەوە لە ماڵێک بۆ سۆونەوەی پەستەک و فەرەنجی.
پەستی: نزمی. خەفەتباری.
پەسقەڵە: ز. نادەمیزادی پاسقاڵ.
پەسمەندە: شتی ماودوەی بەسەر یەکدا کەوتوو.
پەسمەنە: د. پەسمەندە.
پەسن: ز. مەدح و ستایش.
پەسند: پەسەند.
پەسندان: ز. ستایشکردن.
پەسە: د. ئەو شتانەن کە خواردنیان لێ دروست دەکرێ وەک ئاو و ئارد بۆ نان.
پەسەک: د. پەستەک.
پەسەن: د. پەسەند. (پەسەنکردن) پەسەندکردن.
پەسەند: شتی هەڵبژاردە لەبەر باشی. (پەسەندکردن) هەڵبژاردنی شتێک لەبەر چاکی.
پەسیتو: پەنا و قوژبن.
پەسیرە: بەرسیلە.
پەسیسە: چێشتێکە زۆر کوڵابێ و چنگی دابێتە یەک.
پەسیڤ: با. هەڵامەت.
پەسیو: پەسیڤ.
پەش: ز. دەنگێکە گاجووتی پێ دەردەکرێ.
پەشتەماڵ: تەنراوێکی چوارگۆشەی درێژکۆلەیە لە حەمامدا دەگیرێتەوە بەناوەندی ناوک و ئەژنۆدا. خاولی دەست سڕین.
پەشک: ز. دڵۆپەی ئاو و شتی تر.
پەشم: خوری. بریتییە لە قسەی بێ نرخ: ئەم قسەیە لەلام (پەشم)ە.
پەشمەک: جۆرە شیرینییەکی ڕیشاڵ ڕیشاڵە وەک خوری شی کراوە.
پەشمین: شتێکە لە خوری دروست کرابێ.
پەشمینە: پەشمین.
پەشۆکان: شپرزەبوون و سەر لێ شێوان.
پەشۆکاندن: شپرزەکردن.
پەشۆکاو: گیانداری شپرزەی سەر لێ شێواو.
پەشۆکیان: د. پەشۆکان.
پەشووش: ز. شتی شل و شێواوی نەرم.
پەشە: مێشوولە.
پەشەبەند: د. پەردە و کوڵلەی نووستن.
پەشیلاندن: ز. ڕووخاندن.
پەشیلین: ز. ڕووخان.
پەشێو: سەر لێ شێواوی شپرزە.
پەشێوان: پەشۆکان.
پەشێواو: پەشۆکاو.
پەشێویان: د. پەشێوان.
پەشێوی: شپرزەیی و سەر لێ شێوان.
پەشیمان: مەردوومێکە کە لە کردنی کارێک یا گوفتارێک پاشگەز بووبێتەوە. (پەشیمانبوونەوە) پاشگەزبوونەوە. (پەشیمانکردنەوە) پاشگەزکردنەوە.
پەشیمانی: پاشگەزی لە کارێک یا گوفتارێک.
پەقرەج: جۆرە سەتڵێکە.
پەقژک: با. بڵقی زۆری وردی ناو ئاو.
پەک: دەستەوسانی: ئەگەر ئەم کارە وا بێ ئیتر (پەک)مە، واتە دەستەوسان دەمێنم.
پەکخستن: دەستەوسانکردن و لە کارخستنی شتێک.
پەکک: پەککو.
پەککو: وتەی سەرسامبوون. (پەککو) لە پیت و فەڕی کوردستان چەند زۆرە.
پەککەفتن: د. پەککەوتن.
پەککەوتن: دامان و لە کارکەوتن.
پەککەوتوو: پەککەوتە.
پەککەوتە: داماوی دەستەوسان.
پەکەر: د. پەشێو.
پەل: دەفری دەم واڵ. قۆڵ و باسکی گیاندار: (پەل)م بگرە. شیو و دەرە: پەڕی پەلەوور (هـ). پشکۆ ئاگر (با). لک: درەختەکە (پەل)ی لێ بۆتەوە. پارچە: (پەل)ێ نانم بەرێ، (پەل پەل) پارچەپارچە.

پەڵ: بەرد یا کولۆیەکی گەورەیە کە بهاوێژرێ.

پەڵاس: جۆرە ژێرەخەرێکە لە جاجم ئەستوورتر و لە بەڕە تەنکترە.

پەڵاش: پووشێکە لە بنجەکەی بووبێتەوە و کەوتبێ.

پەلامار: هەڵمەت: فیسار کەس زۆر بە(پەلامار)ە.

پەلاماردان: هەڵمەتبردن.

پەڵان: د. ئێسقان.

پەڵپ: بیانو.

پەڵپگرتن: بیانوگرتن بەیەکێک.

پەڵپەلان: د. پەلهاویشتن بۆ یەکتری.

پەڵپینە: گیایەکی ئاوییە لەناو سەوزاییدا پەیدا دەبێ گەڵایەکی ورد و نەستوور و ترشی هەیە، دەکرێ بەچێشت.

پەڵتەک: پاڵتەک.

پەڵچقاندن: ز. هارین. شێلان.

پەڵچم: ز. گەڵایەکە گزرە کرابێ بۆ ئاژاڵ.

پەڵخ: گوێرەکەی گامێش. بەچکەی بەراز.

پەڵخوورد: شتی نیوە وردکراو. پەڵخوردبوون: نیوە وردبوونی شت. (پەڵخوردکردن) نیوە وردکردنی شت.

پەلک: پرچ. گەڵای درەخت و گوڵ (هـ). لقی درەخت. داری پەلک (ز).

پەلک: درەختێکی باڵابەرزی ئەستوورە گەڵای لە گەڵای گوێز دەچێ. پێڵووی چاو (د).

پەلکدار: ئاسنێکی دووپەلی لووت تیژە نەخش و کێری پێ دەکێشرێ.

پەلکردن: برین و بەیکردن.

پەلکوتان: دەست کوتانی کوێر یا چاوساغ لە تاریکیدا. بریتییە لە ڕەنج و هەوڵدان.

پەلکە: پرچی هۆنراوە.

پەلکەڕەنگینە: پەلکەزێرینە.

پەلکەزێرینە: شتێکی ڕەنگاورەنگی کەوانەییە پەیدا دەبێ لەسەر ڕووی هەور بەهۆی تیشکی ڕۆژەوە کە دەدا لە دڵۆپی بارانەکەی و، حەوت ڕەنگی لێ بەدی دەکرێ، بنەوشەیی، لاجیوەردی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور.

پەڵگرک: با. مەقاش.

پەڵماو: ئاوساو.

پەل و پۆ: لق و پۆپی دار و درەخت. پەڕ و باڵی باڵندە. بریتییە لە وەچە و نەتەوەی زۆر.

پەڵۆخ: پۆخڵ.

پەڵۆش: پەڵۆشە.

پەڵۆشە: بنکە گیایەکی ئەستوور و درێژە و قژقژاوییە، دەردەهێنرێ و بەدەست شی دەکرێتەوە و دەکرێ بەچاوگی ئاگر. گەوون.

پەڵوو: پەڵوولەیەکی بێ چەورییە دەکرێ بۆ کار و بەرخ.

پەڵوولە: جۆرە خواردەمەنییەکی شلە لە ئارد و ڕۆن دروست دەکرێ.

پەلە: دەستوبردی لە فرماندا، پەلە پەل: پەلەی یەک لە دوای یەک. داوێنی کاڵا (د). داوێنی شاخ و گرد (د). پەڕەی کاغەز (د) تای شت وەک تای بار و تەرازوو (د).

پەڵە: بارانێکی تێکراییە لە ناوەڕاستی پایزدا دەبارێ و دەغڵوداڵ و گیای پێ دەڕوێ و جووتی پێ دەکرێ. پارچەیەک لە هەور یا لە دەغڵ یا لە هێندێ شتی تر: (پەڵە) یەک بێستان یا تووتنم هەیە. خاڵێکی گەورە یا پچووکە لە کاڵا یا لە جەستە کە لە ڕەنگی کاڵا و جەستەکە نەبێ و تازە لێی پەیا بووبێ. پەلە (د).

پەڵەپچورکێ: پەڵەپەڵکردن بۆ خۆ ڕزگارکردن لە شتێک.

پەڵەپرووزکێ: پەڵەپچورکێ.

پەڵەپرووزە: پەڵەپچورکێ.

پەڵەپرووزێ: پەڵەپرووزە.

پەڵەپرووسکە: پەڵەپرووزە.

پەڵەپرووسکێ: پەڵەپچورکێ. خۆکوتان بۆ گەیشتن بەشتێک: بە(پەڵەپرووسکێ) لە تینواندا خۆم گەیاندە کانییەکە.

پەلەپسکێ: د. باڵە شۆڕێ.

پەلەپفە: نانێکی تیرییە کە بەئاگر گەرم بکرێتەوە بۆ ئەوەی سووربیبێتەوە و ناسک بێ.

پەلەپیتکە: شت هاویشتن بەپەنجەی دۆشاومژەی هەردوو دەست.

پلتۆک: پێی تفەنگ و دەمانچە کە پەنجەی دەخرێتە سەر و ئاگر دەدرێ.

پەلەپیتک: د. پەلەپیتکە.

پەلەتک: پارچەیەکی درێژە لە گوریس یا گوش یا شتێکی تر.

پەڵەخ: با. شوێن پووش و پاودن.

پەڵەسیسە: جۆرە نەخۆشییەکە لە مێو دەدا، هێندێ پەلی سیس دەکا.

پەلەفرتکێ: پەلەقاژە.

پەلەفرتێ: پەلەفرتکێ.

پەلەفرتە: پەلەفرتکێ.

پەلەقاژە: چنگ قژکردنەوە و شالاوبردن لەکاتی زۆر بۆ هاتندا.

پەلەکردن: خێراکردن لە کارێکدا.

پەلەکوتێ: دەست کوتانی کوێر یا چاوساغ لە تاریکیدا.

پەلەنگ: ل. پڵنگ.

پەلەور: باڵندە.

پەلەورگ: پارچە ورگی ئاژاڵ.

پەلەوەر: پەلەور.

پەلێک: با. خواردەمەنییەکە کە بووبێ بەپەسیسە.
پەم: د. بم.
پەمبی: با. پەموو.
پەمگ: لۆکە.
پەملەپڕێ: د. تفەنگێکە داگیرابێ بەباڕوت و پەڕ و بەبێ گوللە.
پەموانە: تۆوی لۆکە.
پەموو: گیایەکە دەچێنرێ قاوخێک دەردەکا لە پایزدا بەقەد گوێزێک، ناوەکەی پڕە لە لۆکە.
پەموودانە: پەموانە.
پەموورە: شتێکە ژنان بۆ جوانی دەیکەنە پێیان لە زێڕ یا لە زیو یا لە زەنگیانە و مووروو.
پەمە: د. پەمگ.
پەمەتۆمە: هـ. پەموانە.
پەمەدانە: د. پەموانە.
پەمەیی: ئاڵی ڕووناک.
پەمیان: ئاوسان.
پەمین: د. ئاوسان.
پەن: د. پەند. کەتن.
پەنا: قوژبن و پەشێو. بریتییە لە دالدە: فیسار کەس (پەنا) یە بۆ لێقەوماوان.
پەنابات: جۆرە دراوێکی کەم نرخە.
پەناباد: پەنابات.
پەنابردن: هانابردنی لێقەوماوێک بۆ لای یەکێک بۆ کارێک.
پەنابەر: کەسێکە پەنا بیا بۆ یەکێک.
پەناپەسێو: سووچ و قوژبنێکە کە لەبەر چاو نەبێ.
پەناگا: د. دالدە.
پەناگرتن: خشتبوونی مانگ و هەلاتنی بەجۆرێک کە بکەوێتە دوای ئاوابوونی ڕۆژ. چوونە پەنا و دالدە.
پەناگە: د. پەناگا.
پەنام: د. ئاوساو. خۆحەشاردان.
پەنامگا: د. مەکۆی خۆحەشاردان.
پەناهێنان: هاناهێنانی لێقەوماوێک بۆ لات بۆ پاراستنی.
پەنای بێدەنگ: یارییەکە کۆمەڵێک بەگردی دادەنیشن، وەستاکەیان لە یەکێکیان دەدا ئەویش لەوەی تەنیشتی خۆی دەدا، هەر بەو جۆرە تا دەگاتەوە لای وەستاکە.
پەنجا: ناوە بۆ ژمارەیەک کە پێنج دەیە.
پەنجاهەم: شتێکە کە لە پایەی پەنجادا بێ.
پەنجاهەمین: پەنجاهەم.
پەنجایی: دراوێکی زیوینە بە پەنجا فلس دەچێ.
پەنجوولە: د. چەپۆلە.
پەنجە: ئەموست.
پەنجەتووتە: پەنجەی پچکۆلەی دەست و پێ.
پەنجەر: د. پەنجەرە.
پەنجەرە: شتێکی چوارچێوەدارە بۆ ڕووناکی دەخرێتە کەلەبەری ژوورەوە. چەند کونێکە دەکرێتە تۆپی ئاشەوە بۆ ئەمەی کە زبانەی (پەرە)ی پێدابکرێ.
پەنجەشێر: ز. شێرپەنجە.
پەنجەکێشیی: کولێرەیەکی درێژکۆلەیە کە لەکاتی پێوەدانی بەتەنووردا پەنجەی پێداهێنرابێ بەجۆرێک کە جێگا پەنجەکان لە کولێرەکەدا چاڵ ببێ.
پەنجەی مریەم: گیایەکە وەک پەنجەی دەست.
پەنچ: با. چنگی درندە.
پەنچک: پەترۆک.
پەنچەر: تایە و چووپی ئۆتۆمۆبێل و پایسکل و شتی ترە کە کون بووبێ. (پەنچەربوون) کونبوونی تایە و چووپی ئۆتۆمۆبێل و پایسکل و شتی تر.
پەند: ئامۆژگاری.
پەندپێدان: بریتییە لە تەڕنکردن بەیەکێک.
پەندەمووسکردن: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەنووستنی یەکێک: (پەندەمووس) کە یا (پەندەمووس)ی کرد واتە نووست.
پەنک: ز. ریسێکە کە لەسەر ماشەر هەڵکرابێ.
پەنگ: پەند. مەنگ.
پەنگاو: پۆنگاو.
پەنگ پێدان: پەندپێدان.
پەنگخواردنەوە: پۆنگخواردنەوە.
پەنگر: پشکۆ ئاگر.
پەنگرکێش: مەقاش.
پەنگل: پەنگر.
پەنگلکێش: پەنگرکێش.
پەنمان: ئاوسان.
پەنمین: ئاوسان.
پەنهان: شتی ونی نادیار.
پەنهانی: وتنی گوفتار و کردنی کردارێک بەڕەنگێک ئەوی کە بتەوێ لێی بشارێتەوە نەیزانێ.
پەنەرشکە: د: نووسەنەک.
پەنەرێشکە: د. پەنەرشکە.
پەنەمیان: هـ. ئاوسان.
پەنەمیاو: هـ. ئاوساو.
پەنەمین: ئاوسان (هـ). پەندە مووسکردن (د).

پەنی: با. پل. (پەنی پەنی) شتی پلپل.
پەنێر: پەنیر.
پەنێرۆکە: پەنیرۆکە.
پەنێرە: پەنیرە.
پەنیر: خواردەمەنییەکە لە شیر دروست دەکرێ و بەهەوێن دەمەیەنرێ.
پەنیرۆکە: گیایەکی گەڵاباریکە گوڵێکی پچووک دەگرێ شتێکی سپیی تێدایە وەک پەنیر وایە دەخورێ.
پەنیرە: دەغڵێکە کە شیرەی وەک پەنیری لێ هاتبێ: دەغڵەکەم (پەنیرە) بووە. تۆڵەکە (د).
پەوکێ: هـ. وتەیەکە بەکاردێنرێ لەباتی وتەی (بۆیە).
پەهن: ز. پان.
پەی: وردە دەماری جەستە کە بەئەندامدا بڵاوبوونەتەوە و جەمسەریان بەمێشکەوەیە. پیتی پرسیار لە هۆی شت: (پەی) چێش واتە بۆچێ (هـ). لای پشتەوە لە هەموو شت (ز). شوێن ئەتەر: (پەی) هەڵگرتووە واتە شوێن ئەتەری هەڵگرتووە (د). بن و بێخ: (پەی) هەیە یا (پەی) نییە.
پەیا: پەیدا. پیادە (ز).
پەیاپەی: پەی دەرپەی.
پەیام: دەنگوباسێکە کە بنێردێ بۆ یەکێک.
پەیامبەر: کەسێکە کە پەیام ببا.
پەیامنێر: کەسێکە کە دەنگوباس بنێرێ بەملا و بەولادا.
پەیبردن: د. پەی پێ بردن.
پەی پێ بردن: دۆزینەوەی شتی شارراوە یا شتی زۆر ورد و گران: فیسار کەس (پەی برد) بەو شتەی کە لێی شاردراوەتەوە یا بەو فێڵەی کە لێی کرابوو.
پەیتاپەیتا: پەستاپەستا.
پەیتوکە: باڵندەیەکی وریای چوست و چالاکە.
پەیجۆ: کەسێکە کە جوست و جۆ بکا لە شتێکدا.
پەیجۆر: پەیجۆ.
پەیجۆری: جوست و جۆکردن.
پەیجوور: پەیجۆر.
پەیخام: پەیام. کەسێکە کە پەیامت بۆ بێنێ.
پەیخامبەر: پێغەمبەر.
پەیخەمبەر: پێغەمبەر.
پەیدا: شتی دیاری ئاشکرا. (پەیدابوون) دیاردان و دەرکەوتن. (پەیداکردن) دەرخستن و دەردەستکردن.
پەیدان: ڕێدانی ئاو بۆ پێدا پەڕینەوەی: ئەم ئاوە (پەی دەدا) یا (پەی نادا).
پەیدەرپەی: پەیاپەی.
پەیڕەو: کەسێکە کە لە گوفتار یا کردارێکدا چاو لە یەکێک بکا. (پەیڕەویکردن) چاوکردن لە یەکێک لە گوفتار یا کرداریدا.
پەیزەن: گیانداریکە لە ڕۆیندا قاچی لە یەک بکەوێ.
پەیزەنی: پێ لە پێدان لە ڕۆیندا.
پەیژە: دوو داری درێژی پلەپلەیە مەردوومی پێدا سەر دەکەوێ بۆ جێی بەرز.
پەیغام: پەیخام.
پەیغەمبەر: پێغەمبەر.
پەیغەمەر: پێغەمبەر.
پەیڤین: ز. قسەکردن.
پەیک: کەسێکە نامەی مەردووم ببا بۆ خاوەنی. ئەستێرەیەکە لە هێزی کێشندەدا بەدوای ئەستێرەیەکی گەورەتر لە خۆیەوە بێ وەک مانگ بۆ زەوی. بریتییە لە بەردەستێکی پچووک کە هەمیشە لە گەورەکەی جیانەبێتەوە.
پەیکار: پەیکان. جەنگ و ئاژاوە.
پەیکان: نووکێکی تیژی ئاسنینە دەکرێ بەسەری تیر و ڕمەوە.
پەیکردن: بڕین و داهێنانی شتێک: فیسار کەس ڕەزەکەی (پەی کرد).
پەیکوڵ: گیایەکی بەهارییی بۆرە تەرزە فرێی دەدا و دەنکێکی دڕکاوی دەردەکا.
پەیمان: بەستنی شتێک لە ناوەندی دوو کەس یا دوو دەوڵەتدا: من و تۆ پەیمانی برایەتیمان بەستووە.
پەیمانە: پەیمان. پێوانە.
پەیودس: د. پەیوەست.
پەیوەست: شتێکە کە بەشتێکی تردوە نووسابێ. (پەیوەستبوون) نووسانی شتێک بەشتێکی تردوە. (پەیوەستکردن) نووساندنی شتێک بەشتێکی تردوە.
پەیوەستی: نووساوی شتێک بەشتێکی ترەوە.
پەیوەند: پەیوەستی و ئاشناییی دوو شت بەیەکەوە.
پەیوەندکردن: موتوربەکردنی درەختێک لە درەختێکی تر.
پەین: پیسیی وڵاخی بەرزەی یەکسم.
پەینجە: پەیژە.
پەینچی: کەسێکە کە هەر پەین کۆ بکاتەوە بۆ سۆختی حەمام.
پەینکە: ئاردێکە دەکرێ بەگونکەوە لەکاتی کردنەوەیدا بەنان.
پەینکێش: پەینچی.
پێ: ئەندازەیەکە لە قاچ کە دەچێتە ناو پێڵاوەوە. پیتی سێیەم لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. دارێکە سەرێکی لە ژێرەوە دەبەسترێ بە(خوانکەی) ئاشەوە و سەرەکەی تری بەدەرەوە دەبێ بەرداشی پێ بەرز و نزم دەکرێتەوە. پەلەپیتکەی چەک. کەسێکە کە بەڕۆژوو بێ: ئیمساڵ فیسار کەس (پێ)یە واتە

بەڕۆژووە. وتەیەکە بەمەعنا (لەگەڵ) بەکاردێنرێ: فیسارکەس پارەی (پێ)یە. وتەیەکە بەمەعنا (بە): (پێ)ی بڵێ واتە بەو بڵێ.

پیابردن: بردنی شتێک بەناو شتێکدا.

پیاپەڕیگ: د. بریتییە لە شێت و دێوانە.

پیاچزان: چزانی شوێنێک لە ئەندام بەشتێکی داخدا.

پیاچزاندن: چزاندنی شوێنێک لە ئەندام بەشتێکی داخدا یا چزاندنی شتێکی داخ بەجەستەدا.

پیاچوون: چوونی شتێک بەناو شتێکدا.

پیاچوونەوە: وتنەوەی شتێک لەبەر یا لەناو نووسراودا: بەدەرسەکەتدا پچۆرەوە. دووبارە پاکردنەوەی هەموو شتێک: ئەم درووماندە یا ئەو گەچکارییە (پیابچۆرەوە) واتە بەسەریدا برۆرەوە.

پیاچەقاندن: چەقاندنی شتێک بەشتێکدا.

پیاچەقین: چەقینی شت بەشتێکدا.

پیادان:ماڵینی شتێک بەشتێکدا: دارێکی (پیا دا). داپۆشینی شتێک بەشتێک: لێفەکەی (پیا دە). بریتییە لە شەق هەڵدان لە یەکێک: هەر کە دی دەستی کرد بە(پیادان)ی. بریتییە لە دزینی شتێک: هەرچی بەردەست کەوێ (پیا دەدا).

پیادروون: دروونی شتێک بەسەر شتێکی تردا.

پیادە: کەسێکە کە بەپێ بڕوا. داشێکە لە یاری شەترەنجدا. بریتییە لە مەردوومی کەوددنی نەزان لە کارێکدا: فیسار کەس لە خوێندندا (پیادە)یە واتە هیچ نازانی.

پیادەیی: بوونی مەردووم بەپیادە.

پیاڕاگەیاندن: دابەشکردن و گەیاندنی شتێک بەشتێکدا بەکەموکوڕی: ئەم چێشت و نانە بەمیوانەکان (ڕاگەیەنە) لە کاتێکدا کە نانەکە کەم و میوانەکان زۆربن. فریاخستنی شتێک بەشتێکدا بەچالاکی: ئەم ئاوە (ڕاگەیەنە) بەو ئاگرەدا واتە زوو بیگەیەنە ڕێ و پێی بکوژێنەرەوە.

پیارزک: پریاسکە.

پیاز: گیایەکی توونە دەچێنرێ، بنکێکی خڕی توێ توێی هەیە، چەند گەڵایەکی کلۆر دەردەکا.

پیاراو: جۆرە گۆشتاوێکە کە بەشی زۆری پیاز بێ.

پیاز پاکردن: بریتییە لە رووپامایی کردن بۆ یەکێک.

پیازۆکە: گیایەکی کوێستانیی بەهارییە سەلکی وەک پیازی فیسقە و گەڵای وەک (کنیواڵ) وایە بەڵام ئەم هەر لە شاخدا دەڕوێ.

پیازەخووگانە: گیایەکی کێوییە لە پیاز دەچێ بەڵام ئەم ناخورێ.

پیازی: شتێکە کە ڕەنگی وەک پیاز وابێ.

پیاساوین: پیاسوون.

پیاسوون: هەڵسوونی شتێک بەشتێکدا.

پیاسە: راوێچکە.

پیاکردن: کردنی شتێک بەناو شتێکدا.

پیاکێشان: ماڵینی شتێک بەشتێکدا.

پیاگ: پیاو.

پیاگرتن: گرتنی شتێک بەرووی شتێکی تردا.

پیاگەیاندن: فریاخستنی شتێک بەشتێکدا.

پیاگەیشتن: فریاکەوتنی شتێک بەشتێکدا.

پیاگێران: گێرانی شتێک بەسەر شتێکدا.

پیاڵە: دەفرێکە لە شووشە، ئاو و چای و هێندێ شتی تری پێ دەخورێتەوە.

پیاماڵین: ماڵینی شتێک بەشتێکدا.

پیان: پیادەیی لە ڕۆیندا.

پیانان: دانانی شتێک لەسەر شتێک بەنهێم.

پیانۆ: پیانوو.

پیانوو: پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆزیقە.

پیانووسان: لکانی شتێک بەشتێکدا.

پیانووساندن: لکاندنی شتێک بەشتێکدا.

پیاو: ئادەمیزادی نێرینە کە لە منداڵی تێپەڕیبێ. بریتییە لە مەردوومی جوامێری مەرد: فیسار کەس زۆر (پیاو)ە. نۆکەر: نەریمان (پیاو)ی جوامێرە.

پیاوانە: کردەوە یا شتێکە کە هەر لە پیاو بوەشێتەوە.

پیاوچاک: مەردوومی خواپەرستی بێ زیان.

پیاوخراپ: مەردوومی بەزیانی ستەمکار.

پیاوفرۆش: بریتییە لە ئافرەتی زمان لووسی بەفڕوفێڵ.

پیاوەتی: مەردایەتی.

پیاهاتن: باسکردنی شتێک بەدوورودرێژی: فیسار کەس (بەباسی فیسارە شتدا هات). هاتنی شتێک لە شوێنێکەوە: ئەم ڕێگایە (پیاهاتووم) یا ئەم جۆگەیە ئاوی (پیاهاتووە).

پیاهاتنەوە: پیاچوونەوە.

پیاهانین: هێنانی شتێک بەشتێکدا.

پیاهاڵپژان: هەڵپژانی شتێک بەشتێکی بەرزدا.

پیاهەڵپژاندن: هەڵپژاندنی شتێک بەشتێکی بەرزدا.

پیاهەڵپەرین: هەستان و ئاوقەدبوونی یەکێک بەیەکێکدا. پیاهەڵپژان.

پیاهەڵپەساردن: هەڵپەساردنی شتێک بەشتێکدا.

پیاهەڵتەقان: پیاهەڵپەرین.

پیاهەڵتەقین: پیاهەڵتەقان.

پیاهەڵچوون: هەڵگەڕانی گیاندار یا تەرزی سەوزایی بەشتێکی بەرزدا.
پیاهەڵچەقین: چەقینی شتێکی تیژ بەشتێکی تردا.
پیاهەڵخوێندن: پیاهەڵخوێندن.
پیاهەڵخوێندن: هاتن بە تانی یەکێکدا بەخراپی.
پیاهەڵدان: هاتن بە تانی یەکێکدا بەباشی.
پیاهەڵڕوانین: سەر بەرزکردنەوە و تەماشاکردنی شتێکی بەرز.
پیاهەڵزنین: هەڵگەڕانی گیاندار بەشتێکدا.
پیاهەڵسپاردن: پیاهەڵپەساردن.
پیاهەڵشاخان: تووڕەبوون و قسەی ناخۆش وتن بەیەکێک و تەریق کردنەوەی.
پیاهەڵشاخین: پیاهەڵشاخان.
پیاهەڵکالان: پیاهەڵشاخان.
پیاهەڵکالین: پیاهەڵشاخین.
پیاهەڵگەڕان: پیاهەڵچوون.
پیاهەڵمیزان: میزکردن بەپێوە بەقەد شتێکی بەرزدا.
پیاهەڵمیزتن: پیاهەڵمیزان.
پیاهەڵمیزین: پیاهەڵمیزان.
پیاهەڵنان: پیاهەڵپەساردن.
پیاهەڵواسین: هەڵواسینی شتێک بەشتێکی بەرزدا.
پیاهێنان: پیاهانین.
پێباز: بەردەباز. ناوە بۆ ناوچەیەک لە گوێ ڕووباری سیروان.
پێبازە: گیایەکە گەڵای وەک پێی باز وایە.
پێبڕان: بەرکەوتنی بەشتێک بەکەسێک: منیش ئەمەم (پێ دەبڕێ) واتە بەرم دەکەوێ.
پێبژیو: ئازووقەیەکە کە مەردووم پێی بژی.
پێبوون: بەرۆژووبوون.
پێبەتاڵ: پێڵاوی گەورەی فراوان.
پێبەدارە: ئێسقانێکە بەدەم ڕان و قوڵی گیاندارەوە سەرەکەی وەک چاکڵ وایە.
پێبەقنگە: دەعبایەکی ئاویی پێ پەڕەدارە وەک مراوی بەڵام ئەم پچووکترە.
پێپلیکانە: پێپیلکە.
پێپیلکە: چەند پلەیەکە لە بەرد و قوڕ یا لە تەختە و دار دروست دەکرێ بۆ پێدا سەرکەوتن لە نزماییەوە بۆ بەرزایی.
پێ پێوەنان: بریتییە لە ڕۆین بە چالاکی.
پێت: ز. بڵێسەی ئاگر.
پێتاو: پارچە تەنراوێکە لە پێوە دەپێچرێ و کاڵای لەسەر لە پێ دەکرێ.
پێتاوە: د. پێتاو.
پێتەتە: دوو تەختەیە لەناو پێچاڵدا جۆڵا پێی دەخاتە سەر و بەرز و نزمی دەکاتەوە.
پیتەک: ز. شتێکی کەم.
پێتەک: کەلوپەلێکە لەگەڵ بووکدا دەنێردرێ بۆ ماڵی زاوا.
پیتێ: ز. وتەیەکە وەک وتەی (کچێ) و (کەنی) ژنی پێ بانگ دەکرێ.
پێجامە: جۆرە کاڵایەکە لەکاتی نووستن و حەسانەوەدا لەبەر دەکرێ وەک چاکەت و پانتۆڵ وایە بەڵام ئەم بێ بەرە.
پێچ: چەوتی و خواری لە هەموو شتێک: ئەم ڕێگایە (پێچ)ی تێدایە. (پێچ پێچ) شتێکە کە پێچی زۆری تێدابێ.
سەرپێچ: فیسار کەس (پێچ)ی جوان دەبەستێ.
پێچاڵ: چاڵێکە لەکاتی کارکردندا جۆڵا قاچی تێدا شۆڕ دەکاتەوە و ئاسنگەر تێیدا دەوەستێ.
پێچان: ئاڵاندنی شتێک لە شتێکی تر. زۆر بۆ هێنانی یەکێک بۆ یەکێک لەسەر شتێک: فیسار کەس (پێچامی).
پێچاندن: ئاڵاندنی شتێک لە شتێکی تر.
پێچاندنەوە: پێچانەوە.
پێچانن: پێچاندن.
پێچانەوە: قەدکردن و لوولکردنی شت. بریتییە لە شاردنەوەی قسە لە یەکێک: ئەو قسەیەم لێ (مەپێچەوە).
پێچاوپێچ: شتی پێچ پێچ.
پێچیان: بادانی شتێک. بریتییە لە دەربازبوون و خۆ گومکردن: فیسار کەس لەلام بوو ئەوەندەی نەبرد (پێچێکی پیادا) و دەرچوو. بریتییە لە سووڕدان.
پێچ پیاهاتن: ژانێکە لەناو سکدا پەیدا ببێ و بجووڵێ و پێچ بخوا.
پێچپێچۆکە: شتێکە کە پێچی زۆری تێ کەوتبێ.
پێچخواردن: لوولبوون و با خواردنی شتێکی درێژ لە خۆیەوە.
پێچدان: لوولکردن و بادانی شتێک.
پێچران: ئاڵان و پێچخواردن.
پێچراو: شتێکە کە پێچ درابێ.
پێچراوە: شتێکە کۆکرابێتەوە و پێچرابێ.
پێچک: گوڵۆڵە: (د) پێچکە.
پێچکردنەوە: لادان لە ڕێڕەودا بەلای ڕاست یا بەلای چەپدا.
پێچکە: دەست و پێی ئاژاڵی وردە. پێی تەخت و کورسی و شتی تر.
پێچ لێدان: بریتییە لە فێڵکردن و قوماربازی.
پێچ و پلووچ: شوێنێک یا شتێکە کە نارێک بێ و پێچی زۆری تێدابێ.
پێچ و پەنا: شوێنی نارێکی پێچ و پلووچ.

پێچۆڵەکە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەرەوز وایە گوڵێکی زەردی پچووک دەگرێ.

پێچوون: مانەوەی کەسێک لە کردنی کارێکدا. فیسار کەس لەو کارەدا زۆری (پێ چوو). تەریقبوونەوە: فیسار کەس بەقسەکە (چوو) واتە زۆر تەریق بووەوە. مردنی یەکێک بەدەردێک: فیسار کەس گرانەتیی گرت و (پێی چوو).

پێچە: پەچەی رووپۆش.

پیچەک: ز. شتی کەم.

پێچەک: شتێکە کە شتی تری پێ بپێچرێتەوە.

پێچەکولو: لۆکەیەکی کراوەیە کە پارچە پارچە کرابێ بەدرێژکۆڵەیی بۆ ئەوەی کە بەخەرەک برێسرێ.

پێچەڵپاچ: گوفتار یا کردار یا شتێکی نارێکی نالەبار.

پێچەڵپێچ: پێچەڵپاچ.

پێچەن: پێچانەوەی دەوار بەدوو بەش بۆ بارکردنی. ئیشک. دارێکە ریسی لەسەر هەڵدەکرێ (د).

پێچەوانە: شتی پاش و پێش یا ناوەژوو.

پێچیاگ: د. پێچراو.

پێچان: پێچران.

پێچیاو: پێچراو.

پێخاووس: مەردوومی بێ پێڵاو.

پێخستن: پەککەوتن لە رێ رۆیندا لەبەر ماندوویەتی.

پێخواس: پێخاووس.

پێخۆر: شتێکە کە بەنانەوە بخورێ.

پێخۆست: شوێنێکە کەزۆر بەسەریدا نامشۆ بکرێ.

پێخۆشبوون: دڵخۆشبوون بەشتێکی خۆش. خۆشبوون بەناخۆشیی یەکێک.

پێخۆشحاڵ: کەسێکە بەشتێک دڵخۆش بێ.

پێخولە: منداڵی پێرەوکە.

پێخوێ: کۆمەڵێک لە قوڕی گیراوە. خەرمانێکە کە گێرە کرابێ و شەن نەکرابێ.

پێخەسوو: بەربووک.

پێخەف: نوێنێکە کە مەردووم پێی بنوێ.

پێخەنین: پێکەنین.

پێدان: دانی شتێک بەیەکێک.

پێدزکێ: هەنگاو پچووککردنەوە و خۆ دواخستنی یەکێک لە هاورێی لە رێ رۆیندا.

پێدزە: پێدزکێ.

پێدەشت: عاستی تەختی لە داوێنی کەژ و کێو.

پێر: پێرێ.

پێرار: دوو ساڵ لەمەوپێش.

پێرارەکە: پێرار.

پێران: د. وەناق.

پێرەوک: پێرەوکە.

پێرەوکە: منداڵێکە تازە کەوتبێتە سەر پێ.

پێروو: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە کە پێی دەڵێن (کۆ).

پێرەکە: پێرێ.

پێرێ: دوو رۆژ لەمەوپێش.

پێرێ شەو: دوو شەو لەمەوپێش.

پێز: کەشی هەویر: ئەم هەویرە بە(پێزە).

پێزانین: زانینی شتێکی شاراوە. لەبەرچاوبوونی چاکەی یەکێک.

پێزە: د. کەمێک لە شتێک. گەوهەری یەکدانە.

پێس: د. پێست.

پێست: چەرمی سەر ئەندامی گیاندار.

پێسترک: با. پەنجەرە.

پێستە: پێستی گیراوەی گیاندار.

پێسە: بێزە. پێستە (د). وەها (هـ).

پێسیر: ز. گیرفانی بەرباخەڵ.

پێسیرە: ز. بەرسیلە.

پێش: بەردەم. کاتی رابردوو: (پێش) نیوەرۆ هاتم.

پێشانگ: د. پێشەنگ .

پێشانی: ناوچەوان.

پێشاو: برێتییە لە ئاودەستخانە.

پێشبار: چەند بارێکە لەپێش ماڵ و کۆچدا بنێردرێ بۆ هەوارگە.

پێشبەست: بەرهەڵستێکە لەبەردەمی ئاودا دروست بکرێ.

پێشبەند: زنجیرێکە دەکرێتە دەستی وڵاخەوە.

پێشتەرکی: جۆرە فیشەکبەندێکە بەسەر قەڵبووسی زیندا شۆڕ دەکرێتەوە و بەقایش و ئاوزوونە بەند دەکرێ.

پێشخانە: د. جێی چاوەڕوانی کردن (صالون انتظار).

پێشخڕ: د. سەوزخڕ.

پێشخزمەت: نۆکەر.

پێشخستن: خستنەپێشەوەی شتێک.

پێشخۆر: د. پارەیەکی پێشەکییە لە دوای کڕین و لە پێش وەرگرتندا دەدرێ.

پێشدار: چەند کەسێکن لەپێش لەشکرەوە دەڕۆن.

پێشدەستی: دەستپێشکەری.

پێشرەو: پێشدار.

پێشقلیان: بەرقلیان.

پێشک: ز. پاشەڵ.

پێشکار: د. یارمەتیدەر (معاون).

پێشکۆ: قەڵپووزی زین.

پێشکە: با. مێشوولە.
پێشکەشکردن: دانی شتێک بەیەکێک بەخۆڕایی.
پێشکەوتن: چوونە پێشەوە.
پێشکەوتوو: کەسێکە چووبێتە پێشەوە.
پێشمامان: ئافرەتێکە لەبەردەمی زەیستانەوە دادەنیشێ بۆ لەنگەرگرتنی لەکاتی منداڵبوونیدا.
پێشمەرگ: پێشمەرگە.
پێشمەرگە: چەند کەسێکن لەپێش لەشکرەوە دەنێردرێن بۆ جوست و جۆ و تاقیکردنەوەی ڕێگا.
پێشنوێژ: بەرنوێژ.
پێشنوێژی: نوێژکردنی بەرنوێژ (إمام) بۆ مەردووم.
پێشنیار: سەرەتایەکە بەتایبەتی بۆ نووسراوێک بنووسرێ.
پێشنیاری: پێشنیار.
پێشواز: بەپیرەوەچوون.
پێشوازی: پێشواز.
پێشۆر: لێوارێکە لەناو حەوزدا پێی دەخرێتە سەر.
پێشوو: شتی ڕابردووی کۆن. مێشوولە (ز).
پێشوولە: مێشوولە.
پێشە: ئێسقان. ناوکی ڕەقی میوە. پیشە (د).
پێشهاتن: د. ڕێکەوت.
پێشەخۆرە: د. هوما.
پێشەقان: بێڵەکانێکە سەرەکەی ئاسن بێ.
پێشەکی: وتن یا کردنی کارێک لەپێش کاتی خۆیدا: (پێشەکی) بەڵێن مەدە.
پێشەنگ: وڵاخێکی شۆخ و شەنگی جوانی بەنرخە پێش کاروان دەخرێ.
پێشەوا: کەسێکە کە بەرنوێژی بکا. زانای گەورەی وەها کە مەردووم پەیڕەوی بکەن.
پێشێل: شوێنێکە کە بەهۆی هاتوچۆی زۆرەوە بەسەریدا شێلرابێ.
پێشی: مێشوولە (با). بەردەم (ز).
پێشین: لەمەپێش: (پێشین) پێم وتی ئەم کارە مەکە. شتێکە کە پێشەکی بدرێ (سلفە).
پێشینان: باو و باپیری کۆنی ڕابردووی هۆزێک.
پێشینیان: پێشینان.
پێغەمبەر: کەسێکە لەلایەن خواوە بەڕابەر و پێشەوا نێردرابێ بۆ سەر مەردووم لەگەڵ چەند دەستوورێکی جواندا بۆ ئەوەی کە بیانگێڕێتەوە لە خراپە و بیانبا بۆ چاکە.
پێغەمەر: پێغەمبەر.
پێغەمەر: پێغەمبەر.

پێقۆتکە: هەڵپەڕکێی گەرم. سەرچڵی و هەڵبەز هەڵبەز.
پێقەلە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەلەوێ وایە تامی گەڵاتوور دەدا.
پێک: ئەندازیەکە لەو شتانەی کە دەخورێنەوە و سەرخۆشی دەدەن کە بکرێنە ناو پیاڵەوە بۆ خواردنەوە.
پێکان: لە شتدان بەتێگرتنی شتێک بۆی. بریتییە لە دۆزینەوەی مەبەست لە نووسراوێکی گرانی نادیار: مەعنای شیعرەکەی نالیم (پێکا).
پێکانین: پێکهانین.
پێکاهاتن: هاتوچۆکردنی چەند کەسێک بەناڕێکی و پەرێشانی.
پێکراو: ئەنگێوراو.
پێکرا: تێکرا.
پێکمانەوە: وتەیەکە دەبێژرێ لە وەرامی یەکێکدا کە جەژنە پیرۆزەت لێ بکا کە خۆشی هاوبەش بێ لەو جەژنەدا واتە جەژنی هەردوولامان پیرۆزبێ.
پێکورە: بەچکەی باڵ نەگرتووی کوللە. بریتییە لە پیادەی لەشکر. بریتییە لە دەست و پێوندی یەکێک.
پێکهاتن: جێبەجێبوونی شتێک.
پێکهانین: جێبەجێکردنی شتێک.
پێکەنین: دەم کردنەوە و گەشانەوەیەکە لە دەم و ڕووی مەردوومدا پەیدا دەبێ بەهۆی بینین یا بیستنی شتێکی خۆشەوە.
پێکەوتن: ڕێکەوتن و دەستدانی شتێک بۆ شتێک: دەرمانەکەم (پێ کەوت).
پێکەوەبوون: لەگەڵ یەکدابوونی دوو شت.
پێکهێنان: پێکهانین.
پێکیان: ئەنگێوران: (پێکیام) واتە ئەنگێورام.
پێکێشان: سەر کێشانی کارێک بۆ کارێکی تر: ئەم کارە (پێ دەکێشی) بۆ زویری و دڵ پەشان.
پێگرتن: کەوتنە سەر پێی گیانداری ساوا.
پێگوتن: پێ وتن.
پێگەیاندن: گەیاندنی قسەیەک یا شتێک بەیەکێک. بەرهەمهێنان: منداڵەکە یا باخەکەی باش (پێ گەیاند).
پێگەیشتن: گەیشتنی شتی کاڵ لە میوە و چێشت و شتی تر. تووشبوونی دووگیاندار بەیەک: نەریمانم پێ گەیشت. گەورەبوونی منداڵ بەڕەنگێک کە لە خەم برەخسێ. گەیشتنی مەردووم بەپایە و ئاواتی خۆی: فیسار کەس باش (پێ گەیشت). گەورەبوونی درەخت و سەوزی و هاتنەبەری: باخەکە یا بێستان و دەغڵەکە باش (پێ گەیشت).
پێگەیشتوو: شتێکە کە بەرهەم هاتبێ و پێ گەیشتبێ.
پێگەیگ: د. پێگەیو.

پێگەین: پێگەیشتن.
پێگەیو: پێگەیشتوو.
پیل: ز. شەپۆلی ئاو. ئەندازەیەکە لە کات کە بەرودوابێ.
پێڵ: کۆپارەی سەرملی گاجووت. شان و ملی مەردووم. پرد (د).
پێلا: د. پێڵاو.
پێلاف: ز. پێڵاو.
پێڵاو: شتێکە لە ڕۆیندا لە پێ دەکرێ.
پیلکە: تیلکردنی هەڵمات بەپەنجە: فیسار کەس (پیلکە)ی ڕاستە.
پێڵوو: قەراخی چاو کە برژانگی لەسەر دەڕوێ. پشکۆ ئاگر.
پێڵە: ڕەشەوڵاخێکە کە شاخی بۆ لای چەنەی هاتبێتەوە. مەردوومی بەدمەست (د). قۆزاخەی کرمی ئاوریشم (د). پێڵوو (د).
پێ لە زەوی نەکەوتن: بریتییە لە کەیفخۆشی.
پێلەقە: لەقە وەشاندن بەیەک پێ.
پێلەوار: پێڵەوار.
پێڵەوار: بڕەداری سووتاندنی ئەستووری گەورە.
پێ لێ برین: وازهێنان لە ئامشۆکردنی یەکێک.
پێ لێ پاراستن: چاودێریکردنی شتێک بۆ ئەوەی کە پێی پێدانەنێیت.
پێ لێ خستن: بریتییە لە چاوقوچاندن لە شتێک و لەسەر نەڕۆینی.
پێ لێ داگرتن: بریتییە لە زۆرکردن لە کەسێک و مێچ لەسەر گرتنی بۆ کارێک. دانەواندنی پێی ئاش بۆ ئەوەی کە ورد بهاڕێ.
پێ لێ ڕاکێشان: بریتییە لە پشت دانەوە لە کارێک.
پێ لێنان: بریتییە لە ڕاستی وتنی شتێک. پێنان بەشتێکدا.
پێ لێ وەرگێڕ: تەنراوێکە لەکاتی تەنینیدا جۆلا پێی بەلایەکدا وەردەگێڕێ نیتر ئەو تەنراوە دووباد دەردەچێ.
پێ مریشکە: گیایەکی بەهارییی لق لقە لە چنگی مریشک دەچێ.
پێمەڕە: بێڵ.
پێمەلە: جۆرە مەلەیەکە بەپێوە و بەجووڵاندنی هەردوو پێ دەکرێ.
پێمێو: با. دارێکە کە بدرێتە بەرمێو بۆ بەرزبوونەوەی.
پێنازین: خوربن و نازین بەیەکێک.
پێناسین: ناسینی شتێک بەیەکێک.
پێناو: ڕێ و بۆنە: لە (پێناو)ی تۆدا دووچاری زیان بووم، واتە لە ڕێی تۆوە و بەبۆنەی تۆوە.
پێنج: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی چوار و شەش دایە.
پێنجتیر: تفەنگ و دەمانچەیەکە کە پێنج گوللە بخوا.
پێنج چاوگەی دڵ: د. پێنج هەستە (حەواسی خەمسە) کە بینین و بیستن و بۆنکردن و تامکردن و لێک کەوتنە.
پێنج خشتەکی: شیعرێکە کە سێ نیوە شیعری تری خرابێتە سەر و، دواییەکەیان لەسەر وێنەی دوایی نیو شیعری یەکەم بێ.
پێنجدەری: ژوورێکە کە پێنج پەنجەرەی لە ڕیز یەکەوە تێدابێ.
پێنج شەممە: پێنج شەموو.
پێنج شەموو: ڕۆژی شەشەی حەفتە لە هەینی بەدواوە.
پێنج شەمە: پێنج شەموو.
پێنجگا: ناوە بۆ جۆرە مقامێکی کوردی.
پێنجگۆشە: شتێکە کە پێنج سووچی ببێ.
پێنج گەنج: د. پێنج چاوگەی دڵ.
پێنج گەنجینە: د. پێنج گەنج.
پێنجوار: پێشبار.
پێنجە: ز. پەنجا.
پێنجەم: شتێکە کە لە پایەی پێنجدا بێ.
پێنجەمین: پێنجەم.
پێنجهەم: پێنجەم.
پێنجهەمین: پێنجەمین.
پێنجەیتار: پێنج ڕۆژە لە ناوەندی زستان و بەهاردا کە ساڵ تەواو دەبێ ئەم پێنج ڕۆژە دەمێنێتەوە. پێشینان ساڵیان بەدوانزە مانگ و مانگیان بە سی ڕۆژ داناوە، بەم پێیە ساڵ دەکاتە سێ سەد و شەست ڕۆژ، پێنج ڕۆژ دەمێنێتەوە لە ساڵی ڕاستەقینە کە لەسەر هیچ مانگێک نییە.
پێنج یەک: لە پێنج بەش بەشێک.
پینکی: د. وەنەوز.
پینگ: پێشخواردنەوە. پونگە.
پینۆکە: د. گیایەکی بۆنخۆشە گوڵێکی سپیی هەیە.
پێنوواندن: بەسەر هانینی کارە ڕەهاتێک بەسەر یەکێکدا لە تۆڵەی کردەوەیەکی خراپیدا: فیسار کەس سوێندی درۆ (پێی نوواند).
پێنەزان: سپڵە.
پێنەزانین: سپڵەیی.
پێواز: پیاز.
پێوان: ئەندازەگرتنی شتێک بەگەز یا بەبست یا بەشتێکی تر بۆ دەرخستنی پانی یا درێژییەکەی. پێوانەکردنی شتێک بەدەفر.
پێوانە: پێوان. (پێوانەکردن) پێوانی شتێک بەدەفرێک.
پێ و پل: قاچ و قول.
پێ و شوێن: شوێنپێی شتێک کە خۆی لە ئارادا نەبێ: (پێ و شوێن)ی دزەکەم هەڵگرت. بریتییە لە سۆراخکردن: کەواکەم دزرابوو چووم بە(پێ و شوێن)یەوە، واتە بۆ سۆراخکردنی.

پێ وتن: وتنی قسەیەک بەیەکێک.
پێوور: ز. ئەستێرەی کۆ.
پێورچە: گیایەکی کوێستانییە گەڵای وەک کاهوو وایە وڵاخ دەیخوا.
پێوشک: د. پاووشک.
پێوەبوون: گیرخواردنی شتێک بەشتێکەوە یا لە شتێکدا: بەم کارەوە چاک (پێوەبووم) یا ئەو گەماڵ و دێڵە (پێوەبوون). نیازکردنی شتێک: (پێوەم) بچم بۆ بەغدا.
پێوەچوون: ڕۆین بەدەم شتێکەوە: بوو بەهەرا منیش (پێوەچووم). چوونی شتێک بەشتێکەوە.
پێوەدان: گەستنی مار و چەقاندنی چزووی چزوودار چزووەکەی بەگیانداردا. جووتکردنی دەرگا و پەنجەرە. ناندان بەتەنوور و ساجەوە بۆ برژاندنی.
پێوەڕوێشتن: هەڵوەشان یا دڕانی شوێنێک کە کەمێک لە خۆیدا هەڵوەشابێ یا دڕابێ: کەواکەت بدرووەرەوە با لەوە زیاتر (پێوەنەڕوا). چوونی گیاندار بەدەم شتێکەوە.
پێوەرکردن: وێڵکردن.
پێوەژەنن: د. تێوەژەندن.
پێوەکردن: کردنی شتێک بەشتێکدا. بریتییە بە لە دووچارکردنی یەکێک بەچورتمێکەوە: چاک فیسار کەست (پێوەکرد).
پێوەن: د. پێوەند.
پێوەنان: نووساندنی شتێک بەشتێکەوە.
پێوەند: ئاسنێکی زنجیرداره دەکرێتە پێی بەندی و وڵاخەوە.
پێوەندکردن: پەیوەندکردن. کردنی پێوەند بۆ پێی گیاندار. چووز کردنی درەختێک لە درەختێکی تر.
پێوەنیشتن: ڕووکردن و چوونی مەردووم بەزۆری بۆ سەر شتێک: شاییەکە مەردوومی زۆری (پێوە نیشت). نیشتنی مێش و مەرۆش لە شتێک.
پێوەهاتن: هاتنی مەردووم بەدەم شتێکەوە: پرسەی فیسار کەس مەردوومی زۆری (پێوەهاتبوو). پێ و قوودووم چاکیی شتێک بۆ کەسێک: فیسار کەس خانووەکەی (پێوەهات).
پێویس: د. پێویست.
پێویست: کەسێکە کە شتێکی پێ بوێ: (پێویست)م بەدراوە. شتێکە کە پێت بوێ: دراو لە هەموو شت (پێویست) ترە.
پێویستی: نامانگوری بۆ شتێک.
پێهاتن: پێگەیشتن و بەخۆداهاتن. دانان بەشتێکدا (أعتراف).
پێ هەڵپەڕین: گەیشتنی برین بەیەکێک: ئەندامم برینی (پێ هەڵپەڕیوە).
پێ هەڵگرتن: بریتییە لە خێرا ڕۆین. هەڵگرتنی شتێک بەیەکێک.

پی: پیو. پووک (با). وتەیەکە لە جیاتی وتەی (بەو) بەکاردێنرێ: وەشڵەی (پی) کەسەی، واتە خۆزگە بەو کەسە (هـ).
پیبک: ز. بیبیلەی چاو.
پیبەر: ز. بیبەر.
پیپ: جۆرە دەفرێکی خڕی گەورەیە لە تەختە یا لە لەوح.
پیت: حەرف: فیسار کەس دوو (پیت) و لەتێکی خوێندووە. خێر و بەرەکەت: کشتوکاڵی ئیمساڵ بە(پیت)ە. پەنجە تووتە.
پیتاک: کۆکردنەوەی شت لەلایەن چەند کەسێکەوە بۆ باربوویی کردنی یەکێک. کۆکردنەوەی دراو لەلایەن چەند کەسێکەوە کە شتێکی پێ بکڕن بەهەموویان بیخۆن. پڕ و پیتی ناو ماڵ (د).
پیتدانەوە: خێردانەوە.
پیتک: پەلەپیتکە (د). شووردیی.
پیتکخستن: د. پەلەپیتکە هاویشتن.
پیتووکە: د. جۆرە گیایەکە دەکرێ بەگزرە بۆ ئاژاڵ.
پیتە: پووشی چەڵتووک و گاڵ. چێشتی گۆشتاو.
پیتەبرە: کرمێکی پچکۆلانەیە لەناو قەفی گەنم و جۆدا پەیدا دەبێ گوڵەکەی لە بندا دەقرتێنێ.
پیتەپیتە: د. وردە وردە.
پیچ: پێچ (با). بیچ (ز).
پیچان: ز. پێچان.
پیچک: گیایەکی یەک لقی سێ کووزی یەک ڕیشەییە دەکرێ بەکەلانە. کوبەی ساوەری بێ ناو (ز).
پیچی: ز. پەنجەی دەست.
پیداڕوو: د. جۆرە دەرمانێکە لەنێو و لۆکە و قسڵ دروست دەکرێ و گونجی پێ پینە دەکرێ.
پیر: گیاندار و درەختی بەساڵاچوو. پیاوی باشی خواپەرست کە بەئامۆژگاری مەردووم بێنێتە سەر ڕێی چاکە.
پیران: لە هۆش خۆ چوون: (پیران)ی کردووە. ناوی دێیەکە لە سنووری ئێران لە ناوەندی هەورامان و مەریواندا.
پیرانبردنەوە: هۆش ڕۆین لەبەر لێکدانەوەی خەفەتێک.
پیرایی: د. بەپیرەوە چوون.
پیرپنتک: مندالێکە کە کردار و گوفتاری لە گەورە بچێ.
پیرخەنی: پیرخەنیلە.
پیرخەنیلە: شۆربای وردە ساوەر.
پیراندن: پرمەکردنی ئەسپ و ماین.
پیرانن: پیراندن.
پیرک: ئەستێرک.

پیرە: پرمە. (پیرەپیر) پرمەی یەک لەدوای یەک.
پیرسوز: شتێکە وەک فانۆس بەڵام لەباتی شووشە بلووری مێو لێدراوی تێ دەپێچرێ و مۆمی تێدا دادەگیرسێنرێ.
پیرۆز: شتی بەپیت و فەڕ: جەژنت (پیرۆز) بێ.
پیرۆزانە: شتێکە یەکێک بتداتێ لە کاتێکدا کە کاڵایەکی تازەی لەبەر کردبێ یا بەپایەیەک گەیشتبێ لە پاداشی ئەوەی کە پێت وتبێ (پیرۆزت) بێ.
پیرۆزبایی: پیرۆزانە.
پیرۆزە: بەردێکی شینی بەنرخە دەکرێ بەنقێم. هوما.
پیرۆزی: وتنی وتاری (پیرۆزت بێ) بەیەکێک.
پیرۆک: د. پیرەڵۆک.
پیـرە: وتەیەکە بەهێندێ شت دەوترێ لە رووی سەرسوڕمان لەو شتەوە: (پیرە) چەقۆ زۆر تیژە، یا (پیرە) ئاو زۆر بەهێزە.
پیرەباب: پیرێنتک. ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارباژێڕ.
پیرەزا: منداڵێکە کە لە کاتی پیریی باوکی یا دایکیدا بووبێ.
پیرەژن: پیرێژن.
پیرەک: شتی چرچی کۆنی پیر. ژن (ز).
پیرەڵۆک: داری پیری گەندەڵ. ئەندامێکە لەبەر زۆر مانەوە لەناو ئاودا پنر بووبێتەوە.
پیرەمێر: ز. پیرەمێرد.
پیرەمێرد: ز. پیاوی پیری بەساڵاچوو.
پیرهەڤوک: ز. جاڵجاڵۆکە.
پیرێژن: ژنی پیری بەساڵاچوو.
پیرێژنە سەرئاسنینە: دەعبایەکی پچووکە بەقەد (زج)ێک دەبێ لەژێر خاکدا هێلانە دەکا.
پیری: بوونی شت بەپیر. پیرایی (د).
پیزپیزاک: ز. جۆرە چۆلەکەیەکی کلاو درێژە.
پیزڵ: گیایەکی ئاویی هەمیشەییە گەڵای وەک کەوەر وایە ڕیشەکەی دەکوترێ و گەرم دەکرێ و لەبەر مووسڵدان دەنرێ بۆ میزگیران.
پیزۆکە: زیپکەیەکی پچووکە لە جەستە دەردێ.
پیزی: د. قنگ.
پیژان: د. بێژانەوە.
پیژگ: ز. پیشۆک.
پیس: شتێکە کە پاک نەبێ.
پیسار: د. خوێنی حەیزی ژن.
پیسایی: گووی ئادەمیزاد.
پیسبوون: بوونی شت بەپیس. تێکچوونی هێلکە.
پیس پیسۆک: پەسپەسەکۆڵە.
پیسکردن: لابردنی پاکیی شتێک. هەڵنەهێنانی هێلکە و بۆگەنکردنی.
پیسکە: ڕژدی چرووک.
پیسکەیی: ڕژدی و چرووکی.
پیسۆ: ز. بۆسۆ.
پیسۆز: د. پیرسۆز.
پیسی: پیسایی.
پیشان: پوختەبوونی هێندێ شت لەژێر ئاگردا. تەنگبوونی هەناسەی گیاندار لەژێر قورساییەکدا.
پیشاندان: بەرچاوخستنی شتێک بۆ گیاندارێک.
پیشاندن: پوختەکردنی شت لەژێر ئاگردا.
پیشانگا: شوێن ڕانوواندنی شت بۆ تەماشاکردنی (معرض).
پیشانن: پرماندنی وڵاخ (د). پیشاندن.
پیشاو: شتێکە لەژێر ئاگردا پوختە بووبێ.
پیشخواردنەوە: خەفەت پەچنینە دڵ بەدەست شتێکەوە و دەسەڵات نەبوون بۆ دەربڕینی.
پیشکان: بێڵەکان.
پیشکردن: پیشخواردنەوە.
پیشن: د. کەسێکە کە هەمیشە پیش بخواتەوە.
پیشۆک: گیایەکی بەهاریی سەلکدارە دەخورێ.
پیشە: کاری پێ بژێو (صنعت). کردەوە و ڕەوشت: تا لەسەر ئەم (پیشە)بەبیت سەر ناکەوێت.
پیشەگەر: کەسێکە کاری وا بزانێ کە پێی بژی.
پیشەوەر: پیشەگەر.
پیشیاگ: پیشاو.
پیشیان: پیشان.
پیف: ل. شتی پووتی پف هەڵدراو.
پیفک: پووشوو.
پیفۆک: بیشۆک.
پیفوو: پووشوو.
پیفیاگ: شتی ئاوساو.
پیفیان: ئاوسان.
پیفی: پیفوو.
پیڤاز: ز. پیاز.
پیڤۆک: ز. بیشۆک.
پیک: چەکوشێکی قورسی ئاسنینە بەردی پێ دەشکێنرێ. لاسکی گەنم و جۆ و ئەو گیایانەی کە لاسکدارن. فیقەنە.
پیکە: قامیشێکی باریکی پتەوە چیغی لێ دروست دەکرێ.
پیکەبرە: پیتەبرە.
پیل: پەلی گیاندار.
پیلاف: با. پلاو.
پیلان: فێڵ.

پیلانباز: فێڵباز.

پیلانبازی: فێڵبازی.

پیلانگێڕ: کەسێکە کە پیلان باش بگێڕێ.

پیلک: پۆستەچی (با). پەنجە.

پیم: پیو.

پینۆک: وەنەوز.

پینە: پارچەیەکە بدرێ لە شتی دڕاو. کەپەک (با).

پینەپەڕۆ: پینە و پەڕۆ.

پینەچی: کەسێکە کە هەر پێڵاو پینە بکا.

پینەدۆز: پینەچی.

پینەساز: پینەچی.

پینەک: پینۆک.

پینەکردن: گرتنی پینە بەسەر شتی دڕاودا. بریتییە لە بەسەرگرتنەوەی وتارێک بەلادانی بەجۆرێکی تر: فیسار کەس لە قسەکەی نەرێمان دڵگیربوو بەڵام باش بوو ئەمیش زوو (پینە)ی کرد.

پینە و پەڕۆ: پینەکردنی کاڵای دڕاو بەپارچەی کۆن.

پیو: چەورییەکە لە بەز و ناوسکی گیاندار بگیرێ.

پیوار: د. پاشملە.

پیواز: پیاز.

پیوە: پووشوو.

پییە: ل. پیو.

پێین: لای خوارووی شت.

ت

ت: (ضمیر)ی تاکی قسە لەگەڵکراو (مفردی مخاطب): کاڵاکە (ت)، بۆ نەهاتی(ت)؟

تا: بۆ دوایی شتێکە کە خاوەنی برانەوە بێ: (تا) کرماشان چووم واتە دوایی ڕۆینم کرماشان بوو. هۆیەتی شتێک بۆ شتێک دەگەیەنێ: زمانت شیرین بێ (تا) خۆشەویست بیت، واتە زمان شیرینیت مایەی خۆشەویستییە لای مەردووم. بۆ بەستنەوەی شتێکە بەشتێکەوە (شرط): بەخێوت دەکەم (تا) بخوێنیت، واتە بەخێوکردنت بەستراوە بەخوێندنتەوە. بۆ بەستنەوەی شتێکە بەکاتێکەوە: (تا) لە جیهاندا بیت خواردن و خواردنەوەت دەوێ. هاتووە بەمەعنا (بۆ ئەمەی): هەستە (تا) دەرچین، واتە بۆ ئەمەی دەربازبین. گەرمییەکە لە نەخۆشییەوە پەیدا دەبێ لە ئەندامی گیانداردا. لایەک لە بارێک. هەودا و تاڵ: (تا)یەکم لەو دەزووە بدەرێ واتە تاڵێک. تاک (د). هاولف: ئەمە هاو(تا)ی ئەوەیە (د).

تا: با. لقی درەخت.

تابار: تاقە تایەکە بخرێتە سەر پشتی وڵاخ.

تابان: درەخشان.

تابگە: شوێنێکی تایبەتییە لە گوێ ڕووبار و دەریا کە کەڵەک یا کەشتیی تێدا بوەستێ.

تابەرە گلگل: شتێکی گردی تەنکی لووسە منداڵان لەسەر شان تلۆری دەکەنەوە.

تاپر: تفەنگی ڕاو.

تاپۆ: تارمایی شت. جۆرە قەباڵەیەکی دەوڵەتییە دەدرێ بەخاوەن زەوی و خانووبەرە.

تاپوو: د. تاپۆ.

تات: نافرەتێکە کە ئێسقان یا پارچە گۆشت لەبەر زێیدا بێ. تەلەبەردی پانی درێژ. شاخ و کێوی سەخت. عەرەبی: من زبانی (تات) نازانم.

تاتا: ل. مام.

تاتک: خوشکی گەورە.

تاتۆ: هـ. باوک.

تاتە: تاتۆ (هـ). خوشکی گەورە.

تاتەبەرد: بەردی تەنکی پانی گەورە.

تاتەشۆر: تەختەیەکی پانی درێژی پێچکەدارە مردووی لەسەر دەشۆرێ.

تاتی: لبادی ڕاخستن. سەر و بۆر و ژێر و زدنە (د). تاتە (د).

تاج: کڵاوێکی تایبەتییە پاشایان دەیکەنە سەریان. شتێکە لە وێنەی تاجێکی پچکۆلە هێندێ گەورەی سەرباز دەیدروون بەسەر شانیاندا.

تاج خورووس: جۆرە ترێیەکی سووری دەنک خوار و خێچە لە پۆپنەی کەڵەشێر دەچێ. جۆرە گوڵێکی سوورە وەک پۆپنەی کەڵەشێر پێی دەڵێن گوڵە قەیفە.

تاجی: تانجی.

تاخورک: ز. جۆرە عەرەبانەیەکی قۆقزی بێ پێچکەیە بەسەر بەفردا ڕادەکێشرێ.

تاخە: باقەیەک لە گەڵای تووتن و شتی تر.

تار: شتێکە وەک کەمانچە لێ دەدرێ و دەنگێکی خۆشی لێوەدێ. نان. تاریک. پێنجەی تار. تاڵێک لە دەزوو. گیاندارێکە کەتەرەبووبێ. (تاربوون) تەرەبوون. (تارکردن) تەرەکردن. کەمەی دەف و شتی تر (ز).

تارا: شتێکی ئاوریشمیی ئاودامانی جوانە دەدرێ بەسەر بووکدا لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ ماڵی زاوا.

تاراج: تاڵان.

تاراندن: تەراندن.

تارانن: د. تەراندن.

تارانی: جۆرە دراوێکی زیوینی ئێرانییە.

تارچی: ز. کەسێکە کە شتێک بەش بکا. تارژەن.

تارژەن: کەسێکە کە تار باش لێ بدا.

تارکردن: تەرەکردن.
تارکرن: ز. بەشکردن.
تارگان: ز. جۆرە گەنمێکی خراپە.
تارم: خەرمانی هەڵدراوە دوای کوتاندنی ڕووەو با بۆ شەنکردنی. بەرهەیوان. جەڵەب (د).
تارمایی: قەبارە و تاریکاییی شت.
تارمە: تارم.
تارومار: پەرش و بڵاو. (تاروماربوون) پەرش و بڵاوبوونی شت. (تارومارکردن) بڵاوە پێکردن.
تاریاگ: د. گیاندارێکە کە تار بووبێ.
تاری: با. تاریک.
تاریک: شوێنێکە کە ڕووناک نەبێ.
تاریکایی: تاریکی.
تاریک داهاتن: پەیدابوونی تاریکی لە ڕۆژئاوا بەدواوە.
تاریک و ڕوون: تاریکیی دوای شەو کە لەگەڵ ڕووناکیی بەیاندا تێکەڵ دەبێ، یا ڕووناکیی دوای ڕۆژ کە لەگەڵ تاریکیی ئێواردا تێکەڵ دەبێ.
تاریک و ڕوونە: تاریک و ڕوون.
تاریک و لێڵ: تاریک و ڕوون.
تاریک و نووتەک: شوێنی زۆر تاریک.
تاریکە: تاریکایی.
تاریکەشەو: شەوی زۆر تاریک.
تاریکی: نەبوونی ڕووناکی. شوێنی تاریک: وەرە ئەم (تاریکی)یە.
تازە: شتی نوێ. شتی جوان کە ئادەمیزاد نەبێ (با).
تازەبرین: بریتییە لە یەکێک کە تازە مردوویەکی مردبێ.
تازە بەتازە: خواردەمەنییەکە لەگەڵ پێگەیشتنی بخورێ: میوە (تازە بەتازە) خۆخە.
تازەپیاکەوتوو: بریتییە لە کەسێک کە لە پاش هەژاری دەوڵەمەند بووبێ.
تازەقەڵلا: شتی تازەداهاتوو.
تازەکردنەوە: نوێکردنەوەی شتی کۆن.
تازەگی: شتی تازەی نوێ.
تازێ: ز. ڕووت و قوت.
تاری: تازە (ز). عەرەبی.
تازیلە: برۆیش.
تاژانگ: ز. قامچی.
تاژی: تانجی.
تاس: جۆرە جامێکی دەم واڵی تەنکە.
تاسان: هەناسە لێ برانی گیاندار بەجۆرێک کە بخنکێ یا نیوە خنکاو بێ.
تاساندن: دەست نانە بەربین و هەناسەبڕینی گیاندار بەجۆرێک کە بخنکێ یا نیوە خنکاو بێ.
تاسانن: تاساندن.
تاساو: گیاندارێکە کە تاسابێ.
تاس بردنەوە: واق وڕمانێکە دێ بەسەر مەردوومدا لە کاتی بیستن یا بینینی شتێکی سەیردا.
تاس بەسەرداهاتن: تاس بردنەوە.
تاسکردن: تاسان.
تاسکڵاو: جۆرە کڵاوێکی پۆڵایینە لە جەنگدا دەکرێتە سەر.
تاسکەباب: دەفرێکە تاسکەبابی تێدا لێ دەنرێ. تاسکەبابی.
تاسکەبابی: جۆرە چێشتێکە لە گۆشت و ئاو و پیاز و بەهارات دروست دەکرێ.
تاسکەچەڵە: هـ. سیسارکە کەچەڵە.
تاسکەواو: تاسکەباب.
تاسنای: هـ. تاساندن.
تاسوخ: تاسوق.
تاسوق: خواردەمەنییەکی نایابە کە کەم دەست بکەوێ.
تاسولکە: تاسی پچکۆلە.
تاسە: بیر و ئارەزووی شت. تاسەکردن: ئارەزووکردنی شتێک.
تاسەخوار: کەسێکە کە تاسە و ئارەزووی یەکێک بکا.
تاسەمەند: تاسەخوار.
تاسەوی: بەرچنەی گەورەی ترێ.
تاسین: تاسان.
تاش: بەردی گەورە.
تاشتێ: ز. خواردنی نیوەڕۆ.
تاشین: ڕێکخستن و لووسکردنی شتێک بەتیغ. (تاشراو) شتێکە کە بەتیغ لووس کرابێ.
تاف: ئاوێکی زۆرە کە بەخوڕ برژێتە شوێنێکەوە: کارێزەکە (تاف)ێک ئاوی پێدادێ. (تافەتاف) ڕژینی ئاوی زۆر بەگوڕ. ئاوەڕاستی جوانی: لە (تاف)ی جوانیمدا کۆڵم نەدەدا. تۆف (د).
تافاڵ: ل. گوێسوانە.
تافاو: تافە ئاوی زۆر.
تافتە: جۆرە چنراوێکی ئاوریشمیی جوانە.
تاڤ: با. تیشکی ڕۆژ.
تاڤگە: جێگایەکی بەرزە کە ئاوێکی زۆری بەخوڕی لێ بێتە خواردوە.
تافە: د. دەنگی ئاو و با.
تاڤ: ز. مانگ. ڕۆژ.
تاڤل: دەستبەجێ.

تاقی: ز. تاوەبارانێک.
تاق: تاک. کەلەبەرێکی تایبەتییە لە دیوار دەهێڵرێتەوە بۆ شت تێـدادانان. سـەر پەنجـەرە و دەرگـا و پردی بەکـەوانەیی هێنراوە. بەشێک لە بیست و چوار بەشی ئاو، هەموو ئاوێک بەبیست و چوار بەش دەژمێردرێ هەموو بەشێکی ناو دەبرێ بە(تاق)ێک: لە بیست و چوار (تاق)ەی ئەم کارێزە هەشت (تاق)م هەیە. رێی نیوەرۆژێک: لێرەوە تا چەمچەماڵ رۆژ و (تاق)ێکە. پێستی مەڕ و بزن.
تاقانە: منداڵێکە کە برا و خوشکی نەبێ.
تاقچە: تاقی پچکۆلە.
تاقتاقکەرە: باڵندەیەکی شەو بێدارە بەشەو هەر دەڵێ: (تاق).
تاقم: دەستەیەک لە شتێک.
تاقمان لە جووت: جۆرە یارییەکە یەکێک چەند شتێک دەخاتە دەسـتـیـەوە و بەهاورێکەی دەڵێ: (تاقـمـان لە جـووت)، ئەویش ئەگەر وتی تاق یا جووت و بەتاق دەرچوو یا بەجووت ئەوی ناو مـشـتـی دەباتەوە، ئەگـەر وادەرنەچوو ئەوا بەقـەد ئەوەی ناو مشتی دەدۆڕێنی.
تاقمانەجفت: د. تاقمان لە جووت.
تاق و لۆق: چەند شـتێکە لەپاڵ یەکدا بن و نارێک وەسـتـابن: برژانگی (تاق و لۆق) وەستاوە، یا رایەڵی جاجمەکە تاق و لۆق کەوتووە. تاک و تووک.
تاقـە: جـۆرە پارچەیەکی جـوانی بەنرخـە لە ئاوریشم و سـورمـە دروست دەکرێ.
تاقەت: هێز و تەوانا.
تاقەتچوون: بێ تاقەتبوون لە شتێک.
تاقـەتکردن: حـەوانەوەی گـیـاندار: مـیـوانەکـان (تاقـەت کـە). دامەزراندنی شتومەک بەرێکوپێکی لە شوێنی خۆی.
تاقەتگرتن: نارامگرتن.
تاقە و لۆقە: تاق و لۆق.
تاقیکردنەوە: بەراوردکردنی شتێک.
تاک: شتێکە کە دووەمێکی نەبێ.
تاکانەوە: د. تەکاندنەوە و جیاکردنەوە.
تاکانە: د. تاقانە.
تاکبوونەوە: جوێبوونەوەی گیاندارێک لە کۆمەڵێک.
تاکتاک کەرە: تاقتاقکەرە.
تاکمان لە جووت: تاقمان لە جووت.
تاک و تـوک: یەکـەیەکـەی پەراگـەندە لە هەمـوو شـتـێـک: تووتنەکەم (تاک و تووک) سەوز بووە، واتە چڵەچڵە.
تاک و تەرا: تاک و تووک.
تاک و لۆ: تەک و لۆ.
تاکە: تارانی.
تاکـەوتاک: جـووتە پێـڵاو یا گـۆرەوییـەکـە کـە لە یەک ئەندازەدا نەبن، بەم رەنگە تاکێکیان گەورە و ئەوی تریان پچووک بێ. جووتە پێڵاوێکە راست و چەپ لە پێ کرابێ.
تاکە و لۆکە: تاقە و لۆقە.
تاڵ: شـتـێـکە تامی وەک تامی تاڵـیـشـاری وابێ. جـەوت یا مـازووی کـوتراوە کـە مـەشکەی پێ خـۆش دەکـرێ. هەودای دەزوو. شـەو یا رۆژێکی هەورلەسەری بەبار. شـتی سـارد و سەرما: ئەمشەو شەوێکی (تاڵ)ە. پارچەیەک گۆشتی رەشە وا لە ناوەندی سی و جگەردا. گـیـانداری رەشکەلە: (حەمەتاڵ). توورە.
تالان: شـتـومـەکـێکە بەزۆر و سـتـەم لە مـەردووم بسـێنرێ. (تالانکردن) ماڵی مەردووم بەزۆر و ستەم.
تالان و برۆ: ئاخۆران و بخۆران و تالانکردنی ئەم و ئەو.
تالانە: د. باخچە.
تالانی: ماڵێکە کە بەتالان برابێ.
تالاو: بریتییـە لە جەخار و خەفەت: ئەگـەر نەخوێنیت (تالاو) دەکەم بەدەمتدا.
تالاوی: تالاو.
تاڵبوون: بریتییە لە توورەبوون و گرژبوون.
تاڵخ: سنوور.
تاڵدان: کردنی جەوت و مازووی کوتراو بەمەشکەوە.
تاڵشاری: د. تاڵیشاری.
تاڵگ: د. تاڵیشک.
تاڵگە: د. تاڵک.
تاڵوو: گـیـایەکی گـەورەی گـەڵاپانی تووکنە بنکێکی تـوێ تـوێی هەیە.
تاڵووکە: پەلەپەل و دەستوبردکردن. (تاڵووکەکردن) پەلەپەلکردن.
تاڵە: گـیـانداری رەشی درێژ. مـەڕی لەش سـپـیی دەمـوچاو بۆر. تاڵوو.
تاڵەکە: د. مرۆر.
تاڵەوەکەرەی خۆشەوەکەرە: بریتییە لە کەسێک دەمێک کەیف خۆشت بکا و دەمێکیش دڵتەنگ.
تاڵیشاری: دەرمانێکی زەردباوی زۆر تاڵە.
تاڵیـشـک: گیایەکی تاڵی گەڵاپانی درێژکۆلەی بەهارییە دەدرێ بەکەو.
تاڵینتووس: گیایەکە لە تاڵیشک دەچێ.
تاڵی: بوونی شت بەتاڵ.
تاڵیش: تاڵیشک.
تام: چۆنێتییەکی خۆش یا ناخۆشە لە خواردن یا خواردنەوەی شت پەیدا دەبێ لە دەمـدا. رۆنێکە کـە بکرێتـە چێشـتـەوە: ئەم چێشتە (تام)ی کەم تێ کراوە.

تامازرۆ: د. تامەزرۆ.
تامان: تەمیان.
تامدان: ز. ئالدووزکردن بە زێڕ.
تامژاندن: ز. فێرکردنی منداڵی شیرەخۆرە بەخواردن.
تامژین: ز. تازە دەستپێکردنی منداڵی شیرەخۆرە بەخواردن.
تامسار: ز. خواردن و خواردنەوەی شتی ناخۆش.
تام و بۆ: بۆن و بەرامە.
تامەتیتک: ز. خواردەمەنیی خۆش.
تامەزرۆ: کەسێکە کە زۆر ئارەزووی خواردنی شتێک بکا لەبەر ئەمەی کە دەمێ بێ نەیخواردبێ.
تامی تامیدان: خواردنی شتێکی خۆش لەبەرچاوی یەکێک بۆ ئەوەی حەزی لێ بکا و بەشی نەدەیت.
تامیسک: زیپکەیەکە لە دەم و لێوی مەردووم پەیدا دەبێ.
تامێسک: تامیسک.
تان: با. تەمیان.
تان: ڕایەڵی شتی تەنراو. چەند دارێکە وەک پەنجەرە لە ناوەڕاستی ژووردا دادەنرێ بۆ ئەوەی کە بیکا بەدوو بەش (ز).
تانج: تاج.
تانجۆکە: مووی ناوچەوانی کچی پچکۆلە کە بهۆنرێتەوە و بەسەریەوە ببەسترێتەوە بۆ ئەوەی کە نەچێتە ناو چاوی.
تانجی: جۆرە سەگێکی باریکی تیژڕەوی ڕاوییە.
تانجیی پێغەمەرانە: جۆرە کوڵلەیەکی لۆقنی باریکی بێ زیانە.
تانجییەوان: کەسێکە کە هەر خزمەتی تانجی بکا.
تانشین: د. خڵتەیەکە کە بکەوێتە بن ئاو.
تانوپۆ: بریتییە لە بنەچە و ڕەگەز: (تانوپۆ)یان دەناسم.
تانوپۆ ئاوریشم: بریتییە لە کەسێک کە لەلایەن باوکیشی و دایکیشیەوە ڕەسەن بێ.
تانووت: توانج.
تانە: پەڵەیەکی سپییە دەکەوێتە سەر بیبیلەی چاو تاریکی دەکا. تەشەر.
تاو: بارانێکی لێزمەی کەم. هەودایەک لە بەن و دەزوو و شتی تر. دەمێکی کەم: (تاو)ێک دانیشە.
تاوتاو: دەم دەم. غارکردنی وڵاخ و خێرا ڕۆینی مەردووم: بە(تاو) هات. هەتاو. ترس و بیم: لە (تاو) تۆ نازانم چی بکەم. تای نەخۆشی (د).
تاوا: ل. تاوە.
تاوان: گوناح: بێ (تاوان) کوژرا. تواندنەوە: (هـ). پاداش (د).
تاواندان: د. بژاردنی شتێک. پاداش دانەوە.
تاواندن: تواندنەوە.
تاواندنەوە: تواندنەوە.
تاواندەر: د. کەسێکە کە شتێک بیژێرێ.
تاوانن: د. تواندنەوە.
تاوتوکردن: سەنگ و سووککردنی دوو دەفر کە شتێکیان تێدابێ بۆ ئەوەی کە بەقەد یەکیان لێ بێ.
تاوتێ: تایەکە بەهۆی ئازارێکەوە لە ئەندامدا پەیدا دەبێ: ئەمە (تاوتێ)ی دوومەڵەکەیە.
تاودان: غارکردن بەوڵاخ. پێچدان (د). خولخواردن و گەڕان (د). سوورکردنەوە بەئاگر.
تاوسان: هاوین.
تاوسەندن: گەرمبوون و سووربوونەوەی شت.
تاوکردن: لاسدانی یەکێک بۆ کردنی شتێک.
تاوکێش: تەنراوێکە کە ناوبەناو تاوی لێ دەرهاتبێ. (تاوکێشبوون) دەرهاتنی تاوی شتی تەنراو ناوبەناو، تاوکێشکردن: دەرهێنانی تاوی شتی تەنراو ناوبەناو.
تاوگرتن: تاوسەندن.
تاوڵە: تەویلەی وڵاخی بەرزە. نەرد. گیای گژنیژ (د).
تاوڵەمە: ئاگر گەشکەردوە.
تاولێهاتن: د. بێ تاقەتبوون. تا لێهاتن.
تاونیان: د. ڕاونان.
تاووس: باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی ئێجگار جوانە کلکی وەک چەتر لێ دەکا.
تاووشت: د. تاقەت و توانایی.
تاووک: تایلە.
تاووڵ: ڕەشماڵ.
تاوە: دەفرێکی پەلە شفتە و هێندێ شتی تری تێدا سوور دەکرێتەوە. بەردێکی پانە ئاشەوان کولێرە ئاشی پێ دەبرژێنێ.
تاویار: د. تاوێرێک لە برێشکە و شتی تر.
تاویان: د. توانەوە.
تاویانەوە: د. توانەوە.
تاوێر: تاشەبەردی زۆر گەورە. بەشێک لە قاوە و قاورمە و شتی تر کە بەنۆرەیەک سوور بکرێتەوە یا لە کەشک کە بەجارێک لە سوێنەدا بسوورێتەوە.
تاویلکە: تاوەی پچووک.
تاویەتی: د. تایبەتی.
تاوی: جۆرە دارێکە.
تاوین: د. توانەوە.
تاوینە: توانەوە.
تایبەتی: شتی دانسقە.

تایله: دارێکی دێمییه گه‌ڵای وه‌ک هه‌ڵووژه وایه، به‌رێکی شیرینی پایزه‌ی زه‌ردی خڕی هه‌یه وه‌ک نۆک ده‌خورێ.
تاینچه: تایه‌کی پچووک.
تایه: گزره گیایه‌که که‌ڵه‌ک کرابێ بۆ زستانی ئاژاڵ. چه‌ند مه‌لۆیه‌که له‌سه‌ر یه‌ک دانرابن بۆ ئه‌وه‌ی بکرێن به‌خه‌رمان. لاستیکی پێچکه‌ی ئۆتۆمۆبێل و هێندێ شتی تر.
تایه‌فی: جۆره ترێیه‌کی سووری درێژکۆله‌یه.
تایه‌ن: وته‌یه‌که به‌کاردێنرێ بۆ که‌سێک که له‌سه‌ر کارێک سه‌رزه‌نشتی بکه‌یت و ئه‌ویش به‌رهه‌ڵستت بووه‌ستێ: من ده‌ڵێم بخوێنه که‌چی کابرای(تایه‌ن) یه‌خه‌م ده‌گرێ.
تبل: با. په‌نجه.
تخل: د. مه‌ردوومی که‌نه‌فتی له پێش چاو که‌وتوو.
تخووب: سنوورێکه دوو دێ یا دوو زه‌وی له یه‌ک جیا بکاته‌وه.
تر: پیتێکه باوی ناو (اسم)ێک به‌سه‌ر ناوێک یا به‌سه‌ر چه‌ند ناوێکی تردا ده‌دا له صفه‌تێکدا که هه‌ردووکیان تێدا به‌شداربن: نه‌ریمان له کامه‌ران یا له هه‌موو براکانی زیره‌ک(تره). پیتێکه جیاوازیی شتێک له شتێکی تر ده‌گه‌یه‌نێ: پیاوه‌که‌ی (تر)م بۆ بانگ که. که‌سێکه که له قسه‌دا په‌له‌په‌ل بکا و بیدا به‌سه‌ر یه‌کدا. تره‌تر: قسه‌کردن به‌په‌له‌په‌ل.
ترار: با. جامی ئاوخواردنه‌وه.
تراک: با. ده‌وری.
تراز: د. جۆره گیره و ئه‌شکنجه‌یه‌که که شتی پێ توند ده‌کرێ. ته‌رازووی به‌نا.
ترازان: ده‌رچوونی شتێک له جێی خۆی.
ترازاندن: ده‌رپه‌ڕاندنی شتێک له شوێنی خۆی.
ترازاو: شتێکه که له شوێنی خۆی ده‌رچووبێ.
ترازوو: شتێکی دوو تایه شتی تری پێ ده‌کێشرێ. شتێکه شووشه‌یه‌کی تێ براوه دڵۆپێک جیوه‌ی تێدایه به‌رزی و نزمی و ڕاستی و چه‌وتیی دیوار و شتی تری پێ ده‌رده‌که‌وێ. چه‌ند ئه‌ستێره‌یه‌کی ڕێکی به‌رامبه‌ری یه‌کن له ناوه‌ندی (کۆ) و (گه‌لاوێژ)دا. ناوی که‌لوو (برج)ێکه له دوانزه که‌لووی ئاسمان. دوو شتن که له کێشدا به‌رامبه‌ر بن. شتی ته‌خت و ڕێک: ئه‌م شوێنه یا ئه‌م دیواره (ته‌رازوو)وه واته ته‌خت و ڕێکه.
ته‌رازووباز: که‌سێکه له کێشان به‌ته‌رازوودا فێڵ بکا.
ته‌رازووبازی: فێڵکردن له کێشان به‌ته‌رازوودا.
ترازیان: ترازان.
تراش: ته‌راش.
تراشه: د. ته‌لاش.
تراشین: تاشین.
ترافانن: د. فڕاندن.
ترافیاگ: د. ترافیده.
ترافیده: گیاندارێکه که تار بووبێ.
ترانه: ز. قه‌شمه‌ری و یاری له قسه و گفتوگۆدا.
تراو: شتی زۆر شل و ڕوون که به‌شی ئاوی زۆرتر بێ.
تربێ: هـ. شه‌وی ناوه‌ڕاستی زستان.
ترپ: توور. ترپه. گوڕ (ز).
ترپۆکه: د. شێلم.
ترپه: ده‌نگی که‌وتنه‌خواره‌وه‌ی شتێکی نه‌رمی قورس له جێگایه‌کی به‌رزه‌وه. ترپه‌ترپ: ترپه‌ی یه‌ک له دوای یه‌ک. ترپ و هوڕ: ترپه‌ترپی زۆر.
ترت: تورت. په‌نجه (د).
ترترۆک: ز. سوورێنچک.
ترتره: ز. پیاوی درێژی قه‌ڵه‌و.
ترتری: با. مه‌ردوومی تر.
ترچماق: مه‌ردوومی زۆر درێژ.
ترخان: ل. ترخێنه.
ترخه: تێکچوونی ده‌روون و ترشانی خوارده‌مه‌نی تیایدا به‌هۆی زۆر خواردنه‌وه.
ترخێنه: شتێکی مزره ده‌گیرێته‌وه له بروێش و شێلمی چنراو و، سه‌لک سه‌لک وشک ده‌کرێته‌وه. چێشتێکه له ترخێنه‌ی وشک و نیسک و نۆک و چه‌وه‌نده‌ر و گۆشت دروست ده‌کرێ.
تڕ: بایه‌کی بۆگه‌نه دێته ده‌رێ له قنگی گیاندار به‌ده‌نگه‌وه.
تڕاندن: بریتییه له زه‌بوونکردن و زیان گه‌یاندن به‌یه‌کێک.
تڕتره: ده‌ردێکه له هێندێ سه‌وزایی ده‌دا وشکی ده‌کا. گیایه‌که له‌ناو په‌مووودا سه‌وز ده‌بێ و چوارده‌وری زه‌بوون ده‌کا.
تڕته‌پان: د. گیانداری ته‌مه‌ڵی ته‌وه‌زه‌ل.
تڕحێو: تڕهێو.
تڕ زل: بریتییه له مه‌ردوومی به‌فیز.
تڕشکێن: که‌سێکه که شکابێ و ته‌ریق بووبێته‌وه. (تڕ شکێنکردن) ته‌ریقکردنه‌وه‌ی یه‌کێک.
تڕکه‌ن: گیاندارێکه که زۆر تڕ به‌ربداته‌وه.
تڕکه‌ندن: تڕبه‌ردانه‌وه.
تڕله‌یلی: بریتییه له مه‌ردوومی بێ نموودی هیچ و پووچ.
تڕلێدان: تڕکه‌ندن. بریتییه له خۆهه‌ڵکێشان.
تڕن: تڕکه‌ن. بریتییه له گیانداری بێ کاره‌ی هیچ و پووچ.
تڕنوسقاو: چه‌ورییه‌کی که‌مه که بکه‌وێته سه‌ر ناوی گۆشتی کولاو: گۆشته‌که ئه‌وه‌نده له‌ڕه (تڕنوسقاو)ی به‌سه‌رده‌وه نییه.
تڕنیسق: کۆتره باریکه.

ترۆ: تووڕە.

تڕ و زڕ: دەعیە و دەماری بێ جێ.

ترۆکردن: دەرکردنی یەکێک بەسووکی.

ترۆڵ: ل. شیاکە.

ترۆلاق: ل. ترۆڵ.

ترەتڕ: فیز و دەمارکردن بەسەر یەکێکدا: چ (ترەتڕ)یکتە، یا چ (ترەتڕ)ێکم بەسەردا دەکەیت؟

ترەک: ز. پیاو و ژنی داوێن پیس.

ترەکـەلەکی: بریتـیـیـە لە کـارێک کـە باش بنج و بناوانی نەبەسترابێ و لەوانەبێ کە سەر نەگرێ و برووخێ.

ترەمەرۆ: بریتـیـیە لە تفەنگ و دەمـانچـەیەکی خـراپ کـە کـەم گوللەی بڕوا.

ترەوڕاوێ: د. چەنەبازی سازندە.

ترهێو: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە ڕووی گاڵتەکردن بەکەسێکەوە کە قسەیەک یا کارێک بکا و جێی خۆی نەگرێ.

تڕیزە: د. قنگ.

تڕین: ترکەندن.

ترس: چونێتییەکە دێ بەسەر گیانداردا لە کاتی بینین یا بیستنی شتێکەوە کە گیـانی لێی سڵ بکا و دڵی بکەوێتـە گـورپە گورپ.

ترسان: هاتنی ترس بەسەر گیانداردا.

ترساندن: ترس خستنە دڵی یەکێکەوە.

ترسانن: ترساندن.

ترساو: گیاندارێکە کە ترسابێ.

ترسناک: شتێک یا شوێنێکە کە مەترسی لێ بکرێ.

ترسنۆک: گیاندارێکە کە زۆر بترسێ.

ترسەترس: پارێزگاری لە شتێک بەترسەوە: بۆچی بە(ترسەترس) دێیتە ژوورەوە؟

ترسیان: د. ترسان.

ترسێن: ترسێنەر.

ترسێنەر: شتێکە کە مەردووم بترسێنێ.

ترش: بەری دارێکە بەهێشوو دەیگرێ دەنکی وەک نیسک وایە. شـتـێکە لە دەمـدا تامی وەک سـمـاق وابێ. بریتـیـیـە لە مەردوومی ڕووگرژ.

ترشان: ترشبوونی شت بەهۆی کۆنبوون و مانەوەیەوە. وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەیەکێک کە نوستبێ: فـیـسار کەس (ترشاوە) واتە پەندەمووسی کردووە.

ترشاو: شتێکە لەبەر کۆنی ترش بووبێ. چێشتی مزرۆکە. ناوی کان (معدن) کە لە خۆیدا ترش بێ. نوستوو.

ترشتە: د. ترێشتە.

ترشک: ز. هەموو خواردەمەنییەکی شلی ترش.

ترشکە: ترشۆکە.

ترش و تاڵ: بریتییە لە مەردوومی ڕووگرژی مۆن.

ترش و تەڵاش: چێشتی چەوەندەر بەترش.

ترش و شـیـرین: شـتی مێـخـۆش. جـۆرە شـەربەتێکە لە دۆشـاو و ترشی سماق دروست دەکرێ.

ترشۆک: ز. ترشۆکە.

ترشۆکە: گیایەکی بەهاریی گەڵاپانی درێژکۆلەی ترشە.

ترشەڵۆک: شتی ترشاوی ناخۆش.

ترشەڵووک: ترشەڵۆک.

ترشـیـات: جـۆرە ترشـیـیـەکـە لە سـرکـە و سـەوزەواتی چنراو دەگیرێتەوە.

ترشی: لەپە برنجـێکە ترشی تێ کـرابێ. تامـێکە وەک تامی بەرسیلە.

ترغەل: ز. شلەپەتە.

ترفاڵ: د. تلپەی شت.

ترفە: ترپە.

ترقە: هەڵووژە سیقەتۆردیی.

ترکانی: جۆرە سەمایەکە لەگەڵ جووڵاندنی ئەندامدا.

ترکەش: تەنیشت.

ترنج: نارنج، ترنجـۆک: جـۆرە نەقـشـێکە لە قـاڵی و شـتی تر دەکرێ.

ترنجان: گیربوون و چەسپبوونی شتێک لەناو شتێکدا.

ترنجاندن: گیرکردنی شتێک لە شتێکدا.

ترنجانن: ترنجاندن.

ترنجۆک: جۆرە گیایەکی گەڵاپانە بۆنی وەک نارنج وایە.

ترنجوو: تیغی برندە.

ترنجە: ز. پەیژە و پیپیلکە.

ترنجەبین: جۆرە شەربەتێکی مزرە وەک سکەنجەبین.

ترنجەمین: ترنجەبین.

ترنجیان: د. ترنجان.

ترنگ: تراو: پلە و پایەی بەرز (د). پلێتۆک (د).

ترنگە: دەنگێکە وەک دەنگی تەلی تار و عـوود. (ترنگەترنگ) ترنگەی یەک لە دوای یەک. (ترنگ و هوڕ) ترنگەترنگی زۆر. پلتەقاندن (د).

ترۆزی: خواردەمەنییەکە وەک خەیار.

تروسک: گیانداری چالاک.

تروسکان: تروسکانەوە.

تروسکاندن: تروکاندنی چاو.

تروسکانن: تروسکاندن.

تروسکانەوە: ڕووناکیدانەوەی چرا و ئاگر و بروسکە لە دوورەوە.
تروسکایی: ڕووناکییەکی کەم: چاوی بەئاستەم (تروسکایی) دەکا.
تروسکە: تروسکایی: بروسکە.
تروسکیانەوە: تروسکانەوە.
ترووشکە: د. ترشۆکە.
تروقیان: د. ترووقە.
ترووقانن: د. ڕەتاندن.
ترووقە: د. شکان و ڕاکردن.
ترووکاندن: هەڵبڕین و دانانی پێڵووی چاو. دەست بەپەلەپیتکەداهێنانی چەک بەبێ فیشەک. کونکردنی هێلکە بەدەنووک لەلایەن مریشکەوە بۆ دەرهێنانی جووجەڵەکەی. دەرهێنانی ناوکی تۆکوولەکە و تۆ بێستان بەددان.
ترووکایی: تروسکایی.
ترووکە: ترووکایی.
تروۆم: د. نەژاد و ڕەسەن.
ترە: ز. ترێ.
ترەقە: تریقەی پێکەنین (د). تەرەقە.
ترەقیان: د. پێکەنین.
ترەک: د. درز و قڵیشی شت.
ترەکان: درزبردنی شت. بریتییە لە زانی سەگ و بەراز.
ترەکاندن: قەڵەشاندنی شت.
ترەکیان: ترەکان.
ترەکین: ترەکان.
ترەو: هـ. توور.
ترەوکە: هـ. خەرتەلە.
ترەوژە: کۆرکۆرە.
ترێ: بەری درەختی مێوە کە بەهێشوو دەیگرێ.
ترياک: تلیاک.
ترياکخۆر: کەسێکە هۆگری خواردنی تلیاک بووبێ.
ترياکی: کەسێکە کە زۆر ترياک بخوا.
تریان: قووڵینە.
تریانە: سەبەتە.
تریسکە: شەوقی شووشە و گەلێ شتی تر، (تریسکەتریسک) تریسکەی یەک لە دوای یەک. (تریسک و هوڕ) تریسکە تریسکی زۆر. مۆڕبوونەوە و گوێ قوتکردنەوەی ئێستر لە کاتێکدا کە بگاتە شێوێک یا کەندەلانێک.
ترێشتە: تەشوێ.
تریشقە: بروسکەی هەور کە بدا لە شتێک.
ترێقە: د. تریقەی پێکەنین.
تری: ز. ترێ.
تریت: نانێکە کە گوشرابێتە شتی شلەوە.
تریفە: شەوقی مانگ. (تریفەتریف) تریفەی یەک لەدوای یەک. نەخۆشییەکی ئاژاڵە سییەکەی دەنووسێ بەلای ورگییەوە. ناوی دێیەکە لە تەنیشت هەڵەبجەوە. جۆرە دەردێکە لە تینوێتییەوە تووشی ئاژاڵ و وڵاخ دەبێ ڕیخۆڵەی ڕەش دەکا.
تریفەتێکەوتن: بریتییە لە زۆر تینووبوون.
تریقە: دەنگی پێکەنینی بەرز. تریقەتریق: تریقەی یەک لەدوای یەک. (تریق و هوڕ) تریقەتریقی زۆر.
تریکاندن: قیژاندن.
تریکە: قیژە.
ترین: پیتێکە باوی ناوێک لەناو چەند ناوێکدا دەدا لە صفەتێکدا کە لە هەموویاندا ببێ بەڵام لەمیاندا زیاتر بێ: سەردار زیرەکترینی کوردەکانە، واتە ئەم لە هەموویان زیرەکترە.
تزبە: ز. تەزبێح.
تژی: زۆر. شتی پڕ: چاڵەکە تژی بوو (با). پرد (ز).
تس: بایەکی بۆگەنە لە قنگی گیاندار بەبێ دەنگی دێتە دەرێ.
تسدانەوە: بریتییە لە سەرنەکەوتنی یەکێک لە ئەنجامی کارێکدا و دەست لێ هەڵگرتنی.
تسقل: د. جۆرێکە لە بەری دار مازوو.
تسقڵە گورگانە: گیایەکە وەک قارچک ناوەکەی بەتەڕی وەک سیریژ و بە وشکی وەک خەنە وایە.
تسکەن: کەسێکە زۆر تس بکەنێ.
تسکەندن: تس بەردانەوە.
تسڵەگورگانە: هـ. تسقڵە گورگانە.
تسن: تسکەن. بریتییە لە مەردوومی تەمەڵی تەوەزەل. ناوی دێیەکە لە ناوچەی کەرکووک.
تسوێ: توێسی.
تسەک: کەوش.
تسی: ز. نانی بێ پێخۆر.
تسین: تسکەندن.
تش: هـ. ترش.
تشاو: هـ. مزرۆکە.
تشت: ز. شت.
تشرین: ناوە بۆ دوو مانگ لە ناوەندی ئەیلوول و کانوونی یەکەمدا لە ساڵی ڕۆژی، تشرینی یەکەم مانگی دەیەمە و سی و یەک ڕۆژە، تشرینی دووەم مانگی یازدەهەمە و سی ڕۆژە.
تشڵەکەین: هـ. شۆربای ترشی.

تشین: هـ. لەپەترشی.
تف: ناوێکی لینجە هەمیشە لە ژێر زبان و ناوەدەمدا هەڵدەقوڵێ
تفاق: پێویستانی ناوماڵ لە نازووقە و شتی تر.
تفاندنە ناودەم: بریتییە لە دەرسدانی یەکێک: منداڵەکانی نەریمان هەموو دایکیان (تفاندوویەتیە دەمیانەوە) واتە فێری ڕەوشتی خۆی کردوون.
تفاندنە دەم یەک: بریتییە لە دوو کەس یا زیاتر کە لە قسەیەکدا هەموو وەک یەک وابن: دارا و دلێر دەڵێی (تفاندوویانەتە دەم یەک) واتە دەڵێی خەبەریان لە یەک گێڕاوەتەوە لە قسەکەدا.
تفاندنەوە: فڕێدانی خواردەمەنی ناو دەم لەگەڵ تفدا لەبەر شتێک.
تفت: تامێکە لە ناوەندی تاڵ و ترشدا وەک تامی مازووی هاڕاوە، دەم تورت دەکا.
تفتی: دانوولە: (ز). بوونی شت بەتفت.
تفسک: با. هەنجیرە کێویلە.
تفک: ز. سێکوچکەی ژێر مەنجەڵ.
تفکردن: ڕۆکردنی تف.
تفکردنەوە: تف فڕێدانی زۆر لەبەر شتێکی ناخۆش.
تف لێکردن: تفکردن لە یەکێک لەسەر شتێکی خراپ.
تفەڕەوەن: هـ. شاتوو.
تفەک: ز. تفەنگ.
تفەنگ: چەکێکی درێژی سووکی لوولەدارە گوللەی پێ دەتەقێنرێ.
تفەنگاوێژ: ماوەی هاویشتنی گوللەیەک بەتفەنگ: لێرەوە تا بناری گوێژە (تفەنگاوێژێکە).
تفەنگتەقێن: تفەنگاوێژ.
تفەنگچی: کەسێکە کە نیشان بەتفەنگ باش بپێکێ.
تفەنگساز: کەسێکە کە تفەنگ بەدەست دروست بکا.
تفی: هـ. توو.
تفیریک: ز. گوێزەپانە.
تفینەوە: تفکردنەوە.
تقر: با. توو.
تڤیلک: ز. پۆڕ.
تک: بریتییە لە ئەندازەیەکی کەم لە شت. دڵۆپێک لە شتی شل.
تکا: ڕوونان لە یەکێک بۆ شتێک.
تکاکار: تکاکەر.
تکاکردن: تکا.
تکاکەر: کەسێکە کە تکایەک بکا.

تکاندن: شتی شل کردنە ناو شتێک بەدڵۆپ.
تکانن: تکاندن.
تکە: دڵۆپەی هەموو شتێک. تکەتک: تکەی یەک لە دوای یەک.
تکەکردن: دڵۆپەکردن.
تگر: تەرزە.
تگە: سابرێن. نارەزووکردنی بزن بۆ سابرێن: بزنەکە هاتووەتە (تگە).
تگەگرتن: جووتگرتنی بزن لەگەڵ سابرێندا.
تل: تاوێرەبەرد. پەنجە (ز).
تل: با. ورگ.
تڵ: چڵێک لە سەوزایی. پیسیی شلی ناژاڵی وردە. سەگی توولە. شتی بێ هاوتا (د). شتی هەڵبژاردە (د).
تلا: ل. تەلا.
تلار: ز. تەمەڵ.
تلان: د. گلان. تلخواردن.
تلاندنەوە: تلدان بەشت.
تلانن: تلاندنەوە. گلاندن (د).
تلاننەوە: تلاندنەوە.
تلانەوە: تلخواردنی گیاندار لە پاڵەوە.
تلاوتل: تلبوونەوەی شتێک لە لێژاییەکەوە.
تڵبژێن: د. هەڵبژاردن.
تلبوونەوە: خلبوونەوەی شتێک لە بەرزییەکەوە.
تڵپ: ز. تڵپە.
تڵپە: توێکڵ و گەڵای شتێک کە ئاو و تامی گیرابێ وەک ترێ و تەماتە.
تلتای: هـ. خلبوونەوە.
تلخواردن: تلبوونەوە.
تلدان: پاڵنان بەشتێکەوە بەڕەنگێک کە تل بخوا.
تڵف: د. تڵفە.
تڵفار: د. تڵفە.
تڵفە: د. تڵپە.
تڵقە: شڵقەی مەشکە و کوندە و شتی تر. (تڵقەتڵق) تڵقەی یەک لەدوای یەک.
تلک: تیلماسکێک لە ترێ.
تلکردنەوە: تلۆرکردنەوەی شتێک لە لێژییەکەوە.
تاوخوێ: شتی زۆر سوێر.
تلۆر: شتی گلۆربووەوە.
تلۆربوونەوە: گلۆربوونەوەی شتێک لە لێژییەکەوە.
تلۆل: ز. لیتە و قوڕ.

تلۆلۆک: ز. حەلوای شەکر کە بەناردی برنج کرابێ.

تلّوخ: ز. ژنی کاولّیی بێ شەرم. شتێکی تایبەتییە سەهۆڵ و بەفری تێ دەخرێ.

تلّە: د. نێلّەی ئاگر. (تلّەتلّ) نێلّەنێلّ.

تلیاک: شیرەی گولّی خاشخاشە خۆش دەکرێ و بۆ گەلێ شت بەدەرمان دەشێ.

تلیاکخۆر: کەسێکە کە هۆگری خواردنی تلیاک بووبێ.

تلیاکی: کەسێکە زۆر تلیاک بخوا.

تلیاگ: د. کەسێکە کە گلابێ. شتێکە کە گلۆر بووبێتەوە.

تلیان: قوولّینەیەکە لە تووڵ دروست دەکرێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی (قەلّاسێوکە). تلخواردن (د). گلان (د).

تلّیان: د. تلّین.

تلیانە: تلیانی قوولّینە.

تلێر: د. تلۆر.

تلێران: هـ. تلۆربوونەوە.

تلێربوونەوە: گلۆربوونەوە.

تلی: ز. پەنجە.

تلیس: تلّیس.

تلّیس: د. شتی تەڕی خووساوە.

تلّیسان: تلّیسانەوە.

تلّیساندن: تلّیساندنەوە.

تلّیسانن: تلّیساندن.

تلّیسانەوە: تلّیساندنەوە.

تلّیسانەوە: خووسانەوەی هێندێ شت بەهۆی تەڕبوونییەوە. بریتییە لە مردنی یەکێک.

تلّیسانەوە: تلیسانەوە.

تلیساو: شتی تەڕبووی خووساوە.

تلّیساو: تلیساو.

تلیساوە: تلّیساو.

تلّیساوە: تلّیساو.

تلیسیانەوە: د. تلّیسانەوە.

تلّیش: قلّیش.

تلّیشان: قلّیشان.

تلّیشاندن: قلّیشاندن.

تلّیشانن: قلّیشانن.

تلّیش بردن: تلّیش تێبوونی شتێک.

تلّیشیان: د. قلّیشان.

تلیلی: ز. تلیلیلی.

تلیلیلی: هەلهەلەکێشان لە شاییدا.

تلّین: د. هێشتن. دووچاربوون.

تما: ز. تەمەع.

تماشا: تەماشا. (تماشاکردن) تەماشاکردن.

تماق: هـ. جامی ئاوخواردنەوە.

تماندن: نەواندنی شتێک: سەری خۆی (تماند) واتە نەواندی.

تمەز: تومەز.

تمەن: ناوە بۆ دە قرانی ئێرانی.

تن: قنگ (د). توند: (تن) بەستم واتە توند بەستم.

تناز: ز. نانکردن.

تناور: ز. گیانلەبەر.

تنراو: چنراو.

تنگێلّکە: کوندە و مەشکەیەکە زۆر پڕکرابێ لە ئاو یا شتی تر. بریتییە لە گیاندارێک لەبەر زۆرخواردن تەنگەتیلکە بووبێ: خۆی (تنگێلّکە) کردووە.

تننە: ز. نییە.

تنۆک: دلّۆپ.

تنە: ز. تننە.

تۆ: بەکەسێک دەوترێ کە قسەی لەگەڵ بکەیت. کەرە (ز).

توێ (د). تۆو: هێشتا خەیار (توێ)ی نەکردووە.

توانا: تەوانا.

توانایی: تەوانایی.

توانج: سەرکۆنەکردن و قسە هاوێتن بۆ یەکێک.

توانین: تەوانایی و دەسەلّات بەسەر شتێکدا.

توایهم: پیتی پەسندکردن وەک ئافەرین.

تۆپ: تەمووی ئاش. شتێکی خڕی سووکە مندالّان یاری پێ دەکەن. چەکێکی گەورەی لوولەدارە گوللەی پێ دەهاوێژرێ. دارێکی درێژە سەرەکەی پەڕۆی پێوە دەبەستن و گونجی ناوی پێ تۆیکەشی دەکەن. پیتی تێکڕایی: (تۆپ)ی جاف چوون بۆ کوێستان واتە هەموویان. ئەندازەیەکی تایبەتییە لە قوماشی قەدکراو: (تۆپ)ێک فاسۆنم کڕی.

تۆپ ئاگردان: بریتییە لە نابووتبوونی یەکێک.

تۆپان: د. تۆپ تۆپێن.

تۆپاندن: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بۆ کوشتنی گیاندارێک.

تۆپانن: تۆپاندن.

تۆپتاو: د. تۆپتۆپێن.

تۆپتۆپێن: یاریکردن بەتۆپ.

تۆپچی: کەسێکە کە تۆپ ئاگر بدا. بریتییە لە مەردوومی هیچ نەزان.

تۆیز: داردەستێکە وەک کوتەک بەلّام ئەم سەرەکەی قیر و بزماری پێدا دادەکوترێ.

تۆپقاڕ: یاریی قەلەمرداریّ.

تۆپقارێن: تۆپقاڕ.

تۆپکەشی: تۆپدان لە گونجی ناوی گیراو بۆ بەردانی.

تۆپلاخ: کۆسپایی.

تۆپلاخە: تۆپلاخ.

تۆپەڵ: قوڕ و گەچ و هێندیّ شتی تر کە بەدەست خڕ هەڵدرابیّ.

تۆپەڵە: تۆپەڵ.

تۆپەڵەبوون: گرمۆڵەبوونی شت.

تۆپەڵەشەڕیّ: شەڕەتۆپەڵ.

تۆپەوانە: پارچە پەڕۆیەکی پێچراوەی خڕ هەڵدراوە دەناخنرێتە دەمی کووپە و گۆزە.

تۆپێن: یاریکردن بەتۆپ.

تۆپیگ: تۆپیو.

تۆپین: وتەیەکە لە باتی وتەی مردن بەکاردێنریّ لە رووی سووکییەوە بۆ سەگ و بەراز و هێندیّ گیانداری تر. بریتییە لە نوستن (لە رووی سوکییەوە دەوتریّ بەیەکێک).

تۆپیو: مردارەوەبوو. نوستوو، (لە رووی سووکییەوە دەوتریّ).

توت: ز. دەنگێکە سەگی پیّ دەردەکریّ.

تۆت: ز. کوندەبەبوو.

تۆتکە: ئارام و سرەوت.

تۆتکەخواردن: توێتکەخواردن.

تۆتکەگرتن: توێتکەگرتن.

تۆتۆیی: کولێرەیەکە توێ توێ دروست دەکریّ و پیاز و کاکڵە گوێزی تیّ دەکریّ.

تۆتیا: کل. رۆح تۆتیا. بریتییە لە شتی زۆر ورد: ئاردەکە بووە بەتۆتیا واتە وەکو تۆتیا وردە.

تۆخ: هەموو جۆرە ڕەنگێکی تێر.

توخس: گیانداری چەمووش.

توخم: تۆو. نەژاد و ڕەسەن (د).

توخن کەوتن: قەرەکەوتن و نزیکبوونەوە لە شتێک.

توخوب: با: سنوور.

توخوت: ز. ئیزرەم لە شت.

تور: مەردوومی تر. (تورەتور) ترەتر.

تۆر: تۆران: (تۆر)ی کردووە واتە تۆراوە.

تۆراخ: ماستێکە کرابێتە کیسەوە و ئاوەکەی ڕۆیی بیّ. هیزە (د). مەشکە (د).

تۆراغ: تۆراخی ماست.

تۆراغان: د. تۆراغدان.

تۆراغدان: دەفرێکە تۆراغی ماستی تیّ دەکریّ.

تۆران: دڵگیربوون لە شتێک و دەست لیّ هەڵگرتنی.

تۆراندن: دڵگیرکردنی یەکێک بەڕەنگێک کە بتۆریّ.

تۆرانی: ز. تۆرتۆرە. سەگێکە کە تۆرا نەتەیەوە ماڵی خاوەنی.

تۆراو: کەسێکە کە تۆری کردبیّ.

توربە: جۆرە کیسەیەکی گەورەی تەنراوە شتومەکی تیّ دەکریّ.

تورت: شتێکە لە شکانا زوو بپەڕیّ. جۆرە تامێکە لە تفت کەمتر.

تورتبوونەوە: پنربوونەوەی شت.

تۆرتۆر: ز. جۆرە ترێیەکی ڕەشی دەنک پچووکە.

تۆرتۆرە: ز. کەسێکە لەبەر تەمەڵی هەڵنەسووریّ و نان پەیا نەکا.

تۆرتەماڵ: د. لاپاڵ و هەڵدێرگە.

تۆڕ: وڵاخی بزێو. شتێکی چنراوی کون کونە ماسی و پەلەوری پیّ ڕاو دەکریّ. کەوباڕ. پەردەیەکە لە چاویەشەوە پەیدا دەبیّ بەسەر چاودا دەکشیّ.

تۆڕتۆڕاویلکە: شتی زۆر تراو.

تۆڕتۆڕکاو: تۆڕتۆڕاویلکە.

تۆڕتۆڕە: تۆڕتۆڕاویلکە.

تۆڕەوان: کەسێکە بە تۆڕ ماسی و پەلەور بگریّ.

تۆڕی: گیانداری خوێڕی.

تورش: ترش.

تورشیات: ترشیات.

تورشیاگ: د. شتێکە کە ترشابیّ.

تورشیان: د. ترشان.

تورشی: ترشی.

تۆرکردن: تۆران.

تورمە: زیوی پاکی بیّ خەوش. ئاوریشم: ئەم کاغەزە یا ئەم شاڵە (تورمە)یە.

تورنتە: باڵندەیەکە لە واشە پچووکترە ڕاوی چۆلەکە و کۆتر دەکا.

توورمتە: د. هەڵەکە سەما.

تۆرینۆک: کەسێکە کە زۆر بتۆریّ.

تۆری: ز. چەقەڵ.

تۆرین: تۆران.

تۆز: گەرد و وردە خۆڵێکە کە لە شت ببێتەوە. شتێکی زۆر کەم: (تۆز)یّ ئاوم بەریّ واتە کەمێک.

تۆزاڵ: تۆزقاڵ.

تۆزقاڵ: کەمێک لە شتێک.

تۆزکردن: بریتییە لە ئاژاوەنانەوە: فیسارکەس لەهەر شوێنێک بیّ (تۆز دەکا) یا خۆی لێرەیە و کلکی لەویّ (تۆز دەکا).

تۆزلانە: د. تۆزاڵ.

تۆزلقان: تۆزقاڵ.

تۆسی: د. توێسی.
تۆسقاڵ: تۆزقاڵ.
تۆشل: ز. توێکڵی دار.
تۆشە: توێشوو.
تۆشەبەرە: توێشەبەرە.
تۆشەدان: تێشوودان.
تۆف: کاتی سەرما و بەفر و با.
تۆفاڵ: د. تلپە.
تۆفل: د. تۆشل.
تۆفە: مووری دیوار: ئەم دیوارە (تۆفە)یە، واتە بەموور کراوە.
تۆڤ: ز. تۆو.
تۆقاندن: ترساندن. تەقاندنی بلۆق.
تۆقانن: تۆقاندن.
تۆقکردن: ماندووبوونی منداڵی ساوا لەبەر زۆر گریانی.
تۆقلە: شوێنێکە لە ئەندام کە هەڵتۆقیبێ.
تۆقلەکردن: هەڵتۆقین.
تۆقیان: د. تۆقین.
تۆقین: زۆرترسان. تەقین.
تۆک: د. توێک.
تۆکل: د. توێکڵ.
تۆکمە: شتی قورسی پتەو.
تۆکمەچی: کەسێکە شتی تۆکمە دارێژێ.
تۆل: جۆرە تەنراوێکی دەستییە سەوز دەکرێ و دەکرێ بەکاڵا. کوڕی لاو. سەگێکە کە تووکی کورت بێ (ز). حەیف (ز).
تول: د. توولە.
تۆلا: تەلاشێکی ئەستوورە لە پەنیر و گەزۆی داگیراو. تەلا.
تۆلاز: ز. کەسێکە هیچ شتێکی پێ نەنگ نەبێ.
تۆلاش: تەلاش.
تۆلاشە: د. تەلاش.
تولە: ل. تۆڵەکە.
توڵە: توولە.
تۆڵە: پاداشی چاکە یا خراپەدانەوە. بژاردنی شتێک: لە (تۆڵە)ی ئەسپێکدا ماینێکم دا.
توڵەک: گیاندارێکە کە تووکی وەربێ. (توڵەککردن) هەڵوەرینی تووکی گیاندار.
تۆڵەکە: گیایەکی بەهاری گەڵا گردە دەکوڵێنرێ و بۆ ڕەوانی دەخورێ.
تۆم: تۆو.
تۆماتێز: تەماتە.
تۆمار: چەند کاغەزێکی نووسراوی جوانی خەتخۆشە کە بە سرێش لە یەک درابێ و لوولەکرابێ بۆ ئەوەی کە قوتابی بەر و دوا بیخوێنێ و لە بەری بنووسێتەوە و لە سەری فێری کاغەزنووسین و خوێندنەوە بێ.
تۆمانی: ز. جۆرە هەرمێیەکە.
تۆمپز: هـ. مستەکۆڵە.
تۆمە: تۆو.
تومەز: وتەیەکە دەبێژرێ لە کاتێکدا کە بەتەمای شتێک بووبێت و کەچی بەپێچەوانەی ئەوە شتەکە بووبێ: چووم بۆ لای فیسار کەس کەچی لەوێ نەبوو (تومەز) لەپێش مندا چووبووە دەرێ، یا چووم بۆ فیسارە شوێن کەچی فیسار کەس لەوێ بوو (تومەز) ئەویش بانگ کرابوو.
تون: توند.
تونبوون: توندبوون.
تونجک: ز. پەرچەم.
توند: شتێکە شل نەبێ. شتی قایم کە لە شوێنی خۆی نەلەقێ: ئەم سنگە (توند)ە واتە نالەقێ. مەردوومی تووڕە. شتی کەسکین. خێرا: (توند)بڕۆ واتە خێرا بڕۆ.
توندبوون: تووڕەبوون. قایمبوونی شت.
توندبوونەوە: خەستبوونەوەی شتی شل. قایمبوونەوەی شتی لەقیو.
توندکردن: تووڕەکردن.
تاودانی ولاخ: تاریکبوونی بەری ئاسمان بەهەوری تاڵ. قایمکردنی شت.
توندکردنەوە: قایمکردنەوەی شتی لەق. خەستکردنەوەی شتی شل.
توندە: برێتییە لە چێشتی قوبوولی و پلاو.
توندی: کەسکوونی. سەختی و ئاڵۆزی. تووڕەیی.
تونگ: توند. گۆزە (د). شەربە (د).
تونگبوون: توندبوون.
تونگبوونەوە: توندبوونەوە.
تونگکردنەوە: توندکردنەوە.
تونگە: بەن یا دەزوویەکە جۆلا لەپاش ڕایەڵکردنی دەیکا بەگلۆڵە. پارچەیەکی تەنراوی سفتی هەڵدرواوە وەک جەوەندە ئاوی تێ دەکرێ. توندە. شەربە و گۆزە.
تونگی: توندی.
تونی: توندی.
تونەوبوون: د. توندەوەبوو.
تونەوکردن: د. توندکردنەوە.
توو: درەختێکی بەرزی گەڵاپانە بەرێکی وردی شیرین دەگرێ لە بەهاردا. بەری داری توو. تۆو. تۆ: توێژ (د). توێی شت (د).

تۆو: چەند دەنکێکە لەناو بەری هەموو میوە و سەوزییەکدا هەر حەلێ بنێژرێ دەڕوێ.

توا: د. شتی توێبوو. تواکردن توێکردنی شت.

تواشا: د. تەماشا.

تواشاخانە: د. تەماشاخانە.

توانا: د. تەوانا، تەوانایی: (توانا)م نییە.

توانایی: د. تەوانایی.

تواندنەوە: شلکردنەوەی شت بە ئاگر.

توانشت: د. تەوانایی.

توانەوە: شلبوونەوەی شت بە هۆی گەرمی یا تەڕییەوە.

تووبرە: ل. توورەکەی سەری ولاخ.

تووبەرە: د. توورەکەیەکە تۆوی تێ دەکرێ بۆ سەر زەویوزار بۆ چەندن.

تۆوبێستان: تۆوی کاڵەک و شووتی.

تووت: ل. توو.

تووتاک: ز. قومری.

تووتانن: د. دواندن و سەرنانە سەر بۆ هێنانە قسە.

تووترک: جۆرە درکێکی هەمیشە سەوزە لە گەلا و بالادا وەک گوڵەباخ وایە بەرێکی مێخۆشی خڕ دەگرێ وەک شاتوو بەلام ئەم وردترە.

تووترواسک: مەلێکە وەک چۆلەکە بەلام ئەم کلکی درێژترە و زۆر بزێوە.

تووتک: بەچکەی سەگ. تووتی (د).

تووتکە: تووتک. کرمێکە کەسێک کە هاربووبێ دایدەنێ.

تووتم: د. ترشی سماق.

تووتن: گیایەکی گەلاپانی تاڵە دەچێنرێ لە پاشا وشک دەکرێ و بە جگەرە یا قەندە یا سەبیل یا نێرگەلە دەکێشرێ.

تووتنانە: شەکر یا دراوێکە ئاغادێ لە خاوەن تووتنی دەسێنێ.

تووتنەوان: کرێکارێکە تووتن بەرهەم بێنێ.

تووتە: پەنجە پچکۆلەی دەست و پێ. تووتکە سەگ. سەگ (هـ). گۆشتێکی زیادە لەسەر پێڵووی چاو پەیدادەبێ (د).

تووتەکۆڵە: هـ. تووتکە سەگ.

تووتەڵە: تووتک.

تووتی: باڵندەیەکی سەوزی سەر خڕی دەندووک کەوانەییە بەقەد واشەیەک دەبێ دەڵێن فێری هێندێ وتە دەبێ.

تووجی: د. بلاوکردنەوە. بەشکردن.

تۆوچان: چارەکەیەکە تۆوکەر تۆوی تێ دەکا بۆ چاندنی.

تووچانن: د. فلیقاندنەوە. پانکردنەوە. کوتان.

تووچن: د. شتی لینج.

تۆوچێن: کەسێکە کە تۆو بووەشێنێ بەزەوییدا.

تووەدرک: تووترک.

توور: گیایەکی پایزیی توونی گەلاپانە سەلکێکی گەورەی توونی کلکداری هەیە دەخورێ. جەواڵی پچووک (ز).

تووراق: ز. تۆراخ.

تووڕاندن: فیڕاندن. هەڵتیزاندنی ولاخ.

تووڕدان: فڕێدانی شتێک.

تووڕک: تووترک، توورک.

تووڕکە: زەویی سوورکاری دادڕ دادڕ.

تووڕە: کەسێکە زۆر زویر ببێ و هەڵچێ. (تووڕەبوون) زویربوون و دڵگیربوون. (تووڕەکردن) زویرکردن و دڵگیرکردن.

تووڕە و ترۆ: کەسێکە لە خۆیەوە هەڵچێ و زویر ببێ.

تووڕەیی: بوونی مەردووم بەتووڕە.

توورک: ز. چەقەڵ.

توورە: ز. لقی مێو و شتی تر.

توورەکانە: بەشێکە لە خەرمان کە دەدرێ بە سەرکاری ئاغادێ.

توورەکە: دەفرێکە هەڵدەدروێ بۆ شت تێکردن.

توورەکەڕێژ: گردێکە لە گڵ کە بەکۆڵی مەردووم دروست کرابێ.

تووز: درەختێکە چووز کرابێ. تۆز (ز).

تووزان: خلیسکان. چووزانەوە (د).

تووزانن: د. چووزانەوە.

تووزانەوە: چووزانەوە.

تووزک: ز. گیای توون.

تووزکردن: پەیوەندکردنی درەخت.

تووزیان: کسپە و چووزانەوە. هەڵخلیسکان.

تووزیانەوە: د. چووزانەوە.

تووژ: توێژ (د). تیژ (ز).

تووژاڵ: د. توێژاڵ.

تووژگ: توێژ (د). خەنجەر (ز).

تووژی: د. تووجی.

تووش: گیانداری چەتوون. ڕۆژی سەرما و سۆڵە. ڕێوبانی سەخت.

تووشاڵ: د. توێژاڵ.

تووشبوون: گەیشتنی دوو شت بەیەک. بریتییە لە دووچاربوون بەچورتمێک.

تووشک: د. تووژگ.

تووشکردن: دووچارکردنی یەکێک بەچورتمێک.

تووشیار: د. دووچار. گەیشتنی دووکەس بەیەک. (تووشیاربوون) دووچاربوون. بەیەکگەیشتن.

تووفانە: د. مێشووڵە.

تووک: مووی گیاندار. ڕەوشت و خوو (با). کەیف: فیسار کەس بە (تووک)ە.

تووکانن: د.ترووکاندنی هێلکه.
تووکرِوونی: بریتییه له بوون و دڵنیایی و بێ خەفەتیی یەکێک: فیسار کەس زۆر (تووکی روون)ە.
تووککردن: دەرهاتنی پەڕ له بەچکەی باڵندە.
تووکن: شتی تووکدار.
تووکنه: تووکن. زەڕنەقووته.
تووکه: د. پرووشەی باران. تووکەتووک: پرشەکردنی باران.
تووکەکردن: بارانی وردبارین.
تووکەسەر: کەسێکه بە سەرنانەسەری توورە بووبێ. (تووکەسەربوون) توورەبوون و رق هەستان. تووکەسەرکردن: توورەکردن و رق هەستاندن.
تووکەی سمێڵ هاتن: بریتییه له کەیفخۆشی و بزەگرتن.
توول: جۆرە برنجۆکێکه.
تووڵ: لقی باریکی تازەی نەرمی درەخت. قەڵەم (د).
تووڵبڕ: بریتییه له کەسێک که بەدیەن بەشتێکەوە خەریک بێ و کەچی بەدڵ گوێی بۆشتێکی تر هەڵخستبێ: فیسار کەس و فیسار کەس قسەیان دەکرد من خۆم لێ کردن به(تووڵبڕ).
تووڵکێش: ڕاکێشانی تووڵی مێو بەسەر زەویدا و داپۆشینی له هێندێ لاوە بەگڵ تا لەو جێگایانەوە ڕەگ دابکوتێ و بڕوێ، ئینجا ناوەندەکانی ببڕێ تاکو هەریەکە ببێ بەمێوێکی سەربەخۆ.
تووله: جۆرە سەگێکی پچووکه.
توولەزدڕە: تووڵەزەڕە.
تووڵەزەڕە: گیایەکی هاوینییە بەرێکی سووری وردی مزری ناسکی هەیه.
تووڵەک: مەردوومی گەنجی تازە پێگەیشتوو. گیاندارێکه که تووکی وەربێ.
تووڵەک: ڕێوییەکه تووکی وەربێ. (تووڵەکبوون) وەرینی تووکی ڕێوی. (تووڵەککردن) تووڵەکبوون.
توولەمار: ماری باریکی پچووک.
تووڵی سەوز: گیایەکی لق لقه بەرێک دەگرێ وەک گوێز بەڵام ئەم درێژکۆلەیه.
تووڵینه: قووڵینەیەکه که له تووڵی باریک دروست کرابێ.
تووم: د. تۆو.
تووماته: د. تەماته.
تoomه: د. تۆمه.
توومەدان: د. تۆمەدانه.
توومەدانه: د، توومەدان.
توون: شوێنی ئاگرکردنی حەمام. شتی کەسکوون.
تoona: گیانداری دەربەدەر.
توونابوون: دەربەدەربوون. (تووناکردن) دەربەدەرکردن.
تووناوتوون: توونا.
توونچی: کەسێکه له توونا ئاگر بکا.
توونخانه: توونی حەمام.
توورەشه: شاتوو.
توووسووره: جۆرە توویەکی سووری مزره.
تۆی: لۆیەک له شتێک: (تۆی)یەک بەرگم لەبەردایه.
تۆیانه: نوقڵێکه دەخرێتە ناو کاڵای بووکەوە له ماڵی زاواوە دەنێردرێ.
توێتکه: دانیشتن و سرەوتن.
توێتکەخواردن: نارامگرتن و سرەوتن.
توێتکەگرتن: توێتکەخواردن.
توێتوێ: جۆرە گۆرانییەکه دەوترێ بۆ مانگا له کاتی دۆشینیدا. شتی توێ لەسەر توێ.
توێخ: توێکڵێکی تەنکه بەسەر هێندێ شتەوە.
توێژ: چەوورییەکی تەنکه دەکەوێتە سەرماست و شیر بەهۆی کوڵاندنیانەوە. قەتماغەیەکه دەکەوێتە سەر برین و هێندێ شتی تر.
توێژاڵ: توێژی تەنک.
توێژگرتن: پەیدابوونی توێژ لەسەر هێندێ شت. گرتنەوەی توێژی شت.
توێسوو: توێسی.
توێسی: گیایەکی دڕکاوییە لا قەدەکەی بریندار دەکرێ تا جەوی دەربدا.
توێشوو: خواردەمەنییەکه که ڕەفتەنیی لەگەڵ خۆیدا بیبا بۆ ڕێگا.
توێشووبەره: توێشوودان.
توێشوودان: شتێکه که توێشووی تێ دەخرێ.
توێشووکردن: دروستکردنی توێشوو. نانخواردنی بەیانی.
توێشەبەره: توێشوودان.
توێک: توێخ.
توێکردن: توێژاڵ توێژاڵکردنی گۆشت بۆ برژاندنی.
توێکڵ: پێستێکه بەسەر دار و درەخت و میوە و هێندێ شتی ترەوە.
توێڵ: د. تەوێڵ.
توێلاش: تەلاش.
توێڵبەن: د. دەسرۆکەیەکه ژنان دەیبەستن بەناوچەوانیانەوە.
توێری: ز. چەقەڵ.
توێل: ناوچەوان.
ته: ز. تۆ.

تەبا: کەسێکە کە لەگەڵتدا ڕێک بێ: فیسار کەس لەگەڵتدا (تەبا)یە.
تەباخچە: ز. سینی فنجانی قاوە.
تەبارە: کەڵەکێک یا نیشانەیەکە لە ناوەندی دوو شوێندا بکرێ بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری. دەغڵێکە کە هێشتا بەپێوەبێ و درووێنە نەکرابێ. قەبارە.
تەبانە: ز. بانگردێن.
تەبر: ل. تەور.
تەبوور: ز. شەن.
تەبەتۆر: ز. خانووی جاڵجاڵۆکە.
تەبەرزین: تەورزین.
تەبەش: ز. جۆرە مەرێکە.
تەبەق: دەردێکە وەک (شەلکە) تووشی ڕەشەوڵاخ دەبێ و ژێر سمی بریندار دەکا.
تەبەقە: تەبەق.
تەبەقەترانە: شتێکە دەسێنرێ لە یەکێک کە لەناو مەردوومدا تری لێ بەربووبێتەوە.
تەبەک: لەنگەری.
تەبلیە: ل. جۆرە پشتێنەیەکە پێی سەر دەکەون بەدارخورمادا.
تەبنە: سووژنی کلاش چنین.
تەپ: پیسیی ئادەمی یا ڕەشەوڵاخ کە پان بووبێتەوە. فروفێڵ (ز). فێ (با). تەپۆڵکە و گرد (د). کۆمەڵەیەک لە شت.
تەپارک: ز. قوڕ و شیاکەیەکە تێکەڵ کرابێ و دەمی کوورەی هەنگی پێ سواغ درابێ.
تەپاڵە: شیاکەی وشکەوەبوو.
تەپان: گرێژنەی دەرگا. خوانکەی ئاش. گەڵا کوتک (ز).
تەپاندن: قوپاندنی بان و هەموو شتێک کە ژێری بۆش بێ. ئاخنین و پڕکردنی شت: لەکاتی خواردندا زۆری تێ (مەتەپێنە).
تەپانن: تەپاندن.
تەپاوتل: تلدان بەپاڵکەوتنەوە.
تەپە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی پێی وڵاخ و زەلام.
تەپتەپان: د. تەپەتەپکردن.
تەپتەپە: ئەسپە ئاسنینێکە کە بەئاگر دەڕوا و تەپەتەپی لێ دێ.
تەپخ: شوێنێکە کە ڕووخابێ و تەخت بووبێ. (تەپخبوون) ڕووخان و تەختبوون. (تەبخکردن) ڕووخاندن.
تەپدان: د. خڕکردنەوە و کۆمەڵکردنی شت. تەپدانەسەر.
تەپدانەسەر: هەڵمەت بردنەسەر شتێک و داگیرکردنی.
تەپرەش: ز. فیلباز.
تەپس: د. تەپین.
تەپشوو: تیشوو.

تەپک: ز. تەپکە.
تەپکردن: ز. خۆ متکردن لە ترسی شتێک.
تەپکە: گەمرە یابەردێکە لەسەر چاڵێک بەچیلکەیەک بەئاستەم ڕادەگیرێ بۆ ئەوەی ئەگەر باڵندەیەک بچێتە ناویەوە تەپکەکە بەسەریدا بکەوێ و بیگرێ. تەپاڵە. تەپۆلکەی پچووک.
تەپل: نەقشی سەر پەنجەی دەست کە لەسەر کاغەز دەگیرێ.
تەپڵ: چەرمێکی خاوە دەگیرێ بەدەمی دەفرێکی قووڵدا بۆ ئەمەی کە بەدار لێی بدەن و دەنگی لێوە بێ.
تەپڵژەن: کەسێکە کە تەپل باش لێ بدا.
تەپلک: ز. تەپڵ.
تەپلۆس: مەردوومی تەمەڵی کارلێ نەهاتوو.
تەپلە: جۆرە کڵاوێکی قووڵی یەک پارچەیە لە خوری یا مەرەز یا کورک یا بەرگن دروست دەکرێ. تەپکە (د). تەپڵەکی جگەرە.
تەپڵە: کەلارە.
تەپڵەسەر: تەوقەسەری هەموو شتێک.
تەپلەقوو: دارێکی کێوییە لە بەلاڵووک دەچێ.
تەپڵەقوو: تەپلەقوو.
تەپڵەک: سەرە دارێکی درێژکۆلەیە دەخرێتە سەر کۆڵەکە و نیرگەی لەسەر دادەنرێ. پارچەیەکی گردە لە ناوەڕاستی کڵاودا. مێزێکی پچکۆلەی بەرزە لەبەردەمی کورسیی دانیشتندا دادەنرێ بۆ جگەرە و چایی لەسەر دانانی. دەفرێکی پچکۆلەیە جگەرەی داگیرساوی لەسەر دادەنرێ. خانوویەکە سەربانەکەی گڵەبان نەکرابێ بەڵکو هەر زەلی لەسەر دانرابێ بەڕەنگێکی وا کە ئاو برپژێ.
تەپۆ: جۆرە مێشوولەیەکی گەورەیە.
تەپ و تل: تەپاوتل.
تەپ و تۆز: تۆز و گەردی زۆر.
تەپوخ: د. مەردوومی سەرەنگرێ.
تەپ و کۆ: کەوتن و هەستانەوە: فیسار کەس بەشەو هەر (تەپ و کۆ)یەتی واتە لەبەر کزیی چاوی هەر دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە.
تەپۆکە: تەپۆڵکە.
تەپۆلکە: کۆسپاییی زەوی.
تەپۆڵە: تەپۆلکە.
تەپۆنکە: تەپۆلکە.
تەپونم: بارانی هێواشی لەسەرخۆ لەکاتێکدا کە تەمومژ دای دابێتە سەر زەوی.
تەپە: تەپپە. (تەپەتەپ) تەپەی یەک لەدوای یەک. (تەپ و هوڕ) تەپەتەپی زۆر. گردی پچکۆلە. دارێکی گردی لووسە بەبنمیچەوە ڕایەڵی تەونی دەخرێتە سەر.

تەپەترە: بریتییە لە منداڵی تازە پێ گرتوو کە زوو زوو بکەوێ.
تەپەدان: د. تەپدان.
تەپەدۆر: جۆرە دارێکی نەرمە وەک پووشوو سەرقاپی شووشەی لێ دروست دەکرێ.
تەپەدوکەڵ: چەڕەدوکەڵ.
تەپەکلاو: د. تەپڵەکی کوڵەکە و ستوونی دەوار.
تەپەڵۆک: تەپاڵەیەکە کە بۆ سووتاندن پان کرابێتەوە.
تەپیان: د. تەپین.
تەپین: قوپانی بان و هەموو شوێنێک کە ژێری بۆش بێ لەبەر قورسی. قوپانی کاڵەک و شووتی لەبەر کۆنی. بریتییە لە بەناوداچوونی مەردووم لەبەر پیری. لێدانی دەمار (د).
تهتاڤک: ز. نەعنا.
تەتک: ز. دەستکێش.
تەتڵەمیران: کرمێکی بازڵەی بەهارییە دوو ریز قاچی هەیە.
تەتن: قوڕ.
تەتە: وتەیەکە منداڵی ساوا بەشتی جوانی دەڵێ. بوکڵەیەکە لە هەویر یا قوڕ دروست دەکرێ و منداڵان یاریی پێ دەکەن. تەختەیەکی تەنکە گۆزە و دیزەی پێ لووس دەکرێ لەکاتی دروستکردنیدا.
تەتەر: کەسێکە بەدەستوبرد نامەی مەردووم ببا بۆ خاوەنی.
تەتەشۆر: د. تاتەشۆر.
تەتەڵە: پارچە تەختەیەکی لووسە ئەلفوبێی تێدا نووسرابێتەوە بۆ منداڵ. سێبەندە (هـ). رووەمەت (د). پاککردنی دانەوێڵە بەهەڵتەکاندنی بەلەنگەری.
تەتەڵەکردن: پاککردنی دانەوێڵـە و بەرد لێ گـرتنی بەهەڵتەکاندنی بە سینی یا بەلەنگەری. هەڵەکردن لە گفتوگۆدا. سەرکردنی گوللە و پلار لە نیشان شکاندندا.
تەتەڵەمیران: تەتڵەمیران.
تەجەنەر: سابرێن.
تەحاتەحا: باس و خواسێکە کە بەسەر دەمی هەموانەوە بێ و مایەی سەرسوڕمانیان بێ.
تەحت: شاخ و داخی بەردین.
تەحح: پەحح.
تەححا: پەححا.
تەحر: شێوە.
تەحرە: ز. قرچەی نیوەڕۆ.
تەحسین: ز. پێ هەڵخلیسکان.
تەحفیل: ز. شوشتنی شتی گڵاو حەوت جار.
تەحل: با. تاڵ.
تەحلک: ز. پیاوی ڕەشتاڵە.
تەحلەسیف: ز. کاڵەکە مارانەیەکە دەخورێ.
تەحلیشک: ز. ئاوی تاڵی سوێر.
تەحلی: ز. گیایەکی تاڵە. تاڵیی هەموو شتێک.
تەحین: با. دۆشاوی کونجی.
تەخ: ز. دەنگێکە گاجووتی پێ دەگێڕدرێتەوە.
تەخار: تەغار.
تەخاراو: تەغاراو.
تەخت: شتی پانی ڕێکی بێ گرێ و قۆرت. جۆرە کورسییەکە لەسەری دادەنیشن. چارپایە (ل).
تەختان: تەختایی.
تەختانی: شوێنی تەخت لە زەوی.
تەختایی: تەختانی.
تەختبوون: ڕێکبوونی شوێنێک. بریتییە لە نەمانی گرێ و قۆرت و بەرهەڵست لە کارێکدا.
تەخترەوان: د. تەختەرەوان.
تەختکردن: ڕێکخستنی شوێنێک. بریتییە لە بەزەویدا دانی یەکێک.
تەختە: دارێکی پانی تەنکی داهێنراوە. پارچەی دەوار و جاجم و پۆپەشمین و بەرماڵ و مەوج کە لە یەک دەدرێ: جاجمەکە یا دەوارەکە چوار (تەختە)یە.
تەختەبەن: تەختەبەند.
تەختەبەند: جۆرە کورسییەکی گەورەی بەرزە لێک دەدرێ و خێزان لەسەری دەنوێ.
تەختەپۆش: شوێنێکە کە بەتەلەبەرد داپۆشرابێ. فەرشکردنی شوێنێک بە تەلەبەرد.
تەختەرەوان: ژوورێکی پچکۆلەیە لە تەختە لەسەر پشتی دوو ولاخ یا زیاتر هەڵدەگیرێ و چەند کەسێکی تێدا دادەنیشێ.
تەختەزەنگ: د. پارچە ئاسنێکی هەڵواسراوە لە مەکتەب و کارگەدا هەر ساتە ناساتێ لێی دەدرێ بۆ پێشاندانی کات.
تەختەسڕ: شتێکە تەباشیری سەر تەختەی ڕەشی مەکتەبی پێ دەسڕدرێتەوە.
تەخدەمە: ز. بەرکوت.
تەخسیر: ز. نچەتا.
تەخشک: با. ڕفەی سەرتاق.
تەخشەلاکوم: د. جووڵەجووڵ.
تەخلیت: ز. نەوع: ئەمە دوو (تەخلیت)ی هەیە واتە دوو نەوعی هەیە.
تەخنک: ز. لەنگەری.
تەرابوون: ز. کەوتنە خواردوە لە بەرزییەوە.
تەرات: د. سەڵەفکردن و تاودان.

تەراتین: هاتوچۆکردنی گیاندار بەهەرا کردنەوە.

تەراخومە: جۆرە دەردێکی پەرەسینە دەگا بەچاو.

تەرار: با. جامی ئاوخواردنەوە.

تەرازوو: ترازوو.

تەرازووباز: ترازووباز.

تەراش: تاشینی سەر یا ڕیش: (تەراش)بووم یا (تەراش)م کرد.

تەراشتن: ز. تاشین.

تەراف: ز. قوناری مێو.

تەرافکرن: قوناركردنی مێو.

تەرکرن: ز. هاویشتنی شت لە بەرزییەوە.

تەرال: ز. پیاوی تەمەڵ.

تەرانە: ز. یاری و گاڵتە.

تەری: دارێکی کوێستانیی هەمیشە سەوزە بەرێکی خڕی سوور دەگرێ وەک بەلاڵووک بۆ ڕەوانی دەخورێ.

تەرپلین: ز. سەرسمدانی ولاخ.

تەرپۆش: د. تەرپۆش.

تەرتول: ز. هارپە.

تەرچک: د. گیای تازە دەرهاتووی ناسکی نازاو.

تەرح: جۆر: ئەم (تەرح)ەم دەوێ. تاحر. شووتیی نەگەییو.

تەرحەک: کۆڵە دڕک.

تەرحی: ز. سەرپۆشی ژن.

تەرخان: ترخینە. شوێنێک یا شتێکە کە قەدەغە کرابێ. (تەرخانکردن) جیاکردنەوە و قەدەغەکردنی شتێک یا شوێنێک بۆ کارێک.

تەرخوون: گیایەکی توونی خۆشی گەڵا باریکە بەگۆشتەوە دەخورێ.

تەردس: د. تەردەست.

تەردسی: د. تەردەستی.

تەڕ: شتێکە کە شێی ئاوی ببێ. شتی ڕوون: ئەم دۆیە (تەڕ)ە واتە ڕوونە. تەرە (د).

تەراد: ڕمبازیکردنی چەند سوارێک. سمت.

تەڕاف: پارچە گۆشتێکی تەنکی پانە وا لە ناوەندی ڕیخۆڵە و جەرگ و سیدا. گۆشتی بۆشاییی خوار کەلەکە.

تەڕاڵ: د. تەمەڵ.

تەڕاو: سپیکردنەوەی ناوماڵ بەگڵەسپی گیراوە.

تەڕا و بەڕابوون: با. پەرشوبلاوبوونەوە.

تەڕایی: شوێنی تەڕ.

تەڕبوون: بریتییە لە عارنان و پەند وەرگرتن: فیسار کەس هەرگیز (تەڕ نابێ) هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ.

تەڕبوونەوە: بریتییە لە ژنهێنانی پیاوێکی بەساڵاچوو لە پاش مردنی ژنی پێشووی یا تەڵاقدانی.

تەڕپوش: بریتییە لە یەکێکی بەساڵاچوو کە بەرگ و کاڵای جوان لەبەر بکا.

تەڕدەست: بریتییە لە یەکێک کە بەدەستوبردبێ لە ئیشوکاردا.

تەڕدەستی: بریتییە لە چالاکی لە ئیشوکاردا.

تەڕدەم: بریتییە لە مەردوومی قسەزانی قسەڕەوان.

تەڕزمان: د. تەڕدەم.

تەڕفرۆش: تەڕەفرۆش.

تەڕک: داری تەڕی ئەستوور.

تەڕکردنەوە: بریتییە لە گیادان بەولاخی بەرزە لەباتی کا و جۆ لە بەهاردا.

تەڕلان: گیانداری شۆخ و شەنگ. بازی گەورە

تەڕلە: گیایەکی بەهارییە لەناو دار و دەوەندا دەڕوێ و بەسەوزی دەخورێ.

تەڕن: زیان گەیاندن بەیەکێک بەبێ ئەمەی کە خۆی پێی بزانێ: فیسار کەس (تەڕن)ێکی پێ دام یا (تەڕن)ێکی پێ کردم. فیرۆ: بە(تەڕن) خانووەکەم لە دەست چوو.

تەڕ و بڕ: شتی تەڕ بەجۆرێک کە ئاوی لێ بتکێ.

تەڕ و تازە: شتی تەڕ و بڕ.

تەڕ و تووشی: کاتی باران و قوڕ و چلپاو.

تەڕە: بریتییە لە سەبزە و میوە.

تەڕەبنە: د. جۆرە گیایەکە ئاژاڵ دەیخوا.

تەڕەپیاز: پیازی سەوزی گەڵادار.

تەڕەتۆڵەکە: بریتییە لە شتی هەرزان: گەنم بووە بە(تەڕەتۆڵەکە).

تەڕەتوو: تووی تازە و تەڕ.

تەڕەتوورە: تەڕەتیزە.

تەڕەتیزە: گیایەکی گەڵا وردی توونە بەگۆشتەوە دەخورێ.

تەڕەزەن: گیانداری تازە زاو کە شیری زۆر ڕوون بێ. گیایەکی کوێستانیی بۆنخۆشە بۆ مەڕ زۆر باشە.

تەڕەژەن: د. تەڕەزەن.

تەڕەساز: خواردەمەنییەکی مزرە لە بروێش و شێلمی جنراو دروست دەکرێ، لە ترخێنەی تەڕ تراوترە.

تەڕەساڵ: ساڵێکە کە بەفر و بارانی زۆر بێ.

تەڕەسلێمانە: د. جۆرە گیایەکە.

تەڕەفرۆش: کەسێکە کە میوە و سەوزە بفرۆشێ.

تەڕەکاڵ: گەنمی بەراو.

تەڕەماست: با. کەرە. سەرتوێی ماست و شیرە کە لە پایزاندا چین چین لە دیزە یا لە پێستەدا دادەنرێ و لە زستاندا دەخورێ.

تەڕەماش: فەریکە ماش. وتەیەکە شتی هیچ و پووچی پێ دەشوبهێنرێ: (تەڕەماش)م خواردووە لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێ چیت خواردووە؟ واتە شتێکی هیچ و پووچم خواردووە.

تەڕەماڵە: د. هێلەساوکردنی سواخ.
تەڕەماڵێ: د. تەڕەماڵە.
تەڕەنداز: تەڕپۆش.
تەڕەوکردن: د. تەڕکردنەوە.
تەڕەوون: دارێکی پچووکی تاڵی ئاوییە.
تەڕیانە: هـ. سەبەتەیەکە لە شووڵ دروست کرابێ.
تەڕی: تەڕایی.
تەڕیزە: بۆشاییی کەلەکە.
تەڕینە: هـ. دارێکی کوێستانییە گەڵای لە گەڵای هەنار وردترە و زۆر تاڵە، بەرێکی هەیە وەک (ڕەزڵە) بۆ ژانە سک زۆر چاکە.
تەرز: سەرلقی ناسکی هێندێ سەوزاییی وەک مێو و کاڵەک و شووتی. تەرزە.
تەرزە: شتێکی سپیی خڕی وردی ساردە وەک بەفر، هێندێ جار دەبارێ.
تەزردشکێن: تەرزەکوت.
تەزرەکوت: بریتییە لە سەرزەنشت و ئامۆژگاری یەکێک یەک، لەسەر یەک: (تەرزەکوت) دایگرت.
تەرزەلووکە: شتێکە نە وەک تەرزە ڕەقە نە وەک بەفر نەرمە و زۆر زوو دەتوێتەوە.
تەرس: پیسیی ماین و ئەسپ و ئێستر. کاری پێچەوانەی ناڵەبار: ئەم کارە (تەرس) هاتووە.
تەرسەقول: پیسیی کەر.
تەرفک: ز. پارچە گوریس.
تەرفین: ز. چاوبەشان بەهۆی شتێکەوە کە تێی بکەوێ.
تەرک: تەنیشت. تەرزەی دەنک گەورە. بڕین و دڕینی شت لە باری درێژی. پاشکۆ. خشڵی ژنان (د). چەکی جەنگ (د).
تەرکبەن: د. بەن سامۆتە.
تەرکبەند: تەرکبەن.
تەرککەوتن: لەجێ چوونی دەستی کەر.
تەرکە: پیکە. توولی تەڕ (د).
تەرکیبەس: بەن سامۆتە.
تەرکیبەن: د. تەرکبەن.
تەرکی: پاشکۆ.
تەرلان: تەرلان (ز). بازی گەورە (د).
تەرم: حەوتەوانەی گەورە (ز). گوڵێتی مێو (ز). لاشەی گیانداری مردوو (ز). دارەمەیت.
تەرماڵ: ز. کەفەلی گیاندار. شێوە و کاڵا.
تەرو: تەربێ. تەڕەوون. کفر.
تەرواڵ: د. تەرواڵە.
تەرواڵە: هـ. هەرزاڵ.
تەروو: تەرو.
تەرووزی: د. ترۆزی.
تەروەندە: شتی ناپاب.
تەرە: گیاندارێکی ماڵییە کە ڕەهندە بووبێ. (تەرەبوون) دەربەدەربوونی گیاندار. (تەرەکردن) دەربەدەرکردنی گیاندار.
تەرەجە: ل. تاق.
تەرەدوا: د. تەرەکردن و ڕاونان.
تەرەدین: ز. مەردوومی دەلووکار.
تەرەس: وتەیەکە لە وتەکانی جنێو و هەر بەپیاو دەوترێ.
تەرەقە: شتێکە وەک پوولەکە بەسەر قەوانی فیشەکەوە بەترووکاندنی دەمانچە و تفەنگ دەتەقێنرێ.
تەرەوون: تەڕەوون.
تەریقین: ز. تووڕەبوون و ڕق هەستان.
تەری: ز. کلێنچکە. دووگ.
تەریب: ڕاستە درومانێکە چەپ و چێر بەسەر (باریکە) و (جوستە)دا دەڕوا.
تەریبدان: دروونی شت بەتەریب.
تەریدە: جەردە.
تەریق: شەرمەزار: (تەریقبوونەوە) شەرمەزاربوون. (تەریقکردنەوە) شەرمەزارکردنی یەکێک.
تەریقی: شەرمەزاری.
تەریک: مەردوومی کلای کەنارەگیر.
تەریکی: کەنارەگیری.
تەز: د. تەزوویەکە بەجەستەدا دێ.
تەزان: تەزین.
تەزاندن: بریتییە لە ئازاردان و دڵگیرکردنی یەکێک بەجۆرێک کە چاوترسێن بێ. سارد و سڕکردنی شت بە بەفر یا بەسەهۆڵ.
تەزرە: تەرزە.
تەزگ: تەزوو. تەرزەی دەنک گەورە (با).
تەزوو: مووچڕک و لەرزینێکی بێ پەروایە دێ بەسەر ئەندامی گیانداردا لە سەرما یا لە ترسا یا لە بیستنی کیڕەی هێندێ شتەوە. تەرزە.
تەزی: با. شتی زۆر سارد.
تەزیک: تەزیو.
تەزین: سڕبوونی ئەندام لە سەرما یا لەبەر زۆر کەوتن بەسەریدا.
تەزیو: شتێکە کە زۆر ساردبووبێ. شتێکە کە سڕبووبێ.
تەژاندن: با. گوشین: دەستیم (تەژاند).
تەژگ: هەژگ. جۆرە کاڵایەکە لە کەتان کرابێ (ز).
تەژنە: هـ. تینوو.

تەژە: ڕایەڵی بنمیچ. بریتییە لە مەردوومی درێژی زەلام.
تەژی: با. پڕ. تێر.
تەس: وتەیەکە بزنی پێ لێ دەخوڕدرێ. وتەیەکە ئەسپ و ماین و ئێستری پێ لێ دەخوڕدرێ.
تەسک: شتێکە کە پان نەبێ.
تەسک و تروسک: شتی زۆر تەسک.
تەسە: نانگێن (ه). کوولی هەویر تێدا شێلان.
تەسەل: گیانداری تێر. (تەسەلبوون) تێربوون. (تەسەلکردن) تێرکردن.
تەشاوی: د. کلاوڕۆژنە.
تەشبی: د. تەبەقەتڕانە.
تەشبی تڕانە: د. تەبەقەتڕانە.
تەشپی: دەفرێکی پەلی دارینە.
تەشپی تڕێن: بریتییە لە مەردوومی زۆرخۆر.
تەشپیلۆکە: تەشپی پچووک.
تەشت: دەفرێکی گەورەی دەم واڵی لێوداری لە مس یا تەنەکە یا لەوح.
تەشتولکە: تەشتی پچووک.
تەشتۆلکە: تەشتولکە.
تەشتیر: ز. گیسکە مێ.
تەشخەڵە: د. تەشقەڵە.
تەشق: تەوژمی ساردی: بەم بارانە (تەشق)ی ساردیی شکا.
تەشق شکان: نەمانی تەوژمی ساردی.
تەشقەڵە: گەڕ و فێڵ. (تەشقەڵەکردن) گەڕکردن بەمەردووم و بەگیرهێنانی بەناڕەوا بۆ داگیرکردنی شتێک لێی. بەڵا و چەپۆکی ڕۆژگار. بەرهەڵست و گرێیەکە کە ئیشوکارت قەتیس بکا.
تەشقەڵەباز: مەردوومی گەڕکەر.
تەشک: تەنیشت. قەوارە و قەڵافەت (د). لاق (ز).
تەشککەوتن: تەرککەوتن.
تەشکەبەڕە: وتەیەکە نووسراوی دوورودرێژی پێ دەشوبهێنرێ لە کاتێکدا کە لەسەر پارچە کاغەزی گەورە نووسرابێ: فیسار کەس (تەشکەبەڕە)یەکی نووسیبوو.
تەشگاه: ل. مەقەڵێ.
تەشوو: تەشوێ.
تەشوێ: ئاسنێکی مۆدداری دەمپانی تیژی کلک دارینە داری پێ دەتاشرێ.
تەشە: د. تەشاوی.
تەشەر: توانج.
تەشەنەکردن: خۆخواردنەوە و تەنینەوەی برین.
تەشی: دارێکی کلک باریکی سەرخڕە قولاپێکی پێوەیە لۆکە و خوری بەدەست پێ دەڕێسرێ.
تەشی ڕستن: ڕستنی مووخوری و لۆکە بەتەشی. بریتییە لە مێچکە مێچکەکردن بۆ یەکێک.
تەشیڕیس: کەسێکە کە تەشی بڕێسێ.
تەشیڕێسی: گوزەرانکردن بەڕستنی تەشی.
تەشیلان: ل. هەڵماتێن.
تەشیلە: لۆکە یا خورییەکە کە بەخەرەک ڕێسرابێ و لە دووخ داماڵرابێ. خولخولۆکەیەکی دارینە ماشەری پێدا دەکرێ و لەسەری دەکرێ بەگولۆلە. هەڵمات (ل).
تەشی هەڵکەر: دووداره یەکی کونێکی تێدایە ئەمسەر و ئەوسەری تەشیی پێدا دەکرێ و ڕێسراوی لەسەر هەڵدەکرێ.
تەعل: ز. تەحل.
تەعەد: ز. جۆرە گۆیژێکە.
تەغار: ئەندازەیەکە لە کێشان و پێوانی دانەوێڵە. سی ڕبە لە گەنم و جۆ و برنج (تەغار)ێکە. سی دانەیە لە هێندێ شت: سی گورگە (تەغار)ێکە.
تەغاراو: دەفرێکە پینەچی ئاوی تێ دەکا و چەرم و پێڵاوی کۆنی تێدا دەخووسێنێتەوە.
تەف: دیوێکە لە میچ.
تەفاری: ز. جۆرە هەنجیرێکی نایابە.
تەفاریک: ز. کەسێکە کە لە دێیەک دانیشتبێ و خەڵکی ئەوێ نەبێ، یا خەڵکی ئەوێ بێ و زەویوزاری لەوێ نەبێ.
تەفتیک: ز. کورک.
تەفر و توونا: کەسێکە لە شوێنێک ئاوارە و دەربەدەر بووبێ. (تەفر و توونابوون) دەربەدەربوونی گیاندار لە شوێنێک. (تەفر و تووناکردن) دەربەدەرکردن.
تەفرە: فریو.
تەفرەخواردن: فریوخواردنی یەکێک.
تەفرەدان: هەڵخەڵەتاندنی یەکێک.
تەفشۆ: ز. تەشوێ.
تەڤ: کۆمەڵ (ز). لەگەڵ (با).
تەڤتەڤیک: ز. کەمانچە.
تەڤدان: ز. تێکدانی چێشت لەسەر ئاگر.
تەڤدیر: با. تەگبیر.
تەڤر: ز. تەور.
تەڤز: ز. تەوس و گاڵتەپێکردن.
تەڤزین: ز. تەزین.
تەڤژین: با. شیاکەی شل.
تەڤلیهەڤ: ز. چەند شتێکن دانرابن بۆ ئەوەی کە نامێتە بکرێن.

تەڤن: ز. تەون.

تەڤەر: ز. تەورزین.

تەقالا: تەقەلا.

تەقالک: ز. ولاڵە.

تەقاندن: ئاگردانی چەک.

تەقاندنەوە: لە بێژنگ و قەڵبیردانی دانەوێڵە بۆ گرتنی وردەی.

تەقانن: تەقاندن. تەقاندنەوەی دانەوێڵە (د). چەسپاندنی شتێک بەشتێکەوە.

تەقاننەوە: تەقاندنەوە.

تەقاویت: کەسێکە کە ماوەی کارگوزاریی دەوڵەتی تەواو بووبێ.

تەقتەقووک: ز. چەقەنەی ئاش.

تەقکردن: بریتییە لە زۆر گریان و ماندوبوونی منداڵی ساوا. وتەیەکە بەمنداڵی ساوا دەوترێ لە جیاتی وتەی (لێدان): (تەقی کە) واتە لێی دە.

تەقلە: کلاو. یەکەم بەری هەنجیر کە بەنەبەکامی هەڵدەوەرێ.

تەقڵە: خۆهەڵگێرانەوە بە سەردا.

تەقڵەباز: کۆترێکە بەئاسمانەوە تەقڵە لێ بدا. کەسێکە تەقڵە باش لێ بدا.

تەقن: با. قوڕ.

تەقن: ز. قوڕی زۆر.

تەق و پۆق: د. تەق و تۆق.

تەق و تۆق: چەند دەنگێکی بەرز و نزمن کـــە هەر دەنگەی لەلایەکەوە بێ.

تەق و دەو: د، تەق و ڕەو.

تەق و ڕەو: نەمانی ئاسایش و ڕەوکردن لە ترساندا.

تەقوو: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ گەیاندنی بیمی بوون یا نەبوونی شتێک: بۆچی بنووم (تەقوو) خەبەرم نەبووەوە.

تەقـە: دەنگێکە لە بەیەککەوتنی دوو شـتی زەق پەیدا دەبێ. (تەقـــەتەق) تەقـــەی یەک لەدوای یەک. (تەق و هوڕ) تەقەتەقی زۆر.

تەقـەتێکەوتن: بریتییـە لە چۆڵبـوونی شـوێنێک لە مـەردووم بەربەرە: بازاڕ تەقەی تێ کەوت: واتە چۆڵ بوو.

تەقەداکەوتن: پەیدابوونی تەقە لە چەند لایەکەوە. بریتییە لە پەیدابوونی قسەی ڕەق لەناو چەند کەسێکدا.

تەقەفیرە: د. سکچوون.

تەقەڵ: دانەی دروومان.

تەقەلا: هەوڵ و کۆشش بۆ شتێک.

تەقەڵبەست: د. کۆکی دروومان.

تەقەڵ تێهەڵدان: دروومان بەدەرزی.

تەقەمەنی: فیشەک و گوللە و بۆمبایە کە دانراین بۆ تەقاندن.

تەقیاگ: د. دانەوێڵەیەکە کە تەقێنرابێتەوە.

تەقیلین: ز. هەڵخلیسکان.

تەقیلە: تەقلە.

تەقیلە لەسەر تەقیلە: ناوە بۆ یارییەک کە چەند کەسێک بەگردیی دادەنیشن، وەستاکەیان لەو کاتەدا دەڵێ (تەقیلە لەسەر تەقیلە، هەر کەس نەیبێ زەلیلە، پشکۆ لەسەر سەبیلە).

تەقین: دەرچوونی چەک. درزبردنی پیاڵە و بۆربە و هێندێ شتی تر لە گەرما یا لە سەرما. لەتبوونی بەرد و هێلکە و بەروو لەناو ئاگردا بەڕەنگێک کە دەنگیان لێوەبێ. دەنگی ترازانی جومگەی گیاندار: پشتم (تەقی). لە قوڕ چەقین (ز). شەق بردنی شت.

تەقینەوە: تەقینی گوللە لەو کاتەدا کە لە شت دەکەوێ. بریتییە لە بلاوبوونەوەی دەنگوباسێک زۆر بەگورجی. چەوسانەوە و هەوڵدان: هەر چەند بەشەو و بەڕۆژ (دەتەقێمەوە) پێبژیوی خۆم پەیا ناکەم.

تەک: تەنیشت. تەنها. قووڵ. تەیکە (د).

تەکان: تەوژم. بریتییە لە شەق: دایە بەر (تەکان).

تەکانخواردن: جووڵانی شت لەجێی خۆی بەهۆی تەوژمێکەوە.

تەکاندان: خۆکوتان بەتەوژم.

تەکـاندن: ڕاوەشاندنی شت: درەختـەکـە (بتـەکـێنە) بۆ کـەوتنە خوارەوەی بەرەکەی، یا بەڕەکـە (بتـەکـێنە) بۆ لێبـوونەوەی تۆزەکەی.

تەکانەوە: تەکینەوە.

تەکبەند: پشتێن.

تەکـدان: چوونەپێشـەوە بەنهـێم: فـیسـار کـەس (تەکی دایە پێشەوە). تەکەدان.

تەککەوتوو: کەسێکە کە دوای یەکێک کەوتبێ.

تەککەوتە: تەککەوتوو.

تەکمە: جۆرە لبادەیەکی ناوداری پڕ تەریبە تا سەر ئەژنۆ، لەسەر کالاوە لەبەر دەکرێ.

تەک و دەو: تەق و دەو.

تەکووز: با. شتی تەواو و ئامادە.

تەکە: پاڵدانە یەکی چەند کەسێک بۆ جێکردنەوەی یەکێک.

تەکەدان: پاڵدان.

تەکەکردن: تەکەدان. تەگە (د). هاتوچۆ و جووڵەی شتی شۆڕەوە بوو. (تەکەتەک) بەلەبەلی شتی شۆڕەوەبوو.

تەکەڵتوو: چەند قەد لبادێکە لەژێر قەڵتاغی زیندا دادەنرێ.

تەکەفە: لبادێکی پچووکی یەک کەسییە.

تەکـیـە: سـەکـۆیەکی باریکە لە سـەری دادەنیـشـن. جـێیـەکی تایبەتییە کە دەروێشان یادی خوای تێدا دەکەن.

تەكیەگا: تەكیەی دەرویشان.
تەكیمە: لبادەی ژێرەخەری پچووک.
تەكینەوە: دەست هەڵگرتنی یەكێک لە یەكێک یا لە كارێک و لێ دووركەوتنەوەی بەرەبەرە.
تەگرگ: ل. تەرزە.
تەگە: تگە.
تەگەرە: تێكدانی كارێک و دواخستنی. دار یا ئاسنێكە دەخرێتە ناوەڕاستی بەرداشی خواروو (د).
تەگەرەتێخستن: تێكدانی كار و دواخستنی.
تەگەرەتێكەوتن: تێكچوونی كار و دواكەوتنی.
تەگەرەدان: تەگەرەلێدان.
تەگەرەلێدان: تەگەرەتێخستن.
تەل: شتێكی باریكی درێژە لە ئاسن یا لە مس یا لە شتی تر دروست دەكرێ.
تەڵ: داوێک موو یا دەزوو یا شتێكی تر. چلێک لە شتێک: (تەڵ)ێک دار.
تەلا: شتێكی زەرد یا سپی گران مایەیە لە كان دەردەهێنرێ دراو و چەكی ژنانەی لێ دروست دەكرێ.
تەلار: باڵەخانە. كۆشک.
تەلاسابوون: دەرچوونی مەردووم لە ئەندازەی خۆی: فیسار كەس (تەلاسا بووە).
تەلاش: تەقەلا، (تەلاشكردن) هەوڵدان.
تەلاش: با. تەڵاش.
تەڵاش: تەڵەزمی تەنک لە شت. تەلاش (د). (تەڵاشكردن) تەلاشكردن.
تەڵاكاری: ئاڵدووزكردن بە ئاڵتوون.
تەڵاكفت: د. تەڵاكاری.
تەلان: تەلان. ناوی دێیەكە لە ناوچەی سووورداش.
تەڵان: پلەی شاخ و كێو و هەرد. (تەڵان تەڵان) شوێنی پلە پلە لە شاخ.
تەلانترە: گیایەكی بەهاریی قەفقەفە بەشوێنی تەلانەوە سەوز دەبێ.
تەلبەند: شوێنێكە چواردەوری بەتەل تەنرابێ.
تەلخ: شتی ڕەشی تاریک. ژینی بەئازار و سزا: فیسار كەس گوزەرانی (تەلخ)ە. ڕووگرژ: فیسار كەس پیاوێكی زۆر (تەلخ)ە.
تەلسز: بێ سیم.
تەڵفیز: گاڵتە.
تەڵفیس: تەڵفیز.
تەلمیت: كوتەڵی شیوەن. وڵاخی زینكراوی بارگە لێ نراوی ڕازاوەیە كە ژنی ئاغا یا كوێخا سواری دەبێ.
تەل لێدان: نامەناردن بەتەل.
تەلوار: ز. تەرواڵ.
تەڵۆک: چەند تووڵێكی داربنە دەخرێتە ئەمسەر و ئەوسەری چیغ بۆ قایمی.
تەڵووک: دڕكێكە وەک زی بەڵام ئەم بێ بەرە. دڕكەزی (د).
تەڵووكە: د. تاڵووكە.
تەڵە: داوێكە بۆ گرتنی ڕێوی و مشک و هێندێ جانەوەری تر دەنرێتەوە.
تەڵەبەرد: بەردی پانی تەنكی درێژ.
تەڵەتەقێن: بریتییە لە مەردوومی فێڵباز.
تەڵەڕێوی: تەڵە و ڕێوی.
تەڵەزم: پارچەیەكی تەنكە كە لە دار یا بەرد بێتەوە.
تەڵەكە: فڕوفێڵ.
تەڵەمەشكێنە: چەڵەمەشكێنە.
تەڵە و ڕێوی: جۆرە یارییەكە بە دوو كەس دەكرێ، یەكێكیان دەبێ بەتەڵە و هەردوو دەست و قاچی دەبەستن، ئەوی تریان دەبێ بەڕێوی قاچێكی دەكەن بەناوەندی هەردوو دەستی تەڵەكەدا و قاچەكەی تری دەكەن بەناوەندی هەردوو قاچیدا و سەری دەكەن بەژێر سكیدا و پاڵێک دەنێن بەتەڵەكەوە.
تەلهە: با. تەڵە.
تەلیس: ز. تێر.
تەلیسە: د. سووكە بارێكە دەنرێ لە وڵاخ و لە سەریەوە سوار دەبن.
تەم: هەڵمێكی سپییە لە زەوی تەڕ یا لە ئاو هەڵدەستێ. توز (د). خەم (د). لێڵاییی سەرچاو (د).
تەما: هیوا و چاوەڕوانی.
تەماتم: ز. قسەكردن بەتورەتور لەكاتی تووڕەبووندا.
تەماتە: باینجانی سوور.
تەمادار: كەسێكە بەهیوای شتێک بێ.
تەماداری: هیواداریی شتێک.
تەمار: ز. ڕەگ و پەیی جەستە.
تەمارتن: ز. شاردنەوەی شت لەژێر گڵدا.
تەماشا: ڕوانین.
تەماشاخانە: پێشانگا.
تەماشاكردن: ڕوانین بۆ شتێک. خوێندنەوەی شتی نووسراو بەوردی: لە پێش وتنەوەی دەرسدا (تەماشای) كە.
تەماكار: تەمادار.
تەماكۆ: توتن.
تەماڵ: دیاریكردنی گیاندارێک كە ڕاودەكرێ و بەدیكردنی.
تەمباف: با. شوێن گێژاو لە ئاوی زۆر كە مەلەوان نەوێرێ خۆی لێدا.

تەمتەراق: د. گەورەیی و پایەبەرزی.
تەمتەم: زەویی سەختی بەردەڵانی دەمار دەمار.
تەمـتـەمـە: بزمـارێکی سـەرخـڕی نووک تیـژە بەلووتی مـزراحـدا دادەکوترێ بۆ ئەوەی باش بخولێتەوە.
تەمرین: ز. تۆپین.
تەمشوو: تەشوێ.
تەموخ: تاوێرە بەردێکە لە لم پەیدا بووبێ.
تەمـوو: دارێکی ئەسـتـوورە هەڵدەکـۆڵرێ و پەڕەی ئاشی پێـدا دەکرێ.
تەموورە: پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆزیقە ملێکی درێژی هەیە.
تەموورەژەن: کەسێکە تەموورە باش لێ بدا.
تەمەرە: د. قۆرت و بەڵا.
تەمەزی: ز. دەستەسڕی ئاوریشم.
تەمەسی: ز. تەمەزی.
تەمەڵ: گیانداری لەش قورسی فرمان نەکەر.
تەمەڵخانە: شوێنێکە تەمەڵی تێدا بەخێو دەکرێ.
تەمەڵە: بناغەی دیوار.
تەمەڵی: لەشقورسی و تەوەزەلیی گیاندار.
تەمەڵیت: شتێکی پێچراوەیە کە بەپاشکۆی ولاخدا دابەسترێ. تەمەڵە.
تەمەن: ماوەی ژیانی گیاندار لە جیهاندا (عومر).
تەمیان: د. خەم داگرتن.
تەمێبوون: عارنان و پەند وەرگرتن لە شتێکەوە.
تەمێ خواردن: تەمێبوون.
تەمێخۆر: کەسێکە کە تەمێ بووبێ.
تەمیشک: د. تووڕک.
تەمێکردن: عار بەیەکێک نان.
تەمیز: شتی پاکی خاوێن.
تەمیس: تەمیز.
تەمین: د. تەمیان.
تهن: ز. تینوو.
تەن: جەستە. ڕەشیی مەنجەڵ.
تەناباز: د. تەنافباز.
تەنابازی: تەنافبازی.
تەناف: پەت یا تەڵێکە کـە بە بەرزییـەوە بگێـردرێ بۆ شت پیادانی.
تەنافباز: کەسێکە لەسەر تەناف یاری بکا.
تەنافبازی: یاریکردن لەسەر تەناف.
تەنانە: تەنانەت.
تەنانەت: وتەیەکـە بەکـار دێنرێ لە جـێی وتەی (بەتایبـەتی): (تەنانەت) بۆ لای تۆ هاتم.

تەنبوو: گەنە (ز). تەموو.
تەنبوور: ز. تەموورە.
تەنبووری: ز. کاکۆڵی پیاو.
تەن بەتەن: وتەیەکە بەکـاردێنرێ بۆ بەرامبـەریکردنی دوو کـەس لەگـەڵ یەک بەبێ ئەمـەی هیـچیـان یارمـەتیـدەرێکیـان لەگـەڵ بێ: نەریمان (تەن بەتەن) دەرەقەتی سالار نایەت.
تەنبەکی: ز. تووتنی نێرگەلە.
تەنبەڵە: تەمەڵە.
تەنپەروەر: کەسێکە هەمیشە بەخواردن و پۆشین و حەسانەوەی خۆیەوە خەریک بێ.
تەنپـەروەری: پەروەردەکـردنی جـەسـتـە بەخـواردن و خـواردنەوە و پۆشین و حەسانەوە.
تەنتەنە: فیز و دەمار.
تەنخوا: تەنپەروەر. سەرمایە (د). بریتی (عوض) (د).
تەندروست: لەشساغ.
تەندروستی: لەشساغی.
تەندوور: تەنوور.
تەندوورە: تەنوورە.
تەنراو: شتی تانوپۆدار کە تەنرابێ.
تەنشت: لای شان لە ڕاست و چەپی شت.
تەنشدەر: ز. لاشیپانی دەرگا.
تەنک: شتێکە ئەستوور نەبێ. شتی شاش.
تەنکاو: بووار.
تەنک و تیواڵ: شتی زۆر تەنک.
تەنکەکردن: شاشکردنی شینایی پڕ بەهەڵکێشانی لقی ناو بەناو.
تەنگ: شـتـی تەسکی بێ دەرەتان: ئەم ژوورە یا ئەم پێـڵاوە (تەنگ)ە تەنگە(د). (د) پشتیوان (د).
تەنگەنەفەسی: هەناسەتوندی.
تەنگانە: کاتی تەنگ و چەڵەمە.
تەنگاو: گـیـانداریکە لە تەنگانەدا بێ. (تەنگاوبوون) زۆر بۆ هاتنی گیاندار و تەنگەتاوبوونی.
تەنگ پێ هەڵچنین: زۆر بۆهێنان و لا لێ برینەوە.
تەنگدان: د. تەنگەدانی ولاخ.
تەنگدەس: بریتییە لە مەردوومی هەژاری نەدارا.
تەنگدەست: تەنگدەس.
تەنگدەستی: بریتییە لە نەدارایی.
تەنگدەسی: تەنگدەستی.
تەنگز: درەخـتـێکی بالا پچـووکی دڕکـاوییـە بەرێکی هەیە وەک چوالە بەلام ئەم تاڵە بەخۆشکراوی دەخورێ.
تەنگوچەڵەمە: کاتی سەغڵەتی و بێ دەرەتانی.

تەنگە: قایشێکی پانە زین یا کورتانی پێ قایم دەکرێ لەژێر سکی وڵاخەوە. دەرووی تەنگی دەریا.

تەنگهاتن: د. زۆر بۆهاتن.

تەنگەبەر: شوێنی تەنگی تەسک.

تەنگەبەری: بوونی شوێنێک بەتەنگەبەر.

تەنگەتاو: گیاندارێکە لە ڕوویەکەوە زۆری بۆ هاتبێ و گیری خواردبێ. (تەنگەتاوبوون) بەگیرهاتن. (تەنگەتاوکردن) بەگیرهێنان.

تەنگەتیلکە: کەسێکە زووتووڕە ببێ. گیاندارێکە لەبەر قەڵەوی و خڕ و پڕی نەتوانێ زۆر بجووڵێ.

تەنگەدان: تەنگە بەستنی وڵاخ.

تەنگەکێشان: تەنگەدان.

تەنگەگرتن: بریتییە لە دڵگیربوونی یەکێک لە وتار یا کرداری یەکێکی تر، (لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ).

تەنگەڵان: د. دەرووی تەنگی دەریا.

تەنگەنەفس: کەسێکە کە هەناسەی توووند بووبێ.

تەنگ هەڵچنین: زۆرهێنان بۆ شتێک و لا لێ برینەوەی.

تەنگەهەڵکێش: چەرمێکی باریکە تەنگەی پێ قایم دەکرێ.

تەنگی: بێ دەرەتانی.

تەنواوی: مەردوومی چڵکنی بۆرەڵووک.

تەنوور: شتێکی گەورەی دەم واڵە لە قوڕ دروست دەکرێ و لە زەویدا دادەنرێ و ئاگری تێدا دەکرێتەوە بۆ نان پێ برژاندنی.

تەنووداخستن: هەڵگیرساندنی ئاگر لە تەنووردا بۆ نان پێکردنی. بریتییە لە کۆبوونەوەی چەند کەسێک و باسی یەکێک کردنیان بەخراپە.

تەنوورشێوێن: کۆڵەوژ.

تەنوورە: دۆڵیانی ئاش کە لە بەرد و قوڕ و قسڵ دروست کرابێ. ئاخڵە (د). گێژەڵووکە (د). جۆرە کراسێکی ژنانەیە.

تەنووشک: ز. ئازار بەهۆی ئاڵوو کەوتنەوە.

تەنوویی: ز. تینوێتی.

تەنە: د. تەن.

تەنها: تاقە یەکێکە لە شتێک کە هاووێنەی خۆی لەگەڵ نەبێ: (تەنها) دانیشتبووم.

تەنهایی: بوونی شت بەتەنها بەبێ هاووێنەی خۆی: (تەنهایی) هەر بۆ خوا باشە.

تەنەکە: شتێکی تەنکی سووکی سپییە سەماوەر و هێندێ شتی تری لێ دروست دەکرێ.

تەنەکەچی: کەسێکە کە تەنەکەکاریی بکا.

تەنەکەساز: تەنەکەچی.

تەنێ: تەنیا.

تەنیا: تەنها.

تەنیاباڵ: بریتیە لە کەسێک کە بێ یارمەتیدەر بێ. تاقانە.

تەنیاگ: چنراو.

تەنیایی: تەنهایی.

تەنیشت: تەنشت.

تەنی: ڕەشیی مەنجەڵ. تەنیا (د).

تەنین: چنین و تێکهەڵکێشانی ڕایەڵ و پۆ.

تەنینەوە: پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی شت.

تەو: مەرێکە دەم و چاو و لەشی بۆرەڵووک بێ.

تەوا: د. تەما و ئومێدەواری.

تەوات: ز. لەسەرخۆ.

تەوادار: د. تەمادار.

تەوار: بازی مێچکە. گیانداری هەراش: بەرخەکە (تەوار) بووە.

تەواسانن: د. دڵ ساردکردنەوە.

تەواسیان: د. دڵ ساردبوونەوە.

تەواسیانەوە: د. تەواسیان.

تەواش: ز. ڕۆن.

تەواشا: تەماشا.

تەواشیر: د. تەباشیر.

تەوانا: گیانداری بەهێز و دەسەڵات. هێز و دەسەڵات: (تەوانا)م نییە.

تەوانایی: هێز و دەسەڵات.

تەوانج: توانج.

تەوانچە: د. دەمانچە.

تەواو: شتێکە کە دوایی هاتبێ. تەواوبوون: دوایی هاتن و برانەوەی شتێک. (تەواوکردن) دوایی هێنان و برینەوەی شتێک.

تەواوی: بوونی شت بەتەواو.

تەوتین: ز. لەسەرخۆیی.

تەوخ: ژێر زەمینێکی گەورەیە زستانان لە کوێستان ئاژاڵی تێ دەکرێ.

تەور: ئاسنێکی تیژی دەم لەسەر شانە داری پێ لەت دەکرێ.

تەوراس: تەورداس.

تەورداس: ئاسنێکی کلکداری دەم پانی کەوانەداری تیژە، داری پێ دەبڕێتەوە.

تەوررزین: ئاسنێکی تیژی دەم لەسەر شانی کەوانەییە کلکێکی درێژی دارینی تێ دەبرێ.

تەورێزی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک. سەنگێکی کێشانەیە لە کوردەواریی ئێران.

تەوزە: گاڵتە.
تەوزە پێکردن: گاڵتەپێکردن.
تەوزیم: پێویستی (واجب) و ناچاریی (ضرورة): (تەوزیم) نییە ئەو کارە بکەم واتە واجب و ضرورە نییە.
تەوس: پلارهاویشتن لە گفتوگۆدا بۆ یەکێک بەڕەنگێک کە هەموو کەس تێی نەگات.
تەوشوو: تەشوێ.
تەوشوێ: تەشوێ.
تەوغێن: جۆرێکە لە یاریکردن بەمیچ.
تەوقە: شتێکی دووفاقە لە زێڕ یا لە زیو یا لە باغە، ژنان دەیدەن لە ئەگریجەیان کە تێک نەچێ.
تەوقەتە: د. تەپلەسەری شت.
تەوقەسەر: شوێنی هەرەبەرز لە شت.
تەوقەکردن: دەست خستنە ناو دەستی یەکێک و گوشینی لە ڕووی تاسە و خۆشەویستییەوە.
تەوقەن: تەوقەتە.
تەوقەتە: د. تەوقەن.
تەومان: ز. دەمەرقۆیان.
تەون: ڕایەڵی بەرە و قاڵی کە بەدارەوە بێ بۆتەنین.
تەونگەر: کەسێکە تەون بکا.
تەوژم: هێزی شت لەگەڵ هاتن و جووڵانیدا: ناوەکە بە(تەوژم) هات.
تەووسکە: هەنجیرە کێویلە.
تەووشێ: تەشێ.
تەوەرگ: تەرزە.
تەوەر گەژیلە: تەرزەلووکە.
تەوەرە: دارێکی کوندارە لە کونی بەرداشی سەرووی ئاش گیر دەکرێ و بلۆوسکی تێ هەڵدەکێشرێ. ئاشووب و بەڵا (د).
تەوەزەل: گیانداری زۆر تەمەڵ.
تەوەق: تەبەق. تەبەک.
تەوەل: مەردوومی سەرسەری.
تەوەن: هـ. بەرد.
تەوەنە: د. کۆمەڵە.
تەوەنەدان: د. کۆمەڵەدان.
تەوێڵ: ناوچەوان.
تەویلە: هۆدەی وڵاخی یەکسم.
تەی: د. ڕامبووی دەرهاتوو: فیسار کەس (تەی) بووە واتە ڕام بووە.
تەیاخ: د. تێلا.
تەیار: د. ئامادە.
تەیارە: د. شوێنێکە کە باز لێی دەنیشێتەوە. فڕۆک.
تەیان: کارەکەر. تیان.
تەیجە: د. تەیکە.
تەیرۆک: ز. تەرزە.
تەیکە: سەلەی تووڵێن.
تەیمان: خەڵفەدارێکی باریکی درێژە ناوەندی قیسپی پێ دەتەنرێ. چەپەرێکە کە بەتەیمان و قیسپ چنرابێ.
تەیوانە: د. خواردەمەنییەکە کە لە ماڵی زاواوە دەنێردرێ بۆ ماڵی بووک لە ڕۆژی گواستنەوەیدا.
تەیەوبووگ: د. مەردوومی قاڵی دەرهاتوو.
تەیەوبوون: قاڵبوون و دەرهاتن.
تێ: پیتی چوارەمە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. تای ناساغی. پیتێکە ظرفیتی شتێک بۆ شتێک دەگەیەنێ: (تێ) فرێدان واتە فرێدانی شتێک بۆ ناو شتێک. ناوەوەی شت: بیکە (تێ)ی واتە بیکە ناوی.
تێئاخنین: ئاخنینی بۆشاییەک بەشتێک.
تێئاڵان: ئاڵانی شتێک لە شتێکەوە.
تێئاڵاندن: ئاڵاندنی شتێک بەشتێکەوە.
تیابردن: د. لەناوبردن.
تیاترۆ: ژنێکە کە پیشەی یاری و سەماکردن و گۆرانی وتن بێ لەناو پیاواندا.
تیاترۆخانە: شوێنێکە کە تیاترۆ سەمای تێدا دەکا.
تیاچوون: لەناوچوون یا تووشی زیانبوونی یەکێک لە پێناوی کارێکدا.
تیاڕامان: سەرسامان لە کارێکدا.
تیامان: تیاڕامان.
تیان: مەنجەڵی زۆر گەورە وەک مەنجەڵی حەلواچی و حەمام.
تیانچکە: مەنجەڵۆکە.
تیانچە: تیانچکە.
تیانە: تیان.
تێبردن: زیادکردنی وتەیەک یا زیاتر لە ناوەڕاستی نووسراوێکەوە، یا خستنی دارێکی ساغ لە شوێنی دارێکی شکاو لە دارەڕادا بەبێ هەڵگرتنی بانەکە: ئەم شوێنە لەم کتێبە ناتەواوە پێویستە ئەم دێڕەی (تێ ببرێ) یا ئەم داری دارەڕایە شکاوە پێویستە دارێکی ساغی (تێ ببرێ). قایمکردنی شتێک لەناو شتێکدا وەک نقێم لەناو ئەموستیلەدا.
تێبڕین: کردنی شتێک بەشتێکی تردا بەتوندی و پڕبەپڕ.
تێبەربوون: بەربوونی کار و بەرخ بۆ مژینی دایکیان. سواربوونی نێر بۆ مێیەکەی لەکاتی خۆیدا بەتێکرایی.

تێبەردان: بەردانی کار و بەرخ لە دایکیان بۆ مژینی. بەردانی گیاندارێک لە گیاندارێکی تر بۆ بەگژداچوونی: تانجییەکەی لە کەروێشکەکە (بەردا). بەرەڵاکردنی نێر بۆ سەرمێ: ماینەکەی بەتەڵەب بوو (ئەسپەکەی تێ بەردا).

تێبین: کەسێکە لە ئاکامی شت ورد ببێتەوە.

تێبینی: وردبوونەوە و دووربینی لە کاردا.

تێبینین: تێبینی.

تێپەڕاندن: ڕافڕاندن و بردنی شتێک بۆ شوێنێک بەگورجی. بریتییە لە جێبەجێکردنی کارێک بەدەستوبردی: فرمانەکە زوو (تێپەڕێنە).

تێپەڕبوون: گوزەرکردن بەشوێنێکدا. بەسەرچوونی کاتی شتێک.

تێپەڕکردن: تێپەڕبوون.

تێپەڕین: تێپەڕبوون.

تێپەستان: تێ ئاخنین.

تێپێچان: پێچانی شتێک لە شتێک. بریتییە لە تکاکردن بەجەختی لە یەکێک: فیسار کەس زۆرم (تێ پێچا) تا کارەکەی پێ کردم. ئالاندنی کەسێک بەکارێکەوە.

تێپێچاندن: ئالاندنی شتێک لە شتێک. ئالاندنی کەسێک بەکارێکەوە.

تێتراندن: بریتییە لە زۆرخواردن، ئەم وتەیە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ.

تێترنجان: گیرخواردنی شتێک لە شوێنێکی تەنگەبەردا.

تێترنجاندن: گیرکردنی شتێک لە شتێکی تەنگەبەردا.

تێتکان: تکانی شتێکی شل بۆ ناو شتێک لە خۆیەوە.

تێتکاندن: کردنی شتێکی شل بۆ ناو شتێک بەدڵۆپ دڵۆپ.

تێتلیسک: گیایەکی ئاویی هەمیشە سەوزە گەڵای وەک کەوەر وایە دەدرێ بە ئاژاڵ.

تێچاندن: کردنی شتێکی ورد بۆ ناو شتێکی شل کەم کەم بۆ ئەوەی کە باش تێکەڵ ببێ: ئاردەوا لەسەر ئاگر ئاردەکەی (تێ دەچێنرێ). بریتییە لە قسەی خراپکردن دەرباری یەکێک لای گەورەیەک.

تێچران: کۆبوونەوە و بەسەر یەکدا کەوتنی مەردووم بەزۆری لە شوێنێک، شاییی فیسار کەس ئەوەندەی (تێ چرابوو) شان دەسوا.

تێچراندن: کۆکردنەوەی گیاندار بەزۆری و بەناڕێکی لە شوێنێکدا.

تێچوون: شان دانە ژێر کارێک و هەوڵدان بۆ کردنی بەگەرم و گوڕی: فیسار کەس بۆ یارمەتی هەتیوان باش (تێ چووە).

تێچەقاندن: چەقاندنی شتێک لە شتێکی تردا.

تێچەقین: چوونی شتێکی تیژ بەشتێکی تردا.

تێچەندن: تێچاندن.

تێچێن: تێچاندن دەربارەی یەکێک لای گەورەیەک. ئەندازەیەکی کەمە لە دانەوێڵە کە لە ناوەندی دوو باراشدا بهاڕدرێ لەبەر پەلەپەل.

تێخ: تیغ.

تێخزان: چوونە شوێنێکی تەنگ و بەزۆر جێی خۆکردنەوە.

تێخزاندن: ترنجاندن و چراندنی شتێک بۆ ناو شوێنێک بەپاڵەپەستۆ.

تێخزین: تێخزان.

تێخستن: خستنی شتێک بۆ ناو شوێنێک. داکردنی هێندێ کەس لە یاریدا: فیسار کەسم لە کەوشەکدا تێ خست.

تێخوڕین: دەنگکردن لە گیاندار بەتوندی بۆ ڕۆینی: لە وڵاخەکەی (خوڕی). دەنگکردنی یەکێک لە یەکێک بۆ وێستانی لە قسەکردن یا ڕۆیندا: شەو چەرخەچی (تێی خوڕی) یا نەریمان قسەی دەکرد باوکی (تێی خوڕی).

تێخونجان: لەباربوون و گونجانی شتێک لە شوێنێکدا.

تێدان: درێژکردن یا پانکردنی پارچەیەک لە کاڵا یا شتێکی تر بەخستنی پارچەیەک لە سەری: کەواکەم یا لێفەکەم کورت بوو بستێکم (تێدا). دانی شتێک لە شتێک: ئەو گەنە ئەسپێ (تێی داوە).

تێدانەوە: تێدانی پارچە لە شتێک. دەستکردنەوە بەشتێک کە لەوە پێش دەستت لێ هەڵگرتبێ: دەستم لە جگەرە هەڵگرتبوو کەچی (تێم دایەوە).

تێر: گیاندارێکە کە لە خواردەمەنی تەسەل بێ. هەموو ڕەنگێکی تۆخ بێجگە لە سپی. ئەم ڕەنگە سوورە یا سەوزە یا شینە (تێر)ە. تێر (ز). بریتییە لە مەردوومی دەوڵەمەند.

تێراو: دار و درەخت و شینایی تەڕ و پاراو.

تێراوی: بوونی دار و درەخت و شینایی بەتەڕ و پاراو.

تێربوون: بەسەرچوونی برسێتی بەهۆی خواردنەوە. بریتییە لە کەسێک کە بێ نیاز بووبێ لە شتێک.

تێرپ: ل. توور.

تێرخواردن: تێربوون لە خواردنی شت.

تێڕ: دەفرێکی دوو لاییە وەک جەواڵ بەڵام ئەم دەمی لە تەنیشتەوەیە. مەردوومی مۆڕەوەبوو (د).

تێرادان: ئاوکردنە ناو دەفرێک و تێوەردانی.

تێراکردن: تێروٚکردن.

تێرامان: تیاڕامان.

تێرتێرە: هـ. قومقمۆکەی گەورە.

تێرک: تێڕ.

تێرکە: خورجی گەورە.

تیروانین: تەماشاکردنی شتێک و لێ وردبوونەوەی.
تیرۆکردن: کردنی شتێک بەشتێکی تردا.
تێرەوەبوون: د. مۆڕبوونەوە.
تێروو: دارێکە بەرێکی وەک توولەزەرە دەگرێ گەڵای وەک چواڵە تاڵە وایە. گیاندار و دڕندەی کێویی وەک شێر و پڵنگ و گورگ و ورچ.
تێرویی: تەربی.
تێرەخۆر: تێرەخۆرە.
تێرەخۆرە: ئەندازەیەکە لە خواردن کە زەلامێک تێری پێ بخوا.
تێرێتی: تێری.
تێری: بوونی گیاندار بەتێر. بوونی هێندێ رەنگ بەتۆخ.
تێـز: کـونێکە لای پێـی هێندێ تفـەنگ و دەمـانچـەوە باروتی دەخرێتە سەر و ئاگری پێوە دەنرێ.
تێـزاب: دەرمـانێکی شلی زۆر تیـژە بەسـەر هەر شـتـێکدا بکرێ دەیسووتێنێ.
تێزاو: تێزاب. تیژاو.
تێزە: د. نووکی شتی تیژ. قوتکە.
تێزکە: تێز.
تێـزەتێـزەدان: پەلەپەلکردن لە یەکـێک بۆ کـردنی کـارێک: بەس (تێزەتێزە)ی بدە، واتە بەس پەلەی لێ بکە.
تێژ: تیژ. گورج و گۆڵ.
تێژک: بەچکەی ساوای دڕندە.
تێساوین: تێ هەڵسوون.
تێسرەواندن: لێدان لە کەسێک بەکوتوپڕی.
تیسک: چەند دانە خوری یا موویەکی درێژە.
تیسکن: شتێکە کە توون بێ و تیسکی پێوە بێ.
تەیسین: با. بریقەدانەوە.
تێسکە: تێز.
تێسمرپاگ: تێکسمراو.
تێسمریان: تێکسمریان.
تێسوون: تێ هەڵسوون.
تێشت: با. نانخواردنی نیوەڕۆان. چێشت.
تیـشک: رووناکـیی ڕۆژ یا مـانگ یا چرا یا شـتـێکی تر کـە لە دوورەوە بدا لە شوێنێک.
تێـشکان: هەڵخـەڵەتان لە کـارێکدا. شکانی شـتـێک لەناو شتێکدا.
تێشکاندن: هەڵخەڵەتاندن. شکاندنی شتێک لەناو شتێکدا.
تێشکاو: هەڵخەڵەتاو: شتێکە بەسەر یەکدا شکابێ.
تێشوو: توێشوو.
تێشووبەرە: تێشوودان.
تێشوودان: شتێکە کە تێشووی تێ بخرێ.
تێشووکردن: نانخواردنی بەیانی. دروستکردنی تێشوو.
تێغ: تیغ.
تێغە: تیغەی دیوار. دەمەی تیغ (د).
تێ فرێدان: فرێدانی شتێک بۆ ناو شتێکی تر.
تێ قلّپاندن: قلّپکردنەوەی شتێک بۆ ناو شتێکی تر.
تێ قوپان: بریتییە لە لاوازبوون و بەناوداچوونی گیاندار.
تێ قوپاو: گیانداری لاوازی بەناوداچوو.
تێکبردن: تێک پەڕاندنی دوو شت بەناو یەکدا.
تێکبەربوون: بەگژیەکداچوونی دوو گیاندار یا زیاتر.
تێک بەردان: بەگژیەکداکردنی گیاندار.
تێک پەڕاندن: تێکبردن و تێکخستنی شت بەناو یەکدا.
تێکچـوون: نەمـانی رێکـوپێکـیی هەمـوو شـتـێک: خـانووەکـە تێکچوو یا دۆستایەتی ئەو دوو برایە (تێکچوو) یا فـیـسار کەس بەتەریقکردنەوەکەی (تێکچوو).
تێکخـراو: دوو شت یا چەند شـتـێکن کـە برابێـتـنە ناو یەکـەوە: پارچەکانی ئەم دەرگایە پاش (تێکخراون).
تێکخستن: تێکبردنی چەند شتێک بەیەکدا.
تێکدان: شێواندنی هەموو شتێک.
تێکردن: کردنی شتێک بۆ ناو شتێکی تر. تێبەردانی کار و بەرخ لە دایکیان بۆ مژینی.
تێکڕا: وتەیەکە لە جیاتی وتەی (هەموو) بەکاردێنرێ.
تێکڕایی: تێکڕا.
تێکسمران: قەڵەوی و دارێژراویی گیاندار.
تێکسمراو: گیانداری قەڵەوی دارێژراو.
تێکشان: تێپەڕین بەبێ خشە.
تێکشکان: شکانی شتێک و تێکەڵبوونی پارچەکانی.
تێکشکاندن: شکاندنی شتێک بەسەر یەکدا.
تێکشکاو: شـتـێکە بەسـەر یەکدا شکابێ و پارچەکـانی تێکەڵ بووبێ.
تێکلهەڤ: ز. تێکەڵاو.
تیکمە: د. شتی پڕ.
تێکوتان: کوتان و پیابردنی شتێک بەشوێنێکدا بەنهێم.
تێکوتاندن: تێکوتان.
تێکوتانن: تێکوتاندن.
تێکۆشان: تێکۆشین.
تێکۆشی: هەوڵدان و پەلەکردن بۆ شتێک.
تێکۆشین: تێکۆشی.
تێکەڵ: چەند شتێکن کە ناوێتەی یەک بووبن. ئاشنا و دۆست.
تێکەڵاو: شـتی تێکەڵ، (تێکەڵاوبوون) تێکەڵبـوون. تێکەڵاو کردن) تێکەڵکردن.

تێکەڵبوون: ئاوێتەبوونی چەند شتێک بەیەک.

تێکەڵدان: تێکهەڵدان.

تێکەڵکردن: ئاوێتەکردنی چەند شتێک بەیەک.

تێکەڵ و پێکەڵ: شتی بەیەکداچووی نارێک و نالەبار.

تێکەڵی: ئاشنایەتی و هاتوچۆکردنی دووکەس لەگەڵ یەکدا بەگەرم و گوڕی.

تێکەوتن: دوڕاندنی هێندێ یاری: فیسار کەس لە قەلەمرداریدا (تێکەوت). چوونە ناو ئاو و مەلەکردن. خەریک و وێڵبوون بەدوای شتێکدا بۆ پەیداکردنی: بۆت (تێ دەکەوم) تا ڕزگارت دەکەم.

تێکەولێکە: بێ سەر و پێیی شوێنێک بەجۆرێک کە پرسینەوەی تێدانەبێ.

تێکهەڵچوون: بەگژیەکداچوونی دوو گیاندار.

تێکهەڵدان: ئاوێتەکردنی دوو شت بەیەکدا.

تێکهەڵشێلان: شێلانی چەند شتێک بەسەر یەکدا.

تێگرتن: هاویشتنی شتێک بۆ شتێکی تر. نانی نیوەنمەک و موشەمما لە ئەندام. گرتنی خەنە و وسمە و بۆیە لە سەر و ڕیش یا دەست و پێ. گرتنی بەرگ یا شووشە بەهێندێ شتدا: ئەو وێنەیەم لە چوارچێوە و شووشە (بۆ بگرە) یا ئەو نوشتەیەم لە بەرگ و موشەمما (بۆ بگرە).

تێگرا: تێکرا.

تێگرایی: تێکرایی.

تێگرماندن: تووڕەبوون لە یەکێک و هەڵشاخان بەسەریدا.

تێگوشین: تریتکردنی نان بۆ ناو خواردەمەنیی شل. بریتییە لە بەختکردنی دراو لە ئەندازە بەدەر لە شتێکدا: فیسار کەس ئەمساڵ لە تووتن کڕیندا زۆری (تێ گوشیوە) واتە دراوێکی زۆری بڵاوکردۆتەوە.

تێگەیاندن: وادارکردنی کەسێک لە شتێک.

تێگەیشتن: وادابوون و زانینی شتێک کە لەوەپێش نەزانرابێ.

تێگەیشتوو: مەردوومی زیرەک و ژیر.

تێگەین: تێگەیشتن.

تێگەیو: تێگەیشتوو.

تێگیران: بریتییە لە زۆر هاتن بۆ یەکێک. بریتییە لە دەمقاڵێی دوو کەس.

تێگیرکردن: گیرکردنی شتێک لە شتێک. بریتییە لە زۆرهێنان بۆ یەکێک.

تێگیریان: تێگیران.

تێل: تەل.

تێلا: دارێکی ڕاستی لووسە لە گورگە درێژترە.

تێلاترێن: بریتییە لە لێدانی یەکێک بەدار بەزۆری.

تیلکە: دیزە.

تیلماسک: پارچەی باریکی درێژکۆڵەی پچووک لە هێندێ شت. چەند دەنکێک لە هێشوویەک ترێ بەلاسکەوە.

تیلمە: پارچەی باریکی تەسک لە شت.

تیلەگە: هـ. کۆڵێکی بەستراو بۆ ئەوەی کە بەکوڵ هەڵبگیرێ.

تێمرووکان: تێورووکان.

تێنان: خستنی شتێک لەناو شتێکدا.

تێنوارین: تێروانین.

تێنەوین: دەست دانە شتێکی قورس بۆ هەڵگرتنی یا هەڵکەندنی بەنهێم.

تێنیشتن: تێوەچوون لە کارێک و شان دانەبەری.

تێوڵە: د. تەویلە.

تێورووکان: کۆبوونەوەی چەند گیاندارێک لە شتێک.

تێووشین: تێگوشین.

تێوولین: تێووشین.

تێوەپێچان: پێچانی شتێک بەشتێکدا. لە دەمەوەدانی یەکێک لە کارێکی خراپدا.

تێوەچوون: تێوەگلانی شتێک لە شتێکی شل: کەواکەم لە ماستەکەوە (چوو). تێوەگلان و شان دانەبەر کارێک بۆ کردنی: فیسار کەس بۆ کردنی شتی باش چاک (تێوە دەچێ).

تێوەدان: دەرخواردنی شتێکی کەم لە شتێکی تر بەتێکەڵکردنیان: هەویرەکە شلە کەمێ ئاردی (تێوەدە)، یا واغێنەکە گوێزی تری (تێوەدە)، یا ئەو پارەیەی کە بڵاوت کردووەتەوە پارەی تری (تێوەمەدە) نەوەک بۆت کۆ نەبێتەوە. هەڵسوونی شتێکی شل لە شتێکی تر: کە دەستت سووتا ماستی (تێوەدە). دووچارکردنی یەکێک لای گەورەیەک بەگوناهێک: لای زۆردار کەس (تێوەمەدە).

تێوەردان: ئاو کردنە ناو دەفرێک و ڕاوەشاندن و ڕشتنیەتی بۆ پاکبوونەوەی.

تێوەژاندن: ئاگادارکردنەوەی گیاندار بەدەست یا بەشتێکی تر.

تێوەژەندن: تێوەژاندن.

تێوەشاندن: ڕاوەشاندنی بەرگ و کاڵا لەسەر ئاگر بۆ کەوتنە خوارەوەی مۆریان لێی.

تێوەگلان: دووچاربوونی کەسێک بەکارێکەوە کە حەزی لێ نەکا: ئیمساڵ بەتووتن کڕینەوە (تێوەگلام). تێوەچوونی شتێکی شل.

تێوەگلاندن: دووچارکردنی کەسێک بەشتێک کە حەزی لێ نەکا. تێوەدانی شتێکی شل لە شتێکی تر.

تیویڵ: ل. تەوێڵ.

تێهاتن: هاتنی شتێک بۆ ناو شتێکی تر: حەوزەکە ئاوی (تێ هات). داهاتن و هەڵمەتدانی شتێک بۆ شتێک.

تێهانین: سەرفرازی و سەرکەوتنی یەکێک لە کارێکدا: فیسار کەس باش (تێی هانی).

تێهەڵچۆ: کەسێکە بەبێ بیرکردنەوە پەلاماری هەموو کارێک بدا.

تێهەڵچوون: پەلاماردان و باوەشکردن بەکارێکدا.

تێهەڵچەقین: هەڵچەقینی شتێکی تیژ بەشتێکی تردا.

تێهەڵدان: لێدان لە گیاندار بەشەق. تێکەڵکردنی شتێک لە شتێکی تر: برنجەکە لەتکەنۆکی (تێ هەڵدە). بریتییە لە دەرکردنی یەکێک.

تێهەڵساوین: تێهەڵسوون.

تێهەڵسوون: سوونی شتێک لە شتێکی تر: ڕۆنەکە لە کولێرەکە (هەڵسوو)، یا خۆتم (تێ هەڵمەسوو).

تێهەڵقورتان: لە خۆوە چوونە ناو کاری ئەم و ئەو.

تێهەڵکردن: تێهەڵچوون لە قسە یا کردەوەیەک بەبێ پرس و ڕا.

تێهەڵکێش: تێبردنی شتێک بەناو شتێکی تردا.

تێهەڵکێشان: هەڵکێشانی شتێک لەناو شتێکدا.

تێهەڵنگان: هەڵەنگووتن.

تێهێنان: تێهانین.

تی: با. لێوار و قەراغی شت.

تی: تینوو. کۆنە شووبرای ژن (ز). پیتێکە دەبێ بەپاشداری هێندێ ناو مەعنای (مصدر) دەگەیەنێ: پیاوە(تی)، مەردایە(تی) واتە بوونی بەپیاو، بوونی بەمەرد.

تیپ: کۆمەڵێک لە گیاندار.

تیپەن: کۆمەڵێک لە سوار.

تیت: پرچ (ﻫ). توو (ل).

تیتاڵ: د. گاڵتە.

تیتاڵباز: د. گاڵتەچی.

تیتاڵی: د. گاڵتەکردن.

تیتڕواسک: تووتڕواسک.

تیتک: ئەگریجە. تووتکە سەگ (ل). نوشتە و مووروی ناوچەوانی منداڵ (با). خوشکی باوک.

تیتکزا: پوورزا.

تیتلە بیجاغ: تیتڕواسک.

تیتە: د. چەکی ژنانە.

تیتی: وتەیەکە بزنی پێ بانگ دەکرێ.

تیتیلە و بیبیلە: بەچکەی وردی گیاندار. داستانی بزن و گورگە کە بۆ منداڵ دەکرێ.

تیر: شتێکی ڕاستی لووت تیژە بەکەوان دەهاوێژرێ وەک گوللە. چەند جۆگەیەکی باریکی ڕاستە بەناو مەرەزەدا دەبرێ بۆ ئاودانی.

تیراوێ: برینێکی زۆر پیسە چاکبوونەوەی نییە ئەگەر سارێژیش بێ هەر هەڵدەداتەوە.

تیراوێژ: ئەندازەی هاویشتنی تیرێک.

تیر ئەناز: د. تیرئەنداز. تیراوێژ.

تیرئەنداز: کەسێکە کە تیر باش بهاوێ.

تیرئەندازی: تیرهاویشتن.

تیرباران: نانەوەی یەکێک بەنیشانە و، بە تیر یا تفەنگ دەسترێژ لێ کردنی.

تیردان: شتێکە تیری تێدا هەڵدەگیرێ.

تیرک: د. دیرەگ.

تیرکێش: د. تیردان.

تیرۆژ: ز. ڕووناکیی ڕۆژ کە لە کلاوڕۆژنەوە بێتە ژوورەوە.

تیرۆژوو: پارچەیەکە لە کراس سەرێکی پان و سەرێکی باریکە لەکاتی لەبەرکردندا دەکەوێتە لای قەبرغەوە.

تیرۆک: دارێکی باریکی ڕاستی لووسی خرتە نانی تیری پێی دەکرێتەوە.

تیروو: جۆرە دارێکی دێمییە وەک (تەروو)، بەشاخەوە دەڕوێ و هەرگیز زۆر زل نابێ.

تیرە: چەند هۆزێکە کە بچێتەوە سەر ئێلێک. چەند زوبیلێکە لە چەرمی خاو کە وەک ڕایەڵ پلیتەکانی ژێری کلاشی تێ هەڵدەکێشرێ. کندر (ز). بروسکە و چەخماخەی ئێشی ئەندام (د).

تیرەباران: تیرباران.

تیرەشان: شانە هەنگوینێکە کە لەسەر لا هەڵبەسترابێ. تیغە شان.

تیرەغە: بڕبڕەی پشت.

تیرەمار: جۆرە مارێکی زەردی باریکی تیژڕەوە بەقەد تیرۆکێک دەبێ.

تیرەنان: نانی تیری. تیرۆک.

تیرەنداز: تیرئەنداز.

تیرەندازی: تیرئەندازی.

تیرێژ: تیرۆژوو.

تیرێژوو: تیرۆژوو.

تیری: نانێکە کە بەتیرۆک کرابێتەوە.

تیز: تیتاڵی.

تیزانگ: د. میزڵدان.

تیزپێکردن: گاڵتەکردن بەیەکێک.

تیزپیتوەکردن: تیز پێکردن.

تیژ: شتی بڕندە. شتی کەسکوون. بریتییە لە کەسێک کە زۆر سوور بێ لە کردنی کارێک.

تیـژاو: ناوی قـلـیـە کـە سـابوونی پێ دروست دەکـرێ. خۆڵەمێشاوێکە ژنان لەگەڵ سابوون کاڵای پێ دەشۆن.

تیژبوون: بریتییە لە سووربوونی یەکێک لەسەر کارێک. بوونی شت بەتیژ.

تیژکردن: بریتییە لە هانەهانەدانی یەکێک لەسەر کردنی کارێک. خۆشکردنی ئاگر: ئاگرەکە (تیژ) کە. بڕشت پەیداکردن بەتیغ.

تیژی: بوونی شت بەتیژ. بوونی شت بەکەسکوون.

تیش: ز. کێو.

تیشە: ل. تەشوێ.

تیغ: ئاسنی تیژی بڕندە.

تیغە: خشتی لەسەر شان دانراو بەگەچ یا بەقوڕ.

تیغەرە: تیرەغە.

تیغەشان: زنجیرەی شاخ. تیغەی دیوار.

تیفتیفە: شەوق و بریقەیەکە کە لەدوای تەراش پەیدا دەبێ.

تیفتیفەدان: خۆ لووسکردن و ئارایشدان.

تیفتیفەکردن: تیفتیفەدان.

تیڤرگ: ز. کڵاو کوڕە.

تیڤل: با. توێکڵ.

تیک: جـۆرە دروومـانێکە لەپێـشدا دوو پارچە لە یەک دەدرێ و هەڵدەدروێ و لەپاشان جەمسەری هەردووکیان دادەگیرێتەوە.

تیکلە: د. مەنجەڵۆکەی پچووکی مسین. جەڕە.

تیکە: پاروو. پارچەیەک لە قـالی. پارچەی شت. (تیکە تیکە بوون) پارچەپارچەبوون، (تیکەتیکەکردن) پارچەپارچەکردن، (تیکەتیکە) پارچەپارچە.

تیـل: کـەسـێکە کـە بەگـۆشـەی چاو تەمـاشـا بکا. هاویشـتنی هەڵمات بەپەنجە بۆ دانی لە شتێک: فیـسار کەس (تیلی) ڕاستە. (تیلکردن) هاویشـتنی هەڵمات بەتیـل. مەردوومی خێل.

تیلاک: کەسێکە کە پێشی سەری مووی پێوە نەبێ.

تیلایی: ڕوانین بەگۆشەی چاو.

تیلیمە: تیلمە.

تیلە: د. ڕەشتاڵە.

تیلی بەرامبەرێن: تیلکردنی دوو کەس بۆ هەڵماتی یەکتری.

تیلێن: تیلی بەرامبەرێن.

تیماج: د. تیمانج.

تیمار: دەرمانی برین. ناوی دوو دێیە لە قەرەداغ و سورداش.

تیمارخانە: شوێنێکە کە هەموو جۆرە دەرمانێکی تێدابێ.

تیمارکردن: دەرمانکردنی برین. ڕنەک و قاشاوکردنی وڵاخ.

تیمارکەر: کەسێکە دەرمانی برین بکا. کەسێکە ڕنەک و قاشاوی وڵاخ بکا.

تیمارکردن: د. شاڵ و قاشاوکردنی وڵاخ.

تیـمـانج: چەرمی مـەڕ و بزن و گـوێرەکـە کـە خـۆش کـرابێ و ڕەنگ کرابێ.

تیمچە: د. کاروان سەرا.

تین: هێز. تینوو (ز).

تینشیر: با. شیرتێن.

تینگ: تینوو. ئاڵوو.

تینگکەوتن: ئاڵووکەوتن.

تینگی: تینوێتی.

تینوو: گیاندارێکە ئارەزووی خواردنەوەی ئاو بکا. گەروو.

تینوێتی: ئارەزووکردنی خواردنەوەی ئاو.

تیوتیوە: تیفتیفە.

تیوتیوەدان: تیفتیفەدان.

ج

جا: وتەیەکە قسەکەر بێباکیی خۆی پێ پیشان دەدا لە بوون یا نەبوونی شتێک: (جا) بابێ یا با نەیەت لەکاتێکدا کە بڵێن فیسار کەس دێت یا نایەت، واتە بێ یا نەیەت باکم نییە. کات: کە تۆ هاتی ئەو(جا) من دەڕۆم. بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (ئیتر): (جا) چی بکەم واتە ئیتر. جێگە (د).
جا ئاستە: هـ. بەجێهێشتن.
جاپلووس: ڕیاکاری زبانلووس.
جاپلووسی: ڕیاکاری و زبانلووسی.
جاترە: گیایەکی گەڵابارێکە وەک تەرخون وایە دەچێنرێ و دەکرێتە ناو هێندێ چێشتەوە.
جاترە کێویلە: گیایەکی بەهاریی کێوییە لە جاترە دەچێ بۆ ژانە سک جۆش دەدرێ و دەخورێتەوە.
جاجر: ز. خواردەمەنییەکە لە گوێزی کوتراو و هەنگوین دروست دەکرێ.
جاجک: بنێشت.
جاجکەتاڵە: بنێشتەتاڵ.
جاجکەخۆشە: بنێشتی خۆشکراو.
جاجگ: د. جاجک.
جاجم: پێخەفێکی تەنراوی سفتی ڕەنگاوڕەنگی خورییە.
جاچک: جاجک.
جاچکە: جاجک.
جاخ: تووڕەکەیەکی پچووکە لە موشەمما تووتنی تێدا دادەگیرێ. دیوارێک کە لە دار دروست کرابێ (ز). زێد و نیشتمان (د). چاخ (د).
جاخولکە: جاخی پچووک.
جادار: د. جێنشین.
جادوو: چاو بەندیکردنی شتی درۆ و دەلەسە لە پەردەی شتی ڕاستدا وەک کردنی پارچە کاغەزی بڕاو لە شێوەی دراودا بەدراو لەپێش چاوی مەردووم. جادووگەر: چی بکەم لە دەست ئەم (جادوو)ە.
جادووباز: جادووگەر.
جادووبەند: تەنەکەیەکە لە زێڕ یا لە زیو نوشتەی چاوەزاری لێ دەنووسرێ.
جادووگەر: کەسێکە کە جادووبکا.
جادووگەری: خەریکبوون بەکردنی جادووەوە.
جار: نۆرە: ئەوەتی هەم (جار) یێک چووم بۆ بەغدا. (جارجار جارجارە) نۆرەنۆرە.
جاران: وتەیەکە دەمی ڕابردوو پیشان دەدا: (جاران) برایەتی زۆر خۆش بوو.
جارجیم: ز. جاجم.
جاڕ: جێگای هەموو دانەوێڵەیەک کە دروابێتەوە. بانگەواز: جاڕچی (جاڕ) دەدا. وتەیەکە بەهێندێ ناوەوە دەنرێ دەیکا بە(اسمی مکان): نێرگسە (جاڕ) مەرەزە (جاڕ) واتە جێی نێرگس و مەرەزە. زەمینی سەختی نەکێڵراو (د).
جاڕچی: کەسێکە پیشەی هەر جاڕدان بێ.
جاڕدان: بانگەوازکردن بۆ شتێک.
جاڕ ڕاهیشتن: جاڕدان.
جاڕس: کەسێکە لە کارێک وەڕس بووبێ. (جاڕسبوون) وەڕس بوون، (جاڕسکردن) وەڕسکردن.
جاڕوو: شتێکە لە قسڵی بێژراوە و خۆڵەمێشی پەینی سووتاو دەگیرێتەوە و حەوزی پێ سواغ دەدرێ. گەسک (د).
جاڕووبەند: شوێنێکە کە بەجاڕوو سواغ درابێ.
جاڕووکاری: جاڕووبەند.
جارماز: د. بەرماڵی نوێژ.
جاروبار: جارجارە.
جارە: د. تاوێر. سینەکەمان (جارەجارە) جارجارە.
جارێ: وتەیەکە بەدیمەن (إسم) و وەکی تر فعلە: (جارێ) لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ دەڕۆم، واتە مەڕۆ. جارێک.

جاری جاران: وتەیەکە چەند دەمێکی ڕابردوو پیشان دەدا.
جارێک: نۆرەیەک.
جارێکیان: د. جارێک.
جاسووس: کەسێکە کە بەدزییەوە هەواڵ و باسی یەکێک یا شوێنێک ببا بۆ یەکێکی تر.
جاسووسی: بردنی هەواڵ و باسی یەکێک یا شوێنێک بۆ یەکێک بەدزییەوە.
جاش: بەچکەی کەر.
جاشک: جاشولکە.
جاشکۆڵە: جاشولکە.
جاشولکە: جاشی پچووک.
جاگە: هـ. جێگا.
جاڵجاڵۆکە: دەعبایەکی چنگ چنگە لە کون و قوژبنی دیوار و بن میچدا بەداوێکی زۆر باریک هێلانە دەتەنێ بۆ گرتنی مێش و مەرۆش.
جام: دەفرێکی مسین یا زەردی قووڵی دەم پەلە. ئاوێنە. شووشە.
جامانە: پارچەیەکی تەنراوی بەدەزووچنراوی گوڵ گوڵییە، جۆرێکیان پیاو دەیبەستێ بەسەریەوە و جۆرێکیشیان ژنان دەیکەن بەکراس و دەسماڵ.
جامباز: کەسێکە دەست بەدەست شت بکڕێ و بفرۆشێتەوە. بریتییە لە مەردوومی فێڵباز.
جامبازە: یاریکردن و هەستانە سەر پاشووی وڵاخ و حوشتر.
جامبازی: کڕین و فرۆتنەوەی شت دەست بەدەست.
جامخانە: هۆدەی شووشەبەند.
جامدانە: د. جامانە.
جامولکە: جامی پچووک.
جامۆلکە: جامولکە.
جامۆڵە: د. جامولکە.
جامەدانە: جامانە.
جامەدانی: جامانە.
جامەلووس: مەردوومی دەم تەڕی زبانلووس.
جامەلووسی: زبانلووسی و کلکە لەقێ کردن.
جامیر: با. جوامێر.
جامێر: ز. جوامێر.
جان: گیان.
جانانە: مەردوومی زۆرزانی فێڵبازی زبانلووس. دۆستی گیانی گیانی.
جانباز: جامباز.
جانبازە: جامبازە.
جانبازی: جامبازی.
جانتا: شتێکی چەرمینی دەسکدارە وەک سندووق کەلوپەلی تێ دەخرێ و بەدەست هەڵدەگیرێ.
جانفاس: کاڵای ئاوریشمینی ڕووت (ز). جۆرە تەنراوێکە وەک گونیە.
جانکووشک: ز. کەسێکە بەبانگکردن یا بەتەقەکردن گاوران لە خەو هەستێنێ بۆ چوونە کڵێسە.
جانگ: جاو.
جانگی: د. ناوەندی چاو و گوێ.
جانماز: بەرماڵی نوێژ لەسەرکردن.
جانەر: ز. گیایەکی بۆنخۆشە گوڵێکی سپیی بۆرەڵووک دەگرێ.
جانەوەر: گیانداری دڕندەی بە زیان.
جانی: ز. جوانوو.
جاو: تەنراوێکە وەک بلووری بەڵام ئەم ڕیسەکەی ئەستوورترە و بەخەرەک دەڕێسرێ و جۆڵا دروستی دەکا.
جاوپێچک: نەوەرد.
جاوراوە: جووراوە.
جاونانەوە: ڕایەڵکردنی جاو. بریتییە لە کەسێک کە زۆر هاتوچۆ بکا.
جاووگ: د. جاو.
جاهێڵ: لاوی گەنج.
جاوین: جوونی شت.
جاوینەوە: جوونەوە.
جاینگ: لاجانگ.
جبۆ: ز. وتەیەکە وەک وتەی (کابرا) و هەر بۆ نێرینە بەکاردێنرێ.
جبە: کاڵایەکی ئاودامانی قۆڵدارە زانایان و دادپرسان و هێندێ پیاوی گەورەی تر لەبەری دەکەن لەباتی (باڵاپۆش).
جبەخانە: کۆگای چەکی جەنگی.
ججە: ز. دەنگێکە مەڕی پێ دەردەکرێ.
جدەو: جۆرە برینێکە لەناو شانی وڵاخ پەیدا دەبێ بەهۆی گرتنی بار یا زین و کورتانەوە. (جدەوبوون) بریندارابوونی پشتی وڵاخ لەبەر بار یا زین یا کورتان. شتی عەیبدار (د).
جدەوبوون: عەیبداربوون و لە کارکەوتنی شت.
جر: ز. هاودەمی و ڕابواردن.
جراجر: ز. دەمقاڵی لەسەر شتێک.
جرین: مەردوومی دەلووکاری بزێو.
جرپ و جۆپ: جرت و فرت.
جرت: جرێت. مەردوومی هەرزە (د).
جرتاو: جەرەتاو.
جرت و فرت: هاتوچۆکردن بەپەلەپەل و بەبێ جێ.

جرته: پاڵتۆی لەبەرکردن.

جرتەکردن: جرِینی و بزبۆیکردن.

جرج: دەعبایەکی چوارپێیە لە مشک گەورەترە.

جرجەکوێرە: مشکەکوێرە.

جرد: ز. جرج.

جر داهێشتن: د. جرتکێشان.

جـرِ: د. وتەیەکـە بۆ گـاڵتـەپێکردن بەکـاردێنرێ: (جـرِ) لە خوێندەواریت.

جرِبۆزە: وتەیەکە بەرازی پێ لە کون دەردەپەرێنرێ.

جرِت: ترکەندن بەددەم.

جرِجرِە: د. بەرزەجرِە.

جرِجونگانێ: د. مەردوومی توورِە و ترِۆ.

جرِجینگانێ: د. جرِجونگانێ.

جرِ و جانەوەر: پرِ و پیتی بێ کەڵک.

جر و جیاز: پرِ و پیتی ناوماڵ.

جرِ و جیاری: جرِ و جیاز.

جرِە: باڵندەیەکی پچکۆلەیە کە پێی دەڵێن (جورِە).

جرِها: د. جرِ.

جرِهاتن: د. تەنگەتاوبوون.

جرِەبەگزادە: باڵندەیەکی جوانی رِەنگاورِەنگە بەقەد پۆرِێک دەبێ بەڵام ئەم باریکترە.

جرنگاندن: بریتییە لە دانی دراوێک کە پێت ناخۆش بێ.

جـرنگە: جـۆرە دەنگێکە وەک دەنگی پـارە. (جـرنگـە جـرنگ) جرنگەی یەک لەدوای یەک.

جرووکە: دەنگی مەلی پچووکی وەک چۆلەکە. (جرووکە جرووک) جرووکەی یەک لە دوای یەک.

جریتان: د. جریتبازی.

جریتبازی: جلیتێن.

جریتێن: جلیتێن.

جریکە: د. جرووکە، (جریکە جریک) جرووکە جرووک.

جـریوە: دەنگی چۆلەکـە. جـوولانەوەی ئەسـتـێـرە لەپێش چاو. (جریوە جریو) جریوەی یەک لەدوای یەک.

جز: د. چزەی شیشی سوورەوەکراو کە بکرێ بەناودا.

جزدان: کیفێکی چەرمینە دراوی تێ دەکرێ.

جززە: جزە.

جـزم: بەشـێکی تایبـەتی سـەربەخـۆ لە نووسـراوێک: مـێـژووی کوردستان دوو (جزم)ە.

جزوبەند: بەیەکەوە بەستنی جزمی کتێب و لە بەرگ گرتنی.

جزمە: پێڵاوی لاسک درێژی چەرمین یا لاستیکی زستانییە وەک چەکمە وایە.

جزە: وتەیەکە منداڵی ساوا بەگۆشتی دەڵێ. کزە.

جعێتنی: جۆرە ولاخێکی بەرزی رِەسەنە.

جعـیـدۆک: ز. گـیـایەکی بۆنخـۆشـە دەخرێتـە ناو کـاڵاوە لەبەر مۆرانە.

جغارە: جگەرە.

جغـز: کـێـرِێکی گـردە لە یاریی جغـزێندا دەکـێـشـرێ، دەسـتـەی تێکەوتوو دەچنە ناویەوە.

جغزێن: جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە، (جغز)ێک دەکێشرێ هەر دەستەیەکیان تێکەوت دەچێتە ناویەوە و دەستەکەی تر لە دەرەوە تۆپیان تێ دەگرن.

جغەرە: جگەرە.

جغەرەچی: جگەرەفرۆش.

جغەرەخۆر: جگەرەخۆر.

جغەرەکێش: جگەرەکێش.

جفت: جووت (د). (جفتبوون) جووتبوون. جەوت (ل).

جفتە: شتێکە وەک مووکێش بەڵام ئەم لووتی باریکە سەعاتچی پارچەی وردی سەعاتی پێ هەڵدەگرێ. جووتەی ولاخ (د).

جفتەقزمیر: جۆرە چۆغەیەکی تەنکی سفتی ساغە.

جفتەوەشانن: د. جووتە وەشانن.

جفتەوەشێن: جووتە وەشێن.

جفتەهەڵخشتن: د. جووتە وەشاندن.

جفتیار: د. جووتیار.

جقە: جۆرە چۆلەکەیەکی بۆرەلووکە لە پاساری کەمێک گەورەترە. پەرِێکە کە پاشایان و پیاوی گەورە دەیدەن لە سەریان. گوڵی بادامی (د).

جک: د. میچ.

جگ: دیوی چاڵ لە میچ.

جگانێ: میچێن.

جگەر: جەرگ. بریتییە لە رِۆڵەی نادەمیزاد.

جگەر ئۆنی: گیایەکە جۆش دەدرێ و بۆ کۆکە دەخورێتەوە.

جگەرچی: کەسێکە پیشەی هەر جگەر برژاندن بێ.

جگەرسۆز: بریتییە لە یەکێک کە بەتەنگەوە بێ و دڵی پێت بسووتێ.

جگەرسووتان: بریتییە لە مردنی رِۆڵەی جگەرگۆشە.

جگەرسووتاو: بریتییە لە کەسێک کە رِۆڵەی مردبێ.

جگەرگۆشە: بریتییە لە رِۆڵەی مەردووم.

جگەرە: کـاغـەزێکی باریکی درێژی لوولەی پرِ لە توووتنە دادەگیرسێنرێ و دەکێشرێ.

جگەرەچی: کەسێکە کە پیشەی هەر فرۆشتنی جگەرە بێ.

جگەرەخۆر: جگەرەکێش.

جگەرەکێش: کەسێکە ئالوودەی جگەرە بێ.

جگین: میچین.

جل: کالا و بەرگی ئادەمیزاد. پەلاسێکە لە ولاخ دەکرێ.

جلبڕ: کەسێکە کە بەرگ و کالا بۆ مەردووم ببڕێ.

جلبڕان: د. جلبڕین.

جلبڕۆکە: مزرۆکە.

جلبڕین: بانگێشتن (دەعوەت)ێکی تێکڕاییی ژنانەیە لەلایەن ماڵی بووکەوە بۆ بڕینی جلی بووک.

جلدان: چارۆکەی کۆڵی ژنان.

جلدروو: کەسێکە بەرگ و کالا بدروێ بۆ مەردووم.

جلشتن: شوشتنی بەرگ و کالا لە ماڵدا بەتێکڕایی.

جلشۆر: کەسێکە کە لە ماڵدا جلوبەرگ بشوا.

جلشۆرک: شوێنێکە بەرگ و کالای تێدا دەشۆرێ. گەلا کوتک.

جلفڕ: جرین.

جلق: ناوە بۆ دراوێکی کەم نرخی بابانی.

جلقاو: د. چلکاو.

جلک: بەرگ و کالا.

جلکار: بەرگێکە هەر لەکاتی کاردا لەبەر دەکرێ.

جلگا: د. جۆرە ماسییەکە.

جل و جۆڕ: شڕەی ناوماڵ.

جلە: گیاندارێکی ئاوییە وەک مادە لەناو ئاودا خۆی پان دەکاتەوە بۆ مڵ و مووش.

جلەشڕە: گیایەکی ئاوییە وەک بەڕە بەسەر ئاودا پان دەبێتەوە. جلە.

جڵەو: دەستە ڕدشمە. دانە لغاو. کۆمەڵێک لە ئاژاڵ.

جڵەودار: سەرۆکی کاروان.

جڵەو شلکردن: بریتییە لە بەرەڵاکردنی منداڵ و بەردەست و گوێ نەدانیان.

جڵەوکێش: جڵەودار.

جڵەوکێشان: ڕاکێشانی جڵەوی ولاخ.

جڵەوگیر: کەسێکە کە جڵەوگیریی یەکێک بکا.

جڵەوگیری: بریتییە لە ڕێ نەدان بۆ کردن یا وتنی شتێک: (جڵەوگیری) کوڕەکەت بکە لە هاوڕێی پیاوی خراپ.

جڵەوهەڵتەکاندن: بریتییە لە جڵەوگرتنی یەکێک.

جڵەوهەڵکێشان: جڵەوهەڵتەکاندن.

جلیتبازی: جلیتێن.

جلیتێن: یاریکردن بەگۆ بەسەر سوارییەوە.

جم: جووڵە.

جمان: جووڵان: خوێن (جمان)د.

جمدان: جووڵان بەتەکانەوە.

جمس: د. جووڵە.

جمشرگ: د. مەچەک.

جمک: دووانەی منداڵ یا گیانداری تر.

جمکانە: جمک.

جمکوت: د. شتێکە کە چێوئاخن کرابێ. شوێنی جەنجاڵ.

جمگە: جومگە. پارچەی شت. (جمگەجمگە): شتی کوت کوت.

جموجووڵ: جووڵە جووڵ.

جممە: جمە.

جمە: وتەیەکە بۆ کۆبوونەوە و بەسەر یەکدا کەوتنی مەردووم لە شوێنێکدا بەکاردەهێنرێ: ئیمڕۆ بازاڕ (جمە)ی دەهات.

جمیان: جمان.

جمین: جمان.

جناور: ز. جانەوەر.

جنچک: د. ناوکی میوە. جنچک. جینچکە.

جنچکان: د. هەڵتوتان بەچیچکانەوە.

جنچکە: د. جنچکان.

جنراو: شتێکە بەتیغ وردکرابێ.

جنکە: د. ڕێزەیەک لە شتێک.

جنگدان: جمدان.

جنگز: مەردوومی توند و توورە.

جنگن: جنگز.

جنگ و جووڵ: جموجووڵ.

جننە: د. ژنی سۆزانی حەشەری.

جننەباز: پیاوێکە بەشوێن ئافرەتی حەشەریدا بسووڕێتەوە.

جننەخانە: د. شوێنێکە ئافرەتی حەشەریی تێدابێ.

جنۆکە: جۆرە گیاندارێکی نادیاری وڕە کە هەرگیز نابینرێ.

جنیاگ: شتی جنراو.

جنێو: وتەی ناشیرین کە بە یەکێک بدرێ.

جنێودان: وتەی ناشیرین وتن بە مەردووم.

جنێو فرۆش: بریتییە لە یەکێک کە زۆر جنێو بدا.

جنین: ورد کردنی شت بەتیغ.

جۆ: دانەوێڵەیەکە وەک گەنم بەلام نەم زبر و گەورەترە. جۆگە.

جوار: ز. توورەکەی ولاخ.

جوال: ز. جەواڵ.

جواڵ: د. جەواڵ.

جوامێر: پیاوی شۆخی ئازای دەرهاتوو.

جوان: شتی ڕێکوپێکی دڵگیر.

جواناو: ئارەقێکی سارده نەخۆش لەکاتی گیانەلادا دەری دەدا.

جوانچاک: مەردوومی گەنجی زۆر جوان.

جوانکە: جوانی خۆشەویست.

جوانکەلە: جوانی خنجیلە و پچووک.
جوانکیلانە: جوانکەلە.
جوانکیلە: جوانکیلانە.
جوانن: د. جوولاندن.
جوانمەرد: د. جوامێر.
جوانمەردی: د. جوامێری.
جوانوو: بێچووی ماین.
جوانوولکە: جوانووی ساوا.
جوانەزووە: عازەبە.
جوانەزەوە: جوانەزووە.
جوانەگا: پارێنێکە پێی نابێتە سالّی سێیەم.
جوانەمەرگ: کەسێکە کە بەگەنجی بمرێ.
جوانەمەرگە: جوانەمەرگ.
جوانی: تافی گەنجی. بوونی شت بەجوان: (جوانی) بەهردیەکی خۆشە. جوانوو: (ز).
جۆبار: د. جۆگە.
جوتکە: جووتەی وڵاخ.
جوچکە: کلێنچکەی گیاندار. کلکی گیاندار. جووجەڵە.
جوچکەبڕیاگ: د. وتەیەکە بەکاردێنرێ لەباتی وتەی (دوابڕاو).
جوچکەلەقێ: د. کلکەلەقێ.
جوچکە ناو گەلّگرتن: د. بریتییە لە ڕەوکردن و شکان و خۆشاردنەوە.
جوجمێن: ز. تۆپێن.
جۆخۆرە: جۆرە باڵندەیەکە وەک چۆلەکە.
جۆخێن: خەرمان.
جودا: جیاواز.
جۆداس: گیایەکی کێویی زبرە وەک جۆ وایە بەڵام ئەم شیردی کەمە.
جۆدان: جۆرە گرنجییەکە لە دانی وڵاخی یەکسمدا کە جۆی پێ دەهاڕێ.
جۆدانە: د. جۆدان.
جودایی: جیاوازی.
جۆدرەو: کاتی دروێنەی جۆ.
جۆر: تەحر.
جوردە: ل. بەرگ و کاڵا.
جۆڕک: توورەکە.
جۆڕکە: هـ. جۆڕک.
جورنە: قوولکەیەکە بە بەرزییەوە لە حەمامدا ناوی گەرمی تێ دەکرێ بۆ خۆ پێ شوشتن.
جورە: باڵندەیەکی بۆرە لە چۆلەکە پچووکترە. جۆرە دەنگێکە وەک جیڕەی دەرگا.
جورەکڵاونە: د. جورە.
جوریان: د. گۆڕان.
جورکە: توورەکە.
جۆری: گوڵێکی بۆنخۆشی جوانە وەک شەسپەڕ بەڵام ئەم پچووکتر و ڕەنگی تێرترە.
جۆزەرد: جۆزەردان.
جۆزەردان: مانگی حوزەیران.
جوستوجۆ: دووکەوتنی شتێک و هەوڵ و تەقەلادان بۆ پەیاکردنی یا بۆ زانینی.
جوستە: ریزە دروومانی تەنیشت (باریکە). جەستە.
جوسوجۆ: د. جوستوجۆ.
جۆش: جۆرە خشتێکی قورسی شێن کارە کە زۆر سوور بووبێتەوە.
چەسپ: ئەم دوو دانە (جۆش)ن واتە بەیەکەوە نووساون.
جۆشخواردن: توانەوە و بەسەر یەکداچوونی هێندێ شت بەهۆی ئاگرەوە.
جۆشدان: هێنانە کوڵی هێندێ شت لەسەر ئاگر.
جۆش سەندن: هاتنە کوڵی شتی شل لەسەر ئاگر. بریتییە لە تاوسەندنی جیهان لە هاویندا. بریتییە لە گەرمبوونی یەکێک لە کارێکدا.
جۆشن: کەسێکە بەجۆش بێ خۆی لەم و لەو هەڵسوێ.
جۆشیان: هاتنە جۆش.
جۆشیرە: جۆیەکی سەوزە کە تازە شیردی تێپەڕیبێ.
جۆشیلە: جۆشیرە.
جوقنە: باڵندەی زۆر پچووکی نابووت.
جۆگا: جۆگە.
جوگمە: جومگە.
جۆگە: هێڵێکی گەورەیە کە ئاوی پێدا بڕوا.
جۆگەلە: جۆگەی باریکی پچووک.
جۆل: گیایەکە لە مێرگدا دەڕوێ ناژاڵ باشی دەخوا (با). چەند سەرێک لە مەڕ (ز).
جۆلا: کەسێکە کە بەدەست شت بتەنێ لە پێچاڵدا.
جۆلانە: شتێکە لە دار و تەختە یا لە گوریس و پەڕۆ دروست دەکرێ و منداڵی تێدا ڕادەژەنرێ.
جۆلانێ: جۆلانە.
جۆلایی: تەنیی شت لەلایەن جۆلاوە.
جۆلایی کەرد: جاڵجاڵۆکە.
جولحا: ل. جۆلا.
جۆم: شوێنێکە لەناو شاخ و داخدا کە ناو دایدڕیبێ.
جۆماڵ: پاککردنەوەی جۆگەی گەورە و قووڵکردنی.
جومبوش: جووڵانەوە و هاتوچۆی شت بەزۆری.

جومگە: جەمسەری دوو ئێسقان لە ئەندامی گیاندار.
جۆمەرد: جوامێر.
جۆن: جوێن.
جونگ: بزێکە کە دەکرێ بەیەکێکەوە. گیانداری تۆڕ (د). قین (د).
جۆنگ: لە جێچوونی پاشووی گوێدرێژ.
جونگ پێوەکردن: بزپێوەکردن.
جونگکردن: د. قینگرتن.
جونگە: دەنگی تڕی باریکی پچووک. (جونگە جونگ) جونگەی یەک لەسەر یەک.
جۆنەگا: ز. جوانەگا.
جۆنی: ز. دۆلّی دار یا بەرد کە شتی تێدا دەکوترێ.
جوو: جوولەکە: جۆگەلە (ل). جۆگە (ز).
جووبرک: ز. ملە.
جووت: شتێکە کە تاک نەبێ. دوو ئێستر یا دوو گا یا دوو کەرە کە زەوی پێ بکێلرێ.
جووتانە: شتێکە کە سالّی جارێک لە خاوەن جووت بسێنرێ.
جووتبوون: جووتگرتن. رێکبوونی دوو شت بەقەد یەک.
جووتکردن: کێلانی زەوی بەجووت. پێوەدان و داخستنی دەرگا و پەنجەرەی دوو دەری. خستنە پالّ یەکی دوو شت.
جووتگرتن: یەککەوتنی نێر و مێ.
جووتە: لەقەی ولاخی یەکسم بەهەردوو پاشووی. دوو گیاندارن کە بەیەک سک بووبن. ولاخێکە کە دوو شارەگ لە ناوچەوانیدا بەرز بووبێتەوە کە ئەمەش گوایا نیشانەی بەدبەختیی خاوەنیەتی. دراوێکی زیوینی ئێرانییە بەدوو قران دەچێ.
جووتەوەشاندن: لەقەوەشاندنی ولاخی یەکسم بەهەردوو پاشووی.
جووتە وەشێن: بریتییە لە ئادەمیزادی قسە تڕن.
جووتەی سەران: وتەیەکە کە دوو کەسی بێ (تشبیه) دەکرێ کە هەمیشە بەیەکەوە لە جێگایەک حازر بن.
جووتەی هەنجیران: دوو ئەستێرەن لە تەنیشت یەکەوە وەک چزوو وان بۆ چەند ئەستێرەیەک کە لە دووپشک دەچن، حەلێک کە لە ئێوارانداکەوتنە قیبلە نێتر ئەوە کاتی پێگەیشتنی هەنجیرە.
جووتیار: کەسێکە کە بەسالانە جووتت بۆ بکا.
جووتیاری: جووتکردن بۆ یەکێک بەسالانە.
جووجک با: چۆلەکە.
جووجوو: وتەیەکە منداڵی ساوا بۆ هەموو گیانداریکی پچووک بەکاری دەهێنێ.
جووجە: جووچکێکە کە کزر بووبێ و هێشتا نەبووبێ بەبارۆکە. جووجوو.
جووچەقۆرە: فڕوجاوێکە بەئاوی بەرسیلە کرابێ.
جووجەڵە: بێچووی مریشک.
جووچک: جووجەڵە.
جووخێن: جۆخێن.
جوور: جۆر.
جووراو: شتێکە کە لە دەمدا جوورابێ: ئەم بنێشتە (جووراو)ە.
جووراوە: ئاسنێکە کە بەهۆی لێدان یا پیاکەوتنی شتێکی قورسەوە زەدەدار و گرنج گرنج بووبێ.
جوورک: جۆرک.
جوورکردن: سەندنی شتێک لە یەکێک بەقومار یا بە فڕ و فێلّ.
جووز: د. جووزە.
جووزان: ز. گوێزان.
جووزپێوەکردن: بزپێوەکردن.
جووزە: دەنگێکی باریک و پچووکە وەک دەنگی سەماوەر. (جووزەجووز) جووزەی یەک لەدوای یەک.
جووزەلە: دووزەلە.
جووش: د. جۆش. خەلّفی درەخت کە لە بنەوە دەری دەکا.
جووشانن: د. جۆشدان.
جووشخواردن: د. جۆشخواردن.
جووقن: جوقنە.
جووک: بزێکە کە دەکرێ بەیەکێکەوە. جۆگەلە (با). جووکی (د).
جووکاندن: جووکەکردنی چۆلەکە.
جووک پێوەکردن: جونگ پێوەکردن.
جووکن: گیاندارێکە کە زۆر بجووکێنێ.
جووکە: دەنگێکە وەک دەنگی جووچک. (جووکەجووک) جووکەی یەک لەدوای یەک.
جووکەبڕین: بریتییە لە خەفەکردنی یەکێک.
جووکی: کەسێکە کە بە فڕ و فێلّ مەردووم هەلّخەلّەتێنێ و چاوبەستی لێ بکا و نوشتەی ڕەشی و دێوبەند و شتی هیچ و پووچی بۆ بنووسێ.
جوولان: بزووتن.
جوولاندن: بزواندنی شت لە شوێنی خۆی.
جوولاندنەوە: بزواندنەوەی شت.
جوولانن: جوولاندن.
جوولانەوە: بزووتنەوە. بریتییە لە زیادبوونی شت: فیسار شت نرخی (جوولاوەتەوە) یا ئاوەکە (جوولاوەتەوە) یا ڕۆژ یا شەو (جوولاوەتەوە) واتە زیادیان کردووە.
جوولک: د. جووجەڵە.
جوولگ: هـ. جۆلا.

جوولگی: ھ. جۆلایی.

جووله: جوولان. (جوولەجوول) جوولەی یەک لە دوای یەک.

جوولەکردن: جوولانەوەی شت.

جوولەکە: کەسێکە کە لەسەر ئاینی مووسا پێغەمبەر بێ.

جوولەمەردسێ: جۆرە یارییەکە کە بەمیچ دەکرێ.

جوولیان: د. جوولان.

جوولیانەوە: د. جوولانەوە.

جوومەرد: ز. جوامێر.

جوون: دانانی بەشتێکدا نان بۆ وردکردنی. دۆلی بەرد کە شتی تێدا دەکوترێ. جوێن. جۆر.

جوونەوە: زددداری و گرنجبوونی ئاسن و تەنەکە و شتی تر بەهۆی لێدان یا پیاکەوتنی شتی قورسەوە.

جوێ: جیا.

جوێبوونەوە: دووركەوتنەوەی شتێک لە شتێک.

جوێکردنەوە: دوورخستنەوەی شتێک لە شتێک.

جوێن: جنێو.

جوێندان: جنێودان.

جوێنفرۆش: جنێوفرۆش.

جوین: جوونی شت بە ددان. جوولان.

جە: وتەیەکە لە جێی وتەی (لە) بەکار دەهێنرێ (ھ). جۆی دانەوێڵە. جێ (ز).

جەباری: جۆرێکە لە کەتیرە. ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد کە لە لیوای کەرکوک دادەنیشن.

جەبە: گیانداری یاخی: ئێسترەکەم (جەبە)یە. دەربوێردراو (مستثنی) لە شتێک: فیسار کەس لە هەموو کارێک (جەبە)یە. (جەبەبوون) یاخیبوون. دەرچوون. (جەبەکردن) یاخیکردن. دەربواردنی شتێک لە شتێک.

جەبەرد: سەرما و سۆڵە.

جەبەردنواندن: خۆهەڵکێشانی چۆلەکە لە ناو لە زستاندا کە نیشانەی سەرما و کرێوەیەکە.

جەبەش: ز. کاڵەک.

جەترەقە: جۆرە کولێرەیەکە بەساج دەبرژێنرێ.

جەحری: ز. زەھر.

جەحشک: ز. جاش.

جەحفەری: ز. جۆرەپۆلایەکە کە شیری لێ دروست دەکرێ.

جەحێل: با. جەھێڵ.

جەحێڵ: جەھێڵ.

جەخار: خەفەت.

جەخت: هەوڵ و کۆششی پەیدەرپەی بۆ کارێک: فیسار کەس بە(جەخت) ئەو کارە دەکا. پژمەی یەک لەسەریەک.

جەخت هێنان: دووجار پژمین یەک لەسەر یەک لەکاتی قسەکردن لە کارێک و بڕیاردان لەسەری، کە ئەمەش نیشانەی فەری ئەو کارەیە.

جەختی: چالاکی و چاپووکی: بە(جەختی) هات.

جەددو: ز. جدو.

جەرابوون: رزگاربوونی گیانداری ئاوس کە جەرابێ بەجیابوونەوەی سکەکە لێی.

جەربەزە: گیانداری بزێوی چەتوون.

جەربەزەیی: بزێوی و چەتوونی.

جەرجەر: ز. جەنجەڕ.

جەرجەڤان: ز. کەسێکە کە جەنجەڕ بگێرێ.

جەرخەتوو: ز. ئاوگردان.

جەرخەتوون: ز. جەرخەتوو.

جەرد: ز. مشک.

جەردە: کەسێکە رێگا بەمەردووم بگرێ و بەزۆر رووتی کاتەوە.

جەردەیی: رێگا بەمەردووم گرتن و رووتکردنەوەی بەزۆر.

جەڕ: جۆرە بزمارێکە بەبادانی توند دەبێ.

جەڕان: گیربوونی شتێک لەناو شتێکی تردا بەڕەنگێک کە زۆر بەگران بێتەدەردەوە: فیسارە ئافرەت بەمنداڵەوە (جەڕاوە): یا فیسار کەس بەمیزدوە (جەڕاوە).

جەڕاندن: بەستن و شەتەکدانی شتێک.

جەڕانن: جەڕاندن.

جەڕبادەر: ئاسنێکی لووت پانی کلک درێژە جەڕی پێ با دەدرێ.

جەڕجەڕە: د. جەنجەڕی بیر.

جەڕدان: پێچدان بەتوندی.

جەڕومەنگەنە: دوو تەختەی ئەستووری پانە لە هەردوو سەرەوە جەڕی پێوەیە کتێبی تێ دەخرێ و جەڕەکانی توند دەکرێتەوە بۆ ئەوەی تەختەکان بێنەوە یەک و کتێبەکە لە ناویدا دەق بگرێ.

جەڕەباپەدان: بەستن و شەتەکدانی شتێک زۆر بەتوندی.

جەڕین: جەڕان.

جەرگ: سێ پارچە گۆشتی مۆری ئاسکە لە خوار سییەوە و، بەقوڕقوڕاگەی گیاندارەوە نووساوە. بریتییە لە رۆڵە.

جەرگاووس: بریتییە لە کەسێک کە تەنگەتاو کرابێ و وەڕس بووبێ.

جەرگبڕین: بریتییە لە کوشتن.

جەرگ سووتان: جگەرسووتان.

جەرگسووتاو: جگەرسووتاو.

جەرگ قایم: بەجەرگ.

جەرگە: جەنگە: فیسار کەس لەناو (جەرگە)ی هەراکەدا بوو.

جەرگەبەز: ز. جەرگێکە لەگەڵ بەز و چەوریدا لە شیش بدرێ بۆ برژاندن.
جەردتاو: چلکاو.
جەریفک: با. گەسک.
جەریە: دوو تەختەیە وەک جەڕ و وەک مەنگەنە چەرمدروو چەرمی پێ دەگرێ لە کاتی دروونیدا.
جەزرەبە: ئازارێکە کە لە یەکێکەوە بگات بەیەکێکی تر.
جەزرەبە پێگەیاندن: جەزرەبەدان.
جەزرەبەدان: ئێش گەیاندن بەیەکێک و زریکە لێ هەڵساندنی.
جەزردوە: د. جەزرەبە.
جەزوە: دەفرێکی تایبەتییە قاوەی تێدا لێ دەنرێ.
جەژن: ڕۆژی شایی و خۆشیی گەلێک.
جەژنانە: دراوێکە جەژنان بدرێ بەم و بەو.
جەژنە: جەژن. جەژنی گەلێکە کە موسڵمان نەبێ: جوولەکە یا گاور ئیمڕۆ (جەژنە)یانە.
جەژنەپیرۆزە: پیرۆزبکردن لە یەکتری لە جەژندا.
جەژنەپیرۆزی: جەژنەپیرۆزە.
جەژنەچەقاڵە: جەژنێکە جوولەکە هەر چەقالە و دەنکە کوولەکەی سوێری تێدا دەخوا.
جەژنەفەتیرە: جەژنێکە جوولەکە نانی فەتیری تێدا دەکەن.
جەسە: د. جەستە.
جەعبە: سندووقی پچکۆلە. فیشەکگیر.
جەعێتنی: جعێتنی.
جەفات: ز. جێی دانیشتن و کۆبوونەوەی مەردووم.
جەفت: جەوت.
جەگەر: ز. جگەر.
جەلاقی: ز. دۆشاوێکە بەکوڵاندن توند بووبێتەوە.
جەلالی: ز. تیرەیەکە لە کورد لە نزیک شاری (بایزید)دوە.
جەلاوی: ز. جلە.
جەلد: مەردوومی ئازا و خێرا.
جەلغە: دوو دارە کە سەریان وەک قەڵەم دادرابێ و لەیەک درابن و کرابن بەیەک. کاری ناتەواو ناپوخت.
جەلغەمە: جەلغە.
جەلە: پیشۆک و بنکە قوماشێکە کە منداڵان وەک فیشەک لغ دەیهۆننەوە و دەیکەنە ملیان. جەڵەب و کۆمەڵە گاگەلێکە کە بەیەکەوە بەسترابن.
جەڵە: جەلە.
جەلەب: کۆمەڵێک لە ئاژاڵ یا وڵاخ کە بۆ فرۆشتن کرابێ. چەشن و بابەت (ز).
جەڵەب: جەلەب.
جەڵەبچی: کەسێکە کە جەڵەب بکڕێ و بیفرۆشێتەوە.
جەڵەبدار: جەڵەبچی.
جەڵەبی: شتێکە هەڕەمە بێ و تایبەتی نەبێ.
جەلەکردن: ڕیزکردنی ڕەشەوڵاخ و بەستنەوەیان بەگوریس بەیەکەوە.
جەڵەکردن: جەلەکردن.
جەلەو: ز. جڵەو.
جەڵەو: جەڵەب.
جەڵەوی: جەڵەبی.
جەم: ز. تابار. وتەیەکە هاتووە بەمانای (لەکن).
جەمام: ئەندامێکە لە جەستە کە بەهۆی ماندووبوونەوە هاتبێتە ئێش. (جەمامبوون): ماندووبوون و هاتنە ئازاری یەکێک لە ئەندام.
جەمامی: ماندوویەتی و ئازاری جەستە بەهۆی زۆر کارکردنیەوە.
جەماودر: کۆمەڵێک لە مەردووم کە لە شوێنێک کۆبووبنەوە.
جەمبلەیی: ز. تووتنی توند.
جەمجتین: ز. شڵەقانی شتی شل.
جەمجقاندن: ز. شلەقاندنی شتی شل.
جەمسەر: سەری دوو شت کە بگەنەوە یەک.
جەمک: ژەمک.
جەمک: با. دووانە.
جەمەدانی: جامانەی سەر.
جەمیداندن: ز. ساردکردنەوە.
جەمیدین: ز. ساردبوونەوە.
جەناب: وتەیەکە لە ڕووی گەورەییەوە بۆ کەسێک بەکاردێنرێ کە لە گەڵیدا قسە بکەیت یا ناوی ببەیت یا کاغەزی بۆ بنووسیت.
جەنتک: ز. جەواڵی پچووک.
جەنجاڵ: کۆبوونەوەی مەردووم بەزۆری و نارێکی. سەرقاڵی و دەست نەپەرژان: سەرم (جەنجاڵ)ە.
جەنجەڕ: چەرخی ئاو پێ هەڵگواستن لە بیر. ئاسنی ئەمسەر و ئەوسەری بانگردێن. دارێکی ئەستووری گردە چەند دەمەتەورێکی پێدا کوتراوە خەرمانی پێ دەکوترێ.
جەندەرد: ز. شتێکە تەنراوی پێ دەقاق دەدرێ.
جەندەک: ز. لاک.
جەنگ: بەگژ یەکداچوونی دوو کەس یا زیاتر و هەرا و کێشەیان.
جەنگاوەر: مەردوومی ئازای شارەزا لە جەنگ.
جەنگە: ئاوەڕاست و گەرمەی شت: پایز (جەنگە)ی میوەیە.
جەنگەڵ: دارستانی چڕ.
جەنگەڵی: کەسێکە زوو تووڕە ببێ و جەنگ بکا.

جەنگەنە: ز. کەسێکە شتی خراپی پێ نەنگ نەبێ.
جەنگی: جەنگاوەر.
جەنیقاندن: ز. ڕەتاندنی گیاندار.
جەنیقین: ز. هاژیانی گیاندار.
جەو: جۆ (ل). برنگ.
جەوال: دەفرێکە لە بەن و موو دروست دەکرێ بۆ کێشەی دانەوێڵە.
جەوان: جوان. گۆخڵ.
جەوبڕ: کەسێکە کە ئاژاڵ ببڕێتەوە.
جەوت: کلاوی بەڕوو.
جەوتک: ز. هەگبەی چەرمین.
جەوز: شتێکی خڕی کووز کووزی درێژکۆلەیە لە مازوو گەورەترە بەری درەختێکی گەرمیانییە بۆ گەلێ دەرمان بەکاردێنرێ.
جەوسەق: ز. ڕێگایەکە هەمیشە هاتوچۆی پێدا بکرێ.
جەوکەر: ز. جۆلا.
جەوکی: د. جووک.
جەوورک: با. توورەکەی ئالیک.
جەووک: جەوی.
جەوەرە: د. ئاشووب و سەختی. جەبەرە.
جەوەندە: پارچە کوندەیەکی هەڵدڕاوە ئاوی تێ دەکرێ.
جەوەنە: جەوەندە.
جەوهەر: گەوهەر. خاڵ و کێرێکە لەسەر دەمی هێندێ تیغی نایاب دەبریسکێتەوە. هەموو جۆرە ڕەنگێکی وردە کە لە قوتوودا دەفرۆشرێ. زرنگی و لێهاتن: فیسار کەس بە(جەوهەر)ە واتە هەموو شتێکی لێ دێ. چنار (د).
جەوهەردار: شتی بەجەوهەر.
جەوی: شتێکە وەک کەتیرە لە هێندێ درەخت و گیا پەیدا دەبێ.
جەهخوەرک: ز. لارەی ناو ئاو.
جەهداسی: ز. جۆداس.
جەهزەرا: جۆزەرد.
جەهەنەم: ئەو جێگا ناخۆشەیە کە لە ڕۆژی دواییدا گیانی خراپانی تێدا سزا دەدرێ. شوێن ئاگری حەمام.
جەهەنەمداشی: جۆرە بەردێکی شینکاری سووتێنەرە بەپێلووی چاوی تەراخومەدا ڕادەهێنرێ بۆ ئەوەی کە بیسووتێنێ.
جەهەنەمی: کەسێکی خراپە کە شایستەی سزای جەهەنەم بێ.
جەهێڵ: گیانداری گەنجی تازە پێگەیشتوو.
جەیران: ئاسک.
جەینک: ز. زلفی کوڕی گەنج.
جێ: شوێنێکە بگونجی شتی تێدا دابنرێ.
جیا: دوو شت یا زیاتر کە پێکەوە نەبن: ئەم دوو برایە (جیا)ن واتە پێکەوە نین. دوو شتن کە وەک یەک نەبن: ئەم دوو قوماشە (جیا)ن واتە پێکەوەنین. دوو شتن کە وەک یەک نەبن: ئەو دوو قوماشە (جیا)ن واتە لەیەک ناچن.
جیابوونەوە: جوێبوونەوە.
جیازی: ناوماڵ و کەلوپەلێکە کە لەگەڵ بووکدا بنێردرێ بۆ ماڵی زاوا.
جیاکار: د. جیاواز.
جیاکردنەوە: جوێکردنەوە.
جیاواز: شتی جوێی سەربەخۆ.
جیاوازی: جوێیی لە ناوەندی دوو شتدا.
جیاوەبوون: جیابوونەوە.
جیاوەکردن: جیاکردنەوە.
جیایی: بوونی دوو شت بەجیا.
جێبوونەوە: دامەزرانی شتێک لە شوێنێکدا.
جێبەجێ: کوتوپڕ. ناردم بەشوێنیدا (جێبەجێ) هات. کارێکە یا شتێکە کە تەواو بووبێ: ئەم کارە (جێبەجێ)یە. (جێبەجێبوون) ڕاپەڕین و پێکهاتنی کارێک. (جێبەجێکردن) ڕاپەڕاندن و پێکهێنانی کارێک.
جیپرک: با. ملە.
جێپێ لەقبوون: جێپێ لێژبوون.
جێپێ لەقکردن: جێپێ لێژکردن.
جێپێ لێژبوون: بریتییە لە نەتوانینی مانەوەی کەسێک لە شوێنێک بەهۆی شتێکەوە: بەهۆی زۆرداردوە (جێی پێی لێژبووە).
جێپێ لێژکردن: بریتییە لە دەرپەڕاندنی یەکێک لە شوێنێک بەزۆر بۆ هێنانی.
جێپێ هەڵگرتن: دۆزینەوەی شوێنێکە کە ماڵی دزێتیی تێ برابێ بەهۆی جێگاپێی دزەکەوە.
جێ خۆشکردن: جێگە خۆشکردن.
جێخوون: جۆخێن.
جێدار: وەکیل. نوێنەر.
جێز: خەرمانی سوورکراو.
جێژن: جەژن.
جێژنانە: جەژنانە.
جێژنە: جەژنە.
جێژنەپیرۆزە: جەژنەپیرۆزە.
جێژنەپیرۆزێ: جەژنەپیرۆزێ.
جیقنە: ڕیقنەی پەلەوری دەشتی. ڕیپۆقی چاو.
جێکردن: جێگاکردنەوە. چاڵبوونی جەستە بەهۆی گیربوونی شتێک لێی: لەسەر حەسیرەکە نوستبووم کە هەستام دانەی حەسیرەکە لە کەلەکەم (جێی کردبوو).

جێکردنەوە: دامەزراندنی شتێک لە شوێنێک.
جێگا: جێ.
جێگاگۆڕکێ: گۆڕینی جێگا.
جێگرتن: دامەزران و چەسپانی شتێک لە شوێنێ خۆیدا: ئەم پیاوەتییەی کە کردت (جێی گرت).
جێگرتنەوە: دانیشتنی یەکێک لە جێی یەکێکی مردوو و، پڕکردنەوەی جێگەکەی.
جێگە: جێگا.
جێگە بەجێگە: د. جێبەجێ.
جێگە بەجێگەکردن: د. جێبەجێکردن.
جێ گەرمکردن: جێگە گەرمکردن.
جێگە خۆشکردن: بریتییە لە نیازی مانەوەی یەکێک لە شوێنێک.
جێگەدار: جێنشین.
جێگەگۆڕکێ: جێگۆڕکێ.
جێگە کردنەوە: جێکردنەوە.
جێگەگەرمکردن: جێگە خۆشکردن.
جێگەماگ: جێماو. کەلەپوور.
جێگەمان: جێمان.
جێگەماو: جێگەماگ.
جێگەنشین: جێنشین.
جێگەهاوردن: بەجێهێنان.
جێگەهێشتن: بەجێهێشتن.
جێگیر: شتێکە کە جێی خۆی گرتبێ. (جێگیربوون) دامەزرانی شتێک لە جێگایەک. (جێگیرکردن): دامەزراندنی شتێک لە شوێنێک.
جێڵ: د. جەهێڵ.
جێمان: بەجێمان.
جێماو: بەجێماو.
جێمک: ز. جمک.
جێنچک: تۆزێک لە گۆشت.
جێنشین: کەسێکە کە لەجێی یەکێکی تر دانیشتبێ. قائمقامی قەزا.
جێوە: ل. دێراو.
جێووک: ز. جێمک.
جیهان: ئەم شەو و ڕۆژ و چوار فەسڵە و چۆنێتییەی کە بەسەر زەویدا دێ بەهۆی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانەوە بەم جۆرەی کە گیاندار تێیدا دەژی.
جێهێشتن: بەجێهێشتن.
جی: ز. جێ.

جیبوون: ز. جیابوونەوە.
جیچک: ل. جووجەڵە.
جیردۆ: ئاژاڵی کەم شیر.
جیر: شتی بەهێزی بەکێش.
جیراندن: جیڕەکردن.
جیربوونەوە: ڕیچبوونەوە (د). بەهێزبوونەوە و بەکێشبوونی شت.
جیرجیروک: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک توتن وایە گزرە دەکرێ بۆ وڵاخ و ئاژاڵ.
جیڕە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی دەرگا لەکاتی کردنەوە یا پێوەدانیدا. (جیڕەجیڕ) جیڕەی یەک لەدوای یەک. (جیڕ و هوڕ) جیڕەجیڕی زۆر.
جیرە: بەشێکی هەمیشەییە کە یەکێک بۆ یەکێکی ببڕێتەوە.
جیرەخۆر: کەسێکە کە جیرەی یەکێک بخوا.
جیزە: د. گیزە. (جیزەجیز) جیزەی یەک لەسەر یەک.
جیقاندن: جیقەکردن.
جیقانن: جیقاندن.
جیقڵدان: چیکڵدانە.
جیقڵدانە: چیکڵدانە.
جیقن: گیانداری لاوازی زەبوون. کەسێکە کە بجیقێنێ.
جیقنە: ڕیقنە. مەردوومی جیقن.
جیقە: جۆرە دەنگێکە لە هێندێ گیانداردوە پەیدا دەبێ لەکاتی نقاندنیدا. (جیقەجیق): جیقەی یەک لە دوای یەک. (جیق و هوڕ) جیقەجیقی زۆر.
جیک: پاژنە.
جیکاندن: جیکەکردن.
جیکانن: جیکاندن.
جیکلدان: چیکڵدانە.
جیکلدانە: چیکڵدانە.
جیکنە: خەڕەک.
جیکە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی بێچووە چۆلەکە. (جیکەجیک) جیکەی یەک لەدوای یەک.
جیکەدان: ل. چیکڵدانە.
جیکەنە: شتێکەپەموانەی پێ لە پەموو جوێ دەکرێتەوە.
جیلەبڕین: د. جووکە بڕین.
جیم: پیتی پێنجەمە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
جیوە: دەرمانێکی شلی جووڵە جووڵەکەری سپییە بۆ گەلێ شت بەکاردێنرێ.
جیوەجیو: جریوەی چۆلەکە.

چ

چ: پیـــتـێکە لە هەورامی دادەنرێ بەدوای هێندێ وتەوە وەک (ش) لە کـوردی تردا: (منیچ) واتە منیش (هـ). پیـتـێکە بەدووبارەپاتی دەکـەوێتـە ناوەندی دوو نـاو یا دوو کـرداردەوە یەکسانییان پیشان دەدا: بەمندالّ بخوێنە (چ) نێر (چ) مێ، یا خـۆشم دەوێیت (چ) بێـیت (چ) نەیەیت، واتە هاتن و نەهاتنت وەک یەک وایە. زۆر: (چ) خۆشە واتە زۆر خۆشە.

چا: چای. لەوی (هـ). کـورتکراوەی (چاک): (چا) بووە واتە چاک بووە.

چابک: د. چابوک.

چابوک: گیانداری چالاکی ئازا.

چابوکی: چالاکی و ئازایی.

چابوون: چاکبوون.

چابوونەوە: چاکبوونەوە.

چاپ: مـەکـینـەیەکـە شـتـی پێ دەنووسـرێ. درۆ و دەلەسـە. پێوانەیەکە شتی پێ دەپێورێ. لە شاری (وان) (ز). شـەقلّ (د).

چاپالێـو: شـتـێکی کـون کـونە لەکـاتی چا تێکردندا چای پێ دەپالێورێ.

چاپباز: د. فێلّباز.

چاپخانە: شوێنێکە نووسراوی تێدا لە چاپ دەدرێ.

چاپکردن: نووسینی شت بەچاپ.

چاپکەر: کەسێکە بەچاپ شت بنووسێ. فێلّباز.

چاپ لێـدان: چاپکردن. درۆ و دەلەسـە هەلّبـەستن: (چاپ لێ مەدە) واتە درۆ مەکە.

چاپ و چووپ: د. چاپ و گووپ.

چاپ و گووپ: بردنی شتی ئەم و ئەو بەناخونەک.

چاپەز: شـتـێکی دەسک و لوولەدارە لە مس یا لە فـافـۆن، چای تێدا لێ دەنرێ. چایچی.

چات: ز. پەڕۆ.

چاتکیش: ز. ئاسنێکی باریکی پێـــچـــراوەیە پەڕۆی پێ رادەکێشرێ لە لوولەی تفەنگەوە بۆ پاککردنەوەی.

چاتۆلّ: داهۆلّ. چاتۆلّە.

چاتۆلّە: دەواری بەهارە و هاوینەیە کـە لە دەواری زسـتـانـە تەنکترە.

چاچک: جاجک.

چاچۆلّە: د. تەشقەلّە.

چاچۆلّەباز: د. تەشقەلّەباز.

چاچەقولێ: چێشتەقولێ.

چاچی: چایچی.

چاخ: ئاژالّی قـەلّەو. شـتی ساز و لەبار: سـەعـاتەکـەم (چاخ)ە. تاف: لە (چاخ)ی کورێتیمدا. کات (ز). چەک (د). قەبالّە (د).

چاخان: د. درۆ و دەلەسە و فیشالّ.

چاخانە: شوێنێکە کە چای لێنراوی تێدا بفرۆشرێ.

چاخکردن: سازکردنی شت.

چاخمە: ئەلّقەیەکە دەخرێتە ناو کونی قایشەوە بۆ ئەوەی کە هەلّ نەقلّیشێ.

چاخوچلّ: د. وتەیەکە لەجیـاتی وتەی (خانومـان) بەکـاردێنرێ: فیسار کەس ئافرەتێکی (چاخوچلّ)ە واتە خانومانە.

چاخەوکردن: د. دابەستنی ئاژالّ بۆ قەلّەوبوونی.

چادان: چاییدان.

چادر: خێوەت.

چادرگا: د. شوێنێکە کە خێوەتی زۆری تێدا هەلّ درابێ.

چار: مەری گوێ سپی. چارە: (چار)م نییە. چوار.

چارانچەقیلە: گولالّە سوورە.

چارپا: چارپایە.

چارپایە: شـتـێکی چوارپێی تەختی بەرزە لە ئاسن یا لە دار وەک کورسی لە سەری دەنوون.

چاریێ: ز. چواریێ.
چارچەک: ز. پیاوی پڕ چەک.
چارچیق: ز. زەوییەکە کە قوڕی زۆر بێ.
چاردار: ز. دارتەرم.
چاردە: چواردە.
چارشەب: ز. سەرپێچ.
چارشەمب: با. چوارشەمە.
چارشەو: د. چارشێو.
چارشێو: شتێکی چوارگۆشەی گەورەیە لە ئاوریشم و سورمە دروست دەکرێ ژنان لەجیاتی بالاّپۆش دەیگرنەوە.
چارک: برنگ.
چار کولۆڵ: مەری گوێ سپیی ناوچەوان ڕەش.
چارگۆشە: ز. چوارگۆشە.
چارمەشقە: چوار مەشقی.
چارۆکە: شتێکی چوارگۆشەیە ژنان دەیگرنە کۆڵیان. گیایەکە وەک بامێ بەلاّم نەم نزمتر و گەلاکەی وردترە گوڵێکی زەرد دەگرێ ئاژاڵ باش دەیخوا. سەرپۆشی ژنان.
چارەو: ز. چەند ئاسنێکە سەماکەر دەیخەنە پەنجەیان و چەقەنەی پێ لێ دەدەن.
چارە: ڕەنگ و ڕوخسار: فیسار کەس (چارە)یەکی ناشیرینی هەیە. ڕێی دەرەتان و ڕاییکردنی کار: (چارە)ی خۆت بکە واتە دەرەتان بۆ خۆت بدۆزەرەوە.
چارەچەقیلە: چاران چەقیلە.
چارەڕەش: بریتییە لە مەردوومی کولۆلی بەدبەخت.
چارەسەر: چارەدۆزینەوە بۆ خۆرزگارکردن لە چورتمێک: (چارەسەر) م نییە یا (چارەسەر)ی خۆت بکە.
چارەک: چواریەکی شت.
چارەکردن: دۆزینەوەی دەرەتان.
چارەکە: چارۆکەی گرتنە کۆڵ.
چارەگران: شتی ناشیرینی نێسک قورس.
چارەنووس: بەخت و ناوچاوی مەردووم بەچاکی یا بەخراپی: هەر چیم بێتەڕێ (چارەنووس)ی خۆمە.
چارەوا: ماین و ئەسپ.
چارەوێ: چارەوا.
چاری: چارەک.
چاریچی: ز. چەرچی.
چاریک: ز. چارەک.
چازوو: ز. فێلباز.
چاشبوون: سەرسوڕمان لە کارێکدا.
چاشت: هـ. چێشت.
چاشتن: هـ. چەشتن.
چاشتێنگا: د. چێشتەنگاو.
چافکەر: ز. مەردوومی چاوپیس.
چاڤ: با. چاو.
چاڤک: با. چاویلکە.
چاڤۆک: ز. بەرچاڤک.
چاڤی چیچەکی: با. جۆرە ترێیەکە.
چاڤیگایی: با. جۆرە ترێیەکە.
چاڤینوک: ز. چافکەر.
چاق: ز. لاق.
چاقۆ: چەقۆ.
چاک: شتی باش و پەسند. داوێن.
چاکبوون: باشبوونی شت کە خراپ بووبێ. چاکبوونەوە.
چاکبوونەوە: باشبوونی شتێک کە خراپ بووبێ بەردبەرە لەسەرخۆ.
چاککردن: باشکردنی شتێک کە خراپ بووبێ. بریتییە لە نەسپ خستنە سەر ماین.
چاککردنەوە: باشکردنی شتێک کە خراپ بووبێ بەردبەرد.
چاکڵ: دارێکی دوو پەلە سەری گوریسی پێ دەبەسترێ و تەنگەی ولاخی پێ دەدرێ لەسەر بارەوە.
چاکڵە: چاتۆڵ و خانووی پچکۆلە. چاکڵ.
چاک و چۆنی: هەواڵپرسینی ئاسیاو.
چاکووچ: چەکوش.
چاکە: کردەوەی باش.
چاکەت: جۆرە کالایەکی قۆڵدارە لەسەر پانتۆڵ یا کەواوە لەبەر دەکرێ.
چاکەکردن: کردەوەی باش لەگەڵ مەردوومدا.
چاکەل: قلێشی ئەملا و ئەولای داوێنی کەوا و هێندێ کالای تر.
چاکەڵ: چاکەل.
چاکێتی: بوونی شت بەچاک.
چاکی: چاکێتی.
چاگە: هـ. لەوێ.
چال: ز. جەواڵ.
چاڵ: جێگای نزم و نەوی لە زەوی. قوولکە.
چالاف: ز. سەرشۆرک.
چالاک: گیانداری ئازای بەدەست و برد.
چالاکی: دەستوبردی و ئازایی.
چالاو: بیری ئاو. گۆل.
چایی لا: چالی.
چاڵچالاّن: د. یاری چالێن.

چالک: ل. دنگ.
چالمە: د. کیسەی تووتنی نێرگەلە.
چاڵ و چۆڵ: شوێنی بەرز و نزم لە زەوی.
چاڵۆک: تەنگژ.
چاڵوێنک: چاڵێکە ئاو یا دۆی تێ دەکرێ بۆ ئەمەی کە سەگ لێی بخواتەوە.
چاڵەبەفر: چاڵێکی تایبەتیی گەورەی قووڵە لە کێو. لە زستاندا پڕ دەکرێ لە بەفر و دادەپۆشرێ بۆ هاوین.
چاڵەچەقیلە: چارەچەقیلە.
چاڵەقووتە: چاڵێکی پچووکی کەمێ قووڵ لە زەوی.
چالەکە: دەعبایەکی قەڵەوی پانکەڵەی چوار پێیە گۆشتی دەخورێ.
چاڵێن: جۆرە یارییەکە منداڵان چاڵێک هەڵ دەکەنن گوێز یا بادام یا شتی تری تێ فڕێ دەدەن ئەگەر جووت یا تاقی تێ کەوت لایەکیان دەیبەنەوە.
چاڵی: شوێنی نەوی و چاڵ.
چان: جۆرە چەپەرێکی شووڵینە خەرمانی پێ دەکوترێ. جۆرە چەپەرێکی سێ سووچی شووڵینە بەگوریس بەناو جۆگەدا ڕادەکێشرێ و جۆماڵی پێ دەکرێ. زەنگێکە بۆ ئاگاداریکردنەوە لێ دەدرێ.
چاندن: وەشاندنی تۆو بەزەوییەوە.
چاندنی: ز. کشتوکاڵ.
چانفدا: ز. جانفیدا.
چانکۆچ: ز. زەنگی گاوران.
چانن: د. چاندن.
چانە: هـ. چاگە.
چاو: ئەندامی بینین لە هەموو گیاندارێک. تووڵی تەڕ کە پێچرابێ بەشتێکدا (ز).
چاوان: ز. چۆن.
چاوانە: چالاو.
چاوئێشە: چاوێشە.
چاوباز: چاوباشقاڵ.
چاوبازە: گیایەکی دڕکاویی بازەڵەی بەهارییە گوڵێکی سپی دەردەکا.
چاوبازی: چاوبڕکێ.
چاوباشقاڵ: پیاوێک یا ژنێکە بەناپاکی تەماشای یەکتر بکەن.
چاوباشقاڵی: تەماشاکردنی پیاو و ژن بۆ یەکتری بەناپاکی.
چاوبڕ: کەسێکە چاو ببڕێ.
چاوبڕکێ: تەماشاکردنی پیاو و ژنێک بۆ یەکتری بەناپاکی لەگەڵ چاو لە یەک هەڵتەکاندنیان.
چاوبڕین: بڕینی چاوی پێڵوودار و مووردار لە ناوەوە.
چاوبرسی: برێتییە لە کەسێک کە بەرچاوی تەنگ بێ لە شتی خواردندا.
چاوبز: چاوزەق.
چاوبۆرە: گیایەکی دڕکاویی بەهارییە وەک چاوبازە وایە بەڵام ئەم بۆرە و ناخورێ.
چاوبۆق: د. چاوزەق.
چاوبەرەژێر: برێتییە لە مەردوومی تەریق بەرامبەر بەیەکێک.
چاوبەرەوژێر: چاوبەرەژێر.
چاوبەس: چاوبەست.
چاوبەست: دەسرۆکەیەکی تایبەتییە چاوی منداڵی پێ دەبەسترێتەوە. برێتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێک لە کارێکدا: ئەم قسانەی تۆ (چاوبەست)ن. برێتییە لە مەردوومی دەستبڕ: فیسار کەس پیاوێکی (چاوبەست)ە.
چاوبەستی: هەڵفریوان و هەڵخەڵەتاندنی مەردووم: فیسار کەس زۆر (چاوبەستی) دەکا لە مەردووم.
چاوبەسی: چاوبەستی.
چاوبەن: چاوبەند.
چاوبەند: چاوبەست.
چاوبەندی: چاوبەستی.
چاوبەنی: چاوبەندی.
چاوپۆشان: د. چاوپۆشی.
چاوپۆشی: برێتییە لە بووردنی تاوانی یەکێک.
چاوپۆشین: چاوپۆشی.
چاو پیاخشاندن: تەماشاکردنی شتێک بەخێرایی.
چاو پێ کەفتن: چاوپێکەوتن.
چاو پێکەوتن: چاوکەوتن بە شتێک.
چاو پێ هەڵهێنان: تەماشاکردنی مەردووم بەچاوی پیس و دڵی پیسەوە بۆ زیان پێ گەیاندنی.
چاوپیس: کەسێکە کە چاو بەهەر شتێک هەڵبێنێ زیانی پێ بگەیەنێ.
چاوتاریکبوون: برێتییە لە تووڕەبوون.
چاوترسێن: برێتییە لە گەورەیەک کە لە ماڵدا لێی بترسن.
چاوترووکاندن: ترووکاندن و بەیەکدا دانی چاو.
چاوترووکانن: چاوترووکاندن.
چاوترەکاندن: چاوترووکاندن.
چاوترەکانن: چاوترووکاندن.
چاوتەڕبوون: برێتییە لە گریان.
چاوتەنگ: بەرچاوتەنگ.
چاوتێبڕ: کەسێکە چاو ببڕێتە یەکێک بۆ وردبوونەوە لە گوفتار و کرداری (ڕەقیب).

چاو تێبڕین: تەماشاکردنی شتێک و چاو لێ نەترووکاندنی.
چاوتیژ: کەسێکە کە چاوی زۆر هەنا بکات.
چاوچلە: د. چاوپیس. بازیبەندێکە کە نوشتەی چاودزاری تێ دەکرێ.
چاوچنۆک: چاوبرسی.
چاوچوونەخەو: خەو لێکەوتن.
چاوچەپ و چێل: چاوچەپ و ڕاست.
چاوچەپ و ڕاست: مەردوومی خێل.
چاوچێڵ: د. خێل.
چاوحیز: بریتییە لە یەکێک کە ڕووی نەیەت چاو هەڵبڕێ.
چاوحیزکردن: بریتییە لە چاو داخستن لە شەرما.
چاوحیزی: سەرشۆڕی و شەرمەزاری.
چاوداخستن: بریتییە لە شەرمەزاربوونی یەکێک.
چاوداری: د. چاودێری.
چاوداگرتن: نیشاردتکردن بەچاو.
چاوداگیرسان: چاو هاتنە ئێش بەکوتوپڕی.
چاوداگیرسێن: چاوگی ئاگر.
چاودەرپەڕاندن: بریتییە لە تووڕەبوون.
چاودێر: کەسێکە ئاگاداری شتێک بکا.
چاودێری: ئاگاداریکردنی شتێک.
چاوراو: چاو و ڕاو.
چاوڕۆشنکەرە: چاو داگیرسێن. بریتییە لە شتێک کە هۆی چاوڕوونی بێ.
چاوڕۆشنی: چاوڕوونی.
چاوەڕوان: بریتییە لە زۆر چاوەڕوانیکردنی کەسێک بۆ شتێک: (چاوم ڕووا) فیسار کەس هەر نەهات.
چاوڕونی: پیرۆزی کردن لە یەکێک و وتنی (چاوت ڕوون) پێی لەکاتێکدا کە خۆشەویستێکی هاتبێتەوە لە دوور.
چاوسپیلکە: چاوبازە.
چاوسوتک: د. چاوپیس.
چاوسوور: کەسێکە کە پشتیوان و گەورەی یەکێک بێ: فیسار کەس (چاوسوور)ی فیسارە.
چاوسوورکردن: د. چاوسوورکردنەوە.
چاوسوورکردنەوە: بریتییە لە هەڕەشەکردن لە یەکێک.
چاوسوورکەر: چاوسوورکەرە.
چاوسوورکەرە: گەورە و سەرپەرشتیکەری یەکێک.
چاوشارکێ: یارییەکی منداڵانەیە یەکێکیان چاو دەقوچێنێ و ئەوانی تر خۆیان دەشارنەوە.
چاوشاردکێ: د. چاوشارکێ.
چاوشلکانێ: چاوشارکێ.
چاوشۆر: شووشەیەکە دەمەکەی بەقەد دەمی چاوێکە ئاوی تێ دەکرێ و چاوی پێ دەشۆرێ.
چاوشۆڕ: چاوحیز.
چاوشۆڕکردن: چاوحیزکردن.
چاوشۆڕی: چاوحیزی.
چاوفڕین: لێدانی دەماری چاو.
چاوقایم: بریتییە لە یەکێک کە چاوی لە هیچ نەترسێ.
چاوقایمی: بریتییە لە ئازایی و لە هیچ نەترسان.
چاوقرتانن: د. چاوداگرتن.
چاوقرتکێ: د. چاوقرتانن.
چاوقووجاندن: د. چاوقووچاندن.
چاوقووجانن: د. چاوقووچاندن.
چاوقووچاندن: نووقاندنی چاو. بریتییە لە چاوپۆشی لە شتێک.
چاوکردن: بەدیکردن.
چاوکردنەوە: بریتییە لە شاردزابوون و بەڵەدبوونی یەکێک.
چاوکوتکە: گیایەکی گەڵا خڕی گوڵ زەردە.
چاوکە: د. چاوگەی کانی. دەستەچیلە.
چاوکەڵەشێر: د. چاوکەڵەشێرە.
چاوکەڵەشێرە: تۆوی گیایەکە دەنکەکانی سوورە وەک چاوی کەڵەشێر.
چاوگە: سەرچاوە. چاوگی ئاگر. دەلاقەی برین.
چاوگە داکەوتن: دەمدانەوە و قووڵبوونی برین.
چاوگەرمکردن: بریتییە لە سەرخەو شکاندن.
چاوگێڕان: بەملا و بەولادا ڕوانین بۆ شتێک.
چاولەدوا: شتێکی خۆشەویستە کە لە دەست تۆ چووبێ و چاوت هەر لە دوای بێ.
چاولێبرین: د. چاوتێبرین. چاولێکەری.
چاو لێ بزکردنەوە: مۆربوونەوە لە یەکێک.
چاو لێ قووچاندن: چاوپۆشی لە یەکێک.
چاولێکردن: لاساییکردنەوەی یەکێک لە شتێکدا.
چاولێکنان: بریتییە لە نووستن یا مردنی یەکێک.
چاولێکەری: چاولێکردن.
چاو نەترس: چاوقایم.
چاونەترسی: چاوقایمی.
چاونەزبر: مەردوومی ڕژد.
چاو و ڕاو: بڵاوکردنەوەی قسەی باش یا خراپ دەربارەی شتێک.
چاوگ: تەلاش و پووشێکە کە ئاگری پێ بکرێتەوە. سەرچاوە. مصدر.
چاوە: سەرچاوە. ڕووپامایی.
چاوەچاو: چاوەڕوانیکردن بۆ شتێک.

چاوەدوا: د. چاولەدوا.

چاوەڕاو: چاو و ڕاو.

چاوەڕوان: کەسێکە کە هیواداری شتێک بێ و چاوەچاوی بۆ بکا.

چاوەڕوانی: چاوەچاو و بەتەمابوونی شتێک.

چاوەڕێ: چاوەڕوان.

چاوەڕێگە: د. چاوەڕێ.

چاوەزار: ئازار و زیانێکە کە لە چاوی پیسەوە بەشتێک بگا. موفەڕکێکە کە بۆ چاوەزار هەڵدەگیرێ.

چاوەش: شایەر و دەهۆڵ و زوڕناژەن. کەسێکە لە پایەی سەربازیدا بیست سەربازی بەدەست بێ.

چاوەقوولە: دەردی ڕشانەوە.

چاوەنداز: چەشمەنداز.

چاوەنوار: چاوەڕوان.

چاوەنواری: چاوەڕوانی.

چاوەنوور: چاوەڕوان.

چاوهەڵاتن: د. بڕوایی هاتن بۆ تەماشاکردنی شتێک. چاوکردنەوە.

چاوهەڵتەکاندن: نیشارەتکردن بەچاو.

چاوهەڵتەکانن: چاوهەڵتەکاندن.

چاویار: د. چاودێر.

چاویاری: د. چاودێری. چاوەڕوانی.

چاوێری: چاودێری.

چاوێشە: دەردێکە تووشی چاو دەبێ و گل دەکا.

چاویلکە: دوو شووشەیە لە چوارچێوەدا بۆ شت بینین یا پاراستنی چاو لە تەپوتۆز دەکرێتە چاو. برینێکە لە لەش پەیدابووبێ و چاوگەی داکەوتبێ.

چاوێنی: چاوەزار.

چای: سارد (ل). چایی.

چاپیالوون: ل. چاپالێو.

چایخانە: چاخانە.

چایدان: قۆریەی چا.

چایگ: د. سارد.

چایانی: د. باپەڕبوون.

چایەر: لەوەڕ.

چایی: گیایەکی گەرمیانییە گەڵاکەی بەوشکی لێ دەنرێ و بەشەکرەوە دەخورێتەوە.

چایچی: کەسێکە پیشەی هەر چالێنان بێ.

چاین: د. سەرمابوون.

چپاندن: چپەکردن.

چپانن: چپاندن.

چپچپ: ز. دەنگی تکەی ئاو.

چپە: قسەکردن بەسرپە. (چپەچپ) چپەی یەک لە دوای یەک، (چپ و هوڕ) چپەچپی زۆر.

چت: شت.

چتۆف: ز. وتەی پرسیار لە چۆنێتی شت: (چتۆف)ی واتە چۆنی؟!

چتوور: د. چتیر.

چتیر: بێچووی بزن لە تەمەنی یەک ساڵەوە تا دوو ساڵە.

چچک: با. مەمک.

چخ: چغ.

چخە: چغە.

چر: ز. شتی لینجی کەشدار.

چرا: شتێکە بۆ ڕووناککردنەوەی شوێنێکی تاریک دادەگیرسێنرێ.

چرابوون: فێربوونی ساوا بۆ خواردنی لەوەڕ.

چراخ: گیانداری بەدەماخ. کشتوکاڵی باشی نازاو.

چراخان: چرای زۆری داگیرساو لە شوێنێک.

چرادان: شوێنێکی تایبەتییە کە هەر چرای تێدا دابنرێ. قوتیلەی چرا.

چراغ: ز. قوتابییەکە کە پێی بخوێنیت و ڕەوشت و خووی فێر بکەیت.

چراکەران: د. کاتێکە کە چرای تێدا دادەگیرسێ.

چراموشی: د. دەستەچرا.

چراو: هـ. چرا.

چراوڵە: چیلکەیەکی پچووک یا پووشێکە کە منداڵ سەرەکەی داگیرسێنێ و یاریی پێ بکا.

چراووک: چۆڵەچرا.

چرپ: د. دزین.

چرپاندن: چرپەکردن بەگوێی یەکێکدا. دزین (د).

چرپانن: چرپاندن.

چرپایە: چارپایە.

چرپ و چاپ: چاپ و گووپ. دزی (د).

چرپە: قسەکردن بەسرپە. دەنگی پێی زەلام کە سووک بڕوا و چاوت تێوە نەبێ. (چرپەچرپ) چرپەی یەک لەدوای یەک. (چرپ و هوڕ) چرپەچرپی زۆر. (چرپی) دارێکی داچەقاوە کە لقی مێوی خرابێتەسەر (ز). زەل و هەڵاشی ناوبان.

چرتوون: ز. دۆزەقەی ئاش.

چرتین: ز. دڕانی کاڵا.

چرچ: شتێکە کە لۆچی تێ کەوتبێ.

چرچە: جۆرە ترێیەکی توێکڵ ئەستووری درێژکۆلەیە بەرەنگ هەر لە بەرسیلە دەچێ.

چرچهەڵاتن: چرچبوونی شت.

چرچهەڵهاتن: چرچهەڵاتن.

چرچیان: د. چرچبوون.

چڕ: دار و درەختی زۆری بەیەکداچوو. چارە: (چڕ) و چاوی خواتەوە. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (بێژ): گۆرانی (چڕ) واتە گۆرانی بێژ (د).

چڕاندن: بانگکردن.

چرک: دۆشاوی دووجار کوڵاو. خورما و ڕۆنێکە لە جیاتی هێلکە پەنیری تازەی شیرینی تێ کرابێ. چێرگ.

چرنووک: بەنینۆک شت بریندارکردن.

چڕوچاو: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی دەموچاو: چڕوچاوی خواتەوە.

چڕ و چەنە: د. چڕوچاو.

چڕە: بەیەکداچوونی مەردووم لەبەر زۆری. بێشەڵان.

چڕەبەندان: کۆبوونەوەی مەردوومی زۆر لە شوێنێکدا بەناڕێکی.

چڕین: بانگکردن. هۆرەکردن.

چرک: چڵک (ل). چەکەی هەلاج. چێرگ (ز). شاهۆ.

چرکاندن: تەقاندنی دەمانچە و تفەنگ بەبێ فیشەک. کردنەوەی لۆکە (ز).

چرکن: چڵکن.

چرکە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی سەعات یا بنمیچ. (چرکەچرک) چرکەی یەک لەدوای یەک. (چرک و هوڕ) چرکەچرکی زۆر. دۆشاوی دووجار کوڵاو. جووڵە: (چرکە) نەکەیت. (چرکەکردن) جووڵانەوە.

چرکیان: د. چرکە.

چرکیانەوە: د. جووڵانەوە.

چرۆ: گۆیکە.

چروسکە: تریسکە.

چرووسان: لاوازبوون لەبەر خەفەتخواردن یا کاری زۆر کردن: فیسار کەس زۆر (چرووساوە) واتە لاوازبووە.

چرووسانەوە: چرووسان.

چرووساو: گیاندارێکە کە چرووسابێ.

چرووساوە: چرووساو.

چرووک: مەردوومکی ڕژدی پیسکە. شتی ناقایم: ئەم چیتە (چرووک)ە.

چرووکانن: د. ترووکاندن.

چرورکە: د. دەنگێکە لە چرووکاندنەوە پەیدا دەبێ.

چروونەک: ز. پلوسک.

چریائێکی: با. تشرینی یەکەم.

چریاپاشی: با. تشرینی دووەم.

چریسکە: تریسکە.

چرێش: سرێش.

چریک: چیکەنە.

چریکە: دەنگی زۆر تیژی بەرز. (چریکە چریک): چریکەی یەک لەدوای یەک. (چریک و هوڕ) چریکە چریکی زۆر. جریوەی چۆلەکە (د).

چز: چزوو. کلک (د).

چزان: کەوتنی شوێنێک لە ئەندام بەئاگر یا لە شتێکی داخ: دەستم (چزا) بەئاگردکەدا.

چزاندن: نانی شتێکی داخ بەئەندامدا. پێوەدانی چزوودار.

چزانن: د. چزاندن.

چزپێدان: د. بریتییە لە درێژکردنەوەی قسە.

چزکردن: کوژاندنەوەی نووسراو بەهێنانی خەت بەسەریدا.

چزلێک: بەز و دووگی بەئاگر هەڵکزاو.

چزوو: نووکێکی تیژە بە کلکی دووپشک و هەنگ و زەردەواڵە و زەردەزیرە و بەهەر گیاندارێکیدا بچەقێنێ ئێشێکی زۆری پێ دەگەیەنێ.

چزە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی گۆشتی سووردەوەکراو لەسەر ئاگر. چزەچز: چزەی یەک لە دوای یەک. (چزوهوڕ): چزە چزی زۆر.

چزەپێڵە: دووپشکی نە زۆر زلی نە زۆر پچووک.

چزە و پێڵە: چزەپێڵە.

چزە لێ هەستان: بریتییە لە ئازار یا زیانێکی کتوپڕی بەیەکێک.

چزە لێ هەستاندن: بریتییە لە پێوەدانی چزوودار بەگیاندارەوە. بریتییە لە ئازار یا زیان گەیاندنێکی کتوپڕ بەیەکێک.

چزە لێ هەڵسان: چزە لێ هەستان.

چزە لێ هەڵساندن: چزە لێ هەستاندن.

چزیان: د. چزان.

چزیلک: چزلێک.

چش: وتەیەکە لەکاتی دڵگیربوون لە شتێک و قێروسیا لێکردنی بەکاردێنرێ: (چش) با ئەو کارە وابێ.

چشت: شت.

چغ: وتەیەکە سەگی پێ دەردەکرێ.

چغاچغ: ز. گێڕانەوەی دەنگی هێندێ باڵندە.

چغڵ و بەد: مەردوومی زبان بەد.

چغە: چغ.

چف: د. چغە.

چفاندن: د. چغه کردن.
چفانن: د. چفاندن.
چفه: قسەکردن بەسرپە. (چفه چف) چغەی یەک لەدوای یەک.
چڤات: ز. کۆمەڵ.
چڤیک: ز. چۆلەکە.
چق: ز. لقی درەخت.
چقاس: ز. وتەیەکە لەجێی وتەی (چەند) بەکاردێنرێ.
چقڵ: دڕکی تیژی ڕەقی گەورە.
چقه: گرێیەکە لە قاچی هێندێ باڵندەدا. پەڕێکە پاشایان دەیکەن بەسەریاندا.
چقەچق: ز. گێڕانەوەی دەنگی جوولانی هێندێ شت.
چک: کەمێک لە شتێک: (چک)ێک ئاو واتە کەمێک. شەپازللە (د). دڵۆپێک لە شتی شل.
چکان: وشکبوونی ئاوی بیر و کارێز (ز). تکان.
چکاندن: ڕواندنی شت (ز). تکاندن.
چکاندرە: جۆرە یارییەکە.
چکانەوە: مانەوەی شتی شل لەسەر ئاگر بەڕەنگێک کە خەست و ئاودەکەی کەم ببێتەوە.
چکچکە: شوێنێکە لە شاخ کە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ بێتە خوارەوە.
چکرم: شتێکە بەقنجی بەزەویدا چەقێنرابێ.
چکلەچزێ: بریتییە لە پەیاکردنی شت بەکەموکوڕی و بەڕەنجی شان و ناردقی ناوچەوان.
چکمەساو: باقەیەکی گەورە لە گیا.
چکۆلە: پچکۆلە.
چکۆڵە: چکۆلە.
چکە: تکە. (چکەچک) تکەتک. چک (د).
چکەکردن: تکەکردن.
چکەلە: پچکۆلە.
چکەڵە: چکەلە.
چل: ناوە بۆ ژمارەیەک کە چوار جار دەیە.
چڵ: لقی درەخت و گیا.
چلاسک: د. چلۆسک.
چلاک: د. نەمام.
چلانن: د. دەرسکردنی شتێک و ئامادەکردن و وردکردنەوەی. شێلان.
چلاو: جۆرە پلاوێکی سووکە بۆ نەخۆش دەکرێ لە جیاتی ڕۆنی ڕووت ئاو و ڕۆنی بەسەردا دەکرێ.
چلبەردە: هەستان و دانیشتن چل جار لەسەر یەک لە ماوەی هەنگاوێکدا بۆ هەڵگرتن و دانانی بەردێک لە چل بەرد تا تەواو دەبێ.
چلپانن: د. چەکاندنی مەمک. دەنگی ناوخواردنەوەی سەگ و پشیلە.
چلپاو: قوڕاو و پیساو.
چلپ و لیس: د. دەنگی لستنەوە و هەڵلووشینی شت.
چلپە: خواردنێکە کە بەچاوچنۆکی و ڕووهەڵماڵراوی پەیدا بکرێ و بهێنرێ بە لچدا. دەنگی خواردن و هەڵلووشین. (چلپە چلپ): چلپەی یەک لە دوای یەک.
چلتووک: ز. چەلتووک.
چلچرا: چەند پارچە ئاوێنەیەکە دەگیرێتە تەنەکە و چرای پێدا دەکرێ بۆ ڕووناکی.
چلچنگ: هـ. شانە.
چلچەنگ: چنگاڵێکە دەکرێ بەتەڵەوە بۆ ئەوەی ئەگەر نێچیرەکە بڕوا و تەڵەکە ببا چنگاڵەکە لە شتێک گیر ببێ تا ڕاوچییەکە دەیگاتێ.
چلفرە: گۆشتی سووردەوەکراو.
چلک: چەوری و پیسیی ئەندام. کێم و زووخی برین.
چلکاو: ئاوێکی لیلی چەوری پیسە لە شتی چلکنی شۆراو پەیدا دەبێ.
چلکاوخۆر: بریتییە لە مەردوومی پاشماوەخۆر.
چلک مردە: د. شتێکی چلکنە کە ناپوخت شۆرابێ.
چلکن: شتێکە کە چلکی زۆری پێوەبێ.
چللە: ز. چلەی هاوین و زستان.
چلم: تەڕییەکی سوێر و لینجە لە لووت پەیدا دەبێ.
چلمسین: ز. سیسبوونی گوڵ.
چلمن: گیاندارێکە کە چلمی زۆری بێ.
چلمەلەتە: د. ناوکی میوەیەکە هێشتا کامڵ نەبووبێ.
چلمێردە: نیرگەیەک و چەند دیرەگێکە کە درابێتە ژێر بانێک بۆ بەرزکردنەوەی.
چلمیرە: ز. پشکۆڵی دەرگا.
چلۆ: ز. گەڵای داربەڕوو کە بۆ زستانی ئاژاڵ هەڵگیرابێ.
چلۆسک: سەرەبزووت.
چلوفل: مەردوومی نەوسنی چڵێس.
چلۆک: چلەپۆپەی دار.
چلۆن: وتەی پرسیار لە چۆنێتیی شت.
چلۆنها: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (دەگمەن): بەرۆژ نانووم مەگەر (چلۆنها).
چلوورە: سەهۆڵێکە کە زستانان بەگوێسوانە و شوێنی بەرزدا شۆڕ دەبێتەوە. جۆرە خواردەمەنییەکی سارد و شیرینە بەپارچە تەختەیەکی باریک و تەنکەوە هەر دانەی لە ڕەنگێکە.
چلووک: د. مەردوومی چلکنی پیس.

چلە: ناوە بۆ چل ڕۆژ لە ناوەڕاستی هاوین و زستان. ناوە بۆ مانگی کانوونی دووەم. ڕۆینی چل ڕۆژە بەسەر بوونی منداڵێکدا یا مردنی یەکێکدا یا هێنانی بووکێک. چل ڕۆژە کە لە جێگایەکی تایبەتیدا هەر خواپەرستیی تێدا بکرێ.

چڵە: چلەگە. زیادەخۆریکردن. تررووکە و هەنایی چاو: (چڵە)ی چاوی دێ واتە بەناستەم چاوی تررووکە دەکا (د).

چلەبڕکردن: هاتنەوەی حاجی لەق لەق لە چلەی زستاندا: ئیمساڵ حاجی لەق لەق (چلەبڕیی کردووە).

چڵەپایە: دیلانێ.

چلەپچووک: چل ڕۆژ لە بەشی دوایی زستانەوە.

چڵەپۆپە: شوێنی هەرە بەرز لە درەخت.

چڵەچڵ: د. نێڵەنێڵی ئاگر.

چلەخانە: شوێنێکە چلەی تێدا بگیرێ بۆ خواپەرستی.

چلەدار: منداڵێکی تازە بووە کە چلەی نەچووبێ. زستانێکە کە چلەی نەچووبێ.

چلەدان: د. چیقڵدانە.

چڵەک: ز. چڵێس.

چڵەگە: دارێکی درێژی دووپەلە دەدرێتە بەر ئەو گوریسانەی کە بەمێخی دەوارەوە بەستراون لە حەلی شلبوونەوە یا داتەپینی دەوارەکەدا بۆ ئەوەی کە گورجی بکاتەوە.

چلەگەورە: چل ڕۆژ لە سەرەتای زستانەوە.

چلەمین: چلهەمین.

چلەوەزی: چزلیک.

چلەم: شتێکە کە لە پایەی چل دابێ.

چلەمین: چلەم.

چلیان: د. دروستبوون و جێبەجێبوونی کارێک: فیسار کەس کارەکەی بۆ (ناچلێ) واتە بۆی دروست نابێ. گلان.

جلیان: د. تررووکانی چاو.

چلی چلی: ز. شەمشەمە کوێرە.

چڵێس: ئەوسنی چاوچنۆک.

چڵێسی: ئەوسنی.

چلیک: ز. ئاسنی سەختی ساغ.

چما: وتەی پرسیارە وەک (بۆچی).

چمان: چما (د). شکانی شت (ز).

چمچم: کاڵا. کەڵاشێکە ژێری چەرم بێ.

چمچمە: جۆرە پێڵاوێکە لە سیرمە دروست دەکرێ.

چمچە: د. چەمچە.

چمک: گۆشەی کاڵا و بەڕە و شتی تر.

چمکە: د. چونکە.

چمە: چما.

چنار: درەختێکی جوانی باڵابەرزی گەڵا پانی لووس و پووسی ڕاستە.

چنارەکڵە: گیایەکە گەڵای وەک چنار وایە بەکوتراوی دەخرێتە سەر بالووکە و برین زوو دەری دەکا.

چناگە: چەناگە.

چناکەدان: د. چەنەدان و قسە زۆرکردن.

چناکەشکیاگ: د. بریتییە لە مەردوومی سازندە.

چناوە: ل. چەناگە.

چنجرووک: چرنووک.

چنچرووک: چرنووک.

چنچک: برێشکە. ناوکی میوە (ل). جینچک.

چنراو: شتی تەنراو.

چنگ: پەنجە و نینۆکی هێندێ باڵندە و گیانداری تر.

چنگاڵ: قولاپیی ئاسن. نانی گەرمی لە ڕۆنی داخدا گوشراو. ئاسنێکی چنگدارە گۆشت و هێندێ شتی پێ هەڵ دەگیرێ بۆ خواردن.

چنگانە: جۆرە چنگاڵێکە هەنگوینی پێ لە کوونی بەرد دەردەهێنرێ.

چنگاووڵ: د. چەمۆڵە.

چنگ پانکردنەوە: بریتییە لە سواڵکردن.

چنگ قژکردنەوە: دەست بڵاوکردنەوە لەگەڵ کووڕیی پەنجەکاندا بەهۆی ئازار یا ترسەوە.

چنگکەوتن: دەستکەوتنی شت.

چنگگرتن: چرنووک گرتن.

چنگڵە: هـ. سەبەتۆلکەیەکە لە قامیش یا لە تووڵی باریک دروست کرابێ.

چنگڵەچزێ: چکڵە چزێ.

چنکڵەسەرە: د. سەرقژن.

چنگنە: گیاندارێکی زۆر ورد و بەئالۆشە دەداتە بنکی مووی پیسی چڵکن. گیایەکی گەڵا وردی خڕە، ریشەی زۆرە هاوینان لە گەنکاودا دەڕوێ. ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.

چنگنەسەرە: د. چنگڵەسەرە.

چنگنی: دەعبایەکی چنگ چنگە لە دووپشک زلترە.

چنگەپۆپان: دەستبازی و شەڕە چنگ کردن.

چنگەپۆپانێ: چنگەپۆپان.

چنگەڕنێ: چنگ لە زەوی گیرکردن لەبەر ئازارێکی زۆر.

چنگەکرە: چنگەکرێ.

چنگەکرێ: سەرکەوتن بۆ شوێنێکی بەرز بەهۆی گیرکردنی چنگەوە. چنکڵەچزێ.

چنگەڵە: هـ. باڵندەیەکی بۆری کڵاودارە لە چۆلەکە گەورەترە.

چنگەمریشکە: پێ مریشکە.
چنۆک: نەوسنی چاوبرسی.
چنۆکی: نەوسنی و چاوبرسێتی.
چنوندەر: چەوەندەر.
چنوور: گیایەکی کوێستانیی بۆنخۆشە لە شویت دەچێ.
چنەچن کردن: هەڵپەکردن بۆ پەیاکردنی شت بەسووکی و ریسوایی.
چنەو: ل. وتەیەکە لەباتی وتەی (نا ناوا) بەکاردێنرێ.
چنیک چنیک: با. شتی رەنگاورەنگ.
چنین: تەنین. کردنەوەی بەری درەخت و هێندێ سەوزایی: شاتووەکە یا بامێکە (بچنە). بژاردنی دانەوێڵە (د). پەستاوتن: (د).
چنینەوە: کۆکردنەوەی شتی رژاو دەنک دەنک.
چۆ: لەوێ (هـ). دەنگێکە کەر و ئێستری پێ لێ دەخورد ڕێ (ز).
چوار: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی سێ و پێنج دایە.
چوارناوێنە: جۆرە زرێیەکی جەنگییە لەبەر دەکرێ، چوار تەختە ئاسنی پێوەیە دەکەونە پێش و پاش و هەردوولای ئەو کەسەی لەبەری دەکا.
چوارنایێنە: د. چوارناوێنە.
چواریا: د. چواریێ.
چواریاچکە: د. چاریایە.
چوارپالوو: شتی ئەستووری چوارگۆشەی ڕێک (مکعب).
چوارپایە: د. چارپایە.
چوارپوولەکە: چوار پارچە چەرمی قەبزە نوشتەییە بۆ قایمی دەدرێ لە ڕاست و چەپی کەوش لە ئاستی جمسەرەکانی.
چوارپەل: هەردوو دەست و هەردوو قاچ.
چوارپەل قەوی: بریتییە لە گیانداری قەڵەوی پتەو.
چوارپێ: گیاندارێکە بەچوار پێ بڕوا.
چوارپینە: چوارپینەیە دەدرێ لەسەر پەنجە و پاژنەی کەوش.
چوار چابوخ: چوارچاک. چوار بێچوولەی بچووکە دەکەوێتە بن باخەڵی کەواوە.
چوارچاک: هەڵدڕاوی چوار چمکی ئەملاو ئەولای کەوا.
چوارچاو: بریتییە لە پیاوێک کە دوو ژنی بێ.
چوارچاوبوون: بریتییە لە سەر لێ شێوان.
چوارچاوکردن: بریتییە لە سەر لێ شێواندنی یەکێک.
چوارچمک: چوارچاک.
چوار چنگۆڵە: ڕۆین لەسەر چوار چنگ یا هەڵگەڕان بەشتێکدا بەچوار چنگ.
چوارچەقڵ: د. چوار چنگۆڵە.
چوارچێوە: دارێکی چوار پارچەی چوار سووچە دەرگا و پەنجەرە یا ئاوێنە یا نووسراوێکی جوان یا وێنەیەکی تێ دەخرێ.

چوار خاڵ کێشان: ڕەشکردنی ناوچەوان و هەردوو ڕوومەت و چەناگەی یەکێک بۆ ڕیسواکردنی.
چوار خرت: بزن و مەڕی چوار ساڵە (د). بریتییە لە مەردوومی قەڵەوی تێکسمراو.
چوارخشتەک: چوار پارچەی پچووکە لە کەوا هەر دووانیان دەکەوێتە بن دەستێک.
چوارخشتەکی: چوار نیوە شیعرە کە دوایی نیوە شیعری یەکەم و دووەم و چوارەمی وەک یەک وابێ.
چواردانگ: برنجێکی کوتراوی وردەیە لە ناوەندی پلاوی و خاکەدا.
چوار دانگی: چواردانگ.
چواردە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە چوارە لەگەڵ دەدا.
چواردەخانەی ڕەمڵ: چواردەخانە لەسەر کاغەز دەکێشرێ ڕەمڵی پێ دەگیرێتەوە.
چواردە ڕێیان: شوێنێکە کە ڕێگای زۆری لێ بێتەوە.
چواردەستەکی: هەڵگرتنی شتێک بەچوار دەست.
چواردەمین: شتێکە کە لە پایەی چواردەدا بێ.
چواردەم: چواردەمین.
چواردەهەمین: چواردەم.
چواردیوار: بریتییە لە خانوو: هەموو کەس لە (چواردیوار)ی خۆیدا دەحەسێتەوە.
چوار ڕێگان: چوار ڕێیان.
چوار ڕێیان: شوێنێکە کە چوار ڕێی لێ بێتەوە.
چوار سروشت: بەچوار شت دەڵێن کە بناغەی دروستبوونی هەموو شتێکن وەک با و ئاو و خاک و ئاگر بێ.
چوار سووچ: شتی چوارگۆشە.
چوارشانە: مەردوومی ئەستووری قەڵەوی دارێژراو.
چوارشەم: چوارشەموو.
چوارشەموو: ڕۆژی پێنجەمی حەفتە لە هەینی بەدواوە.
چوارشەممە: چوارشەموو.
چوارشەمە: چوارشەموو
چوارقوڕنە: شوێنی چوار سووچ. ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی پشدەر.
چوارقەد: شتێکە کە چوار جار قەد کرابێ. (چوار قەدکردن) نوشتاندنەوەی شتێک چوار جار.
چوار قەمچ: د. کەسێکە کە مووی ڕیشی و سمێڵ و برۆ و برژانگی کرابێ. (چوار قەمچکردن): تاشینی مووی ڕیش و سمێڵ و برۆ و برژانگ.
چوارگا: ناوە بۆ جۆرە مقامێکی کوردی.
چوارگۆشە: شتێکی چوار سووچە کە پانی و درێژیی بەقەد یەک بێ.

چوارلا: پێش و پاش و ڕاست و چەپی هەموو شتێک.
چوارلوو: چوالوو.
چوارمەشقان: د. چوارمەشقی.
چوارمەشقی: جۆرە دانیشتنێکە بە تێک پەڕاندنی هەردوو قاچ بە نوشتاوەیی.
چوارمێخە: چوار سنگی داکوتراوە بەزەویدا بۆ ئەوەی کە چوار پەلی یەکێکی پێوە ببەسترێتەوە.
چوارمێخە کێشانەوە: بەزەویدا دانی مەردووم لەسەر گازی پشت و بەستنەوەی چوارپەلی بەچوار مێخەوە بۆ سزادانی.
چوارمێردەکی: چوار مەشقی.
چوارناڵ: چوارناڵە.
چوارناڵە: ناخاوتنی ولاخ لە ناوەندی لۆقە و پرتاودا.
چوارنان: کەسێکە لە یاریی (قەلەمرداریّ)دا دەستەی بەرامبەری تێ خستبێ.
چوارە: د. چوارناڵە.
چواردم: شتێکە لە پایەی چواردابێ.
چواردمین: چواردم.
چوارهەم: چواردم.
چوارهەمین: چواردمین.
چوارهەنگڵ: شتێکە کە چوار هەنگڵی ببێ وەک خێگە و هەمانە.
چوارهەنگۆڵ: د. چوارهەنگڵ.
چواریەک: لە چوار بەش بەشێک.
چواریەکی: چواریەک.
چوالوو: چالەکە.
چوالە: درەختێکە گەڵای وەک بی وایە. بەری داری چوالە.
چوالەبادام: چوالەی ناوک شیرین.
چوالەتاڵە: جۆرە چوالەیەکی تاڵە.
چۆبەچۆ: د. بەرامبەر.
چۆپ: د. درۆ.
چۆپ چۆپان: کاتی بالاکردنی گیا لە بەهاردا بەرەنگێکی وا کە شوان ئێوارە داردەستەکەی فڕێ بداتە ناو گیا و بەیانی نەیدۆزێتەوە.
چۆپ چۆپێن: چۆپ چۆپان.
چۆپر: ز. کوتر.
چوپلمە: ز. ئازارێکە لە سنگی ولاخدا پەیدا دەبێ.
جۆپی: جۆرێکە لە هەڵپەڕین.
چۆپی کێش: کەسێکە کە سەرچۆپی بکێشێ.
چۆپیک: ز. مەردوومی بێ عەقڵ.
چوترم: پشوودان.
چوتورمە: د. ئاشوب.
چۆجەڵە: ریزێک قوڵفەیە بەتەختە دەواردوە لەسەر باری درێژی لە کاتی هەڵدانیدا بەیەکدا دەکرێن.
چوچڵە: قیتکە.
چۆچەک: جۆرە چەکێکی ژنانەی پانی پلپلەدارە بەلای ڕاست و چەپی سەریدا شۆڕدەبێتەوە.
چوخ: ز. چۆغە.
چوختی: مەردوومی چەقاوەسوو.
چوخک: با. چۆغەی شاڵی لەبەرکردن.
چوخم: تاقێکی گەورەیە کە بەسەر کۆڵانێکدا هاتبێتەوە و، سەرەکەی کرابێ بەژوور.
چوخمە: چوخم.
چوخور: د. چەم و چوغورد.
چۆخە: چۆغەیەکە لەگەڵ ڕانکدا لەبەر دەکرێ.
چورت: وەنەوز. چوارچێوەیەکە چەند تەلێکی بەرایەڵ تێ هەڵکێشراوە، یەکی چەند دارێکی گردی تێدایە ژمارەی پێ دەکرێ. شەوژەن (هـ).
چۆرتان: ز. کەشک.
چورتاندن: د. ترووکاندنی پەلەپیتکەی تفەنگ و دەمانچە.
چورتانن: د. چورتاندن.
چورتدان: وەنەوزە کوتێ.
چورتک: د. چور.
چورتکە: د. چورتی حسابکردن.
چورتم: نووچبردنی دانیشتوو بەدەم وەنەوزەوە. سەغڵەتی و دەردی سەری: فیسار کەس تووشی (چورتم)ێکی گەورە بوو.
چورتم بردن: نووچبردن بەدەم خەوەوە.
چورتمدان: چورتم بردن.
چورتە: جووڵە: (چورتە) ناکا، واتە ناجووڵێتەوە. (چورتە چورت) جووڵە پێکەوتنێکە کە لە ترسەوە بێ.
چورخ: ز. چەرخی چەقۆ تیژکردن.
چوڕ: سپێتیی شت: دەڵێی (چوڕ)ی شیرە. پاسخ و وەرام.
چۆڕ: دڵۆپێک لە شتی شل. دێیەکە لە مەریوان.
چۆڕانەوە: هاتنە خوارەوەی شتێکی شل لە شتێکی تر بەخوارکردنەوەی بەرەبەرە. (چۆڕەچۆڕ) چۆڕانەوەی یەک لە دوای یەک.
چۆڕاوگە: باراناوێکە بە گوێسوانەدا بێتە خوارەوە.
چۆڕبڕ: وشکبوونی ئاو لە شوێنێک کە چۆڕی نەمێنێ: کانییەکە. (چۆڕبڕە). (چۆڕبڕبوون) وشکبوونی ئاو لە شوێنێک. (چۆڕبڕکردن) وشککردنی ئاو لە شوێنێک.
چوردانەوە: د. وەرامدانەوە.

چۆرکە: شوێنێکە کە ئاوی لێ بچۆڕێتەوە. لوو.
چورنوسقاو: ترنوسقاو.
چۆڕە: دەنگی چۆڕانەوەی ئاو.
چۆڕیان: د. چۆڕانەوە.
چۆڕیانەوە: د. چۆڕانەوە.
چۆرەک: جۆرە خواردەمەنییەکە لە هەویر دروست دەکرێ.
چوریسک: با. پریشکی ئاگر.
چوست: گیانداری چالاک.
چوستی: چالاکی.
چۆش: د. وتەیەکە وەک (هۆش) گوێدرێژی پێ دەوەستێنرێ.
چوشتر: چتیر.
چوشتیر: چتیر.
چۆغان: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەردوز وایە وەک ئەسپۆن دەکوترێ و کاڵای پێ دەشۆرێ.
چوغڵ: بەدی چەپخوون.
چوغڵی: بەدی و چەپخوونی.
چوغورد: چەم و دۆڵی چڕ.
چۆغە: جۆرە تەنراوێکی خوریی خاوداری جوانی بەنرخە. جۆرە کاڵایەکی شاڵینی چاکەلدارە لەگەڵ ڕانکدا لەبەر دەکرێ.
چۆغەبازدڵە: بزدڵە.
چۆغەڕەش: بریتییە لە چێشتی ماشی ڕەش.
چۆغەڵ: چۆغەیەکە لەگەڵ ڕانکدا لەبەر دەکرێ.
چۆڤ: ز. داردەست.
چۆقـاندن: هێـنانە لەرزەی مـەردووم لەلایەن لەرز یا ترسـەوە. هەڵقرچاندن لەلایەن تاوە.
چۆقانن: چۆقاندن.
چۆقل: ز. قاچی گیاندار.
چۆقـە: دەنگی لە یەککەوتنی ددان لەکـاتی لەرز یا ترس یا سـەرمـادا. (چوقـەچۆق) چۆقـەی یەک لەدوای یەک. گرە و تەوژمی تا: تا دەی(چوقێنێ).
چۆقیان: د. هاتنە چۆقە بەددم لەرزەوە. هەڵقرچان بەددم تاوە.
چۆقین: چۆقیان.
چۆک: ئەژنۆ.
چۆکانی: ز. دانیشتن لەسەر ئەژنۆیەک و هەڵنانی ئەوی تر.
چۆکدان: بریتییە لە خواردنی شتێک بەتەواوی و ئەهێشتنی. لەسەر ئەژنۆ دانیشتن.
چوکدادان: لەسەر ئەژنۆ دانیشتن.
چوکدانەسەر: تەپدانە سەر شتێک.
چوکڵە: پارچە دارێک یا چیلکەیەکی پچووک. نووکێکی بەرزی تیژە بۆ هێندێ پیت دەنووسرێ وەک (بێ) و (تێ) کە بەددم پیتی تردوە بنووسرێن.
چوکڵەخیگە: پشکی هیزە و مەشکە.
چوکـڵـەشکێن: د. بریتـیـیـە لە یەکـێـک کـە چەڵـتـووک بخـاتە کاروباری ئەم و ئەوەوە.
چۆکڵەشکێنی: بریتییە لە چەڵتووک خستنە کاری مەردوومەوە. چەڵەمەشکێنە (د).
چۆک هەڵنان: دانیشتن لەسەر قاچێک و هەڵنانی قاچەکەی تر.
چۆگە: هـ. لەوێ.
چۆڵ: چۆڵ.
چۆڵ: شوێنێکە کە ئاوەدانیی تێدا نەبێ.
چۆڵاوە: هـ. چەند دارێکی دوو پەلن دادەچەقـێـنرێن و ڕایەڵـیـان لەسەر هەڵدەکرێ.
چوڵبڕ: ڕۆیشتن بەبێ ڕێ.
چۆڵبوون: نەمانی ئاوەدانی لە شوێنێک.
چۆڵپەرست: کەسێکە بەتەنیا هەر لە چۆڵدا بژی.
چۆڵپەرستی: ژیان و ڕابواردن لە چۆڵیدا.
چۆڵچڕ: د. هۆردەیەکە هەر لە بیاباندا دەکرێ.
چۆلک: ز. ئاودەستخانە.
چۆڵکردن: بەجێهێشتنی شوێنێک و مانەوەی بەچۆڵی.
چۆڵگە: دەشت و بیابان.
چولوسک: د. چلۆسک.
چۆڵ و هۆڵ: شوێنێکە کە لە هەموو گیانلەبەرێک خاڵی بێ.
چۆڵەچرا: دارێکی تەڕە بەقەد گەزێک سەرەکەی دەکوترێ تا شی دەبێـتـەوە کە وشک بوو لە تاریکیدا دادەگیرسێنرێ لە باتی چرا.
چۆڵەچراو: هـ. چۆڵەچرا.
چۆلەکـە: باڵندەیەکی بچکۆلەی بۆرە. دارێکە بەقـەد مـەچەکـێک دەبێ دوو کـونی تێـدایە هەر کـونەی چەرخـێکی تێ براوە (گورد)ی جۆلای لەسەر هاتوچۆ دەکا لەکاتی کارکردندا.
چۆلەکە بکوژ: بریتییە لە ئادەمیزادێک: (چۆلەکە بکوژ)ی تێدا نییە واتە هیچ کەسێکی تێدا نییە.
چۆڵەمە: قوولاییی خوار قوڕگ.
چۆڵەمێ: چۆڵەمە.
چوڵی: چۆڵی.
چۆڵی: شوێنی چۆڵ.
چۆم: چەمی ئاو.
چۆماخ: تێلا.
چومە: ز. هیچ.
چۆمی: چەم.
چون: د. چونکە.
چۆن: وتەی پرسیار لە چۆنێتی شت: (چۆنیت)؟

چونکو: چونکە.

چونکە: وتەیەکە بۆ هۆیەتی (علت)ی شتێک بۆ شتێک بەکاردەهێنرێ: چووم بۆ بازاڕ (چونکە) کارم بوو.

چونکی: چونکە.

چۆنەر: د. چەوەندەر.

چۆنەرقەند: د. چەوەندەری شەکر.

چۆنەرین: چێشتی چەوەندەر بەترش.

چۆنێتی: بوونی شت بەجۆرێکی تایبەتی.

چونیەک: وتەیەکە لە جێی وتەی (وەک یەک) بەکاردێنرێ: ئەگەر لەکێن هەموو (چون یەکین).

چوو: میچ.

چۆو: د. داردەست.

چوواندن: نەکردنی نوێژ لە کاتی خۆیدا: نوێژەکەی بەیانیت (چوواند).

چوواو: نوێژێکە کە لەکاتی خۆیدا نەکرابێ.

چووپ: ز. داگیرکردنی شت.

چووتن: ز. جوونی شت.

چووچ: ز. چووکی کوڕی پچکۆلە.

چووچک: ز. کەوچکی ماستاو. چۆلەکە.

چووچی: ز. وتەیەکە وەک: (چی چی) بۆ دانیشتنی منداڵ بەکاردێنرێ.

چوور: ز. مەردوومی شەل. جۆرە مەرێکە.

چووز: لقی ناسکی تازەی سەوزی درەخت. درەختێکە موتوربەکرابێ.

چووزاندنەوە: سوڵاندنەوەی ئەندام.

چووزانم: وتەیەکە لە شوێنی وتاری (نازانم) بەکاردێنرێ.

چووزانەوە: جۆرە ئازار و سوڵانەوەیەکە هێندێ جار لە لەشدا پەیدا دەبێ: دەستم (چووزایەوە) لە کاتێکدا کە قەڵەشابێ یا لووتم (چووزایەوە) لە کاتێکدا کە سەرما لێی دابێ، یا دەمم (چووزایەوە) لە کاتێکدا کە شتێکی توونت خواردبێ. (چووزەچووز) چووزانەوەی زۆر.

چووزکردن: موتوربەکردنی درەختێک لە درەختێکی تر.

چووزە: د. چووەر.

چووزەرە: لاسکی ناسکی گیا.

چووزەشوانە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک بەرەزاوایە لاسکەکەی بەناسکی دەخورێ.

چووک: بریتییە لە کێری ئادەمیزاد. بچووک: من برا (چووکی) تۆم. چۆک (با). چۆلەکە (ز).

چووگان: ز. گۆچان.

چوول: ل. دار.

چوولە: ز. ئادەمیزادی قەشمەر.

چوون: ڕۆین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. پەڕینی وڵاخی یەکسم. تەقینی هێلکە و ڕژانی بۆ ناو ئاگر. دامردنەوەی ئاگری گڕ: ئاگرەکە (چوو) واتە دامردەوە. تەزین و لە گۆچوونی ئەندام لە سەرماندا: دەستم (چوو) واتە تەزی. بوونی دراو بەرەنگێکی وا کە لە شت کڕیندا لێت وەربگیرێت: ئەم دراوە (دەچێ) یا (ناچێ). شوبهانی شتێک بەشتێک: ئەم شتە لەو شتە (دەچێ) واتە وەک ئەو وایە.

چوونەبەست: نەتوانینی چوون بۆ شوێنێک بەهۆی شتێکەوە: بەهۆی فیسار کەسەوە ماڵەکەمان لێ چۆتە بەست، واتە لەبەر ئەو ناتوانین بچین.

چوونەژێر: دانان بەشتێکدا (اقرار).

چوونەسەر: بریتییە لە سەرگرتنی کارێک و برانەوەی بەئێجگاری.

جوونە سەراو: بریتییە لە چوونەسەر پێشاو.

چوونەلا: بریتییە لە دروستبوونی پیاو لەگەڵ ژنیدا.

چوونەوە: بەختکردنی ڕەنگی شت. چوونی یەکێک بۆ شوێنێک جاری دووەم.

چوونەیەک: کرژبوونی هێندێ تەنراو بەهۆی تەڕبوونیەوە.

چووەر: د. ژوور.

چوێ: ز. برین.

چوێدار: ز. بریندار.

چوێشکە: چۆلەکە.

چوێل: وڵاخێکە هەردوو پاشووی گێڕ و کەوانەداربێ و لە ڕۆیندا لە یەک بدەن.

چوێت: جۆرە دەرمانێکی شینە دەکرێتە ئاوەوە متیلی سپی و هێندێ کاڵای تری تێوە دەدرێ بۆ جوانی.

چوێتلی: شتێکە ڕەنگی وەک چوێت وابێ.

چوێک: ز. چۆلەکە.

چوین: ل. چۆن.

چە: وتەیەکە پرسیاری پێ دەکرێ لە شتێک کە ئادەمیزاد نەبێ: (چە) دەکەیت؟ واتە چی دەکەیت. پیتی پچووککردنەوە: (باخچە، دەریاچە). کەچی: هاتم بۆ لات (چە) لەوێ نەبوویت، واتە کەچی (د).

چەبت: ز. جەوت.

چەپ: لای بەرامبەری ڕاست لە شت. وتەیەکە هەمیشە لە نەفیدا بۆ جیاوازییەکی کەم لە ناوەندی دوو شتدا بەکاردێنرێ: ئەم خانووە (چەپ)ی نییە لەگەڵ ئەو خانووەدا واتە زۆر لە یەک جیاواز نین. چەپڵە (د). شتی کلا و کەنار: فیسار کەس خانووەکەیان زۆر (چەپ)ە.

چەپاڵ: پارچە تەنراوێکی ئەستووری کۆنی کەم نرخ.

چەپاڵک: چەپاڵ.

چەپاڵە: پارچەیەک لە هێندێ شت: (چەپاڵە) یەک بەرەم نییە. بریتییە لە زۆر و سزای زۆردار: خوا لە (چەپاڵە)ی زۆردار بەدوورت کا. چەپۆڵە (د). زللە (د).

چەپاڵەدان: پەنادان بەیەکێک کە پەنات بۆ بێنێ.

چەپانن: د. تێ تەپاندن.

چەپاو: تاڵان.

چەپاوکردن: تێکدانی ئاسایشی شوێنێک و شێواندنی. تاڵانکردن.

چەپخون: د. شەبەیخوون.

چەپخوون: گیانداری ئەگریسی هار و هاج.

چەپک: دەسکێک لە گوڵ و گیا. دەستپێچێک لە خوری.

چەپکوتان: چەپڵەلێدان.

چەپکوتانن: د. چەپکوتان.

چەپکە: چەپک.

چەپگەرد: بریتییە لە ڕۆژگاری ناهەموار.

چەپکەن: د. کونێکی ئەمسەر و ئەو سەرە دەکرێ لەژێر شاخدا بۆ هاتوچۆ پێداکردن.

چەپل: ز. قۆڵی گیاندار.

چەپڵە: بەیەکدادانی هەردوو بەری دەست بەڕەنگێک کە دەنگی لێوەبێ.

چەپلەر: مەردوومی چەپە.

چەپڵەڕێزان: چەپڵەلێدانی چەند کەسێک بەیەکەوە.

چەپڵەقوزێ: بریتییە لە دەرکردنی یەکێک لە شوێنێک بەسووکی و بەقاڵەی دەم.

چەپڵەکوتان: چەپڵەلێدان.

چەپڵەلێدان: لێدانی چەپڵە بە بەری هەردوو دەست.

چەپڵە لێ کوتان: بریتییە لە بەدناو و ڕیسواکردنی یەکێک.

چەپ و چێر: شتی خوار و گێر.

چەپ و ڕاست: چەلیپای گاوران. هەموو شتێک کە ڕاست و چەپ تێک پەڕیبێ.

چەپ و ڕاستکردن: ڕاکێشانی دەستی ڕاست و قاچی چەپ، یا دەستی چەپ و قاچی ڕاست بۆ چاکبوونی نازاری دەماری پشت. برینی دەستی ڕاست و قاچی چەپ یا وەکی تر بۆ سزادان.

چەپوغان: کارکردن بەنهێنی.

چەپۆک: دەست بەسەردا ماڵین لەگەڵ کردنەوەی پەنجەکاندا.

چەپۆکان: هەردوو دەست بەزەویدادانی ولاخی بەرزە.

چەپ و گووپ: چاپ و گووپ.

چەپۆڵە: دەست و پەنجەی گیاندار.

چەپۆڵەشێرە: گیایەکی کوێستانییە لقەکانی ڕوو دەکەنەوە یەک وەک چنگی شێر.

چەپە: گیاندارێکە کە بەدەستی چەپ کاریکا. چەپک (د). دەست بەندی ولاخ. سەوڵی بەلەم لێخوڕین (د).

چەپەجاخ: ئاسنێکی دەم پانی تیژی کلکدارە گۆشتی پێ قیمە دەکرێ.

چەپەر: دەرگایەکە بەتەیان چنرابێ. پۆستەچی (د). سوپەر (ز).

چەپەربەن: د. ملپێچ.

چەپەربەندان: بریتییە لە وێستانی چەند کەسێکی زۆر بەگردی شتێکدا بەجۆرێک کە وەک تووڵی چەپەر بەتەنشت یەکەوە بن.

چەپەک: شوێنێکە ڕێی هاتوچۆی کەم تێ بکەوێ. چەند جۆگایەکی کەوانەدارە بەناو مەرەزەیەکدا ڕادەکێشرێ کە زەوییەکەی لێژبێ بۆ ئەوەی کە مەرەزەکە هەمووی ناو بخواتەوە.

چەپەڵ: شتی چڵکنی پیس.

چەپەڵووک: چەپۆک.

چەپەڵی: پیسی و پۆخڵی.

چەپەوانە: شتی پێچەوانە.

چەپی: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە هەر قاچی چەپی تێدا پێش دەخرێ. چەپەوانە.

چەت: کۆزەری دەغڵودان.

چەتارە: ز. کاڵای ئاوریشمین.

چەتاڵ: دارێکی دووپەلە دەچەقێنرێ و لوولەی تفەنگی دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی لە حەلی تەقاندنیدا نەجووڵێ. دەواری پچووک. چنگاڵی ئاسن کە نانی پێ دەخورێ.

چەتاڵانە: بەشێکە لە خەرمان کە دەدرێ بەو سەرکارانەی دەغڵودان کۆ دەکەنەوە بۆ خاوەنی.

چەتان: پەردەی سەری عەرەبانەیەکە کە خەرمانی پێ دەگوێزرێتەوە.

چەتاوەڕوو: مەردوومی بێ شەرمی ڕوو هەڵماڵراو.

چەتر: شتێکە لە ژوور سەرەوە هەڵدەدرێ لە کاتی باران یا گەرمادا.

چەترکردن: هەڵپاچینی درەخت بۆ ئەوەی سەرەکەی وەک چەتری لێ بێ. خۆگیفکردنی قەلەموون و تاوس.

چەترەقی: جەترەقە.

چەترهەڵدان: بریتییە لە خۆگیفکردنی قەلەموون و تاوس.

چەتفە: چەفتە.

چەتڵەمەز: مەردوومی بزێوی فێڵباز.

چەتۆر: د. قرانی زیوینی زنجیرەدار. تیغی کولی ژەنگن.

چەتوو: ز. وتەیەکە وەک وتەی (کابرا) بۆ پیاو بەکاردێنرێ.

چەتوون: گیانداری هار و هاج.

چەتە: جەردە. پۆلیس (د).

چەتەکاری: جەردەیی.

چەتەگەری: چەتەکاری.

چەتەوولْ: مەردوومی درێژی زەبەللاح.

چەتەیی: چەتەکاری.

چەتیو: کچی بێ باوک.

چەتیوە: ئافرەتی ناکەس بەچە.

چەچ: د. چەچە.

چەچلە: د. چەچ.

چەچە: وتەیەکە منداڵی ساوا بۆ دەست بەکاری دەهێنێ.

چەخماخ: شتێکە پڵێتەی تێ هەڵدەکێشرێ و جۆرە بەردێکی تێ دەخرێ و ئاگری پێ دەکرێتەوە: ئەستێ. بریتییە لە تفەنگ: دوو سەد (چەخماخ)م هەیە.

چەخماخچی: چەخماخساز.

چەخماخساز: کەسێکە تفەنگ و دەمانچە دروست بکا.

چەخماخە: بروسکەی ئاسمان.

چەخەر: ز. نیشانەی شت کە لە رێدا بەجێ مابێ.

چەدەنە: رێحانە کێویلە.

چەرپا: چارپایە.

چەرپایە: چارپایە.

چەرچی: کەسێکە وردەواڵا بەرێتە لادێ و بەرۆن و دانەوێڵە بیگۆرێتەوە.

چەرخ: ئاسنێکی کەوانەدارە کە لەسەر شان بسوورێتەوە. گەردشی جیهان و سووڕانەوەی: چی بکەم لە دەست (چەرخ)ی کەج رەفتار؟ تەختەیەکە لەسەر بیر دادەنرێ و ناوی پێ هەڵدەگوزرێ. چەخماخی ئاگرکردنەوە. سەدە (قرن).

چەرخان: سووڕان.

چەرخاندن: سووڕاندن.

چەرخانن: چەرخاندن.

چەرخ خواردن: خولخواردن.

چەرخدان: چەرخاندن.

چەرخ لە چەمەر کێشان: بریتییە لە بەیدەستکردن و سزادانی یەکێک.

چەرخە: سووڕانەوە بەکەوانەیی.

چەرخەچی: زەلامێکە کە بۆ ئاسایش ئاوەدانیدا بسوورێتەوە. ئاوگردان.

چەرخەدان: سووڕانەوە بەگردی شتێکدا.

چەرخەکردن: چەرخەدان.

چەرخەمە: جۆرە سەبەتەیەکی گەورەیە لە قامیش دروست کرابێ.

چەرخیان: د. خولخواردن.

چەرخی: جۆرە دراوێکی زیوینی پچووکە.

چەرخین: چەرخیان.

چەرداخ: کەپر.

چەرداوەڕوو: چەتاوەڕوو. ناوە بۆ تیرەیەکی کورد لە ناوەندی سنە و هەمەداندا.

چەڕاگا: شوێن لەوەڕ.

چەڕەدوکەڵ: دوکەڵێکی ڕەشی زۆرە کە پۆنگی خواردبێتەوە و بەجارێک بێتە دەردەوە.

چەرم: پێستی گیاندار.

چەرمچی: د. کەسێکە کە پێستە خۆش دەکا.

چەرمقین: د. چرچ و لۆچی کاڵا و شتی تر.

چەرمگ: شتی سپی.

چەرمگسوور: مەڕی دەموچاو و مل سووری لەش سپی.

چەرمگی: د. سپێتی.

چەرموو: چەرمگ.

چەرمووسوور: چەرمگ سوور.

چەرمە: ھ. سپی.

چەرمەچەقاڵتە: گۆشتی لەڕ و لاواز.

چەرمەسەرێ: دەردی سەری.

چەرمەڵ: سپیکەڵە.

چەرمەڵانە: د. چەرمەڵە.

چەرمەڵە: چەرمەڵ.

چەرمێنە: د. سپێنەی هێلکە.

چەرمی: ل. سپی.

چەرمیلە: د. چەرمەڵە.

چەرمین: شتێکە لە چەرم کرابێ.

چەرمینە: د. چەرمین.

چەرندە: گیاندارێکە کە بلەوەڕێ.

چەروەدار: ل. قەتارچی.

چەرەخوورە: دارێکی کولۆرە سەرێکی دەبرێتە دۆڵیانەوە و سەرەکەی تری (کەوچکە)ی پێوە دەبەسترێ.

چەرەز: ز. خواردنی خۆش.

چەرەس: دۆشاو و باسوق دروستکردن لەناو رەزدا. چەند خواردەمەنییەکی وشکەیە لە کۆبوونەوەدا دادەنرێ بۆ خواردن بەدەم گفتوگۆوە.

چەرەگە: بەرچیغ.

چەرەن و پەرەن: ورێنەکردن.

چەرین: با. لەوەرین.

چەس: چییە؟

چەسپ: سەرێک لە تلیاک. شتێک کە بەشوێنێک توند و پڕ بەپڕی بێ.

چەسپان: خێرا. چەسپین.

چەسپاندن: جێگیرکردنی شتێک لە شوێنێک. لکاندنی شتێک بەشوێنێکەوە.

چەسپانن: چەسپاندن.

چەسپیان: د. چەسپین.

چەسپین: جێگیربوونی شتێک لە شوێنێک پڕ بەپڕ. لکانی شتێک بە شتێکی تردوە.

چەسن: ل. چەس؟

چەش: گیاندارێکی ڕاوییە کە دەمی بەگرتن و خواردنی نێچیر شیرین بووبێ. خواردنێکە دەکرێ بەتەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر: بەرازەکە (چەش)ی بۆ دابنێ.

چەشبوون: دەم شیرینبوونی گیانداری ڕاوی بەگرتن و خواردنی نێچیر.

چەشتن: تاقیکردنەوەی تامی شت بە زمان.

چەشتە: گیانداری چەش. چەشەیەکە دەکرێ بەتەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر.

چەشتەخۆرە: چەشەخۆرە.

چەشکردن: فێرکردنی گیاندار بە ڕاو بەدەرخوارددانی چەشە.

چەشکە: چەشە. مێلاک.

چەشکەکردن: چەشتنی خواردەمەنی.

چەشم نەناز: د. چەشمەنداز.

چەشم ئەنداز: د. چەشمەنداز.

چەشمە: کانی و سەرچاوە. ئاودەستخانە (ز).

چەشمەنداز: شوێنی بەرچاوی خۆش.

چەشمیک: ز. جۆرە دەرمانێکی چاوە.

چەشن: تەحر و جۆر: بەم (چەشن)ە واتە بەم تەحر و جۆرە.

چەشنی: تەرەقەی دەمانچە و تفەنگ. مەزە و تام (د).

چەشە: خواردنێکە کە بکرێ بەتەڵەوە بۆ گرتنی نێچیر. چەش.

چەشەبوون: چەشبوون.

چەشەخۆرە: گیاندارێکە کە چەشە بخوا و بەتەڵەوە نەبێ.

چەشەکردن: چەشکردن.

چەعف: ز. چاو.

چەعفک: ز. چاویلکە.

چەفت: ل. چەوت.

چەفتە: پارچەیەکی ئاوریشمی بە سیم یا بە سورمە چنراوە. داڵیت (د).

چەفتە رێز: ئەڵقەرێز.

چەفتەکەل: د. گای چوار ساڵە.

چەفتەلی: ئەنجامەی دەرگا. جۆرە باڵا پۆشێکی ژنانەیە وەک چەفتەی بەسورمە چنراو.

چەفتە و شیرە: د. چەوتە و چیلە.

چەفتیاگ: د. شتی چەوتاوە.

چەفیە: چەفتەی ئاوریشمین.

چەقرەیی: ز. درەختێکە وەک بی وایە.

چەق: گۆشتی لەڕی لاواز. ناوەڕاستی ڕێگا: لە (چەقی) ڕێگا مەودستە. دیوێکە لە میچ. کەسێکە کە گیربێ لە کڕین و فرۆتندا (د).

چەقاڵ و بەقاڵ: بریتییە لە مەردوومی هەرزەی بازاڕی.

چەقالە: شتێکە وەک بادام بەڵام ئەم پچووکترە و ناوکەکەی تاڵە، خۆش دەکرێ و دەخورێ.

چەقاندن: داکوتانی شتێک بەشوێنێکدا.

چەقانن: چەقاندن.

چەقانە: د. چەقەنە.

چەقانەژەن: د. کەسێکە چەقەنە لێ بدا.

چەقاوەسوو: مەردوومی بێ شەرمی چوختی.

چەقچەقۆک: گیایەکی بەهارییە گەڵا خڕە بەرێک دەگرێ وەک گوێز بەڵام پچووکترە.

چەقچەقە: چەقەنەی ئاش. گیایەکە گەڵای لە گەڵا بی باریکترە جۆش دەدرێ و بۆ دەنگ بەربوون دەخورێتەوە. قەزوان (ل).

چەقلانقۆچ: ل. دەنگی قەزوان قرتاندن.

چەقلماست: ز. ماستاوی خەست.

چەقۆ: تیغێکی مشتووداره دەمەکەی دەنوشتێتەوە بۆ ناو مشتودکەی.

چەقۆگەر: کەسێکە چەقۆ دروست بکا.

چەقە: قسە زۆرکردن بەبێ هوودە. (چەقەچەق): چەقەی یەک لەدوای یەک.

چەقەچەناو: چەنەباز.

چەقەخانە: جێگایەکی تایبەتییە بۆ کۆبوونەوە و قسە تێداکردنی.

چەقەسوو: چەقاوەسوو.

چەقەڵ: دەعبایەکی کێوییە لە سەگ دەچێ. بریتییە لە گیانداری لەڕ. پێچکەی شت: ئەو کورسییە چوار (چەقەڵ)ە واتە چوار پێچکەیە.

چەقەن: زدویی ڕەقەن.

چەقەنە: دارێکە سەرێکی دەخرێتە ناو (کەوچکە)ی ئاش و سەرەکەی تری دەخرێتە سەر دیوار و دارێک بەناوەڕاستیدا شۆڕدەبێتەوە بۆ سەر بەرداش، بەسووڕانەوەی بەرداش

چەقەنەکە دەجوولێتەوە و دان دێتە خوارەوە. پل تەقاندن بەپەنجەی دەست. درەختێکە بەرێک دەگرێ وەک بەری مۆرد (ز). چەقەوانە.

چەقەوانە: چوار شتە لە زەرد یا لە شتێکی تر دروست دەکرێ شەکەرۆکە دەیکا بەسەری چوار پەنجەی دەستیەوە لەکاتی سەماکردندا چەقەنەی پێ لێ دەدا.

چەقیان: د. چەقین.

چەقین: زەویی ڕەقەن. یاریی میچێن.

چەقین: ڕۆچوونی شتێکی ڕەق لە شتێکی نەرمدا.

چەقیو: شتێکە کە ڕۆچووبێ بە شتێکی نەرمدا.

چەک: هەر شتێکە لە ئاسن دروست بکرێ و جەنگی پێ بکرێ. زێڕ و زیوێکە ژنان بۆ جوانی دەیدەن لە خۆیان. نۆاڵەیەک لە ئاوریشمی ڕەشی خاو. پێڵاوی کۆنی سۆل کە دەکرێ بەسەرپێوە. چەکەی هەلاج. باریکە پینەیەکە بدرێ لە لایەکی پێڵاو بۆ ڕاستکردنەوەی. چەرمی پاژنەی کەلاش. پارچە کاغەزێکی نووسراوی چاپکراوی تایبەتییە بەپارە دەگۆڕدرێتەوە لە بانک. دار و بەرد (د). مەردوومی ڕووت و قووت (د). حوکمی حاکم.

چەکاندن: زۆر مژینی مەمک لەلایەن ساواوە.

چەکانن: چەکاندن.

چەکبەردە چەکبەردە: بەگیرهێنان و بگرە و بەردە: سالار و نەریمان ئەمرۆ (چەکبەردە چەکبەردە): یەکیان بوو ئەوسەری نەبێ.

چەکبەند: ز. کالایەکی قۆڵ کورتە دەدرێ بەسەر شاندا و قۆڵی پێدا ناکرێ.

چەکدراو: کەسێکە کە حاکم حوکمی دابێ.

چەکمە: پێلاوێکی چەرمی لاسک درێژە لە قوڕ و چلپاودا لە پێ دەکرێ.

چەکمەبوون: بریتییە لە زۆر سووتانی شوێنێک لە ئەندام و داماڵینی پێستەکەی: نەریمان قاچی وا سووتاوە (چەکمە بووە).

چەکوپووش: د. شڕەی ناوماڵ.

چەکوچ: چەکوش.

چەکوچڕدان: مژینی مەمک بەجۆرێ کە هیچی تێدا نەمێنێ.

چەکوش: ئاسنێکی لووتداری مۆدارە کلکێکی دارینی تێ دەخرێ بزماری پێ دادەکوترێ.

چەکوشکاری: کارکردن بەچەکوش.

چەکە: دارێکی خڕی لووسی دەسک دارە هەلاجی پێ دەکرێ. مەردوومی ڕووتە (د).

چەکە چەک: تەکەتەک.

چەکەرداسی: مەردوومی زەبەللاحی شەپ و شۆڕ.

چەکەرە: شینایییەکە تازە سەری دەرهێنابێ. شتێکی سپییە لە باسوق و هەنجیر و هێندی شتی تری شیرین پەیدا دەبێ بەهۆی مانەوەیانەوە.

چەکەرەشکێن: د. کێلانی زەوی و هەڵگێڕانەوەی بۆ ئەوەی بەهێزببێ.

چەکەرەکردن: سەوزبوونی شینایی و سەر دەرهێنانی. پەیدابوونی شتێکی سپیی وەک شەکر لە باسوق و هەنجیر بەهۆی مانەوەیانەوە. بریتییە لە دوودڵبوون.

چەکەرەهێنان: چەکەرەکردن.

چەکەووڕ: بۆچرووک.

چەل: نۆرەدانەوەی یاری بەو کەسەی کە دۆڕاندبێتی. هەل: بەسەر ئەم (چەل)دەتەوە مەرۆ. چەل و مل.

چەلاخ: ئەسپی بزێو.

چەلاک: ز. چەڵاک.

چەڵاک: دارێکی درێژە گوێز و مازووی پێ دەتەکێنرێ.

چەلاکە: با. قەلانگ.

چەڵاکە: چەلاک.

چەلاو: گۆشتاو. ئاوی سەروپێ.

چەلتک: ز. جەواڵی پچووک.

چەڵتک: چەڵتووک.

چەڵتووک: برنجێکە کە هێشتا لە پووشدا بێ و کرە نەکرابێ.

چەڵتووک تێ فرێدان: بریتییە لە قسەی خراپکردن لە کاری ئەم و ئەودا.

چەڵتووک جاڕ: د. مەرەزە جاڕ.

چەڵتە: سازندەییکردن. (چەڵتە چەڵت) چەڵتەی یەک لەدوای یەک. چوغلی (د).

چەڵماس: ل. چلێسی ئەوسن.

چەڵماسک: ل. چەڵماس.

چەل و چۆمبوونەوە: پەلاماردان.

چەل و مل: کەسێکە کە بووبێ بەبار بەسەر شانتەوە.

چەلووز: ز. سواڵکەری نووزەدرێژ.

چەلە: گوریس (ل). نۆرەکایە لە یاریدا: ئەم جارە (چەلە)ی منە.

چەلەپایی: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە.

چەلەک: با. ڕەهوان.

چەلەکورە: هـ. باڵندەیەکی ڕاوکەری گۆشتخۆرە لە واشە پچووکترە.

چەڵەم: چاکڵ. تەپەی جۆلایی.

چەڵەمە: ئێستقانێکی باریکی دووپەلە لەبەر سنگی باڵندەدا. چاکڵ. کەشاکەش و سەغڵەتی: یاخوا کەس تووشی (چەڵەمە) نەیەت.

چەڵەمەشکانێ: د. چەڵەمەشکێنە.
چەڵەمەشکێنە: گرەوێکە دەکرێ بۆ تاقیکردنەوەی یاد و بیر بەشکاندنی (چەڵەمە)ی باڵندەیەک.
چەلەنگ: لەنجە و لار. جوان (ز).
چەڵەوان: ل. یاریی چالێن.
چەلی: هـ. گیای دەرزیلە.
چەلیپا: شتێ ڕاست و چەپ. ڕاست و چەپێکی تایبەتییە بەلای گاورانەوە مووفەڕکە.
چەلی: ز. وتەیەکە مانگای پێ لێ دەخوڕدرێ.
چەم: ناوێکی گەورەیە کە لە چەند ناوێکی تر پەیدا بووبێ. چاو (هـ). شتێکە کە چەوتابێتەوە (د).
چەم ئاخوڕە: تەیمان.
چەماندن: چەماندنەوە.
چەماندنەوە: چەمانەوە.
چەمانن: چەماندن.
چەمانەوە: چەوتاندنەوەی شت.
چەمانەوە: چەمینەوە.
چەماو: چەمیلە ترۆزی. ناوی چەم.
چەماوە: شتێکە کە چەوتابێتەوە.
چەمبل: ز. قولفەی دەفر و شتی تر.
چەمبۆڵە: چەمۆڵە.
چەمبەر: چەمەر.
چەمپال: ز. سەربار.
چەمپل: ز. پەلی گیاندار لە پەنجەیەوە تا بن باخەڵی.
چەمتاوە: چەماوە.
چەمچک: کەوچک.
چەمچور: ز. جۆرە مێشێکی گەورەیە گاز لە لقی ناسکی مێو دەگرێ و وشکی دەکا.
چەمچە: کەوچک.
چەمچیر: ز. ترێ ڕەشکە. مێلووی منداڵ.
چەمسوتەکە: چەنسوتەکە.
چەمک: د. چمک. مەعنا و مەبەستی شت.
چەموچو خمۆ: د. چەم و چوغورد.
چوم و چوغورد: چەم و دۆڵێکە کە زۆر زەبەند و چڕ بێ.
چەم و خەم: د. ناز و نووز.
چەمۆڵە: ڕاستکردنەوەی دەست بەبڵاوکردنەوەی پەنجەکانی بەرامبەر بەرووی یەکێک بۆ تەریقکردنەوەی.
چەمۆڵەگرتن: چەمۆڵەنان لە یەکێک.
چەمۆڵەلێنان: نانی چەمۆڵە لە یەکێک.
چەمۆڵەنان: چەمۆڵەگرتن.
چەمووش: گیانداری سرکی چەتوون.
چەمە: چاوگەیەک لە خانوو یا لە کەپر. سەرچاوە (هـ). کەمەی بێژنگ و شتی تر (د).
چەمەر: شیوەن و گریان بۆ مردوو بە کۆمەڵی. چەمەرە.
چەمەرانە: دەهۆڵ و زوڕنایەکە لە شیوەن و چەمەردا لێ بدرێ. شیوەنێکی دوو دەستەییە دەستەیەک پیاو و دەستەیەک ژن بەپێوە وەک نەڵقەی چەمەرە دەوەستن بۆ شیوەنکردن.
چەمەرچۆپی: هەڵپەڕین بەکۆمەڵ بەدەم گریان و شیوەنەوە.
چەمەرە: دارێکە کە بەتەڕی چەمێنرابێتەوە بەڕەنگێک کە هەردوو سەری گەیشتبێتەوە یەک. هەموو شتێک کە وەک نەڵقە وابێ.
چەمەری: د. دەهۆڵێکە کە بۆ شیوەن لێ دەدرێ.
چەمەسیاوڵە: هـ. قەیتەران.
چەمەن: د. چیمەن.
چەمەنتۆ: د. چیمەنتۆ.
چەمیاگ: چەوتاوە.
چەمیانەوە: چەمینەوە.
چەمیحانی: ز. شوێنێکە درەختی تووی زۆر تێدابێ.
چەمیش: ل. کەوش.
چەمیلە: بەڕووڵە ترۆزیی ناسک کە لە بەرناودا کرابێ.
چەمین: چەمینەوە.
چەمینەوە: نوشتانەوەی شت بەکەوانەیی.
چەن: چەند. دەرزی (هـ). چەناگە (ز).
چەناخ: د. چەناگە.
چەناکە: چەناگە.
چەناگە: جەمسەری هەروود شەویلە لە خوار لێوەوە.
چەناگەدان: بریتییە لە زۆر قسەکردن.
چەناگە درێژ: بریتییە لە چەنەباز.
چەناگە کوتان: چەناگە کوتێ.
چەناگە کوتێ: بریتییە لە گیاندان.
چەنتک: با. توێشەبەرە.
چەنچووز: ز. ڕژدی چرووک.
چەند: وتەی پرسیار لە ژمارە یا ئەندازەی شت: پارەت (چەند) پێیە؟ یا ئەو ناوە (چەند) قوولە؟. وتەیەکە زۆرێتی شتێک پیشان دەدا: (چەند)م پێ وتیت واتە زۆرم پێ وتیت.
چەندان: وتەیەکە هەمیشە لە نەفیدا بۆ گەیاندنی شتێک بەکاردێنرێ کە زۆر نەبێ: فیسار کەس پارەیەکی (چەندان)ی نییە، واتە زۆری نییە.
چەند و چوون: گیرەگیری زۆر لە سەودادا.
چەند و چونی: چەندوچوون.

چەندە: چەند.

چەندەوەر: چەوەندەر.

چەندێتی: ئەندازەی شت لە ڕووی ژمارە یا زۆر و کەمییەوە (کمیە).

چەنسووتەکە: چێشتێکە لە ترخێنەی وشک و ساوەر یا برنج دروست دەکرێ.

چەنک: ز. چنگی ئادەمیزاد. باڵی باڵدار.

چەنگ: چەند. ناوە بۆ پارچەیەکی مۆسیقا.

چەنگاڵ: ز. چنگاڵ.

چەنگان: چەندان.

چەنگە: چەندە.

چەنگەک: د. قولاپ.

چەنە: چەناگە.

چەنەباز: زۆربڵێ. فێڵباز (با).

چەنەبازی: زۆر قسەکردن.

چەنەبەچەنەوێستان: بەرامبەری کردنی یەکێک بۆ یەکێکی تر بەقسە لە ڕووداکردنەوەی.

چەنەچەن: چەنەدان.

چەنەدان: چەنابازی.

چەنەوەر: چەوەنەر. چەنەباز.

چەنەوەری: چەنەبازی.

چەنی: دەرزی (ھ). لەگەڵ (ھ). چۆنی؟ (ھ). بۆچی (د).

چەو: وردە بەرد و زیخ و لم.

چەوا: با. چۆن؟

چەواشە: گیانداری سەرلێشێواو.

چەوت: شتی لار و خوار.

چەوتاندنەوە: چەماندنەوەی شت.

چەوتانەوە: خواربوونەوەی شت.

چەوتاوە: شتێکە کە خوار بووبێتەوە.

چەوتە: با. ڕێگای قەدپاڵ.

چەوتەک: شەقەمێو.

چەوتەکەل: گای چوار ساڵانە.

چەوتە و چیلەگرتنەوە: وردبوونەوە لە شت بەڕەنگێک کە جوانی و ناشیرینی ئەو شتە دەرکەوێ.

چەوتی: خواری و گێرپی شت.

چەودار: چەوددر. جامبازی ڕەشەوڵاخ.

چەودان: گیایەکی قەف قەفە وەک گەنم بەڵام ئەم دەنکی لەڕە.

چەوددر: شتێکە وەک جۆ بەڵام ئەم گیاکەی بەرزتر و دەنکی لەڕترە.

چەور: شتێکە کە ڕۆناوی بێ. (چەوربوون) ڕۆناویبوونی شت. (چەورکردن) ڕۆناویکردنی شت.

چەورڕێژ: ڕێگایەکە کە چەوی زۆری تێدا ڕاخرابێ.

چەورسان: چەورستان.

چەورستان: چەوری: (چەورستان)م لە ماڵدا نییە.

چەورستانی: چەورستان.

چەورکە: جۆرە گیایەکە.

چەور و چلیک: د. شتی چڵکن و چەور.

چەورۆکە: گیایەکی بەھارییە گەڵاکانی بەسەر زەویدا پان دەبێتەوە. نێرکێکی دڕکاویی ھەیە بەپاککراوی دەخورێ. گیایەکی گەڵا وردە گوڵێک دەگرێ تۆوێکی وردی تێدایە. دەسرۆکەی پچووک.

چەورە: دەسەسڕ. مەردوومی بێ شەرمی ھار و ھاجی بەرەڵا.

چەورەسان: تۆزێک چەوری کە بکرێتە سەرھەسان. کەڵەشاخ یا قوتوویەکی پچووکە دارتاش چەوریی تێ دەکا بۆ تیغ پێ تیژکردنەوە.

چەوری: دووگ و ڕۆن یا پیوی ناو سک.

چەوریدان: چەورەسانی دارتاش.

چەوسان: ڕەتان و ماندووبوونی مەردووم و گیاندار. (چەوساندن) ڕەتان و ماندووکردنی گیاندار.

چەوسانەوە: چەوسان.

چەولگ: شوێنێکە کە زیخ و چەوی زۆربێ.

چەولۆک: سەرکۆزەری دانەوێڵە.

چەوە: ل. چاو.

چەوەڵ: پاشاخوری وڵاخ.

چەوەندەر: گیایەکی گەڵاپانی پاییزییە بنکێکی گەورەی پانی شیرینی ھەیە.

چەوەندەر بەترش: چێشتێکە لە چەوەندەر و برنج و ئاوی ترش دروست دەکرێ.

چەوەنەر: چەوەندەر.

چەوێڵ: شتی چەوتی لار.

چەھرە: ز. چارە.

چێ: لێرە (ھ). گیاندارێکە کە چەش بووبێ بەشتێک. شتی چاک (با).

چیا: کێو. سارد (ھ).

چیاگ: ئاوێکە کە زۆر سارد بووبێ: ئاوەکە (چیاگ) ە.

چێبوون: چەشبوونی گیاندار. چاکبوون (با).

چیچکان: لەسەر ھەردوو پێ دانیشتن بەجۆرێک کە قنگ لە زەوی نەکەوێ.

چیچکە: نەرمایی گوێچکە.

چیچکەکردن: دانیشتنێکی کەم بە چیچکانەوە.

چیچڵە: چیچکە.

چیچڵەمەچان: د. جۆرە یارییەکە منداڵان بەچیچکانەوە قونە دەکەن و بۆ یەکتری دەچن.
چێخ: چیغ.
چێر: ژێری هەموو شتێک (هـ). دۆست و برادەر (د). شێر (د).
چێرت: ز. ریقنە.
چێر چێر: ز. جیڕەجیڕی قەڵەم.
چێڕ: د. تێڕ.
چێڕۆک: چیرۆک.
چێرگ: باڵندەیەکی گەورەی قاچ و مل درێژە لە قەلەموون دەچێ و گۆشتی دەخورێ.
چێرۆک: ز. چیرۆک.
چێر و مێر: د. دۆست و برادەر.
چێرە: لەوەڕ (ز). دەموچاو (د). قەرەبوو (د).
چێژیلە: چۆلەکە.
چێشت: خواردەمەنییەکە کە بەئاگر کوڵابێ.
چێشتانە: شتێکە لە رووی وەڵیفەتەوە دەدرێ بەپیشەگەر لە پاش ئەوەی کە کارێکت بۆ تەواو بکا.
چێشتخان: چێشتخانە.
چێشتخانە: جێگایەکە هەر چێشتی تێدا لێ بنرێ.
چێشتکەر: کەسێکە پیشەی هەر چێشت لێنان بێ.
چێشتن: چەشتن.
چێشتە: گیانداری چەش.
چێشتە خۆشە: د. بریتییە لە تفاقی چێشت.
چێشتەقولێ: کۆکردنەوەی چەند جۆرە خواردەمەنییەکە لەلایەن چەند منداڵێکەوە و دابەشکردنیەتی لەناو خۆیاندا.
چێشتەکولێن: د. چێشتە خۆشە.
چێشتەنگاو: کاتی هەتاو گەرمبوون لە پێش نیوەڕۆدا.
چێشتەنوێژ: نوێژێکە لە چێشتەنگاواندا دەکرێ.
چێشکەکردن: چەشکەکردن.
چێکردن: چەشکردنی گیاندار. چاکردن (با).
چێکلە: د. چوکڵە.
چێکنە: ل. چنینی شت بەوردی.
چێکە: هـ. لێرە.
چێل: ز. تاوێرەبەرد.
چێڵ: مانگا. چەوت.
چێڵک: د. داری سووتەنی.
چێڵکڕ: د. باڵندەی کڕ.
چیلکە: داری باریکی سووتاندن.
چیلکەچنێ: کۆکردنەوەی چیلکە بۆ چاوگی ئاگر.
چێلەک: ز. مانگا.

چینچک: شتێکی کەم.
چینچکە: چیچکە.
چینچینگ: نوقورچ.
چێنراو: تۆوێکە کرابێ بەزەوییەوە.
چینکۆ: جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوورە. جۆرە چیتێکە.
چێو: بڕەدار.
چێوبەس: چێوبەست.
چێوبەست: داربەست. کەپر.
چێوتاش: د. دارتاش.
چێوجەڵە: دارێکی خوارە بستێک دەبێ دەکرێ بەقوڵفەی گوریسێکدا کە رەشەوڵاخی پێ بەسترابێتەوە. بەڕوولەی دەوار. پێنج پارچە داری تایبەتییە دەخرێتە ناوەندی پەنجەی دەستی تاواندارەوە بۆ ئازاردانی.
چێوەدەس: د. چێوەدەست.
چێوەدەست: د. داردەست.
چێوشەقە: د. دارشەق.
چێوکاری: د. دارکاری.
چێوکوت: د. سیخناخ. دارکاری..
چێوەتەقێ: د. گۆچان کوتانی کوێر بۆ ڕێگا دۆزینەوە.
چێوەزمە: چلوورەی گوێسوانە.
چی: وتەیەکە پرسیاری پێ لە شت دەکرێ: (چی) دەکەیت؟. نیشانەی (فاعل)ە واتە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بەفاعل: پینە(چی)، تەنەکە(چی)، شەکر(چی). شت: (چی)م پێ نییە (د). وتەیەکە لە جێی وتەی (هێن) بەکاردێنرێ (چی) یەکەم لەبیرچوو واتە هێنەکە.
چیاو: شتی سارد.
چیت: جۆرە پارچەیەکی رەنگاوڕەنگە ژنان دەیکەن بەکالا. قامیشبەندێکە کە لە زستاندا بەگردی رەشماڵدا دەکرێ (ز).
چیتک: ز. لوولەی قامیش و ئاسن.
چیتۆکە: چیتی خراپی کەم نرخ.
چیجک: با. چیچک.
چیچرک: ز. سیسرک.
چیچک: چۆلەکە (با). مەمک. جووجەڵەی مریشک (ز).
چیچە: هـ. گۆی مەمک.
چیچی: مەمک (هـ). چیچکان (د). وتەیەکە بەمنداڵی ساوا دەوترێ بۆ ئەوەی دانیشێ: (چیچی) واتە دانیشە.
چیچیلە: نەرمایی گوێ.
چیخ: چیغ.
چیخکردن: خشانی گوللە بەسەر شوێنێک لە جەستەدا و رووشاندنی. بریتییە لە وێستانی مەردووم بەگردی شتێکدا بەزۆری و سغی: بۆچی وا (چیختان کردووە) لە دەورم؟

چیر: با. نووزدرێژ.
چیرچیرۆک: چیرۆکی پچووک.
چیڕ: د. ڕیچ.
چیڕاندن: د. زیقەی کەو.
چیڕە: د. جۆرە دەنگێکە لە کەوەوە دێ.
چیڕەوەبوون: د. ڕیچبوونەوە.
چیڕەوەکردن: د. ڕیچکردنەوە.
چیرک: ز. لەتکەی سێو و هەڵووژە و هەرمێ.
چیرۆک: سەرگوزەشتە و داستان.
چیرۆکە: چیرۆک.
چیرین: ز. لەوەڕاندنی ئاژاڵ.
چیز: ز. خەرەنگەزە.
چیغ: شتێکە لە قامیشی باریک دروست دەکرێ و بەبەن دەچنرێ.
چیغکردن: چیخکردن.
چیق: ز. قاچی گیاندار.
چیقاڵ: ز. گیانداری لاواز.
چیقڵدانە: چیکڵدانە.
چیک: ز. تانەی سەرچاو.
چیکڵدانە: توورەکەیەکە لەبەر سنگی باڵندەدا خواردنی تێ دەچێ.
چیکەنە: شتێکە لە دار دروست دەکرێ لۆکەی تێ دەخرێ و پەموانەکەی پێ جوێ دەکرێتەوە.
چیل: ماکەو. پووشی کورتان (ز). ڕەشی بازوو (د). فێڵ (ز).
چیڵ: هـ. ماکەو.
چیلان: ز. سۆرانیی باریکی درێژ.
چیلک: ز. بەلۆکە.
چیلە: تەیمان. شوێنێکە کە بەرز بێ و گژوگیای زۆر بێ. شوورە (ز).
چیلەچەپ: ز. زەلامەڕێ لە شاخ و کێودا.
چیم: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. ڕەنگ و قورێکە کە هەڵکەنرابێ بۆ ناشتنی لە شوێنێکی تر (ز). مێرگ (د).
چیمن: ل. ڕۆیشتن.
چیمەن: زەمینێکی سەوزە کە فریز داپۆشیبێ.
چیمەنتۆ: جۆرە لمێکی شینکارە لەگەڵ لمی تردا تێکەڵ دەکرێ و دەگیرێتەوە و، لە قسڵ بەهێزترە.
چین: ڕیزێک لە شتێک.
چیناوی: جۆرە پارچەیەکی ئاوریشمیی جوانی ڕەنگاوڕەنگە ژنان دەیکەن بەکالا.
چین چین: شتی خاڵدار. چین لەسەر چین.
چینک: ز. ئەگریجە.
چینە: ملوموشی باڵندە لە زەویدا. پشتی مەردووم لە باو و باپیرەوە.
چینی: جۆرە دەفرێکی گڵینی زۆر لووس و پووس و تەنکە وەک شووشە وایە. دانە مریشک (ز).
چیبە: چی. پۆپەی شت (د). تەوێڵ (د). نیشانەی شت (د).
چێبی: سارد.
چێبیگ: سارد.

ح

حا) وتەی پیاهەڵشاخان: (حا) لە کاتێکدا کە یەکێک شەش حەوت جار بانگت بکا لە سەریەک، واتە چیت کرد؟ سەرت لێ سەندم.

حاپولک: ڕێدان بەدوورخستنەوەی هەڵماتێک- کە لە تیلکردندا لە بەرهەڵستێک کەوتبێ و وێستاندبێتی- لە هەڵماتی یاریکەرەکانی تر بۆ ئەمەی کە نەیکوژن.

حاپوول: حاپولک.

حاتۆر: ز. دارێکە کە گەچی پێ بکوترێ.

حاجەت: قاپ و قاجاخی ناوماڵ. شتومەکێکە کە پیشەگەر پیشەکەی پێ دەکا وەک تەشوێ بۆ دارتاش.

حاجی: کەسێکە کە حەجی کردبێ.

حاجی بادام: خواردەمەنییەکی شیرینی ناسکە لە زەردێنەی هێلکە و نیشاستە دروست دەکرێ.

حاجی بایەف: جۆرە چەقالەیەکی دەنک وردە.

حاجی بایف: حاجی بایەف.

حاجی بایڤ: با. چەقالە.

حاجی بەیان: بەری گیایەکە لەناو دەغڵدا دەڕوێ.

حاجی ڕەش: ز. پەڕەسێلکە.

حاجی ڕەنگ: با. حاجی ڕەش.

حاجی لەقلەق: مەلێکی گەورەی ڕەش و سپیی دەنووک و قاچ و مل درێژە.

حاجیلە: گوڵێکی بەهاریی لاسک بەرزە وەک نێرگس وایە بەڵام ئەم چاوە زەردەکەی بەرزە. بەری گیایەکە لەناو دەغڵدا دەڕوێ و تاڵە.

حاچە: ئەمسەر و ئەوسەری درێژاییی ڕەشماڵ یا خانوو: لە (حاچە)ی ڕەشماڵەکەوە وەستابووم، واتە لە سەری درێژاییەوە. پەل و لقی شت: ئەم دارە دوو (حاچە) واتە دوو لقە (د).

حاحا: وتەیەکە ڕەشەوڵاخی پێ لێ دەخوڕێ.

حاش: ز. شتی بێ کەڵک.

حان: کەسێکە کە دنیای دیبێ و بەتەجرەبە بێ: فیسار کەس زۆر (حان)ە واتە خاوەن بەراوردە. عاست: لەم (حان)دوە تەماشاکە واتە لەم عاستەوە.

حانەحەپەشێ: دەمەوەری و چەنە بەچەنە وەستانی یەکێک بۆ یەکێک.

حرچ: ل. ورچ.

حرحر: ز. لاساییی دەنگی ئەسپ.

حسکە: جۆرە تفەنگێکە بەدەست دروست بکرێ.

حشک: ز. وشک.

حل: د. حێل.

حلکردن: پەسندکردن و بەیاخکردن بەشتێک: ئەگەر تۆ گزی بکەیت لەم کایەدا من (حلی ناکەم).

حلحایی: گۆرانییەکە منداڵان بەدەم جۆرە یارییەکەوە دەیڵێن.

حلەلاوی: جۆرە مقامێکی مۆسیقییە.

حلێب: شتێکە کە پەسند کرابێ و وەرگیرابێ: ئەم کارە (حلێبە یا حلێب) نییە.

حلێرک: با. لووی ناو گۆشت.

حلێو: حلێب.

حنگل: ل. سنجووق.

حنگل حنگل: ل. سنجووقێن.

حوبێ: هـ. بزنمژە.

حوزەیران: مانگی شەشەم لە ساڵی ڕۆژیی لە ناوەندی مایس و تەمووزدا و، سی ڕۆژە.

حوژە: گیایەکی کوێستانیی بنکدارە بنکەکەی دەبێ بەئەسپۆن.

حوشتر: گیاندارێکی چوارپێی تووکنی پێ پانی قاچ و مل درێژی بەهێزی بارەبەرە.

حوشتر ئالووک: حوشترخوار.

حوشترانەقولقولێ: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە لە کاتی کردنیدا ئەم وتارەی بەدەمەوە دەڵێن.

حوشترخوار: جۆرە گیایەکی گەرمیانیی دڕکاوییە حوشتر دەیخوا.
حوشترگەروو: چەند گونجێکە سەر بەردوژوور لەسەریەک دادەنرێن لە گـونج کـاریدا بۆ بەرزبوونەوەی ئاو لەو ئەندازەیەی کـە ڕاکێشراوە.
حوشترمرغ: باڵندەیەکی گەرمیانیی گەورەی مل درێژە لە حوشتر دەچێ.
حوشتردوان: کەسێکە کە حوشتر لێ بخوڕێ و بیلەوەڕێنێ.
حوقە: د. فێڵ و کەڵەکە.
حوقەباز: د. فێڵباز.
حوقەبازی: فێڵبازی.
حۆقە: سەنگێکە شتی پێ دەکێشرێ و، قـورسی و سـووکیی بەپێی شوێن دەگۆڕێ.
حۆل: گیانداری گێژ و وێژ. مەردوومی زل و زەبەللاح (د). خێل (د).
حۆلبوون: گێژ و وێژبوون.
حولحولی: مەردوومی ڕاڕا.
حوللەسێ: وتەیەکە لە کاتێکدا بەکاردێنرێ کە یەکێک قسەیەک یا کردەوەیەکی ناشیرین بکا و لەلایەن یەکێکەوە پێی وترابێ بەنەکـردنی کـەچی ئەم هەر بچـێـتـەوە سـەری و بیکا، لەو حەلەدا پێی دەوترێ: واچووەوە سەر (حوللەسێ) کەی خۆی.
حولووک: با. هەڵووژە.
حولویسک: با. شیلاوگ.
حولوویی: با. لووس.
حولە: پشقلی حوشتر.
حولەسێ: حوللەسێ.
حۆلی بیابان: دێوێکە وەکو دەڵێن گوایا خۆی لە چۆڵدا لە ڕێبوار دەگۆڕێ و سواری دەبێ.
حولیچەک: با. هەڵووژە.
حولی: با. شتی لووس.
حولیک: با. حولیچەک.
حونجی: د. حینجە.
حوننەر: حونەر.
حوننەری: کردنی شتی هونەر.
حونەر: هونەر.
حونەری: کردنی شتی هونەر.
حووحانە: گۆرانییەکی کچانەیە دەیڵێن لە کاتێکدا کە بەرامبەری یەک هەڵدەقونن بەچیچکانەوە.
حوود: گڵێنەی لێوشکاو.
حویل: ل. سوور.
حۆیلانێ: جۆرە گۆرانییەکی جافەکییە.

حەبحەب: ز. وتەیەکە پاڵەوانان و ئازایان لە جەنگدا دەیڵێن بۆ دەرخستنی هێز و تواناییيان.
حەبیشاندن: ز. زۆرخواردن بەپەلە.
حەبی: ز. لۆکەی نەکراوە.
حەپلەری: با. ناوە بۆ جۆرە هەنارێک.
حەپۆل: مەردوومی گێژ و وێژی قەپۆلە.
حەپۆل مێشخۆر: کەسێکە کە زۆر گێژ و وێژ بێ لەبەر گێژی مێش لە خۆی دەرنەکا.
حەپۆلە: حەپۆل.
حەپوو: هەموو.
حەپە: وەڕینی سـەگ بەهێـواشی. حەپە حـەپ: حەپەی یەک لە دوای یەک.
حەپەسان: سەرسامبوون.
حەپەساندن: سەرسامکردن.
حەپەساو: گیاندارێکە سەرسام بووبێ.
حەپەنگ: د. مەردوومی حەپۆلە.
حەتار: ز. کەسێکە کە گەچ بکوتێ.
حەتحەتۆکە: چەند تووڕەکەیەکی پچکۆلەیە دەرمانی بۆنخۆشی تێ دەکرێ و دەکرێتە ملی منداڵ بۆ ئەوەی کە بەبۆن نەکەوێ.
حەتڕەک: ز. لێدان بەنهێنی.
حەتۆتە: حەتحەتۆکە.
حەج: چەند کردەوەیەکی تایبەتی ئایینییە لە شاری (مەکە) و لە مانگی قورباندا بەجێ دەهێنرێ.
حەجامەت: خوێنگرتن لەناو شان بەکەڵە شاخ.
حەجـامـەتگا: د. ئەو شـوێـنەیە لە جـەسـتـە کـە حـەجـامـەتی لێ دەگیرێ.
حەجامەتگر: کەسێکە کە حەجامەتت لێ دەگرێ.
حەجامەتگرتن: گرتنی خوێن بەکەڵەشاخ.
حەجکردن: دواترین مووشێکە کە لە یاریی مووشێندا دەخورێ. چوون بۆ حەج.
حەچ: دارێکی سەرخوارە لە یاریی حەچاندا لە گۆی یارییەکەی پێ دەدرێ.
حەچان: یارییەکی دوو دەستەییيە بەگۆ و بە(حەچ) دەکرێ.
حەچاندن: هێنانەوەڕینی سەگ و هێنانە چەڵتە چەڵتی یەکێک.
حەچچە: وتەیەکە کەری پێ لێ دەخوڕرێ.
حەچلوور: چەند حەچە و لوورەیەکە کە یەک بگرن.
حەچە: حەچچە. وەڕینی سەگ بە خێرایی لە کـاتی تووڕەبوون و نزیکبـوونەوەی دوژمن لێی. (حـەچەحـەچ) حـەچەی یەک لەدوای یەک. چەڵتە. سابرێن (د).
حەچەل: د. گێچەڵ.

حەچیکە: ز. وتەیەکە لە شوێن وتەی (ئەگەر) بەکاردێنرێ.
حەدەف: ز. تەپۆڵکە.
حەراج: ز. هەڕاج.
حەرام: شتێکە کە خوا قەدەغەی کردبێ لێت لە کردنی یا وتنی یا خواردنی یا گوێ بۆ گرتنی.
حەرامخۆر: کەسێکە ماڵی ئەم و ئەو بەناڕەوا بخوا.
حەرامزادە: زۆڵ. جاڕوو.
حەرامزادەیی: زۆڵی و قوماربازی.
حەربلین: ز. گرێخواردنی گوریس.
حەرسیلە: با. بەردێکی گۆشەدارە لەسەر سیلەی دیوار دادەنرێ لە کاتی دروستکردنیدا لەلایەن وەستاوە.
حەرماندن: ز. پیسکردن.
حەری: ز. قوڕ.
حەریر: ز. حەلوایەکە لە دۆشاو و ئارد دروست دەکرێ بەپارچەکراوی وشک دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ بۆ زستان. ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی دزەیی.
حەریف: هاولف.
حەز: ئارەزوو: (حەز)م لە پیاوی درۆزن نییە. (حەزکردن) ئارەزووکردن. (حەزلێکردن): ئارەزووکردن و ویستنی شتێک.
حەزیا: ئەژدەها.
حەزایرانی: ز. جۆرە هەردمێیەکە لە مانگی حوزەیراندا پێ دەگا.
حەژ: با. حەز.
حەژدە: هـ. هەژدە.
حەژدەهی: کاتێکە کە مەردووم تێیدا کۆ دەبنەوە بۆ دیدەنی یەکتری.
حەژمەت: خەفەت.
حەژێکرن: ز. حەزلێکردن.
حەس: وتەیەکە لە کاتی سەرسوڕماندا بەکاردێنرێ.
حەسار: دیواری حەوش.
حەساندنەوە: بەسەربردنی ماندوویەتیی یەکێک.
حەسانن: د. حەساندنەوە.
حەسانەوە: بەسەرچوونی ماندوویەتی.
حەساو: حەساوە.
حەساوە: گیاندارێکە ماندوویەتیی نەمابێ.
حەسپن: د. دڵداری شێت و شەیدا.
حەسحەس: کەسێکە بەشەو ئێشکی ئاوایی بگرێ.
حەسس: حەس.
حەسیان: حەسانەوە.
حەسیانەوە: حەسانەوە.
حەسیر: ژێرەخەرێکە لە پووش دەچنرێ و دادەخرێ.
حەسیرباف: د. کەسێکە کە حەسیر دروست دەکا.
حەسیرمەیدان: ڕاخستنی یەکێک بەسەر زەویدا لەسەر دەم و لەبەرچاوی مەردووم دارکاری کردنیەتی.
حەش: ورچ.
حەشار: گەهەک.
حەشاردان: شاردنەوەی شتێک.
حەشاردراو: ز. شتێکە کە شاردرابێتەوە.
حەشت: ز. هەشت.
حەشتێ: ز. هەشتا.
حەشەرەلا: د. هەراهەرا.
حەشەری: ئافرەتێکە کە ئارەزووی پیاوی زۆربێ.
حەشەنوورە: د. گیایەکە لەکاتی بێ تووتنیدا لە جیاتی تووتن دەکێشرێ.
حەشیفاندن: ز. نووسین.
حەفت: د. حەوت.
حەفتا: ناوە بۆ ژمارەیەک کە حەوت جار دەیە.
حەفتاد: د. حەفتا.
حەفتار: ز. کەمتیار.
حەفتانە: مووچەیەکە حەفتە و حەفتە بدرێ.
حەفتامین: حەفتاهەم.
حەفتاو: د. گلاوەدەرکردنی شتێک کە گلاو بووبێ بەحەوت ئاو.
حەفتاهەم: شتێکە لە پایەی حەفتادا بێ.
حەفتاهەمین: حەفتاهەم.
حەفتجۆش: د. حەوجۆش.
حەفت ڕەنگ: ز. غەزەلی حەوت ڕەنگ.
حەفت ڕەنگیلە: د. باڵندەیەکی پچووکی ڕەنگاوڕەنگە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ.
حەفت ڕنگە: چێشتێکە لەگەڵێ سەوزی دروست دەکرێ.
حەفتە: ناوە بۆ حەوت ڕۆژ کە لە یەکێک لە ڕۆژەکانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتەوە ڕۆژێکی تر وەک خۆی، واتە لە هەینییەوە بۆ هەینی یا لە شەممەوە بۆ شەممە... هەتاد.
حەفتەکۆک: جۆرە سەعاتێکە حەفتە و حەفتە کۆک دەکرێ.
حەفتەکێش: چاککردنی ماین و ماکەرە لە یەکەم حەفتەی زانیاندا.
حەفتەوانان: د. حەوتەوانە.
حەفتێ: ز. حەفتا.
حەفتی: ز. حەفتە.
حەفجۆش: د. حەوجۆش.
حەفک: با. ئەستۆ.
حەفی: د. ئەژدەها.
حەفیان: حەفی. زۆرخۆر.

حەڤدە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە حەوت و دەیە.
حەڤدەم: حەڤدەمین.
حەڤدەمین: شتێکە لە پایەی حەڤدەدا بێ.
حەڤدەهەم: حەڤدەهەمین.
حەڤدەهەمین: حەڤدەمین.
حەقحەقکەرە: تاقتاقکەرە.
حەقلێمەمان: د. حەقلی مەقۆ.
حەقلی مەقۆ: د. یاریی کاڵەمستێ.
حەقەپەڵە: ناوەڕاستی پایزە کە دەبێ بارانی پەڵەی تێدا بباریٚ.
حەقەوەستێن: شتێکە کە تۆڵەی کەموکوڕی شتێکی پێش خۆی بکاتەوە.
حەل: کات.
حەلان: با. تاوێری بەرد.
حەلانە: دەفرێکی پووشینی چنراوە خورمای تێدا دادەگیرێ.
حەڵقەبەگۆش: بریتییە لە بەندە.
حەڵقەدان: دانیشتنی چەند کەسێک بەگردی. پێچخواردنی مار.
حەلکی: شتی بایەخ پێ کراو: ئەم کارە (حەلکی)یە واتە بایەخی پێ دەکرێ.
حەللەق مەللەق: حەلەق مەلەق.
حەللا: وتەیەکە لە کاتێکدا بەکاردێنرێ کە یەکێک قسەیەکت بۆ بکا و تۆش بەلاتەوە وانەبێ و زۆر دووربێ.
حەڵوا: خواردەمەنییەکە لە ئارد و ڕۆن و شەکر یا دۆشاو دروست دەکرێ.
حەڵواچی: کەسێکە کە حەلوا بۆ فرۆشتن دروست بکا.
حەڵوایی: شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی حەڵوا سووربێ.
حەلووکە: هەڵووژە.
حەلەبی: تەنەکە.
حەلەق مەلەق: قسەی هیچ و پووچی بی سەر و پێ. وتەیەکە لە یاریی کاڵەمستێدا دەوترێ.
حەلەل: وتەیەکە بۆ تێبەردانی سەگ لە گیاندارێکدا بەکاردێنرێ.
حەلیتو: حلێب.
حەلیووچەک: با. هەڵووژە.
حەلیم: کەشکەکی شل.
حەلیماو: ناوی پلاو. ڕنگاوی چێشتی شل.
حەماڵ: نیرگە. کۆڵکێش.
حەمام: شوێنێکی تایبەتی گەرمکراوە کە مەردووم خۆی تێدا بشوا.
حەمامچی: خاوەن و سەرپەرشتیکەری حەمام کە دراو وەرگرێ.
حەمامکردن: بریتییە لە خۆ شوشتن لە حەمامدا.
حەمامۆکە: حەمامۆکێ.
حەمامۆکێ: شتێکە منداڵان لە خۆڵ دروستی دەکەن وەک گومەزی حەمام و ناوی لێ دەپرژێنن و دەیپەستنەوە و لە پاشا بەچیلکە هەڵۆڵی دەکەن وەک گومەز.
حەمایەڵ: چەرمێکە کیفێکی پێوەیە نوشتەی تێ دەخرێ و ڕاست و چەپ لە مل دەکرێ.
حەمایەلکردن: کردنە ملی حەمایەڵ و شیر و شتی تر ڕاست و چەپ.
حەمتز: ز. کەری پچکۆلەی بەکار.
حەمحەم: چنگنە.
حەمزک: ز. جۆرە خواردەمەنییەکە.
حەمکە: هەموو.
حەمل: ز. ڕابواردن بەقسەی خۆش و گفتوگۆی شیرین.
حەموو: هەموو.
حەمەدەشێن: تەرەقی.
حەمەردەمزێ: د. بەربەرەکانێ.
حەمیسەن: ز. جۆرە بزنێکە.
حەمی: ز. هەموو.
حەن: شوێن و عاشت.
حەنا: حەن.
حەندەرحۆ: یارییەکی منداڵانەیە دارێکی درێژی ئەستوور لەسەر قوقزاییەک دادەنێن دوو منداڵ هەریەکە سواری سەرێکی دەبن و هەرجار یەکێک خۆی قورس دەکا و ئەویتریان بەرزدەبێتەوە.
حەندەف: ز. تەپۆڵکە.
حەندەگۆ: ز. ناوی جۆرە گیایەکە.
حەنەپەشێ: حانەحەپەشێ.
حەنەک: ز. گاڵتە و گەپ.
حەو: وتەی سەرسووڕمان: (حەو) ئەمە کاربوو تۆ کردت؟ وتەیەکە شوان لەپێش ڕانەوە دەیڵێ بۆ ئەوەی کە دوای کەوێ.
حەوا: لای ژوورووی سەر.
حەوادان: فڕێدانی شت بەرەوژوور.
حەواق: بەرزی: بەو (حەواق)ەوە دای مەنێ واتە بەو بەرزییەوە.
حەوان: ز. حەوانەوە.
حەوانچە: د. شتێکە بەحەوادا فڕێ درابێ.
حەوانچەدان: د. فڕێدانی شت بەحەوادا.
حەواندنەوە: حەساندنەوە.
حەوانن: د. قەدرگرتن و بەمرۆڤ ژماردنی یەکێک.
حەوانەوە: حەسانەوە.
حەواویلکە: حەوانچە.
حەواویلکەیی: هاویشتنی شت بەحەوادا.

حەواوی: کەسێکە هەمیشە سەرەوژوور بڕوانێ.
حەوایی: حەواوی.
حەوبرا: حەوتەوانە.
حەوت: ناوە بۆ ژمارەیەک لە ناوەندی شەش و هەشتدا.
حەوتا: حەفتا.
حەوتبەند: حەوت غەزەلە کە لەلایەن شاعیرێکەوە لە باسێکدا وترابێ و هەر غەزەلەی جۆرە قافیەیەکی هەبێ.
حەوت خشتەکی: چەند شیعرێکە هەر بەندێکی حەوت نیوە شیعرە.
حەوتگۆشە: شتێکە حەوت سووچی بێ.
حەوتم: ڕدشەولاخ یا مەڕ یا بزنێکە کە بەخێر بۆ منداڵ سەرببڕێ.
حەوتە: حەوت ڕۆژە بەسەر بووکدا دەڕوا دوای گواستنەوەی یا بەسەر زدیستاندا دەڕوا دوای منداڵبوونی. حەپەی سەگ. (حەوت حەوت) حەپە چەپ.
حەوتەحەمام: چوونە حەمامی بووکی تازە و زەیستانە لە ڕۆژی حەوتەیاندا.
حەوتەکێش: حەفتەکێش.
حەوتەم: شتێکە لە پایەی حەوتدابێ.
حەوتەمین: حەوتەم.
حەوتەوانە: حەوت ئەستێرەی گەشە چواریان بەرامبەر و سیانیان بەر و دوا لە نزیک قوتبی شیمالییەوە.
حەوتهەم: حەوتەم.
حەوتهەمین: حەوتەمین.
حەوتیر: جۆرە دەمانچەیەکە حەوت فیشەک دەخوا.
حەوجۆش: شتێکە وەک ئاسن بەلام ئەم تورتە.
حەوحەو: دەنگی سوار لەکاتی تاودان و هەڵمەتبردندا.
حەوددل: ز. پەڵووڵە.
حەوز: قووڵکەیەکی تایبەتییە ئاوی دێتە ناو.
حەوزانە: پارەیەکە کە میراو ساڵە و ساڵ لە خاوەن حەوزی دەسێنێ لە مزی ئاوەکەدا.
حەوش: ماوەیەکە لە بەردەمی خانوو یا لە چواردەوریدا کە دیواری بەدەوردا کرابێ.
حەوشە: حەوش.
حەوشێ: حەوش.
حەوق: ز. پلەی پەیژە.
حەوێق: حەواق.
حەوینج: شتێکی بۆنخۆشە وەک ڕازیانە دەکرێتە ناو نانەوە.
حەوینەوە: حەوانەوە.
حەی: حەو.
حەیاز: با. چقەی باڵندە.
حەیتە: مەردوومی زرتەبۆزی سەرسەری.
حەیچە: د. داد و فوغان. (حەیچە حەیچ) حەیچەی یەک لە دوای یەک.
حەیران: جۆرە گۆرانییەکی کوردییە. بالاگەردان: ئەز (حەیران)ە تەمە، واتە من بالاگەردانی تۆم.
حەیرانۆکێ: گۆرانیی حەیران.
حەیرانە: حەیرانۆکێ.
حەیزە: ترخە. بەناوکەوتن (د). سکچوون (د).
حەیزەران: جۆرەدارێکی نەرمی قەفقەفە وەک قامیش بەلام ئەم پتەوە.
حەیشۆ: حەیا و شەرم: (حەیشۆ)ی لێ هەڵگیراوە، واتە حەیا و شەرمی نەماوە.
حەیشە: د. حەیچە. (حەیشە حەیش) حەیشەی یەک لە دوای یەک.
حەیف: وتەی داخ و خەفەت: (حەیف) بۆ کەسێک کە ماڵی خۆی بدا لە بەرد.
حەیفێ: حەیف.
حەینە: وتەیەکە لە جیاتی وتەی (وس) بەکاردێنرێ.
حەیوە: ل. بەهێ.
حێ: پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. وتەیەکە ولاخی پێ لێ دەخوڕێ.
حیجران: ز. بەلا و مسیبەت.
حێچ: ز. گیانداری یاخی.
حێز: هێز.
حیشتر: حێشتر.
حێشتر: حوشتر.
حیشی: ز. گوریسی پانی ئەستوور.
حێل: بەرێکی خڕە وەک دەنکی پرتەقاڵ چەند دانەیەکی ڕەشی بۆنخۆشی تێدایە، لە ولاتی زۆر گەرمدا دەبێ.
حیلکە: دەنگی پێکەنین. (حیلکەحیلک) حیلکەی یەک لە دوای یەک. (حیلک و هوڕ): حیلکەحیلکی زۆر.
حێلم: بەنێکە لە قالی هەڵدەپێچرێ وگرێ دەدرێ و دەقرتێنرێ لە کاتی تەنینیدا.
حینجە: خوێندنەوەی شت لەگەڵ خوێندنەوەی سەر و بۆر و ژێربدا.
حێولانە: حێولانێ.
حێولانێ: جۆرە یارییەکە کچان دەستی یەکتر دەگرن و بەگردی هەڵدەپەڕن و ئەم وتەیە دەڵێن.
حیت: ز. جۆرە بزنێکە.
حیز: گاندەر. پیاوی مێباز (با). مەردوومی گەمژی هیچ لێ نەهاتوو.
حیزانە: کردەوەیەکە هەر لە حیز بوەشێتەوە.

حیزبگیر: کەسێکە کە بەنامەردی و لە ناکاو بگیرێ.
حیزدڵ: ئادەمیزادی هیچ لە باردانەبوو.
حیزدڵە: حیزدڵ.
حیزێتی: بوونی مەردووم بەحیز.
حیزی حیزانگاو: بریتییە لە کەسێک کە لەبەردەستی حیزیشدا زەبوون بێ.
حیزی: حیزێتی.
حیش: ز. زدوییەکە خاکەکەی سوور یا شین بێ.
حیلە: دەنگی ئەسپ و ماین و جوانوو. (حیلە حیل): حیلەی یەک لە دوای یەک.
حیلەباز: فێڵباز.
حیلەبازی: فێڵبازی.
حیناوە: ل. چەناگە.
حینە: د. حیلەی ولاخ.
حیوەکێ: جۆرە یارییەکی کچانەیە.

خ

خا: خاتوون: (خا) پیرۆز. هێلکه (ل).

خاپاندن: ز. هەڵفریواندن. خلافاندن.

خاپۆره: خۆڵەپەتانی کردنی منداڵ.

خاپوور: شوێنی وێران. (خاپووربوون) وێرانبوون. (خاپووركردن) وێرانکردن.

خاپەرۆک: پاشەرۆک و وردەی شتێکه که مابێتەوه.

خات: خاتوون.

خاتر: خۆشەویستی و گەورەییی یەکێک لەلای یەکێک: فیسار کەس (خاتر)ی هەیه لە لام.

خاترانه: زیادەیەکه دەدرێ بەکڕیارێکی خۆشەویست لەکاتی شت پێ فرۆشتنیدا.

خاترجەم: دڵنیا.

خاترخۆیی: کردنی کارێک بۆ یەکێک لەبەر خاتری. بوونی یەکێک بەموختار و سەرپشک لە کردنی کارێکدا.

خاترگرتن: خاترخۆیی.

خاترلێکردن: تکاکردن لە یەکێک.

خاتر و خۆتر: کردنی ئیش بەخاترانه.

خاتو: خاتوون: (خاتو) نازدار هات.

خاتوو: د. خاتوون.

خاتوون: خانم.

خاته: خاتوون.

خاچ: دوو شتی ڕاست و چەپە لە زێڕ یا لە زیو یا لە شتێکی تر نیشانەی گاورییه.

خاچرگان: ز. سێپای ئاسن.

خاد: خاتوون.

خار: د. لم و قوم. ئەشکەوت (د).

خارا: د. غارا.

خاران: خارین.

خاراندن: پوختەکردنی گۆزه و دیزه و چەرم.

خاراو: شتی پوختەی دەرهاتوو وەک گۆزه و دیزه و کووپەیەک که زۆر شتی شلی تێ کرابێ. چەرمێکه لەناو ئاودا زۆر مابێتەوه.

خارچک: ل. قارچک.

خارخار: شتی لەت لەت و بریندار.

خارسک: ز. ژنەگاور.

خارش: خارشت.

خارشت: ئالۆش.

خارووف: ز. گڵێنەی دەم پەل.

خارووک: ز. پێڵاوێکه لە گیایەکی ڕێسراو دروست کرابێ.

خاریز: ز. پەڵوولە.

خارین: پوختەبوونی گۆزه و دیزه و چەرم.

خاریو: خاراو.

خاز: کاردوو. کێرێکه که لەسەر زەوی بکێشرێ (ز).

خازگینی: ز. خوازبێنی.

خاس: شتی باش. (خاسبوون) چاکبوون. (خاسکردن) چاککردنی شتێک.

خاسبوونەوه: چاکبوونەوه لە نەخۆشی.

خاسەڕەنگ: جۆره گڵێکی سووره بۆ دەرمان بەکار دەهێنرێ.

خاسەکی: د. خاسەیی.

خاسەیی: د. تایبەتی.

خاسی: باشی.

خاش: هـ. قاش.

خاشاڵ: د. خۆڵ و خاشی ناو ماڵ.

خاشخاش: تۆوی خەرتەله. گیایەکه گوڵێک دەگرێ وەک گوڵه باخ تلیاکی لێ دروست دەکرێ. جۆره پاوانەیەکی ژنانەیه.

خاشه: چرنووکێکه که بریندارت بکا: (خاشه)ی لێ هێنا. خاشاڵ (د).

خاشیل: ز. چێشتێکه لە برویش که ڕۆنی بکرێ بەسەردا.

خافۆ: قەراغ و کەناری شت.
خاف: ز. خاو.
خاقر: ز. گیایە کە ڕەگی بۆ مایەسیری باشە.
خاڤک: ز. کاڵای دڕاوی ڕزیو. کەلەکە.
خاک: گڵ.
خاکبازی: د. یاریکردن بەخاک.
خـاک بەتووردەکـە بێـژان: بریتـیـیـە لە ویرانکردنی شـتـێـک یا شوێنێک.
خاکبێژ: لەوحێکی کون کونە خاکی پێ دەبێژرێتەوە.
خاکرن: د. ماڵەدانی زەوی دوای کێڵانی.
خاکرێز: دەرگایەکە لە دیوی ژووردەوە خڕ داخرابێ.
خاکری: ل. خۆڵەمێش.
خاکسار: بریتییە لە مەردوومی هەژاری بێ نەوا.
خاکساری: هەژاری و بێ نەوایی.
خاکنشین: د. خاکسار.
خـاکـوپا: پەنا و داڵدە: چووە (خـاکـوپای) واتە خـۆی فـڕێ دایە لای.
خاکەچەرمگە: د. گڵەسپییەکە کە تەڕاوی ناو ماڵی پێ دەدرێ.
خاکەسار: خاکسار.
خاکەساری: خاکساری.
خاکشیر: گـیایەکی بەهاریی باڵابەرزە بەرێکی هەیە وەک تۆوی تووتن لەگەڵ شیری کچاندا دەدرێ بەمنداڵ بۆ فێنکی.
خاکە: ورددی برنج. جۆرە مێشوولەیەکی زۆر وردە.
خاکەرۆ: کۆکردنەوەی بن خەرمان لە پاش هەڵگرتنی.
خاکەرۆک: خاکەرۆ.
خاکەلێو: مانگی مارتە کە سی و یەک ڕۆژە.
خاکەلێوە: دواییی زسـتـان و سەرەتای بەهار کە لەودڕ تازە سەر دەردێنێ و ئاژاڵ لە دەم بۆ بردنیدا لێوی خۆڵاوی دەبێ. خاکە لێو.
خاکەناز: ئاسنێکی دەم پانی کلک دارینی درێژە قـوڕەکـاری پێ دەکرێ.
خاکی: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی خاک. بریتییە لە مەردوومی بێ فـیز و دەمار کە ئارەزووی پۆشینی کاڵای جوانی نەبێ. جۆرە تەنراوێکی تایبەتی خاک ڕەنگە.
خاڵ: برای دایک. پڵێکی ڕەشی سروشـتـییە بەئەندامی هێندێ گیاندارەوە. پڵێکی شینی دەستکردە بۆ جوانی لە ئەندامی نادەمیزاد دەکوترێ. پەڵەی ڕەش بەهەمـوو شـتـێکەوە: بەفـری کـوێسـتـان (خـاڵ)ی تێ کـەوت واتە جێ جێ ڕەش بووەوە، (خاڵخاڵ) شتێکە خاڵی زۆری تێدابێ. نیشانەیەکە وەکو: (.) لە شوێنێکدا دادەنرێ کە باسێک ببڕێتەوە.
خاڵانە: وتەیەکە دەوترێ بەیەکـێـک لە حەڵێکدا کە کـارێـک یا قسـەیەک بکا و، ئەو کار و قسـەیە یەکێکی تر کردبێتی و تۆ پێت نـاخـۆش بووبێ: دەبێـژرێ بە یەکـێـک کـە بڵێ مـن ناخوێنم- (خاڵانە)ی فیسار کەستە کە ئەویش وادەڵێ، واتە تۆش وەکو ئەو وایتە کە هەردووکتان خراپ دەکەن.
خاڵانی بڕیتی: نیشـانەیەکە وەکو: (...) لە بڕیتی چەند وشەیەک دادەنرێ کە لەبەر ئاشکرایی یا شتێکی تر نەنووسرێن.
خاڵبەندی: دانانی چەند خاڵ و نیشـانەیەکە لە میانەی نووسراودا دادەنرێ بۆ جیاکردنەوەی ڕستەیەک لە ڕستەیەک یا وشەیەک لە وشەیەک.
خاڵخاڵۆک: ز. گیاندارێکە وەک ئەسپێ بەڵام نەم پچووکترە.
خاڵخاڵۆکە: دەعـبایەکی باڵداری پچووکی ڕەش و سوورە بەقەد مێشێک دەبێ.
خاڵدار: شتێکە کە خاڵی زۆری پێوەبێ.
خاڵکوت: د. کەسێکە کە خاڵ بۆ نەم و ئەو بکوتێ.
خاڵکوتان: خاڵکوتاندن.
خاڵکوتاندن: خاڵ پەیداکردن بەنووکی دەرزی لەسەر جەستە.
خاڵکوتانن: خاڵکوتاندن.
خاڵۆ: برای دایک.
خاڵوان: بەرەی خاڵ.
خاڵۆزا: منداڵی خاڵ.
خاڵۆزازا: منداڵی منداڵی خاڵ.
خاڵۆزە: خەڵووزە.
خاڵۆژن: ژنی خاڵ.
خاڵومیل: نەقشی بەر سنگ و سەرباڵی کەو.
خـاڵومـیل ڕشتن: خـاڵکوتانی ژنانە لەسـەر ڕوومـەت و چەناگە و گـەردنیـان. بریتـییە لە خۆ جوانکردنی ژن. دەرکەوتنی خاڵ و میلی کەو لەکاتی گەورەبوونیدا.
خاڵوو: ل. خاڵۆ.
خاڵەڕەشە: گـیایەکە گـەڵای وەک کەرەوز وایە لاسـکێکی باریکی ڕەشی هەیە.
خالیگە: بۆشاییی کەلەکە.
خام: تەنراوێکی سپییە لە جاو سفتـترە. شتی ناپوخت. فیسـار کەس (خامە). خاوێکە کە کرژ نەبێ.
خاماجی: د. خامباجی.
خامباجی: د. پووری خوشکی دایک.
خامۆش: گیانداری بێدەنگ. (خامۆشبوون): بێدەنگبوون.
خامـۆشکردن: کـوژاندنەوەی ئاگـر و چرا. بریتـیـیـە لە کـوشـتنی یەکێک.
خامۆشی: بێ دەنگی.

خاموغ: ز. یەکەم ئاودانی زەویی داچێنراو.

خامە: قەڵەمی نووسین.

خامەک: جۆرە تەنراوێکی ئاوریشمی یەک ڕەنگی تەنکە.

خامەکی: شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی خامەک وابێ.

خامینە: هـ. کاڵە.

خان: وتەیەکە بەهێندێ کەس دەوترێ لە ڕووی گەورەیییەوە: ڕۆستەم (خان)، گوڵچین (خان). چەند دوکانێکی زۆرە لە حەوشەیەکدا بازرگان تێیدا دادەنیشن بۆ کڕین و فرۆتن. خانوویەکی گەورەی هۆدە هۆدەیە کەر و وڵاخی تێ دەکرێ.

خانچی: کەسێکە سەرپەرشتی خان بکا.

خانخانەکێ: د. پاشا پاشایانەی منداڵان.

خاندووق: ز. بنکی گیایەکە دەخورێ.

خانک: پنە (با). زەمیلە (ز). خانوو.

خانگ: خانوو.

خانم: وتەیەکە لە ڕووی گەورەیییەوە بۆ ژنان بەکاردێنرێ.

خانک: با. پنە.

خانوچکە: خانووی پچکۆلە.

خانومان: نافرەتی شۆخی جوان. خانەدان.

خانوو: جێگای حەوانەوەی مەردووم کە لە دار و بەرد و قوڕ دروست دەکرێ.

خانوبەرە: خانووی گەورە.

خانە: خانوو (ل). بۆشاییی هێندێ شت: هەزار پیشەکە (خانەخانە)یە.

خانەبگیر: گرتنی یەکێک و بەیەدەستکردنی لە خانووی خۆیدا.

خانەبێزار: کەسێکە لەماڵی خۆی وەڕس بێ.

خانەخراپ: ماڵوێران.

خانەخوێ: خاوەن خانوویەکە کە تۆ میوانی بیت.

خانەخوێگ: خانەخوێ.

خانەدان: کەسێکە لە بنەماڵەیەکی گەورەی دیاربێ.

خانەدانی: بوونی مەردووم بەخانەدان.

خانەزا: گیاندارێکە لە دەرماڵی خۆتدا زابێ.

خانەزاد: خانەزا.

خانەزاو: خانەزا.

خانەشاری: دەست بەسەر.

خانەقا: شوێن و بارەگایەکە کە نەقشبەندی خەتم و خواپەرستیی تێدا بکەن.

خانەکولانە: وتەیەکە بەمریشک دەوترێ بۆ نەوەی کەپچێتە کولانەکەیەوە.

خانەکێ: د. گیانداری ماڵی.

خانەگا: خانەقا.

خانەگومان: بریتییە لە مەردوومی دڵپیس و بەدگومان.

خانەنشین: د. کەسێکە لە ماڵ دەرنەچێ.

خانەوادە: خانەدان.

خانەوخان: بازددان لە بانێکەوە بۆ بانێکی تر.

خانەی زین: ئەو شوێنەیە لە زین کە سوار لە سەری دادەنیشێ.

خانی: با. خانووی گڵێن.

خاو: شتێکە کە کرژنەبێ. چەرمی خۆش نەکراو. خەو. گیانداری سست. (خاوەخاو): سستەسست. تووکی چۆغە و قاڵی. گیایەکی گەڵا تووکنی گوڵ زەردی بۆنخۆشە دەکرێ بەمەشکەیەکەوە کە بۆگەن بووبێ.

خاوان: خاوەن. خەڵەفان بەکارێکەوە: فیسار کەس بەنووسینەوە (خاواوە).

خاواندن: خەڵەفاندنی یەکێک بەکارێکەوە: منداڵەکە (بخاوێنە).

خاوانن: خاواندن.

خاوانە: بەنێکە کە بۆ پێوی بەرد و شتی تر دانرابێ.

خاوبوونەوە: سستبوونی جەستە. نەمانی کرژیی شت. بریتییە لە ساردبوونەوەی یەکێک لە کارێک.

خاوپەڕ: بەنێکە نە زۆر خاو و نە زۆر کرژبێ.

خاوزان: د. کەسێکە مەبەستی خەو باش لێک بداتەوە.

خاوکردنەوە: نەهێشتنی کرژیی شت. شلکردنەوەی شتی توند: ماستەکە یا قوورەکە (خاوکەرەوە). بریتییە لە ساردکردنەوەی یەکێک لە شتێک.

خاوکەر: جۆرە مقامێکی خاوی خۆشی کوردییە لە مقامی ئەڵلاوەیسی خاوترە.

خاولی: جۆرە تەنراوێکی نەرم و شلی تووکنی پەموویینە مەردووم خۆی پێ وشک دەکاتەوە.

خاونامە: د. خەونامە.

خاو و خلیچک: مەردوومی سستی شل و شێواو.

خاوخێزان: خێزانی ماڵ بەورد و درشتییەوە.

خاوە: سەرانەیەکە بەناڕەوا لە مەردووم بسێنرێ.

خاوەن: خێوی شت.

خاوەند: خاوەن. کەسێکە کە زەویوزار و خانووبەرەی زۆر بێ (ملاک).

خاوەندار: خاوەنی شت.

خاوەنداری: خاوەندی و چاودێریی شت.

خاوێن: شتی پاک.

خاوێنی: پاک و تەمیزی.

خاویر: گیانداری گێل و وێل. خەواڵوو (د).

خایاندن: پێچوونی کارێک بۆ چەند دەمێک: چوون و هاتنەوەم بۆ بازاڕ نیو سەعاتی (خایاند). هەڵخەڵەتاندن.

خایانن: خایاندن.

خایە: ل. هێلکە.

خایە و مایە: بریتییە لەسەر و ماڵ: فیسار کەس (خایە و مایەی) تێدا چوو واتە سەر و ماڵی.

خپ: گیاندارێکە لەبەر نووستن یا بێهۆشی بێدەنگ بووبێ: منداڵەکە (خپ)ە یا (خپ) خەوی لێ کەوت. (خپبوون) بێدەنگبوونی گیاندار بەهۆی نووستن یا بێهوشییەوە.

خپکردن: بریتییە لە کوشتن: دارێکم کێشا بەماردکەدا (خپم) کرد.

خپلاک: ز. کورسی و دەرگای رزیوی کۆن.

خپەکردن: خۆ ماتدان.

خپ هەڵاتن: خپبوون.

خت: وتەیەکە پشیلەی پێ دەردەکرێ.

ختە: خت.

ختک: پشیلە.

ختکە: خوتووکە.

ختکێ: د. خوتووکە. پشیلە.

ختکینە: د. ختووکە.

ختووکە: جۆرە تەزوویەکە لە کەوتنی شتێک لە جەستەتدا پەیدا دەبێ.

ختووکەدان: دەستدان لە کەلەکە و بەری پێی مەردووم بۆ ئەوەی کە تەزوو بێ بەلەشیدا.

ختە: ختتە.

ختەختەدان: ختووکەدان. بریتییە لە هانەهانی مەردووم.

ختەدان: ختووکەدان.

ختێ: د. پشیلە. ختووکە.

ختیلکە: ختووکە.

خجڵ: ز. خەریک.

خدووک: ز. ختووکە.

خراپ: شتی بێ فەڕی بێ کەڵک. (خراپبوون): لە کەڵک کەوتنی شت. (خراپکردن) لە کەڵک خستنی شت.

خراپە: کردار و گوفتاری ناپەسند. ناوی دێیەکە لە ناوچەی عەربەت.

خراپەکردن: کردنی شتی خراپی ناپەسند.

خراپەکەر: کەسێکە هەر کرداری خراپ بکا.

خراپی: بێ فەڕی و بەدی.

خرار: ز. خەرار.

خرارک: با. خرار.

خرامان: نافردتی شەنگ و شۆخ. بژاردنی شتێک لەلایەن یەکێکەوە کە ئەو شتەی لەناو بردبێ.

خراو: خراپ.

خراوە: کەلاوە. خراپە.

خراوی: خراپی.

خرپ: زەمینی چەولگ. وتەیەکە بۆ کەسێک بەکاردێنرێ کە کوتوپڕ خەوی لێ بکەوێ: فیسار کەس هەر کە سەر بنێتە سەر سەرین (خرپ) خەوی لێ دەکەوێ.

خرپن: خەپەتۆڵە.

خرپنۆکە: خرپن. خرپنە: خرپن.

خرپە: پرخەی خەو. دەنگی پێ لە دوور (د). گەلەکۆمەکێ (ز).

خرت: گیسکە نێرێکە پێی نابێتە ساڵی دووەم. شتی گردی خڕ. ساڵ: ئەم بەرانە سێ (خرت)ە یا چوار (خرت)ە، واتە سێ ساڵە یا چوار ساڵە.

خرتک: گرتکە گۆشت. نەخۆشییەکە تووشی منداڵ دەبێ (ز). خڕک: (خرتک)ێک بگرە ئەو سەگە.

خرتکە: جومگەی ئەندام.

خرت و پرت: دوودڵی لە کارێکدا.

خرتۆڵ: کۆبوونەوە و کۆمەڵبوونی مەردووم (ز). شتی گردی خرتی پچکۆلە (د).

خرت و مرت: د. مەردوومی شل و مل.

خرتە: جۆرە دەنگێکی پچووکە وەک دەنگی خواردنی مشک. (خرتەخرت) خرتەی یەک لە دوای یەک. (خرت و هوڕ) خرتەخرتی زۆر.

خرتەخرتە: د. کرکراگە.

خرتەک: د. خرتکە. پێچکەی عەرەبانە و شتی تر.

خرتەگل: د. گلۆربوونەوەی شت.

خرتەڵە: خرپلە.

خرتیلانە: گیانداری خرتەڵە.

خرتیلە: خرتیلانە.

خرچ: د. کاڵەکی زرک.

خرچە: جۆرە کاڵەکێکی شیرینی نەگەییووە. جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی لەتکردنی شووتیی نازاو. (خرچەخرچ) خرچەی یەک لە دوای یەک. (خرچ و هوڕ) خرچەخرچی زۆر.

خڕ: شتی گرد. جێ لافاوێکە کە خڕەبەردی زۆر بێ. وتەیەکە بۆ داخستنی کلۆمی دەرگا بەئێجگاری بەکاردێنرێ: دەرگاکە (خڕ) داخە واتە شمشێرەکەی تەواو ڕەت کە.

خڕبوون: گردبوون و تۆپەڵبوونی شوێنێک لە ئەندام لە نەخۆشییەکەوە.

خڕخاڵ: بازن. خاشخاشی پێ.

خڕخاڵە: چەند دارێکە وەک بازن دەکرێتە ئەمسەر و ئەوسەری بێشکە بۆ ئەمەی خڕەی بێ و منداڵ پێی ژێر بێ.

خڕخاڵەدار: بێشکەیەکە خڕخاڵەی بێ.
خڕخڕە: د. بەکرە. پێچکەی عەرەبانە و ئۆتۆمۆبیل. خڕخاڵ.
خڕک: خڕەبەردە.
خڕکردن: تۆپەڵکردنی شتێک و خڕ هەڵدانی. خڕکردنەوە.
خڕکردنەوە: کۆکردنەوەی شت.
خڕکە: نیوە نانێکی ئەستوورە کە لەسەر تەنوور دەکرێ بۆ خواردن. خڕەبەرد.
خڕکەلە: شتی خڕی پچکۆلە.
خڕکەڵە: خڕکەلە.
خڕناکە: بێچوو کەروێشک.
خڕنووک: جۆرێکە لە بەری مازوودار، لە مازوو پچووکترە. گیایەکی دەشتییە بەرێکی درێژکۆلەی تفت دەگرێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی پێنجوین.
خڕ و خەپان: ئافرەتی قەڵەوی خڕ و نەرم و شل.
خڕە: دەنگێکە وەک دەنگی گوێز و کاڵای شۆدار و ڕووخانی دیوار. (خڕەخڕ) خڕەی یەک لەدوای یەک. (خڕ و هوڕ) خڕەخڕی زۆر.
خڕەڵە: خڕیلە.
خڕهەڵدان: خڕکردن و تۆپەڵکردن.
خڕید: کڕینی شت بۆ فرۆتنەوەی بەقازانج.
خڕیدار: کڕیار.
خڕیدنامە: د. نووسراوێکە دەیدەیت بەو کەسەی کە شتی لێ بکڕدرێ بۆ نەوەی کە ئاگای لە خڕید و فرۆختەکەی خۆی بێ.
خڕیلانە: گیانداری خڕی کولەبنە.
خڕیلە: خڕیلانە.
خرس: ورچ. گیانداری تەمەڵی لەش گران.
خرستیان: گاور.
خرسەک: کاڵای ئەستووری قورس. قاڵیی ئەستوور. کولێرەی ئەستوور.
خرماندن: کرماندنی شت.
خرمووتک: د. کورکورۆژە.
خرمووچک: د. خرمووتک.
خرمووشەک: ز. چرنووک.
خرمە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی خواردنی ترۆزی. (خرمەخرم): خرمەی یەک لەدوای یەک. (خرم و هووڕ): خرمەخرمی زۆر. دەنگی پێی کۆمەڵەسوار.
خرندال: ز. جۆرە گیایەکە دەخورێ.
خرندوول: ز. فرۆ.
خرنگ: ز. ژنی جوان.
خرنگە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی پاوانە. (خرنگە خرنگ) خرنگەی یەک لەدوای یەک. (خرنگ وهوڕ) خرنگە خرنگی زۆر.

خرۆش: خورۆش.
خرۆشان: خورۆشان.
خرۆشاندن: خورۆشاندن.
خرۆشاو: خورۆشاو.
خرۆشیان: د. خورۆشیان.
خرووسەک: خوروزەک.
خروێلکە: ئاوڵە.
خروێنکە: خروێلکە.
خرەفان: گەوجبوون لەبەر پیری.
خرەفاو: کەسێکە لەبەر پیری گەوج بووبێ.
خرەفیاگ: د. خرەفاو.
خرەفیان: د. خرەفان.
خرەفیو: خرەفاو.
خرێ: ددانی سەر و خواری هەردوو لاشەویلە.
خریپ: خرێ.
خرێشکە: ڕەشەبا.
خریکاندن: ز. ڕاکێشانی شت بەسەر زەویدا.
خریکین: ز. پێ هەڵخلیسکان.
خرێنە: بەنێکی سێ چوار لۆی بادراوە دوو تای باری پێ دەدروێ و لێک دەدرێ. خرێ.
خرین: بەڵغەم.
خز: شوێنی لووس کە گیانداری لێ هەڵخلیسکێ. شتی لووس.
خزان: هەڵخلیسکان.
خزاندن: خلیسکاندن.
خزانن: خزاندن.
خزبردنەوە: بەگازی پشتداکەوتن لەبەر قاقای پێکەنین.
خزخزۆک: ز. تەرزەلووکە.
خزگە: شوێنێکە گیانداری لێ هەڵخزێ.
خزلک: ز. هێشووی پچووکی ترێ.
خزم: کەسوکاری مەردووم.
خزمایەتی: نزیکی و کەسایەتی یەکێک لەگەڵ کەسێکدا.
خزمدۆست: کەسێکە نرخی خزمایەتی و دۆستایەتی بزانێ.
خزمەت: کارکردن بۆ یەکێک و قازانج پێ گەیاندنی.
خزمەتچی: کەسێکە هەر خزمەت بکا.
خزمەتکار: خزمەتچی.
خزمەتکاری: بوونی مەردووم بەخزمەتکار.
خزمەتکردن: کردنی خزمەت بۆ یەکێک.
خزمەتگوزار: کەسێکە خزمەت باش بکات.
خزن: د. قسن.
خزیان: د. خزان. هاتن بەهێواشی و بەبێ هەستی.

خزیلک: شوێنی خز.
خزین: خزان.
خستن: بەزەویدادانی شت. بریتییە لە زەبوونکردن و شکاندنی یەکێک: فیسار کەسیان (خست) واتە شکاندیان. فرێدان.
خستنەکار: هێنانەکاری هێندێ شت: سەعاتەکەم (خستەکار).
خستنەگەڕ: خستنەکار.
خستنەوە: زاین و خستنە دنیای چەند منداڵێک: فیسار کەس منداڵی زۆری خستەوە.
خسکە: پیازی فیسقە.
خشان: بەسەر زەویدا کشان.
خشاندن: کێشکردنی شتێک بەسەرزەویدا.
خشانن: خشاندن.
خشپە: خشەیەکی پچکۆلەیە کە لە شتێکەوە پەیدابێ کە نەبینرێ: گوێم لە (خشپە)یەک بوو، (خشپەخشپ) خشپەی یەک لەدوای یەک. (خشپ و هوڕ): خشپە خشپی زۆر.
خشپیلانە: گیانداری نەشمیلانەی ئێسک سووک.
خشپیلە: خشپیلانە.
خشت: شتی ڕێک و تەخت. قوڕێکە بەقاڵب برابێ بۆ دیوار پێ دروستکردن. شتی گرد: سینییە (خشت)دکە بێنە.
خشتبڕ: کەسێکە بەقوڕ و قاڵب خشت دروست بکا.
خشتبڕین: دروستکردنی خشت بەقاڵب.
خشتبوون: ڕێکبوون: دەغڵەکە. (خشت بووە): واتە هەموو گوڵەکانی ڕێک وەستاوە.
خشتکردن: قرتاندنی شت بەڕێکی.
خشتە: نیوە شیعر.
خشتەنداز: کەسێکە خشت هەڵدا بۆ وەستای سەر دیوار.
خشتەک: پارچەیەکی پچکۆلەیە دەکەوێتە بن دەستی کەواوە.
خشتیلە: شتی خشتی (پچکۆلانە).
خشر: ز. خشڵ.
خشرووک: ز. خەرکانە.
خشک: هەزارپێ.
خشکۆک: با. ژن و کچ و منداڵی جوان.
خشکە: د. خشک. دەنگێکە لە خشانی شتێکەوە پەیدا دەبێ.
خشکەیی: ڕۆیشتنی شت بەحەوادا بەنزمی و نزیک لە زەوی: پەڕەسێلکەکە بە(خشکەیی) فڕی. ڕۆیشتنی گیاندار بەتیژی و بێ هەستی: فیسار کەس بە(خشکەیی) بەتەنیشتمدا تێپەڕی.
خشڵ: زێڕ و زیوێکە ژنان بۆ جوانی بیدەن لە خۆیان.
خشندە: گیاندارێکە لەسەر سک بڕوا وەک کرم و مار.
خشۆک: خشندە.

خشە: دەنگێکە وەک دەنگی ڕاکێشانی شتێکی نەرم بەسەر زەویدا. (خشەخش) خشەی یەک لەدوای یەک. (خش و هوڕ) خشەخشی زۆر.
خشیان: د. خشان. خزان.
خشی: ل. هەزارپێ.
خشین: خشان.
خشینەک: ز. شوێنی ڕاکێشانی شت بەسەر زەویدا.
خفتان: ز. کەوا.
خگ: لێدانی کوشندە.
خلافاندن: خلەفاندن.
خلافانن: خلافاندن.
خلانکە: خڕخاڵی بێشکە.
خلانە: چاڵێکە میوەی وەک لیمۆ و پرتەقاڵی تێدا دادەپۆشرێ بۆ هەڵگرتن.
خلبوونەوە: گلۆربوونەوەی شتێک لە لێژییەوە.
خلت: د. خلتە.
خلتە: ملتەیەکە لە دوای پاڵاوتنی شتی شل دەمێنێتەوە.
خلکردنەوە: گلۆرکردنەوە.
خلنزدر: ز. مارمێلکە.
خلۆربوونەوە: خلبوونەوە.
خلۆرتە: هـ. باڵینەیەکە لەژێر کورتانەوە دەنرێ بەملاو بەولایەوە بۆ ئەوەی بار نەنیشێتە سەر کولۆکی وڵاخەکە.
خلۆرکردنەوە: خلکردنەوە.
خلولیک: ز. تەرزەلووکە.
خلەتان: هەڵفریوان.
خلەتاندن: فریودان.
خلەتانن: خلەتاندن.
خلەتیاگ: د. کەسێکە کە هەڵخەڵەتابێ.
خلەخل: وتەیەکە بۆ گێڕانەوەی ڕۆینی منداڵی تازە پێ گرتوو بەکاردێنرێ: نەریمان سەر پێ کەوتووە (خلەخل) دەڕوا.
خلەفان: خەریکبوون بەشتێکەوە بۆ بەسەربردنی کات. تێکچوونی مێشک لەبەر پیری.
خلەفاندن: خەریککردنی یەکێک بەکارێکەوە.
خلەوبوون: د. خلبوونەوە.
خلێ: د. وتەیەکە وەک (نۆنە) منداڵی ساوا بەمێوژ و برێشکەی دڵێ.
خلیانەوە: د. تلۆربوونەوە.
خلێران: د. شتێکە کە تلۆربوبێتەوە.
خلێرە: د. شتی گردی گلۆڵە.
خلێرەوبوون: د. گلۆربوونەوە. گردبوونەوە.

خلێرەوکردن: د. تلۆرکردنەوە. گردکردنەوە.

خلیسک: شوێنێکە کە پێی لێ هەڵخزێ. پیازی فیسقە.

خلیسکان: هەڵخزانی پێ لە شوێنی خز.

خلیسکاندن: هەڵخزاندن.

خلیسکە: پیاز.

خلیسکیان: د. خلیسکان.

خلێف: توێک و کاژێکە کە ئەندامی گیاندار هەڵی دەدا.

خلێنکە: قالۆنچەیەکی زلی دەشتییە شیاکە خڕ هەڵدەدا و خلی دەکاتەوە بۆ ناو کونەکەی خۆی.

خلێنە: پیسی ئاژاڵ کە بەپاشیەوە وشک دەبێتەوە.

خلێنە و بلێنە: تەگبیر و ڕایەکە کە چەند کەسێک بەنهێنی بیکەن بۆ پێکهێنانی کارێک.

خلیچک: کەسێکە زۆر خاو بێ لە ئیشوکاردا.

خلیرە: د. دانەوێڵەیەکی ڕەشی زەردباوی خڕە.

خلینە: دار یا ئاسنێکی سێ پەلە ماستاوی پێ دەکرێ.

خم: خوم.

خمخانە: خومخانە.

خمخمک: با. کونەلووت.

خمخۆرک: شوێنێکە لە زەوی کە لە خۆیەوە ڕۆچووبێ.

خمگەر: خومخانەچی.

خمەگەروو: قومقمۆکە.

خناف: با. شەونم.

خنانەوە: جۆرە پێکەنینێکی نەرمە: فیسار کەس لە خۆشیاندا (خنایەوە).

خنج: خنجیلانە.

خنج و خۆڵ: د. شتی جوانی خنجیلانە.

خنج و منج: د. خنج و خۆڵ.

خنجەر: خەنجەر.

خنجەرە: د. کێلێکە لەبەردەمی گۆڕی مردوو دادەچەقێنرێ بۆ ئەوەی کە بزانرێ مردووەکە پیاوە و ژن نییە.

خنجەڵە: خنجیلە.

خنجیلانە: شتی پچکۆلەی ئێسک سووک.

خنجیلە: خنجیلانە.

خنچکە: د. خنج.

خنکان: مردنی گیاندار بەهۆی دەرنەچوونی هەناسەیەوە.

خنکاندن: کوشتنی گیاندار بەگرتنی هەناسەی.

خنکانن: خنکاندن.

خنکاو: گیاندارێکە بەهۆی دەرنەچوونی هەناسەیەوە مردبێ.

خنگلین: ز. شەلین.

خنەخن: دامان و نقاندن بەدەست کارێکەوە: فیسار کەس بەکارەکەیەوە (خنەخن) یەتی.

خنیە: ل. خەنە.

خنینەوە: خنانەوە.

خۆ: ئاشنا و ناسیاوی تێکەڵ. ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران. پیتێکە لە سەرکۆنە و سەرزەنشتدا بەکاردێنرێ: (خۆ) تۆ لای خۆت پیاویت، واتە نەدەبوو ئەو کارە بکەیت، یا (خۆ) من زبانم نەسووتا، واتە نەدەبوو دڵگیرببیت.

خوا: ئەو کەسەیە کە بووە و هەر دەبێ و خاوەن و دروستکەری هەموو جیهانە. خوێ. داواکەر بویست: فیسار کەس کورد (خوا)یە، واتە قازانجی کوردی دەوێ. ئەگەر: (خوا) نا (خوا) دەبێ بخوێنێت.

خواپەرس: د. خواپەرست.

خواپەرست: کەسێکە کە لە خوا بترسێ و بیپەرستێ.

خواپەرستی: پەرستنی خوا و بەجێهێنانی فەرمانی.

خواپێدان: میهرەبانی خوا لەگەڵ بەندەیەکی خۆی بەدانی بەهرەیەک پێی.

خواپێداو: کەسێکە کە خوا بەبەهرەیەک خوێندبیەتیەوە.

خواجا: وتەیەکە بەگاور و جوولەکە دەوترێ.

خواجە: خواجا. پیری گەورە.

خواجەنشین: دوو سەکۆی پچووکە لای ڕاست و چەپی دەرگای حەوش لە دیوی دەرەوە لە دیوار دەهێڵرێتەوە بۆ دانیشتن.

خواخواست: قەزا و قەدەر.

خواداد: د. بەشێکی باش یا بەهرەیەکە خوا پێی دابێت.

خواداگ: د. خواداد.

خوادان: خوێدان (د). بەشی خوا.

خوار: شتی گێڕی چەوت. (خواربوون): چەوتبوونی شت.

خواربوونەوە: چەوتبوونەوەی شت.

خواردن: جوون و وردکردن و قووتدانی شت.

خواردنەوە: قووتدانی شتی شل قوم قوم.

خواردە: کەسێکە زۆر حەز لە خواردن بکا و هەمیشە پێوەی خەریک بێ.

خواردەس: خواردەست.

خواردەست: کەسێکە لەژێر فەرمانتدا بێ و چاوی لە دەستتەوە بێ.

خواردەستی: بوونی یەکێک بەژێردەستی یەکێک.

خواردەسی: خواردەستی.

خواردەمەنی: شتی خواردن.

خوارزا: خوشکەزا.

خوارزێ: ز. خوشکەزا.

خوارگ: د. خواروو.

خوارگین: د. خوارگ.

خوارن: ز. خواردن.
خواروو: لای خوارووی شت.
خوارەمرێ: ئاشوب و ئاژاوە: جیهان پڕە لە (خوارەمرێ).
خواری: بوونی شت بەخوار. ناستی خواریی شت.
خواز: خواست: فیسار کچ داوا (خواز)ی هەیە.
خوازبێنی: داواکردنی ژن بۆ مارەکردنی.
خوازبێنیکەر: کەسێکە کە خوازبێنی بکا.
خوازتن: د. خواستن.
خوازدراو: خوازراو.
خوازراو: شتێکە بەخواستن وەرگیرابێ.
خوازگار: د. کەسێکە کە شتێکی بوێ.
خوازگاری: د. ویستنی شتێک. خوازبێنی.
خوازلۆک: د. خوازەلۆک.
خوازمەنی: د. خوازگاری.
خوازە: د. خوایشت.
خوازەلۆک: کەسێکە زۆر داوای شت لە مەردووم بکا.
خواس: خواز (د). خاوس.
خواست: ئارەزوو: (خواست)م وایە کە بخوێنم.
خواستن: داواکردنی شتێک لە یەکێک بۆ چەند دەمێک.
خواستەمەنی: شتی خوازراو.
خواکرد: شتێکە کە دەستکردی خوا بێ و هی بەندە نەبێ.
خواگرتن: بەندەیەکە خوا بە دەردێکەوە گرفتاری کردبێ.
خواگرتوو: کەسێکە کە خوا گرفتاری دەردێکی کردبێ.
خواگیر: خواگرتوو.
خوان: تەختێکی درێژە نانی لەسەر دەخورێ. خوانکە.
خواناس: کەسێکە خوا باش بناسێ و لە فەرمانی دەرنەچێ.
خواناسی: ناسینی خوا و بەجێهێنانی فەرمانی.
خواناسین: خواناسی.
خوانچە: تەشتی گەورە. خوانی نان. خواردن (د).
خواندن: د. خوێندن.
خونزاین: د. خانەی زین.
خوانکە: دارێکی ئەستوورە (مووره سەنگ)ی ئاشی تێ دەبرێ. دەرخۆنە.
خوانووس: چارەنووس.
خوانە: پنە.
خوانەخواستە: وتەیەکە لە شوێنی (دوور بێ) بەکاردێنرێ، واتە ئەو شتە خوا نەیکا.
خوانەکا: خوانەخاستە.
خواوەن: د. خوای پەروەردگار.
خواوەند: خواوەن.

خــواهیش: تکا: (خــواهیــش)ت لێ دەکــەم. ئارەزوو: ئەگــەر (خواهیش)تە ببی بەپیاو بخوێنە.
خواهیشت: خواهیش.
خوایش: خواهیش.
خوایشت: خواهیشت.
خوای: پێکەنین.
خوای هەوری: خوێی هەوری.
خۆبان: مەردوومی ناهومێد.
خۆبردنە پێشەوە: بریتییە لە خۆ خۆشەویستکردن بەکردن یا وتنی شتێک بەپێی دڵی یەکێک.
خۆبڕین: بریتییە لە لەخۆدان.
خۆبزە: نۆکەر.
خــۆبەردان: بریتــیــیــە لە زیادە خــەرجکردنێک کــە لەوە پێش نەتکردبێ.
خۆبینی: خۆپەسندکردن.
خۆپاراستن: خۆ دوورگرتن لە شتێک و پارێزگاری لێی.
خۆپارێزی: دفاع.
خۆپان: ز. کەلاوە. خراپە.
خۆپەرس: خۆپەرست.
خۆپەرست: کەسێکە کە خۆی زۆر پەسند بکا.
خۆپەرستی: پەسندکردنی مەردووم بۆ گوفتار و کرداری خۆی.
خۆپەسەن: خۆپەسەند.
خۆپەسەند: کەسێکە کە بەخۆی بنازێ لە هەموو کارێکدا.
خۆپەسەندی: بەخۆنازین لە هەموو کارێکدا.
خوت: د. خاڵی، زۆرتر لەگەڵ وتەی خاڵیدا دەوترێ: (خوت) و خاڵی.
خۆت: بریتییە لەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەیت.
خوتا: خوای گەورە.
خۆتان: بریتییە لەو کەسانەی کە قسەیان لەگەڵدا دەکەیت.
خوتردک: بەرچیغ.
خوتن: کەسێکە زۆر بۆڵە و خوتە بکا.
خوتووکە: ختووکە.
خوتە: بۆڵە. (خوتەخوت) خوتەی زۆر.
خۆتە: وتەیەکە بەمەڕ و بزن دەوترێ لەکاتی دۆشینیاندا بۆ ئەوەی کە بووەستن.
خوتەخوتکەر: کەسێکە کە خوتەخوتی زۆر بکا.
خوتەک: خوتردک.
خوتەکردن: بۆڵەکردن.
خــۆتێگرتن: بریتــیــیــە لە خــۆهاویشــتنە شــتــێکەوە بۆ پچڕینی سوودێک.

خۆ تێ هەڵقورتاندن: خۆ قوتکردنەوە لە کاروباری مەردوومدا.
خوچۆک: ز. شتی پچووک.
خۆخلافاندن: سستەسست کردن و خۆ خەریککردن بەشتێکەوە.
خۆخلافانن: خۆخلافاندن.
خۆخلافکێ: د. خۆخلافاندن.
خۆخواردنەوە: پیشخواردنەوە و ڕقخواردنەوە. چکانەوەی چێشت لەبەر زۆر کوڵانی. شێ وەرگرتنی زەوی لەکاتی ئاو خواردنەوەیدا بەجۆرێک کە بەتەواوی وشکیی تێدا نەمێنێ.
خۆخۆر: بریتییە لە کەسێک کە زیانی بۆ ناوخۆ بێ.
خۆخوراندن: بریتییە لەخۆ ئامادەکردن بۆ بەخشینی شتێک.
خودا: خوای گەورە.
خۆداری: دان بەخۆداگرتن.
خۆداکوتان: بریتییە لە خۆ دامەزراندن.
خۆداگرتن: خۆحەشاردان بۆ گوێگرتن لە قسەی مەردووم.
خۆداگیرکردن: دان بەخۆداگرتن و خۆڕاگرتن.
خودان: با. خاوەن.
خۆدانان: بریتییە لە سەر بەختکردن لە کارێکدا.
خوداوەند: خودا.
خودبینی: خۆپەسندکردن.
خودپەسەند: د. خۆپەسند.
خودپەسەندی: د. خۆپەسندی.
خودتەراش: مەکینەیەکە مەردووم ڕیشی خۆی پێ دەتاشی.
خودداری: دان بەخۆداگرتن.
خۆدزینەوە: خۆشاردنەوە.
خودسەر: کەسێکە هەر لە خۆیەوە بەبێ ڕاوێژ و پرسیار ئیش بکا.
خودسەری: تێهەڵچوون لە ئیشوکار بەبێ پرس و لێکدانەوە.
خودگیری: خودداری.
خودێ: با. خودا.
خۆر: ڕۆژێکە کە جیهان ڕووناک دەکاتەوە. هەتاو. پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(اسمی فاعل): نان (خۆر)، گۆشت (خۆر)، پیاو (خۆر).
خۆرا: بخۆر.
خۆراک: خواردەمەنی. ئەندازەیەکی تایبەتییە لە چای وشک دەکرێتە ناو قۆریەوە بۆ لێنان.
خۆراکی: د. خواردەمەنی.
خوران: ئالۆشی ئەندام.
خوراندن: نینۆکدان لە شوێنێک کە ئالۆشی بێ.
خۆرانگاز: شوێنێکە لە ئەندام کە تیشکی خۆر سووتاندبێتی.
خورانن: خوراندن.
خورانەوە: کلۆربوون و بۆشبوونی شت وەک د،دان.
خوراو: شتێکە کە مۆرانە لێی دابێ یان گیاندار خواردبێتی.
خۆراوا: کاتی ئاوابوونی ڕۆژ. شوێنێکە کە لەبەرچاوی تۆ ڕۆژ لێی ئاوا دەبێ.
خۆراوایی: کەسێکە کە لە خۆراوا لە دایک بووبێ.
خوریە: داچلەکینی دڵ لە شتێکی ناخۆش.
خوریبان: د. داخوریانی دڵ.
خورت: وڵاخی بزێوی سەرکێش. گیانداری قەڵەوی تەنگە تیلکە. دەوڵەمەند (ز). کوڕی گەنجی جوان (ز).
خورتی: با. زۆر و دەگە نەگ: بە(خورتی) هێنای واتە بەزۆر.
خورج: دەفرێکی دوولای تەنراوە وەک قاڵی شتی تێ دەکرێ و بەپاشکۆی وڵاخدا دادەبەسترێ.
خورجەزین: ز. هەگبەی پشتی سوار.
خورجین: د. خورج.
خوردە: وردە لە پارە و شتی تر.
خوردەگیر: ڕەخنەگر.
خوردەگیری: ڕەخنەگیری.
خوڕ: ئاوێکە خێرا بڕوا و مەنگ نەبێ.
خۆڕاگرتن: دان بەخۆداگرتن لەبەر شتێکی ناخۆشدا.
خۆڕایی: شتی بێ پارە.
خوڕگە: جێگایەکی لێژە کە ئاوی بەتوندی پێدا بڕوا. ناوی جۆگایەکە لە خوار شاری سلێمانییەوە کە ئاوەڕێژی شاری ناوبراو دەچێتەوە سەری.
خوڕم: خوڕەم.
خوڕە: دەنگی ئاو و شتی شل کە هەڵبڕژێ. (خوڕەخوڕ) خوڕەی یەک لە دوای یەک.
خوڕەم: هاتنەخوارەوەی باران بەلێزمە.
خوڕین: نازین بەیەکێک: تۆ بەکێ دە(خوڕیت) واتە بەکێ دەنازیت؟.
خورزم: خوڕەم.
خۆرزەدە: د. خۆرئەنگاز.
خۆرسک: درەختێکە لە خۆیەوە ڕوابێ.
خۆرش: خۆرشت.
خۆرشت: چێشتێکی شلەیە کە لەگەڵ چێشتی توندەدا بخورێ.
خۆرشید: خورشید.
خورشید: خۆر.
خورشیدی: جۆرە گۆرانییەکی خۆشی کوردییە. جۆرە کاغەزێکی سپیی لووسە وێنەی خورشیدی تێدایە.
خۆرکەوتن: کاتی خۆرهەڵاتن. هەڵاتنی ڕۆژ.
خۆر لە زەردە: کاتی زەردەپەڕ.

خورما: بەری دارێکی بەرزی گەرمیانییە زۆر شیرینە و بەهێشوو دەیگرێ.
خورماسیچان: گیاندارێکە وەک ڕێوی بەلام ئەم گەلێ پچووکترە.
خورما و ڕۆن: جۆرە خواردەمەنییەکە لە ڕۆنی داخکراو و خورما دروست دەکرێ.
خورمایی: جۆرە ڕەنگێکی سوورکارە وەک خورما.
خورمایلە: گیایەکی بەهارییە وەک هەلەکۆک بەلام ئەم سەلکەکەی شیرینتر و گەلای شینترە.
خورمە: ز. خورما.
خۆرنشین: ئەو شوێنەیە کە بەدیمەن ڕۆژی لێ ئاوا دەبێ. کەسێکە لە خۆراوا لە دایک بووبێ.
خۆرنەوەزان: شوێنێکی سەختی نسرمە لە شاخ کە هەتاوی تێ نەکەوێ و گیای تێدا سەوز ببێ و دلۆپ دلۆپ ئاوی لێ بتکێتە خوارەوە.
خورۆش: ئالۆشی بەتین. خورۆشان.
خورۆشان: هەرا و هوریا و بەیەکداچوونی مەردووم.
خورۆشاندن: ورووکاندن و تێکدانی کۆمەلێک.
خورۆشاو: چەند گیاندارێکن کە خورۆشابن.
خورۆکە: د. خورووکە.
خوروو: ئالۆش.
خوروزەک: دەردێکە لە گەروودا پەیدا دەبێ و دەیهێنێتەوە یەک و پەکی هاتوچۆی هەناسە دەخا.
خورووک: ئالۆش.
خورووکە: د. خورووک.
خۆروەزان: د. بەر بەرۆچکە. خۆرهەلات.
خۆرە: جۆرە برینێکە بەهەر شوێنێک بگا دای دەوەشێنێ.
خۆردتاو: هەتاو.
خۆرەزەرد: د. زەردەی ئێواران و بەیانیان.
خۆرەن: د. خۆراک.
خۆرەنگاز: شتێکە کە خۆر زەردەی کردبێ.
خۆرهەلات: دەمی خۆرکەوتن. شوێنێکە کە خۆر لێی هەلبێ.
خوریان: خورانی جەستە (د). خواردن.
خوریانەوە: د. خورانەوە.
خورێن: مەردوومی زۆرخۆر: فیسارکەس بەدەورییەک چێشت (خورێن)ە.
خورێنی: ناشتا: بە(خورێنی) جگەرە مەکێشە.
خوری: تووکی مەڕ. ئاولە (ز).
خوریکە: ئاولە.
خورین: خورانی جەستە. خورین (د).
خوز: بۆشاییەکە لە کەناری ئاودا کە ماسی دەچێتە ژێری.

خۆزگا: خۆزگە.
خۆزگایەکوو: خۆزگە.
خۆزگە: وتەی ئاواتخواستن: (خۆزگە) هەموو وتەی کوردیم کۆدەکردەوە.
خۆزگە: شوێنێکە لە چەم و ڕووبار ماسی قولاغەی تێدا دەدا.
خۆزگەبردن: ئاواتخواستن.
خۆزگەخواستن: خۆزگەبردن.
خۆزە: د. خۆزگە.
خوزی: تف.
خوژە: گیایەکی بەهاریی کوێستانییە گەلای باریک و سێ کووز و کولۆرە سرێش لە بنکەکەی پەیدا دەبێ.
خوژیلک: گیایەکی گەلا ئەستووری هەمیشە سەوزی شیردارە، شیرەکەی بۆ (بیرۆ) زۆر باشە.
خوس: وس. (خوسبوون) وسبوون.
خوسپ: ناوبردنی مەردووم لە پاشملە بەخراپی.
خوسن: د. خۆسن.
خۆسن: د. جنێو.
خۆسەر: د. مەردوومی سەردخەر.
خۆسەری: د. سەردخەری.
خۆش: شتی دلگیر لە خواردەمەنی و بیستراو و بینراو و بۆنکراودا: ئەم میوەیە یا ئەم دەنگە یا ئەم شوێنە یا ئەم بۆنە خۆشە.
خۆشا: خۆزگە: (خۆشا) بەحالی فیسارکەس، واتە خۆزگە بەحالی خۆشی.
خۆشاب: ز. خۆشاو.
خۆشاتن: د. بەخێرهاتن کردن.
خۆشاردنەوە: خۆ دزینەوە.
خۆشاو: جۆرە شەربەتێکە لە مێوژ و لەتکەی کولاو دروست دەکرێ.
خۆشاواز: دەنگخۆش.
خۆشاوازی: دەنگخۆشی.
خۆشباوەڕ: کەسێکە زۆر زوو بەهەموو شت باوەڕ بکا.
خۆشبوون: زۆربوونی گڕی ئاگر و چرا. پێگەیشتنی هێندێ خواردەمەنی: ترێ خۆش بووە: واتە ترشیی نەماوە. دووربوون لە ئازار و سزای ڕۆژگار: یاخوا هەر (خۆش بیت). بووردن لە گوناحی یەکێک: لە قەرزاری هەژار (خۆش بە). ڕێکوپێکبوونی شوێنێک: سلێمانی (خۆش بووە). پوختەبوونی قوڕ.
خۆشبوونەوە: چاکبوونەوە لە نەخۆشی.
خۆشبەخت: خاوەن نگین و بەختیار.

خۆشبەختی: بەختیاری.
خۆشبەز: وڵاخی خۆش ڕەوت.
خۆشحاڵ: مەردوومی دڵشاد.
خۆشحاڵی: دڵشادی و شادمانی.
خۆشخۆش: خێرا خێرا.
خۆشخوو: خۆشڕەفتار.
خۆشڕوو: مەردوومی ڕووخۆش.
خۆشڕوویی: ڕووخۆشی.
خۆشڕەفتار: کەسێکە ڕەوشتی جوان بێ.
خۆشڕەفتاری: جوانیی ڕەوشت و خوو.
خۆشڕەو: وڵاخی خێرا.
خۆشڕەوت: خۆشڕەو.
خۆشزبان: مەردوومی زبان شیرین.
خۆشزووان: د. زبان شیرین.
خوشک: مێینەیەکە لە باوک و دایکت یا لە یەکێکیان بێ.
خوشکایەتی: بوونی دوو ئافرەت بەخوشک.
خۆشکردن: زۆرکردنی گڕی ئاگر و چرا. شیرینکردنی چەقالە و بنێشتەتاڵ بەکوڵاندنیان. ڕازاندنەوە و ڕێکوپێککردنی شوێنێک: ژوورەکەت (خۆش کردووە). شێلان و پوختەکردنی قوڕ. خۆشکردنەوە: بارانەکە (خۆشی کرد). پوختەکردنی پێستە و هەمانە بەدەرمان.
خۆشکردنەوە: وەستانەوەی باران و بەفر و تەرزە.
خوشکۆک: ز. شتی جوان.
خوشکەزا: منداڵی خوشک.
خوشکەزازا: منداڵی منداڵی خوشک.
خوشکەڵێ: وتەیەکە لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەخوشک دەوترێ.
خوشکێ: خوشکەڵێ.
خوشکێش: ز. وڵاخی ڕەهوان.
خۆش لێ هاتن: خۆشبوونی شتێک لەلات: (خۆشیم لەو شتە دێ) یا نایەت.
خۆشناو: جۆرە ترێیەکی ڕەشی دەنک گەورەیە تا پایزێکی درەنگ دەمێنێ. ناوچەیەکە لە لیوای هەولێر.
خۆش نەکەر: دیوێکە لە میچ.
خۆش و چۆنی: هەواڵ پرسینی دوو کەس لە یەکتری.
خۆش و دشی: د. خۆش و چۆنی.
خۆشویستن: ویستنی شتێک بەدڵ و بەگیان.
خۆش هاتن: خۆشاتن.
خوشە: دەنگێکە وەک دەنگی دۆشینی شیر. (خوشەخوش) خوشەی یەک لە دوای یەک.

خۆشە: چەرمێکە کە پوختە کرابێ.
خۆشەبوون: پوختەبوونی چەرم و هەمانە. بریتییە لە دەرهاتن و قاڵبوونی کەسێک لە فرمانێکدا.
خوشەتاڵوو: کاهووە کێویلە.
خۆشەچن: گوڵەوەچن. بریتییە لە یەکێک کە لە یەکێکی تردەوە بەهرەمەند بێ: من (خۆشەچن)ی زانینی تۆم.
خۆشەکردن: پوختەکردنی چەرم و هەمانە. بریتییە لە قاڵکردن و پوختەکردنی یەکێک لە فرمانێکدا.
خۆشەکراو: شتێکە پوختە و خوشە کرابێ.
خۆشەوبوون: د. خۆشبوونەوە.
خۆشەویس: خۆشەویست.
خۆشەویست: کەسێکە کە زۆرت خۆش بوێت.
خوشەویستی: بوونی شت بەخۆشەویست.
خۆشەویسی: خۆشەویستی.
خۆشەوی: با. خۆشەویست.
خۆشێ: وتەیەکە لە جێی وتەی خێرا بەکاردێنرێ: (خۆشێ) هاتەوە، واتە خێرا هاتەوە.
خۆشیان: چەند ڕۆژێکی خۆشە لە زستاندا کە باران و قوڕی تێدا نەبێ.
خۆشی خۆشی: شادمانی و کەیفخۆشی.
خوشیلک: خوژیلک.
خوشیلکە: د. خوژیلک.
خۆشی: دڵشادی و نەبوونی خەفەت.
خۆشیرین کردن: بریتییە لە وتن و کردنی شتێک لای یەکێک بەڕەنگێک کە پێی پچێتە پێشەوە.
خوشیل: د. خوژیلک.
خۆکوشتن: بریتییە لە لەخۆدان.
خۆکێشانەوە: پاشگەزبوون و دەست هەڵگرتن لە کارێک. کێشمانی جەستە. وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بۆ مردنی یەکێک.
خۆکێشکردن: ڕۆیشتن بۆ شوێنێک بەبێ هێزی و بێ کەیفی.
خۆگرتن: گوێگرتن بەنهێنی لە قسەی مەردووم. خۆداری.
خۆگورجکردن: خۆهەڵکردن.
خۆگێلکردن: بەدرۆ خۆ بێگانەکردن لە شتێک.
خۆگیر: د. کەسێکە کە دان بە خۆیدا بگرێ.
خۆگیری: دان بەخۆداگرتن لە کارێکدا.
خول: سوور و چەرخەی شت: ئەو تەشیە (خول)ی خۆشە، (خولە خول) خولی یەک لە دوای یەک. گیاندارێکە ملی خواربێ و نەتوانێ بەرزی کاتەوە (ز).
خوڵ: د. خۆڵ.

خۆڵ: خۆڵ.
خۆڵ: خاکی وردی وشک.
خولا: خوا.
خولام: د. بەندەی کەمەربەستە.
خولامانە: کاکۆڵ.
خۆشەخانە: د. دەباخانە.
خولاندنەوە: سووڕاندنەوەی شت بەگردی خۆیدا.
خولانەوە: سووڕانەوەی شت بەگردی خۆیدا.
خۆلاو: تیژاوی خۆڵەمێش.
خولخواردن: خولانەوە.
خولخولۆکە: شتێکە منداڵان دەیخولێننەوە.
خولخولە: خولخولۆکە. فرفرۆکە (د).
خولخۆلە: ملی شەربە و جەرە و گۆزەی شکاو.
خولخولە: غولغولە.
خولدان: خولاندنەوە.
خولۆیانن: د. گولۆفتنەوەی شت: تانجییەکە کەرویشکەکەی (خولۆیانەوە).
خولۆربوونەوە: گلۆربوونەوەی شتێک لە لێژییەکەوە.
خولە: د. سووڕانەوە: چییە هەر (خولە)ت دێ.
خولەپۆت: د. خۆڵەپەتانی.
خۆڵەپۆت: د. خۆڵەپەتانی.
خولەپۆتێ: د. خۆڵەپۆتێ.
خۆڵەپۆتێ: د. خۆڵەپۆت.
خۆڵەپەتانی: یاریکردنی منداڵ بەخۆڵ.
خۆڵەژان: د. ژانێکە لە خواردنی خۆڵەوە تووشی منداڵ دەبێ.
خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش.
خۆڵەمڕ: خۆڵەمێش.
خولەمێش: خۆڵەمێش.
خۆڵەمێش: خۆڵی شتی سووتاو.
خولیا: مەراق پەرینە سەر بۆ شتێک.
خولیانەوە: د. خولانەوە.
خولێنکە: خولخولۆکە.
خولی: ز. خۆڵەمێش.
خۆڵی: با. خۆڵەمێش. خوری.
خوم: جۆرە ڕەنگێکی شینی لاجیوەردییە بەن و کاڵای پێ ڕەنگ دەکرێ.
خۆم: بریتییە لە قسەکەرێکی تەنیا کە خۆی بەخۆی بڵێ.
خومار: مەردوومی مەستی سەرخۆش. هەڵم و بوق و تۆزی ئاسمان.
خوماری: مەستی و سەرخۆشی.
خومالیک: ز. جەرەی گەورە.
خومالی: ز. شتی خۆماڵی.
خۆماڵی: شتی تایبەتی کە بۆ ماڵی خۆتت کردبێ.
خۆمان: بریتییە لە قسەکەرێک کە چەند کەسێکی لە گەڵدا بن و خۆی لە زمان ئەوانیشەوە بیڵێ.
خۆمانە: شتی تایبەتی خۆیی.
خۆمانەخۆمانە: بریتییە لە ماڵ جیایی کردنی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تردا.
خۆمانی: خۆمانە.
خومچی: خومخانەچی.
خومخانە: جێگایەکە شتی تێدا لە خوم بدرێ.
خومخانەچی: وەستایەکە کە شت لە خوم بدا.
خومخۆرک: قڵێشی زەوی.
خومری: ز. سووری تۆخ.
خوم شێوان: بریتییە لە بڵاوبوونەوە و بیستنی درۆیەکی زلی دوور لە ژیری و بیر: لەکاتێکدا کە درۆیەکی زۆر زل بڵاوبێتەوە (خوم شێواوە).
خومگەر: خومخانەچی.
خومێن: ز. دەنگی رووخانی شت.
خومەڕژە: باڵندەیەکی سەوزی شینکارە بەقەد (قژاڵکە)یەک دەبێ.
خومەردژە: د. خومەڕژە.
خومەشوێنکە: د. خومەشێونە.
خومەشۆینە: د. خومەشێونە.
خومەشێونە: د. مەردوومی بەناشووب.
خومیزین: ز. کوژانەوەی ئاگر.
خومی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی خوم وابێ.
خومێن: خومی.
خۆناسین: بریتییە لە ناسینی مەردووم بۆ ئەندازە و پایەی خۆی: فیسار کەس (خۆی نا ناسێ). بریتییە لە بلووغبوون: (ئەوەتی خۆم ناسیوە) واتە ئەوەتی بلووغم بووە.
خوناف: شەونم (با). ئاوێکە لە شەودا هاتبێتە سەر شینایی (ز). بارانی ورد (ز).
خوناو: ئاوونگ.
خوناوکە: خوناو. بارانی ورد.
خونجان: گونجان.
خونجاندن: گونجاندن.
خونجانن: گونجانن.
خونجگا: د. شوێنێکە کە مەردووم بتوانێ تێیدا بسرەوێ.
خونجگە: د. خونجگا.

خونجیان: د. خونجان.
خونچە: گوڵێکە کە هێشتا نەگەشابێتەوە.
خونخوار: بریتییە لە زۆرداری ستەمکاری دڵڕەق.
خۆندن: خوێندن.
خۆندنخانە: خوێندنخانە.
خۆندنگا: خوێندنگا.
خۆندنگاه: خوێندنگاه.
خۆندنەوە: خوێندنەوە.
خۆندەوار: خوێندەوار.
خۆندەواری: خوێندەواری.
خونقین: ز. باران بارین بەوردی.
خونک: کەسێکە زۆر ئارەزووی دەستبازی و خۆ تێهەڵسوونی بێ. گونک ژمێر.
خونکار: وتەیەکە بەپاشایان دەوترێ.
خۆنمایی: د. خۆنواندن.
خۆنن: د. خۆندن. بریتییە لە گۆرانی وتن.
خۆننەوە: د. خۆندنەوە.
خۆنواندن: بریتییە لە خۆ دەرخستنی مەردووم بەکردنی شتی باش.
خۆنوانن: خۆنواندن.
خۆنووس: قەڵەمی قورقوشم.
خۆنوێن: کەسێکە کە خۆی بنوێنێ.
خۆنوێنی: خۆپیشاندان و خۆبردنە پێشەوە.
خۆنەوار: خوێندەوار.
خۆنەواری: خوێندەواری.
خۆنیشاندان: خۆنواندن.
خوو: ڕەوشتێکە کە گیاندار هۆگری بووبێ.
خووانچە: سینی.
خووز: هێز. نەخۆشەکە بێ (خووز)ە. زوقم.
خووز تێگەڕان: هاتنەوەی هێزی نەخۆش و کەوتنەوە سەرخۆی.
خووز تێگەڕانەوە: خووز تێگەڕان. ژیانەوەی درەخت.
خووز هێنانەوە: هاتنەوەیەکی برینی ئەندام و درەخت.
خووسار: ز. زوقمی سەر زەوی کە ببینرێ.
خووسان: نەرمبوونەوەی شتی ڕەق بەهۆی تەڕبوونییەوە. بریتییە لە دڵ نەرمبوونی کەسێک بەرامبەر بەیەکێک بۆ شتێک کە هیوای لێ نەکرێ.
خووساندن: نەرمکردنی هێندێ شت: سەرت (بخووسێنە) ئینجا بیتاشە. بریتییە لە دڵ نەرمکردنی یەکێک بۆ شتێک.
خووساندنەوە: نەرمکردنەوەی هێندێ شتی ڕەقەوەبوو.
خووسانەوە: تلیسانەوە و نەرمبوونی هێندێ شت.
خووساو: شتێکە بەهۆی تەڕبوونییەوە نەرم بووبێتەوە.
خووساوە: شتی خووساو.
خووسیاگ: د. خووساو.
خووسیان: د. خووسان.
خووگ: بەراز.
خووگەملە: گوریس کێشەکێ.
خوول: با. خۆڵ.
خوولی: با. خۆلی.
خوون: ز. خوێن.
خووهرا: ز. زۆرخۆر.
خووهری: ز. خۆزگە.
خووهستن: ز. خواستن.
خووهستەک: ز. خوازەڵۆک.
خووهستی: ز. خوازبێنی.
خۆ وێڵکردن: خۆگێلکردن.
خوە: با. ئارەقی ئەندام: من (خوە) دایە، واتە ئارەقم کردۆتەوە.
خۆە: ز. خوشک.
خۆهر: ز. خوار.
خۆهەڵبەست: شتێکی درۆیە کە یەکێک لە خۆیەوە هەڵی بەستێ.
خۆهەڵتڕاندن: بریتییە لە خۆ هەڵکێشانی یەکێک بۆ شتێک کە لێی نەوەشێتەوە.
خۆهەڵخستنەوە: هەڵپەڕ و داپەڕکردن.
خۆهەڵدان: خۆ هەڵکێشان.
خۆهەڵشرنگاندن: خۆ هەڵتڕاندن.
خۆهەڵکردن: چاککردن بەلادا و خۆ گردکرنەوە.
خۆهەڵکێش: کەسێکە کە زۆر خۆی هەڵبکێشێ بەقسەی پف هەڵدراو.
خۆهەڵکێشان: بریتییە لە مەدحکردنی یەکێک بۆ خۆی.
خوێ: شتێکی سپی زۆر سوێرە دەکرێتە ناو چێشت و نانەوە. خاوەن (د).
خۆی: بریتییە لە کەسێکی نادیار یا یەکێک کە ڕووی قسەت لێی نەبێ. ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران.
خۆبابوون: ز. پەیدابوون.
خۆیان: بریتییە لە چەند کەسێکی نادیار یا چەند کەسێک کە ڕووی قسەت لێیان نەبێ. پەیدابوون (ز).
خۆیانی: با. ئاشنا.
خوێ چەشتن: خواردنی کەمێک لە چێشت لەپێش تێکردنیدا بۆ ئەوەی کە بزانیت خوێی تەواوە یا نا.
خوێدار: د. خاوەندار. بریتییە لە شتی جوانی دڵچەسپ: ئەم شتە (خوێدارە) واتە جوانە.

خویداری: د. خاوەنداری.
خویدان: دەفریکی تایبەتییە هەر خوێی تێ دەکرێ. ڕۆکردنی خوێ بۆ ئاژاڵ.
خویدانە: دەفری خوێ.
خویرایی: د. خۆرایی.
خویری: گیانداری بەردلاّی سەرسەری.
خویررێژگە: چەند بەردێکی پانە خوێی لەسەر ڕۆ دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
خویز: د. زوقم.
خویزا: خوشکەزا.
خویس: د. سەهۆڵ.
خویسە: د. زوقم.
خویش: خزم.
خویشایەتی: خزمایەتی.
خۆیشک: خوشک.
خۆیشکەزا: خوشکەزا.
خویشی: خزمایەتی.
خویگ: خاوەن.
خویل: خێل.
خوێن: شتێکی سووری شلی گەرمە لەناو دەماری گیانداردا دێت و دەچێ. وتەیەکە بەدوای هێندێ ناودوە دەنووسێ و دەیکا بە(فاعل): قورئان (خوێن)، شانامە (خوێن)، داستان (خوێن). پارەیەکە لە خوێنی کوژراودا بدرێ.
خویناوی: شتێکە خوێنی تێوە چووبێ.
خوێنبایی: پارەیەکە لە خوێنی یەکێکدا دەدرێ.
خوێنبەردان: بەرەڵاکردنی خوێنی هێندێ دەمار بەنەشتەر.
خوێن تاڵ: بریتییە لە مەردوومی ئێسک قورس.
خوێن تاڵی: ئێسک قورسی.
خوێنجمان: خوێن جومان.
خوێن جومان: کاتی بەهارە کە جیهان گەرم دەبێ و خوێنی تێدا دەجووڵێتەوە.
خوێنخوا: د. کەسێکە داوای خوێن لە پیاوکوژ دەکا.
خوێنخوار: بریتییە لە دوژمنێکی وا کە بەخوێنی سەرت تینوو بێ.
خوێنخواری: د. داواکردنی خوێن لە پیاوکوژ.
خوێنخۆر: بریتییە لە پیاوکوژ.
خوێندن: فێربوونی نووسراو لای مامۆستا لەبەر یا لە پەڕاودا.
خوێندنخانە: جێگای خوێندن.
خوێندنگا: خوێندنخانە.
خوێندنگاه: خوێندنگا.
خوێندنەوە: دەورکردنەوەی شتی نووسراو.
خوێندەڤان: با. خوێندەوار.
خوێندەوار: کەسێکە کە خوێندبێتی.
خوێندەواری: بوونی مەردووم بەخوێندەوار.
خوێن ڕژاندن: بریتییە لە کوشتنی مەردووم.
خوێن ڕژانن: خوێن ڕژاندن.
خوێن ڕشتن: بریتییە لە کوشتنی مەردووم.
خوێنرێژ: بریتییە لە یەکێک کە مەردووم زۆر بکوژێ.
خوێنرێژی: بریتییە لە زۆر کوشتنی مەردووم.
خوێنسارد: بریتییە لە یەکێک کە دەردنگ ڕقی هەستێ.
خوێنساردی: بریتییە لە دەردنگ ڕق هەستان.
خوێن شیرین: بریتییە لە مەردوومی ئێسک سووک.
خوێنشیرینی: بریتییە لە ئێسک سووکیی مەردووم.
خوێنکردن: بریتییە لە کوشتنی مەردووم.
خوێن کردنە کاسە: بریتییە لە ڕەشکردنی یەکێک لای یەکێکی تر بەجۆرێکی زۆر خراپ.
خوێن کوژاندنەوە: بریتییە لە ئاشتی خستنە ناو کۆمەڵێکی خوێنە خوێ.
خوێنکەر: خوێنرێژ.
خوێنگرتن: گرتنی خوێن لە هێندێ ئەندام بەهۆی جنینی بەگوێزان و هەڵمژینی بەکەڵەشاخ.
خوێنگەرم: بریتییە لە خوێن شیرین.
خوێنگەرمی: بریتییە لە خوێن شیرینی.
خوێنمژ: بریتییە لە زۆرداری ستەمکار.
خوێنمژی: بریتییە لە زۆرداری و ستەمکاری.
خوێنمژین: خوێنمژی.
خوێنەخوار: خوێنەخوارە.
خوێنەخوارە: دوژمنی خوێنی.
خوێنەخوێ: خزمی نزیکی کوژراو.
خوێن هەڵهێنانەوە: هێنانەوەی خوێن بەدەم.
خۆیەتی: تێکەڵی و دۆستایەتی.
خویهدان: ز. ئارەقکردنەوە.
خۆیی: خۆیەتی. خاوەن (ز).
خویرک: با. مۆرانە.
خوبسان: خووسان.
خوبساو: خووساو.
خوبساوە: خووساوە.
خوبل: با. خێل. شتی خوار.
خوین: ل. خوێن.
خەبات: با. کۆشش و هەوڵدان.
خەبەر: با. جوێن: بۆچ (خەبەر) دبێژیت، واتە جنێو دەدەیت.

خەپار: وتەیەکە لەگەڵ وتەی (خڕ)دا بەکاردێنرێ: فیسار کەس منداڵ خڕ و (خەپار)ە، واتە خەپەتۆڵەیە.

خەپراندن: ز. خۆشکردنی زەوی بۆ چاندنی.

خەپکە: شتێکی درێژە کە هەردوو سەری هاتبێتەوە یەک و ئەڵقەی دابێ. خەپلە.

خەپلە: جۆرە کولێرەیەکە لە گەنم نەبێ.

خەپوولێ: د. پوولپەرست.

خەپەتۆڵە: گیانداری خڕ و قەڵەو.

خەپەخەپ: دەنگی گاگۆڵکێی منداڵ.

خەپەرە: گیانداری ساوای قەڵەو.

خەپەرەبوون: قەڵەوبوونی ساوا.

خەپەرەکردن: نوستنی هێندێ گیاندار وەک تووتکە سەگ و پشیلە بەگرمۆڵەیی.

خەت: کێڕی سەر کاغە یا سەر زەوی.

خەتات: دەرمانێکە لە برۆ دەدرێ بۆ رەشبوونی.

خەتاتی: ئارایش بەخەتات.

خەتدان: بریتییە لە دەرهاتنی مووی ریش و سمێڵ.

خەتکێش: راستەیەکە خەتی راستی پێ دەکێشرێ.

خەتەنەسووران: شاییەکە کە بۆ خەتەنەکردن بکرێ.

خەتەنەکردن: برینی چەرمی سەر چووکی کوڕ.

خەتیرە: ز. چوڵەچرا.

خەجیجووک: ز. گیایەکی گوڵ سوورە دەخورێ.

خەرار: جۆرە تەنراوێکی شاشی زبری مووینە زۆرتر تووتنی تێدا دادەگیرێ.

خەرامان: ئافرەتی شەنگ و شۆخ.

خەربەند: گیایەکی بەرزە تۆوێکی وردی هەیە دوکەڵەکەی بۆ ئەندامی قلێشاو باشە.

خەربەندە: با. قەتارچی.

خەربەنگ: د. جۆرە گەرچەکێکە. خەربەند.

خەرپشت: قوڕ و بەردێکە دەدرێتە پشت دیوار بۆقایمی.

خەرپنگ: خەرپونگ.

خەرپونگ: گیایەکی بەهاریی ئاوییە وەک پونگە وایە بۆ برینی پشتی وڵاخ باشە.

خەرپونگە: خەرپونگ.

خەرت: مەتە و کەوان و تیغێکە دارتاش داری پێ خڕ و لووس دەکا.

خەرتا: جۆرە شەڵتەیەکی گەورەیە.

خەرتە: زەویی دووجار کێڵراو.

خەرتەلە: گیایەکی گەڵاپانی بەهارییە وەک گەڵا توور وایە بەڵام ئەم سەلکی نییە.

خەرجی: جۆرە بافتەیەکی پانە دەنرێ بەقەراغی کەوا و سوخمەی ژنانەوە. ڕۆژانەیەکە دەدرێ بەمنداڵ.

خەردار: دوو داری ئەستوورە (پردەڵە) یان لەسەر رایەڵ دەکرێ.

خەرداڵ: پەلەورێکی گەورەی بۆری گۆشتخۆری کێوییە.

خەرات: دارتاشێکە کە دار خەرت بکا و کاسە و کەوچک و کەمۆڵەی لێ دروست بکا.

خەراتی: خەریکبوون بەخەرت و تاشینی کەوچک و کاسەوە.

خەرک: د. هەرگ.

خەرۆ: کەسێکە کە بایی بووبێ: بەکێ (خەرۆ) بوویت؟. کەسێکە کە تەفرەی خواردبێ. (خەرۆبوون) باییبوون. تەفرە خواردن: من بەقسەی تۆ (خەرۆ) بووم. (خەرۆکردن) تەفرەدان.

خەرە: د. مەردوومی خودسەری سەرڕەق.

خەرەک: شتێکی دارینە پەرەیەکی گەورەی هەیە دووخێکی پێوەیە بەدەسکەڵووجەیەک بادەدرێ و لۆکە و خوری پێ دەرێسرێ. بەردکێشی دارینە.

خەرەمە: د. نێرەکەر.

خەری: ل. قوڕ.

خەرز: جووتگرتنی گیاندار بێجگە لە ئادەمی (ز). گەرای کوللە و شتی تر (با).

خەرسانن: د. خەسانن.

خەرسکردن: قەبڵاندنی بەری بەرزە درەخت بۆ وەرگرتنی دەیەک لێی.

خەرسەک: سیپالی ئەستوور. کولێرەی ئەستووری زبر.

خەرکان: د. خەرکانە.

خەرکانە: برینێکی بەئێشی تەڕی پەرەسێنە بەدەموچاوی منداڵ هەڵدەپەڕێ.

خەرکاو: وتەیەکە هەمیشە لەگەڵ وتەی (خەریک) دەوترێ: خەریک و (خەرکاو)ی کردم.

خەرکۆڵ: کەرکۆڵ.

خەرکەمان: شتێکە وەک چیکەنەکەمەی دەف و بێژنگ و هێندێ شتی تری پێ دەچەمێنرێتەوە.

خەرکەوان: د. خەرکەمان.

خەرگۆلک: کەرەکێوی.

خەرمان: هێندێ شتی درواوەی کۆمەڵەکراوی بەناخڵە بۆ گێرەکردن و کوتانی وەک گەنم و جۆ و شتی تر دانراوە.

خەرمانان: مانگی حوزەیران.

خەرمانگا: جێ خەرمان.

خەرمان لۆخە: دانەوێڵەیەکە لەسەر خەرمان بدرێ بەهەژاران.

خەرمانلۆغە: خەرمان لۆخە.

خەرمانە: کێڕێکە لە هەورێکی تەنک هێندێ جار بەگردی مانگا پەیدا دەبێ و نیشانەی باران بارینە.

خەرمشک: د. مشکی دەشتی.
خەرموورگ: د. مووروەکەرانە.
خەرناز: نازکردنی یەکێک کەلێی نەیەت.
خەروا: شتی پەپکەی پانەوەبوو وەک پەنیر و هەنجیر و قیری پان
کراوە. تۆتۆبییە کە لەژێر ئاگردا برژێنرابێ.
خەروار: ناوە بۆ سەدمەن وشکەدان.
خەرە: ز. دیواری وشکە کەڵەک.
خەردبەنگ: د. خەربەنگ.
خەردفان: تێکچوونی ژیری و بیر لەبەر پیری.
خەردفاو: کەسێکە کە خەردفابێ.
خەرەفیاگ: د. خەردفاو.
خەردفیان: د. خەردفان.
خەردفین: د. خەرەفان.
خەردنگەز: جۆرە مێشێکی زلی سەوزە.
خەردنگەزە: خەرەنگەز.
خەریتە: شتێکە ڕاوچی بارووتی تێ دەکا لەکاتی ڕاوکردندا.
نەخشەی جیهان.
خەریک: کەسێکە بەکارێکەوە ئالابێ. (خەریکبوون): ئالان
بەکارێکەوە. (خەریککردن) ئالاندنی یەکێک بەکارێکەوە.
خەریکە: د. خەریک.
خەزام: ز. گەڵای زەردبووی درەخت لە پایزدا.
خەزن: د. ژن خوشک.
خەزوور: باوکی ژن و مێرد.
خەزووران: بەرەی خەزوور.
خەزوورە: خەزوور.
خەزەڵ: بزنێکە کە تووکی دەست و شانی زەردباوبێ.
خەزێم: قوڵفەیەکی زێڕینە ژنان دەیکەنە لووتیان بۆ جوانی.
خەزیووک: ز. چێشتی ترخێنە.
خەس: خەست.
خەسارە: ز. نیرگەی خانوو.
خەساس: کەسێکە گیاندار بخەسێنێ.
خەسان: خەسین.
خەساندن: کوتاندن یا دەرهێنان یا فلیقاندنەوەی گونی گیاندار بۆ
ئەوەی کە نەپەڕێ. شکاندنەوەی تەرزی تەماتە بۆ ئەوەی پەل
بهاوێ و بەر دابێڵێ. خەرسکردن (د).
خەسانن: خەساندن.
خەساو: گیاندارێکە خەسێنرابێ.
خەست: شتی شل کە ڕوون و تراو نەبێ.
خەستبوونەوە: توندبوونەوەی شتی شل.
خەستە: دۆیەکە کە کرابێتە ناو کیسەوە و توند بووبێتەوە.
نەخۆش.
خەستەخانە: شوێنی دەرمانکردنی نەخۆش.
خەستەک: وتەیەکە شتی زۆر شینی پێ دەشوبهێنرێ: بووە
بە(خەستەک)ی شین.
خەستەوی: جۆرە خورمایەکی نەرمە دەکرێتە حەلانەوە.
خەستی: بوونی شت بەخەست: چا بە(خەستی) مەخۆرەوە.
خەسردوانی: د. جۆرە کووپەیەکی زۆر گەورەیە.
خەسوو: دایکی ژن و مێرد.
خەسە: د. خەستەی توورەکە. نەخۆش. ماندووی شەکەت.
خەسەخانە: د. خەستەخانە.
خەسیاگ: د. خەساو.
خەسیان: د. خەسان.
خەسیاو: د. خەساو.
خەشۆ: مەردوومی شێتۆکەی گێل.
خەشیل: ز. جۆرە گیایەکە.
خەشیم: مەردوومی گێلی نادان.
خەفاندن: د. سەرداخستن.
خەفانن: د. خەفاندن.
خەفتان: خەفتیان. داری ناخودای کەشتی (د). کەشتیوان (د).
خەفتگ: خەوتوو.
خەفتن: د. نوستن.
خەفتوو: د. خەفتگ.
خەفتیان: چلەی زستانە کە تۆوی تێدا ناڕوێ.
خەفگ: ز. فاقە.
خەفگە: د. شوێنی نوستن. چاڵێکە شیشە تووتنی تێدا دادەنرێ
(د).
خەفۆک: گایەکە لە جووتکردندا بخەوێ. کەسێکە زۆر خەفەت
بخوا.
خەفە: شوێنێکە کە کپ بێ و بابوێری نەبێ. سەماوەرێکە کونی
گیرابێ و ئاگرەکەی ڕەش بووبێتەوە. گیانداری تاساو،
(خەفەبوون) کپبوون.
خەفەت: خەم و دڵتەنگی.
خەفەتبار: کەسێکە کە خەفەتێکی ببێ.
خەفەتباری: دڵتەنگی.
خەفەتخواردن: بریتییە لە خەفەت پەچنینە دڵ.
خەفەکردن: کپکردنی شت بەڕەنگێک کە بابوێری نەمێنی.
بریتییە لە کوشتن و سەرنگوون کردنی یەکێک.
خەفیاگ: د. لقی درەختێکە کە لەژێر زەوی توولکێش کرابێ بۆ
ئەوەی کە بنجێکی تری لێ سەوز ببێ.
خەل: با. کەڵەکە بەرد.
خەلات: شتێکە کە یەکێکی گەورە بیبەخشێ بەیەکێکی بەردو
خوارتر لە خۆی لە ڕووی پیاوەتییەوە.

خەلاتی: شتێکە کە بەخەلات بدرێ.
خەلان: ز. شکانی دەست و پێ.
خەڵپۆت: ژەکێکە کرابێتە ئاگردانی گەرمەوە و مەیی بێ.
خەڵتان: شوێنێکە لە ئەندام یا شتێکە کە زۆر خوێناوی بووبێ: سەری یا کراسەکەی (خەڵتان)ی خوێنە. خەلیلە.
خەلتانە: خەلیلە.
خەڵف: لقی یەکساڵەی درەخت.
خەڵوا: خەروا.
خەڵووز: پشکۆ ئاگری کوژاوە.
خەڵووزان: شوێنێکی تایبەتییە لە ماڵدا کە هەر خەڵووزی تێ بکرێ.
خەڵووزدان: خەڵووزان.
خەڵووزە: دەردێکە تووشی بێستان دەبێ ڕەشی هەڵدەگێرێ. ناوی دێیەکە لە مەریوان لە سنووری شلێر.
خەلوول: میچی قاچی ڕەشەوڵاخ.
خەلە: دەغڵ.
خەڵەتان: تەفرەخواردن.
خەڵەتاندن: تەفرەدان.
خەڵەتانن: خەڵەتاندن.
خەڵەتاو: کەسێکە کە تەفرەی خواردبێ.
خەڵەف: د. توێکڵی درەخت.
خەڵەفاگ: خەڵەتاو.
خەڵەفان: تێکچوونی مێشک لەبەر پیری.
خەڵەفاو: کەسێکە لەبەر پیری خەڵەفابێ.
خەلەفرۆش: کەسێکە پیشەی هەر خەلەفرۆشتن بێ.
خەڵەفیاگ: خەڵەفاو.
خەڵەفین: خەڵەفان.
خەلەندوور: ز. جۆرە گیایەکی شیرینە دەخورێ.
خەڵێف: پلوورەی تووڵینی هەنگ.
خەلیت: ز. دەرمان و ئەسبابی تفەنگی شینکە.
خەلیلە: گیایەکی بەهارییە گوڵێکی پژپژی دانەدانە دەگرێ پژەکانی دانی پێ دەئاژنرێ.
خەم: خەفەتی دڵ و دەروون. پێچی شت: ئەم دارە (خەم)ێکی تێدایە واتە پێچێک.
خەمازە: د. چاکڵە.
خەمبا: ناوسانێکی کەمە کە بکەوێتە جەستە و ئەندامی ئادەمیەوە.
خەمباتێکەوتن: کەوتنی خەمبا بۆ ناو جەستەی ئادەمی.
خەمبار: خەفەتبار.
خەمباری: خەفەتباری.
خەمخوار: کەسێکە کە بەخەم شتێکەوە بێ.
خەمخواری: بەتەنگەوەبوونی شتێک و خەم بۆ خواردنی.
خەمخۆر: خەمخوار.
خەمخۆرک: قڵیش و کونێکە کە لە هاویناندا لەبەر وشکی لە زەوی پەیدا دەبێ.
خەمخۆرکە: خەمخۆرک.
خەمخۆرە: خەمەخۆرە.
خەمخۆری: خەمخواری.
خەمڕەوێن: کەسێکە یا شتێکە کە خەم لە دڵدا لابەرێ.
خەمزە: غەمزە و ناز (د). ناوی دێیەکە لە شاربازێر.
خەمشەسەرێ: وتەیەکە بۆ کردنی کارێک بەکاردێنرێ کە بە ناپوختی و نارێکی بکرێ: تۆ کار (بەخەمشەسەرێ) مەکە.
خەمگین: خەفەتبار.
خەمل: ز. ئەسبابی جوانی لە چەک و کاڵا و خشڵ.
خەملان: خەمڵین.
خەملاندن: خەمڵکردن.
خەملانن: خەملاندن.
خەمڵکردن: دانانی ئەندازەیەک لە بڕ بۆ وشکەدان و بەری ڕەز و باخ بۆ باج لێ سەندنی.
خەمڵین: پێگەیشتن و بەخۆداهاتنی هەموو شتێک.
خەمڵیو: شتێکە کە بەخۆیدا هاتبێ.
خەمناک: د. خەمبار.
خەمۆش: خامۆش.
خەمۆشی: خامۆشی. سەبووری: زووزوو وەرە لام چونکی (خەمۆشی)م پێت دێ.
خەموور: ز. مەرێکە کە ناوچەوانی خاڵخاڵ بێ.
خەمەخۆرە: باڵندەیەکی گەورەی قاچ و مل درێژە هەمیشە بەماتی لە کەناری ئاو هەڵدەنیشێ.
خەمیلاندن: ز. جوانکردن.
خەمیر: ل. هەویر.
خەن: گەردن.
خەناوکە: ز. ملوانکە.
خەناووک: خەناوکە.
خەنجۆک: خەنجەر.
خەنجەر: تیغێکی تیژی کەوانەداری دەم پانی لووت باریکی دووخداری مشتوودارە دەخرێتە کێلانەوە و دەکرێ بەبەر پشتێندا.
خەنجەربازی: جۆرە یارییەکە هێندێ کەس بەخەنجەری ڕووت دەیکا.
خەنجەربالا: باڵ خەنجەرە.

خەنجەرباڵە: خەنجەربالاٚ.

خەنجەرددم: دار کونکەرد.

خەنجەرددمە: خەنجەرددم.

خەنجەرددمە: جۆرە کوللەیەکی کلک درێژە.

خەنجەلیس: ز. بنکی گیایەکە دەخورێ.

خەندەق: چاڵێکی قووڵی درێژە کە لە زەوی هەڵکەندرابێ.

خەندەق دانەوە: بناغەدانەوەی دیوار. هەڵکەندنی خەندەق.

خەنزراندن: ز. هەڵکڕووزاندنی مووی سەر و پێی ئاژاڵ لەسەر ئاگر بۆ پاککردنی.

خەنۆک: تانجییەکە لەبەر پیری بێ هێز بووبێ و نەتوانی ڕاو بکا و، لەبەرچاوی خاوەنەکەی خۆی بکوتێ و پەلاماری نێچیر بدا بەڵام کە دوور کەوتەوە خۆی بخەڵافێنێ. بریتییە لە کەسێک لەبەر بێهێزی خۆی بخەڵافێنێ لە کارێکدا.

خەنە: گەڵایەکی سەوزە دەهاڕێتەوە و ژنان بۆ جوانی لە سەر و دەست و پێیانی دەگرن. پێکەنین (د).

خەنەبەندان: بەکۆمەڵی خەنە تێگرتن لە شاییدا.

خەنەک: خەنۆک. خەندەق (د).

خەنیم: کەسێکە کە وەک یەکێکی تر وابێ لە دەسەڵات و هێز و تەواناییدا: فیسار کەس (خەنیم)ی دە کەسە واتە دەرقەتی دەکەس دێ، یا تۆ (خەنیم)ی فیسار کەس نیت، واتە هاوشانی ئەونیت.

خەنین: پێکەنین.

خەنینەوە: پێکەنین بەکوڵ کە بەدەنگی بەرز نەبێ.

خەو: بێ هۆشییەکە بەسەر گیانداردا دێ و دەبێ بەمایەی حەسانەوەی.

خەوار: ز. گیاندارێکە کە زۆر بنوێ.

خەواڵوو: کەسێکە کە خەو گرتبێتی.

خەوبردنەوە: نووچبردن بەدەم خەوەوە.

خەو بەسەر چوون: خەوزڕان.

خەوبینین: بینینی شت لە خەودا.

خەوپەڕین: خەوزڕان.

خەوتن: نوستن.

خەوتنان: کاتی نوستن لە شەودا.

خەوتوو: نوستوو.

خەوتەقین: خەوزڕان.

خەوخۆش: کەسێکە زوو خەوی لێ بکەوێ و درەنگ بێداربێتەوە.

خەوڕەوێن: شتێکە کە خەو نەهێڵێ.

خەوڕەوین: ڕەوینەوەی خەو و نەمانی.

خەوزڕان: خەوڕەوین.

خەوش: زیوان و پیسی ناوخەلە.

خەوگا: د. شوێنێکە بۆ نووستن دانرابێ.

خەوگران: کەسێکە کە خەوی قورس بێ و درەنگ بێداربێتەوە.

خەوگرتن: سەردانی خەو لە یەکێک و خەواڵووبوونی. قەدەغەکردنی خەو لە یەکێک بۆ سزادانی.

خەو لێکەوتن: هاتنی خەو بەسەر گیانداردا.

خەون: خەو.

خەوۆک: کەسێکە کە زۆر بنوێ.

خەوون: ز. خەوبینین.

خەوەنوچکە: وەنەوزەکوتێ.

خەوەنوچکێ: خەوەنوچکە.

خەیات: کاڵادروو.

خەیاتە: جۆرە هەودایەکی ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمە.

خەیاتەکێش: جۆرە دەرزییەکی باریکی کون پچووکە زۆرتر خەیاتەی پێوە دەکرێ.

خەیاتی: خەریکبوون بەدروومانی کاڵاوە.

خەیار: خواردەمەنییەکی سەوزە وەک ترۆزی.

خەیار چەمەر: جۆرە درەختێکی گەرمیانییە بەرێکی هەیە وەک لوولە قامیش وایە ناوەکەی خانەخانەیە چەند پەڕەیەکی تێدایە لەناویاندا دانەیەکی زەردی تێدایە پەڕەکانی لە ناودا دەسووڕێنەوە بۆ ڕەوانی دەدرێ بەمنداڵ.

خەیارە: جۆرە دومەڵێکی گەورەیە لە ئەندام پەیدا دەبێ و بەقەد خەیارێک دەبێ.

خەیانن: د. خایاندن.

خەیر: وتەیەکە لە وەرامی پرسیاردا دەوترێ و نەبوون دەگەیەنێ: (خەیر) لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێ خوێندووتە؟ واتە نەمخوێندووە.

خێ: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. خوێ.

خێت: د. کێڕ لەسەر کاغەز یا لە سەر زەوی.

خیپشنە: خیپشەملە.

خیپشەملە: مەردوومی کوڵەبنەی مل کورتی تێکسمڕاو.

خێچ: وتەیەکە هەمیشە لەدوای وتەی خواردوە بەکاردێنرێ و، هەر مەبەستی ئەو دەگەیەنێ: خوار و (خێچ).

خێر: چاکە بەکردار یا بەگوفتار لەگەڵ مەردووم یا گیانداری تر.

خێرا: گیانداری گورج و گۆڵ.

خێراتن: د. بەخێرهاتن کردنی کەسێک.

خێراندار: خێرەومەند.

خێراو: ئاوێکە لە سەرەڕێدا دابنرێ لە شوێنێکی دوور لە ئاو بۆ خواردنەوەی ڕێبوار بەخێر.

خێرایی: چاپوکی و گورج و گۆڵی.

خێردانەوە: بەهرە و کەڵکی شتێک بۆ یەکێک: ئەم باخە زۆر (خێر)ی دایەوە.

خێڕوو: خوێڕی. سەوزاییەکە لە جاری پێشووی خۆی سەوز بوویێتەوە.

خێرکردن: چاکەکردن.

خێر لێ بینین: بەهرە و کەڵک دەستکەوتن لە شتێکەوە.

خێرهاتن: خێراتن.

خێرەومەن: خێرەومەند.

خێرەومەند: کەسێکە زۆر خێر بکا.

خێرەوەدەر: شتێکە کە بەهرە و کەڵکی زۆری لێ وەچنگ بکەوێ.

خێز: ز. کێڕ.

خێزان: ژنی مەردووم. ئەو کەسانەن کە لەناو ماڵدا بەخێو بان دەکەیت.

خێزاندار: کەسێکە خێزانی زۆری بێ.

خێزەرە: چیلکە و چەواڵێکە لەسەر قامیشبەندی خانووەوە دادەنرێ.

خێزیان: د. هەستان.

خێسەکردن: مۆربوونەوە.

خێل: کەسێکە کە چاوی خوار و گێربێ. ئەو ژنانەن کە دەچن بۆ بووک (ز).

خێڵ: چەند ماڵێکی کۆچەری.

خێلاتی: کەسێکە کە خێڵنشین بێ.

خێڵەوخوار: کاتێکە کە خێلاتی پایزان لە کوێستانەوە دێن بۆ گەرمیان.

خێڵەوژوور: کاتێکە کە خێلاتی لە هاویناندا دەچن بۆ کوێستان.

خیلی: ز. سەرپۆش.

خێو: خاوەن. درنج.

خێوکردن: د. بەخێوکردن.

خێوەت: پارچە تەنراوێکی گەورەیە لە دەشتدا هەڵدەدرێ وەکو خانوو.

خێوەتگا: شوێنێکە کە خێوەتی زۆری تێدا هەڵبدرێ.

خیچ: خێل. کێڕ (با). ژدک (ز).

خیز: زیخ.

خیزار: ز. مشاری گەورە.

خیزان: هەژار.

خیزخوڕ: با. کەناری چەم و ڕووباری گەورە کە هاوینان ناوەکەی کشایەوە بکرێ بەشینایی.

خیزە: دەنگێکە لە سنگەوە دێ لە کاتی هەناسەداندا لەبەر نەخۆشی. (خیزەخیز) خیزەی یەک لە دوای یەک.

خیسار: با. سیخوار.

خیشکردن: متبوون و خۆ گیڤکردن لە قیندا.

خیشەخیش: نیخەنیخ و دامان بەدەست شتێکەوە.

خیگۆلکە: د. خیگەی پچووک.

خیگە: هیزە.

خین: خوێن.

د

دا: پیتێکە بۆ بەستنەوەی دوو وتار بەیەکەوە بەکاردێنرێ: لەگەڵ نەریمان(دا) بچۆ بۆ قوتابخانە، یا پیاوی باش لە جیهان (دا) خۆشەویستە. پیتی وریاکردنەوە: (دا) وەرە. پیتێکە دەکەوێتە پێش هێندێ ناو (اسم)ەوە مەعنای جوولانەوەیەکی سەر بەرەوخوار دەگەیەنێ: (دا)ماڵین، (دا) درین، (دا) خستن. دایک (ز)،

داب: ز. گوریسێکە لە مووی کلکی وڵاخ دروست کرابێ.

داباریین: کۆبوونەوەی چەند کەسێک یا چەند گیاندارێک بەسەر شتێکدا.

داباش: ز. باسکردنی شتێک.

دابران: جوێبوونەوەی شتێک لە شتێک: مەڕەکە لە ڕانەکە (دابرا). لەتبوونی شتێک بەهۆی شتێکی تیژەوە.

دابرکردن: برکردنی شتێک لە شتێک.

دابرین: بڕدان و جوێکردنەوەی شتێک لە شتێک: لایەکی لە زەوییەکەم (دابری).

برین: چەقۆکە یا دەزووەکە پەنجەی (دابڕیم). لەلەکردنی شتێک.

دابوون: سەرقەلانکردن و پشت دانەواندن لە هێندێ یاریدا لەکاتی تێکەوتندا.

دابەرزین: ز. سنگدانە پێشەوە بۆ جەنگ.

دابەزاندن: هێنانەخوارەوەی سوار لەسەر پشتی وڵاخ.

دابەزین: هاتنەخوارەوە لەسەر پشتی وڵاخ.

دابەستن: بەستنەوەی هێندێ ئاژاڵ و ئالیک پێدانی و چاودێریکردنی بۆ قەڵەوبوونی. بەستنی شتێک بەسەر شتێکی ترەوە: پاشکۆکەت (دابەستە). نییەت هێنان و چوونە ناو نوێژەوە: نوێژەکەی دابەست.

دابەستە: ئاژاڵێکە کە بۆ قەڵەوبوون بەسترابێتەوە.

دابەشکردن: بەش بەش کردنی شتێک بەسەر چەند کەسێکدا.

دابەلاندن: ز. قووتدان.

دابێژان: بێژانەوەی دانەوێڵە و ئارد بەبێژنگ و هێڵەک. کون کون بوونی شت بەهۆی گوللە یا مۆرانەوە.

دابێژدابێژ: شتێکە کە کون کون بووبێ.

دابین: گیاندارێکە کە ئارامی گرتبێ. (دابینبوون): ئارامگرتنی گیاندار. (دابینکردن) ئارام پێ گرتن.

داپاچین: داهێنانی لق و پۆپی درەخت بەڕەنگێک کە تیغەکەی سەر بەرەوخوار لێ بدرێ.

داپچران: داچەقان و دەمدانەوەی چاو و دەم و هێندێ شتی تر.

داپچڕاندن: داچەقاندن و دەمدانەوەی هێندێ شت.

داپچڕین: داپچڕاندن.

داپرووزقان: داپرووسقان.

داپرووزقانن: د. داڕووتاندن.

داپرووزقیان: د. داڕووتان.

داپرووسقان: د. داڕووتان.

داپرووسقانن: د. داپرووزقانن.

داپرووسقیان: د. داپرووزقان.

داپژان: ڕژان و پژان و بڵاوبوونەوەی دانەوێڵە و شتی تر.

داپسکیان: د. فسدانی مریشک بۆ کەڵەشێر.

داپسیان: د. داپسکیان.

داپلۆخان: سووتان و داماڵانی شوێنێک لە جەستە بەهۆی ئاگر یا ئاوی لە کوڵەوە.

داپلۆخاندن: سووتاندن و داماڵینی شوێنێک لە ئەندام بەئاگر یا بەئاوی لە کوڵ.

داپلۆخین: داپلۆخان.

داپلۆسان: داپلۆساندن.

داپلۆساندن: داپلۆستن.

داپلۆستن: داپلۆسین.

داپلۆسکان: د. داڕووتان.

داپلۆسکانن: د. داڕووتانن. ڕووتکردنەوە.

داپلۆسکیان: د. ڕووتبوونەوە. داڕووتان.

داپلۆسین: داگرتنی یەکێک بەلێدانی یەک لەسەر یەک.
داپۆشین: شاردنەوەی شتێک بەدانی شتێکی تر بەسەریدا. بریتییە لە ونکردنی دەنگوباسێک یا نەنگی یەکێک.
داپەڕین: هاتنە خوارەوەی گیاندار بەچالاکی لە بەرزییەوە بۆ نزمی.
داپێچان: پێچانی شتێک بەسەر شتێکی تردا.
داپیرۆشکە: ز. جالجالۆکە.
داپیر: نەنک.
داپیرک: با. مامان.
داپیرۆکە: داپیرۆشکە.
داپیرە: داپیر.
داتاشراو: شتێکە کە تاشرابێ.
داتاشین: تاشینی شتێک سەر بەرەوخوار. دروستکردنی وشەیەک لە وشەیەک.
داتروسکان: داچڵەکین.
داتروسکاندن: داتروسکانن.
داتروسکانن: داچڵەکاندن.
داتروسکیان: د. داتروسکان.
داتسیان: داتەپین.
داتسین: داتسان.
داتلیشان: تلیشان و لەتبوونی هێندێ شت لەباری درێژی.
داتلیشاندن: تلیشاندن و لەتکردنی هێندێ شت لە باری درێژی.
داتورسکان: ترسان و ڕاچەنینی گیاندار.
داتورسکاندن: ترساندن و داچڵەکاندن.
داتەپین: نزمبوونەوە و داتسانی بان و گوێسوانە. بریتییە لە پیربوون و بەناوداچوونی گیاندار.
داتەقاندن: کردنی نوێژ بەپەلە و دەستوبرد: نوێژەکەت (داتەقینە).
داتەکاندن: تەکاندن و ڕاوەشاندنی هێندێ شت سەر بەرەوخوار بەجۆرێک کە هیچی تێدا نەمێنێ.
داتەکیان: د. داتەکین.
داتەکین: بریتییە لە نابووتبوونی مەردووم: ئەوەندەم لە منداڵەکانمدا بەخت کرد (داتەکیم): واتە هیچم بەدەستەوە نەما. چۆڵبوونی دەفر لەو شتەی کە تیایەتی بەجۆرێک کە هیچی تێدا نەمێنێ. بریتییە لە پیربوون و بەناوداچوونی گیاندار.
داتەمیان: د. داتەمین.
داتەمین: د. نیشتنی تەم و خەم لە یەکێک.
داچاندن: تۆووەشاندن بەزەوییەوە. چین لەسەر چین دانانی هێندێ شت: بامیەکە داچێنە: واتە لەگەڵ گۆشت و تەماتەکەدا چین چین داینێ.

داچزان: چزانی شوێنێک لە ئەندام بەئاگر یا بەشتێکی داخ.
داچڵەکان: داتروسکان.
داچڵەکاندن: داتروسکاندن.
داچڵەکیان: د. داچڵەکین.
داچڵەکین: داچڵەکان.
داچنین: چنین و ڕیزکردنی شت لەسەر شت.
داچۆڕان: هاتنەخوارەوەی شتێکی شل لە شتێکی تر.
داچۆڕاندن: خوارکردنەوەی دەفرێک بۆ هاتنەخوارەوەی شتێکی شل لێی بەڕەنگێک کە هیچی تێدا نەمێنێ.
داچۆڕانن: داچۆڕاندن.
داچۆڕیان: د. داچۆڕان.
داچۆڕین: داچۆڕان.
داچوون: ڕۆچوون.
داچەقان: داچەقین.
داچەقاندن: بردنەخوارەوەی شتێک بەشتێکی تردا بەنهێم. داپچڕاندن.
داچەقانن: داچەقاندن.
داچەقیان: د. داچەقان.
داچەقین: چەقینی شتێک بەشتێکی تردا.
داچەکان: نارێکی و خواروخێچیی شان و مل.
داچەکاو: شان و ملی نارێکی خواروخێچ.
داچەکین: داچەکان.
داچەندن: داچاندن.
داحلاندن: داهێشتن.
داخ: خەفەت. پیتی دەربڕینی خەفەتی دەروون: (داخ) لە دەست ڕۆژگار. شوێنێکە لە جەستەی گیاندار کە سووتێنرابێ: لاجانگی (داخ)ی پێوەیە. شتی زۆر گەرم: چایەکە زۆر (داخ)ە، واتە زۆر گەرمە. ئاسنێکی سەرپانە جەستەی گیانداری پێ داخ دەکرێ.
داخدار: داخ لە دڵ.
داخراو: شتی ڕاخراو. شتی فڕێدراو. دەرگا و پەنجەرەی هەڵپێکراو.
داخریاگ: د. داخراو.
داخزان: ترازان و خلیسکانی شتێک لە شوێنێک.
داخزین: داخزان.
داخستن: ڕاخستن: قایمکردنی ئەڵقەڕێز و قفڵ و شمشێرەی دەرگا و هێندێ شتی تر. هەڵکەندن و چاڵکردنی شوێنێک لە زەوی: بناغەی دیوارەکە (داخە). گەرمکردنی حەمام و تەنوور. فڕێدان.
داخکردن: سووتاندنی شوێنێک لە جەستەی گیاندار. گەرمکردن و قرچاندنی ڕۆن لەسەر ئاگر.

داخ لە دڵ: کەسێکە دڵی پڕ بێ لە داخ و خەفەت لە دەست شتێک.

داخم ناچێ: داخەکەم.

داخۆ: ئاخۆ.

داخوا: داخۆ.

داخواز: کەسێکە شتێکی بوێ و هەوڵی بۆ بدا.

داخوازی: ویستنی شتێک و هەوڵدان بۆی. شتێکە کە بەدوایدا دەگەڕێیت.

داخواستن: خواستنی شتێک.

داخوران: داڕووخان و کەلەبەر تێکەوتنی شوێنێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە: ئەم دیوارە (داخوراوە).

داخوڕیان: داتروسکان.

داخوڕیاندن: داتروسکاندن.

داخوڕییان: د. داخوڕیان.

داخوزین: د. دابەزین لەسەر ولاخ.

داخوستن: د. داخوزین.

داخۆم: د. داخۆ.

داخەکەم: وتەی دەربڕینی خەفەت.

داخی بەجەرگم: داخەکەم.

داخی داخانم: داخەکەم.

داخی گرانم: داخەکەم.

داد: نەکردنی جەور و ستەم. وتەی دەربڕینی داخ و خەفەت: (داد) لە دەست پیاوی خراپ.

دادا: نەنک (ل). دایک (د). دایەن (د).

دادار: خوا.

دادان: تیژکردنی سەری دار و قەڵەم. قوڕ ڕۆکردن لەسەر چینی دیوار. چوونە خوارەوە و دەڵاندنی شتی شل: حەوزەکە ئاو (دادەدا) یا کووپەکە ڕۆن (دادەدا). دامەزراندنی کەلووی گۆرەوی و لفکە: سەری لفکەکە یا گۆرەوییەکە (دادە). دامەزراندنی مەشق بەنووسینی دێرێک لە سەری لاپەڕەوە بۆ ئەوەی کە لەبەری بنووسرێتەوە: مەشقم بۆ (دادە). داخستنی دەرگا (ز).

دادانەوە: شۆڕکردنەوەی پەردە و دەرابە و هێندێ شتی تر.

دادبەر: کەسێکە کە شکات لە یەکێک بکات و داد بباتە لای داد پرسێک.

دادپرس: کەسێکە هاواری جەور و ستەم بپرسێ.

دادپەروەر: کەسێکە کە جەور و ستەمی پێ ناخۆش بێ.

دادخوا: د. دادبەر.

دادخواز: د. دادخوا.

دادخوازی: د. دادخوایی.

دادخوایی: د. سکاڵاکردن.

دادڕان: دڕانی کاڵا و هێندێ شتی تر لەسەر باری دڕێژی.

دادڕ دادڕ: کاڵایەکە لە گەڵێ لاوە سەربەرەوخوار دڕابێ. شوێنێکە لە زەوی کە ناوبەناو ئاو دایدڕیبێ.

دادڕەس: فریاڕەس.

دادڕەسی: فریاڕەسی.

دادڕین: دڕاندنی شت لەسەر باری دڕێژی.

دادروون: دروونی شتێک بەسەر شتێکی تردا. بریتییە لە خەنجەردان لە یەکێک.

دادگە: مەحکەمە.

دادنووس: کاتبی عدل.

داد و بێداد: داد و فوغان.

دادۆشین: دۆشینی گوانی گیاندار بەنهێم. دەست بەئەندامی لەجێچوودا هێنان لەناو ئاوی گەرمدا بۆ هێنانەوەجێی خۆی. بریتییە لە داڕووتاندنی مەردووم بەناخونەک.

داد و فوغان: هاوار و کرووزانەوە.

دادوەر: قاضی.

دادوەری: قضاء.

دادە: خوشکی گەورە. دایک (د).

دادی: د. دایەن.

دار: لقی گەورەی درەخت کە لێی بووبێتەوە. درەخت: لەژێر سێبەری دارەکەدا نوستم. ئەندازەیەکە وەک ڕبە خوتی پێ دەپێورێ. پیتێکە دەنرێ بەدوای هێندێ ناوەوە، خاوەنداریی یەکێک دەگەیەنێ بۆ ئەوناوە: دەفتەر (دار)، کلیل (دار)، خەزنە (دار)، تاج (دار).

دارا: دەوڵەمەند. جۆرە دەرمانێکی تیژە لەگەڵ دەرمانی چاودا بەکاردێنرێ.

دارانەوە: بووردنەوە و بەلاداهاتن: فیسار کەس کوتوپڕ (دارایەوە).

دارایی: دەسەڵات و دەست ڕۆیشتن. جۆرە پەشتەماڵێکە. دەرمانێکی تیژە بۆ چاو بەکاردێنرێ کە پێی دەڵێن (دارا).

درباسقەندە: جۆرە دارێکە دارجگەرە و داردەستی لێ دروست دەکرێ.

درباسقەنگە: درباسقەندە.

داربر: ز. گیاندارێکی پچکۆلەیە لە دڕندە.

داربڕ: دارکەر.

داربۆکردن: بریتییە لە تۆڵەسەندن لە یەکێک: فیسار کەس دارێکی بۆ فیسار کەس کرد، واتە تۆڵەی خۆی لێ سەند بەتەواوی.

داربەس: داربەست.

داربەست: چەند دارێکە لە شوێنی بەرز لێک دەدرێن وەستا کاری لەسەر دەکا.

داربەند: داربەست.

داربەندەخوێن: دارێکی لووسی بارێکی کورتە بەندە خوێنی پێ هەڵدەکێشرێ لە دەرپێ و ڕانک و شەرواڵ و دەمەرقۆیان.

داربێرە: دوو داری دوو پەلە سەرە دوو پەلەکانیان دەخرێتە سەر زەوی، سەرەکەی تریان یەکێکیان بستێک بەرەوخوار کونێکی تێدایە، سەری ئەوی دیکەیانی پێدا دەکرێ بەرەنگێک کە سەری هەردووکیان تێکپەڕێ، ئەم دارە لە مۆڵگەی ئاژاڵ دادەنرێ بۆ ئەوەی کە شوان لە سەری دانیشێ و سەری ئاژاڵە دۆشەنییەکان بگرێ بۆ دۆشین.

دارپاچ: د. تەورداس.

دارتاش: وەستایەکە لە دار و تەختە شت دروست بکا.

دارتاشخانە: شوێنێکە کە دارتاشیی تێدا بکرێ.

دارتاشی: پیشەی دارتاش.

دارتەپان: تەپەی جۆلایی.

دارتەرم: شتێکی درێژی لاوانەداری دەسک دارینە مردووی پێ هەڵدەگیرێ.

دارتەقینە: د. دار کونکەرە.

دارتەل: کۆڵەکەیەکی دار یا ئاسنە کە تەلی کارەبا یا تەلەفۆنی پێدا ڕاپەنگێورابێ.

دارجگەرە: دارێکی کون تێکراوە جگەرەی پێ دەکێشرێ.

دارچین: دارچینی.

دارچینی: توێکڵە دارێکی سوورکاری بۆنخۆشی گەرمیانییە لێ بەچایی دەنرێ و لەگەڵ بەهاراتیشدا بەکاردێنرێ.

داردەست: دارێکی ڕاستی لووسە کە بگیرێ بەدەستەوە.

دارزان: ڕزان و داوەشانی شت.

دارزاو: شتی ڕزاوی داوەشاو.

دارزیاگ: د. دارزاو.

دارزیان: د. دارزان.

دارزین: دارزان.

دارژان: هاتنە خوارەوەی باران بەلێزمە.

دارژاندن: دارشتنی هێندێ شت بەقاڵب.

دارژیان: د. دارژان.

دارسان: پەلاماردان.

دارسکاندن: ڕاپسکاندن.

دارشتن: تواندنەوەی شتێک و کردنە ناو قاڵبی. دارژان.

دارشتە: شتی دارێژراو.

دارنین: دەستهێنان بە لق و پۆپی درەختدا بۆ داماڵینی گەڵای. داتاشینی سواغی کۆنی دیوار.

دارۆچکە: شتی شۆڕەوەبوو، (دارۆچکەکردن): شۆڕکردنەوەی شتێک لە بەرزییەوە.

داروو: دەرمانێکی تیژە لە قسڵ و زەرنیق دروست دەکرێ لە هەر شوێنێکی موودار بدرێ دەیرووتێنێتەوە.

دارووتان: ڕووتبوونی درەخت لە گەڵا و لق و پۆپ. ڕووتبوونی سەر و پێ لە موو.

دارووتاندن: ڕووتاندنەوەی لقی درەخت لە گەڵا. ڕووتکردنەوەی یەکێک و هیچ پێ نەهێشتنی. کردنەوەی موو لە سەر و پێ.

دارووتانن: دارووتاندن.

دارووجان: گیایەکی باڵا بەرزە زۆرتر لەناو مەرەزەدا دەڕوێ، دەنکی وەک دەنکی (کەردر) وایە.

دارووخان: ڕووخانی دیوار و کۆسپایی سەربەرەوخوار. دارووخانە (د).

دارووخاندن: ڕووخاندنی دیوار و کۆسپایی سەربەرەوخوار.

دارووخانە: شوێنێکە لە حەمام کە داڕووی تێدا دەگیرێ.

دارووخیان: د. دارووخانی دیوار و شتی تر.

داروگرتن: هەڵسوونی داروو لە موو لە حەمامدا.

دارێژگە: قاڵب.

دارێژی: دارشتن.

دارژمێر: ژماردنی هێندێ شت بەدار وەک ئاژاڵ و خشتی هەڕدکراو.

دارستان: شوێنێکە کە درەختی زۆری تێدا بێ.

دارسان: دارستان.

دارشەق: دوو دارە دەدرێتە بن باخەڵ بۆ پێ ڕۆیشتنی لەکاتی شەلیدا.

دارشەقێن: دارێکی تایبەتییە یاریی (شەقێن)ی پێ دەکرێ.

دارقان: با. دارکەر.

دارقەپان: دارێکی گردی لووسە دوو کەس دیخەنە سەر شانیان و شتی پێ لە قەپان دەدەن.

دارقەندە: دارێکی درێژی کونکراوە دەکرێ بەکونی قەندەدا.

دارقەوام: ز. شتێکە داری خواری پێ ڕاست دەکرێتەوە.

دارک: لاسک و دەماری وشکەوەبووی توتن.

دارکاری: لێدانی گیاندار بەدار یەک لەسەر یەک.

دارک بژێر: کەسێکە دارک لە توتن جیا بکاتەوە.

دارکردن: برینی دار بۆ سووتاندنی.

دارکنێر: درەختێکی بۆنخۆشی کوێستانییە داردکەی لە داری چوالە دەچێ.

دارکونکەرە: باڵندەیەکی دەنووک درێژی سەر سووری بەرسنگ زەردی سەر باڵ ڕەش و سپییە بەقەد ڕیشۆڵەیەک دەبێ.

دار کەپیچان: وتەیەکە مەردوومی زۆر لەڕ و لاوازی پێ دەشوبهێنرێ: فیسار کەس دەڵێی (دار کەپیچان)ە، واتە وەک دارێکی ڕەق وایە کە پەڕۆی تێوە پێچرابێ.

دارکەر: کەسێکە کە دار بەزۆری ببڕێ بۆ سووتاندن.
دارگــوڵ: دارێکە ڕەنگی لە داری بناو دەچێ گــوڵێکی ســپی دەگرێ. شتێکە لە وێنەی بنجی گوڵەباخ لە دار و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێ.
دارگەز: دارێکی باریکی جیــرە لە داری سەرو دەچێ لە قــەراغ رووبار شین دەبێ، گــەڵای ریشــاڵ ریشـــاڵە و بەتەری دەسووتێ، لقەکانی لە گەزی پێوان دەچێ.
دارماڵ: بریتییە لە دەفرێک کە لێوانلێو بێ لە شتێکی وشک بەبێ قەڵاکردنی. دارماڵکردن: لێوانلێوکردنی دەفرێک لە شتێکی وشک.
داروبار: بریتـــییـــە لە قـــەڵافــەت و قــەبارەی شت: نەریمان (داروبار)ێکی بەهێزی هەیە.
داروودەسە: د. دەستە و دایەرە.
داڕۆغــە: کەسێکە لەلایەن دەوڵەتەوە پاسەوانی ئاسایشی پێ سپێردرابێ.
داڕۆغەبازاڕ: حەسحەسی بازاڕ.
داربەن: درەختــێکی بۆنخۆشە قــەزوان دەگرێ و بنیشــتــەتاڵ دەردەدا.
دارەت: چونێتی و حاڵەت: خۆت لەو (دارەت)ە مەدە واتە خۆت وابپێـشـــان مـــەدە، ئەم وتەیە هەر لە نەبوون (نفی)دا بەکاردێنرێ.
دارەتەرم: د. دارتەرم.
دارەدار: د. دارەدارە.
دارەدارە: هەستانە سەرپێی منداڵی ساوا لەپێش پێ گرتنیدا.
دارەڕا: ئەو دارانەیە کە ڕایەڵی خانووی پێ دەکرێ.
دارەڕش: داری بناو.
دارەسمە: د. دارکونکەرە.
دارەشکێنە: دەرمانێکی سەوزی تیژی سووتێنەرە دەکرێ بەهێندێ برینی پیسەوە.
دارەکەوە: هـ. دارکونکەرە.
دارەگەز: دارگەز.
دارەگەڵ: درەختێکی گەورەیە کە لە سەرەوە دوو ناوپەلی قوولی بێ گەڵای داربەڕووی تێدا هەڵچنرێ بۆ ئاژاڵ.
دارەمەیت: دارتەرم.
دارەوان: گیاندارێکە لە هەڵگەڕان بە دار و درەختدا چالاک بێ.
دارەوەن: درەختــێکی تۆپی چڕی گــەڵا وردی خــرە، قــۆزاخــەیەک دەگرێ ناودەکەی پڕە لە مێشووله.
دارهەلووک: دارێکە لە هەلووکی پێ دەدرێ.
دارێ: هـ. داس.
داریانەوە: د. دارانەوە.
داریلانک: با. گوڵێکی جوانی کوێستـانییـە کە (ئەستـرانە)ی لەسەر بوترێ یا لەسەری بلاوێنرێتەوە گوڵەکەی هەڵدەوەرێ.
دارین: شتێکە لە دار دروست کرابێ.
دارینە: دارین. نانەشان.
دارینەوە: دارانەوە.
داژەنین: کــردنەوە و لەیەک هەڵوەشـاندنی پارچەی سـەعـات و تفەنگ و دەمانچە و شتی تر.
داس: ئاسنێکی کلک دارینی دەم کــەوانەییــیــە درووێنەی پێ دەکرێ.
داسپارن: د. ڕاسپاردن.
داستان: بەسەرهات و سەرگوروشتە.
داسخاڵە: داسێکە هەرگیای پێ دەدروێ.
داسرەفتن: د. سرەوتن.
داسرەوین: د. داسرەفتن.
داسک: دەزوو: فیسار کەس بووە بە(داسک) و دەرزی.
داسماڵ: باکۆدانی گیا بەداس.
داسولکە: داسی پچووک.
داسووک: ز. داسولکە.
داسەکنان: ئارامگرتن و دامرکان.
داش: چەند پارچەیەکە لەسەر تەختەی دامە و شەترەنج یارییان پێ دەکرێ. کوورەی ئاگر (د).
داش بەداش: دانی داشێک بەداشێک لە یاری دامەدا. بریتییە لە وتن یا کردنی شتێک بەرامبەر بەشتێکی تر.
داشت: هێشتنەوەی ئاژاڵی مێینە بۆ سک و زا.
داشتن: داشۆرین.
داشدیار: بنەوانی مەردووم لە ماڵدا.
داشکاندن: شکاندنی ئاو بۆ سەر زەویوزار. حیسابکردنی شتێک لەباتی شتێکی تر: لەو پارەیە کە لەلاتە ڕۆژانەکەی ئیمڕۆتی لێ (داشکێنە).
داشکانن: داشکاندن.
داشکەلەرم: قومری.
داشۆڕیان: د. شۆڕبوونەوەی شتێک بەجۆرێک کە تەکەتەکی بێ.
داشۆرین: شۆڕینی شتێک بەبەرزییەکەوە سەربەرەوخوار.
داشەهارە: تاقە داشێکە بەدەست یەکێک لە یاریکەرانی دامەوە دەمێنێتەوە و، لە ڕاستە دەتوانێ بەهەموو لایەکدا بجوولێ.
داشێ: د. برای گەورە.
داشێلان: شێلانی هەویر و قوڕ و هێندێ شتی تر بەدەست یا بەپێ.
داغ: داخ.
داغانکردن: بەربادکردنی شت.

داغدار: داخدار.
دافرەقان: داوەشان.
دافرەقیان: د. دافرەقان.
دافرەقین: دافرەقان.
دافەتان: دافرەقان.
دافەتین: دافرەقین.
داقرچیان: د. هەڵقرچان.
داقڵیشان: قڵیشانی شت لەباری درێژی.
داقڵیشاندن: قڵیشاندنی شت لەباری درێژی.
داقنین: دافەتان: یاخوا (داقنییت) واتە داوەشێیت.
داقەڵەشان: داقڵیشان.
داقەڵەشاندن: داقڵیشاندن.
داک: دایک.
داکاسیان: د. داکاسین.
داکاسین: هێدیبوونەوە و دامرکان.
داکتن: ز. شۆڕکردنەوەی شتێک.
داکردن: ڕۆکردنی وشکەدان لە دەفرێکەوە بۆ دەفرێکی تر. دامەزراندن و تاقەتکردنی گیاندار: میوانەکان یا ئاژاڵەکە (داکە). دەستپێکردنی باران: باران (دایکرد). تێخستنی یەکێک لە یاریدا. دانانی دراو یا گوێز لە یاریی مووشێندا بەڕیز: مووشەکان (داکە).
داکرمان: داکرماندن.
داکرماندن: وردکردن و هارینی شتی ڕەق بە ددان.
داکشان: هاتنەخوارەوەی شتێک لە بەرزییەوە بەگورجی.
داکشاوی: نەلفێکی پچکۆلانەیە لەژێر پیتێکی عەرەبیدا دەنووسرێ کە (ی)ی بەدەمەوە بێ.
داکوتان: بردنەخوارەوەی سنگ و بزمار بەشوێنێکدا بەنهێم.
داکوتاندن: داکوتان.
داکورۆژین: داکورۆشتن.
داکورۆشتن: خواردن و وردکردنی شتی ڕەق بە ددان.
داکوژان: برانەوەی چنینی گۆرەوی و لفکە و هێندێ شتی تر.
داکوژاندن: برینەوەی چنینی گۆرەوی و لفکە: لفکەکە (داکوژێنە) واتە ئیتر لێی مەچنە.
داکوژانن: داکوژاندن.
داکوژیان: د. داکوژان.
داکۆکی: د. پشتیوانداری. کۆشش و هەوڵ و تەقەلا.
داکەسین: داسەکنان.
داکەفتن: د. داکەوتن.
داکەندن: داماڵینی کاڵا یا هێندێ چەک لە ئەندام وەک ئەموستیلە و گوارە.
داکەنن: داکەندن.
داکەوتن: کەوتنە خوارەوەی شتێک لە بەرزی. نزمبوونەوەی شتێکی بەرز: نیرگەکە (داکەوتووە) واتە نەویوە. دەست هەڵگرتن و وازهێنان لە کارێک: (داکەوە) واتە وازبێنە. بریتییە لە پیربوون و بەناوداچوونی گیاندار. قەناعەتکردن بەو بەشەی کە هەتە.
داکەوتوو: شتێکە کە داکەوتبێ.
داکێشان: ڕاکێشانی شتێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە.
داگا: نەنگ.
داگرتن: هێنانەخوارەوەی شتێک لە بەرزییەوە. داپۆشین و داگیرکردنی شتێک بۆ شتێک: هەور ئاسمانی داگرت. پڕکردنی هێندێ شت لە وشکەدان و هێندێ شتی تر. باری خۆت (داگرە). بریتییە لە لێدانی یەکێک بەزۆری: فیسار کەس فیسار کەسی (داگرت) واتە دەستی کرد بەلێدانی. بریتییە لە قسەکردن بەزۆری: فیسار کەس فیسار کەسی بەقسە (داگرت).
داگرتنەوە: پەستانەوە و گێڕانی بان بۆ ئەوەی توند ببێتەوە و دڵۆپە نەکا. هەڵپێچانی سەری دوو پارچە بەدروون کە لە پێشەوە لە یەک درابن. پڕکردنەوەی قەوانی فیشەک بەباروت و تەرەقە.
داگوشین: گوشین و دەستهێنان بەشتێکی نەرمدا سەربەرەوخوار.
داگەڕان: هاتنەخوارەوە لە شوێنێکی بەرز.
داگیرسان: هەڵگیرسانی ئاگر و چرا. بریتییە لە داهێزران و تا لێ هاتنی جەستە: لەشم (داگیرساوە).
داگیرساندن: هەڵگیرساندنی ئاگر و چرا.
داگیرسانن: داگیرساندن.
داگیرسیان: د. داگیرسان.
داگیران: گرانبوونی گوێ. قورسبوونی جەستە لە نەخۆشییەوە. داگیرسان.
داگیراندن: داگیرساندن.
داگیرانن: داگیراندن.
داگیرکراو: شوێنێکە کە دەوڵەتێکی بێگانە داگیری کردبێ. شتێکە کە یەکێک داگیری کردبێ.
داگیرکردن: بردان و بردنی شتێک بەزۆر.
داگیرکەر: کەسێکە کە شتێکت لێ داگیر بکا. دەوڵەتێکی بێگانەیە کە خاکی دەوڵەتێکی تر داگیر بکا.
داگیریان: د. داگیران.
دال: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
داڵ: مەلێکی گەورەی گۆشتخۆری بەسزمانە. هێشوو ترێی شاش. بریتییە لە گیانداری لاواز.

دالاش: مەلێکی گۆشتخۆرە لە داڵ پچووکترە.

دالان: جێگایەکی سەرگیراوە بەدەم قاپیی حەوشەوە.

دالاندار: ل. خانچی.

دالان دوورەپ: ژنی قووچی لۆقنی لاواز.

داڵبوون: بریتییە لە لاوازبوونی گیاندار.

داڵدە: پەنا و پشتیوان: فیسار کەس (داڵدەیەکی) باشە.

داڵدەدان: پشتیوانیکردن و پەنادان.

داڵدەهێنان: پەنابردنی یەکێک بۆ یەکێک.

دالستن: لستنەوەی شت.

دالک: ل. دایک.

دالکان: د. نووسان و لکانی شتێک بەسەر شتێکی تردا.

دالکاندن: نووساندن و لکاندنی شتێک بەسەر شتێکی تردا.

دالکانن: دالکاندن.

دالکەدزان: د. دەستەک دز.

دالکیان: د. دالکان.

داڵۆچکە: شتێکە لە شوێنێکی بەرزەوە داهێڵرابێتە خوارەوە.

داڵۆزکە: د. داڵۆچکە.

داڵووت: د. داڵیت.

داڵووچانن: د. دارۆچکەکردن.

داڵووچکە: د. داڵۆچکە.

داڵووچە: د. داڵۆچکە.

داڵووچیان: د. شۆڕبوونەوەی شتێک لە بەرزییەکەوە.

داڵووزان: د. داڵۆچکە.

داڵووزکە: د. داڵۆچکە.

داڵووسکە: د. داڵووزکە.

داڵەرۆچکە: دارۆچکە.

دالەقاندن: ز. هەڵواسینی شتێک بەشتێکدا.

داڵەکەرخۆر: مەلێکی گۆشتخۆرە و لە هەموو جۆرە داڵێک گەورەترە.

داڵە کەرخۆرە: داڵە کەرخۆر.

داڵیە: ل. سێ پێوانە یا سێ ژمارەیە لە شتێک.

داڵیت: مێوێکە کە چووبێ بەقەد درەختێکدا.

دام: داو.

داماگ: د. داماو.

داماگی: د. داماوی.

داماڵان: لێبوونەوەی شتێک لە شتێک: پەتەکە لە ملی دابەستەکە (داماڵاوە). بریتییە لە لاوازبوونی یەکێک: فیسار کەس پەنجەتایەک (داماڵاوە).

داماڵیاگ: د. داماڵاو.

داماڵیان: د. داماڵان.

داماڵین: داکەندنی شتێک لە شتێک. لابردن و ماڵینی شتێک لە شتێک بەدەست: مەنجەڵە ماستاوییەکە (داماڵە).

دامان: دەستەوسانبوونی مەردووم و پەککەوتنی لەسەر شتێک.

داماو: کەسێکە کە لەسەر شتێک پەکی کەوتبێ.

داماوی: دەستەوسانی.

دامردن: نەمانی گڕی ئاگر.

دامردنەوە: دامردن.

دامرکان: لە بزووتن و جووڵەکەوتنی شتێک.

دامرکاندن: لە بزووتن و جووڵەخستنی شتێک.

دامرکانن: دامرکاندن.

دامرکیان: د. دامرکان.

داملەچەقان: نیوونی بەرکەڵ.

دامۆچانن: د. تیژکردن و هانەهانەدان.

دامۆچیاگ: د. کەسێکە کە تیژ کرابێ و هانەهانە درابێ.

داموسک: مووی کلکی وڵاخی یەکسم.

dامووچانن: د. دامۆچانن.

دامووچیاگ: د. دامۆچیاگ.

دامووس: داموسک.

داموسک: داموسک.

دامە: جۆرە یارییەکە بەدوو کەس دەکرێ لەسەر تەختەیەکی شەست و چوار خانەیی و، هەریەکەی بەشانزە داش.

دامەرزان: د. دامەزران.

دامەرزاندن: د. دامەزراندن.

دامەرزانن: د. دامەزراندن.

دامەرزیان: د. دامەزران.

دامەزران: جێگیربوونی شتێک لە شوێنێک.

دامەزراندن: جێگیرکردنی شتێک لە شوێنێک.

دامەزرانن: دامەزراندن.

دامەزراو: شتێکە کە لە شوێنێک جێگیربووبێ.

دامەلاغاسی: کەسێکە کە ڕووت کرابێ هیچی پێ نەهێڵرابێ. (دامەلاغاسیکردن) ڕووتکردنی مەردووم و هیچ پێ نەهێشتنی.

دامەن: دامێن.

دامێن: لای خوارووی هەموو شتێک. چمکی کەوا.

دامێنگرتن: بریتییە لە هانابردن بۆ یەکێک.

دامێنگیر: بریتییە لە کەسێک کە هانات بۆ بێنێ.

دامێنگیری: دامێن گرتن و هانابردن.

دان: دووریز ئێسقانی دانەدانەیە کە لەسەر پووکی گیاندار دەڕوێ و خواردەمەنیی پێ ورد دەکا. بەخشینی شتێک بەیەکێک. دانەوێڵەیەکە بدرێ بەباڵندە. بەری چێشتی شل: ئەم چێشتە

(دان)ی کەمە. بریتییە لە کەمێک لە هەموو شتێک: (دان)ێک گۆشتم بەرێ، واتە کەمێک. پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(اسمی مکان): ئاگر(دان)، خوێ(دان)، گوڵ(دان). پیتێکە دەنرێ بەهێندێ ناوەوە دەیکا بە(مصدر): فڕێ(دان)، ناو(دان)، ئازار(دان).

دانا: مەردوومی تێگەیشتووی وریا.

دانار دانار: شتێکە کە دانەدانە وەستابێ و نەچووبێ بەسەر یەکدا: ئەم قوبوولییە (دانار دانار)ە.

دان ئاڵبوونەوە: سڕبوونی ددان بەهۆێ خواردنی شتی ترشەوە.

دانامە: د. مووی ڕەش و سپی.

دانان: جێگیرکردنی شتێک لە شوێنێک.

داناو: د. ئاودانی گەنم لە کاتی دان گرتنیدا.

دان بەخۆداگرتن: بریتییە لە ئارام و خۆگیری لەبەر بارێکدا.

دانپیانان: بریتییە لە ڕاستی وتنی شتێک.

دان جیڕکردنەوە: دان ڕیچکردنەوە.

دان چوونەکلیلە: ددەم چوونەکلیلە.

داندۆک: دۆینە.

دان ڕیچکردنەوە: لچ هەڵقورتاندن و دەرخستنی ددان.

دانساز: کەسێکە کە ددان دروست بکا.

دانسازی: خەریکبوون بەپیشەی ددان دروستکردنەوە بۆ ئەم و ئەو.

دان سپیبوونەوە: بریتییە لە سام لاچوون و ترس شکانی یەکێک لە یەکێک: دانی خۆت (سپی مەکەرەوە) لە منداڵەکانت.

دانسقە: شتی تایبەتی و نایاب.

دانشتن: د. دانیشتن.

دانکردن: د. دانگرتن: گەنمەکە دانی کردووە: واتە دانی گرتووە.

دانکە: دەردێکە تووشی هێندێ باڵندە دەبێ.

دانگ: بەشێک لە شەش بەشی زەویوزار: سێ (دانگی) ئەو دێیە هی منە. شەش یەکی قرانێک. ئەندازە و پلە: فیسار کەس سی ساڵ لەمەوپێش چۆن بووە ئێستاش هەر لەو (دانگە)دا ماوە.

دانگا: دەمێک: مەرەکان (دانگا)یەک لەوەڕین واتە کەمێک.

دانگە: لای خوارووی شت.

دانگیر: دانەوێڵەیەکە کە نیوەکوڵ بووبێ. چیکەنە (د).

دان لێ تیژکردن: بریتییە لە چاوبڕینە شتێک و بەتەمابوونی.

دانوشتان: نوشتانەوە و ڕەقبوونی شت.

دانوشتاندن: دوو قەدکردن و دەقکردنی هێندێ شت.

دانوشتانن: دانوشتاندن.

دانوشتاو: شتی نوشتێنراوەی دەقکراو.

دانۆکە: دانکە. دانە چۆلەکە.

دانوو: دانکە. ساوەر (ز). پەلکە.

دانووکە: دانۆکە.

دانوولە: گەنمی کولاو. چێشتی گەنم و نۆک. جۆرە گیایەکە ئاژاڵ دەیخوا (د).

دانە: دەنکێک لە شتێک. لای ژوورووی مەرەزە. ددانە: دانەی مشارەکە مەشکێنە (د). شتێکە وەک شانە بەلام گەورەتر و درێژترە هەودای ڕایەڵی تەنراوی پێدا هاتوچۆ دەکا لەکاتی جۆلاییدا.

دانەچۆلەکە: گیایەکی بەهارییە بەرێک دەگرێ وەک کەلووی نۆک پڕە لە تۆوی ورد.

دانەخۆرە: دانەیەکە دەکرێ بەفاقە و تەڵەوە بۆ گرتنی پەلەور.

دانەدوو: هـ. دۆینە.

دانەدەم: خستنی شتێک بۆ سەر شتێک و پێیدادروونی: پەردەکە کورتە قولانجێکی (بدە دەم).

دانەر: کەسێکە شتێک لە شوێنێک دابنێ. کەسێکە بناغەی شتێک دابنێ کە لەوەپێش نەبووبێ. کەسێکە کتێبێک دابنێ.

دانەڕۆکە: چێشتێکە لە گەنم و نۆک دروست دەکرێ و دەبەشرێتەوە بەسەر دراوسێدا لە کاتێکدا کە منداڵی ساوای ئەو ماڵە تازە ددانی ڕوابێ.

دانەڕێز: فڕێدانی ئاش دانەوێڵە بۆ ناو ئاردەکە.

دانەقەتێ: گیایەکی بەهارییە بەرێکی خڕ دەگرێ وەک دانە چۆلەکە پڕە لە دانەی ورد.

دانەکولانە: دانوولە.

دانەواندن: نزمکردنەوەی شت لە زەوی.

دانەوانن: دانەواندن.

دانەوە: دانی شتێک بەیەکێک دووبارە. هەڵکەندن: زەوییەکە (بدەرەوە).

دانەوێڵە: هەموو جۆرە وشکەدانێک.

دانەوین: چەمینەوە و خۆ نزمکردنەوەی گیاندار.

دانەوینەوە: دانەوین.

دانەهێڕ: با. گەنمە کوتاو.

دانەهێرک: با. دانەهێڕ.

دانەیەک: چنگدانەیەک و پڕبوون و چڕبوونی هێندێ شت: هەرێزەکە (داویەتە یەک).

دانیان: د. دانان.

دانیشتن: قنگدانەوە لەسەر زەوی یا لەسەر شتێکی تر.

دانیشتوو: کەسێکە قنگی دابێتەوە. کەسێکە ماوەی مووچەخۆریی میریی تەواو کردبێ.

دانی: دابەستە.

دانین: ز. دانان.
داو: جۆرە تەڵەیەکە بۆ گرتنی هێندێ گیاندار دەنرێتەوە. تاوێک لە دەزوو. داوێن (ز).
داوا: ویستن و خواستن بەزمان.
داواچی: کەسێکە کە دەعوا لەسەر یەکێک بکا.
داواخواز: کەسێکە داوای ئافرەتێک بکا بۆ مارەکردنی. کەسێکە داوای شتێک بکا.
داواخوازی: داواکردنی ئافرەتێک بۆ مارەکردنی. داواکردنی شتێک.
داواکار: داواخواز.
داواکردن: ویستنی شتێک لە یەکێک.
داواکەر: داواخواز.
داوباز: د. ڕاوچی. بریتییە لە فێڵباز.
داوبازی: د. ڕاوچێتی. فێڵبازی.
داوداخستن: داونانەوە.
داوکەفتن: د. کەوتنە ناو داوەوە.
داوگە: د. جێگایەکە داوی لێ دەنرێتەوە. جێی بەهەڵچوون.
داولێدەر: د. ڕاوچی. کەڵەکباز.
داونانەوە: نانەوەی داو بۆ نێچیر. کەڵەک و فێڵ دروستکردن بۆ مەردووم.
داوودەرمان: بەهاراتی چێشت..
داوودێرونکل: ز. پەپووسلێمانە.
داووڕداووڕ: د. دابڕدابڕد.
داووڕین: دابڕین. قسە بڕینەوە.
داووڵ: داهۆڵ.
داووڵین: وڵینی شت بەزۆری بەسەریەکدا.
داوەت: با. شایی و هەڵپەڕکێ.
داوەر: خوا.
داوەراندن: وەراندنی شت بەزۆری.
داوەرانن: داوەراندن.
داوەڕێس: ئاوەڕێس.
داوەزاندن: دابەزاندن.
داوەزین: دابەزین.
داوەستن: دابەستن.
داوەشان: هەلا هەلا و پارچەپارچە بوونی شت.
داوەشاندن: دەست هەڵهێنانەوە بۆ لێدانی شتێک: دەست (دامەوەشێنە). تێوەشاندنی بەرگ و کاڵا لەسەر ئاگر. هەلا هەلاکردنی شتێک.
داوەشاو: شتی هەلاهەلابوو.
داوەشیاگ: داوەشاو.
داوەشیان: د. داوەشین.
داوەشین: داوەشان.
داوەکۆستە: باڵندەیەکی کێوییە لە کەو پچووکترە بەهەنگاو دەڕوا، دوو تەڵ مـوو بەپشت ملیـەوەیە لە حـەلی ڕۆیندا مووەکان قنج دەبنەوە.
داوێن: دامێن.
داهاتگ: داهاتوو.
داهاتن: ڕامبوونی گیاندار. دوولەتبوونی دار بەمشار. سوور بوونی چاو و هاتنە گلی. دانەدانە و ڕێک وەستانی مووی سەر و ڕیش بەهۆی داهێنانی بە شانە. تازە پەیدابوون و باو سەندنی شتێک: ئەم گۆرانییە تازە (داهاتووە). ڕووتبوونی درەخت بەهۆی داپاچینی لقەکانییەوە.
داهاتوو: گیانداری ڕامبوو. دارێکە بەمشار دوولەت کرابێ. چاوێکە هاتبێتە گل. مووی شانەکراو. شتێکە تازە باوی سەندبێ. درەختی هەڵپاچراو.
داهانین: داهێنان.
داهاوردن: داهێنان.
داهۆڕ: د. شتی دڵبی شەپ و شۆڕ.
داهۆڵ: شتێکە وەک زەلام لە دار و پەڕۆ دروست دەکرێ لەناو کشتوکاڵدا دادەچەقێنرێ بۆ لێ سڵەمینەوەی باڵندە و جانەوەر.
داهێزران: لەش قورسبوون و تێکچوونی بەهۆی نەخۆشییەوە. شلبوونەوە و ئاودانەوەی هەویر لەبەر زۆر مانەوەی. هەویرەکە داهێزراوە: نانی لێ نایەت.
داهێزیان: داهێزران.
داهێشتن: شۆڕکردنەوەی شت.
داهێنان: ڕامکردنی گیاندار. لەتکردنی دار بەمشار. شانەکردنی موو. کردنی شتێک بەباو. داپاچینی دار و درەخت.
دایان: د. دایەن.
دایانی: د. دایەنی.
دایک: مێینەیە کە منداڵی ببێ.
دایکە: چۆلەکەی مێ. دایک.
دایکەلێ: وتەیەکە لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەدایک دەوترێ.
دایکەمارانە: دەعبایەکە لە ڕەنگدا وەک مارمێلکە و لە شێوە و گەورەییدا وەک قومقومۆکە وایە.
دایکێن: جۆرێکە لە یاریی شەقێن.
داینە: د. داوێن. بناری شاخ.
دایە: دایک. دایەن.
دایەخ: کەڵک: بە(دایەخ)م دەرنایەت.
دایەق: دایەخ.

دایەڵکە: بەتێکە سەرێکی بە(کەوچکە)ی ئاشەوە دەبەسترێ و ناوەڕاستیشی دەبەسترێ بە(مەچەکە)وە و سەرەکەی تری بەردێکی پێوە دەبەسترێ بۆ کەم و زۆرکردنی دان.

دایەن: ژنێکی بە شیرە کە مەمک بدا بەمنداڵی شیرەخۆرە.

دایی: ز. دۆوکە.

داین: ز. دایەن.

دبدب: د. وتەیەکە پەلەور و مەڕ و بزنی پێ بانگ دەکرێ.

دبێدبێ: د. دبدب.

ددان: دانی گیاندار.

ددانە: ددانەی چەرخ و مشار.

دددۆ: ز. دوو.

دراخە: ز. مەلۆ.

دراف: ز. شوشتنی کاڵای خێزان. قڵیشی دیوار. دراو.

دران: ز. ددان.

دراو: پارەی دەوڵەتی. جۆرە تامێکی خۆشە کە لە سەبیل و گۆزە و گڵێنەی تازەوەدێ: گۆزەکە (در)ی خۆشە.

دراوسێ: کەسێکە کە ماڵی لە ماڵتەوە نزیک بێ.

دراوسێ وەزن: کەسێکە کە ئازاری دراوسێ بدا.

دریشە: درەوش.

دردۆنگ: کەسێکە لە یەکێک دڵگیربووبێ.

دردۆنگی: دڵگیریی لە یەکێک.

دڕ: شتی زۆر زبر. گیانداری هار و هاج.

دڕان: لەتبوون و کون تێبوونی شت. بریتییە لە بڵاوبوونەوەی باسێکی شاراوە: فیسار باس (دڕا) واتە هەمووکەس پێی زانی. بریتییە لە قەڵەوبوونی گیاندار: مەڕەکە ئەوەندە قەڵەوبووە (دڕاوە). بریتییە لە مردنی بێ دینی بێ باوەڕ: هامان (دڕا).

دڕاندن: پارچەکردنی شت.

دڕاو: شتێکە پارچە بووبێ.

دڕاوی: ئاستی دڕان لە شت.

دڕدان: تەکەکردن و جێ کردنەوە.

دڕک: شتێکی تیژە وەک دەرزی لە هێندێ درەخت و سەوزایی پەیدا دەبێ.

دڕکاوی: شتێکە دڕکی زۆری پێوە بێ.

دڕکە: دەردێکە وەک گرمەژنە منداڵ دەری دەدا و سەری زیپکەکانی وەک دڕک تیژ دەبێ.

دڕکەئاسنینە: کەڵەوێ.

دڕکەزی: جۆرە دڕکێکی قایمی باڵابەرزی هەمیشە سەوزە دەکرێ بەپەرژین.

دڕکی مەموزین: بریتییە لە یەکێک کە بەشتێکەوە ئاڵا نیتر لێی نەبێتەوە.

دڕکین: د. دڕکاوی.

دڕکینە: د. دڕکین.

درگە: د. دەرە.

دڕن: چڵک: فیسار شت بۆ (دڕن)ی لێ دێ.

دڕناڵ: گڕناڵ. (دڕناڵ دڕناڵ): شتی گڕناڵ گڕناڵ. دەروویەکە لە ناو کە دوو دەریا بەیەک بگەیەنێ.

دڕندە: گیانداری گۆشتخۆری چوارپێی بە زیان.

دڕنە: دڕندە.

دڕوو: دڕک.

دڕەی: هـ. تووترک.

دڕیاگ: دڕاو.

دڕیان: دڕان.

دڕێڵە: گیایەکی بەهارییە وەک چاوبازە. بەڵام ئەم بنجی پچووکترە. دڕکە.

دڕی: دڕک.

دڕین: لەتکردنی تەنراو و هێندێ شتی تر.

درز: قڵیشی باریکی شت.

درزبردن: قڵیش تێبوونی شت.

درزدان: درزبردن.

درزین: ز. درزبردن.

درژ: د. شتی خاو کە کرژ نەبێ. مەردوومی توورە و ترۆ.

درشت: شتێکە کە ورد نەبێ. بریتییە لە مەردوومی قەبەی تێ نەگەیشتوو.

درشتی: قەبەیی و تێ نەگەیشتوویی.

درکاندن: دەربڕینی شتێک کە پێویست نەبێ بەوتن. دەربڕین.

درگا: د. دەرگا.

درگابوون: د. کونبوونی برین.

درگاژەنانە: د. کۆبوونەوە و قسەکردن بەبۆنەی کردنەوەی (إفتتاحیة) شتێکەوە.

درگاکردن: د. دەرگابوون.

درگانە: د. دەرگانە.

درگە: وشکاییەکە کە هەر چوار لای ئاوبێ (جزیرة).

درم: جۆرە دەردێکی سووکی تێکڕاییە وەک هەڵامەت: (درم) داکەوتووە.

درم داکەوتن: بڵاوبوونەوەی درم لە شوێنێکدا.

درنج: دێو.

درنگانەوە: دەنگی درنگەی شت لە گوێدا.

درنگە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی مس. (درنگە درنگ) درنگەی یەک لە دوای یەک.

درنە: ز. کرمی ناو سکی مەڕ.

درۆ: قسەی هەڵبەستراوی بێ بناغە.
درۆخەدرۆخ: چووزانەوەی سەر سنگ و دەروون لەبەر سەرمابوون.
درۆزن: کەسێکە زۆر درۆ بکا.
درۆزنانە: شتێکە کە ڕاستەقینە نەبێ: ئەم سەعاتە (درۆزنانەیە) واتە سەعاتی ڕاستەقینە نییە.
درۆزنە: درۆزنانە. ناوی دێیەکە لە نزیکی سلێمانی.
دروس: د. دروست.
دروسبوون: د. دروستبوون.
دروست: شتێکە کە ڕێکی دەستووری ئاسمانی یا زەمینی بێ: نوێژەکەت یا هەڵگرتنی دەمانچەکەت (دروست) نییە. شتی بەجێ: ئەمە کارێکی (دروست)ە، واتە بەجێیە.
دروستایی: سەر و بن بەستن و گەڵاڵەکردنی فرمانێک: بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ (دروستایی) کراوە.
دروستبوون: پێکهاتنی کارێک. بریتییە لە کۆبوونەوەی پیاو لەگەڵ ژنی خۆیدا.
دروستکردن: ڕێکخستنی شتێک لە چەند جۆرە کەرەستەیەک: خانوو یا کورسیەکەی (دروست کرد).
دروستی: ساغی و بێ گەزەندی: بە(دروستی) سەری تۆ.
دروسکردن: د. دروستکردن.
دروسی: د. دروستی.
دروشم: نیشانەیەکی تایبەتییە کە هەموو دەوڵەتێک هەیەتی.
درۆشم: شێوە: بە(درۆشم) دەیناسمەوە. وێنە.
درۆڤ: ز. ڕوخسار.
درۆکردن: وتنی شت بەدرۆ.
دروو: د. درۆ.
درووتن: ز. دروون. دروێنە.
درووخە: د. چووزانەوە و کاوەکاوی قورگ و دەروون.
درووخیان: د. چووزانەوە.
درووزن: د. درۆزن.
درووشم: درۆشم.
درووشن: د. شتێکە کە بدرەوشێتەوە.
درووشە: د. ورشە.
درووشێ: ز. ئێسقانی خوار ئەژنۆ تا قولەپێ.
درووشیان: د. درەوشانەوە.
درووشین: د. درووشیان.
درووماں: دروونی شت بەتەقەڵ.
دروون: تەقەڵ هەڵدان لە شت بەدەرزی و دەزوو یا بەشـووژن و بەن. برینی گیا بەداس.
دروونەوە: دروێنە. دووبارە دروونی شتی هەڵپچڕاو یا دڕاو.
دروێنە: دروونەوەی دەغڵودان بەداس.
دروین: دروون.
درەخت: دارێکی بەرزی سەوزە کە بەپێوە بێ.
درەخشان: شتێکە کە زۆر پرشنگ و ڕووناکی بداتەوە.
درەخشانەوە: بریسکەدانەوە و پرشنگدانی شتی درەخشان.
درەخشینەوە: درەخشانەوە.
درەم: درهەم. چل و هەشت حەببە لە زیو.
درەنگ: دوایی کاتی شت: ڕۆژ (درەنگە) واتە هاکا بڕایەوە.
درەنگان: کاتی درەنگ: بەم (درەنگان)ە بۆچی دەڕۆیت؟
درەنگی: درەنگان.
درەو: دروێنە. درۆ.
درەوان: د. دروێنەکەر.
درەوش: دەرزییەکی ئەستووری گەورەیە چەرمی پێ کون دەکرێ بۆ دروونی.
درەوشانەوە: درەخشانەوە.
درەوشە: درەوش.
درەوشینەوە: درەوشانەوە.
درەوکەر: سەپان.
درێخ: د. درێغ.
درێژ: شتێکە کە کورت نەبێ.
درێژا: د. درێژایی.
درێژایی: باری درێژیی لە شت.
درێژبوون: بریتییە لە پاڵکەوتن و ڕاکشان.
درێژبوونەوە: دواکەوتنی کارێک و قەتیسبوونی: ئیشەکەم چاک (درێژبووەوە).
درێژدادڕ: بریتییە لە مەردوومی سازندە.
درێژدادڕی: سازندەیی و چەنەبازی.
درێژ داهۆڵ: مەردوومی درێژی لەڕ و لاواز.
درێژکردن: بریتییە لە بەزەوی دادانی یەکێک.
درێژکردنەوە: درێژەدان بەقسەیەک یا کردەوەیەک.
درێژکۆلە: شتێکە کەمێک درێژبێ.
درێژەپێدان: درێژکردنەوە.
درێژەوکردن: د. درێژکردنەوە.
درێژی: باری درێژاییی شت.
دریسمە: گرێژەنە.
درێشک: ز. درەوش.
درێغ: حەیف: (درێغ) بۆ نەخوێندەواری کورد. کۆتاهی و قسوور.
درێغا: درێغ.
درێغکردن: کۆتاییکردن لە کارێکدا.
درێغی: درێغکردن.
دری: ز. تووترک.

دز: کەسێکە بەپەنهانی شتی ئەم و ئەو ببا.

دزدەسەک: د. دەستەک دز.

دزراو: شتێکە کە دز بردبێتی.

دزکۆشکە: شوێنێکە کە دز خۆی تێدا حەشار بدا.

دزگا: د. دزکۆشکە.

دزگین: ز. دەستەجلەو.

دزنەبەر: شتێکی بێ نرخە کە دز نەیبا.

دزە: پەنهانی: بە(دزە) کاری خۆی دەکا.

دزەخورجێنی: کردنی شتێک بەدزییەوە و پەنهانکردنی لەم و لەو.

دزەخەنە: د. زەردەخەنە.

دزەکردن: خۆدزینەوە.

دزیاگ: د. شتی دزراو.

دزێو: شتی ناشیرین.

دزی: دزیکردن: فیسار کەس پیشەی هەر (دزی)یە.

دزیکردن: دزینی شتی مەردووم.

دزین: بردنی شت بەپەنهانی.

دزینەوە: دزین و کەمکردنەوەی شت بەرەبەرە: لفکەکە لە ئاستی دەمەکەی هەر دەورەی دوو کەلووی لێ (بدزەرەوە).

دژ: گیانداری وەڕس لە شت: ئەو ولاخە (دژ) ئاوە. ڕووگرژ. چەپەڵ (د).

دژایەتی: بوونی دوو شت بەجۆرێک کە هەرگیز کۆنەبنەوە (تضاد).

دژبوون: د. کرژبوون. ڕق هەستان. پیسبوون.

دژمان: جوێن.

دژمن: دوژمن.

دژمنایەتی: دوژمنایەتی.

دژمنی: دوژمنی.

دژمێن: د. دژمان.

دژمین: ز. دژمان.

دژوار: شتی سەخت و گران. توونی کەسکوون.

دژواری: سەختی و گرانی.

دژوون: ز. چڵکن.

دژوێن: جوێن. چڵکن.

دژوێنی: چڵکنی.

دژهۆنی: کۆکردنەوەی دوو وشە کە دژایەتی بێ لە ناوەندیاندا لە ڕستەیەکدا (طباق).

دژی: جۆرە نەخۆشییەکە بەناژاڵ دەگا.

دش: خوشکی مێرد. دژ (د).

دشکردن: خۆکێشانەوە لە کارێک و دەست لێ هەڵگرتنی: (دشکەم).

دشمن: د. دوژمن.

دشمنی: د. دوژمنی.

دفن: با. لووت.

دڤمری: ز. مەردوومی بێ دەم و پل.

دڤنزەم: ز. مەردوومی زبان شیرین.

دڤێل: ز. کونێکە چەرمی سەرپەنجەی نەعلی تێ هەڵدەکێشرێ.

دک: ز. سەکۆ.

دکین: ز. چڵکنیی کاڵا بەجۆرێک کە بواردبێتی.

دگدگە: مزراحێکە لە خولانەوەدا نەیەتە سەر دەست.

دگمە: ز. دوگمە.

دگەل: ز. لەگەڵ.

دل: با. دڵ.

دڵ: پارچە گۆشتێکی سوورە لەژێر گۆی مەمکی چەپی گیاندار و ناوەندی هەردووسیدا و، جەمسەری هەموو شادەمارێکە و خوێن لەوەوە هاتوچۆ دەکا.

دڵارا: شوێنێکە دڵی تێدا بکرێتەوە.

دڵازار: مەردوومی دڵ شکست.

دڵازاری: دڵشکان.

دڵ ئاوخواردنەوە: بریتییە لە باوەڕکردن بەشتێک بەدڵ.

دڵ ئاودان: بریتییە لە گەیاندنی خۆشی یا ناخۆشییەکی زۆر بەدڵی یەکێک: فیسار کەس بەو مژدەیە (دڵی ئاودام) یا بەو توانچە (دڵی ئاودا).

دڵ ئاورشێنکردن: بریتییە لە دڵخۆشکردنی یەکێک بەمژدە پێدانی.

دڵ ئاوەدان: بریتییە لە مەردوومی وریای زۆرزان.

دڵبردن: بریتییە لە تێکچوونی دڵ بەخواردنی شتێک: هەنگوینەکە (دڵی بردم) ئارەزووکردنی خواردنی شتێک و توانینی: (دڵم هیچ نابا).

دڵ بەجێهێنان: بەجێ هێنانی ئارەزووی دڵی یەکێک.

دڵبەر: خۆشەویستێکە دڵت ڕاکێشێ بۆ خۆی.

دڵبەستە: کەسێکە ئارەزووی شتێک بکا و دڵی پێوەی بێ.

دڵبەند: دڵبەستە.

دڵ بەیەکاهاتن: دڵ تێکەڵاتن.

دلبی: ز. جۆرە هەنجیرێکە.

دڵپاک: بریتییە لە کەسێک کە دڵی خاوێن بێ دەربارەی مەردووم.

دڵپاکی: بریتییە لە پاکیی دڵ و بێ خەوشی دەربارەی مەردووم.

دڵپڕ: کەسێکە لەبەر خەفەتێک دڵی تەنگ بووبێ و نزیک بێ بەگریان. کەسێکە ئەوەندەی خواردبێ سەر دڵی کەوتبێ. کەسێکە کە قینی لە یەکێک بێ پڕ بەدڵ. (دڵپڕبوون):

بریتییە لە دڵ تەنگبوون بەجۆرێک کە نزیک بێ بەگریان. زۆر خواردن بەجۆرێک کە سەر دڵ بکەوێ. ڕقهەستان لە یەکێک پڕ بەدڵ.
دڵپڕی: بریتییە لە دڵتەنگی. قورسبوونی دڵ بەهۆی زۆر خواردنەوە.
دڵ پیاچوون: بریتییە لە حەزکردن لە شتێک.
دڵ پیاکاهاتن: دڵ پێکاهاتن.
دڵ پێ سووتان: بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بە گیاندارێکدا.
دڵ پێکاهاتن: دڵ تێک هەڵاتن.
دڵ پێوەبوون: حەزکردنی دڵ لە شتێک.
دڵپیس: بریتییە لە کەسێک کە دڵی باش نەبێ لەگەڵ مەردووم.
دڵپیسکردن: بریتییە لە گومان پەیاکردن دەربارەی یەکێک بەخراپی.
دڵپیسی: بریتییە لە ناپاکی و خراپی دڵ لەگەڵ مەردوومدا.
دڵتەڕ: بریتییە لە کەسێک کە حەز لە کاڵا و شتی جوان بکا.
دڵتەڕی: بریتییە لە حەزکردن لە بەرگ و کاڵای جوان.
دڵتەنگ: خەفەتبار.
دڵتەنگی: خەفەتباری.
دڵ تێچوون: حەزکردن لە شتێک.
دڵ تێکچوون: دڵ تێکهەڵاتن.
دڵ تێکهەڵاتن: دڵ بەیەکداهاتن بەجۆرێک کە نزیک بێ لە ڕشانەوە.
دڵچوون: بێحووڵبوونی دڵ و سستبوونی.
دڵچوونەسەر: بریتییە لە حەزکردن لە شتێک.
دڵچەسپ: شتێکە کە بچێتە دڵتەوە و جێگیربێ تێیدا.
دڵ خاوبوونەوە: سستبوونی دڵ و تێکچوونی.
دڵخوا: د. دڵچەسپ. دڵخواز.
دڵخواز: شتێکە کە دڵت ئارەزووی بکا. دڵدار.
دڵخوازی: دڵداری.
دڵخۆر: د. دڵتەنگ.
دڵخورد: د. کەسێکە لە یەکێک دڵگیر بووبێ.
دڵخوردی: دڵگیری.
دڵخۆری: د. دڵتەنگی.
دڵخۆش: کەسێکە خۆشیی لە دڵیدا بێ. (دڵخۆشبوون) پەیابوونی خۆشی لە دڵدا. (دڵخۆشکردن) خۆشی گەیاندن بەدڵێک.
دڵخۆشکەرە: شتێکە ببێ بەمایەی خۆشیی دڵ.
دڵخۆشی: کەیف و خۆشیی دڵ.
دڵخۆشیدانەوە: بەسەر یەکێکداهاتن و خەفەت ڕەواندنەوە لە دڵی. لاواندن و ڕامکردنی یەکێک کە کارێکت پێی بێ: جوتیارەکە تۆراوە (دڵخۆشیی بدەرەوە).

دڵداخوریان: دڵڕاچەنین.
دڵداخورییان: د. دڵداخوریان.
دڵدار: دڵبەر.
دڵدارانە: هۆنراوە و پەخشانی دڵداری.
دڵداری: عاشقێنی و دڵخوازی.
دڵداکەفتن: د. دڵداخوریان.
دڵداگ: د. کەسێکە دڵی دوای شتێک کەوتبێ و شێت و شەیدا بووبێ بۆی.
دڵدزی: با. نهێنیی ناودڵ.
دڵڕاگیرکردن: پارێزگاریکردنی دڵی یەکێک لە زویربوون.
دڵڕفێن: دڵفڕێن.
دڵڕوون: بریتییە لە دڵخۆش.
دڵڕۆین: بریتییە لە بێخودبوون.
دڵڕەش: دڵڕەق.
دڵڕەشی: دڵڕەقی.
دڵڕەق: بریتییە لە مەردوومی بێ باکی نا میهرەبان.
دڵڕەقی: بریتییە لە بێ باکی و نامیهرەبانیی دڵ.
دڵڕەنجان: زویربوون.
دڵڕەنجاندن: زویرکردنی دڵی یەکێک.
دڵسارد: بریتییە لە کەسێک لە کارێکدا دوو دڵ بێ و گەرموگوڕ نەبێ. (دڵ ساردبوونەوە) دوودڵبوون لە کارێکدا. (دڵ ساردکردنەوە) دوودڵکردنی یەکێک لە کارێکدا.
دڵساردی: بریتییە لە دوودڵی و سارد و سڕی لە کارێکدا.
دڵسۆز: کەسێکە کە میهرەبان و دەربایستت بێ.
دڵسۆزی: میهرەبانی و بەتەنگەوەبوون.
دڵسووتان: بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بەیەکێکدا.
دڵسووتاو: مەردوومی خاوەن بەزەیی.
دڵسووتیاگ: د. دڵسووتاو.
دڵسووتیان: د. دڵسووتان.
دڵسەخت: دڵڕەق.
دڵسەندن: بریتییە لە هۆگرکردنی یەکێک و دڵ لێ سەندنی.
دڵشاد: کەسێکە کە بەئارەزوویەک گەیبێ و سەر و دڵی خۆشبێ پێی.
دڵشادی: سەر و دڵخۆشی.
دڵشکان: ڕەنجانی دڵ.
دڵشکاندن: دڵڕەنجاندن.
دڵشکست: کەسێکە کە دڵی لە شتێک ڕەنجابێ.
دڵشکستە: دڵشکست.
دڵشکستی: بریتییە لە دڵ ڕەنجان.
دڵشکیان: د. دڵشکان.

دلفراوان: بریتییە لە مەردوومی هێمنی لەسەرخۆ.
دلفراوانی: بریتییە لە هێمنی و لەسەرخۆیی مەردووم.
دلفڕێن: شت یا شوێنێکی خۆشە کە دڵی مەردووم ڕابکێشێ.
دلق: جۆرە دڕکێکە لە (وڵ) دەچێ بەرێکی سووری ڕەوانی هەیە.
دڵکرانەوە: گوشادی دڵ بەهۆی هەر شتێکەوە بێ.
دڵکرمن: کەسێکە کە لە شتێک بەدگومان بووبێ.
دڵکرمۆڵ: دڵکرمن.
دڵکرمێ: دڵکرمۆڵ.
دڵکریانەوە: د. دڵکرانەوە.
دڵکورکان: ئارەزووکردنی شتێک و دڵ لێدان بۆی.
دڵکورکیان: دڵکورکان.
دڵگران: بریتییە لە مەردوومی زویر لە شتێک.
دڵگرانی: زوبری.
دڵگوشا: دڵگوشاد.
دڵگوشاد: شوێنێکە کە دڵ تێیدا بکرێتەوە.
دڵگوشادی: کرانەوەی دڵ بەشوێن یا بە شتی دڵگوشاد.
دڵگەرم: بریتییە لە کەسێک کە لە کارێکدا سەرگەرم بێ.
دڵگەرمی: بریتییە لەسەرگەرمی لە کارێکدا.
دڵگیر: دڵگوشاد. کەسێکە کە لە یەکێک زویر بووبێ.
دڵگیران: دڵتەنگ بوون.
دڵگیری: دڵتەنگی.
دڵ لە دڵدان: بریتییە لە دوودڵی و گومان لە کارێکدا: (دڵ لە دڵ مەدە) واتە بێگومان بە و دوودڵ مەبە.
دڵ لێچوون: حەزکردن لە شتێک.
دڵ لێ سەندن: ڕاکێشانی دڵی یەکێک بەگوفتار و کرداری جوان.
دڵماین: ز. دڵشکان.
دڵمردگ: دڵمردوو.
دڵمردوو: بریتییە لە کەسێک کە ئارەزووی شتی خۆش و جوانی نەبێ.
دڵنەوایی: ئاشتکردنەوەی دڵی یەکێک کە زویر بووبێ.
دڵنیا: کەسێکە کە بێگومان بێ و دوودڵ نەبێ لە کارێکدا. (دڵنیابوون) بێگومانی و یەک دڵی لە کارێکدا.
دڵنیایی: دڵنیابوون.
دلۆپ: ز. دلۆپ.
دلۆپ: تکەی ئاو و شتی شل.
دلۆپە: تکەی بنمیچی بان.
دلۆرە: هـ. ڕاکشان.
دلۆڤانی: با. بەزەیی.
دلووڤان: ز. دۆستی خۆشەویست.
دڵەتەپێ: دڵەخورپێ.
دڵەخورپێ: دڵەگورپێ.
دڵەخورت: هێزی دڵ.
دڵەڕاوکێ: دوودڵی لە کارێکدا.
دڵەڕەپێ: د. دڵەخورپێ.
دڵهشتن: ز. دڵشکاندن.
دڵەکزە: دڵەکزێ.
دڵەکزێ: جۆرە دڵ تێکچوونێکە هێندێ جار لە خواردنی هێندێ شتەوە پەیدا دەبێ.
دڵەکوتێ: لێدانی دڵ یەک لەسەر یەک بەهۆی خورپە یا ماندووبوونەوە.
دڵەکەڵەشێر: جۆرە ترێیەکی سپیی دەنک درێژی بنک ئەستووری سەر باریکە یەک دەنک ناوکی پچووکی تێدایە.
دڵەگورپێ: دڵەکوتێ.
دڵەلەرزە: دڵەگورپێ.
دڵەلەرزێ: دڵەلەرزە.
دڵ هەڵشێوان: دڵ تێکهەڵاتن.
دڵ هەڵشێوانەوە: دڵ هەڵشێوان.
دڵ هەڵشێویان: د. دڵ هەڵشێوان.
دڵ هەڵکەفتن: د. دڵ هەڵکەوتن.
دڵ هەڵکەنران: دڵ هەڵکەوتن.
دڵ هەڵکەنیان: د. دڵ هەڵکەنران.
دڵ هەڵکەوتن: لەپێش چاوکەوتنی شت.
دڵ هێنانەجێ: دڵنەواییکردنی یەکێک.
دلێ: هـ. پیتی تێدابوون (ظرفیت) وەک وتەی (ناو): (دلێ) دەر، واتە ناوچەم.
دلێر: پاڵەوان.
دلێری: پاڵەوانی.
دلێق: دلیق.
دلیق: دلق.
دلیوان: تەبەنە.
دم: کێر (هـ). کلک (ل). کات (ز).
دما: هـ. پاش.
دەمارەکۆڵ: دەمارەکۆڵە.
دەمارەکۆڵە: دووپشک.
دمانکردن: ز. بەئیجارەگرتنی دەیەکی دێهات و شتی تر.
دمە: هـ. دووگ.
دمەد: ز. شیشەتووتن.
دمەک: د. دومەک.
دمەڵ: د. دومەڵ.
دمەڵان: د. دومەڵان.

دمەهۆسنگنێ: کلک هەڵسەنگێنە.
دنان: ل. ددان.
دمبەک: د. دومەڵەک.
دندان: ز. ددان.
دندک: ز. تۆوی کاڵەک و شووتی و شتی تر.
دنگ: دۆڵێکی دارینە برنج و ساوەری تێدا دەکوترێ. دەنگ (ز).
دنگبوون: بریتییە لە تێرخواردن و توندبوونی ورگ.
دنگبێژ: ز. گۆیندەی دەنگ خۆش.
دنگچی: کەسێکە بەدەسک و دیبەگ برنج بکوتێ.
دنگکوت: د. دەسگی دنگ.
دنیا: ئەم جیهانەی کە تۆی تێدا دەژیت.
دنیاداری: خەریکبوون بەپەیداکردنی ماڵی دنیاوە.
دنیادیدە: کەسێکە لە دنیا شارەزا بێ.
دنیاری: دنیاداری.
دنیایی: هـ. کاوڕ و بەرخ.
دو: ز. دۆ.
دۆ: ماستی ژەنراوی کەرە لێ گیراو.
دوا: پاش: (دوا) ڕۆژت لە بیربێ.
دوابڕان: بڕانەوەی شتێک و کۆتایی هاتنی.
دوابڕاو: بریتییە لە شتێک کە حەزی لێ نەکەیت و نەتەوێ ناوی بەیت: ئەم گرانییە (دوابڕاوە) هەر نەبڕایەوە.
دوابڕیاگ: د. دوابڕاو.
دوابەدوا: کردنی کارێک لە دوای کارێکی ترەوە بەگورجی: (دوابەدوا)ی تۆ هاتم.
دوابینی: د. دووربینی و خوێندنەوەی ئاکامی کار.
دوابینین: دوابینی.
دواپێهێنان: بڕینەوە و کۆتایی هێنان بەشتێک.
دواجەنگ: د. پاشداری لەشکر.
دواچۆڕ: دوادواییی هەموو شتێک.
دوادوایی: ئاخر و ئۆخری شت.
دوارۆژ: پاشەڕۆژ.
دوازدە: دوانزە.
دوازدەمین: دوانزەمین.
دوازدەهەم: دوانزەهەم.
دوازدەهەمین: دوانزەهەمین.
دواکەوتن: پاشکەوتن. دووکەوتنی شتێک.
دواکەوتوو: دواکەوتە.
دواکەوتە: پاشکەوتوو.
دواگین: د. دوایین.
دوان: دووجار یەک لە شتێک.
دوانزە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە (دە) و (دوو)وە.
دوانزەمین: شتێکە لە پایەی دوانزە دابێ.
دوانزەهەم: دوانزەمین.
دوانزەهەمین: دوانزەمین.
دوانە: دووگیاندارن کە بەسکێک بووبن.
دواوان: شوێنێکە کە دوو ناوی تێدا تێکەڵ ببێ.
دواوەدان: د. گێڕانەوە و ناردنەوەی شتێک.
دواهێنان: تەواوکردن و بڕینەوەی شتێک.
دوایەک: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (هەموو): (دوایەکیان) هاتن واتە هەموویان.
دوایی: ئاخری شت: (دوایی)مە، واتە ئاخرمە. لە پاشان: تۆ بڕۆ من (دوایی) دێم. دوایین (د).
دوایی پێهێنان: دوایی هێنان و بڕینەوەی شتێک.
دوایین: د. دواهەمینی شت.
دوایی هاتن: تەواوبوون و بڕانەوەی شت.
دوایی هێنان: دواهێنان.
دوبارە: ز. فێڵ.
دۆبە: ز. خڵتە و لێڵەی هەنگوین کە دەکەوێتە بنکی.
دۆپ: دۆڵ و دەرە. نزم.
دۆپەرۆ: پشکی مەشکە.
دۆت: با. کچ.
دۆتن: ز. دۆشین.
دۆچ: گیایەکی بەهاری دڕە بەگژ دەغڵ و داندا دەچێ و کزی دەکا.
دۆچن: د. شتی لینج.
دۆخ: چۆنێتی شت: جیهان بە(دۆخ)ی خۆی نەماوە واتە تێک چووە. تاف و هەڕەتی شت: لە (دۆخ)ی گەنجیمدا واتە لە تافی لاویمدا. شتی تیژی کەسکوون (د).
دۆخاو: گەچی شلی گیراوە.
دوختەر: پەزیشک.
دوختەر کەیبانوو: ئافرەتی ژیری دەست ڕەنگین.
دوخشار: د. شتی سەخت و گران.
دۆخوا: د. دۆخەوا.
دۆخە: دانی ئاژاڵی دۆشەنی بەیەکێک بۆ بەخێوکردنی، سەری بەئەندازەیەک ڕۆن.
دۆخەوا: چێشتی دۆکولیو.
دۆخیان: هەڕەت و تافی شت.
دۆخیانەت: دۆخیان.
دۆخێن: بەندەخوێن.
دۆخێن: ز. دۆخێن.

دۆدان: دۆدانە.
دۆدانە: تووردەکەیەکە دۆی تێ دەکرێ.
دور: توخن: (دور) ئەم شتە مەکەوە، واتە توخنی مەکەوە.
دۆر: دەهۆڵ.
دۆراخ: شوێت.
دوردی: قەیچی.
دوڕ: دور. بەردێکی جوانی گران بەهایە لە دەریا دەردەهێنرێ.
دوراجی: هۆزێکە لە کورد.
دۆڕان: لە دەست چوونی شتێک لە گرەو یا لە یارییەکدا.
دۆڕاندن: لە دەستدانی شتێک لە گرەو یا لە یارییەکدا.
دۆرژنگ: تۆز و دووکەڵی بنمیچە کە شۆڕ دەبێتەوە.
دۆرنج: دۆرژنگ.
دوروست: دروست.
دوروستایی: دروستایی.
دوروستبوون: دروستبوون.
دوروستکردن: دروستکردن.
دوروستی: دروستی.
دورووماں: درووماں.
دوریش: با. لە ئەژنۆوە تا قولەپێ.
دۆربە: دۆری.
دۆری: گونۆڕ.
دورین: دروون.
دورینەوە: دروونەوە.
دۆز: ئامانج.
دۆزراوە: شتێکە کە دۆزیبێتەوە.
دۆزکرن: با. داواکردن.
دۆزەخ: ئەو جێگا ناخۆشە ئاگرینەیە کە خوا لەو جیهانەدا ئامادەی کردووە بۆ تاوانباران.
دۆزەخە: دۆزەقە.
دۆزەق: د. دۆزەخ.
دۆزەقە: کونێکە لەژێر ئاش ئاوەکەی لێوە دەردەچێ.
دۆزین: گەڕان لەناو نوێن و کاڵادا بۆ کێچ و مۆریان. دۆزینەوە.
دۆزینەوە: دەستکەوتنەوەی شتی ون بوو. پەی بردن بەشتێک کە لەوە پێش نەزانرابێ.
دوژ: شتێکە پێچەوانە و دژی شتێکیتر بێ.
دۆژ: د. دووری.
دۆژزر: ز. دۆزەقە.
دوژمن: کەسێکە کە ناحەزت بێ.
دوژمنایەتی: ناحەزی و ڕقەبەری کردن.
دوژمنی: دوژمنایەتی.

دوژوار: شتی گران و سەخت.
دۆژە: ز. دۆزەخ.
دۆژەن: د. دۆژەنک.
دۆژەنک: دارێکی درێژی زبانەدارە دەکرێ بەلۆرەلەپەکانی مەشکەدا لەکاتی ژەندنا.
دۆژەنکە: دۆژەنک.
دۆژەنگ: د. چرچی ناوچەوان کە لە ڕق هەستاندا پەیدا دەبێ.
دوژێن: د. جنێو.
دوژێندان: د. جنێودان.
دوژێنفرۆش: د. جنێوفرۆش.
دۆس: د. دۆست.
دۆسایەتی: د. دۆستایەتی.
دۆست: کەسێکە ئاشنا و خۆشەویستت بێ. دۆستک.
دۆستایەتی: ئاشنایی و تێکەڵی لەگەڵ یەکێکدا.
دۆستک: ز. دۆستی دڵداری.
دۆستی: دۆستایەتی.
دۆسی: د. دۆستی.
دۆش: هـ. گۆشتی پاش ڕان و نزیک دووگ.
دۆشاب: ز. دۆشاو.
دۆشاف: با. دۆشاو.
دۆشانی: ز. ئاژاڵی دۆشەنی.
دۆشاو: شیلەی کوڵیوی ترێ یا توو یا خورما یا هێندێ شتی تر.
دۆشاومژە: پەنجەی تەنیشت پەنجە گەورەی دەست.
دۆشاوی: جۆرە ترێیەکی سپی درێژکۆلەی زۆر شیرینە. شتێکە ڕەنگی لە ڕەنگی دۆشاو بچێ.
دوشت: د. درشت.
دوشتە: د. درشتە.
دۆشدامان: دامان و بیرکردنەوە لە شتێک.
دۆشداماو: کەسێکە دامابێ و بیربکاتەوە لە شتێک.
دۆشراو: گیاندارێکی مێینەی شیردارە کە شیرەکەی دۆشرابێ.
دوشک: با. سەکۆ.
دوشمن: دوژمن.
دوشمنایەتی: دوژمنایەتی.
دوشمنی: دوژمنی.
دۆشەک: ژێرەخەرێکی پڕ لە لۆکە یا خوری یا پەڕۆیە.
دۆشەکڵە: دۆشەکی پچکۆلانە.
دۆشەکە: دۆشەک.
دۆشەمە: دۆشەکێکە کە دابکوترێ بەکورسی دانیشتندا.
دۆشەنی: ئاژاڵی شیردار.
دۆشیاگ: د. دۆشراو.

دۆشیدەنی: د. دۆشەنی.
دۆشین: دەرهێنانی شیر لە گوانی شیردار.
دۆغاو: دۆخاو.
دۆغرەمە: خواردەمەنییەکە لە ماست و خەیاری چنراو دروست دەکرێ.
دۆغەوا: دۆخەوا.
دۆق: سورمە یا سیمێکی چنراوی پانە دەگیرێت بەملیوانی عەبادا بۆ جوانی. پارچە تەنراوێکی ڕەشە ژنان دەیکەن بەعەبا. کوتەک (ز).
دۆک: د. دۆوک.
دوکان چەفتی: ل. شتی شەفتول و قەنگاس.
دوکتۆر: مامۆستایەکی زانیارە کە لە دوای سانەوی حەوت سالّی خوێندبێ. پەزیشکێکە کە دەرمانی نەخۆش بکا.
دوکلە: د. دوکەلّ.
دۆکولیو: چێشتێکە لە دۆ یا ماستاو لەگەلّ برنج یا ساوەردا دروست دەکرێ.
دۆکەشک: دۆی کەشکی سووراوە. چێشتێکە لە دۆی کەشک و برنج دروست دەکرێ.
دوگمە: جۆرە گرێیەکی گەورەی گردە بەیەخەی سوخمەدا دەگیرێ بۆ داخستن.
دوگمە و دۆلاب: چەکێکی زێڕین یا زیوینی پلپلەدارە ژنان دەیدەن لە گۆشەی سوخمە و لە خوار مەمکیانەوە دای دەخەن.
دوگمە و قەیتان: دەستەیەکە لە دوگمە لەگەلّ قەیتاندا دەگیرێ بەقەراغی سوخمەدا بۆ داخستنی.
دوگون: ل. گرێ.
دوگەم: هـ. پارچە دەوارێکە کە بەگردی دەواری زستانەدا دەگیردرێ بۆ بەرهەلّستی باران.
دۆلّ: شیو و دەرە. شتێکی قوولّە دروست دەکرێ لە دار یا لە بەرد شتی تێدا دەکوترێ. دەهۆلّ.
دۆلاب: تاقێکی قوولّی دوودەری دار یا سنووقێکی بالابەرزی دوودەری داری خانەخانەیە شتی تێ دەخرێ.
دۆلابە: کونێکی گەورەیە لەسەربانی ناش دەهێلرێتەوە بۆ ئەوەی لەوێوە (نێ)دا بهێلرێتەوە خوارەوە.
دۆلاو: بەردی چالّی پڕ لە ناو.
دۆلّ ئەنگێو: دەهۆلّ ژەن.
دولبەر: دلبەر.
دۆلّچە: شتێکە وەک سەتلّ لە چەرم یا لە خامی ئەستوور دروست دەکرێ ناو یا قوڕی ناو بیری پێ هەلّدەهێنجرێ.
دۆلکە: دەفرێکی پچووکی قوولّە لە مس یا لە تەنەکە ناوی پێ دەخورێتەوە.
دۆلّکە: دۆلکە.
دۆلّمە: یاپراخ.
دۆلّە: کوول.
دۆلّەدرێژ: پەنجەی بالا بەرزە.
دۆلّەمێ: دەلّەمەی هێلکە.
دۆلّیان: نێی ناش.
دۆلّیانە: ئەو جێگایەیە کە دانەی ناشی تێ دەکرێ.
دۆم: تیرەیەکە لە کورد زۆرتر پیشەیان کلاش دروستکردنە.
دوما: هـ. دوای شت.
دۆمانە: د. گورگەلۆقە.
دومبەلان: د. دومەلان.
دومدووک: دەندووک.
دومەک: د. دومەلّەک.
دۆمە: بەرمالّی دەوار.
دومەلّ: جۆرە برینێکی خڕی بەسوێیە لە جەستە دەردێ.
دومەلان: جۆرە قارچکێکی بەهاری خڕی گەرمیانییە لە زەوی هەلّدەتۆقێ.
دومەلّەک: جۆرە دەهۆلێکە سەرێکی پان و سەرێکی تەسکە چەرمی خاو دەگیرێتە سەرە پانەکەی، دەخرێتە بن دەست و لە زەماوەند لێ دەدرێ.
دومەلّەک ژەن: کەسێکە دومەلّەک لێ بدا.
دۆمینە: ناوە بەجۆرە قومارێک.
دون: د. چیچکان. چۆک.
دۆن: د. توخن و قەرە.
دوندووک: دەندووک.
دوندە: لووتی هەوجارِ کە گاسنی پێدا دەکرێ.
دونگ: دووگ.
دونگلەفسە: کەلّەشێر و مریشکێکە کە یەک پەڕی درێژ بەکلکیەوە بێ.
دۆنێ: دوێنێ.
دوو: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی یەک و سێ دایە. دوکەلّ (ز). کلک (د).
دوو ناوکردن: بڕینی ناو خواردنەوە بەیەکێک.
دوو ناوکەوتن: نەخۆشکەوتنی یەکێک بەهۆی ناوی جێگایەکەوە کە تازە بۆی چووبێ و پێی ڕانەهاتبێ.
دووارد: هـ. قەیچی.
دوواردگ: دووارد.
دووان: گفتوگۆ کردن.
دوواندن: گفتوکۆکردن لەگەلّ یەکێکدا.
دوواندەر: کەسێکە کە خوتبە بدا.

دوواندەری: خوتبەدان.
دووانگە: جێیەکی تایبەتییە کە خوتبەی لەسەر دەدرێ.
دووانن: دوواندن.
دووباد: ڕیسی دوولۆنە. تەنراوێکە کە ڕیسەکەی دوولۆنە بێ: ئەم فاسۆنە (دووباد)ە. بریتییە لە مەردوومی قەڵەوی داڕێژراو.
دووبارە: وتەیەکە وتنەوە یا کردنەوەی کارێک دەگەیەنێ: (دووبارە) باسی فیساری کردەوە، یا (دووبارە) هاتەوە. ئارەق و گوڵاوێکە کە دووجار بگیرێتەوە.
دووبارەپات: وتە یا کردەوەیەکە کە دووجار وترابێ یا کرابێ.
دووبارەکردنەوە: دووبارەپات.
دووبرا: باڵندەیەکی ڕاوکەرە وەک هەڵۆ وایە هەمیشە دوانیان پێکەوە دەفڕن.
دووبرالە: دووبرا. سەلکە پیازێکە کە دوو نێرکی ببێ.
دووبڕە: جۆرە خشڵێکە ژنان دەیکەن بە سەریاندا.
دووبڕیاگ: د. دوابڕاو.
دووبەختی: فرمانێکە کە ئەنجامی بگونجێ باش یا خراپ بێ.
دووبەرە: شتێکی گردی کولۆرە لە دار یا لە قوڕ دروست دەکرێ و دەنرێ بەپاشەوانەی هەنگەوە کە شانی تێدا هەڵبەستێ.
دووبەرەکی: بەربەرەکانی و ملەملە وێستانی دوو کەس یا زیاتر لەگەڵ یەکدا.
دووپاتە: دووبارە.
دووپایلکە: دەعبایەکی کێوییە لە سمۆرە پچووکتر و لە مشک گەورەترە.
دووپایلە: د. دووپایلکە.
دووپشک: دەعبایەکی چنگ چنگی کلک گرێ گرێی چزووداره بەگیاندارەوە دەدا.
دووپڵ: شتێکە کە ڕەنگی پڵپڵ وەستابێ. بریتییە لە مەردوومی دووڕوو (د).
دووپڵی: د. دووڕوویی.
دووپەڕە: گیایەکی بەهارییە وەک سێپەڕە بەڵام ئەم پەڕەکانی دوان دوانە.
دووپەلان: د. شتی دووفلیچقانە.
دووپەللە: هـ. قنگاوڵە.
دووپەلەبوون: ڕووانی هێندێ سەوزایی و پەل دەرکردنی.
دووتا: ز. گیانداری بەهێز لەسەر ئیشوکار.
دووتایی: جەواڵ یا هۆرێکە کە هەردوو تاکەی پێکەوە بێ.
دووچار: گیاندارێکە گرفتاری چورتمێک بووبی، (دووچاربوون) گرفتاربوونی گیاندار، دووچارکردن: گرفتارکردنی گیاندار.
دووچاری: گرفتاری.
دووچەرخە: عەرەبانەی دەستی کە خاک و خۆڵی پێ فڕێ دەدرێ. پایسکل.
دووچەنانە: د. دووچەندانە.
دووچەندان: دووچەندانە.
دووچەندانە: شتێکە کە دوو ئەوەندەی شتێکی تر بێ: نەریمان (دووچەندانە)ی ساڵار زیرەکە، یا بەشەکەی تۆ (دووچەندانە)ی بەشەکەی منە.
دووحاچە: د. دووپەلان.
دووخ: شتێکی لووت تیژە بەخەرەکەوە ڕێسراوەکەی لەسەر هەڵدەکرێ.
دوو خاڵ: نیشانەیەکە وەکو: (:) لە شوێنێکدا دادەنرێ کە پاشەکەی ڕاڤەی پێشەکەی بێ.
دوو خشتەکی: تاقە شیعرێک.
دوو خەت: نائب عەریف.
دووخەوبوون: بێدارییەکی زۆر لە ناوەندی دوو خەودا.
دوو خەوی: دووخەوبوون.
دووخێن: بەندەخوێن.
دووخین: با. دووخێن.
دوودانگ: دانەوێڵەیەکە کە دەنکەکانی دوو جۆر بێ: ئەم برنجە (دوودانگ)ە.
دوودک: با. شمشاڵ لێدان.
دوودڵ: بریتییە لە کەسێک لە وتن یا کردنی کارێکدا ڕاڕابێ.
دوودڵی: بریتییە لە ڕاڕایی لە کردن یا وتنی کارێکدا.
دوودووکەرە: جۆرێکە لە گۆزروان بەڵام ئەم ناخورێ.
دوودە: د. دوکەڵ.
دوودەری: دەرگا و پەنجەرەی دووتایی.
دوودەست بەناڵە: بریتییە لە یەکێک بەکڕین و فرۆتنی شتی هیچ و پووچ دەسمایەیەکی باش پێکەوە بنێ و دەست بکا بەکڕین و فرۆشتنی شتی گەورەتر.
دوودەسماڵە: د. جۆرە هەڵپەڕکێیەکە دوودەسەسڕی تێدا هەڵدەسووڕێن.
دوودەمان: هۆزی گەورە. بنەماڵەی گەورە.
دوودی: د. دوودە.
دوور: شتێکە کە نزیک نەبێ.
دووراندوور: لە دوورەوە: (دووراندوور) تۆم دی.
دووراندن: د. درووني شت.
دوورانن: د. درووني شت.
دوورانەوە: د. دروونەوەی کاڵا.
دووراودوور: بوونی دوو کەس بەدوور لەیەک.
دوورئەندێش: کەسێکە زۆر بیر لە ئەنجامی شت بکاتەوە.
دووریا: وتەیەکە لە شوێنی (خوانەکا) بەکاردێنرێ.

دوور بەدوور: دووراودوور.

دووربێ: دووربا.

دووربین: دوور ئەندێش. شتێکە کە تەماشای شتی دووری پێ بکرێ نزیکی بخاتەوە.

دووربینی: وردبوونەوە لە ئەنجامی کارێک.

دوورخستنەوە: گێڕانی شت بەدوور لە خۆت.

دووردەس: دووردەست.

دووردەست: شتێکە کە دووربێ لێت و دەستت نەیگاتێ.

دووڕاز: د. مەردوومی دووڕوو.

دووڕوو: کەسێکە لە ڕوو جۆرێک و لەپاش ملە جۆرێکی تر بێ.

دووڕوویی: قسەکردن لە ڕوو جۆرێک و لە پاشملە بەجۆرێکی تر.

دووڕەگ: گیاندارێکە کە باوک و دایکی لە جۆرێک نەبن. بریتییە لە ئادەمییەک کە باوکی لەگەلێک و دایکی لە گەلێکی تر بێ.

دووڕەنگ: بریتییە لە مەردوومی دووڕوو.

دووڕەنگی: دووڕوویی.

دووڕیان: شوێنێکە کە دووڕێی لێ بووبێتەوە.

دووڕێویلە: گیایەکە دوو لقی لێ دەبێتەوە سەر بەرەوژوور، لە کلکی ڕێوی دەچێ.

دوورک: با. لەواشە. شمشێرەی دەرگا.

دوورکۆژ: بریتییە لە شتێک ئەوەندەی لە دوورەوە جوان دەنوێنێ لە نزیکەوە وانەبێ.

دوورکەوتنەوە: جوێبوونەوەی شتێک لە شتێک و پێکەوە نەمانیان.

دوورنواڕ: د. دووربین.

دوورنیازی: کنایە.

دووروا: د. دووری.

دوور و نزیک: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ دواکەوتنی یەکێک بۆ گیاندارێک بەجۆرێک کە نەدووربێ لێی بەتەواوی و، نەنزیکیش بێ بەتەواوی: (دوور و نزیک) دوای فیسار کەس بکەوە.

دوورەبەرد: هاویشتنی بەرد لە دوورەوە: ئیمڕۆ بە(دوورەبەرد) مارێکم کوشت.

دوورەپەرێز: سڵکردن و هاتنە پێشەوەی یەکێک لە یەکێک بەپارێزەوە.

دوورەدەس: دوورە دەست.

دوورە دەست: دوور دەست.

دوورەوپەرێز: دوورە پەرێز.

دوورەوە کەفتن: د. دوورکەوتنەوە.

دوورەوەکەوتن: دوورکەوتنەوە.

دووریاگ: د. درواو.

دووری: بوونی شت بەدوور. جۆرە تەنراوێکی تەنکی کون کونە ژنان دەیکەن بەسەرپۆش.

دوورین: دروون.

دوورینەوە: دروونەوە.

دووز: با. بووزوو.

دووزاخەدان: سەغڵەت کردن و بەگیرهێنانی یەکێک.

دووزبان: دووڕوو.

دووزبانی: دووڕوویی.

دووزمان: دووزبان.

دووزمانی: دووزبانی.

دووزوان: د. دووزمان.

دووزوانی: د. دووزمانی.

دووزەلە: دوو لوولە قامیشی باریکە لەپاڵ یەکدا بەقیر پێکەوە دەنرێن و هەر یەک چەند کونێکی تێدایە فووی پێدا دەکرێ و دەنگێکی لێ پەیدا دەبێ.

دووژ: ز. دۆزەخ.

دووژنە: پیاوێکە دوو ژنی بێ.

دووژەنگ: دۆژەنگ. چینی برۆ و ناوچەوان.

دووسم: بریتییە لە گا و مانگا و مەڕ و بزن.

دووسمە: د. دووسم.

دووشاخە: د. شتی دوو لپ.

دووشک: مەردوومی دوودڵ.

دووشەمب: با. دووشەممە.

دووشەممە: ڕۆژی سێیەمی حەفتە لە هەینی بەدواوە.

دووشەموو: دووشەممە.

دووشەمە: دووشەممە.

دووشەویلە: هەردوو لای شەویلە.

دووفاق: شتی دووپەل.

دووفلیچقانە: شتێکە دوو پەلی لێ بووبێتەوە و پەلەکانی لەیەک نزیک بن.

دووفلێقان: د. دووقلیچقانە.

دووفلیقان: د. دووفلیچقانە.

دووڤ: ز. کلکی گیاندار.

دووڤرەیک: ز. چۆلەکەیەکی کلک ڕەپی بۆرە.

دووڤسنک: ز. جۆرێکە لە کوللە کلکێکی هەیە وەک بەرد ڕەقە.

دووڤسۆرک: ز. نالیسۆر.

دووڤ مەساس: ز. جۆرە مەلێکە شەو بەچنگ خۆی هەڵدەواسێ بەدرەختدا و دەفیکێنێ بۆ ئەوەی کە خەوی لێ نەکەوێ ئەوەک بیگرن.

دووقات: تەنراوی دووباد: ئەم فاسۆنە (دووقات)ە. خانووی دوو نهۆم.

دووقۆچکە: د. جۆرە کلاوێکە دەکرێتە سەر وەک کلێتە وایە.

دووقەد: شتی دوو توێ.

دوو قەدەرە: بلقەدەرە.

دوو قیمەکردن: دوو نیمەکردنی شتێک.

دووک: خەرەک (هـ). لقی وردی داربەڕوو کە لە قەدەوە دەری دەکا.

دووکان: ژوورێکی دەرابەدارە لە بازاڕ شتی تێدا دادەنرێ بۆ فرۆشتن. خانەیەکی چوارگۆشەی بردراوە لە زەوی بۆ شت تێدا چەندنی: باخەکەی هەموو (دووکان دووکان) کردووە. ناوی دوو دێیە لە ناوچەی سورداش و قەرەداغ.

دووکاندار: کەسێکە لە دووکان دابنیشێ بۆ شت فرۆشتن.

دووکایچ: هـ. دووخ.

دووکلکە: دەعبایەکی ڕەش و سووری درێژکۆلەی شاخدارە لە قالۆنچە دەچێ کلکێکی دووفاقی هەیە.

دووکڵە: تەشیلە.

دووکوڕ: جۆرە مراوییەکە.

دووکولیە: هـ. دووکڵە.

دووکۆیی: د. شتی دوو بەشی لە ناوەندی دوو کەسدا (مشترک).

دۆکە: شتێکی سپی لینجە دەدا لە هێندێ شینایی لە کەڵکی دەخات.

دووکەک: هـ. چیکەنە.

دووکەڵ: هەڵمێکی ڕەشی تاریکە لە شتی سووتاو بەرز دەبێتەوە.

دووکەڵدان: دووکەڵکێش.

دووکەڵکێش: بۆرییەکە دووکەڵی لێوە دەردەچێ.

دووکەڵگیر: دووکەڵکێش.

دووکەوتن: لەپاش شتەوە ڕۆیشتن.

دووگ: چەورییەکی نەرم و شلی سپییە بەپاشی مەڕەوە.

دووگاسنە: زەوییەکە دووجار کێڵرابێ.

دووگرد: پێخەفێکە وەک جاجم بەڵام ئەم لە لۆکە دەرێسرێ.

دووگردی: جاجم و مەوجی پێ لێ وەرگێڕ.

دووگور: ز. دووگردی.

دووگورد: دووگردی.

دووگوردی: دووگردی.

دووگومان: دوودڵ.

دووگومانی: دوودڵی.

دووگونە: تۆوێکی تاڵی پچووکی شەنکۆڵە لەناو خەلەدا دەبێ.

دووگوە: ز. دارێکی دوو پەلە دڕکی پێ دەشکێنرێتەوە.

دوولا: دوولۆنە.

دوولازەن: د. دووڕوو.

دوولانە: دووقەد.

دوولایی: لووتەوانەیەکە دەدرێ لە دەرگا بۆ داخستن و هەڵپێکانی.

دوولۆ: دوولانە.

دوولۆرە: د. کەسێکە کە بەسەر دەمدا کەوتبێ.

دوولۆنە: دوولۆ.

دوولەپان: د. شتی دووپەل.

دوولەقان: د. دوولەپان.

دوومالەکی: ماڵ جیایی کردن لەگەڵ یەکێکدا.

دوومان: ز. تەم و تومان.

دوومەهر: ز. وڵاخی جووتە.

دوومەشقان: د. دانیشتن بەچۆکدا.

دوومەڵ: دومەڵ.

دوومەڵان: دومەڵان.

دومەڵەک: دومەڵەک.

دوونان: کەسێکە لە یاری (قەلەمردارێ)دا دوو جار لەسەر یەک لە تۆپ بدا.

دوونیمە: شتێکە بووبێ بەدوولەتی ڕاستەوە، (دوونیمەبوون) بوونی شتێک بەدوولەتی ڕاستەوە، (دوونیمەکردن) کردنی شتێک بەدوولەتی ڕاستەوە.

دۆوشکە: دۆینە.

دۆوک: چڵکی کەرەی گەرم کراو.

دووە: هـ. هەڵمێکە لە کەناری ئاسماندا پەیدا دەبێ لە گەرمادا.

دووەم: شتێکە لە پایەی دوودا بێ.

دووەمین: دووەم.

دووهۆیی: د. دووڕوویی.

دووهەم: دووەم.

دووهەمین: دووهەم.

دوهێشە: د. وەرد.

دووینە: د. دۆینە.

دووین: دوێنێ.

دۆە: دوێنێ.

دوهی: ز. دوێنێ.

دوێ: دوێنی. دوو (هـ).

دوێت: شتێکی پچکۆلەی قووڵە مەرەکەبی نووسینی تێ دەکرێ. کچ.

دوێتە: کچ: دادە ببینە و (دوێتە) بخوازە.

دویدانۆک: خەستەی توورەکە.
دویرد: دویردگ.
دویردگ: قەیچی.
دویردە: قەیچی.
دویردی: دیاری کردن.
دویساندن: ز. ئاخنین و داگرتنی شت.
دویشەو: شەوی پێش ئەو شەوەی کە تۆی تێدایت.
دویکە: دوێنێ.
دویکەرە: دوودووکەرە.
دویڵ: ز. زوێڵی چەرم کە درومانی پێ بکرێ.
دویڵ: د. تەلەبەرد.
دویڵبەن: د. شوێنی تەختەپۆش کراو بەتەلەبەرد.
دوین: دۆینە (با). دوێنێ.
دۆینە: بروێشتێکە لەگەڵ دۆدا تێکەڵ کرابێ و وشک کرابێتەوە. دۆکوڵیو.
دوینە: د. دوێنێ.
دوێنێ: ڕۆژی پێش ئەو ڕۆژەی کە تۆی تێدایت.
دوێنێ شەو: دوێ شەو.
دویر: با. دوور.
دوین: دۆینە (با). گفتوگۆ کردن (د).
دۆین: چێشتی دۆینە.
دە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی نۆ و یازدە دایە. پیتی هاندانە دەچێتە سەر (فعلی ئەمر)ی حازر لە ئێستادا: (دە) بنووسە، (دە) برۆ، واتە ئێستا. پیتی ڕابووردووی درێژەدار (ماضی استمراری)ە: پار (دە)م خوێند، واتە هەموو پار لە خوێندندا بووم. پیتی لەمەولا (استقبال): (دە) خوێنم، واتە لەمەولا.
دەبا: پیتی هاندانە دەچێتە سەر (فعلی ئەمر)ی حازر و غائب بۆ لەمەولا: (دەبا) بچیت، (دەبا) بروا، واتە لەمەولا.
دەباخانە: شوێنێکە پێستەی تێدا دەباخ بدرێ.
دەباخچی: کەسێکە پێستە دەباخ بدا.
دەباخدان: خۆشکردنی پێستە بەجەوت و مازوو.
دەباخکردن: دەباخدان.
دەباشیر: شتێکی سپییە وەک گەچ لەسەر تەختەی ڕەش پێی دەنووسرێ.
دەبان: جۆرە پۆڵایەکی جەوهەرداری خەنجەری لێ دروست دەکرێ.
دەبدەبە: هەرا و زەنا لەگەڵ کۆبوونەوەی مەردوومدا: فیسار کەس بە(دەبدەبە) ژنیان بۆ هێنا.
دەبر: ز. ژیان و گوزەران.
دەبلاخ: بەچکە وشتری یەک ساڵە.
دەبوقان: ز. دەمووکانە.
دەبووش: ز. شتی لینج.
دەبە: سواغ یا دیوارێکە هەڵۆڵ بووبێ و ورگی دابێ. بریتییە لە هێندێ گیانداری سکپڕ. بریتییە لە مەردوومی قۆڕ. بەرمیل.
دەبەنگ: مەردوومی وڕی گێژ و وێژ. مەردوومی دەویت (د). قەحبە (د).
دەبیش: با. لینج.
دەپ: ز. لەوحی دار.
دەتیر: دەمانچە و تفەنگێکە کە دە گوللە بخوا.
دەحادەحا: د. تەحاتەحا.
دەحبە: ز. درندە.
دەحشک: ز. جاش و جوانوو.
دەحل: دارستانی کەم (با). باخ و بێستان (ز).
دەخس: ز. مەردوومی ڕژد.
دەخسین: ز. حەسادەت و قین.
دەخڵ: د. دەغڵ.
دەخڵودان: د. دەغڵودان.
دەر: دەرگا. دەرەوە: بچۆرە (دەر) واتە بچۆرە دەرەوە. دەشت (د).
دەرابدان: ز. قارسکردنی کاڵا.
دەرازینک: با. ئاستانەی دەرگا.
دەرامەد: دەستکەوتێکە گوزەرانی پێ بکرێ.
دەرانین: ز. دەرهانین.
دەراو: دەربەند: (دەراو)ی گۆیژە فێنکە. دراوی گۆزە و دیزە و سەبیلی تازە. شوێنێکە کە ژنان بەرگی تێدا بشۆن.
دەربات: ز. هاوشان لە هێز و بازوودا.
دەربار: دەربارە.
دەربارە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (لەلایەن): (دەربارە)ی مەردووم باش بدوێ.
دەرباز: کەسێکە لە چورتمێک ڕزگار بووبێ، (دەربازبوون) ڕزگاربوون، (دەربازکردن) ڕزگارکردن.
دەربازگە: شوێنێکە کە مەردووم لێوەی دەرباز بێ.
دەربان: دەرگەوان.
دەربایست: دەربەست.
دەربایستی: دەربەستی.
دەربردن: هەڵکردن و گوزەران کردن. دەربوواردن.
دەربڕین: درکاندنی شتێک کە لە دڵتدا شاردبێتەوە.
دەربک: ز. دارێکی پچکۆلەی کولۆرە بارووتی تێ دەکرێ بۆ هەڵگرتن.
دەربوواردن: دەربردن و فرێدانی شتێک لەناو چەند شتێکی تردا: لە نووسینەکەدا دێرێکت (دەربووارد).

دەربوون: گەیین و دەرگا تێ بوونی دومەڵ.

دەربوونە: کۆڵانی تەسکی باریک کە دەر نەچێ.

دەربەدەر: کەسێکە کە لە شوێنی خۆی ئاوارە بووبێ، (دەربەدەربوون) ئاوارەبوون، (دەربەدەرکردن) ئاوارەکردن.

دەربەدەری: ئاوارەیی.

دەربەس: د. دەربەست.

دەربەست: کەسێکە بەتەنگ شتێکەوە بێ.

دەربەستە: دەربایست.

دەربەستەیی: دەربایستی.

دەربەستی: دەربەستەیی.

دەربەسە: د. دەربەستە.

دەربەن: دەربەند (د). قوڵفەی دەفر (ز).

دەربەندن: دەرەیەکە لە ناوەند دووکێودا.

دەربێن: د. دەم بێن.

دەرپاچە: د. دەرەلنگ.

دەرپوشک: با. سەرقاپ.

دەرپۆقین: هاتنەدەرەوەی گلێنەی چاو.

دەرپۆقیو: گلێنەی چاوێکە کە دەرپەڕی بێ.

دەرپەڕاندن: دەرکردن و دوورخستنەوەی شتێک لە شوێنێک بەزۆر. زەقکردنەوەی چاو یا قوتکردنەوەی شوێنێک لە ئەندام: چاوی یا سمتی (دەرپەڕاند).

دەرپەڕانن: دەرپەڕاندن.

دەرپەڕین: دەرچوونی شتێک لە شوێنێک.

دەرپەڕیو: شتێکە کە لە شوێنێک دەرچووبێ.

دەرپێ: کاڵایەکی پزووداری دوو لنگە دەکرێتە پێ.

دەرتەقێن: د. ئاسنێکە بەدەرگاوە پێی لێ دەدرێ.

دەرچاو: ز. دەسەسڕ.

دەرچڕانن: د. دەرکردن.

دەرچک: ز. ژێردەرگا.

دەرچوون: دەربازبوون بەچالاکی. تەقینی چەک لە خۆیەوە. پوختە و قاڵبوونی هێندێ شت: پیاڵەکە یا گۆزەکە (دەرچووە) واتە لە تەقین و شکان رزگاربووە. لە خرتکە چوونی ئەندام: دەستم (دەرچووە) رزگاربوون و سەرکەوتنی یەکێک لە تاقیکردنەوە (امتحان)دا.

دەرحەسین: با. خلیسکان.

دەرخستن: ئاشکراکردنی شتێک.

دەرخوارد: هاوشان و هاولف: من (دەرخوارد)ی تۆ نیم.

دەرخوارددان: پێ خواردنی شتێک بەیەکێک بەزۆر. وردە وردە تێوەدان و تێکەڵکردنی شتێکی ورد لەگەڵ شتێکی شلدا: ئاردەکە (دەرخواردی) سەمەنیەکە بدە.

دەرخون: ز. دەرخۆنە.

دەرخۆنە: سەرپۆشێکی گڵێنی دەسکدارە دەخرێتە سەر دەمی مەنجەڵ لەسەر ئاگر. جۆرە پنەیەکە.

دەرخوینک: دەرخۆنەی دار.

دەرد: نەخۆشی.

دەردان: هەڵ هێنجانی شتێک لە دەفرێک یا لە شوێنێک. دەرکردنی لق و پۆپی سەوزایی: مێوەکە چرۆی (دەرداوە). پەیابوونی ئاوڵە و سوورێژە و شتی تر لە جەستە.

دەردانک: ز. پەرۆیەکە کە پەنیری تازەی تێ دەکرێ بۆ ئاوە چۆڕ بوونی.

دەرداوی: شتێکە کە دەردێکی پێوە بێ.

دەردمردە: گیانداری دەغەزاری دەردەدار.

دەردۆک: د. دەردۆنگ.

دەردوو: د. دەربێن.

دەردەباریکە: دەردی سیل.

دەردەدار: گیاندارێکە کە دەردێکی پێوەبێ.

دەردەداری: بوونی گیاندار بەخاوەن دەرد.

دەردەست: شتێکە کە لەژێر دەستدابێ، دەردەستبوون: هاتنە ژێر دەستی شتێک، دەردەستکردن: هێنانە ژێر دەستی شتێک.

دەردەکۆیان: دەردێکی گرانە تووشی هێندێ منداڵ دەبێ لە عەزرەتدا کەف دەچێنێ و چنگ قژ دەکاتەوە.

دەردی سەر: بریتییە لە رەنج و سەغڵەتی: تووشی (دەردی سەر)م مەکە. سەرئێشە.

دەردی سەری: دەردی سەر.

دەردی کاری: دەردی بێ دەرمان.

دەڕ: ماڵوس. دەڵ (د). دڕندە (د).

دەڕابە: شتێکی پانە لە تەختە یا لە چینکۆ دەگیرێ بەپێشی دوکاندا.

دەڕاشۆ: د. ژنی بێ حەیا.

دەرز: ئەندازەیەکە لە نووسراو کە بەقوتابی دەوترێ.

دەرزە: هـ. کۆمەڵێک لە (لۆ).

دەرزەن: دوانزە دانە لە هێندێ شت.

دەرزی: ئاسنێکی باریکی نووک تیژە سەرێکی کونێکی تێدایە هەودای تێ هەڵدەکێشرێ و دروومانی پێ دەکرێ.

دەرزی ئاژن: دەرزیکردن بەشتێکدا یەک لەسەر یەک.

دەرزی دان: شتێکی کولۆری باریکە دەرزی تێ دەخرێ.

دەرزی لۆکە: گیایەکی بەهارییە بەرێک دەگرێ وەک دەرزی وایە.

دەرزیلە: دەرزی لۆکە.

دەرسۆک: با. دەسەسڕ.

دەرشۆ: ز. شاڵی کاسە و کەوچک شووشتن.

دەرفەت: هەل: لە (دەرفەت)ێکدا وەرە.

دەرڤە: ز. چوونە دەرەوەی شتێک لە شوێنێک.

دەرقیل: ز. چاکڵ.

دەرک: دەرگا.

دەرکردن: ڕۆیاندن و دوورخستنەوەی یەکێک لە شوێنێک. خوێندنەوەی نووسراوێک بەئاسانی: فیسار کەس کاغەزەکە (دەرناکا) واتە نازانێ بیخوێنێتەوە. دەربازکردنی شتێکی قاچاغ و ڕزگارکردنی. دەرگا تێکردنی برین. پەیابوونی گەڵا و لق و پۆپ لە درەختدا. دەردانی ئاوڵە و سووریژە. جیاکردنەوەی مووچەخۆر لە پیشەکەی.

دەرکردە: ئەو بەروبوومەیە کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەنێردرێ بەبازرگانی. ئەو نووسراوانەیە کە ژمارەیەکی تایبەتی دەخرێتە سەر و لە دائیرەیەکەوە دەنێردرێ بۆ دائرەیەکی تر (صادرە).

دەرکوت: د. دەرتەقێن.

دەرکودوو: ددرماڵ: یاخوا لە هیچ (دەرکودوو)یەکدا نەبیت.

دەرکە: دەرگا.

دەرکەتن: ز. دەرکەوتن.

دەرکەفتن: د. دەرکەوتن. تەرەبوون.

دەرکەفتە: گیانداری تەرە و توونا بوو.

دەرکەنار: مەردوومی گۆشەگیر. چەند دێرێکی کورتە کە نووسرابێ لە داوێنی نووسراوێکی ترەوە لەلایەن گەورەیەکی دەوڵەتییەوە.

دەرکەناری: گۆشەگیری.

دەرکەوتن: ئاشکرا و نمایانبوونی شت. چوونە دەرەوە لە شوێنێک.

دەرکەوتوو: شتی ئاشکرا و نمایان. کەسێکە چووبێتە دەرەوە.

دەرکەوتە: دەرکەوتوو.

دەرکێشان: هێنانە دەرەوەی شتێک لە شتێک بەزۆر.

دەرگا: دەلاقەیەکە لە ژوور و حەوشدا هاتوچۆی پێدا دەکرێ. چوارچێوە و تەختەیەکە کە بگیرێ بەدەلاقەی دەرگادا. دەمی هەموو دەفر و کونێک.

دەرگابوون: کونبوونی برین لە خۆیەوە: دومەڵەکە (دەرگای بووە).

دەرگابێن: پەتێکە دەرگای هەمانە و شتی تری پێ دەبەسترێ.

دەرگاخن: پڕکردنی دەفرێک لە شتێک و ئاخنینی تا دەرگاکەی.

دەرگاکردن: دەرکردنی برین.

دەرگاکەل: دەرگا.

دەرگڤانک: با. سەرقاپی کووپە و گۆزە.

دەرگوشادانە: د. درگاژەنانە.

دەرگە: دەرگا.

دەرگەوان: کەسێکە هەمیشە ئاگای لە دەرگابێ بۆ کردنەوە و داخستنی.

دەرگیل: ز. چەپەر.

دەرماڵ: خانووبەرە: لە (دەرماڵ)ی فیسار گەورە بووە. دۆمە.

دەرماڵە: ز. دابەستە.

دەرماڵی: کار و بەرخێکە بەهۆی درەنگ لە دایکبوونیەوە لەناو ماڵدا بەخێو بکرێ. خانەزا.

دەرمان: شتێکە بۆ چاکبوونەوە بدرێ بەنەخۆش. بریتییە لە دارو.

دەرمانخانە: کۆگای دەرمان.

دەرمانخوار: د. دەرمان خوارد.

دەرمانخوارد: کەسێکە زەهری درابێتێ. بارووت.

دەرمانخوارد کردن: زەهردان بەیەکێک بۆ کوشتنی.

دەرمانخواز: چاوێکە کە بیەشێ و پێویست بێ بەدەرمان.

دەرمانساز: کەسێکە دەرمان دروست بکا بۆ نەخۆش (صیدلی).

دەرمانک: با. ئاڵەت.

دەرمانکردن: تیمارکردنی نەخۆش.

دەرمانکوت: کەسێکە پیشەی هەر بارووت دروستکردن بێ.

دەرمانکەر: د. پەزیشک.

دەرمانگە: شوێنێکە کە دەرمانی تێدا دەفرۆشرێ.

دەرمانگەر: کەسێکە کە دەرمان بگرێتەوە (صیدلی).

دەرمانگەری: خەریکبوون بەگرتنەوەی دەرمانەوە (صیدلە).

دەرمەجێڵ: د. دەرمەنجەڵە.

دەرمەجێڵە: د. دەرمەجێڵ.

دەرمەنجڵە: هـ. دەرمەنجەڵە.

دەرمەنجەڵە: چەپەر.

دەرمەنە: د. داماو.

دەرنخوون: د. دەمەونخوون.

دەروازە: دەرگای گەورەی دووتاییی حەوش.

دەروازەوان: د. دەرگەوان.

دەروان: د. دەرگەوان.

دەروبان: دەوروبەری خانوو: نەخۆشەکە (دەروبان) دەکا.

دەروبانکردن: دەرودەشت کردن.

دەرودراوسێ: دراوسێی نزیکی دەوروبەرت.

دەرودوو: دەروبان.

دەرودەشت کردن: هاتوچۆکردنی دەشت و دەر: فیسار کەس (دەرودەشت دەکا).

دەرۆر: هـ. سەرکەوتن بەناوشیو و دەرەدا.

دەرۆزان: خاکەرۆ.

دەروژوور کردن: هاتنە دەرەوە و چوونەوە ژووری منداڵی تازە پێ گرتوو، نەخۆشی تازە چاکەوە بوو: منداڵەکە یا نەخۆشەکە (دەروژوور) دەکا.

دەرۆم: د. ژەقنە.
دەروو: دەربەند. دەرەتان: خوا (دەرووت) لێ بکاتەوە.
دەروون: دیوی ناوەوەی بۆشی جەستە.
دەروەن: د. دەربەند و دەرە.
دەرودنجەڵە: د. دەرمەنجەڵە.
دەرویش: کەسێکە کە بەڕاستی خواپەرست و بەبەشی ئەو دابکەوێ.
دەرویشی: خواپەرستی و بەبەشی ئەو داکەوتن.
دەرە: ناوشیوی قووڵ.
دەرهاتن: هاتنە دەرەوەی شتێک لە شوێنێک. پوختەبوون و پێگەیشتنی شتێک: منداڵەکە باش (دەرهاتووە) واتە ژیر و زرنگ بووە، یا گۆزەکە (دەرهاتووە) واتە باش دەرچووە.
دەرهاتوو: مەردووم یا شتێکە کە پوختە بووبێ.
دەرهانین: دەرهێنان.
دەرهاوردن: دەرهێنان.
دەرهاوێژران: دەرهاویشتن.
دەرهاوێژراو: شتێکە لە شتێکی تر فڕێ درابێ.
دەرهاویشتن: فڕێدانی شتێک لەناو چەند شتێکی تردا.
دەرەبۆڵە: جۆرە ترێیەکی سووری دەنک گەورەی خڕە.
دەرەبەگی: ئاژاوە و تێکچوونی ئاسایشی وڵات بەهۆی زۆرداری ئاغا و دەست ڕۆیشتووەوە.
دەرەتان: ڕێگای ڕزگاری و دەرچوون: (دەرەتان)م نییە، یا بێ (دەرەتان)م.
دەرەوە: هـ. باخی ناو چەم و دۆڵێکە کە کەوتبێتە لای خواروو.
دەرەقەت: توانین و دەسەڵات.
دەرقەت هاتن: توانایی و دەست ڕۆیشتن بەسەر شتێکدا: (دەرقەت)ی ئەو فرمانە یا ئەو زەلامە نایەم.
دەرەک: ز. جێگای نەزانراو.
دەرەکی: گیاندارێکە کە بێگانە بێ لەناو ئەو کۆمەڵەدا کە تێدایەتی.
دەرەلنگ: کونی خوارووی دەرپێ و شەرواڵ و ڕانک و پانتۆڵ کە پێی پێدا دەکرێ.
دەرەنگ: ز. درەنگ.
دەرەو: درۆ (ز). دەرەوە (د).
دەردوری: هـ. باخی ناوچەم و دۆڵێکە کە کەوتبێتە لای ژووروو.
دەرەوە: دیوی ئاشکرا و بینراو لە شت کە لە ڕووی ناوەوە نەبێ.
دەرهێنان: هێنانە دەرەوەی شتێک لە شتێکی تر.
دەرهێنراو: شتێکە کە لە شتێکی تر هێنرابێتە دەرێ.
دەرێ: دەرەوە.
دەریا: ئاوێکی نیجگار زۆری بێ پەیە کە ئەم پەڕ و ئەو پەڕی دیار نەبێ و لەوانە بێ کە کەشتی و پاپۆڕی بەسەرەوە بگەڕێ.
دەریاچە: دەریای پچووک.
دەریاگر: جەردەی ناو دەریا.
دەریایی: کەسێکە کە هەر لە دەریادا نیش بکا.
دەرێخستن: ز. دەرخستن.
دەریزان: ز. بەردەمی قاپی.
دەری: ز. دەرگا.
دەریچە: دەرگا یا پەنجەرەی پچووک.
دەزبێنک: د. بازن.
دەزگ: دەزوو.
دەزگا: شتێکی پانە لە ئاسن یا لە دار دروست دەکرێ و ئاسنگەر یا کاڵادروو کاری لەسەر دەکا.
دەزگر: پەڕۆیەکی درێژی ئەم سەر و ئەوسەر پانە مەنجەڵی لەسەر ئاگر پێ دادەگیرێ. کارێکە زوو بەدەستەوە نەیە و دەست بگرێ.
دەزگێر: فرۆشیارێکە شت بەدەست بگێڕێ بۆ فرۆشتن.
دەزگیر: دەستگیر. دەزگر.
دەزگیران: کوڕ یا کچێکە کە ناویان بۆ یەکتری برابێ و خوازبێنی کرابێ و بەتەمای یەک بن.
دەزوو: هەودای باریکی ڕێسراو لە لۆکە.
دەزووران: دەزگیران.
دەزوولە: شتێکە وەک دەزوو لە کشانی شتی لینج پەیدا دەبێ.
دەزوولەبەستن: دەزوولەکردن.
دەزوولەکردن: پەیدابوونی دەزوولە لە شتی لینجەوە: شەربەتەکە یا دۆشاوەکە دەزوولە دەکا: واتە خەست بوودتەوە.
دەزی: ز. دەزوو.
دەزیران: دەزگیران.
دەژ: شتی دەست نەزەدە.
دەژاندن: داخکردنی دانی کولۆر بۆ ژان شکانی.
دەس: دەست.
دەسا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە ناوەندی دوو وتاردا هۆیەتی (علیت)ی پێشووەکەیان دەگەیەنێ بۆ پاشووەکەیان: (دەسا) بخۆ لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ زۆرم برسییە.
دەس ئاژۆ: د. دەستەمۆ. دەسەسڕ.
دەس ئاگر: د. دەستەچیلە.
دەس ئاوان: د. دەسکەوان.
دەس ئاوێژ: د. هەڵمەت: فیسار کەس (دەس ئاوێژ) بوو، واتە هەڵمەتی دامێ. وچان.
دەسان: د. داستان.
دەساندەس: د. بەرامبەر. دەستاو دەست.
دەساو: د. دەستاو. دەستیاو.

دەساودەس: د. دەستاودەست.

دەسبازی: د. دەستبازی.

دەسبڕ: د. دەستبڕ.

دەسبڕی: د. دەستبڕی.

دەسبڕین: د. دەست بڕین.

دەسبەجێ: د. دەستبەجێ.

دەس بەدەس: د. دەست بەدەست.

دەسبەن: د. دەستبەند.

دەسپەرژان: د. دەستپەرژان.

دەسپەرژیان: د. دەستپەرژان.

دەسپێچ: د. دەسرازە. پەڕۆیەکە نان پێوەدەر لە دەستی دەئاڵێنێ لەکاتی نان پێوەداندا.

دەسپێچک: دەسپێچ. ئەندازەیەکە لە خوری شیکراوە کە لە دەستەوە بئاڵێنرێ بۆ ڕستن.

دەسپێچەنە: دەسپێچک.

دەسپێکردن: د. دەست پێکردن.

دەست: پەلی گیاندار لە شانیەوە تا پەنجەکانی. بریتییە لە دەسەڵات: فیسار کەس (دەست)ی هەیە. بریتییە لە قاتێک کاڵا. جۆر و چەشن: کەواکەم لە (دەست)ی کەواکەی تۆیە، واتە لە چەشنی ئەوە. وتەی پەسند و ئافەرین: لە کاتێکدا کە یەکێک کارێکی جوانی لە دەست دەرچێ دەڵێت (دەست) واتە ئافەرین دەستت خۆش بێ.

دەست ئاژۆ: د. دەس ئاژۆ.

دەستار: دوو بەردی پانی گردە بەدەست دەگێڕدرێ و دانەوێڵەی پێ دەهاڕدرێ.

دەستان: داستان.

دەستاو: مەلوولاوێکی شلە دەگیرێتەوە لە ئارد و ئاو بۆ کار و بەرخی ساوا. دەست بەئاو گەیاندن (ز).

دەستاوبرد: دەستوبرد.

دەستاودان: دەست تەڕکردنی هەویرشێل بۆ ئەوەی کە هەویرەکەی باش بۆ بشێلدرێ یا بۆی شل ببێتەوە. دانی دەستا و بەکار و بەرخ.

دەستاودەست: چوونی شتێک لە دەستی ئەممەوە بۆ دەستی ئەو.

دەستاوێز: جێگە دەست لە شت بۆ دەست پێوەگرتنی.

دەستاوێژ: ماوەی هاویشتنی بەردێک بەدەست: ماڵی ئێمە تا بازاڕ (دەستاوێژێکە).

دەستبازی: چنگە پۆیان و یاریکردن.

دەستبڕ: بریتییە لە فێڵبازی مەردووم خەڵەتێن.

دەستبڕی: دەستبڕین.

دەستبڕین: بریتییە لە فێڵبازی و مەردووم خەڵەتاندن.

دەست بڵاو: بریتییە لە کەسێک کە ماڵی خۆی بەفیڕۆ بدا.

دەست بڵاوی: ماڵ بەفیڕۆدان.

دەست بووری: ز. کەسێکە کە هەر قسەی بێ و کردەوەی نەبێ.

دەستبوون: بریتییە لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتن: یاخوا زۆردار هەرگیز دەستی نەبێ: بریتییە لە بەشداربوون لە شتێکدا: فیسار کەس دەستی هەیە لەو کارەدا، یا دەستی کەریەتی هەیە، واتە بەشدارە تیایاندا.

دەست بەئاو گەیاندن: بریتییە لە چوونە سەر پێشاو.

دەست بەتاڵ: بریتییە لە مەردوومی بێ کار.

دەست بەتاڵی: بریتییە لە بێ ئیشی.

دەست بەجێ: کوتوپڕ.

دەست بەدەست: دەست بەجێ.

دەست بەدەستادان: بریتییە لە پەشیمانی و دەرچوونی هەلێک لە دەستت.

دەست بەردار: بریتییە لە کەسێک کە دەستی لە کارێک هەڵگرتبێ، (دەست بەرداربوون) بریتییە لە دەست هەڵگرتن لە کارێک.

دەست بەرداری: دەست بەرداربوون.

دەست بەردان: بریتییە لە جیابوونەوەی دوو کەس لە یەک: ژن و مێردەکە (دەستیان لە یەک بەردا) واتە لە یەک جیابوونەوە.

دەست بەڕوودەونان: بریتییە لە جوابدان و ناهومێدکردنی یەکێک کە داوای شتێکت لێ بکا.

دەست بەزاخا کردن: بریتییە لە دەست بڕین و هەڵخەڵەتاندنی یەکێک.

دەست بەستن: بریتییە لە دەست خەڕۆکردن: فیسار کەس چاک (دەستی بەستم).

دەست بەستە: بریتییە لە مەردوومی دەست خەڕۆ.

دەست بەسەر: کەسێکە بەفەرمانی دەوڵەت لە شارێک یا لە شوێنێک نەتوانێ بچێتە دەرەوە.

دەست بەسەراگرتن: بریتییە لە داگیرکردنی شتێک.

دەست بەقرپ: کەسێکە هەر شتێکی بێتە دەست زوو لە ناوی ببا.

دەستبەند: گوریس یا زنجیرێکە کە دەستی وڵاخی پێ ببەسترێتەوە.

دەست پانکردنەوە: بریتییە لە سواڵکردن.

دەستپەڕ: خۆ ڕەحەت کردنی ئادەمی بەدەست.

دەستپەرژان: دەست نەگیران و فریاکەوتن بۆ کردنی کارێک.

دەستپێچک: دەسپێچک.

دەست پێشکەری: دەست پێشخستن لە یەکێک لە کردار یا گوفتارێکدا کە ئەو کەسە بەتەمای کردن یا وتنی بێ لەپێش تۆدا.

دەست پێکردن: دەستدانە کردار یا گوفتارێک و لەسەر ڕۆیشتنی.
دەست پێوەنان: بریتییە لە دەربازکردنی یەکێک یا شتێک.
دەست پیس: بریتییە لە مەردوومی گەندەدزی ناو ماڵ.
دەست پیسی: بریتییە لە وردە دزی ناو ماڵ.
دەست تەنک: بریتییە لە مەردوومی کەم دەست.
دەست تەنکی: بریتییە لە کەم دەستی.
دەست تەنگ: دەست کورت.
دەست تەنگی: دەست کورتی.
دەستچن: شتێکە بەدەست و تەقەڵ چنرابێ.
دەستچێن: شتێکە بەدەست چێنرابێ لە زەویدا.
دەستخورێنە: گەزگەزۆک.
دەستخۆشانە: د. بەخشیشێکە کە بدرێ بەیەکێک لە ئەنجامی کارێکدا.
دەستخەت: شتێکە کە بەدەست نووسرابێ.
دەستخەڕۆ: کەسێکە تەفرە درابێ و دەستەشکێن کرابێ، (دەستخەڕۆبوون) تەفرەخواردن، (دەستخەڕۆکردن) تەفرەدان و دەستەشکێن کردنی یەکێک.
دەستخەڕۆیی: تەفرەخواردن و دەستەشکێن بوون.
دەستدار: بریتییە لە مەردوومی دارای بەدەسەڵات.
دەستداری: دارایی و دەسەڵات.
دەستدان: بەکارهاتنی شتێک بۆ شتێک: ئەم زینە بۆ ئەم ولاخە (دەست دەدا).
دەست دروو: کاڵایەکە بەتایبەتی دروابێ.
دەست درێژ: دەستدار.
دەست درێژی: دەستداری. زۆر و ستەم.
دەستڕاست: کەسێکە شت زوو بنەنگێوێ.
دەستڕۆیشتن: بریتییە لە دەسەڵات بەسەر شتێکدا.
دەستڕۆین: بریتییە لە دەوڵەمەندی.
دەستڕۆیو: دەوڵەمەند.
دەستڕەس: شتێکە دەستکەوتنی ئاسان بێ.
دەستڕەش: بریتییە لە کەسێک کە هەر شتێکی لێوە دەستکەوێ فەڕی لێ نەبینرێ.
دەستڕەنگین: بریتییە لە کەسێک کە بەدەستی خۆی پیشەی جوان بزانێ.
دەستڕێژ: تەقاندنی چەند گوللەیەک بەجارێک لەلایەن چەند کەسێکەوە ڕووەو شتێک.
دەست سپی: بریتییە لە کەسێک کە پیشەیەکی وا نەزانێ خۆی پێ بژیەنێ.
دەستشۆر: شوێنێکی تایبەتییە کە هەر دەستی لێ بشۆرێ.
دەسشۆرک: دەستشۆر.
دەستشێل: هەویر یا قوڕێکە بەدەست شێلرابێ.
دەستفرۆش: دەزگێر.
دەستقاڵە: ز. دەست بەتاڵ.
دەستقلپ: دەست بەقرپ.
دەستقووچان: بریتییە لە ڕژدی و چرووکی.
دەستقووچاو: بریتییە لە مەردوومی چرووک.
دەستقەرز: قەرزێکە کە دەست بە دەست بدرێ بەیەکێک.
دەستک: ز. چەپکێک لەگوڵ یا لە گیا.
دەستکار: دەستکرد.
دەستکاری: زۆر دەستدان لە شتێک.
دەستکراوە: بریتییە لە مەردوومی دڵفراوانی بەخشندە.
دەستکرد: شتێکە بەدەست دروست کرابێ، شتی تایبەتی دروست کراو.
دەستکردنەوە: بریتییە لە دەست وەشاندن لە جەنگدا.
دەستکوتان: دەستگێڕانی کوێر یا چاوساغ لە تاریکیدا.
دەستکورت: بریتییە لە مەردوومی نەدارا.
دەستکورتی: بریتییە لە نەدارایی.
دەستکەلا: هەڵمات یا گوێزێکە کە هەمیشە تیلی پێ بکرێ.
دەستکەوت: دەرامەتێکە کە گوزەرانی پێ بکرێ.
دەستکەوتن: شت هاتنە دەست.
دەستکێش: تەنراو یا چەرمێکە دەکرێتە دەست. چاوساغێکە کە پەلی کوێر بکێشێ.
دەستکێشان: ڕاکێشانی دەستی کوێر.
دەستکێشاندنەوە: کارسەندنەوە لە یەکێک کە کارێکی پێ سپێردرابێ.
دەستکێشانەوە: دەست هەڵگرتن لە کارێک.
دەستگر: دەزگر.
دەستگرتن: دەزگیرۆیی. بریتییە لە جڵەوگیری یەکێک لە کارێک.
دەستگرتنەوە: دەست کێشانەوە. دەست پانکردنەوە. خوێندنەوەی بەری دەست. بریتییە لە پاشەکەوتی کردن.
دەستگرتی: ز. خەریکی بەکارێکەوە.
دەستگەیشتن: دەست پەرژان..
دەستگێڕ: دەزگێڕ.
دەستگێڕانەوە: گێڕانەوەی دەست لە کارێک و پەشیمان بوونەوەی لێی.
دەستگیر: پیرێکی خواپەرستی خوێندەوارە کە بەئامۆژگاری جوان دەستی مەردووم بگرێ بۆ ڕێی ڕاست. یارمەتیدەر.
دەستگیران: خەریکی بەکارێکەوە. دەزگیران.

دەستگیربوون: دەستکەوتن.
دەستگیرۆیی: یارمەتیدانی یەکێک بەشت پێدانی.
دەست لێدان: دەستکاری کردنی شتێک.
دەست لێک بەردان: بریتییە لە جوێبوونەوەی دوو کەس لەیەک بەئێجگاری.
دەست لێ کێشانەوە: کێشانەوەی دەست لە شتێک.
دەست لێنان: دەست نانە سەر شوێنێک لە ئەندامی ئادەمی بۆ ئەوەی کە بزانرێ لێ دەدا یا نا.
دەست لێ وەشاندن: دەستکردنەوە لە یەکێک.
دەست لێ هەڵگرتن: وازهێنان لە کارێک.
دەستمایە: دراوێکە کە خرید و فرۆختی پێ بکرێ.
دەستمایەدار: کەسێکە دەستمایەی بەدەستەوە بێ.
دەستمز: حەقدەست.
دەستمیز: خۆ ڕەحەت کردنی گیاندار بەهێنانەوەی ئاوی.
دەستنوێژ: دەموچاو و دەست و سەر و قاچ شووشتنە بۆ نوێژ کردن.
دەست نەزەدە: شتی دەست لێ نەدراو.
دەستنێژ: نەمامێکە کە بەتایبەتی نێژرابێ. بریتییە لەیەکێک کە پێت گەیاندبێ و دائمەزراندبێت.
دەستنیشان: شتێکە لەبەر نایابی دەستنیشانە کرابێ کە دەستکاری نەکرێ. نانەوەی شتێک بۆ دزینی. نامزەدکردنی یەکێک بۆ کارێک.
دەستوبرد: خێرایی لە فرمان و کاردا.
دەستوپێوەند: نەو کەسانەن کە لەژێر دەستتدا کارت بۆ دەکەن.
دەستومشتاخ: دەستومۆچ.
دەستومۆچ: ماچکردنی دەستی یەکتری لە ڕووی خۆشەویستییەوە.
دەستوور: باوی کۆمەڵایەتی. شتێکە سابووناوی لە کۆمی نەخۆشەوە پێ تێ دەکرێ بۆ ڕەوانبوونی. یاسای بنەڕەتی دەوڵەت.
دەستووردان: فەرماندان بەکارێک.
دەستوورکردن: ڕاییکردنی گرفتی نەخۆش بەهۆی دەستوورەوە.
دەستە: کۆمەڵێک لە گیاندار. دەرزەنێک لە هێندێ شت. ژمارەیەکی تایبەتییە لە سەرباز (فصیل).
دەستەئەژنۆ: بریتییە لە مەردوومی پەک کەوتە.
دەستەبرا: چەند کەسێکن کە دۆستایەتی و برادەرییان خۆش بێ.
دەستەبوخچە: دەسەبوخچە.
دەستەبوخچەڵە: دەستەبوخچە.
دەستەبەر: کەسێکە کە بەڵێنی بەشتێک دابێ، (دەستەبەربوون) بەڵێندان بەکردنی کارێک.
دەستەبەرە: شتێکە لە تەختە دروست دەکرێ و بەچوار دەستەکی شتی پێ دەگوێزرێتەوە.
دەستەبەری: بوونی یەکێک بەدەستەبەری شتێک.
دەستەپاچە: مەردوومی دەستەوسان.
دەستەپارچە: دەستەپاچە.
دەستەجلەو: قایشێکە لە لغاو هەڵدەکێشرێ.
دەستەچرا: چرای دەستی.
دەستەچیلکە: دەستەیەکە لە چیلکەی وشکی باریک کە ئاگری پێ بکرێتەوە.
دەستەچیلە: دەستەچیلکە.
دەستەخورد: لۆرە لەپ.
دەستەخوشک: چەند کچێکن کە دۆستایەتییان خۆش بێ.
دەستەدز: دەستەک دز.
دەستەدوو: دارێکە دەکوترێ بەسەر هەوجاڕدا و دەستی پێ دەگیرێ لەکاتی جووت کردندا.
دەستەر: شەقڵ.
دەستەرە: دەستەر.
دەستەریقانە: د. دیارییەکە کە بەدەستی خۆت بیبەیت بۆ کەسێک.
دەستەسر: دەسەسر.
دەستەسوار: ئەندازەیەکە لە سەربازی سوارە (کتیبە).
دەستەشکێن: مەردوومی دەستخەڕۆ.
دەستەک: داری دارەڕا لە داربەڕوو.
دەستەکچ: کچێکە لە تەمەنی هەشت و نۆ ساڵەدا بێ، واتە نە زۆر منداڵ و نە تەواو پێگەیشتبێ.
دەستەک دز: کەسێکە کە ماڵ بنێتەوە بۆ دزینی.
دەستەکردن: کردنی شت بەدەستە.
دەستەکوڕ: کوڕێکە لە تەمەنی هەشت و نۆ ساڵەدا بێ، واتە نە زۆر منداڵ و نە تەواو پێگەیشتبێ.
دەستەکەوشە: دەستەدوو.
دەستەگوشە: دەستەکەوشە.
دەستەگیرە: گیرگەیەکە مۆر هەڵکەن مۆری پێ دەگرێ بۆ هەڵکەندنی.
دەستهلانین: ز. دەستکردنەوە.
دەستەڵە: گۆزەی پچووکی بێ لوولە.
دەستەمۆ: گیاندارێکی ماڵییە کە ڕام بووبێ و هەر دەمێک دەستی بۆ ببرێت بگیرێ.
دەستەنک: دەست تەنک.
دەستەنکی: دەست تەنکی.
دەستەنگ: دەست تەنگ.

دەستەنگی: دەست تەنگی.
دەستەوا: دەستیاو: شین و شایی (دەستەوا)یی.
دەستەوارە: چەند نان یا چەند کولێرەیەکە کە لەسەر یەک دانرابن.
دەستەوانە: چەند مووروویەکی هۆنراوەیە منداڵان دەیکەنە دەستیان.
دەستە و ئەژنۆ: دەستەئەژنۆ.
دەستەوسار: هەوسار.
دەستەوسان: مەردوومی دەستەپاچە.
دەستەوکێرد: گیاندارێکە کە وتبێ و چرچی لنگی لێ ڕاکێشابێ.
دەستەوناو: ڕێگایەکە کە تۆزێک سەر بەرەوخوار بێ.
دەستەویەخە: دەستدانە یەخەی یەک لەکاتی جەنگدا. شوێنی زۆر نزیک: فیسارە شوێن (دەستەویەخە)یە، واتە زۆر نزیکە.
دەست هەڵبەست: درۆیەکە بەتایبەتی ڕێکخرابێ.
دەست هەڵگرتن: بریتییە لە وازهێنان لە کردارێک یا گوفتارێک.
دەستەی فەقێیان: سفرەی فەقێیان.
دەستیار: یارمەتیدەر (معاون).
دەستیار ئەفسەر: (نائب ضابط).
دەستیاو: چاکەکردن لەگەڵ یەکێک بەرامبەر بەچاکەی ئەو.
دەستی دەستی: تەفرەدان و هەڵفریواندن.
دەستی: شتێکە دەست بەدەست بدرێ بەیەکێک. دەسک (ز).
دەسچەپەڵ: د. دەس پیس.
دەسخۆش: بەیەکێک دەوترێ کە کارێکی جوانی کردبێ، واتە ئافەرین.
دەسخۆشانە: د. مزێکە دەدرێ لەباتی کارێکی باش کە بۆت کرابێ.
دەسخەت: دەستنووس.
دەسخەڕۆ: دەستخەڕۆ.
دەسخەڕۆبوون: دەستخەڕۆبوون.
دەسخەڕۆکردن: دەستخەڕۆکردن.
دەسخەڕۆیی: دەستخەڕۆیی.
دەسخەڕە: د. دەستخەڕۆ.
دەسدار: دەستدار.
دەسداری: دەستداری.
دەسدرێژ: دەستدرێژ.
دەسدرێژی: دەست درێژی.
دەسرازە: پەتێک یا بەنێکی هۆنراوەیە منداڵی لە بێشکەدا پێ دادەپێچرێ.
دەسڕۆیک: د. دەستدار.
دەسڕۆین: دەستڕۆین.
دەسڕەس: دەستڕەس.
دەسڕەش: دەست ڕەش.
دەسڕۆک: دەسەسڕ.
دەسڕۆکە: پارچەیەکی ڕەشی چوار سووچی تەنکی قەراخ سپییە. دەسەسڕ.
دەسفرۆش: دەست فرۆش.
دەسقووچان: دەست قووچان.
دەسقووچاو: دەستقووچاو.
دەسقووچیاگ: د. دەسقووچاو.
دەسقووچیان: د. دەسقووچاو.
دەسقووچیاو: دەسقووچاو.
دەسقەرز: دەست قەرز.
دەسک: جێی دەست پێوەگرتن لە هەموو شتێک. دەزگ (د).
دەسکاری: دەستکاری.
دەسکراوە: دەستکراوە.
دەسکوتان: دەست کوتان.
دەسکە: چەپکەیەک لە گوڵ یا شتی تر.
دەسکەجۆنی: دەسکە دۆڵ.
دەسکەفتن: د. دەسکەوتن.
دەسکەڵوجە: جێی دەست پێوەگرتنی خەرەک لە کاتی بادانیدا.
دەسکەنە: ڕنینەوەی گیا و خوری و موو و هێندێ شتی تر بەدەست.
دەسکەوان: شتێکی قووڵە لە زەرد دادەڕێژرێ و دەسکێکی سەر خری هەیە شتی تێدا دەکوترێ.
دەسکەوت: دەستکەوت.
دەسکەوتن: دەستکەوتن.
دەسکێش: دەستکێش.
دەستکێشان: دەستکێشان.
دەسکێشانەوە: دەست کێشانەوە.
دەسکیسی: ز. یارمەتیدانی یەکێک بەدزییەوە.
دەسگا: دەزگا.
دەسگر: دەزگر.
دەسگرتن: دەستگرتن.
دەسگرۆیی: د. دەسگیرۆیی.
دەسگوشاد: دەست کراوە.
دەسگیر: دەزگیر. یارمەتیدەر. دەزگر.
دەسگیران: دەزگیران.
دەسگیرۆیی: دەستگیرۆیی.
دەسگیری: دەست گیرۆیی.

دەس لەملان: دەست لەملان.
دەسلێدان: دەست لێدان.
دەس لێ کێشانەوە: دەست لێ کێشانەوە.
دەس لێ هەڵگرتن: دەست لێ هەڵگرتن.
دەسماشانن: د. لەپەکوتێی کوتر.
دەسماڵ: جۆرە لە چکێکی سێ سووچە کلک درێژە ژنان دەیگرنە کۆڵیان. دەسەسڕ. جامانەی سەر (هـ).
دەسمایە: دەستمایە.
دەسمایەدار: دەستمایەدارا.
دەسمەرێزانە: د. دەسخۆشانە.
دەسمێژ: ز. دەستنوێژ.
دەسمیز: دەستمیز.
دەسندە: شت دان بەمەردووم بەئەندازە و کەموکوڕی.
دەسندەخۆر: کەسێکە هەر بەدەسندە شتی بدرێتێ.
دەسنگە: دەسندە.
دەسنگەخۆر: دەسندەخۆر.
دەسنووس: دەستخەت.
دەسنوێژ: دەستنوێژ.
دەسنویس: دەسنووس.
دەسنیشان: دەستنیشان.
دەسوبرد: دەستوبرد.
دەسوبۆس: دەستومۆچ.
دەسوپەیمان: د. دەسوپێوەند.
دەسودیم: هـ. دەستنوێژ.
دەسوکار: د. دەستکرد.
دەسومشتاق: دەسوبۆس.
دەسومۆچ: دەستومۆچ.
دەسوور: د. دەستوور.
دەسووشک: د. پیاوی ڕژد.
دەسە: د. دەسکی شت. دەستەیەک لە شتێک: (دەسە)یەک گوێزانم کڕی. چەپک: (دەسە)یەک گوڵم بۆ بکە. دەستوپێوەند.
دەسها: د. دەستاو.
دەسهاوردن: پەیداکردنی شت و هێنانە ژێر دەستی.
دەسەبرا: دەستەبرا.
دەسەبوخچە: توورەکەیەکی پچکۆڵەیە ژنان وردە شتومەکی ناو گیرفانی تێ دەخەن.
دەسەپاچە: دەستەپاچە.
دەسەپارچە: دەستەپارچە.
دەسەجڵەو: دەستەجڵەو.
دەسەچرا: د. دەستەچرا.
دەسەچڵەو: د. دەستەجڵەو.
دەسەچینە: د. سەبەتولکەیەکی دەسکدارە میوەی تێ دەکردرێ.
دەسەخلافکێ: خرخاڵەی ئەم سەر و ئەوسەری بێشکەیە کە منداڵی ناو بێشکە خۆی پێ دەخلافێنێ.
دەسەخوشک: دەستەخوشک.
دەسەداس: د. تەورداس.
دەسەداو: د. داو.
دەسەژەن: لۆرەلەپ.
دەسەسڕ: پارچە تەنراوێکی چوارگۆشەیە هەڵ دەگیرێ بۆ دەست سڕین.
دەسەسەر: د. سەرگەردان.
دەسەشکێن: دەستەشکێن.
دەسەک: د. دەستەک.
دەسەکردن: د. دەستەکردن.
دەسەکەشتی: کەشتی پچکۆلانە.
دەسەکەوشە: د. دەستەکەوشە.
دەسەگیرە: د. دەستەگیرە.
دەسەڵات: تەوانایی و دەست ڕۆین.
دەسەڵقوت: هـ. لۆرەلەپ.
دەسەناو: د. دەستەناو.
دەسەنە: د. بەخشش.
دەسەنەدار: د. کەسێکە خاوەنی پیاوەتی و بەخشش بێ.
دەسەوار: د. دەستەوارە.
دەسەوارە: د. دەستەوارە.
دەسەواکردن: د. پەلەکردن.
دەسەوانە: د. دەستەوانە.
دەسەودەس: د. دەساودەس.
دەسەوسار: د. دەستەوسار.
دەسەوسان: د. دەستەوسان.
دەسەوەرە: د. دەستەبەرە.
دەسەویەخە: د. دەستەویەخە.
دەسهەڕە: د. جۆرە مشارێکی پچکۆلەیە وەک چەقۆ دەنوشتێتەوە، لقی گوڵی ناو باخی پێ دەبڕدرێ.
دەسهەڵبەس: د. دەستهەڵبەست.
دەسەهەوسار: د. دەستەوسار.
دەسیاری: د. دەستگیرۆیی.
دەسیدەسی: د. دەستیدەستی.
دەسی: دەستی.
دەشت: شوێنی چۆڵی تەختی رووتەن.

دەشتان: دەشتانی.

دەشتانی: جێگای تەختی پانی ڕووت لە دار و درەخت.

دەشتایی: دەشتانی.

دەشتەکی: گیاندار و گوڵ و گیای دەشت کە ماڵی نەبێ.

دەشتی: جۆرە مقامێکی خۆشە. دەشتایی. شتی دەشتی.

دەشۆ: ز. دەڤشۆ.

دەعبا: بریتییە لە گیاندارێک کە ناوی نەزانرێ.

دەعجانی: دەعەجانی.

دەعەجانی: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ گیانداری زۆر ناشیرین: فیسار کەس دەڵێی (دەعەجانی)یە، واتە زۆر ناشیرینە.

دەغڵ: گەنم و جۆ.

دەغڵکردن: دەستدان لە شتێک و توخن کەوتنی: (دەغڵی مەکە).

دەغڵودان: دانەوێڵەیەکە کە چێنرابێ.

دەغمە: د. ئەشکەوت.

دەغەزار: گیاندار و درەختی لەڕ و لاوازی دەردەدار.

دەغەڵ: گیانداری بلەحی بێکارەی فێڵباز.

دەغەڵباز: د. فێڵباز.

دەغەڵە: د. دەغەڵ.

دەغەڵی: بلەحی و بێکارەیی و فیڵبازی.

دەف: کەلە بێژنگێکە چەرمی خاو گیرابێتە دیوێکی بۆ ئەوەی کە بەلەپی دەست لێی بدەن تا دەنگی بێ.

دەفتەر: سیپارەیەکی پەڕە پەڕەی سپییە شتی تێدا دەنووسرێ.

دەفتەرخانە: د. نووسینگا.

دەفتەردار: نووسەر.

دەفر: شتێکە کە شتێکی تری تێ بکرێ.

دەفزک: د. بریتییە لە مەردوومی زگ زل.

دەفزەن: کەسێکە کە دەف باش لێبدا.

دەفک: با. دەف.

دەفگەم: ز. ئاستی لغاو کە دەکەوێتە ناو دەمی وڵاخەوە.

دەفن: ز. لووت.

دەفە: تەختەیەکی پانە جۆڵا لە کارکردندا تەنراوی پێ سفت دەکا. ئێسقانی شانی گیاندار.

دەفەزکە: د. دەفزک.

دەڤ: با. دەم. کەناری شت.

دەڤخۆر: ز. دەسەڵات بەسەر ئەم و ئەودا.

دەڤشۆ: ز. ئاڤشۆ.

دەڤە: ز. حوشتری نێر.

دەڤەدەشتی: ز. تەپاڵە کێویلە.

دەڤەر: ز. ڕێزەی دەمی تیغ. شوێن.

دەڤی: ز. درەختی پچووکی لە یەکەوە نزیک.

دەق: قەدی شتی قەدکراو، کەیف: وڵاخەکە بە(دەق) یا بێ (دەق)ە. تەواو: بە دە ڕۆژی (دەق) گەیشتمە کرماشان، واتە بە دە ڕۆژی تەواو. میچ (ز). ئەندازە و پایە: فیسار کەس لە (دەق)ی خۆیدا ماوە، واتە هەر وەک خۆیەتی.

دەقاق: کەتیرە یا جەوییەکە دەدرێ لە ڕووی هێندێ تەنراو بۆ دەق بەستن و جوانی.

دەقاقدان: وتوودان (د). کەتیرەدان لە شتی تەنراو بۆ جوان ویستانی.

دەقاقلی: تەنراوێکە دەقاقی لێ درابێ.

دەقاودەق: شتێکە لەپاش کێشانەوەی یا دابەشکردنی دەق دەرچێ: گەنمەکەم کێشایەوە (دەقاودەق) دەرچوو یا گۆشتی قوربانییەکەم دابەش کرد بەسەر گەڕەکدا (دەقاودەق) دەرچوو.

دەقبەستن: دەق گرتنی شتی قەدکراو.

دەقدان: سافکردن. قەدکردن.

دەقدانەوە: دووبارە بێژانەوەی دانەوێڵە بەبێژنگ بۆ وردە لێ برینی. دووبارە کوتانەوەی برنجی نیوەکوتراو. بریتییە لە لێدانی یەکێک: ئەمڕۆ نەچیت بۆ مەکتەب (دەقت دەدەمەوە).

دەقکردن: قەدکردنی شتێک.

دەقکراو: شتی قەدکراو.

دەقگرتن: نوشتانەوەی شتی قەدکراو بەڕەنگێ کە شوێنی دەقەکەی دیاربێ. وێستانی نرخی شت لە ئەندازەیەکدا: نرخی گۆشت (دەقی گرتووە) واتە ناجووڵێ.

دەقل: ز. شوێنی زۆر سەخت لە زەوی کە نەکێڵرێ.

دەقلووس: ز. سەرمەوقولات.

دەقلووک: ز. مازوو.

دەقنە: ئازووخەیەکە قوتابییانی مزگەوت کۆی دەکەنەوە بۆ زستانیان.

دەقۆر: ز. مەڕێکە کە خورییەکەی لە ناوەندی کورک و خوریدا بێ. بزنێکە کە مووەکەی لە ناوەندی مەردز و موودا بێ.

دەقەقاندن: ز. خوتووکەدان.

دەک: وتەیەکە نزیکی شتێک لە شتێک دەگەیەنێ: (دەک) لە کاتێکدا کە بەردێک بگرێتە شتێک و نزیک بێ لێی بدیت، واتە وەختە بوو بەری بکەوێ. پیتی نزا: (دەک) بەرخوردار بیت، یا (دەک) دەستی شکێ.

دەکووش: ز. بێشکەی منداڵ.

دەگمە: ز. دەگمەن.

دەگمەن: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ کەمی و نایابی شتێک: فیسارە شت دەست ناکەوێ مەگەر بە(دەگمەن).

دەگەر: لێ هاتنی کاری گەورە و گران لە یەکێک و ڕەواییی فەرمانی: فیسار کەس بە(دەگەر)ە.

دەگەل: ز. گالتە.

دەگەڵ: لەگەڵ. ناخوای کەشتی (د).

دەگەنەگ: زۆر: بە(دەگەنەگ) کارت پێ دەکەم، واتە بەزۆر.

دەل: د. گیانداری ڕووقایمی ئازا.

دەڵ: سەگی مێ.

دەلاقە: کونی گەورە لە شت: دیوارەکە یا کەواکەم (دەلاقە)ی تێکەوتووە. دەرگا.

دەلاک: کەسێکە کە سەر بتاشێ یا چاکی بکا. ناتری حەمام.

دەلاکخانە: شوێنێکە سەری تێدا چاک بکرێ.

دەلاڵ: کەسێکە شتی مەردووم بفرۆشێ.

دەلاڵانە: مزێکە کە بدرێ بەدەلاڵ.

دەلاڵخانە: شوێنێکە کە دەلاڵ شتی تێدا بفرۆشێ.

دەلاڵی: بوونی مەردووم بەدەلاڵ.

دەلاڵانە: (دەلاڵییەکە)ی لێ بسێنە.

دەلاندن: نمدانی ئاو لە گۆزە و حەوز و شتی تردا.

دەلانن: دەلاندن.

دەڵب: پێڵاو و کاڵای زۆر فراوان.

دەڵپ: دەڵب.

دەڵپ و دۆپ: شتی زۆر دەڵب.

دەلقێن: ز. ئابرووچوون و نەمانی شەرم.

دەلە: ز. جبە.

دەڵمە: ز. دەڵەمە.

دەلنگ: دەرپێ (ز). دەرەلنگ (با).

دەلوبیبەر: بەری گیایەکە توونە و ناوەکەی کولۆرە و زۆرتر بەترشیاتەوە دەخورێ.

دەلوقەل: مەردوومی ڕووهەڵماڵراوی ئازای چەنەباز.

دەلوو: شێتۆکە. لۆتی.

دەلووکار: کەسێکە کەمێک دەلووبێ.

دەلۆیی: ل. دەلوو.

دەڵەبا: سەگی مێ کە هاتبێتە با.

دەڵەچە: مەردوومێکی پەستە کە مێچکە مێچکە بۆ ئەم و ئەو بکا.

دەڵەچەیی: پەستی و مێچکە مێچکە کردن بۆ ئەم و ئەو.

دەڵەدەڵ: زەردبوون و نەرمبوونی دوومەڵ بەڕەنگێک کە کاتی دەربوونی هاتبێ.

دەلەسە: درۆ و فیشاڵ.

دەڵەق: دەڵەبا.

دەڵەک: دەعبایەکی سووری تاریکە پێستەکەی زۆر بەنرخە. دەڵەبا.

دەڵەکدان: ل. پاڵ پێوەنان: (دەڵەکدە) واتە پاڵی پێوە نێ.

دەڵەمە: شیرێکە لەبەر کەم کوڵاندنی ترش نەبووبێ و کەمێک مەیی بێ. هێلکەیەکە کە شل بێ و نیوە برژ بووبێ.

دەلیا: دەریا، بریتییە لە شتی زۆر: فیسار کەس (دەلیا) یەک دەخوا.

دەلیالووش: بریتییە لە گیانداری زۆرخۆر.

دەڵیان: د. دەلاندن.

دەلیقانی: ئافرەتی بێ شەرم.

دەلینگ: دەرەلنگ.

دەلیدوومان: ز. کەسێکە کە لەسەر زەوی لاسایی پاڵەوان بکاتەوە لەکاتی تەنافبازیدا.

دەم: کونێکە لە ناوەندی هەردوو لێودا شتی پێ دەخورێ. کاتێکی کەم. دەمە (د).

تیغ: (دەم)ە خەنجەرێکم بوو دەسکێکم تێخست.

دەماخ: لووت: فیسار کەس (دەماخ)ی کردووە، واتە بەرلووتی هەڵبەستووە. کەیفخۆشی: فیسار کەس (دەماخ)ی هەیە.

دەماخ تەختکردن: بریتییە لە خۆ نواندن و هەودس تەختکردن بەسەر مەردوومدا.

دەماخ شکاندن: بریتییە لە لووتدان و نەهێشتنی کەیف و خۆشی یەکێک.

دەماخ کردن: هەڵبەستنی دەم و لووت بەلەچک.

دەماخ هەڵبەستن: دەماخ کردن.

دەماخ هەڵدان: دەماخ کردن.

دەمار: ڕەگ. لاسکی گەڵا تووتن. فیز و دەعیە: فیسار کەس زۆر بە(دەمار)ە.

دەمار دەرهاتن: بریتییە لە تین پێگەیین و تەنگەتاوبوونی مەردووم لە شتێکەوە: بەدەست منداڵەوە (دەمارم دەرهات).

دەمارە کۆڵ: دووپشک.

دەمانچە: چەکێکی ئاگرینی پچکۆلەیە دەکرێ بەقەددا وەک تفەنگ دەتەقێنرێ.

دەماندن: گەشاندنەوەی ئاگر بەمووشە دەمە.

دەمانن: دەماندن.

دەماودەم: بلاوبوونەوەی قسە لەم دەمەوە بۆ ئەم دەم.

دەماودەم کەوتن: دەماودەم.

دەماودر: دەمەودر.

دەمبڕ: برینەوەی نیشێک لەگەڵ یەکێکدا بەگۆترە: (دەمبڕ) ئەم کاردم بۆ بکە.

دەمبوون: پێگەیشتنی چایی و قووبوولی و پلاو.

دەمبوونەتاقیچرا: بەیەکێک دەوترێ کە لە شتێکی کوتوپڕییەوە واقی وڕمابێ و قسەی پێ نەکرێ.

دەمبوونە تەڵەی تەقیو: دەمبوونە تاقیچرا.

دەم بەدەم: د. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە باتی وتەی هەمیشە.

دەم بەردان: هەرزە چەنەیی کردن.

دەمبەس: دەمبەست.

دەمبەست: پەتێکە دەمی گای پێ دەبەسترێ لەکاتی گێرەدا بۆ ئەوەی هیچ نەخوا و باش گێرە بکا و، دەکرێتە دەمی کار و بەرخیش بۆ ئەوەی دایکیان نەمژن.

دەم بەیەکاهاتن: دەم پیاکاهاتن.

دەمبێن: چەڵمەیەکە وەک دەمبەست دەمی گای پێ دەبەسترێ لەکاتی گێرەدا. پەتێکە دەمی هەمانە و جەواڵی پێ دەبەسترێ.

دەم پوخت: چێشتێکی شلەیە لە کشمیش و لەتکە نۆک و کفتەی ورد دروست دەکرێ.

دەم پووچ: دەم پووچەڵ.

دەم پووچەڵ: مەردوومی بێ دان.

دەم پیاکاهاتن: دەم تێکەڵبوون لە قسەدا لە ترسا یا لە شەرما.

دەم پیس: بریتییە لە مەردوومی جنێوفرۆش

دەم تاڵ: بریتییە لە مەردوومی قسەڕەق

دەم تەڕ: بریتییە لە یەکێک کە هەر بەدەم پیاوەتی بکا: فیسار کەس (دەم تەڕ)ی کاسە وشکە.

دەم تەڕکەرە: بریتییە لە میوە و هەرچی دەم تەڕ بکا.

دەم تێژەندن: دەم نانی گیاندار لە خواردەمەنی: پشیلەکە (دەمی ژەندە) ناو چێشتەکە. سەرکردنە شتێک و لەناودانی: فیسار کەس (دەمی ژەندە) دەوڵەتەکەی باوکی هیچی نەهێشت.

دەم تێکەڵبوون: دەم پیاکاهاتن.

دەم تێوەدان: دەم بردن بۆ قسەیەک و دووان لە بابەتییەوە.

دەمجاو: ئەندازەیەکە لە بنێشت کە لە دەمدا بجوورێ.

دەم چوونەکلیلە: بریتییە لە بەسترانی دەم و نەکرانەوەی لە ترساندا.

دەم چەپەڵ: د. دەم پیس.

دەمچەرخدان: بریتییە لە چەنەدان.

دەم چەفت: د. دەم چەوت.

دەم چەوت: بریتییە لە یەکێک کە قسەی بایەخی نەبێ و بەگوێی نەکەن.

دەم خاو: کەسێکە قسە بەخاوی بکا.

دەمخۆش: بەیەکێک دەوترێ کە قسەیەکی باشی کردبێ، واتە ئافەرین.

دەمخۆشانە: د. مزگێنی.

دەم داچەقاندن: دەم کردنەوە.

دەمدار: مەردوومی بەدەم و قسە و گفتوگۆ.

دەمدان: بریتییە لە لەوەڕێنێکی کەمی ئاژاڵ: ئاژاڵەکە بەریدە با (دەم)ێک بدەن. دەماندنی کوورە و شتی تر (د).

دەمدانەوە: گەشانەوەی گوڵ. دەرگا بوون و والا بوونی برین.

دەمدڕاو: بریتییە لە یەکێک کە قسە لە دەمیدا نەوەستێ.

دەمدروون: بریتییە لە دەمکوتکردنی یەکێ.

دەمدرێژ: بریتییە لە مەردوومی درێژ دادڕی بێ شەرم.

دەمدرێژی: درێژدادڕی و بێ شەرمی.

دەمدوور: زاربێن.

دەمدەمی: مەردوومی ڕاڕا. شتێکە کە ناو بەناو ببێت: سەرێشەکەم (دەمدەمی)یە.

دەمڕاس: د. دەمڕاست.

دەمڕاست: مەردوومی قسەزان و فەرمانڕەوا.

دەم ڕاستبوونەوە: بریتییە لە دەوڵەمەند بوون و تێرخواردنی یەکێک لەپاش برسێتی و هەژاری.

دەم ڕووت: بریتییە لە پیاوی منداڵکاری بێ نموود کە شەرمی لێ نەکرێ.

دەم ڕەش: بریتییە لە یەکێک کە هەر نوقڵانەی خراپ لێ بدا و شووم بێ.

دەم سپی: بریتییە لە پیاوی قسە ڕەوا کە شەرمی لێ بکرێت.

دەم سوور: د. بریتییە لە یەکێک کە پشت ئەستوور بێ لە کارێکدا.

دەمشڕ: دەمدڕاو.

دەمقاڵێ: مشتومڕی دوو کەس لەسەر شتێک.

دەمقڕە: دەمقاڵێ.

دەمکار: چینی دیوارە بەڕووکاری دیوی دەرەوەیدا.

دەمکردن: لێنانی چایی، (دەمکراو) چایی لێنراوی ئامادەکراو، دەمگرتن.

دەمکوت: کەسێکە لەبەر شتێک لە قسە و گفتوگۆ خرا بێ، (دەم کوتبوون): لە گفتوگۆ کەوتن لەبەر شتێک، (دەم کوتکردن): لە گفتوگۆ خستن.

دەمکێشان: دەمبوون.

دەمگرتن: بریتییە لە رووشکان و کردنی قسە بەبێ شەرم: فیسار کەس چاک (دەمی گرتووە).

دەم گرتنەوە: بریتییە لە خۆگێڕانەوە لە خواردن.

دەم گەرم: بریتییە لە مەردوومی قسەڕەوان.

دەم لارە: د. ئەو جۆرە سوراحییەیەکە تۆزێک دەمەکەی لارە.

دەم لێدان: سازندەیی.

دەم لێکنان: بریتییە لە مردن و هەناسەبڕان.

دەمنە: شتێکی درێژکۆلەی کون تێکراوە جگەرەی پێ دەکێشرێ.

دەمنێ: تەختەیەکە دەدرێ لە سەری خوارووی نێ و کونێکی تێ دەکرێ و (شاگونج)ی تێ دەبرێ.

دەم و پل: دەموچاو: (دەموپل)ی خواتەوە. بریتییە لە قسە ڕەوانی: فیسار کەس بە(دەموپل)ە.

دەموچاو: ڕووی گیاندار.

دەموچاوهەڵگر: ئافرەتێکە کە موو لە دەموچاوی ژنان بکاتەوە و جوانی بکات.

دەموچاوهەڵگرتن: موو هەڵکەندن لە دەموچاوی ژن بۆ جوانی.

دەم و دوو: بریتییە لە قسە و گفتوگۆ: فیسار کەس (دەم و دوو)ی خۆشە.

دەم و دووان: دەم و دوو.

دەمودەس: دەمودەست.

دەمودەست: کوتوپڕ.

دەم و فلچ: دەم و فلق.

دەم و فلق: دەم و دووی ناشیرین.

دەموقەوچە: د. دەم و فلق.

دەموکانە: جۆرێکە لەبەری مازوودار وەک دەنکی بەلالووک وایە دەکوترێ و ناوە لینجەکەی خۆش دەکرێ و بۆ هێندێ شت بەکاردێنرێ.

دەم و کاوێژ: دەم و فلق.

دەموکە: دەموکانە.

دەمووکە: دەموکانە.

دەمە: شتێکە ئاسنگەر و چەقۆگەر و مسگەر ئاگری پێ دەگەشێننەوە. ڕۆژی با و بۆران.

دەمهاتن بەیەکا: دەم بەیەکاهاتن.

دەم هار: دەم هەراش.

دەمەتەقێ: بریتییە لە قسە و گفتوگۆ کردن بۆ ڕابواردن.

دەمەجاو: ئەندازەیەکە لە بنێشت کە لە دەمدا بجوورێ.

دەمەداچەقێ: دەمەدانی گیاندار بەیەکدا لەکاتی گیانەلاکە هەناسەی درەنگ دەردەچێ.

دەمەدەم: سەرەتای هەموو کاتێک: (دەمەدەمی) بەیانیان یا ئێواران خۆشە.

دەمەڕێزە: تیغێکە کە دەمی هەڵوەری بێ، (دەمەڕێزەبوون) هەڵوەرینی دەمی تیغ.

دەمەرقۆپان: جۆرە شەڕواڵێکە لەسەر دەرپێوە لەپێ دەکرێ.

دەمەزردکردنەوە: تیژکردنەوەی دەمی تیغ بەبرەبەند لەگەڵ ئاودانەوەی.

دەمەقرە: دەم قرە.

دەمەقەیچی: د. برشتی مەقەست.

دەمەکوتێ: دەمەداچەقێ.

دەمەلاسکە: لاسایکردنەوەی قسەی یەکێک و دەم خواردنەوە لیێ لە ڕووی گاڵتە پێ کردنیەوە.

دەمەلاسکێ: دەمەلاسکە.

دەمەڵبێن: پارچە مسقاڵییەکی درێژکۆلەیە دەمی مردووی پێ هەڵدەبەسترێ.

دەمەنی: هەلامەت.

دەمەوخوار: شتی دەمەونخون.

دەمەوڕوو: دەمەوخوار.

دەمەوژێر: دەمەوخوار.

دەمەونخون: دەفرێکە کە نخون بووبێتەوە.

دەمەونخونبوون: بەدەمداکەوتنی دەفر.

دەمەونخونبوونەوە: دەمەونخونبوون.

دەمەونخونکردن: بەدەمداخستنی دەفر.

دەمەونخونکردنەوە: دەمەونخونکردن.

دەمەوەر: خوار دەستێکە لە گفتوگۆدا بەگژ دەمتدا بێتەوە.

دەمەوەری: بەگژدەمدا چوونەوەی خواردەست بۆ گەورەی.

دەم هەراش: مەردوومی دەم گەرمی سازندە.

دەم هەراشی: سازندەیی.

دەم هەڵبەس: دەم هەڵبەست.

دەم هەڵبەست: قسەیەکە لە خۆتەوە هەڵت بەستبێت.

دەم هەڵپچڕان: بریتییە لە قسەکردن: بۆچی (دەم هەڵناپچڕێت) واتە قسە ناکەیت؟

دەمهەڵە: د. دەمشڕ.

دەم هەڵهێنانەوە: بریتییە لە خۆ ئامادەکردنی مەردووم بۆ قسەکردن.

دەمێکە: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ کاتێکی ڕابردووی زۆر دوور: (دەمێکە) کورد نوستووە.

دەمیەکنیان: د. دەم لێکنان.

دەن: هـ. پەراسوو.

دەنا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەجێی وتەی ئەگینا.

دەند: زبانەی ئێرەق.

دەندوکچە: با. ناوە بۆ جۆرە هەنارێک.

دەندووک: دوو ئێسقانی باریکە بەدەم باڵندەوە شتی پێ دەخوا.

دەنک: دانەی دانەوێڵە و هەنار و ترێ و گەڵێ شتی تر.

دەنکە: دەنک.

دەنگ: ئاوازێکە پەیدا دەبێ لە لێکەوتنی دوو شت لە یەکتری بەتوندی و بەگوێ ببیسترێ، (دەنگە دەنگ) دەنگی یەک لەدوای یەک. باس و خەبەر: (دەنگ) بڵاوە کە کارگەی شەکر لە سلێمانی دادەنرێ.

دەنگ بەرز: گیانداری دەنگ زل.

دەنگخۆش: گیاندارێکە ئاوازێکی دلگیری ببێ.

دەنگخۆشی: خۆشی دەنگ و دلگیری.

دەنگ دابڕین: قسە بڕینەوە لەگەڵ یەکێکدا.

دەنگدار: شتێکە کە دەنگی لێوەبێ. چوار پیتە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی کە دەنگیان لێوە دێ وەک (ا،و،ە،ی).

دەنگدان: بانگێشتنێکی تێکڕاییە بۆ سەر شتێک: فیسار کەس شاییەکەی کرد ناوایییەکانی دەوری خۆی هەموو (دەنگ دا).

دەنگدانەوە: بڵاوبوونەوەی دەنگوباس بەجۆرێک کە گەلێ کەس بیبیستێ. هاتنەوەی دەنگ لەناو شاخ و دۆڵ و گومەزدا.

دەنگ دران: بریتییە لە زۆر هاوارکردن.

دەنگ دەرچوون: چوونە دەرەوەی قسەیەک لە یەکێکەوە بۆ ناو مەردووم.

دەنگ دەرهاتن: دەنگ دەرچوون بەجۆرێک کە ئەم و ئەو بیبیستن.

دەنگکردن: قسەکردن: (دەنگ) ناکەم یا (دەنگ) مەکە.

دەنگ لێکردن: بانگکردن یا دەرکردنی شتێک: نەریمانم پێویستە دەنگی لێ بکە، یا وڵاخەکەم مانی گرتووە (دەنگێکی لێ بکە) با بڕوا.

دەنگ نووسان: کپبوونی دەنگ و دەرنەهاتنی، (دەنگنووساو) گیاندارێکە کە دەنگی کپ بوو بێ.

دەنگنێر: کەسێکە دەنگی گڕ و قەبەبێ.

دەنگوباس: قسە و گفتوگۆیەکە کە بکەوێتە سەر دەمان و بڵاوبێتەوە.

دەنگەشە: د. دەنگە دەنگ و ژاوەژاو.

دەنگەوەرە: کەسێکە دەنگی یەکێک بەیەکێک یا بەچەند کەسێکی دوور بگەیەنێ وەک ئەو کەسانەی کە دەنگی پێشەوای نوێژ (امام) لە مزگەوتێکی زۆر گەورەدا دەگەیەنن بەو نوێژکەرانەی کە دوورن لێی.

دەنووک: دەندووک.

دەنووک کەوچکە: جۆرێکە لە مراوی.

دەنووکە: د. دەموکانە.

دەو: پەلە و دەستوبرد: بە (دەو) هات. جۆرە ژمارەیەکە لەناو چەند کەسێکدا دەکرێ بەم ڕەنگە دوانیان یەکێ چەند پەنجەیەک دەهێنێتە پێشەوە و یەکێکیان دەڵێ (دەو) لە تۆ، ئینجا پەنجەکان لێکدەدەنەوە و دە ژمارەی تری دەخەنە سەر، کردییە هەر چەند لەو کەسەوە کە دەوی لێ کراوە دەژمێردرێ. لەسەر هەر کامیان تەواو بوو ئەو دەیباتەوە. دەم. دوو (با).

دەو: دردۆنگ و زویر و دڵگیر.

دەواخ: د. دەباخ.

دەواخانە: د. دەباخانە. دەرمانخانە.

دەوار: پەلاسێکی پانی درێژی تەختە تەختەی لێکدراوە لە موو دەچنرێ کۆچەری هەڵی دەدەن و لەباتی خانوو دەچنە ناوی. چاردەوێ. وڵاخ (با).

دەواساز: د. دەرمانساز.

دەوافرۆش: د. دەرمانفرۆش.

دەوان: گیانداری چەسپان. تیغی جەوهەردار.

دەوانچە: دەمانچە.

دەوردان: ئاخڵەدانی شتێک.

دەورگرتن: ئاخڵەدان. پارچەگرتن بەلێواری پێڵاودا.

دەوروپشت: ناوچە و دەوروبەر.

دەورەدان: دەوردان.

دەورەگرتن: دەورگرتن.

دەوری: دەفرێکی پەلی لێوداره.

دەوش: با. شوێن پێ.

دەوکیس: ز. خەستەی توورەکە.

دهۆڵ: ز. دەهۆڵ.

دەوڵەت: دارایی. حکومەت.

دەوڵەتی: شتێکە کە هی حکومەت بێ.

دەوڵەمەن: دەوڵەمەند.

دەوڵەمەند: کەسێکە دارایی زۆر بێ.

دەوون: د. دەوەند.

دەوە: تەپاڵە. دەبە.

دەوەڵان: ڕیزە تەپاڵەیەکە بەگردی دادەنرێ و ناوەکەی پڕ دەکرێ لە تەپاڵەی ورد.

دەوەن: بنکە دار بەڕوو یا مازوو کە بردرابێ و هەڵی دابێتەوە.

دەوەن بەناش: بریتییە لە قسە و گفتوگۆکردنێکی بێ هوودەی زۆر لەسەر شتێک.

دەوەند: دەوەن.

دەویقاندن: ز. تاقیکردنەوەی سەختی و ناسکی هێلکەیە بەماڵینی بەپێشی داندا.

دەویک: ز. دۆوک.

دەویت: کەسێکە ژنان تاو بکا بۆ ئەم و ئەو. دوێتی نووسین (د).

دەوین: با. دۆینە.

دەهۆ: جاجمێکە وەک شەڵتە هەڵدەدروێ و دەغڵی لەسەر خەرمان پێ دەگوێزرێتەوە.

دەهۆڵ: شتێکی بۆشی گەورەیە چەرمی خاو دەگیرێ بەهەردوو ڕوویدا و لێی دەدرێ.

دەهۆڵژەن: کەسێکە کە دەهۆڵ لێ بدا.

دەهۆڵکوت: دەهۆڵژەن.

دەهەم: شتێکە لە پایەی دەدابێ.

دەهەمین: دەهەم.

دەهیە: ز. دڕندە.

دەهیەک: دەیەک.

دەی: وتەی هاندان.

دەیز: ز. گەلای گزرە بۆ ئاژاڵ.

دەیلەم: د. نوێڵ. تیرەیەکی گەورەیە لە کورد.

دەیم: دێم.

دەیمەرۆ: د. دێمەزار.

دەیمەکار: دێم.

دەیەک: لە دە بەش بەشێک.

دەیەم: دەهەم.

دەیەمین: دەهەمین.

دێ: چەند خانوویەکی ئاوای دوور لە شارە. گەلای دار بەڕوو و مازووەکە لە پایزدا دادەپاچرێ و لەناوپەلی درەختدا هەڵدەگیرێ بۆ زستانی ئاژاڵ. دەنگێکە لە ولاخ دەکرێ بۆ گێڕانەوەی لە کارێک. دایک (ز).

دیار: شتی بینراوی نمایان. دیدار (د). تەنیشت: دانیشت بە(دیار)یەوە، دیاربوون: دەرکەوتن و لەبەرچاوبوونی شتێک.

دیاردی: وتەیەکە لەکاتی بەدیکردنی کەروێشک و بەدەورداهاتنیدا ڕاوکەر دەیڵێ.

دیاردیکردن: بەدیکردنی نێچیر لەکاتی ڕاودا.

دیارناو: ناوی یەکێکی تایبەتی (علم).

دیار و ئاخربوون: مردنی یەکێک لە پێش بینینی خۆشەویستێکیدا.

دیارە و ئاخربوون: دیار و ئاخربوون.

دیاری: شتێکە ببرێ یا بنێردرێ بۆ دۆستێک.

دیاریدان: دەرکەوتنی شتێک.

دیاری کردن: نیشانەکردنی دەزگیران بەناردنی دیارییەک بۆی لە دوای خوازێنی.

دیان چەرمگەوبوون: دان سپیبوونەوە.

دیانرژکلە: د. دانەرۆکە.

دیان کلێلەبوون: د. دەم چوونە کلیلە.

دیان لێ تیژکردن: دان لێ تیژکردن.

دیانە: د. دانەی شت. ناوی دێیەکە لە نزیک مووسڵ.

دیانەریکێ: د. دانەچیرێ.

دیباچە: چەند گوفتارێکی ڕێکوپێکە کە لە سەرەتای هێندێ کتێبەوە دەنووسرێ.

دێبکە: جەوەندە.

دێبەر: ڕۆژە جووتێکە لە زەوی.

دێدک: با. سپڵی گیاندار.

دێدەکانێ: هـ. دیلانێ.

دێدێ: هـ. خوشکی گەورە.

دێر: درەنگ.

دێران: جێبوونەوەی شتێک لە شتێکدا: ئەم دەفرە دوو مەن (دەدێرێ) واتە دوو مەنی تێدا جێ دەبێتەوە (د). تەتەڵەکردنی دانەوێڵە (ز). ئاودانی زەوی.

دێرانن: د. ئاودانی زەوی.

دێراو: جۆرە جۆگەلەیەکی هەڵدراوەیە هێندێ سەوزی لەم بەر و ئەو بەری دەڕوێنرێ.

دێر: ڕیزێکە لە نووسراو.

دێرس: د. درەنگ.

دێرسی: د. درەنگی.

دێرندێز: ز. ئاگرێکی گەورەیە کە گاوران لە ڕۆژی چواردەی شوباتدا دەیکەنەوە.

دێری: درەنگی.

دێرین: شتێکە کە زۆر کۆن بێ و ساڵی زۆری دی بێ.

دێرینە: دێرین.

دێز: شتی بۆزی ڕەشتاڵە. دیزە (ز).

دیزداشە: شەوکراس.

دێزک: شتی دێز.

دێزگ: دێزک. مەردوومی کلۆڵ.

دێزە: دیزە.

دیسک: با. سوێنەیەکی پچکۆلانەیە لە قوڕی سوورەوەکراو بەقەد لەگەنێک دەبێ ماستی تێدا دروست دەکرێ.

دێسە: ز. مەڕەکێوی.

دێق: د. دیق.

دێکانە: با. دەمۆکانە.

دێکانی: لادێیی.

دێگە: پوور.

دێل: ز. دێڵ.

دێڵ: سەگی مێ.

دێڵە: د. دوێڵ.

دێڵەبەبا: دەڵەبەبا.

دێڵەبەن: د. دوێڵ بەن.

دێلەکانێ: د. دێڵەکانێ.

دێڵەکانێ: دیلانێ.

دێلەمار: ز. بزغژە.

دێڵێ: چەند تەلەبەردێکە لەسەر دارەڕاوە دادەنرێ و قوڕپەستی لەسەر دەکرێ (هـ). ناوی دێیەکە لەوبەری سیروان.

دێم: زەوی بێ ئاو.

دێمکە: جۆرە جەوەندەیەکە ئاوی تێ دەکرێ.

دێمونایە: جۆرە یارییەکە چەند منداڵێک بەر و دوا دەست بەپشتی یەکەوە دەگرن و گۆرانی دەڵێن.

دیمەرۆک: شوێنی دێم.

دیمەرووک: دیمەرۆک.

دێمزاز: د. دیمەرۆک.

دێمەکار: دێمەزار.

دێمی: شتێکە لە شوێنی دێم پەیابووبێ.

دێمیلە: کەردر.

دینج: ناسوودەی بێ خەفەت.

دێو: شتێکی ونی سامداری هەڵبەستی پروپووچە. ڕووی شت.

دێواچە: د. دیباچە.

دێوان: د. کوێخا.

دێواندەر: دیواندەر.

دێواندێوکردن: دیواندیوکردن.

دێوانە: شێتۆکە. ناوی ڕووبارێکە لە ناوچەی قەرەداخ.

دێوبەند: نوشتەیەکە دەڵێن گۆیا بەهەر کەسێک بێ دێو و درنج زیانی پێ ناگەیەنێ.

دێوجامە: پارچەیەکی ڕەنگاوڕەنگە ڕاوکەر لەکاتی ڕاوە کەودا هەڵی دەواسێ بۆ ئەوەی کە کەو لێی کۆببنەوە و بیان کوژێ.

دێودڵ: د. دڵ قایم.

دێوەدەر: د. شتی کون بووی دیواودەر.

دێوەرژەن: دۆرژنگ.

دێوەڵووکە: وتەیەکە بەهێندێ مەردوومی زلی کولکنی چلکن دەوترێ.

دێوی: کردەوەیەکە لە کردنەوەی دێو بچێ.

دیە: وتەیەکە وڵاخی بەرزی پێ دەردەکرێ.

دیهات: دێهات.

دێهات: چەند دێیەک.

دیهاتی: دێهاتی.

دێهاتی: لادێیی.

دی: وتەیەکە لەجێی وتەی (تر) بەکاردێنرێ: ئەوی (دی) یا جارێکی (دی).

دیان: گاوور.

دیای: هـ. تەماشا کردن.

دیبەگ: دنگی گەورەی برنج کوتان.

دیتن: چاو پێکەوتن.

دیتنەوە: دۆزینەوەی شتی ونبوو.

دیخوون: بەندەخوێن.

دیدار: ڕوخسار.

دیداربینی: د. دیدەنی.

دیدە: چاو.

دیدەن: دیدەنی.

دیدەنی: چوون بۆ لای یەکێک بۆ چاوپێکەوتنی و تازەکردنەوەی دۆستایەتی.

دیرەک: کۆڵەکە.

دیرەکی: با. جۆرە هەنجیرێکە.

دیرەگ: دیرەک.

دیزە: دەفرێکی گلێنی خڕی سوورەوەکراوە.

دیزە بەدەرخۆنە: بریتییە لە داپۆشین و شاردنەوەی کارێک: ئەم کارە با هەر دیزە بەدەرخۆنە بێ.

دیزە بەکوڵ: بریتییە لە کەسێک کە خاوەنی ماڵ و منداڵ یا داراییەکی زۆر بێ و نەتوانێ بەئاسانی کۆچ و بار بکا.

دیزەڵۆکە: دیزەی پچکۆلانە.

دیزەڵە: دیزەڵۆکە. چاڵاییی ژوور هەردوو سمت.

دیسا: ز. دیسان.

دیسان: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (دووبارە).

دیسانەوە: دیسان.

دیش: د. پڕ و پیتی ناوماڵ.

دیشلەمە: چای بێ شەکرە کە شەکرەکە بخرێتە دەمەوە و چا تاڵەکەی بکرێ بەسەردا.

دیڤ: با. کلک.

دیڤەلان: با. یەکێکە کە هەمیشە وەک کلک بەدوای یەکێکەوە بێ.

دیق: سوێ و خەفەتی دەروون.

دیق پێکردن: سوێ خستنە ناودڵ.

دیق چوونەدڵ: سوێ چوونەدڵ.

دیقکردن: سوێبوونەوە.

دیقە دیقەدان: قینەقینەدانی یەکێک.

دیکل: ز. کەڵەشێر.

دیل: یەکێکە لە جەنگدا دوژمن گرتبێتی.

دیلان: د. مەردوومی گێل و گەمژ و شێتۆکە.

دیلانە: دیلانێ.

دیلانێ: لە گوریس نیشتن. زەماوەند.

دیلباز: ز. مەردوومی کارامەی شارەزا.

دیلۆک: ز. گۆرانی هەڵپەڕکێ.

دیلۆکڤان: ز. گۆرانیبێژی هەڵپەڕکێ.

دیلەک: ز. تکا.

دیلەکچی: ز. تکا کەر.

دیم: هـ. ڕوخسار.

دیماتی: ز. دێکانی.

دیماری: ز. باوەژن.

دیمان: تەحر و شێوە.

دیانه: دیان: (دیانه)ت بەخێر.

دیەشۆر: دیە شۆرە.

دیەشۆرە: شتێکی سپییە وەک سابوون ژنان دەموچاوی پێ دەشۆن بۆ جوانی.

دیەک: زبانەی ئێرەق کە گاسنی پێوە دەکەن. مووری چوار پاڵوو کە بۆ قایمی دەخرێتە چینی دیوارەوە.

دیەن: دیان.

دین: بینین. شێت: مرۆڤێکی (دین)ە واتە شێتە (با). ئاین. زان: ئەمشەو کوڕێکی (دی) واتە بووی.

دینار: جۆرە دراوێکی بەنرخی دەوڵەتییە.

دینج: دینج.

دیندار: کەسێکە لە دینی خۆیدا قایم بێ. درەختێکە وەک مازوو دار بەڵام گەڵای ئەم زەردە (ز).

دینە: دۆزینەوە.

دینەوە: دۆزینەوە. بینینی شتێک جاری دووەم و سێیەم.

دیو: ژوور. ڕووی جوانی کاڵا و پێخەف و هێندێ شتی تر: ئەم قوماشە یا ئەم قاڵییە دیوی خۆی نییە.

دیواخان: شوێنێکە لە خانوو کە تەرخان کرابێ بۆ میوان.

دیواخانە: دیواخان.

دیوار: بارستاییەکی ئەستووری ڕێکی بەرزە دروست دەکرێ لە خشت و قوڕ یا بەرد و گەچ.

دیواربڕ: ئاسنێکی لووت تیژە دز دیواری پێ دەبڕێ.

دیوارە: د. زێواری شت.

دیوان: دیواخان. کتێبی شیعری شاعرێک.

دیوانخانە: دیواخان.

دیواندڕ: مەردوومی دەمڕاست.

دیواندەر: دیواودەر.

دیواندیوکردن: هەڵگێڕانەوەی شت ئەم دیو بۆ ئەو دیو.

دیوانی: جۆرە خەتێکی تێهەڵکێشە وەک خەتی شکستە.

دیواودەر: دیواندەر.

ر

ڕا: جار: ئیمڕۆ لە دوو (ڕا) هاتمە لات. ڕێگە. ڕای: (ڕا)م لێ نییە.
ڕائەسپاردە: ڕاسپاردە.
ڕائەنگاوتن: ڕایەڵکردنی دار یا ئاسن بەسەر شوێنێکدا.
ڕابردوو: ڕابوردوو.
ڕابگار: د. ڕێبوار.
ڕابگردن: د. ڕابواردن.
ڕابواردن: کات بەسەر بردن.
ڕابوردن: تێپەڕینی شتێک: فیسار کەس بە بەردەممدا (ڕابورد).
ڕابوردوو: شتێکە کە تێپەڕی بێ.
ڕابوردە: ڕابوردوو: قسە لە (ڕابوردوو) مەکە.
ڕابوون: ز. هەستان.
ڕابەر: کەسێکە نامە یا ڕاسپاردەی مەردووم بەیەک بگەیەنێ.
ڕابەری: گەیاندنی نامە یا ڕاسپاردەی مەردووم بەیەکێک
ڕابەریکردن: ڕێ نیشاندان.
ڕابین: با. ڕابوون.
ڕابینین: ڕاپەرموون.
ڕاپسکان: ڕاپسکاندن.
ڕاپسکاندن: فڕاندنی شتێک لە دەست یەکێک لە ناکاو.
ڕاپۆرت: نامەیەکی پەنهانییە کە بنووسرێ لە یەکێک.
ڕاپۆرتچی: کەسێکە نامەی پەنهانی لەم و لەو بنووسێ.
ڕاپەڕاندن: جێبەجێکردنی کار بەدەستوبردی. داچڵەکاندنی یەکێک لەناکاو.
ڕاپەڕین: ڕاستبوونەوە لە پڕ، داچڵەکین.
ڕاپەرموون: ئومێدکردنی شتێک لە یەکێک کە لە باریدا بێ: وات پێدا (ڕادەپەرمووم) کە هەر دەستی هەژار بگرێت.
ڕاپێچان: ڕاپێچکردن.
ڕاپێچکردن: فڕاندنی شتێک بە خێرا لەلایەن با، یا ناو، یا گیاندارێکەوە.
ڕاپیتە: پیاسە و هاتوچۆکردنی زۆر لە شوێنێکدا.
ڕاتڵەقان: ڕاتڵەقاندن.
ڕاتڵەقاندن: ژەندنی مەشکە. ڕاژەندنی بێشکە. ناو تێوەردانی دەفرێک.
ڕاتوو: ڕۆژانە لە خەرجی یا نان کە دەدرێ بەهەژار.
ڕاتەکان: ڕاچڵەکین: دڵم ڕاتەکی جوولانەوەی شت بەهۆی ڕاتەکاندنیەوە.
ڕاتەکاندن: ڕاکێشانی شت بەتوندی.
ڕاجە: د. داری درێژ وەک بەرچیخ.
ڕاچڵەکان: داچڵەکان.
ڕاچڵەکاندن: ڕاپەڕاندنی گیاندار لە ناکاو.
ڕاچڵەکین: ڕاچڵەکان.
ڕاچوون: ڕۆچوون.
ڕاچەنین: ڕاچڵەکین.
ڕاخستن: بڵاوکردنەوەی ژێرەخەر لەسەر زەوی، (ڕاخراو) شتێکە کە ڕاخرابێ. خستنە ڕێ (د).
ڕاخورین: خورین: بەکێ وا (ڕادەخوریت).
ڕاخوستن: ز. پەنابردن.
ڕاخەر: ژێرەخەر.
ڕادار: د. کەسێکە کە ئاگاداری ڕێ و بان بکات. جەردە. باجگر.
ڕادارانە: د. باج.
ڕادارخانە: د. باجگە.
ڕاداری: د. باج.
ڕاداشتن: ڕاهێشتنی منداڵ.
ڕادان: ڕامالینی شت سەر بەرەو خوار: ئەو لیتەیە بەخاکەناز (ڕادە). بریتییە لە درینی ورگی یەکێک: بەخەنجەر سکی (ڕادا).
ڕاددە: ئەندازە و پلە: فیسار کەس بە(ڕاددە)یەک چرووکە مشک لە ماڵیدا کلکی چەور نابێ.

ڕادووکەوتن: دواکەوتنی ئافرەت بەشوێن پیاوی بێگانەدا.
ڕادوونان: ڕاونان.
ڕادیۆ: جۆرە سندوقێکە بەهۆی هێزی کارەبا یا پیلەوە گۆرانی و قسە و گفتوگۆ وەردەگرێ لە ئێستگەی شارانەوە.
ڕار: سەگی یاخی. شتی زۆر کولاو (د).
ڕاڕا: کەسێکە هەردەمە لەسەر ئارەزوویەک بێ.
ڕاڕایی: بوونی مەردووم هەردەم لەسەر ئارەزوویەک.
ڕارفان: هەڕاکردنی گیاندار بەهۆی ڕارفاندنیەوە.
ڕارفاندن: ڕاوەدوونان و دواکەوتنی گیاندارێک.
ڕارفین: ڕارفان.
ڕارەو: دالانێکە کە هاتوچۆی بەسەردا بکرێ.
ڕاز: قسەی نهێنی: (ڕاز)ی دڵی خۆت لای کەس مەڵێ. داستان و سەرگوزەشت. قسە و گفتوگۆ: چووم بۆ ماڵی فیسار کەس (ڕاز) یان لێ گرتبوو، واتە کۆڕی قسەیان گەرم کردبوو.
ڕازان: ئامادە و سازبوون: (براز)ێ. واتە ئامادەبە. پاڵکەوتن (با). نووستن (ز).
ڕازاندن: ڕازاندنەوە.
ڕازاندنەوە: جوان کردن و ڕێکوپێک کردنی شت.
ڕازانن: د. ڕازاندن.
ڕازاننەوە: ڕازاندنەوە.
ڕازانەوە: جوانبوون و ڕێکوپێک بوونی شت: باخەکە جوان ڕازاوەتەوە.
ڕازاوە: شتی ڕازێنراوە.
ڕازقی: جۆرە ترێیەکە وەک سپیکە بەڵام ئەم نەختێ تفتە. جۆرە گوڵێکی بۆنخۆشی پەسەندە گەڵای وەک گەڵای بامێ وایە.
ڕازیانە: بەری گیایەکە لە زیرە دەچێ بۆنی خۆشە و دەکرێتە ناو نانەوە گەڵای وەک شوێیت وایە، بۆ ژانە دڵ باشە. ناوی دێیەکە لە دەستەڕاستی ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە.
ڕازیانەوە: ڕازانەوە.
ڕازێنەر: کەسێکە یەکێک یا شتێک برازێنێتەوە.
ڕازین: ڕازان و ئامادەبوون. ڕاکشان (با).
ڕاژە: کارێتەی کەپر. دەستەک و داری دارەڕا.
ڕاژەندن: ڕاوەشاندنی بێشکە و جۆلانە
ڕاژەنین: ڕاژەندن.
ڕاس: د. ڕاست.
ڕاسا: د. ڕاستەوخۆ: لەم (ڕاسا)یە برۆ، واتە ڕاستەوخۆ.
ڕاسایی: د. تەختایی.
ڕاسپاردن: ناردنی وتەیەک بەیەکێکدا بۆ یەکێکی تر.
ڕاسپاردە: کەسێکە کە وتەی یەکێک بیا بۆ یەکێکی تر. وتەیەکە بەیەکێکدا بنێردرێ بۆ یەکێکی تر.
ڕاسپارە: ڕاسپاردە.
ڕاسپێر: کەسێکە کە یەکێک ڕاسپێرێ.
ڕاسپێراو: کەسێکە کە ڕاسپاردەی یەکێک بگەیەنی بەیەکێکی تر.
ڕاسپێرە: ڕاسپێردراو.
ڕاسپێری: وتەیەکە بەیەکێکدا بنێردرێ بۆ یەکێکی تر.
ڕاست: شتێکە کە خوار نەبێ، وتەیەکە درۆ نەبێ، ئاقار: لەو (ڕاست)ە واتە لەو ئاقارە. جۆرە مقامێکی کوردییە. ڕاستگۆ. لای بەرامبەری چەپ لە شت.
ڕاستاڵ: کەسێکە کە زۆر ڕاستگۆ بێ.
ڕاستان: ڕاستایی.
ڕاستایی: عاستی ڕاستی شت.
ڕاستبوونەوە: هەڵسان لە پاڵکەوتنەوە بۆ دانیشتن یا لە دانیشتنەوە بۆ سەر پێیان. لاچوونی چەوتی و خواری شت.
ڕاستبێژ: ڕاستگۆ.
ڕاستبێژی: ڕاستگۆیی.
ڕاسترۆ: ڕاسترەو.
ڕاستڕۆین: قسەی ڕاست کردن. داننان بەقسەیەکی پەنهانا و دەرخستنی.
ڕاسترەو: ڕاستگۆ.
ڕاستکار: ڕاستگۆ.
ڕاستکردن: وتنی قسەی ڕاست.
ڕاستکردنەوە: لابردنی چەوتی و خواری شت. هەڵساندنی گیاندار لە پاڵکەوتنیەوە بۆ دانیشتن یا لە دانیشتنەوە بۆ سەرپێیان.
ڕاستگوتن: ڕاست وتن.
ڕاستکەرەوە: کەسێکە هەڵەی شتی نووسراو ڕاست بکاتەوە.
ڕاستگۆ: کەسێکە لە گفتوگۆدا درۆ نەکا.
ڕاست گوتن: ڕاستگۆیی.
ڕاستگۆیی: درۆنەکردن لە گفتوگۆدا.
ڕاست و چەپ: ز. ئاسنێکی خواری لووت دارە زمەی تفەنگی پێ دەردەهێنرێ لە کاتێکدا کە گیر ببێ.
ڕاست و چەپکردن: بەدەمەوەخستنی یەکێک و دەستی ڕاست و قاچی چەپ یا دەستی چەپ و قاچی ڕاستی لە یەکدان بۆ ناوک هێنانەوەی یا بۆ نەرمکردنی پشتی.
ڕاستوێژ: ڕاستگۆ.
ڕاستوێژی: ڕاستگۆیی.
ڕاستە: دارێکی دوو پەلە دەکرێ بە(بلۆسکە)دا بەرزی و نزمی بەرداشی پێ تاقی دەکرێتەوە. دار یا ئاسنێکی ڕاستە کێری ڕاستی پێ دەکێشرێ. جۆرە هەڵپەڕینێکە قاچی ڕاستی تێدا پێش دەخرێ و بەلای ڕاستدا سووڕدەخورێ. کۆلانێکی ڕاستە چەند دەرگا یا دوکانێکی لەسەربێ.

ڕاستەڕێ: ڕێگای ڕاستی بێ پێچ و پەنا.
ڕاستەقینە: شتێکە کە درۆزنە نەبێ.
ڕاستەک: ز. ڕاستە.
ڕاستەکی: ڕاستەقینە.
ڕاستەکینە: ڕاستەقینە.
ڕاستەوانە: شتێکە کە پێچەوانە نەبێ.
ڕاستە و چەپە: جۆرە یارییەکە لە هەڵووکێندا بەدەستی ڕاست و چەپ لێی دەدرێ.
ڕاستەوخۆ: وتەیەکە کردن یا وتنی کارێک دەگەیەنێ، بەبێ پێچ و پەنا (ڕاستەوخۆ) برۆ واتە هیچ لامەدە، یا (ڕاستەوخۆ) قسەکەت بکە واتە درۆی تێدا مەکە.
ڕاستە و ڕاست: ڕاستەوخۆ.
ڕاستەوڕێ: ڕاستەوڕاست.
ڕاستەوە بوون: ڕاستبوونەوە.
ڕاستەوەکردن: ڕاستکردنەوە.
ڕاستی: بوونی وتە بەرەنگێک کە درۆ نەبێ. بوونی شت بەجۆرێک کە خوار نەبێ.
ڕاسرۆین: د. ڕاست ڕۆین.
ڕاسوێژ: ڕاستگۆ.
ڕاسە: د. ڕاستە.
ڕاسەقانی: د. ڕاستەقینە.
ڕاسەوبوون: د. ڕاستبوونەوە.
ڕاسەوکردن: د. ڕاستەوەکردن.
ڕاسی: د. ڕاستی.
ڕاشوڕووت: د. ڕەشوڕووت.
ڕاشەکان: ڕاشەکاندن.
ڕاشەکاندن: ڕاوەشاندنی شت.
ڕافڕان: ڕاڕفان.
ڕافڕاندن: ڕاڕفاندن.
ڕافڕین: ڕاڕفین.
ڕاڤە: ز. شرح.
ڕاڤەکار: ز. ڕاڤەکەر.
ڕاڤەکرن: ز. شەرحکردن.
ڕاڤەکەر: ز. کەسێکە کە ڕاڤەی شتێک بکا. دوو خاڵی لەسەریەکە لە هەر شوێنێک کە دانرا پیشان دەدا کە پاشووەکەی ڕاڤەی پێشووەکەی دەکا.
ڕاکردن: ڕۆینی گیاندار بەتاو هەڵگرتن (با).
ڕاکردن: ز. مانەوە لە شوێنێکدا.
ڕاکشان: پاڵکەوتن.
ڕاکشاندن: پاڵخستن.
ڕاکشاو: بریتییە لەگیانداری درێژی بەقەڵافەت. پاڵکەوتوو.
ڕاکەوتن: ز. نووستن.
ڕاکەوتن: خۆئامادەکردن بۆ دزین یا فڕاندنی شتێک.
ڕاکێشان: گرتنی شتێک و بەزۆر کێشکردنی.
ڕاگر: شتێکە کە مایەی وێستانی شتێکی تر بێ. سەرۆکی خێزان. سەرۆکی دانشگای بەرز (عمید).
ڕاگرتن: بەندکردنی شت: کەس لە سەرەڕێ (ڕامەگرە).
ڕاگوزار: ڕێیەکە کە هاتوچۆی پێدا بکرێ.
ڕاگوزەر: ڕاگوزار. ڕێبوار (د).
ڕاگە: هـ. ڕێگا.
ڕاگەیاندن: گەیاندنی قسەیەک یا شتێک بەیەکێک.
ڕاگەیشتن: گەیشتن بەشتێکدا.
ڕاگەیێن: کەسێکە کە دەنگوباس بلاوبکاتەوە.
ڕاگیربوون: بەندبوون مانەوە.
ڕاگیرکردن: ڕاگرتن.
ڕام: گیاندارێکە کە هۆگری شتێک بووبێ.
ڕامان: بێدەنگبوون و بیرکردنەوە لە شتێک.
ڕاماڵبوون: ڕاپێچبوونی قوڕ و لیتە. ڕافڕانی گیاندار.
ڕاماڵدان: ڕاماڵین.
ڕاماڵکردن: ڕاپێچکردنی قوڕ و لیتە و ڕادانی لەسەر زەوی. ڕافڕاندنی گیاندار.
ڕاماڵین: ڕاماڵکردن.
ڕامان: بیرکردنەوە لە شتێک.
ڕاماو: کەسێکە کە بێ دەنگ بووبێ و بیر لە شتێک بکاتەوە.
ڕامبوون: ڕاهاتن.
ڕامکردن: ڕاهێنانی گیاندار بەشتێک.
ڕامکە: ڕاوکە.
ڕامووز: با. ماچ.
ڕامووس: ڕامووز.
ڕامووسان: با. ماچ.
ڕامووسین: ڕامووسان.
ڕامە: د. ڕاوکە.
ڕامیار: مەردوومی سیاسی.
ڕامیاری: سیاسەت.
ڕان: ئەستوورایی لاق لە سمت بەرەوخوار تا ئەژنۆ. گەلەی بزن و مەڕ.
ڕانان: ڕاونان.
ڕاناو: ضمیر.
ڕاندن: لێخوڕین.
ڕانک: جۆرە دەرپێیەکی شاڵینی شاشە.

ڕانکە: مووی لا ڕانی بزنە کە لە بەهاراندا لە کاتی بڕینەوەی ئاژاڵدا دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی کە دڕک لە گوانی نەدا.
ڕانما: د. ڕابەر.
ڕانموونی: د. ڕێ نموونی.
ڕانواندن: پیشاندانی شت بەمەردووم.
ڕانە: ڕانک.
ڕانەکی: د. پالدوو.
ڕاو: هەوڵدان بۆ گرتن یا کوشتنی گیاندارێک کە گۆشتی بخورێ لە دەشت یا لە ئاودا. فێڵ و تەڵەکە (د).
ڕاوار: د. خۆشڕەوت.
ڕاوبان: ڕێوبان.
ڕاوچی: کەسێکە کە بزانێت ڕاو بکات.
ڕاوکردن: نێچیرکردن لە دەشت یا لە ئاودا.
ڕاوکە: هێلکەیەکە کە دانرابێ بۆ مریشک بۆ ئەوەی کە هێلکەی لە لاوە بکات.
ڕاوکەر: ڕاوچێ.
ڕاوگە: جێی ڕاو.
ڕاونان: بەر و دوانانی گیاندار.
ڕاونیان: د. ڕاونان.
ڕاوڕوو: د. ڕووپامایی.
ڕاوڕووت: ڕووتکردنەوەی مەردووم لەلایەن جەردەوە بەزۆری.
ڕاوڕێس: ڕایەڵ و ڕیسی شتی تەنراو: ئەم جاجمە (ڕاوو ڕێسێکی) جوانی هەیە.
ڕاوڕیو: د. کەلەک و فێڵ.
ڕاووک: توورەکەیەکی شاڵینە دەنکە ترێ و هەناری تێ دەکرێ و لەسەر (کۆلیت) دادەنرێ و بەپێ دەشێلرێ بۆ ئەوەی کە ئاوەکەی بگیرێ.
ڕاوەدوونان: ڕاونان.
ڕاوەڕاوە: ڕاونانی گیاندار وردە وردە بۆ گرتن یا دەرکردنی.
ڕاوەڕێوی: برێتییە لە پێچ و پەنا هێنانەوە لە کاروباردا.
ڕاوەستان: بەپێوە وەستانی گیاندار و هێندێ شتی تر. مانەوەی ئاو لە شوێنی خۆی بەبێ ڕۆین. لە جووڵەکەوتنی هێندێ شت: سەعاتەکەم یا ئاشەکەم (ڕاوەستاوە)، یا دەبێژرێ بەیەکێک کە قسە بکا یا بنووسێ یا کارێکی تر بکا (ڕاوەستە) واتە مەدوێ یا مەنووسە یا مەکە.
ڕاوەستاندن: بەپێوە ڕاگیرکردن. لە جووڵە خستنی شت.
ڕاوەستاو: شتێکە کە وەستابێ.
ڕاوەشان: ڕاوەشاندن.
ڕاوەشاندن: جووڵاندنەوەی شتێک بەتوندی.
ڕاوەک: توورەکەی دۆ.
ڕاوەکانی: جۆرە ڕاوە کەوێکە کە لەسەر کانی دەکرێ.
ڕاویار: ڕێبوار (د). ڕاوچی.
ڕاوێچکە: هاتوچۆکردن. بیرکردنەوە لە شتێک.
ڕاوێژ: لێکدانەوەی ئەنجامی کارێک لەگەڵ یەکێکدا: هاتووم کە (ڕاوێژ) ێکت پێ بکەم، بیرکردنەوە لە شتێک: تا لە دڵی خۆمدا (ڕاوێژ) نەکەم هیچ کارێک ناکەم.
ڕاوێژکردن: ڕاوێژ.
ڕاوێژکە: ڕاوێچکە.
ڕاوێژگا: د. شوێنێکە کە هەر ڕاوێژی تێدا بکرێ.
ڕاوێژگە: ڕاوێژگا.
ڕاوێژەر: کەسێکە کە ڕاوێژی لەگەڵ بکرێت (مشاور).
ڕاوێژیار: ڕاوێژەر.
ڕاوێستان: ڕاوەستان.
ڕاوێستاندن: ڕاوەستاندن.
ڕاوێستاو: ڕاوەستاو.
ڕاوێشکە: ڕاوێچکە.
ڕاوی: توولە و تاجی و باڵندەیەکە کە ڕاویان پێ بکرێ.
ڕاە: ڕێگا.
ڕاهاتن: ئاشنابوون بەشتێک کە لەوە پێش پێی ئاشنا نەبووبێت.
ڕاهاتوو: گیاندارێکە کە ڕاهاتبێ.
ڕاهانین: ڕاهێنان.
ڕاهشتن: ز. پەلاماردانی شتێک.
ڕاهێشتن: دانانی منداڵی ساوا بۆ میز و گو کردن.
ڕاهێلان: ڕاهێشتن.
ڕاهێڵبوون: ڕەهێڵبوون.
ڕاهێڵکردن: ڕەهێڵکردن.
ڕاهێنان: ڕامکردن.
ڕاهی: ڕایی، (ڕاهیبوون) ڕاییبوون، ڕاهیکردن: ڕایکردن.
ڕایاخ: ڕایخ.
ڕایج: شتی خراپی ناپەسند: زێڕەکە یا قوماشەکە (ڕایج).
ڕایخ: ژێرەخەر.
ڕایە: دەسەلات و تەوانایی و سزاواری یەکێک بۆ قسە یا کردەوەیەک، ئەم وتەیە هەر لە نەبوون (نفی)دا بەکاردێنرێ: کەس (ڕایە)ی نییە دەربارەی تۆ خراپە بکات.
ڕایەخ: ڕایخ.
ڕایەکەوتن: شایانی و لێهاتن، ئەم وتەیە هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ: فیسار کەس (ڕایەی ناکەوێ) جوێن بەفیسار بدا.
ڕایەڵ: چەند هەودایەکی ڕاستە کە پۆی شتی لەسەر دەتەنرێ. دارەڕا.

ڕایەڵکردن: کـردنی هەودا بەڕایەڵ. دانانی داری دارەڕا بەسـەر دیواردا.
ڕایەڵکە: ڕاویچکە.
ڕایەڵە: د. ڕایەڵکە.
ڕایی: شتێکە خرابێتە ڕێ، ڕایی بوون: ئەمانی بەرهەڵست و کـەوتنە ڕێی شت، (ڕاییکردن) خـستنە ڕێ و ڕەوانەکـردنی شتێک بۆ شوێنێک.
ڕایی ڕایی: ڕاڕا.
ڕایێل: ڕایەڵ.
ڕبە: ناوە بۆ ئەندازەیەک لە وشکە دان. جۆرە دەفرێکە دانەوێڵەی پێ دەپێورێ.
ڕبەنار: دۆشاوی هەناری گوشراو.
ڕپارپ: ز. ڕەپەڕەب.
ڕپن: ز. باقەیەک لە گیا.
ڕپندان: ز. بنج داکوتانی گیا.
ڕتل: با. گون.
ڕتورۆین: شێوەی ڕۆین: فـیسارە کـەس (ڕتورۆینێکی) جوانی هەیە.
ڕجرجین: ز. سووربوونەوەی شوێنێک لە ئەندام لەگەڵ زەردبوونی بەهۆی لێدانی یا کەوتنی لە شتێک بەنهێم.
ڕجوا: ڕەوا: من ئەم کارە بەتۆ (ڕجوا) نابینم.
ڕجوا بینین: ڕەوا بینین.
ڕجوادین: ڕجوابینین.
ڕچ د. بەستەڵەک و سەهۆڵ.
ڕچان: بەستنی بەفر و ئاو بەهۆی زۆر ساردییەوە.
ڕچاندن: بەستن و مەیاندنی سەرماهی شتێکی تەڕ.
ڕچانن: د. ڕچاندن.
ڕچە: باریکە ڕێگایەکە کە کرابێتەوە لەناو بەفردا. بەفرێکە کە بەستبێتی (د).
ڕچە شکاندن: ڕێگاشکاندن لەناو بەفـردا. بریتـییـە لە کـردنی کارێک لەلایەن یەکێکەوە بۆ ئەوەی کە چاوی لێ بکرێ.
ڕچەکوتانن: د. ڕچەشکاندن.
ڕچیان: د. ڕچان.
ڕچین: ڕچان.
ڕچیو: شتی مەیو لەبەر سەرمای زۆر.
ڕدۆز: ڕۆز.
ڕدێن: ڕیش.
ڕزان: ڕزین.
ڕزاندن: پوواندن و هەلاهەلاکردن.
ڕزانن: ڕزاندن.
ڕزدە: ز. ئەڵقەڕێز.
ڕزق: دەعـبـایەکی سپـییـە لە مـشـک گـەورەتر و لە سـمـۆرە پچووکترە.
ڕزگـار: گـیـاندارێکە لە چوورتمێک قـوتار بووبێ، (ڕزگـاربوون) قوتاربوون.
ڕزگارکردن: قوتارکردن.
ڕزگارگە: جێگای ڕزگاری.
ڕزگاری: گوشادی و دەروو لە چوتم.
ڕزن: د. قەتارە و ڕێچکەی شت. دێڕ.
ڕزۆک: مێوژێکە کە ڕزی بێ و کرم تێی دابێ. ڕزدڵۆک.
ڕزەک: د. ڕزۆک.
ڕزدڵ: د. بریتییە لە مەردوومی کەنەفت.
ڕزدڵۆک: شتێکە لەبەر ڕزیوی لەخۆیەوە هەڵوەرێ.
ڕزیاگ: ڕزیو.
ڕزیان: د. ڕزین.
ڕزیانک: ز. ڕازیانە.
ڕزین: پۆرتکان و لە کارکەوتنی شتێک لەبەر کۆنی.
ڕزیو: شتی پۆرتکاو.
ڕژان: پەرش و بڵاوبوونەوەی شتی شل یا دانەوێڵە.
ڕژاندن: پەرش و بڵاوکردنەوەی شتی شل یا دانەوێڵە.
ڕژانن: د. ڕژاندن.
ڕژانە یەک: بەیەکدادانی دوو دەستەی گەورە و تێکەڵاوبوونیان.
ڕژاو: شتی شل یا دانەوێڵەیە کە پەرش و بڵاوبووبێتەوە.
ڕژتن: ڕشتن.
ڕژد: مەردوومی چرووک.
ڕژدکردن: د. باڵاکردن.
ڕژدی: چرووکی.
ڕژیاگ: ڕژاو.
ڕژیان: د. ڕژان.
ڕژیانە یەک: د. ڕژانە یەک.
ڕژێم: نظام.
ڕژی: ز. خەڵووز. چێشتی بێ ڕۆن.
ڕژین: ز. ڕژان.
ڕس: ڕست.
ڕست: ڕیزێک شـتـی هۆنراوە: (ڕست)ێک مـوورووی یا بامێ. تەناف. پەتێکە دەکرێتە ملی تانجی کە ببرێ بۆ ڕاو.
ڕستک: ملوانکە (ز). تەناف.
ڕستکردن: هۆنینەوە و بەپەتەوەکردنی هێندێ شت. پەت خـستنە قەلاتەی ملی تانجی بۆ ڕاکێشانی.
ڕستگ: با. تەناف.

ڕستگار: ڕزگار، (ڕستگاربوون) ڕزگاربوون (ڕستگارکردن) ڕزگارکردن.

ڕستگاری: ڕزگاری.

ڕستن: بادانی لۆکە و خوری بەخەرەک یا بەتەشی بۆ کردنیان بەدەزوو یا بەن. بریتییە لە زۆر قسەکردن.

ڕستە: گوریس. هەر شتە (ز). بریتییە لە چەند وشەیەک کە مەبەستێکی تەواو بگەیەنن (جملە). ڕشتە.

ڕسق: ڕزق.

ڕسکان: گیرسان و لکانی خەڵفی درەخت کە موتوربە کرابێ. بەستن (تجمد). لکان.

ڕسکاو: خەڵفێکە لەپاش موتوربەکردن پەیوەست بووبێ.

ڕسگار: د. ڕزگار.

ڕسگارکردن: د. ڕزگارکردن.

ڕسگاری: د. ڕزگاری.

ڕشاندن: ڕژاندن. ئاو ڕشێن کردن.

ڕشانەوە: هێنانەوەی خواردەمەنی بەدەم. وەرینی گوڵی بەرسیلە لەپێش خڕبوونیدا.

ڕشتن: ڕژاندن. کل بەچاودا هێنان بەکلچێوک.

ڕشتنەوە: بەدەمەوەدانی مەردووم و تێوەگلاندنیان لە چورتمێکدا: فیسار کەس ئەم شارەی (ڕشتەوە).

ڕشدە: ل. هەرشتە.

ڕشک: گەرای ئەسپێ.

ڕشکن: مەردوومێکە کە ڕشکی زۆری پێوەبێ.

ڕشێنە: بارانی وردی لە سەرخۆ.

ڕفاندن: پەلاماردانی شتێک و بردنی بەدەستوبردی.

ڕفانن: د. ڕفاندن.

ڕفۆک: چنگ.

ڕفە: تاقێکی بەرزە لە دیوار ڕا بۆ شت تێدا دانانی.

ڕفیاگ: فڕێنراو.

ڕفێدە: مادەی نان پێوە دان.

ڕفین: باڵ گرتنەوە و کەوتنە ئاسمانی باڵندە و فڕۆک.

ڕق: توندی و تووڕەیی گیاندار.

ڕقاوی: ڕق ئەستوور.

ڕق ئەستوور: کەسێکە کە ڕقی هەستا درەنگ هێواش بێتەوە.

ڕق جوین: ڕق هەستان.

ڕق خواردنەوە: دان بەخۆداگرتن و ڕق بەسەربردن لە کاتی هەستاندا.

ڕقدار: ڕق ئەستوور.

ڕقرقۆک: ز. خڕە خڕی کاڵای تازە.

ڕق گرتن: قین گرتن و دانەمرکانەوەی مەردووم.

ڕق لە سک: کەسێکە ڕقێکی لە دڵدابێ.

ڕق لێکێشان: قینەبەریکردن لەگەڵ یەکێکدا.

ڕق لێ هەڵگرتن: ڕق هەڵگرتن لە دڵدا لە یەکێک بۆ تۆڵە لێ کردنەوەی لە هەلێکدا.

ڕقن: د. مەردوومی ڕقاوی.

ڕقەبەری: بەربەرەکانی کردن لەگەڵ یەکێک لە ڕقی ئەو.

ڕقە کێشان: هەڵگرتنی ڕق لە دڵدا بەرامبەر بەیەکێک.

ڕق هەستان: توند و تووڕەبوونی گیاندار.

ڕق هەڵسان: ڕق هەستان.

ڕق هەڵساندن: ڕق هەستاندن.

ڕک: ڕق. پەتێکە دەکرێتە ملی کار و بەرخ بۆ بەستنەوەیان.

ڕکدابردن: د. ڕق گرتن.

ڕککۆیی: ز. ڕق ئەستوور.

ڕکگرتن: د. ڕق گرتن.

ڕکن: د. ڕقن.

ڕکە: لاپاڵی سەردولێژ لە شاخ و گرد. قەفەز (با).

ڕکەو: ز. قەفەز.

ڕکێشە: گیایەکی گەڵا پانی ڕەگ ڕەگاوییە بۆ برین باشە.

ڕکێف: ئاوەزنگی وڵاخ. بریتییە لە دەسەڵات: فیسار کەس لە (ڕکێف)ی کەسدا نییە.

ڕکێف دواڵ: د. قایشی ئاوزەنگی.

ڕکێو: ڕکێف.

ڕم: دارێکی درێژی قەفەفی لووسە ئاسنێکی لووت تیژی بەسەرەوەیە لە جەنگدا بەکاردێنرێ.

ڕمان: ڕووخان.

ڕماندن: ڕووخاندن.

ڕمانن: د. ڕماندن.

ڕمباز: ز. کەسێکە باش ڕم بوەشێنێ.

ڕمبازی: یاریکردن بەڕم لەکاتی وڵاخ تاودانا. غارکردن بەوڵاخ.

ڕمبە: ڕمە.

ڕمبێز: ز. ڕێواس.

ڕمبێشک: دەفرێکی پچکۆلەی گوێچکەدارە چێشتی تێدا لێ دەنرێ.

ڕمووده: گیانداری هۆگر.

ڕمووزن: وتەیەکە گیانداری ئێسک قورسی پێ دەشوبهێنرێ.

ڕمە: دەنگێکە وەک گرمە. (ڕمە ڕم) ڕمەی یەک لە دوای یەک.

ڕمیاگ: ڕووخاو.

ڕمیان: د. ڕمان.

ڕمین: د. ڕمان.

ڕنک: لاسکی کەنگرە کە بەناسکی وەک ڕێواس پاک دەکرێ و دەخورێ.

رنگ: شێلەی خەستی بێ گرێ و قوڕتی شیرین.
رنگاڵ: هەنگوین و دۆشاوی پوختی پالاوتە.
ڕەنگانەوە: وتنەوەی قسەیەک چەند جارێک بەبێهوودە.
رنگاو: سرکەیەکە کە هێشووە ترێی ڕەشی تێ خرابێ بۆ خواردنی لە زستاندا.
رنگە: ڕەندە.
رنوو: پارچە سەهۆڵ و بەفری گەورە.
رنە: وردە بارانێکە کـە دەوار دای دەدا. چنین و کـردنەوەی بەری هێندێ شت (د).
رنەک: ئاسنێکی درێژکۆلەی کولۆری گرنج گرنجە ولاخی پێ پاک دەکرێتەوە.
رنیاگ: شتی رنراو.
رنین: ڕووشاندنی شتێک بەنینۆک یا بەشتێکی تر. کردنەوەی بەری هێندێ درەخت و سەوزایی: میـوەکە یا بامێکە کـاتی (رنین)ی هاتووە.
رنینەوە: دروونەوەی گیا و خەلە بەدەست.
رۆ: وتەیەکە لە شیوەنی خۆشەویستێکدا دەوترێ: باوکە (رۆ) یا برا (رۆ). رۆژ (هـ). جۆگەی پچووک. شوێنێکە لە دەریا کە چووبێتەوە ناو زەوییەوە (خلیج).
روانین: تەماشاکردن.
رۆب: جۆرە بالاپۆشێکی قۆڵداری فراوانە هەر لەناو ماڵدا لەبەر دەکرێ.
رۆبنار: ڕبە نار.
روت: د. رووت.
رۆت: ز. داری درێژ.
رۆجیار: د. ڕۆژگار.
رۆجیار پەرس: د. گوڵەبەڕۆژە.
رۆچن: ڕۆشن (هـ). کلاوڕۆژنە (د).
رۆچنایی: هـ. ڕۆشنایی.
رۆچنە: هـ. کلاوڕۆژنە.
رۆچوون: چوونە خوارەوەی شتێک بەناو ئاو یا بەناو زەویدا.
رۆچە: ڕۆژوو.
رۆچەوان: ڕۆژووەوان.
رۆچێ:س هـ. ڕۆچە.
رۆچیار: ڕۆژگار.
رۆچی: هـ. ڕۆچێ.
رۆحتۆتیا: کـانێکە جۆرە دەفرێکی لێ دروست دەکرێ، ئاسکە زوو دەپەرێ.
رۆح چوون: بریتییە لە ترسان.
رۆح زل: بریتییە لە مەردوومی بەفیز.
روخ: ناوە بۆ دوو داش لە داشەکانی شەترەنج.
رۆخ: کەنار و قەراغی دەریا.
رۆخان: د. رووخان.
روخانن: د. رووخاندن.
روخانە: هـ. چەمی ئاو.
روخسار: دەموچاو.
روخسارە: د. روخسار
روخە: د. روخەک
روخەک: د. شتی داڕوخاو.
روخیاگ: رووخاو
رووخیان: د. رووخان.
رۆدی: ز. ڕیخۆڵە.
رۆز: لە یەک دان و دروونی پارچەی کالا لە دوای برینی.
روزقە: گیایەکی بەهارییە لە گێلاخە دەچێ و بەبرژاوی دەخورێ.
رۆزگار: کات و دەمێکە کە بەرەبەرە دێت و دەڕوا.
رۆزی: پێ بژیوو.
رۆژ: خۆر. لە خۆرهەلاتنەوە تا خۆرئاوابوون.
رۆژاڤا: با. ڕۆژاوا.
رۆژانە: مووچەیەکە لە دراو کە دەدرێ بەکرێکار یا بەیەکێکی تر.
رۆژاوا: کـاتی ئاوابوونی ڕۆژ. شوێنێکە کە بەدیەن کەوتبێتە لای ئاوابوونی ڕۆژەوە.
رۆژاوایی: ئەو کەسانەن کە لە خۆرنشین دادەنیشن.
رۆژبڕ: ڕۆژانە: (بەڕۆژبڕ) ئەم کارەم بۆ بکە.
رۆژبوونەوە: نەمانی شەو و هاتنی ڕۆژ.
رۆژ بەسەربردن: بریتییە لە دان بەخۆداگرتن و گوزەرانکردن هەر چۆنێک هەڵسووڕا.
رۆژپەرست: گـیـاندارێکە وەک مـارمـێلکە بەلام لەو گـەورەترە هەمـیـشـە ڕوو دەکـاتە ڕۆژ، لەبەر هەتاو بەگـەلێ ڕەنگ دەنوێنێ. گوڵەبەڕۆژە. کەسێکە کە ڕۆژپەرستێ.
رۆژ ڕەش: بریتییە لە بەدبەخت.
رۆژ ڕەشی: بەدبەختی.
رۆژکردنەوە: نەنووستن و دانیشتن لە شەو تا بەیانی.
رۆژگ: ڕۆژوو.
رۆژگار: درێژاییی ڕۆژ لە بەیانییەوە تا ئێوارە. ڕۆزگار.
رۆژگارپەرست: گوڵەبەڕۆژە.
رۆژگەوان: ڕۆژووەوان.
رۆژگـیـران: نەمـانی ڕووناکی ڕۆژ بەهۆی بەرگـرتنی لەلایەن مانگەوە.
رۆژمژ: د. ڕۆژبڕ.
رۆژن: ز. کلاوڕۆژنە.

رۆژنامە: نووسراوێکە ڕۆژ و مانگ و ساڵ پیشان دەدا. نووسراوێکی چاپ کراوە ڕۆژبەڕۆژ دەردەچێ بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباس.

رۆژنامەچی: کەسێکە ڕۆژنامە دەرکا.

رۆژنامەگەری: خەریکبوون بەدەرکردنی ڕۆژنامەوە (صحفي).

رۆژنامەنووس: کەسێکە کە لە ڕۆژنامەدا بنووسێ.

رۆژناهی: ڕۆشنایی.

رۆژنایی: ڕۆژناهی.

رۆژنشین: ڕۆژئاوا.

رۆژوو: نەخواردن و نەخواردنەوە و نەکردنی هێندێ شتی تری تایبەتییە لە شەبەقی بەیانەوە تا ڕۆژئاوا بەنیازی خواپەرستی.

رۆژووگر: ڕۆژووەوان.

رۆژووگرتن: بەڕۆژووبوون.

رۆژووەوان: مەردوومی بەڕۆژوو.

رۆژە جووت: ئەندازەیەکە لە زەوی کە بەڕۆژێک بەجووت بکێڵرێ.

رۆژە ڕێ: ئەندازەیەکە لە ڕێگا کە بەڕۆژێک بەپێ ببردرێ.

رۆژەن: کڵاو ڕۆژنە.

رۆژهەڵات:س دەمی هەڵاتنی ڕۆژ. شوێنێکە کە بەدیەن کەوتبێتە لای هەڵاتنی ڕۆژەوە.

رۆژهەڵاتی دوور: ئەوپەڕی ئاسیا بەلای ڕۆژهەڵاتەوە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ناوەڕاستی ئاسیا.

رۆژهەڵاتی نزیک: قەراغی ئاسیا بەدیوی دەریای سپیدا.

رۆژی: پێ بژێوێکە کە خوا بتداتێ. ڕۆژوو (ز).

رۆژیدەر: ئەو خوایەیە کە ڕۆژیت دەدا.

روشتە: هەودای بادراو.

رۆشن: ڕووناک.

رۆشنا: ڕۆشن (د). وتەیەکە زۆرتر لەگەڵ وتەی (ئاشنا)دا بەکاردێنرێ: ئاشنا و (ڕۆشنا).

رۆشنایی: ڕووناکی.

رۆشنبوونەوە: ڕووناکبوونەوە. بریتییە لە دەرکەوتنی مەبەستی شتێکی نادیار: دەرسەکە (ڕۆشن بووەوە).

رۆشنکردن: د. داگیرساندن.

رۆشنکردنەوە: ڕووناک کردنەوە. دەرخستنی مەبەست لە شتێک.

رۆشنی: ڕۆشنایی.

رۆغان: ل. ڕۆن.

رۆڤک: ز. مووی بەر.

رۆڤی: ز. ڕێوی.

رۆکردن: داکردنی شتێک لە دەفرێک بە سەربەرەوخوار کردنەوەی، (ڕۆکراو) شتێکە لە دەفرێکدا کرابێ.

رۆکەوتن: پاڵکەوتن.

رۆڵە: منداڵ.

رۆڵە خوای: هـ. ڕیخۆڵە

رۆمان: چیرۆکی گەورە (رواية).

رۆمەڵغەزا: د. هۆمەڵغەزا.

رۆن: چەورییەکە لە ماست و گەلێ شتی تر دەگیرێ. ڕوون.

رۆنان: دانان: (ڕۆی نێ) واتە داینێ.

رۆناو: چەورییەکە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ بێ.

رۆناهی: ڕووناکی.

رۆنایی: ڕووناکی.

رۆنتک: فرمێسک.

رۆندان: شوێنێکە کە ڕۆنی تێدا دادەنرێ.

رۆندک: با. فرمێسک.

رونگ: خوری دابەستەیە کە لەپاش برینەوەی دووبارە برابێتەوە.

رۆنگرتن: گرتنی ڕۆنی گوێز و بادام و هەموو شتێکی تر کە ڕۆنی ببێ.

رۆنە کەرە: کەرە.

رۆنیاس: گیایەکی کوێستانییە بەنی پێ سوور دەکرێ.

رۆنیاسی: شتێکە کە ڕەنگی وەکو ڕەنگی ڕۆنیاس وابێ.

رۆنیشتن: دانیشتن.

رۆنی: ز. ڕووناکی. شتی ڕووناک.

رۆنین: ڕۆنیشتن (با). ڕوانین.

روو: دەموچاو. دیوی دەری شت. گوستاخی و زاتکردن: فیسار کەس بە(ڕوو)ە یا (ڕووی) نایە.

روووار: د. ڕووبار.

رووواس: هـ. ڕێوی.

رووواڵ: هەرزەکار.

رووواڵەت: وتن و کردنی گوفتار و کرداری چاک بۆ چاوەی مەردووم.

رووواڵەتباز: د. ڕیاکار.

رووواڵەتبازی: د. ڕیاکاری.

رووان: ڕەگ داکوتان و سەوزبوونی درەخت و گیا و مووی لەش و دانی گیاندار.

رووواندن: چەقاندنی گوڵ و درەخت و سەوزایی بۆ ڕیشە داکوتانی.

رووانگە: جێگایەکی تایبەتییە کە بەئاسانی مانگی یەک شەوە و ئەستێرەی تێدا بدۆزرێتەوە.

رووانەکردن: د. ڕەوانەکردن.

رووانەوە: خەستبوونەوە و توندبوونی دۆشاو و هێندێ شتی تر.

رووواو: شتێکە کە سەوز بووبێ و ڕەگی داکوتابێ.

رووڤاوە: شتێکە کە خەست بووبێتەوە.

رووبار: چەمی گەورە.

رووباربوونەوە: د. بەرەو رووبوونەوە.

رووباز: د. ریاکار.

رووبازاری: بریتییە لە ئافرەتی جوان. بریتییە لە شتی بەدیمەن جوان کە زوو بفرۆشرێ.

رووبازی: د. ریاکاری.

رووبال: ز. بەرەو رووبوونەوە.

رووبەروو: بوونی دووشت بەجۆرێک کە روویان لە یەک بێ.

رووبەرووبوونەوە: بەرەو رووبوونەوەی دوو کەس.

روو بەروویی: بەرامبەری.

رووبەند: رووپۆش.

رووبەنە: د. رووبەند.

رووپامایی: رووالەتکردن.

رووپۆش: پارچە تەنراوێکی تەنکە ژنان لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا روویانی پێ دەپۆشن.

رووپەرە: دیوێک لە پەرەیەک کاغەز.

رووپێدان: رووخۆشی لەگەڵ یەکێکدا و زۆر دواندنی.

رووت: شتی بێ کالاّ و بەرگ.

رووتاڵ: رووگرژ.

رووتاندن: د. دارووتاندن.

رووتاندنەوە: کردنەوەی گەلاّی دار و دەسکەنەی مووی گیاندار و هەڵکێشانی پەری باڵندە. بریتییە لە شت سەندن لە یەکێک بەزۆر: زۆردار پیشەی هەر رووتاندنەوەی مەردوومە.

رووتان: د. رووتاندن.

رووتانەوە: هەڵوەرینی گەلاّی دار و مووی گیاندار و پەری باڵندە.

رووتاوە: درەخت و گیاندار و باڵندەیەکە کە گەلاّ یا موو یا پەری وەری بێ.

رووتبوون: نەمانی گەلاّی دار و مووی گیاندار و پەری باڵندە.

رووتبوونەوە: داکەندنی کالای بەر.

رووترش: بریتییە لە مەردوومی روو گرژ.

رووترشیاگ: د. رووترش.

رووتکردن: رووتکردنەوە. هەڵوەشاندنی تفەنگ و دەمانچە بۆ پاککردنەوەی. کردنەوەی لق و پۆپی درەخت و رووتانەوەی مووی سەر و پێ.

رووتکردنەوە: داماڵینی بەرگ و کالا لەبەر یەکێک.

رووتوقووت: شتی زۆر رووت و بێ بەرگ.

رووتە: مەردوومی لاتی بێ ناونیشان

رووتەخت: د. تارایەکە دەدرێ بەسەر ئەو تەختەی کە بووکی تێدا سوار دەکرێ.

رووتەڵ: رووتەڵە. دارو درەخت و گوڵی کزی کەم گەلاّ.

رووتەڵە: مەردوومی رەش و رووتی کزی بێ بەرگ.

رووتەن: شوێنێکە کە گژ و گیا و درەختی پێوە نەبێ.

رووتەنی: رووتەن.

رووتەوبوون: د. رووتەوەبوون.

رووتەوکردن: د. رووتەوە کردن.

رووتەوەبوون: رووتبوونەوە.

رووتەوەکردن: رووتکردنەوە.

رووتیانەوە: د. رووتانەوە.

رووتێکردن: رووکردنە شتێک.

رووتی: بوونی شت بەرووت.

رووچک: دەموچاو.

رووخان: هەرەسهێنان و کەوتنی دیوار و شاخ و شتی بەرز.

رووخاندن: رماندنی دیوار و شتی بەرز.

رووخانە: رۆخانە.

رووخاو: شوێنێکە کە هەرەسی هێنابێ.

رووخۆش: بریتییە لە یەکێک کە زبانی شیرین و ناوچەوانی روون بێ لەگەڵ مەردوومدا.

رووخۆشی: بریتییە لە زبان شیرینی و ناوچەوان روونی لەگەڵ مەردوومدا.

روودار: نەترس و خاوەن روو.

رووداماڵراو: رووهەڵماڵراو.

رووداماڵیاگ: د. رووداماڵراو.

روودان: قەومان و پەیدابوونی شتێک: ئیمرۆ شتێکی سەیر (روویدا). رووپێدان (د).

روواو: شتێکە کە رووی دابێ.

روودەربایست: رووگیر.

رووڕەش: بریتییە لە مەردوومی شەرمەزاری تەریق.

رووڕەشی: بریتییە لە شەرمەزاری و تەریقی.

رووزەرد: بریتییە لە مەردوومی شەرمەزار.

رووزەردی: بریتییە لە شەرمەزاری.

رووسارد: بریتییە لە کەسێک کە سارد و سڕ بێ لەگەڵتدا.

رووساردی: بریتییە لە ساردی لەگەڵ یەکێک.

رووسپیتی: بریتییە لە کچێنیی بووک.

رووسپی: بریتییە لە ئافرەتی سۆزانی.

رووسوور: بریتییە لە یەکێک کە سەری بەرز بێ و هیچ جۆرە نەنگێک رووی تێ نەکردبێ.

رووسووری: بریتییە لەسەربەرزی و بێ نەنگی مەردووم. رووسپیتی.

رووسەخت: رووقایم.

ڕووسەختی: ڕووقایمی.
ڕووش: شتی زبر. بریتییە لە مەردوومی دەموچاو ئالاوی. جۆرێکە لە بەری دار مازوو کە چڵ چڵاوییە. پرووش: تەختەکە (ڕووش)ی هەڵداوە.
ڕووشاڵ: د. ڕووش.
ڕووشان: برینداربوونێکی کەمی جێ جێیە لە جەستەی گیاندار و هێندێ شتی تر بەهۆی کەوتنیان لە شتێکی زبر.
ڕووشاندن: بریندارکردنێکی کەمی جێ جێیە لە جەستەی گیاندار و هێندێ شتی تر.
ڕووشانن: ڕووشاندن.
ڕووشاو: شتێکە کە جێ جێ کەمێک بریندار بووبێ.
ڕووشاوی: شتێکە کە ڕووشی هەڵدابێ.
ڕووشکان: بریتییە لە تەریق بوونەوەی مەردووم.
ڕووشکاندن: بریتییە لە تەریق کردنەوەی مەردووم.
ڕووشکانن: ڕووشکاندن.
ڕووشکێن: بریتییە لە کەسێک کە زۆر مەردووم تەریق بکاتەوە.
ڕووشکێنی: ڕووشکاندن.
ڕووشیان: د. ڕووشان.
ڕووڤی: ڕێوی (با). ڕیخۆڵە (ز).
ڕووقایم: بریتییە لە کەسێک کە هەرگیز تەریق نەبێتەوە.
ڕووقایمی: تەریقنەبوونەوە.
ڕووک: د. ڕووش.
ڕووکار: دەمکار.
ڕووکان: د. ڕووشان.
ڕووکانن: د. ڕووشاندن.
ڕووکرانەوە: بریتییە لەلاچوونی شەرم: فیسارە کەس (ڕووی کراوەتەوە) واتە شەرمی شکاوە (ڕووکراوە) کەسێکە شەرمی شکابێ.
ڕووکراوەیی: بریتییە لە شەرم شکان.
ڕووکردن: بریتییە لە شەرم کردن.
ڕووکردنەوە: بریتییە لە شەرم شکاندنی یەکێک.
ڕووکرن: ز. ڕووکردن.
ڕووکە: د. ڕنە.
ڕووکەش: شتێکی جوانە کە بەدیوی ناشیرینی شتێکی تردا بگیرێ لە دیوی دەرەوە.
ڕووکەش کردن: داپۆشینی دیوی ناشیرینی شتێک بەشتێکی جوان.
ڕووکیان: د. ڕووکان.
ڕووکێش: د. ڕووکەش.
ڕووکێشکردن: ڕووکەش کردن.

ڕووگرتن: بریتییە لە شەرم کردن و لە ڕوودا دامان.
ڕووگرتی: ز، قالب بەستنی ماست و شتی تر.
ڕووگرژ: بریتییە لە مەردوومی توورە و ترۆ.
ڕووگرژی: بریتییە لە توورە و ترۆیی.
ڕووگە: ئەو شوێنەیە کە لە نوێژدا دەبێ ڕووی تێکەیت (قبلە).
ڕووگەش: ڕووخۆش.
ڕووگیر: کەسێکە کە لە ڕووی یەکێکدا دامابێ.
ڕووگیری: لە ڕوودا دامان.
ڕوول: ژاڵە (با). گیایەکی سەوزە بەدرەختدا هەڵدەگەڕێ.
ڕوولک: ژاڵە.
ڕوولکەن: ز. ڕووخۆش.
ڕوولە: منداڵێکە هێشتا لە سکی دایکیدا بێ.
ڕوولێنان: بریتییە لە تکاکردن لە یەکێک بۆ کردنی کارێک.
ڕوولێ وەرگێڕان: بریتییە لە زویربوون لە یەکێک.
ڕووم: مووی بەر.
ڕوومەت: تەختاییەکی بێ مووە لە خوار چاو و تەنیشت لووتەوە. شەرەف (ز).
ڕوومەتگرتن: د. دەموچاو هەڵگرتن.
ڕوومەتگیر: دەموچاو هەڵگر.
ڕوون: شتی شلی تراو. ڕووناک. ڕۆن. بریتییە لە کەسێک کە سەر و دڵی خۆش بێ. فیسار کەس (ڕوونە)ە واتە دڵی خۆشە.
ڕووناک: شوێنێکە کە بە باشی چاو تێیدا ببینێ.
ڕووناکایی: ڕووناکی.
ڕووناکبوونەوە: ڕۆشنبوونەوە.
ڕووناککردنەوە: ڕۆشن کردنەوە.
ڕووناکی: شەوقێکە کە بە هۆی ئەوەوە تاریکی لابچێ.
ڕووناهی: با. ڕووناکی.
ڕوونبوونەوە: ڕۆشنبوونەوە.
ڕوونبێژی: زانینێکە کە بەهۆی ئەوەوە بتوانیت تاقە یەک مەبەست بەچەند دەستەواژەیەکی جوێ جوێ لێک بدەیتەوە (بیان).
ڕوونکردنەوە: ڕۆشن کردنەوە.
ڕوونووس: د. وێنەگرتنی شتی نووسراو.
ڕوونویس: د. ڕوونووس.
ڕوونی: ڕووناکی. بوونی شت بەشل و تراو.
ڕوو وەرگێڕان: لادانی ڕوو لە شتێک لەبەر نارەزایی لێی.
ڕووه: د. بەری کالا.
ڕووهاتن: بریتییە لە شەرم نەکردن لە گوفتار و کرداردا.
ڕووهن: ڕۆن.

ڕووهەڵچەرخاندن: ڕوو وەرگێران.

ڕووهەڵماڵاو: بریتییە لە مەردوومی بێ شەرم.

ڕووهەڵماڵراو: ڕووهەڵماڵاو.

ڕۆهستێن: گیان ستێن (ئیزرائیل).

ڕوهن: ز. ڕۆن.

ڕۆهن: شتی شلی ڕوون.

ڕوهنی: ز. ڕووناکی.

ڕویال: با. شوێنی کڕێن.

ڕۆیز: گومان.

ڕۆیشتن: چوون لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.

ڕۆین: ڕۆیشتن.

ڕۆینە: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە بەهێواشی سووڕدەخۆن بەبێ خۆ بەرز کردنەوە و، پێشڕەوە بۆ (سێ پێیی).

ڕوی: ڕێوی (ل). ڕوو (با).

ڕویت: (با). ڕووت.

ڕویس: با. ڕویت.

ڕویڤک: با. ڕیخۆڵە.

ڕویل: با. جۆرە دارێکی بچکۆلانەیە گوڵێکی سوور دەگرێ.

ڕوین: ڕۆیشتن.

ڕۆین: ڕۆیشتن.

ڕوینیشتن: با. دانیشتن.

ڕە: لە: (ڕە) گەڵی خە، واتە لەگەڵیدا بینێرە.

ڕە. با. ڕیش.

ڕەبەت: جێگایەکە کە ڕاوچی خۆی تێدا حەشار دەدا بۆ نێچیر. ناوی دێیەکە لە ناوچەی قەرەداخ.

ڕەبەق: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ ئەندازەیەک لە کات بەبێ کەموکوڕی: ئەمە مانگێک یا ساڵێکی (ڕەبەق)ە تۆم نەدیوە.

ڕەبەن: زەلامی گەنجی بێ ژن و ماڵ. کەسێکە سەری خۆی هەڵگرتبێ و ئاوارە بووبێ. هەژاری بێ نەوا (ز). گەمژ (با).

ڕەبیت: ز. گیاندار یا گیایەکە کە خێرا پێ بگا.

ڕەپ: شتی ڕاستی ڕەق.

ڕەپال: ز. کاڵای کۆنی دڕاو.

ڕەپاندن: تەپە هەستاندن لە شتێک بەدەست پێدانی: خۆ تۆ قورئانت (ڕەپاند) کە درۆ نەکەیت.

ڕەپاوڕەپ: بریتییە لە وتنی شت بەبێ پەردە.

ڕەپبوون: ئێرەقبوونی کێر. ئاوسانی جەستە بەجۆرێک کە گرێ و قۆرتی تێدا نەمێنێ.

ڕەپڕەپان: د. تەپەتەپ کردن.

ڕەپکردن: ئێرەق کردن.

ڕەپە: تەپە، (ڕەپەڕەپ) تەپەتەپ.

ڕەپەڵ: د. دەستەیەک لە یاریکەران.

ڕەپەڵگا: د. جێی یاری. ڕەپێڵگە.

ڕەپەڵە: د. ڕەپەڵ.

ڕەپێڵگە: ڕێیەکە کە زۆر هاتوچۆی پێدا کرابێ.

ڕەت: گەهەک. بیر: (ڕەت)ت لێ تێک داوم. شتێکە کە لە شوێنی خۆی تێپەڕیبێ: کولۆمی دەرگاکە (ڕەت)کە. دەستکەوتن: فیسار کەس بەر (ڕەت) ناکەوێ. ڕووت (د).

ڕەتان: ماندووبوونی گیاندار لە بەر زۆر لنگدانی.

ڕەتاندن: هێنان و بردن و ماندووکردنی گیاندار.

ڕەتانن: ڕەتاندن.

ڕەتاو: گیاندارێکە کە لەبەر زۆر هێنان و بردنی ماندوو بووبێ.

ڕەتبردن: نووچ بردنی گیاندار.

ڕەتبوون: تێپەڕین.

ڕەتدان: ڕەتبردن.

ڕەتکردن: تێپەڕاندنی شتێک لە شوێنێک.

ڕهتن: ز. ڕشتن.

ڕەتەوە: د. بنەچە: ڕەسەن نامە (شجرە).

ڕەتەوی: د. بەچکەی مەڕێکە کە لە ناوەندی کاوڕ و شەکیدا بێ.

ڕەتیاگ: ڕەتاو.

ڕەتیان: د. ڕەتین.

ڕەتیماندن: ز. پڕکردنەوەی چاڵ بەقوڕ.

ڕەتین: ڕەتان.

ڕەجاڵ: مەردوومی هەژاری ڕووتی بێ نەوا.

ڕەجاڵی: نەبوونی و بێ نەوایی.

ڕەجڵ: شتێکە کە شایستە بێ و بشێ: ئەم کارە (ڕەجڵ)ی تۆ نییە واتە بۆ تۆ ناشێ. هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ.

ڕەجوا: ڕجوا.

ڕەجوان: ز. ولاخی ڕەهوان.

ڕەچەڵەک: بنەچە.

ڕەچەڵەکناس: کەسێکە بنەچەی مەردووم باش بناسێ.

ڕەحت: ز. ماندوو.

ڕەحەتی: شتێکی دەمپانی کلک تەسکە نەوت و شتی شلی پێ تێ دەکرێ بۆ ئەوەی کە نەڕژێ.

ڕەخ: ز. قەراغی شت. ڕوخی شەترەنج. بەرێک لە شوێنێک: ڤی ڕەخی، واتە ئەمبەر، یاوی ڕەخی واتە ئەوبەر.

ڕەخت: جۆرە خشڵێکی زێوینە بۆ جوانی دەدرێ لە ولاخ.

ڕەختە: شتی ساغی توند و تۆکمە.

ڕەخدار: ز. قۆڵچی «انحصار».

ڕەخسان: گەیشتنی شتێک لە لایەکەوە کە چاوەڕوانی نەکرابێ.

ڕەخساندن: گەیاندنی شتێک لەلایەن خواوە بۆ بەندەی خۆی لە لایەکەوە کە هیچ بەتەمای نەبووبێ.

ڕەخساو: شتێکە کە لەلای لابەلاوە گەیشتبێ.

ڕەخسین: ڕەخسان.

ڕەخسیو: ڕەخساو.

ڕەخش: ڕەخت.

ڕەخشان: درەخشان.

ڕەخنە: ڕەغنە. کەلەبەر (د).سستی (ز).

ڕەخنەگر: ڕەغنەگر.

ڕەخنەگرتن: ڕەغنەگرتن.

ڕەخنەگری: ڕەغنەگری.

ڕەدبوون: ڕەتبوون.

ڕەدە: پیتاکێکە کۆ دەکرێتەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە بۆ شتێک.

ڕەدکردن: ڕەتکردن.

ڕەدووخستن: هەڵگرتنی ئافرەت و بردنی لەلایەن یەکێکەوە.

ڕەدووکەوتن: ڕادووکەوتن.

ڕەدووکەوتوو: ئافرەتێکە کە دووی پیاوێکی بێگانە کەوتبێ کە هەڵی گرتبێ.

ڕەدیماندن: ز. پڕکردن و ســـ...ـکردنی شت.

ڕەز: باخی مێو.

ڕەزا: شێوە و تەحر: (ڕڕەزا)ی قورسە.

ڕەزاتاڵ: ئێسک قورس.

ڕەزا سووک: ئێسک سووک.

ڕەزا شیرین: ڕەزا سووک.

ڕەزا قورس: ئێسک قورس.

ڕەزاقی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

ڕەزاگران: ڕەزاقورس.

ڕەزانە: باجێکە ساڵەوساڵ لە بەری ڕەز دەسێنرێ.

ڕەزبەر: مانگی ئەیلوول.

ڕەزڕەزۆک: تووڵە زەڕە.

ڕەزڤان: ز. ڕەزدەوان.

ڕەزدڵە: تووڵە زەڕە مووروغەی پشت. ناوە بۆ دێیەک لە سنووری سرۆچک.

ڕەزم: بەزم.

ڕەزەڵخوا: کەسێکی داماوە کە شایستەی شت پێدان بێ.

ڕەزەڵخوایی: داماوی و بێ نەوایی.

ڕەزدەوان: کەسێکە کە ڕەز بەخێو بکا.

ڕەزیل: مەردوومی چرووک.

ڕەژتن: د. ڕشتنی چاو.

ڕەژتنەوە: د. ڕشتنەوە.

ڕەژمیری: ڕەشمیری.

ڕەژوو: خەڵووز.

ڕەژی: با. خەڵووز.

ڕەسا: شتی پانوپۆڕ.

ڕەسایی: پانوپۆڕی.

ڕەسەن: مەردوومی خانەدان. وڵاخی بەناوونیشان.

ڕەسیدە: کوڕ و کچێکە کە قەدرە بووبن.

ڕەش: جــۆرە ڕەنگێکی تاریکە وەک ڕەنگی خــەڵووز. جــۆرە هەنجیرێکە.

ڕەشاو: جۆرە ئاوێکی ڕەشە دەچێتە ناو پەردەی چاوەوە و کوێری دەکـا. خـەڵووزاوێکە دارتاش داری پێ خـەت دەکـێـشـێ بۆ داهێنانی.

ڕەشایی: تارماییەکە لە دوورەوە ڕەش بکاتەوە. لادێییەکە کە جـووت و بەرەی نەبێ (د). پارچەیەکـە لە زەوی کـە لەناو بەفردا دیار بێ.

ڕەشایی داهاتن: بریتییە لە تاریکبوونی چاو.

ڕەشباز: ڕەشبازوو.

ڕەشبازگ: ڕەشبازوو.

ڕەشبازوو: شتی ڕەش و سپی.

ڕەشبام: د. ڕەشباو.

ڕەشباو: شتێکی بۆرەڵووکە کە بەسەر ڕەشدا بڕوانێ.

ڕەشبگیر: گرتن و کـۆکـردنەوەی مـەردوومـە لەلایەن دەوڵەت یا گەورەیەکەوە بۆ فرمانێکی قورس.

ڕەشبۆرە: وڵاخی بەرزەی بۆرە کە بەسەر ڕەشدا بڕوانێ.

ڕەشبوون: بریتییە لە ئێسک قورسبوون لە پێش چاوی یەکێک.

ڕەشبـوونەوە: دامـردنەوەی ئاوڵە و سـوورێژە. چوونەوەی بەفر. بوونی ئاگر بەخەڵووز لە خۆیەوە. بریتییە لە کوژانەوەی چرای دەروون: نەبەندەت سوێندی درۆ خوارد (ڕەشبوویتەوە).

ڕەشبەڵەک: هەلپەڕنی ژن و پیاو بەتێکەڵی. شتی ڕەش و سپی (د).

ڕەشبین: بریتییە لە مەردوومی بەدبین.

ڕەشپـۆش: کـەسـێکە سـەرتاپا کـاڵای ڕەشی لەبەر کـردبێ لە ماتەمدا.

ڕەشتاڵ: ڕەشتاڵە.

ڕەشتاڵە: مەردوومی ڕەشباو.

ڕەشتن: چاوڕەشکردن بەکل و کلچێوک.

ڕەشتنەوە: د. ڕشتنەوە.

ڕەشتی: مشکی سەرپێچ یا کوڵی ژنان.
ڕەشخوێن: کەسێکە کە قورئان بە ناپوختی بخوێنێ.
ڕەش داگەڕان: ڕەش هەڵگەڕان.
ڕەش داگەریان: ڕەش داگەڕان.
ڕەش داگیرسان: ڕەشبوونی ئەندام لەبەر هەتاو یا لە ڕقاندا.
ڕەش ڕاهاتن: ونبوون و نەمانی شتێک بەکوتوپڕی.
ڕەشڕەشک: ز. زیزانە.
ڕەشک: کلاشی پەڕۆ (ز). کاڵا و پێتاوی لباد.
ڕەشکار: ڕەشباو.
ڕەشکردن: بریتییە لە ئێسک قورسکردنی یەکێک لای یەکێک.
بریتییە لە زەردکردن و مراندنی کاردوو بەترش و خوێ.
ڕەشکردنەوە: داپۆشینی زەلی سەربانی تازە بەگڵ. دیاربوونی شتێک لە دوورەوە بەڕەشی: ئەو شتە لە دوورەوە (ڕەش دەکاتەوە). نووسینەوەی مەشق بەپڕی.
ڕەشکوژ: بریتییە لە یەکێک کە ئازاری مەردووم بدا بەبێ لێکدانەوە و کۆڵینەوە: فیسارە کەس (ڕەشکوژ)ە یا هەر لە (ڕەشی دەکوژێ) واتە دەست ناپارێزێ.
ڕەشکۆیی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
ڕەشکە: گیایەکی بەرزی گەڵا وردە دەنکێکی ڕەش دەگرێ و دەکرێتە ناو نانەوە. جۆرە ترێیەکی ڕەشی پێست ئەستوورە. دەفرێکی کون کونی گرێ چنە لە موو دروست دەکرێ کا و کولۆشی پێ دەگوێزرێتەوە.
ڕەشکەلە: ڕەشتاڵە.
ڕەشکەڵە: ڕەشکەلە.
ڕەشکەن: د. ڕەشایی ناو بەفر.
ڕەشکە و پێشکە کردن: تارمایی ڕەش و سپی هاتن بەپێش چاودا بەجۆرێک کە شت باش نەبینێت.
ڕەشکە و سپیکە: بریتییە لە شتی نووسراو: خۆ تۆبە (ڕەشکە و سپیکە)تدا ڕوانیوە، واتە خوێندووتە.
ڕەشکەووگ: ڕەشکەوە.
ڕەشکەوە: ڕەشێکە کە بەسەر بۆردا بڕوانێ.
ڕەشکەوەگ: د. ڕەشکەوە.
ڕەشمار: جۆرەمارێکی زۆر ڕەشە.
ڕەشماڵ: دەواری ڕەشی هەڵدراو.
ڕەشمە: شتێکە دەکرێ بەسەر ولاخی بەرزەدا گوریسێکی پێوەیە بۆ ئەمەی کە پێی ببەسترێتەوە.
ڕەشمێو: با. مێوی زۆر ڕەش.
ڕەشمیری: جۆرە ترێیەکی دەنک گەورەی درێژی ڕەشی هێشوو شاشە.
ڕەشوبازگ: ڕەشبازگ.

ڕەشورووت: مەردوومی رووتی هەژاری کەساس.
ڕەشۆکی: شتێکە کە تایبەتی نەبێ.
ڕەشۆڵە: ڕیشۆڵە.
ڕەشوە: ڕەشمە.
ڕەشە ئۆلاخ: د. ڕەشەولاخ.
ڕەشەبا: بایەکی بەهێزە لە هێندێ شوێن لە ڕۆژهەلاتێکی دەستە چەپەوە ناو بەناو هەڵ دەکا.
ڕەشەجوو: جوولەکەیەکە کە زۆر باوەڕی بەدینی جوولەکە بێ.
ڕەشەخێزان: خێزانی زۆر.
ڕەشەداڵ: جۆرە داڵێکە.
ڕەشەڕێحانە: جۆرە ڕێحانەیەکی ڕەشی گەڵا پانە.
ڕەشە ساڵ: وشکە ساڵ.
ڕەشە سیل: دەردی سیلە کە بگاتە ئەندازەیەک چاکبوونەوەی نەبێ.
ڕەشەک: باسێکە کە یەکەمجار نووسرابێ و لێی کووژابێتەوە (مسودە).
ڕەشەگاور: گاورێکە کە زۆر باوەڕی بەئاینی خۆی بێ.
ڕەشەگرانەتا: ڕەشەگرانەتێ.
ڕەشەگرانەتێ: تایەکی زۆر گرانە پەیدا دەبێ لە ئەندامی مەردوومدا بەڕەنگێکی وا لە گرانەتا قورستر و لە مردن نزیکترە.
ڕەشەگەوون: جۆرە گەونێکی ڕەشە.
ڕەشەموسڵمان: موسڵمانێکی سادەیە کە زۆر باوەڕی بەئاینی خۆی بێ.
ڕەشەمە: ڕەشەمێ.
ڕەشەمێ: مانگی شوباتە کە (٢٨) ڕۆژە.
ڕەشە نەخوێندەوار: مەردوومی زۆر نەخوێندار.
ڕەشەوبوون: د. ڕەشبوونەوە.
ڕەشەولاخ: گا و مانگا و گامێش.
ڕەش هەڵگەڕان: ڕەش داگیرسان.
ڕەشێلە: ز. چۆلەکەیەکی ڕەشی دەنگ خۆشە.
ڕەشێنە: ڕەشیی گلێنەی چاو.
ڕەشی: بوونی شت بەڕەش. ڕەشایی.
ڕەغنە: نەنگ.
ڕەغنەگر: کەسێکە نەنگ لە شت دەربێنێ.
ڕەغنەگرتن: نەنگ گرتن لە شت.
ڕەغنەگری: خەریکبوون بەنەنگ گرتن لە شت.
ڕەف: جوێن دان بەمەردوومی زۆر موسڵمان.
ڕەفتار: کردارێکە کە خووی پێوە گیرابێ.
ڕەفتەنی: کەسێکە لەسەر ڕۆیشتن بێ.

ڕەفک: ز. ڕفە.
ڕەفکە: ڕفە.
ڕەفە: ڕفە.
ڕەفیسک: قوولایی ژێر ئەژنۆ.
ڕەفیسکە: ڕەفیسک.
ڕەفی: با. قەراغ و کەناری شت.
ڕەڤاندن: ز. شکاندنی دوژمن.
ڕەڤدە: ز. گەلەی سەگ و گورگ.
ڕەڤۆ: ز. ڕەووک.
ڕەڤین: ز. شکانی لەشکر و ڕەوکردنی.
ڕەق: شتی زۆر توندی سەخت. ڕەقە.
ڕەقالە: پێچکەی بێشکە.
ڕەقان: شوێنی ڕەق.
ڕەقاندن: لە دەرگادان.
ڕەقاندنەوە: گەلالە کردن و ڕێکخستنی ئاسن لە پاش ساردبوونەوەی.
ڕەقانن: ڕەقاندن.
ڕەقاننەوە: ڕەقاندنەوە.
ڕەقانی: ڕەقەن.
ڕەقایی: ڕەقانی.
ڕەقبردنەوە: ڕەقبوونەوەی گیاندار.
ڕەقبوون: ڕەقیتە کردن لە سەرما. توندبوون و سەختبوونی هێندێ شت: چیمەنتۆ یا قوڕ و قسلەکە (ڕەقبووە).
ڕەقبوونەوە: مردن لە سەرماندا.
ڕەقشاندن: ز. ئاورشێن کردن.
ڕەقفاندن: بەردرێژکردن.
ڕەق و تەق: شوێنی خالی: لە خانوویەکی (ڕەق و تەق)دا دانیشتووە. شتی ڕەق و وشک.
ڕەق و ڕەواڵ: د. ڕەقوتەق.
ڕەق و فیق: د. ڕیق و فیق.
ڕەق و وشک: شتی لەڕ و لاواز.
ڕەقە: دەعبایەکی ئاوی ڕەقی کلکدارە وەک کیسەڵ وایە.
ڕەقەڵ: ڕەقەلە.
ڕەقەلاتن: ڕەق هەلاتن.
ڕەقەلاتوو: ڕەق هەلاتوو.
ڕەقەلە: گیانداری ڕەقی لاوازی بێ گۆشت. کەشکە ئەژنۆ و لوولاقی گیاندار.
ڕەقەن: زەوی سەختی بەردەلان.
ڕەقەنی: شوێنی ڕەقەن.
ڕەقەوبووگ: د. گیانداری ڕەق بوودوە.
ڕەقەوبوون: د. ڕەقبوونەوە.
ڕەق هەلاتن: وشکبوونەوە و ڕەقبوونی شت.
ڕەق هەلاتوو: شتی وشک و ڕەقەوە بوو.
ڕەق هەلگەڕان: ڕەق هەلاتن.
ڕەق هەلهاتن: ڕەق هەلاتن.
ڕەقیاو: ڕەقە.
ڕەقێلە: د. کەمێڵ.
ڕەقێن: ڕەقان.
ڕەقێنە: ڕەقەلەی قاچ. کەمێڵ. کورکوڕۆژە.
ڕەقی: سەختی. جۆرە سابوونێکە.
ڕەقیتە: دەردێکە لە ساردی و گەرمییەوە تووشی گیاندار و، ئەندامی ڕەق دەبێ.
ڕەگ: چەند لوولەیەکە لە جەستەی گیانداردا کە خوێن پێیدا هاتوچۆ دەکا. ڕیشەی دار و درەخت و سەوزایی.
ڕەگ داکوتان: چوونە خوارەوەی ڕەگی دار و درەخت و سەوزایی. بریتییە لە مانەوە و جێگیربوونی یەکێک لە شوێنێک.
ڕەگەز: بنەماڵێکە کە (عێل)ی لێ کەوتبێتەوە. جنس.
ڕەگەزناس: ڕەچەڵەکناس.
ڕەم: سڵ.
ڕەمکار: گیاندارێکە سڵ بکا.
ڕەمکردن: سڵکردن.
ڕەملکردن: ڕەشکە و پێشکەکردنی چاو.
ڕەملگرتنەوە: گرتنەوەی ڕەمڵ بۆ دۆزینەوەی شتێکی نادیار.
ڕەمڵ لێدان: قسەکردن لە شتێکی نادیار کە هێشتا ڕووی نەدابێ.
ڕەملگرەوە: کەسێکە ڕەمڵ بۆ مەردووم بگرێتەوە.
ڕەمەدانە: جۆرێکە لە گاڵ.
ڕەمەکی: شتی ڕەشۆکی.
ڕەمەن: گیاندارێکە لە ترسا هەلاتبێ.
ڕەن: زنجیرە کولۆشێکە بەگردی لە جێ خەرمان دادەنرێ و لە پاشا ناوەکەی پڕ دەکرێتەوە و دەکرێ بەخەرمان. ڕەند (د).
ڕەنج: ماندوێتییەکە کە لە هەوڵ و تاقەلایەکەوە تووشی مەردووم دەبێ.
ڕەنجان: دڵشکان لە شتێک.
ڕەنجاندن: دڵشکاندنی یەکێک.
ڕەنجانن: ڕەنجاندن.
ڕەنجاو: دڵشکاو.
ڕەنجبەر: کرێکارێکە کە گیرابێ بەمانگ یا بەساڵ.
ڕەنجبەری: کردنی کارێک بۆ یەکێک بەمانگانە یا بەسالانە.
ڕەنجدان: خۆ ماندووکردن و تەقەلادان لە کارێکدا.

ڕەنجدەر: ڕەنجبەر.
ڕەنجەڕۆ: کەسێکە زۆر ڕەنج بدا لە کارێکدا کەچی بێ هوودە دەرچێ.
ڕەنجەڕۆیی: ڕەنجدان لە کارێکدا و بێ هوودە بوونی.
ڕەنجیاگ: ڕەنجاو.
ڕەنجیان: د. ڕەنجان.
ڕەنجیدە: د. ڕەنجاو.
ڕەنجین: ڕەنجان.
ڕەند: مەردوومی ڕوو خۆشی قسە خۆش. زەمینێکە کە پەیا بووبێ لەناو چەمدا بەهۆی لافاوەوە.
ڕەندە: ئاسنێکی دەمپانی تیژە براوەتە ناو دارێک و دارتاش داری پێ لووس دەکا. تەنەکەیەکی کون کونی زبرە پەنیر و چەوەندەر و هێندێ شتی تری پێ ورد دەکرێ.
ڕەنگ: چۆنێتی شت لە ڕەشێتی و سپێتی و سوورێتی و... هتد. جۆر: بەم (ڕەنگ)ە واتە بەم جۆرە.
ڕەنگار: شتی پڕ ڕەنگ.
ڕەنگاڵ: ڕنگاڵ.
ڕەنگاڵە: مەلێکی ڕەنگاوڕەنگی جوانە بەقەد ڕیشۆڵەیەک دەبێ.
ڕەنگاندن: جوانکردنی شتێک بەگەلێ جۆر ڕەنگ.
ڕەنگاو: ڕنگاو.
ڕەنگاوڕەنگ: شتێکە کە گەلێ ڕەنگی پێوەبێ.
ڕەنگ بەستن: بەربەستکردنی ڕەنگ بۆ نەچوونەوەی. سەرگرتنی کارێک: ئەوکارە (ڕەنگی بەست) واتە جێگیربوو.
ڕەنگپەڕیگ: د. ڕەنگ پەڕیو.
ڕەنگپەڕین: تێکچوونی ڕەنگ و دیمەن لە ترسا یا لەبەر نەخۆشی. کاڵبوونەوەی ڕەنگی شت.
ڕەنگپەڕیو: کەسێکە ڕەنگی تێکچووبێ.
ڕەنگدانەوە: لێبوونەوەی ڕەنگ لە شتێک.
ڕەنگڕژاندن: ڕەنگرشتن.
ڕەنگڕژانن: د. ڕەنگڕژاندن.
ڕەنگرشتن: نیشانەکردنی بناغەی خانوو بەشتێک بۆ هەڵکەندن و بناغە دانەوەی.
ڕەنگرەز: د. کەسێکە کە شت ڕەنگ بکا.
ڕەنگرێژ: نقاش.
ڕەنگکردن: ڕەنگدان لە شت.
ڕەنگگرتن: بریتییە لە سەرگرتنی کارێک.
ڕەنگوارەنگ: د. ڕەنگاوڕەنگ.
ڕەنگ و ڕێس: شێوەی تەنراو بەڕەنگ و تەنینەوە: ئەم قوماشە (ڕەنگوڕێس)ێکی جوانی هەیە.
ڕەنگ و ڕێسە: د. ڕەنگوڕێس.
ڕەنگ و ڕوو: شێوە و ڕەنگی ڕوخسار.
ڕەنگە: ڕەندە. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (دەگونجێ): (ڕەنگە) بێمەلات.
ڕەنگە ڕژیلە: هـ. گوڵە عەمرۆکە.
ڕەنگ هەڵبزرکان: ڕەنگ پەڕین لە ترس یا لە شەرما.
ڕەنگین: شتی ڕەنگاوڕەنگی جوان.
ڕەنە: ڕنە. ڕەندە.
ڕەو: گورێز و ڕاکردن.
ڕەوا: شایستە: ئەمە (ڕەوا) نییە. برکردنی قسە و فەرمانی یەکێک: فیسار کەس قسەی یا فەرمانی (ڕەوا)یە.
ڕەوابینین: بینینی شتێک بەشایستە.
ڕەوادیتن: ڕەوابینین.
ڕەواڵ: ز. کورێکە کە مووی لێ نەهاتبێ.
ڕەواڵ: ڕەجاڵ.
ڕەوان: شتی بێ گیروگرفت: ئەم وڵاخە (ڕەوان)ە، یا دەرسەکەم (ڕەوان)ە. گیاندارێکە کە گووی شل بێ.
ڕەوانبوون: زانین و خوێندنەوەی نووسراو بێ گیروگرفت. گوو شلبوونی یەکێک.
ڕەوانبێژ: کەسێکە نووسین و گفتوگۆی زۆر جوان و ڕەوان بێ (بليغ).
ڕەوانبێژی: جوانی و ڕەوانی لە نووسین و گفتوگۆدا (بلاغة).
ڕەواندن: بڵاوکردنەوەی شت و تەفر و تووناکردنی: نێچیرەکان (مەڕەوێنە).
ڕەواندنەوە: بڵاوکردنەوەی شتی هاتووەوەیەک وەک پزووی سەرین و دەرپێ و قەفی گۆچان.
ڕەوانکردن: زانینی شت بەهۆی زۆر پێداچوونەوەیەوە: دەرسەکەم (ڕەوان کرد). ڕەوانەکردن.
ڕەوانن: ڕەواندن.
ڕەواننەوە: ڕەواندنەوە.
ڕەوانەکردن: ناردنی شتێک یا کەسێک بۆ شوێنێک. بەرێ کردنی میوانێک و لە گەڵیا چوونی تا ئەندازەیەک.
ڕەوانەوە: ڕەوینەوە.
ڕەوانی: شلبوونی گووی گیاندار.
ڕەوت: ڕۆینی وڵاخ.
ڕەوڕەوە: پێچکەیەکی خڕە دەخرێتە هێندێ شتەوە بەئاسانی دەخولێتەوە و دەڕوا بەسەر زەویدا.
ڕەوسە: سوور.
ڕەوش: ز. ڕەونەق و جوانی شت.
ڕەوشەن: ڕۆشن.
ڕەوق: د. قەبارە.

ڕەوکردن: ڕۆین و بەجێ هێشتنی جێیەک لە ترسا.
ڕەوکەوان: ڕەوگەوان.
ڕەوگ: د. ڕەووگ.
ڕەوگە: شوێنێکە لە نیشتمانی یەکەمەوە بۆی بچێت و بیکەیت بەنیشتمانی دووەم (مهجر).
ڕەوگەوان: د. ڕەووگەوان.
ڕەونە: د. ڕەووندە.
ڕەووز: د. ڕێ پێڵگە.
ڕەووش: ڕەوشت.
ڕەووشت: خوو.
ڕەووگ: گەلەی ولاخی بەرزە.
ڕەووگەوان: کەسێکە کە ڕەووگ بلەوەڕێنێ.
ڕەوونج: ڕەقیتە.
ڕەووندە: ڕێبوار.
ڕەوە: ڕەووگ. لیستێکی گەورەیە گەزۆی پێ دەتەکێنرێ.
ڕەوەک: ڕەوەکی.
ڕەوەکی: د. گیاندارێکە کە بەدەمی خۆی بلەوەڕێ و شوانی نەبێ.
ڕەوەن: کۆچەری (با). ڕێبوار (د).
ڕەوەند: ڕەوەن.
ڕەوەوان: کەسێکە کە بەدارگوێز بتەکێنێ.
ڕەویانەوە: د. ڕەوینەوە.
ڕەوێتن: ز. تاشینی شت.
ڕەوێژەک: ز. تیغێکی کەوانەییە ناوی کەوچک و کاسەی پێ هەڵ دەکۆڵرێ.
ڕەوین: ڕەوکردن.
ڕەوینەوە: کرانەوە و بلاوبوونەوەی پزووی دەرپێ و سەرین و قەفی گۆچان. لاچوونی خەو. بلاوبوونەوەی هەور و لاچوونی. بلاوبوونەوەی شوێنێک لە جەستە کە خڕبووبێ. بلاوبوونەوەی ژەمەنەکەرە لە مەشکەدا لە حەلێکدا کە لەکاتی کەف و کوڵدا دەستی لێ بەردرێ. قەڵەوبوون یا ئاوسانی زۆر.
ڕەه: ڕەگ (با). پەی (ز).
ڕەها: شتی ڕایی. ڕەگ (ز).
ڕەهابوون: ڕاییبوون.
ڕەهاکردن: ڕ اییکردن.
ڕەهبەر: کەسێکە کە پەیام یا ڕاسپاردەی یەکێک بەیەکێک بگەیەنێ.
ڕەهبەری: گەیاندنی پەیام و ڕاسپاردەی مەردووم.
ڕەهرەو: ڕارەو. ڕێبوار.
ڕەهندە: دەربەدەر.
ڕەهندەیی: دەربەدەری.
ڕەهواڵ: ز. ڕەهوان.
ڕەهوان: ولاخی خۆش ڕەوت.
ڕەهەنە: د. ڕەهندە.
ڕەهیسیابۆ: با. لاسکی گیایەکی تام خۆشە دەکرێتە ناو ماستەوە.
ڕەهێل: ڕەهێڵە.
ڕەهێڵبوون: لنگە و قووچکەوتن بەهۆی هەڵەنگووتنەوە.
ڕەهێڵکردن: لنگە و قووچخستنی یەکێک.
ڕەهێڵە: بارانی لێزمە و بەخوڕ.
ڕێ: ڕێگا. پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
ڕیاڵ: جۆرە دراوێکی دەوڵەتییە.
ڕیان: گووکردن.
ڕێبار: با. باخ.
ڕێباری: با. هاوڕێیی.
ڕێباز: ڕێگا.
ڕێبازگە: مذهب.
ڕێبڕ: جەردە.
ڕێبڕی: جەردەیی.
ڕێبڕین: ڕێبڕی.
ڕێبگار: ڕێبوار.
ڕێبوار: کەسێکە بە ڕێگادا بڕوا.
ڕێ بەدیکردن: بریتییە لە شارەزایی و سەر لێ دەرچوون لە شتێک: فیسار کەس لە خوێندندا (ڕێ بەدی) دەکا واتە شتێکی لێ دەزانێ.
ڕێبەر: باخچە. جەردە (ز). ڕەهبەر (با).
ڕێ بەرخستن: ڕێگا خستنە بەر یەکێک کە پێی گران بێ.
ڕێ بەرنان: پێشاندانی ڕێگایەکی خراپ بۆ یەکێک: ئەم (ڕێیە مەنێرە بەرم). ڕێ بەرخستن.
ڕێ بەندان: کانوونی دووەم.
ڕێ بیر: بیروباوەڕێکە کە مەردووم لە سەری بێ (مبدأ).
ڕێ پێبردن: دۆزینەوەی نهێنی شاراوە.
ڕێ پێگرتن: چوونە سەر ڕێی یەکێک بۆ بەگژداچوونی.
ڕێ پێڵگە: ڕەپێڵگە.
ڕێتن: ڕیتن.
ڕێ تێچوون: گونجان و بەرداشتی شتێک بۆ شتێک: (ڕێی تێ دەچێ) کە ئەرێمان بێ بەپیاوێکی گەورە.
ڕێ تێکەوتن: چوونە جێگایەک بەڕێکەوت. دۆزینەوەی مەبەستی شتێکی نادیار بەڕێکەوت.

ڕێجە: د. ڕێژە.

ڕێچ: ز. جێگا پێ. ڕۆینی گیاندار.

ڕێچکە: ڕیزێکە لە گیاندار کە قەتارەیان بەستبێ. باریکە ڕێ.

ڕێچکەبەستن: قەتارە بەستنی گیاندار.

ڕێچکەکردن: ڕێچکەبەستن.

ڕێحانە: گیایەکی گەڵا پانی ڕەشی بۆنخۆشە.

ڕێحانە ئەستەمووڵی: جۆرە ڕێحانەیەکی گەڵا وردی سپییە.

ڕێحانە کێویلە: جۆرە ڕێحانەیەکی دەشتی بۆنخۆشە.

ڕێخ: د. وردە چەو.

ڕێخت: د. سروشت.

ڕێختمان: ئەو کەرەسەیەیە کە شتی لێ دادەڕێژرێ: فیسار کەس (ڕێختمان)ێکی باشی هەیە.

ڕێختە: ڕەختە.

ڕێخستن: ڕێکخستن.

ڕێخەر: کەسێکە کە شت ڕێک بخا.

ڕێخەڵۆ: ڕیخۆڵە.

ڕێدار: ڕێبوار.

ڕێ داگرتن: مل نان و بەئاسانی بەڕێدا ڕۆیشتن.

ڕێدان: ڕێگا کردن.

ڕێدەر: مفتی.

ڕێڕۆ: ڕێبوار.

ڕێڕەو: کاتی بەڕێدا ڕۆین: مەگەر بە(ڕێڕەو) بتبینم، واتە مەگەر لە ڕێ ڕۆیندا. ڕێبوار.

ڕێڕێ: زەوییەکە کە ناو ناوبەناو دریبێ. تەنراوێکە ناوبەناو چووبێ و ڕایەڵی دەرکەوتبێ. تەنراوێکە کە پویەکەی ناو بەناو جووت نەبووبێ.

ڕێز: ریز (ز). وردە بەرد (د). حورمەت.

ڕێزاڵ: پارچەیەکی پچووک لە شتێک.

ڕێزاڵ ڕێزاڵ: شتی هەلا هەلا.

ڕێزان: شارەزای ڕێگاوبان.

ڕێزڵانە: د. ڕێزاڵێک لە شتێک.

ڕێزۆڵە: د. ڕێزڵانە.

ڕێزە: ئەختێک لە شتێک: ڕێزەیەک نانی بەرێ. ئەندازە: تۆ نەگەیشتوویتە ئەو (ڕێزە)یەی لە خۆتەوە شت بکەیت.

ڕێزەڕێزە: هەلا هەلا.

ڕێزەلۆک: بەردێکە کە لە خۆیەوە هەڵوەرێ.

ڕێزەڵە: ڕەزەڵە

ڕێزە و پێزە: د. وردەیەکە کە لە شت دەبێتەوە.

ڕێزەووڵ: شتێکە کە بە وڵێن ڕێزە ڕێزە بووبێ.

ڕێژاف: با. ڕێژاو.

ڕێژان: ڕشتنی شت: ناوەکەی (ڕێژا). پیت و بەرەکەت (د).

ڕێژاو: تاڤگە.

ڕێژگاو: ریژگاو.

ڕێژگە: جێگای لێوە ڕژانی شت.

ڕێژوو: خەڵووز.

ڕێژە: د. بەردێکە کە شووشەی لێ دروست دەکرێ. بۆتە.

ڕێژەن: پیت و برشت: خەڵەی ئیمساڵ بە(ڕێژەن)ە.

ڕێژەو: ڕێژەن.

ڕێس: ریس: ئەم قاڵییە ڕەنگ و (ڕێس)ێکی جوانی هەیە، (ڕێسراو) خوری یا دەزوو یا موویەکە کە بەتەشی یا بەخەرەک ڕێسرابێ. ئەستوورایی مل: پێی نایە (ڕێس)ی ملی.

ڕێسپی: ز. گەورەی دێ. ریش سپی.

ڕیسوا: کەسێکە کە نابرووی چووبێ، (ڕیسوابوون) نابرووچوون (ڕیسوا کردن) نابرووبردن.

ڕیسوایی: نەمانی نابروو.

ڕێسە: درێژە دان بەشت (اطناب).

ڕیشوە: ڕیشوو.

ڕێڤینگ: با. ڕێبوار.

ڕیڤیگ: با. ڕیخۆڵە.

ڕیڤینگ: با. ڕێڤنگ.

ڕێڤینگ: با. ڕیڤینگ.

ڕێق: د. ڕیق.

ڕیقنە: گووی باڵندە. بریتییە لە ڕیپۆقی چاو.

ڕێک: شتی ڕاستی بێ گرێ و قۆرت. ڕێگا (با).

ڕێکایی: عاستی ڕێکی و تەختی شت.

ڕێکبوون: بێ گرێ و قورتبوونی شت. بریتییە لە ئاشنایەتی و تێکەڵی لەگەڵ یەکێکدا.

ڕێکخستن: ڕاستکردنەوە و ڕیزکردنی شت. جێبەجێکردنی کارێک بەڕێکوپێکی.

ڕێککردن: ڕێکخستن.

ڕێککەڤتن: د. ڕێککەوتن.

ڕێککەوتن: ڕێکەوتن.

ڕێکوپێک: شتی ئامادەی ڕێکخراو.

ڕێکۆک: کۆڵانی باریک.

ڕێکەوت: هەل: مەگەر بە(ڕێکەوت) بتبینم.

ڕێکەوتن: یەککەوتنی چەند کەسێک. جێبەجێبوونی کارێک. هەڵکەوتنی هەل (تصادف).

ڕێکەوتوو: شتی ئامادە و ساز. شتی جێبەجێ بوو.

ڕێکی: بوونی شت بە ڕێک. تێکەڵی.

ڕێگا: شوێنێکە کە گیاندار پێیدا بڕوا.
ڕێگاوبان: ڕێ و بان.
ڕێگا کردن: ڕێدان بەیەکێک بۆ ڕۆیشتن.
ڕێگر: جەردە.
ڕێگرتن: بەرهەڵست وەستانی شتێک لە ڕێیەکدا.
ڕێگری: جەردەیی.
ڕێ گومکردن: ڕێ ونکردن.
ڕێگە: ڕێگا. کێرێگە لە چیغ دروست دەکرێ لە چەشنی ڕێگا.
ڕێگەخستن: د. خستنەڕێ.
ڕێگەکەفتن: د. کەوتنە ڕێ.
ڕێگەگیر: د. ڕێگر.
ڕێگەوبان: ڕێگاوبان.
ڕێگیر: جەردە.
ڕێگیری: ڕێگری.
ڕێل: با. لێرەوار.
ڕێ لەبەرچوون: ڕێ برین بەئاسانی.
ڕێلە خۆ: د. ڕیخۆڵە.
ڕێلی: گۆێژ.
ڕێن: ڕدێن.
ڕێنامە: بەرنامە.
ڕێنج: ڕەنج.
رینجبەر: ڕەنجبەر.
رینجەبر: ز. ڕەنجبەر.
رینک: لەری لاوازی بێ هێز.
ڕێنکە: د. کۆبوونەوەی چەند کەسێک.
ڕێنکەدان: د. کۆمەڵەبوونی گیاندار.
رینگ: ڕنگ.
ڕێنگ: خورییەکی کورتە کە لە پێستە دەسکەنە کرابێ.
ڕێنگاڵ: د. ڕنگاڵ.
رینگانەوە: رینگە رینگ کردن. ڕنگاڵ: دەردانی شتی شیلەدار، هەنگوینە کە بخەرە سەر سەبەتەکە با (برنگێتەوە).
رینگەرینگ: زۆر وتنەوەی شتێک بەبێ هوودە: بەس (رینگە رینگ) بکە.
رینگەرینگکەر: کەسێکە زۆر رینگە رینگ بکا.
ڕێنما: د. نیشانەیەکە لەسەر ڕێگا دادەنرێ بۆ پیشاندانی ڕێبوار.
ڕێ نوێن: ڕێ نیشاندەر.
ڕێنوێنی: ڕێ نیشاندان.
ڕێ نیشاندان: بریتییە لە ئامۆژگاری کردن بۆ سەر ڕێی ڕاست.
ڕێو: د. کەڵەک و فێڵ.

ڕێوار: د. ڕێبوار.
ڕێواز: د. ڕێ پێڵگە. ڕێباز.
ڕێواس: گیایەکی کوێستانی بەهاری گەڵاپانە نێرکێکی خڕی ناسکی خۆشی هەیە.
ڕێواسی: گیایەکی کوێستانی بەهارییە گەڵای لە (کاڵا قنگ) دەچێ بەڵام ئەم لاسکی باریکترە گەڵاکەی بۆ کوشتنی کرم دەخورێ.
ڕێوان: پۆلیسی سەر ڕێگا.
ڕێوبان: ڕێگایەکە کە هاتوچۆی زۆری بەسەردا کرابێ.
ڕێوڕا: ڕێوڕاست.
ڕێوڕاست: ڕاستەوخۆ: ئەگەر وا بڕۆیت. (ڕێوڕاست) دەچیتە فیسارە شوێن.
ڕێوشوێن: پلان و نقشەی شت.
ڕێ ونکردن: بریتییە لە سەر لێ شێوان.
ڕێوەنگی: ز. ڕێبوار.
ڕێوی: گیاندارێکی کێوی چوار پێی تووکنی کلک فشی گوێ قوتی فێڵبازە لە کەروێشک گەورەترە. ڕێبوار. (ز).
ڕێوی پێچ: فێڵ و تەڵەکە.
ریە: با. ریش.
ریەسپی: با. ریش سپی.
ڕێهەڤ: هاودەم.
ریپ: فێڵ (ز). تەکان (د).
ریپاڵ: شتی دراوی چڵکن.
ریپۆ: فێڵباز.
ریپۆق: چڵکی چاو. چڵمی وشکەوە بوو.
ریپوکار: ریپۆ.
ریپۆڵ: مەردوومی پۆخلی بێکارە. کاڵای شڕی هەلا هەلا: (ریپۆڵ)ێک کاڵای لەبەردا نییە.
ریت: د. تەکان. شڕە و کۆنە.
ریتاڵ: شیاکە. کەسێکە کە هەر گەشتوگوزار بکا (سیّاح).
ریتاڵە: ریتاڵ.
ریتک: د. ریت.
ریتک و پیتک: د. پڕ و پیت.
ریتکە: فریشک.
ریتن: ڕشتنی شت. ریان (ز).
ریت و پیت: د. ریتک و پیتک.
ریتە: شتێکە کاڵای خوری پێ دەشۆرێ.
ریچ: دانی گڕ. گیانداری گڕ.
ریچاڵ: ز. میوەی پەروەردە لەناو شیلەی شەکردا کە پێی دەڵێن (مربا).

ریچبوونەوە: دان چیرکردنەوە. چاو بزکردنەوە لە یەکێک.
ریچکردنەوە: ریچبوونەوە.
ریچەو کردن: د. ریچکردنەوە.
ریخ: شیاکە. لم.
ریخن: گیانداری پیسی گەمژ.
ریخنە: ریخن. ریپۆق.
ریخۆڵە: شتێکی باریکی درێژە لە سکی گیانداردا پیسی تێ دەچێ.
ریخۆڵە ئەستوورە: ریخۆڵەیەکی گەورەیە بەدەم ریخۆڵەی باریکەوە.
ریخۆڵەباریکە: ریخۆڵەیەکە لە پێش ریخۆڵە ئەستوورەوە.
ریخۆڵە کوێرە: سەرە ریخۆڵەیەکی پچکۆڵەیە بەریخۆڵەی گەورە و، ئەو سەری بێ کونە کە شتی تێ چوو بۆگەن دەکا و ئەگەر فریای نەکەون گیاندارەکە دەکوژێ.
ریخەخۆرە: د. باڵندەیەکە هەر زبخ دەخوا.
ریخەڵان: زبخەڵان. شوێنێکە کە شیاکەی زۆری تێدا بێ.
ریخەڵۆک: ریخۆڵە.
ریخەڵوو: ل. ریخۆڵە.
ریز: چەند شتێکە بەقەتارە کە پاڵیان دابێتە یەک. حورمەت و پایەی مەردووم.
ریزبوون: پاڵدانی چەند شتێک بەیەکەوە بەریکی.
ریز پێوەگرتن: بەریزهاتن بەسەر چەند شتێکدا بەبێ بوواردنیان.
ریزکردن: دانانی چەند شتێک لە تەنیشت یەکەوە بە ریز.
ریزکێن: ریزێن.
ریزلێگرتن: ریز پێوەگرتن. حورمەتگرتنی یەکێ.
ریزلێنان: حورمەتگرتن.
ریزێن: یاری سێ ریزکێن یا نۆ ریزکێن کردن.
ریژگاو: کەسێکە بەخۆڕایی دووی مەبەستێکی هیچ و پووچ کەوتبێ.
ریژگاوی: خەرۆیی و دواکەوتنی شتی هیچ و پووچ: ئەمە (ریژگاوی) پێ دەڵێن.
ریس: خوری یا موو یا لۆکەی ڕێسراو.
ریس و گوریس: بریتییە لە کردار یا گوفتارێکی دوور و درێژ: من تاقەتی ئەم (ریس و گوریسە)م نییە.
ریسی: ز. گزردگیا.
ریش: مووی عاستی سەر شەویلە و چەناگە. زبیکەی ئەندام (ز).
ریشاڵ: ریشووی بەربوودوەی شتی دراو، (ریشاڵ ریشاڵ) ریشاڵی زۆر.
ریشاڵۆک: تەرخون.
ریشاڵە: ریشاڵ.
ریشبابا: جۆرەترێیەکی سپییە.
ریشباوا: د. ریشبابا.
ریشخەن: گاڵتە و قەشمەری: (ریشخەن) بەکەس مەکە.
ریشدار: گیانداری خاوەن ریش.
ریش سپی: بریتییە لە دەمڕاست و قسەڕەوای کۆمەڵێک.
ریشگاو: ریژگاو.
ریشگاوی: ریژگاوی.
ریشۆڵ: د. ریشوو.
ریشۆڵە: باڵندەیەکی ڕەشی کونجی دەنوک درێژە لە چۆلەکە گەورەترە و بەگەلێک جۆر دەخوێنێ. ریشۆڵ (د).
ریشوو: تاوی بادراوی جامانە و مشکی و هێندێ شتی تر.
ریشە: ڕەگی سەوزایی و درەخت. ڕەگی ئەندام. ریشوو (د).
ریشە برِبوون: بریتییە لە برانەوەی خێزان یا تیرەیەک.
ریشەبن: د. شتێکە لە بنج و بن هاتبێتە دەردوە.
ریشەداکوتان: روان و ڕەگ داکوتانی سەوزایی. بریتییە لە جێگیربوونی یەکێک لە شوێنێکدا.
ریشەدەرهاتن: بریتییە لە کەنەفت بوونی یەکێک بەهۆی شتێکەوە: (ریشەم دەرهات) بەدەست تۆوە.
ریشە دەرهانین: بریتییە لە کەنەفتکردنی یەکێک.
ریشە دەرهێنان: ریشە دەرهانین.
ریشەکەشکردن: ریشەکێشکردن.
ریشەکەن: ریشەکێش.
ریشەکێش: گیاندار یا درەختێکە کە ریشەی دەرهاتبێ، (ریشەکێش بوون) ریشە دەرهاتنی شت، (ریشە کێشکردن) ریشە دەرهێنان.
ریشەی جگەر: بریتییە لە منداڵی خۆت.
ریشی: ز. ریشوو.
ریڤیک: ریخۆڵە.
ریق: شتی نەرمەلیقەی تەنک.
ریق و ڤیق: شتی زۆر تەنکی نەرمەلیقە.
ریقووڵە: د. شتی ڕەقەڵە.
ریکە: د. کیرەی دان یا قەڵەم.
ریکەریک: ریکەی یەک لە دوای یەک.
ریگ: شتێکی وشکی وردی بریسکەدارە دەکرێ بەسەر نووسراوادا بۆ وشک بوونەوەی.
ریگی بیابان: جۆرە لمێکە لە دوورەوە دەبریسکێتەوە وەک ناو.
ریل: ژاڵە.
رین: ریان. دەنگدانی سەگ (ز).
ریواو: هـ. رێواس.

ڕیێۆن: هـ. ڕێحانە.
ڕیوەڕیوو: ڕینگەڕینگ.
ڕیوەڕیوکەر: کەسێکە قسە زۆر بڕینگێنێتەوە.
ڕیوەڵە: گیانداری لەڕی لاواز.
ڕیوەن: بنکی ڕێواسەکە بۆ ڕەوانی دەدرێ بەمەردووم.

ز

زا: بەچکە: (زا)ی لە سکدایە.
زابووق: ز. سەرە نوێلک. دۆڵ و دەرەیەکە کە ئاوی باراناوی پێدا بڕوا.
زابەند: دەفتەرێکە کە هەر ناوی منداڵی تازەبووی تێدا بنووسرێ.
زاپان: ل. سافسافێن.
زات: نەترسان و ئازایی: فیسار کەس زۆر بە(زات)ە.
زاتبردن: بریتییە لە ترساندنی یەکێک.
زاتچوون: بریتییە لە ترسان.
زاتدار: گیانداری بەجەرگی چاو قایم.
زاتکردن: نەترسان و وێران بۆ کردنی شتێک.
زاج: دەرمانێکی سپییە دەکرێتە ئاو و چەرمی پێ ڕەش دەکرێ.
زاج و پەرچەم: پەرچەم و ڕیزەمووییەکە دەهێلرێتەوە بەکەناری سەری کوڕی منداڵدا بەرێکی لەبەر جوانی.
زاخ: شتێکی سپی یا زەردی ترش و تفتە وەک خوێ لە کان دەردەهێنرێ. کەوڕگ (د). تاوێری گەورە (د).
زاخاو: بریتییە لە داخ و خەفەت: ئەوەندە (زاخاو) مەکە بەدڵمدا. دەرمانێکە دەگیرێتەوە بەزاخ بۆ مشتومالّی تیغ.
زاخاودان: زاخاودانەوە.
زاخاودانەوە: مشتومالکردنی شیر و خەنجەر بەزاخاو. بریتییە لەپێ خۆشبوونی دڵ بەتووشبوونی دوژمنت بەناخۆشییەک: بەدەرکردنی فیسار کەس دڵم (زاخاو درایەوە). بریتییە لە تەماشا کردنی یەکێک بۆ یەکێکی جوانی دڵبەر: ئەوەندە تەماشای فیسارە ئافرەتی کرد (زاخاوی) چاوی خۆی دایەوە.
زاخدار: تیغی جەوهەردار. بریتییە لە مەردوومی بەجەوهەر.
زاخڕ: ئاودەرەیەکی سەرەولێژی بەردەلانی.
زاخۆ: جۆرە پاڵتۆیەکە لەبەر دەکرێ. ناوە بۆ شارێک لە کوردستانی عێراق.
زاخۆن: زاخە.
زاخوور: ئەشکەوت.
زاخە: ژێرزەمین.
زاخێ: د. قشقەرە.
زاخێڕ: زاخڕ.
زاد: ئەو خواردنەیە کە پێی بژێت.
زاد دان: توێشەبەرە.
زادە: زا.
زادەگان: نەوەی خانەوادە.
زار: دەم. دوو بەری شەش ڕووە هەر ڕووەی چەند خاڵێکی تێدایە یاری پێ دەکرێ. دەنگی گریان. ژار: (زار)ی چاوی تێ ڕشت. خەفەتباری دڵتەنگ. وتەیەکە بە دوای هێندێ وشەوە کە نرا شوێنی ئەو شتە پێشان دەدا: گوڵ (زار)، لالە (زار) میرغو (زار) واتە شوێنی گوڵ و لالە و میرگ.
زاراوە: اصطلاح.
زاربەست: زاربێن.
زاربێن: پەتێکە دەمی مەشکە و هیزە و کوندە و هەمانە و شتی تری پێ دەبەسترێ.
زارخەنە: د. پێکەنینێکە کە بە ڕق و قینەوە بێ.
زاردڕاو: دەم دڕاو.
زارۆ: با. منداڵ.
زارۆک: ز. منداڵ.
زارۆلە: هـ. منداڵ.
زارگا: بەرموسڵدان.
زارنەرم: ز. زبان لووس.
زار نەرمی: ز. زبان لووسی.
زارۆ: ز. منداڵی پچووک.
زارۆک: با. زارۆک.
زاروو: زەروو.
زارووک: با. منداڵدان.

زاره: د. گەنمی نیوە هاڕدراو (د). زراو. بریتییە لە مەردوومی بەجەرگ.

زارە ترەک: کەسێکە لە ترساندا تۆقی بێ، (زارەترەکبوون) تۆقین لە ترساندا، (زارەترەککردن) ترساندن و تۆقاندن.

زارەزار: دەنگی گریان.

زارەگا: زارگا.

زارەوانە: زاربێن.

زاریان: د. گریان.

زاری: شیوەن و گریان.

زازا: بەچکەی بەچکە. تیرەیەکە لە کورد لە ڕۆژاوای کوردستانی تورکیا دایە.

زاغ: ز. کێڕ و خەت.

زاغوڕ: ز. زاخڕ.

زاغوری: ز. مشکی سەر.

زاڤا: ز. زاوا.

زاق: د. زەق. ڕەنگی کاڵ.

زاق و رووق: دەنگە دەنگی منداڵ.

زاقوزیق: زاق و زووق.

زاکوزووک: زاق و زووق.

زاکوزیک: زاقوزیق.

زاکە: جۆرە دەنگێکە دێ لە هێندێ گیاندارەوە لەکاتی زۆر بۆ هاتنیدا، (زاکە زاک) زاکەی یەک لە دوای یەک.

زاگ: د. زا.

زال: ز. هەزار.

زاڵ: گیانداری زۆردار.

زاڵبوون: زۆر سەندنی گیاندارێک بەسەر گیاندارێکی تردا.

زالۆ: زراو.

زالوو: زەروو.

زاڵە: د. زراو.

زاڵی: زاڵبوون.

زام: برین.

زاما: زاوا.

زامار: بریندار.

زامدار: زامار.

زامەت: کێم.

زان: بەچکە بوونی گیاندار. وتەیەکە بە هێندێ وشەوە کە نرا دەیکا بە(اسمی فاعل) زۆر(زان)، فرە(زان)، هیچ نە(زان)، پێ نە(زان).

زانا: خوێندەواری شارەزا.

زاناندن: زانین.

زاناهی: زانایی.

زانایی: شارەزایی و خوێندەواری.

زانست: زانای شارەزا. زانین و شارەزایی: فیسار کەس بە(زانست)ە.

زانستگا: زانستگە.

زانستگە: زانستگایەکە دوای سانەوی تێدا دەخوێنرێ.

زانستی: علمی.

زانوو: زەنگۆڵ. گونج یا لوولەی ئانیشکەدار.

زانەخرۆ: زیانەخرۆ.

زانەر: زانا.

زانیار: زانا.

زانیاری: مەعاریف.

زانین: ئاشکرایی و نمایانییەکە پەیدا دەبێ بۆ مەردووم لە کاتی بینین یا بیستنی شتێکدا.

زاو: گیاندارێکی مێینەیە کە تازە بەچکەی بووبێ.

زاوا: کەسێکە تازە ژنی هێنا بێ. مێردی خزمی نزیک: فیسار کەس (زاوا)مانە لە کاتێکدا کە خوشکت یا خوشکەزات یا یەکێکی نزیکت ژنی بێ.

زاوزۆ: زاوزێ.

زاوزوو: سککردن و منداڵبوون.

زاوزووە: زاوزوو.

زاوزێ: سککردنی مێینە یەک لە دوای یەک.

زاوما: تێکەڵکردنی کار و بەرخی ساوایە لەگەڵ دایکیاندا لە بەیانییەوە تا ئێوارە: ئیمڕۆ مەڕ و بەرخ (زاوما)یە.

زاوور: زراو. زات: فیسار کەس بە(زاوور)ە.

زاوورچوون: زراوچوون.

زاوە: د. تیر. ئەستێرەی عەتارید.

زاوەرە: د. زاوور.

زای: زاخ.

زایڵە: د. زایەڵە.

زایە: زا: فیسار کەس (زایە)ی لە سکە.

زایەبوون: بریتییە لە مردن.

زایەکردن: بەخشینی شتێک بەکەسێک.

زایەڵە: گریان و زاری.

زایچە: ڕاپۆرتی لە دایکبوونی منداڵ.

زایگە: شوێنێکی تایبەتییە کە منداڵی تێدا لە دایک دەبێ.

زاین: زانی گیاندار.

زبارە: ز. هەرەوەز.

زبان: پارچە گۆشتێکی پانی پفەڵە لە دەمدا قسەی پێ دەکرێ و پارووی پێ ئەم دیو و ئەودیو دەکرێ و تامی خواردەمەنی پێ دەچێژرێ. وتاری تایبەتی هەموو گەلێک کە قسەی پێ دەکەن و شتی پێ دەنووسن: زبانی کوردی (زبان)ێکی خۆش و زیندووە.

زبان بەد: کەسێکە کە دەربارەی مەردووم هەر بەد بڵێ.
زبان بەدی: بەدی وتن دەربارەی مەردووم.
زبانپاک: کەسێکە دەربارەی مەردووم هەر باش بڵێ.
زبانپاکی: بریتییە لەناو نەبردنی کەس بەخراپە.
زبانپیس: بریتییە لە جوێن فرۆش.
زبانپیسی: بریتییە لە جوێن فرۆشی.
زبانتاڵ: د. بریتییە لە مەردوومی قسە ڕەق.
زباندرێژ: بریتییە لە کەسێک کە لە ئەندازەی خۆی زیاتر و بەرەو ژوورتر دەربارەی مەردووم بدوێ.
زباندرێژی: بریتییە لە قسەی ناشیرین کردن دەربارەی یەکێک.
زبانزان: کەسێکە کە چەند زبانێک بزانێ.
زبانشکان: لە قسەکەوتنی مەردووم بەهۆی نەخۆشییەکی زۆر قورسەوە.
زبانشیرین: بریتییە لە یەکێک کە قسەی خۆشبێ لەگەڵ مەردوومدا.
زبانگرتن: هاتنە زبانی منداڵ. بریتییە لە قسەکردن بەبێ شەرمی: فیسار کەس چاک (زبانی گرتووە) واتە قسە بەبێ پەروا دەکات.
زبانگەستن: بریتییە لە پەشیمانبوونەوە و خەفەتخواردن بۆ شتێک کە لە دەستت چووبێ.
زبانگیران: زبان شکان. گیرانی زبان بە هۆی لاڵییەوە: فیسار کەس لە قسەکردندا (زبان دەگرێ).
زبان لووس: بریتییە لە کەسێک کە بەزبانی خۆش مەردووم لاس بدا.
زبانە: سەری دارێکی لە لە کراوی دادراوە بۆ ئەوەی کە بکرێ بەکونی دارێکی تردا، ئاسنێکی باریکە لە ئاوزوونەدا دەچێ بەکونی قایشدا. بڵێسەی ئاگر.
زبانە بچکۆلە: پارچە گۆشتێکی باریکە لەناو قوڕگدا.
زبر: شتێکە کە لووس نەبێ. شتی درشت: ئەم ساوەرە (زبرە) واتە درشتە.
زبران: شوێنی بەردەڵانی.
زبرە: سەر کۆزەری ساوەر و قەرەخەرمانی هاڕراو: (زبرە)ی ساوەرەکە بهاڕەرەوە.
زبری: بوونی شت بەزبر.
زبڵ: خۆڵ و خاش و پووش و پەلاشی ناوماڵ.
زبڵچی: کەسێکە کە زبڵی ناوایی کۆ بکاتەوە و فڕێی بدا.
زبڵدان: سەرە نوێلک.
زبڵڕێژ: زبڵچی.
زبڵکێش: زبڵچی.
زبڵگە: زبڵدان.
زیرکە: زیپکە.
زیک: ز. زیپکە.
زج: دەعبایەکی سوورکەڵەی پچووکی چنگنە بەئاژاڵەوە دەنووسێ.
زر: ز. زل.
زرازر: ز. زەڕەزەڕ.
زراف: باریک (با). شتی ورد (ز).
زرانی: ئەژنۆ.
زراو: ئاوێکی زەردی تاڵە و لەناو توورەگەیەکدا بەدەم سی و جگەرە و هەمیشە دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێ بەسەر خواردنی ناشک (معدە)دا بۆ ئەوەی کە زوو بتوێتەوە.
زراوبردن: بریتییە لە تۆقاندن.
زراوتۆقین: بریتییە لە زۆر ترسان.
زراوچوون: زراوتۆقین.
زرب: د. زبر. شتی زل و قەبە.
زربان: د. شوێنی بەردەڵانی.
زربە: د. زبرەی شت.
زربی: د. زبری.
زرت: خۆهەڵکێشان (ز). مەردوومی زیت.
زرتۆڵە: گاڵتەکردن بە یەکێک.
زرتە: زەقەی چاو: (زرتە)ی چاوی دێ، (زرتەزرت) زەقە زەقی چاو.
زرتەبۆز: بریتییە لە مەردوومی زەبەللاح.
زرتەک: ز. کەسێکە کە خۆی هەڵبکێشێ.
زرتی: د. بێکارەیی و هیچ لێ نەهاتوویی.
زڕ: درەختی بێ بەر. شتی وشک: قەرە خەرمانەکە (زڕ) بووە.
زڕان: بڵاوبوونەوە و دەنگدانەوەی باسێک لەناو مەردوومدا.
زڕاندن: بڵاوکردنەوەی باسێک بەناو مەردوومدا. زرنگە زرنگ کردن بەشت.
زڕانەوە: دەنگدانەوەی زەنگوڵە و جام و هێندێ شتی تر.
زڕباب: زڕباوک.
زڕباوک: باوەپیارە.
زڕبرا: برای دایکی.
زڕت: جرت.
زڕخوشک: خوشکی دایکی.
زڕخەسوو: باوەژنی ژن بۆ مێرد و باوەژنی مێرد بۆ ژن.
زڕداک: زڕدایک.
زڕدایک: باوەژن.
زڕزڕە: د. شتێکە منداڵان بەدەستییەوە دەگرن و زڕەزڕی پێ دەکەن.
زڕکتک: زڕکێتک.
زڕ کچ: کچی ژن لە مێردێکی تری و کچی مێرد لە ژنێکی تری.

زڕ کوڕ: کوڕی ژن لە مێردێکی تری و کوڕی مێرد لە ژنێکی تری.
زڕکێتک: با. زەردە زیڕە.
زڕگوێز: دارێکی گەورەیە وەک دارگوێز بەڵام گەڵای باریکە و بێ بەرە. ناوە بۆ دوو دێی خـوار و ژوور لە دەسـتـە ڕاسـتـی ڕۆژئاوای سلێمانییەوە.
زڕمام: برای دایکی باوک.
زڕنا: زوڕنا.
زڕنوچقاو: چەورییەکی کەمە کە دەکەوێتە سەر چێشتی شلە.
زڕنووقاو: زڕنوچقاو.
زڕ و زنگیانە: متومووروو.
زڕە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی پارە لە کاتی ژماردنیدا، (زڕە زڕ) زڕەی یەک لە دوای یەک (زڕ و هووڕ) زڕەزڕی زۆر.
زڕە بلبل: جۆرە باڵندەیەکی بۆرە لە فیـسـقـەگولە گەورەترە وەک بلبل دەخوێنێ.
زڕەکەو: سوێسکە. پوڕ (د).
زڕەوەلی: هـ. گیایەکی درێژی تۆکمەیە وەک قامیش وایە لە گوێ ئاو دەڕوێ.
زڕیان: د. زڕان.
زڕیانەوە: د. زڕانەوە.
زرقتک: ز. جۆرە مێشێکی زەردە بەقەد هەنگێک دەبێ.
زرک: کاڵەکی نەگەیو.
زرکۆ: د. گزرە گیایەکە بۆ ئاژاڵ دابنرێ.
زرکوزینگ: د. چوست و چالاک.
زرکە: زرک.
زرکەتاڵ: جۆرە کاڵەکێکی زرکی تاڵە.
زرکێتک: با. زڕکێتک.
زرم: د. زرمە.
زرم و کوت: تەپ و هووڕ.
زرمە: دەنگێکە لە لێکەوتنی شتێکی قورس لە شتێکی تر کە دەنگ نەداتەوە پەیدا دەبێ، (زرمەزرم) زرمەی یەک لە دوای یەک. (زرم و هووڕ): زرمەزرمی زۆر.
زرمەزلێ: خۆ بەسەریەکا دان و زرمەزرمکردنی چەند کەسێک.
زرنگ: مەردوومی زیرەکی وریا. ڕۆنی قاڵی شل.
زرنگانەوە: زڕانەوەی دەفـرێک کـە لە مس یا لە زەرد یا لە زیو دروست کـرابێ. زڕانەوەی گـوێ. ڕوونبـوونەوەی شـتـی شل بەنیـشـتنی خڵـتـەی: ئاوەکـە یا ڕۆنەکـە (زرنگاوەتەوە). بەناودا چوون و درەنگبوونی شەو: شەو تا (نەزرنگێتـەوە) خەوم لێ ناکەوێ. کزربوونەوەی شتی تەڕ.
زرنگە: دەنگدانەوەی زێڕ و زیو و مس و زەرد لە کـاتی کـەوتنی شتێک لێیـان (زرنگە زرنگ) زرنگەی یەک لە دوای یەک (زرنگ و هووڕ) زرنگە زرنگی زۆر.
زرنگی: وریایی و چالاکی.
زروو: د. زبری ڕووش. درشت.
زرووقان: ز. ڕەوکردنی گیاندار لە ترساندا.
زرووقانەوە: پێکەنینی منداڵ.
زرووکە: دەنگی باڵندەی پچووک.
زرووکە زرووک: زرووکەی یەک لە دوای یەک.
زروە: گـیـایەکی کـوێسـتـانییـە گـەڵای وەک (تەری) وایە (هـ). درشتەی شت (د).
زرووێ: زرووی.
زرووی: هـ. ئەسپۆن.
زروێی: ئەسپۆن.
زرە: ز. زرێ.
زرەقیان: د. پێکەنین بەدەنگی بەرز.
زرەک: وڵاخێکە کە ڕەشێنەی چاوی سپی بێ.
زرەکبوون: بەشەوارەکەوتنی بزن و مەڕ بەهۆی بروسکەوە.
زرێ: کاڵایەکی جەنگییە لە زریزەی ئاسن دەتەنرێ و لە جەنگدا لەبەر دەکرێ بۆ ئەوەی شیر و تیر نەیبڕێ. زەریا.
زریان: ڕەشەبا. بەفر و بارانی زۆر کە بەبای ساردی بەهێزەوە بێ. گۆیکەکردنی درەخت (د).
زرێـبـار: زەمـینێکە کـە ڕۆچوو بێ و بووبێ بەدەریاچە. ناوە بۆ دەریاچەکەی مەریوان.
زرێپۆش: کەسێکە کە زرێی لە بەردابێ.
زرێچە: دەریاچە.
زرێدار: زرێپۆش. فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و کەشتی جەنگی پۆڵاین.
زریسک: زریشک.
زریشک: درەختێکی زۆر دڕکاوییە دەکرێ بەپەرژین، هێندێکیان بەرێکی خۆش دەگرێ و دەکرێ بەسەر پلاودا.
زرینچک: زرینچکاو.
زرینچکاو: ئاوێکی زەرد باوە لە برین دێ.
زرینگانەوە: زرنگانەوە.
زرینگە: زرنگە.
زرێوار: زرێبار. تەپۆڵکە.
زرێوان: کەشتی وان.
زریە: دەریا.
زریج: ز. قورقوشم.
زریزانە: زیزانە.
زریزە: چەند پارچە تەلێکی لێک هەڵکێشراوی درێژە.
زریسک: مۆرد.
زریکاندن: توند قیژاندنی گیاندار.
زریکانن: زریکاندن.

زریکە: دەنگی بەرزی تیـژی توندی گـیـاندار، (زریکە زریک) زریکەی یەک لە دوای یەک، (زریک و هوورِ) زریکە زریکی زۆر.

زریکە کـردن: زریکاندن. بریتـیـیـە لە تۆقین و ترسـان: دەک (زریکە کەیت). پلدانی ئەندام بەئازارەوە.

زریکە لێ هەڵسـاندن: ئازار گـەیاندن بەیەکـێک بەجـۆرێ کـە بزریکێنێ.

زرین: ز. زەرین.

زرینگ: زرنگ.

زرینگە: زرنگە.

زریوە: دەنگێکە وەک دەنگی چۆلەکە و سیـسـرک (زریوە زریو) زریوەی یەک لە دوای یەک. ورشە و پرشەی شت (د).

زسان: زستان.

زستان: سێ مانگەی دوای پاییز.

زستانە: زستانی.

زستانەوار: زستانە هەوار.

زستانەیی: زستانی.

زستانی: شتێکە کە هەر لە زستاندا بەکار بهێنرێ.

زغاڵ: ل. خەڵووز.

زغرک: ز. وردە بەرد.

زفت: جۆرێکە لە قیر بەڵام ئەم بۆرەڵووکە.

زڤار: با. پارچەی شت.

زڤر: ز. زبر.

زڤران: با. سوورِدان.

زڤرک: با. شەنگە سوورە.

زڤرین: گەڕانەوە (با). سوورِانەوە (ز).

زڤستان: با. زستان.

زڤنگ: با. ئەشکەوتێکە کە بشێ بۆ ئەوەی تێیدا بحەسێیتەوە.

زڤـاف: ز. گـاسنێکە کـە دەسـتی لێ هەڵبـڕابێ بۆ ئەوەی کـە زۆر بچەقێ.

زک: سک.

زکئێشە: سک ئێشە.

زکبەردان: بریتییە لە زۆر خواردن.

زکپڕ: گیانداری ئاوس.

زکچوون: بریتییە لە ڕەوان بوون و سەرێیی کردن.

زکدڕاو: بریتییە لە گیانداری زۆرخۆر.

زکڕۆین: زکچوون.

زکرەش: ز. قین ئەستووری دڵ پیس.

زکزل: زکدڕاو.

زککردن: ئاوسبوونی مێینە و زانی.

زک لەوەڕاندن: بریتییە لە کەسێک کە بەهەوانتە خۆی بژیەنێ.

زک لەوەڕین: کەسێکە بەهەوانتە خۆی بژیەنێ.

زکماک: دەردێکە کە تووشی گیاندار بووبێ لە سکی دایکیدا.

زکن: د. ئەوسن.

زکوزا: سکوزا.

زکوونی: ز. ئەوسنی چلێس.

زکە شۆرە: زکە شۆرێ.

زکە شۆرێ: سکچوون.

زکە شـۆرێ پێکەوتن: بریتـیـیـە لە مـاندووبوونی یـەکێـک بەهۆی هاتوچۆی زۆرەوە.

زکەماسێ: د. ئاوبەند.

زگ: زک.

زگـار: هەرەوەزکـردن بۆ تـووتن شکاندنەوە. چنـینەوەی خـورمـا و مێوەی تر لەژێر دارەکەیدا (ل).

زگ ئێشە: سک ئێشە.

زگپڕ: سکپڕ.

زگچوون: سکچوون.

زگدڕاو: سکدڕاو.

زگرۆین: سکچوون.

زگزل: سک زل.

زگسووتان: سکسووتان.

زگماک: سکماک.

زگەڕۆ: سکەڕۆ.

زگەشۆرە: سکەشۆرە.

زگەشۆرێ: سکە شۆرێ.

زل: شتی گەورە. پەلوپۆی گیای هەڵوەریو (ز).

زلان: ڕەشەبا.

زلبـوون: بەرزبوونەوە و ئەسـتـووربوونی گـیـاندار و درەخت و سەوزایی. بریتییە لە بەرزبوونەوەی پایەی یەکێک.

زلچـە: دەنگێکە لە خـواردن یا تێکردنی پلاو و قـبـووڵی زۆر چەورەوە دێ: پلاوەکە (زلچە)ی دێ، (زلچە زلچ) زلچەی یەک لە دوای یەک.

زلحۆ: زلحۆرت.

زلحۆرت: بریتییە لە مەردوومی قەبەی زەبەللاح.

زلحۆل: زلحۆرت.

زلزلـە: جـەرە تاو و زەرداوێکە کـە لە برین دێتـە دەرەوە. ناوی دێیەکە لە ناوچەی سرۆچک.

زلف: ئەگریجە.

زلفگیر: د. شتێکە دەدرێ لە زلف بۆ ئەوەی تێک نەچێ.

زلفنج: گـیـایەکی زۆر تاڵی بەهارییـە گـەڵای وەک کـەرەوز وایە بەهارڕاوەیی دەکـرێ بەبرینی کـرمـە ژنەی ئاژاڵەوە. قوززەڵقورت.

زلفنجکردن: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەیەکێک لە جیاتی وتەی قوززەلقورت.
زلق: سلق.
زلقاو: قوراو (د). سلقاو.
زلقیاک: د. قوری شلەقاو.
زلکوێر: چاوشلەقاو.
زلکە: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
زللە: لێدان بەبەری دەست لە بناگوێی یەکێک.
زلۆبی: ناوساجی.
زلوبیا: جۆرە شیرینییەکی کون کونە وەک پەنجەرە لە هەویر دەکرێ و شیلەی شەکری بەسەردا دەکرێ.
زلووک: ز. دەنک: (زلووک)ە شقارتەیەک واتە دەنکێکی.
زلووکە: ز. شقارتە.
زلە: زل: ئەم شتە (زلە)یە. زللە.
زلە: دەنگی چەند کەسێک بەکۆمەڵی، (زلە زڵ) دەنگە دەنگی چەند کەسێک.
زلە قیاگ: د. زلقیاگ.
زلەقیان: د. شلەقانی قوڕ و شتی تر.
زلیی: زەلامی و گەورەیی شت.
زماک: ز. شوێنی نسرم لە شاخ کە هەتاو نەی گرێ.
زمان: زبان.
زمانبەد: زبانبەد.
زمانبەدی: زبانبەدی.
زمانپاک: زبانپاک.
زمانپاکی: زبانپاکی.
زمانپیس: زبانپیس.
زمانپیسی: زمانپیسی.
زمانتاڵ: زبانتاڵ.
زماندار: مەردوومی بەدەم.
زماندرێژ: زباندرێژ.
زماندرێژی: زباندرێژی.
زمانزان: زبانزان.
زمان شڕ: دەم شڕ.
زمانشکان: زبانشکان.
زمانشیرین: زبانشیرین.
زمانکێشان: بریتییە لە تینوێتی یا ماندوێتی.
زمانگرتن: زبانگرتن.
زمانگەستن: زبانگەستن.
زمانگیران: زبانگیران.
زمانلووس: زبانلووس.

زمانە: زبانە.
زمانە پچکۆلە: زمانێکی پچکۆلانەیە لە قوڕگی گیاندار.
زمانە چکۆلە: زمانە پچکۆلە.
زمرووت: جۆرە بەردێکی سەوزکاری جوانی بەنرخە.
زمرق: چزووی دووپشک و زەردەواڵە و زەردە زیرە.
زمسان: زستان.
زمسانە: زستانە.
زمسانی: زستانی.
زمە: تەلێکی ڕاستە وا بەژێر لوولەی تفەنگەوە گیروگرفتی ناو لوولەکەی پێ ڕایی دەکرێ. لوولە ئاسنێکی دەم تیژە چەرمی پێ کون دەکرێ بۆ تێ هەلکێشانی (چاخمە).
زمهاڕ: د. ناردێکە کە بۆ زستان دەهاڕدرێ و هەڵدەگیرێ.
زمهەڕ: زمهاڕ.
زن: ز. ژن.
زنار: ز. بەردی گەورە. ماهی زەرد (با).
زنتۆت: ز. پێکەنین بەمەردووم.
زنج: هۆدەیەکە لە قامیش و چیلکە و پووش و قوڕ دروست کرابێ. چەناگە (د). دووتاسە کە لە مۆسیقادا لە یەک دەدرێ.
زنجاف: ل. پەراوێزی کەوا.
زنجیر: چەند پارچە ئاسنێکی ئەستووری تێکهەڵکێشراوی درێژە.
زنجیرە: هەڵبەستنی لێواری چەفتە و بەرماڵ و مشکی و هێندێ شتی تر بەدەزوو یا بەئاوریشم. چەند شتێکە کە لە تەنیشت یەکەوە بەقەتارە وەستابن. برگە برگەی لێواری شت.
زنجیرەبەستن: وێستانی چەند شتێکی زۆر بەگردی بەتەنیشت یەکەوە.
زنجیرەدار: شتێکە کە زنجیرەی بێ وەک پەنجا فلسی.
زنجیرەدان: زنجیرە بەستن.
زنچکاو: زرینچکاو.
زنگازنگ: ز. دەنگی زەنگ.
زنگرین: ز. تۆپینی سەگ.
زنگل: ز. زەنگوڵە.
زنێر: ماهی زەرد.
زۆ: گیایەکی بەهاری کوێستانی بۆنخۆشە دەخورێ و گەڵای لە گەڵای چنوور دەچێ.
زوان: زبان. زیوانی ناو دەغڵ.
زوبەرجەد: جۆرە بەردێکی جوانی بەنرخە.
زۆپیا: سۆیا.
زۆپە: سۆیا.
زۆتک: ز. لێواری کونی قنگ.

زوخ: د. هێز و تەوانایی.

زۆخ: زووخ.

زوخاڵ: خەڵووز.

زوخاڵدان: خەڵووزدان.

زوخم: د. بنکی گیایەکی تاڵی بۆنخۆشه.

زۆر: شتێکه که کەم نەبێ. هێز: به(زۆر) شت له کەس مەسێنه. ستەم: (زۆر)داری خراپه.

زۆران: باوەشکردنی دوو کەس بەیەکدا و هێنان و بردنی یەکتری بۆ دان بەزەویدا.

زۆرانباز: کەسێکه که زۆران باش بگرێ.

زۆرانبازی: زۆرانگرتن.

زۆرانگرتن: ئامبازبوونی یەکتری بۆ زۆران.

زۆربگیر: شتێکه که بەیەکێکی بکەی به زۆر.

زۆربگیری: بێگاری.

زۆربلێ: کەسێکه که قسه زۆر بکا.

زۆر بلێیی: سازندەیی و قسه زۆر کردن.

زۆر بۆ هاتن: تەنگەتاو بوونی گیاندار.

زۆر بۆ هێنان: تەنگەتاوکردنی گیاندار.

زۆربه: بەشی زۆر له شت: مەڕەکان (زۆربه)ی زاوه. شتی زۆر: فیسار کەس نان و چێشتێکی (زۆربه)ی دا.

زۆربەسەندن: زۆربوون و پەرەسەندنی شت: ئاگرەکه یا ئاوەکه (زۆربەی سەند).

زۆربێژ: زۆر بلێ.

زۆربێژی: زۆر بلێیی.

زۆرخانه: جێگایەکی تایبەتییه هێندێ جۆره یاری تێدا دەکرێ بۆ بەهێزبوونی ئەندام و جەسته.

زۆرخۆر: گیاندارێکه که زۆر بخوا.

زۆرخۆری: خووگرتن بەخواردنی زۆرەوه.

زۆردار: ستەمکار.

زۆرداری: ستەمکاری.

زۆرده: د. فەریکی جۆ و گەنم و نۆک.

زوڕات: زەڕات.

زوراته کێویله: جۆرێکه له زورات.

زوڕنا: لوولەیەکی کون کونه سەرێکی خڕ و واڵه سەرەکەی تری باریکه (فیقەنه)یەکی پێوەیه فووی پێدادەکرێ و دەنگێکی زیقنی لێ پەیدا دەبێ.

زوڕناتک: گیایەکی بەهاری گەڵا وردی پڕه دۆشاوەکەی بۆ دەردی شوقاقی باشه.

زوڕناژەن: کەسێکه که باش زوڕنا لێ بدا.

زوڕناسەقەته: زەڕنەقووته.

زۆرزان: بریتییه له مەردوومی فێڵباز.

زۆرزانی: فێڵبازی.

زۆرگ: زنجیره گردێگه که خڕه بەردی زۆر بێ.

زۆرلێکردن: پێ نانه ڕێسی ملی یەکێک بۆ کردن یا وتنی شتێک بەزۆر.

زۆرم: د. زورمه.

زۆرملێ: د. زۆرەملێ.

زورمه: زوربه.

زۆرمه: زورمه.

زۆر و زەبەند: شتی زۆر.

زۆروەڕ: هەڵەوەڕ.

زۆر وێژ: زۆر بێژ.

زۆره زمێ: د. زرمه زلێ.

زۆرەکی: زۆر بگیری.

زۆرەمله: زۆره ملێ.

زۆرەملێ: زۆر لێکردن.

زۆرەملی: زۆره ملێ.

زۆرەوانی: زۆرانبازی.

زۆرێتی: زۆری.

زۆری: بوونی شت بەزۆر.

زۆزان: با. کوێستان.

زوسان: زستان.

زۆسان: د. زستان.

زۆڤ: ز. هەزار پێ.

زوقم: شتێکی سپییه وەک بەفر له شەوی سایەقەی زستاندا پەیدا دەبێ.

زۆڵ: منداڵێکه که له باوکێکی هاوسەری شرعی پەیا نەبووبێ. زوێڵ. بریتییه له مەردوومی زۆرزانی فێڵباز.

زوڵاڵ: شتی بێ گرێ و قۆرت: دەنگی (زوڵاڵ)ه یا ئاوەکه (زوڵاڵه)ه واته ڕوون و بێ خەوشه.

زوڵف: زڵف.

زۆڵەک: جۆره دەنکێکه لەناو گەنمەشامی و نۆک و بەڕودا که نابرژێ و ناکوڵێ. زۆڵ.

زۆنپ: پیکی بەرد شکاندن.

زۆنکاو: زونگاو.

زۆنگ: زەمینێکی چاڵه که ئاوی تێدا وەستابێ.

زونگاو: زۆنگ.

زوو: پێش وەخت: (زوو) هاتیت. خێرا: (زوو) که، واته خێراکه.

زووالّه: د. زوێڵ. هەڵماتێکه که له قووڕ دروست کرابێ.

زووان: زبان.
زووانباز: د. درۆزن.
زووانبەد: زبانبەد.
زووانبەدی: زبانبەدی.
زووانبەس: دەمبەست.
زووانبەسە: د. بریتییە لە گیانداری بێ زبان.
زووانپاک: زبانپاک.
زووانپاکی: زبانپاکی.
زووانپیسی: زبانپیسی.
زووانتاڵ: زبانتاڵ.
زووانخۆش: زبان شیرین.
زووان‌درێژ: زبان‌درێژ.
زووان‌درێژی: زبان‌درێژی.
زووان‌دار: بریتییە لە مەردوومی دەم هەراش.
زووانزان: زبانزان.
زووانشکان: زبانشکان.
زوانشیرین: زبانشیرین.
زووانگرتن: زبانگوتن.
زووانگەستن: زبانگەستن.
زووانگیران: زبانگیران.
زووانلووس: زبانلووس.
زووانمەلیچک: د. تۆوی درەختی بناو.
زووانە: زبانە.
زووانە پچکۆلە: زبانە پچکۆلە.
زوواو: با. شتی وشک.
زووبەزوو: شتی زۆر زوو: من دەڕۆم تۆش (زوو بەزوو) وەرە.
زووخ: کیماوی برین.
زووخال: خەڵووز.
زووخاڵدان: خەڵووزدان.
زووخاو: زرینچکاوێکە لە دەروون دێتە دەرەوە. بریتییە لە تاڵاو: زۆرم (زووخاو) بەدەستتەوە چەشت.
زوور: زبر. زەوی کرێنی کەم گڵ.
زووران: زبران.
زووڕە: دەنگی گریانی منداڵ کە بەجەختی بگری (زووڕە زووڕ) زووڕەی یەک لە دوای یەک.
زووڕەز: جۆرە ترێیەکی پێست ئەستووری ڕەشە زوو پێ دەگا. ترێی یاقووتی.
زووڕەس: زووڕەز.
زوورە: زبرە.
زوورەبا: ئازارێکی کوتوپڕییە هێندێ جار دەداتە جەستەی مەردووم.
زووڕە زووڕ: ز. قووڕە قووڕی سەگ.
زووری: زەروو (ز). زبری.
زووز: گیایەکی ئاوییە گەڵای لە (پیزڵ) دەچێ بەڵام ئەم نەرمتر و باریکترە.
زووسان: زستان.
زووشک: دووپشک.
زووگێن: د. لەمەپێش.
زووم: با. هاوینەهەوار.
زوونا: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک ڕێحانە وایە گوڵێکی شین دەگرێ.
زووە: د. زەوە.
زوهم: ز. ڕۆن و پیو.
زوهۆر: د. شوێنی ئاوەزێ.
زوێڵ: پارچە چەرمێکە لەسەر باری درێژی هەڵ هێنرابێ. زبڵی ناو ماڵ (د).
زویر: گیانداری زیزی دڵگیر لە شتێک
زویربوون: دڵگیربوون، (زویرکردن) دڵگیرکردن.
زویری: دڵگیری.
زویڵ: زوێڵ.
زەب: ز. شتی زۆر ڕەق.
زەبر: هێز و نهێم: (زەبر)ی مەددەرێ.
زەبردار: زەبر بەدەست.
زەبر بەدەست: بریتییە لە مەردوومی دەست درێژی زۆردار.
زەبرگەیاندن: نهێم گەیاندن بەشتێک.
زەبروزەنگ: توندوتیژی لە ئیشوکاردا.
زەبرەقوون: هێلکە.
زەبرەقوونە: زەبرەقوون.
زەبلۆق: ز. شتی لووس.
زەبوون: گیانداری کزی لاوازی بێ هێز، (زەبوونبوون) بێ هێز بوون، (زەبوونکردن) بێ هێزکردن.
زەبوونی: کزی و بێ هێزی.
زەبەر: ز. ژێر.
زەبەرجەد: زوبەرجەد.
زەبەردەست: زەبر بەدەست.
زەبەش: ز. شووتی.
زەبەللاح: گیانداری زلی چوارپەل قەوی.
زەبەن: زەبەنگ.
زەبەند: زەبەنگ.
زەبەنگ: شوێنی چڕی پڕ لە قامیش و دڕک و داڵ.
زەحف: ز. زۆر لە هەموو شتێک.

زەحفکردن: دڵچوون.
زەحفەران: زەعفەران.
زەحفەرانی: شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی زەحفەرغان وابێ.
زەخت: ز. نەقیزە.
زەختە: زەخت.
زەخم: برین.
زەخماوی: بریندار.
زەخمدار: بریندار.
زەخم دەرکردن: پەیابوونی برین لە ئەندام.
زەخمک: ز. قایشێکە کە ئاوزەنگی پێ توند دەکرێ لە زین.
زەخمکردن: برینکردن لە یەکێک.
زەخمە: با. سوخمە.
زەخڵ: قومارباز.
زەد و خورد: دانی دوو کەس یا زیاتر لە یەکتری.
زەدە: شتی شکست.
زەدر: ز. زەرد.
زەدرا: شتی زۆر کەم.
زەراقە: ز. کونی پچووکی دیوار.
زەرانی: نمژنۆ.
زەراهی: زەردی.
زەرایی: زەراهی.
زەربەژ: یا. زەبەش.
زەرپچی: ز. مەردوومی لەری زەردەڵە.
زەرتک: گیایەکی بەهارییە بەتەری ڕەشباوە کە وشک بوو زەرد دەبێ و بەنی پێ زەرد دەکرێ. گەڵایەکی پچکۆلەیە لەبن گەڵای پانی تووتنەوە وشک دەبێ. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک (با).
زەرتکە: جۆرە گەنمێکی زەردی دەنک قەڵەوە.
زەرد: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی زەردێنەی هێلکە. جۆرە شتێکی زەردە لە کان دەردەهێنرێ و دەکرێ بەسەماوەر و هێندێ شتی تر. شاخی زۆر سەخت.
زەردالوو: هەڵوژە زەردە.
زەرداو: شتێکی تاڵی زەردە لە دەروونی هێندێ کەس دێتە دەرەوە کە پێی دەڵێن (سەفرا).
زەردایی: زەردێنە. زەردێتی شت.
زەردایی کردن: بەناستەم تروسکە کردنی چاو.
زەردباو: شتێکە کە بەسەر زەردا بڕوانێ.
زەردبوون: ڕەقبوونی گەنم و جۆ. گەینی برین و دوومەڵ. بریتییە لە ترسانی یەکێک.
زەردکردن: بریتییە لە زۆر ترسان. نیوە کوڵاندنی هێندێ سەبزە: بامێکە یا کاردووەکە (زەردکە).

زەرد و زۆڵ: شتی زەردی جوان.
زەرد و سوور: بریتییە لە منداڵ: فیسار کەس کۆشێک (زەرد و سوور)ی لە پاش بەجێ ماوە.
زەردۆیی: ناوە بۆ تیرەیەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی سیروان.
زەردویی: جۆرە مووروویەکی زەردە ژنان دەیکەنە مل و دەستیان. دەردێکە تووشی مەردووم و مەرەزە دەبێ زەردیان هەڵ دەگێرێ.
زەردە: جۆرە ماسییەکە وەک (قاشنە) بەڵام پوولەکەکانی ڕەق و زل نییە و، لە خواردندا فڕێ نادرێ. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک تیشکی هەتاو لە بەیانیان و ئێواراندا: (زەردە) کەوتووە یا (زەردە) ماوە. زەردەخەنە. حەڵوای شەکر (ز).
زەردەپەڕ: کاتی ئاوابوونی خۆر کە زەردە بەسەر کەلەوە بێ.
زەردەچۆ: د. زەردەچەوە.
زەردەچوو: زەردەچەوە.
زەردەچەوە: دەرمانێکی زەردە دەهاڕێتەوە و دەکرێتە ناو هێندێ چێشتی شلەوە.
زەردەچێو: زەردە چەوە.
زەردەخەنە: پێکەنینی بێ دەنگ.
زەردەدرک: د. دڕکە زەردە.
زەردە زیرە: باڵندەیەکی پچووکی سەر ڕەشە لە هەڵفڕیندا دەزیرێنێ. جۆرە مێشێکی چزووداری هێلانە لە بنمیچ و پاڵ دیواردا دەکات.
زەردەسیری: گیایەکی گەڵا وردی دڕکاوییە بۆ کەچەڵی زۆر باشە.
زەردەکەنی: زەردەخەنە.
زەردەڵپەڕ: زەردەپەڕ.
زەردەلوو: هەڵووژەزەردە (با). قەیسی (ل).
زەردەلە: مێوەیەکە بەهەتاو وشک کرابێ.
زەردەڵە: مەردوومی زەردباو.
زەردەمار: جۆرە مارێکی زەردی ڕەقی پیسی کوشندەیە.
زەردەواڵە: گیاندارێکی چزووداری لە هەنگ گەورەترە نیوەی زەرد و نیوەی ئاڵە.
زەردەولی: هـ. باڵندەیەکی زەردی جوانی باڵ ڕەشە.
زەردەی: هـ. زەردوویییەکە ژن دەیکاتە دەستی.
زەردیوەرە: هـ. باڵندەیەکی زەردی پچووکە.
زەردەیی: د. زەردوویی.
زەردێنە: شتێکی زەردە لەناو سپێنەی هێلکەدا.
زەردی: زەردێتی شت.
زەردینە: بریتییە لە زێڕ و چەکی ژنان: (زەردینە) لە ماڵمدا نییە.
زەردیوی: زەردوویی.

زەڕ: زێڕ. وتەیەکە بەرامبەر بەگوێدرێژ دەوترێ بۆ ئەوەی کە بزەڕێ.
زەڕات: گەنمەشامی.
زەڕاندن: زەڕینی کەر.
زەڕ خڕی: د. زەڕ خڕید.
زەڕ خڕیدە: بەندەیەکە کە بەپارە کڕابێ.
زەڕکفت: شتێکی زەردی جوانە دەگیرێتەوە و دەدرێ لە ڕووی هێندێ شت بۆ جوانی.
زەڕکەش: جوانکردنی دیوی دەری شت بەزێڕ.
زەڕکەشی: ئاڵۆزکاری شت بەزێڕ.
زەڕگەر: زەڕەنگەر.
زەڕناس: سەنگی مەحەک (د). بریتییە لە مەردوومی دانای شارەزا لە شت.
زەڕنەقووتە: بەچکەی باڵندەی پەڕ دەرنەکردوو. پەنجەی باڵا بەرزە (د).
زەڕنیخ: د. زەڕنیق.
زەڕنیق: دەرمانێکی زەردی قورسە لە کان دەردەهێنرێ و بۆ گەلێ شت بەکاردێنرێ.
زەڕە: دەنگی زەڕینی کەر، (زەڕە زەڕە) زەڕەی یەک لە دوای یەک. تەحر و شێوە: فیسار کەس (زەڕە)ی تاڵە، واتە نێسکی قورسە.
زەڕهاتن: بریتییە لە یاخیبوونی یەکێک بەجۆرێ کە بەرزتر لە خۆی بدوێ و قسە بکا.
زەڕەتاڵ: نێسک قورس.
زەڕە شیرین: نێسک سووک.
زەڕەنگەر: کەسێکە کە زێڕکاری بکا.
زەڕین: تێ هەڵکردنی کەر بەزەڕە. بریتییە لە بایی بوونی یەکێک بەشتێک: فیسار کەس (زەڕیوە) واتە لە خۆبایی بووە.
زەرزانیق: ز. دارێکی درێژە ناوەڕاستەکەی لەسەر قۆقزاییەک دادەنرێ. دوو منداڵ سواری ئەم سەر و ئەو سەری دەبن هەر دەمەی یەکێکیان بەرزدەبنەوە.
زەرزەڤات: سەبزەوات.
زەرسک: جۆرە دارێکە توێکڵەکەی دەکرێ بەدەرمانی چاو.
زەرف: پاکەتێکە کە کاغەزی نووسراوی تێ دەخرێ. بریتییە لە هوشیاری و زرنگی لە کاروباردا: فیسار کەس بە (زەرف)ە یا بێ (زەرف)ە.
زەرقی: شتی جوانی ڕەنگاوڕەنگ.
زەرک: توێکڵی سەوزی گوێز. زەرگ. ناوە بۆ جۆرە ترییەک (با). زەردێنەی هێلکە (ز).
زەرکەتاف: ز. زەردی ئێواران.
زەرگ: شیشێکی درێژە وەک دووخی خەڕەک، سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری دەکرێ بەگۆیەکی داری ناو زرێزەی بەبزمار لێ دەدرێ.
زەرگاڵ: با. کاڵەیەکە لە موو دروست کرابێ.
زەرگۆز: ز. پەڵک.
زەرگەتە: زەردەزیرە. ناوی دێیەکە لە سەرچناری خواروو لە سلێمانی.
زەروو: کرمێکی ڕەشی ئاوی دەم تیژە دەگیرێتە جەستە بۆ هەڵمژینی خوێنی پیس.
زەروویی: ئاودەستخانە.
زەرووگر: کەسێکە بە پارە زەروو بنێ بەجەستەی مەردوومدا.
زەرەبی: ز. جۆرێکە لە داری بی.
زەرەک: ز. ملوانکەی کارەبا. نەخۆشی زەردوویی.
زەرەکەت: گیایەکە تۆوەکەی دەچێنرێ و گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
زەرەکەو: ز. زرەکەو.
زەرەنگ: گیایەکی بەهاری گەڵا پانە دووبەر دەگرێ یەکێکیان وەک گوێچکە و ئەویتریان وەک شەمامە وایە بۆ کوشتنی کرم دەکرێ بەبرینی ئاژاڵەوە.
زەریا: دەریا.
زەریقین: ز. هەڵاتنی ڕۆژ و تریسک و هووڕی.
زەریف: شتی باش.
زەریلە: ز. باڵندەیەکی پچکۆلەی زەردە.
زەریوەن: هـ. گیایەکی کوێستانییە بنجەکەی وشک دەکرێ و دەهاڕێ و دەکرێ بەبرینەوە بۆ گۆشتە و زوون زۆر باشە.
زەعفەران: گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی سووورباوە زۆر بەنرخ و بەکەڵکە.
زەعفەرانی: شتێکە کە ڕەنگی وەک زەعفەران وابێ.
زەغەڵ: مەردوومی چاوکراوەی زیت و وریا.
زەفت: د. زفت.
زەڤی: ز. زەوییەکە کە کشتوکاڵی تێدا بکرێ.
زەق: شتی قۆقز. چاوی بز.
زەقکردنەوە: چاو بزکردنەوە.
زەقنە: شتی زۆر تاڵی ناخۆش.
زەقنەبووت: زەقنەمووت.
زەقنەپووت: ز. زەقنەمووت.
زەقنە کردن: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە ڕووی سووکییەوە بۆ خواردنی شتێک لەلایەن یەکێکەوە.
زەقنەمووت: ڕەقنە.
زەقنەمووتکردن: زەقنە کردن.

زەقە: بزەی چاو (زەقەزەق) بزەبزی چاو.

زەقەڵ: زەغەڵ.

زەقە هاتن: بزەبزی چاو: چاوی (زەقەی دێ).

زەقین: د. پێکەنین بەدەنگی بەرز.

زەگر: ز. وردە بەردی لەت بوو.

زەل: گـیـایەکی لق درێژی سێ کووزە لە گـوێ ئاو دەڕوێ. جـۆرە قورە ڕەشێکە بەنی پێ ڕەش دەکرێ.

زەلاتە: جۆرە خواردەمەنییەکە دروست دەکرێ لە ترۆزی و تەماتە یا لە سرکە و هێندێ شتی چنراوی تر.

زەلاڵ: د. زۆلاڵ.

زەلام: وتەیەکـە بەکـاردێنرێ بۆ کـەسـێک کـە ناوی نەزانرێ یا بزانرێ و لەبەر بێ نموودی نەوترێ: (زەلـلام کـــێـــیـت)؟ بەکـەسـێک کـە نەیناسیت یا (زەلام)ێکم نارد حەلێک کە نەتەوێت ناوی ببەیت. شتی گەورە.

زەلامەڕێ: ڕێگایەکە کە هەر زەلام بتـوانێ پێیـدا بڕوا و سوار و ولاخ نەتوانێ پێیدا بڕوا.

زەلان: ڕەشەبا (هـ). ناوی دێیەکە لە ناوچەی سرۆچک.

زەلاندنەوە: حەواندنەوەی یەکـێک بەسـەر یەکـێکەوە بەهەوانتـە: مێوانەکەت بەسەر منەوە (زەلاندەوە).

زەلانەوە: ڕابوواردن و حەوانەوە بەتێروپڕی: فـیـسـار کەس بەسەر ئەم سـامـانەیەوە چاک (دەزەلێـتـەوە). حـەوانەوەی یەکـێک بەسەر یەکێکەوە بەهەوانتە.

زەلکاو: شـوێـنێکە کـە ئاوی بۆگـەنی تێدا وەسـتـابێ و ئـاو بەناو زەل و گـیای تێدا ڕوابێ.

زەلکۆ: د. زەلکاو.

زەلکە: شـۆربای برنجی بێ تام. ناوی دێیـەکـە لە هەورامــانی ئێران.

زەلوو: زەروو.

زەلە: ز. زللە.

زەلەویان: شلەژان.

زەلیقاندن: ز. نووساندنی شتێک بەشتێکەوە.

زەلینەوە: زەلانەوە.

زەما: هـ. زاوا.

زەماخوا: د. شیرینی زاوایی.

زەماوەن: د. زەماوەند.

زەماوەند: شایی.

زەمبەلەک: زەنبەلەک.

زەمبیلە: دەفرێکی پووشینی دەم پەلە شتی تێدا هەڵدەگیرێ.

زەموورەک: تەنووردی ئاش.

زەمـەق: جـۆرە گـوڵێکی زەرد و سـوور و سـپـیـیـە گـەلاکـەی وەک گەلای قامیش وایە بەڵام پانترە.

زەمیلە: زەمبیلە.

زەمین: زەوی.

زەنبوور: ل. زەردەواڵە.

زەنبەلەک: تەلێکی پانی تەنکی درێژی هەڵکراوە لەناو سەعاتدا بەخـاوبوونەوەی سـەعـاتەکە دەنوێ و بەکـۆککردنی دەکـەوێتـە کار.

زەنبیل: د. زەمبیلە. ناوی دێیەکە لە موکریان.

زەنبیلە: زەمیلە.

زەنجەفێل: د. زەنجەفیل.

زەنجەفیل: ڕەگی گیایەکی گەرمیانییە زۆر توونە.

زەنجیر: زنجیر. ئەڵقەڕێز (ل).

زەندە زیرە: زەردە زیرە.

زەندەق: ورە. (زەندەق)ی چوو، واتە ورەی بەردا.

زەندەقچوون: تۆقین لە ترسانا.

زەندەک: ز. قۆڵ پێچێکە لە کاتی کاردا دەکرێتە قۆڵ.

زەنگ: شـتـێکی بۆشی دەم واڵە لە ئاسن یا لە زەرد یا لە مس دروست دەکـرێ پارچە ئاسنێکی تێـدایە بەکـەوتنی لە کـەنارەکـانی دەزرێتــەوە. ڕۆنی زرنگ. ئاو زەنگی (با). ژەنگ (ز). درز.

زەنگاڵ: ترێی هێشو و داڵ (ز). زەندەک (د).

زەنگبردن: درز بردنی شت، زەنگ زەنگ: شتێکە درزی زۆری تێ بووبێ.

زەنگزران: بڕیتییە لە ئابڕووچوون.

زەنگڵە: زەنگوڵە.

زەنگن: د. زەنگەن.

زەنگۆ: ز. ئاوزەنگی.

زەنگ و قـوڕ: زەنگێکی گـەورە و چەند زەنگێکی پچکۆلانەیە دەکرێتە ملی پێشەنگ و دەشکرێ بەداری چەرخ و فەلەکدا بۆ ئەوەی کە دەنگی بێ.

زەنگوڵ: تەپڵــە ســەری شــاخ. زەنگوولە (ل). دڵۆپی ئارەق و فرمێسک.

زەنگۆڵ: ئەژنۆ.

زەنگۆڵە: د. زەنگوولە.

زەنگۆڵە و پنچک: گیایەکی بنجدارە وەک گەسک تۆوێک دەگرێ وەک زەنگوولە.

زەنگووڵ: زەنگۆڵ.

زەنگوولە: زەنگی پچووک.

زەنگوون: ز. زەنگین.

زەنگەتە: زەردەواڵە.

زەنگە سوورە: زەردەواڵە.

زەنگەقلیشە: داری وشکی بەتەور لەتکراو.
زەنگەن: جۆرە پاچێکی گەورەی لووت درێژی کەوانەدارە.
زەنگیانە: جۆرە مووروویەکی زۆر وردە و گەلێ ڕەنگی هەیە.
زەندە: مەردرمی بەزەبر و زەنگ.
زەنە: چاو سپییەکی پچکۆلەیە لەسەر پیتێکی عەرەبی دادەنرێ کە سەر و بۆر و ژێری نەبێ.
زەنەق: د. زەندەق.
زەنەقدار: نەترس.
زەو: زاوزێ.
زەوتکردن: داگیرکردنی شتی مەردووم بە ناڕەوا. دەرەقەت هاتن: هەر چەند دەکەم (زەوت)ی ناکەم.
زەوتی: شتی داگیرکراو.
زەود: ز. بێگار.
زەوزان: هاوینەهەوار.
زەۆک: ئافرەتێکە کە زۆر منداڵی ببێ.
زەوونج: د. زۆنگ.
زەوونگ: د. زوونج.
زەوە: برینێکی پیسە لە خواردنی گۆشتی ئاژاڵی دەرد مردەوە پەیدا دەبێ و، جێگاکەی دوای چابوونەوە چاڵ دەبێ. عارەبە (د).
زەوەن: گورگەی گوێسووانە (هـ). زەبەنگ.
زەوی زار: د. زەویوزار.
زەوی: ئەم ئەستێرە گەورە گەڕۆکەیە کە ئێمە لەسەری دەژین. پارچەیەکە لە دەشتێک، ئەم (زەوی)یە بەراوە.
زەوی بەچنگ هەڵکەندن: بریتییە لە ئێش و ئازاری زۆر.
زەوی پێو: مووچەخۆرێکی میرییە کە هەر زەوی بپێوی (مساح).
زەویوزار: کێڵگە.
زەوین: د. کێڵگە.
زەوین: د. زەمین.
زەوینگیر: د. بریتییە لە مەردوومی کەفتەکاری گردەنشین.
زەها: د. زێی گیانداری مێینە.
زەهاو: شوێنی ئاوەزێ (د). ناوە بۆ ناوچەیەک لە کوردستان.
زەهر: شتێکە کە خواردن و خواردنەوەی کوشندە بێ.
زەهراوی: شتێکە کە زەهری پێوە بێ.
زەهرەخەنە: د. زارخەنە.
زەهردار: شتێکە کە زەهری ببێ.
زەهرکردن: زەقنەکردن.
زەهرەترەک: زارەترەک، (زەهرەترەکبوون) زارە ترەکبوون، (زەهرە ترەک کردن). زارە ترەک کردن.
زەهرەمار: ژاری مار. وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە بەخواردەمەنی یەکێک دەوترێ: دە (زەهرەمار)ە کەت بخۆ.
زەهرەمار کردن: زەهرکردن.
زەهری هەلا هەل: زەهری هەلا هەلا.
زەهری هەلا هەلا: جۆرە زەهرێکی کوشندەیە لە گیا دروست دەکرێ.
زەهلک: ل. زراو.
زەی: ل. زەوی.
زەیتوون: جۆرە درەختێکە بەرێکی چەور دەگرێ، بەخۆشکراوی دەخورێ.
زەیسان: زەیستان.
زەیستان: ئافرەتێکە کە تازە زابێ.
زەین: هێزی بیر و تێگەیشتن: فیسار کەس زۆر بە(زەین)ە.
زەین ڕوون: کەسێکە لە شت زوو بگا.
زەین کوێر: کەوددنی نازیرەک.
زێ: ناوی پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. ژێ. جۆگە ئاوی زۆر گەورە. ناومالّی مێینە. ڕێگە. ڕەوشت. ئەندازە.
زیاد: شتێکە لە ئەندازەی خۆی بەدەربێ (زیادبوون) زۆربوون، (زیادکردن) زۆرکردن.
زیادە: شتێکە لە ئەندازە بەدەر بێ و پێویست نەبیت پێی. سیانزە.
زیادی: زیادە و لە ئەندازە بەدەری شت.
زیارەت: د. بریتییە لە گۆڕ.
زیارەتان: د. بریتییە لە گۆڕستان.
زیارەتگا: شوێنی زیارەت.
زیان: لەکیسچوونی ماڵ: خوا بکەم (زیان)ت لێ نەکەوێ. گەزەند و ئازار: (زیان)ت بۆ کەس نەبێ.
زیاندار: شتی بەزیان.
زیانداری: بوونی مەردووم بەجۆرێک کە زیانی لێ بوودشێتەوە.
زیانکار: گیاندار بەزیان.
زیانکردن: زیان گەیاندن.
زیانگەیاندن: لە کیسدانی شتی مەردووم. ئێش و ئازار گەیاندن بەمەردووم.
زیانە خورێ: گیاندارێکە کە گیاندارێکی تر بخوا بەزیان یا شت بخوا بە زیان.
زیانی: زیانکردن.
زیپکە: وردە برینێکی سەر تیژە لە ئەندام دەردێ.
زیتکە: زیپکە. جۆرە ماسییەکی پچووکە بەقەد پەنجەیەک و هەرگیز لەوە گەورەتر نابێ.
زێچ: ژەک. زیت (د).
زیچکاو: زرینچکاو.
زێد: نیشتمان. گۆڕ. شوێنێکە کە مەردووم تێیدا بحەسێتەوە.

زێدەوان: پاسەوانی گۆڕ. پاسەوان (د).
زێر: ز. زبر.
زێراب: گۆڕیچەیەکە لەناو ماڵدا ئاوی پیسی لێ دەربچێ.
زێراو: د. زێراب.
زێڕ: تەڵا.
زێڕباف: زێڕبافت.
زێڕبافت: تەنراوی گوڵ سورمە.
زێڕکار: زەڕەنگەر.
زێڕکفت: زەڕکفت.
زێڕگەر: زەڕگەر.
زێڕین: شتێکە لە زێڕ دروست کرابێ.
زیرگ: د. چلک.
زیرگن: د. چلکن.
زێروو: زەردوو.
زێسان: د. زەیستان. ژێرزەمین.
زیڤار: ز. هەژار.
زێڵ: هـ. دڵ.
زێلکە: جۆرە ترێیەکی ناسکی مزری سپی بزمارکوتە ساڵی دووجار بەر دەگرێ.
زێلوو: زەروو.
زینات: ز. زۆر و ستەم.
زیناتکار: ز. زۆرداری ستەمکار.
زینان: زیندان. گویکە کردن (د).
زینچکاو: زرینچکاو.
زیندان: بەندیخانەی قوولی تاریکی ناخۆش لە زەویدا.
زیندانەوان: یاساوولی زیندان.
زیندانی: کەسێکە کە لە زینداندا بێ.
زیندگ: زیندوو.
زیندوو: گیانلەبەر.
زیندووبوونەوە: بریتییە لە بەخۆداهاتنەوەی گیاندار و سەوزایی.
زیندووکردنەوە: بریتییە لە تازەکردنەوەی شتێک کە کۆن بوو بێ.
زیندوویی: زیندووێتی.
زیندووێتی: بوونی شت بەزیندوو.
زیندەبەچاڵ: گیاندارێکە کە بەزیندوویی نێژرابێ، (زیندەبەچاڵ کردن) مەردووم ناشتن بەزیندوویی.
زیندە بەگۆڕ: زیندەبەچاڵ.
زیندەچاڵ: د. زیندەبەچاڵ.
زیندەگانی: ژیان.
زیندەگی: زیندەگانی.
زیندەماڵ: ناژاڵی ناو ماڵ.
زیندەوار: زیندەوەر.
زیندەوەر: زیندووی گیانلەبەر.
زیندەوان: سەرۆکی بەندیخانە (مدیری سجن).
زیندی: زیندوو.
زینگان: زیندان.
زینگانی: زیندانی.
زینگانەوان: زیندانەوان.
زینگوو: زیندوو.
زینگووبوونەوە: زیندووبوونەوە.
زینگووکردنەوە: زیندووکردنەوە.
زینگە بەچاڵ: زیندەبەچاڵ (زینگە بەچاڵ کـردن) زیندەبەچاڵ کردن.
زینگەچاڵ: زیندەچاڵ.
زینگەوبوون: د. زیندووبوونەوە.
زینگی: د. زیندەگی.
زینزان: د. زیندان.
زیننە: د. زیندوو.
زێو: زیو.
زێوار: شتێکە کە گیرابێ بە قەراغی شتێکی تردا.
زێوارگرتن: گرتنی زێوار بەقەراغی شتدا.
زێوارە: زێوار.
زێوان: زێدەوان.
زی: زریشک. تەحرە کشتەکێکە کەوشدروو کەوشی پێ دەدروێ. بەرۆک. حـەواس: بەهەر پێنج (زی) خـەریکە، واتە بەهەر پێنج حەواس. جۆرە درکێکی قـایمی هەمیشـە سەوزە دەکرێ بەپەرژین.
زیپ: ڕۆژانی ڕەشی شووم لە ساڵدا (ز). زۆر هێنان و تەنگەتاو کردن (-) زیپە.
زیپک:. تەرزە (ز). زیپکە.
زیپلک: ژیلەمۆ.
زیپە: با. برجی پیرێژن.
زیت: گیانداری وریا.
زیتبوونەوە: وریابوونەوەی گیاندار.
زیتک: لەقەی ولاخ.
زیتە: دارێکی باریکە لە فاقەدا سەرێکی بەکشتەکێک بەستراوە بەژێیەکەوە سەرەکەی تری کە دوو فـاقـە ئەو دەنکە گەنمەی پێدا دەکرێ کە بەدەزوویەکەوە بەستراوە بەژێکەوە.
زیتەڵ: زیت.
زیتەڵە: زیت.
زیتەوبوون: د. زیتبوونەوە.
زیخ: بەردی زۆر ورد. زیرەک (با).

زیخەڵان: شوێنێکە کە زیخی زۆر بێ.
زیخەڵانی: زیخەڵان.
زیراڤ: نارد. شتی دوور.
زیڕاندن: قیژاندنی زۆر بەتوندوتیژی.
زیڕە: دەنگی تیژی گەورەی گیاندار، (زیڕەزیڕە) زیڕەی یەک لە دوای یەک، (زیڕ و هوورِ) زیڕەزیڕی زۆر.
زیڕەکردن: بریتییە لە ترساندنی یەکێک بەجۆرێک کە بزیڕێنێ.
زیڕە لێ هەستاندن: پەیدابوونی زیڕە بە هۆی لێدان یا شت پێوەدانەوە.
زیرە: دەرمانێکی دەنک وردی سەوز کاری بۆنخۆشە دەکرێتە ناو هێندێ چێشتەوە.
زیرەڤان: با. پاسەوان.
زیرەک: مەردوومی وشیاری زرنگی تێگەیشتوو.
زیرەکی: وشیاری و زرنگی.
زیرەوان: جاسووس.
زیز: گیانداری زویر. دڵی نەرم (ز).
زیزانە: گیایەکە لەناو دەغڵدا دەڕوێ بەرێکی ڕەشی تاڵی هەیە وەک زەنگیانە.
زیزیک: ز. جۆرە مێشێکی سەوزە بەقەد هەنگێک دەبێ دەنووسێ بەلقی مێو و دەمرێ.
زیڤ: ز. زیو.
زیڤار: هەژار.
زیڤاری: هەژاری.
زیڤزیڤ: هەزار پێ.
زیقاندن: زیقەکردن.
زیقانن: د. زیقاندن.
زیقاوڵە: مەلێکی سووری باوە لە کۆتر پچووکترە کە دەنیشێتەوە دەزیقێنێ. گیاندارێکی بۆری چوار پێیە لە دەڵەک گەورەترە پێستی بەنرخە.
زیقن: گیاندارێکە کە دەنگی زیقەی لێوە بێ.
زیقە: دەنگێکە لە زیلە گەورەتر و ناخۆشترە (زیقەزیق) زیقەی یەک لە دوای یەک (زیق و هوورِ) زیقە زیقی زۆر.
زیک: ز. کشتەکی مێوکراو.
زیکاندن: زیکەکردن.
زیکانن: زیکاندن.
زیکن: گیاندارێکە کە دەنگی زیکەی لێوە بێ.
زیکە: دەنگی تیژی ناسکی باریک (زیکەزیک) زیکەی یەک لە دوای یەک.
زیل: دەنگێکە کە زیلەی لێوە بێ. سەری گیا کە لە زەوی دەردێ. شتێکە کە دەستی پێدانرا دەنگێکی لێوە دێ بۆ بانگکردنی بەردەست. پارچەیەکە لە مۆسیقا.
زیڵ: د. دەنگی زیل.
زیلک: ز. قیتکە.
زیلۆ: ز. زەروو.
زیلە: دەنگێکە لە زیکە گەورەترە.
زیلەزیل: زیلەی یەک لە دوای یەک. زللە (د).
زیڵە: د. زیلە.
زیڵەمۆ: ژیڵەمۆ.
زین: شتێکە لە چەرم و تەختە دروست دەکرێ و لەسەر پشتی وڵاخی بەرزە توند دەکرێ و سوار لەسەری دادەنیشێ.
زینپۆش: پەردەیەکی جوانە دەدرێ بەسەر زیندا.
زیندروو: کەسێکە کە زین دروست بکا.
زیندوور: د. زین دروو.
زینکردن: زین بەستن لە وڵاخ.
زینکۆ: د. قەڵپووسی زین.
زینگ: زیندوو.
زینگیر: د. سنگێکە لە تەویلەدا زینی پێدا هەڵدەواسرێ.
زینو: باسکی شاخ و یاڵ.
زینەماڵ: د. زیندەماڵ.
زینی: تەپۆڵکە (ز). تیغی تیژ.
زیو: شتێکی ڕەقی سپی گران مایەیە لە کان دەردەهێنرێ دراو و چەکی ژنان و گەلێ شتی تری لێ دروست دەکرێ.
زیوا: گوڵە زەنبەق.
زیواڵ: ڕیشووی کاڵا و شتی دڕاو.
زیوان: زیزانە.
زیوانن: د. جووڵاندن.
زیوزیوە: ویزویزە.
زیوور: زیڤزیڤ.
زیوە: د. جووڵە.
زیویان: د. جووڵان.
زیوین: شتێکە لە زیو دروست کرابێ.
زیبیە: درکەزی.

ژ

ژ: با. له: (ژ) بەختیمە، واتە لە بەختی ئێمە.
ژار: زەهر. لەڕ و لاواز (ز).
ژاراو: تالاو.
ژاراوی: شتێکە کە ژاری پێوەبێ.
ژاردار: ژاراوی.
ژارقەندە: ژارقەنگە.
ژارقەنگە: ژارێکە لە کلکی سەبیل و قەنگەدا کۆدەبێتەوە.
ژارماسی: جۆرە زەهرێکە ماسی پێ دەکوژرێ لە ئاودا.
ژاروژەنگ: ئاژاوە و ناکۆکی.
ژاژ: قامیش. قەرەم. گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە تێکەڵی پەنیر و سوێرەکە دەکرێ.
ژاژک: بنێشت.
ژاژکە: د. جاچکە.
ژاژەلان: قامیشەلان.
ژاژی: شیرێژێکە کە لە پێستەدا هەڵگیرابێ بۆ زستان.
ژاژبیرۆن: ز. خواردەمەنییە کە لە ژاژی و ڕۆن و ئاردی دروست دەکرێ.
ژاکان: چرچبوون و تێکچوونی شت: ئەم کەوایە یا ئەم کاغەزە یا ئەم گوڵە یا ئەم منداڵە (ژاکاوە).
ژاکاندن: چرچکردن و دەق شکاندنی شت.
ژاکانن: ژاکاندن.
ژاکاو: شتی چرچبووی دەقشکاو.
ژاکیاگ: ژاکاو.
ژاکیان: د. ژاکان.
ژاکیاو: ژاکاو.
ژاڵ: ژار.
ژاڵە: درەختێکی هەمیشە سەوزی تاڵە، گەڵای وەک گەڵای بی وایە گوڵی زەرد یا سوور یا سپی دەگرێ. ناوی دوو دێیە لە ناوچەی سەنگاو و تانجەرۆ.
ژان: ئازار و ئێشێکە هێندێ جار تووشی گیاندار دەبێ.
ژان بژاردنەوە: ژانێکی دەم دەمییە لە پێش منداڵ بووندا بەچەند دەمێک تووشی ئافرەت دەبێ.
ژان پێدا هاتن: ژانێکە بەگیانداری ئاوسدا دێ لە پێش زانیدا.
ژاندار: گیاندارێکە تووشی ژان بووبێ.
ژاندن: ژەندن.
ژانکردن: هاتنە ژانی سکی گیاندار.
ژانگرتن: جۆرە ژانێکی سەختە لە کاتی زاندا تووشی گیانداری ئاوس دەبێ.
ژانوژوور: بەرەژانی پێش منداڵبوون.
ژانە زراف: ز. سیل.
ژانەسک: سک ئێشە.
ژانەسەر: سەر ئێشە.
ژاوە: دەنگە دەنگی زۆری تێکەڵ، (ژاوەژاو) ژاوەی یەک لەسەر یەک.
ژاوین: جووینی شت بە دان.
ژبل: وتەیەکە لەباتی وتەی بێجگە بەکاردێنرێ.
ژبۆ: ز. لەبەر.
ژبەر: ز. لەباتی.
ژبەر ئاخەفتن: با. بزرکاندن و وڕێنەکردن.
ژبەرکردن: ز. لەبەرکردن.
ژبەش: ز. کاڵەک.
ژ بیرکردن: ز. لەبیرچوون.
ژ ژۆ: ز. ژیژک.
ژڤژی: ژیشک.
ژلووق: شلووق.
ژلووقاندن: د. شێواندنی شوێنێک و پشێوی تێخستنی.
ژلووقانن: د. ژلووقاندن.
ژلووقاو: د. شلەژاو. شلەقاو.

ژلووقیاگ: د. ژلووقاو.
ژلووقیان: د. شلەقان. شلەژان.
ژلیقانن: د. ژلووقانن.
ژلیقیاگ: د. ژلووقیاگ.
ژلیقیان: د. ژلووقیان.
ژلێوان: ژلێویان.
ژلێوانن: د. شێواندن.
ژلێوە: د. پشێوی.
ژلێویان: د. شێوان.
ژمار: ژماردن: لە (ژمار) نایەت.
ژمارتن: ژماردن.
ژماردن: بەسەرکردنی شتی زۆر دانەدانە بەوتنی (یەک، دوو، سێ، چوار) تا تەواو دەبێ.
ژماردە: شتی ژمێردراو.
ژمارە: ژماردن.
ژمارەگر: ژماریار.
ژمارەگری: بەسەرکردنی ژمارەی شت (محاسبة).
ژماریار: کەسێکە پیشەی هەر ژمارە بێ (محاسب).
ژمێرە: ژمارە.
ژن: مێینەی ئادەمیزادێکە کە شووی کردبێ.
ژنانە: شتێکە کە بەتایبەتی هینی ژن بێ. گوفتار یا کردارێکە کە هەر لە ژن بوەشێتەوە.
ژنانی: پیاوێکە کە خووی لە خووی ژن بچێ.
ژناوژن: د. ژن بە ژن.
ژنباز: مێباز.
ژنباڤ: باوەژن.
ژنبرا: برای ژن. ژنی برا.
ژن بەژن: ژندان بەیەکێک بەرامبەر بە ژن لێ خواستنی.
ژن خوشک: خوشکی ژن.
ژن خوێشک: ژن خوشک.
ژنک: ژن.
ژنۆ: ئەژنۆ.
ژنواژن: د. ژن بە ژن.
ژن و ژنخوازی: ژنهێنانی دوو تیرە لە یەکتری.
ژن هاوردن: ژنهێنان.
ژنەبێ: ز. بێوەژن.
ژنەفتن: بیستن بەگوێ.
ژنەوا: د. کەسێکە کە گوێی سووک بێ و باش شت ببیستێ.
ژنەوایی: د. بیستن بەگوێ.
ژنەوتن: د. ژنەفتن.
ژنەوین: د. ژنەفتن.
ژنهێنان: مارەکردنی ژن و گواستنەوەی بۆ خێزانی.
ژنیای: هـ. ژنهێنان.
ژنێتی: بوونی ئافرەت بەژیری دەرهاتوو.
ژۆ: با. وتەیەکە لە جێی وتەی (لەبەر).
ژۆر: ز. لای ژووروو.
ژۆرین: لای ژوورووی شت.
ژومارە: ژمارە.
ژووان: بەڵێن. جێگایەکە کە ڕاوێژ و پەیمانێکی تێدا گیرابێ.
ژوور: هۆدە. ژووروو. بەرسیلە (ز).
ژووران: کاتی چوونە ژوورەوە لە سەرما
ژوورگ: ژووروو.
ژووگین: ژوورگ.
ژوورنگ: ژووروو.
ژووروو: لای بەرەو ژوور.
ژووری: ژوورەوەی شت: بچۆرە (ژووری).
ژووژانن: د. حەساندنەوە.
ژووژک: ژیشک.
ژووژوو: ژیشک.
ژووژیان: د. حەسانەوە.
ژووژیانەوە: د. حەسانەوە.
ژووژی: ژیشک.
ژووشک: ژیشک.
ژووڤان: پەشیمان.
ژووڵان: جووڵان.
ژووڵە: د، جووڵە.
ژووڵیاگ: د. شتی ژاکاوی تێکەڵ و پێکەڵ.
ژووڵیان: د. تێکچوون و دەق شکانی شت.
ژووم: کات.
ژە: ز. ژێ.
ژەبەژ: ز. شووتی.
ژەحر: ز. زەهر.
ژەرەژ: هـ. کەو.
ژەقنە: زەقنە.
ژەقنەبووت: زەقنەمووت.
ژەقنەمووت: زەقنەمووت.
ژەقنە مووتکردن: زەقنە مووتکردن.
ژەک: شیرێکی خەستە لە گوانی گیاندار پەیدا دەبێ لەپاش زانی تا دوو سێ ژەم.
ژەم: نۆرەیەک تێرخواردن یا تێرخواردنەوە. نۆرە: ئێمرۆ دوو (ژەم) هاتمە لات.

ژەمبوردوو: ژەمبوردە.

ژەمـبـوردە: کـەسـێکە لەپاش نەخـۆشی و نەخـواردنێکی زۆر ئارەزووی خواردنی کرابێتەوە.

ژەمک: ئەندازەیەکە لە ماست کە دانرابێ بۆ ژەندن.

ژەمەن: کەرەی بەرە مەشکەیەک.

ژەمەنبردە: ژەمەن بوردە.

ژەمەنبگردگ: د. ژەمەن بوردە.

ژەمەنبوردوو: ژەمەن بوردە.

ژەمەنبوردە: ژەمبوردە.

ژەمەنە: ژەمەن.

ژەن: وتەیەکە لە دوای هێندێ وتەوە دێ دەیکا بە(فاعل): زورنا (ژەن) بۆریە (ژەن).

ژەندن: هێنان و بردنی ماست لەناو مەشکەدا بۆ گرتنی کەرەکەی. داخستنی دەرگا و پەنجەرە: دەرگاکە (بژەنە) واتە دایخە. لێدانی زورنا و شمشاڵ. کردنی شتێک بە شتێکدا: نانەکە (بژەنە) بەئاوەکەدا. کردنەوەی لۆکە (ز). ئاگرکردنەوە بە بەرد و بەئەستێ. بریتییە لە هەڵپەڕین.

ژەنگ: جۆرە چڵکێکی سوورکارە دەکەوێتە سەر ئاسن و زەرد و مس و گەلێ شتی تر.

ژەنگار: ڕەنگی سەوزی تێر. مووڕووە شین.

ژەنگاری: جۆرێکە لە هەنجیر (با). ژەنگاڵی.

ژەنگاسن: د. گووراسن.

ژەنگاڵ: د. چەرمێکە دەپێچرێتە پێ.

ژەنگاڵی: د. ڕەنگی ئاسمانی.

ژەنگاوی: شتێکە کە ژەنگی پێوە بێ.

ژەنگ لێدان: ژەنگ کەوتنە سەرشت.

ژەنگن: شتی ژەنگاوی.

ژەنگ هاووردگ: د. ژەنگاوی.

ژەنگە سوور: زەردەواڵە.

ژەنگ هەڵهێنان: ژەنگ لێدان.

ژەنگ هێنان: ژەنگ هەڵهێنان.

ژەنن: ژەندن.

ژەنوو: ئەژنۆ.

ژەنیای: هـ. ژەندن.

ژەنی: هـ. ژن.

ژەنین: داخستنی دەرگا و پەنجەرە. هەڵپەڕین. ژەندن.

ژەهردار: زەهردار.

ژێ: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. ڕیخۆڵەی بادراوە کە دەکرێ بەکەوانی هەلاجەوە. ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.

ژیان: مانی گیاندار و گوزەرانی لە جیهاندا.

ژیاندار: گیاندار.

ژیاندن: گوزەران دانی گیاندار.

ژیانن: ژیاندن.

ژیانەوە: تازەبوونەوەی هێندێ شت پاش کزی و زەبوونی.

ژێر: بنی شت. نیشانەیەکی پچکۆلەی ڕاستە لەبن هێندێ پیتی عەرەبیدا دادەنرێ.

ژێر ئاگرە: بن ئاگرە.

ژێر ئاوی: ژێر دەریایی.

ژێر باڵخستن: بریتییە لە دەست بەسەر یەکێکدا گرتن و پەنادانی.

ژێر بەرەو ژوور: چاوێکە لەبەر بێ هۆشبوون ڕەشێنەکەی چووبێتە بەرەو ژوور.

ژێر پیاڵە: دەفرێکی پەلە پیاڵەی لەسەر دادەنرێ.

ژێر جلەکی: د. بریتییە لە شتی پەنهانی.

ژێر چەپۆکە: بریتییە لە کەسێک کە لەژێر دەستی زۆردارێکدابێ.

ژێر چەناکە: ژێرچەنە.

ژێرچەنە: مـوورووە یا پەتێکە ژنان دەیگرن بەژێر چەنەیاندا بۆ ئەوەی کڵاوەکەیان دانەماڵێ.

ژێرخان: نهۆمێ هەرە خوار لە خانوو.

ژێرخستن: بریتییە لە قەرزارکردنی یەکێک. بریتییە لە زەبوونکردنی یەکێک لە کارێکدا.

ژێرخوان: خوانکە.

ژێردار: پیتێکە کە ژێری بێ. هێندێ دەفری بنکدار.

ژێر دەرگا: دارێکە لەژێر دەرگادا گرێژەنەی لێ هەڵ دەکەنرێ.

ژێر دەرگانە: ژێر دەرگا.

ژێر دەریایی: جۆرە پاپۆڕێکی جەنگییە بەژێر دەریادا دەڕوا (غواصة).

ژێردەست: کەسێکە کە خواردەست و فەرمانبەرت بێ.

ژێردەستە: ژێردەست.

ژێردەستی: بوونی مەردووم بەژێردەست.

ژێردەسە: د. ژێردەست.

ژێر ڕاخەر: پارچە شتێکە کە ڕاخرابێ بۆ لەسەر دانیشتن.

ژێر زریە: ژێر دەریایی.

ژێر زووان: د. بریتییە لە بەرتیل: فیسار کەس (ژێر زووانی ناگە) واتە بەرتیلی داوەتێ.

ژێرزەمین: ژوورێکە لە زەویدا دروست کرابێ.

ژێرزەوین: د. ژێرزەمین.

ژێرزین: لبـاد یا پەتۆیەکە لەژێر زین و لەسەر پشتی وڵاخ دادەنرێ.

ژێر سەماوەر: خشت یا تەنەکەیەکی تایبەتییە لەژێر سەماوەردا دادەنرێ.
ژێر قلیان: د. بەر قلیان.
ژێر قلیانی: د. خۆراکێکە کە بەیانیان لە ناشتا دەخورێ.
ژێر کراس: کراسێکی کورتی بێ قۆڵە منداڵ و ژنان لەژێر کراسەوە لەبەری دەکەن.
ژێرکە: ژیشک.
ژێرکۆڵ: د. شێرکۆڵ. بەچکەی شێر.
ژێرکەفتن: ژێرکەوتن.
ژێرکەوتن: بریتییە لە زەبوونبوونی یەکێک لە کارێکدا. بریتییە لە قەرزار بوون.
ژێر کێرە: بریتییە لە ژێردەستێکی سووک.
ژێرگ: ژێروو.
ژێرگین: د. ژێرگ.
ژێر لچەکی: د. چپەکردن.
ژێرماڵە: ماڵێکە کە بەکرێ لە دەستەی خانوویەکتدا بێ کە خۆتی تێدا بیت.
ژێرەوژووربوون: وێرانبوونی شوێنێک بەجۆرێک کە سەرەونگوون بووبێ.
ژێردخەر: ژێر ڕاخەر.
ژێرین: ژێرگین.
ژێڵ: د. گولۆوکی بەرسیلەی کە دەوەرێ لە کاتی ڕشانەوەیدا.
ژێهاتن: ز. قاڵبوونی گیاندار.
ژێهاتن: ز. گیانداری دەرهاتوو.
ژی: ز. ژیان.
ژیبوون: ز. جوێبوونەوە.
ژیدەرکەفتن: با. ڕابووردنی کارێک: ژی دەرکەفت: واتە ڕابوورد.

ژیر: مەردوومی تێگەیشتووی بەبیر.
ژیربوون: بێ دەنگبوونی منداڵی ساوا و نەگریانی.
ژیربوونەوە: دەست هەڵگرتنی منداڵ لە گریان و بێ دەنگبوونی.
ژیرکردن: خلافاندنی منداڵ و مەیدان نەدان بەگریانی.
ژیرکردنەوە: بێدەنگ کردنی منداڵ لە گریان.
ژیرکەلە: منداڵی ژیری جوانکیلە.
ژیرکەڵە: ژیرکەلە.
ژیرەوبوون: د. ژیربوونەوە.
ژیرەوکردن: د. ژیرکردنەوە.
ژیری: تێگەیشتن و وریایی.
ژیژو: ژیشک.
ژیژی: ژیشک.
ژیشک: گیاندارێکی خرپنەی ئەندام دڕکاویەیە گۆشتی دەخورێ.
ژیڤان: با. پەشیمان.
ژیڤانی: با. پەشیمانی.
ژیکەلە: ژیرکەلە.
ژیل: ئاگرێکە کە بووبێ بەخۆڵەمێش و تین و وردە پشکۆی مابێ.
ژیڵ: ژیل.
ژیلاووک: شیلاووگ.
ژیللک: ژیلاوک.
ژیلەمۆ: ژیڵ.
ژیڵەمۆ: ژیلەمۆ.
ژین: ژیان.
ژیوار: د. گوزەران و ژیان.
ژیوان: پەشیمان.
ژیوانی: پەشیمانی.

س

سا: پیتێکە دەچێتە سەر وەرامی شەرتێکی فڕێدراو لەبەر ئاشکرایی: (سا) منیش نایەمە لات لە وەرامی یەکێکدا کە پێت بلێ ئیتر هاتوچۆت ناکەم، واتە ئەگەر نەیەیتە لام منیش نایەمە لات. سایەقە (ھ). سێبەر: لە (سا)ی تۆدا حەسامەوە (د). وەخت و کات: ئەو (سا) (ئێستا) لەو (سا)وە.

سابات: کەپرێکە کە بۆ سێبەر دروست کرابێ.

ساباق: شوێنی گەورەی وڕاقی بەر بەرەڵا.

سابرێن: بزنە نێرێکە کە پێی نابێتە ساڵی سێیەم و هێڵرابێتەوە بۆ تۆو.

سابوون: شتێکە لە چەوری و قڵیە دروست دەکرێ شتی چڵکنی پێ دەشۆرێ.

سابووناو: کەفاوێکە لە وردە سابوون و ئاوی گەرم دەگیرێتەوە بۆ کاڵا پێ شووشتن.

سابوونچی: کەسێکە کە سابوون دروست بکا.

سابوونی: جۆرە کۆترێکە.

سابین: سابوون.

ساپ: ز. کۆمەڵەی گەنم و دانەوێڵە.

ساپیتک: با. ڕووی سەریان لە دیوی ژوورەوە.

ساپیتە: ساپیتک. چڵەپۆپە. بنمیچ.

سات: دەمێکی کەم.

ساتان: دەرپێ.

ساتاندن: ز. برنج کوتان.

ساتمەکردن: هەڵەنگووتن لە ڕۆیندا. هەڵەکردن لە گفتوگۆدا.

ساتۆر: ز. کێردی گەورە.

ساتۆرە: ساتۆر.

ساج: ئاسنێکی گردی لووسی قۆقزی تەنکە دەخرێتە سەر ئاگر و نانی پێ دەبرژێنرێ. جۆرە دارێکی سەختی جوانی بەنرخە لە دارتاشیدا بەکاردێنرێ.

ساجاخ: ساچاخ.

ساجلەخ: چەند پلپەیەکی زێڕین یا زیوینە دەکرێ بەسەر پرچدا.

ساچاخ: جۆرە ڕیشوویەکی بادراوی جوانە دەهێڵرێتەوە لە چوار کەناری سووزەنی و گۆشەی تاق و زین. بافتەی کەناری سەڵتە و کەوا.

ساچمە: وردە پارچەی قورقوشمە لەناو قەپاغی فیشەکدا، بەتفەنگ باڵندە و هێندێ نێچیری تری پێ دەکوژرێ.

ساچ و پەرچەم: زاج و پەرچەم.

ساخ: ساغ.

ساخت: د. کاری دەست: ئەم خانووە (ساخت)ی فیسار وەستایە.

ساختمان: کۆشکی گەورە.

ساخت و باخت: د. خلێنە و بلێنە.

ساختە: فڕوفێڵ و تەڵەکە.

ساختەچێتی: کردنی کاری ساختە و فێڵ.

ساختەچی: مەردوومی فێڵبازی درۆزن.

ساختەکار: ساختەچی.

ساختەکاری: ساختەچێتی.

ساخکردنەوە: ساغکردنەوە.

سادانی: جۆرە ترێیەکی سپی دەنک خڕی ناسکی هێشتوو شاشە.

سادە: شتی یەک ڕەنگ. بریتییە لە مەردوومی ساویلکە. کوڕێکە کە هێشتا مووی لێ نەهاتبێ.

سادەکار: سادە لۆح.

سادەکاری: سادەلۆحی.

سادەلۆح: مەردوومی بێ هۆش و بیر.

سادەلۆحی: سادەیی و بێ هۆش و بیری مەردووم.

سار: سارد (ز). وتەیەکە بە دوای هێندێ وتەی تردوە کە نووسا زۆری مەعنای وتەکەی پێشوو دەگەیەنێ: کۆ (سار)، سەنگ (سار)، واتە شوێنێک کە کێو و سەنگی زۆربێ.

سارا: دەشت.

ساراکردنەوە: کردنی شوێنێک بەدەشت و تەختکردنی.
سارانشین: دەشت نشین.
سارد: شتێکە جگە لەوە نەبێ لە فێنکیش بەولاوە تردەبێ.
سارداو: ژێرزەمین، چاڵێکە لە دەشت هەڵکەنرابێ و سەرەکەی گیرابێ و ناوی تێکرابێ بۆ خواردنەوە.
سارداوە: ل. حەوز.
ساردایی: تینی شتی سارد.
ساردبوون: نەمانی گەرما و هاتنی سەرما. بریتییە لە لوتەلابوونی یەکێک لە یەکێک.
ساردبوونەوە: لاچوونی گەرمی شت. بریتییە لە خاوبوونەوە لە کردنی کارێک. بریتییە لە مردن: فیسار کەس لە شەوەوە (ساردبۆتەوە) واتە مردووە.
ساردکردن: پەیدابوونی سەرما: پایز هات و دنیا (ساردی کرد).
ساردکردنەوە: نەهێشتنی گەرمی شت. بریتییە لە کوشتنی گیاندارێک. بریتییە لە پەشیمانکردنەوەی یەکێک لە کارێک.
سارد و سڕ: شتی زۆر سارد. بریتییە لە کەسێک کە ڕووی خۆش نەبێ لەگەڵ مەردوومدا.
سارد و سڕی: بریتییە لە ڕوو پێ نەدانی یەکێک بەیەکێک.
سارد و سەرما: کاتی سەرما و سۆڵە.
ساردۆنیا: گوڵێکی سووری جوانی گەڵا پانە.
سارد و گەرم: شتی شیرتێن.
سارد و گەرمکەوتن: بریتییە لە با پەڕکردن.
ساردە: برنجێکە کە ناوی پایزی خواردبێتەوە.
ساردە سنگان: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەیەکێک بانگت کا. ئازارێکە لە سەرماوە پەیدا دەبێ و ناو سک کرژ دەکا.
ساردەمەنی: هەموو شتێکی سارد کە بۆ خواردن و خواردنەوە ئامادە کرابێ.
ساردی: سەرما و سۆڵە: نەخۆشی بەشی زۆری لە (ساردی)یەوەیە. شتی سارد: (ساردی) مەخۆ.
سارێژ: برینێکە کە گۆشتە و زوونی هێنابێتەوە.
سارێژبوون: چاکبوونەوە و پێست بەسەردا هاتنەوەی برین.
سارێژکردن: بریتییە لە ئاشتکردنەوەی یەکێک و دڵهێنانەوە جیێ.
سارمە: گیایەکی پایزییە گەڵای وەک شنگ وایە گوڵێکی زەردی پچووک دەگرێ. جۆرە تەقەڵێکی تێ هەڵکێشە زیندروو بۆ جوانی دەیکا لە زین. قۆزاخەی ئاوریشمی هەڵکراو (د).
سارۆخ: د. سەرپۆش.
سارومار: وتەیەکە شتی زۆر بۆگەنی پێ دەشوبهێنرێ: ئەو شتە بۆنی (سارومار)ی لێ دێ، واتە زۆر بۆگەنە.

سارە: سبەینێ.
سارەما: تێ بەردانی کار و بەرخ لە بەیانیاندا لە پێش دۆشینی دایکەکانیان.
سارەوان: حوشترەوان.
ساری: با. ساردی.
ساز: شتی جوانی ڕێکخراو. قامیش. پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆسیقا.
سازان: ڕێکەوتنی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تردا: فیسار کەس و فیسار کەس (سازان). ناوی دێیەکە لە ناوچەی هەڵەبجە.
سازاندن: ڕێکخستنی یەکێک یا شتێک.
سازبوون: ڕێکەوتن.
سازبەند: ز. کەسێکە کە (ساز) باش لێ بدا.
سازدان: سازکردن.
سازکردن: ڕێکخستنی شتێک.
سازگار: ئاووهەوایەکە کە سووک بێ و بەئەندام بکەوێ.
سازگاری: سووکی و خۆشی ئاووهەوای شوێنێک.
سازندە: چەنەباز. کار و فرمان ڕێکخەر.
سازندەیی: چەنەبازی.
سازنە: د. سازندە.
ساز و سەودا: کەڵکەڵەی شتێک: تۆ منت خستە سەر ئەم (ساز و سەودا)یە.
سازیان: د. سازان.
سازین: سازان.
ساغ : شتی دروستی بێ کەل و کۆم. گیاندارێکە کە نەخۆش نەبێ. بریتییە لە مەردوومی ڕاستی بێ فڕ و فێڵ.
ساغبوونەوە: چاکبوونەوەی نەخۆش. فرۆشرانی شتێک و نەمانەوەی: تووتنەکەم هەموو بۆ (ساغ بوودوە) واتە فرۆشرا. دەرچوونی شەریک لە شتێکدا و مانەوەی بۆ تۆ: خانووەکەم بۆ (ساغ بووەوە) واتە هەموو بەشەکانی بوو بەهی خۆم.
ساغکردنەوە: چاککردنەوە. فرۆشتنی شتێک و نەهێشتنەوەی. دەرکردنی شەریک لە شتێکدا و هێشتنەوەی بۆ خۆت.
ساغڵەم: ساغ.
ساغی: بێ کەلوکۆمی شت. نەخۆش نەبوونی گیاندار. ڕاستی و بێ فڕوفێڵی مەردووم.
ساف : شتی لووس. شتی پاکی بێ خەوش: ئەم ئاوە (ساف)ە کندر (د).
سافسافێن: یارییەکە منداڵان بەردێک بەقنجەوە دادەنێن و لە دوورەوە بەردی پانی سافی بەخشکەیی تێ دەگرن.
سافیلکە: ساویلکە.
ساف: زوکام.

ساڤا: با. ساوا.
ساڤار: ز. ساوەر.
ساق: ساغ. ریقنەی شلی پەلەوور. قەدی درەخت و سەوزایی.
ساقۆ: پاڵتۆ.
ساقۆڵ: سەبەتەی تریێ. لولاق (د). باسکی دەست (د).
ساقەتە: د. قەدی درەخت و سەوزایی.
ساقی: ساغی.
ساقی و باقی: گـۆڕینەوەی شـتـێک بە شـتـێک لەگـەڵ باقی دانەوەدا.
ساک: ز. بەچکەی گامێش.
ساکار: شتی یەک ڕەنگی بێ گوڵ.
ساکۆ: د. سەکۆ. کێوی سادە کە بەرد و داری پێوە نەبێ.
ساکۆل: ز. گیانداری گەمژ.
ساکوول: قووڵ.
ساڵ: ناوە بۆ دوانزە مانگ کە ڕۆژ چەرخەیەکی تەواوی تێدا دەکا لە کـەلووی بەرخ (حـمـل)ەوە تا دوایی کـەلووی مـاسی (حوت).
سالار: سەرداری هۆزێک.
سالاری: سەرداری.
ساڵانە: مووچەیەکە ساڵە و ساڵ بدرێ بەیەکێک. خێرێکە دەکرێ بۆ مردوو لە پاش تێپەڕینی ساڵێک بەسەر مردنیدا.
سالم: د. سالمە.
سالمە: گـیـایەکی سـەلکداری بەهارییـە سـەلکەکـەی بەنرخـە و بەکاری گەلێ شت دێ.
ساڵنامە: نووسراوێکە باسی هەموو ڕۆژێک دەکا لە ساڵ.
ساڵنما: د. ساڵنامە.
سالۆس: ز. ڕیاباز.
سالۆغ: سۆراخکردن.
سالووس: شتی سادەی ساف و لووس.
سالووق: تووکی نەرمی گیاندار.
ساڵیان: د. ساڵیانە.
ساڵیانە: ساڵانەی مردوو.
سالیس: تێلای لووسی بێ گرێ.
سام: ترس و بیمێکە کە هێندێ جار لە گیاندار دەنیشێ.
سامال: . سایەقە.
سامالکردن: لاچوونی هەور و پەیدابوونی سایەقە.
سامالە کردن: ماڵەکردنی دووبارەی زەوی.
سامان: دارایی و دەست ڕۆیشتن. نامان: ناو و ناگر (سامان)یان نییە، واتە بێ نامانن.
ساماندار: دەوڵەمەند.
ساماندن: د. ڕێکخستنی شت.
سامانگە: شوێنێکە دراو و سامانی تێدا دابنرێ.
سامتین: جۆرە دەزوویەکی پوختی بریقەداری قایمە.
سامدار: شتی بە سام.
سامکردن: ترسان.
سام لێ کردن: ترسان لە شتێک.
سام لێ نیشتن: زۆر ترسان لە شتێک.
سامۆتک: تارمایی.
سامۆتە: بەن سامۆتە.
سامناک: شتی بە سام.
سامیتیل: ز. بەنێکە کە هەر دوو سەری نیلی پێ دەبەسترێ.
سامیر: ز. جۆرێکە لە هەرزن.
سـان: وتەیەکـە بەدوای هێندێ وتەوە دەنووسێ زۆریی مـەعنای وتەی پێـشـوو دەگـەیەنێ: کـێـو (سـان)، گـوڵ (سـان) کـورد (سـان) واتە جێگای کێو و گوڵ و کوردی زۆر. وتەیەکە لە ڕووی گەورەییەوە دەوترێ بەهێندێ پیاو (ه).
سانا: ئاسان.
سانالە: ه. شوێنێکە کە سواغدرابێ و هێلەساو کرابێ بۆ میوە لەسەر هەڵخستن.
ساناهی: با. ئاسان.
سانایی: ساناهی.
سـانبـەسـتن: کـۆبوونەوە لە شـوێنێـک بۆ ڕۆین لەو شـوێنەوە بۆ جێگایەکی تر: لەشکرەکە (سانی بەستووە).
سانتیمتر: سەد یەکی مەترێک.
سانتیم: سانتیمتر. سامتین.
سانجۆر: ز. ژانەسک.
سانجۆل: ز. قەلاتەی ملی سەگ.
سـاو: مـەودای تیغ: ئەو تیـغـە لە (سـاو) چووە، واتە مـەودای نەماوە. هەتاو. سێو (ه).
سـاوا: بەچکەی کـۆرپەی گـیـاندار. سـەوزاییی تازە دەرهاتوو. لێکەوتنی ئەندام لە شـتـێک: ئەم شـتـە (سـاوا)ی زبرە یا لووسە یا ساردە یا گەرمە (د).
ساوار: ساوەر.
ساویان: ساوین.
سـاوایی: هەسـتی لێکەوتن (قـوەی لامـسـە). کـاتی منداڵی گیاندار. سێو.
ساودان: سوونی تیغ.
ساورێن: سابرێن.
ساوور: د. ساوەر.
ساوورمە: داری سووتەمەنی وشکی لووسی بێ قەڵبە.

ساوورین: د. چێشتی ساوەر.

ساوون: د. سابوون.

ساوەر: گەنمی کولاوی کوتراوی هاڕراو. سابرێن (د).

ساوەرکوت: کەسێکە ساوەر بکوتێ.

ساوەرین: سابرێن.

ساوەڵ: چوارچێوەیەکی دارینە دەخرێتە سەرپشتی وڵاخ بۆ دار پێ کێشان.

ساویاگ: چەقۆیەکە سوورابێ. شتێکە کە ورد کرابێ و سوورابێتەوە.

ساویلکە: مەردوومی بەسەزمان.

ساوی: ز. خواردەمەنییەکە لە دێهات کۆبکرێتەوە.

ساوین: سوونی تیغ بۆ تیژبوونی. هاڕینەوە و وردکردنی شت.

ساوینەوە: سوونەوە.

ساهی: ز. سایەقە.

سای: سایەقە. سێبەر.

سایقە: د. سایەقە.

سایلە: پەڵوولە.

سایە: سێبەر. خوێندنەوەی شت بەحێنجە. ژەنگی ئاسن. ژمارەیەکە لە یاری نەسکەملدا: پاپاز چوار (سایە) ڕادەکێشێ.

سایەبان: سایەچەور. شتێکە کە سێبەری بێ.

سایەچەور: بریتییە لە مەردوومی بەرچاو تێر کە مەردوومی تر لە سایەیدا بحەسێتەوە.

سایەدار: بریتییە لە کەسێک کە مەردووم لە سێبەریدا بحەسێتەوە.

سایەقە: ئاسمانی بێ هەور و تەم و مژ.

سایەک: ل. سێبەر.

سایەوان: د. سایەبان.

سایەوشک: بریتییە لە مەردوومی ڕژدی چرووک.

ساین: ساوین.

سبحەینێ: سبەینێ.

سبزوو: سبەینێ زوو.

سبە: ز. سبەینێ.

سبەی: سبەینێ.

سبەینان: دەمەدەمی بەیانییان.

سبەینە: د. سبەینێ.

سبەینێ: ڕۆژی پاش ئەو ڕۆژەی کە تێیدایت.

سبەینیان: سبەینان.

سبیل: سمێڵ (ل). سەبیل.

سپا: لەشکر.

سپات: شتێکە کە ڕەنگی سپی واش بێ.

سپارتن: ز. سپاردن.

سپاخانە: جێی سۆپا.

سپادار: سەرلەشکر.

سپاردن: دانانی شتێک لەلای یەکێک بۆ ئاگاداری کردنی. بەرێکردن.

سپاردە: شتێکە لەلای یەکێک دانرابێ بۆ ئاگاداری کردنی. بەرێکراو.

سپاردەیی: شتی سپاردە.

سپاڕانی: لەشکرگێڕی (قیادة).

سپاردە: سپاردە.

سپاردەیی: شتی سپاردە.

سپاس: د. سوپاس.

سپاسالار: سپادار.

سپاسکار: کەسێکە کە سوپاسی یەکێک بکا.

سپاگا: سپاخانە.

سپایی: ئەسپایی. سەرباز.

سپر: هەڵۆ.

سپڵ: لەپارە گوشتێکی شینکارە بەلای جەرگی گیاندارەوە.

سپڵۆ: ل. سەگ.

سپڵۆت: د. سپڵۆک.

سپڵۆتی: د. گلاوی.

سپڵۆک: سەگ. گلاو.

سپڵوێنک: دارێکی وشکی کەوتووە کە لەبەر کۆنی سپی هەڵگەڕابێ.

سپڵە: کەسێکە کە چاکەی لەبەرچاو نەبێ.

سپڵەیی: لە پێش چاونەبوونی چاکەی مەردووم.

سپڵی لاورگ: بریتییە لە کەسێک کە نەتەوێ و هەمیشە لووتیشی بەلووتتەوە بێ.

سپۆن: ئەسپۆن.

سپە: ئەسپێ (ز). سەگ.

سپەر: قەڵغان. سەنگەر.

سپەردە: د. سپاردە.

سپەناخ: ئەسپەناغ.

سپەهی: با. شتی زۆر چاک.

سپێ: ئەسپێ.

سپیاف: ز. سپیاو.

سپیان: مەڕ. گۆشتی مەڕ.

سپیاو: جۆرە دەرمانێکی وردی سپییە لە قەلایی و هێندێ شتی تر دروست دەکرێ ژنان دەموچاوی پێ جوان دەکەن.

سپیاوکردن: سپیاودان لە دەموچاو.
سپیاوۆکە: هێلکاو.
سپیاهی: سپیایی.
سپیایی: بریتییە لە شیر و ماست و دۆ و کەرە.
سپێتی: بوونی شت بەسپی.
سپێدە: با. سپیدە.
سپێر: سپەر.
سپێرراو: سپاردە.
سپیلک: گڵە سپی. ئەسپی سپی.
سپیلکە: جۆرێکە لە مازوو کە پێستەی پێ خۆش دەکرێ.
سپێناغ: ئەسپەناغ.
سپیندار: سپیدار.
سپێنە: بەشی سپی لە هێلکە. بەشی سپی لە گلێنەی چاو.
سپێوون: ئەسپێ ون.
سپی: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی بەفر.
سپی بوون: سپی هەڵگەڕان. بریتییە لە ترسان.
سپی بوونەوە: کاڵبوونەوەی ڕەنگی شت و سپی واشبوونی.
سپیدار: چنار.
سپیدبالا: ڕووناکییەکە لە پێش بەیانیاندا بەرزدەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان (فجری کاذب).
سپید پەهنا: ڕووناکییەکە دوای سپید بالا بەکەناری ئاسماندا بڵاو دەبێتەوە (فجری صادق).
سپیدە: کاتی بەری بەیان کە کەناری ئاسمان ڕووناک دەبێتەوە.
سپیکاری: گەچکاری: هۆدەکانم هەموو (سپیکاری)ن.
سپیکردن: گوڕوونی پێستی ئاژاڵی سەربڕاو. پاککردنی بادام و هێندێ شتی تر لە توێکڵە تەنکەکەی.
سپیکردنەوە: گەچکاریکردنی شوێنێک. پاککردنەوەی قاپی مسین بەقەڵایی.
سپیکە: جۆرە ترێیەکی دەنک درێژکۆڵەی پێست ئەستووری سپی زۆر شیرینە.
سپیواش: شتێکە کەمێک سپی بێ.
سپی هەڵگەڕان: سپیبوون لە ترسا یا لەبەر نەخۆشی.
ستار: ئارام: منداڵەکە ئەمشەو (ستار)ی نەداوە.
ستارخانی: جۆرە کاڵایەکە وەک (مرادخانی) بەڵام ئەم یەخە بەرەڵا و چەسپترە.
ستار کردن: ئارامگرتن.
ستارگرتن: ئارامگرتن.
ستارە: دیوارێکی نزمی کون کونە بەگردی سەربانداە دەکرێ. ئەستێرە. ستار.
ستاف: هەتاو.
ستان: پیتێکە بەدوای هێندێ ناوەوە دەنرێ و دەیکا بە(اسمی مکان) کورد(ستان)، دار(ستان)، گۆڕ(ستان) واتە جێی ئەمانە.
ستاندن: سەندن.
ستاندنەوە: سەندنەوە.
ستانک: با. زەردەواڵە.
ستایش: مەدح و پیاهەڵدان.
ستایشت: د. ستایش.
ستر: با. پەیژە.
ستران: ز. گۆرانی.
سترانبێژ: ز. گۆرانیبێژ.
سترانڤا: ز. سترانبێژ.
سترد: ستر.
سترۆ: ز. سترۆە.
سترۆە: ز. شاخی گیاندار.
سترە: سترۆ.
ستری: با. تووترک. دڕک.
ستربیرک: ز. دارێکی دوو پەلە دڕکی پێ دەشکێنرێتەوە.
ستک: گیایەکە لە کاتی جۆدرەودا پەیدا دەبێ، بەرێکی شیرین بەهێشوو وەک ترێ دەگرێ.
ستۆ: با. ئەستۆ.
ستۆپارێز: ملپێچ.
ستوو: ز. ئەستۆ.
ستوور: ز. ئەستوور.
ستووری: ئەستووری.
ستووڤدان: گەواهیدان.
ستوون: ئەستوون. ڕیزە نووسینێکە کە لەسەر شان بێتە خوارەوە.
ستوونە: کۆڵەکە.
ستوونی: شتی ڕاستی عاموودی.
ستە: با. ئەستێ.
ستەرک: مێزی لەسەر نووسین.
ستەکان: ئیستیکان.
ستەم: ئازار و سزا بەناڕەوا. شتی گرانی بەئەرک: بەزستانان زۆر (ستەم)ە بێمە دەرێ.
ستەمدیدە: کەسێکە ستەمی لێ کرابێ.
ستەمکار: کەسێکە زۆر ستەم بکا لە مەردووم.
ستەمکاری: ستەمکردن بەپیشە.
ستەمکردن: ئازاردان و زیان گەیاندن بەمەردووم بەناڕەوا.
ستەمگەر: زۆردار.
ستەنک: با. زەردەواڵە.

ستەو: با. ئەستێ.
ستەور: ئەزۆک.
ستێر: ز. ئەستێرە.
ستێرە: ز. ئەستێرە.
ستینک: با. کوڵەکە.
ستینگ: شەنگە سوورە.
سج: زج.
سجووق: شتێکی درێژکۆلەی شیرینی پڕ لە بادام و کاکڵە گوێزە لە نیشاستە و شیلەی ترێ دروست دەکرێ.
سجەمار: جۆرە مارێکە لە تیرەمار درێژترە هەر حەلێ رِقی هەستا قەڵەمبازد دەبا بەقەد گوریسێک.
سچ: زچ.
سحالە: ل. ناردە برنج.
سخ: سفت.
سخان: ل. ئێسقان.
سخمە: سوخمە.
سخێف: جوێن.
سر: ز. بای سارد.
سرپە: قسەکردن لەژێر لێوەوە بۆ ئەوەی کە کەس گوێی لێ نەبێ، (سرپە سرپ) سرپەی یەک لەدوای یەک (سرپ و هوورِ) سرپە سرپی زۆر.
سرت: هـ. درِک.
سرتە: سرپە.
سرد: ز، گیانداری سرک.
سردی: هـ. پەیژە.
سردین: ز. کەوتنە قەف و گوڵی جۆ و گەنم و دانەوێڵە.
سرِ: شوێنێکە لە ئەندام کە تەزیبێ. گیاندارێکە کە لە سەرما کەسیرە بووبێ.
سرِبوون: تەزین. کەسیرە بوون.
سرِکردن: تەزاندن و بێ هەستکردنی ئەندام بە دەرمان.
سرِکەوان: سەرەنوێلک.
سرِنا: زورنا.
سرِناتک: زۆرناتک.
سرِناژەن: زورناژەن.
سرِوار: رِیتاڵە.
سرِە: گەمرە.
سرِی: تەزینی ئەندام.
سرِین: لابردنی شتێک لەسەر شتێک. بەهۆی لێ خستنی دەست یا پەرۆیەکەوە. فمکردنی لووت و پاککردنەوەی.
سرِینەوە: هەڵگرتنەوەی نووسراو بە زمان یا بەپەنجە.

سرشت: د. سروشت.
سرەفتن: د. سرەوتن.
سرک: گیانلەبەرێکە کە لە شت زۆر بسڵەمێتەوە.
سرکاسن: د. رەنگێکی رەشە کەوشدروو لە سرکە و ئاسن دروستی دەکا و چەرمی پێ رِەش دەکا.
سرکاندن: چرپاندن بەگوێی یەکێکدا.
سرکانن: د. سرکاندن.
سرکە: شتێکی شلی ترشە لە ترێ و میوە دروست دەکرێ. سرپە، (سرکە سرک) سرکەی یەک لەدوای یەک. (سرک و هوورِ) سرکە سرکی زۆر.
سرکەی دە ساڵە: د. بریتییە لە قینی کۆن کە لە دڵدا مابێ.
سرکەیی: پارچە ئاوریشمێکی رەنگاورەنگی زۆر تەنکە ژنان دەیبەستن بە سەرەوە.
سرگ: سرک.
سرمە سرم: هەرا و زەنا.
سروشت: طبیعت.
سروشتی: سووروشتی.
سرووت: لاسکی گەنم و جۆ.
سروود: گۆرانی نیشتمانی.
سرووش: فەرمانێکە بەهۆی فریشتەوە لە خواوە بێ بۆ پێغەمبەران (وحي).
سروە: دەنگی بای سووک. سووسەکردنی دەنگوباسێکی تازە.
سرەوان: سرەوتگرتن.
سرەوانن: د. سرەوتگرتن بەیەکێک.
سرەوت: ئارام: نەخۆشەکە ئەمشەو (سرەوت)ی نەبوو.
سرەوتکردن: سرەوتگرتن.
سرەوتگرتن: سرەوتن.
سرەوتن: ئارامگرتن.
سرەوین: سرەوتن.
سرێش: شتێکی لینجی کەشدارە دەهارِدرێتەوە و بەئاو دەگیرێتەوە بۆ بەیەکەوە لکاندنی کاغەز و هێندێ شتی تر.
سرێشلەمە: بریتییە لە کاری جەڵغەمەی ناپوخت.
سرینچک: د. سنجوو.
سرینچکەتاڵە: د. جۆرێکە لە سنجوو.
سریوە: سروە.
سزا: ئازار و دەردی سەری.
سزاچەشتن: سزا خواردن.
سزاخواردن: داخ و خەفەت چوونە دڵ.
سزادان: ئازار و دەردی سەری دانی گیاندارێک.
سزک: ئاوی پەنیرە کە دەکرێ بە لۆرک. ئاوی دۆیە کە سیرێژی لێ دەکرێ.

سژ: زچ.
سس: د. سست.
سست: گیانداری بێ دەستوبرد، (سستبوون) نەمانی تەوژم و دەستوبردی.
سستەپەلە: کەسێکە کە لە کاروباردا سست و دەسەپاچە بێ.
سستەک: زەوی فشی بێ بەرد.
سستی: خاو و خلیچکی و بێ دەستوبردی، (سستەسست) خاوەخاوکردن لە کارێکدا.
سسە: د. سستەک.
سسێ: ز. سێ.
سسی: د. سستی.
سغ: سخ.
سفارش: سفارشت.
سفارشت: د. قسەیەکە بەیەکێکدا بنێردرێت بۆ یەکێک.
سفت: چنراوێکە کە شاش نەبێ.
سفتاح: فرۆشتنی شتێک یەکەم جار سەرلەبەیانی لەلایەن شت فرۆشێکەوە بە پارەی دەستی.
سفتبوون: د. سەختبوونی شت.
سفتۆ: ز. شتی بۆگەن.
سفت و سۆ: سفتوسوێ.
سفت و سۆڵ: شتی زۆر سفت.
سفت و سوێ: ئازار و ئێشی برین: ئەم دەرمانە (سفتوسوێ)ی برین دەشکێنێ.
سفتە: د. شتی سووراوەی لووس.
سفرە: پارچە تەنراوێکی چوارگۆشەی درێژە نانی لەسەر دەخورێ.
سفرە برە: جۆرە قالۆنچەیەکی ڕەشی خێرایە سفرە کون دەکا.
سفرەچی: کەسێکە کە چاودێری نان و خوان بکا.
سفرە مار: جۆرەمارێکی کورتی کوێرە لۆچێک لە سکیدا هەیە کاتێک کە برسی بوو وەک سفرە یەکالای دەکاتەوە، مێش و دەعبای لێ دەنیشێ و دەیهێنێتەوە یەک و دەیانخوا.
سفرەی فەقێیان: د. هەشت ئەستێرەن لە ناوەندی ئەستێرەی دووپشک و ترازوودا.
سفرەی فەقیران: د. سفرەی فەقێیان.
سفری: ز. بەردە ئەستێی چەخماخی تفەنگی شینکە کە درێژکۆلە بێ.
سفک: با. هەیوانی خانووی یەک نهۆم.
سفکی: سووکی.
سفن: ز. بنج و بناوانی هەموو شتێک.
سفۆری: ز. کەولێکە لە پێستی سەگلاو دروست کرابێ.
سفەت: چاکە لە بەرچاو بوون (وفا): فیسار کەس بە(سفەت)ە.

سفی: د. سپی.
سفیدە: د. سپیدە.
سقدەه: ز. سەر دەرگای خانوو کە بە خشت بەرزدەکرێتەوە.
سقسقیلک: ز. جۆرە چۆلەکەیەکی ڕەنگاوڕەنگە.
سقک: با. سووک.
سقنک: ز. گەسکێکە دەهێنرێ بەپشتی گادا بۆ پاککردنەوەی.
سقۆک: سماق.
سقووری: سمۆرە.
سقیشک: ز. گومان و دوودڵی لە شتێکدا.
سقیک: بنمیچ.
سقان: د. ئێسقان.
سک: بۆشاییەکە لە گیانداردا ڕیخۆڵە و ورگی تێدایە. بریتییە لە منداڵی ناو سک: فیسارە ئافرەت (سک)ەکەی دانا. شتی ناشیرین لە هەموو شتێک.
سکاسن: د. سرکاسن.
سکاڵا: هەڵرشتنی داخ و خەفەتی دڵ لای یەکێک، (سکاڵا کردن) سکاڵا.
سکاڵانامە: پێشکەشکردنی سکاڵا بەنووسین بۆ فەرمانبەرێک.
سکانن: د. چەسپانن. جوێن دان.
سک ئێشە: ئازاری سک.
سکبەردان: زکبەردان.
سکپ: د. داری گرێژەنەی دەرگا.
سکپڕ: گیانداری ئاوس.
سک پڕبوون: ئاوسبوونی ئافرەت.
سکچوون: زکچوون.
سکدار: سکپڕ.
سکدڕاو: بریتییە لە گیانداری زۆرخۆر.
سکر: با. بەرهەڵستێکە دروست دەکرێ لە بەریانی ئاودا بۆ هەڵسانی بۆ شوێنێکی بەرز.
سکرۆین: سکچوون.
سکزل: زکزل.
سکسوتان: بریتییە لە مردنی ڕۆڵە.
سکف: د. سکپ.
سککردن: زککردن.
سکڵ: پشکۆی ئاگر.
سکڵفوو: جۆرە یارییەکە پشکۆیەک ئاگر بەدەرزییەک و تاوێ دەزوو هەڵدەواسرێ بەبنمیچدا چەند کەسێک بەدەوریدا فووی لێ دەکەن، هەریەکە بەرەورووی ئەویتر.
سکماک: زکماک.
سکن: سکزل.

سکنانەسەر: بریتییە لە خواردنی شتێک بەهەڵمەت و ئارەزووەوە.

سکور: ملی گیاندار.

سکورد: سکور.

سکوزا: زاوزێ.

سکووم: رووخسار.

سکە: دراوی هەڵکەنراوی دەوڵەتی.

سکەڕۆ: سکدڕاو.

سکەشۆرە: سکەشۆرێ.

سکەشۆرێ: رەوانی مەردووم بەجۆرێک کە هیچی لە سکدا نەمێنێ.

سکەڵ: سکڵ.

سکەلێدان: دراولێدان بەزۆری.

سکەنجەبین: شەربەتێکە لە سرکە و هەنگوین دەگیرێتەوە.

سکێشە: ئازاری سک.

سکەنجەمین: سکەنجەبین.

سگار: د. جگەرە.

سگین: د. پێوەبوونی سەگی نێر و مێ.

سل: پێستی توندی درێژکۆلەی مەردووم و سەگ و هێندێ گیانداری تر. سیل (د). (سڵ) ز. توورە.

سڵ: ترسان و کۆکردن، (سڵکردن) سڵ.

سلاربوونەوە: تلۆربوونەوە.

سلاڤ: با. سەلام.

سلاو: زیادەیەکە کە دەخرێتە سەر ئەو شتەی کە بەترازوو دەکێشرێ بۆ ئەوەی کە لە سەنگەکە قورستر بێ. سەلام.

سلاودانەوە: کێشانی شت بەترازوو بەڕەنگێک کە قورستر بێ لە سەنگەکە. لە نوێژبوونەوە بەئاوردانەوە بەلای ڕاستدا.

سلبوون: با. تۆران و زویربوون.

سلپ: د. مەردوومی تەمەڵ.

سلساردبوونەوە: بریتییە لە مردن.

سلساردکردنەوە: بریتییە لە کوشتن.

سلسلە: پۆیلە و پلپلەیە کە ژنان دەیدەن لە خۆیان.

سلسەردەوەبوون: د. سلساردبوونەوە.

سلف: د. تلپەی شت.

سلق: گیایەکی گەڵا پانی بنکدارە دەکرێ بەچێشت.

سلقاو: شۆربایەکە لە ناو و سلق و گۆشت دەکرێ.

سلقی ڕووت: وتەیەکە مەردوومی بێکەسی پێ دەشوبهێنرێ: فیسار کەس وەک (سلقی ڕووت) وایە، واتە بێ کەسە.

سلک: ز. سلق.

سڵ کردن: سڵەمینەوە لە شتێک.

سلۆرت: بێ ئیش.

سڵەمانەوە: سڵەمینەوە.

سڵەمە: د. سڵەمینەوە.

سڵەمیانەوە: د. سڵەمینەوە.

سڵەمینەوە: کوتوپڕ گەڕانەوە لە شتێک و وردبوونەوە لێی.

سلەوەجە: جۆرە نەخۆشییەکە دەدا لە مەڕ و بزن خواردەمەنی بۆ قووت ناچێ و دەچێتە ناوەندی گووپ و دانیەوە.

سلەوەجێ: سلەوەجە.

سلێمانی: جۆرە مووروویەکی ڕەشی پانە کێڕێکی سپی لە ناوەڕاستدایە، ژنان دەیگرنە زێڕ و دەیکەنە ملیان. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک (با). ناوە بۆ شارێکی گەورە لە کوردستانی عێراق کە پایتەختی حاکمانی بەبە بووە.

سلێمانی: د. مووررووی سلێمانی.

سم: شتێکی ڕەقە بەژێر چوارپەلی ئاژاڵ و وڵاخی بەرزەوە وەک نینۆک بۆ ئادەمی وایە.

سماتە: سمارتە.

سمارتە: کاغەزێکی زبرە وەک بڕەند ئاسن و گەلێ شتی تری پێ دەکرێنرێ.

سماق: داری ترش. بەری داری ترش.

سماق پالان: ز. سووزگییەکە برنجی پێ دەپاڵێورێ.

سماق دەرهێنان: بریتییە لە ئازار گەیاندنێکی زۆر بەیەکێک.

سماقە: د. ڕەوونج.

سمبر: ز. سم تەراش.

سبۆرە: سمۆرە.

سمبێل: سمێڵ.

سمبێڵ: سمێڵ.

سمبیلەک: ز. جۆرە ماسییەکی زەردە.

سمپارە: کاغەز.

سمت: دوو گوڵمە گۆشتی گەورەیە بەلای ڕاست و چەپی کۆمی گیاندارەوە.

سمتاش: سم تەراش.

سمت و ساتان: سمت و نەرمایی هەردوو ڕان کە لە پشتەوە دەردەکەوێ.

سمتۆڵ: د. سمت.

سمتەجۆڵە: ئێسقانی جەمسەری هەردوو سمتی گیاندار.

سمتەراش: ئاسنێکی پانی تیژە ناڵبەند سمی وڵاخی پێ دەتاشێ.

سمتەکڵ: گلمتک.

سمدار: بریتییە لە گیاندارێک کە سمی بێ.

سمڕ: هەرا و هوریا و دەنگە دەنگ: لە فیسارە شوێن (سمڕ) بوو، (سمڕ سمڕ) هەرا و هوریای زۆر.

سمقه: ڕاسته زەوییەکە کە بکرێ بە مەرەزە بەبێ کێڵان.
سمکاک: ز. دەنکی گیایەکی سوورە لەگەڵ بەزدا دەکوترێ و دەنرێ لە گوێچکەی منداڵ کە بیەشێ.
سمکۆ: د. سمکۆڵ.
سمکۆت: کەوچکی ماستاوی پچکۆلە .
سمکۆڵ: دەست بەزەویدا دانانی وڵاخی بەرزە و هەڵکۆڵینی.
سمکۆڵان: سمکۆڵ.
سمەکوتێ: سمکۆڵان.
سمڵ: بنکی گیایەکی بەهاری بۆنخۆشە.
سمنج: چرووک.
سمۆ: قەڵەمێکی پۆڵایینە ئاسنی پێ کون دەکرێ.
سمۆرچکە: سمی ئاژاڵی وردەیە کە دەرهاتبێ.
سمۆرە: دەعبایەکی چنگ تیژی کێوییە لە ڕێوی دەچێ بەڵام گەلێ پچووکترە پێستەکەی دەکرێ بەکیسە پارە.
سمووچک: سمۆرچکە.
سمە: سمۆ.
سمەخرتە: د. گیانلەبەرێکی دەست و پێ کورتە.
سمەر: ه. کا.
سمەری: کا. کای کۆن.
سمەسا: مڵەما: (سمەسا)ی بری واتە مڵەمای بری.
سمە شەلە: د. شەلکە.
سمیارک: ز. سیسارک.
سمیتک: با. پیرخەنیلە.
سمێریان: د. تێکسمران و قەڵەوبوون.
سمێڵ: مووی سەر لچ و بەرلووتی گیاندار.
سمێڵ بابڕ: مەردوومی سمێڵ زل.
سمێڵە: جۆرە ماسییەکی سمێڵدارە.
سمین: کونکردنی شت.
سن: دەعبایەکی پچکۆلەی پشت قۆقزی بۆرەقنەی باڵدارە لە هەر گەنم و جۆیەک بدا بێ پێزی دەکات.
سنان: د. سندان.
سنپک: ز. گیایەکی بۆن خۆشە تێکەڵی پەنیر دەکرێ.
سنتر: ز. منداڵی هەتیوی بێکەس.
سنجاخ: سنجاق.
سنجاف: پەراوێز.
سنجاق: دەرزییەکی سەر خڕە لە یەخە دەدرێ.
سنجراندن: ز. تەنوور داخستن.
سنجک: ز. دەفرێکی درێژکۆلەیە لە قوڕ دروست دەکرێ لەژێر بێشکەی منداڵ دادەنرێ بۆ پیسی تێچوونی.
سنجۆق: ز. ڕیخۆڵە گەورەی گیاندار.
سنجوو: دارێکە گەڵای وەک بی وایە بەرێکی شیرینی هەیە وەک خورما بەڵام تۆزێک پچووکترە.
سنجووق: دارێکی تیژی سەر دادراوە منداڵان بەزەویدا دای دەکوتن لە یاری سنجووقێندا.
سنجووقێن: یاری کردن بەسنجووق.
سنجەق: سنجاق.
سنجەی: ه. عەنناب.
سنجێری: ز. جۆرە ترێیەکی شیرینە دەکرێ بەدۆشاو.
سنجی: ز. درەختێکە دەنکێکی ترش دەگرێ.
سندان: سنگان.
سنداناوی: سنگاناوی.
سندانک: کووپەڵە.
سندان لێدراو: سنگان لێدراو.
سندک: ز. پیرخەنیلە.
سندم: پێوەندی ئاسن.
سندمکردن: پێوەندکردن.
سندۆڵ: دۆڵی بەرد کە شتی تێدا دەکوترێ.
سندووق: شتێکی چوار سووچی سەر قاپدارە لە تەختە یا ئاسن دروست دەکرێ بۆ شت تێخستن. غەرامەفۆن.
سندە: گڵمتک.
سندەگڵ: سندە.
سنسل: بڕبڕەی پشت.
سنک: سەمەندۆک.
سنک کردن: سەمەندۆک کردن.
سنگ: دار یا ئاسنێکی سەر تیژە بەدیوار یا بەزەویدا داکوترێ. پانایی ناوەندی هەر دوو مەمک و خوار چۆڵەمەی مل. کرمی ناوسک (د). شووژن (د).
سنگان: جۆرە نەخۆشییەکی کوشندەیە تووشی گیاندار دەبێ. جۆرە نەخۆشییەکە دەدا لە کاڵەک و شووتی و ترۆزی و ڕەقی دەکا.
سنگاناوی: میوەی سنگان لێدراو.
سنگان لێدراو: سنگاناوی.
سنگدانە پێشەوە: دڕدان بە مەردووم و چوونە پێشەوە بۆ شتێک.
سنگ زەردە: مەلێکی پچکۆلانەی ژێر سک زەردی سەرڕەشت ڕەنگاوڕەنگە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ زۆرتر لە کاتی جۆ درەودا دەبینرێ.
سنگک: ز. زیپکە.
سنگ کوتان: بەسنگداماڵین لە داخی شتێک.
سنگگ: : سنگ.
سنگ لێ کوتان: بەسنگداماڵین لەگەڵ نزاکردن لە یەکێک.

سنگە سنگ: د. نیخە نیخ و خۆ خەلاّفاندن بەشتێکەوە.
سنگەوباز: سنگەوبازد.
سنگەوبازد: هەڵچوون بەسەر یەکێکدا کە لە یاری کەوشەکدا تێکەوتبێ.
سنگ هەڵکێش: بریتییە لە مەردوومی بێ شەرمی نالەبار.
سنان: د. سندان.
سنوور: کەنار و قەراغی شوێنێک کە جیای بکاتەوە لە شوێنێکی تر.
سنوورچە: تازە گەڵا دەرکردنی درەخت و گژوگیا.
سنووردار: شتێکە کە سنووری ببێ.
سنووق: سندووق.
سنەوبەر: درەختێکی تۆپیی گەڵا وردی باڵا بەرزی هەمیشە سەوزی جوانە.
سنەیی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک کە لە پێش (زوورەز)دا پێ دەگات.
سنیتر: ز. شتێکە وەک قیر هەنگ لەبەردەمی پلوورەکەیدا دایدەنێ.
سۆ: کونی دەرزی. سوێ. بنەماڵە و وەچە: (سۆ)شیان هەر برە و نازایە. گیایەکی بۆنخۆشە دەکرێتە پەنیرەوە بۆ تام و بۆنخۆشی. سبەینێ (د). کەپەک.
سوا: د. سبەینێ.
سواخ: سواغ.
سواخدان: سواغدان.
سواخکێشان: سواغدان.
سوار: کەسێکە بەسەر پشتی وڵاخەوە بێ. بریتییە لە شتێک کە بەسەر شتێکی تردا بڕوانێ و زاڵ بێ: بانی ئێوە بەسەربانی ئێمەدا (سوار)ە. منداڵێکە لەکاتی لەدایکبوونیدا لەپێشەوە قاچی بێ.
سواربوون: پەڕینە کۆڵی گیاندار.
سوارچاک: کەسێکە کە سواری باش بزانێ.
سوار خاس: سوارچاک.
سوارخە: ز. چیلکە.
سوارکردن: بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کارێک: ئەو کارە زوو (سوارکە).
سوارە: کەسێکە کە بەسواری بڕوا. کۆمەڵە سوار.
سوارەی شەترەنج: ناوە بۆ شەش داش لە یاری شەترەنجدا کە پێیان دەڵێن: شا، وەزیر، فیل، ئەسپ، ڕوخ، پیادە.
سواری: بوونی مەردووم بەسوار: بە(سواری) چووم: ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی خورماڵ.
سواغ: قوڕ یا گەچێکە کە بەدەست یا بە ماڵە درابێ لە شوێنێک.
سواغدان: تێ هەڵسوونی قوڕ یا گەچی گیراوە لە شوێنێک بەدەست یا بەماڵە.
سواغکێشان: سواغدان.
سواف: تافگە.
سواڵ: داواکردنی شت لە مەردووم.
سواڵک: کۆتەرە دارێکە هەڵکەنرابێ بۆ ئاو تێدا خواردنەوەی سەگ.
سواڵکردن: داواکردن و خوازەڵۆکی شت لە مەردووم.
سواڵکەر: کەسێکە داوای شت لە مەردووم بکا.
سواڵە: قولێک گەنم یا جۆ یا مەرەزەیە کە سەپان بەداس درووبێتیەوە و هێشتا دای نەنابێتە زەوی.
سواڵەت: پارچەی شتی سووردەوەکراو وەک گۆزە و دیزە.
سوان: بڕیەند.
سواندۆکە: سواندووکە.
سواندولکە: سواندۆکە.
سواندووکە: چۆلەکە پاساری.
سواندە: سوانە.
سوانە: گوێسوانە.
سۆبە: سۆپا.
سوپا: لەشکر.
سۆپا: کوورەیەکی لوولەداری لەوح یا تەنەکەیە زستانان لە ژووردا ئاگری تێدا دەگرێتەوە.
سوپاخانە: سپاخانە.
سوپاڕان: سپاڕانی.
سوپاڕانی: سپاڕانی.
سوپاس: ستایشی یەکێک لە پاداشی چاکەیەکیدا.
سوپاسالار: سپاسالار.
سوپاسکردن: سوپاس.
سوپاگە: سپاگە.
سۆپە: سۆپا.
سوپەر: سپەر.
سوپێر: سپەر.
سۆتک: سەرەبزووت.
سۆتکە: سمڵ. ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی سەرچنار.
سۆتن: سووتان.
سۆتە: بێ باوەڕی بێ ئاین. داوێن پیس.
سۆتەک: سووتک.
سۆتەی: سووتان.
سوچیای: سووتان.
سوخاڵ: د. زوخاڵ.

سوخاڵدان: د. زوخاڵدان.
سوخت: مەردوومی بێ پارە و پوول. پەستی زویر. سۆخت (د).
سۆخت: سووتەمەنی.
سوختبوون: بێ پارە و پوول و سامانبوون.
سوختکردن: داماڵە غاسیکردنی یەکێک و هیچ پێ نەهێشتنی.
سوختە: کەسێکە کە تازە دەستی کردبێ بەخوێندن لە مزگەوتدا و ئیشوکار بکا بۆ مامۆستای.
سۆختە: د. سوختە.
سوخرە: وغرە.
سوخمە: جۆرە کاڵایەکی دوگمەداری کورتە لەسەر کراسەوە لەبەر دەکرێ. دارێکە دادەچەقێنرێ و مێوی دەخرێتە سەر (ز).
سۆر: سوور. سوێر.
سوراحی: جۆرە شەربەیەکی شووشەیە ئاوی تێ دەکرێ.
سۆراخکردن: سووسەکردن و بەڵگەگرتنی شتی ون بوو.
سۆراغکردن: سۆراخکردن.
سۆراڤ: با. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
سۆران: ناوە بۆ بەشێک لە کورد کە دادەنیشێ لە ناوەندی زێی گەورە و زێی پچووکدا.
سۆرانی: فەقیانەی کراس. کوردی سۆران. هەرمێ لاسوورە (ز).
سۆرپاز: ز.جۆرە سیرێکی کێوییە.
سورخ: دەرمانێکی سوورە وەک کل وایە. دەگیرێتەوە و شتی پێ دەنووسرێ.
سورخکاری: جوانکردنی نووسراو بەسورخ.
سوڕ: د. شوێنی لێژ و خز و سەر بەرەوخوارە.
سوڕسوڕە: باڵندەیەکی پچکۆلەی گێژ و وێژی نازیرەکە.
سوڕنا: زوڕنا.
سوڕناتک: زوڕناتک.
سوڕناژەن: زوناژەن.
سوڕیان: د. خلیسکان.
سۆرسۆرک: سوورێنچک.
سۆرک: سووریژە (ز). هەرزن.
سۆرکە: سووریژە.
سورمە: شتێکی باریکە وەک دەزوو لە زیو دروست دەکرێ بۆ دۆقی عەبا و گوڵەنگەی چەفتە و شتی تر. کل.
سورمەدان: نەلقە ئاسنێکە بەم سەر و بەو سەری تۆپی جەنجەڕە و میلەکانی ئەم سەر و ئەو سەری پێدا دەچێ. کلدان.
سورمەڕێژ: کاڵا یا پارچەیەکە کە بەسورمە جوان کرابێ.
سورمەیی: ڕەنگی شینی تاریک.
سۆرنجان: جۆرە گیایەکە.
سورروشت: تەبیعەت. خووی مەردووم.
سورروشتی: شتی طبیعی.
سۆرە: بۆنە: بە(سۆرە)ی تۆوەهاتم واتە بەبۆنەی تۆوە. بێگانە: (سۆرە) هەر (سۆرە)یە. هەنەزا (د).
سۆرە و تۆرە: خزم و خۆشی ژن بۆ پیاو و، هی پیاو بۆ ژن.
سۆریاس: گیایەکی کوێستانییە گەڵای وەک کەوەر وایە بەڵام باریکترە دەکرێ بەچێشت.
سۆریچک: ز. سوورێنچک.
سورین: سمتی ئادەمی.
سۆز: شەوق و کەیف: فیسار کەس زۆر بە(سۆز)ە.
سۆزان: سووتان.
سۆزانی: ئافرەتێکە کە لەناو پیاواندا سەما بکا و سووڕ بدا. ژنی بێ شەرم.
سۆزرەت: شتی سەیر.
سۆزکردن: گۆرانی وتن بەسەر خۆشەویستێکدا بەدڵێکی گەرمی بەکوڵەوە.
سۆزمانی: د. سۆزانی.
سۆزە: کزە بای سووک. سۆز (د).
سۆزەکردن: سۆزکردن.
سۆزیاگ: سووتاو.
سۆزیان: سووتان.
سۆزیاو: سووتاو.
سۆزی: سبەینێ.
سۆژە: بێگار.
سۆس: کەپەک.
سۆست: سۆس.
سۆسرەت: سۆزرەت.
سۆسک: د. سۆس. سوێسکە.
سۆسکە: سوێسکە.
سۆسن: سۆسەن.
سۆسەن: جۆرە گوڵێکی جوانی بۆنخۆشە گەلێ ڕەنگی هەیە.
سوغرە: بێگارکردن بەمەردووم.
سۆغین: ز. ئەنجامی کار.
سۆفەقیتە: کڵاو کوڕە.
سۆفیلکە: کڵاو کوڕە. مەردوومی سۆفی خواپەرست.
سۆفیلە: دارێکە دادەچەقێنرێ بەخەرماندا دوای سوورکردنی.
سۆڤ: ز. گرانی.
سۆقان: ئێسقان.
سۆک: کوت، (سۆکە سۆک) کوت پێوەدانی یەک لەسەر یەک. سووک.
سۆکدان: د. کوت وەشاندن.

سوكوم: ز. تەحر و شێوە.
سۆكی: د. سووكی.
سوڵ: د. سڵ.
سۆڵ: پێڵاوێكە دەكرێ بەسەر پێوە.
سۆڵ: سوێر. وتەیەكە هەمیشە لە دوای وتەی (سفت)ەوە بەكاردێنرێ: سفت و (سۆڵ) واتە زۆر سفت.
سۆلاڤ: تاڤگە. ناوی شوێنێكە لە ناوچەی ئامێدی.
سۆلان: د. نەژاد و ڕەسەن.
سۆلان: د.گوڵی سەوڵ.
سۆلاندنەوە: چووزاندنەوە.
سۆلاننەوە: د. سۆلاندنەوە.
سۆلانەوە: چووزانەوە.
سۆلاوكە: پلوسك.
سولتان: جۆرێكە لە زاخە.
سۆڵدروو: كەسێكە كە سۆڵ بدروێ.
سۆڵكەر: سۆڵدروو.
سۆلۆلە: بەچكە دووپشك.
سۆڵوخوا: د. شتی سوێر خوێ.
سولوسات: ز. كۆبوونەوەی پیاوان بەزۆری.
سۆڵە: سەرمای بەتین. شەوقێكی كەم كە لە دوورەوە دیار بێ (د). بلێسە (د). ناوە بۆ چوار دێ لە ناوچەی بازیان و قەرەداخ و مەریوان.
سۆڵەچرا: د. چۆڵە چرا.
سۆڵەسۆڵ: د. چووزە چووزی ئەندام: ناو دەمم (سۆڵەسۆڵ)ی لێوە دێ.
سۆڵكە: سوێرەكە.
سولیانەوە: د. چووزانەوە.
سۆلینە: با. گونجی ئاو.
سۆلینەوە: سۆلانەوە.
سۆما: بینایی چاو. ئاسۆ (د). ڕۆشنایی (د).
سۆمایی: بیبیلەی چاو.
سۆمایی داهاتن: بریتییە لە كوێر بوون .
سون: سن.
سوند: سوێند.
سۆند: سوێند.
سونكە: وردە كەشكێكە دوای سوونەوە مابێتەوە. بنیسكە سابوون (د).
سۆنگە: د. دەست پەرژان.
سوننی: نیزە. كەسێكە لەسەر پەیڕەوی پێغەمبەر و یارانی بێ.
سۆنە: مراوی.

سوو: د. سوود: ئەم ئیشەبێ (سوو)ە.
سووان: لەكاركەوتنی تیغ بەڕەنگێك كە بەهەسان تیژ نەبێتەوە. هەسان. لووسبوون و نەمانی زبری شت.
سوواندن: نەهێشتنی زبری شت.
سوواندنەوە: سوونەوە.
سوواندەر: ز. گوێسوانە.
سووانن: سوواندن.
سووانەوە: توانەوەی كەشك و هێندێ شتی تر بەهەڵگلۆفتن و خستنی لە شتێكی تر: كەشكەكە (سوواوەتەوە). لووسبوون و چوونە یەكی لباد و فەرەنجی لەبەر زۆر سوونەوەی.
سوواو: شتێكە كە لووس بوو بێ و برگەی نەمابێ.
سوواوە: شتی سووراوە.
سووبا: ز. مەلەوان.
سووباهی: ز. مەلەكردن.
سووپ: ز. چەند بەردێكە لە بەریانی ئاودا دادەنرێ و داری پێدا ڕادەنگێورێ بۆ ماسی گرتن.
سووت: ز. چاڵێكە تەپكەی لەسەر دادەنرێ بۆ گرتنی هێندێ باڵندە.
سووتار: مەردوومی سەرسەری (ز). قووڵ.
سووتال: سووتار.
سووتان: ئاگر تێبەربوونی شتێك و نەمانی.
سووتاندن: ئاگربەردان لە شتێك و نەهێشتنی.
سووتانن: سووتاندن.
سووتانەوە: سووربوونەوە و هەڵ زلەپینی شوێنێك لە ئەندام بەهۆی تەڕبوون و زۆر مانەوەیەوە لە تەڕیدا.
سووتاو: شتێكە كە ئاگری تێ چووبێ.
سووتاوە: شوێنێكە كە سووتابێتەوە.
سووتك: سووتوو.
سووتوو: خۆڵەمێشی شتی سووتاو.
سۆوتە: د. شتی سووتاو.
سووتەڵ: شتێكە كە لایەكی سووتابێ.
سووتەمەرۆ: داری نیوە سووتاوی هەڵپرووزاو.
سووتەمەنی: شتێكە كە ئامادە كرابێ بۆ ئاگركردنەوە.
سووتەنی: سووتەمەنی.
سووتیان: د. سووتان.
سووتیانەوە: د. سووتانەوە.
سووتێن: شتێكە كە بسووتێنێ.
سووتێنەر: سووتێن.
سووجگەر: د. سیوجگەر.
سووجەرگ: د. سیوجگەر.

سووج: گوناح و تاوان. قوژبن.

سووچدار: تاوانبار. شتی گۆشەدار.

سووچنای: هـ. سووتان.

سووچەڕ: سووچەڕ.

سووچەڕ: گیاندارێکە بەقەد قەلەموونێک کە ڕقی هەستا پەڕەکانی دەهاوێژێ بەر هەر شتێک بکەوێ بریندراری دەکا و، گۆشتی دەخورێ.

سووچێو: مەقەڵی.

سووخار: ز. بەڵمی برنج.

سووخاڵ: خەڵووز.

سووخاڵدان: خەڵووزدان.

سووخۆر: د. سوود خۆر.

سوود: قازانج. کرێی پارەیەکە کە بەساڵ یا بەمانگ بدرێ بەیەکێک.

سوودخۆر: کەسێکە کە پارە بدا بەسوود.

سووددار: شتی بەکەڵک.

سوودکردن: پارەدان یا وەرگرتنی بەسوود.

سوور: جۆرە ڕەنگێکە وەک خوێن. شایی. سوێر.

سووراڤک: ز. سووراو.

سووران: شایی.

سوورانچک: سوورێنە.

سوورانە: پارەیەکە ئاغادێ دەیسێنێ لە زاوا لەکاتی ژن هێنانیدا.

سووراو: جۆرە ترێیەکی سوورە وەک (کاژاوی) بەڵام ئەم ناسکترە. دەرمانێکی سوورە ژنان بۆ جوانی سەر کوڵم و لێوی پێ ئاڵ دەکەن.

سووراوە: شتێکە کە سوورابێتەوە.

سووریاش: گزیر.

سووریاو: شتێکە ڕەنگی سوور کرابێ.

سووربلەتی: گوێژە سوورە.

سووربۆرە: وڵاخی بۆری سووریاو.

سووربوونەوە: سوور هەڵگەڕانی مەردووم لە کاتی تەریقی یا تووڕەبوونیدا. سوور هەڵگەڕانی گۆشت و شتی تر لە ڕۆنی داخدا.

سوور بەسوور: وتەیەکە وتنی شتێک بەیەکێک بەبێ پەردە نیشان دەدا: (سوور بەسوور) قسەکەم پێ وت.

سوورپڕنۆڵ: شتی سووری شلی ناشیرین.

سوور پیاز: هـ. زەردەواڵە.

سوورچک: سوورێنچک.

سوورچی: ناوە بۆ تیرەیەکی گەورە لە کورد.

سوورخون: سوورفل.

سوورداگەڕان: سوور هەڵگەڕان.

سوور داگەڕیان: سوورداگەڕان.

سووڕ: چەرخە و خول. سەما.

سووڕان: چەرخان و خولخواردن.

سووڕاندن: چەرخدان بەشتێک و خول پێدانی.

سووڕاندنەوە: خولاندنەوەی شتێک.

سووڕانگە: شوێنێکە تێیدا بسووڕێیتەوە.

سووڕانن: سووڕاندن.

سووڕاننەوە: سووڕاندنەوە.

سووڕانەوە: خولانەوە. گەڕانی مەردووم بەبێ ئامانج.

سووڕخواردن: خولخواردن.

سووڕدان: خولدان. سەماکردن.

سووڕک: با. جورنە.

سووڕگە: سووڕانگە.

سووڕناتک: سوورێنچک.

سووڕنەخۆش: مەردوومی جۆشنی سووڕدەر.

سووڕە: خولە و چەرخە بەگردی شتێکدا، (سووڕە سووڕ) سووڕ خواردنی یەک لەدوای یەک.

سووڕیان: د. سووڕان.

سووڕیانەوە: د. سووڕانەوە.

سوورسات: خەرج و باجێکە کە ئاغادێ بیسێنێ.

سوورشامی: جۆرە ترێیەکی سوورە دەنکی لە سادانی گەورەترە.

سوورفل: سوور پڕنۆڵ.

سوورک: با. مۆرانە.

سوورکردن: پاککردنی دانەوێڵە لە خەرماندا بەجیاکردنەوەی کاکەی.

سوورکردنەوە: ئەم دیو ئەودیو کردنی گۆشت و شتی تر لە ڕۆنی داخدا تا سوور هەڵدەگەڕێ. پشت ڕاگرتن بەڕووتی لەبەر ئاگر و دەست پێداهێنانی لە کاتی سەرمابووندا تا سوور دەبێتەوە. خستنی خشت و گۆزە و دیزە و شتی تر بۆ ناو ئاگر تا سوور دەبێتەوە.

سوورکە: جۆرە مێوژێکی سوورە لە ترێ سپیکە دروست دەکرێ. برنجێکە کە دەنکی سووری زۆر بێ. شوێنێکە لە زەوی کە سووربێ و سەوزی تێدا نەبێ. برێتییە لە منداڵی وردە.

سوورکەلە: ئادەمی سووریاو.

سوورکەڵە: سوورکەلە.

سوورکەووگ: د. سوورکەوە.

سوورکەوە: وڵاخی کەوەی سووریاو.

سوورگوم: شتی ونی بێ سەر و شوێن.

سوورگومکردن: ونکردن و بێ سەر و شوێن کردنی شتێک.
سوورگی: ئاسنێکی زبانە دارە لە دیوی ناوەوە پەنجەرە و دەرگای پێ دادەخرێ.
سوورم: د. زەوی سووری بێ گژوگیا.
سوورۆنە: گیایەکی کوێستانییە کە سەر دەردەهێنێ وەک چنگی کەو سوورە.
سوورەبنە: گیایەکی بەهاری کوێستانییە دەکرێتە ناو دۆکولیوەوە.
سوورەبی: جۆرە بییەکە.
سوورەپیاز: جۆرە پیازێکی سوورە.
سوورەتا: جۆرە تایەکی بێ موچڕک و لەرزە سێ شەو و سێ ڕۆژ دەخایەنێ.
سوورە چنار: پەلک.
سوورە چێو: دارێکی سوورباوە بەقەد دار هەناریک بەرز دەبێتەوە گەڵای وەک بەهێ وایە.
سوورەداڵ: جۆرێکە لە داڵ بەڵام ئەم گۆشت خۆر نییە.
سوورە داڵە: سوورە داڵ.
سوورەڕێوی: جۆرە ڕێوییەکی سوورباوە.
سوورەقانگ: جۆرێکە لە مراوی.
سوورەماسی: جۆرە ماسییەکی سوورکارە گۆشتی زۆر خۆشە.
سوورە مۆزە: شەنگە سوورە.
سوورە و بووگ: د. شتی سووربووەوە.
سوورەوبوون: د. سووربوونەوە.
سوورەوکردن: د. سوورکردنەوە.
سوورەوکریاگ: د. شتی سوور کراوە.
سوورهووڵ: د. شلی سوور پڕ نۆڵ.
سوور هەڵگەڕان: سووربوونەوەی مەردووم لە تووڕەبوون یا تەریقبوونەوە یا سەرمابوونیدا. ناڵ و بۆڵبوونی خورما و هێندێ شتی تر.
سوورێتی: سووری شت.
سوورێجە: د. سوورێژە.
سوورێچکە: د. قوڕگ.
سوورێژە: دەردێکە وەک ئاوڵە بەڵام ئەم ئاو ناگرێ.
سوورێکە: سوورێژە.
سوورێنجە: سوورێژە.
سوورێنچک: سوورێنە.
سوورێنچکە: سوورێنچک.
سوورێنە: لوولەیەکە لە قوڕگی گیانداردا ئاوی پێدا دەچێتە خوارەوە.
سووری: بوونی شت بەسوور.
سووریجە: د. سوورێژە.

سووزان: سووتان.
سووزاندن: سووتاندن.
سووزمە: چێشتێکە کە بەرەکەی گوشرا بێ و تڵپەکەی فڕێ درابێ.
سووزن: سووژن.
سووزن ئاژن: سووژن ئاژن.
سووزەنەک: دەردێکی پیسە زۆرتر دەگا بەجێی میزی ئادەمی و بەئازارەوە میزی بۆ دەکرێ.
سووزەنی: دۆشکلەیەکی جوانی پڕ تەڕی بێ ساچاغداراە لە حەمامدا خۆی لەسەر پۆشتە دەکرێتەوە.
سووزیان: گری دەروون: (سووزیان)م دەگرێ، واتە دەروونم جۆشی سەندووە.
سووزیاو: سووتاو.
سووژن: ئاسنێکی درێژی لووت تیژە کورتان و هێندێ شتی تری پێ دەدرورێ.
سووژن ئاژن: سووژن کردن بەشتێکدا بەزۆری.
سووژندان: چەرمێکی درێژکۆلەیە سووژنی تێ دەخرێ.
سووژیان: سووتان.
سووژیاو: سووتاو.
سووسک: ز. سوێسکە.
سووسکە: سوێسکە.
سووسە: دەنگوباسێکە کە هێشتا بڵاونەبووبێتەوە: (سووسە) یەک هەیە لەلایەن فیسارە باسەوە، واتە دەنگوباسێکی کزی هەیە. بای سووک.
سووسە کردن: دەنگوباس وەرگرتنێکی کەم لە شتێکی نهێنییەوە.
سووسەلێ: بزنی ڕەشی دەموچاو سوور.
سووسەمار: بزمژە.
سووسەن: ز.سۆسەن.
سووسی: هـ. سوێسکە.
سووش: ز. جۆرە گیایەکی بۆن خۆشە.
سووقان: ئێسقان.
سووک: شتێکە کە قورس نەبێ. بریتییە لە مەردوومی بێ مایەی بێ نرخ.
سووکبار: بریتییە لە کەسێک کە ئەرکی کەم بێ.
سووکباری: بریتییە لە کەم ئەرکی.
سووکرە: دیزە.
سووککردن: بریتییە لە ئابڕووبردنی یەکێک.
سووکە: د. شیشێکە کە گۆرەوی پێ دەچنرێ.
سووکەڵە: شتێکە لە هەڵگرتندا سووک بێ.
سووکی: بوونی شت بەڕەنگێک کە قورس نەبێ. بریتییە لە بێ نرخی و بەدناوی یەکێک.

سوول: با. جوڕنە. تاڤگە. پلوسکی ئاو.
سوولاف: تاڤگە.
سوولاووک: سوولاوگە.
سوولاوگە: پلوسکی سەربان.
سوولک: منداڵی ساوا. سوولاووک.
سوولکە: بنیسکە سابوون. بریتییە لە منداڵ: دوو (سوولکە)م هەیە، واتە دوو منداڵ.
سوولگە: شوێنی لێژ.
سوولە: چەند سنگێکی باریکی نووک تیژە (بەرماڵ)ی دەواری لە دەواردا پێ قایم دەکرێ. لاسکی هەرزن (ز).
سوولەڕمە: چلوورە.
سوولین: با. زێراب.
سوون: سن. ساوین.
سوونەوە: هەڵگلۆفتن و دەستهێنانی زۆر بەشتێکدا: کەشکەکە یا لباد و فەرەنجییەکە بسووڕەوە.
سوودیل: د. ئەستێرەی سیودیل.
سوویاگ: د. سواو.
سوویان: سووان.
سوویە: سپڵ.
سوهتن: ز. سووتان.
سوهون: ز. سام و ترس.
سودی: سبەی.
سوێ: خەفەت و داخ: (سوێ)ی برد بەدڵیدا. ئێش و ئازار: ئەم برینە بە(سوێ)یە. تەماشا.
سوێبوونەوە: مردن لە داخا یا لە ئازارێکدا.
سوێتەلی: مەردوومی هەڵەشەی سەرسەری.
سویجگەر: سیوجگەر.
سوێر: خواردنێکە کە تامی وەک تامی خوێ وابێ.
سوێر خوێ: خواردنێکە کە مەزەی سوێری بێ.
سوێرۆ: د. ڕیشۆڵە.
سوێرەکە: جۆرە خواردەمەنییەکە لە خەستەی دۆ دروست دەکرێ. جۆرێکە لە مازوو دەباخی پێ دەدرێ.
سوێردڵووک: شتی سوێری ناخۆش.
سوێرێژک: سووریژە.
سوێس: تارمایی.
سوێسکە: مەلێکە وەک کەو بەڵام ئەم پچووکتر و گۆشتی خۆشترە.
سوێسن: سۆسەن.
سوێسنایەتی: ناوە بۆ ناوچەیەک لە کوردستانی ئێران.
سوێسنە: گوڵێکی جوانی بۆنخۆشی کوێستانییە.
سوێگە: ئاسۆ.
سوێل: سمێل.
سوێڵ: سمێڵ.
سوێن: سوێند.
سوێند: پاکانە بە ناوی خوا.
سوێند خوار: دوو کەس یا زیارترن کە پاکانەیان بۆ یەکتری کردبێ لە شتێکدا و بووبن بەیەک.
سوێندخواردن: پاکانەکردن بەناوی خوا.
سوێندخواری: یەکێتی دوو کەس یا زیاتر بەهۆی سوێند خواردنەوە.
سوێندخۆر: کەسێکە کە سوێند بخوا.
سوێنددان: پاکانەکردن بە یەکێک.
سوێندگیر: کەسیکە کە سوێندی درۆ پێی نواندبێ.
سوێنکە: سونکە.
سوێنگ: سوێند.
سوێنگخوار: سوێندخوار.
سوێنگخواردن: سوێندخواردن.
سوێنگخورایی: سوێندخواری.
سوێنگخۆر: سوێندخۆر.
سوێنگدان: سوێنددان.
سوێنگ گیر: سوێندگیر.
سوێنە: دەفرێکی گلێنی سووردەوەکراوی پەلە بەرگ و کاڵای تێدا دەشۆرێ.
سۆیە: سبەی.
سویر: ل. شایی.
سویل: ل. سمێڵ.
سویلاڤ: با. تاڤگە.
سوین: سوونی شت.
سە: سەگ. سێ (ز). سێبەر (ز).
سها: سێبەر.
سەبا: ناوە بۆ جۆرە مقامێک.
سەبارەت: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (لەبەر): (سەبارەت) بەنەخوێندەوارییە کە کورد پاش کەوتووە.
سەبرگە: ڕیخ و شیاکە.
سەبرگەچی: کەسێکە ڕیخ و شیاکە پاک بکاتەوە و فڕێی بدا.
سەبزە: سەوزاییەکە بە کاڵی یا بە کوڵاوی بخورێ. هەموو جۆرە شیناییەک کە ڕوابێ.
سەبوون: بای گەرم.
سەبەتولکە: سەبەتەی پچکۆلە.
سەبەتە: دەفرێکی تووڵینی دەم پەلە.

سەبەتە بەسەرێ: جۆرە یارییەکە ئەوی تێ بکەوێ دادەنیشێ و یەکێک دەبێ بەوەستا بەژوور سەریەوە پاسی دەکا و ئەوانی تر دێن لێی بدەن وەستاکەش نایەڵێ لەو حەلەدا دەستی بەر هەرکامێکیان بکەوێ تێ دەکەوێ.

سەبەتچن: کەسێکە کە سەبەتە دروست بکا.

سەبەل: جۆرە دەردێکە بەچاو دەگا زیادە گۆشتی تێدا پەیدا دەبێ.

سەبەڵ: د. سەبەل.

سەبیل: شتێکی خواری کونداری گڵێنە سوور دەکرێتەوە و توتنی پێ دەکێشرێ.

سەبیلچی: کەسێکە کە سەبیل دروست بکا.

سەبیل خۆر: سەبیل کێش.

سەبیل ساز: سەبیلچی.

سەبیل کێش: کەسێکە کە سەبیل بکێشی.

سەبیلە: شتێکە وەک سەبیل ئەمسەر و ئەوسەری بۆریەی ئاوی پێ قایم دەکرێ.

سەپان: کەسێکە کە بە یازدە یەک دانەوێڵە بدروێتەوە و بیهێنێتە ناو بۆ خاوەنی.

سەپاندن: جێکردنەوەی شتێک لە شوێنێک بەزۆر.

سەپانی: وەرزێری.

سەپک: تێلا. دارێکە وەک چنگی ئادەمی دەواری پێ دەکوترێ لە کاتی تەنیندا بۆ سفتی. کولێرەیەکە لە کەپەک دروست دەکرێ بۆ سەگ.

سەپلە: جۆرە کولێرەیەکە بۆ سەگ دەکرێ.

سەپۆڵە: مەردوومی گەلحۆی گێژ و وێژ.

سەپوول: د. سەپۆلە.

سەپەل: د. مەردوومی سەپۆلە.

سەپەلیک: سپڵ.

سەتک: گیایەکی بەهارییە بەرێک بەهێشوو دەگرێ دەنکەکانی وەک نۆک وایە تام و بۆنی خۆشە.

سەتڵ: دەفرێکی قوڵفداری گەورەیە لە مس یا لە تەنەکە یا لەوح دروست دەکرێ و ئاو و هێندێ شتی تری پێ دەهێنرێ.

سەتماندن: ز. پڕکردنەوەی بیر. وێرانکردنی شوێنێک.

سەتمە: ز. ساتمە.

سەحکردن: ز. گوێگرتن.

سەحەری: جۆرە مقامێکی کوردییە.

سەحەن: دەفرێکی مسینە وەک دەوری پەلە بەلام ئەم قووڵترە.

سەحەنچە: سەحەنی پچووک.

سەچیتین: ز. تەفتیش.

سەخت: شتی زۆر ڕەق. ڕۆژی سەرماو باوە. مەردوومی تووڕە بوو.

سەختبوون: تووڕەبوون. ڕەقبوون.

سەختکردن: تووڕەکردن.

سەختەگرێ: د. گرێ کوێرە.

سەختەوبوون: د. ڕەقبوون. تووڕەبوون.

سەختیان: کەوڵی نانکردن. شەقە چەرم.

سەختی: ڕەقی. سەرما و سۆڵە: بەم (سەختی)یە مەچۆرە دەرەوە. ڕاسپاردن: فیسار کەسم (سەختی) کرد واتە ڕام سپارد. تووڕەیی.

سەخڵەت: د. سەغڵەت.

سەخڵەتکردن: د. سەغڵەتکردن.

سەخڵەتی: د. سەغڵەتی.

سەخور: ڕیخی ناوسکی ئاژاڵ.

سەخوڕدان: تووڕەکەیەکە لەناو سکی ئاژاڵدا سەخووڕی تێدایە.

سەخوڕگا: د. شوێنێکە کە سەخوڕی تێ فڕێ بدرێ.

سەخورمە: د. سیخورمە.

سەخەری: د. پێستی کەفەڵی گا و گامێش و وڵاخی بەرزە کە ژێری پێڵاوی لێ دروست دەکرێ.

سەد: ناوە بۆ ژمارەیەک کە دە جار دەیە.

سەدارە: جۆرە کڵاوێکی لا پانە، هێندێ لە کارگوزەرانی دەوڵەتی عێراق دەیکەنە سەر.

سەدان: ئەو ژمارانەن کە لە پلەی سێیەمدا دەنووسرێن لە ژمارەدا. چەند سەدێک لە شتێک: فیسار کەس بە(سەدان) مەڕی هەیە .

سەدری: جۆرە برنجێکی دەنک باریکی درێژکۆلەیە و بۆنێکی خۆشی هەیە.

سەدە: چەرخێکە کە بریتییە لە سەد ساڵ (قرن).

سەدەف: شتێکی سپی سەختی بریقەدارە قۆپچە و شتی تری لێ دروست دەکرێ.

سەدەم: سەدەمین. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (لەبەر) (ز).

سەدەمین: شتێکە لە پایەی سەددا بێ.

سەدهەم: سەدەمین.

سەدهەمین: سەدەمین.

سەهر: ز. زڕ.

سەر: سەلکی گیاندار. لای ژوورووی هەموو شتێک. نیشانەیەکی پچکۆلەی ڕاستە لە بان هێندێ پیتی عەرەبی دادەنرێ. جار: بەیانی (سەر)ێک هاتم بۆ لات. سەرقاپی شت: (سەر)ی شووشەکە شکاوە. دەمی دەفر: (سەر)ی دەفرەکە بنێرەوە. بریتییە لە تاقە گیاندارێک: خێزانی فیسار کەس چوار (سەر)ن. ئەندازەیەکە لە ناو کە کشتوکاڵی پێ ئاو بدرێ: کارێزەکەم (سەر)ێک ئاوی هەیە.

سەرا: کۆشکێکی گەورەی دەوڵەتییە کە سەرۆک و فەرماندەری دەوڵەت و بەردەستەکانی پیشەی دەوڵەتی تێدا دەبیێن.

ســـەراپا: وتەیەکــە لەباتی وتاری (لە ســـەرەوە تا خــوار) بەکاردێنرێ: کتێبەکەم سەراپا خوێندەوە، واتە لە سەریەوە تا خواری.

سەرا پەردە: پەردەیەکە بەدەرگای سەرا و ژووری پیاوی گەورەدا بگیرێت.

سەراپیتە: بنمیچ.

سەراراو: کەف و سابووناوێکە کە یەکەم جار بەرگی پێ دەشۆرێ.

سەرازا: سەربەخۆ.

سەرازایی: سەربەخۆیی.

سەرا سوێ: سەرە تاتکێ.

سەراسەر: سەراپا.

سەراسێ: سەرێشە: دراوسێ لە دراوسێ دەگرێ (سەراسێ).

سەراسیمە: کەسێکە کە سەری سوڕمابێ لە کارێک.

سەراک: ز. سەرۆک.

سەرامەد: مەردوومی قاڵی زیرەکی دەرهاتوو.

ســەرانســەر: سەراپا. توێژاڵی ســەرەوەی شت: (ســەرانســەر)ی ماستەکە بگرە.

سەرانگوێلک: سەرەنوێلک.

سەرانە: باجێکە لە مەردووم بسێنرێ لە جیاتی سەری خۆی.

سەراو: پێشـاو. ئاوێکی زەردە ئافرەت لە پێش منداڵ بوونیـدا بەچەند دەمێک لە بەری دەڕوا، سەرچاوەی گەورە.

سەراو تۆقین: تەقینی ئەو پەردەیەی کە منداڵی تێدایە لە سکی دایکیدا و هاتنە دەرەوەی ئاوەکەی کەمێک لە پێش منداڵ بووندا.

ســـەراوورد: ســـەرەتا و بناوانی هەمـوو شـــتـێـک: جـاف لە (سەراوورد)ەوە کۆچەری بووە. لای ژووروویی شت.

ساراوەرد: د. سەراوورد.

سەرئەژمێری: سەر ژمێرە.

سەرئەناز: د. لاکێشێکە لە ژوورقاڵیێیەوە ڕادەخرێ لەسەر باری پانی.

سەر ئەنجام: ئەنجام و ئاکامی کار.

سەر ئەنناز: ز. سەرپۆشێکە کە بدرێ بەسەر شتدا.

سەر ئێشان: سەر ئێشە.

سەرئێشاندن: بریتییە لە سەرکردنە سەر یەکێک.

سەر ئێشە: ژانەسەر.

ســەرئێلچی: نوێنەری هەرە گـەورەی دەوڵـەتێک لە پایتــەختــی دەوڵەتێکی تردا.

سەربار: بریتـییە لە ئیشـوکارێکی لاوەکی کە خرابێتـە سـەر ئیشوکارێکی تایبەتیت. شتێکە کە خرابێتە سەر دووتای بار.

سەربارە: سەربار.

ســەرباز: کـەســێکە کـە چووبێتــە ژێرچەکی دەوڵەت بۆ پاسی نیشتمان.

سەربازخانە: شوێنێکە کە سەربازی دەوڵەت تێیدا دانیشێ.

سەربازکاری: خزمەتی سوپایی.

سەربازگە: سەربازخانە.

سەربازگیری: گیرانی لاوان بۆ سەربازی.

سەرباس: باسێکە کە قسەی لێ بکرێ (موضوع).

سەربال: سێ پەڕی گەورەیە بەسەر باڵی باڵندەوە.

سەربان: سەری ژوور و خانوو.

سەربڕ: د. قەد بڕ.

سەر براو: گیاندارێکە کە سەری لە لەشی کرابێتەوە.

سەر بریاگ: سەر بڕاو.

سەر بڕین: بڕینی سەر و جیاکردنەوەی لە لەش.

سەربزێو: بریتییە لە مەردوومی جەربەزەی هار و هاج.

سەر بزێوی: بریتییە لە جەربەزەیی و هار و هاجی.

سەربلن: د. سەر بڵند.

سەر بڵند: بریتییە لە یەکێک کە ئەنگ ڕووی تێ نەکردبێ.

سەر بڵندکردنەوە: سەربەرزکردنەوە.

سەربڵندی: بریتییە لە بێ ئەنگی.

سەربلنی: د. سەربڵندی.

سەر بە: وتەیەکە ئاشنایەتی یەکێک دەگەیەنێ بەکەسێک کە لە دوایەوە دەوترێ: (سەربە) من، (سەربە) تۆ، (سەربە) ئەو، واتە ئاشنای من یا تۆ یا ئەو.

سەر بەتاک: سەر بە تاڵ.

سەر بە تاڵ: شتی دانەپۆشراو.

سەربەخۆ: مەردوومێک یا گەلێکە کە لە کاروباری خۆیدا ژوور دەستی نەبێ.

ســەربەخـۆیی: بوونی مـەردووم یا گـەل بەڕەنگێکی وا کـە ژوور دەستی نەبێ لە کاروباری خۆیدا.

سەر بەدوو: ز. چێشتی دۆینە.

سەر بەدەرەوە: کەسێکە کە هاتوچۆی دەرەوە زۆر بکا.

سەربەرز: سەربڵند.

ســەربەرزکـردنەوە: بریتـیــیـە لە دووبارە پەیدابوونەوەی کـارێک: جەردەکان (سەریان بەرز کردۆتەوە).

سەربەرزی: سەر بڵندی.

سەربەرەخوار: سەربەرەوخوار.

سەربەرەخوارە: سەربەرەوخوارە.
سەربەرەژوور: سەربەرەو ژوورە.
سەربەرە ژوورە: سەر بەرەو ژوورە.
سەربەرەژێر: سەربەرەوژێر.
سەربەرەژێرە: سەربەرەوژێرە.
سەربەرەوخوار: سەر بەرەوخوارە. شتێکە سەری کەوتبێتە خوارەوە و خۆی کەوتبێتە سەرەوە.
سەربەرەوخواربوون: دەمە و ژێربوونی شت.
سەر بەرەوخواربوونەوە: ڕۆین بەرێگایەکی لێژدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە.
سەربەرەوخوارکردن: دەمە و ژێرکردنی شتێک.
سەربەرەوخوارکردنەوە: ناردنی شتێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە. سەر بەرەوخوار کردن.
سەربەرەوخوارە: هەڵدێرگە و لێژی.
سەربەرەوژوور: شوێنێکە کە بەرز بێ و ژوور تۆ کەوتبێ.
سەربەرەوژووربوونەوە: ڕۆین بەرێگایەکی لێژدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە.
سەربەرەوژوورکردنەوە: ناردنی شتێک لە خوارەوە بۆ سەرەوە.
سەربەرە و ژوورە: شوێنی هەوراز.
سەربەرەوژێر: سەربەرەوخوار.
سەربەرەوژێربوون: سەر بەرەوخوار بوون.
سەر بەرەو ژێربوونەوە: سەر بەرەوخواربوونەوە.
سەربەرەوژێرکە: سەربەرەوژێرە.
سەربەرەوژێرە: سەربەرەوخوارە.
سەربەس: سەربەست.
سەربەست: کەسێکە لە هیچ سڵ نەکا و شەرم نەکا. سەرپێچ. سەربەخۆ.
سەربەستکردن: نرخێکی زۆر دانانە لەسەر شتێک بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەی دەستخەڕۆ بێ و لەو نرخە کەمتر نەیفرۆشێ و دابمێنێ بەدەستیەوە.
سەربەستە: بریتییە لە شتی پۆشراوی شاراوە.
سەربەستی: شەرم و سڵ نەکردن. سەربەخۆیی.
سەربەسە: د. سەربەستە.
سەربەسەر: گۆڕینەوەی دوو شت بەیەکتری بەبێ باقی دانەوە.
سەر بەسەرێ: سواربوونی دوو نێرینەی ئادەمی بۆ یەکتری و ئارەزوو بەجێ هێنانیان بەیەکتری.
سەربەسی: سەربەستی.
سەربەش: بەشێکی سەرپشکە لەناو چەند بەشێکدا لە شتێک.
سەر بەفەتارەتدان: تووشکردنی یەکێک بەچورتمێک بەرێکخستنی هەلاتێک بۆی بەرەنگێک کە سەری تێدا بچێ.
سەربەکڵاوە: کاتی هاتنە خوارەوەی باران و بەفر بەلێزمە و ڕەهێڵە.
سەربەگۆبەنگ: کەسێکە لە هەموو شوێنێک هەر گۆبەنگ بنێتەوە.
سەر بەگێچەڵ: سەر بەگۆبەنگ.
سەر بەمۆر: قوتوو یا شووشەیەکە کە پڕ بێ لە شتێکی بەنرخ و سەرەکەی مۆر کرابێ.
سەربەن: ز. چەرمی سەر پەنجەی نەعل.
سەربەند: تاقە شیعرێکە کە لە (حەوت بەنددا) بوترێتەوە.
سەر بەهەوێ: ژنێکە کە هەوێی بێ.
سەربێشکە: پەردەیەکە دەدرێ بەسەر بێشکەی منداڵدا.
سەرپاچ: دروونەوەی گیایەکە کە لەناو مەرەزەدا ڕوابێ و کەوتبێتە سەر مەرەزەکە.
سەرپارێزەر: محامی.
سەرپاک: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (هەموو): مەرەزەکەم (سەر پاک) درووەوە.
سەر پالآن: سەر کورتان.
سەرپالە: سەپانێکە لەکاتی دروێنەدا پێش سەپانەکانی تر بکەوێ.
سەرپایی: د. سەرپێیی.
سەرپڕ: دەفرێکە لێواولێو پڕبێ لە شت. سەر جەنجاڵ.
سەرپزوو: شوێنی بەندە خوێن لە دەرپێ و ڕانک و دەمەر قۆپان.
سەرپشک: شتێکی زۆر باشە لەناو چەند شتێکی تردا کە پشک خرابێ و بەر یەکێک کەوتبێ.
سەرپۆت: کردنی کارێک بەناپوختی: (سەرپۆت)ێک تووتنەکەم دارک بژێر کرد.
سەرپۆرت: د. سەرپۆت.
سەرپۆش: پارچەیەکی تەنراوی چوارگۆشەیە کە بدرێ بەسەر شتدا. تەنراوێکە کە ژنان دەیدەن بەسەرباندا.
سەرپەتی: مەردوومی سەر ڕووت.
سەرپەرچەم: جۆرە چەکێکی ژنانانەیە دەکەوێتە سەر پەرچەم.
سەرپەڕ: شتێکە لەوپەڕی چەند شتێکی تردوەبێ.
سەرپەرە: پارچە کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگە کە بۆ جوانی دەدرێ لە ڕووی شت.
سەرپەرشت: کەسێکە چاودێری شتێک بکا.
سەرپەرشتی: چاودێری کردنی شتێک.
سەرپەل: سەر لقی درەخت.
سەر پەڵە: مانگی تشرینی دووهەم کە سی ڕۆژە.
سەرپەنجە: جومگەی یەکەمی پەنجە.
سەر پێ سپاردن: بریتییە لە دڵنیایی و پشت بەستن بەیەکێک: فیسار کەس لە وانەیە کە (سەری پێ بسپێریت).

سەرپێچ: شتێکە کە ببەسترێ بە سەرەوە. بریتییە لە کەسێک کە ئەو فەرمانەی پێ دراوە نەیکا.

سەر پێچانەوە: بریتییە لە سڵەمینەوە و کۆکردن: فیسار کەس لە هیچ شتێک (سەر ناپێچێتەوە) واتە کۆ ناکا.

سەرپێچی: خۆ دزینەوە لە کارێک و نەکردنی.

سەرپیل: سەرشان.

سەرپێوەنان: بریتییە لە ملنان و ڕاست ڕۆیشتن: لەشکرەکە (سەری پێوەنا) واتە ڕاست ڕۆیشت.

سەر پێیی: گوزەران پەیداکردن بەبۆنەی هاتوچۆکردنی دەرەوە.

سەر پێیی کردن: بریتییە لە ڕەوانبوون و زۆرچوونە سەر پێشلو.

سەرتا: میوەیەکی جوانە دەخرێتە سەر دەمی تا.

سەرتاپا: سەراپا.

سەرتاسەر: سەرانسەر.

سەرتاش: وەستای سەر تاشین. چەقۆیەکە کە سەر بتاشێ.

سەرتاشین: تاشینی سەر بەگوێزان.

سەرتاق: دارێکە ڕایەڵ دەکرێ بەسەر تاقدا و دیواری لەسەر دروست دەکرێ. پەتێکە دەبەسترێ بەدەمی جەواڵەوە بۆ دروونی.

سەرتاڵ: سەری تاوی بەکرە و کندر.

سەرتڵ: بریتییە لە شتی نایابی هەڵبژاردە.

سەرتلیک: ڕەحەتی. ئەموستیلەی درومان.

سەرتۆ: د. سەرتوێ.

سەرتۆپ: چەند قەدێکە لە تۆپی تەنراو لە سەرەوە کە لەوانی دیکە باشترە. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (هەموو): (سەر تۆپ)ی گەڕدک چوونەتە سەیران.

سەرتوو: با. توێژی قەیماغ.

سەرتوێ: توێژی ماست.

سەرتوێژ: سەرتوێ.

سەرتەرز: تەرزی هەرە ناسکی هێندێ گیا و درەخت.

سەرتەریدە: گەورەی جەردە.

سەرتەریە: سەرتەریدە.

سەرتەڵ: د. شتی هەڵبژاردەی نایاب.

سەرتەنگ: تەنگەیەکە بەسەر باری وڵاخدا دەکێشرێ.

سەرتەنوور: سەرتەنوور.

سەرتەندوور: شوێنێکە کە تەنووری تێدا دانرابێ بۆ نانکردن.

سەرتیاچوون: بریتییە لە مردن لە پێناوی شتێکدا.

سەرتێشت: با. بەرچایی.

سەرتێکردن: بریتییە لە هاتوچۆکردن بۆ لای یەکێک: فیسار کەس (سەری تێ کردووم). بریتییە لە دەم ژەندنە شتێک و لەناودانی: فیسار کەس (سەری کردووەتە) داراییەکەی.

سەرتیپ: قائدی فرقە.

سەرتیل: چەند گوریسێکە سەرێکیان دەبەستری بەدەوارەوە و سەرەکەی تریان بەمێخەوە.

سەر تیلک: سەر تلیک.

سەرجل: پارچە هۆرێکە دەدرێ بەسەر کورتاندا بۆ ئاگاداری کورتانەکە.

سەرجەم: وتەیەکە لە جێی وتەی تێکڕا بەکار دێنرێ: جاف (سەرجەم) چوون بۆ کوێستان، یا (سەرجەم) ئەم کاڵانە بەچەند؟

سەرجەنجاڵ: کەسێکە کە زۆر خەریک بێ بەشتەوە و، نەپەرژێتە سەر شتی تر.

سەرجێیی کردن: بریتییە لە دروستبوونی پیاو لەگەڵ ژنی خۆی.

سەرچاوکە: د. سەرچاوگە.

سەرچاوگە: سەرچاوە.

سەرچاوە: شوێنێکە کە ئاوی کانی یا کارێزی لێ دەرکەوتبێ.

سەرچڵ: مەردوومی جەربەزەی چەتوون کە ئەنجامی کار لێک نەداتەوە.

سەرچڵی: سەرپێچی و سەر ڕەقی.

سەرچۆپی: هەڵپەڕین لە پەری لای ڕاستی ڕیزەوە.

سەرچۆپی کێش: کەسێکە لە پەری لای ڕاستی ڕیزەوە چۆپی بکێشێ.

سەر چەشمە: سەرچاوە.

سەرچەوت: کەسێکە لە پەیمان و بەڵێندا ڕاست نەبێ.

سەرچەوتی: ناڕاستی لە پەیمان و بەڵێندا.

سەرحەد: سنووری شوێنێک کە دووخاک لەیەک جوێ بکاتەوە.

سەرحەد دار: کەسێکە کە چاودێری سەرحەدێکی پێ سپێردرابێ.

سەرخان: نهۆمی سەرەوە لە خانوو.

سەر خستن: خستنی شتێک لە نزمییەوە بۆ بەرزییەک. بریتییە لە پەڕاندنی وڵاخی نێر. زاڵکردنی یەکێک بەسەر یەکێکدا یا بەسەر مەبەستێکدا.

سەرخستنە سەر: سەر نانەسەر.

سەرخواردن: بریتییە لە مردنی یەکێک دوای پەیدابوونی یەکێک: فیسار منداڵ (سەری باوکی خوارد).

سەرخوران: بریتییە لە ئارەزووکردنی یەکێک بۆ کارێک: فیسار کەس (سەری دەخورێ) لە ئاژاوە.

سەرخۆش: کەسێکە بە هۆی خواردنەوەی ئارەق و مەیەوە مەست و بێ هۆش بووبێ.

سەرخۆشبوون: بێ هۆشبوون بەهۆی خواردنەوەی ئارەق و مەیەوە.

سەرخۆشی: مەستی و بێ هۆشی.

سەرخۆشی کردن: دڵنەواییکردنی یەکێک کە مردووی مردبێ یا تووشی چورتمێک بووبێ لەگەڵ دڵخۆشی دانەوەی.

سەرخەو شکاندن: بریتییە لە نووستنێکی کەم بۆ حەسانەوە.
سەرخەو کردن: سەرخەو شکاندن.
سەرخێڵ: گەورە و سەرۆکی خێل.
سەرد: سارد (د). بریتییە لە مەردوومی بێ هەوەس لە شتێک.
سەرداب: سارداو.
سەرداخستن: بریتییە لە شەرمەزاری و تەریقی.
سەردار: گەورەی کۆمەڵێک.
سەرداری: گەورەیی کردنی کۆمەڵێک.
سەردان: دیدەنی کردنی یەکێک. بەسەرکردنەوەی شتێک.
سەر دانان: بریتییە لە گیان بەختکردن لە ڕێی شتێکدا.
سەردانەواندن: بریتییە لە شەرمەزارکردنی یەکێک: فیسار کەس چاک (سەری بەفیسار دانەواند).
سەرداو: د. سارداو.
سەرداهاوردن: سەرداهێنان. سەری قسە دامەزراندن (د).
سەر داهێنان: شانەکردنی مووی سەر.
سەر دڕ: شتێکە کە مەردووم بەدەستی خۆی تەنیبێتی: جۆلا بە(سەر دڕی) خۆی نارازیایە.
سەردروو: کۆکی دروومان.
سەردۆشەک: تەنراوێکی جوانە دەدرێ بەسەر دۆشەکدا.
سەرد و گەرم: د. سارد و گەرم.
سەردولکە: ئەو وتارانەن کە لە پرسەی ژناندا سەردولکەبێژ دەیانڵێ و ئەوانی تر بۆی دەسێننەوە.
سەردولکەبێژ: ژنێکە کە لە پرسەی ژناندا بەچەند وتارێکی دڵگیر دەلاوێنێتەوە بەسەر مردووەکەدا و ژنەکانی تر بۆی دەسێننەوە.
سەردۆڵە: کەوڵی نان لەسەر کردن.
سەر دەرچوون: بریتییە لە شارەزایی لە شتێکدا: فیسار کەس لە هەموو شتێکدا (سەری دەردەچێ).
سەر دەرکردن: خۆ ڕزگارکردن لە چورتمێک.
سەردەرکەر: ڕابەری شارەزا.
سەر دەرگا: چەند دارێکە ڕایەڵ دەکرێ لەسەر دەرگا و دیواری لەسەر دروست دەکرێ.
سەردەرهاتن: بریتییە لە سەوزبوونی گیا.
سەردەرهاوردن: سەر دەرهاتن.
سەردەرهێنان: سەر دەرهاتن.
سەر دەری: کاڵایەکی قۆڵدارە لەسەر کاڵای ترەوە لەبەر دەکرێ.
سەردەست: سەر قۆڵی هێندی کاڵا.
سەردەستان: کاتی منداڵبوونی ئافرەت کە مامان دەیخاتە سەر دەستی. سارده سنگان.
سەردەستە: شتی هەڵبژاردەی نایاب: سەعاتەکەم: (سەردەستە)یە. سەر دەست.
سەردەسێر: د. کوێستان.
سەردەفتەر: یەکەمین کەسێکە کە ناوی نووسرابێ لە سەرووی چەند ناوێکەوە.
سەردەق: دەقی دەست لێ نەدراوی هەموو شتێک.
سەردەق شکاندن: بریتییە لە کردنی کارێک یا وتنی قسەیەک کە هێشتا کەس نەیکردبێ یا نەیوتبێ: (سەردەقی) ئەم کارە یا ئەم وتارە مەشکێنە.
سەردەم: کات و حەلێکی تایبەتییە کە کارێکی تێدا کرابێ و ئێستا باسی بکەوێتەوە: لەو (سەردەمە)دا کە من دەمخوێند خوێندەوار زۆر بوو. (عصر).
سەردەمە: تەنراوێکی تەنکە دەدرێ بەدەمی منداڵدا لە ناو بێشکەدا.
سەردەمی: شتی دەمدەمی. (مؤقت).
سەردەنشت: سەرزەنشت.
سەردەوبوون: د. ساردبوونەوە.
سەردەوکردن: د. ساردکردنەوە.
سەردی: ساردی.
سەڕاد: ز. کەوی بێژانەوە.
سەڕاندن: زەڕاندن.
سەرڕا: سەرەڕا.
سەرڕاست: بریتییە لە کەسێک کە لە پەیمان و ئیشوکاردا ڕاست بێ.
سەر ڕاستی: بریتییە لە پەیمان دروستی و ڕاستی.
سەر ڕوشتە: بەڵگە: لە بابەت شتە دزراوەکەوە (سەر ڕوشتە)یەکم دەستکەوتووە. دەستمایەیەکی کەم لە خوێندەواری و ژیری: فیسار کەس لە خوێندندا (سەر ڕوشتە)یەکی هەیە، یا فیسار کەس بە(سەر ڕوشتە)، واتە ژیرە.
سەر ڕەق: بریتییە لە مەردوومی ڕق ئەستوور کە لە کێشی کەسدا نەبێ.
سەر ڕەقی: توورەیی و ڕق ئەستووری.
سەڕە: زەڕەی کەر، (سەڕە سەڕ) زەڕەی یەک لە دوای یەک.
سەڕهاتن: زەڕهاتن.
سەڕین: زەڕین.
سەرزارەکی: سەرزاری.
سەر زاری: قسەیەکە هەر بەدەم بووترێ و لە دڵ نەیەتە دەرەوە.
سەر زەردە: خشتێکە لە نیوەی کەمتری کەڵ بێ. کەسێکە بێ پرس و بێ پەروا بچێتە شوێنێک.
سەرزەنش: سەرزەنشت.
سەرزەنشت: تەریقکردنەوەی یەکێک لە ڕووی ئامۆژگارییەوە.

سەرزین: شتێکی جوانی ڕەنگاوڕەنگە دەدرێ بەسەر قەڵتاغی زیندا.

سەرژماردن: ژماردن و نووسینی سەری ئادەمی یا گیانداری تر بەتێکڕایی.

سەرژمێر: ئەو کەسەیە کە سەر دەژمێرێ.

سەرژمێرە: سەر ژماردن.

سەرژمێری: سەرژمێرە.

سەرژنانی: پیاوێکە کە خووی ژنانە بێ.

سەرساڵ: ز. ساڵیانە.

سەرسام: کەسێکە لە شتێک سەری سوڕمابێ.

سەرسامبوون: واق وڕمان.

سەرسامە: نیشانەیەکە وەکو: (!!) لە دوای ڕستەیەکەوە دەنووسرێ کە واتای سەرسامی ببەخشێ.

سەرسامی: سەرسوڕمان.

سەر سپاردن: خۆ بە دەستەوەدان و سەر تەسلیم کردن.

سەرسپی: ژنێکی پیرە کە ژنانی تر پرس و ڕای پێ بەکەن.

سەر سکڵی: هەویرێکی پانەوە کراوە وەک کولێرە کە لەسەر پشکۆ برژابێ.

سەرسم: نووچ.

سەرسم بردن: سەرسم دان.

سەرسم دان: هەڵەنگووتنی گیاندار.

سەرسواڵکەر: کەسێکە کە چاوی لە دەستی مەردوومەوە بێ.

سەرسوڕمان: سەرسامبوون لە شتێک.

سەرسووت: ز. سەرەبزووت.

سەرسووک: بریتییە لە مەردوومی کەم ئیش.

سەرسووکبوون: بریتییە لە کەمبوونەوەی ئیشوکار.

سەرسووکی: بریتییە لە کەمی ئیشوکار.

سەرسەخت: بریتییە لە گیاندارێک کە بەکێش بێ.

سەرسەختی: بریتییە لە بەرگە گرتن و بەکێشی گیاندارا.

سەرسەری: مەردوومی بەدخووی بێ وێڵی بەرەڵا. بێ موبالاتی و هۆش نەدانە شت: هەروا (سەرسەری) تەماشای نووسراوەکەم کرد.

سەرسەنگ: زیادەیەکە دەخرێتە سەر شتێکی فرۆشراوی کێشانە کراو بۆ خاترانە.

سەر شابەندەر: نوێنەری تێکڕایی دەوڵەتێک لای دەوڵەتێکی تر (قنصلی عام).

سەرشار: شوێنێکی تایبەتییە لە یاری چاوشارکێدا کە لەوێوە دەچن بۆ خۆشاردنەوە. سەر ڕێژکردنی لافاو (د).

سەرشان: سەریاڵ و تەپە و کێو. ئەندازەیەکە لە شت کە بەسەر شان هەڵ بگیرێ: (سەرشان)ێک ڕێواسم بۆ هات. بریتییە لە توێشە بەرەیەک کە تێشووی تێدا بێ.

سەرشکێنە: د. سەرەشکێنە. دابەشکردنی پاشماوەی شتێکی بەشکراو بەسەر خاوەن بەشەکاندا.

سەرشۆر: ناتری حەمام کە مەردووم بشوا. سەر شۆرک.

سەرشۆڕ: بریتییە لە یەکێک کە لەبەر نەنگ و بەدناوییەک تەریق بێ.

سەر شۆڕبوون: بریتییە لە تەریقبوونەوە.

سەر شۆڕکردن: بریتییە لە بەدناو کردنی یەکێک.

سەرشۆڕی: بریتییە لە بەدناوی.

سەرشۆرک: شوێنێکی کەناری تایبەتییە لە ماڵدا بۆ خۆ تێدا شوشتن لە هاویناندا.

سەر شۆرکە: سەر شۆرک.

سەر شوو: ز. سەر شۆرک.

سەر شەقێن: جۆرێکە لە یاری شەقێن.

سەر شێت: مەردوومی سەرلێشێواو.

سەرشێتبوون: سەرلێشێوان (سەر شێتکردن) سەر شێواندن لە یەکێک.

سەرشێو: د. بەربانگ.

سەرشێوان: سەر لێ تێکچوون.

سەرفراز: مەردوومی ڕزگار.

سەرفرازبوون: ڕزگاربوون لە چورتمێک.

سەرفراز کردن: ڕزگار کردن لە چورتمێک.

سەرفرازی: ڕزگاری.

سەرقاپ: شتێکە بخرێتە سەر دەمی هێندێ قاپ بۆ پاکی و خاوێنی.

سەر قاپ نانەوە: دانانی سەرقاپ لەسەر دەفر.

سەرقاڵ: کەسێکە لەبەر ئیشوکار زۆری نەیپەرژێتە سەر هیچ (سەرقاڵبوون) نەپەرژان لەبەر کار زۆری.

سەرقاڵکردن: سەرشێواندن لە یەکێک بەسەرخستنە سەری.

سەرقاڵی: سەر قاڵبوون.

سەرقۆتی: سەرقۆتین.

سەرقۆتین: سەر ڕووت.

سەرقۆڵ: پارچەیەکە لە کراس بەسەر (بن قۆڵ)دا دادەدروێ. سەرۆکی حەسحەسی شەو.

سەر قووڵە: جۆرە ترێیەکی سوورە وەک (مام برایم) وایە سەری دەنکەکانی کەمێک قووڵە.

سەر قەبلاندن: دانی ئەندازەیەک لە ئازووقە بەهەژار بەنیازی (سەرفیترە) لە جەژنی ڕەمەزاناندا.

سەرقەپاغ: سەرقاپ.

سەرقەل: د. لوتکەی شاخ.

سەرقەڵەم: سەرۆکی نووسەران.

سەرقەڵەمانە: وەڵیفەتێکە دەدرێ بەو کەسەی کە نوشتە دەنووسێ.

سهرک: ز. نیشانگای تفەنگ. زر.

سەرکار: کەسێکە کرابێ بە سەرگەورە و چاودێری چەند کەسێک لە فرمانێکدا.

سەرکارانە: شتێکە دەدرێ بەسەرکاری ئاغادێ.

سەرکاری: گەورەیی و سەرپەرشتی یەکێک بۆ چەند کەسێک لە فرمانێکدا.

سەرکاوان: د. کۆساران.

سەرکردن: لاسەنگبوونی تەرازوو بەجۆرێک کە لایەکی سووکتر بێ. لێ نەدانی گوللە لە نیشانە و بەسەردا رۆیشتنی.

سەرکردن بەگوما: بریتییە لە لەناوبردنی شتێک.

سەرکردنەسەر: سەر نانە سەر.

سەرکردنەوە: بیرکردنەوە و ئەندێشکردنی یەکێک لە شتێک. فیسار کەس لە هەموو شتێک (سەر دەکاتەوە).

سەرکردە: فەرماندەری لەشکر.

سەرکردەیی: فەرماندەرێتی لەشکر.

سەرکز: بریتییە لە مەردوومی بێ دەنگ.

سەرکزی: بریتییە لە بێ دەنگی.

سەرکل: د. سەر کلۆم.

سەرکلاو: تەنەکەیەکە وەک کلاو کونێکی درێژکۆلەی تێدایە دەکرێ بەسەر بلێتەی لەمپای چرادا.

سەر کلۆم: دەرگایەکە داخرابێ و کلۆمەکەی رەت کرابێ.

سەرکلاوە: سەرکلاو.

سەرکلە: د. سەرکل.

سەرکۆ: د. سەردەنشت.

سەرکورتان: سەرجل.

سەرکۆزەر: پووش و پەلاشێکە دەکەوێتە سەر دانەوێڵە لە گێژ و تەتەڵە کردنیدا.

سەرکۆل: با. مەردوومی سەر رووت.

سەرکۆڵ: د. تەپڵەکی کۆڵەکە.

سەرکولۆم: سەر کلۆم.

سەرکۆمار: گەورەی چەند خێلێکی کۆچەری. رەئیسی جمهوور.

سەرکۆنە: سەرزەنشت.

سەرکوێر: بریتییە لە مەردوومی سەر لێ تێکچوو، (سەر کوێربوون) بریتییە لە سەرلێشێوان، (سەرکوێرکردن) بریتییە لە سەرشێواندن لە یەکێک.

سەرکوێری: سەر کوێربوون.

سەرکەتن: با. سەرکەوتن.

سەرکەچ: د. مل کەچ.

سەرکەش: سەرکێش.

سەرکەشی: سەرکێشی.

سەرکەف: کەفێکی خەستە لە کوڵانی سابوونی بەزی پەیدا دەبێ و دەگیرێ و لە دەفردا دەمەیەنرێ و دەبێ بەسابوون. خوێیەکی سپییە کە لە سەردوە دەگیرێ.

سەرکەفتن: د. سەرکەوتن.

سەرکەل: تەپڵەسەری شاخ.

سەرکەڵ: بەرچیغ.

سەر کەللە: شتێکە لە چەرم یا بەنی هۆنراوە دروست دەکرێ و سەرێکی بەلغاو یا بەرەشمەوە قایم دەکرێ و سەرەکەی تری لە سەری ولاخ هەڵدەکێشرێ. پارچە دەوارێکە کە خرابێتە سەر تەختە دەوارێکی کورت لەسەر باری درێژی.

سەرکەنە: ز. چەند هەودا بەنێکی ئەستوورە دەبەسترێن بەچەند دارێکەوە کولۆشەی پێ دەگوێزرێتەوە.

سەرکەوتن: چوون لە نزماییەکەوە بۆ بەرزاییەک. زاڵبوون لە کارێکدا.

سەرکەوتوو: کەسێکە لە نزمییەکەوە چووبێ بۆ بەرزییەک. کەسێکە کە لە کارێکدا زاڵ بووبێ.

سەرکێش: ولاخێکە کە لە غاردا بۆت نەوەستێتەوە. بریتییە لە مەردوومی سەر رەق.

سەرکێشان: سەرەتاتکێ کردن. پێ کێشانی شتێک بۆ شتێک. ئەم کارە (سەر دەکێشێتە) فیسار شت.

سەرکێشک: د. سەرۆکی پاسەوانان.

سەرکێشی: نەوەستانەوەی ولاخ لە غاردا. سەر رەقی.

سەرکێف: د. سەرکەل.

سەرگ: د. لای سەروو.

سەرگاویک: هـ. گیایەکی سەلکدارە وەک پێشۆک بەلام گەلای ئەم کورتترە و دەخورێ.

سەرگران: بریتییە لە مەردوومی سەرخۆش.

سەرگرتن: دارەڕا و گڵەبانکردنی سەربان. دروستبوون و پێکهاتنی کارێک: فیسار کار (سەری گرت).

سەرگندان: ز. سەرگەردان.

سەرگۆ: ز. سەرە نوێلک.

سەرگورووشتە: بەسەرهاتی یەکێک یا گەلێک.

سەرگوزەشت: سەرگورووشتە.

سەرگوزەشتە: سەرگورووشتە.

سەرگوڵ: یەکەم چا لە قۆریەی تازە دەم بوو کە هێشتا ئاوی بەسەردا نەکێشرابێتەوە.

سەرگوم: سوورگوم، (سەرگوم کردن) سوورگوم کردن.

سەرگۆم: گیسکی گەمژ.

سەرگوێلک: سەرە نوێلک.
سەرگەرد: بریتییە لە کەسێک کە خۆی کردبێ بەباڵا گەردانی یەکێک: بە(سەرگەرد)ت بم.
سەرگەردان: گیانداری سەرلێشێواو.
سەر گەردان بوون: سەرلێشێوان، (سەرگەردان کردن) سەرلێشێواندن.
سەرگەردانی: سەرگەردان بوون.
سەرگەڕ: سیسارک.
سەرگەرم: بریتییە لە کەسێک کە لە کارێکدا گەرموگوڕ و بەجەخت بێ. بریتییە لە سەرخۆش.
سەرگەرمی: بریتییە لە گەرموگوڕیی یەکێک لە کارێکدا. بریتییە لە مەستی.
سەر گەڤار: ز. سەر گەورە.
سەرگەورە: سەرۆک.
سەرگێجە: د. سەرە خولێ.
سەرگین: سەرگ (د). شیاکە.
سەرلق: لقی سەرەوەی درەخت. جۆرە هەنارێکە کە توێکڵی لای قنچکەکەی زۆر ئەستووربێ.
سەرلە: وتەیەکە یەکەم دەمی کات پێشان دەدا: (سەرلە) ئێوارێ بنوو، (سەرلە) بەیانی هەستە.
سەرلەشکر: قائدی فیرقە.
سەرلەنوێ: وتەیەکە لە باتی وتەی (دووبارە) یا (دیسان) بەکاردێنرێ: برینەکەم (سەرلەنوێ) هەڵی داوەتەوە.
سەر لێ بادان: بریتییە لە نارەزایی لە کارێک یا لە وتارێک.
سەر لێ تێکچوون: سەر لێ شێوان.
سەر لێ تێکدان: سەر لێ شێواندن.
سەر لێ خوران: سەر خوران.
سەرلێدان: سەردان لە شتێک.
سەر لێ دەرچوون: سەر لێ دەرکردن.
سەر لێ دەرکردن: بریتییە لە شارەزایی یەکێک لە کارێک.
سەر لێ سەندن: وەرسکردنی یەکێک بە زۆر چوونەلای یا بەزۆر وتن لە گەڵیدا.
سەرلێشێوان: تێکچوونی بیر و ڕاوێژ لە یەکێک لە کارێکدا.
سەر لێ شێواندن: تێکدانی بیر و ڕاوێژ لە یەکێک.
سەر لێ شێواو: کەسێکە سەری لێ تێکچووبێ.
سەر لێ شێویاگ: د. سەر لێ شێواو.
سەر لێ شێویان: د. سەر لێ شێوان.
سەر لێ کردن: سڵەمینەوە لە کردنی کارێک لەبەر شتێک.
سەرکردنەوە: سەر لێ کردن.
سەرما: ساردی و سۆڵە.

سەرما بردگ: سەرما بردوو.
سەرمابردن: کارکردنی سەرما لە شتێک.
سەرمابردوو: شتێکە کە سەرما کاری تێکردبێ و ژاکاندبێتی.
سەرما بردە: سەرما بردوو.
سەرما بردەڵە: کەسێکە کە سەرما زوو کاری تێ بکا.
سەرمابوون: کارکردنی سەرما لە مەردووم.
سەرمازەڵە: قومقومۆکە.
سەرما و سۆڵە: کاتی سەرما و بادەوە.
سەرماوەز: تشرینی یەکەم.
سەرمایە: دەستمایە.
سەرمایەدار: دەسمایەدار.
سەرمایەداری: بوونی مەردووم بەخاوەن سەرمایە.
سەرمک: د. سەرجەم.
سەرملە: تەوقەسەری گرد و شاخ.
سەرملەگیر: د. جەردە و ڕێگر.
سەرمەلا: د. سەر وەستای یاری.
سەرمۆر: شتی سەر بەمۆر.
سەرمەس: سەرمەست.
سەرمەست: سەرخۆش.
سەرمەستی: سەرخۆشی.
سەرمەشق: نووسراوێکی جوانە لە سەری لاپەڕەوە بۆ ئەوەی لەبەری بنووسرێتەوە بۆ جوانبوونی خەت.
سەرمەشقانە: دراو یا پارچە زێڕێکە کە زاوا یەکەم شەو دەیدا بەبووک.
سەرمەشکانە: سەر مەشقانە.
سەرمەقولات: سەرمەوقولات.
سەرمەوقولات: سەر لە زەوی دانان و بەپشتدا خۆ هەڵگێڕانەوە.
سەرمیان: ز. سەرمایە.
سەرمێز: شتێکی جوانە دەدرێ بەسەر مێزدا.
سەرمێکوتە: دەعبایەکی سەرخڕی کلک باریکی پچکۆلەیە لەناو زەلکاودا دەژی.
سەرمێوژە: جۆرە مارێکی پچووکی بۆرە سەری وەک مێوژ وایە.
سەرناز: سەرەنداز.
سەرنامە: عنوانی نامە.
سەرنانە سەر: بریتییە لە قسە زۆر کردن لەگەڵ یەکێکدا بۆ تووڕەبوونی.
سەرنانەوە: بریتییە لە دەربەدەری و دوورکەوتنەوەی یەکێک لە شوێنی خۆیدا. پۆشینی سەری شتێک.
سەرناو: لەقەب.
سەرناوکانە: دراو یا دیارییەکە کە لە حەوتەی زەیستاندا دەبرێ و دەدرێ بە مامان لە لایەن دۆست و ناسیاوەوە.

سەرنج: تەماشاکردن بەوردی (تەدقیق).
سەرنجدان: وردبوونەوە لە شت بۆ لێ تێگەیشتن.
سەرنجدەر: وردبین (مدقق).
سەرنجە: سەرنج.
سەرنخوون: شتی دەمەونخوون.
سەرنزم: سەرشۆڕ.
سەرنزمی: سەرشۆڕی.
سەرنقاب: ز. عینوانی کاغەز.
سەرنوخوون: سەر نخوون.
سەر نقیشت: (قەزا و قەدەر).
سەرنگوم: سەرنگوون.
سەرنۆگە: د. سەرۆکی یاساوڵ و حەسحەس.
سەرنووس: سەرژمێر.
سەرنەوی: سەرشۆڕ.
سەرنێ: دیوارێکە (نێ)ی ئاشی تێدا هەڵدەسپێنردرێ.
سەرنیان: د. سەرنانەوە.
سەرو: درەختێکی ڕاستی بەرزی هەمیشە سەوزە گەڵای ورد و خڕە.
سەروا: د. قافیە.
سەرواز: د. سەرباز.
سەروازخانە: د. سەربازخانە.
سەر و بن: جۆرە نەخۆشییەکە لە سەر و بنی مانگا دووچاری منداڵی ساوا دەبێ.
سەروبەر: شتێکە بەقەد پێویست بێ بەبێ زیاد و کەم: نان و چێشتەکە (سەروبەر) دەرچوو.
سەروبەند بەستن: ڕێکخستن و ئامادەکردنی شت.
سەروبەند گرتن: سەروبەند بەستن.
سەر و پاچک: سەروپێ.
سەر و پۆتلاک: سەر و پێچ.
سەر و پۆتەلاک: سەر و پۆتلاک.
سەر و پۆرت: د. سەر و پۆرتک.
سەر و پۆرتک: د. سەر و پۆتلاک.
سەر و پەچک: د. سەر و پۆتلاک.
سەر و پێ: کەلە پاچە.
سەر و پێچ: شتێکە کە ببەسترێ بەسەرەوە: ئەو (سەر و پێچ)ەم بۆ بێنە. چۆنێتی بەستنی سەر و پێچ: فیسار کەس (سەر و پێچ)ێکی جوانی هەیە.
سەروچاو: بریتییە لە ڕووخسار.
سەر و دەروو: پەی بردن بەزانینی شتێکی ورد: ئەم کارە ئەوەندە گرانە (سەر و دەروو)ی لێ دەرناکەم.

سەروژێر: پێڵاوی بن کۆنی سەرتازە. ئاسنێکی نێر و مێی پچووکە وەک قرتێنە لە هێندێ چەرم هەڵ دەکێشرێ. خانووی دوو نهۆم.
سەروژێر بوون: ڕووخان و کەوتنی شوێنێک.
سەر وێژکردن: ڕووخاندن و وێرانکردنی شوێنێک.
سەروساخت: ناسیاوی و ئاشنایی لەگەڵ یەکێک: لەگەڵ فیساردا (سەروساخت)م هەیە.
سەروساختی: سەروساخت.
سەروسەکوت: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ لە جێی وتەی سەروچاو.
سەروسەمەنە: سەروسەنەمە.
سەروسەنەمە: پێ و قەدووم: فیسار کەس منداڵەکەی (سەروسەنەمە)یەکی باشی نەبوو.
سەروسیما: شێوە و قەد و باڵا و ڕووخساری یەکێکی بەڕاوروو کە شەرمی لێ بکرێ.
سەرۆک: گەورە و پێشەوای گەلێک.
سەروکار: سەرەوکار.
سەرۆکایەتی: گەورەیی و پێشەوایی گەلێک.
سەر و گوێلاک: سەر و سەکوت.
سەرومڕ: وتەیەکە لە جیاتی وتەی (هەمیشە) بەکاردێنرێ لە هێندێ شوێندا: فیسار کەس مانگێکە (سەرومڕ) کەوتووە.
سەر و مێقل: سەر و پۆتلاک.
سەر و میت: وتەیەکە لە یاری مووشێندا دەوترێ لە کاتێکدا کە لە پاش یەکێکەوە تیل بکەیت، واتە ئەگەر بەر مووش و بەر هەڵماتی هاوڕێکەت بکەوێ هەر حەل بێ.
سەر و ناوکردن: داکوتانی سنچووق لە ژوور سەر و پاین و ئەم دیو و ئەو دیوی سنجووقی هاوڕێکەت کە تێکەوتووە.
سەروو: لای ژووروو.
سەروونگ: سەرنگ.
سەروەر: گەورەی خۆشەویست.
سەروەری: گەورەیی.
سەروەستا: سەرۆکی وەستایان.
سەر وە سەرێ: سەر بەسەرێ.
سەرە: نۆرە: (سەرە)م هاتووە. مەردوومی نە زۆر گەنج و نە زۆر پیر. گای سەرپەڕ.
سەرهات: د. بەسەرهات.
سەرهاتن: د. بەسەرهاتن.
سەرە بزووت: بزووتی ئاگر.
سەرەتا: دیباچەی نووسراو. پێشڕەوی شت.
سەرەتاتکێ: سەر خوارکردنەوە و تەماشاکردنی یەکێک.

سەرەتایی: (ابتدائی).
سەرەتەشی: سەرێکی دارینی ئەستووری گردە بە سەری تەشییەوە.
سەرەتیر: پەیکانی تیر.
سەرەخۆرە: بریتییە لە منداڵێک کە لە پاش بوونی، باوکی یا دایکی مردبێ.
سەرەخولێ: نەخۆشییەکە تووشی مەردووم دەبێ سەری گێژ دەبێ.
سەرەخەر: مەردوومی لاسار کە قسەی کەس نەچێتە گوێچکەیەوە. پێخەف. داهۆڵ (د).
سەرەخەری: لاساری.
سەرەدد: بێژنگ.
سەرەددووگ: بەرە تەشی.
سەرەدرا: سەر بارە.
سەرە رم: ئاسنێکی تیژە دەکرێ بەسەری رمەوە.
سەرە ڕۆ: گیاندارێکە ناو بەناو بڕوا بۆ شوێنی دوور.
سەرەڕێ: ناوچەقی ڕێگا.
سەرە ڕێگە: سەرەڕێ.
سەرەسوڕێ: د. سەرەسووڕێ.
سەرەسورە: سەرەسووڕێ.
سەرەسووڕێ: سەرەخولێ.
سەرە سەرنیان: د. سەر نانە سەر یەکێک.
سەرەشک: ز. وڵاخی سەرکێش.
سەرە شکێنە: لابردنی سەری فەردە تووتن و ڕێکخستنەوەی. کردنەوەی کارێکە کە لەوە پێش کرابێ بەسووکتر لە جاری پێشوو.
سەرەشۆرگا: د. سەر شۆرک.
سەرەقەنگە: شتێکە وەک سەرە سەبیل لە زەرد یا ئاسن دروست دەکرێ و دارقەنگەی پێدا دەکرێ و تووتنی پێ دەکێشرێ.
سەرەقەننە: سەرەقەنگە.
سەرەک: سەرۆک. دارێکی درێژە چەند مەڵۆیەک گزرە گیای پێ هەڵ دەگیرێ. شتێکە کە مەلەوان لە ئاودا بەسەر بیپەڕێنێتەوە. سەرۆک.
سەرەگێجە: د. سەرە خولێ.
سەرەگێجێ: سەرەگێجە.
سەرەمر: مریشکی سەرە.
سەرەمڕ: د. سەر و مڕ.
سەرەمژان: ئاسنێکی دەم پەلە دەکرێ بەسەری مژاندا دەمی گاسنی بێ پاک دەکرێتەوە لە کاتی جووت کردندا.
سەرەمەرگ: کاتی گیانەڵاو.

سەرەمەقەست: بڕشتی کاڵایە کە لە کاتی بڕیندا پەیدا دەبێ. سەرە پارچەی حەڵوا کە بەمەقەست دەبڕدرێ. بریتییە لە ناخونەک.
سەرەن: کەوی شت بێژانەوە.
سەرەناز: لاکێشی باریکی درێژ.
سەرەند: سەرەن.
سەرەنگا: سەربن.
سەرهەنگافتن: دەست خستنە سەر سەر بۆ گەورەیی یەکێک.
سەرەنگرێ: گیاندارێکە کە بەسەردا کەوتبێ. بریتییە لە یەکێک کە تووشی چورتمێکی گەورە بووبێ، (سەرەنگرێ بوون) بەسەردا کەوتن و ڕەهێڵبوونی گیاندارێک، دووچاربوونی گیاندارێک بەچورتمێک، (سەرەنگرێ کردن) ڕەهێڵکردنی گیاندارێک. بریتییە لە دووچارکردنی یەکێک بەچورتمێک.
سەرەنگیا: د. سەرەنگا.
سەرەنوێلک: جێگایەکە زبڵ و پیسی لێ فڕێ بدرێ.
سەرەوخوار: سەر بەرەوخوار (سەرەو خواربوون) سەر بەرەوخوار بوون، (سەرەو خوار کردن) سەر بەرەوخوار کردن.
سەرەو خواربوونەوە: سەر بەرەوخواربوونەوە.
سەرەوخوارکردنەوە: سەر بەرەوخوارکردنەوە.
سەرەوخوارە: سەر بەرەوخوارە.
سەرەوژوور: سەر بەرەوژوور.
سەرەوژووربوونەوە: سەر بەرەو ژووربوونەوە.
سەرەوژوورکردنەوە: سەر بەرەو ژوورکردنەوە.
سەرەوژوورە: سەر بەرەوژوورە.
سەرەوژێر: سەر بەرەو ژێر (سەرەوژێربوون) سەر بەرەوژێربوون، (سەرەوژێر کردن) سەر بەرەوژێرکردن.
سەرەوژێر بوونەوە: سەر بەرەوژێربوونەوە.
سەرەوژێرە: سەر بەرەوژێرە.
سەرهوستە: سەروەستا.
سەرەوکار: خەریک بوون بەکار و فرمانی خۆتەوە: بڕۆ بە(سەرەوکار)ی خۆتەوە.
سەرەوکاری: سەرپەرشتی کردنی کارێک.
سەرەولێژ: سەر بەرەوخوارە.
سەرەولێژە: سەر بەرەوخوارە.
سەرەولێژی: سەرەولێژە.
سەرەوناو: دەستە و ناو.
سەرەوناوە: دەستە و ناو.
سەرەونخوون: شتی دەمەونخوون، سەرەونخوونبوون: هەڵگەڕانەوەی دەفر و بەدەمدا کەوتنی، (سەرەونخوون کردن) هەڵگێڕانەوەی دەفر و بەدەمداخستنی.

سەردەونگوون: گیاندار یا شتی ونی بێ سەر و شوێن، (سەردەو نگوونبوون) ونبوون و بێ سەر و شوێنێ شت، (سەردەونگوون کردن) ونکردن و بێ سەر و شوێنکردنی شت.
سەرەوگرد: گەورەیەکە بەسەر منداڵێکی بێ باوکەوە دانرابێ بۆ سەرەو کاری و چاودێری تا گەورە دەبێ (وصی).
سەرەویر: پارچە خامێکی چوارگۆشەیە دەدرێ بەسەر هەویردا.
سەرهەڵدان: بریتییە لە پەیدابوونی شتێک: کوللە (سەری هەڵدا).
سەرهەڵگرتن: بریتییە لە ڕۆین و بەجێ هێشتنی شوێنێک.
سەرهەنگ: عقید.
سەرهەویر: سەرەویر.
سەریاڵ: هاشرمە. سەرملە.
سەرێش: ناوە بۆ هەموو پارچەکانی جووت.
سەرێشان: سەر ئێشە.
سەرێشە: ژانە سەر.
سەرینگا: سەرین.
سەرێنی: کاتی بوونی تۆ لە شتێکدا یا لە حەلێکدا: بە(سەرێنی) من دوو جەنگی تێکڕایی بووە.
سەرین: شتێکی نەرمە سەری دەکرێتە سەر لە کاتی نووستن یا پاڵکەوتندا. لای سەرووی شت.
سەعات: ماوەی شەست دەقیقە. شتێکە کۆک دەکرێ و کار دەکا و کات پێشان دەدا.
سەعدانی: سادانی.
سەعلەب: گیا سالە.
سەغڵەت: مەردوومی دڵتەنگ.
سەغڵەتبوون: دڵتەنگ بوون، شوێنی تەنگەبەر.
سەغڵەتکردن: دڵتەنگ کردن.
سەغڵەتی: دڵتەنگی.
سەفان: زنجیرە شاخ.
سەفتە: شتی یەک لەسەر یەک دانراو.
سەفتەکردن: دانانی شت یەک لەسەر یەک.
سەفەربەر: جەنگێکی تێکڕاییە کە هەرچی گیرا ڕاپێچ بکرێ و بنێردرێ بۆ جەنگ.
سەفین: سەفان.
سەفۆری: با. سمۆرە.
سەڤی: ز. سەوی.
سەقادان: د. ڕێکخستن.
سەقاقوش: باڵندەیەکی گەورەی درێژی قورگ ئەستوورە چیقڵدانەکەی ناو زۆر هەڵدەگرێ.
سەقام: ڕێکی.
سەقامدان: ڕێکخستنی شت.
سەقامگیر: شتێکە کە لە شوێنێک جێگیر بووبێ.
سەقاو: د. دەردێکە لە (مقاو) قورسترە تووشی وڵاخی یەک سم دەبێ.
سەقا هەڵگرتن: پاراوبوونی زەوی بەهۆی زۆری بارانەوە.
سەقی: ز. جۆرە بەردێکی سەختی زەردباوە.
سەهک: با. سرکە.
سەکار: سەلەیەکی گەورەیە هەنجیری تێدا دادەنرێ (ز). کورتان.
سەکاش: ز. سەگلاو.
سەکاڵا: د. سکاڵا.
سەکتین: ز. تۆپین.
سەکرە: ز. جامێکە هەر دۆی تێ دەکرێ.
سەکسار: مەیموونی نێری قنگ سوور.
سەکۆ: بەرزاییەکە لە قوڕ و بەرد دروست دەکرێ بۆ لەسەر دانیشتنی.
سەکوت: شێوە و سیما، ئەم وشەیە هەر لەگەڵ وشەی (سەر) بەکاردێنرێ: (سەر و سەکوت).
سەکوم: ز. سەر و سەکوت.
سەکەتبوون: مردن: فیسار کەس (سەکەت بوو) واتە مرد.
سەکەماتی: پیاوی سەرسەری.
سەگ: گیاندارێکی چوار پێی دڕە.
سەگاو: سەگلاو.
سەگاوی: د. سەگلاو.
سەگبەحەسار: سەگبەحەوش.
سەگبەحەوش: بریتییە لە خستنە ناوی یەکێک و لێدانی.
سەگپسێنکە: کەروێشکی یەک ساڵە.
سەگسار: سەکسار.
سەگلاو: دەعبایەکی ئاوی درێژی چوارپێیە لە گوێرەکەی ساوا دەچێ، چنگی وەک چنگی سەگ وایە و پێستی زۆر بەنرخە.
سەگلاوی: جۆرە ئەسپ یا ماینێکی ڕەسەنە.
سەگ لوور: لوورەی زۆری سەگ.
سەگماسی: د. سەگی دەریایی.
سەگمان: نیشانێکە دەنرێتەوە بۆ ئەنگاوتنی.
سەگمان ئەنگێو: نیشان شکێن.
سەگمەرگ: بریتییە لە مەردوومی گیان سەخت.
سەگمەرگی: بریتییە لە گوزەرانکردن بە تاڵی.
سەگوڕ: ودڕەی سەگی زۆر.
سەگە سەگە: بریتییە لە مێبازی.
سەگەناز: دەردێکی گرانە تووشی سەگ دەبێ و دەیکوژێ.
سەگەناس: سەگەناز.

سەگەوان: کەسێکە کە هەر سەگ بەخێو بکا.
سەگەوانی: کردنی سەگ بەخێوکردن بەپیشە.
سەگێتی: قوماربازی و زۆرزانی و بەدی.
سەل: ز. تەلەبەرد.
سەلار: سەلارە.
سەلارە: ژنی شۆخ و شەنگ.
سەلارێ: سەلارە.
سەلاقوچکان: سەرمە و قولات.
سەلان: سەرەوە: فیسار کەس لە (سەلان)ە.
سەلبەند: ز. وشکە سی.
سەلپاندن: لێخورینی بەلەم لە ئاودا بەسەوڵ.
سەلپی: سەوڵی بەلەم لێخورین.
سەڵت: مەردوومی تەنهای بێ کەس. گۆشتی لایەکە لە ئاژاڵ کە دەست و ڕانەکەی لێ کرابێتەوە.
سەڵتە: جۆرە کاڵایەکی قۆڵداری کورتە لەسەر کەواوە لەبەر دەکرێ.
سەڵتە دروو: وەستایەکە کە هەر سەڵتە بدروێ.
سەڵتەزەلام: ڕێبوارێکی سەڵتی بێ چەک.
سەلک: سەری گیاندار. بنکی خڕی هێندێ سەوزایی وەک پیاز و توور و شێلم و چەوەندەر. سەبەتە (ز).
سەلکە بزووت: سەرەبزووت.
سەلکدار: سەوزاییەکە کە سەلکی بێ.
سەلک کردن: خڕبوونی سەلکی سەوزایی.
سەلکە: گوڵێکە لە تەوندا دروست دەکرێ لە وێنەی سەلکی گیاندار. سەلک (د).
سەلمان پیسە: ل. شەوگەرد.
سەلمکە: گیایەکی بەهاری گەڵا پانە بەسوورکراوەیی دەخورێ.
سەلە: دەفرێکی پەلی پووشینە.
سەلەشێرک: با. جۆرە سەلەیەکی گەورەیە قاپ و قاچاخی تێدا دادەنرێ.
سەلەف: لغاو. سوود: فیسار کەس (سەلەف) خۆرە. غاری ولاخ: (سەلەف) کە.
سەلەفکردن: غاردانی ولاخ.
سەلەندە: ز. گوێسوانە.
سەلیتە: ئافرەتی بێ شەرمی بێ ئابروو.
سەلیلانک: ز. ڕەورەوەی منداڵ کە پێی دەڕوا تا فێری پێگرتن دەبێ.
سەلین: ز. بەردی دەمەڵبێنی گۆڕ.
سەما: هەلپەڕین و قنگ سووڕدان و چەقەنە لێدان، (سەما کردن) سەما.
سەمار: بزغژ.
سەماکار: سەماکەر.
سەماکەر: کەسێکە کە سەما بکا.
سەماگە: شوێنێکە بەتایبەتی دروست کرابێ بۆ سەما تێداکردنی.
سەما نەک: ز. جۆرە چۆڵەکەیەکی گەورەی قەڵەوە.
سەماوەر: دەفرێکی دوو توێیە لە زەرد یا تەنەکە، توێیەکی ئاو و توێیەکی ئاگری تێ دەکرێ بۆ هاتنە کوڵی ئاوەکە.
سەمتوور: شتێکە وەک کەمانچە لێ دەدرێ و دەنگێکی خۆشی لێوە دێ.
سەمسیر: ز. تلپەی ترێی گوشراو.
سەموور: گیاندارێکە پێستەکەی زۆر بەنرخە و دەکرێ بەکەوڵ.
سەمەت: ز. لەسەرخۆیی و هێمنی.
سەمەرە: ئازار و چەرمەسەرێ. سەرگوزشتە.
سەمەن: درەختی یاسەمەن.
سەمەندۆک: پەتێکە سەرێکی دەخرێتە ملی سەگ یا تانجی و سەرەکەی تری دەبەسترێ بەدارێکەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە سەری دارەکە دەگرێ سەگەکە نەیگەزێ، (سەمەندۆک کردن) پەتکردنی سەگ بەسەمەندۆک.
سەمەنگوڵ: کەسێکە کە گێژ بێ و کولۆکێکی ساغ نەبێ.
سەمەنی: جۆرە خواردەمەنییەکە لە ئارد و قەرسیلی گەنمی ناسک دروست دەکرێ و بەئاگر دەکوڵێنرێ.
سەناهی: با. ئاسان.
سەندن: وەرگرتنی شتێک لە یەکێک بەزۆر. کڕین.
سەندنەوە: وەرامدانەوە بۆ گۆڕانی یەکێک لە چەشنی گۆڕانییەکەی. وەرگرتنەوەی شتێک کە لێت سێنرابێ بەزۆر.
سەندەڵ: جۆرە دارێکی بۆن خۆشی گەرمیانی بەنرخە.
سەندەڵی: جۆرە کورسییەکی دانیشتنە.
سەنگ: بەرد. ئەندازەیەکە لە بەرد یا ئاسن کە شتی بەتەرازوو پێ بکێشرێ. جۆرە یارییەکی پاڵەوانانەیە.
سەنگاتی: د. سەنگایی.
سەنگانن: د. هەڵسەنگاندن.
سەنگایی: قورسایی شتێک: (سەنگایی) تۆ پارەی هەیە.
سەنگباران: بەردەباران.
سەنگتراش: کەسێکە کە بەرد بتاشێ و ڕێکی خا.
سەنگتراشی: بەردتاشین و ڕێکخستنی .
سەنگدادان: لاسەنگبوونی شتێکی قورس: ئەم دیوارە (سەنگی داداوە).
سەنگزاوەر: د. بەردی پازار.
سەنگتەراش: سەنگتراش.
سەنگتەراشی: سەنگتراشی.

سەنگکێش: جۆرە دارێکە لەسەر پشتی وڵاخ دادەنرێ بەردی پێ دەکێشرێ.

سەنگ گا: د. سەنگزاوەر.

سەنگ لێنان: بریتییە لە حورمەت نان لە یەکێک.

سەنگ لێنیان: د. سەنگ لێنان.

سەنگ و بەردنان: بەردی زۆر دانان لەسەر شتێک بۆ دەقگرتنی.

سەنگ و سووکی: بریتییە لە چەند و چوونی کردن لە سەودای شتێکدا بۆ کەمکردنی نرخی. وەکو یەک لێکردنی چەند شتێک لە قورسی و سووکیدا بەزیاد و کەم کردنیان. بارەکان (سەنگ و سووک) بکە تا وەکو یەکیان لێ دێ.

سەنگوڵ: ز. شتی ناشیرینی ئیسک قورس.

سەنگەر: چاڵێکە مەردووم خۆی تێدا حەشار بدا لە کاتی جەنگ کردندا.

سەنگەربەستی: دروستکردنی سوپەر بەگردی شوێنێکدا بۆ پاراستنی لە دوژمن.

سەنگەربەندی: سەنگەربەستی.

سنگەسار: کەسێکە نەوەندەی بەردەباران کرابێ مردبێ، (سەنگە سارکردن) کوشتنی یەکێک بە بەردە باران کردنی.

سەنگەکی: جۆرە نانێکی گەورەی درێژکۆلەیە.

سەنگەلا: لاسەنگ.

سەنگەلقۆ: شەیتان: دەڵێی (سەنگەلقۆ)یە لە هەموو شتێکدا نامادەیە.

سەنگیا: ل. سەرین.

سەنگی مەحەک: جۆرە بەردێکە کە زێڕ و زیوی پێ تاقی دەکرێتەوە.

سەنگین: شتی قورس و گران. بریتییە لە مەردوومی لەسەرخۆی ئاغر.

سەنگین و گران: مەردوومی لەسەرخۆی بەحورمەت.

سەنگینی: قورسی و گرانی. بریتییە لەسەربەخۆیی و ئاغری مەردووم.

سەنن: د. سەندن.

سەننەوە: د. سەندنەوە.

سەنەڵ: د. سەندەڵ.

سەنەلی: د. سەندەلی.

سەنیار: کەسێکە کە شت بکڕێ.

سەنێر: شیاکە.

سەنێرکێش: پەین کێش.

سەنێرگا: سەردنوێلک.

سەنێروانک: سەردنوێلک.

سەوا: سبەینێ (د). سەوداکردن.

سەواد: هێزی شت نووسین و شت خوێندنەوە: فیسار کەس بێ (سەواد)ە واتە ناتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە.

سەوادار: د. خوێندەوار.

سەوادە: د. پیادەیەکی سەڵتی بێ تفاقی لەسەر سەفەر.

سەواڵە: چەپکێ گەنمی درواوە.

سەوچیان: پۆریان.

سەودا: دەردێکی زۆر بەناڵۆشە لە جەستەی مەردوومدا پەیدا دەبێ و دەست و پێی شەقار شەقار دەکا. کەلکەڵە: (سەودا)ی ژن هێنانی کەوتۆتە سەر. چەند و چوون لە کڕینی شتدا، (سەوداکردن) چەند و چوون کردن لەسەر کڕینی شتێک.

سەودادار: سەودایی.

سەوداسەر: کەسێکە کەلکەڵەی شتێک کەوتبێتە سەری.

سەوداگەر: کەسێکە کە سەودا بکا.

سەوداگەری: خەریکبوون بە کڕین و فرۆشتنەوە.

سەوداوی: شتێکە بۆ دەردی سەودا خراپ بێ. سەودایی.

سەودایی: کەسێکە دەردی سەودای پێوە بێ.

سەودە سەر: ز. سەوداسەر.

سەور: د. سەنێر.

سەورگا: د. سەنێرگا.

سەورگە: د. سەبرگە.

سەورۆ: هـ. شیاکە.

سەوز: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی گیا.

سەوزاو: جۆرە ئاوێکی سەوزە دەچێتە ناو پەردەی چاوی هێندێ کەسەوە کوێری دەکا و میلی لێ نادرێ.

سەوزایی: شینایی.

سەوزبوون: ڕوانی گیا. بریتییە لە سەرگرتنی کارێک: کارەکەی فیسار کەس (سەوز بوو).

سەوزخەر: کڕینی دانەوێڵە و مێوە و شینانی لەپێش پێگەیشتنیدا.

سەوزفرۆش: د. سەوزەفرۆش.

سەوزکردن: بریتییە لە بنیاتنانی شتێک: شتێکم (سەوز کردووە) واتە بنیاتم ناوە.

سەوزە: مەردوومی گەنم ڕەنگ. سەبزە.

سەوزەکۆ: د. خومەڕمژە.

سەوزەلان: شوێنێکە کە سەوزاییی زۆر بێ.

سەوزەلانی: سەوزەلان.

سەوزەوات: چەند جۆرێک لە سەبزە.

سەوزی: سەبزە. بوونی شت بە سەوز.

سەوقات: د. دیاری.

سەوقاتی: د. قەرتاڵە. ئەو شتەیە کە بەدیاری بنێردرێ.
سەوک: گیایەکی گەڵا پانی بەرزە گوڵێکی پانی سوور دەگری وەک پۆپنەی کەڵەشێر. دوو داری درێژە سەریان کەمێ پانە بەلەم و کەڵەکی لەناو ئاودا پێ دەبرێ بەرێوە.
سەوولک: ئەستێوولک.
سەوە: د. گۆزە.
سەوەتە: سەبەتە.
سەویک: ز. کولێرەی باوەشکێنە.
سەوی: بەرچنەی گەورە.
سەویک: گۆزە.
سەویل: سەبیل. گۆزە (ز).
سەوین: د. دەفر.
سەهندە: مەردوومی لاساری نەگریس.
سەهندەیی: لاساری و نەگریسی.
سەهنگە: سەهندە.
سەهنگەیی: سەهندەیی.
سەهۆڵ: ئاوێکە لەبەر ساردی مەیی بێ.
سەهۆڵاو: ئاوی سەهۆڵی تواوە.
سەهۆڵبەنان: د. سەهۆڵبەندان.
سەهۆڵبەندان: کاتێکە لەبەر زۆر ساردی ئاو ببیبەستێ و ببێ بەسەهۆڵ.
سەهۆڵخانە: ژوورێکی سەر نەگیراوە لە بەرد و قوڕ و قسڵ دروست دەکرێ لە زستاندا پڕ دەکرێ لە ئاو و دەیبەستێ و لە هاویناندا سەهۆڵەکەی بەکاردێنرێ. شوێنێکە کە سەهۆڵی تێدا دروست بکرێ.
سەهەن: د. سەهەند.
سەهەند: سێبەری چڕ.
سەهەندە: سەهندە.
سەهەنگ: سەهەند.
سەهەنە: سەهەندە.
سەی: سەگ.
سەیاڤ: با. سەگلاو.
سەیدا: مامۆستا.
سەیدک: چلەی زستان.
سەیدۆکە: د. ستک.
سەیر: تەماشا: چووم بۆ (سەیر)ی شایی. شتێکە کە سەرت لێی سوڕ بمێنێ: یەکێک دەستی بڕوا نەخوێنێ زۆر (سەیر)ە.
سەیرارا: گوڵێکی باریکی لاسک درێژە، پەڕەکانی ڕووی دەرەوەیان سوورە و ڕووی ناویان نیوەی سەوزە و نیوەی ڕەشە.
سەیران: چوونە دەشت لە کاتی خۆشیاندا بۆ گەشت.
سەیرانکردن: چوون بۆ سەیران.
سەیرانکەر: کەسێکە بچێ بۆ سەیران.
سەیرانگا: شوێنێکە سەیرانی لێ بکرێ.
سەیرانگە: سەیرانگا.
سەیرکردن: تەماشاکردنی شت.
سەیرکەر: کەسێکە کە تەماشای شتێک بکا.
سەیزان: د. ژێرزەمین.
سەیڤان: ڕاوچی (ز). سەیوان.
سەیوان: چەتر. خێوەت. گردێکە لە قەراخ شاری سلێمانی کە گۆڕستانی شارەکەیە.
سێ: ناوە بۆ ژمارەیەک لە ناوەندنی دووان و چواردا.
سیا: ڕەش: بەختی (سیا)یە.
سیاتاڵە: د. ڕەشتاڵە. بەدبەخت.
سیاچارە: بەدبەخت.
سیاچەمانە: جۆرە گۆرانییەکی هەورامیانەیە.
سیار: د. یارمەتیدەر. شاگرد. بەرزاییەک لە ناوەندی شوێنێکی نزمدا (با).
سیارێحان: د. ڕێحانە کێویلە.
سیارە: ز. جۆرە گەنمێکە. زیادەی چوارچێوەی دەرگایە کە دەچێتە دیوارەوە. ناوی دێیەکە لە ناوچەی وارماوا.
سیا زاخ: گیایەکی بەهاری گەرمیانی کەم تەمەنە لە پێش هەموو گیایەکدا پێ دەگا و وشک دەبێ وەک چەوەدەر وایە بەڵام کەم گەڵا و باڵای کورت و گوڵێکی پڕپڕی هەیە. زاج (د).
سیازدە: سیانزە.
سیازدەمین: سیانزەمین.
سیازدەهەم: سیانزەهەم.
سیازدەهەمین: سیانزەهەمین.
سیا زووخاڵ: بریتییە لە شتی زۆر ڕەش.
سیا زەندوق: گیانداری ڕەش هەڵگەڕاوی ڕەق و تەق.
سیا ساڵ: وشکە ساڵ.
سیا ساڵی: وشکە ساڵی: بەم (سیا ساڵی)یە دەست بڵاوی مەکە.
سیا ماڵ: د. ڕەشماڵ.
سیان: سێ شتی ژمێرراو: میوانەکان (سیان)ن.
سیانزە: ناوە بۆ ژمارەیەک کە دە و سێیە.
سیانزەمین: شتێکە لە پایەی سیانزەدا بێ.
سیانزەهەم: سیانزەمین.
سیانزەهەمین: سیانزەهەم.
سیانکە: قوڕ.

سیاو: هـ. ڕەش.
سیاوا: هـ. ڕەشەبا.
سیاوپووزە: گیایەکی لاسک ڕەشی ئاوییە گەڵای وەک کەرەوز وایە.
سیاو سەدە: هـ. سمڵ.
سیاوڵە: د. ڕەشکەی ناو نان.
سیاوون: بزن.
سیاهە: د. ریزە نووسراوێکە لەسەر باری درێژی کە باسی تاکەتاکەی شتی کڕدراو و فرۆشراو بکا.
سیاهی: د. سیاهە.
سیایی: سیاهی.
سێبارە: وتەیەکە وتنەوەی کارێک یا کردنەوەی کارێک دەگەیەنێ بۆ جاری سێهەم.
سێبارەپات: وتە یا کردەوەیەکە کە سێ جار وترابێ یا کرابێ.
سێباز: سێبازد.
سێبازد: جۆرە یارییەکە کە سێ بازدی تێدا دەبرێ.
سێبکۆک: سێ پەڕە.
سێبکۆڵە: گێلاخە.
سێبسکە: سێبسکۆک.
سێ بنهەرد: سێوی بن عەرد.
سێبەر: جۆرە تارماییەکە پەیدا دەبێ لە قەبارەیەک کە بەری ڕووناکی گرتبێ.
سێبەردە: بریتییە لە سێ تەڵاقە: فیسار کەس (سێبەردە)ی فرێدا واتە سێ بە سێ تەڵاقی خوارد: سێ کوچکە.
سێ بەڕۆ: لەرز و تایەکە کە ڕۆژە نە ڕۆژێک بتگرێ.
سێبەندە: ناوەندی هەردوو سمت و موورغەی پشت.
سێبەندی: لۆتی.
سێپ: ز. دەستە دووی جووت.
سێپا: ئاسنێکی سێ پێیە لەسەر ئاگر دادەنرێ و مەنجەڵی دەخرێتە سەر. سێپک.
سێپاڵوو: شتی سێ سووچ. جۆرە دڕکێکی سێ سووچە.
سێپایە: سێپا.
سێپک: ز. سێپایە کە مەشکەی پێدا هەڵدەواسرێ بۆ ژەندن.
سێپەڕە: گیایەکی سێ پەڕی لووسی گەڵا خڕە لە هێندێ شوێن دەچێنرێ و دوو سێ جار دەدروێتەوە و گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
سێپێ: سێپا.
سێپێیی: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە لە هەموو قونەیەکدا دووجار دەچێتە پێشەوە و جارێک دەچێتە پاشەوە.
سێتاف: با. هەتاو.
سێتکە سلاوە: سێچکە سلاوە.

سێتە: پەتک.
سێتەبەسەر: ناوە بۆ تیرەیەک لە هەمەوەند کە (سێتە) دەبەستن بەسەردوە.
سێ جرتەکی: سێ مرەکی.
سێچکە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو بەقەد (گزگل) دەبێ و چڵ چڵە بەڵام چڵەکانی کوڵن.
سێچکە سلاوە: برینێکی پچکۆلەیە لە پێڵووی چاو دێ.
سێ چوار: ناوە بۆ دوانزە ڕۆژەی دوای (سێ شەش).
سێ چوکڵە: شتێکە سێ دەدانەی ببێ وەک دەدانەکانی پیتی سین و شین.
سێ حاچە: د. سێپاڵوو.
سێخچوولە: ل. سیخوڕ.
سێخناخ: شتی پڕی ئاخنراو (سێخناخبوون) پڕبوونی شتێک لە شتێکی تر، سێخناخکردن: پڕکردن و ئاخنینی شتێک لە شتێکی تر.
سێدارە: قەنارەی زەلام پێ خنکاندن.
سێدری: ژوورێکە کە سێ پەنجەرەی لە ڕیز یەکەوە تێدابێ.
سێر: هـ. تێر.
سێرمەکی: سێ مرەکی.
سێرۆژگانە: خواردەمەنییەکە بەخێر بۆ مردوو دەکرێ دوای سێ ڕۆژ لە مردنی.
سێرۆژە: سێ ڕۆژگانە.
سێریان: ڕێگایەکە سێ قۆڵی لێ بووبێتەوە.
سێریزکێن: جۆرە یارییەکە وەک دامە.
سێریزێن: سێریزکێن.
سێرمە: چەرمی خاوی زویڵ زویڵ کراو. وێژەی جووت.
سێرمەکێش: شیشێکی باریکی درێژە سێرمەی بنکی کڵاشی پێ هەڵدەکێشرێ.
سێرۆچکە: قوڕقوڕاگە.
سێروو: ڕیشۆڵە.
سێرە: تەمەن: لە (سێرە)ی تۆدا شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندن بووم.
سێزدە: سیانزە.
سێزدەمین: سیانزەمین.
سێزدەهەم: سیانزەهەم.
سێزدەهەمین: سیانزدەهەمین.
سێزۆ: د. سۆزی.
سێ سووچ: شتی سێگۆشە.
سێ سێخە: د. سێ پاڵوو.
سێ شەش: ناوە بۆ هەژدە ڕۆژ لە هەوەڵی بەهاردا.

سێشەمب: با. سێ شەممە.
سێشەممە: چوارەم ڕۆژی حەفتە لە هەینی بەدواوە.
سێشەموو: سێشەممە.
سێشەمە: سێشەممە.
سێف: سێو. ناوی دوو دێیە لە مەریوان.
سیفتۆ: ز. شتی بۆگەن.
سێفزەمین: سێفەزەمین.
سێفۆکە: گیایەکە ئاژاڵ دەیخوا.
سێفە زەمینە: شتێکی خڕە وەک سێوی بن ئەرز تامی زەردێنەی هێلکە دەدا و دەکرێ بە گەلێ جۆر خواردەمەنی.
سێفەلووکە: گیایەکی بەهاری گەڵا پانە بەرێکی خڕی شیرینی هەیە.
سێڤ: ز. سێو.
سێڤسێڤۆک: پیازە خووگانە.
سێک: ز. سرکەی ترێ.
سێکوچکە: سێپای ئاگر.
سێکووزە: گیایەکی ئاوی سێ سووچە گەزێک بەرز دەبێتەوە، گوڵێکی توپ دەردەکا بەدەوری گوڵەکەیدا گەڵایەک دەردەکا وەک گەڵای کەوەر.
سێگا: جۆرە مقامێکی خۆشی کوردییە.
سێگۆشە: شتی سێ سووچ.
سێگوە: ز. شەن.
سێل: با. ساج.
سێڵ: ساج.
سێلاخ: ز. لم.
سێلاو: لافاو.
سێلخان: ز. لمی ناو جۆگە.
سێلک: دارێکی سێ پەلە کای پێ ئەم دیو و ئەو دیو دەکرێ.
سیلکە: نێرەکەر.
سێلگا: شوێن لافاو.
سێلمی: جۆرە حەلوایەکە دروست دەکرێ لە ئارد و دۆشاو و پەنیری کولاو.
سێلۆقی: سێبازد.
سێلوولە: لوولە و زنجیری ملی ژنان.
سێلە: بەردێکی پانە لە جیاتی ساج ناشەوان کولێرە ناشی پێ دەبرژێنێ.
سێمردکی: هەڵپەڕین و هەڵقونین بەکوڵ و بەجەخت.
سێن: وتەیەکە بەدوای هێندێ وتەی تردەوە دەنووسێ و دەیکا بە(اسم فاعل): مەڕ (سێن) حەقەود (سێن).
سێنج: ز. پەرژینی باخ بە دڕک.

سینچکە: سیچکەی پچووک.
سینچکە: زیپکەی پچووک.
سینچکە سلاوە: سیچکە سلاوە.
سێنزە: سیانزە.
سێنزەمین: سیانزەمین.
سێنزەهەم: سیانزەهەم.
سێنزەهەمین: سیانزەهەمین.
سینگ: سنگ.
سینگە و بازد: سنگە و بازد.
سێنیک: با. دەوری.
سێنی: ز. سینی.
سێو: میوەیەکی خڕی گەورەی توێکڵ جیری تام و بۆن خۆشە.
سیوادبوونەوە: چاوکردنەوە لە خوێندن یا لە کاروباردا.
سێ و دووکردن: بریتییە لە دوو دڵی کردن لە کارێکدا.
سێوورسات: خەرج و باج.
سێوونگ: سیاوون. ناوە بۆ دێیەک لە شاربازێر.
سێ وەختە: بریتییە لە بەیانیان و نیوەڕۆان و ئێواران: فیسار کەس (سێوەختە) نان دەخوا.
سێوەر: سێبەر.
سێوەڕۆ: سێبەڕۆ.
سێوەزەمینە: پەتاتە.
سێوە لاسوورە: جۆرە سێوێکە لایەکی سوورە.
سێوەنگ: د. سێبەندە.
سێوەنگی: د. سێبەندە.
سێوهەرمێ: جۆرە هەرمێیەکە وەک سێو وایە.
سێوێ: سێوی.
سێویاگ: د. شتی سواو.
سێویان: د. سوان.
سێوی بن ئەرز: گیایەکی گەڵا پانی بەرزە بنکێکی خڕی خۆشی هەیە وەک پەتاتە.
سێوی: هەتیو (ز). کەسێکە کە دایکی مردبێ (با).
سێهەم: شتێکە لە پایەی سێدا بێ.
سێهەمین: سێیەم.
سی: ناوە بۆ ژمارەیەک کە سێ دەیە. پارچە گۆشتێکی سووری دوو پەلی پفەڵە لە ژوور جگەرەوە. جۆرە قازێکی کێوییە.
سیپ: ڕەبەت.
سیپارە: سی جزمەی قورئان کە جزم جزم بێ.
سیپاڵ: پارچە جلی کۆنی چڵکن.
سیپاڵ بە ڕۆن: شلکێنەیەکە کە لە دۆشاو و ڕۆن هەڵکێشرابێ.
سیپە: ڕەبەت. پارچە ئاسنێکە بەسەر پشتی تفەنگەوە بۆ ئەنگاوتنی نیشان بەرز و نزم دەکرێتەوە. (ز).

سیپە کوورِ: جۆرە تفەنگێکە کە سیپەکەی کوورە.
سیپەل: شەپۆل.
سیپەلاک: سیپەلک.
سیپەلک: سی گیاندار.
سیتاڤک: با. سێبەری ئادەمی.
سیتل: ز. مەنجەڵی مسین.
سیتە: با. تەپکەی ڕاو.
سیچک: سیچکە.
سیخ: شیشی نەستووری لووت تیژ. سیخوار.
سیخ ئاخن: سیخاخن.
سیخاخن: شتی سیخناخ.
سیخن: گیانداری سیسی نەخۆش.
سیخوار: زوقم.
سیخورِ: سووچەرِ. پیسی ناوسکی ئاژاڵ.
سیر: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەوەر وایە دەچێنرێ و بنکێکی سپی بۆن ناخۆشی هەیە وەک پیاز.
سیراج: هـ. سیرێژ.
سیر نەنجن: بریتییە لە شتێک کە زۆر ورد چنرابێ.
سیرِە: جیرِە. دەنگی سەماوەرێکە کە تازە هاتبێتە جۆش، (سیرِە سیرِ) سیرەی یەک لە دوای یەک، (سیرِ و هوورِ) سیرِە سیرِی زۆر.
سیرک: ز. جۆرە سیرێکە دەکرێتە ناو پەنیرەوە.
سیرکۆ: دیبەگی برنج کوتان.
سیرم: د. سیرمە.
سیرمۆکە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک گەڵای سیر وایە بەڵام وەک ئەو بۆنی ناخۆش نییە.
سیرمووک: ز. سیرمۆکە.
سیرۆ: د. باڵندەیەکی دەنگ خۆشە.
سیر و ماست: نانی وردکراوە کە ڕۆنی داخ و ماستی کرابێ بەسەردا.
سیرە: وتەیەکە زەردەواڵەی پێ دەردەکرێ.
سیرەکۆ: هـ. بەردێکی پانی قورسی لووسە هێلەساوی پێ دەکرێ.
سیرە مۆزە: جۆرە زەردەواڵەیەکی زەردباوە.
سیرەمۆکە: سیرمۆکە.
سیرەنجن: سیر نەنجن.
سیرێژ: جۆرە خواردەمەنییەکە وەک (سوێرەکە) بەڵام ئەم خوێی تێ ناکرێ.
سیس: سەوزایی و گیانداری لاوازی چرچەڵە، (سیسبوون) چرچ بوون و ژاکانی سەوزایی و گیاندار.
سیسارک: سیسارکە کەچەڵە.
سیسارکە کەچەڵە: باڵندەیەکە لە کۆلارە دەچێ بەڵام گەورەترە و سەری بێ تووکە.
سیسپەست: کردنی ئیشی ژن و مێردایەتی بەتێ ئاخنینی بەسیسی.
سیسرک: دەعبایەکی زەردی پچکۆلانەیە وەک کوللە بەقەڵەمبازد دەڕوا.
سیسرگ: سیسرک.
سیسرە: سپیسرک.
سیس عەمەر: سیس عەنبەر.
سیس عەنبەر: گیایەکی سەوزی گەلا پانی تاڵی بۆنخۆشە.
سیسکە: سیسەمارە.
سیسۆڵە: د. سیسەڵە.
سیسەڵە: گیانداری سیس.
سیسە مار: جۆرە مارێکی زەردی ڕیوەڵەیە.
سیسە مارە: مەردوومی سیسی لاواز.
سیسەمرۆ: سیسە مارە.
سیسووک: دەعبایەکی زەردی پچکۆلەی چنگ چنگی دەنگ زلە.
سیسی: وتەیەکە هانەهانەی گەماڵی پێ دەدرێ بۆ پەڕینی لە دێڵ. بەری کەنگرە کە بەسوێرخوێیی و برژاوی دەخورێ.
سیڤاندە: با. گوێسوانە.
سیڤلە: ز. جرج.
سیق: معدە.
سیقەتۆرە: پارچە گۆشتێکی بۆشە لە سکی باڵداردا خواردەمەنی تێ دەچێ و لەوێوە دەچێتە ڕیخۆڵەوە.
سیک: بای قنگ (ز). قنگ (د).
سیکارد: کێرد.
سیکەتۆرە: سیقەتۆرە.
سیکەنە و سەرخان: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتی زۆر وتنەوەی قسەیەک یا زۆر کردنەوەی کارێکدا: ئەیهوو دیسان (سیکەنە و سەرخانە).
سیل: دەردێکی کوشندەی زۆر گرانە تووشی مەردووم دەبێ و دەیکوژێ.
سیلاوی: سیلدار.
سیلایی: سیلە.
سیلدار: کەسێکە دەردی سیلی پێوە بێ.
سیلکردن: پاککردنەوەی سەعات و قاپ و قاچاخ لە ژەنگ و چڵک. بریتییە لە دیقکردن.
سیلە: سەر سووچی کۆڵان. ڕەقە.
سیم: شتێکە وەک سورمە بەڵام ئەم زیو نییە. تەل.
سیماسین: بریتییە لە ڕق هەستان.

سیمبەند: تەلبەند.

سیمر: سیمرغ.

سیمرخ: سیمرغ.

سیمرغ: جۆرە باڵندەیەکی زۆر گەورەیە کە هەر ناوی هەیە.

سیمگڵ: جۆرە گڵێکی سپی زەردباوە بە کای ورد دەگیرێتەوە لە جیاتی گەچ ژووری پێ سواغ دەدرێ.

سیمورغ: سیمرغ.

سین: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.

سینگ: سنگ.

سینە: سنگی گیاندار.

سینەباز: د. سنگە و بازد.

سینەبەرە: بەرەی وڵاخ. بەروانکە.

سینەبەن: سینەبەرە: گەردن بەند. (د).

سینەبەند: سینەبەرە. بەروانکە.

سینەپاڵوو: دەردی تەنگەنەفەسی.

سینەپۆش: بەروانکەیەکە دەگیرێ بە بەرۆکدا.

سینەک: جۆرێکە لە کاغەزی قومار.

سینە کەمان: پارچەیەکە لە مۆزیقە چەند تاڵێک ژێی لێ چەسپ کراوە بەکەوانەیەکی ژێدار لێ دەدرێ و دەنگێکی خۆشی لێ پەیدا دەبێ.

سینەما: مەکینەیەکە کە وێنەی شت بەگەورەیی بەهۆی کارەباوە پێشان دەدا.

سینەمەکی: گیایەکی گەرمیانی گەڵا وردی درێژکۆلەیە بۆ رەوانی دەخورێ.

سینی: دەفرێکی پانی لێودارە نان و چێشتی لەسەر دادەنرێ لە کاتی نان خواردندا.

سیوا بوونەوە: چاو کرانەوە و ترس شکان: تازە ئامۆژگاری کەڵک ناگرێ چونکە (سیوای بووەتەوە).

سیواخ: سواخ.

سیواغ: سواخ.

سیواق: سیواخ.

سیوان: چەتر (ز). خێوەت.

سی و جگەر: جەرگ و سی گیاندار.

سیوسیوە: تیغ هێنانەوە بەسەر ریش و سەردا دوای تاشینی.

سیە: سێبەر.

سییە: ناوە بۆ سەنگی کێشانەیەک لە وڵاتی موکریان.

سییەک: د. سێ یەک.

سێ یەک: لە سێ بەش بەشێک.

سێ یەکی: سێ یەک.

سێیەم: سێیەم.

سێیەمین: سێهەمین.

سییەوشکە: جۆرە نەخۆشییەکە بەهێندێ گیاندار دەگا هەمیشە دەم و قوورگی وشک دەبێ.

ش

ش: پیتێکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (وەک): منیش دەخوێنم واتە وەک تۆ.
شا: گەورەی دەوڵەتێکە کە نەگۆڕێ و لە دوای خۆی کوڕی بکرێ بە شا. هەنگ و زەردەواڵەیەکی گەورەیە کە شان هەڵ دەبەستن و گەرا دادەنێن. ناوە بۆ داشێک لە داشەکانی شەترەنج. شادمان (د). خۆشا: (شا) بەحاڵی فیسار کەس، واتە خۆشا بەحاڵی ئەو (د). اسمی فعلە بەمانای (تەماشاکە): (شا) کە، واتە تەماشاکە.
شاباز: بازی گەورە.
شاباش: دراوێکە کە هەڵدرابێ بەسەر یەکێکدا لە ڕووی خۆشەویستییەوە.
شاباشکردن: هەڵدانی دراو بەسەر یەکێکدا لە ڕووی خۆشەویستییەوە. وتنی (شاباش) لەلایەن گۆرانیبێژی هەڵپەڕکێ و بۆ ئەوەی کە دراوی بدرێتێ.
شابال: باڵی گەورەی پەلەوور. ئەندازەی باڵێکی گەورەی مەردووم لە شتێک: شا باڵێکم بلووری بدەرێ.
شابست: بلۆسکێکە لە سەرەوە تا خوار ئاسن بێ.
شابک: ز. چۆغەی ڕانک.
شابوو: کوندەبەبوو.
شابوون: ز. شادبوون.
شا بەروو: د. کەستانە.
شابەندەر: نوێنەری دەوڵەتێکە بۆ ناو دەوڵەتێکی تر بۆ ئەمەی کە لەوێ سەرپەرشتی کاروباری دەوڵەتەکەی خۆی و خاوەنداری هاوولاتییەکانی بکا. بریتییە لە ئافرەتی بێ شەرم.
شابەندەرخانە: کۆشکێکە کە شابەندەر تێیدا دانیشێ.
شابەنەر: شابەندەر.
شاپ: د. لێدان بە بەری دەست.
شاپرزا: شپرزە.
شاپلێتە: دارێکە سەرێکی پەڕۆی پێوە پێچرابێ و نەوتی پێداکرابێ بۆ داگیرساندنی.
شاپووراخ: ل. پەپوولە.
شاپە: ز. پارچەیەکی گەورەیە لە بەفر کە لەسەر شاخەوە هەرەس بێنێ. تاوێرێکە کە لە شاخێکەوە برووخێ.
شاپەڕ: پەڕی گەورە و درێژی باڵدار.
شاپەسەن: د. شاپەسەند.
شاپەسەند: گوڵێکی جوانە گەڵێ جۆر ڕەنگی هەیە.
شاپینۆز: پینەی کاڵا.
شات: توولی یەکساڵە لە درەخت (ھ). شاتە (د).
شاتار: د. جۆرە تارێکی گەورەیە.
شاتاڵ:د. شالاو.
شاتاندن: قیژاندن.
شاتاوڵ: شاتاڵ.
شاتر: تەتەر.
شاتلوورە: تایەرە گلگل.
شات و شووت: شاتە شات کردن.
شاتوو: جۆرە توویەکی مۆری خڕی دەنک گەورەیە.
شاتە: هەرا و دەنگە دەنگی بێ شەرمانە.
شاتەشات: شاتەی یەک لە دوای یەک. جۆرە نانێکی تەندوورییە (د).
شاتەڕە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک شوێت وایە ئارەقی دەگیرێ و دەخورێتەوە بۆ فێنکی دەروون.
شاجوان: لاوی شۆخ و شەنگ.
شاخ: کێو. شتێکی ڕەقی درێژە بەپشتی سەری گا و بەران و بزن و هێندێ گیانداری ترەوە. دەفرێکی دارینە باروتی تێ دەکرێ و دەکرێتە مل (ز).
شاخاندن: شریخە کردن.
شاخانن: د. شاخاندن.

شاخانە: پارەیەکە دەسێنرێ لە خاوەن ئاژاڵ بەرانبەر بەلەوەڕی شاخ.

شاخاو: جێی چرنووک لە ئەندام.

شاخاوی: شوێنێکە کە کێو و شاخی زۆر بێ.

شاخدار: جۆرێکە لە بەری دارمازوو لە (پانکە) دەچێ بەڵام ئەم درێژکۆلەیەکی قژ قژە. گیاندارێکە کە شاخی بێ.

شاخ سپی: جۆرە ترێیەکی سپیە وەک (مام برایم) بەڵام ئەم سەر دەنکەکانی باریکە.

شاخستان: شاخاوی.

شاخکردن: هەستانە سەر پاشووی ماین و ئەسپ.

شاخ و بەڵەک: د. قەمزە و نان.

شاخە: دەنگێکە وەک دەنگی رووخانی خانووی بەرز و هەرس هێنانی تلی زۆر گەورەی قەد شاخ. لق و چڵی درەخت (د).

شاخەوان: گیاندارێکە کە باش بەشاخدا هەڵگەڕێ.

شاخی: شتێکە کە هەر لە شاخدا بێ: پڵنگ و بەوور، یابەڕەزا و رێواس (شاخی)ن، واتە هەر لە شاخ دەبن.

شاد: کەسێکە کە بەئارەزووی خۆی گەیشتبێ.

شادانە: د. تۆوی گوش.

شادبوون: بەئاوات گەیشتن.

شادمان: شاد.

شادمانی: شادی.

شادەمار: دەماری گەورەی گیاندار و درەخت.

شادەمەرگ: کەسێکە لە خۆشیاندا بمرێ.

شادەمەرگبوون: مردن لە خۆشیاندا.

شادە مەرگی: شادەمەرگبوون.

شادنوێژ: پەنجەی دۆشاومژە.

شادی: کەیفخۆشی.

شار: چەند خانوویەکی زۆری رێکوپێکە کە لە دێ گەورەتر و جوانتر و رێکوپێکتر و ئاوەدانتر بێ. هێلانەی زەردەواڵە و مێروولە. شوێنێکی تایبەتی نیشانە کراوە لە هێندێ یاریدا وەک (چاوشارکێ) و (قەلە مردارێ) کە لێی کۆدەبنەوە.

شارا: کۆمەڵێکە لە کوڵۆش کە لە (مەڵۆ) گەورەتر و لە خەرمان پچووکتر بێ.

شاران: ز. گوێز و بادامێکە وەک ملوانکە دروست دەکرێ.

شارانگەڕ: کەسێکە کە زۆر گەڕابێ و شارانی دیبێ.

شارانگەشت: شارانگەڕ.

شاراوە: شتێکە کە پەنهان کرابێ.

شاربەدەر: کەسێکە کە لە ئاواییەک دەرکرابێ لەبەر خراپی، (شاربەدەرکردن) دەرکردنی یەکێک لە ئاواییەک لەبەر خراپی.

شاردار: متصرف.

شاردراوە: شاراوە.

شاردن: شاردنەوە.

شاردنەوە: حەشاردان و ونکردنی شتێک.

شاراوە: شتی حەشاردراو.

شا ڕەگ: شادەمار.

شا ڕێ: رێگای زۆر پان و درێژ کە رێگا و کۆڵانی زۆری بەسەردەوە بێ.

شا رێگە: د. شا ڕێ.

شا ڕیشە: د. شادەماری درەخت.

شارسان: د. شارستان.

شارسانی: د. شارستانی.

شارستان: شاری گەورەی ئاوەدان. شارێکی گەورەیە کە شارداری تێدا دابنیشێ.

شارستانێتی: ژیری و چاوکراوەیی.

شارستانی: کەسێکە کە لە شار دانیشێ. بریتییە لە مەردوومی زیری چاوکراوە.

شارگر: وتەیەکە دەوترێ لە یاری (چاوشارکێ)دا لە کاتێکدا کە بێتەوە سەر شار.

شارۆخ: چەمیلە ترۆزی.

شارەدێ: دێی زۆر گەورە.

شارەزا: کەسێکە کە ئاگادار و بەڵەد بێ بەشتێک (شارەزابوون) ئاگاداربوون بەشت.

شارەزایی: ئاگاداری و بەڵەدی بەشت.

شارەزوور: ناوچەیەکی گەورەیە لە کوردستانی عێراق.

شارە زەردەواڵە: کونێکە زەردەواڵە هێلانەی تێدا کردبێ.

شارە مرۆچە: د. شارە مێروولە.

شارە مێروو: کونێکە کە مێروولە هێلانەی تێدا کردبێ.

شارەمێروولە: شارە مێروو.

شارەوان: کەسێکە کە سەرپەرشتی ئاوەدانی و پاک و تەمیزی شارێک بکا.

شارەوانی: بلدیە.

شاریاگەوە: شاراوە.

شاریان: د. ونبوون.

شاری: شارستانی.

شاربنەوە: شاردنەوە.

شازادە: نەوەی شا.

شازدە: شانزە.

شازدەمین: شانزەمین.

شازدەهەم: شانزەهەم.

شازدەهەمین: شانزدەهەمین.
شا ژن: ژنی شا. بریتییە لە ژنی دەرهاتووی کارامە.
شاسوار: مەردوومی سوارچاک. مەردوومی چالاکی ئازای کارامە.
شاسە: شەستە.
شاسەیوان: خێوەتی شا.
شاش: شتێکە کە سفت نەبێ. سەرپێچ (با).
شاشخاپێن: ز. کەسێکە لەژێر پەردەی ئایندا دەستی مەردووم ببرێ.
شاشک: با. سەرپێچی پیاو.
شاشوێش: شتی زۆر شاش.
شاشە: شاسە.
شاشیک: شاشک. مێزەر.
شاف: شتێکی باریکە لە هێندێ دەرمان دروست دەکرێ، مایەسیری دار دەیکا بەکۆمیدا بۆ لابردنی ئازاری مایەسیریەکەی.
شاف پێ هەڵگرتن: بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێک بەزمانی لووس.
شاف هەڵگرتن: شافکردن بەکۆمدا.
شاڤا: با. هەنگاو.
شاڤەشین: با. شینە شاهۆ.
شاڤین: با. دەنگی کەروێشک.
شاقاو: هەنگاو.
شاقروان: بۆق.
شاقڵ: چاکلێی کەوا.
شاقۆڵ: د. شاووڵ.
شاقولاب: قولاپی گەورەی چقە دار.
شاقولی ئاغا: دەعبایەکی ڕەشی پچووکە زۆرتر لە چاوی هەنجیردا دەبینرێ.
شاقووت: ز. پەلی دارگوێزێکە کە برابێ.
شاقوول: فاقە (ز). شاووڵ.
شاقەل: شاقڵ.
شاقەڵ: قەبارەی گیاندار.
شاقەڵدار: گیانداری گەورەی بەخۆوە.
شاکار: کردەوەی گەورەی گرنگ.
شاکوڵ: ز. پێڵاو.
شاکۆل: دار دەست.
شاگرد: منداڵی بەردەستی وەستا.
شاگردانە: دراوێکە بدرێ بەشاگرد لە کاتێکدا کە شتێکی تازەی دروستکراوت لای وەستاکەی بۆ بهێنێتەوە.
شاگردە: دارێکی درێژی قەڵانگەدارە جۆلا بژاری ڕایەڵی پێ دەکا.
شاگونج: گونچێکی گەورەی دارینە دەبرێتە دەم نێ و گونجی تری تێ دەبرێ.
شاگوڵ: گوڵی زۆر گەورە لە شت.
شاگە: شەگە.
شاگەردانی: د. پاشاگەردانی.
شاگەشکە: چەمۆڵە.
شاڵ: جۆرە تەنراوێکی خوربیە گەڵێ جۆری هەیە.
شاڵاو: پەلاماردانێکی بێ شەرمانەیە لەگەڵ جووڵانەوەی دەستدا.
شالوور: بلبل.
شالیار: د. پاشا. وەزیر.
شاڵیگا: د. مەردزە جاڕ.
شاڵینە: چەپاڵێکی چوارگۆشەی خوربیە.
شام: د. ئێوارێ. نانی ئێوارێ.
شامار: ئەژدەها.
شامبۆز: مەردوومی دانای ئازا.
شامخواردن: شێوکردن.
شامکردن: نانخواردنی ئێواران.
شامۆبی: ز. جۆرە تووتنێکی بی کەڵکە.
شامێر: کەڵەمێروو.
شامێروو: شای مێروولان.
شامی: شووتی.
شان: ئێسقانی ڕاست و چەپی خوار مل کە هەردوو قۆڵی پێوە بەندە. شتێکی کون کونی گردە هەنگ و زەردەواڵە هەڵی دەبەستن. تەنشت تەوقەسەری گرد و شاخ. گەورەیی و شکۆهی ئادەمی.
شانا: ل. شانە.
شانازی: نازین و خۆهەڵکێشانی یەکێک بەسەر یەکێکی تردا لەبەر شتێک.
شانای: هـ. تەکاندنی درەخت بۆ هەڵوەرینی بەری.
شان بەشان: بوونی دووکەسە بەڕەنگێک کە شانیان بەشانی یەکەوە بێ.
شانپۆش: دەسماڵی ژنان. شتێکە کە بدرێ بەشاندا.
شان داچەکان: شل و شێواوی یەخەی کاڵا.
شان داچەکاو: کەسێکە کە یەخە و ملیوانی کاڵاکەی شل و شێواو بێ.
شان دادان: بریتییە لە نووستنێکی کەم. بریتییە لە مردنی یەکێک و، لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ.
شان داهێشتن: د. شان دادان.
شاندن: چاندنی تۆو. ناردن (ز).

شانزه: ناوه بۆ ژمارەیەک کە شەش و دەیە.
شانزەمین: شتێکە کە لە پایەی شانزە دابێ.
شانزەهەم: شانزەمین.
شانزەهەمین: شانزەهەم.
شانس: بەخت.
شانشین: دوو سەکۆی پچکۆلەیە لای ڕاست و چەپی پێپیلکەیەکەوە کە پێیدا سەر دەکەوێت بۆ کۆشک. پایتەختی دەوڵەتێک. شکەم دوڕیدە.
شانۆ: شوێنێکی بەرزە لە تەختە دروست دەکرێ. سۆزانی لە سەری سەما دەکا. شوێنێکە تەمسیلی لەسەر دەکرێ.
شان و شەپیلک: وتەیەکە لە ڕووی گاڵتەپێکردنەوە بەیەکێکی شان داچەکاو دەوترێ: فیسار کەس (شان و شەپیلکێکی) ناشرینی هەیە.
شانوو: شانۆ.
شانە: شتێکی دانەدانەیە مووی پێ دادەهێنرێ. سەرکار (با).
شانەکار: ئافرەتێکە کە سەری ژنان ڕێک بخا.
شانەکردن: داهێنانی موو بەشانە.
شانەگەر: کەسێکە شانە دروست بکا.
شانەوشان: ڕۆین بەلەنجە و شان بادان.
شانەی جۆلا: دەفەی جۆلا.
شانی: ل. شانە.
شانین: د. فڕێدانی شت.
شاواز: د. شاباز.
شاواش: د. شەباش.
شاوانە: د. جۆرە گیایەکە.
شاوول: ئاسنێکی خڕی قورسە بەپەتێکەوە، وەستا خواری و گێڕی دیواری پێ بەراورد دەکا.
شاه: شای دەوڵەت:. ناوە بۆ داشێک لە داشەکانی شەترەنج.
شاهانە: شتی پاشایانە.
شاهۆ: شینەشاهۆ: ناوە بۆ کەژێکی بەرز کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتێکی خواروی هەڵەبجەوە.
شاهەنشاه: شایەکی گەورەیە کە قەڵەمڕەوێکی زۆری هەبێ.
شاهەنگ: هەنگێکی گەورەیە لەناو پوورە هەنگدا کە شان هەڵ دەبەستێ.
شاهێن: باڵندەیەکی بۆری گۆشتخۆرە لە باز گەورەترە.
شاهینەت: ز. کەیفخۆش.
شاهی: شایی.
شایار: د. شالیار.
شایان: شایستە.
شایانی: بوونی شتێک بەوەی کە شتێکی ترێ لێ بوەشێتەوە.
شایستە: شایان و سزاوار.
شایستەکار: شتێک یا چەند شتێکە دەبێ بەهۆێ شایانی و سزاواری بۆ شتێک (مؤهلات).
شایستەیی: شایانی.
شایسە: د. شایستە.
شایەتی: شهادەت.
شایەتیدان: شهادەتدان لەسەر شتێک.
شایەد: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (بەشکوو).
شایەر: گۆرانیبێژی شایی.
شایەن: تەرازوو.
شایی: کۆبوونەوە و هەڵپەڕین لە خۆشیدا بۆ ژن هێنان یا خەتەنە سووران. هەڵپەڕکێ. ناوە بۆ دراوێکی زیوینی پچکۆلە.
شاین: د. شاهێن. میلی ترازوو.
شاییکەر: کەسێکە کە بچێ بۆ شایی.
شایلۆغان: هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا لە شاییدا.
شپڕێو: شپرزە.
شپڕێوی: شپرزەیی.
شپرزە: گیانداری هەڵبزرکاوی سەرلێشێواو، (شپرزە بوون) هەڵبزڕکان و سەر لێشێوان.
شپرزەکردن: هەڵبزڕکاندن و سەرلێشێواندن. شێواندن و بلاوکردنەوەی شت: شتەکانم (شپرزە) مەکە.
شپرزباگ: د. شپرزە.
شپرزەیی: هەڵبزڕکاوی و سەرلێشێواوی.
شپک: ز. دارێکە ماڵەی زەوی پێ دەدرێ.
شت: ئەوەیە کە بگونجێ بزانرێ و باسی لێوە بکرێ.
شتران: ز. جۆرە بەردێکی نەرمە.
شتن: شۆرین. بریتییە لە جنێودانی زۆر بەیەکێک: فیسار کەسم (شت) واتە پڕ جنێوم کرد.
شتنەوە: پاککردنەوەی دانەوێڵە بە ئاو.
شتۆ: وتەیەکە سەگی پێ بەر دەدرێ لە شت.
شتومەک: وتەیەکە لەجێی وتەی (کەلوپەل) بەکاردێنرێ.
شتوو: ز. جۆرە هەرمێیەکە تا زستان دەمێنێ.
شتووک: ز. ئاوێکی زەردە کە دەکەوێتە سەر دۆ و دەکوڵێنرێ و دەدرێ لە جەستەی هەتاوبردوو.
شتەو: شتۆ.
شتین: کەسێکە هەمیشە چاوی لە شتی مەردوومەوە بێ و، بەبێ شت هیچ بۆ کەس نەکا.
شحنە: ز. داڕۆغە بازاڕ.
شخارتە: شقارتە.
شخرە: ز. شەخرە.

شخوو: با. خۆڕایی.

شرتک: ز. تۆڵی مێو.

شرت و شۆڵی بڕین: بریتییە لە جنێودانی زۆر بەیەکێک.

شڕ: شتی دڕاوی هەلا هەلا. وتەی گاڵتە پێ کردن: (شڕ) لە پیاوەتیت، واتە شێر (د).

شڕپۆش: کەسێکە کە هەرچی لەبەردا بێ شڕو وڕ بێ.

شڕکردن: بریتییە لە جنێودانی زۆر بەیەکێک. هەلاهەلاکردن و دڕاندنی شتێک.

شڕم بڕم: وتاری بێ سەر و پێ.

شڕ و پڕ: شڕ و شیواڵ.

شڕ و دڕ: مەردوومی دڕی هار.

شڕ و شیتاڵ: شتومەکی شڕی هەلا هەلا.

شڕ و شیواڵ: شڕ و شیتاڵ. شڕۆڵ.

شڕۆڵ: مەردوومی ڕیپاڵی شڕپۆش.

شڕو وڕ: شتی زۆر شڕ.

شڕە: شڕو شیتاڵ.

شڕها: وتەی تیتاڵییە وەک (شیرها).

شڕەگر: میراتگر.

شڕە و بڕە: شڕە و پڕە.

شڕە و پڕە: شڕ و شیتاڵ.

شڕە و شیتاڵ: شڕ و شیتاڵ.

شڕە و مڕە: شڕە و پڕە.

شرشر: دەنگی چۆڕاوگە.

شرقە: قرمە.

شرک: ز. پلوسکی چۆڕاوگە.

شرن: ز. کەڵبەی بەراز.

شرنگە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی شیر و خەنجەر کە بوەشێنرێ.

شروە هەڵاڵێ: هـ. گوڵێکی سوور و سپییە لە (هەڵاڵە برمە) دەچێ بەڵام ئەم پچووکترە.

شرەق: د. درز.

شرەقیان: د. درز بردن.

شرینقە: شتێکی تایبەتییە دەرمانی شلی تێ دەکرێ و بەدەرزی لە جەستە دەدرێ.

شریت: پەتێکی ئەستووری بەهێزی دەزووینی بادراوە.

شریخاندن: شریخەکردنی هەور. قیژاندنی یەکێک زۆر بەتوندی.

شریخانن: شریخاندن.

شریخە: دەنگێکە وەک دەنگی هەورە بروسکە، (شریخە شریخ) شریخەی یەک لە دوای یەک (شریخ و هووڕ) شریخە شریخی زۆر.

شریقە: شریخە.

شژ: کێم و زووخ.

شست: ز. سست.

شست و شۆ: شوست و شۆ.

شست و شۆدان: شوست و شۆدان.

ششت: شت.

ششتن: شتن.

ششتنەوە: شتنەوە.

شعەفی: ز. جۆرە ترێیەکی زوو ڕەسە.

شغاب: ز. مەتەی دارتاش.

شغارتە: شقارتە.

شفتە: خواردەمەنییەکە وەک کەباب لە گۆشتی قیمەکراو و ئارد دروست دەکرێ و لە ڕۆندا سوور دەکرێتەوە.

شفتەژە:د. شفتە ژێ.

شفتە ژێ: سک پڕبوونەوەی ژن لە کاتێکدا کە منداڵی شیرەخۆرەی بە بەردوە بێ.

شفتێل: ز. تووڵی تەڕی باریک کە لە شت بپێچرێ.

شفتی: با. شووتی.

شفرە: بڕەی بەراز.

شڤ: با. شوێنی نزم و نەورێ.

شڤارێ: ز. زەلامەرێ.

شڤان: ز. شوان.

شڤر: با. فیلە گێژە.

شڤک: ز. شووڵ.

شڤن: با. بزنە کێوی.

شڤیلە: ز. شڤارێ.

شق: با. ماندوو: (شقێتە) خوا هێزت بدا.

شقارتە: قوتوویەکی دوو پارچەی تەنکی پچووکە براونەتە یەک، چەند دانەیەکی باریکی تێدایە سەرەکانیان دەرمانێکی پێوەیە دەدرێ لە دەرمانی تەنشتی قوتووەکە و دادەگیرسێ.

شقام: ز. شەقازللە.

شکار: ڕاو. کۆمەڵە بەرد. زەوی بەردەڵانی.

شکارتە: پەڵە دانەوێڵەیەکی پچووکە کە هەژارێک بۆ خۆی یا یەکێک بۆ دۆستێکی داچەند بێ.

شکارتە کێل: ئەندازەیەکە لە زەوی کە کێڵدرابێ بۆ شکارتە.

شکارگا: د. شوێنی شکار.

شکان: لەتبوونی شتی ڕەق. نەمانی ڕۆژوو بەهۆی خواردن یا خواردنەوەوە. بریتییە لە هاتنە خوارەوەی نرخی شت: گەنم (شکاوە). بریتییە لە ڕیسوابوونی یەکێک: بەدرۆکردن مەردووم (دەشکێ).

شکاندن: لەتکردنی شتی ڕەق. نەهێشتنی ڕۆژوو بە خواردن یا خواردنەوە. بریتییە لە هێنانە خوارەوەی نرخی شت. بریتییە لە ڕیسواکردنی یەکێک. بریتییە لە کوڵدان بەلەشکر. بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و بەڵێن.

شکاندنەوە: شکاندنی لقی درەخت. گەڵا ڕنکردنی تووتن حەلێک کە زەرد ببێ. هێنانە ژێر باری منداڵ کاتێک کە کزر بێ بۆ ئەوەی کە فێری کارێک ببێ: منداڵەکەت زوو (بشکێنەرەوە). ڕۆکردنی هێندێ لە چای تازە لێنراو و، تێکردنەوەی بۆ سەرەوخوار بوون و دەمکێشانی.

شکانن: شکاندن.

شکانەوە: پەژمووردەبوونی گیاندارێک کە لەوە پێش بەدەماخ بووبێ.

شکاو: شتێکی ڕەقە کە لەت بووبێ. شتێکە کە نرخی هاتبێتە خوارەوە. مەردوومێکە کە ڕیسوا بووبێ.

شکاوی: ناستی شکانی شت.

شکس: د. شکست.

شکست: شتی زەردی درزبردوو.

شکستە: جۆرە نووسینێکی تایبەتی تێ هەڵکێشە وەک خەتی دیوانی. تاقێکی کەوانەییە کە کەوانەکەی نزم هێنرابێتەوە. شکست (د). لەشکری شکاو.

شکستی: شوێنی زەرد لە شت.

شکڵ: دیمەن و دروشمی شت.

شکڵنووس: نووسینەوە لەبەر شکڵی نووسراوێک بێ ئەمەی بزانیت دەڵێ چی.

شکۆ: د. سام و سامان گەورەیی. فیسار کەس زۆر بە(شکۆ)یە، واتە بەسامە و شەرمی لێ دەکرێ.

شکۆفە: گوڵووکی هێندێ درەخت کە تازە پشکووتبێ.

شکۆفیانەوە: د. پشکووتن و گەشانەوە .

شکووک: ز. هەرمێ.

شکوولک: شکەلووک.

شکەبەر: ز. دیوارێکە لە بەردی ڕووت دروست کرابێ.

شکەست: شکست.

شکەستن: ز. شکاندن.

شکەفت: ز. ئەشکەوت.

شکەڤ: ز. کاسەی چێشت تێدا خواردن.

شکەلک: با. پارچەی کووپە و گۆزەی شکاو.

شکە لووک: با. توێکڵی شت.

شکەم دوریدە: لادانێکی گەورەیە لەناو دیواری ژووردا شووشەبەند دەکرێ و لە زستاناندا تێیدا دەنوون.

شکەنجە: د. ئەشکنجە.

شکەو: کاسە.

شکیاگ: د. شکاو.

شکیان: د. شکان.

شکیانەوە: د. شکانەوە.

شکێر: ز. بەردی بەسەربەکدا کەوتوو.

شکێڕ: شکێر.

شگۆفە: شکۆفە.

شل: شتی ڕوونی تراو. شتی لەق. ئەم سنگە یا ئەم بزمارە (شل)ە. کەسێکە کە لە کارێکدا گیر نەبێ: فیسار کەس بۆ ئەو کارە (شل)ە واتە گیر نییە. شتێکە کە توند نەبێ: پشتێنەکەم (شل)ە، یا دەستم شل بوو.

شڵ: شتی سوور پڕ نۆڵی پلپل.

شلاڵ: کۆکی درومان.

شلانە: د. شێلانە.

شلانەکوت: د. قەپسی وشکەوەکراو.

شلبوون: بێ هێزی و خاوبوونەوەی ئەندام. لەقبوونی شت.

شلبوونەوە: خاوبوونەوە.

شڵپ: مشتێک ئاو کە بدرێ بەدەموچاودا.

شڵپاو: د. شەپۆلی ئاو.

شڵپ و کوت: شڵپە و گرمەی لێدان: فیسار کەس (شڵپ و کوت) منداڵەکەی داگرت.

شڵپە: دەنگێکە لە لێکەوتنی شتێک لە شتێکی شل یا تەڕ پەیدا دەبێ، (شڵپە شڵپ) شڵپەی یەک لەدوای یەک (شڵپ و هووڕ) شڵپە شڵپی زۆر. بریتییە لە چێشت و گۆشتی زۆری مشە: لە ماڵی فیسار کەس (شڵپە)یە.

شڵخە: پووردی هەنگ.

شڵغە: د. شڵخە.

شلف: ز. نوکی خەنجەر و کێرد.

شلفە: شفرەی بەراز.

شڵقە: دەنگێکە وەک دەنگی مەشکە لە کاتی ژەندنیدا (شڵقە شڵق) شڵقەی یەک لەدوای یەک (شڵق و هووڕ) شڵقە شڵقی زۆر.

شڵقیاگ: شتی فلیقاوەی زۆر بەسەر یەکداچوو (د). شڵەقاو (د).

شڵەقیاو: د. شڵقیاگ.

شلک: گیانداری شلە پەتە. تەپڵی سەر: شلکاسەر واتە تەپڵی سەر (ز).

شلکاک: ز. جۆرە باڵدارێکە لە کۆتر گەورەترە.

شلکردن: خاوکردنەوەی شت. بریتییە لە خاوبوونەوەی یەکێک و بەدەستەوەدانی شتێک کە لەوە پێش گیرەگیری لەسەر کرد بێ.

شلکردنەوە: خاوکردنەوەی شتی توند.
شلکوتی مـەرگکردن: بریتـیـیـە لە لێـدانی زۆر لە یەکـێک بەرەنگێک کە شل ببێ.
شلکە: گولمە گۆشت.
شلکێنە: جۆرە نانێکە هەویرەکەی بەکەوچک دەکرێتە سەر ساج و پان دەکرێتەوە و دەبرژێنرێ.
شلنگ: د. تەکان و هەلمەت.
شلۆر: ز. میوەیەکی ترشە وەک هەلووژە .
شل و شۆل: شل و شێواو.
شل و شێواو: مەردوومی شەپ و شۆری شان و مل داچەکاو.
شلۆقە: با. باران و بەفرێکە کە بەیەکەوە ببارێ.
شلۆق: شلووق.
شل و مل: شتی نەرم و شل.
شلووق: شتێکە لە جێی خۆی لەقیبێ.
شلووقبوون: تێکچوون و شێوان: جیهان چاک (شلووق بووە).
شلووقیان: د. شلووقبوون.
شل و ول: د. د. شل و مل.
شلوێ: ناوی لێل.
شلە: چێشتی شل. جۆرە تەنراوێکی تەنکی شاش و وێشە ژنان دەیکەن بەکالا.
شلە: بەلەک.
شلەپەتە: شلک.
شلەپێ: ز. هەلخلیسکان.
شلەتێن: شتێکی شلە کە کەمێک گەرم بێ
شلە جاف: جۆرە لەوەڕێکی زۆر باشە بۆ ئاژال.
شلە جاو: د. جوونی شت بەوردی.
شلەحەیحەی: بریتییە لە شتی شلی ناشرینی ناخۆش.
شلەختە: د. شلەپەتە.
شلەژان: پەشۆکان.
شلەژاندن: پەشۆکاندن.
شلەژە: د. شلەژاو.
شلەژین: شلەژان.
شلەژیو: شلەژاو.
شلە شاری: شارستانی خاو و خلیچک.
شلەشل: خاوە خاو.
شلەقان: هاتوچۆکردن و جوولانی شتی شل لەناو دەفرێکدا.
شلەقاندن: ڕاوەشاندن و جوولاندنی شتی شل لەناو دەفرێکدا.
شلەقانن: د. شلەقاندن.
شلەقاو: شتێکە کە شلەقابێ.
شلەقاورمە: چێشتێکە لە قەیسی و کشمیش و گۆشت دروست دەکرێ.
شلەقیان: د. شلەقان.
شلەقین: شلەقان.
شلەک: ز. شلکێنە.
شلەمار: جۆرە مارێکی شلە.
شلیتک: با. تەناف.
شلێر: گولێکی بەهاری شاخییە بنکەکەی وەک سەلکە پیاز و گولی وەک لاولاو وایە. ناوچەیەکی درێژکۆلەیە لە ڕۆژهەلاتی پێنجوینەوە.
شلێقانن: د. فلیقاندنەوە.
شلێقیاگ: د. فلیقاوە.
شلێقیان: د. فلیقان.
شلێل: ز. جۆرێکە لە جۆ.
شلێوە: د. شلۆقە.
شلێویان: د. ئاشووب و ئاژاوە و تێکچوون.
شماردن: د. ژماردن.
شمارۆن: ز. مێو و ڕۆن.
شمارە: د. ژمارە.
شمامۆک: ز. شەمامۆکە.
شمتن: شووتی.
شمتوو: شمتن.
شمتی: با. شووتی.
شمش: سپل. سی گیاندار.
شمشاد: جۆرە دارێکی جوانی بێ گرێ و قۆرتە کەوچک و لەنگەری لێ دروست دەکرێ.
شمشال: لوولک. شمشاد.
شمشە: دارێکی چوارگۆشەی ڕاستە وەستای سواغ بەکاری دەهێنێ بۆ ڕاستی سواغەکەی.
شمشەکاری: سواغێکە کە بەهۆی شمشەوە درابێ.
شمشێر: تیغێکی برندەی تیژی درێژی دەمپانی کەوانەدارە. شمشێرە.
شمشێرە: دارێکە لە پشتی دەرگادا جێی کولۆمی لێ لەلە کراوە لە (کـیـسـەلە)وە ڕەت دەکرێ و دەرگای پێ دادەخرێ. پارچەیەکە لە پارچەکانی یەرەقی جووت.
شمقار: بالندەیەکی گۆشت خۆری ڕاوکەری چوست و چالاکە.
شمک: ز. سۆل.
شملی براکە: د. شەنگلە.
شملی بەردەکەت: د. شەنگلە بەردەکەت.
شملی: شـتـێکی بۆنخۆشە وەک زیرە وایە دەکرێتە ناو نانەوە. شەنگلە (د).
شمۆرتک: د. شتێکە کە وترا هەر مەبەست لە خۆی بگەیەنێ و هیچی تر (جزنی).

شمووز: چەمووش.
شمە: هـ. ئێوە.
شناس: ناسیاو.
شناسایی: شناسی.
شناسنامە: دەفتەرێکی پچکۆلەیە ناوونیشان و جێگا و ڕێگای خاوەنەکەی تێدا دەنووسرێ (هویة).
شناسیار: ناسیاو.
شناسی: ناسیاوی.
شناسین: ناسین.
شناو: شنۆی زۆرخانە.
شناوە: پەڵەی پچووک لە کشتوکاڵ.
شنکی: شەن.
شنگ: گـیـایەکی بەهاری لق باریکی گـەڵا لوولی بنکدارە دەخورێ.
شنگر و شیواڵ: پروپاتاڵ.
شنۆ: جۆرە جوولاندنێکی تایبەتی ئەندامە پاڵەوانان دەیکەن بۆ بەهێزبوونی ئەندامیـان. ناوە بۆ شارێک لە ناوچەی سابلاخ لە کوردەواری ئێران. شنەی با (د).
شنە: لەرینەوەیەکی هێـواشی لەسـەرخـۆ: (شنە)ی با دێ، (شنەشن): شنەی یەک لەدوای یەک.
شنەفتن: ل. شنەوتن.
شنەوا: د. بیسەر (سمیع).
شنەوتن: بیستن.
شنیان: د. شنینەوەی منداڵ.
شنین: د. شنیان.
شنینەوە: گۆشەکردن و شنەشن کردنی منداڵ. لەرینەوەی درەخت.
شۆ: شتێکی لینجە وەک کەتیرە دەدرێ لە هێندێ تەنراو بۆ دەق بەستن. شێف. شتی نمدار.
شواشینک: درەختێکی بەهاری هەمیشە سەوزە گەڵای وەک مۆرد وایە، بەرێک دەگرێ وەک چوالە تاڵە. ناوە بۆ جـۆرە ترێیەک (با). ناوە بۆ جۆرە هەنجیرێک (با).
شـواڵک: خـەڵفـەدارێکی تازەی باریک و درێژە کـە لەناو چەند خەلفێکی تردا هاتبێتە دەرەوە.
شوان: کەسێکە کە ئاژاڵ بلەوەڕێنێ.
شوانانە: شتێکە کە بدرێ بەشوان.
شوانخەڵەتێنە: باڵندەیەکی بۆرەقنەیە لە چۆلەکـە گـەورەترە هەڵ نافڕێ تا نزیکی نەبێتەوە.
شوانشوان: د. جۆرە یارییەکی منداڵانەیە.
شوانشوانەکێ: د. شوانشوان.
شوانکارە: کـەسێکە پیشـەی هەر شوانی بێ. ناوی تیـرەیەکە لە جاف.
شوان هەڵخەڵەتێنە: شوان خەڵەتێنە.
شۆب: ز. بەڵگە و ڕێوشوێنی شت.
شـوبات: مـانگی دووەم لە سـاڵی ڕۆژی کـە لە ناوەندی کـانوونی دووەم و مارت دایە و بیست و نۆ ڕۆژە لە ساڵی (کبیسـە)دا و بیست و هەشت ڕۆژە لە ساڵانی تردا.
شۆبە: ز. بێ هۆشبوون لەبەر نەخۆشی.
شۆپ: تیکە و پارووی زل: هیچ بەرگـەی (شـۆپ)ی تۆ ناگـرێ. شەپی دەست.
شوپاژۆ: کەسێکە کە شوێن پێ هەڵگرێ.
شۆت: هـ. شیری گیاندار.
شۆتک: شۆرتکە.
شۆتیلە: هـ. گیایەکی بەهاری شیردارە لە سالمە دەچێ.
شۆتین: هـ. چێشتی شیر برنج.
شۆتینە: فرنی.
شۆباو: شۆربا.
شۆخ: مەردوومی باڵا بەرزی جوانی شەنگ و شۆخ.
شۆخی: گاڵتە و گەپ، (شۆخیکردن) گاڵتە کردن.
شۆدار: شتێکە کە شۆی پێوە بێ.
شۆدان: ئاوکردنی هێندێ شت و نمدانی.
شـۆر: سـوێر. گـیـانداری زۆر ڕەوان. جـۆرە مـقـامـێـکی خـۆشـە. کەردکێوی. شۆدار. عەشق: فیسار کەس (شۆر)ێکی هەیە، واتە سۆز و عەشقێک.
شۆران: شتن.
شۆراو: شتێکە کە بەئاو شۆرابێتەوە.
شۆراوە: دانەوێڵەیەکە کە بەئاو شۆرابێتەوە.
شۆربا: جۆرە چێشتێکی شلی تراوە.
شۆرباڕێژ: دۆخاوکردنی شوێنێک بەگەچ یا بەچیمەنتۆ یا بەقسڵ.
شۆربە: ز. شۆربا.
شۆرتان: جۆرە پەنیرێکە.
شۆرتک: شۆرتکە.
شـۆرتکە: جـۆرە پشـتـێـنێکی جوانی پانی ئاوریشـمـینە. سەر شۆرک.
شۆردراوە: شۆراوە.
شۆردن: شتن.
شۆردنەوە: شتنەوە.
شـۆڕ: شـتـێـکە کـە لە شـوێـنێکی بەرزەوە داڕۆچکە بووبێ (شۆڕبوونەوە) داڕۆچکەبوونی شتێک لە بەرزییەکەوە (شۆڕ کردنەوە) داڕۆچکەکردنی شتێک لە بەرزییەکەوە.
شۆڕاوگە: چۆراوگە.
شۆڕگە: جێی شت شوشتن لە ماڵدا.

شۆڕە: چۆڕە، (شۆڕە شۆڕ) چۆرە چۆڕ.
شۆڕەبی: جۆرە بییەکە لقەکانی سەر بەرەوخوار دەبنەوە و ڕوو دەکەنە زەوی.
شۆڕەژن: ژنی شۆخ و شەنگی جوان.
شۆڕەسوار: سوار چاکێکە کالآی شۆڕی جوانی لە بەردابێ و بەسەر زینەکەدا هاتبێتە خوارەوە.
شۆڕەوبووگ: د. شتی شۆڕبووەوە.
شۆڕەوەبوون: شۆڕبوونەوە.
شۆڕش: هەرا و ئاژاوە.
شۆڕشگێر: کەسێکە کە شۆڕش هەڵگیرسێنێ.
شۆڕمەزە: جۆرە چێشتێکە بەنۆک و جاترە و گیا و دانوو دروست دەکرێ وەک چێشتی (دانەڕۆکە) بەڵام ئەم گەنمی تێ ناکرێ.
شتی سوێر خوێ.
شۆڕوا: د. شۆربا.
شوروارێژ: د. شۆرباڕێژ.
شۆرە: شتێکی سپییە وەک زاخ دەکرێتە ئاو بۆ جل پێ شوشتن و، باروتیشی لێ دروست دەکرێ.
شۆرەزار: شورەکات.
شۆرەک: ز. شۆرەکات.
شۆرەکات: زەوییەکە خاکەکەی لەبەر سوێری گیای کەم لێ سەوز ببێ.
شۆریاگ: د. شۆراو.
شۆریان: د. شۆران.
شۆرین: شتن.
شۆرینەوە: شتنەوە.
شوست و شۆ: شتن.
شوست و شۆدان: بریتییە لە سەرزەنشت و سەرکۆنەکردنی یەکێک.
شۆستە: شۆسە.
شوس و شۆ: شوست و شۆ.
شۆسە: زەلامەرێ لە لای ڕاست و چەپی شار ڕێوە.
شۆسیەخ: د. چلوورەی گوێسوانە کە شۆڕ ببێتەوە.
شوش: هـ. سی گیاندار.
شۆش: هۆش (ز). تاقگە.
شووشتن: ششتن.
شۆشیەهەر: هـ. سی و جگەر.
شوفار: جاسووس.
شوغال: ل. چەقەڵ.
شۆڤ: ز. شێف.
شۆق: سەروەشاندنی مەڕ و بزن و گا.
شوقاق: د. شوقاقی.
شوقاقی: دەردێکە لە چوارپەلی ئاژاڵ دەدا شەقار شەقاری دەکا.
شۆق تێهەڵدان: لێدانی مەڕ و بزن و گا بە سەر.
شۆقدان: شۆق وەشاندن.
شۆقل: ز. پۆلکە.
شۆق وەشاندن: شۆق تێهەڵدان.
شۆق وەشێن: گیاندارێکە کە شۆق بوەشێنێ.
شۆق هاویشتن: شۆق وەشاندن.
شوقەڵلەت: شتێکە وەک سەکۆیەکی باریک لای سەرووی ژوورەوە دروست دەکرێ ژێرەکەی بۆش و خانخانە شتیان تێدا دادەنرێ و لە سەریشی شتومەک دادەنرێ.
شۆق هەڵدان: شۆقدان.
شۆک: جۆرە شیرینییەکە لە گەڵای مازودار و داربەڕوو دەنیشێ.
شۆکە: شۆک. دەردێکە دەدا لە گەڵای توتن و هێندێ شتی تر زەبوونیان دەکا.
شۆڵ: سوێر. وتەیەکە هەمیشە لە دوای وتەی (شل)ەوە بەکاردێنرێ:
شل و شۆڵ: واتە زۆر شل.
شۆلآو: سوێراو.
شۆلەکە: دەفرێکی دوولاییە لە جەواڵ گەورەترە.
شۆم: شۆو.
شۆن: شوێن.
شوناس: شناس.
شوناسی: شناسی.
شۆن کۆمەکێ: شوێنەونی.
شۆن نیان: د. شوێن هەڵگرتن.
شۆن هەڵکردن: د. شوێن هەڵگرتن.
شوو: مێردی ژن.
شۆو: شێف.
شووار: شتن: سوێندم بەم ئاوە کە (شووار)ی هەموو کەسێکی پێ دێ. لێدانی دەمار.
شووارگرتن: دەست خستنە سەر دەمار بۆ زانینی لێدانی.
شووالَ: د. شەروالَ.
شووالپیس: د. شەروالپیس.
شووبرا: برای مێرد.
شووبراژن: هێوەرژن.
شۆو برین: شێف برین.
شووپایی: د. تەمەڵیت.
شووپەکان: جۆرە یارییەکی کچانەیە.
شووت: شتی لووس.

شووتک: ز. شۆرتکە.
شووتی: میوەیەکی خڕی گەورەی لووسە ناوەکەی شیرین و سوور و ناوداره.
شووتی کوڵە: شووتی پچکۆلەی گەیو.
شوور: شیری برندە (ز) فیلە گێژە.
شوورا: شوورە.
شوورتان: هیزە.
شوورک: شتی خوار.
شوورە: دیوارێکی پانی بەرزە بەگردی شار یا جێگایەکدا دروست دەکرێ بۆ قایمی.
شوورەیی: ئەنگ: ئەم کارە بۆتۆ (شوورەیی)یە.
شووژن: سووژن.
شووژن ئاژن: سووژن ئاژن.
شووش: شتی باریک و ڕاست و جوان. سیپەلک: (ھ).
شووشو: ھ. شمش.
شووشوویەھەر: ھ. سی و جگەر.
شووشە: شتێکی لووسی ڕەقی تورتی ڕووناکە دەخرێتە پەنجەرەوە. پارچە زێڕ و زیوی دارێژراو.
شووشەبەند: شوێنێکە شووشەی زۆر لە دار و دیواریدا بێ.
شووشەکاری: شووشەبەند. خەریکبوون بەکاری شووشەوە.
شووشەگەر: کەسێکە کە شووشە دروست بکا.
شووشەیی: شتی لووسی ڕاستی جوان.
شووکردن: مێردکردنی ئافرەت.
شوول: با. شوول. ئیشوکار: (شوول)م هەیە، واتە کارم هەیە، لە شغلی عەرەبییەوە وەرگیراوە.
شووڵ: تووڵ.
شوولاق: قامچی.
شوولاندن: فیراندن.
شوولک: تووڵی پچووک.
شووڵک: شوولک.
شووڵ لێ هەڵکێشان: بریتییە لە دەرچوونی مەردووم لە ئەندازەی خۆی لە هەموو کارێکدا.
شوولە: ئەندازەیەکە لە قوڕ کە بەبێڵ هەڵبگیرێ.
شوون: ز. شوێن.
شوونک: ز. گەڵا کوتک.
شوونەوار: ئەتەری مەردووم و گیاندار: فیسار کەس (شوونەوار)ی نییە.
شو هۆڕ: د. شوولی تەڕ.
شوێڵ: د. زەمینی باریک.
شوێن: جێگایەکە بگونجێ شتێکی تێدا دابنرێ.
شوێن بە شوێن: دوابەدوا.
شوێنخستن: ناردنی یەکێک بەدووی یەکێکدا بۆ جووست و جۆکردنی ئیشوکاری.
شوێنک: با. گەڵا کوتک.
شوێنکردن: جێکردنی شتێک لە ئەندام بەهۆی تەسکی و زۆر چەسپ بوونییەوە: ئەموستیلەکە یا پشتێنەکە ئەوەندە توندە (شوێنی کردووە).
شوێن کەفتن: د. شوێن کەوتن.
شوێن کەوتن: دووکەوتن.
شوێنەزا: ئەو وڵاتەیە کە تۆی تێدا لە دایک بوویت.
شوێنە گومکێ: شوێنە ونێ.
شوێنەوار: شوونەوار.
شوێنەونکە: شوێنەونێ.
شوێنەونێ: شوێنەونی.
شوێنەونی: سەرشێواندن لە کەسێک بەکردار یا بە وتار بۆ شاردنەوەی کارێک لێی.
شوێن هەڵگرتن: دۆزینەوەی شتی دزراو بەهۆی شوێن پێوە لە زەوی.
شوێت: گیایەکی گەڵا وردی تام و بۆن خۆشە دەکرێتە چێشتی یاپراخەوە.
شە: شێ: شەکردکە (شە)ی هێناوە. شانە (با).
شەباقە: دەلاقە.
شەبەق: ڕوونی کەناری ئاسمان لە بەیاندا. کونی گەورە لە کاڵاو دیوار.
شەبەق تێبوون: شەبەق تێکەوتن.
شەبەق تێکەوتن: کونبوونی کاڵا و دیوار بە گەورەیی.
شەبەقدان: ڕووناکبوونەوەی کەناری ئاسمان لە بەیاندا.
شەبەق شەبەقبوون: کون کون بوونی دیوار و کاڵا بەگەورەیی.
شەبەقی: بەیانیان کاتی شەبەق.
شەبەندە بەرۆژ: جۆرە خامەکێکی زۆر جوانە بەگەڵێ ڕەنگ دەنوێنێ.
شەبەنگە بەرۆژ: شەبەندە بەرۆژ.
شەبەیخوون: بەسەر دوژمن دادان لە شەودا.
شەبیکێن: ز. ڕەقیتە.
شەبیک: ز. ئەقیزەی وڵاخ لێخوڕین.
شەپ: بەری دەست: شەپێکی پێدادا واتە لەپێک. پڕ بەچنگێک لە شتێک: (شەپ)ێک کەرە، واتە پڕ بەچنگێک. پڕ (ل). وتەیەکە هەمیشە لە پێش وتەی شۆڕەوە بەکاردێنرێ: (شەپ و شۆڕ). شەپاڵە.
شەبازللە: کێشان بەڕوومەتی یەکێکدا بە بەری دەست بەتوندی.

شەبال: ز. شتی جوانی باش.
شەپالمە: شەپالە.
شەپالە: لێدان بەبەری دەست لە ئەندامی گیاندار.
شەپرەوی: چەپڕەوی (یساری).
شەپرێو: مەردوومی شپرزە.
شەپریو: مەردوومی شەپ و شۆڕ.
شەپرزە: شپرزە.
شەپشەپان: د. شەپلی شۆیێن.
شەپقە: جۆرە کلاوێکی لێوارداره سێبەر لە دەموچاو دەکا.
شەپک: چۆغەی ڕانک.
شەپکە: پارچەیەکە لە پارچەکانی جۆلایی. شەبقە (د).
شەپلاخ: شەپازللە.
شەپلاخە: شەپلاخ.
شەپلە: دەردێکی کوتوپڕی گرانە دەدا لە ئەندامی گیاندار و وشکی دەکا.
شەپلی شۆیان: شەپلی شۆیێن.
شەپلی شۆیێن: یاریکردن بە سێو یا بە شتێکی وەک تۆپ لە حەوادا.
شەپلی شەپان: د. شەپشەپان.
شەپۆتە: دەفەی جۆلا.
شەپۆیە: شەپۆتە.
شەپۆڕ: شێوەنی تێکڕایی بە کوڵ.
شەپ و شۆڕ: کەسێکە کە شل و شێواو و، داوێنی بەسەر زەویدا بخشێ.
شەپۆکان: د. پەشۆکان.
شەپۆکیان: د. شەپۆکان.
شەپۆل: تەکاندانی ئاو بە هۆی شتێکەوە.
شەپۆلدان: قۆندەرەکردنی ئاو.
شەپە: کۆمەڵە بەفر.
شەپەڕ: با. باڵی پەلەور و فڕۆک.
شەپەزللە: شەپازللە.
شەپە شەپ: دەنگی دڕ و داوێنی شۆڕ کە تەڕ بووبێ.
شەپەلۆخ: گیانداری چاوبرسی زۆرخۆر.
شەپەلوح: درەختێکی گەرمیانییە بەرێک دەگرێ وەک هەنجیر دەخورێ و، لقە گەورەکانی وەک شووتی تەرز دەهاوێ.
شەت: ڕووباری گەورە.
شەتاو: ئاوی سارد دان بەژێر سک و گەلوگونی ولاخی بەرزەدا لە کاتی گەرمادا. شەت.
شەترنج: جۆرە یارییەکە وەک دامە بە شەش جۆر داش دەکرێ کە هەموویان سی و دوو داشن کە پێیان دەڵێن: (ڕوخ، ئەسپ، فیل، شا، وەزیر، پیادە).
شەتڵ: سەوزاییەکە لە شوێنی خۆی بەڕیشەوە هەڵکەندرابێ بۆ ڕواندنی لە جێگایەکی تر.
شەتڵجار: شەتڵگا.
شەتڵگا: د. شوێنێکە کە شەتڵی تێدا بروێنرێ.
شەتوپەت: شتی لەت و پەت.
شەتوکوت: شەتوپەت.
شەتوور: با. شەفتوول.
شەتەرە: شاتەرە.
شەتەکدان: پێچانەوە و بەستنی شتێک بەتوندی.
شەخت: ز. گیاندارێکە شەلی لە هەردوو دەستیدا بێ.
شەختۆ: تەمەڵ. شتی تێکەڵ و پێکەڵ.
شەختە: سەهۆڵ.
شەخرە: شتێکە لە دار دروست دەکرێ وەک دوو پەیژەی لە یەک دراو وایە کرشەی پێ دەبرێتە سەر خەرمان.
شەخس: گۆڕی پیاوی گەورە ئاینی.
شەخسان: تێکچوون و گۆڕانی ئەندامی گیاندار بەهۆی ناساغییەکی گرانەوە.
شەخساو: گیاندارێکە ئەندامی شەخسی بێ.
شەخسین: شەخسان.
شەخسیو: شەخساو.
شەخف: ز. سواغی سەربان بەگەچ یا بەقوڕ.
شەخەڵ: چەم و چوغوردی خڕ و بەردەڵانی.
شەخەلان: جێگایەکە کە قەرەمی تێدا ڕووابێ.
شەدار: شتی شێدار.
شەدانە: تۆوی گیای گونیە.
شەدە: مشکی سەرپێچ.
شەرا: بایەکی ناسازی گەرمە دەدا لە مەرەزە و هێندێ میوە وشکی دەکا.
شەراب: خواردنەوەیەکە لە مێوژ دروست دەکرێ و سەرخۆشی دەدا.
شەرابخانە: شوێنێکە کە شەرابی تێدا بفرۆشرێ یا تێیدا بخورێتەوە.
شەرابخۆر: کەسێکە کە خووی گرتبێ بەخواردنەوەی شەرابەوە.
شەرابردگ: شەرابردوو.
شەرابردوو: شتێکە کە شەرا لێی دابێ.
شەرابردە: شەرابردوو.
شەرابی: ڕەنگێکە کە وەک ڕەنگی شەراب وابێ.
شەرالێدراو: شەرابردوو.
شەراو: د. شەراب.
شەریک: ز. شەریە.

شەربە: گۆزەڵەیەکی گڵینی تەنکی بەچەرخ گێردراوی سوورەوەکراوی سپییە ناوی تێ دەکرێ.
شەربەت: شیلەی شتی شیرین کە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ بکرێ بۆ خواردنەوە.
شەربەتچی: کەسێکە کە شەربەت بگرێتەوە بۆ فرۆتن.
شەرپەزە: ز. شپرزە.
شەڕانی: گیانداری شەڕ فرۆش.
شەڕفرۆتن: بریتییە لە بیانووگرتن بەیەکێک بۆ ئەمەی کە بچیت بەگژیدا.
شەڕفرۆش: بریتییە لە کەسێک کە بیانوو زۆر بگرێ بەمەردووم بۆ بەگژدا چوونیان.
شەڕفرۆشتن: شەڕفرۆتن.
شەڕواڵ: د. شەرواڵ.
شەڕە تۆپ: جۆرە یارییەکە بەتۆپ لە یەکتری دەدەن.
شەڕەتۆپەڵ: جۆرە یارییەکە تۆپەڵە بەفر دەگرنە یەک.
شەڕەجنێو: جنێودانی دوو کەس بەیەک.
شەڕە دەنووک: بریتییە لە وتنی قسەی ناشیرینی دوو کەس یا زیاتر بەیەکتری: بووک و خەسوو هەمیشە (شەڕە دەنووک) یانە.
شەڕەشۆق: شەڕە قۆچ.
شەڕەشەق: زرمەزلێی چەند کەسێک.
شەڕەقوچ: شەڕکردنی دووگیاندار بە سەر.
شەڕە قۆچەقانی: شەڕکردن بەهاویشتنی بەرد بە قۆچەقانی.
شەڕە گەڕەک: شەڕکردنی منداڵی دوو گەڕەک لەگەڵ یەکتری.
شەڕەنگێز: شەڕفرۆش.
شەڕهۆملکێ: هەرا و هۆریا کردن.
شەرم: ڕوونەهاتن و ئابروو.
شەرمدار: د. شەرمن.
شەرمسار: د. شەرمەزار.
شەرم ساری: د. شەرمەزاری.
شەرم شکان: نەمانی شەرمی یەکێک.
شەرمکردن: ڕوو نەهاتن بۆ کردن یا وتنی شتێک.
شەرمگا: د. بریتییە لە پاش و پێشی ئادەمی.
شەرمگە: شەرمگا.
شەرمن: کەسێکە کە خاوەن شەرم بێ.
شەرمندە: شەرمن. شەرمەندە.
شەرمنە: د. شەرمن.
شەرمنی: شەرمکردن.
شەرمۆک: شەرمن.
شەرمە: د. شەرم.
شەرمەزار: کەسێکە تەریق بووبێتەوە.
شەرمەزاری: تەریقی.
شەرمەسار: شەرمەزار.
شەرمەساری: شەرمەزاری.
شەرمەشکانێ: بریتییە لە خۆ نواندن و خۆ دەرخستنی یەکێک کە بیەوێ شەرمی خۆی بشکێنێ.
شەرمەندە: شەرمەزار.
شەرمێوون: شەرمۆک.
شەرواڵ:دەرپێ. دەمەر قۆپان.
شەرواڵ بەکۆڵ: گیایەکی بەهاری سەلکدارە گەڵای وەک شاتەرە و تامی وەک شێلم وایە خواردنی ڕەوانی دەدا.
شەرواڵپیس: داوێن پیس.
شهرەزا: ز. شارەزا.
شەس: د. شەست.
شەست: ناوە بۆ ژمارەیەک کە شەش جار دەیە.
شەستپەڕ: گوڵێکی تۆپی زەردی بۆنخۆشە وەک گوڵە جۆری وایە بەڵام ئەم گەورەترە. گوڵەباخ.
شەستتیر: چەکێکی جەنگییە شەست گوللە دەخوا.
شەستکردن: بارین بە لێزمە و بەخوڕ.
شەستە: مانگی نیسان کە سی ڕۆژە.
شەستە باران: شەستە.
شەستە کردن: گۆل گۆلکردنی زەوی بە(ونار) بۆ ناشتنی تووتن.
شەستەم: شتێکە کە لە پایەی شەستدابێ.
شەستەمین: شەستەم.
شەستهەم: شەستەم.
شەستهەمین: شەستەمین.
شەس: د. شەست.
شەسکردن: د. شەستکردن.
شەش: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی پێنج و حەوت دایە.
شەش ئاگر: جۆرە دەمانچەیەکە شەش گوللە دەخوا.
شەشپاڵور: د. شەشگۆشە.
شەشپەڕ: جۆرە جۆیەکە گوڵەکەی هەشت ڕیز دەنکی تێدایە.
شەشتیر: شەش ئاگر.
شەشخان: شەشخانە.
شەشخانە: ز. جۆرە تفەنگێکە لە ناوەوە شوێنی فیشەکی بێ.
شەشدانگ: زەویوزارێکە کە هیچ بەشێکی لێ جیا نەکرابێتەوە، هەموو زەویوزارێک بە شەش دانگ دادەنرێ: (شەشدانگ)ی ئەو دێیەم کڕیوە، واتە هەمووی یا سێ دانگی ئەو دێیە هی منە، واتە نیوەی. بریتییە لە کەری چوار پەل قەوی بەرزی بەخۆوە.

شەشدەر: هەر شەش لاکە سەر و خوار و ڕاست و چەپ و پاش و پێشە.
شەشک: شەشەلاّن (ز). ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی هەڵەبجە. مێزەر (با).
شەشکان: شەشەلاّن.
شەشکلک: د. شەشە.
شەشگۆشە: شتێکە شەش سووچی ببێ.
شەشلا: شەشدەر.
شەشۆ: شەشە. ناوی دێیەکە لە کوردستانی ئێران.
شەشە: کەسێکە کە شەش بەنجەی دەست یا پێی ببێ.
شەشەلاّن: مانگی دوای مانگی ڕۆژوو.
شەشەم: شتێکە کە لە پایەی شەشدا بێ.
شەشەمین: شەشەم.
شەشهەم: شەشەم.
شەشهەمین: شەشەمین
شەشیەک: لە شەش بەش بەشێک.
شەشیەکی: لە شەش بەش بەشێکە کە هێندێ میراتگر دەیبا.
شەعمووز: ز. ولاّخی سەرکێش.
شەعن: ز. بزنی بەڵەک.
شەغرە: شەخرە.
شەغرەکێش: جۆرە دەستەبەرەیەکە شەخرەی پێ دەگوێزرێتەوە.
شەفت: چەوت.
شەفتالوو: ل. هەڵووژە سیقەتۆرە.
شەفتر: پێرێ شەو.
شەفتوور: د. شەفتول.
شەفتی: چەوتی.
شەفەلاح: شێفەلە.
شەفەلە: شەفەلاح.
شەڤ: ز. شەو.
شەڤخشک: با. کالیار.
شەفخوونی: با. شەبەیخوون.
شەڤدەر: ز. کەسێکە بەشەو بەدەشتەوە بێ.
شەڤرۆنک: با. جەژنێکە لە جەژنەکانی تیرەی یەزیدی.
شەڤرەڤیک: ز. شەمشەمەکوێرە.
شەڤشەڤۆک: شەڤرەڤیک.
شەڤکوێر:ز. شەوکوێر.
شەڤگێر: ز. کەسێکە کە بەشەو بگەڕێ.
شەڤنەم: با. شەونم.
شەڤە: با. شەوە.
شەڤی: ز. شەوازۆ.

شەق: هەڵدان لە شتێک بە قاچ. شتی لەق.
شەقار: قلّیشی شت، (شەقار شەقار) شتی زەنگ زەنگی قلّیش قلّیش.
شەقازللە: شەپەزللە.
شەقاشەق: د. شەقشەقە.
شەقاقلووس: د. خۆرە.
شەقال: پێلاّوی کۆن.
شەقام: شاڕێ.
شەقان: شەقێن.
شەقانشەق: لە شوێنی وتەی (سەرانسەر) بەکاردێنرێ لە کاری گرنگ و بەئەرکدا.
شەقاو: هەنگاو. شەقام.
شەقاوشەق: د. شەقشەقێن.
شەقبردن: هەڵپچڕان و درز بردنی شت.
شەق تێهەڵدان: هەڵدان لە شتێک بەشەق.
شەقشەقان: د. شەقاوشەق.
شەقشەقە: تەنەکەیەکی سەر خڕی کلکدارە چەند زیخێک لە ناوەکەیایەتی منداڵ ڕای دەوەشێنێ و خۆی پێ ژیر دەکا. ناوە بۆ جۆرە تریێیەک.
شەققە: دەنگێکە لە ناوەندی تەقە و شلّپەدا وەک دەنگی قۆچەقانی.
شەقکردن: لەتکردنی هێندێ شت.
شەقل: ز. شەقڵ.
شەقڵ: جۆرە نەخشێکە بە(شەقڵە) لە خەرمانی سوورکراو دەکێشرێ بۆ ئەوەی دزی لێ نەکرێ. چاپ (د).
شەقڵ شکاندن: بریتییە لە ئابڕووبردنی یەکێک و شکاندنی لەناو مەردوومدا.
شەقڵکردن: نەخشکردنی خەرمان بەشەقڵ.
شەقڵە: تەختەیەکی نەخشکراوە شەقڵی پێ لە خەرمان دەدرێ.
شەق و پەق: شتی لەتوپەت، (شەق و پەقکردن) لەتوپەتکردنی شتێک.
شەق و شڕ: شتی شڕی لەقبوو.
شەق و شۆق: شتی شەق و شڕ.
شەقۆق: پەنا و پەسێو. هەرمێ کێویلە.
شەقووق: ز. درەختی قەزوانی زڕ.
شەق: چەوتەکی مێو. شەقە مشار. شەققە، (شەقەشەق) شەققەی یەک لە دوای یەک (شەق و هووڕ) شەقە شەقی زۆر. دەفەی جۆلاّ (د).
شەقەبەند: ڕەختی ولاّخ.
شەقەزللە: شەقازللە.

شەقەکردن: لەتکردنی شت بە شەقە.
شەقەکێش: کەسێکە کە هەر دار شەق بکا.
شەقە گل: د. گلکردنی چاو.
شەقەمشار: مشارێکی دوو دەستەکییە بەدوو کەس داری زلی پێ دادەهێنرێ.
شەقەمێو: چەوتەکی مێو.
شەق وا شەق: د. شەقشەقان.
شەقێن: جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە گۆیەکی خڕی دارین لە دەستێکدا دادەنێن، هەر دەستەی بەدارێکی چەوتاوەوە هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی لەسەر شاری دەستەکەی ترەوە دەری بکا.
شەقیلە: پارچە چەرمێکە ژنان دەیگرن بەلای ڕاستیانەوە بۆ ئەوەی تەشی لەسەر با بدەن تا کالآیان نەدڕێ و باش بخولێتەوە.
شەک: بەرخێکە پێی نابێتە ساڵی دووەم. دیوێکە لە مێچ.
شەکار: مێرگ.
شەکاڵ: ز. پێڵاوی دڕاو.
شەکان: د. تەکان.
شەکاندن: جووڵاندن و هێنان و بردنی شت بەهۆی باوە: درەختەکە با دەی (شەکێنێ).
شەکاندنەوە: ڕاوەشاندن و هەڵگۆفتنی یەکێک هی یەکێک. شەکاندن.
شەکانن: د. شەکاندن.
شەکانەوە: لەرانەوەی شت.
شەکر: شتێکی سپی یا زەردی زۆر شیرینی خۆشە لە قامیش یا چەوەندەر دروست دەکرێ.
شەکراو: ئاوێکە شەکری تێ کرابێ.
شەکراو خواردنەوە: بریتییە لە خوازبێنی یەکێک بۆ یەکێک و دابەشکردنی شیرینی بەو هۆیەوە.
شەکر پەنیر: جۆرە نوقڵێکی پانە لە شەکر دروست دەکرێ و کاکڵەیەک گوێز دەخرێتە سەری.
شەکرخەندە: زەردەخەنە.
شەکرخەنە: شەکرخەندە.
شەکردان: دەفرێکی تایبەتییە هەر شەکری تێ دەکرێ.
شەکر شکاندن: بریتییە لە قسەکردن.
شەکرشکێن: ئاسنێکی دەم پانی تیژە وەک تەشوێ هەر شەکری پێ دەشکێندرێ.
شەکرلەمە: جۆرە خواردەمەنییەکە لە شەکر و گوێز و ئارد دروست دەکرێ.
شەکرۆک: ز. شەکرۆکە.
شەکرۆکە: شتێکی سپی شیرینچکە لە کەرتەشی پەیدا دەبێ.

شەکرە: جۆرێکە لە گیای (گوێنی) کە پێی دەڵێن (جەباری). شەکرۆکە.
شەکرەباوی: با. چوالە.
شەکرەپیاو: پیاوی خۆشخووی زبان شیرین.
شەکرەخەنە: شەکرخەندە.
شەکرەژن: ژنی خۆشخووی زبان شیرین.
شەکرەسێو: جۆرە سێوێکی شیرینچکە.
شەکشەکان: د. لەرەلەری شت بەدەم باوە.
شەکمەڕ: شەکەمێیەکە کە سکێکی کردبێ.
شەکە: بەرازی مێی یەک ساڵە (ل). جۆرە کڵاوێکی تووکنە لە پێستی بەرخ دروست دەکرێ. لەرە، (شەکە شەک) لەرەی یەک لە دوای یەک.
شەکەت: ماندوو، (شەکەتبوون) ماندووبوون، (شەکەتکردن) ماندووکردن.
شەکەتی: ماندوویەتی.
شەکەر بادام: د. جۆرە حەلْوایەکە.
شەکەر بۆرە: د. جۆرێکە لە حەلْوا.
شەکەر پەنیر: د. شەکر پەنیر.
شەکەرخەن: د. شەکرە خەنە.
شەکەر گریان: د. گریانێکە لە خۆشی و شادییەوە بێ.
شەکەرگری: د. شەکەر گریان.
شەکەرۆکە: ژن یا کوڕێکە کە خۆی جوان بکا و لەناو کۆمەڵێکدا سووڕ بدا و سەما بکا.
شەکەری: جۆرە ڕەنگێکی زەردباوە.
شەکەشەک: دەنگی دڕ و داوێنێکی دڕاوە کە تەکەتەکی بێ.
شەکە مەڕ: شەکەمێ.
شەکەمێ: بەرخە مێیەکە کە پێی نابێتە ساڵی دووەم.
شەکەمێنگە: شەکەمێ.
شەکەنێر: بەرخە نێرێکە پێی نابێتە ساڵی دووەم.
شەکی کاڵ: شەکەمێیەکە کە هێشتا نەزابێ.
شەکێن: یاری قاپێن.
شەکیلە: وتەیەکە شتی تەڕی شەپۆشۆڕی پێ دەشوبهێنرێ.
شەگە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی مەرحەبا، لە (شاگاه)ەوە هاتووە واتە کاتت وەکو کاتی شا خۆشبێ.
شەگەل: ڕانێکە کە هەمووی شەکەنێر بێ.
شەگێن: شەکێن.
شەل: گیانداری پێ لەنگ. قالێ و بەرەی چرچی خوار. تاخەرار. پارچە زەوییەکە لە پاڵ جۆگە ئاوێکدا کە هەمیشە بەهۆی ئاودەڵاندنەوە سەوز و نمدار بێ. ڕانک.
شەلاخ: زللە (ل). قامچی (د).

شەلاخکاری: د. لێدانی یەکێک بەشەلاخ.
شەلاق: هەڵمەت. شەلاخ.
شەلاقە: باڵندەیەکە بەقەد کۆترە باریکەیەک هەر لە بەهاراندا پەیدا دەبێ.
شەلاڵە: کۆکی درومان.
شەلاندن: ز. رووتکردنەوە لە لایەن جەردەوە.
شەلایی: د. جۆرە سەرپێچێکە ژنان دەیبەستن بەسەریانەوە، وەک هەوری وایە.
شەڵتاخ: د. گێچەڵ و تەشقەڵە.
شەڵتان: شەڵتە.
شەڵتە: زوقمی پایز: (شەڵتە) لێی داوە، یا (شەڵتە) بردوویەتی.
شەڵتە: دەفرێکی دوولای گەورەی دەم بەرەڵڵایە دەدرێ بەسەر پشتی ولاخدا و شتی تێ دەکرێ. جۆرە دەرپێیەکی ژنانەیە لە ژێر دەرپێی ترەوە لە پێ دەکرێ (د). شەڵتە (د). نیوە نمەکێکی گەورە یا برویشێکی کولاو یا سرێشێکی گەرمە کە بخرێتە سەر پەرۆ و لە شوێنێکی بەئازار بپێچرێ.
شەڵخە: شەڵغە.
شەڵغە: پوورە هەنگ.
شەڵغەم: شێلم.
شەلکە: دەردێکە تووشی سمی بزن و مەڕ دەبێ و شەلی دەکا.
شەلم: ز. شێلم.
شەلە: ز. زیوانی ناو دەغڵ.
شەلوار: شەرواڵ.
شەڵوار: شەرواڵ.
شەل و پەت: شتی لەت و پەت.
شەل و شێت: مەردوومی شێتۆکەی شلەپەتە.
شەلووف: کەلەشێری پچووک (ز). زۆڵ.
شەلە: ناوەشکێنە. حەوتەمین ئەستێرەی حەوتەوانەی گەورەیە کە دەکەوێتە لای خواروو.
شەلە شەل: ڕۆیشتن بەلەنگە لەنگ.
شەلەگە: کەلەبەرێکە لە جۆگەی مەرەزەدا کە ساڵێک لەوە پێش ئاوی لێ کرابێتە سەر قاڵبێک و ئیمساڵ گیرابێ بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە بەیاری بێنێتەوە و، لە خوارترەوەی کەلەبەرێکی تر کرابێتە ئاوەکەوە بۆ سەر قاڵبێکی تازە.
شەلەم: شێلم.
شەلەم شێوێن: د. دارێکی سەرپانە شێلمی کولاوی بێ ئەمدیو ئەودیو دەکرێ لە مەنجەڵدا.
شەلەمە: د. گیایەکی ڕەوانە بنکەکەی وەک سێوی بن ئەرز وایە.
شەلەمین: چێشتی چەنسووتەکە.

شەلەمینکەرە: د. جۆرە گوڵێکی زۆر جوانە.
شەلیک: ز. پەڕۆیەکە دەدرێ بەسەر دەمی دەفرێکدا کە شیری تێ بدۆشرێ بۆ ئەوەی شتی تێ نەکەوێ.
شەلی: لەنگی لە ڕۆیشتندا. سپیدار (د).
شەلین: لەنگین.
شەم: جێی سێبەر (ه). شەمع (د).
شەمار: هەزارپێ.
شەماڵ: بایەکە لەلای ڕاستی قیبلەوە دێ.
شەماڵپا: بریتییە لە ولاخی خێرای تیژڕەو.
شەماڵە: دانیشتنی ئافرەتە لە شەوی شەمموواندا لە سێ ڕیانێک لەگەڵ گرتنی نیازێک لە دڵدا، ئینجا ئەگەر ڕێبوارێک لەو ڕێگایانەوە هات و قسەیەکی خۆشی کرد ئەوا دەیکا بەنوقلانەی پێکهاتنی نیازەکەی و، ئەگەر قسەی ناخۆشی کرد ئەوا دەیکا بەنوقلانەی پێک نەهاتنی.
شەماڵێ: شەماڵە.
شەمامۆک: شەمامۆکە.
شەمامۆکە: شەمامە.
شەمامە: شتێکی خڕی خاڵخاڵی بۆنخۆشە وەک کاڵەک وایە بەڵام ئەم پچکۆلانەیە.
شەمبلیلک: ز. قومام.
شەمبووز: با. ولاخی چەمووش.
شەمبە: شەممە.
شەمبێ: با. جۆرە توویەکی دەنک سپی درێژکۆلەی کەم ناووکە. شەممە (با).
شەمتین: هەڵخلیسکان.
شەمچک: فێڵباز.
شەمچە: شقارتە.
شەمدان: د. شەمعدان.
شەمزان: شەمزین.
شەمزاو: شتێکە کە شەمزی بێ.
شەمزین: تێکچوونی چەرم بەهۆی زۆر هەتاو لێدانییەوە.
شەمزیو: شەمزاو.
شەمسان: شەمزان.
شەمساو: شەمزاو.
شەمسین: شەمزین.
شەمسیو: شەمزیو.
شەمشەڵە: د. شەمشەمەکوێرە.
شەمشەڵەکوێرە: د. شەمشەمەکوێرە.
شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی پچووکە سک و زا دەکا و قاچی بەباڵەکانییەوەیەتی.

شەمع: مۆم. بەرەمێو.
شەمعدان: شتێکە مۆمی بەداگیرساوی لەسەر دادەنرێ.
شەملک: با. بەرماڵ.
شەممە: ڕۆژی یەکەمی حەفتە لە هەینی بەدواوە.
شەمۆ: شەموو.
شەمۆز: چەمووش.
شەمۆس: شەمۆز.
شەموو: شەممە.
شەموولە: قوتیلەی نەوت.
شەمە: شەممە (د). ناوی دێیەکە لە ناوچەی تانجەرۆ.
شەمە بازاڕ: د. شوێنێکی تایبەتییە لە هێندێ جێگە هەموو شەمووانێک شتی تێدا دەفرۆشن هەروا لە ڕۆژەکانی تریشدا دەبێژرێ یەک شەمە یا دووشەممە یا سێ شەممە یا چوارشەممە یا پێنج شەمە یا هەینی بازاڕ بەپێی دەستوور و باوی ئەو شوێنە.
شەمەتلێنکە: هەنگوینێکی جیری خۆشی شانە پچکۆلەیە لە جۆرە هەنگێکی تایبەتی پەیدا دەبێ.
شەمەد: پۆیەشمین.
شەمەلەکۆرە: شەمشەمەکوێرە.
شەمەنیخە: چنگدانە چنگی یەکتری.
شەمێ: مێوی خلتەی هەنگوین.
شەمیتین: ز. هەلشلەپین.
شەمیخین: ز. ترشانی چێشت لە گەرمادا.
شەمیراندن: ز. دەست هەلگرتن لە کارێک .
شەمی: ز. شەموو.
شەن: دارێکی پێنج پەنجەیە خەرمانی پێ بەبا دەکرێ. وردە تەلاش و پشقلێکە کە لە کاتی ساردبوونەوەی تەنووردا تێی دەکرێ بۆ گەرم داهاتنەوەی.
شەنکردن: بەباکردنی خەرمانی کوتراو بەشەن بۆ سوورکردنی.
شەنگ: مەردوومی شۆخ. وردە کەلوپەلی ناو ماڵ (د). فیشەک (د).
شەنگلە: دوو گوێز یا دوو مازوو یا دوو شتی تری وایە کە بەیەکەوە نووسابن.
شەنگلە بەرەکەت: شەنگلە.
شەنگۆڵ: شەنگلە. شەنگ.
شەنگە: شەنگ.
شەنگە بەرە: شەنگە بەرەکەت.
شەنگەبێ: شۆڕەبێ.
شەنگە سوورە: زەردەواڵە.

شەن و کەوکردن: بریتییە لە کردنی کارێک یا وتنی گوفتارێک بەجەختی و تۆخی: فیسار کەس ئەمڕۆ لە نانخواردندا (شەن و کەوی کرد) یا لە باسی فیسارە شتدا (شەن و کەوی کرد) واتە حەشری کرد.
شەنە: د. شەن.
شەو: کاتی ڕۆژئاوابوونە تا ڕۆژبوونەوە.
شەوار: شەوگار.
شەوارە: شەو و ڕۆژکردنەوە لە ئاهەنگدا. گرتنی پەلەور لە تاریکەشەودا بەچرا: ئێمشەو چووم بۆ (شەوارە) گەلێ پەلەورم گرت، گیاندارێکە کە شەو بەچرا کەوتبێ: ئەو چێرگە (شەوارە)یە.
شەوارەبوون: سەر تێکچوون لە گیاندار لە تاریکە شەودا بەهۆی بینینی ڕووناکییەکی نزیک و نەمانی ڕووناکییەکەوە.
شەوارەکەوتن: شەوارەبوون.
شەواژۆ: لەوەڕاندنی ئاژاڵ بەشەو.
شەواشینک: دارێکە بەرەکەی وەک چوالە وایە خۆش دەکرێ و دەخورێ و، پێی دەڵێن بایەف.
شەواڵ: ل. شەرواڵ.
شەواڵ بین: ل. بەندە خوێن.
شەواڵە سوورە: شەرواڵ بە کۆڵ.
شەواندەر: چەوەندەر.
شەوبۆ: گیایەکە گەڵای وەک بی وایە گوڵێکی زۆر بۆنخۆش دەگرێ و بەشەو بۆن دەداتەوە.
شەوبەن: شەوبەند.
شەوبەند: شەوژەن. کۆسەکی خەنجەر.
شەوبێدار: کەسێکە کە بەشەو نەنوێ و ئاگادار بێ.
شەو بێداری: نەنوستن و ئاگاداری لە شەودا.
شەو بێری: شەوە ناشەوێک.
شەوت: ز. ئازارێکە پەیا دەبێ لە گوێی مەڕ و گادا.
شەوتا: تایەکە هەر لە شەودا تووشی مەردووم دەبێ.
شەو جومعانە: خواردەمەنییەکە لە شەوی جومعاندا دەبەشرێتەوە بەخێری مردوو.
شەوچرا: چرایەکە لە شەودا ڕاوی پێ دەکرێ.
شەوچەرە: خواردەمەنییەکە لە شەوگاری زستاندا دوای نانخواردن دەخورێ لە میوەی وشک و تەڕ.
شەوچەرەز: شەوچەرە.
شەوچەلە: شەوچەرە.
شەوخونی: شەبەیخوون.
شەوخەف: کاڵایەکە هەر لەکاتی نووستندا لەبەر دەکرێ. پێخەف.
شەودێر: کەسێکە کە بەشەو ناودێری بکا.

شەودێری: ئاودێری لە شەودا.
شەودێز: بریتییە لە شتی ڕەشباو.
شەوڕۆ: شەوڕەو.
شەوڕەو: کەسێکە کە بەشەو بڕوا.
شەوڕەوی: ڕۆیشتن لە شەودا.
شەوزستان: د. یەکەم شەوی زستان کە لە هەموو شەوێک درێژترە.
شەوژەن: دارێکە وەک مەچەکی دەست دەکرێ بەکوونی سەر دەرگادا بۆ داخستنی.
شەو سکڵ: پێخوێی شکێنەکراوی وردەکوت نەکراو لە خەرمان.
شەوسۆ: د. سۆزی.
شەو سوتکە: جۆرە برینێکی بەسوێیە وەک (بەورەشینکە) لە پەنجەی دەست و قاچ دێ.
شەوسۆتەکە: جۆرە مێشوولەیەکی وردی بەئالۆشە.
شەوسوو: بەیانی زوو.
شەوشین: ز. ترنج.
شەوق: ڕووناکی و بریقەی هێندێ شت.
شەوقدار: شتی خاوەن شەوق.
شەوقدانەوە: پەیدابوونی شەوق لە شتێکەوە.
شەوک: ز. کرمەکی زبر.
شەوکار: کارێکە کە بەشەو بکرێ.
شەوکراس: کراسێکە کە هەر لە شەودا لەبەر بکرێ.
شەوکڵاو: جۆرە کڵاوێکە هەر لە شەودا لەسەر دەکرێ.
شەوکۆر: شەوکوێر.
شەو کۆک: د. کەسێکە لە نیوەی شەودا لە شوێنێکی بەرزەوە مەردووم بانگ بکا بۆ هۆشیاربوونەوە.
شەوکوێر: گیاندارێکە بەشەو چاوی نەبینێ.
شەوگا: د. پەچەیەکە کە ئاژاڵ لە شەو تێیدا بحەسێتەوە.
شەوگار: ماوەی شەو لە ڕۆژئاوابوونەوە تا بەیانی.
شەوگڕ: د. چراخان.
شەوگەرد: دەعبایەکە وەک مارمێلکە بەڵام ئەم پێوە دەدا. شەوگەڕ (د).
شەوگەڕ: د. حەسحەس.
شەولەبان: بریتییە لە بانگردێن.
شەو لەوەڕ: لەوەڕێکە بەشەو بکرێتە بەرگیاندار.
شەومەندە: شەوە سار.
شەومەنە: د. شەومەندە.
شەونخونی: شەونوخونی.
شەونشین: کەسێکە بەشەو نەنوێ.
شەونم: دڵۆپە ئاوێکە لە بەهاراندا بەشەو دەکەوێتە سەرگیا.

شەونەخوونی: شەوڕۆژکردنەوە لەسەر نەخۆش.
شەونوێژ: نوێژێکە کە لە بەشی دوایی شەودا بکرێ لە دوای نووستن و هەستانەوە.
شەونەخوس: د. شەوبێدار.
شەونوخووسی: د. شەوبێداری.
شەووگ: د. بەردی شەوە.
شەوە: دەردێکە تووشی منداڵی ساوا دەبێ ئەندامی شین دەکاتەوە و دەمرێ. بەردێکی زۆر ڕەشی جوانی لووسی بەنرخە ژنان دەیکەن بەملوانکە.
شەوەر: سێپەرە.
شەوەڕ: شەوەر.
شەوەزەنگ: تاریکە شەوی ئەموستەچاو.
شەوە سارە: چیشتێکە لە ئێوارەوە مابێتەوە بۆ بەیانی.
شەوەکی: کردنی کارێک لە بەشی دواییی شەودا.
شەوی بین: ز. وشکبوون و پێگەیشتنی گوڵی دانەوێڵە لە پێش کاتی خۆیدا.
شەویتاندن: ز. سووتاندن بەئاگر.
شەویلاک: شەویلە.
شەویلکە: شەویلە.
شەوی: کراس (ل). شتی شەو کە کەوتبێتەوە ڕۆژ: ئەم ناوە (شەوی)یە.
شەویلاک: شەویلە.
شەویلگە: شەویلە.
شەویلە: ئێسقانی ئەم لاو ئەو لای دەم کە دانی خوارووی لەسەر دەڕوێ.
شەوین: شەواژۆ. شەوێکی خۆشە لە بەهاردا کە باران باریبێ و خۆشی کردبێتەوە.
شەهـ: ز. شانە.
شەهبەلووت: ز. جۆرە خورمایەکی ڕەشە.
شەهک: ز. شانەی پچووک.
شەهکردن: ز. شانە کردن.
شەهلەوەند: هەرزەکار.
شەهمار: هەزار پێ.
شەهمێر: کەڵەمێرد.
شەهن: شەهـ.
شەهێن: شاهێن. دارێکی کێوی بێهێزی کولۆرە لە داری قەرە قاچ دەچێ وە لە پێش هەموو درەختێکدا سەوز دەبێ.
شەهین: ز. تەرازوو.
شەی: ل. کراس.
شەیپوور: پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆزیقە.

شەیتان: هێزێکی خراپە لە ئادەمیدا بیری خراپی بەدڵدا دەهێنێ. بریتییە لە پیاوی خراپ.
شەیتانپەرست: تیرەیەکن لە کورد لە ناوچەی مووسڵ لە ترسی شەیتان ناوی بە گەورە دەبەن.
شەیتان پێ پێکەنین: بریتییە لە شەیتانیبوونی منداڵ یەکەمجار.
شەیتانۆکە: شتێکە لە کووژەکە کەرانە دەچێ و کرمێکی تێدایە.
شەیتانلغاو: قەمتەر.
شەیتانی: فێڵبازی و دەست بڕی.
شەیتانیبوون: بەسەرچوون و ڕەحەتبوونی ئادەمی لە خەودا.
شەیدا: کەسێکە کە لە خۆشەویستی شتێکدا شێت بووبێ.
شەیدایی: شێتی و سەرگەردانی بۆ شتێک .
شهێن: حیلەی وڵاخ.
شهی: ل. نزگەرە.
شێ: وڵاخێکە ڕەنگی سوورێکی کاڵ بێ: نم: ئەم زەوییە (شێ)ی هەیە. ڕەش (ل).
شیارۆک: هیزە. مەشکە.
شیارە: ز. کایەکە لەناو چاڵدا و لەژێر گەنمدا ڕۆ دەکرێ بۆ ئەوەی کە گەنمەکە نم هەڵنەهێنێ.
شیاق: جۆرە تەنراوێکی تەنکە گەڵێ ڕەنگی هەیە.
شیاندن: ز. ڕەوانەکردن.
شیایین: با. تۆپین.
شێپێو: شتێکە ئەندازەی شێ و تەڕی نیشان دەدا.
شێت: مەردوومی بێ ژیری مێشک تێکچوو.
شێتانە: گوفتار و کردارێکە کە لە هی شێت بچێ.
شێتبوون: تێکچوونی مێشکی مەردووم و نەمانی ژیری.
شێتخانە: شوێنێکە کە شێتی تێدا تیمار بکرێ.
شێتکە: شێتۆکە.
شێتگیر: بریتییە لە کەسێک کە هان درابێ لەسەر کردنی شتێک: (شێتگیری) مەکە.
شێتۆکە: مەردوومی دەلووکار.
شێت و وێت: مەردوومی دەلووکاری بەرەڵا.
شێتە پەتەڕی: شێت و وێت.
شێتە و ژیرە: بریتییە لە کەسێک کە هەردەمە لەسەر بیرێک بێ.
شێتێتی: شێتی.
شێتی: شێت بوون.
شێخ: پێشەوای ئاینی خواپەرست.
شێخانە: جۆرێکە لە هەڵپەڕکێ.
شێخانی: شێخانە. ناوی تیرەیەکە لە کورد.
شێخەڵ: دار و درەختێکە کە هەڵپاچرابێ بۆ باڵاکردن.
شێخەڵکردن: هەڵپاچینی دار و درەخت بۆ باڵاکردن.

شێدار: شتێکە کە نمی بێ.
شێر: دڕندەیەکی شان و مل ئەستووری پاشوو پووتی ئازای بەهێزی شکێنەرە.
شێرزایی: ز. شیرازەی کتێب.
شێرانە: کردارێکی ئازایانەیە کە لە کرداری شێر بچێ.
شێرپەنجە: برینێکی گەورەی بەسوێیە درەنگ چاک دەبێتەوە.
شێرداخ: پارچە تەنراوێکی میل میلی ئاوریشمی جوانە دەکرێ بەکەوا.
شێردڵ: بریتییە لە مەردوومی ئازای بەجەرگ.
شێردەم: د. بەلووعەی ئاو.
شیرشیرۆکە: خۆژیلک.
شێرکوژ: د. بریتییە لە مەردوومی ئازا. ناوە بۆ گردێکی گەورە لە ڕۆژئاوای دەستە چەپی سلێمانییەوە.
شێرکۆڵ: د. دارێکی چوار پاڵووە لە ژێر کۆڵەکەدا دادەنرێ.
شێرکۆڵە: د. شێرکۆڵ.
شیروانی: دارەڕای دوو قەدە لەسەر یەک ڕایەڵ.
شێر و خەت: جۆرە یارییەکە بەدراو دەکرێ.
شێر و گورگە: چەند دارێکە لە هەر چوار لاوە دەدرێتە بەر کۆڵەکە یا بەر نێی ئاش بۆ ئەوەی تا دادەمەزرێ نەبزوێ.
شێرەبەفرینە: شێرێکی گەورەیە دروست دەکرێ لە بەفر.
شیرەت: ز. ئامۆژگار.
شێرە کوللە: جۆرە کوللەیەکی گەورەیە.
شێرە کولە: شێرە کوللە.
شێرەکی: جلی ئەسپە کە لە قاڵی دروست کرابێ بۆ جوانی.
شێرەوان: کەسێکە شێر بەرهەم بێنێ.
شیرین: ز. شیرین.
شێس: شەست.
شێست: شەست.
شێف: زەوییەکە بەیەک گاسن کێڵرابێ.
شێفبڕین: کێڵانی زەوی بە یەکەم گاسن.
شێفدانەوە: شێفبڕین.
شێفەلەتە: بەری گیای (مارگیر)ەکە سوور و شین و خۆشە و دەم دەداتەوە.
شێفیار: د. جووتیار.
شێڤ: ز. شەو.
شێڤدەست: با. جۆرە داوێکە کەوی پێ دەگیرێ.
شێکر: شەکر.
شێل: پێخوتییەک قوڕ. تاوێرێک هەویر کە بەنۆرەیەک بشێلرێ. وتەیەکە لە دوای هێندێ ناوەوە دێ دەیکا بەئیسمی فاعل: هەویر (شێل) قوڕ (شێل).

شیلاقە: شەلاقە.

شێلان: دەست یا پێنان بەشتێکدا بەتوندی.

شێلاندن: شێلان.

شێلانن: شێلاندن.

شێلانە: قەیسی.

شێلاوگە: تەڕییەکی زۆرە کە لە شتێک هەڵ نیشتبێ: بارە ترێکە (شێلاگە)ی لێ هەڵ نیشتووە لە کاتێکدا کە چووبێ بەسەر یەکدا و شیلەی لێ هاتبێتە خوارەوە.

شێلگ: دەسرێژی تفەنگ.

شێلم: گیایەکی پایزەی گەڵا پانە بنکێکی خڕی سپی هەیە و دەخورێ.

شێلم بەترش: جۆرە ترشیاتێکە لە گێزەر و شێلم دەگیرێتەوە.

شیلنگ: شێلگ.

شیلوو: با. قوڕاو. لێڵ.

شێلە: جۆرە تەنراوێکی دەزوو تێ هەڵکێشراوە وەک جامانە ژنان دەیکەن بە کاڵا.

شێمی: ز. تووە سوورە.

شێن: ز. ژنی جوان. هەموو شتێکی جوان.

شیندەبی: شینەبی.

شینکە: زەوی کرینی شینکار. ناوی تیرەیەکە لە کورد لە ناوچەی شارباژێر. جۆرە تفەنگێکە لە دەمەوە دادەگیرێ.

شینکەبی: شینەبی.

شێنەبی: هێواشی و لەسەرخۆیی.

شێو: خواردەمەنییەکە کە ئێواران بخورێ. کاتی ئێوارە.

شێواز: شێوەی تایبەتی نووسین یا قسەکردن (اسلوب).

شێوان: کاتی شێوکردن. تێکچوونی شت: خوا سەرت لێ (نەشێوێنێ).

شێواندن: تێکدانی شت.

شێوانن: شێواندن.

شێواو: شتی تێکچوو.

شێواوی: تێکچوویی.

شێوکردن: خواردنی نانی ئێواران.

شێو گۆڕ: گەرمە گۆڕ.

شێوە: جۆرە زەرە و ڕوخسارێکی تایبەتی شتە کە بەهۆی ئەوەوە بناسرێتەوە و لە شتی تر جیا بکرێتەوە: ئەم دوو منداڵە (شێوە)یان لە یەک دەچێ.

شێوەرد: زەمینی کێڵراو.

شێوەڕەش: ماشێنە.

شێوەقوڵە: چێشتە قولێ.

شێوەکردن: ناسینی شت بەهۆی شێوەوە.

شێوەما: د. سینەما.

شێویاگ: د. شێواو.

شێویان: د. شێوان.

شی: شتێکە لە یەک جیابووبێتەوە: قووڕەکە یا خورییەکە (شی)یە.

شیاکە: پیسی گا و مانگا.

شیان: گونجان: ئەم کارە دەشێ وابێ. توانین: (دەشێم) واتە دەتوانم (با).

شیپ: لیسپی قۆچەقانی.

شیپان: چوارچێوەی دەرگا و پەنجەرە.

شیپانە: ز. لاشیپان.

شیپک: ژێر دەرگا.

شیپە: شیپ. پانایی (د).

شیپە شیپکردن: پارچەپارچە کردنی شت: یاخوا شیپە شیپە کرێ.

شیتاڵ: پارچەی دڕاوی کاڵا: (شیتاڵ)ی کەواکەی لە زەوی دەخشێ، (شیتاڵ شیتاڵ) کاڵای هەلا هەلا.

شیتان: د. زەوی نەرمان.

شیتانن: د. شاتاندن.

شیتک: با. پشتێن.

شیتە: قیژە، (شیتە شیت) شیتەی یەک لە دوای یەک.

شیخر: کێرد و چەقۆی تیژ.

شیر: شتێکی سپی شلی چەورە لە گوانی گیاندارێک دێتە دەرەوە کە ساوای بەبەرەوە بێ. تیغێکی دەمپانی درێژێ کەوانەدارە دەکرێ بەکاڵاندا. شێر (ل).

شیرا: د. ئاژاڵی شیردار.

شیراز: شیرازە.

شیرازە: جۆرە چنینێکە کەناری هێندێ شتی پێ دەچنرێ بۆ قایمی.

شیرازەبەن: د. شیرازەبەند.

شیرازەبەند: شتێکە کە شیرازە کرابێ.

شیرازی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

شیراژ: شیرێژ.

شیربایی: دراو یا شتێکی گران مایەیە کە کەسوکاری بووک بیسێنن لە زاواکەیان.

شیربرا: برای شیری.

شیر برنج: چێشتێکە لە شیر و برنج دروست دەکرێ.

شیر بۆدان: بریتییە لە خێردانەوەی یەکێک بۆ یەکێک.

شیر پارزونک: شیر پاڵێو.

شیرپاک: بریتییە لە مەردوومی دڵ و داوێن پاک.

شیر پاکی: بریتییه له دەست و دڵ و داوێن پاکی.
شیر پالۆک: کونێکه دەهێڵرێتەوە لە تەنشت (نێ) وە بۆ ڕاییکردنی گیروگرفتی.
شیر پالوو: شیر پارزونک.
شیر پالێو: شتێکی تەنکی کون کونە شیری پێ دەپاڵێورێ.
شیرتێن: شیرتین.
شیرتین: شلەتین.
شیرخشت: شتێکی فێنکی سپییە لەگەڵ شیردا دەدرێ بەمنداڵ بۆ لابردنی گڕی دەروونی.
شیرخواردن: مژینی شیر لە لایەن ساواوە.
شیر خۆژیلک: گیایەکی بەهاری شیردارە جۆرە گوڵێک دەگرێ و شیرەکەی زۆر ڕەوانە.
شیرخوشک: خوشکی شیری.
شیرخەس: گیاندارێکە لە کاتی شیرەخۆرەیدا خەسێنرابێ.
شیردار: گیانداری بە شیر.
شیردان: مەمک دان بەساوا.
شیردەر: گیاندارێکە کە شیر بدا بە بەچکەی.
شیڕ: وتەی تیتاڵی: (شیڕ) لە پیاوەتیت.
شیڕاندن: نەڕاندن بەتوندی.
شیڕە: قیژەی توندی مەردووم و هێندی گیانداری تر. دەنگێکە وەک دەنگی دادڕینی بلووری و هێندێ شتی تر، (شیڕە شیڕ) شیڕەی یەک لە دوای یەک، (شیڕ و هووڕ) شیڕە شیڕی زۆر.
شیڕها: شڕها.
شیرکتک: گیاندارێکە کە زۆر بشیرێنێ.
شیرکوڕۆژ: بریتییە لە مەردوومی ئازا.
شیرکێشان: بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ تێوەچوونی جەنگ: فیسار کەس بەرامبەر بە دوژمن (شیری کێشا).
شیرگەر: کەسێکە کە شیر و خەنجەر دروست بکا.
شیرمردە: گیاندارێکە لەبەر بێ شیری دایکی زۆر لاوازبێ.
شیرمژ: د. شیرەخۆرە.
شیرن: شیرین.
شیروا: شیربایی.
شیروایی: شیربایی.
شیر وەشێن: بریتییە لە مەردوومی ئازای دەستوەشێن.
شیرە: شیلەی شتی شیرین. چەند دانێکی شیرییە لە دەمی ڕەشەوڵاخ و وڵاخی یەک سمدا لە تەمەنی دوو ساڵ و نیوەییدا دەکەون. ڕۆن گەرچەک (د).
شیرە بەڕوو: د. لقی تەڕی داری بەڕوو.
شیرەپە: ئیرەق.
شیرەجۆ: جۆ شیرە.
شیرەخانە: د. شەرابخانە.
شیرەخۆرە: ساوای بەر مەمکانە.
شیرەدان: د. دیزەیەکە ڕۆن گەرچەکی تێدا هەڵدەگیرێ.
شیرەماڵ: دانەوێڵەیەکە دوای خەرمان هەڵگرتن بەدەست کۆ بکرێتەوە لە جێ خەرمان.
شیرەوا: شیر برنج.
شیرێژ: سیرێژ.
شیری: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی شیر وابێ: فیسار کەس برای (شریە).
شیرین: شتێکە کە تامی وەک تامی شەکر وابێ. بریتییە لە شتێک کە کەم دەست بکەوێ: ئیمساڵ نان (شیرین)ە.
شیرین بوون: بریتییە لە خۆشەویست بوونی یەکێک لای یەکێک.
شیرینچک: شتێکە کەمێک شیرین بێ.
شیرین خوێ: خواردنێکە کە خوێی کەم بێ.
شیرین زبان: بریتییە لە مەردوومی زبانخۆش.
شیرین شاتەرە: شاتەرە.
شیرین شاهۆ: د. شینە شاهۆ.
شیرینە: شۆکە.
شیرینی: شتی شیرین. بریتییە لە خۆشەویستی. شەکر یا نوقوڵێکە کە لە شەکراو خواردنەوەدا دابەش دەکرێ.
شیرینی خواردن: د. شیرینی خواردنەوە .
شیرینی خواردنەوە: دابەشکردنی شیرینی لە خوازبێنی بووکدا.
شیش: جۆرە ئاسن یا دارێکی باریکی درێژە.
شیشان: ز. گیایەکە کە گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی هەیە.
شیشە: شووشە.
شیشەک: ز. شەک.
شیعە: دەستەیەکن لە موسڵمانان کە هەر ئیمامی عەلی بەجێنشینی پێغەمبەر دەزانن.
شیڤ: ز. نانخواردنی شێوان.
شیڤک: با. کۆرە شیو.
شیڤین: ز. دەنگی بەرز.
شیکراوە: قوڕ و خوری و لۆکەی خۆشکراو.
شیکردنەوە: لەیەک جوێ کردنەوە و خۆشکردنی قوڕ و لۆکە و خوری.
شیکە: بەچکەی بەرازی یەک ساڵە. کەڵەگا.
شیلان: جۆرە مووروویەکی سوورە. دلق. عەنناب.
شیلاووک: شیلاوگ.
شیلاوگ: پارچە گۆشتێکی لۆچ لۆچە لە سکی ئاژاڵدا وەک هەزار لۆغانە بەڵام ئەم پانترە پڕە لە پیسی.

شیلک: شیلاوگ.

شیلۆ: ز. ناوی لیلّ.

شیله: شیره.

شیلەپە: سنگێکە دەکرێ بەکونی (لاجامە) و (عەرەبانە)دا بۆ توند کردنیان لە یەک.

شیلەتێن: شلەتێن.

شیلەجۆ: شیرە جۆ.

شین: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی ئاسمان. شیوەن. ناشیرین (با) ڕۆین (ھ). شوێن (با).

شیناو: ماستاو و دۆی زۆر ڕوون.

شیناھی: شینایی.

شینایی: سەوزییەکە کە لە زەویدا ڕوابێ.

شینباو: شتێکە بروانێ بەسەر شیندا.

شین بوون: ڕوان و سەوزبوون.

شین چوونەوە: دەرکەوتنی شت لە دوورەوە بەشین: دەریا لە دووردوە (شین دەچێتەوە).

شینک: پشتێن. گەلا کوتک (با) شواشینک.

شین کردن: شیوەن کردن. ڕەنگکردنی شتێک بەڕەنگی شین.

شین کردنەوە: شین چوونەوە.

شینکە: جۆرە تفەنگێکە لە دەمەوە دادەگیرێتەوە. زەوی لم و زیخەلان.

شین و شەپۆڕ: شیوەن کردنی تێکڕایی لەگەڵ لەخۆ داندا.

شینەبی: شۆڕەبی.

شینەشاوە: شینەشاھۆ.

شینەشاھۆ: مەلێکی کەوەلەی قاچ و مل درێژە.

شینەوارک: با. شوێنێکە کە شتی تێدا بوو بێ و کۆکرابێتەوە و لە پاشا بچیت بۆ شت تێدا دۆزینەوەی.

شیو: چەم. چێشت.

شیوارە: د. لاکێش.

شیواز: شێواز.

شیووت: شوویت.

شیوەخوار: لەوەڕاندنی ئاژاڵ ئێواران لە دوای تێ بەردان و جوێ کردنەوەیان.

شیوەلۆکە: شیوی پچکۆلە.

شیوەن: گریانی بەکوڵ بۆ مردوو.

شیوەن کردن: شیوەن.

شیوەنگا: شوێنێکە کە بەکۆمەڵی شیوەنی تێدا بکرێ.

شیوەننامە: وتار یا پارچە ھۆنراوەیەکە کە لە شیوەنی یەکێکدا بووترێ.

شیوی: با. نانخواردنی ئێواران.

ع

عا: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ لێخوڕینی کار و بەرخ.
عابا: د. عەبا.
عاجباتی: شتێکە مایەی سەرسوڕمان بێ.
عارنان: چاوترسان لە شتێک و دەست لێهەڵگرتن و تەمێبوون.
عارەق: ئارەق.
عارەقچن: د. کڵاو.
عارەقچین: عارەقچن.
عارەقخۆر: ئارەقخۆر.
عارەق دەردان: ئارەق دەردان.
عارەق فرۆش: ئارەق فرۆش.
عارەق کردن: ئارەق کردن.
عارەق کردنەوە: ئارەق کردنەوە.
عارەق گرتن: ئارەق گرتن.
عارەقگیر: ئارەقگیر.
عازەب: کوڕ و کچی گەورەبووی لە خەم ڕەخسیو.
عازەبە: وردە برینێکی نێرکدارە لە دەموچاوی عازەب دەردێ.
عاسا: عەسا.
عاست: حەن: لەو (عاست)ە، واتە لەو حەنە.
عاستەم: ئەسپایی و سووک: بە(عاستەم) دەرگاکە پێوەدە.
عاسمان: ئاسمان.
عال: شتی چاکی نایاب.
عالوسال: مەردوومی هێدی لەسەرخۆ.
عامباز بوون: ئاوقەد بوون.
عامبازبوون: عامبازبوون.
عان: حەل: سبەینێ ئەم (عان)ە دێم بۆ لات.
عایلەمەن: د. عەینە مەل.
عرک: با. معدة.
عشتر: ل. حوشتر.
علعوول: ز. شتی زۆر پچووک.

عوشاق: ناوە بۆ جۆرە مقامێک.
عوشاقی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
عومەرەگێلە: جۆرێکە لە مقامی قۆریات.
عوور: ز. ورگی گیاندار.
عوورە: ز. گەنمێکە کە ئامادە کرابێ بۆ بەباکردن.
عوورێن: ز. دەنگی بەرزی گا و گامێش.
عوولی: ز. ژوور. قاتێک لە خانوو.
عویرگ: با. ورگ.
عە: وتەیەکە ئاژاڵی پێ لێ دەخوڕدرێ.
عەبا: کاڵایەکی پانوپۆڕێ فراوانی بێ قۆڵە لەسەر هەموو کاڵاوە دەدرێ بەشاندا.
عەبداڵ: عەوداڵ. پۆڕی نێر.
عەبدۆیی: ناوە بۆ عێلێکی کورد.
عەبرەش: ئەبرەش.
عەبوور: ز. خۆژیاندن.
عەبووری: ز. پارچەیەکی ئاوریشمە دەبەسترێ بە سەرەوە.
عەبەنووس: جۆرە دارێکی زۆر سەختی ڕەشی بەنرخە هێندێ شتی نایابی لێ دروست دەکرێ.
عەپی: ز. وتەیەکە بەمنداڵی ساوا دەوترێ بۆ ئەوەی کە شت بخوا.
عەتفک: ز. تیلماسکە ترێ.
عەجەم: فارس.
عەجەمی: چەیە جاخی گۆشت کوتانی کەبابچی. بریتییە لە ئادەمی ناشی لە هەموو کاروبارێکدا.
عەجەنە: د. جنۆکە.
عەداب: ز. کێم بەتەنیا یا لەگەڵ خوێندا.
عەرد: زەوی.
عەڕە: زەڕە (عەڕعەڕ) زەڕەزەڕ.
عەرەبانە: شتێکە وەک گالیسکە بەلام ئەم ئەسپ ڕایدەکێشێ.

عەرزێل: ز. هەرزاڵ.
عەرعەر: سپیداری ڕاستی بێ گرێ و قورت.
عەرن: ز. ڕق هەستان.
عەرنۆکی: ز. کەسێکە زۆر تووڕە ببێ .
عەرەق: ئارەق.
عەرەقچن: عارەقچن.
عەرەقچین: عارەقچین.
عەرەق خواردنەوە: عارەق خواردنەوە.
عەرەقخۆر: عارەقخۆر.
عەرەق دەردان: عارەق دەردان.
عەرەق فرۆش: عارەق فرۆش.
عەرەق کردن: عارەق کردن.
عەرەق کردنەوە: عارەق کردنەوە.
عەرەق گرتن: عارەق گرتن.
عەرەقگیر: عارەقگیر.
عەزرەت: ئارەزووکردنی زۆر بۆ شتێک بەئاواتەوە.
عەزرەتی: کەسێکە کە زۆر ئارەزوومەند و ئاواتەخوازی شتێک بێ.
عەزنەوور: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ گەورە و سەرکۆماری گەلێک. وتەیەکە بەکار دێنری لە باتی وتەی دەعبا و جانەوەر.
عەزیزی: شەوکراس.
عەسپ: ل. ئەسپ.
عەسرین: ز. ڕقگرتنی منداڵ بەجۆرێک کە درەنگ ژیر ببێتەوە.
عەسسە: ز. شتی ڕاست کە گاڵتەی تێدا نەبێ (جدی).
عەسکەری: جۆرە ترێیەکی کشمیشی زۆر ناسکی دەنک درێژە.
عەسەلا: دەوار بەخۆی و هەموو تفاقیەوە.
عەشامات: مەردوومی زۆری کۆبووەوە.
عەشرەفی: د. ئەشرەفی.
عەشیران: جۆرە مقامێکە.
عەعا: وتەیەکە منداڵی ساوا بەکاری دێنێ بۆ پیسی.
عەعە: عەعا.
عەفارە: ز. بن خەرمان. میوەیەکە بەدرەختەوە مابێ لەبەر خراپی.
عەفت: ز. حەپەی سەگ.
عەڤدال: ز. هەژاری ئاوارەی عەوداڵ.
عەگ: ز. بزنێکە زۆر سپی نەبێ.
عەلبەکی: ز. دەفری مسینی بنکدار.
عەلتۆش: ز. کردەوەی بێ سوود.
عەللە: ز. عال.
عەلۆ و جەلۆ: بریتییە لە مەردوومی هیچ و پووچ.
عەلووعەلوو: ز. عەلیشیش.
عەڵەم: د. جێی بەشکردنی ئاو.
عەلەولەمانی: با. جۆرێکە لە هەنجیر.
عەلیخانی: شتێکە وەک مشکی سەر بەڵام ئەم تەختی ڕەش و قەراغی ڕەنگاوڕەنگە.
عەلیشیش: بۆقلەموون.
عەلیبوردە: ز. نانی مزەناش.
عەلیفورنە: ز. کاغەزی زبری ئەستوور.
عەمار: ژوورێکی گەورەی تایبەتییە کە شتی تێدا هەڵبگیرێ.
عەماراو: دەفرێکی گەورەی قووڵە ئاسنگەر و پینەچی پری دەکەن لە ئاو لە کاتی کاردا. شتێکی گەورەی تایبەتییە کە پڕ بکرێ لە ئاو بۆ بەکارهێنانی.
عەمارتە: خانوویەکی یەک قاتە کە تەختەکەی کەمێک لە زەوی بەرز بووبێتەوە.
عەمارکردن: شت هەڵگرتن بەزۆری لە عەماردا.
عەماردپۆ: تەنراوێکە لەبەر زۆر مانەوەی لە عەماردا پۆرتکابێ.
عەمانج: ز. نیشانێکە نرابێتەوە بۆ پێکانی.
عەمبار: عەمار.
عەمبازبوون: عەمبازدبوون.
عەمبازدبوون: ئاوقەد بوو.
عەمبە: عەمە.
عەمرۆکە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک گێلاخە وایە بەڵام ئەم ناخورێ.
عەمە: بەری درەختێکی گەرمیانییە.
عەنتەر: مەیموونی نێر.
عەنتیکە: شتی نایابی بەنرخ.
عەنتیکەچی: کەسێکە لە شتی عەنتیکەدا پسۆڕ و شارەزابێ.
عەنتیکەخانە: شوێنێکە کە شتی عەنتیکەی تێدا دابنرێ.
عەنتیکە فرۆش: کەسێکە کە هەر شتی عەنتیکە بفرۆشێ.
عەنزەڕووت: شتێکە وەک چەوی توتیسی.
عەنناب: درەختی شیلان. شتێکە وەک خورما بەڵام پچووکتر و تۆزێک شیرینچکە.
عەنوا: ئەنوا.
عەنەزە: جۆرێکە لە وڵاخی ڕەسەن.
عەو: وتەیەکە شوان ڕانی پێ لێ دەخورێ.
عەوتەعەوت: ز. وەڕەی سەگ.
عەوداڵ: کەسێکە کە بەدووی شتێکدا بگەڕێ و نەیدۆزێتەوە.
عەوارف: ز. هەورێکە لەگەڵ سایەقەدا تێکەڵ بێ.
عەوە: حەپە (عەوە عەو) حەپە حەپ.
عەیار: ئافرەتی زۆرزانی فێڵباز. پێستی مەڕ و بزن (ز).

عەیار شیرک: ز. مەشکە.
عەیارە: ئەندازەیەکە دانرابێ بۆ پێوانی شت بەتێکردنی.
عەی عەی: ز. دەنگێکە ناژاڵی پێ لێ دەخوڕدرێ.
عەین: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
عەینەمەل: باڵندەیەکی بۆرەقنەی دەنووک تیژە بەقەد ڕیشۆڵەیەک دەبێ و زۆر مێملێی کوللەیە.
عیسک: با. نزگەرە.
عێل: چەند هۆزێکە کە بچنەوە سەر یەک باپیرە گەورە.
عێڵ: د. عێل.
عیلالەت: کۆمەڵێکی زۆر گەورە لە مەردووم.
عێلجاڕی: گەلەکۆمەکێ.
عیسان: ئینسان.
عینسان: ئینسان.
عیوارش: ز. گێژەڵووکە.

غ

غائیز: دڵ سستبوون بەهۆی سەرمابوون یا گەرمای زۆرەوە.

غار: ڕاکردنی وڵاخ: وڵاخەکە (غاری) خۆشە.

غارا: جۆرە پارچەیەکی ئاوریشمی جوانە وەک خامەک.

غاران: خاران.

غاراندن: خاراندن.

غاراو: خاراو.

غاردان: تاودانی وڵاخ.

غارغارێن: هێنان و بردنی وڵاخ بەتاو.

غارکردن: تاودانی وڵاخ.

غارین: خارین.

غاریو: خاریو.

غازی: دوو جۆرە لە دراو یەکێکیان پچکۆلە و زێڕ ئەوی تریان گەورد و زیوە.

غالیگە: بۆشایی کەلەکە.

غلّتاندن: قسەکردن بەغلّتە: نەخۆشەکە دەغلّتێنێ.

غلّتە: قسەکردنی نەخۆش بەگەروو لە کاتی گیانەڵاودا، (غلّتەغلّت) غلّتەی یەک لە دوای یەک.

غوباب: گیانداری قەڵەوی بەکەیف.

غوڵغوڵە: هەرا و هوریا و تێکرژانی مەردووم.

غوڵە غوڵ: دەنگی خوێندنی یەکێک لە دوور کە پیت و وتەی جوێ نەکرێتەوە.

غونچە: خونچە.

غەریبۆک: ز. جۆرە هەرمێیەکە.

غەزایی: عەینەمەل.

غەزرین: تۆران و قسەنەکردنی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تر: فیسار کەس زۆر (دەغەزرێ) یا زۆر حەزی لە (غەزرینە).

غەز و بەز: گۆشتی زۆر چەوری قەڵەو.

غەزەتە: ڕۆژنامە.

غەزەتەچی: کەسێکە کە ڕۆژنامە دەربێنێ.

غەزەتەنووس: ڕۆژنامەنووس.

غەزەل: پارچەیەکی ئاوریشمینی میل میلی ڕەنگاوڕەنگە وەک شیرداخ. هەشت نۆ شیعرە کە لە باسی دڵداریدا وترابێ.

غەزنە: شوێنێکی قایمە کە دراو و شتی گران مایەی تێدا هەڵگیرێ. شتی گران بەها وەک پارە و چەکی زۆر.

غەزنەکردن: ئاودز کردنی شوێنێک لە ئەندام و پڕبوونی لە کێم.

غەزێم: خەزێم.

غەزێنە: شوێنێکی تایبەتییە لە حەمام کە پڕ دەکرێ لە ئاوی گەرم. شوێنێکە کە غەزنەی تێدا دانرابێ.

غەزێنەکردن: غەزنەکردن.

غەڵبەغەڵب: دەنگی زۆری مەردووم و ژاوەژاویان.

غەڵدی: توولە.

غەمزە: ناز.

غەنە: بردن و دەرکردنی گۆی (شەقێن)ە لەسەر شار بە(قاشۆ) کەم کەم بەخشکەیی.

غەوارە: بێگانە. ناوی تیرەیەکی کۆچەری کوردە لە ناوچەی سرۆچک.

غەور: کێم و زووخی ناو برین: ئەم دەرمانە (غەور)ی برین دەکێشێ، واتە چڵکی ناوی پاک دەکاتەوە.

غەوربوون: ڕۆچوون بەناخی زەویدا.

غەوغەرە: ز. ناوەندی نوستن و بێداری.

غەیدین: ز. ڕق هەستان.

غەین: ناوی پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.

ف

فابریقه: کارگەیەکە کە بەزۆری شتی تێدا دروست بکرێ.
فاتنک: قومری.
فاتەبۆر: فاتە بۆرە.
فاتەبۆرە: جۆرە کاڵەکێکی ڕەشە. گیایەکی گەڵا پانە وەک کاڵەک بەرێکی درێژکۆلەی شیرین دەگرێ.
فارزک: کەسێکە زۆر حەزی لە خواردن بێ و هەمیشە خەریکی خواردن و کردن بێ.
فارس: گەلێکی کۆنی تایبەتی ئارییە. وڵاتێکە کە گەلی (فارس)ی تێدا دادەنیشێ.
فارن: با. خواردن.
فاسۆلیا: بەری گیایەکە وەک پاقلە وایە، دەنکەکانی لە ماشە سپی دەچێ و دەکرێ بەچێشت.
فاسۆن: جۆرە تەنراوێکی بەنرخە لە خوری دروست دەکرێ.
فاسۆنیا: فاسۆن.
فاش: دەنگوباسێکە کە بڵاوبووبێتەوە، (فاشبوون) بڵاوبوونەوەی دەنگوباس.
فافۆن: جۆرە کانێکی سووکی سپییە دەفری لێ دروست دەکرێ.
فاق: فاقە. لقی درەخت. جۆرە عەبایەکی ڕەشە ژنان دەیدەن بەسەریاندا (د).
فاقدان: بەناوداچوون و زەبوونبوونی گیاندار.
فاقە: دارێکە وەک قەفی گۆچان ژێیەک دەبەسترێ بەهەردوو سەریەوە، چەڵەمەیەک دەکرێ بەم سەر و بەوسەری ژێیەکەوە چۆلەکە و ڕیشۆڵەی پێ دەگیرێ.
فاک: فێڵ: هەزار (فاک)م بە(فیکێکت).
فاکوفیک: کەڵکەڵە: فیسار کەس کەوتۆتە سەر (فاکوفیک)ی ژنهێنان. هەوەس و ئارەزوو: فیسار کەس لە (فاکوفیک)ی خۆی ناکەوێ.
فاڵ: هاتنە بای ماکەر. نوقڵانەی باش.
فالا: ز. خاڵی.
فاڵچی: کەسێکە فاڵ بۆ مەردووم بگرێتەوە.
فاڵچێتی: خەریکبوون بە فاڵگرتنەوە.
فاڵگر: فاڵچی.
فاڵگرتن: هاتنە فاڵی ماکەر.
فاڵگرتنەوە: بەخت گرتنەوە.
فاڵگەر: فاڵچی.
فاڵۆزە: فڕنی.
فاڵهاتن: هاتنە فاڵی ماکەر.
فام: تێگەیشتن.
فامیلیا: خێزان و بنەماڵی بەناوبانگ.
فامیدە: مەردوومی تێگەیشتوو.
فامین: تێگەیشتن.
فانۆز: چرای دەستی شووشەدار.
فانۆس: فانۆز.
فانیلە: جۆرە تەنراوێکی دەزوو یا خورییە لەبەر دەکرێ.
فت: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتی فڕێدانی گۆرەوی یا فنجان لە یاری گۆرەویبازی و فنجانێندا: ئەم گۆرەوییە یا ئەم فنجانە (فت) واتە بۆشە و هیچی تێدا نییە.
فتبوون: تێکەوتن و دەرچوون لە یاریدا.
فتخۆش: قەنگە.
فتراق: دڵ.
فتراندن: ز. بینین.
فترک: ز. قارچک.
فتروونە: ئەو شتەیە کە لە شتێکی تر متوربە بکرێ (لقاح).
فت کردن: فڕێدانی گۆرەوی و فنجان لە یاری گۆرەویبازی و فنجانێندا. فڕێدانی سووتووی سەبیل و قلیان بەفوو پێدا کردنی. دەرکردنی یەکێک لە یارییەکدا.
فت و فراوان: زۆر و زەبەند.
فتە فت: د. سرکە سرک.

فتیلە: پلیتە. فتیلە.
فتیلە: قوتیلەی نەوت.
فجووزکردن: با. ڕۆینێکی ئێجگارییە کە هاتنەوەی لەدوا نەبێ: فیسار کەس (فجووزی کرد) واتە بەئێجگاری ڕۆی یا مرد و کۆچی دوایی کرد.
فجووڕکردن: فزرینی کەو و سوێسکە.
فجووق: دەنگێکە لە کەوەوە دێ لە کاتی دەرپەڕیندا.
فجووقکردن: دەرپەڕین و باڵگرتنەوەی کەو.
فچک: دەنگێکە لە دەستی جۆلاوە دێ لە کاتی کارکردنیدا: چوومە لای فیسار کەس (فچک فچک) جۆلایی دەکرد.
فراژی: بەخۆداهاتن و گەشە کردن.
فراقین: ز. خواردنێکە لە ناوەندی قاوەتی و ئێوارەدا. نانی نیوەڕۆ (با).
فراوان: شتی گوشادی گەورە.
فراوانی: گوشادی.
فراوین: با. نانخواردنی نیوەڕۆ.
فرتاندن: دەرپەڕاندنی شت.
فرتانن: د. فرتاندن.
فرتک: کونی لووت (ز) هێلنج.
فرتوونەک: ز. فەرتەنەی دەریا.
فرتە: پرتەی چرا. جووڵە و بزووتنەوە، (فرتە فرت) بزووتنەوەی یەک لە دوای یەک، (فرت و هووڕ) فرتە فرتی زۆر.
فرتەکردن: دەرپەڕینی شتێک لە شتێکی تر بەگورجی.
فرتێنە: فەرتەنە.
فرچک: فریشک.
فرچە: فلچە.
فرچیل: دانەوێلەیەکە کە نیوەکوڵ بووبێ: نۆکەکە (فرچیل) بووە.
فڕ: قومێک لە چا یا لە قاوە کە لێوی پێوە بنێیت و بیخۆیتەوە. پەیوەندی شتێک بەسەر شتێکی ترەوە: فیسار کەس (فڕ)ی بەسەر ژنەکەیەوە نەماوە، واتە تەلاقی کەوتووە.
فڕان: هەڵمەت و ڕاکردن: بە(فڕان)ێک بچۆ بۆماڵەوە.
فڕاندن: ڕفاندن.
فڕان فڕان: بریتییە لە ڕاوەرووت و بێ ئاسایشی لە شوێنێکدا.
فڕانن: د. فڕاندن.
فڕفڕۆک: فڕفڕۆکە.
فڕفڕۆکە: خولخولۆکەیەکە منداڵان لە کاغەز دروستی دەکەن و دەیکەن بە سەری دارێکەوە کە با لێی دەدا دەخولێتەوە.
فڕفڕە: فڕفڕۆکە. نێرگەلە.
فڕفینگ: هەلامەت.
فڕکافڕکا: هەڕاکردنی مەردووم لە ترسدا لە کاتی تێکچوونی ئاسایشدا.
فڕکان: فڕکە: بە (فڕکان)ێک بچۆ بۆ بازار.
فڕکان فڕکان: فڕان فڕان.
فڕک و هووڕ: گێز و هووڕی بەرد و گوللە و پلاری هاوێژراو. هاتوچۆکردنی زۆر بەفڕکە.
فڕکە: چوون بۆ شوێنێک بەگورجوگۆڵی و چالاکی، (فڕکەفڕک) فڕکەی یەک لە دوای یەک، (فڕک و هووڕ) فڕکەفڕکی زۆر.
فڕگە: ڕێگای دەربازبوون (د). جێی نیشتنەوە و هەڵفڕینی فڕۆکە.
فڕن: کوورەی نان برژاندنی نانەوا.
فڕندە: باڵندە.
فڕنەگولە: فیرنەگولە.
فڕوفێڵ: فێڵ فەرەج.
فرنی: خواردەمەنییەکە لە شیر و شەکر و برنجی هاڕاوە دروست دەکرێ.
فڕۆ: گەروو.
فڕۆک: شتێکی باڵ و پەروانەدارە بەئاگر و بەنزین دەفڕێ و زەلام هەڵ دەگرێ.
فڕۆکە: فڕۆک. باڵندە (د).
فڕۆکەخانە: شوێنێکە کە فڕۆکەی تێدا بنیشێتەوە.
فڕۆکەوان: کەسێکە کە فڕۆک لێ بخوڕێ.
فرووج: باڕۆکەی مریشک.
فرووجاو: گۆشتاوی فرووج.
فرووکە: دەستەچیلە.
فڕوون: فڕن.
فڕە: دەنگی باڵی پەلەوەر، (فڕەفڕ) فڕەی یەک لە دوای یەک، (فڕ و هووڕ) فڕەفڕی زۆر. فڕکە: بە(فڕە) یەک بچۆ بۆ بازاڕ.
فڕەدان: فڕێدان.
فڕەکردن: دەرچوون و تێپەڕینی گیاندار: ئا (فڕەیەک بکە) ئەو شتە بێنە.
فڕێدان: دوورخستنەوەی شتێک لە خۆت بەهاویشتنی.
فڕی فڕی: جۆرە یارییەکە چەند کەسێک دەیکەن یەکێکیان دەبێ بە وەستا و دەڵێ (فڕی فڕی) فیسارە شت فڕی و پەنجەی بەرز دەکاتەوە، ئینجا ئەگەر شتێکی وای وت کە فڕندەبێ ئەوی پەنجە بەرز نەکاتەوە لە گەڵیدا تێ دەکەوێ و، ئەگەر شتێکی وای وت کە فڕندە نەبێ ئەوی پەنجە بەرز بکاتەوە لە گەڵیدا تێ دەکەوێ.
فڕین: باڵگرتنەوە و حەواکەوتنی باڵدار. لێدانی دەمار.
فڕیوە: جۆرە یارییەکە ئەوی تێدەکەوێ بەهەنگڵە شەلێ دەبێ بڕواو ئەمانی تر تێی هەڵ بدەن ئەمیش لەوان هەڵ بدا، ئینجا ئەوی شەقی ئەمی بەرکەوت تێ دەکەوێ.

فرژین: ز. پرمەی ولاخ.
فرس: هەریز.
فرسادە: د. فرستادە.
فرستادە: کەسێکە لە لایەن یەکێکەوە نێردرابێ بۆ لای یەکێکی تر بۆ گەیاندنی قسەیەک.
فرسک: فرچک.
فرسەق: فرسەنگ.
فرسەنگ: ماوەی سێ میلە لە ڕێگاوبان کە هەر میلێک چوار هەزار گەزە.
فرشتە: فریشتە.
فرشک: فرسک.
فرشە: فلچە.
فرفات: ز. کالای دڕاوی هەلا هەلا.
فرک: ز. فرێک لە ناو و شتی شل.
فرکبوون: ز. زانی ماین.
فرکردن: ز. قومدان لە شتی شل.
فرمان: ئیشوکار.
فرمانکردن: ئیشکردن.
فرمانکەر: ئیشکەر.
فرمانگوزار: کەسێکە کە بەردەستیت بکا.
فرمێسک: دلۆپەی ئاوی چاو.
فرمێسک بزە: گریانێکە لە خۆشییەوە بێ.
فرو: با. فرۆ.
فرۆ: ژەکی کولاوی توندبووەوە.
فرۆتن: دانی شت بەدراو.
فرۆتەنی: شتی فرۆشتن.
فرۆخت: برەوی شت لە فرۆتندا.
فرۆش: فروخت: کوتاڵ (فرۆش)ی نییە.
فرۆشتن: فرۆتن.
فرۆشتەنی: فرۆتەنی.
فرۆشیار: کەسێکە شت بفرۆشێ.
فرووزوو: هەریز.
فرووزیی: ز. شتی پچکۆلە.
فرە: زۆر.
فرەبەش: شتێکە کە بەشی زۆری تێدا بێ.
فرەبێژ: سازندە.
فرەخۆر: زۆرخۆر.
فرەخەیاڵ: کەسێکە کە ئاواتی زۆر بێ.
فرەڕوو: دووڕوو.
فرەز: قەیفە.
فرەزان: زۆرزان.
فرەگەڕ: کەسێکە زۆر بگەڕێ.
فرەماگ: شتی کۆن.
فرەوان: فراوان.
فرەوەڕ: بریتییە لە مەردوومی سازندە. سەگی هەڵەپاس.
فرەیی: زۆری شت.
فریاخستن: گەیاندنی شتێک بەکەسێک لە کاتێکی زۆر پێویستدا.
فریاڕەس: کەسێکە بگا بەهاواری یەکێکدا.
فریاکەوتن: گەیشتن بەهاواری یەکێکدا .
فریاگەیشتن: د. فریاکەوتن.
فرێتوون: با. جۆرە شیرینییەکە لە ئارد و هێلکە و شەکر دروست دەکرێ وەک پەنجەرە کون کونە.
فرێزە: کشتوکاڵێکە کە دروێنە کرابێ.
فریشتە: دروستکراوێکی فەرمانبەری خوان بەموو لانادەن لەوەی کە پێیان سپێردراوە.
فریشک: ژەکێکە کە لە سکی کار و بەرخ دەرهێنرابێ بۆ هەوێنی پەنیر.
فریبخواردن: هەڵفریوان.
فریبخۆر: کەسێکە زوو هەڵخەڵەتێ.
فریبدان: هەڵخەڵەتاندن.
فریبیاگ: د. هەڵخەڵەتاو.
فریبیان: د. هەڵخەڵەتان.
فریز: فریزوو.
فریزوو: گیایەکی باریکی بەیەکداچووی پان بووەوەی هەمیشە سەوزە.
فریو باز: فێڵباز.
فریوخواردن: لاس خواردن و هەڵخەڵەتان.
فریوخۆر: کەسێکە زۆر هەڵخەڵەتێ.
فریودان: لاس دان و هەڵخەڵەتان.
فریویاک: د. هەڵخەڵەتاو.
فریویان: د. هەڵخەڵەتان.
فز: د. فزە.
فزدووک: عازەبە.
فزرە: فزە.
فزە: جووڵە. نووکە و نقە: (فزە) نەکەیت، واتە نقەت لێوە نەیەت.
فزە لێ برین: بریتییە لە جووڵەخستنی یەکێک.
فس: تس. فس.
فستان: جۆرە عەزیزییەکی ژنانەی ئاودامانی ناوقەد باریکی داوێن والایە.

فستک: ز. کەسێکە کە لە ڕۆیندا پێی هەڵخلیسکێ.

فستوقی: ز. کەسێکە کە گەڕۆک بێ و ڕێی نەکەوێتە ماڵی خۆی. سەگی خوێڕی.

فسدان: بریتییە لە دەرکردنی یەکێک: فیسار کەسم (فس دا) واتە دەرم کرد. خۆ دانەواندن و خۆ فشکردنی مریشک بۆ کەڵەشێر.

فس دانەوە: بریتییە لە دەست هەڵگرتن و پەشیمانبوونەوە لە کارێک لەبەر سەرنەگرتنی. بەردانەوەی تس.

فس: وتەیەکە پشیلەی پێ دەر دەکرێ.

فسە: فس.

فسفس پاڵەوان: بریتییە لە یەکێک کە هیچی لەباردا نەبێ و کەچی هەر خۆی هەڵبکێشێ.

فسقە: فسکە.

فسکاگوری: ز. جۆرە گیایەکە.

فسکوول: گوڵنگەی فێستی سوور.

فسکە: پیازی فیسقە.

فسکین: ز. پێ هەڵخلیسکان.

فسن: تسن.

فسنان: بریتییە لە دەرکردنی یەکێک .

فسۆس: گەندە دەڵەک.

فسە: چپە، (فسەفس) چپەچپ، (فسەکردن) چپەکردن.

فسەزمان: زمانپس.

فسەی فسە: هـ. شیلانی مووروو.

فسین: تسین.

فش: شتێکە کە بڵاو بێ و نەنیشێتە سەر یەک. چڵمی لووت (ز).

فشبوون: هەڵۆڵبوونی شت. بریتییە لە نەرمبوون و هاتنە باری یەکێک لە کارێکدا کە لەوە پێش نەیویستبێ بیکا. دەرچوونی با لە تایەی ئۆتۆمۆبێل و شتی تر.

فشقیات: فیشقیات.

فشکردن: بریتییە لە نەرمبوون و هاتنە بار بۆ کردنی کارێک.

فش و فۆڵ: شتی فشی شل و شێواو.

فشۆڵ: فشەڵ.

فشە: گاڵتە و گەپ: هەروا بە(فشە) مەیبەرە سەر. جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی تس. فش فش: فشەی یەک لە دوای یەک.

فشە کردن: بریتییە لە خۆ هەڵکێشان. گاڵتە و گەپکردن. دەرچوونی دەنگ بەفشەوە لە شتێک.

فشە کلاونە: چنگەڵە.

فشەڵ: زەمینی سستەک و هەموو شتێکی فشۆڵ.

فکلە: ناوچەوان. چاڵایی پشتی مل.

فل: د. گیانداری سستی شل و شێواوی تەمەڵ. بڵ (با).

فلت: فراوان.

فلتاندن: گفتوگۆ کردن بەفلتە.

فلتە: دەنگێکە لە دەم و لێوی هێندی کەسەوە دێ لە کاتی گفتوگۆدا، (فلتە فلت) فلتەی یەک لە دوای یەک.

فلتە دەمە: کەسێکە لە گفتوگۆدا هەر فلتەی بێ.

فلتیرم: نیوەی ئالتیرەمە کە سەد و بیست و هەشت یەکی هۆقەیە.

فلچە: شتێکی موویی زبرە دەم و دانی پێ دەشۆرێ یا پێڵاو و کاڵای پێ پاک دەکرێتەوە. جۆرە دەنگێکە لە پێڵاوەوە دێ لە کاتێکدا کە ناوەکەی تەڕ بێ، (فلچەفلچ) فلچەی یەک لە دوای یەک، (فلچ و هووڕ) فلچەفلچی زۆر. فلتە.

فلس: دراوێکی مسینی کەم نرخی عێراقییە.

فلفل: مەیموون.

فلق: ناوە بۆ کەمترین دراوێکی بابانی. شتێکە کە گەورەتر بێ بەوەی کە دەچێتە ناوی: پێڵاوەکە بەپێم (فلق)ە.

فلقن: مێینەیەکە کە جار جار دەنگ لە زێیەوە بێ.

فلقنە: فلقن.

فلقە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی کاڵەکی بڵ کە بدرێ بەزەویدا، (فلق و هووڕ) فلقەفلقی زۆر.

فلقەفلق: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەیەکێک کە قسە بکا بۆ ئەوەی کە بێ دەنگ بێ، (فلق و هووڕ) فلقەی یەک لە دوای یەک.

فلقێ: فلقن.

فلوفا: کەلکەڵە.

فلوفاو: فلوفا.

فلووت: شمشاڵی لێدان.

فلەه: فەلە.

فلەهن: جۆرە ماسییەکە.

فلیتقان: د. لقی دووپەلی درەخت.

فلیتە: مەردوومی سەرسەری.

فلیقاندنەوە: پان کردنەوەی هەنجیر و ترێ و هێندێ شتی تر.

فلیقانن: د. فلیقاندنەوە.

فلیقانەوە: پانبوونەوە و بەیەکداچوونی ترێ و هێندێ شتی تر.

فلیقاو: شتێکە کە فلیقابێتەوە.

فلیقاوە: فلیقاو.

فلیقیاگ: د. فلیقاوە.

فلیقیان: د. فلیقانەوە.

فلین: گرژبوون و هاتنەوەیەک.

فمکردن: لووت سڕین.
فنجان: شووشەیەکی پچووکی دەم واڵی قوولە قاوەی تێدا دەخورێتەوە. پیاڵە.
فنجان بڕ: جۆرێکە لە ئیشی هەویر کە بەفنجان دەکرێ.
فنجانێن: جۆرە یارییەکە بەفنجان دەکرێ.
فند: مۆم. شقارتە.
فندانک: شمعدان.
فندق: شتێکە وەک بستە بەسوێرکراوی دەخورێ.
فندک: فند.
فندەگولە: فیڕنە گولە.
فنێ: فندق.
فنچقە: د. گۆیکە.
فنێ شکانن: بریتییە لە چەقەنە لێدان.
فنکە فنک: فینگە فینگ.
فوارە: ناوێکە لە کونێکەوە سەر بەرەوژوور هەڵقوڵێ.
فۆتک: ز. سەرپۆشی ژنان.
فۆتە: جۆرە مەرحەمەیەکە.
فورتان: ز. خۆ هەڵکێشان.
فۆدل: شتی جوان.
فۆرت: نازین.
فۆرتەک: مەردوومی بەخۆناز.
فۆقل: مەردوومی ڕێکوپێک.
فوو: بایەکە ئادەمی بەدەم و لێو بیکا لە شت.
فووت: فیکە. دوانزە ئینجە کە دەکاتە سی سانتیم و نیو.
فووتوو: پەیمان. بڕیاردانی شتێک لەسەر خۆت لە دڵدا (نذر).
فوودان: فووکردنە ناو شتێک بەزۆری. هاتنە دەرەوەی فوو لە شتێکی فوودراو بەهۆی کونبوونییەوە.
فوورهە: تاڤگەی پچووک.
فووکردن: فووکردنە ناو شتێک.
فووگرە: فووکردن لە ئاگر یەک لەسەر یەک بۆ خۆشکردنی.
فوولەدۆنە کردن: بریتییە لە نەسڵەمینەوە لە هەموو گوناحێک.
فوولێکردن: فووکردن بەدەم لە شتێک.
فوونکاهی: فێنکی.
فۆیە: جۆرە دەرمانێکە لە جیوە و هێندێ شتی تر دروست دەکرێ و دەخرێتە ژێر نقێمی شووشەوە بۆ ئەوەی وەک ئەڵماس بنوێنێ.
فەتاح پاشایی: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە (د). جۆرە قوماشێکە لە کارگەی فتاح پاشا دەردەچێ.
فەتار: شەقار، (فەتار فەتار) شتی شەقار شەقاری هەلا هەلا.
فەتارەت: لەناوچوون: فیسار کەس بە(فەتارەت) چوو، یا سەری بە(فەتارەت) چوو، یا سەری بە(فەتارەت) دام.
فەتیر: هەویرێکە کە هەڵ نەهاتبێ. نانێکە کە هەویرەکەی هەڵ نەهاتبێ.
فەتیرە: نانی فەتیری هەڵ نەهاتوو.
فەخفووری: دەفری چینی.
فەدی: شەرم.
فەراشە: قفڵ.
فەراشین: با. هاوینەهەوار.
فەرامۆش: شتێکە لەبیرچووبێ: ئەم کارە با (فەرامۆش) بێ، (فەرامۆشبوون) بیرچوونی شت، (فەرامۆشکردن) لەبیردەرکردنی شت.
فەرامۆشکار: کەسێکە شت زۆر فەرامۆش بکا.
فەرامۆشی: بیرچوونەوەی سەغڵەتی و ئازار بەهۆی شتێکی خۆشەوە.
فەرامۆشی دان: لەبیربردنەوەی سەغڵەتی و ئازار.
فەرامۆشی هاتن: لەبیرچوونەوەی سەغڵەتی و ئازار.
فەراهەم هاتن: پێکهاتنی شتێک.
فەراهەم هێنان: پێکهێنانی شتێک.
فەرتووت: شتی پەڕپووت.
فەرتەنە: ئاشووب. وەیشومە.
فەرخەس: ز. گیانداری نیوە خەس.
فەرخی: جۆرە ترێیەکی کشمیشی ناسکە دەنکی لە (عەسکەری) پچووکترە.
فەردە: تایەک لە بارێک.
فەردەش: کۆمەڵ کۆمەڵکردنی (جیز)ی دانەوێڵە بەبێژنگ یا سەردن بۆ ئەوەی کە یەکێکیان پێورا ئەندازەی ئەوانی تر دەرکەوێ
فەڕ: کەڵک: ئەم شتە بێ فەڕە. پیت و بەرەکەت.
فەڕاقە: جۆرە پیوەندێکە دەکرێتە پێی بەندی.
فەڕدار: شتی بە کەڵک.
فەڕ و فیت: د. پیت و بەرەکەت.
فەرەنگ: دانیشتوانی ڕۆژئاوا.
فەرەنگستان: وڵاتێکە کە فەرەنگی تێدا دادەنیشێ.
فەرەنگی: ئاتەشەک.
فەرز: فەرزین.
فەرزین: داشێکە لە داشەکانی شەترەنج کە پێی دەڵێن (وەزیر).
فەرژاندن: پچڕاندن و دڕاندن.
فەرژین: پچڕان و دڕان.
فهرس: فەهرست.
فهرست: فەهرست.
فەرش: ژێرەخەر.
فەرشک: مووچەی دەست.

فەرشکردن: تەختە پۆشکردنی ناو حەوش و ژوور بەخشتی سوور یا بەکاشی یا بەشتێکی تر.
فەرشە: پنە.
فەرفوت: پەرپووت.
فەرقان: پیران. هاتنەوەیەکی قورگ لەبەر زۆر گریان یا خەفەت.
فەرکار: تێخورین و گەیاندنی فەرمان (ایعاز).
فەرکاندن: وێنەگرتنەوەی نووسراوێک. پەی بردن بەشتێکی نووسراوی گران. فەرمان دان.
فەرکەم: پەرکەم.
فەرمان: داواکردن و خورینی گەورە بەسەر پچووکدا بۆ شتێک. کاغەزێکە کە فەرمانی پاشای تێدا نووسرابێ.
فەرمانبەر: کەسێکە فەرمانی گەورەیەک بەجێ بێنێ (موظف).
فەرمانبەردار: فەرمانبەر.
فەرماندار: کەسێکە کە فەرمان لەسەر فەرمان بدا.
فەرماندەر: فەرماندار.
فەرمانڕەوا: کەسێکە کە فەرمانی بڕ بکا.
فەرمانکردن: فەرماندان: بەشتێک.
فەرمانگە: دائیرەی دەوڵەت.
فەرمانگێڕ: حکومەت.
فەرماننامە: تۆماری دەوڵەتی (سجل).
فەرمایش: قسە و گفتوگۆی پیاوی گەورە.
فەرمایشت: فەرمایش.
فەرموو: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بانگکردنی یەکێک بۆ لات یا بۆ رێدانی یەکێک بۆ قسە کردن لە رووی گەورەییەوە: (فەرموو) واتە وەرە یا بڵێ.
فەرموودە: فەرمایش.
فەرموون: فەرمایش.
فەرمەسۆن: کەسێکە کە هیچ ئاینێکی نەبێ.
فەرهاند: ترساندن.
فەرەجی: فەرەنجی.
فەرەشخانە: ز. دارێکە تەختەیەک دەدرێ لە سەرەکەی و زبڵی پێ کۆ دەکرێتەوە.
فەرەنجی: جۆرە کاڵایەکی سەردەرییە لە خوری یا بەرگنی سووراوە دروست دەکرێ.
فەرهەم: فەراهەم.
فەرهەنگ: کتێبێکە کە وتەی زبانێک بگرێ و راڤەی بکا.
فەرهەنگۆک: فەرهەنگی پچووک.
فەریاد: هاوارکردن و لالانەوە (فەریاد کردن) فەریاد.
فەریادڕەس: فریاڕەس.
فەریک: دانەوێڵە و بەری هێندێ درەختە کە بەتەواوی پێ نەگەیشتبێ.
فەریکبوون: کزربوونەوەی شتی تەڕ.
فەریکە خورما: خورمایەکە هێشتا بەتەواوی پێ نەگەیشتبێ.
فەریکە قەزوان: قەزوانی سەوزی نە بەکام.
فەریکە گوێز: گوێزی سەوز کە هێشتا بەتەواوی کامڵ نەبووبێ.
فەریکە نۆک: نۆکی سەوز کە هێشتا ڕەق نەبووبێ.
فەساڵ: شێوە.
فەساڵدان: جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کارێک.
فەقفەقە: نەخۆشی کوشندە.
فەقێ: قوتابییەکە کە لە مزگەوتدا بخوێنێ.
فەقیانە: سۆرانی.
فەقی: د. فەقێ.
فەکلە: لاجانگ.
فەگڵ: د. ملپێچ.
فەلاقە: شتێکە دەکرێتە هەردوو قاچەوە و بادەدرێ بۆ دار لە بەری پێ دان.
فەلاقەکردن: لێدان لە بەری پێی یەکێک لە (فەلاقە)دا. بریتییە لە دارکاری کردنی یەکێک.
فەلە: ز. هۆزێکە لە ئاسووری.
فەلەڕەش: فەلە.
فەلەڕەشکە: فەلە ڕەش.
فەلەڕەشە: فەلە ڕەشکە.
فەلیت: ز. هەرزەکارێکە کە بەتەواوی ژیرنەبووبێ.
فەلیتە: ئافرەتی سەلیتە.
فەنا: پەنا.
فەنا بێدەنگە: پەنا بێدەنگە.
فەنباز: فێڵباز.
فەنتازی: شتی جوانی مۆدە.
فەند: با. فانۆز.
فەن و فێڵ: د. فڕ و فێڵ.
فەننەر: فەنەر.
فەنەر: شتێکە وەک فانۆز لە جاو یا لە کاغەزی چەورکراو دروست دەکرێ و مۆمی تێدا دادەگیرسێنرێ. گوێزانی تەراش. جۆرە تیغێکی نەرمە دەنوشتێتەوە وەک تیغی مشار.
فەهرس: فەهرست.
فەهرست: ئەو سەرباسانەن کە لە کتێبدا هەن و لەپێش یا لە پاشیەوە بەریزکراوی دەنووسرێن لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکاندا بۆ دۆزینەوەی ئەو باسانە لە کتێبەکەدا بەئاسانی.
فەهۆ: شەرم و پاکداوێنی.
فەهێتکردن: ز. شەرم کردن.
فەهێتۆ: ز. شەرمن.
فهێت: ز. شەرم.

فهێتبوون: ز. فەهێتکردن.

فهێتوو: ز. شەرمن.

فەیلی: ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.

فێ: جۆرە دەردێکە کوتوپڕ تووشی هێندێ کەس دەبێ وکەف دەچێنێ و بێ هۆش دەکەوێ. ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.

فیتکە: فوویەکە دەکرێ بەسەبیلدا بۆ فڕێدانی سووتووەکەی: سەبیلەکەم (فیتکە)ی دوورە.

فیچقە: لولەیەکە کە ئاو فڕێ بدا. پیازی فیسقە.

فیچقە بەستن: بازرەقە بەستنی شتی شل لە مەشکە و کوندەدا بەهۆی کونبوونیەوە.

فیچقە کردن: دەرچوونی شتی شل لە دەفرێک بەباریکی و توندی.

فێخستن: داگیرساندنی ئاگر و چرا.

فێدار: کەسێکە کە فێی لەگەڵ بێ.

فێر: کەسێکە کە هۆگری شتێک بووبێ.

فێرا: ز. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (لەگەڵ).

فێربوون: شارەزابوون لە شتێک. هۆگربوون بەشتێک.

فیڕنەگولە: باڵندەیەکی بچووکی کەوڵەی درێژە.

فێرز: پەلە.

فێرس: ز. بەهێز.

فێرکردن: شارەزاکردن. هۆگرکردن.

فێرگە: شوێنێکە کە شتێکی تێدا فێر ببیت.

فێس: فێست.

فێست: جۆرە کڵاوێکی سفتی سووراوەیە .

فیسقە: فیڕنەگولە. پیازی ورد. فیچقە.

فیسقە بەستن: فیچقە بەستن.

فیسقە گولە: فیڕ نەگولە.

فێش: هـ. زۆر.

فیشتەر: هـ. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (زۆرتر).

فیشقە: د. دەنگی ئاو لە کاتێکدا کە بەدەم یا بەفیچقە فڕێ بدرێ.

فیشقی: کەسێکە کە هەر لە خۆیەوە تووڕە ببێ.

فیشکە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی مار، (فیشکەفیشک) فیشکەی یەک لە دوای یەک، (فیشک و هووڕ) فیشکە فیشکی زۆر.

فێق: د. شتی لەڕ و باریک.

فێقن: د. فێق.

فێقی: میوە.

فێگرتن: فێ لێهاتن.

فێڵ: ز. دەفری دەم واڵ.

فێڵ: بەکارهێنانی شتی درۆ و چاوبەست بۆ سەر تێکدان لە مەردووم. فیل (د).

فێڵاوی: فێڵباز.

فێڵباز: کەسێکە کە فێڵ بکا.

فێڵبازی: بەکارهێنانی فێڵ لەگەڵ مەردوومدا.

فێڵزان: فێڵباز.

فیلکە فیلک: حیلکە حیلک.

فێڵ و تەڵەکە: فێڵ و قوماربازی.

فێڵ و فەرەج: فێڵ و تەڵەکە.

فێڵەزان: فێڵزان.

فێڵەگێجە: د. فیلەگێژە.

فیلیا: د. فیلپایە.

فێ لێهاتن: دووچاربوونی مەردووم بەدەردی (فێ).

فیناز: ز. کردەوەی ناشیرین.

فینجە: د. وتەیەکە هەمیشە لە دوای وتەی (نینجە)وە بەکاردێنرێ بەمەعنای زیادە لە قسەدا: کە قسەت گێڕایەوە (نینجە و فینجە)ی پێوە مەنێ.

فێنک: شتێک یا شوێنێکە نە سارد بێ و نە گەرم.

فێنکاوی: فێنکایی.

فێنکایی: شوێنی فێنک.

فینکە: فینگە، (فینکە فینک) فینکەی یەک لە دوای یەک.

فێنکی: فێنکایی.

فینگە: دەنگی گریان بە لووت (فینگەفینگ) فینگەی یەک لە دوای یەک.

فیهرست: فەهرست.

فیت: هۆی سووچ و گوناح: ئەمە هەمووی (فیت)ی تۆیە. پیت و بەرەکەت (د).

فیتفیتە: فیقفیقە. تیفتیفە (ل).

فیتۆ: عەرەبە.

فیتە: جۆرە دەنگێکە لە چوونە ژوورەوەی هێندێ شتەوە دێ بەکونێکدا: ئەم کونە (فیتە)ی دێ واتە بەهوروژم بای پێدا دێ، فیتە فیت: فیتەی یەک لەدوای یەک.

فیج: گیاندارێکە دانی پێشووی کەوتبێ. شتی لار (هـ).

فیچان: وەرگەڕان و پێچکردنەوە.

فیڕاندن: پیسی کردنی گیاندار بەشلی و تەوژم.

فیڕانن: د. فیڕاندن.

فیرکان: فیڕاندن.

فیڕکە: دەردێکە بەگیاندار دەگا و بەخۆیدا دەفیرێنێ.

فیڕن: گیاندارێکە کە زۆر بفیرێنێ.

فیرۆ: لە دەستچوونی شت بەخۆڕایی: پارە بەفیرۆ مەدە.
فیرە: دەنگێکە لە کۆمی گیانداری ڕەوانەوە دێ لە کاتی پیسی کردنیدا، (فیرەفیر) فیرەی یەک لەدوای یەک، (فیر و هووڕ) فیرەفیری زۆر.
فیز: دەعیە و دەمار.
فیزن: مەردوومی بەفیز.
فیزفیزۆک: فیکفیکە.
فیزە: دەنگێکە وەک فیکە.
فیس: فیز.
فیسا: فیز زل.
فیسار: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ یەکێک کە نەتەوێ ناوی ببەیت: فیسار کەس هات، واتە ئەو کەسەی کە خۆم و خۆت دەیزانین.
فیسارە: فیسار.
فیساندن: خووساندن.
فیسانن: د. فیساندن.
فیساو: شتی خووساو.
فیساوە: فیساو.
فیسقە: فیچقە.
فیسەڵ: د. شتی پووچ.
فیسیان: د. خووسان.
فیشاڵ: درۆی زل.
فیشاڵباز: خاوەن فیشاڵ.
فیشاڵچی: کەسێکە کە فیشاڵی زۆر لێ بدا.
فیشاڵکار: فیشاڵباز.
فیشاڵکردن: درۆ هەڵبەستن.
فیشەڵکەر: فیشاڵچی.
فیشاڵ لێدان: فیشاڵکردن.
فیشانن: د. پژاندن.
فیشە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی فیشەکە شێتە، (فیشە فیش) فیشەی یەک لەدوای یەک، (فیش و هووڕ) فیشە فیشی زۆر.
فیشەک: گوللەی تۆپ و تفەنگ و دەمانچە.
فیشەکبەند: چەرمێکی پان و درێژە فیشەکی پێدا دەکرێ و دەبەسترێتە پشت یا ڕاست و چەپ دەکرێتە مل.
فیشەکدان: فیشەکبەند.
فیشەک فڕێدەر: پارچەیەکە لە دەمانچە و تفەنگ فیشەک فڕێ دەداتە دەرەوە.
فیشەک گیر: شتێکە چەند دانەیەک فیشەکی تێ دەخرێ و دەخرێتە پاشی تفەنگ و دەمانچەوە.
فیشەک لغ: فیشەکبەند.
فیشەک لۆخ: د. فیشەک لغ.
فیشەکەشێتە: شتێکە وەک فیشەک لە کاغەز و باروت دروست دەکرێ و ئاگری پێوە دەنرێ و فیشە دەکا و دەچێ بە حەوادا.
فیشەنگ: فیشەک.
فیقاندن: فیقەکردن.
فیقانن: فیقاندن.
فیقفیقە: شتێکە منداڵان فووی پێدا دەکەن و فیقەی لێوە دێ.
فیقن: گیانداری لاواز.
فیقنە: قامیشێکە سەرێکی پتەوە و سەرێکی واڵە، لە سەرە پتەوەکەیەوە فووی پێدا دەکەن و فیقەی لێوە دێ.
فیقە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی فیقفیقە، (فیقە فیق) فیقەی یەک لەدوای یەک.
فیقەنە: فیقفیقەیەکە لە قامیش دەکرێ بەسەر زوڕناوە و فووی پێدا دەکرێ.
فیقی: با. میوە.
فیک: فیڵ: هەزار فاکم بە(فیک)ێکت.
فیکاڤووی: ز. هەنگوین.
فیکاندن: فیکەکردن.
فیکانن: د. فیکاندن.
فیفیکە: فیقفیقە.
فیکە: جۆرە دەنگێکی باریکە بەلێو لێ دەدرێ، (فیکەفیک) فیکەی یەک لەدوای یەک، (فیک و هووڕ) فیکەفیکی زۆر.
فیکەکونێ: وتەیەکە لە یاری (قەڵاقەڵا)دا دەوترێ بۆ خۆشاردنەوە.
فیکە وا کونا: فیکەکونێ.
فیکەوەکونێ: فیکەکونێ.
فیل: گیانداریکی گەورەی گەرمیانی سەر و مل قەوییە، دەمی ناگاتە زەوی لوولە گۆشتێکی گەورەی درێژ بە دەمیەوەیەتی، بەوە شت کۆ دەکاتەوە و دەیخوا. پایەی پچووکە لەناو ئاودا دروست دەکرێ بۆ بەش بەش کردنی. ناوی داشێکە لە داشەکانی شەترەنج.
فیلپایە: پایەیەکی ئەستوورە مار و دوو دروست دەکرێ لە بەردەمی دیوارێکدا کە ورگی دابێ.
فیلەتەن: گیانداری گەورەی زەبەللاح.
فیلەگێجە: فیلەگێژە.
فیلەگێژە: دەعبایەکی کێوییە بەقەد کەڵەکێوییەک دەبێ، دوو شاخی یەک لقی هەیە.

ڤ

ڤا: ئەمە (ز). با.

ڤاچ: ناوچە. کەنار. منطق (ز).

ڤادار: بادار.

ڤادان: بادان.

ڤاران: باران.

ڤارک: ز. بارۆکە.

ڤاری: تەنها.

ڤارین: بارین.

ڤاژی: با. شتی هەڵگەڕاوەی ئاوەژوو.

ڤالا: با. شتی بۆشی والا.

ڤالادکردن: ز. خاڵی کردنەوە.

ڤالاهی: ز. ڤالەهی.

ڤالە: ز. شوێنی چۆڵ.

ڤالەبوون: ز. خاڵی بوون.

ڤالەهی: ز. خاڵێتی.

ڤان: ویستنی شتێک و نیازکردنی (ز). ئەوان.

ڤتن: با. وتن.

ڤر: ز. درۆ. بوختان.

ڤرا: ز. ئێرە.

ڤراسەی: ز. دروون.

ڤراقە: ز. وڕێنە.

ڤرال: با. ئیمپراتۆر.

ڤرتوڤین: ز. مەردوومی بێ مایە و نرخ.

ڤرچالە: ز. ترسنۆک.

ڤرچقین: ز. لاوازی گیاندار.

ڤرڤراندن: جووڵاندن. تلدان بەشت.

ڤرڤرە: ز. بۆرە پیاو. درۆزن. سەرسەری.

ڤرە: جۆرە دەنگێکە پەیدا دەبێ لە شتێک کە بخولێتەوە یا بهاوێژرێ، (ڤرەڤر) ڤرەی یەک لەدوای یەک، (ڤر و هووڕ) ڤرەڤری زۆر. درۆ (ز).

ڤرسهاندن: ز. حەواندنەوە.

ڤرڤرۆ: با. ڤرڤرە.

ڤرڤرە: ز. زرنگە و ویزەی شت.

ڤرک: شۆربای دانەوێڵەیەک کە کوترابێ (ز). سنگی ئەستووری درێژ.

ڤرکا: ز. درۆ.

ڤرکرن: ز. درۆکردن.

ڤرکەر: ز. درۆزن.

ڤرگولی: ز. شتێکە کە ڕەنگی خەناوی بێ.

ڤرنی: ز. بەرخێکە دایکی درەنگ بووبێتی.

ڤروکەر: ز. ڤرکەر.

ڤرووڤی: ز. گۆشتی قەڵەوی کولاو.

ڤرە: ز. ئێرە.

ڤزاڤز: ز. دەنگی پوورەی هەنگ.

ڤزبوون: ز. سستی لە کارێکدا کە پێت سپێردرابێ.

ڤزک: ز. تیغی گەورەی دەم پان.

ڤزە: دەنگی لووت لە کاتی نووستندا، (ڤزەڤز) ڤزەی یەک لەدوای یەک.

ڤزەک: ز. کەسێکە کە سست بێ لە کارێکدا کە پێی سپێردرابێ.

ڤزین: ز. خوڕەی ئاو.

ڤژاب: ز. هەژدیها.

ڤژاندن: بووژاندنەوە.

ڤژانەوە: بووژانەوە.

ڤژۆکەر: دەرمانی ڕەوانی.

ڤنگە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی بەردی قۆچەقانی و ژێی کەوان، (ڤنگەڤنگ) ڤنگەی یەک لەدوای یەک، (ڤنگ و هووڕ) ڤنگەڤنگی زۆر.

ڤلۆشە: با. برویش. ساوەر.

ڤۆک: با. میز.
ڤە: با. ئێوە.
ڤەبرک: با. گاڵگاڵی.
ڤەبری: با. شتێکە نەگۆڕێ و هەر لە جێی خۆی بێ.
ڤەبوور: با. پاشەکەوتی.
ڤەبوون: ز. کرانەوەی دەرگا و شتی تر.
ڤەپچراندن: ڕوونکردنەوە و دەرخستنی شتێک بۆ زانین.
ڤەپژلاندن: با. دەمقاڵی و ڕۆیشتن لەسەر قسەیەک.
ڤەپیرین: ز. برینەوەی سەودا و مامەڵە.
ڤەترسین: ز. چابوونەوە لە نەخۆشی.
ڤەچقین: ز. ڕاچڵەکین.
ڤەجنقاندن: ز. بازدان.
ڤەجنقین: ز. فەجنقاندن.
ڤەچناندن: ز. چنینەوەی شتی هەڵوەشاو.
ڤەچنین: ز. خۆ پاراستن لەشت. چنینەوەی گۆرەوی و شتی تر.
ڤەرخارن: با. ڤەخواردن.
ڤەخواردن: ز. خواردنەوە.
ڤەخواندن: ز. بانگێشتن.
ڤەخوماندن: ز. ڕاوەشاندن و تێکدانی شت.
ڤەخومین: شڵەژان و سەر لێ تێکچوون.
ڤـەدان: ز. هەڵکەندنی زەوی بۆ خـێـوەت هەڵدان یا بۆ تەڵە نانەوە. خۆشکردنەوەی باران.
ڤەداندەر: ز. داهێنەر. خوا.
ڤەراڤەر: با. بەرانبەر.
ڤەرووتاندن: ز. ڤەرووچکاندن.
ڤەرساندن:ز. کردنەوەی تەوق و پێوەند.
ڤەرسین: ز. ڕزگاربوون.
ڤەرڤە: ز. بەفر.
ڤەرق: ز. ڤەرک.
ڤەرقلین: ز. دواکەوتن لە کارێک.
ڤەرک: ز. گورگ.
ڤەرملین: ز. ماندووبوون.
ڤەرەشان: ز. ڕشانەوە.
ڤەرەشاندن: ز. هێنانەوەی خواردن.
ڤەرووچکاندن: ز. ئاوەرووتکردن.
ڤەریچاندن: با. ڤەرووچکاندن.
ڤەرێس: با. پێچکردنەوە بەشتێک.
ڤەزڤڕاندن: ز. ناردنەوەی شتێک.
ڤەزڤڕین: ز. گەڕانەوە.
ڤەزەلاندن: ز. فڕێدان. تلدان بەشتێک.
ڤەژاندن: ز. بووژاندنەوە.
ڤەژین: ز. بووژانەوە.
ڤەسهاندن: ز. پشوودان و حەسانەوە.
ڤەشارتن: ز. شاردنەوەی شت.
ڤەشارن: ز، ڤەشارتن.
ڤەفر: ز. شکاندنی پەیمان.
ڤەقتاندن: ز. کردنی کەمێک لە کارێک.
ڤەکرن: ز. کردنەوەی شت.
ڤەکوشتن: ز. کوژاندنەوەی ئاگر و چرا.
ڤەکوداد: ز. بەرباد.
ڤەکێش: با. کێشان.
ڤەگرتن: با. داگیرکردن.
ڤەگەڕ: کەسێکە کە دوای کارێک کەوتبێ.
ڤەگەڕاندن: با. گێڕانەوە.
ڤەگەڕین: با. گەڕانەوە.
ڤەگەشبوون: با. گەشەکردن و بەخۆداهاتن.
ڤەگەڤزین: ز. پیا هەڵتەقین.
ڤەلا: با. قامچی.
ڤەمراندن: ز. کوژاندنەوەی ئاگر.
ڤەمرتی: ز. ڕەنگ هەڵبزرکاو.
ڤەمرین: ز. کووژانەوەی ئاگر.
ڤەمستن: ز. هەڵقوڵین.
ڤەنشتن: ز. نیشتنەوە.
ڤەنهراندن: ز. هەستاندن.
ڤەنهرین: ز. هەستان.
ڤەنی: ز. قەزوانی شین.
ڤەور: با. بەفر.
ڤەوژارتن: ز. بژاردنی دانەوێڵە.
ڤەهاتن: ز. شێ هەڵهێنانی دانەوێڵە لە شوێنی نمدار.
ڤێ: ناوە بۆ پیـتـێک لە بیـست و حەوت پیـتـەی کوردی. ئەوێ (ز).
ڤیاد: ز. خاکێکە کە زوقم هەڵی تەکاندبێ.
ڤیان: با. خۆشەویستی و محبت: من تۆ (دەڤی) واتە تۆم خۆش دەوێ.
ڤێخستن: با. هەڵواسین. داگیرساندن.
ڤێرک: ز. پەرگی کەلاش.
ڤێرێ: ز. ئیرە.
ڤێسین: ز. جوێن.
ڤێڤراندن: ز. ڕاکێشان. دەرخستن.
ڤێڤرین: ز. دەرکەوتن. ئاشکرابوون.

ڤێک: ز. پێکەوە.
ڤێک ئێخستن: ز. کۆکردنەوەی شتی پەراگندە.
ڤێکدان: ز. کۆکردنەوەی شت.
ڤێکەتن: ز. رێکەوتن.
ڤێل: ز. نزم.
ڤێن: ز. ئارەزوو. داواکردنی شتێک.
ڤێنی: ز. ئەوە.

ڤی: ز. ئەوە.
ڤیان: ز. خۆشەویستی. خواست.
ڤیژک: ز. گووی شل.
ڤیس: ز. بسیت.
ڤیل: ز. جۆرە قاپ و قاجاخێکە.
ڤین: ز. داخوازی.

ق

قاپ: قاپ.
قابلەمە: مەنجەلۆکەیەکە کە سەر و قنگی وەک یەک وابێ.
قابلەمەکردن: گرتنەوەی پشت بە کالای کۆندا، گرتنی خشتی سوور بەپانی و لەسەر شان بە ڕووی دیواری خشتی کالا.
قابوور: ز. بنەگۆزەی شکاو.
قاپ: دەفری چێشت تێ کردن. قولەپێ. میچ. قەپال. چوار چێوە (د). سەری سەعات: قاپی سەعاتەکە داخە.
قاپ ناوێژ: قاپاویژ.
قاپارگە: قولەپێ.
قاپان: د. قاپێن.
قاپانە: قاپێن.
قاپاوێژ: کەسێکە لە ڕۆیشتندا قولەپێی قاچی لە یەک بدا.
قاپچی: د. دەرگەوان.
قاپقاپ: پێلاوێکی سەرپێیی دارینی بەرزە چەرمێکی باریکی بەسەردودیە پێی پێدا دەکرێ.
قاپک: د. ناوسانی قولەپێ.
قاپکزێنە: گیایەکی بەهاری گەلا وردە بەکولاوی دەخورێ.
قاپگرتن: بریتییە لە بەگژداچوونی یەکێک بەیەکێکدا بەنارەوا.
قاپلۆخ: د. قاپوور.
قاپۆر: قەواغی فیشەکی بۆش.
قاپوقاچاخ: بە هەموو جۆرە دەفرێکی ناومالْ دەوترێ.
قاپووت: سەربەرگێکی زستانی ئەستووری ئاودامانە. فەرەنجی ئاودامان.
قاپووتکردن: بریتییە لە گرتنی سەد و بیست (سایە) لە یاری ئەسکەملدا.
قاپوور: شتێکە ناوەکەی دەرهاتبێ و بەبۆشی مابێتەوە.
قاپوولە: قولەپێ.
قاپ هاوێژ: قاپاوێژ.
قاپەرەقە: قولەپێ.

قاپەکەوەلە: هـ. قەیتەران.
قاپێن: یاریکردن بەمیچ.
قاپێوان: قاپیوان.
قاپی: دەرگا.
قاپیوان: کەسێکە کە ئاگاداری قاپی بکا بۆ کردنەوە و داخستنی.
قاپیەوان: قاپیوان.
قات: نهۆمی خانوو: ئەم خانووە دوو یا سێ (قات)ە. توێ: ئەم بۆیەکارییە دوو (قات)ە. باد: ئەم فاسۆنە دوو قاتە واتە دوو بادە. دەستێکی تەواو لە کالا یا نوێن: (قات)ێک بەرگم دروست کرد واتە دەستێک. شتێکە کە دەست نەکەوێ: ئیمسالْ برنج (قات)ە.
قاتر: ئێستر.
قاترچی: کەسێکە کە قاتر لێ بخورێ.
قاتغ: ز. شیر و ئەو شتانەی کە لە شیر دروست دەکرێن.
قاتقات: زەمینی تەم تەم.
قاتمە: قانگلە.
قات و قڕ: کاتێکە کە دانەوێلەی سالی کۆن نەمابێ و هی سالی تازەش پێ نەگەیبێ.
قات و قڕی: نەمانی زەخیرە و خواردەمەنی.
قات و قەیاغ: پەلوولەیەکی چەوری شیرینە بۆ زەیستان دەکرێ. جۆرە پەلوویەکە دەخرێتە سەربرین و شوێنی بەئێش.
قاتۆلی: دۆشاوی هەنار.
قاتە: قەلداسی دارۆجان.
قاتەلێوە: خاکەلێوە.
قاتە و لێوە: قاتەلێوە.
قاتی: سالی کووری بێ دەغلودان. ئاوێتە. قاتی کە، واتە تێکەلی کە.
قاتی و قڕی: قات و قڕی.
قاچ: پێ. بەرد (ز). بەردێکە کە یاری قاچێنی پێ دەکرێ.

قاچاخ: شتێکە باجی دەوڵەتی بەسەرەوە بێ و لەبەرئەوە بەدزییەوە بفرۆشرێ. گامێشی سێ ساڵانە.
قاچاخچی: کەسێکە کە شتی قاچاخ بکڕێ و بفرۆشێ.
قاچان: مەردوومی جرینی بزێو. قاپێن.
قاچاندن: دەربازبوون: فیسار کەس (قاچاند)ی واتە دەربازبوو.
قاچاو: شوێنێکی بەرزە کە ئاوی پێوە ڕانەوەستێ.
قاچک: خێزەرە (ز). قارچک.
قاچ و قول: لە ئەژنۆ بەرەوخواری مەردووم.
قاچ و قووچ: دزی بە فڕ و فێڵ، قاچ و قووچ کردن: دزی کردن بە فڕ و فێڵ.
قاچێن: هەڵمەقۆ.
قاچی: قەیچی.
قاچین: د. هەڵپاچین بەقەمچی.
قاخ: د. شتی چەوتاوە.
قاخلی: کاخلی.
قادێ: ز. مەیدان.
قار: دەوی فەقێیان (ز).
قین. مووچەیەکە هەموو ڕۆژ بدرێ بەهەژاران.
قارپچۆک: ز. مەردوومی زۆر لاواز.
قارپۆز: د. قەڵپووس.
قارچ: قارچک.
قارچک: شتێکی ناسکی نێرکداری سەرپانی پەڕە پەڕەیە لە بەهاراندا هەڵ دەتۆقێ لە دار و لە زەوی و لە گیا و دەخورێ.
قارچکە کولانە: قارچکەمارانە.
قارچکەمارانە: جۆرە قارچکێکە ناخورێ.
قاراندن: قارەکردنی مەڕ و بزن.
قارگە: سەر شار لە یاریدا.
قارنان: دەستەیەکە لە یاری (قەلە مرداری)دا کە درەنگ تێ بکەوێ.
قاڕ و قووڕ: قارەقاڕی زۆر.
قاروونە: د. کرمی ناو میوەی وشکەوەبوو.
قارە: دەنگی بارەی بزن و مەڕ، (قارەقار) قارەی یەک لەدوای یەک.
قارێن: یاری قەلە مرداری.
قارژنگ: د. قرژانگ.
قارس: کەسێکە لە شتێک وەڕس بێ: بەدوکەڵی جگەرە (قارس)م. شوێنێکە لە کالا کە هەڵ دروابێ بۆ کورتبوونەوەی.
قارسبوون: سەغڵەتبوون.
قارسکردن: سەغڵەتکردنی یەکێک. کورتکردنەوەی کالای درێژ بەنوشتاندنەوە و دروونی.
قارقار: ز. دەنگی بەرزی گیاندار.
قارقارۆک: ز. قارپچۆک.
قارنج: د. بابۆڵەپێچ.
قارووشە: ز. گەسکی پووش.
قاروونە: د. مۆرانە.
قارەمان: مەردوومی جوامێری ئازا.
قارەوانە: قەردوانە.
قاز: مەلێکی گەورەی مل درێژی دەندووک پانی پێ پەڕەداری مەلەوانە لە مراوی گەورەترە.
قازاخ: جوان. پاک.
قازان: مەنجەڵی گەورە.
قازانج: سوودێکە لە کڕین و فرۆتنەوە دەست بکەوێ. قازانج بە(نیوەیی) کڕین و فرۆختنی دوو کەس یا زیاترە بە سەرمایەی هەردوو لایانەوە بۆ ئەمەی کە قازانج بکەن بە دوو بەش یا زیاتر.
قازانجکردن: دەسکەوتنی قازانج.
قازانچە: مەنجەڵۆکە.
قازانقوڵفی: د. نێر و مێیەکە کە یەخەی پێ دادەخرێ.
قازانگ: قازان.
قازانە سەر: د. مەلێکی چنکداری بەهێزە، سەری مەلی تری پێ هەڵ دەکەنێ.
قازلاخ: د. قازلاخی.
قازلاخی: باڵندەیەکی کێوییە لە چۆلەکە گەورەترە لە سەرەتای بەهاردا دەردەکەوێ.
قازم: ز. بەنێکە کە لە کورک و خوری ڕێسرابێ.
قازمانە: هەڵووژە.
قازمەکی: جۆرێکە لە بەری دارمازوو وەک دەنکە تەزبیح وایە.
قازەوان: شوانی قاز.
قازیاخە: گیایەکی بەهاری گەڵا پانە بەکوڵاوی دەخورێ.
قازی قوڵنگ: د. قوڵنگ.
قاژ: باڵندەیەکە وەک قەلەڕەش بەلام ئەم گۆشتی دەخورێ. برۆ (ل).
قاژر: د. گرینۆک.
قاژقاژە: کەندەسمە.
قاژوو: قاژ.
قاژە: دەنگی قاژووی زۆر.
قاژە قاژ: قاژەی زۆر. دەنگی کوللە (د).
قاژی: قاژوو.
قاسپە: دەنگی خوێندنی کەو، قاسپە قاسپ: قاسپەی یەک لەدوای یەک.

قاسک: لاسک.

قاسناخ: دەفرێکە لە تەختە دروست دەکرێ و دانەوێڵەی پێ دەپێورێ.

قاش: پارچەیەک لە میوەی بە چەقۆ لەتکراو. شەقەمێو. بەردێکی بەنرخە کە لە زێڕ یا لە زیو گیرابێ.

قاشاخ: جۆرە لەوەڕێکە لە کەنگر دەچێ (د). بنجی گەنمەشامییە کە گوڵەکەی لێ کرابێتەوە.

قاشاو: هێنانی پەڕۆی زبری تەڕ بەسەر ئەندامی وڵاخی یەکسمدا دوای ڕنەککردنی.

قاشقاش: شتی کووز کووز.

قاشقونجی: ئافرەتی جرینی بێ شەرم.

قاشکردن: لەتکردنی میوە و هێندێ شتی تر بەقاش.

قاشم: ز. گیایەکی بۆنخۆشە.

قاشنە: جۆرە ماسییەکە پوولەکەی زەردی ڕەقی پێوەیە.

قاشۆ: دارێکە کە یاری (قاشوان)ی پێ دەکرێ. شەقەمێو.

قاشوان: شەقێن.

قاغەز: کاغەز.

قاغەنەک: ل. فرۆ.

قاف: ناوی پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. هەل: لە(قاف)دا گرتم واتە لە هەلدا.

قافقلۆز: ز. قاپ و قاچاخی گڵێن.

قافک: ز. سواڵەت.

قافکردن: گرتنی مەردووم بۆ سەربازی.

قافڵە: کاروان.

قافوو: ز. دارێکە کە لافاو بیهێنێ.

قاڤەرەش: ز. جۆرە کوولەکەیەکی ڕەشباوە.

قاق: د. وشک.

قاقا: دەنگی پێکەنینی بەرز. کاکە (د). وتەیەکە منداڵ بەخواردنی دەڵێ (با).

قاقلە جنۆکە: هێلکە شەیتانۆکێ.

قاقلە سۆنە: قاقڵە سوێنە.

قاقڵە سوێنە: قەپانجەرە.

قاقم: سەمووری سپی.

قاقوم: قاقم.

قاقە: د. قاقا.

قاقەز: شتێکی تەنکی سپی لووسە لە لۆکە یا پووش دروست دەکرێ بۆ لێ نووسینی.

قاقیشک: ز. قاژوو.

قاگەز: کاغەز.

قاڵ: شتی پوخت بوو: ئەم ڕۆنە یا ئەم پیاوە (قاڵ)ە، واتە پوختە. قوولە (د).

قالاخ: ز. تەپاڵەیەکە لەپاش شێلان پان کرابێتەوە بۆ سووتەمەنی.

قالاخی: د. کراسی ڕەش.

قالاخی پۆش: د. ڕەشپۆش.

قالان: ز. شیربایی.

قالانقۆزیلێ: هـ. گوڵێکی زۆر سووری بەهارییە لە گوڵەباخ دەچێ بەڵام ئەم پچووکترە.

قالاو: قەلەڕەش.

قالاوە بوولینە: د. قەلەڕەش.

قالایی: د. قەلایی.

قاڵب: جەستە. پارچە زەوییەکە کە بە بەیار هێڵرابێتەوە بۆ داچاندنی مەرەزە. چوارچێوەیەکە شتی تێدا دابڕێژرێ وەک قاڵبی خشت.

قاڵبوون: پوختبوون و دەرهاتنی مەردووم.

قاڵتاخ: قەڵتاغ.

قاڵدرمە: پێپیلکە.

قاڵس: مەردوومی وەڕس.

قاڵسبوون: وەڕسبوون، قاڵسکردن: وەڕس کردن.

قاڵسی: سەغڵەتی.

قاڵک: ز. توێکڵی گوێز و شتی تر. قاوغ.

قاڵکردن: پوختە و زرنگکردنی ڕۆن.

قاڵماسک: قۆچەقانی.

قالۆ: ز. خشتێکە لەسەر ئاگر دادەنرێ و نانی پێ دەبرژێنرێ.

قالۆچە: قالۆنچە.

قالۆر: قاپوور. ساقی گیایەکە کە کلۆر بێ.

قالۆرە: لاسکی چاوبازە.

قالۆنچە: دەعبایەکی ڕەشی چنگ چنگە گەلێ جۆری هەیە، هێندێکیان باڵدار و هێندێکیان بێ باڵن.

قالە: د. بارەی بزن.

قاڵە: قسەی زۆر لەگەڵ دەنگ بەرزکردنەوەدا: فیسار کەس کردی بە(قاڵە) یا بە(قاڵە)ی دەم ترسانی، (قاڵە قاڵ) قاڵەی یەک لە دوای یەک.

قاڵە قنگ: د. کالا قنگ.

قاڵی: ژێرەخەرێکی تەنراوی تووکنی بەنرخە.

قاڵیچە: قاڵی پچووک.

قام: مقام.

قامچێ: چەرمێکی هۆنراوەیە لە مەردوومی پێ دەدرێ.

قامک: ئەموست.

قامیش: گیایەکی ڕەقی ئەستووری قەفقەفی ناو کولۆری باڵابەرزی گەڵا پانە. بریتییە لە چووکی نادەمی.

قامیشبەند: ڕیزی قامیشی ڕێکی چنراو.
قامیشەڵان: شوێنێکە کە قامیشی زۆری تێدا ڕوابێ.
قامیشی شەکر: جۆرە قامیشێکە شەکری لێ دروست دەکرێ.
قان: شتێکە کە لە خوێنی یەکێکدا بدرێ. پوویتی توور.
قانتر: ز. ئێستر.
قانچە: گوێسوانە.
قانزاج: قازانج.
قانزاج بەنیوەیی: قازانج بەنیوەیی.
قانزاجکردن: قازانجکردن.
قانگ: خەربەنگ (د). پوویتی توور.
قانگدان: دوکەڵ کردن بەگژ شتێکدا. جارێک یاریکردنەوە لەگەڵ کەسێکدا کە دۆڕاندبێتی.
قانگڵە: بەن و دەزوویەکە لەسەر پەنجە گەورە و پەنجە تووتەی دەست هەڵکرا بێ. دارێکی لووتدارە باخەوان لقی درەختی بەرداری پێ ڕادەکێشێتە خوارەوە.
قانگە: خەندەق دانەوەی دیوار و شتی تر. قانگەی خانۆکەی داودتەوە.
قانگەڵە: قانگڵە.
قانە: قەدێکی قوماشە لە قەدی کارخانەی. یارد (د).
قاو: پووشوو. دەنگوباسێکە کە بڵاوبووبێتەوە.
قاوتاندن: ز. قاودان.
قاو داخستن: بڵاوکردنەوەی دەنگوباسێک.
قاودان: دەرکردن.
قاوکردن: بانگکردن بەدەنگی بەرز.
قاولەمە: د. قابلەمە
قاووت: ئاردی دانەوێڵەی برژاو.
قاووڕ: قاپووڕ.
قاوورمە: گۆشتی سوورەوەکراو بۆ هەڵگرتن.
قاووغ: قاپووڕ.
قاو و قریشک: قیژ و هووڕ و دەنگەدەنگ.
قاو و قوو: د. قاوەقاو.
قاو و قیژ: قاو و قریشک.
قاوە: بەری گیایەکی گەرمیانییە دەنکی خڕ و سەوزە لە دوای برژاندن و کوتانی لێ دەنرێ بۆ خواردنەوە.
قاوەبرێژ: د. دەفرێکی تایبەتییە قاوەی تێدا دەبرژێنرێ.
قاوەتوون: قاوەلتی.
قاوەتی: نانخواردنی نیوەڕوان.
قاوەجاخ: شوێنێکە کە قاوەی تێدا لێ بنرێ.
قاوەجۆش: گومگومەی قاوە.
قاوەچی: کەسێکە کە هەر قاوە لێ بنێ.
قاوەخانە: شوێنێکە کە قاوەی لێنراوی تێدا بفرۆشرێ.
قاوەدان: تێکردنی قاوە بۆ خواردنەوەی.
قاوەسینی: سینیەکی تایبەتییە قاوەی لەسەر دەگێڕدرێ.
قاوەقاو: بانگە بانگ.
قاوەڵتوون: قاوەڵتی.
قاوەڵتی: قاوەتی.
قاوەیی: شتێکە کە ڕەنگی لە ڕەنگی قاوەی برژاو بچێ.
قای: ز. پیتی پرسیار.
قایخ: جۆرە بەلەمێکە لە ئاودا پێی دەپەڕنەوە.
قایخەوان: کەسێکە قایخ لێ بخوڕێ.
قایغ: قایخ.
قایغەوان: قایخەوان.
قایش: چەرمی خۆشکراوی ڕەنگکراوی گوێرەکە و پارێن.
قایم: شتی بەهێز.
قایمکار: کەسێکە کە شت قایم و باش هەڵگرێ.
قایمکردن: توندکردنی شت. شاردنەوەی شت: شتەکانت (قایم کە).
قایم نوێژ: کەسێکە نوێژی نەچێ.
قایمە: خۆکۆکردنەوە و ئامادەبوون بۆ شتێک: فیسار کەس خەریکی (قایمە)یە. کاتی تەنگانە: زەخیرەکە هەڵگرە بۆ (قایمە). زۆربەی شت: (قایمە)ی لە شەکرەکە هاتووە. یاساو دەستوورێکە لە یاری دامە و شەترەنجدا کە هیچ لایەک نەیبەنەوە.
قایمەکاری: هەڵگرتن و قایمکردنی شت.
قایمەکردن: قایمەکاری.
قایمی: توندی و بەهێزی شت.
قبراخ: یەکێکە کە بکەوێتە ناوەندی دوو کەسەوە بۆ یەکخستنیان (واسطە).
قت: فت: لە یاری گۆرەوی بازیدا دەوترێ لەم گۆرەوییە (قت)، (قتبوون) فتبوون لە یاریدا، (قتکردن) فتکردن لە یاریدا.
قتاو: د. کتێب.
قتاوخانە: د. قوتابخانە.
قتوفت: د. جووڵەجووڵ.
قجی: گیایەکی گەڵا وردی هەمیشەبییە لە قەد شاخی نمدار دەڕوێ، بنجەکەی زۆر بەکەڵکە بۆ ژانی (لێهاتن).
قجیلک: پەنجە تووتە.
قجیلە: جۆرە کوللەیەکە.
قخ: وتەیەکە منداڵی ساوای پێ دەگێڕدرێتەوە لە دەستبردن بۆ شتی پیس.
قخخە: قخە.

قخه: قخ.
قده قد: قرتەقرتی مریشک.
قدیلکانی: خووتووکه دان.
قدیلکه: قدیلکانی.
قدیک: ز. دڵتەنگبوونی مەردووم.
قدیله: قدیلکه.
قر: ز. زوقم.
قراج: ز. زەوییەکه گیای تێدا نەڕوابێ یا تێیدا ڕوابێ و ئاژاڵ خواردبێتی.
قراقر: ز. قڕەقڕ.
قراش: د. قاشی شت، قراش قراش: شتی قاش قاش.
قربووز: ز. کەسێکه که ڕیشی ماش و برنج بووبێ.
قـرپ: تالان، (قـرپکردن) تالانکردن. خـەرجکردنی پاره و بەکارهێنانی خواردەمەنی زیاد له ئەندازه: فیساره ژن دەستی بەقـرپه. قـرقـێنه. دەسکەنه کـردن (د). لق و پۆپکردنی دار (د). قرمەی داری شکاو (د).
قرپاندن: هەڵپاچین.
قرپنه: خرینه.
قرپۆک: مێوژی وشکەڵ. قرپۆق.
قرپۆڵ: مێوژی وشکەڵ.
قرپه: د. دەنگی شکانی دار.
قرپێنه: قرقێنه.
قرت: د. مەردوومی جلقن.
قرتاڵه: قەرتاڵه.
قرتان: پچڕانی شت بەهۆی لێکەوتنی شتێکەوه.
قرتاندن: بڕینی شت بەقەیچی یا بەشتێکی تر. شکاندنی قەزوان و دەنکه کـوولەکـه بە ددان بۆ دەرهێنـانی نـاوکـەکـەی. قرتەقرتکردنی مریشک.
قرتانن: د. قرتاندن.
قرتکردن: بڕینی شتێک بەخشتی وەک مووی ئەگریجه و سەر. قرخکردنی موو (د).
قرتکه: د. پارچەیەکی پچووکه له شتی قرتاو.
قرتماخه: د. قەتماغه.
قـرته: دەنگی مـریشکه بەکـڕ. جـۆره دەنگێکه وەک دەنگی داخستنی قـرتێنه، (قـرتەقـرت) قـرتەی یەک لەدوای یەک، (قرت و هووڕ) قرته قرتی زۆر.
قرته لێبڕین: بڕتییه له نەهێشتنی شتێک: وڵاخەکه (قرتەی له نالیکەکه بڕی).
قرتیان: د. قرتان.
قرتێنکه: قرتێنه. ئاوەخۆرەی مریشک و کەڵەشێر که له کاتی سەربڕیندا چەقۆی پێدا دەهێنرێ.
قـرتێنه: دوگمـەیەکی نێـر و مێـیه، دەچێ بەیەکدا و قرتەی لێوه دێ. شتێکی ڕەقی تەنکه له ڕەگی وشکەوەبوو یا ئێسقان که قەڵەمی قامیشی لەسەر ڕێک دەکرێ.
قرتیل: پاشا خوڕ.
قـرچ: لێـدانی تیلکەری دووەم له دەسکەلای تیلکەری یەکـەم له یاری (مووشێن)دا کاتێ که یەکەم مووشی نەخواردبێ. چرچ (د). ڕۆنی قرچاو.
قرچاندن: داخکردنی ڕۆن لەسەر ئاگر.
قرچانن: د. قرچاندن.
قرچاننەوه: برژاندنەوەی برین.
قرچاو: ڕۆنێکه لەسەر ئاگر داخ کرابێ.
قرچ و برژ: د. قرچ و هووڕێ شت لەسەر ئاگر.
قـرچۆک: دار و بەن و دەزووی نـاقـایم. مـەردوومی چرووکی پیسکه.
قرچۆڵ: شتی وشکەوەبووی چرچ بوو.
قرچۆڵه: د. قرچۆڵ.
قـرچه: دەنگێکه وەک دەنگی شکاندنی دار و برژاندنی برێشکه لەسەر ئاگر، (قرچەقرچ) قرچەی یەک لەدوای یەک، (قرچ و هووڕ) قرچه قرچی زۆر. گەنم و جۆی درواوه.
قرچەشکێن: پەلخوردبوونی کرشەی خەرمان بەگێره.
قرچ هەڵاتن: چرچ هەڵاتن.
قرچیان: د. هەڵقرچان.
قرح: ز. ئەنگی هەموو شتێک.
قـرخ: گـۆزه و کـووپەیەکـه لەبەر ئاو زۆرتێکردنی لووس بووبێ. تووکی سەر و ڕیشێکه که زۆر کورت کرابێتەوه. مەردوومی لەڕ و لاوازی قرچۆڵ. ناوی وێستاوی لیخن.
قرخاندن: قرخەکردن.
قرخکردن: له بنەکۆتەرەدانی مووی ئەندام.
قرخن: گیاندارێکه که زۆر بقرخێنێ. قرخ (د).
قرخنه: قرخن.
قرخۆڵ: د. قرخن.
قرخۆڵه: د. قرخن.
قـرخـه: دەنگێکه له گـەرووی گـیاندارەوه دێ له کـاتێکدا کـه شتێکی تێ گیرابێ، (قرخه قرخ) قرخەی یەک لەدوای یەک، (قرخ و هووڕ) قرخەقرخی زۆر.
قرخەمەرەسی: ڕاکێشانی یەکێک بەزۆر و له دوو نەچوونی.
قـردێله: تیلمه تەنراوێکی جوانه کچان دەیدەن له مووی سەریان دوای داهێنانی بۆ ئەوەی تێک نەچێ.
قڕ: مەرگی تێکڕایی.
قڕاک: قەلەڕەش.

قڕاکه: باڵندەیەکی سەوزە بەقەد (قژاکە) یەک دەبێ.
قڕاڵێ: ه. گوێزێکی پووچەڵە کە بەدارەوەبێ.
قڕان: ناوە بۆ جۆرە دراوێکی زیوین. قڕبوون.
قڕاندن: قڕەکردنی قەلەڕەش. بریتییە لە نوقڵانەی خراپ: بۆمان مەقڕێنە واتە نوقڵانەی خراپمان بۆ لێ مەدە.
قڕانن: د. قڕاندن.
قڕباق: قڕبۆق.
قڕبۆق: بۆق.
قڕبوون: مردنی گیاندار بەکۆمەڵی و زۆری.
قڕپۆک: قڕبۆک. قڕبۆق.
قڕپۆڵ: قڕبۆڵ.
قڕ تێخستن: کوشتاری تێکرایی.
قڕتێکەفتن: قڕ تێکەوتن.
قڕتێکەوتن: قڕ کەوتنە ناو گیاندارەوە.
قڕقڕۆک: قوورقووڕاگە.
قڕقڕە: کندری بەکرە. چەرخی پچووک.
قـڕقـێنە: بایەکـە لە دەروونەوە هەڵ دەقـوڵێ و بەدەنگەوە لە دەم دێتە دەرەوە.
قڕک: ز. قوڕگ.
قڕکردن: قڕ تێخستن.
قڕناتە: پارچەیەکە لە پارچەی مۆزیقە.
قڕنوو: گەنە.
قڕنە: قڕنوو.
قڕنی: قڕنوو.
قڕواق: بۆق.
قڕ و قەپ: بێ دەنگی و قسە نەکردن.
قڕ و قـەپۆز: وتەیەکـە لە ڕووی سووکـییـەوە دەوترێ بەدەم و پلی یەکێکی ناشیرین.
قڕ و نیمقڕ: کاڵایەکە ژنان دەیپۆشن چین چینە و هەر چینەی لە جۆرێکە.
قڕە: هەرا و دەنگەدەنگ.
دەنگی قەل و بۆق، (قڕەقڕ) قڕەی یەک لەدوای یەک. دواهەمین کەس کە سەرەی پێیە سەر.
قڕهاتن: قڕ تێکەوتن.
قڕێژ: با. کرێش.
قڕژاڵ: دەعبایەکی ناوی چنگ چنگی ڕەقی دوو سەرە.
قڕژانگ: قڕژاڵ.
قرژە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو دەباخی پێ دەدرێ.
قرسان: تەخمین.
قرساندن: ز. ترنجاندنی شتێک لە ناو شتێکی تردا.

قـرش: ز. پووشی هەڵـوەریو. لق و پۆپی درەخت کـە لە خـۆیەوە هەڵوەریبێ.
قرشە: کرشە.
قرقرتۆک: کرکراگە.
قرک: ز. قورک. قەلەڕەش.
قرم: د. مرخ: (قرم)ی لێ خۆش کردووە.
قرماندن: خورین بەدەنگی بەرز لە یەکێک: تێی قرماند.
قرمز: ئاڵ.
قرمزی: شتێکە کە ڕەنگی قرمز بێ.
قرمژن: دەنگی تەق و هووڕی چەک بەزۆری.
قـرمـە: دەنگێکە وەک دەنگی شکانی داری گـەورە بەگـردەبڕی، قـرمـەقـرم: قـرمـەی یەک لەدوای یەک، (قـرم و هووڕ) قەرمەقرمی زۆر.
قرمچی: با. شتێکە کە سیس بووبێ.
قرنجان: ڕووشان و برینداربوونی شت.
قرنجاندن: ڕووشاندن و بریندارکردنی شت.
قرنجانن: قرنجاندن.
قرنگە: دەنگێکە وەک دەنگی (خرنگە)، (قرنگەقرنگ) قرنگەی یەک لەدوای یەک، (قرنگ و هووڕ) قرنگەقرنگی زۆر.
قریپک: با. سێ شەشی بەهار.
قرێژ: چلک. شتی چلکن (ز).
قرێژاهی: ز. قرێژ.
قـریشکە: دەنگێکـە لە قـیـژە گـەورەتر، (قـریشکـەقـریشک) قـریشکەی یەک لەدوای یەک، (قـریشـک و هووڕ) قـریشکە قریشکی زۆر.
قرێن: ز. جەنگ و دەمقاڵێ.
قریواندن: قریوەکردن.
قریوانن: قریواندن.
قـریوە: دەنگێکی بەرزە کە لە خۆشییەوە پەیا ببێ، (قـریوەقـریو) قریوەی یەک لەدوای یەک.
قریوەکردن: قریواندن.
قزگە: شوێنێکە یەکەمجار گوێ (شەقێن)ی لێ دادەنێن و بەدار لێی دەدەن.
قزە: ترسنۆک. ژنانی.
قژ: مووی درێژی سەر. کەفی شت (د).
قـژاکە: باڵـندەیەکی دەنوک درێژی سـەر ڕەشی بەرسنگ سـپـییـە بەقەد کۆترە باریکەیەک دەبێ.
قژالکە: قژاکە.
قژبەسەرە: بریتییە لە ئافرەت.
قژقژ: شتێکە لق و چڵی زۆری لێ بووبێتەوە.

قژقژاوی: قژقژ.
قژقژۆکە: شتی قژقژاوی.
قژقژە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو و، قژقژاوییە.
قژگ: ز. قەلەباچکە.
قژکردن: د. ترشانی دۆ و کەفکردنی.
قژکە: قژقژە.
قژگە: قژقژە.
قژلاندن: ز. تواندنەوەی ڕۆن
قژن: کەسێکە کە قژی بەسەردەوەبێ.
قژنەسەر: سەر قژن.
قژە: د. کەف.
قژەسەر: قژێکە کە لە سەر بووبێتەوە.
قژە کردن: د. ترشانی شت.
قژیاک: ز. قەلەڕەش.
قسر: مێینەیەکە کە سالێک بەبێ ئاوسی مابێتەوە. شتی بێ بەر (د).
قسکل: د. جۆرێکە لە بەری دارمازوو.
قسلّ: شتێکی تیژی سووتێنەری سپییە لە سووتاندنی جۆرە بەردێک پەیدا دەبێ.
قسن: کەلّەکەبەردێکە کە بەگردی گۆڕێکدا کرابێ.
قسنی: شتێکی ڕەشباوە، وەک مێوی هەنگوین بۆنێکی خۆشی هەیە.
قسە: گفتوگۆ.
قسەبردن: گێڕانەوەی قسەی یەکێک بۆ یەکێکی تر.
قسەبڕین: بڕینی قسە لەناوقەددا بەیەکێک.
قسەبڕینەوە: دەنگ دابڕینی یەکێک لەگەلّ یەکێکی تردا لەبەر زوویربوونی لێی.
قسەبەر: کەسێکە کە قسەی یەکێک ببا بۆ یەکێکی تر.
قسە بەسەر قسە داهێنانەوە: گوڕێزکردن لە قسەدا بۆ سەر قسەیەکی تر. قسەبڕین بەیەکێک.
قسە تالّ: کەسێکە قسەی ناخۆش بێ.
قسەخواردنەوە: قوتدانەوەی قسە و نەکردنی لەبەر شتێک.
قسەخۆش: کەسێکە گفتوگۆی خۆش بێ.
قسەدابڕین: دەنگ دابڕین.
قسەدروست: کەسێکە کە قسەی ڕێکوپێک بێ و درۆی تێدا نەبێ.
قسەدۆڕاندن: دەربڕینی قسەیەکی نەهێنی. شکانی قسەی یەکێک لای یەکێک.
قسە دەرهاوردن: قسە دەرهێنان.
قسە دەرهێنان: دەرهێنانی قسەیەکی پەنهانی لە یەکێک بەفێلّ.
قسەڕاست: کەسێکە لە قسەیدا ڕاست بێ.
قسەڕەق: کەسێکە کە قسەی قورس و ناخۆش بێ لەگەلّ مەردوومدا.
قسە ڕەوا: کەسێکە لەناو کۆمەلّەدا قسەی بڕ بکا.
قسەڕەوان: کەسێکە لە قسەدا دانەمێنی.
قسەزان: کەسێکە لە شوێنی خۆیدا بزانێ قسە بکا.
قسەزل: کەسێکە کە قسەی لە خۆی زلتر بێ.
قسەسارد: بریتییە لە کەسێک کە قسەی خۆش نەبێ.
قسەشکاندن: بەقسە نەکردنی یەکێک و لە فەرمان دەرچوونی.
قسەقوت: قسە نەستەق.
قسە قووتدانەوە: قسەخواردنەوە.
قسەکردن: گفتوگۆ کردن لەگەلّ یەکێکدا.
قسەکەر: کەسێکە گفتوگۆ بکا.
قسە گێڕانەوە: گێڕانەوەی قسەی یەکێک بۆ یەکێکی تر.
قسە لە ڕوو: کەسێکە کە هەموو قسەیەک لە ڕووی مەردوومدا بکا با دلّگیریش ببێ.
قسە لەسەر داکێشان: قسە دەرهێنان لە یەکێک بە فێلّ.
قسە لێ کردن: دوان لە بابەت شتێکەوە.
قسە نەستەق: کەسێکە کە قسەی خۆش و قوت بێ.
قسە و باس: دەنگوباس.
قسەوەرگرتن: لە گوێ گرتنی قسەی یەکێک.
قسە هەلّبەست: کەسێکە قسەی درۆ هەلّبەستێ.
قسە هەلّبەستن: ڕێکخستنی قسەی درۆ.
قسەهێنان: هێنانی قسەی یەکێک بۆ یەکێکی تر.
قسەی نەستەق: قسەی بەرزی بەکەلّک.
قشپل: پشقل.
قشت: قشتیلانە.
قشتیلانە: شتی پچکۆلانەی جوانکیلە.
قشتیلە: قشتیلانە.
قشقەرە: قەلەباچکە.
قشکە: جۆرێکە لە بەری دارمازوو قژقژاوییە.
قشلاخ: هەواری زستانەی دەوارنشین. ناوی دێیەکە لە جوانڕۆ.
قفلّ: ئاسنێکە دوای ئەلّقەڕێزکردن دەدرێ لە دوولای دەرگا و سندوق بۆ قایمی و بەکلیل هەلّدەگیرێ.
قفلّدان: داخستنی دەرگا و سندوق بەقفلّ.
قفە: کۆکە.
قفین: کۆکین.
قل: دەنک: قلێک ترێ واتە دەنکێک.
قلاخ: کۆگای تەپالّە.
قلاشتن: قلّیشاندنی شت.

قلاشکەری: داری وشکی زەنگە قلێشە.
قلاق: ل. قەلەڕەش.
قلّپاندنەوە: قلّپکردنەوە.
قلّپبوونەوە: ڕژان و دەمەوخواربوونەوەی شت.
قلّپکردنەوە: ڕژاندن و دەمە و خوارکردنەوەی شت.
قلّپ و قوّپ: دەنگی هێلّنج لەکاتی ڕشانەوەدا.
قلّپە: دەنگی ڕژانی شت بەزۆری، (قلّپەقلّپ) قلّپەی یەک لە دوای یەک، (قلّپ و هووڕ) قلّپەقلّپی زۆر.
قلّخ: ز. برنگ.
قلغ: د. ڕێخت و سوروشت.
قلقل: ل. بەری گیایەکە لە نیسک دەچێ بەبرێشکەیی دەخورێ.
قلکە جەوت: کلاوە بەڕوو.
قلّمبوونەوە: د. قلّپبوونەوە.
قلّمە: د. قلّپە.
قلە: گەشی ئاگری پشکۆ کە خالّی ڕەشی تێدا نەمێنێ: ئاگرەکە (قلە)ی دێ، (قلەقل) قلەی ئاگر بەزۆری.
قلیان: قەنگە.
قلیان ئاوی: نێرگەلە.
قلیاناوی: قلیان ئاوی.
قلّیانخۆر: کەسێکە کە قلیان بکێشێ.
قلیاندار: کەسێکە هەر قلیان تێ بکا بۆ یەکێکی تر.
قلیان دێمی: د. قەنگە.
قلیانکێش: قلیانخۆر.
قلّیاو: د. قلیە.
قلێ بلێ: قلی و بلی.
قلیچکە: هـ. کلک.
قلێچە: گیایەکی بەهاری گەلا وردە گولێکی زەرد دەردەکا.
قلّێزەنگیی: جۆرە چێشتێکە لە برنج و هەلّووژە دروست دەکرێ.
قلێل: ز. کونی هەموو شتێک.
قلێنچک: کلێنچکە.
قلێنچک: د. برای تووتە.
قلێنچکە: د. قلینچک.
قلّیە: گیایەکی تیژە سابوونی پێ دەکرێ. قلّێزەنگی (د).
قلینج: پەنجە تووتە.
قلینچک: قلینج.
قلّیش: درزی گەورەی شت.
قلّیشان: درزبردنی شت.
قلّیشاندن: لەتکردنی دار و شتی تر بەتیغ.
قلّیشاندنەوە: درز تێکردنی شت بەتیغ.
قلیشانەوە: دەم دانەوە و درز تێبوونی شت.
قلّیشاو: شتێکە کە قلّیشی تێ بووبێ.
قلیشاوە: قلّیشاو.
قلّیشبردن: قلّیشان.
قلّیف: د. کێلان.
قلیک: ز. داخستنی شمشێرەی دەرگا.
قلی و بلی: قسە یا نووسینی بێ مەعنای شڕم بڕم.
قم: قوم.
قمار: قومار.
قمارباز: قومارباز.
قمباو: بەسەرداکشانی ئاوە بەزۆری بەسەر کشتوکالّدا.
قمقمۆک: ز. قومقمۆکە.
قمقمۆکە: قومقمۆکە.
قملاخ: خمخۆرکی زەوی.
قمیش: قومووش.
قنج: شتی قیت. شتی چاک (با).
قنجبوونەوە: قوتبوونەوە.
قنجکردنەوە: قوتکردنەوە.
قنجە قنج: قوتەقوتکردن.
قنچک: لاسکی میوە و هێندێ سەوزی. کلێنچکە (د).
قنچکان: د. چیچکان.
قنچکە: زیپکە.
قنچکەسلاو: د. سیچکەسلاوە.
قنچکەسلاوە: قنچکەسلاو.
قنچکەکرد: دانیشتن بەچیچکانەوە.
قنک: ز. کولانەی مریشک.
قنگ: کونێکە لە ناوەندی هەر دوو سمتی گیانداردا پیسی لێوە دەکا.
قنگانیسک: د. ئانیشک.
قنگاو: ئاوێکە کە لە خوار کشتوکالّەوە دەربچێ.
قنگاولّە: گیایەکی بەهارییە کەمێک بەرز دەبێتەوە گەلای لە گەلای بی دەچێ و ڕەوانە.
قنچکاو: د. قنچکی چاو.
قنگدانەوە: بریتییە لە دانیشتنێکی کەم.
قنگدەر: بریتییە لە مەردوومی حیز.
قنگر: کنگر.
قنگرپاچ: بنجی کنگر.
قنگرتن: بریتییە لە دانیشتنی مندالّی شیرەخۆرە لەسەر قنگ یەکەمجار.
قنگرواج: قنگرپاچ.

قنگرەزا: د. جۆرە جەوییەکە لە کنگر پەیدا دەبێ.
قنگلاشک: بنجە درکی کنگری وشکەوەبوو.
قنگ لێ کەوتوو: بریتییە لە مەردوومی بێ هۆش و گۆش کە هەمیشە شتی لێ بکەوێ.
قنگەبان: بانی خانوو لە پشتەوە کە لە زەوییەوە نزم بێ.
قنگەجنۆکە: بریتییە لە شوێنی زۆر تەسک و تروسک و تەنگەبەر.
قنگەجووڕێ: قنگ قووچاندنی گیاندار بەهۆی زۆر گوو هاتنی یا هێلکە کردنیەوە.
قنگەخشکێ: لەسەر قنگ خۆخشاندن.
قنگەخلیسکێ: لەسەر قنگ هاتنە خوارەوە لە شوێنی سەرە و لێژەوە.
قنگە خورۆکە: نەخۆشییەکە لە هێندێ گیانداردا قنگی دێتە خوروو.
قنگەخەو: نووستن بەقنگەوە.
قنگەزە: د. پشتی هۆز: فیسار کەس لە قنگەزەی بابانە، واتە لەو نەژادەیە.
قنگەسووتەکە: دەردێکە دووچاری منداڵی ساوا و مەرەزەی کۆرپە دەبێ.
قنگەسووتەکێ: قنگە سووتەکە.
قنگەشەڕ: شەڕکردن لەگەڵ پێ دزکێدا پاشەوپاش.
قنگەقنگ: بریتییە لە دواخستنی کار بۆ نەکردنی: فیسار کەس لەم کارەدا (قنگەقنگ) دەکات.
قنگەگاز: برینێکە لەسەر کولۆکی وڵاخ پەیدا دەبێ بەهۆی گرتنی بار یا زین یا کۆپانەوە.
قنگەلاشک: قنگلاشک.
قنگەلێس: قنگدانەودیەکی کەم بەچیچکانەوە.
قنگەلفس: قنگەلێس.
قنگەنشینکە: منداڵێکە کە تازە فێری دانیشتن بووبێ لەسەر قنگ.
قنگەنشینە: قنگەنشینکە.
قنگە و تلوور: پاڵکەوتن بەجۆرێک کە قنگ دەرپەڕێ.
قنگ هەڵتەکێنە: د. کلک هەڵسەنگێنە.
قنیات: داکەوتن بەبەشی کەم، قنیاتکردن: داکەوتن بەبەشی کەم.
قوبا: ز. ماستی بزرکاو.
قوبکە: د. گومەز. لوتکەی شاخ.
قوبوولکردن: پەسندکردن.
قوبوولی: چێشتێکە وەک پلاو بەڵام نەم ناپاڵێورێ.
قۆپ: ز. کەسێکە دەستی یا قاچی شلەپەتە بێ.
قوپان: چاڵبوون و بەناوداچوونی هێندێ شت بەهۆی نهێمێکەوە.
قوپاندن: چاڵکردن و بەناوادابردنی هێندێ شت بەنهێم.
قوپاو: شتێکە چاڵ بووبێ و بەناوداچووبێ.
قۆپچە: شتێکی پچکۆلانەی گردە بەیەخەدا دادەدروێ بۆ داخستن. جۆرێکە لە بەری دارمازوو.
قۆپز: د. هاشە و هووشە.
قوپکە: د. قوبکە.
قوپۆز: قەپۆز (د). گرتییەکە لە ناوەڕاستی نیلی جووتدا.
قوپەن: چەند بنجە سەوزییەکە لەناو پەڵەیەکدا، کە بەرزتر و بەهێزتر بێ لە دەوروبەرەکەی.
قوپیان: د. قوپان.
قۆپی: جێگایەکە ناوی تێدا وەستا بێ و گیای لێ ڕوابێ. ناوی شوێنێکی فێنکە لە شاخی قەرەداخ.
قوت: شتی قنج و قیت. شتی کورت (ز). هەرزە و بێ ژێر (د). قۆتێن.
قوتابخانە: جێگای دەرس خوێندنی قوتابی.
قوتابی: منداڵێکە چووبێتە بەر خوێندن.
قوتار: ڕزگار، (قوتاربوون) ڕزگاربوون، (قوتارکردن) ڕزگار کردن. چەند وڵاخێکە بەر و دوا بەرێدا برۆن.
قوتاسە: خشڵی زیوینی ژنانە.
قوتان: ز. کوتان.
قۆتان: هەرزاڵ.
قوتاوی: قوتابی.
قوتایی: شوێنی قوت لە زەوی.
قوتبوونەوە: قنجبوونەوە.
قۆتر: وڵاخی پیری پەککەوتە.
قوتومەپا: هـ. قولەپێ.
قوتحە: د. شتی زۆر چاک.
قوتفین: ز. سڕبوون لە سەرماندا.
قوتک: با. سوخمە.
قوت کردنەوە: قنج کردنەوە.
قوتکە: سەر لووتی شاخ و شوێنی بەرز.
قوتم: ز. کورتمە دارێکە کە لە زەویدا مابێتەوە دوای برینی.
قوتوو: شتێکی بۆشی سەرقاپدارە لە تەنەکە یا شتی تر دروست دەکرێ و شتی تێ دەکرێ.
قوتوولە: قووتوویەکی تەنەکەیە نەوتی تێ دەکرێ و پلیتەی تێ هەڵ دەکێشرێ و دادەگیرسێنرێ.
قوتە: د. قوتابی. مەردوومی قوت.
قوتەرە: کۆتەرە. دۆڵیانی ئاش.
قوتە قوت: قنجە قنج و هەڵپەڕ و داپەڕ.

قوتەک: ز. کالآیەکی کورتە لەسەر کراسەوە لەبەر دەکرێ.
قوتی: قوتوو.
قۆتی: قۆتین.
قوتیلە: قوتوولە.
قۆتین: سەری ڕووت، فیسار کەس سەری (قۆتین)ە.
قۆجە: د. جاوین.
قۆچ: قوربانی. پڕتاوی دوو سوارە بۆ ئەوەی یەکتری بەجێ بهێڵن: ئەو دوو سوارە (قۆچ) دەکەن. تەڵەیەکە کە درندەی پێ بگیرێ (ز). شاخی گیاندار: شەڕەقۆچ.
قۆچاخ: مەردوومی خێرا.
قۆچان: پسوولەیەکە لە دەوڵەتەوە بدرێ بەیەکێک بەرامبەر بەباجێک.
قۆچبە هدر: گیایەکە بنکێکی ڕەوانی هەیە.
قۆچ تێهەڵدان: شوق تێهەڵدان.
قۆچدار: گیانداری شاخدار.
قۆچدان: قۆچ وەشاندن.
قۆچ قۆچانێ: شەڕە قۆچ.
قۆچک: جۆرە قۆچکەیەکی ڕەشی چنراوە بەئاوریشمی سوور، ژنانی بلّباس دەیکەنە سەریان.
قۆچکە: جۆرە لەچکێکە دەکرێ بەسەری منداڵی ساوادا. دەسماڵی سەری ژنان.
قۆچکەتاش: قۆچی تاش.
قۆچکە سۆرانی: د. فەقیانە.
قۆچ لێدان: قۆچ وەشاندن.
قۆچ وەشاندن: شۆق وەشاندن.
قۆچ وەشێن: شۆق وەشێن.
قۆچ هاویشتن: شۆق هاویشتن.
قۆچەقانی: شتێکی دوو لیسپی هۆنراوەیە لە بەن یا دەزوو دروست دەکرێ، ناوەراستەکەی تۆزێک پانە بەردی پێ دەهاوێژرێ.
قۆچیتاش: ڕێکخستنی مووی پێشی ناوچەوان بەگوێزان بۆ جوانی.
قۆخ: میوەیەکی خڕی مزری تووکنی سپاتی ناوک ڕەقە لە قەیسی گەورەترە. قۆختە. شتی چەماوە. (د) زیخ.
قۆختە: ژوورێکی پچووکی نزمە لەناو باخدا دەکرێ بۆ باخەوان.
قۆخدان: د. چەمانەوە.
قۆخڵ: خانووی پچکۆلانە.
قۆخە: کۆکە، (قۆخەقۆخ) کۆکە کۆک.
قۆدک: با. ناوێنە.
قۆدی: قوتوو.
قۆدیلە: قوتیلە.
قۆر: ز. گیانداری لاواز.
قورئان: ئەو کتێبەیە کە بەسروش بۆ پێغەمبەری ئیسلام هاتووە.
قورئان خواردن: سوێندخواردن بەقورئان.
قورئان دان: سوێندانی یەکێک بەقورئان.
قورافتن: ز. ڕنینی ترێ و بڕینی گوڵی دانەوێڵە.
قوربان: سەرگەرد. وتەیەکە لە ڕووی گەورەییەوە دەوترێ بەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەیت.
قوربانی: مەڕ و بزن یا حوشتر و گایە کە لە چوار ڕۆژەی جەژنی قورباندا سەر ببڕێ بەناوی قۆچەوە.
قوربانیکردن: سەربڕدرینی قوربانی لە چوار ڕۆژەی جەژنی قورباندا بەناوی قۆچەوە.
قورپ: قرقێنە. هێڵنج (د).
قۆرت: چەوتی و گێری لە هەموو شتێکدا، (قۆرت قۆرت) شتێکە کە قۆرتی زۆری تێدا بێ. چەپاڵەی ڕۆزگار: یاخوا هەرگیز قۆرت نەیەتە بەرت. چاڵ.
قورتاندن: هەڵقرچاندنی لچ.
قورتانن: د. قورتاندن.
قۆرتقۆرتاوی: شتی لق لق.
قورتم: قوڕقوڕاگە.
قۆرتم: د. قورتم.
قۆرتی: با. گۆترە.
قۆرچ: ز. توێکلی سەوزی فەریکە گوێز.
قورچمین: هەڵپچڕکاندنی گیا.
قورخ: ز. ئەستێرەی گەلاوێژ.
قۆرخ: قەدەغە، (قۆرخکردن) قەدەغەکردن.
قۆرخانە: گەنجینەی چەک.
قۆردوون: زریزەیەکە دەکرێتە سەعات و دەکرێ بە بەرۆکدا.
قوڕ: گڵێکە بە ئاو شل بووبێتەوە.
قۆڕ: کەسێکە کە ڕیخۆڵەی ڕژابێتە ناو گونیەوە. زەنگی گەورەی ملی پێشەنگ. بریتییە لە شتی هیچ و پووچ.
قوڕاچکە: د. قوڕقوڕاچکە.
قوڕاد: بەربەسێڵ.
قوڕادە: گیایەکی کێوی توونی بەهارییە وەک کەوەر وایە دەکرێ بەکەلانە. مسی شکاو. جۆرە پیازێکە سەلکەکەی هەرگیز گەورە و خڕ نابێ.
قوڕاڵە: گیای قوڕاوە.
قۆڕاندن: قۆڕەکردن.
قوڕاو: ئاوێکە بەهۆی قوڕەوە لێڵ بووبێ. بەربەسڵ.
قووڕاویلکە: باڵندەیەکە وەک (بۆرە جرە) بەڵام ئەم گەورەتر و قاچی درێژترە.

قوڕاوی: شتێکە کە قوڕی تێوەچووبێ.
قوڕباق: بۆق.
قوڕبەسەر: بریتییە لە لێقەوماوێکی بەسەزمان.
قوڕبەسەری: لێقەوماوی و هەژاری.
قوڕبەست: قوڕێکە لەسەر شوێنێک ڕۆ کرابێ بەئەستووری.
قوڕبەستکردن: ڕۆکردنی قوڕ بەئەستووری.
قوڕپێوان: قوڕکردن بەسەردا بە هۆی خەفەت یا چورتمێکەوە.
قوڕپێوەدان: بریتییە لە وێرانکردن یا تێکدانی شتێک.
قوڕتێکەر: کرێکارێکە کە هەر قوڕ تێکدا بۆ قوڕکێش.
قۆڕخانە: جبەخانە.
قوڕدادەر: کرێکارێکە کە هەر قوڕ دابدا لەسەر چینی دیوار بۆ وەستا.
قوڕشێل: کرێکارێکە کە قوڕ خۆش بکا بەپێ.
قوڕقوڕاکە: قوڕقوڕاگە.
قوڕقوڕاچگە: لوولەیەکە لە ملی گیانداردا هەناسەی لێوە دەدا.
قۆڕقۆڕە: جۆرە مزراحێکە کونێک لە تەنیشتییەوەیەتی لە کاتی داکوتانیدا قۆڕەی لێوە دێ.
قوڕقوشم: جۆرە کانێکە وەک زیو بەلام ئەم نەرم وکەم نرخە.
قوڕقێنە: قرقێنە.
قۆڕک: ز. پشت مل.
قوڕکێش: کرێکارێکە کە هەر قوڕ بکێشێ بۆ وەستا.
قوڕکێشان: بردنی قوڕ بۆ وەستا.
قوڕکێشی: قوڕکێشان.
قوڕگ: قوڕقوڕاگە.
قوڕگدڕاو: بریتییە لە مەردوومی دەنگ زلی چەنەباز. بریتییە لە مەردوومی چاوبرسی زۆرخۆر.
قوڕگدڕیاک: د. قوڕگدڕاو.
قوڕگرتنەوە: کردنی گڵ بەقوڕ بۆ کارکردنی.
قوڕمساخ: گەواد.
قوڕمساغ: قوڕمساخ.
قۆڕن: د. تاوان و گوناح.
قوڕنازک: ئانیشک.
قوڕنانە سەرچاو: بریتییە لە داخ و خەفەتکردن بەدڵی یەکێکدا.
قوڕناویلکە: دەعبایەکی درێژی پچکۆلەی ئاوییە لە بەهاراندا پەیدا دەبێ و دەنگێکی زلی هەیە.
قوڕنە: گۆشەی ژوور یا حەوش.
قوڕنەت: با. قوڕنە.
قوڕواق: قوڕباق.
قوڕ و قسڵ: شتێکە دەگیرێتەوە لە گڵ و قسڵ بۆ بەکارهێنانی لە بناغەی دیواردا.
قوڕوقوشم: قوڕقوشم.
قوڕوقە: د. بلاوبوونەوەی چەند سوارێ لەکاتی هێرشدا.
قوڕ و قەپ: قڕ و قەپ.
قوڕ و قەپۆز: قڕ و قەپۆز.
قوڕۆڵ: کولۆر.
قوڕۆڵی: کولۆری.
قوڕونچک: نوقورچ.
قوڕوو: قورگ.
قوڕووگ: قورگ.
قورە: ز. دۆشای بەرسیلە.
قۆڕە: دەنگی ڕەشەولاخ. جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی قۆڕقۆڕە، (قۆڕەقۆڕ) قۆڕەی یەک لە دوای یەک. دەردێکە تووشی ڕەشەولاخ دەبێ و دەیکوژێ.
قوڕەڕەش: جۆرە قوڕێکی ڕەشە بەنی پێ ڕەش دەکرێ.
قوڕەسوور: جۆرە قوڕێکی سووری پاکە گلاوی پێ دەردەکرێ و بۆ لیر دەدرێ لە جەستە.
قورەکاری: خەریکبوون بەکاری قورەوە.
قووریانە: د. گیاندارێکە کە پێی دەڵێن قۆڕی.
قۆریانە زەردە: د. بزنمژ.
قۆڕی: دەعبایەکە وەک مارمێلکە بەلام ئەم گەورەترە. بوونی مەردووم بە قۆڕ. قۆڕیە (د).
قۆڕیجان: د. کوڵنجان.
قۆڕیتان: وتەیەکی سووکە بەهێندێ ئافرەت دەوترێ.
قوڕین: شتێکە لە قوڕ دروست کرابێ.
قورس: شتێکە لە هەڵگرتندا گران بێ. گوێیە کە بەگران شت ببەیت. بریتییە لە مەردوومی سەنگین.
قورسایی: گرانی و سەنگینی شت.
قورس و قۆڵ: د. شتی داڕێژراوی قایم.
قورس و قەمەر: بریتییە لە مەردوومی سەنگین و گران.
قورسی کەمەر: بەری گیایەکی گەرمیانییە ناوکێکی سپی هەیە بەکوتراوی دەکرێ بەدەمی منداڵی ساوادا بۆ ڕەوانی.
قورسی نەعنا: نوقڵێکی پانی گردە لە شەکر و ئارەقی نەعنا دروست دەکرێ.
قورسی: قورسایی. بریتییە لە سەنگینی و گرانی مەردووم. کورسی.
قورعان: قورئان.
قۆرغ: حەمامێکی تێکڕاییە کە بۆ یەکێک یا خێزانێک تەرخان کرابێ.
قۆرغکردن: تەرخانکردنی حەمامێکی تێکڕایی بۆ یەکێک یا بۆ خێزانێک.

قۆرگ: ز. کلێنچکەی مەردووم.

قورم: با. بنکی درەخت.

قورمیش: کۆکی سەعات: سەعاتەکەم قورمیشە. دێیەکە لە موکریان، (قورمیشکردن) کۆککردنی سەعات.

قورنچک: نوقورچ.

قورۆ: د. زوقم.

قورواق: بۆق.

قوروان: قوربان.

قوروانی: قوربانی.

قورسکان: نوسکانەوەی سەگ لە کاتی ئازار پێ گەیشتنیدا.

قورسکە: دەنگی سەگ لە کاتی ئازار پێگەیشتنیدا، (قورسکە قورسک) قورسکەی یەک لەدوای یەک.

قورۆک: کولۆر. کورۆک.

قورۆڵ: کولۆر.

قورۆمە: هەوجار.

قورووقە: د. ڕاکردنی کۆمەڵێک و بڵاوبوونەوەیان.

قۆرە: بەرسیلە.

قۆرەقۆر: ز. قۆڕەقۆڕ.

قۆریات: جۆرە مقامێکە.

قورینگ: قولنگ.

قۆریە: شتێکی دەسک و لولەدارە لە شووشە یا لە فافۆن چای تێدا لێ دەنرێ. ناوی گەڕەکێکە لە شاری کەرکووک.

قۆری: قۆریەی چا. کادانێکە دروست دەکرێ لە تەنشت ماڵانەوە بەگردی لە تەیان و، ناوەکەی پڕ دەکرێ لە کا و سەرەکەی بەقۆقزی سواغ دەدرێ. لۆدەی گزرە گیا.

قوز: جێی میز و زانی مێینە.

قۆز: شتی زۆر چاک. گیانداری شەنگ و شۆخ.

قۆزاخە: گوڵی بەری پەموە کە ناوەکەی پڕە لە لۆکە. شتێکی خڕە کرمی ئاوریشم هەڵی دەپێچێ.

قوزبڕکە: دووکلکە. بریتییە لە چەقۆی پچووک. ملە.

قۆزتنەوە: گرتنەوەی شت بەدەست و بردی.

قۆزراوە: شتێکە کە بەپڕ پێداکردن بەحەواوە بگیرێتەوە.

قوزەڵقورت: جۆرە دەردێکە وەک سندان لە گیاندار و کاڵەک و شووتی و ترۆزی دەدا. وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە لە وەرامی یەکێکدا دەوترێ.

قۆزڵاخ: د. قۆزاخە.

قۆزڵاخە: د. قۆزاخە.

قۆزڵەمینە: چێشتی چەنسووتەکە.

قوزوڵقورت: د. قوزەڵقورت.

قۆزە: کۆکە، (قۆزەقۆز) قۆزەی یەک لەدوای یەک.

قۆزەڕەشە: د. کۆکەڕەشە.

قۆزە قورواق: د. قەوزە.

قوزەسووتەکێ: سووتانەوە و سووربوونەوەی زێی کچی منداڵ.

قوزەڵقورت: قوززەڵقورت.

قۆزێتی: کوڕێنی و خۆ بەقۆز نیشاندان.

قۆزێنی: قۆزێتی.

قۆزی: قۆزێتی.

قۆزین: کۆکین.

قوژبن: قوڕنە.

قۆژیانە: د. سووسەمار.

قوس: قوز.

قۆستنەوە: قۆزتنەوە.

قوسان: ز. ئاوسان و کوترانی پێ لەبەر زۆر ڕۆیشتن.

قوش: ز. خەرمانێکە ئامادەکرابێ بۆ کوتان.

قوشقن: قایشێکە لە کلکی وڵاخ هەڵدەکێشرێ و لە قەڵتاخ قایم دەکرێ.

قوشقنبوون: قوشقیبوون.

قوشقنە: قوشقن.

قوشقی: مەردوومێکە کە تووڕە بووبێ، (قوشقیبوون) تووڕە بوون، (قوشقیکردن) تووڕەکردن.

قۆشمە: مەردوومی گاڵتەچی.

قۆشە: دراوێکی کەم نرخی ئێرانییە. گێژخواردنی مووی ناوچەوانی ئەسپ و ماین، ئینجا ئەم مووە ئەگەر لە یەک لاوە بوو ئەوا باشە و ئەگەر لە دوو لاوە بوو ئەوا شوومە و پێی دەڵێن جووت قۆشە (د).

قۆشەن: د. لەشکر.

قۆشەنیان: د. لنگدانی وڵاخ: ئەم شوێنە مەیدانی قۆشەنیانە.

قوفڵ: د. قفڵ.

قوفلین: ز. زۆر سەرمابوون و ڕەقبوونەوە لە سەرماندا.

قوففە: قایغ.

قوفە: قوففە.

قوفەوان: قایغەوان.

قۆق: ز. یەک سەر لە ئاژاڵ.

قۆقز: شتی زەق و دەرپەڕیو.

قۆقزایی: عاستی قۆقزی شت.

قۆقزی: قۆقزایی.

قول: مەردوومی زۆر ڕەش. لە ئەژنۆ بەرەوخواری گیاندار تا قاپی. باقە: (قول)ێک گیام درووە. کونی دیوار و شتی تر (ز). باش وێستانی هەلووک بەجۆرێک کە ژێرەکەی بۆش بێ بۆ ئەوەی کە بەدار هەلووک لێت دا باش بەرزبێتەوە.

قوڵ: شتی کوڵ. قوڵپی شت لەسەر ئاگر. سەری تیژی هێلکە.
قۆل: قۆڵ.
قۆڵ: ناوەندی شان و ئانیشک. ئێشکچی شەو کە بەناو ئاواییدا دەسوورێتەوە. دەستەیەک لە مەردووم: لەشکرەکە (قۆڵ قۆڵ) بوو. داری ئەم لاو ئەولای عـەرەبانە. شـتی نەسـتـوور (د). ناوچە: لە قۆڵی مەڵکەندی.
قولاپ: دردوشێکی چقـەداری تیژە بەلووتەکەی چەرمی پێ کون دەکرێ و بەچقەکەی دەزوو لەگەڵ خۆی دەهێنێـتەوە دەرەوە. ئاسنێکی لووت تیژی چەوتاوەیە شتی پێدا دەکرێ. قولەپێ (د).
قولاپ دۆز: د. کەسێکە بەقولاپ شت بدروێ.
قولاپ دۆزی: دروونی شت بە قولاپ.
قولاپە: شتێکی لووت چەماوەی تیژە دەگیـرێـنرێتە هێندێ شت. قولەپێ.
قولاج: د. قولانج.
قۆلاج: د. قولانج.
قولاچە: قالۆنچە.
قـولاخ: جـێگای دابەشکردنی ئاو بۆ مـەرەزە لای سـەرووییەوە. پارچەیەک لە ئەندامی ئاژاڵە کە درندە خواردبێـتی یا مردار بووبێتەوە و شوان بە بەڵگە هێنابێتیەوە بۆ خاوەنی. کەوڵ و پێستی گیاندار (د). مۆڵبوونی ماسی و ئاژاڵ.
قولاخە: مۆڵبوونی ماسی و ئاژاڵ.
قولاخەدان: کۆمەڵبوون و بەسەر یەکداکەوتنی ماسی لە سەرمادا. کۆمەڵبوونی گیاندار.
قـولانج: مـاوەی پانی دەست لە سـەری پەنجە گەورەوە تا سـەری پەنجەی دۆشاومژە.
قۆلانج: د. قولانج.
قۆلانچە: قالۆنچە.
قولب: قولف.
قولبوون: ز. کونبوونی شت.
قۆڵبەست: بەندییەکە لە پشتەوە هەردوو قۆڵی بەسـترابێ، (قۆڵ بەسـتـکردن) بەسـتنی هەردوو قـۆڵی بەندی لە پشـتـەوە بۆ ئەوەی کە ڕانەکا.
قۆڵبەن: بازیبەند (د). قۆڵبەست.
قۆڵبەند: قۆڵبەن.
قـوڵپ: قـولفی شت. بڵـقی شـتی شل لەسـەر ئاگـر. بڵـقی ئاو لەکاتی هەڵقولانیدا. هەنسکی گریان.
قـوڵپدان: بڵقدانی ئاو لە کاتی هەڵقولان یا کولانیدا. هەنسکی گریان.
قوڵپن: مەردوومی خرپنەی قەڵەو.
قوڵپنە: قوڵپن.
قـوڵپە: دەنگی کوڵینی شـتی شل، (قـوڵپەقوڵپ) قـوڵپـەی یەک لەدوای یەک. قوڵفە.
قوڵپەژێر: هـ. بەری گوڵە هێرۆ.
قۆڵپێچ: شتێکی درێژە نان پێوەدەر دەیپێچێ بەقۆڵیدا بۆ ئەوەی قۆڵی نەسووتێ.
قۆڵت: قۆرت.
قۆڵتر: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەمەردوومی پیری داکەوتوو.
قـوڵتـە: مـەلێکی کـەوەڵەی خـاڵ و مـیلدارە لە (دارکـونکەرە) پچـووکـترە بەشـوێنی سەختـەوە هێـلانە دەکـا وەک هێـلانەی پەرەسێلکە. جۆرە دەنگێکە لە کـاتی خواردنەوەی شـتی شل لە گەرووی هێندێ کەسدا پەیدا دەبێ ،(قوڵتەقوڵت) قوڵتەی یەک لەدوای یەک. دەنگی نقـومـبـوونی شـتـێک لە ئاودا. قوڵپەی گەورەی شتی شل لەسەر ئاگر.
قوڵتەخۆرە: د. ژێردەریایی.
قوڵتەش: د. مەردوومی بێ شەرم.
قوڵتەشە: د. قوڵتەش.
قوڵتیان: د. قوڵتە کردن بۆ ژێر ئاو.
قولچماخ: هـ. مەردوومی قسەخۆشی قسەڕەوان.
قۆڵچی: کەسێکە باجی دەوڵەتی بسێنێ.
قۆڵچێتی: بوونی مەردووم بەقۆڵچی.
قۆڵداخ: بازن.
قولدر: د. مەردوومی بێ شەرمی بێ حەیا.
قولغ: جوان.
قولف: ز. قولب.
قـولف: جێگا دەست لە هەموو شتێکدا کە پێی هەڵبگیرێ. قفڵ (د). ئەڵقەیەکە دەنرێ لە هێندێ شت.
قوڵف لێ نان: بریتییـە لە سەنگین و گـران ڕاگرتنی یەکـێک کە سەنگین و گران نەبێ. پیاگرتنی قوڵفە بەهێندێ شتدا.
قـولفـە: جۆرە گـرێیـەکـە کە بەڕاکێـشـانی لایەکی بکرێتـەوە. ئەڵقەیەکە دەنرێ لە هێندێ شت.
قـولقـولان: جۆرە یارییـەکی دوو دەسـتەییـیە پەنجەی قـاچی چەپ دەگـرن لە پشـتـەوە بەدەسـتی ڕاست و لەسـەر پێی چەپ بەهەنگڵە شەلێ دەچن بۆ یەکتری.
قولقولانچکە: د. قولقولانە.
قولقولانە: د. بالـینە.
قولقوڵە: د. قوڵەقوڵی شت لەسەر ئاگر.
قولکرن: ز. کونکردن.
قولله: قەڵای بەرز.

قوله: کوللەی مەشکە درە.
قۆلمە: د. لوولاق.
قۆلنج: کۆلنج.
قـولنگ: باڵندەیەکی قـاچ و مـل درێژە لە شـینەشـاهۆ دەچێ. قولنگە.
قولنگە: پاچێکی کلک کورتی دەم خڕی لووت تیژە.
قولۆر: د. کلۆر. شتی نالەباری نارێک.
قولۆق: کلکی گەنمەشامی.
قولولولو: د. چاوشارکێ.
قولووج: چاڵە قووتە.
قولووچان: د. جۆرە یارییەکە.
قولووچ قولووچ: شوێنی چاڵ و چۆڵ.
قوله: تەپلە سەری شاخ و درەختی بەرز. قوللە.
قـوڵە: سەری تیـژی هێلکە. ناوی دێیـەکـە لە سنووری خـانەقین. گیانداری کلک کورت.
قۆله: د. قۆلانچە.
قولەبازەڵە: د. قەلەباچکە.
قولەبانک: با. بەرهەیوانێکە لەسەربان دەکرێ نوێن و شتی تری تێدا دادەنرێ.
قولەبنە: کولەبنە.
قولەپسکێ: د. سستی لە ڕۆیندا.
قولەپە: د. قولەپێ.
قولەپێ: ئێسقانێکی ڕەقەڵەی بەرزە بەم دیو و بەودیوی قاچەوە.
قولەشین: کەروێشک.
قولەفیسقە: د. قولەپێ.
قولەقاچ: قولەپێ.
قۆڵە قۆڵ: کولەکولی شت لەسەر ئاگر.
قولەک: ز. گیایەکی گەڵا پانە بەسەر زەویدا پان دەبێتەوە.
قولەمشت: قولی مشت.
قولەمشتێ: شتێکە بەپەنهانی بیخەیتە قولی مشتی یەکێکەوە.
قولەنگ: قولنگ.
قولەنگە: قولنگە.
قۆلە نەخشینە: د. جۆرە قالۆنچەیەکی ڕەنگاوڕەنگە.
قۆڵەوانە: بازووبەند.
قول هەڵکراو: گیانداری بەقولی گورجوگۆڵ.
قۆڵ هەڵماڵراو: قۆل هەڵکراو.
قولیان: د. کۆلان.
قولی مست: ناوبەری دەست بەقووچاوی.
قولیک: ز. بەندیخانە.
قـــوم: پڕ بەگـــووپ لە ئاو و شـــتی شل. لم. دیزەی دۆ (ز). دەفرێکی گەورەیە ئاوی تێ دەکرێ بۆ ئاژاڵ (د).
قـومـاتە: پارچە تەنراوێکە منداڵی تازەبووی پێ دەپێـچـرێتـەوە، (قـوماتەکردن) پێچانەوە و شـەتەکـدانی منداڵی تازەبوو لە مەرحەمە یا شتێکی تردا.
قـومـار: چەند یاری کـردنێکی تایبـەتیـیـە دەکـرێ لەسـەر پارە بردنەوە. یاری.
قومارباز: بریتییە لە مەردوومی فێڵباز.
قوماربازی: بریتییە لە فێڵبازی.
قۆمارچی: کەسێکە یاری قومار زۆر بکا.
قومارخانە: شوێنێکە کە هەر قوماری تێدا بکرێ.
قوماركردن: خەریکبوون بەقوماردوە.
قوماركەر: قومارچی.
قوماش: کوتاڵ. ناوە بۆ جۆگە ئاوێک لە شارەزوور.
قومام: گیایەکی سەلکداری بەرزی قەفقەفی بەهارییە سەلکەکەی شیرینچکە گوڵی وەک گەنم وایە بەلام ئەم شیردی کەمە.
قـومـامە: تەقـەڵێکی گەورەی ئەم دیو و ئەو دیوە کە ناو بەناو لە دۆشەک دەدرێ.
قۆمان: قەومان.
قۆماندن: بەرپاکردنی کارێکی گرنگی ناخۆش.
قۆمانن: قەوماندن.
قومپارە: د. گوللە تۆپێکە کە ساچمەی زۆری تێدا بێ.
قومپاژنە: پاژنەی پێ.
قومپانی: قومپاژنە.
قـومری: باڵندەیەکی پلـپـلـی باریکی زۆر جـوانی دەنگ خـۆشـە لە کۆتر پچووکترە. قەرنابیت (د).
قومقمۆک: قومقومۆکە.
قومقمۆکە: قومقومۆکە.
قـومقومۆکە: دەعبـایەکی پچکۆلەیە وەک مـارمێلکە. گـۆزەڵەیەکی مل بـاریکی بەرزە نـاوملەکـەی کـون کـونە لەکـاتی ئـاو لێ ڕۆکردنیدا بلقەبلقی لێوە دێ.
قومقومە: دەفرێکی مسینی قوڵفداری مل باریکی بن پانە.
قـومڵاخ: قـورێـکی ملـی ئەسـتـوورە کـە پەیدابووبێ لە باران یا لە ئاوی ترەوە.
قـوملێدان: وەرگـرتن و هەڵمـژینی شـتی شل بەدەم بۆ خـواردنەوە. مژدان لە جگەرە و سەبیل.
قوموش: قومووش.
قوموش لێدان: د. قومووش لێدان.
قـــومـــووش: زەوییـــەکی هەڵدڕاوی قـــوڵە لە بـاری درێژی لەژێر زەویدا.
قومووش لێدان: هەڵکەندنی قومووش لە زەوی بەیەخە درێ.
قومەزە: د. زۆڵ.

قۆمیان: قەومان.
قۆمین: قەومان.
قۆناخ: قۆناغ.
قۆناخە: قۆناغە.
قۆناخەپێچ: قۆناغەپێچ.
قونار: لقی وردی مێو کە بەری نەبێ و لقە بەردارەکانی بێ هێز بکات، (قونارکردن) کردنەوەی قونار لە مێو.
قۆناغ: دیواخان: ماڵی فیسار کەس (قۆناغ)ێکی گەورەیە. ڕۆژەرێیەک: ئێرە و کەرکووک سێ (قۆناغ). لای خوارووی تفەنگ کە دارێکی پانە.
قۆناغە: منداڵێکە لەناو مەرحەمەیەکدا پێچرابێتەوە و قوماتە کرابێ.
قۆناغەکردن: شەتەکدانی منداڵ و قوماتەکردنی.
قۆناغەپێچ: پارچە تەنراوێکە منداڵی پێ قۆناغە دەکرێ.
قونتاخ: ز. قۆناغی تفەنگ.
قونتک: ز. یاپراخ.
قونجک: ز. قوژبن.
قونجرکە: پەیکوڵ.
قونچرک: چرنووک، نوقورچ.
قونچک: قنچک، ئەغرەجگەرە.
قونچکە: قنچکە، (قونچکەکردن) قنچکەکردن.
قوندا: ز. قنگدەر.
قۆنداخ: قۆناغەی تفەنگ.
قۆنداخە: قۆنداخ.
قوندە: گیاندارێکە کە کلکی زۆر کوڵ بێ.
قۆندەرە: جۆرە پێڵاوێکی پاژنەدارە لە چەرم دروست دەکرێ.
قۆندەرەچی: کەسێکە هەر قۆندەرە دروست بکات.
قۆندەرەچێتی: خەریکبوون بەدروستکردنی قۆندەرەوە.
قۆندەرەکردن: بەرزبوونەوەی ئاوی خوڕ لە ناو چەم و ڕووباردا بەهۆی خڕەبەردی ناویەوە.
قۆنگرە: شوێنی بەرز بۆ چاودێری شتێک.
قونە: جۆرە ڕۆینێکە کە بەهەنگاو نەبێ: چۆلەکە بە(قونە) دەڕوا، قونەکردن: ڕۆینی بەقونە، قونەقون: قونەی یەک لەدوای یەک.
قۆنەقۆن: ڕۆیشتن بەهەنسکە برکێ و تەکەتەک: فیسار کەس بە(قۆنەقۆن) هات.
قۆنیاغ: جۆرە خواردنەوەیەکی گران مایەیە کە سەرخۆشی دەدا.
قونێر: دومەڵ.
قونیک: قولەپێ.
قوو: باڵندەیەکە گۆشتی دەخورێ و تووکی زۆر نەرم و شلە دەکرێ بەسەرین. قوولە و هەرا (د).
قوواش: ز. قوشقن.
قوواقوو: د. قاوەقاو.
قووپک: بەرزییەکە لە ناوەڕاستی تەختانییەکدا. پشتی دەرپەڕیو.
قووت چوون: چوونە خوارەوەی شت بەناو شتێکی تردا: پاروەکە یا زەلامەکە لە ئاوەکەدا (قووت چوو).
قووتدان: بردنە خوارەوەی خواردەمەنی لە دەمەوە بۆ ناوسک.
قووتکردن: قووتدان. ڕووتکردن. نوقومکردن.
قووتە: ڕووتەڵ. نوقومبوون.
قووتەڵ: ڕووتەڵ.
قووتەڵە: قووتەڵ.
قووتی: ز. قوتوو.
قووجانن: د. قووچاندن.
قووچ: شتی بەرزی کەڵەگەت.
قووچان: لێک نراوی دەست و دەموچاو.
قووچاندن: لێکنانی دەست و دەموچاو.
قووچانن: قووچاندن.
قووچاو: دست و دەموچاوی لێکنراو.
قووچەک: چەند شتێکە لەسەر یەک دابنرێ بەقووچی.
قووچەکە: ئەموستیلەی دروومان .
قووڕاندن: هاوارکردنی سەگ و تانجی لە کاتی ئازار پێ گەیشتنیاندا.
قوڕانن: قووڕاندن.
قووڕە: دەنگی سەگ و تانجی لە کاتێکدا کە ئازاریان پێ بگا بەڕەنگێک کە لە (قووڕوسکە) گەورەتر بێ، (قووڕەقووڕ) قووڕەی یەک لەدوای یەک.
قووری: ل. قۆریەی چا.
قووزە: قووڕە، (قووزە قووز) قووڕەقووڕ.
قووس: با. جۆرە کولێرەیەکی بێ ڕۆنە.
قووقاندن: تێ هەڵکردنی کەڵەشێر بەخوێندن.
قووقانن: قووقاندن.
قووقە: دەنگی خوێندنی کەڵەشێر، (قووقەقووق) قووقەی یەک لەدوای یەک.
قوول: قووڵ.
قووڵ: شوێنی زۆر چاڵ.
قوولاندن: بانگەوازی یەکێک لە دوورەوە: تێی قوولاند.
قوولانن: قوولاندن.
قووڵایی: عاستی قووڵی شت.
قووڵک: چاڵی پچووک.
قووڵکردنەوە: بریتییە لە زۆر وردکردنەوەی قسەیەک.

قــوولکە: قــوولک. چاڵێکە لە تەنیــشت دۆڵیــانی ئاشــەوە ناردەباری ئاشەوانی تێ دەکرێ. ئاگردان (د).
قووله: جۆرە دەنگێکی بەرزی درێژە مەردوومی لە دوور پێ بانگ دەکــرێ، (قــووله قــوول) قــوولەی یەک لەدوای یەک. ناوی دێیەکە لە ناوچەی سەنگاو.
قوولەکردن: قوولاندن. بریتییە لە پێ هەڵبڕین لە هەموو کردار و گوفتارێکدا.
قووڵی: قووڵایی.
قووڵینە: دەفرێکی شوولینی قووڵی دەم واڵە.
قوون: قنگ.
قوونار: قونار، (قوونارکردن) قونارکردن.
قووندان: قنگدان. سمتەجۆڵەی مریشک و کەڵەشێر.
قووندەر: قنگدەر.
قوونەبان: قنگەبان.
قوونە و تلوور: قنگە و تلوور.
قوونێر: دومەڵێکە کە لە دەوروبەری کۆم پەیدا دەبێ.
قووڵی: چێشتی قوبووڵی.
قوێخا: کوێخا.
قوێخایانە: مووچەیەکە دەدرێ بەکوێخا.
قوێل: قووڵ.
قوێلە: د. قووله.
قوێن: قنگ.
قەب: ز. زۆرانبازی.
قەبا: ز. قەبە.
قەباخ: بەرگی ڕەقی شت.
قەبارە: بارستایی شت.
قەبالە: ز. قەباڵە.
قــەباڵــە: نووسـراوێکی مـۆرکـراوە لە خـرید و فـرۆشـتـدا دەدرێ بەیەکتری.
قەبر: گۆڕ.
قەبران: گۆڕستان.
قــەبراوقــەبرکردن: ناشـتنی مـردوویەکی تازە بەسـەر مـردوویەکی کۆندا لە قەبرێکدا.
قەبرسان: قەبرستان.
قەبرستان: گۆڕستان.
قەبرخە: قەبرغە.
قەبرغە: کەلەکە.
قــەبر هەڵبــەستن: هەڵبــەستن و چنینی قــەبر بەبەرد یا بە خــشتی سوور.
قەبر هەڵکەن: کەسێکە کە هەر گۆڕ بۆ مردوو هەڵ بکەنێ.
قەبر هەڵکەندن: هەڵکەندنی گۆڕ بۆ مردوو.
قەبز: کەسێکە کە ڕەوان نەبێ. مەردوومی دڵتەنگ.
قەبزە: قەوزەی ناو ئاو.
قەبزەنوشتە: شتێکە کە بەسێ سووچی نوشتێنرابێتەوە.
قەبزی پایز: ناوەڕاستی پایز.
قەبزی: دڵتەنگی. بوونی گیاندار بەجۆرێک کە ڕەوان نەبێ
قەبقاب: قاپقاپ.
قەبقەبۆک: جۆرە گیایەکە بەرێکی خڕی وردی سوور دەگرێ.
قــەبلاندن: ئەندازەدانان بۆ شــتــێک لە بابەت نرخــیــەوە یا چەندێتییەوە.
قەبلین: ز. پێگەیشتن و بەخۆداهاتنی کشتوکاڵ.
قەبۆقەبۆ: قەبووقەبوو.
قەبووقەبوو: ز. وتەیەکە دەوترێ لەکاتی داواکردنی زۆرانبازی و جەنگدا، واتە وەرە مەیدان.
قەبە: شتی زلی ناشیرین.
قەبەدایی: مەردوومی قەبەی درشت.
قەبەیی: زلی و ناشیرینی.
قەپ: قەپاڵ.
قەپاتکردن: داخستنی هەموو شتێک.
قەپاخ: قاپۆڕی شت.
قەپاڵ گرتن: پڕ بەدەم ددان گیرکردن لە شتێک.
قــەپان: شــتــێکە وەک تەرازوو بەڵام ئەم شــتی قــورسی پێ دەکێشرێ.
قەپانجەرە: بالینە.
قەپانچی: کەسێکە کە شت لە قەپان بدا.
قــەپاندنەوە: خــواردنی هێندێ شت بە لەوێچ وەک قــاووت و برێشکە .
قــەپانکردن: لە قــەپاندانی شت. هەڵچنینەوەی ڕووی دیواری ڕووخاو.
قەپانن: د. فڕاندن.
قەپانی: مزی شت لە قەپاندان.
قــەپ داگرتن: بریتــیــە لە داواکردنی ئەندازەیەکی زۆر لە نرخی شتێکدا.
قەپرخە: قەبرغە.
قەپگرتن: گازگرتن.
قەپلاخ: جۆرە کڵاوێکی تووکنە لە پێستی بەرخ دروست دەکرێ.
قەپوبر: د. قات و قڕ.
قەپوچک: پاروونان کە وەک کەوچکی لێ بکرێ و ماست و شتی شلی پێ هەڵگیرێ بۆ خواردن.
قەپوچکە: قەپوچک. بەرزبوونەوەی ناو لە کاتی لێکەوتنی دڵۆپی باران بەلێزمە.

قەپۆز: دەم و لووتی هێندێ گیاندار.

قەپوقڕ: کش و مات: منداڵەکان هەموو (قەپوقڕ) دانیشتبوون.

قەپۆل: قەپۆلە.

قەپولکە: ترۆزی و خەیار و باینجانی هەڵکۆڵراوە کە لە هاویندا وشک دەکرێتەوە بۆ یاپراخی زستان.

قەپۆلە: مەردوومی ناشیرینی دەموچاو ناڵەبارە.

قەپوو: چەمۆڵە. قاوغ: قەپووی ئەو بەڕووە فڕێدە.

قەپووک: قرپۆڵ.

قەپوولک: پاشقول.

قەپێلک: قاوغی ڕەق. پێڵوو.

قەت: وتەیەکە هەر لە نەبوونی کارێکدا بەکاردێنرێ، وەک وتەی (هەرگیز).

قەتار: جۆرە مقامێکی خۆشی کوردییە. چەند وڵاخێکی بارییە کە بەر و دوا بڕۆن. هۆدەی شەمەندەفەری یەک لە دوای یەک.

قەتاربەستن: ڕیزبوونی گیاندار بەر و دوا.

قەتارچی: کەسێکە کە ئاگاداری قەتاری وڵاخ بکات.

قەتارکردن: ڕیزکردنی شت.

قەتارە: شتی بەڕیز وەستاو.

قەتارەبەستن: ڕیزبوونی گیاندار.

قەتارەکردن: ڕیزکردنی شت.

قەتاندن: با. قرتاندن: سەرێ وی بقەتینە واتە بیقرتێنە.

قەتران: تیژاوێکی زۆر ڕەشە.

قەتک: خەیاری دێمی (ز). پارچەیەک لە شتێک (با).

قەتماخە: قەتماغە.

قەتماغە: توێژی سەربرین.

قەتمەر: مۆری تێر.

قەتێ: کوڕ کوڕ.

قەتیە: قەتێ.

قەتیز: د. قەتیس.

قەتیس: کەسێکە کە لەسەر کارێک دامابێ، (قەتیسبوون) دامان لەسەر کارێک، (قەتیسکردن) بەندکردن و دەستەوسان کردنی یەکێک لەسەر کارێک.

قەجەری: جۆرە کۆپانێکە.

قاچاغ: با. قاچاخ.

قەچاغچی: با. قاچاخچی.

قەحبک: قەحبە.

قەحبە: ئافرەتی سۆزانی.

قەحبەچی: کەسێکە کە قەحبەی ببێ.

قەحبەخانە: شوێنێکە کە هەر قەحبەی تێدابێ.

قەحفک: ز. دەفری گڵێن.

قەد: تەنیشتی شت: خەنجەرەکە بکە بە(قەد)ت. باڵا: فیسار کەس (قەد)ێکی بەرزی هەیە. چەند دێراوێکە کە (ئاوبڕ)یان لەیەک جۆگەوە بێ. دەق: لەسەر (قەد)ی خۆی داینێ. ئەندازە: ئەمە بە(قەد) ئەوە. چین: ئەمە (قەدقەد)ە واتە چین چینە. هەرگیز: قەد درۆ ناکەم واتە هەرگیز.

قەدبڕ: نزیکترین ڕێگایە بۆ شوێنێک کە چەند ڕێگایەکی تریشی بۆ بچێت.

قەدبەن: د. قەدبەند.

قەدبەند: د. پشتێن.

قەدپاڵ: لاپاڵی گرد و شاخ.

قەدرە: کچێک یا کوڕێکە کە تۆزێک بەساڵدا چووبێ.

قەدکردن: نوشتاندنەوەی شت بەڕێکی. بڕینەوەی دار: ئەو دارە (قەدقەدکە) واتە بیبڕەوە بەچەند پارچەیەک.

قەدەح: گوڵی پرتەقاڵ و لیمۆ.

قەدەخە: د. قەدەغە.

قەدەغە: دارستان یا پووش و پاوەندێکە کە خاوەنی نەیەڵێ لێی ببڕێ، (قەدەغەکردن) نەهێشتنی توخنکەوتنی یەکێک بەلای شتێکدا.

قەدەک: قوماشێکی ئێرانی ڕەنگکراوە دەکرێ بەکەوا.

قەدەم خێر: کەسێکە کە هاتنی بەخێر بگەڕێ.

قەدەم شەڕ: کەسێکە کە هاتنی بەخێر نەگەڕێ.

قەدیفک: با. خاولی.

قەدیفە: قەیفە.

قەر: با. قەرد.

قەراج: قەرەقاج. ناوچەیەکە لە لیوای هەولێر.

قەراخ: قەراغ.

قەراردان: بڕیاردان.

قەرارگا: جێگایەکە کە لەشکر لێی هەڵ دابێت.

قەراغ: کەناری شت.

قەراغگرتن: گرتنی شتێک بەلێواری شتێکی تردا بەتەقەڵ.

قەراغەگرتن: قەراغگرتن.

قەرافل: ز. لووتەوانەی ژنان.

قەرام: ز. پارچە چەرمێکە دەخرێتە سەر دەمی گۆزە و دەفری تر بۆ ئەوەی شتی تێ نەکەوێ.

قەران: قرانی دراو.

قەراو: د. شەونم.

قەربوونە: بەر و ورگی خڕ و پڕ.

قەرپاڵ: ز. بەرگی زۆر پیناوی.

قەرپۆز: قەرپووز.

قەرپۆس: قەرپووز.
قەرپووز: شتێکی بەرزە لە زین، دەکەوێتە بەردەمی سوار.
قەرپووس: قەرپووز.
قەرتاڵە: پەرچنۆکە. سەبەتە.
قەرتماخە: قەرتماغە.
قەرتماغە: قەتماغە.
قەرد: قەرز.
قەردار: قەرزار.
قەررازە: زنجیرێکە گوێدرێژی پێ دەبەسترێتەوە.
قەڕاڵ: پاشا.
قەڕالیچە: ژنی قەڕاڵ.
قەڕان: شوێنێکی پانی تەختە کە چەند سوارێک تاوی تێدا بدەن بۆ تاقیکردنەوەی خێرایی وڵاخەکان.
قەڕقەشە: د. گێچەڵ.
قەڕەم: نەیجوول.
قەرز: دراو و هێندێ شتی ترە کە بۆ ماوەیەک بدرێ بەیەکێک.
قەرزار: کەسێکە کە قەرزی لەسەر بێ.
قەرزاری: بوونی مەردووم بەقەرزار.
قەرزدار: قەرزار.
قەرزدان: دانی قەرز بەیەکێک.
قەرزدانەوە: دانەوەی قەرز بەخاوەنی.
قەرزکردن: سەندنی شت بەقەرز لە یەکێک.
قەرز کوێر: کەسێکە کە قەرز درەنگ بداتەوە بەخاوەنی.
قەڕاسە: قەررازە.
قەرز کوێری: بوونی قەرزار بەرەنگێک کە قەرز بەگران بداتەوە.
قەرز و قۆڵە: قەرزێکی زۆرە کە بتبێ بەسەر ئەم و ئەوەوە.
قەرژنگ: ل. قرژاڵ.
قەرساندن: با. بەستن و مەین.
قەرسەقول: تەرسەقول.
قەرسەقول تلەوەکەر: د. گوخلێنکە.
قەرسیل: گەڵا و لاسکی گەنم و جۆی سەوز.
قەرسین: ز. بەستن لە سەرماندا.
قەرفین: ز. شکانی دار لە خۆیەوە.
قەرقاش: ز. مەڕی سپی چاوڕەش.
قەرقاوڵ: مریشکە کێوی.
قەرقەش: قەرقەشە.
قەرقەشە: گێرە و کێشە.
قەرقەمێ: هـ. مەشکە کۆنێکە کە میوەی وشکی تێ کرابێ.
قەرمیچین: ز. چرچبوونی پێستی ئەندام یا کاڵا.
قەرمین: ز. قەرسین. ڕەقبوونی ئەندام لەبەر ماندوویەتی یا سەرما یا باداری.
قەرواش: ز. کارەکەر.
قەرواقە: ل. بۆق.
قەرە: دارەت: خۆی لەو (قەرە)یە نادا، واتە خۆی لەو دارەتە نادا، توخن. گۆبەنگ و بڕ و بیانوو: ئەم شتەی بۆ (قەرە) داناوە، واتە بۆ ئەوەی کە بیکا بەگۆبەنگ.
قەرەباغی: جۆرە نقامێکە.
قەرەباڵغ: جەماوەر و جەنجاڵی زۆر.
قەرەبرووت: شتێکە ئەوەندە سووتابێ ڕەش هەڵگەڕابێ.
قەرەبوو: شتێکە کە بدرێ لە تۆڵەی شتێکی تردا.
قەرەبووکردنەوە: دانی شتێک بەکەسێک لە تۆڵەیْ شتێکدا.
قەرەبوون: د. دەم چەشتبوون.
قەرەبەشە: جۆرێکە لە مراوی.
قەرەبینا: جۆرە دەمانچەیەکی کۆنە لە دەمیەوە دادەگیرێتەوە.
قەرەج: تیرەیەکی کۆچەرین بێژنگ و هێڵەک دروست دەکەن.
قەرەچ: قەرەج.
قەرەچناخ: مەردوومی چەنەبازی بێ شەرمی ڕووهەڵماڵراو.
قەرەچۆڵ: ڕەگەز و بنەچەی هۆزێک یا کەسێک: (قەرەچۆڵ)ی نەما، واتە ڕەگەزی نەما.
قەرەچەناخ: قەرەچناخ.
قەرەچی: قەرەج.
قەرەخەرمان: گەنمێکە بەسەوزی سووتێنرابێ.
قەرەداشی: جۆرە هەڵپەڕکێیەکە.
قەرەزاخ: د. گرینۆک. هەرزەبێژ.
قەرەسەوە: د. جۆرە گومگومەیەکی مسینی مل درێژە ئاوی تێ دەکرێ.
قەرەقاچ: دارێکی پچووکە کرمی کەژ هەر بەوەوە قۆزاخە دەکا و، لە توولەکانی بەرچنە و سەبەتەی لێ دروست دەکرێ.
قەرەقاژ: گرینۆک.
قەرەقوش: د. دەردێکە لە بن دەست یا پێی ئەسپ پەیدا دەبێ.
قەرەکردن: بەدیکردنی شتێکی دوور.
قەرە قەرە: یاری چاوشارکێ.
قەرەکەوتن: توخنکەوتن.
قەرەمینا: قەرەبینا.
قەرەنتوو: تارمایی.
قەرەووڵ: پێشڕەوی لەشکر. نیشانەی تفەنگ.
قەرەوونە: کرمێکی ڕەشی پچکۆلەیە لە کەشک پەیدا دەبێ.
قەرەوێڵە: چار پایە.
قەرەوی: کاڵەکی قەرەیی. قەرەبوو (د).
قەرەیی: جۆرە کاڵەکێکی گۆشت ئەستووری خۆشە.
قەزاتمە: جۆرە گۆشتاوێکە پیاز و لەتکە نۆکی تێ ناکرێ.

قەزاتە: ڕۆژنامە.
قـەزاز: کـەسـێکە کـە قـەراغـی چەفـتـە و مـشکی هەڵبـەسـتێ بەسورمە. جۆرە نقامێکە.
قەزازی: هەڵبەستنی قەراغی جەفتە و مشکی بەسورمە
قەزازیکردن: قەزازی.
قەزان: ل. مەنجەڵ.
قەزاوەگێڕ: شتێکە کە قەزا لە یەکێک بگێڕێتەوە.
قەزخوان: د. قەزوان.
قەزقان: قەزوان.
قەزقوان: قەزوان.
قەزقەوان: قەزوان.
قەزک: با. داری قەرەقاچ.
قەزکوان: قەزوان.
قەزوان: بەری دارەبەن.
قـەزوان سم: درەوشـێکی تایبـەتیـیـە قـەزوانی پێ دەسـمـرێ بۆ تەزبیح.
قەزەب: ز. جگەر.
قەژەکردگ: د. شتی ترشاو.
قەساب: کەسێکە ئاژاڵ سەربڕێ بۆ فرۆشتنی گۆشتەکەی.
قەسابخانە: کوشتارخانەی ئاژاڵ.
قـەسـابی: سـەربڕینی ئاژاڵ و شـەق و پەق کـردنی گـۆشـتـەکـەی.
قەسابی کردن: قەسابی.
قەساو: قەساب.
قەساوخانە: قەسابخانە.
قەساوی: قەسابی.
قەسپ: جۆرێکە لە خورما.
قەسپەتوو: جۆرە توویەکی شیرینی دەنک گەورەی سپییە.
قەستۆر: جۆرە تەنراوێکی توکنی ئەستوورە.
قەستەقول: قەرسەقول.
قەستی: گوفتار یا کردکارێکە بەتایبەتی بکرێ: تۆ بەقەستی ئەو قسەیەت کرد.
قەسخوان: قەزوان.
قەسران: کەسیرەبوون لە سەرماندا.
قـەسـریک: با. تەنەکـەیەکـە دەخـرێتـە بێشـکـەی منداڵەوە بۆ مـیـز تێکردنی.
قەسرین: قەسران.
قەسـسان: ز. قوسسان.
قەسفاندن: ز. پارچە پارچە کردنی گۆشت بۆ فرۆشتن.
قەسفین: ز. قەسرین لە سەرماندا.
قەسقان: قەزوان.

قەسقەوان: قەزوان.
قەسکان: قەزوان.
قەسکوان: قەزوان.
قەسناخ: قاسناخ.
قەسناغە: قاسناغ.
قەسنی: شتێکە وەک بەرەمێو بۆنی زۆر خۆشە.
قەسوان: قەزوان.
قـەسـەتۆرە: تیـغـێـکە وەک شـمـشـێـر بەڵام ئەم کـورتە و دەمەکـەی پانە.
قەسەڵی: جۆرە تفەنگێکە.
قەسیان: د. هەژاری لات.
قەسیل: قەرسیل.
قەسیلە: کەوچک.
قەش: گیانداری چوارپێی ناوچەوان سپی. نەگبەت.
قەشا: ز. سەهۆڵ.
قەشان: بزنی ناوچەوان سپی. ناوە بۆ دێیەک لە ناوچەی ماوەت. گیانداری گولۆڵی بەدبەخت.
قەشاووش: قاشاو.
قەشقە: کولۆڵی بەدبەخت.
قەشمەر: مەردوومی گاڵتەچی. بەچکەی مەیموون (د).
قەشمەری: گاڵتەکردن.
قەشە: پیاوی پێشەوای ئاینی گاوران.
قەشەنگ: شتی زۆر چاک.
قەشەنگی: چاکی و جوانی شت.
قەشەم: ز. قەشا.
قەشتین: ز. ڕۆینی یەکێک کە حەز لە مانەوەی نەکەیت.
قەف: چەماوەی گۆچان. لوولەی قامیش و حەیزەران. قەف قەف: قەفی یەک لەسەر یەک. قاپی مەردووم (د). کەورک (ز).
قەفـانجـەرە: مـاشـەی تووڵـینی مـاسی گـرتن. باڵـینەیەکی تووڵـینە لەژێر دیزە و شتی قۆقزدا دادەنرێ بۆ وێستانی. قەپانچەرە.
قەفت: با. چەپکێک لە گیا یا لە گوڵ.
قەفش: ز. لەوەڕی کەم.
قەفلک: ز. ملوانکەی مەرجان و کارەبا.
قەف و گوڵ: کاتێکە کە دەغڵ بەتەواوی قـەفی کردبێ و کەم کەم گوڵیشی کردبێ.
قەفەز: قەفەس.
قـەفـەزە: جـۆرە دۆڵابێکە کـتـێـب و هێندێ شـتـی تێ دەخـرێ. قـەفـەزێکی گـەورەیە لەسـەر هێندێ گـۆڕ دادەنرێ بۆ پاسی گۆڕەکە.
قەفەزەی سنگ: بۆشایی ناو سنگە بەپەراسۆکانەوە کە دەورەیان داوە.

قەفەس: شتێکی پەنجەرەدارە لە دار یا لە ئاسن دروست دەکرێ بۆ تێخستنی هێندێ باڵدار.

قەفەنگێو: چەند شیشە تووتنێکە کە لەسەر یەک دانرابێ بۆ گەین و رزیبێ.

قەڤد: ز. مشتووی خەنجەر.

قەقنەس: دەڵێن گوایە باڵندەیەکی زۆر دەنگ خۆشە بەسۆزی خۆی دەسووتێ.

قەل: باڵندەیەکی زۆر ڕەشە بەقەد مریشکێک دەبێ. عەلیشیش. بزن و مەڕێکە کە تاقە گوێیەکی برابێ. یەکێکە کە چاوێکی کوێر و پووچ بێ. قەفێک لە قامیش. بریتییە لە مەردوومی زباندار: فیسار کەس زۆر (قەل)ە واتە بەزبانە. سەرشار لە یاری (قەلە مرداری)دا.

قەلا: خانوویەکی قایمە بەشوێنێکی بەرزەوە. قەلایی. قەل (ل).

قەلائیکچی: ز. کەسێکە کە دەفری مسین بەقەلایی سپی بکاتەوە.

قەلاپەچن: دەفرێکە کە پڕ کرابێ لە شتێک بەجۆرێ کە بەرز بووبێتەوە.

قەلات: قەلای بەرز.

قەلاتە: قایشێکە دەکرێتە ملی تانجی بۆ ڕستکردنی.

قەلاچن: قەلاپەچن.

قەلاچۆ: قڕانی گیاندار: ئەمساڵ ئاژاڵەکەم (قەلاچۆ)ی تێ کەوت، (قەلاچۆکردن) قڕ تێخستن.

قەلاخی: د. شتی زۆر ڕەش.

قەلادۆشان: د. قەلاندۆشکان.

قالاس: قەڵداس. گیایەکی بەهارییە وەک کەرخنکێنە وایە.

قەلاش: قلێش.

قەلاشبوون: نابووتبوون.

قەلاشتن: قلێشاندن.

قەلاشدن: قەلاشتن.

قەلاشکەری: داری زەنگەقلێشە.

قەلاشکێن: تۆپێکی بەهێزە قوللە و قەلا دەڕووخێنێ. بریتییە لە مەردوومی بەهێز.

قەلافەت: قەد و بالای گیاندار.

قەلاقەلا: وتەیەکە لە یاری (چاوشارکێ)دا وەستا دەیڵێ.

قەلاکردن: پڕکردنی شتێک لە شتێک بەجۆرێک کە بەرز بێتەوە

قەلاکە: قەلانگ.

قەلان: ز. هەڵکەندنی گیا.

قەلانچە: قەلەباچکە.

قەلاندن: ز. قەلان. کوڵاندنی چێشت.

قەلاندۆش: قەلاندۆشکان.

قەلاندۆشکان: هەردوو سەرشانی مەردووم لە کاتێکدا کە منداڵێکی بخرێتە سەر و هەردوو قاچی بەم لاو بەولای ملیدا شۆڕ بووبێتەوە.

قەلانقۆچ: قەلاندۆشکان.

قەلانکردن: دابوون و سەر بەناودا بردن لە یاری (سنگەوباز) و (یەکە و حەیزەران)دا.

قەلانگ: دارێکی درێژی لووت چەماوەیە مازووی پێ دادەگیرێ.

قەلای: ل. قەلایی.

قەلایی: شتێکە وەک زیو لەحیمی پێ دەکرێ و دەفری مسینی پێ سپی دەکرێتەوە.

قەڵب: دراوێکە کە نەچێ. گیانداری بێ فەڕ.

قەڵباز: د. قەڵەمباز.

قەڵبە: سەردلووتێکی تیژە بەدار و دیوار و ئاسنەوە لە هەرچی بکەوێ بریننداری دەکا. جێگەیەکە لە کالا یا لە جەستە کە (قەڵبە) لێی دابێ.

قەڵبەز: ڕیزە بەردێکی زلە لە گرد یا لە شاخ کە ژێری هەڵۆڵ بێ. قۆندەرەکردنی ئاو.

قەڵبەزە: قۆندەرەکردنی ئاو. ناوی دێیەکە لە سنووری سەنگاو.

قەڵبەزەن: کەسێکە کە دراوی قەڵب لێ بدا.

قەڵبەژەن: قەڵبەزەن.

قەڵبەن: د. پشتێن.

قەڵبیر: د. قەڵبێر.

قەڵبێر: شتێکی کون کونە لە بێژنگ شاشترە، دانەوێڵەی پێ دەبێژرێتەوە.

قەڵبیرە: د. قەڵبێر.

قەڵپ: قەڵب.

قەڵپاخ: قەپلاخ.

قەڵپ و قولاپ: شتی خراپ. خوار و خێچ.

قەڵپووت: چاوێکە کە گلێنەی نەمابێ. گوێزێکە کە بەدارەوە ناوەکەی خورابێ.

قەڵپووز: قەرپووز.

قەڵپووس: قەڵپووز.

قەڵپە: د. قەڵپ.

قەڵپاخ: قەڵتاخ.

قەڵتاخ: قەڵتاغ.

قەڵتاخە کۆن: بریتییە لە مەردوومی پیری ڕزیو.

قەڵتاغ: چواردارە بەچەرمی خاو دادەبەسترێ و دەخرێتە سەر (تەکەڵتووی) زین.

قەڵتاغ لێدان: زینکردنی ولاخ.

قەڵتاندن: دەرکردن و ڕاڕفاندن.

قەڵتە: د. قورمساخ.
قەڵتەبان: د. مەردوومی نەفام.
قەڵخ: پێستەی گیاندار.
قەڵخان: قەڵغان.
قەڵداس: قەڵڵاس.
قەڵداسو: قەڵڵاس.
قەلس: گیانداری لاواز (ز). چرووک (با).
قەڵس: قاڵس، (قەڵسبوون). قاڵسبوون، (قەڵسکردن) قاڵسکردن.
قەڵسۆک: ز. لاوازی بێ هێز.
قەڵسی: قاڵسی و سەغڵەتی.
قەڵش: قڵیش.
قەڵشان: قەڵشین.
قەڵشاندن: قڵیشاندن.
قەڵشین: لەتبوونی دار لە سەرباری درێژی.
قەڵغان: شتێکی گردی پانە لە چەرمی ئەستوور دروست دەکرێ و لەکاتی جەنگدا دەکرێ بە بەرهەڵستی شیر و تیری دوژمن.
قەڵغانبازی: بەکارهێنان و هەڵسووڕاندنی قەڵغان زۆر بەباشی.
قەڵغانە: نەقشێکە لە وێنەی (قەڵغان) دروست دەکرێ لە چیغدا.
قەلفڕکردن: بریتییە لە دەربازبوونی یەکێک.
قەلفەز: تاڤگە.
قەلقولە: ز. لووتەوانەی دەرگا.
قەلقیشک: با. قەلەباچکە.
قەلکردن: هەڵپاچین و قرخکردنی موو. کەلکردن (د).
قەڵڵاس: پرژی گوڵی گەنم و جۆ و برنج.
قەللاش: د. بێ نابڕوو.
قەڵماسک: قۆچەقانی.
قەڵماسن: قەڵماسک.
قەڵماسە: قەڵماسن.
قەڵماسەنگ: قەڵماسک.
قەلمراو: باڵندەیەکی ڕەشی مەلەوانی ماسی خۆرە.
قەلنە: قەنگە.
قەلوبەرد: بریتییە لە دەست تەنگبوونی یەکێک بەجۆرێک کە دەستی بە پوولێکەوە بلەرزێ: فلان کەس کەوتۆتە قەلوبەرد.
قەلودل: قسەزانی بەددەم.
قەلۆکە: پۆلکە.
قولولوولوو: د. چاوشارکێ.
قەلوون: قەنگە.
قەڵوەز: قۆندرەکردنی ئاو.

قەڵوەزە: قەڵبەزە.
قەلەباچکە: باڵندەیەکی ڕەش و سپی کلک درێژە بەقونە دەڕوا.
قەلەبازەڵە: قەلەباچکە.
قەلەپڕ: ژەکێکە کە کرابێتە ناو لوولە قامیشێک و بە ناگر گەرم کرابێ تا بووبێ بە فرۆ.
قەلەخەرمان: قەرەخەرمان.
قەلەڕەش: باڵندەیەکی گەورەی ڕەشی یەک لەتی دەشتییە.
قەلەژارە: قەلەباچکە.
قەلەسابوونی: جۆرە قەڵێکی دەنگ ناخۆشی بۆرەڵووکە.
قەڵەش: قڵیش.
قەڵەشان: قڵیشان.
قەڵەشاندن: قڵیشاندن.
قەڵەش بردن: قڵیش بردن.
قەڵەشت: قڵیش.
قەڵەشتن: قڵیشاندن.
قەلەفڕ: قەلەپڕ.
قەڵەم: شتێکی درێژی لووتدارە پێی دەنووسرێ. پارچە پۆلایەکی لووت درێژە دەخرێتە ناو لووتی (قەڵەمگیر)ەوە و بیرازی پێ دەکرێ. لقێکی بێ ڕیشەیە لە چنار و گوڵەباخ و هێندێ درەختی تر کە وەک قەڵەم دادەدرێ و دەڕوێنرێ. ئەندازەیەک لە شتێک: ئیمڕۆ (قەڵەم)ێک تووتن یا گۆشتم کڕی واتە ئەندازەیەک.
قەڵەمان: قەڵەمدان.
قەڵەمانێن: جۆرە یارییەکە بەقەڵەمدان دەکرێ، بەم ڕەنگە لە هەر ڕوویەکی ژمارەیەک دەنووسرێ و وەک مۆرەی تاوڵە هەڵ دەدرێ، ئینجا ژمارەی هەر کامیان زۆرتر بێ نەوەندە دار یا گورز لەوی تر دەدا.
قەڵەمباز: قەڵەمبازد.
قەڵەمبازد: بازدانی گەورەی بەگوڕ.
قەڵەمبڕ: جۆرە چەقۆیەکی تیژە قەڵەمی پێ دادەدرێ.
قەڵەمتاش: قەڵەمبڕ.
قەڵەمتراش: قەڵەمتەراش.
قەڵەمتەراش: قەڵەمبڕ.
قەڵەمچی: کەسێکە هەر خرید و فرۆشتی تووتن بکا.
قەڵەم دادان: دادانی قەڵەم بەجۆرێک کە پێی بنووسرێ.
قەڵەمدان: شتێکی درێژکۆلەی ناو بۆشە قەڵەمی تێ دەخرێ.
قەلە مردارێ: جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە بەتۆپ دەکرێ.
قەڵەمڕەو: ناوچەیەکە کە دەسەڵاتی کاربەدەستێک بیگاتێ.
قەڵەمکردن: تاشینی سەر و ژێری ڕیش بەرێکی. پەیوەندکردنی درەختێک لە درەختێکی تر. بڕینی سەر لقی دار و درەخت.

قەڵەمگیر: چەکوشێکی لووت کلۆرە قەڵەمی بیرازی تێ دەبرێ.

قەڵەموون: بۆقلەموون.

قەڵەموونە: قەلەموون.

قەڵەندەر: کەسێکە کە دەربەستی جیهان و خواردن و پۆشین و دەستوور و باوی مەردووم نەبێ.

قەڵەندەری: بوونی مەردووم بەقەڵەندەر.

قەڵەنگ: قەڵاتە.

قەڵەو: گیانداری گۆشتن.

قەڵەوبوون: گۆشت گرتنی گیاندار.

قەڵەودز: د. قەڵبەزەی ناو.

قەڵەوی: گۆشتنی.

قەڵێتە: قەڵاتە.

قەلیسێل: ز. گۆشتێکی برژاوە کە ماست و سیری کرابێ بەسەردا.

قەلینجەک: پەنجە توەتە.

قەلین: با. قەلوون.

قەم: لەوح یا تەنەکە یا دارێکی درێژی هەڵکۆڵراوە کە لە بەرزییەکەوە بۆ بەرزییەکی تر ئاوی پێدا بپەڕێنرێتەوە. کۆتە دارێکی گەورەی ناو هەڵکۆڵراوە ئاوی تێ دەکرێ یا ترێی تێدا هەڵدەگوشرێ. پووتی توور: ئەم توورە قەمە، واتە پووتە.

قەمار: قومار.

قەماندن: با. وشککردنەوەی داری تەڕ بۆ سووتاندنی.

قەمت: ز. دووگوێزە کە بەیەکەوە نووسابن.

قەمتار: د. کەمتیار.

قەمتەر: ئاسنێکە وەک لغاو دەکرێتە دەمی ئێستر و مەیموونەوە.

قەمتەربوون: بریتییە لە زۆر رژدی یەکێک بەجۆرێک کە دڵی نەیەت هیچ بخوات.

قەمتەرکردن: قەمتەر خستنە ناودەمی ئێستر و مەیموون. بریتییە لە دەمکوتکردنی یەکێک.

قەمتەرە: بەرگرتنی جۆگەلە ئاوە بەقات قات بە بەرد و گەڵا و گیا و، پلوسک دانانە لە هەموو قاتێکیدا بۆ ئەوەی ئاوەکە بەهێواشی دارژێتە خوارەوە. تا زەوییەکە دانەدرێ.

قەمتەری: بریتییە لە مەردوومی زۆر رژدی هیچ بەدەمدا نەچوو.

قەمچ: پێچ و گیر: پارەکەم کەوتە (قەمچ)ی فیسار کەسەوە. لەوێچ (ز).

قەمچان: ل. هەڵمەقۆ.

قەمچاندن: پێچدان.

قەمچک: ز. کلێنچکەی بزن.

قەمچکردن: د. هەڵپاچینی موو بەمەقەست.

قەمچین: چەرمێکی درێژی هۆنراوەیە وڵاخی پی لێ دەخورێ.

قەمزە: غەمرە.

قەمزە نوشتە: قەبزە نوشتە.

قەمک: د. دزی چالاک.

قەمکە: د. قەمک.

قەموور: مەردوومی پشت دەرپەڕیوی مل بەناودا چوو.

قەمە: تیغێکی دەم پانی درێژە نانوشتێتەوە.

قەمەری: دراوێکی کەم نرخە.

قەمەزەن: فێڵبازی بێ ناموس (د). شیعەیە کە لە شینی دەی محەڕەمدا قەمە لە خۆی بدات.

قەمیش: قامیش.

قەن: د. قەند.

قەنارە: دارێکی بەرزی درێژە مەردوومی پێدا هەڵدەواسرێ بۆ خنکاندن. دارێکە چەند قولاپێکی پێوەیە گۆشتفرۆش گۆشتی پێدا هەڵدەواسێ.

قەناری: د. مەلێکی پچووکی دەنگ خۆشە.

قەناس: د. قەنگاس.

قەنج: ز. شتی باش.

قەند: شەکری کەللە یا کولۆ.

قەنداخ: شەکر و ئاوی لە کوڵ.

قەنداغ: قەنداخ.

قەندان: شەکردان.

قەنداو: قەنداغ.

قەندشکێن: شەکرشکێن.

قەندە: قەنگە.

قەندی ئاوی: نێرگەلە.

قەنددار: کەسێکە کە هەر قەنگە بۆ یەکێک تێ بکا.

قەندەرێژ: توتنی هەڵتەکاوی پوختەکراو.

قەندەکێش: قەنگەکێش.

قەندەهاری: جۆرە گەنمێکی دەنک وردی بەپێزە.

قەندیلە: نۆکی کولاو. قوتیلە.

قەنگاس: ژوور یا جێگایەکە کە سەرێکی پان و سەرێکی تەسک بێ.

قەنگە: سەبیلێکی دارینی کلک درێژە توتنی پێ دەکێشرێ.

قەنگەدار: قەنددار.

قەنگەرێژ: قەندەرێژ.

قەنگەکێش: کەسێکە کە هەر قەنگە بکێشێ.

قەنگەلاشک: درکی کەنگرە دوای وشکبوونی.

قەنگەهاری: قەندەهاری.

قەنگیلە: قەندیلە.

قەنته: د. قەنگە.
قەنەفلێ: هـ. گوریسی تەنگەی کۆپان.
قەنەفە: کورسییەکی تەسکی درێژی تەنشت و پاڵپشتدارە لە سەری دادەنیشن.
قەنەواچە: تەنراوێکی کەمێک ڕەقە دەخرێتە ناو دووتوێی کاڵاوە بۆ جوان وێستانی.
قەنەوز: تەنراوێکی ئاوریشمینی جوانی لووس و پووسی تەنکی بریقەدارە.
قەینی: گیسکی نابووتی پایزەزێ. هەموو گیاندارێکی پچکۆلانە.
قەنیلە: قەندیلە.
قەواخ: د. قاوغی شت.
قەوارێک: ز. کاکڵەی فەریکە گوێز.
قەوارە: قەبارە.
قەواش: ز. کەوگیر.
قەواق: ز. کەسێکە کە گۆزە و دیزە دروست بکا.
قەواڵە: قەباڵە.
قەوان: شتێکی تەنکی گردی پانە دەخرێتە سەر سندوقی گۆرانی و پێی لێ دەدرێ. قاپووری فیشەک. بریتییە لە دەنگوباسی هەڵبەستراو: ئەمە قەوانی ئەمڕۆیە.
قەوانچە: د. حەوانچە.
قەوانچەدان: د. حەوانچەدان.
قەوتی: ز. چاودێری و سەرپەرشتی شت (وصایة).
قەوتیکردن: وەسیەت کردن.
قەوچە: دەم بەیەکدادانی کەر، قەوچە قەوچ: قەوچەی یەک لەدوای یەک.
قەوچەبوون: بریتییە لە گەوشەکبوون.
قەوچەکردن: بریتییە لە گەوشەککردنی یەکێک. دەم بەیەکدادانی کەر.
قەور: قەبر.
قەوران: گۆڕستان.
قەورخە: د. قەبرغە.
قەورسان: قەبرستان.
قەورکەن: قەبر هەڵکەن.
قەورکەنە: گۆڕ هەڵکەنە.
قەورە: ل. بریەند.
قەوزە: جۆرە ملتەیەکی سەوزە لەناو ئاودا پەیدادەبێ.
قەولانن: قەبلاندن.
قەول و بڕ: پەیمان بەستن لەگەڵ یەکێکدا بۆ کردنی کارێک.
قەول و بڕی: قەول و بڕ.
قەولەق: ز. کلتور.
قەومان: ڕوودانی شتێکی ناخۆش.
قەوماندن: بەرپاکردنی کارێکی گرنگی ناخۆش.
قەوماو: کارێکی ناخۆشی گرنگ کە ڕووی دابێ.
قەومە: د. ڕووداوێکی ناخۆشە کە ڕوویدا (کارثة) لە قەومانەوە وەرگیراوە.
قەومیان: قەومان.
قەومین: قەومان.
قەوی: بەهێز.
قەوین: قەوی.
قەهبک: با. قەحبە.
قەی: ترس: قەی ناکات، واتە ترسی تێدا نییە.
قەیاخ: گیایەکی بەهارییە وەک گەنم وایە لە گەڵا و باڵادا، بۆ ئاژاڵ زۆر باشە. قەیاغ.
قەیاخەوان: کەسێکە کە قەیاغی ئاوی لێ بخورێ.
قەیار: زیادەی سمی وڵاخی یەکسم. پنج (ز).
قەیارە: قەمە.
قەیاسە: پارچە کەژوویەکی پانە، سەری پارچە گوریسێک یا قایشێکی تێ هەڵدەکێشرێ، سەرەکەی تری نەڵقەیەکی پێوەیە لەسەر باردوە تەنگەی وڵاخی پێ دەدرێ.
قەیاغ: جۆرە کەڵەکێکە ئەم بەر و ئەوبەری ئاوی پێ دەکرێ.
قەیاغەوان: قەیاخەوان.
قەیتان: چەند تاوە دەزوو یا ئاوریشمێکی هۆنراوەیە دەگیرێ بەلێواری هێندێ کاڵادا.
قەیتەران: گیایەکە، گەڵای وەک گەڵای کەرەوز وایە لاسکەکەی وەک موو باریک و ڕەشە، بەقەد شاخێکەوە سەوز دەبێ کە ئاوی پێدا بێتە خوارەوە، بۆ دەردی گورچیلە زۆر باشە.
قەیچی: مەقەست.
قەید: ئاسنێکی تەنکی پانی درێژە، فەردەی کوتاڵی پێ قایم دەکرێ. قەی: قەیدی نییە، واتە قەی ناکات.
قەیدک: ز. ناوەندی قاپ و سمی وڵاخ.
قەیران: ماوەیەکە لە کات کە لە لایەن پزیشکەوە دادەنرێ بۆ مردن یا ڕزگاربوونی کەسێک کە زۆر نەخۆش بێ.
قەیرە: قەدرە.
قەیسەر قووکردن: بریتییە لە چاودروانی کردنی یەکێک لە شوێنێک بەتەنهایی.
قەیسەری: چەند دوکانێکە کە سەریان بەتاق گیرابێ.
قەیسی: میوەیەکی خڕی زەردی مزری ناوک ڕەقە وەک قۆخ وایە بەلام ئەم پچووکترە.
قەیسی و ڕۆن: خواردەمەنییەکە لە قەیسی و ڕۆنی داخکراو دروست دەکرێ.

قەیفە: پارچە تەنراوێکی لووس و پووسی تووکنە.
قەیفەیی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی قەیفە وابێ.
قەیلۆک: داهۆڵ.
قەیاخ: قەیاغ.
قەیاغ: چەند توێژاڵێکی شیرە دەدرێ بەسەر یەکدا. پەلوولەیەکی چەورە دەکرێ بۆ زەیستان.
قەیناغ: ز. دەسکێشی سەپان.
قیبلە: خانەی خوا لە شاری مەککە کە هەموو موسڵمانێک لە نوێژدا ڕووی تێ دەکا.
قیبلەنما: شتێکە وەک سەعات قیبلەی پێ دەدۆزرێتەوە.
قیتکە: پارچە گۆشتێکی زیادە لەناو زێی ئافرەتدا.
قیچ: کێچ.
قیخا: ز. کوێخا.
قیدقید: قرتە قرتی مریشک.
قێز: هەڵشێوانی دڵ لە شتێک.
قێزشێوانەوە: دڵ هەڵشێوان.
قێزشێوبانەوە: د. قێزشێوانەوە.
قێزکردنەوە: دڵ هەڵشێوان لە شتێک.
قێزەوون: د. شتێکە کە دڵی لێ هەڵبشێوێتەوە.
قیسب: لقەدارێکی باریک و درێژە دەکرێ بەخێزەرەی خانوو. قوّرت و چورتم (د).
قیست: توولە زەڕە.
قیفاڵ: ڕەگێکە لە ئەندامدا. لە هێندێ نەخۆشیدا خوێنی بەر دەدرێ.
قیلکە: د. چیلکە.
قیلومک: ز. کرژبوونی ئەندام.
قێلیچ: با. توێکلی گوێز و بادام و قەزوان.
قیت: شتی قوت. ڕۆنێکە کە بە (دۆخە) وەرگیرێ (ز).
قیتک: ز. قولی مەردووم.
قیتە قیت کردن: مل قوتکردنەوە و تەماشاکردنی یەک لەدوای یەک.
قیتەڵ: گیانداری قوتی پچکۆلەی نەشمیلە.
قیتەڵە: قیتەڵ.
قیچ: شتی قنج. خێل و خوار. شتی کەم: (قیچ)یکم ناو بدەرێ واتە کەمێک.
قیچک: ز. قیتک.
قیچکردنەوە: تەماشاکردن بەنیوە قووچاندنی چاوێک لە ڕووی گاڵتە پێکردنەوە.
قیر: جۆرە کانێکی ڕەشی شلە ڕێگای پێ قیرتاو دەکرێ.
قیراخکردن: ز. خۆکۆکردنەوە و داوێنکردن بەلادا بۆ ڕێ ڕۆین.
قیر بەقەرەس: قیروسیا.
قیرپاچ: قەمچی.
قیرتاو: شوێن یا شتێکە کە قیری تێ هەڵسوورابێ.
قیرتاوکردن: هەڵسوونی قیر لە شتێک.
قیرتەبەق: سەلەیەکی پووشبینە کە قیرتاو کرابێ.
قیڕ: قیر. ژاری سەبیل و قەنگە.
قیڕاندن: قیڕەکردنی گیاندار.
قیڕانن: قیڕاندن.
قیڕە: دەنگی قەبەی بەرزی ناساز، (قیڕەقیڕ) قیڕەی یەک لە دوای یەک، (قیڕ و هووڕ) قیڕەقیڕی زۆر. مەردوومی قۆڕ: ئەوەندەی هاوارکرد (قیڕە) بوو.
قیڕە بوون: بریتییە لە دەنگ دەرهاتن لەبەر زۆر قیڕاندن. قۆڕبوون.
قیڕەکردن: قیڕاندن.
قیڕەکەر: بریتییە لە گیاندارێک کە لە باریدابێ بقیڕێنێ.
قیڕەگون: کەسێکە لەبەر زۆر قیڕاندن قۆڕبووبێ.
قیرسیا: قیروسیا.
قیرسیچم: قیرسیچمە.
قیرسیچمە: مەردوومێکە کە لە کاروباردا لاسار و بەگیروگرفت بێ.
قیرقاج: د. قیرقاچ.
قیرقاچ: وەرگەڕانەوەی سوار بەهەموو لایەکیدا لە کاتی تاودا بۆ تفەنگ تەقاندن.
قیروسیا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتێکدا کە کارێکی خراپ قەومابێ وتۆش ڕقت هەڵسابێ و لە ڕقاندا ئەو کارە خراپەت لەلا مەبەست نەبێ.
قیروقاچ: قیرقاچ.
قیرەتاو: قیرتاو.
قیری: شتێکە لە ڕەنگدا وەک قیر وابێ.
قیرین: شتێکە لە قیر دروست کرابێ.
قیزشێوبانەوە: د. قێزکردنەوە.
قیزەوون: د. قێزەوون.
قیژاندن: قیژەکردن.
قیژانن: قیژاندن.
قیژۆک: ز. باڵندەیەکی سەوزە دەقیژێنێ.
قیژ و واژ: د. قیژ و هووڕ.
قیژە: جۆرە دەنگێکی بەرزی باریکی ناسازی گیاندارە، (قیژەقیژ) قیژەی یەک لەدوای یەک، قیژ و هووڕ: قیژەقیژی زۆر.
قیژەکردن: قیژاندن.

قیسکه تەنگ: مەردوومی کەم چیکلّدانه.
قیڤار: ز. گیایەکه دڕکاوییه کەر زۆری حەز لێ دەکات.
قیقبوون: ز. لاوازبوون.
قیقی: ز. دارکونکەرە.
قیقیداوکه: زیقاوله.
قیلکه: د. چیلکه.
قیمه: گۆشتی کوتراو.
قیمه قیمه: شتی لەت لەتی ئەنجن ئەنجن.
قیمەکردن: وردکردنی گۆشت و کردنی بەقیمه.
قیمەکێش: ئاسنێکی دەمپانی تیژە گۆشتی پێ قیمه دەکرێ.
قین: ڕق.
قیناوی: کەسێکە ڕقی ئەستووربێ.
قین ئەستوور: کەسێکە کە ڕقی هەستا دردنگ دامرێتەوە.
قین جواندن: د. ڕق هەستاندن.
قین جوین: ڕق هەستان.
قین خواردنەوە: ڕقخواردنەوە.
قینکێشان: ڕق هەڵگرتن له یەکێک.
قین له دڵ: قیین له سک.
قین له سک: مەردوومی قیناوی.
قینوون: د. قیناوی.
قینەبەری: ڕقەبەری.
قینەقینەدان: قین هەستاندنی یەکێک.
قینەکێشان: ڕقه کێشان.
قینه ون: د. ڕق ئەستوور.
قین هەستان: ڕق هەستان.
قین هەستاندن: ڕ قهەستاندن.
قین هەڵسان: قین هەستان.
قین هەڵساندن: قین هەستاندن.
قین هەڵگرتن: ڕق هەڵگرتن.

ک

کا: لاسکی وشکەوەبووی گەنم و جۆ و کزن و گەلێ شتی تر.
کاک: (کـا) محەمەد. کوانێ (ز) بکا: بە نەریان بلێین زوو (کا) واتە زوو بکا.
کانێن: ز. کاوێژی وشتر و گیانداری تر.
کاب: با. میچ.
کابان: کەیبانوو.
کابانی: با. میچێن.
کابرا: بریتییە لە کەسێک کە نەتەوێت ناوی بەرێت یا نەیناسیت.
کابە: خانەی خوا لە شاری مەککە کە لە نوێژدا رووی تێ دەکرێ.
کاپان: ز. ڕێگای تەسک و تەنگەبەر.
کاپک: ز. پارچە گوریس.
کاپۆخ: ز. کەسێکە کە بەکرێ گیرابێ بۆ کۆکردنەوەی گیای دروێنەکراو و کردنی بەخەرمان بۆ گزرە.
کاپۆل: ز. کایەکە کە زۆر ورد بووبێ و خۆڵی تێکەڵ بووبێ.
کاپۆڵ: د. کەپوو.
کاپۆڵک: د. کاپۆڵ.
کاپێچ: ژانێکە دووچاری ئاژاڵ دەبێ لە زۆر خواردنی کا وە.
کات: دەمێکی کەم. گەنم و جۆیەکە کە لە جاری پێشووی ڕوابێتەوە.
کاتار: ز. پۆپنەی کەڵەشێر.
کاتژمێر: سەعاتێکە کە کات دەژمێرێ.
کاتە: با. وەچ.
کاخلێ: گیایەکی بەهاری بەرزە گوڵێکی زەرد دەردەکا، دەدرێ لە ڕووی گاڵگاڵی بۆ زەردی و جوانی.
کادان: کایەن.
کادز: ز. کێژی کاکە شان لە ئاسمان.
کادوو: دوکەڵی کا.
کادە: با. کولیچە.

کادێن: کایەن.
کادی: با. کادوو.
کادین: ز. کادان.
کادین مێشی: ز. ژوورێکی پچکۆلەیە پووردەی هەنگی تێدا دادەنرێ.
کار: ساوای بزنە تا دوو سێ مانگانە. نیش و فرمان. پێتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بەنیشکەر (فاعل): کرێکار، بەد (کار).
کاراک: ز. کانی ئاسن.
کارامە: مەردوومی دەرهاتووی کارزان.
کارامەد: کارامە.
کارامەیی: وریایی و ئامادەیی یەکێک لە کارێکدا.
کاربر: د. بریتییە لە یەکێک کە کاروباری مەردووم ببرێتەوە، وەک قازی و حاکم.
کاربەدەس: کاربەدەست.
کاربەدەست: کەسێکە لە کاروباردا هەرخۆی حل بێ.
کار پێ سپاردن: سپاردنی کارێک بەیەکێک.
کار پێسپێراو: کەسێکە کە کارێکی پێ سپێردرابێ.
کارت: سەوزایییەکە لە جاری پێشووی ڕوابێتەوە. پارچە نووسراوێکی چاپکراوە بەناوی یەکێکی تایبەتییەوە.
کارتموک: ز. گوڵێکی زەردە پێی دەڵێن چاوەگا.
کارتە: کارتی سەوزایی. وەچی تووتن.
کارتێ: هەسان.
کارتێکەوتن: حەوجەتێ کەوتنی یەکێک بە یەکێک لە کارێکدا.
کارتێنک: د. پەسپە سەکۆڵە.
کارتێنە: د. کارتێنک.
کارتیخ: جۆرە برپەندێکی وردە.
کارتیغ: کارتیخ.
کارتیک: ز. کارتیغ.

کارچین: ز. جۆرە هەرمێیەکی زۆر خۆشە.
کارخانە: شوێنێکە کە وەستا و شاگرد هەمیشە کاری تێدا بکەن وەک کارخانەی شەکر و جگەرە. بریتییە لە قەحبەخانە.
کارخانەچی: بریتییە لە کەسێک کە خاوەنی قەحبەخانە بێ.
کارخستن: خستنەکاری شتێک: برۆ بەکارخستنی خۆتەوە خەریک بە.
کارد: چەقۆ (هـ). کێرد.
کاردانەوە: کردار یا گوفتارێکە کە لە یەکێکەوە دەرچێ لە وەرامی کردار یا گوفتاری یەکێکی تردا کە بەعەرەبی پێی دەڵێن: (رد الفعل).
کاردروست: کەسێکی ژیری زانای دانای وردی تێبین.
کاردۆژە: د. کاردەوەژە.
کاردوو: گیایەکی بەهارییە گەڵایەکی لاسک درێژی هەیە بەکاڵی زۆر تیژ و بڕندەیە لە پاش زەردکردنی دەخورێ.
کاردو و پەنیر: د. بریتییە لە دوو شت کە هەرگیز کۆنەبنەوە.
کاردووە ڕەشە: جۆرە کاردوویەکی گەڵا پانە دەکرێ بە یاپراخ.
کاردووە کورانە: جۆرە کاردوویەکە.
کاردوومارانە: جۆرە کاردوویەکە ناخورێ.
کاردەپەلە: د. مەلێکە پێی دەڵێن تەڕنە ئەبابیلە. زبر بوونی ئەندام لە سەرمان.
کاردەوەژە: هەڵکۆڵینی شت بەچەقۆ. بریتییە لە ملوموش و زۆر خواردن لە شتێک: ئەمەندە لەم خواردنە (کاردەوەژە) مەکە. فەریکە گوێز (هـ).
کاردی: کاردوو.
کاڕک: میوەی کاڵ و نەگەیو.
کاڕووش: گیایەکە لە هەرزن دەچێ بەڵام ئەم تۆوەکەی ڕەشە و باڵای بەرزترە.
کارزان: کارامە.
کارزۆرەکی: د. بێگاری.
کارژۆلە: بەچکەی ساوای بزن.
کارژەلە: کارژۆلە.
کارژێلە: کارژۆلە.
کارس: ز. هەرزن.
کارساز: ناوی خوایە: ئەی کەریمی کارساز.
کارک: کارگ. کاڵە (با). کارژەلە (ز).
کارکردن: جێگیربوونی قسەیەک لە دڵدا: قسەی پیاوی ڕاست (کاردەکا). تائسیرکردنی دەرمانێک یا خواردنێک لە جەستە بەچاکی یا بەخراپی.
کارکردە: کەسێکە لە پیشەیەکدا شارەزابێ.
کارکەنار: کەسێکە بەپێی تەمەن ماوەی فەرمانی دەوڵەتی تەواو کردبێ و لێ خرابێ (متقاعد).

کارکەناری: لێکەوتن لە کارێک.
کارگ: قارچک.
کارگا: د. کارگە.
کارگوزار: کەسێکە کە کارێکی پێ سپێردرابێ (ساعی) کەسێکە ئەو کارەی کە پێی بسپێردرێ باشی بکا.
کارگوزاری: بەجێ هێنانی کار بەباشی.
کارگە: کارخانەی پیشەسازی.
کارگەچێ: کەسێکە کە فەرەنجی و لباد دروست بکا.
کارگەر: کەسێکە کە لە (کارگە)دا پیشەسازی بکا.
کارماخ: ز. بێژنگی گەورە.
کارناس: کەسێکە لە باسێکی زانستیدا بکۆڵێتەوە (باحث).
کارنامە: د. دەفتەرێکی تایبەتییە کە کاروبارێکی تایبەتی تێدا دەنووسرێ.
کاروا: د. کارەبا.
کاروان: چەند ولاخ و بار و زەلامێکە لە جێگایەکەوە بچن بۆ جێگایەکی تر.
کاروان ئاشی: چێشتی هێلکاو.
کاروانچی: کەسێکە کە کاروان لێ بخورێ.
کاروانسەرا: خانوویەکی گەورەیە کە کاروان تێدا بخا.
کاروان قران: کاروانکوژە.
کاروانکوژ: د. کاروانکوژە.
کاروانکوژە: ئەستێرەیەکی گەشە هێندێ جار زۆر لە پێش بەیاندا هەڵدێ و کاروانچی بەئەستێرەی بەیانی دەزانێ و بار دەکات.
کاروانە: د. جۆرە باڵندەیەکی دەنووک درێژە بەقەد مراوییەک دەبێ.
کاروانە کردن: بریتییە لە زۆر هاتوچۆکردنی شوێنێک.
کاروانی: کەسێکە لەگەڵ کارواندا بێ.
کاروبا: د. کارەبا.
کاروبار: ئیشوکار.
کارووس: ز. گیایەکی بۆن خۆشە تێکەڵی هێندێ خواردن دەکرێ.
کارووش: ز. کاڕووش.
کارەبا: شتێکی زەرد یا ڕەشە دانەی تەزبیحی لێ دروست دەکرێ و پووش و کا ڕادەکێشێ. هێزێکە لە گەلێ شتدا هەیە و بەمەکینەی تایبەتی وەردەگیرێ ئینجا یا ژووری پێ ڕووناک دەکرێتەوە بەگوڵۆپ یا مەکینەی پێ دەخرێنە کار، هەروەک گەلێ شتی تریشی پێ دەکرێ.
کارە ڕەهات: پەرێشانی بەهۆی زۆر لێدان یا زۆر جنێودان یا زیان پێگەیاندن یا سەرنانە سەردوە.
کارەسات: کارە ڕەهات لە عەرەبییەوە وەرگیراوە.

کاردکەر: ئافرەتی بێگانەی بەردەستی ئیشکەر لە ماڵدا.
کاردکەو: ز. ڕاوکردنی کەو بەکۆمەڵ.
کاردگا: د. کارگا.
کاردوا: د. کاردبا.
کاردوان: شوانی کار.
کارپێچ: ز. شەن.
کارێز: ئاوێکە کە لە بیر و لەغەم لێدانی زەوی پەیدا بووبێ. شوێنی فێنک (ز).
کارێزاو: ئاوێکە لە کارێز بێتە دەرەوە.
کارێزکەن: کەسێکە کە کارێز لێ بدا.
کارێزلێدان: هەڵکەندنی کارێز.
کارێزە بازار: سەرکانی و ئاوێکە کە دێهاتی دەچن شتی تێدا دەکڕن و دەفرۆشن.
کاری: دەردی کاریگەر دەردەکەم (کاری)یە، کاردوو (با). جۆرە گیایەکی ئاوییە (ز). دوکەڵ (با).
کاریتە: نیرگەی خانوو.
کاریگەر: وەستایەکە لە کاری خۆیدا شارەزا و ئیشکەر بێ. دەرمانێکە کە کار بکا لە جەستەدا بەچاکی یا بەخراپی.
کاریلە: کارژۆلە.
کارین: ز. توانین.
کازێوە: کازیوە.
کازیوە: بەردبەیان.
کاژ: توێکڵێکی تەنکە لە پێستی هێندێ گیاندار دەبێتەوە. داری سنەوبەر (با). بەکرەی کندر (ز).
کاژاوی: جۆرە ترێیەکی ڕەشی بزمارکوتی مزرە.
کاژەڕە: کاژدڵە.
کاژڵاک: کاژدڵە.
کاژدڵە: کاسەی سەر.
کاژێر: دەلاقەی ناودیوار. شەویلە. گۆشە و سووچ.
کاژێڵە: د. کاخلێ.
کاس: گیانداری وڕ و گێژ. کەڕ (ل). شتی کولۆر و بۆش.
کاسالاشینکە: کەندەسمە.
کاسبوون: وڕوگێژبوون.
کاسبی: خەریکبوون بەکسب و کاردوە.
کاسک: سەوزی مەیلەو زەرد. گڵێنە (ز).
کاسمە: نانێکی تیرییە کە ڕۆن کرابێتە هەویرەکەیەوە.
کاسنی: د. گیای چەقچەقە.
کاسۆ: قەشۆ.
کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە.
کاسە ئاوسێ: دوو دراوسێن کە ناو بەناو چێشت بۆ یەکتری بنێرن.
کاسەسفرە: چێشتێکە کە بنێردرێ یەکەم جار بۆ دراوسێیەکی تازە.
کاسەسەر: ئێسقانێکی گەورەی خڕە مێشکی گیانداری تێدایە.
کاسە سم: کاسەی سمی وڵاخی دووسم.
کاسە شۆر: گیایەکی گەڵاپانی ئەستووری زبرە.
کاسەشەن: جۆرێکە لە بێڵەدارینە بەڵام ئەم دەمی درێژە، خەڵەی پێ ئەم دیو و ئەودیو دەکرێ.
کاسەلێس: بریتییە لە مەردوومی پاشماوە خۆر.
کاسەلێسی: خەریکبوون بەخواردنی پاشماوەوە.
کاسەمەن: جۆرە کاسەیەکە هەر شتی پێ دەپێورێ.
کاسەی ئەژنۆ: چاڵاییەکە لە سەری خوارووێ ئێسقانی ڕاندا کە سەری ژووروی لوولاقی تێدا دەجوولێ.
کاسەی سمت: چاڵاییەکە لە لای ڕاست و چەپی ئێسقانی سمتەوە کە ئێسقانی ڕانی تێدا دەبزوێ.
کاسەی سەر: کەللەی سەر.
کاسەی فەقیران: د. سفرەی فەقیران.
کاسەی هەتیوان: د. کاسەی فەقیران.
کاسی: گێژی و وڕی.
کاش: شیشی گۆشت برژاندن. کێلانی زەوی (د). تەپۆڵکە (ز).
کاشخانک: با. بنمیچ.
کاشکای: کاشکی.
کاشکایە: کاشکی.
کاشکایەکوو: کاشکی.
کاشکایەکی: کاشکایەکوو.
کاشکرن: ز. ڕاکێشانی شت لە بەرزییەوە بۆ نزمی.
کاشکی: بریا.
کاشمە: گیایەکی کوێستانی بەهاری بۆن خۆشە بەسوورەوەکراوی دەخورێ و، دەکرێتە ناو کەشک و سوێرەکەوە.
کاشوانێ: با. شەقێن.
کاشو: با. دارێکە کە یاری شەقێنی پێ دەکرێ.
کاشی: دەفرێکی لووس و پووسی گڵێنی بەئاگر سوورەوەکراوی تەنکی جوانە.
کاشیساز: کەسێکە کە کاشی دروست بکا.
کاغەز: قاقەز.
کاغەزدان: بەرگێکی مقەبایە کە وردە کاغەزی تێ بکرێ.
کاغەزساو: شتێکی قورسی لووسە کاغەزی پێ لووس دەکرێ.
کاف: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
کافرمان: گوێزانی سەرتاش.
کافرۆش: کەسێکە کە پیشەی هەر فرۆتنی کا بێ.
کافوور: شتێکی سپی ساردی بۆن خۆشی بەنرخە بۆ گەلێ شت بەکاردێنرێ.

کاڤر: ز. کاوڕ.
کاڤڕێ: با. ناوە بۆ جۆرە هەنارێک.
کاڤل: ز. کەلاوە.
کاسە ناوسێ: دوو دراوسێن کە ناو بەناو چێشت بۆ یەکتری بنێرن.
کاک: برای گەورە. جۆرە نانێکی ناسک و خۆشە بەبەرچایی دەخورێ (د).
کاکاو: شتێکە وەک قاوە لێ دەنرێ و بەشەکرەوە دەخورێتەوە.
کاکشان: د. کاکەشان.
کاکڵ: کاکڵە.
کاکڵە: ناوکی گوێز و بادام و شتی تر.
کاکڵە شێران: د. یاریی چاوشارکێ.
کاکڵە قووچە: کاکڵەی گوێزە کە بەچوارگۆشەیی بێتە دەرەوە.
کاکڵە مووشان: د. پەسپە سەکوڵە. تاوی جاڵجاڵۆکە. حەمامۆکێی منداڵان.
کاکڵێ: گوێز.
کاکنج: د. بووکی پشت پەردە کە هێشتا زاوا نەچووبێتە لای.
کاکوچ: ز. چەکوش.
کاکوچیل: ز. چێشتی ترخێنە.
کاکۆل: مووی پشتی سەری پیاو کە بەقرتاوی هێڵرابێتەوە.
کاکۆڵ مەل: د. فشە کلاونە.
کاکە: کاک.
کاکەشان: کێرێکی سپی پانی دووردرێژە لە ئاسماندا بەهۆی زۆری ئەستێرە و کۆبوونەوەیان لەو جێیە پەیدا بووە.
کاکەلێ: وتەیەکە لە ڕووی خۆشەویستییەوە دەوترێ بەمەردووم.
کاکەیی: ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.
کاکێژ: د. قەڵبیر.
کاکێشان: کاکەشان.
کاکی: کاکە.
کاکی بەکاکی: دەشتی پانی دووردرێژی چۆڵ و هۆڵ.
کاکیلە: شەویلە. کاکەلێ.
کاگڵ: سواغی قوڕ.
کاگەز: د. کاغەز.
کال: ز. پیر. خزم و خوێش.
کاڵ: شتی نەگەیو. ڕەنگێکە کە تێر نەبێ: ئەم سوورە یا ئەم سەوزە (کاڵ)ە. نەکولاو: گۆشتەکە هێشتا کاڵە. لەدوای وتەی کشتەوە بەکاردێنرێ: کشتوکاڵ. پیر. باپیر.
کالا: کەلوپەلی پۆشین. کوتاڵ.
کالات: د. تالان: بەکالات چوو.
کالاقنگ: گیایەکی کوێستانی بەهارییە لە ناوەڕاستدا نێرکێک دەردەکا پێی دەڵێن ڕێواس.
کالان: کێلان.
کاڵانە: چالاییە کە گلێنەی چاوی تێدایە.
کالانی: ز. کێردێکە کە کالانی ببێ.
کالبوون: ز. پیربوون.
کاڵبوونەوە: چوونەوەی ڕەنگ.
کالک: دبا. کاڵە.
کاڵک: کاڵ.
کالۆش: شتێکە لەسەر پێڵاوەوە لە پێ دەکرێ بۆ ناو قوڕ.
کاڵ و کرچ: شتی زۆر کاڵی نەگەیو.
کالومە: ز. شمشێری ژەنگاوی کێلان شکاو.
کاڵە: چەرمێکی خاوە لە بەفر و باراندا لە جیاتی پێلاو لە پێ دەکرێ و بەبەن دەپێچرێ.
کاڵە برۆێش: د. برۆێش.
کاڵەپێ: ئەندازەیەکە لە بەفر کە ببارێ بەقەد ئەستووری کاڵایەک: کاڵەپێیەک بەفر باریوە.
کاڵەپێچ: پەڕۆیەکە لە پێوە دەئاڵێنرێ و کاڵەی لەسەرەوە لە پێ دەکرێ.
کاڵەشێف: زەمینێکی کێڵراوە کە لە پاش کێلانی باران لێی نەدابێ.
کالەک: ز. خزم و خوێش.
کاڵەک: میوەیەکی خڕی گۆشتنی خۆشی گەورەیە ناوەکەی تۆوی تێدایە. کلاش (با). کاڵە (با)
کالەکال: ز. باردباری مەڕ لە کاتێکدا کە بەرخەکەی ببینێت.
کاڵەکوت: مێوژێکە کە بەدەسک و دۆڵ یا بەدەسکەوان کوترابێ و کرابێ بە شەربەت.
کاڵەکەمارانە: گیایەکی دێمییە دوو جۆری هەیە، یەکێکیان وەک مێو تەرز دەهاوێ و بەرێکی خڕ دەگرێ و دەخورێ، ئەوی تریان بەرەکەی وەک شووتی کوڵە وایە و زۆر تاڵە پێی دەڵێن (کووژاڵک)
کاڵەمستانە: کاڵەمستێ.
کاڵەمستێ: جۆرە یارییەکە یەکێک شتێک دەشارێتەوە لە قوولی مستیدا. هەرکەس دۆزییەوە دەیباتەوە.
کاڵەمشتێ: کاڵەمستێ.
کاڵەوبوون: د. کاڵبوونەوە.
کاڵەهێش: د. زەمینێکە کە یەکجار تۆوی پێوەکرابێ.
کالێ: د. منداڵی سپیکەلە. دەکرێ بەناوی کچ.
کالیار: ترۆزی گەورەی گەیو.
کالیماست: ز. گەنمێکە لەسەر خەرمان بدرێ بەهەژار بەلام بەناوی زەکاتەوە نەبێ.
کالیان: د. هەلکالین بەسەر یەکێکدا.

کالیسکە: د. گالیسکە.
کالیۆش: د. جۆرە خواردەمەنییەکە لە کشمیش و گوێزی کوتراو و ڕۆن و کەشک دروست دەکرێ.
کاڵی: نەگەیوی میوە. نەکولاوی گۆشت: میوە، یا گۆشت بەکاڵی ناخورێ.
کالیت: د. کۆلیت.
کالیتگا: د. شوێنی کۆلیت.
کالێن: د. کێلان.
کام: وتەیەکە پرسیاری پێ دەکرێ بۆ ناونووس (تعین)کردنی شتێک لە ناو چەند شتێکدا: ئەمانە (کام)یان کوڕی تۆیە. ئاردزوو: بە(کام)ی خۆی گەیشت.
کام ئاژنین: شووژن کردن بەمەلاشووی کەردا لەکاتێکدا کە کامی کردبێ.
کاماخ: ز. سمتی ئادەمی و گیانداری تر.
کامار: ز. کەمەی بێژنگ و دەف.
کاماش: ز. توتنێکە بەسەوزی وشک کرابێتەوە.
کاماف: ز. ئاوێکە کە لە جۆگەدا مابێتەوە دوای برینی لە سەرچاوەوە.
کاماخکردن: ز. وێرانکردن.
کامکردن: هەلاوسانی مەلاشووی ولاخی یەکسم لە حەلێکدا کە ولاخێکی تر لەبەرچاوی ئەم ئالیک بخوا.
کامڵ: شتی پێگەیشتووی گەیو.
کامۆخ: ز. کەسێکە کە ترێ بگوشێ.
کامۆیی: با. کامکردن.
کامە: وتەیەکە پرسیاری پێ دەکرێ بۆ ناونووس (تعین)کردنی شتێک لە ناو چەند شتێکدا: ئەمانە (کامە)یان هی تۆیە.
کامەتا: کامە.
کامەتانێ: کامە.
کامەتە: کامە.
کامەران: کەسێکە کە بەئاواتی خۆی گەیشتبێ.
کامەرانی: بەئاوات گەیشتن.
کان: کونێکە کە دارتاش بەئەسکەنە لە دار هەلی دەکەنێ. جێگایەکە لە زەویدا کە دەستی سروشت شتێکی تێدا دروست کردبێ وەک زێڕ و زیو و بەرد و نەوت.
کانگا: شوێنێکە کە شتێکی تێدا پەیدا ببێ بەزۆری: سلێمانی (کانگا)ی لۆکە و توتن و میوەیە.
کانگە: کانگا.
کانوون: دوو مانگە لە ناوەندی تشرینی دووەم و شوباتدا لە ساڵی ڕۆژی، کانوونی یەکەم مانگی دوازدەهەمە سی و یەک ڕۆژە، کانوونی دووەم مانگی یەکەمە و سی و یەک ڕۆژە.
کانوونی: باڵندەیەکی ئاوی ماسی خۆرە وەک قەلمراو وایە بەلام ئەم بۆرە.
کانە زبانە: کانێکە کە زبانەی داری تێ دەخرێ.
کانە زووانە: کانەزبانە.
کانە شکاف: کانە شکافە.
کانە شکافە: کانێکی درێژکۆلەیە دارتاش بەشتێکی تایبەتی هەلی دەکەنێ لەسەر باری درێژی بۆ تێبردنی شووشە یا تەختە.
کانەشکاو: د. کانەشکاف.
کانەنیا: د. ڕوواندن.
کانێ: ز. کوانێ.
کانیاو: ئاوی کانی.
کانی: ئاوێکە لە خۆیەوە هەڵ قوڵێ.
کانیلە: کانیاوی پچووک.
کاو: کەژی گری دڕ. کەوورگ: (د). مەردوومی بەدەعیە و دەمار (ز). تاقی ناو شاخ. قین و ڕقێکە کە لە دڵدا پەسمەندە بووبێت دەربارەی یەکێک و پێی بڕێژێت: کاوی دڵی خۆی پێ ڕشت، واتە بەدڵی خۆی قسەی پێ وت و، دڵی خۆی سارێژکرد. زەرد.
کاواتر: هـ. کۆتر.
کاوان: هـ. ملە.
کاوانەوە: چووزانەوە.
کاودان: قاورمە.
کاولاش: کاول، لە کەلاوەی ئاشەوە وەرگیراوە.
کاولی: قەرەج. بێ شەرمی بێ ئابڕوو.
کاوڵی: کاولی.
کاوور: ساوای مەڕ لەپاش برینەوەی بەرگنەکەی تا یەک ساڵانەی.
کاوول: جێگای وێرانی چۆڵ.
کاوول بوون: وێرانبوون .
کاوول کردن: وێرانکردن.
کاوە: ئازار و ئێشێکە کە لە ئەندامی مەردووم پەیدا ببێ بەهۆی نیشی زۆرکردنەوە. ناوە بۆ ئاسنگەرێکی کورد کە (زوحاک)ی کوشت.
کاوەخۆ: هێواشی لەسەرخۆ: فیسار کەس زۆر کاوەخۆیە، واتە لەسەرخۆیە.
کاویان: د. چووزانەوە.
کاویانەوە: د. کاوانەوە.
کاوێژ: جوونەوەی ئاژاڵ شتی ناو سکی خۆی بەیەق کردنەوەی بۆ ناو دەمی.

کاوێژکەر: گیاندارێکە کە کاوێژ بکا.

کاویر: ز. وشتر خوار.

کاوین: د. مارەیی ژن.

کاهوو: گیایەکی گەڵا پانی بەهاری ناوەڕۆک چەوری سەلکدارە، زۆرتر بە سرکەوە دەخورێ.

کاهەرزانی: هـ. هەنجیری ڕەشی زل.

کاهێڵ: د. مەردوومی تەمەڵی سست .

کاهێڵی: د. سستی و تەمەڵی.

کاهی: جۆرە خواردەمەنییەکە لە نیشاستە دروست دەکرێ.

کاهی چی: کەسێکە کە کاهی بۆ فرۆتن دروست بکات.

کایلۆش: د. دۆکەشک. کالیۆش .

کایە: نۆرەیەک لە یارییەک. یاری.

کایەکلێ: د. کایەی یاری.

کایەگا: د. شوێنی یاری.

کایەڵ: مەردوومی خاو و خلیچک.

کایەن: ژوورێکە کە کای تێ بکرێ.

کپ: گوێی گران: گوێم (کپ)ە. دەرگا و پەنجەرەی چەسپ کە بوێری نەبێ. بێ دەنگی و کشوماتی: دنیا (کپ)ە.

کپبوون: گوێ گرانبوون. جووت بوونی دەرگا و پەنجەرە و گەلێ شتی تر بەجۆرێک کە با بوێری نەبێ. بێ دەنگبوون.

کپەوبوون: کپبوون.

کپی: بێ دەنگی.

کت: کتە: تاکێک لە شتی جووت (ز).

کتان: ز. کوتان.

کت بەچە: هـ. بەچکە پشیلە.

کتـە: وتەیەکـە بەکـاردێنری لە کـاتێکدا کـە منداڵ بکۆکێ یا شتێکی لە بین بگیرێ. ختە (ز).

کتری: چاپەز.

کتک: پشیلە.

کتکاڵ: وتەیەکە گفتوگۆی پێ دەکرێ لەگەڵ ئافرەتدا وەکو وتەی: (کچێ): (کتکاڵ) نابێ، واتە کچێ وەرە.

کتکە کێفیلە: د. پشیلە کێوی.

کتکە نەفتینە: د. کتکە نەوتینە.

کـتکە نەوتینە: بریتـییـە لە یەکـێک کـە ببێ بەهۆی ئاژاوە و هەرایەکەوە.

کتۆ: وتەیەکە بەکاردێنری لە جێی وتەی چۆن.

کتوپڕ: کوتوپڕ.

کت و کوێر: کوت و کوێر.

کتومت: کوتومت.

کتووت: ز. نانی وشکەوەبووی کۆن.

کتۆیی: چۆنێتی.

کتە: پشیلە (هـ). کتە (ز).

کـتـێب: نـووسـراوێکی ڕێکخـراوی چەند پەڕەییـیـە لە هەمـوو زانیارییەک کە گۆڤار و ڕۆژنامە نەبێ.

کتێبخانە: شوێنێکە کە کتێبی زۆری تێدا بێ.

کتێو: کتێب.

کتێوخانە: کتێبخانە.

کچ: ئافرەتێکە کە هێشتا شووی نەکردبێ. نەوەی مێینەی باوک و دایک.

کچانە: شتێکە کە هەر بۆ کچ بشێ.

کچانی: کوڕێکە کە خووی کچی ببێ.

کچک: پچووک.

کچکە: د. شتی پچکۆلە.

کچۆڵە: کچی پچکۆلانە.

کچەزا: منداڵی کچ.

کچەزازا: منداڵی منداڵی کچ.

کچێنە: ڕەشێنەی چاو.

کچێنی: ماوەیەکە کە ئافرەت بەکچی تێدا بمێنێتەوە. چۆنێتییەکە لە زێی کـچدا بەیەکەم جـار چوونە لای نامـێنێ و خـوێنی لێ دێ. خوێنێکە لە زێی کچ دێ لە کن چوونە لای یەکەمجار.

کخ: قخ.

کخس: با. پیازی فیسقە.

کخە: قخە.

کدارک: ز. کارگ.

کدوو: کوولەکە.

کدوولفکە: لفکەشامی.

کر: ڕایەڵی جۆلا. شاڵی ڕانک و چوغە.

کراس: جۆرە کاڵایەکی قۆڵ و بەرۆکدارە لەژێردوە لەبەر دەکرێ.

کـراسی زرێ: شـتـێـکە لە زرێ لە وێنەی کـراس دروست کـراوە لە کاتی جەنگدا لەبەر دەکرێ.

کـراسـەکردن: بەسـابوونێکی بەزی دەڵێن کـە بەتەواوی کـولابێ و بڵقی گەورە گەورە هەڵ بدات.

کرانباوگاو: جۆرە جنێوێکی کوردییە.

کراو: کارێکە کە کرابێ.

کراوە: لۆکەیە کە هەلاجی کرابێ. شتی واڵ.

کراهە: د. کرێ.

کراهەپا: د. پێ مز.

کرتان: ز. گامێشی خەساو.

کرتاندن: قرتاندنی شت بە ددان.

کرتانکرن: ز. خەساندنی گامێش.

کرتکرن: ز. نیشانه کردنی دار به لەلەکردنی بەمشار.
کرتمرت: ز. کەلوپەل.
کرتناک: ز. تیروّک.
کرتوپان: ز. کالاّو بەرگێکه که باش دروست نەکرابێ.
کرتوو: گیایەکی باریکی قایمه وەک زەلّ دەسکەگولّ و شەتلّیّ پیّ دەبەستریّ.
کرته: دەنگێکه وەک دەنگی شت خواردنی مشک، (کرته کرت) کرتەی یەک لەدوای یەک، (کرت و هوور) کرتەکرتی زۆر.
کرتەک: ز. بەفرێکه که بەستبێتی و بەهۆی بارانەوە دڕناڵ دڕناڵ بووبیّ.
کرتی: کرتوو.
کرج: گۆشت و میوەی کالّ. شتی سیس (د).
کرچه: جۆره دەنگێکه وەک دەنگی پچرینی دەزوو یا دەرکێشانی ددان، (کـرچەکـرچ) کـرچەی یەک لە دوای یەک، (کـرچ و هوور) کرچەکرچی زۆر. کرشه.
کرچیان: د. چرچبوون و ژاکان.
کردار: کردەوە.
کردگار: خوای گەورە. کردار.
کـردم: وتەیەکە لە باتی وتەی (گـیـردم) بەکـاردێنریّ: تۆ بچۆ بۆ لای فیسار کەس (کردم) لەویّ نەبوو، واته گیردم.
کردن: بەجێهێنانی کارێک.
کـردنەوە: شـتـی کـردنەوەی لۆکـە و خـوری بە چەکـە و کـەوان. خـاوکـردنەوە و هەلّگرتنی قـفـلّـی داخـراو بەکلیل. خـاو کـردنەوەی گـریّ و شـتـی پێـچـراوە: گـرێکە یا بـارەکـە (بکەرەوە). خستنە سەر پشتی پەنجەرە و دەرگای پێوەدراو. ڕزگارکردنی پیاوێک که لە ژنەکەی بەسترابیّ بەرەنگێکی وا کە بتوانیّ لەگەڵیدا دروست ببیّ. کردنی کارێک دووبارە و سێبارە: نوێژەکەت (بکەرەوە). چنینی میوە و گولّ: گولّەکە یا ترێیـە کـە (بکەرەوە). شکاندن و لەتکردنی دار: هێندیّ دار (بکەرەوە). دەسـتکردن بەکـارێکی گـرنگ: حـەفلەکـەی بەوتارێک کردەوە.
کرد و کۆشی: هەولّ و تەقەلا بۆ ژیان.
کـرد و کـێش: د. ئاسنێکی دەم پانی کلک درێژە بەدوو کـەس دیراوێکی پیّ هەلّدەدرێتەوە.
کردە: کردەوە: کردەپەشیمان بە، نەکردە پەشیمان مەبە.
کردەپەشیمان: کەسێکە لە کردەوەیەکی خۆی پەشیمان بووبێتەوە.
کردەوە: نەوکارەیە کە مرۆڤ بیکا.
کـڕ: مـریشکێکە ئارەزووی کـەوتنی سـەر هێلکەی ببێ بۆ هەلّهێنانیّ. گیانداری بیّ دەنگ: مندالّەکە (کڕ)ە، واتە بیّ دەنگە. (کڕبوون) بیّ دەنگبوون (کڕکردن) بیّ دەنگکردن.

کڕاژ: د. مێوی هەنگوین.
کڕاش: د. گڕاژ.
کڕاک: د. کڕکڕاگه.
کڕاکه: د. کڕاک.
کڕال: د. کرێن.
کڕاندن: لابردنی شتێک لەسەر شتێک بە لووتی شتێکی تیژ.
کڕاندنەوە: گۆشت کردنەوە لە ئێسقان و دارووتاندنی بە ددان یا بەچەقۆ.
کڕانن: د. کڕاندن.
کڕاننەوە: د. کڕاندنەوە.
کڕانەوە: کڕاندنەوە. ترۆخانەوەی قورگ بەهۆی سەرمابوونەوە
کڕاو: شتێکه کە کڕێنرابیّ.
کڕاوە: ئێسقانێکه کە کڕێنرابێتەوە.
کڕبوون: کشوماتبوون: (کڕ بە) واتە بیّ دەنگ بە.
کـڕبوونەوە: نەمـانـی دەنگە دەنـگ. نەمـانـی دەنگوباسـێک کـە بلاّوبووبێتەوە.
کڕخەو: کەسێکە بەتەواوی خەوی لیّ کەوتبیّ.
کڕراو: شتێکە کە کڕبێتت.
کڕکردن: بڕتییە لە کوشتنی یەکێک بەدزییەوە.
کڕکڕاگه: ئێسقانێکی تەنکی نەرمە لە گوێچکەی گیاندارا.
کڕکڕانه: با. کڕکڕاگه.
کڕکڕک: با. کڕکڕاگه.
کڕکڕه: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک (با). لوولەی هەناسە.
کڕ کەفتن: د. کڕکەوتن.
کڕکەوتن: کەوتنی مریشک بەسەر هێلکەدا بۆ هەلّهێنانی.
کڕ کەوتوو: مریشکێکە کە کەوتبیّ لەسەر هێلکە بۆ هەلّهێنانی .
کڕندە: کڕیار.
کڕنک: کڕنگ.
کـڕنگ: دەعـبـایەکی سـوورکـەلەیە وەک گـەنە بەلاّم پچـووکـترە، گەرچەک (د).
کڕنوو: کڕنگ. کڕنووش بردن.
کڕنووش: کڕنووش بردن.
کڕنووش بردن: سەر دانەواندن و چەمینەوە لەبەردەمی یەکێکدا بۆ بەگەورە ڕاگرتنی.
کڕنە: کڕنگ.
کڕوک: ڕەگ و ڕیشە.
کڕ و کاش: د. کرد و کۆشی.
کڕووز: د. کورووز.
کڕووس: د. کەڕ.
کڕووش: وتەیەکە کە کەری پیّ بانگ دەکریّ.

کرە: شتێکە وەک بەرداش بازنکەی سەردەوەی لە تووڵی مێو دروست دەکرێ، لە پاشا بەچەند دارێکی بی ناوەکەی پڕ دەکرێتەوە و، کرەی چەڵتووکی پێ دەکرێ. جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی لە یەک خشانی دوو بەرد بەنهێم، کرەکر: کرەی یەک لە دوای یەک، (کر و هووڕ) کرەکری زۆر.

کرە کردن: چەڵتووک سپی کردن. بریتییە لە بوونی کەسێک بە مەمنوون لە شتێک: فیسار کەس بە فیسارە شت کرە دەکا، واتە زۆر حەزی لێیەتی.

کرێار: کەسێکە کە بیەوێ شتێک بکرێ.

کرێاک: کرراو. کراو.

کرێژ: کرێش.

کرێژاوی: کرێشاوی.

کرێش: چلکی بەسەر یەکدا کەوتووی وشکەوەبوو. وشکەڵی شانە هەنگوین.

کرێل: مەردوومێکە کە قسە وەرنەگرێ.

کرێڵ: د. شوێنی کرێن.

کرێن: زەوی چەولگی سەخت.

کرێوکرێو: هـ. تردەوژە.

کرێوە: کاتێکی زۆر ساردە کە بەفر یا باران بەباوە بباری.

کرێن: سەندنی شت بەپارە.

کرینەوە: بریتییە لە ڕزگارکردنی یەکێک لە چورتمێک: ئەم پاڵتۆیە ئیمساڵ منی (کریبیەوە) یا تۆ منت (کریبیەوە) واتە ڕزگارت کردم.

کرژ: هەودای زۆر بادراو. شتی هەڵقرچاو: چەرمە کە هەتاو (کرژ)ی کردووە. خێرا و چەسپان (د). مووی لوول، (کرژبوون) با خواردن. هەڵقرچان. لوولبوونی موو، (کرژ کردن) لوولکردنی موو. خێرا کردن (د).

کرژهەڵاتن: هەڵقرچان.

کرژی: بوونی شت بەکرژ.

کرشە: کولۆشە.

کرک: شوێنی تەختی ڕووتەن .

کرکایکرک: کاکی بەکاکی.

کرم: گیاندارێکی بارێکی درێژی پچکۆلەیە.

کرماج: د. کرمانج.

کرماجی: د. کرمانجی.

کرمانج: ناوی هۆزێکی گەورەیە لە کورد.

کرمانجی: زبانێکە کە هۆزی کرمانج قسەی پێ دەکەن.

کرماندن: وردکردنی شت بە ددان.

کرمانن: د. کرماندن.

کرماوی: کرمێ.

کرمخواردوو: شتێکە کە کرم تێی دابێ و خواردبێتی.

کرمخوارده: کرمخواردوو.

کرمژنە: شتێکە کە کرم تێی دابێ.

کرمشێن: ز. چرچبوونی کاڵا.

کرمکار: د. بەڵەد و شارەزا بە کارێک.

کرمکوژە: ڕێواسی.

کرمکە: جۆرە نەخشێکە لە چیغ دروست دەکرێ لە وێنەی کرمەکی ژنان. کرمەک (د).

کرمکێز: ز. نەخۆشییەکە لە کرمی زۆری ناوسکەوە پەیدا دەبێ.

کرمن: بریتییە لە مەردوومی قین لە سک.

کرمۆکە: کرمەک.

کرمۆڵ: شتێکە کە کرم خواردبێتی.

کرمووژن: د. کرمژنە.

کرمە: دەنگێکە وەک دەنگی خواردنی هێندێ شتی ڕەق بە ددان، (کرمەکرم) کرمەی یەک لە دوای یەک، (کرم و هووڕ) کرمە کرمی زۆر.

کرمەژن: کرمژنە.

کرمەژنە: کرمژنە.

کرمەک: جۆرە خشڵێکی زێڕینی دانەدانەی هۆنراوەیە، ژنان دەیدەن لەژێر چەنەیان. زبانەی شت (د).

کرمێ: کرمەژنە.

کرمی ئاوریشم: جۆرە کرمێکە ئاوریشم هەڵدەپێچێ.

کرن: ز. کردن.

کرناس: ز. مەردوومی دەم و چاو ئاوڵاوی.

کرنگ: کرنگ.

کرینی: ز. کرنگ.

کرۆزرۆ: هـ. گیا توتیسی.

کرواس: کراس.

کرۆتن: کورڕۆشتن.

کروچ: شتی لەتوکوت.

کرۆژتن:کورڕۆشتن.

کروسک: درەختێکە لە هەرمێ موتوربە دەکرێ بەرێک دەگرێ وەک هەرمێ کێویلە وایە.

کرۆسک: کروسک. خەنجەری کۆنی ژەنگاوی (ز). هەرمێ کێوبلە .

کرۆشتن: کورڕۆشتن.

کرویت: د. کبریت.

کرێ: مزێکە بەرامبەر بەکردنی کارێک بدرێ.

کریانەوە: د. کرانەوە.

کرێبار: کرێیەکە کە بدرێ بۆ هەڵگرتنی بارێک.

کرێت: شتی ناشیرین (با). کولۆ و کەرسەک (ز).
کرێچ: ز. سواڵەت.
کرێچی: کەسێکە بەکرێ لە شوێنێکدا بێ.
کرێداسی: سەپانی.
کریسک: با. پزیسک.
کرێشە: جۆرە تەنراوێکی کرژی تەنکە لە لۆکە دروست دەکرێ.
کرێڤ: ز. کەسێکە کە منداڵ بگرێتە باوەشی بۆ خەتەنەکردنی.
کرێڤا: ز. کرێڤ.
کرێکار: کەسێکە بەرۆژانە کار بکا.
کرێکاری: ئیشکردن بەکرێ.
کرێگرتە: کرێچی. شتێکە بەکرێ گیرابێ.
کریو: دۆستێکە کە خزمایەتی ببێت.
کریس: وتەیەکە کارژۆڵەی پێ بانگ دەکرێ.
کریف: با. هاورێ.
کرین: ز. گریان.
کرینچک: پەرچەم.
کز: گیاندار و سەوزایی بێ کەیف. هێندێ شتی کەم: ئیمساڵ ترێ یا ناو (کز)ە. هێندێ شتی بێ هێز: ڕەشەباکە (کز)ە. چرا یا ئاگرێکە کە گڕی کەم بێ. چاوی کەم هەنا.
کزاندنەوە: چووزاندنەوە.
کزانن: د. کزاندنەوە.
کزانەوە: د. کزاندنەوە.
کزانەوە: چووزانەوەی ئەندام.
کزبوون: بێ کەیفبوون. کەمبوونی شت. بێ هێزبوون. کەم تینبوونی چاو. بێ شەوقبوونی چرا و ئاگر.
کزخاندن: ز. هەڵپاچینی درەخت بۆ جوانی و بەخۆداهاتن.
کزر: شتێکی تەڕە کە کەمێک وشک بووبێتەوە. گیاندار یا سەوزاییەکە کە بەخۆیدا هاتبێ و لە خەم ڕەخسیبێ.
کزران: شوێنێکە کە هەرچەند باران بباری ئەو هەر کزربێ.
کزراندن: ز. هەڵپرووزاندنی خوری.
کزربوون: خڕەڵەبوون و بەخۆداهاتنی گیاندار و سەوزایی.
کزربوونەوە: کەمێک وشکبوونەوەی شتی تەڕ.
کزری: بوونی شت بەکزر.
کزک: ز. چزڵیک.
کزکردن: کەمکردنەوەی گڕی چرا و ئاگر.
کزکۆڵە: د. کزۆڵە.
کزکۆڵەکردن: د. کزۆڵەبوون.
کزکە: د. کزکۆڵە.
کزگرین: ز. داچڵەکینی تاڵی هاتوو.
کزمک: ز. سەرکۆزەری گەنم.
کزن: دانەوێڵەیەکە وەک ماش گەڵای وەک نیسک وایە، بەخووساوەیی لە زستاندا دەدرێ بەڕەشەوڵاخ.
کزۆڵە: گیانداری کزۆڵ.
کزووری: ز. کاڵای خوری هەڵپرووزاو.
کزە: سرووەی با. جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی گۆشتی سوورکراوە لەسەر ئاگر، (کزەکز) کزەی یەک لە دوای یەک، (کز و هووڕ) کزەکزی زۆر.
کزەبا: بای سووک.
کزەلۆک: کزۆڵە.
کزەی جەرگ: بریتییە لە ڕۆڵەی خۆشەویست.
کزیان: د. چووزانەوە.
کزیانەوە: د. کزانەوە.
کزێنکە: هەویرێکی شلە بەدەست پان دەکرێتەوە بەسەر ساجدا بۆ برژاندنی.
کزی: زەبوونی و بێ کەیفی.
کزیر: ز. گزیر.
کژ: مووسم: ئێستا کژی تۆوە، یا کژی شەتڵی توونە.
کژبلۆک: ز. گیایەکە بنکێکی هەیە بەپاککراوی دەخورێ.
کژک: د. کەژوو.
کژگ: هـ. تیلمەیەکی درێژە دروست دەکرێ و تەنگە و قەیاسەی وڵاخی پێ دەدرێ.
کژوورەک: ز. خێزەرە.
کژەبارانە: بارانێکە کە لەکاتی خۆیدا بێ.
کس: وتەیەکە مەڕی پێ لێ دەخوڕێ.
کسپوکۆ: گڕ و گەرمییەکە لە دەروونا پەیدا دەبێ بەهۆی تووڕەبوون و ڕق هەستانەوە: ئەوەندەم قسە پێ وت تا (کسپوکۆ)ی دڵی خۆمم پێ ڕشت.
کسپە: دەنگێکە وەک دەنگی کردنی ناو بەسەر ئاگردا، (کسپەکسپ) کسپەی یەک لە دوای یەک، (کسپ و هووڕ) کسپەکسپی زۆر.
کسس: کس.
کسکس: وتەیەکە سەگی پێ تێ بەردەدرێ لە شت.
کسک: با. چزڵیک.
کسکۆڵە: د. کزۆڵە.
کسکە: د. کزۆڵە.
کسکیانەوە: د. کزانەوە.
کسۆک: تووتکە سەگ. سەگ.
کش: وتەیەکە باڵندەی پێ دەردەکرێ. سواربوونی یەکێک لە ئەندامەکانی شەترەنج بەسەر شادا.
کشان: ڕۆین. و تێپەڕینی شتێک بەگورجی: ئەو ئەستێرەیە یا ئەو زەلامە (کشا). کەشهاتنی شت.

کشاندن: خشاندن. کەشهێنان بەشت: لفکەکە (بکشێنە).
کشان کشان: وردە وردە کشان و تێپەڕینی شت: فیسار کەس (کشان کشان) هات.
کشانەوە: گەڕانەوەی شت بۆ دواوە: ئاوەکە یا لەشکرەکە (کشایەوە).
کشپل: پشقل.
کشت: دانەوێڵەی چێنراو. کرژ.
کشتسازی: إصلاحی زراعی.
کشتگە: مەزرەعە.
کشتوکاڵ: تۆوکردن و چاندنی شەتڵ لە زەویدا.
کشتەک: چەند هەودا دەزوویەکی بەیەکدا بادراوە.
کشتیار: خاوەنی کشتوکاڵ.
کشش: کش.
کششە: کش.
کشکش: د. هەڵپەڕین.
کشکە: هـ. بژار.
کشمیش: وشکەوەبووی ترێی دەنک وردی بێ ناوک.
کشمیشی: جۆرە ترێیەکی سپی دەنک وردی بێ ناوکە.
کشنیژە: د. گژنیژە.
کشومات: شتی بێ دەنگی بێ خشە.
کشوماتی: بوونی شوێنێک بەکشومات: کشوماتی جیهانی داگرتووە.
کشە: وتەیەکە پەلەوەری پێ دەردەکرێ.
کفت: ماندوو. شتێکی زەردی جوانە وەک زێڕ وایە لە ڕووی هێندێ شت دەدرێ بۆ جوانی. خۆرە (د).
کفتک: ز. شقارتە.
کفتکاری: بەکارهێنانی کفت لە هێندێ شتدا بۆ جوانی.
کفتوکۆ: سفتوسۆ. کسپوکۆ.
کفتە: جۆرە خواردەمەنییەکە دروست دەکرێ لە قیمە و برنج و خڕ هەڵدەدرێ و دەکوڵێنرێ یا سوور دەکرێتەوە.
کفتە شۆربا: چێشتی کفتە.
کفتە شۆروا: کفتە شۆربا.
کفتی: ماندوویتی.
کفر: دارێکی گەڵا وردە لە خڕ و چەم و ڕووباردا دەڕوێ و بۆ سووتاندن بەکاردێنرێ.
کفرێن: جۆرە یارییەکە بەمیچ دەکرێ.
کففە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی هاتنە دەرەوەی خوێن لە کاتی سەربڕینی ئاژاڵدا.
کفکێ: کێکف.
کفن: بلووری یا خامێکە کە لە مردووەوە بپێچرێ.
کفن دز: کەسێکە گۆڕی مردوو هەڵ بداتەوە بۆ دزینی کفنەکەی.
کفە: کففە، (کفەکف) کففەی یەک لە دوای یەک.
کڤارک: با. قارچک.
ککەو: کەووت.
کل: سورمەی چاو. شتی کلا. گومەز (ز). ناردن: (کلم کرد) واتە ناردم.
کڵ: گۆزە و دیزەی لەسەر یەک کەڵەکەکراوی ئاگر تێ بەردراو بۆ سووورکردنەوە. تاقی پرد. گڕی ئاگر: (کڵ)ی ئاگرەکە لە دووردوە دیارە. کل (د).
کلا: شتێکە کە کەوتبێتە کەنارەوە، (کلابوون) کەوتنە کەناری شت.
کڵاش: جۆرە پێڵاوێکە ژێری لە پەڕۆ دروست دەکرێ و سەری لە بەن یا لە دەزوو دەچنرێ.
کڵاشچن: کەسێکە کە سەری کڵاش بچنێ.
کڵاشدروو: کڵاشچن.
کڵاشدم: دووپشک.
کڵاشەکردن: هەڵگیرانی قوڕ بە پێڵاوەوە لە کاتێکدا کە زەوی بووبێ بە قوڕ.
کڵاشبێن: د. خوراندن.
کڵاف: د. کڵافە.
کڵافە: چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵ کرابن بۆ ئەوەی تاوتاو دەرکێشرێ و کار بکرێ. شتێکە لە بەن دەهۆنرێتەوە و جوانووی پێ دەبەسترێتەوە بۆ ئەوەی دابێن و دەستەمۆ ببێ: ئەم نۆما بە (کڵافە) نەکراوە بۆیە وا سرکە.
کڵافەکردن: بەستنەوەی نۆما بە(کڵافە).
کڵافە هەڵکەر: گوڵەژەن.
کڵاکردن: لاخستنی شتێک.
کڵانە: قۆپچەی گەورە.
کڵاو: شتێکی تەنکی گردە دەکرێتە سەر و سەرپێچی لەسەر دەبەسترێ.
کڵاوئاڵتوون: کڵاوێکی ژنانەیە غازی یا لیرەی پیادا درواوبێ.
کڵاوبۆرگە: کڵاوێکی لبادینە بەسەر فەرەنجییەوە شوان لە باراندا دەیکاتە سەری.
کڵاوبۆرە: کڵاوبۆرگە.
کڵاوچن: کڵاودروو.
کڵاودار: باڵندەیەکە کە لە تووکی سەری کڵاوی ببێ.
کڵاودروو: کەسێکە کە هەر کڵاو بدروێ.
کڵاوڕۆژنە: کونێکە لە ناوەڕاستی باندا بۆ ڕووناکی و دوکەڵ لێوە دەرچوون دەهێڵرێتەوە.
کڵاوڕەش: دەردێکی کوشندەیە دووچاری بزن دەبێ، ناوسکی هەڵ دەئاوسێ و خوێنی تێ دەزێ.

کلاوزرێ: جۆرە کلاوێکی زرێدارە لە ڕۆژی جەنگدا دەکرێتە سەر.
کلاوزەڕ: کلاوزێڕ.
کلاوزێڕ: کلاو ئاڵتوون. جۆرە کلاوێکی ئاڵتوونە ژنان وەک تاس دەیکەنە سەریان لەسەر کلاوەوە .
کلاو فەرەنگی: کلاوێکە دەدرێ بەسەر لوولەی سۆپادا بۆ ئەوەی کە دوکەڵەکەی باش دەرچێ و با نەیگێڕێتەوە.
کلاو کلاوێن: یارییەکی دوو دەستەییە وەک یاری گۆرەوی بازی، بەڵام ئەم بەکلاو دەکرێ. پشکیلان.
کلاوکورە: باڵندەیەکی پچکۆلەیە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ کلاوێکی لەپەڕ بەسەرەوەیە.
کلاوگەرە: کلاوبۆرە.
کلاونە: کلاودار.
کلاوە: ناخلەیەکە دروست دەکرێ لە قوڕ یا لە هەویر بەدەوری گوێرووی بەرداشدا بۆ ئەوەی (دانەرێز) نەکات. تەوقەسەری شاخ. پووچەکی زەڕات. زەڕاتی ئەمساڵمان هەمووی (کلاوە)یە. کلاونە (د). کەڵەمەی جووت.
کلاوەسوورە: گیایەکی بەهارییە وەک پیشۆک بەڵام ئەم تویکڵی زۆر سوورە.
کلاوەکردن: بریتییە لە باران و بەفری دەنک گەورە.
کلاوەی بەیاخ: د. ئاسنێکی لووت تیژە دەکرێ بەسەری بەیاخدا.
کلاوێن: کلاو کلاوێن.
کلب: ز. کەلبە.
کلبوون: گواستنەوەی یەکێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک.
کلپە: دەنگێکە لە گڕی ئاگر پەیدا دەبێ، (کلپەکلپ) کلپەی یەک لە دوای یەک، (کلپ و هووڕ) کلپەکلپی زۆر.
کلتوور: تووردەکەیەکی پچکۆلانەیە کلی هاڕراوەی تێ دەکرێ.
کلچان: ز. فانۆزی دەستی.
کلچۆڤ: ز. کلچێوک.
کلچێوک: شتێکی باریکی لووسە دەکرێ بەکلدا و چاوی پێ دەڕێژرێ.
کلچیڤ: با. کلچێوک.
کلدان: کلتوور.
کلدان: کلدان.
کلفت: د. شتی ئەستووری زل. شتی زۆر: فیسار کەس پاردیەکی (کلفت)ی هەیە.
کلفتی: د. زۆری. ئەستووری شت .
کلفەت: د. بریتییە لە خێزان و ماڵ و منداڵ. کارەکەر.
کلفەتبار: مەردوومی خێزاندار.
کلک: شتێکی باریکە وا بەعاستی سمتەجۆڵەی هێندێ گیانداردوە. قەڵەم (د). پەنجە.
کلکاف: د. مازوو.
کلکانی: بریتییە لە مەردوومی شێت و وێت: فلان کەس پیاوێکی کلکانییە.
کلک بەس: د. بریتییە لە کەسێک کە دەستەشکێن کرابێ. پەتێکە لە پەنجە گرێ دەدرێ بۆ بیرخستنەوەی شتێک.
کلک بەسە: د. کلک بەس.
کلک پێوەکردن: بریتییە لە گاڵتەکردن بەیەکێک. پەنجە کردن بەقنگی یەکێکدا.
کلک تەقێنە: کلک هەڵسەنگێنە.
کلکدار: شتی خاوەن کلک. هێندێ شتی دەسکدار: ئەو ناوە (کلکدارە)م بدەرێ.
کلکردن: د. کەنارەگرتن. ناردنی یەکێک بۆ شوێنێک.
کلک گرتن: کلک بەرزکردنەوەی وڵاخی بەرزە لەکاتی سواربوونیدا.
کلکگیر: د. قوشقنە.
کلک نما: د. ئەنگوشت نما.
کلک نیشان: د. ئەنگوشت نیشان.
کلکوانە: د. کلکەوانە.
کلکە: شتێکە وەک مرۆر بەڵام ئەم پچووکترە و کلکێکی باریکی هەیە. داوێنی کێو.
کلکەتووتە: د. پەنجە تووتە.
کلکەڕەقە: ئەخشێکە لە تەون دروست دەکرێ لە وێنەی کلکی ڕەقەدا.
کلکەڕێوی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
کلکەسووتەکە: کلکە لەقێ.
کلکەسووتەکێ: کلکەسووتەکە.
کلکەقنگێ: بریتییە لە جووڵاندنی یەکێک بەکردار یا بەگوفتار: (کلکەقنگێ)ی مەدە، واتە مەیجووڵێنە یا سەر مەکەرە سەرێ.
کلکەکەڵە: د. کلکەگەورە.
کلکەگەورە: د. پەنجەی گەورە.
کلکەلەقە: کلکەلەقێ.
کلکەلەقێ: بریتییە لە یاری و ڕووپامایی یەکێک بۆ یەکێکی تر بە گوفتار یا لەگەڵ کرداردا.
کلکەمار: بریتییە لە شتی زۆر تاڵ.
کلکە مارکردن: زەقنەکردن.
کلکەنما: د. کلک نما.
کلکەوانە: ئەموستیلە. ئەموستیلەی درومان.
کلک هەڵسەنگێنە: باڵندەیەکی پچووکی کلک درێژە هەمیشە کلکی هەڵدەسەنگێنێ.

کلگە: پرد.
کلم: چلمی خەستەوەبوو.
کلمن: چلمن.
کلمیش: با کلمیش.
کلمیش: ز. چلم.
کلناشک: درک و دالی دەشتە کە لە هاوینەندا وشک دەبێتەوە و با دەیشکێنێتەوە و دەیباتە ناو دۆڵ و دەردوە.
کلۆ: کوللە.
کلۆ: کولۆ.
کلۆت: کولۆت.
کلۆچ: ز. جۆرە مارمارۆکەیەکی پێچ پێچە وەک بازن.
کلۆخ: ز. یەک سەر لە ئاژاڵ.
کلۆخ: با. کاسەی سەر.
کلور: ز. کلۆچ.
کلوسک: با. کووپەڵە.
کلۆش: کولۆش.
کلۆفت: د. کلفت.
کلۆک: کلۆت.
کلۆل: کولۆل.
کلولاش: هـ. گیایەکی بەرزە قۆزاخەیەکی دەنک دەنکی باریک دەگرێ و دانی پێ دەناژنرێ.
کلۆم: کولۆم.
کلوو: کولوو.
کلووک: گولووک.
کلە: کل (د). کلی پرد.
کلەپێچ: ز. خشتی کاڵ.
کلەدان: د. کلدان.
کلەو: ئاوێکە لە رووبارێکی گەورەدا کە بێ بەسەر بەستێکدا و بەزەقی بکشێ بە سەریدا: ئاوەکە (کلە)و دەکات.
کلێجە: کلێنچکە.
کلێس: شتێکە کە بنەبڕ بووبێ: تیرەی هەمەوەند (کلێس) بوو، (کلێس بوون) بنەبربوون.
کلێسمان: ز. کلێکە کە بۆ جوانی بەکار بهێنرێ.
کلێسە: جێی خواپەرستی گاوران. ناوی دێیەکە لە ناوچەی قەرەداخ.
کلێڵ: د. کلیل.
کلێڵ و کۆم: کلیل و کولۆم.
کلێڵە: د. کلیلەی بەفر.
کلێڵەبوون: د. دەم چوونە کلیلە.
کلێنچکە: ئێسقانێکی باریکی گرێ گرێی کورتە بەژوور قنگی بزن و مەڕ و هێندی گیانداری تردوە لە جیاتی کلک.

کلیسا: کلێسە.
کلیسە: کلێسەی گاوران.
کلێسە: کلیسە.
کلێش: شارای خەلە و خەرمان.
کلێشە: بن باخەڵ. وێنەی شت کە بەقەبارە دەربهێنرێ بۆ ئەوەی کە وێنەی زۆری لەسەر کاغەز پێ دەربهێنرێ.
کلیل: شتێکی زبانەدارە قفڵ یا کلۆمی دەرگای پێ دەکرێتەوە.
کلیل بەدەست: کلیلدار.
کلیلدار: کەسێکە کە کلیلی شوێنێکی بەدەست بێ.
کلیلدان: داخستنی شتێک بەکلیل.
کلیل و کۆم: کلیل و کولۆم.
کلیلە: بەفرێکی زۆرە کە با لە پەنایەکدا پێچی دابێ و کۆی کردبێتەوە.
کماخ: کاماخ.
کمکمە: با. قۆری.
کن: لای شت: لە کن تۆیە واتە لای تۆیە. شتی کورت (ز).
کنا: د. کناچە.
کناچە: هـ. کچێکە کە شووی نەکردبێ. وتەیەکە وەکو وتەی (کچێ).
کناچێ: هـ. کناچە.
کنج: د. شتی کاڵ و کرچ.
کنجر: با. پەڕۆ.
کندر: جۆرە دەزوویەکی باریکە بەمەکینە دروست دەکرێ. کنگر. گۆشی شەکر و شریتی ئەستوور.
کندر درک: کەرتەشی.
کندر: کندر دەزوو.
کندرە: کندری دەزوو.
کنر: کندر.
کنگ: قنگ.
کنگر: گیایەکی بەهاری دڕکاوییە هەڵدەکەنرێ و دەخورێ.
کنگرەکەرانە: کەرتەشی.
کنوکۆ: د. کرد و کۆشی.
کنە: کارکردن لە پێکهێنانی کارێکدا هەمیشە و لەسەرخۆ: هەر (کنە)یەتی.
کنێر: داری مەڵحەم.
کنێرە: کنێر.
کنیواڵ: جۆرێکە لە قووڕادە.
کۆ: کۆمەڵە ئەستێرەیەکی بەناوبانگە بەناوەڕاستی ئاسمانەوە.
کۆمەڵ: منداڵەکان هەموو (کۆ)ن. دەردێکە دەدا لە چاوی ولاخی بەرزە و ئاژاڵ هێندێ جار کوێریان دەکات. کوێ. کەژ (د).

کوا: وتەیەکە داوای پیشاندانی شتێکی پێ دەکرێ. کەوا (د).
کوارک: قارچک. دومەڵان (د).
کوان: دومەڵ و برین.
کوانک: ئاگردان.
کوانگ: کوانک.
کوانوو: کوانگ.
کوانێ: کوا.
کوانی خورما: برینێکە لە کاتی پێ گەیشتنی خورمادا بەئەندام هەڵدەپەڕێ.
کۆبوون: د. کۆبوونەوە.
کۆبوونەوە: گردبوونەوە.
کۆبە: پەراوێزی کەوا.
کۆپار: د. کۆپارە.
کۆپارە: گولمە گۆشتێکی گەورەی بەرزە بەسەر پشتملی حوشتر و وڵاخەوە. کۆسپایی و بەرزییەکی کەم لە زەوی.
کۆپان: شتێکە ناواخنەکەی پووشە لەسەر پشتی کەر و ئێستر قایم دەکرێ و باری لەسەر دەبەسترێ.
کۆپان ناخن: شیشێکی سەر دوو پەلە پووشی کۆپانی پێ دەناخنرێ.
کۆپاندروو: کەسێکە هەر کۆپان بدروێ.
کۆپاندوور: کۆپاندروو.
کۆپانە: خورییەکە بهێڵرێتەوە بەسەر پشتی مەڕ و بەرخەوە.
کۆپەڕ: هـ. کاتی پووشپەڕ.
کوت: سۆک. پارچەیەک لە شت: (کوت)ێک گۆشت یا نانم بەرێ. (کوت کوت) شتی پارچە پارچە. کۆلووی نان (ز).
کۆت: جۆرە پێوەندێکە دەکرێتە دەست و پێ. دوو تەختەی پانی پچکۆلانەیە دەدرێتە بەر کونی مەشکە و هێزە، لە دیوی دەر و ناوی و توند دەبەسترێ. کۆتە. وتەیەکە بەکاردێنرێ لەگەڵ وتەی سەردا بەمەعنا سەرقۆتێن.
کۆتا: د. شتی باڵا کورت.
کۆتاسی: ز. کۆتاهی.
کوتان: لێدان لە شتێک بەدەست یا بە لیس: گەزۆکە (بکوتە). وردکردنی شت: گۆشتەکە یا قاوەکە (بکوتە). دەرزیکردن بەشوێنێکدا لە ئەندامی منداڵ بەماکی ئاوڵەوە بۆ دەردانی ئاوڵەکە. خاڵ هەڵکەندن لە ئەندام بەدەرزی. لێ کردنەوەی نارد لە برنج بەدیبەگ یا بەمەکینە. سفتکردنی شتی تەنراو. بریتییە لە لێدانی زۆر: ئەگەر نەخوێنیت (دەتکوتم) واتە زۆرت لێ دەدەم.
کۆتان: شوێنێکە کە مەڕ و ماڵاتی تێدا مۆڵ بدرێ بەشەو.
کوتاندن: کوتان.
کوتاندنە چاو: کوتانەچاو.
کوتاندنەوە: سفتکردنی شتێکی چنراو. پەستاندنەوەی شوێنێکی فشەڵ.
کوتانک: با. پەچەی ئاژاڵ.
کوتانن: د. کوتاندن.
کوتاننەوە: د. کوتاندنەوە.
کوتانەچاو: شت بەچاودا دانەوە.
کوتانەماووش: د. لە خەرکەماندان.
کوتانەوە: کوتاندنەوە.
کۆتاهاتن: د. دوایی هاتنی شت.
کۆتاهی: برانەوەی شت. درێغی کردن لە کارێکدا: (کۆتاهی) مەکە لە خزمەتی نیشتماندا.
کۆتایی: کۆتاهی.
کوتر: د. کورت.
کۆتر: باڵندەیەکی جوانە لە کەو پچووکترە و، گەلێ ڕەنگی هەیە.
کوتران: گووانی شوێنێک لە ئەندام بەهۆی ئازار پێگەیشتنەوە.
کۆترباز: کەسێکە کە کۆتر ڕابگرێ.
کۆتربازی: ڕاگرتنی کۆتر و بەخێوکردنی.
کۆترە: دارێکی پانە لە ناوەندی (هەسوون) و (کۆمانج)ی دەواردا دادەنرێ. دیرەک.
کۆترهاتن: د. کۆتایی هاتنی شتێک.
کۆترە بارێکە: جۆرە کۆترێکی بۆری پچووکی بارێکە خوێندنی لە خوێندنی کۆتری ماڵی ناچێ.
کۆترە بەرجیلە: کۆترە بارێکە.
کۆترە کێویلە: جۆرە کۆترێکە.
کوتک: توتکە سەگ. بەچکەی ورچ و گورگ و هێندێ گیانداری تر (ز) چەکەی هەلاجیی (د). کوتەک.
کۆتک: کەمۆڵە.
کوتکردن: لەتکردنی شت. داکوتانی سنجووق بەزەویدا لە یاری سنجووقێندا.
کۆتکە: تەشپییەکی گەورەی قووڵی دەم واڵە.
کوتلک: ز. کفتە.
کوتن: کەوتن. کراندنەوەی گۆشت لە ئێسقان بە ددان (ز).
کوتوپڕ: وتەیەکە بەمەعنا وتەی (دەستبەجێ).
کوتوکولک: وردە خورییەکی ناشرینە کە بڕێسرێ بۆ دروونی دەمی فەردە.
کوتوکوێر: مەردوومی چاوکز.
کوتومت: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ هاووێنەیی دوو شت لەگەڵ یەکتری: نەژاد (کوتومت) دەڵێی فەرهادە.
کوتومزرەقی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی کوتوپڕ.

کوته: دەنگێکە وەک دەنگی کوتانی شت، (کوتەکوت) کوتەی یەک لە دوای یەک.
کۆته: مووڕەداری گەورەی بێ بار. دارێکی درێژی بەگوڵمێخ لە زەوی داچەقاوی لەلەکراو لە ڕاستی هەر لەلەیەکی قوڵفێکی ئاسنی تێدایە پێی بەندی تێ دەخرێ. کۆتەرەدارێکی بەرزە گۆشتفرۆش گۆشتی لەسەر لەت لەت دەکات.
کۆتەرە: پارچەدارێکی خڕی نالەبار. سەرەبزووت. بریتییە لە پەلەورێک کە باڵی نەمابێ.
کۆتەشکێن: د. پارچە ئاسنێکە لەبەردەمی موغەیریدا دادەنرێ بۆ شکاندن و تەکاندنی بزووت.
کوتەک: داردەستێکی سەرخڕە .
کوتەکوت: ز. وەڕینی سەگ .
کوته کەلەکە: د. سواڵەت.
کۆتەڵ: سەرکۆزەری دانەوێڵە. هەڵواسینی کاڵای مردوو بۆ شیوەن لەسەرکردنی. کۆمەڵە دار و درەختێکی داربەڕو یا مازووە کە چروپربێ. ناوە بۆ شوێنێک لە بەردەمی دێی (سووروداش)دا کە دار و دەوەنی زۆرە. نێی ئاش. گەنمێکە کە لەناو قاپۆڕەکەیدا مابێتەوە دوای کوتان و شەنکردنی. پەیکەر.
کۆتەڵبوون: گەورەبوونی منداڵ: منداڵەکە کۆتەڵ بووە، واتە بەخۆیدا هاتووە و لە خەم ڕەخسیوە.
کوتیاگ: د. کوتراو.
کوتیان: د. کوتران.
کوتیلک: با. کفتە.
کوتی: ز. گوڵ.
کۆتیلە: هـ. درەختێکی پچکۆلەیە لەبەر کزی بەرز نەبێتەوە.
کوجەڵە: کاسەی پچووک. شتێکە لە قوڕ دروست دەکرێ لە وێنەی لالەوێچ، دەنرێ بەقەدی داربەنەوە بۆ ئەوەی بنێشتەکەی تێ بچێت.
کوجیلە: کوچوولە.
کۆجیلە: کۆجەڵە.
کوچ: کوچک (ز). کەسێکە کە دەردی (شەپلە) لێی دابێ.
کۆچ: کەلوپەلی کۆچەرییە بەبارەوە. مووڕەدار (ز). بزن و بەرانی بێ شاخ.
کۆچاوکۆچ: گواستنەوە لەم کۆچەوە بۆ ئەو کۆچ: جاف هەر خەریکی (کۆچاوکۆچ)ە.
کۆچای کۆچ: د. کۆچاوکۆچ.
کوچچک: ل. بەرد.
کوچک: بەردی نە زۆر گەورەی نە زۆر پچووک. ئاگردان (با).
کۆچک: تووتک (ز). قۆچک.
کوچکتاش: د. بەردتاش.
کوچکچن: د. کەسێکە کە دیواری بەرد بەوشکە کەڵەک دروست بکا. دیواری وشکە کەڵەک.
کۆچکردن: بارکردن بەماڵ و منداڵەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. بریتییە لە مردن.
کوچکرێژە: د. جۆرە بەردێکە شووشەی لێ دروست دەکرێ.
کوچکوچ: ز. وتەیەکە وەک وتەی (کووت کووت) سەگی پێ بانگ دەکرێ.
کوچک و کوانگ: د. بریتییە لە وەجاخی ئاگر: بەم (کوچک و کوانگە) ڕازی نییە.
کوچک و کەلەک: شوێنی بەردەڵان و ناخۆش.
کوچکە: سێ بەردە دەخرێتە ژێر مەنجەڵ و دیزە، لە باتی سێپا.
کۆچکە: قۆچکە.
کۆچڵە بەس: چەند بەربەستێکە دەکرێ لە بەردەمی تیرەی مەرەزە لە زەوی بەرز و نزمدا بۆ ئەوەی کە ئاوەکە پۆنگ بخواتەوە و یەکسان مەرەزەکە ئاو بدا.
کوچکەهەسان: د. بەردەهەسان
کۆچڵەبەست: کۆچڵەبەس.
کۆچوبار: ماڵی کۆچەری کە لە وڵاخ نرابێ.
کۆچوماڵ: کۆچوبار.
کوچوولە: دەرمانێکی بۆری کوشندەیە. باقەیەکە لە گیای گوش کە نرابێتە ناو ئاو بۆ نەرمبوونی بۆ ڕستن (ز).
کوچووڵە: کوچوولە.
کۆچە: هـ. جۆرە هەنجیرێکی وردی سووری زۆر شیرینە.
کۆچەر: کۆچەری.
کۆچەری: کەسێکە کە نیشتەجێ نەبێ و، گەرمیان و کوێستان بکا.
کۆچەک: کوڕێکی جوانە کە جلی ژنانەی لەبەردا بێ و لەناو پیاواندا سەما بکا.
کۆچەکاو: هـ. جۆرە هەنجیرێکە وەک (کۆچە) بەڵام ئەم زەردە.
کۆچەکە: فێستی سەری ژنان.
کوچەڵە: کۆچەڵە. چاڵاو (د).
کۆچەڵە: کۆجەڵە. شتێکە وەک دەمەکەوچک لە قوڕ دروست دەکرێ و دەنرێ بەقەد دار قەزوانەوە لەکاتێکدا کە دارەکە بریندار دەکرێ بۆ ئەوەی بنێشت دەربدا و بچێتە ناوی .
کۆچەڵەبەس: چەند کۆچەڵەیەکی قوڕینە، دروست دەکرێ لەناو جۆگە ئاوی تەنیشت (تیر)ی مەرەزدا، بۆ ئەوەی ئاوەکە لەو کۆچەڵانەوە دابەش ببێ بەسەر تیرەکەدا بەیەکسانی.
کۆچ هەڵکۆچ: کۆچاوکۆچ.
کۆچی دوایی: بریتییە لە مردن.
کۆخ: زنجێکی پچکۆلەیە لەناو باخدا دەکرێ.

کۆخا: کوێخا.
کۆختە: قۆختە.
کوخک: ز. کۆکە.
کۆخک: ز. کۆکە. سەرپێچێکی ئاوریشمە دەبەسترێ بەسەری بووکەوە .
کوخێکی: ز. کەسێکە کە کۆکەی تووش بووبێ.
کۆخن: کەسێکە کە زۆر بکۆکێ.
کۆخواردنەوە: د. پارێزکردن و سڵەمینەوە لە شتێک.
کۆخە: کۆکە.
کۆخەڕەشە: گۆکەڕەشە.
کوخین: با. کۆخین.
کۆخین: کۆکین.
کۆد: کاسەیەکی پچووکە شوان شیری تێ دەدۆشێ (ز). قفڵ.
کوداندن: ز. جێبەجێ کردنی کار.
کۆدک: قفڵی پچووک.
کودوو: کەدوو.
کۆدە: ز. پووشانە.
کودەری: جۆرە تەنراوێکە کاڵای لێ دروست دەکرێ. جۆرە چەرمێکی تایبەتییە دەکرێ بەسەری پێڵاو.
کودی: کەدوو.
کور: ز. کوڕ. مەڕی کەڕیلە. شوێنی قووڵ لە زەوی.
کۆر: کوێر.
کۆراندنەوە: سەرزەنشت کردنی یەکێک چەند جارێ لەسەر یەک.
کۆرانەوە: کۆراندنەوە.
کۆرانەوە: کوڕووزانەوە.
کۆراو: کوێرەکانی.
کۆرایی: کوێرایی.
کۆریە: ساوای گیاندار و سەوزایی. دارێکە هەڵپاچرابێ و تازە لق و پۆپی دەرکردبێتەوە: نزاری فیسار کەس بەشێکی کۆریەیە و بەشێکی بڕەیە .
کۆریەلە: منداڵێکە کە لەناو منداڵداندا بێ (جنین).
کورت: شتێکە کە درێژ نەبێ. چاڵ (ز).
کورتان: کۆپان.
کورتاندروو: کۆپاندروو.
کورتبڕی: وتن یا نووسینی مەبەستێک زۆر بەکورتی (ایجاز) .
کورتبوونەوە: کەمبوونەوەی شت لە باری درێژی.
کورتخەس: قرتاندنی نێرکی تووتن لەسەر گەڵاوە بۆ ئەوەی باڵا نەکات.
کورتکردنەوە: کەمکردنەوەی درێژیی شت.
کورتم: شتێکی کورتی ئەستوورە.
کورتمە: کورتم.
کورت و کوێر: کاڵای کورتی تەسک.
کورتە: وڵاخی نارەسەن (ز). کورتەک. کورتکراوەی شتێک.
کورتەباڵا: شتێکە کە باڵای نزم بێ.
کورتەبنە: کورتە باڵا.
کورتەک: کاڵایەکی یەخە و قۆڵداری پڕ لە ناوی کورتە تا سەر ئەژنۆ. کەوا (با).
کورتە کەلەکە: بۆشایی عاستی کەلەکە.
کورتەکەوا: کەوایەکی کورتی پڕ تەربیی ناوداره لە لبادە درێژتر و لە کەوا کورتترە.
کورتەڵە: کورتە بنە.
کورتەوکردن: د. کورتکردنەوە.
کورتی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (بەلای کەمەوە): فیسار کەس (کورتی) حوقەیەک ترێی خوارد. بوونی شت بەکورت. درێغ و کۆتاهی (د).
کورتێلە: کورتەڵە.
کورد: گەلێکی کۆنی ئارییە کەوتۆتە ناوەڕاستی ئاسیاوە، لە بیست ملیۆن زۆرترە.
کوردانە: وەک کورد: کوردانە و مەردانە وەرە پێشەوە.
کوردایەتی: خەریکبوون بەکاروباری کوردەوە.
کوردپەروەر: کوردێکە کە هەوڵ بدا بۆ خزمەتی گەلی کورد.
کوردپەروەری: هەوڵدان بۆ خزمەتی گەلی کورد.
کوردستان: ئەو جێگایەیە کە گەلی کوردی تێدا دانیشتووە کە سنووری ئەختێک لە ژوور کەنداو (خلیج)ی فارسییە و بەدیوی ئێراندا دەست پێ دەکات تا نزیک دەریای ڕەش و، لە کرماشانەوە تا کەنداوی ئەسکەندەروونە و، چوارسەد هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
کوردشناسی: خەریکبوون بەباسێکەوە کە دەخلی بەسەر کوردەوە بێ (الدراسات الکردیة).
کوردکوژە: ناوە بۆ جۆرە خورمایەک. جۆرە ترێیەکە.
کوردۆ: جۆرێکە لەنقامی قۆریات.
کۆردەرە: ناو دۆڵ و دەرەیەکە کە دەرنەچێ.
کوردە کوژە: د. کوردکوژە.
کوردەواری: شوێنێکە کە کورد تێدا دانیشتبێ.
کوردی: زبانێکە کە کورد قسەی پێ دەکات. جۆرە خواردەمەنییەکە کە لە هەرزنی کوتراو و دۆ و ڕۆن دروست دەکرێ (ز).
کوڕ: نێرینەیەکە کە هێشتا ژنی نەهێنابێ. ئەوەی نێرینەی باوک و دایک. کوڕوو. قوڕ (با).
کۆڕ: کۆمەڵی گیاندار: مەچۆرە ناو (کۆڕی) قومارکەرەوە.

کوڕاده: قوڕاده.
کۆڕاندن: پڕماندن و حیلاندنی ئەسپ.
کوڕانە: شتێکە کە هەر بۆ کوڕ بشێ.
کوڕانی: کچێکە کە خووی کوڕی بێ.
کۆڕپێگرتن: سەرنانە سەر یەکێک و بەزم پێ گرتنی.
کوڕش: کوڕوو.
کوڕکوڕ: باڵندەیەکە بەقەد کۆتر، تووکی لە هەموو تووکێک نەرمترە و، گۆشتی دەخورێ.
کوڕکوڕۆچکە: کرکراگە.
کوڕکە: قیتکە.
کوڕگ: د. جوانوو.
کۆڕگە: جێی کۆبوونەوەی چەند کەسێک.
گوڕنوو: کڕنووش.
کوڕنووش بردن: کڕنووشبردن.
کوڕوکاڵ: بەچەند کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو دەڵێن کە کۆبووبنەوە.
کوڕوو: وتەیەکە وڵاخی یەکسمی پێ بانگ دەکرێ. جاشەکەر.
کوڕووز: گیاندار و درەختی سیسی بێ کەیف.
کوڕووزانەوە: باسی نەبوونی و نەدارایی کردن لەلای یەکێک. ناڵە و گریانی منداڵ بەهۆی نەخۆشییەوە.
کوڕووزە کوڕووز: کوڕووزانەوە.
کوڕوولە: جاش.
کۆڕە: پڕمەی ئەسپ لەکاتی غوبابیدا. دەنگی بەرزی گریان بەکوڵ، (کۆڕەکۆڕ) کوڕەی یەک لە دوای یەک.
کوڕەبەشە: مەلێکی گۆشتنی قەڵەوە.
کوڕەپا: د. پێ کوڕە.
کوڕەدار: دارێکە کە مێوێک پێیدا هەڵگەڕابێ و، ئەو دارە بۆ ئەو مێوە تەرخان کرابێ.
کۆڕەدار: کۆمەڵە دارێکی چڕی بەیەکدا چووە.
کوڕەزا: منداڵی کوڕ.
کوڕەزازا: منداڵی منداڵی کوڕ.
کوڕەزاگ: د. کوڕەزا.
کوڕەکەڵ: نێری حەیوانە کێوییە کە پێی نابێتە دوو یا سێ ساڵە.
کوڕیژگە: کوڕی پچکۆلە.
کوڕێنی: تافی گەنجیی کوڕ.
کوڕی: مەڕێکە کە بێ گوێچکەبێ یا نیوە گوێچکەی ببێ. وتەیەکە دەبێژرێ بۆ لێخوڕین و بانگ کردنی جاش و جوانوو. جاشەکەر. مەڕێکە کە خورییەکەی لێ کرابێتەوە.
کوڕیلە: کوڕوولە.
کوڕیس: کاوڕێکە کە گوێچکەی پچووک و دەموچاوی سوورکاڵ بێ.

کۆرس: ز. جۆلا.
کورسکەر: ز. جۆلا.
کورسی: تەختێکە لە دار دروست کرابێ بۆ لەسەر نووستن یا دانیشتنی.
کورسی کورسی: شتێکە وەک چەرخ و فەلەک چوار کورسی پێوەیە منداڵان دەچنە ناوی و دەخولێنرێتەوە و بەرز و نزم دەبنەوە.
کورشک: کەروێشک.
کورشهەڵاتن: چیچکە کردن بەکزییەوە.
کورک: تووکێکی زۆر نەرمە لە بن مووی بزنەوە دەردێ. مریشک و باڵندەی کڕ.
کورکاندن: کورکە کردن.
کورکانن: کورکاندن.
کورکوڕۆژە: کڕکراگە.
کۆر کۆرە: باڵندەیەکی بۆرەقنەی بێ بیرە لە کوندەبەبووی پچووک دەچێ. کونێکە لە پاڵ دۆڵیانی ئاشدا، ئاشەوان هاتوچۆی پێدا دەکا بۆ ژێر (دۆزەقە).
کورکە: دەنگی گریانی هێواشی. دەنگێکە لە وڵاخی بەرزەی یەک سمەوە دێ لە کاتێکدا کە وەختی ئالیکی هاتبێ، (کورکەکورک) کورکەی یەک لە دوای یەک.
کورکە نیسان: گوڵاڵەسوورە.
کۆرگ: د. کوێرووی دەغڵ.
کورکیان: د. کورکەکردنی وڵاخ.
کورن: ز. دۆڵی بەردەکە ئاوی تێ بکرێ.
کۆرنۆش: کوڕنووش.
کورۆتن: کورۆشتن.
کورۆچانن: د. کورۆشتن.
کورۆچ کرۆچ: د. کڕکراگە.
کوروزمان: با. بەچەی مەڕ.
کۆڕۆژتن: کورۆشتن.
کورۆژین: کورۆشتن.
کورسک: با. هەرمێ کێویلە.
کورۆسک: هەرمێ کێویلە.
کورۆش: کوڵۆش.
کورۆشتن: داکرماندنی شتی ڕەق بە ددان.
کورۆشە: کرمێکی سوورکەڵەیە لە دەمی قەف و گوڵ دەدا لە گەنم و وشکی دەکا. کوڵۆش.
کورۆک: نێرک. کاکڵە.
کورۆڵ: کوڵۆڵ (د). کولۆر.
کوروور: د. کولوور.

کۆرە: کوێر. فیسار کەس کۆرەیە .

کۆرە بەشک: ز. جۆرێکە لە مشکە کێوی.

کورەک: د. کورۆک. زبانەی شت.

کۆرەکە: کـۆرکۆرەی ئاش. نێی ئاش: ناوی بە(کـۆرەگـە)ی ئاشدا چێ.

کۆرەلاش: هـ. گیایەکی بەهارییە لە شنگ دەچی بەلام ئەم گەلای پانترە.

کۆرەمار: کوێرەمار.

کۆرەمشک: ز. مشکە کوێرە.

کۆرەوەری: کوێرەوەری.

کۆریانەوە: د. کۆرانەوە.

کۆری: کوێری.

کۆریت: کولانەی مریشک.

کوریشک: لۆچی کالا و هەموو شتێکی تر.

کوز: قوز.

کـۆز: جێ مـۆلّی ئاژاڵی وردە کـە بەتەیان تەنرابێ. هەوارگـە. لەوەڕگا.

کۆزانە: ز. جۆرە ترێیەکی دەنک گەورەی خڕە.

کۆزانێن: مەجمەعی عیلمی.

کوزبڕکە: قوزبڕکە.

کۆزر و بەربانان: بریتییە لە لێدانی زۆر لە یەکێک.

کوزکەش: بریتییە لە مەردوومی گەواد.

کۆزەلاخ: ز. خانووی پچووکی نزم.

کوزماڵ: پاککردنەوەی جۆگەی پچووک.

کۆزمان: ئەنجومەنێکە کە لە وتەی زمانێک بکۆڵنەوە (مجمعي لغوي).

کۆزە: جێ مۆڵگەی کار و بەرخ.

کۆزەر: پووش و پەلاشێکە لە دانەوێڵە گیرابێ بەگێژکردنی.

کۆزەرە: کۆزەر.

کۆزەرەڕیشە: یەکێکە ڕیشێکی بۆزی هەڵپڕوزاوی ببێ.

کوزە سووتەکێ: قوزە سووتەکێ.

کوژاندن: کوژاندنەوە.

کوژاندنەوە: نەهێشتنی گڕی ئاگر و چرا. تێکدانی پیتی نووسراو یا کێڕی سەرزەوی. بریتییە لە نەهێشتنی هەرا و ئاژاوەیەک.

کوژانەوە: کوژاندنەوە.

کوژاو: کوژراو.

کوژاوە: نووسراو و کێڕێکە کە تێک درابێ.

کوژتن: د. کوشتن.

کوژران: کوشتن.

کوژراو: گیانلەبەرێکە کە بێ گیان کرابێ. بریتییە لە یەکێک کە لێی درابێ بەزۆری.

کوژنە: د. کوشندە.

کوژیاگ: کوژراو.

کوژیان: کوژران.

کوژیانەوە: کوژانەوە.

کوژیرک: با. گۆشە و قوڕنە.

کوژی: با. قوژبن.

کوژین: کوشتن.

کوس: قوز.

کۆس: د. کۆست. کۆسپایی.

کۆسار: د. شوێنێکە کە شاخوداخی زۆربێ.

کۆسپ: بەرزایی کەم لە زەوی. قۆرت و گرێی ڕۆزگار.

کۆسپایی: کۆسپ.

کۆسپە: کۆسپایی.

کۆست: بەلای گەورە.

کـۆست کـەوتن: بریتـیـیـە لە هاتنی بەلایەکی گـەورە بەسـەر یەکێکدا.

کۆستە: پیاوێکە کە مووی ڕیشی نەبێ یا زۆر تەنک بێ. ناوی دوو دێی نزیک لە یەکن لە ڕۆژئاوای سلێمانی.

کـۆسـتـەک: قـولفـەیەکی چەرمـیـنە بە کـێـلانی خـەنجـەرەوە لە مشتووەکەی هەڵدەکێشرێ بۆ ئەوە کە نەیەتە دەرێ.

کۆستە کۆستە: بریتییە لە چاو و ڕاوکردنی چەند کەسێک لەگەڵ یەکێک بۆ دەست برین و هەڵخەڵەتاندنی.

کۆستەوەوی: دوو زەلامن لە کاتی بێ بارانیدا یەکێکیان ڕووی خۆی ڕەش دەکا و ئەویتریان بەرگی بووک لەبەر دەکا و دەست دەدەنە دەستی یەکتری و ماڵەوماڵ دەسووڕێنەوە و ئاویان دەکەن بەسەردا بۆ نوقلانەی باران بارین.

کوسک: ز. مەردوومی چاوشین.

کوسکەش: بریتییە لە مەردوومی گەواد. بریتییە لە یەکێک کە کلکە لەقێ بکا بۆ یەکێکی تر.

کوسکەشی: گەوادی.

کۆسکەفتن: د. کۆست کەوتن.

کوسکی: ز. نۆێڵی ئاسن.

کوسۆک: کسۆک.

کۆسە: مەردوومی کۆستە. جۆرە ماسییەکە.

کۆسەک: کۆستەک.

کوش: ز. وریایی و خۆپاراستن.

کۆش: ماوەی بەر ورگ و ڕانی مەردووم لە کاتی دانیشتندا.

کوشبوون: ز. هاتنە پێشەوە. بزووتنەوە.

کوشتار: کوشتنی زۆر لە مەردووم یا لە گیانداری تر: لە فیسارە جەنگدا (کوشتار)ێکی زۆر کرا، یا گۆشتفرۆشەکان ئیمڕۆ زۆریان (کوشتار) کردووە.

کوشتن: دەرکردنی گیان لەبەر گیاندار. بریتییە لە لێدانی زۆر و بەئازار.

کوشتنەوە: بریتییە لە سەربرینی ئاژاڵ: ئیمڕۆ سەد مەڕیان (کوشتەوە). کوشتنی یەکێک لە خوێنی یەکێکی تردا.

کوشتوو: ئاژاڵی سەربڕاو.

کوشتە: گەچێکی گیراوەی کوژراوی بێ هێزە لەسەر گەچکارییەوە سواغی پێ دەدرێ و بەماڵە لووس دەکرێ.

کوشتەرا: ڕەندەیەکە دارتاش داری پێ لووس دەکا.

کوشتەرە: د. کوشتەرا.

کوشتی: کوشتوو.

کۆشش: هەوڵدان و قەڵاشکردن بۆ شتێک.

کۆشک: خانووی بەرزی خۆش. گلێنەی ناو خواردنەوە (ز).

کۆشکار: ز. پینەچی.

کۆشکە: ز. جۆرە هەرمێیەکە. ناوی دێیەکە لە بۆتان.

کوشکەکردن: کورش هەڵاتن.

کوشکەلاتن: کوشکەکردن.

کوشکەلاتوو: کەسێکە کە کورش هەڵاتبێ.

کوشکەلان: کۆگای تەپاڵەیە کە بەگردی دانرابێ و ناوەکەی بەبۆشی مابێتەوە. سەرەنوێلک (د).

کوشکهەلاتن: کوشکەلاتن.

کوشندە: شتێکە کە مایەی کوشتنی گیانداربێ.

کۆشە: کۆشین.

کۆشەلان: د. گومەزێکە لە تەپاڵە ناوەکەی پڕ دەکرێ لە تەپاڵە بۆ سووتەنی.

کۆشەوە: د. کۆشش.

کۆشین: د. هەوڵدان.

کوفت: د. کفت.

کۆفی: ز. جۆرە گرێیەکە ژنانی کوردستانی زازا دەیدەن لە سەرپێچیان لە عاستی ناوچەوانیان بۆ جوانی.

کۆڤک: با. ڕەحەتی نەوت.

کۆک: جۆرە تەقەڵێکی زلە لە کاڵا هەڵدەدرێ لە پێش دروونیدا بۆ ڕێک وەستانی. شتی سازی لەبار: مەکینەکە زۆر (کۆک)ە. ڕەگ و ریشە (ز) پەلپ.

کۆکردن: سڵەمینەوە لە شتێک. کۆکردنەوە.

کۆکردنەوە: کۆمەڵەکردن و گردکردنەوەی شتی بڵاو.

کۆککردن: قورمیشکردنی سەعات. سازکردنی شت.

کۆکگرتن: پەلپ گرتن. تەقەڵ هەڵدان لە کاڵا بەدرشتی بۆ ڕێک وێستانی.

کۆکلاش: گیایەکی کوێستانییە لاسکەکەی بریندار دەکرێ و شتێک دەردەدا وەک بنێشت دەجوورێ.

کوکو: کوو کوو.

کوکوختی: گوگوختی.

کۆکە: دەنگێکە لە گەرووی گیاندارەوە دێتە دەرەوە بەتەکان بەهۆی خوروویەکەوە کە لە گەروویدا پەیدا دەبێ، (کۆکە کۆک) کۆکەی یەک لە دوای یەک. ناوی دێیەکە لە کوردستانی ئێران.

کۆکەڕەشە: جۆرە کۆکەیەکە بەمنداڵ دەگات دەنگی وەک کەڵەشێر دێ.

کۆکەن: ئالف برین.

کۆ کەنار: توێکڵی خاشخاشە بەهاڕراوەیی لەگەڵ شەکردا دەدرێ بەمنداڵی کەم خەو بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێ.

کۆکی: بوونی شت بەکۆک و ساز.

کۆکین: کۆکەکردن.

کۆگا: کۆمەڵێکی گەورە لە هەموو شتێک. شوێنێکە کە بەزۆری شتی تێدا دابنرێ (مخزن).

کۆگابازی: د. جۆرە یارییەکە شتێک لە ژێر خۆڵدا دەشارنەوە، هەر کەسێک دۆزییەوە دەیبا بۆ خۆی.

کۆگادان: د. کۆکردنەوەی شت و کردنی بەکۆگا.

کۆگە: کۆگا (د). کوێ (هـ).

کۆگەوان: مەئمووری مەخزەن.

کول: تیغێکە کە شت نەبڕێ. گیایەکە وەک خەرتەلە بەڵام ئەم لووسە. ئەندامێکی نەخۆش (ز). ماندوو: نەوەندم هەوڵ دا (کول) بووم. گل: چاوم کول دەکات، واتە گل دەکات. کەسەر: دڵم کولە واتە خەمبارم.

کۆل: قەم (هـ). تەختەیەکە وەک سندوق نانەوا هەویری تێدا دەشێلێ. کۆڵ (ز). دۆلیانەی ئاشە کە دانەوێڵەی تێ دەکرێ بۆ ئەوەی کە بەرەبەرە بچێتە ناو چەرەخۆڕدەوە. ئەندازەیەکە وەک قاسناغ دانەوێڵەی پێ دەپێورێ.

کوڵ: جۆشی شتی شل لەسەر ئاگر. جۆش و هەنسکی گریان: (کوڵ)ی گریانی نەدەنیشتەوە. شتی کورت. هێندێ گیانداری بێ کەڵک.

کۆڵ: شتێکی نووکدارە کە نووکەکەی کول بێ. ئاژاڵی بێ شاخ. گیانداری گوج. شتێکی قورسە کە بەکۆڵی ئادەمی هەڵبگیرێ. پشتی ئادەمی بەلای هەردوو شانییەوە: ئەو منداڵە بکەرە (کۆڵ)ت. بەچکەی گیاندار: کەر (کۆڵ) واتە جاشەکەر. گیایەکی کوێستانییە گەڵای درێژکۆڵەیە، بنکەکەی سوورە، دەکرێ بە کەلانە.

کولاب: ز. چنگی گیاندار و باڵندە.

کولابە: ڕ. ئەو دوو دارەیە کە دەکەوێتە سەر ملی گای جووت.

کولات: ز. کولێی پچووک لە گڵ یا لە بەفر.

کولاتگ: شتێکه هاتبێته کوڵ.
کۆلاره: باڵندەیەکی گۆشتخۆری زیاندارە لە داڵ دەچێ. جۆرە شتێکە منداڵان لە قاقەزی ڕەنگاوڕەنگ دروستی دەکەن و هەڵی دەدەن بەئاسماندا بەدەزوو.
کولافک: با. قارچک.
کولافه: مەردوومی بێ ورە.
کولاف: لباد (ز). کڵاو (با).
کولان: د. کولانه.
کـولان: قـولپـدانی شـتـی شل لەسـەر ئاگـر. پووختـەبوون و پێگەیشتنی شت لەسەر ئاگر.
کۆلان: دەربوونەیەکە کە چەند دەرگایەکی لەسەر بێ.
کولانچکه: کڵاورۆژنه.
کولاندن: پوختەکردنی شت لەسەر ئاگر.
کولاندنەوە: ئازار گەیاندن بەبرین بەهۆی دەست لێدانیەوە.
کۆلانکوت: بریتییە لە مەردوومی گەڕۆک.
کولانکه: کڵاورۆژنه.
کولانگ: د. کولاندن.
کولانن: کولاندن.
کولاننەوە: کولاندنەوە.
کولانه: شوێنێکی پچکۆلەی سەرگیراوە، کۆتر و مریشک تێیدا هەڵدەنیشێ.
کولانەوە: ئازار گەیشتن بەبرین بەهۆی کەوتنی لە شتێک.
کولاو: ل. تەورداس.
کولاو: شتێکە لەسەر ئاگر پوختە بووبێ.
کـولبـوون: نەمـانی تـیـژیی تیغ. بریتـیـیـە لە مـاندووبوون لە کارێکدا. ئیشکردن (ز). ئاوسان و کێمکردنی ئەندام (ز).
کۆلبەند: کۆڵوانه.
کولپ: با. گرانی.
کولپیچ: با. خشتی سوور.
کۆڵ پێدان: بەزاندن.
کولجه: د. کولۆجه.
کولخان: توون.
کولخواردن: د. جۆشخواردنی شت بەسەر یەکدا. بریتییە لە ڕق هەستان و جۆشخواردنی دەروون.
کولدان: جۆشدان و کولاندنی شت لەسەر ئاگر.
کۆلدان: وەڕس بوون لە شتێک و دەست لێ هەڵگرتنی.
کولغا: با. گیانداری زۆر برسی.
کولغت: د. ئەستوور. زۆر.
کـولک: دڵێکە کە زۆر خەفـەتبـاربێ. چاوێکە کە زۆر بێـەشێ و مـاندوو بووبێ. دومەڵ. هۆدیەکە کە لە حەسیر و قامیش دروست کرابێ (با).
کـولک: مـووی کـورت کـە نەشێ بۆ ڕستن. کـورک (د). تووش و دووچار: بووە بە (کولک)یەوە، واتە بووە بەتووشیەوە.
کـۆلک: کـۆتەرەداری ڕزیو. مـزراحـێـکی بێ کـەڵکە دادەنرێ و مزراحی بەسەردا دادەکوترێ. شتی کۆنی بێ کەڵک. کەپری پچووک. بنکی ددانی ڕزیو.
کولکانه: ل. ئەموستیله.
کولکردن: کاڵاشتن.
کۆلکردن: کولکردن. کردنە کۆڵی شت (د).
کولکردن: ز. پاڵ پێوەنان.
کولکن: شتێکە کە کولک و مووی پێوەبێ. ماستاوی خەستی گورۆگورۆ.
کولکنه: کۆلکن.
کولکه: د. کولک.
کولکەر: جل شۆر.
کولکەڕن: ڕنینەوەی خوری و مووی ئاژاڵ بە دەست.
کۆلکەزێڕینه: پەلکەزێڕینه.
کۆلکێش: کەسێکە بەکۆڵ شت هەڵبگرێ.
کـولگه: ڕەبەت. جـێـی کـۆبوونەوەی چەند ڕاوچیـیـەک بۆ حەسانەوەیان.
کۆلگێڕ: کەسێکە بە کۆڵ شت بگێڕێ بۆ فرۆشتن.
کولله: گیاندارێکی باڵداری درێژکۆلەی قاچ زبرە، سەوزایی دەخوا و گەلێ جۆری هەیە، پەردەیەکی تەنکە لە هاویناندا بەدەوری جێی نووستندا دەگیردرێ.
کوللەبەجەڕ: بریتییە لە یەکێک کە ئەوەندە لاوازبێ ئەندامەکانی وەک بەجەڕ لێکدرابێ وابێ.
کولله زەرده: جۆرە کوللەیەکی زەردی بەزیانه.
کوللەک: ز. کڵاورۆژنه. شەل.
کولله مسکه: جۆرە کوللەیەکی وردە گەنم و جۆ دەخوا.
کول لێدان: مردنی شتێک بە ناخونەک.
کولم: ز. لەویچ. مستەکۆڵە (با).
کولم: ڕوومەت.
کولمە: گولمەی گۆشت (د). کولم.
کـۆلنج: ئازارێکە لە شـان و مـل و پشـتـدا پەیدا دەبێ بەهۆی سەرماوە. تووی نەگەیو.
کۆلنجان: گیایەکی گەرمە دەکوترێ و دەدرێ لە ئەندامی یەکێک کە تووشی ڕەقیتە بووبێ.
کـــۆلنجکردن: ئازار پەڕینە ناو شـــان و مل و پشت بەهۆی سەرماوە.
کۆلنجگه: د. ناوشان.
کۆلنجه: تووی نەگەیو.

کولندەر: ز. کوولەکە.
کولنگ: قولنگ.
کولۆ: با. کوللە.
کولۆ: پارچەیەکی ڕەقی خڕە لە هەموو شتێک: (کولۆ)یەک شەکر یا گڵ.
کۆلوانە: پارچە تەنراوێکی چوار سووچە ژنان لەسەر کالاوە دەیگرنە کۆڵیان.
کولۆت: ئێسقانێکە کە نەرمەی گۆشتی سمتی پێوەیە. کولۆ.
کولۆج: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە دوای وتەی بە(هیچ)ەوە بۆ نەبوونی کارێک: بە(هیچ کولۆج)ێک ئەم کارە ناکەم، واتە بەهیچ ڕەنگێک.
کولۆجە: سەردەرییەکی کورتی ناودارە، لەسەر سوخمەوە لەبەر دەکرێ.
کولۆخ: با. کاسەی سەر.
کولۆر: شتێکە کە ناوی هەڵۆڵ و پووچ بێ.
کۆلۆز: ز. کلاوێکە کە لە خوری دروست کرابێ.
کۆلۆزیانە: هـ. گیایەکی بەهارییە گوڵێکی زردی هەیە بەجۆش دراوی دەخورێتەوە بۆ ژانەسک.
کولۆزرک: د. کولەزرک.
کولۆش: دواوەی دانەوێڵە.
کولۆشە: کولۆش.
کولۆفت: د. کولفت.
کولۆک: کولۆتی گیاندار. نیسک و نۆک و ماشێکە کە زوو بکولێ.
کولۆکار: دیوارێکە کە بەکولۆ کرابێ. وەستایەکە کە هەر دیواری کولۆ بتوانێ بکا. شتی ڕێکوپێک (د) .
کولۆکاری: خەریکبوون بەدیواری کولۆوە.
کولۆکۆ: کڵپەی گڕی ئاگر: کولۆکۆ: ی دامرد.
کولۆکۆدامردن: سووتانی شت بەنێجکاری.
کولۆڵ: مەردوومی بەدبەخت. مەڕی ناوچەوان سپی.
کولۆڵی: بەدبەختی.
کولۆم: چەند پارچەدارێکە لە ناو کیسەڵەی دەرگادا بەڕەتبوونی شمشێرەی دەرگاکە دەکەونە ناو لەلەکانییەوە و دەرگاکە دادەخرێ.
کولۆمکردن: داخستنی دەرگا بەکولۆم.
کولۆنجە: کولۆجە.
کولۆندە: کولۆجە.
کولوو: لووکەی تازەی کراوەی نواڵەکراو.
کۆڵوو: پارچە نانێکە کەوتبێتە ناو تەنوورەوە و لۆچ بوو بێ و هەڵپرووزابێ. بنکی گیای تاڵووە لە شوێنی کەم داردا دەکرێ بەسووتەمەنی.
کولووچە: د. کولیچە.
کولووچەمەژگە: د. جۆرە کولیچەیەکە ناوەکەی شەکر و گوێز یا خورمای تێ دەکرێ.
کولوور: ناوە بۆ پێنج (لەک) کە دەکاتە پێنج سەد هەزار.
کولوورە: پوورەی هەنگ.
کولووز: د. گیانداری پەڕپووتی بێ تێن.
کولۆوزیانەوە: د. کوڕووزانەوە.
کولووکی: د. پەلەپەل و تاڵووکەکردن.
کولوە: ل. گۆڕیچە.
کولە: کوللە.
کوڵە: ڕەبەت. جێی خۆحەشاردان لە مەردووم بۆ گوێگرتن و قسە دزین: فیسار کەس (کولە)ی لێ گرتووم. ژیشک (د). شتی کوڵ.
کۆلە: بەندە.
کۆڵە: شووتی پچووک. بەچکەی گیاندار: کەر (کۆڵە)، شێر (کۆڵە) واتە بەچکەی شێر و کەر. کۆڵوو (د).
کوڵەبار: د. کۆڵەکەیەکە کە درابێتە بەر لقێک کە بەری زۆری گرتبێ تا نەشکێتەوە.
کولەباڵ: فەرەنجییەکی کورتی گوێچکەدارە قۆڵ دەکرێ بەبن گوێچکەی کانیدا.
کولەباڵە: کولەباڵ.
کولەبرک: د. کورتەدارێکە دەگیرێتە بەرزە درەخت بۆ خستنە خواردوەی بەرەکەی.
کولەبنە: مەردوومی خڕیلانە.
کولەبەس: منداڵی ژن لە مێردی تری.
کۆڵەبەست: کۆڵەبەس.
کۆڵەبێ: درەختی کوڕووز. ناوی دوو دێیە لە ناوچەی سەنگاو و تانجەرۆ.
کولەپرە: د. مەردوومی خڕی چوارشانە.
کولەپێچکردن: ڕاپێچکردن و بردنی یەکێک یا زیاتر. چنگ لە سەرشان.
کولەجە: کولۆجە.
کولە چوارشەموو: دواترین چوارشەمووی مانگی سەفەرە کە دانی پێغەمبەری تێدا (شکێنراوە).
کولەخرتە: د. کولەپرە.
کۆڵەر: کەسێکە شت باش بکۆڵێتەوە.
کولەڕم: ڕمی پچووک. بەرچیغ.
کولەزرک: د. سیقەتۆرە.
کۆڵەسی: دارێکی ئەستووری کولۆرە کە هەنگ شانی تێدا هەڵبەستێ. مێوێکە کە لە ئەمامی تێپەڕبووبێ و قەدەکەی ئەستوور بووبێ.

کولەش: د. کولۆش. مەردوومی بێعاری بێ ئابروو.
کولەک: با. پەنجەرەی پچووک کە پێی دەڵێن پەنجەرەی هەوایی. تاقی ناودیوار.
کولەک: ز. لێسکەی کەوچک تاش.
کۆڵەکەجەرە: دارێکە دەدرێتە بەرچەرخی سەربیر بۆ ئەوەی کە نەخولێتەوە.
کولەکردن: بریتییە لە گوێ هەڵخستن بۆ قسە دزین.
کولە کوێرۆ: سفرەمار.
کولە کەوا: دیرەگێکە درابێتە بەر نیرگە.
کۆڵەکە زێرینە: پەلکە زێرینە .
کولەکەوا: کورتەک.
کولەماڵە: دارێکە ناوەراستەکەی کونێکی تێدایە، زبانەی ئێرەقی پێدا دەکرێ و ماڵەی زەوی پێ دەدرێ.
کولە مانگ: مانگی شەعبان.
کولەمەرگێ: کولەمەرگی.
کولەمەرگی: گوزەرانکردن بەکەموکوڕی.
کولەنانی: کەسێکە کە پیاوێک لە ژنی بەسترابێ بیکاتەوە.
کۆڵەنجە: کولۆنجە.
کولەنجی: دووپشک.
کۆڵەوار: گیاندارێکە کە بەبرینێکی گەورە بریندار بووبێ.
کۆڵەوانە: کۆڵوانە.
کۆڵەووژ: دارێکی بارێکی درێژە ئاگری تەنووری پێ تێک دەدرێ و نانی لە تەنوور پێ دەکرێتەوە.
کۆڵەودس: کۆڵەبەس. دەغڵێکە زوو لە پێش پەڵەدا دا چنرابێ و بنجی داکوتابێ.
کولەوەیباب: جۆرە مارێکی کورتی زۆر پیسە. بریتییە لە مەردوومی بەناشووب.
کولەوەی وا: کولەوەیباب.
کولەوەی واو: کولەوەیباب.
کۆڵەوێژ: د. شیعری لەنگی نارێک.
کولی: با. کوللە.
کولیاگ: شتی کولاو.
کولیان: د. کولان.
کولیانەوە: د. کولانەوە.
کولی دڵ: سۆزی دڵ. بە(کولی دڵ) خۆشم دەوێ.
کولێرە: جۆرە نانێکی خڕی ئەستوورە.
کولێرەچەورە: جۆرە کولێرەیەکە کە ڕۆن درابێ لە ڕوویەکی. کولەکە دەروێشی.
کولێرە مەژگە: جۆرە کولێرەیەکە ناوەکەی گوێزی کوتراوی تێ دەکرێ.
کولیلک: با. گوڵووک.
کولین: با. موغەیری ئاگر.
کولێن: سووچێکە لەناو دەواردا بەچیغ بڕ دەدرێ بۆ تێدا دانانی شتی بەنرخ. کولانە (د).
کۆڵێن: دەفرێکی گڵینی سوورەوەکراوە، کە لەدیزە گەورەترە، دۆشاوی تێ دەکرێ.
کولینگ: قولنگە.
کولینە: د. کولێن.
کولی: ز. کوللە. کاکۆڵ.
کۆلی: ز. شوێنێکە لە وڵات کە داگیرکرابێ لەلایەن دەوڵەتێکی بێگانەوە. (موستەعمەرە).
کۆڵی: مەردوومێکە کە لە کارێکدا ناشی بێ.
کۆلیت: کولانەی مریشک و سەگ و شتی تر. دارێکی گەورەیە ناوەکەی هەڵ کۆڵراوە ترێ و هەناری تێدا دەگوشرێ.
کۆڵیت: ڕەبەت. هۆدەیەکە لە کۆڵەکە و دار و گەڵا دروست دەکرێ و گڵەبانێکی کەم دەکرێ. کۆلیت.
کۆڵیتە: هـ. کولانە و مریشک.
کولیچە: خواردەمەنییەکە لە هەویر و شەکر و گوێز دروست دەکرێ وەک شەکرلەمە.
کولیچەمەژگە: کولووچەمەژگە.
کۆلیدار: ز. داگیرکەر. (مستعمر).
کۆڵی سوار: کەسێکە کە سواری باش نەزانێ.
کولیلک: ز. گوڵووک.
کولیمک: ز. هەردوو سمتی مەردووم.
کولێن: کولان.
کۆڵێن: هەڵکەندن.
کۆڵینەوە: هەڵکەندن و دانەوەی بێخی شت. وردکردنەوە و لێکدانەوەی شتێکی ونی نادیار بەبیر و هۆش: دەرسەکەت جوان (بکۆڵەرەوە) یا هەموو قسەیەک (بکۆڵەرەوە) تا تێی دەگەیت.
کوم: ز. کڵاو.
کۆم: قنگ. مەردوومێکە پشتی چەمابێتەوە. کولۆم (هـ). ناوی دێیەکە لە ناوچەی سەنگاو کە کانی خوێی تێدایە.
کۆماج: کۆمانج. قنگەبان (د). جۆرە کولێرەیەکی نەرم و شلی زەردوزۆڵە بەچاوە دەخورێ (د). کوورە (د).
کۆماجە: د. تەپڵەکی سەر کۆڵەکە .
کۆمار: چەند ڕەشماڵێکە کە پێکەوە لە شوێنێک هەڵیان دابێ. کۆمەڵ. گەل.
کۆمارێتی: جمهوریە.
کۆمانج: دارێکی درێژە بەناوەراستی دەواردا ڕایەل دەکرێ و هەسوونی دەدرێتە ژێر.

کۆماو: کۆماوە.
کۆماوە: کەسێکە کە کۆم بووبێتەوە.
کۆمبوونەوە: چەوتانەوەی پشت بەهۆی پیری یا نەخۆشییەوە.
کومسا: هـ. کاتی باران بڕان.
کۆمە: کۆمەڵەیەک لە شت.
کۆمەک: یارمەتی. یارمەتیدەر: فیسار کەس (کۆمەک)مە.
کۆمەککردن: یارمەتیدان.
کۆمەکی: کۆمەککردن.
کۆمەڵ: چەند شتێکی گردەوەبوو.
کۆمەڵایەتی: چۆنێتییەکی جوانە لەناو کۆمەڵێک لە ئادەمیدا کە بەیەکیانەوە ببەستێ: ڕاستگۆیی بۆ (کۆمەڵایەتی) باشە.
کۆمەڵبوون: گردبوونەوەی چەند شتێک.
کۆمەڵتە: د. کۆمەڵ.
کۆمەڵکردن: کۆکردنەوەی چەند شتێک.
کۆمەڵە: کۆمەڵ، (کۆمەڵەبوون) کۆمەڵبوون (کۆمەڵەکردن) کۆمەڵکردن.
کۆمەڵەبەستن: کۆمەڵبوون.
کون: دەلاقەیەکی پچووک یا گەورە لە شتێکدا (کونبوون) پەیدابوونی کون لە شتێکدا (کونکردن). پەیداکردنی کون لە شتێکدا.
کۆن: شتی زۆر ماوە. خێوەتی پچووک (ز).
کونا: کون. کلاوڕۆژنە (د).
کونار: درەختێکی گەرمیانییە درکێکی درێژی هەیە دەکرێ بەپەرژین.
کوناڕۆچن: کوناوچە.
کونارشک: ئانیشک.
کوناوچە: کلاوڕۆژنە.
کوناودەر: شتێکە کە کونێکی ئەم دیو و ئەودیوی تێ بووبێ.
کوناودەگە: کوناوچە.
کونبوون: دەلاقە بوون لە شت.
کونبڕ: شوێنێکە کە با بوێری نەبێ، (کونبڕکردن) گرتنی کونی شوێنێک بەجۆرێک کە با هاتوچۆی پێدا نەکا.
کون بەفر: با. چاڵە بەفر.
کونج: قوژبن و پەنا: فیسار کەس (کونج)ی تەنیایی گرتووە. شتی خاڵدار: مریشکەکە (کونج)ە. مەردوومی دەموچاو ناولاوی. نینجانەی گوڵ.
کونجر: شتی کونجی خاڵ خاڵ.
کونجڕ: کونجووڕ.
کونجرە: دڕکی پەیکوڵ.
کونجڕکە: کونجڕ.
کونجرک: ز. نوقورچ.
کونجرە: گیایەکی بەهاری زبرە بەبارێک دەگرێ وەک پەیکول بەڵام ئەم دڕکەکانی وردترە.
کونجکاو: د. کەسێکە کە زۆر پرسیار لە شت بکا.
کونجکاوی: د. بوونی یەکێک بەپرساو بەجۆست و جۆ.
کونجکونجێن: یارییەکە چەند کەسێک هەریەکە لە کونجێکدا دەوەستێ لە پاشا جێگەگۆڕکێ دەکەن لەو حەلەدا ئەگەر بۆیان ڕێکەوێ لە یەکتری هەڵ دەدەن.
کونجووڕ: کونجی تەسک و تەنگەبەر.
کونجووڵ: د. کونجووڕ.
کونجیت: ل. کونجی.
کونجی: شتێکی وردی دەنک زەردی ناسکی چەورە دەکرێ بەکولێرەوە و، بەگەڵێ جۆری تر دەخورێ.
کوند: ز. کوندەبەبوو.
کوندر: ز. کوولەکە.
کوندک: با. کوندە. کوولەکە.
کوندووش: دەرمانێکە وەک برنووتی دەکرێتە لووتەوە، بەڵام ئەم کەسکینتر و بە پژمەترە. سووژن.
کوندە: پێستی بزنە کە بەساغی دەرهاتبێ و خۆش کرابێ بۆ ئاوتێ کردن.
کوندەبوو: کوندەبەبوو.
کوندەبەبوو: باڵندەیەکی گۆشتخۆری دەنووک قولاپەیی چاو جوانە، هەر لە چۆڵی و کەلاوە دادەنیشێنەوە
کوندەلان: جێگایەکی نسرمە هاوینان کوندەی پڕ لە ئاوی لێ دادەنرێ بۆ ئەوەی کە ساردبێ.
کون زووان: د. مەردوومی تری زبان لاڵ.
کون زەین: د. مەردوومی تێ نەگەیشتووی کەودەن.
کۆنساڵ: بریتییە لە مەردوومی پیر.
کونکردن: سمینی شت. لابردنی کچێنی کچ بەچوونەلای.
کۆنکرێت: چیمەنتۆ و لم و چەوی گیراوەیە کە بەکار هێنرابێ.
کۆنکرێتی شیشدار: کۆنکرێتێکە کە شیشی تێدا ڕاکیشرابێ.
کونگ: ز. گرێیەکە لەناو داری گوێزدا هەڵ دەکەندرێ و دەکوترێ و شتی پێ زەرد دەکرێ.
کۆنگرە: کۆنگەرە.
کۆنگەرە: موئتەمر.
کوننە: کوندە.
کوننەلان: کوندەلان، تەپۆڵکە (د).
کوننەی زرانی: د. کاسەی ئەژنۆ.
کونۆش: مەردوومی ڕژد (ز). کوندووش (د).
کونۆشە: ز. گەسک.

کونوڕ: د. کونووڕ.

کونووڕ: د. جەوبییەکە کە لە داری قەزوان نەبێ.

کونووچکە: کونی زۆر ورد.

کۆنووس: نووسراوێکە کە چەند کەسێک لە بارەی شتێکەوە بینووسن و مۆری کەن (محضر).

کۆنە: کالای کۆن. ئاگردان (ل).

کۆنەپۆش: کەسێکە کە هەر کۆنە لەبەر بکا.

کۆنەپۆشی: ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد کە لە سنووری پێنجوین دادەنیشن.

کۆنەپەرست: کەسێکە کە بیروباوەڕی کۆنی خۆش بوێ با نارەواش بێ (رجعي).

کۆنەپەرستی: پەرستنی باوی کۆنی نارەوا.

کۆنە چەکمە ڕەق: بریتییە لە پیاوی بووەی لێکەوتووی بەفیز.

کۆنەسوار: کەسێکە لەکاتی زۆر خانەدا دومەڵەک لێ بدا. کەسێکە لە کۆنەوە سوار بێ.

کۆنەفرۆش: کەسێکە پیشەی هەر کڕین و فرۆشتنی کۆنە بێ.

کۆنی: بوونی شت بەکۆن.

کۆنینە: شتی زۆر کۆنی مێژوویی.

کوو: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەجیاتی وتەی (چۆن).

کۆوار: ڕۆژنامە.

کووارک: کارگ.

کووپ: دەفرێکی قوڵفەداری پچووکە شیر و چای و قاوەی پێ دەخورێتەوە. جۆرێکە لە کاغەزی قومار

کووپە: گۆزەی زۆر گەورەی دوو قوڵف. جۆرێکە لە کاغەزی قومار کە خاڵەکەی لە کووپە دەچێ.

کووپەلۆکە: کووپەی پچکۆلانە.

کووپەڵە: کووپەلۆکە.

کووت: وتەیەکە سەگی پێ بانگ دەکرێ. خاک و خۆڵی ناو ماڵە کە بەدەم گەسکەوە کۆ دەکرێتەوە و، لەگەڵ چێشت و وردە ناندا تێکەڵە دەکرێتە ناو شینایییەوە بۆ هێزی زەوی، ئەمەش لە شوێنێکدا وایە کە شیاکە و پشقلی وڵاخ و ئاژاڵ بسووتێنرێ لەبەر بێ داری. زبڵ. پەین. سەماد.

کووتاڵ: چەند پارچە تەنراوێکی بەنرخە بازرگان لە دووکانیدا دایدەنێ بۆ فرۆشتنی.

کووتاڵفرۆش: بازرگانێکە کە کووتاڵ بفرۆشێ.

کووت کووتە: پارچە پەڕۆ یا گوشێکە منداڵان بەردێکی پێوە دەبەستن و هەڵی دەدەن بەحەوادا.

کووتە: قەزوان و تووی بەیەکداکوتراو (هـ). تووتکە سەگ.

کووتەڵ: با. دۆڵیانی ئاش.

کووتەڵە: تووتکە سەگ.

کووجی: هـ. کۆڵانی تەنگەبەر.

کووچاک: ز. خێزەرە.

کووچە: کۆڵان.

کووخک: کۆکە.

کوودک: ز. ئەژنۆ.

کوودەڵە: بەچکەی بەراز.

کوور: گیسکی دوو ساڵەی نێر. قووڵ (ز).

کووڕ: شتێکی درێژە کە کەمێک خواربووبێتەوە: پەنجەم یا پشتم (کووڕ) بووە. شوێنێکە کە ڕێی تێ نەکەوێ. شوێنێکە کە زۆر لێژ بێ.

کوورە: کەلەبەرێکە لە زەوی یا لە دیوار ئاگری تێدا دەکرێتەوە. شتێکی کون کونی پێچکەدارە لە تەنەکە یا لە گڵی سوورەوەکراو ئاگری تێ دەکرێ و چێشت و چای لەسەر لێ دەنرێ.

کوورە پەزخانە: کوورەی خشت سوورکردنەوە.

کوورەخانە: کوورەی ئاگری ئاسنگەر. کوورە پەزخانە.

کوورەدان: پوورەدانی هەنگ.

کوورەدەمێن: شاگردێکە کە بەمووشە و دەمە هەر کوورە بدەمێنێ.

کوورەفەرەنگی: جۆرە کوورەیەکە بەنەوت دەگرێ و چێشت و چای لەسەر لێ دەنرێ.

کووز: قاشی میوە. جۆگەلە (هـ).

کووزاندنەوە: چووزاندنەوە.

کووزانەوە: چووزانەوە.

کووزکردن: قاشکردن.

کووزکووز: شتێکە لە خۆیدا قاش قاش بێ بەڵام لێک نەبووبێتەوە: ئەم کاڵەکە (کووزکووز)ە.

کووزلێدان: خانخانکردنی زەوییە بەگاسن بۆ دێراو و گۆل.

کووزە: ز. گیاندارێکە بەقەد پشیلەیەک دەبێ کلکی درێژ و چوار پەلی کورتە، پێستەکەی دەکرێ بەکەوڵ.

کووزەڵە: گیایەکی توونی ئاوی بەهارییە، لە گوێ ناو دەڕوێ، گەڵای وەک کەرەوز وایە.

کووژە: ئەو کونەیە کە دەغڵی لێ دێتە خوارەوە بۆ ناو گوێرووی بەرداش.

کووژەرە: د. غەنزەرووت.

کووژەکە: قۆپچەیەکی شینە بۆ جوانی دەدروێ بەسەر شانی منداڵدا.

کووژە کە کەرانە: مووررووەکەرانە.

کووش: وتەیەکە پرسیاری شوێنی پێ دەکرێ: لە (کووش) بوویت واتە لەکوێ بوویت. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی: (هیچ).

کووفک: ز. ڕەحەتی.
کووفی: سەرپێچی ژنان. کووپە (ز).
کووڤان: ز. داخ و خەفەت. ئێش و ئازار.
کووڤە: ز. کەی.
کووکوو: جۆرە هێلکە و ڕۆنێکی دوو دیوە جاترەی تێکەڵ دەکرێ.
جۆرە کۆترێکی دەنگ خۆشە (د).
کووکووکەرە: کۆترە باریکە.
کـووکـە: هەرا و ئاژاوەیەکـە کـە بەرپا ببێ بەهۆی پەیدابوونی شـتـێکی ناشـرینەوە: یاخـوا هەزار کـووکـەی لێ هەسـتێ. قووقەی کەڵەشێر .
کـوول: تەخـتـەیەکـە وەک سندوق نانەوا هەویری تێدا دەشـێلێ. زاخە. ئەشکەوت: (د). فیلی شەترەنج (د). تەویلە (با).
کووڵک: کولانەی مریشک.
کوولەکە: بەری گـیـایەکی گەڵا پانە وەک کاڵەک وایە بەچێشـتی دەخورێ و گەلێ جۆری هەیە.
کوولەکە ناوی: جۆرە کولەکەیەکی پچکۆلەی باریکی سپییە.
کـوولـەکـە باڵقـە باغی: جـۆرە کـوولەکـەیەکی ملدارە ناوەکـەی دەردەهێنن و شتی تێ دەکەن.
کوولەکە دمە: هـ. جۆرە هەنجیرێکە لە هەرمێ دەچێ.
کوولەکە دۆشاوی: جۆرە کوولەکەیەکی گەورەی شـیرینی سوورە، دەکرێ بەچێشت.
کـوولەکـە دەروێشی: جـۆرە کـولـەکـەیەکی قنگ خـڕی مل باریکە، دەروێش ڕۆنی سـواڵی تێ دەکـا. گـیـایەکـە لەناو دەغـڵـدا دەڕوێ بەرێک دەگرێ وەک کوولەکە دەروێشی وایە بەڵام ئەم وردە.
کوولەکە سەندەڵی: جۆرە کوولەکەیەکی گەورەی خڕی قاشقاشە دەکرێ بەچێشت.
کوولەکێن: د. چێشتی کوولەکە .
کوومڕ: با. خەڵووز.
کوون: قنگ.
کوونە: ل. مەقەڵی.
کوونی: مەردوومی حیز. گیانداری تەمەڵی ئیش لێ نەهاتوو.
کووه: د. ئەستێرەی کۆ.
کوه: با. ناڵبوونەوەی ددان: دانم (کوه) بووە.
کوێ: وتەیەکە پرسیاری پێ دەکرێ لە شوێن: لە (کوێ) بوویت، واتە لە چ جێگایەک؟
کوێت: وڵاخێکە ڕەنگی سوورێکی تاریک بێ.
کوێخا: دەم ڕاست و کاربەدەستی دێ .
کوێخایانە: مووچەیەکە دەدرێ بەکوێخا.
کوێخایەتی: کوێخایی.
کوێخایی: دەم ڕاستی و کاربەدەستی دێیەک.
کـوێـر: گـیـاندارێکە کە چاوی نەبینێ. گـوێزێکە کـە ناوکـەکـەی دەرەنگ دەربێ.
کوێرانە: وەک کوێر.
کوێراو: چاوگەیەکە کەمی لەبەر بڕوا.
کوێرایی: کوێری.
کوێرایی داهاتن: کوێربوون.
کوێربوون: نەمانی بینایی چاو.
کـوێربوونەوە: نەمـان و ونبـوونی ڕێ و شـوێنی شت: ڕێگاکـە یا کـارێزەکە یا بیـرەکـە، یا دەمی برینەکـە، یا کـونی گـوێچکە سـمـراوەکـە (کـوێر بووەتەوە). نەمـان و بنەبڕبوونی وەچەی یەکێک: خانەدانی فیسار کەس (کوێربووەوە).
کوێردڵ: مەردوومی تێ نەگەیشتوو.
کوێرا: وتەی سەرسوورمان لە کردنی کارێک زۆر بەدەستوبردی: کوێرا ئەو کارەت کرد.
کوێرک: کوێروو.
کـوێر کـوێرانە: وتەیەکە دەوترێ بەیەکـێک کە کـارێک بکا بەبێ تێبـینی و لێکدانەوە: هەروا (کـوێر کـوێرانە) دەسـتـم دایە ئیشەکە.
کوێرک: کوێرووی دەغڵ.
کوێرنان: بریتییە لە کەسێک کە نان بدە نەبێ.
کوێروو: پووچەکی دانەوێڵەیەکە کە ناوکەکەی ڕەش بووبێ.
کوێرەدێ: دێیەکی پچکۆلانەی کەم ئاوە کە چەند ماڵە هەژارێکی تێدابێ.
کوێرەڕێ: ڕێگایەکی باریکە کە کەم هاتوچۆی پێدا بکرێ.
کوێرەک: کوێروو.
کوێرەکانی: کانییەکە کە پڕ بووبێتەوە و ئاوێکی کـەمی مابێ. ناوی دێیەکە لە سووررداش.
کوێرەمار: جۆرە مارێکی کوێری زۆر پیسی کوشندەیە.
کوێرە مووشە: مەردوومی چاوکز.
کوێرەوەبوون: کوێربوونەوە.
کوێرەوەری: سەغڵەتی و دەردی سەری لە کاروباردا.
کوێرێتی: کوێری.
کوێری: بوونی گیاندار بە کوێر.
کوریشک: کەروێشک.
کوێژرک: با. قوژبن.
کوێسان: کوێستان.
کوێسـتان: وڵاتی بەهاوین فێنێکی بەزسـتـان ساردی بەفر و باران زۆر.
کوێستانی: شتێکە لە وڵاتی کوێستانەوە هاتبێ.

کوێشتیر: چتیر.

کوێشکە: چۆلەکە پاساری.

کوێلە: بەندەی زەڕ خڕیدە.

کوێن: تەختەی دەوار.

کوێندەری: وتەیەکە پرسیاری جێی لە دایکبوونی یەکێکی پێ دەکرێ: نەریمان (کوێندەری)یە، واتە خەڵقی کوێیە؟

کوێنک: تەختەیەکە لە دەوار .

کوێنە: کوێ.

کوێو: تاویرەبەرد.

کوێوسان: کوێستان.

کوێوە: وتەیەکە داوای دیارکردن (تعین)ی شوێنی شتێکی پێ دەکرێ: مانگ لە (کوێوە)یە؟

کوێویسان: کوێستان.

کویر: با. قووڵ.

کویسان: کوێستان.

کە: پیتێکە دەکەوێتە ناوەندی دوو وتارەوە، وتاری دووەم دەکا بەتەواوکەری وتاری یەکەم: مەردووم کەسێکە (کە) گیانی خۆی بەخت بکا لە ڕێی بەرزی نیشتمانیدا. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بەستنەوەی شتێک بەشتێکی ترەوە لە کاتێکدا: (کە) تۆ هاتیت من دەڕۆم. پیتێکە جیاوازی شتێک لە شتێکی تر دەگەیەنێ وەک وتەی (تر): یەکێکی کە، واتە یەکێکی تر. (اسمی موصولە) ئەو میوانانەی کە هاتن ڕۆیشتن.

کەباب: گۆشتی کوتراوی لە شیش دراوی برژاو.

کەبابچی: کەسێکە پیشەی هەر کەباب برژاندن بێ.

کەبابخانە: شوێنێکە کە هەر کەبابی تێدا ببرژێنرێ.

کەبابە: کەبابەی چینی.

کەبابە بوون: بریتییە لە گەورەبوونی جووجەڵەی مریشک و قەلەموون و باڵندەی تر بە جۆرێک کە لەوانەبێ گۆشتەکەی وەک کەباب ببرژێنرێ و بخورێ.

کەبابەی چینی: شتێکی دەنک وردی گەرمیانییە وەک کونجی بۆ بەربوونی دەنگ دەخورێ.

کەبات: شتێکە وەک نارنج بەڵام ئەم گەورەتر و توێکڵی ئەستوورترە.

کەبادە: د. کەوانەیەکی ئاسنینە زنجیرێکی ئەستووری پێوەیە زۆر خانەچی لەکاتی وەرزشدا هەڵی دەسووڕێنێ

کەبانوو: کەیبانوو.

کەبانی: ز. کەیبانوو.

کەبلەمە: کەپلەمە.

کەبەر: جۆرە دڕکێکی هاوینییە. دەبێ بەگەبەڵ و، لق و گەڵاکانی وەک تووترک وایە.

کەپ: چەمۆڵە. کەپوو.

کەپر: سێبەرێکە لە دار و کۆڵەکە و گەڵا دروست دەکرێ لە هاویناندا.

کەپرۆکە: کەپری پچووک.

کەپرۆکە بەستن: کۆبوونەوەی کەف و مڵتە لەسەر شتی شل: پرگی ترشیانە کە (کە پرۆکەی بەستووە).

کەپرە سەوزە: کەپرە شینە.

کەپرە شینە: جەژنێکی جوولەکانە لە دەمە دەمی پایزدا هەر ماڵە کەپرێک دەکا و میوەی پێدا هەڵدەواسێ، لەپاش بڕانەوەی جەژنەکەیان میوەکە دەخۆن.

کەپک: قوتکە.

کەپلەمە: دەرمانێکی هاڕراوەی وردە کە بکرێتە سەر بەری دەست و بخورێ، (کەپلەمە کردن) خواردنی کەپلەمە.

کەپ لێگرتن: چەمۆڵەنان لە شتێک .

کەپن: کەسێکە لە قسە و گفتوگۆدا کەپەی لێوەبێ.

کەپۆ: لووت.

کەپۆڵ: د. کاپۆڵ.

کەپۆڵک: د. کاپۆڵک.

کەپوو: کەپۆ. دان. چەمۆڵە. پیری بێ دان (د).

کەپوورە: د. دەنگە دەنگ و قەڵەباڵغ.

کەپووکەرە: ناوە بۆ جۆرە مەلێک کە لەکاتی خوێندندا دەڵێ: (کەپوو).

کەپوولە: دەفرێکی دارینە کە مزەی ئاشی پێ دەگیرێ.

کەپە: دەنگی کەسێکە کە دانی نەمابێ، (کەپەکەپ) کەپەی یەک لەدوای یەک.

کەپەر: کەسێکە کە دانی پێشووی نەمابێ.

کەپەک: توێکی گەنم و جۆ و هێندێ شتی هاڕراو کە بەهێڵەک گیرابێ.

کەپەلەک: ز. کرمی مافەتە.

کەپەلەکی: ز. مەڕێکە کە مافەتە لێی دابێ.

کەپەنک: فەرەنجی.

کەپەنە: با. کەپەنک.

کەپەنەک: کە پەنک.

کەپەنەکداڵ: کەرگەس.

کەپی پان: با. ناوە بۆ جۆرە هەنارێک.

کەپیلە: کەپوولە.

کەت: لادانێکە لە نانەواخانەدا ناردی تێ دەکرێ. وێنجە (ز). شان، زۆرتر لەگەڵ وتەی (کۆڵ)دا بەکاردێنرێ: (کەت) و (کۆڵ) واتە شان و کۆڵ. (د). یەک (با).

کەتان: جۆرە تەنراوێکی سپی ناسکی بەنرخە ژنان دەیکەن بەکراس و سەرپۆش. جۆرە گیایەکی بەکەڵکە وەک گوش لە لاسکەکەی هێندێ شتی تەنراو دروست دەکرێ.

کەتان و کەوان: د. پەردە و کوللە .
کەتانە: جۆرە نقامێکە.
کەتانی: جۆرە بادامێکی توێکڵ تەنکە.
کەترە: د. نەنگ و بەدی.
کەتری: کتری.
کەتک: با . هەنجیری وشکی ناو مەشکاڵە.
کەتکەتە: با . یەکە یەکە.
کەتن: تەڕن. کەوتن.
کەتن پێکردن: تەڕن پێکردن .
کەت و کلّفت: گیانداری زەلامی تێکسمراو.
کەتوو: ناسنێکی دەمپانی چوار سووچی درێژکۆلەیە، کلکێکی دارینی هەیە، دێراوی پێ هەڵدەدرێتەوە. ناوی کێوێکە لە شاربازێڕ. بەردی بەرداشی زۆرە.
کەتوون: د. کەمەند.
کەتە: شتی زلی قەبە. کەتی نانەواخانە (د).
کەتەپلاو: وشکەپلاو.
کەتەو: ز. دەردێکە دەکەوێتە ناو ولاخی یەک سمەوە دەیکوژێنێ.
کەتی: قەتی.
کەتیبە: گوێسوانەی خشتی سوور.
کەتیر: د. شەخرە.
کەتیرە: جەوی گەوون کە گەلێ جۆری هەیە.
کەجان: کەچۆ.
کەجی: ز. کشتەکی بادراوی لووسکراو.
کەچ: شتی لار. کەل. کج (ز).
کەچایی: عاستی کەچی شت.
کەچک: با . کەوچک.
کەچۆ: ز. وتەیەکە بە نافرەت دەوترێ وەک وتەی: (کچێ).
کەچە: فەرەنجی بێ قۆڵی ئاو دامان. ئاژاڵی شاخ خوار.
کەچەشاخ: بزنێکە کە شاخێکی شکابێ.
کەچەڵ: گیاندارێکە کە سەری برینداربێ و تووکی لێ نەڕوێ.
کەچەڵە: جووجەڵەیەکە کەمێک گەورەبووبێ و تووکی پێشووی وەری بێ.
کەچەڵەبوون: گەورەبوونی جووجەڵە بەجۆرێک کە تووکە زۆرەکەی وەری بێ.
کەچەڵی: دەردێکە بە سەری گیاندار دەگا و تووکی دەوەرێنێ.
کەچی: وتەیەکە وتارێکی وا بەسەر دەگرێتەوە لە گفتوگۆدا کە گوێگر بەجۆرێکی تر تێی گەیشتبێ: چوومە لای نەریمان (کەچی) لەوێ نەبوو، لە کاتێکدا کە گوێگر وا بزانێ لەوێ بووە. خواری شت.

کەچیچ: ز. جێگای چینەی مریشک لە سەرەنوێلک.
کەحلان: ئەسپی ڕەسەن.
کەخس: ز. پیازی فیسقە.
کەخسە: با . کەخس.
کەد: لێ: کەدە دارێکم بدەرێ .
کەدوو: کوولەکە.
کەدوون: ز. جەرەی پچووک.
کەدە: ز. مندالی نێرینە.
کەدینک: جەرە (ز) کووپەلە (با).
کەدێنە: گلێنە.
کەدی: ز. گیاندارێکی کێوییە کە مالی بووبێ.
کەر: گیاندارێکی یەکسمی باردەبەری بەسزمانی گوێ درێژە. پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بەنیشکەر: کارە(کەر)، نوێژ(کەر)، چێشت(کەر). گەلە(با). کەڕ(ز). قەرز (ز). پارچەیەک لە شت (ز).
کەرانباوگاو: کرانباوگاو.
کەرانە: جۆرە باجێکی دەولەتییە لە هەموو بارێک دەسێنرێ.
کەربەش: ز. دڕکێکە کەر زۆری حەز لێ دەکا.
کەرپەسە: گیاندارێکە وەک مارمێلکە هەمیشە ڕووەدکاتە ڕۆژ.
کەرت: لەتی شت، (کەرتبوون) لەتبوون، (کەرتکردن) لەتکردن.
کەرتر: بریتییە لە مەردوومی نەزان دووی قسە ڕەق.
کەرترێنە: د. دواهەمین دەست لە یاری گۆرەوی بازیدا.
کەرتک: کەرت.
کەرتوپە: پەتاتە.
کەرتوو: کەتووی دێراو هەڵدانەوە.
کەرتە: پارچەیەک لە ئاژاڵ.
کەرتەڕ:د. کەکرە.
کەرتە شی: گیایەکی بەهاری دڕکاوییە نێرکێکی بارێکی بەرزی هەیە لە سەرەوە دەیکا بە توێزێکی دڕکاوی. تووی کنگر.
کەرتەک: ز. شتی زۆر.
کەرتەلە: هـ. سەبەتوولکەیەکە لە توول دروست دەکرێ.
کەرتەلەڕ: ولاخی بەرزەی لاواز .
کەرتێنە: د. کاکلە مووشان.
کەرچلاندن: ز. تێکەلکردن.
کەرخ: دەفرێکی گلێنە کە لەبەر زۆر ئاو تێکردنی لووس بووبێ و قەوزەی گرتبێ. سنوور.
کەرخبوون: دەنگنوسان.
کەرخنکێنە: جۆداس.
کەرخێن: ز. لەپێش چاوکەوتنی خواردەمەنییەک لەبەر زۆر خواردنی.

کەردار: کەسێکە کە کەری ببێ و بەکرێ ئیشی پێ بکا.
کەرداری: ئیشکردن بەکەر بەکرێ.
کەردر: گیایەکە وەک قامیش گوڵێک دەردەکا دەنکەکانی دەکرێ بەنان.
کەرد و کێش: د. ئاسنێکی دەم پانی کلک درێژە بەدوو کەس دێراوی پێ هەڵدەدرێتەوە.
کەردوو: د. دێراو. جۆرە خاکەنازێکی دەم پانە بەدوو کەس دێراوی پێ هەڵ دەدرێتەوە.
کەر: گیانداری گوێ گران.
کەران: ز. چەکوشی گەورە.
کەرانە: ز. مەردوومی دەوڵەمەندی ماڵدار.
کەربوون: گوێ گرانبوون. بریتییە لە زۆر ساردبوونی ئاو بە بەفر یا سەهۆڵ تێکردنی: بەفراوەکە کەربووە: بریتییە لە زۆر خێرا خولانەوەی مزراحی قۆڕ قۆڕە.
کەرک: کەرەک. میوەی کاڵ (با).
کەرکردن: زۆر ساردکردنی ئاو بەبەفر یا سەهۆڵ. چاک خولاندنەوەی مزراحی قۆڕ قۆڕە.
کەرواوی: شتێکە کە کەرووی هەڵهێنابێ.
کەروو: شتێکی سەوزی بۆن ناخۆشە لەسەر رووی کولێرە و هێندێ شتی تر پەیدا دەبێ کە شێی ببێ.
کەرووهەڵهێنان: پەیدابوونی کەروو لەسەر شتێک.
کەرە: قەلەفر. ئاژاڵی گوێ. پچکۆلە.
کەرەپوو: داری زۆر وشکی گەندەڵ. بەری گیای لەبان کە وەک وردە لۆکە وایە.
کەرەپووسەر: مەردوومی پیری گێژ و وێژی ساویلکە.
کەرەسیسە: بارینی بەفر بەوردی لە رۆژی زۆر سارددا.
کەرەپوود: د. کەرەپوو.
کەرەک: جۆرە فەرەنجییەکی ئاودامانی بێ قۆڵ و کونە.
کەرەکونتێ: مەردوومی زۆر کەر.
کەرەگۆشە: گولی.
کەرەکیفە: د. کەروو.
کەرەمار: جۆرە مارێکی کەری پیسی کوشندەیە.
کەرەنا: زورنا. بۆریەی سەماوەر.
کەرەنسۆ: مرۆڤێکە کە گوێرایەڵ نەبێ.
کەرەواڵە: مەلێکی بۆری بێ کلکی جوانە لە سوێسکە پچووکترە لە کاتی فڕینیدا دەنگی باڵی زۆر دێ و، یەکسەر دەفڕێ. بریتییە لە مەردوومی ساویلکەی بەسزمان.
کەرەوان: کەرەواڵە.
کەرەووڵ: کەرەکیفە.
کەرە هەنجیر: تەقلە هەنجیرێکە کە بەسەوزی هەڵوەریبێ.
کەری: گوێ گرانی. کەریلە.
کەریل: د. کەریلە.
کەریلە: بزن و مەری بێ گوێچکە.
کەرسمە: ڕەگێکی ئەستوورە لەناو لووتی هێندێ گوێدرێژدا بەڕەنگێکی وا کە نەیەڵێ هەناسەی بەڕەوانی دەرچێ، ئینجا دێن ئەو ڕەگەی دەسمن و دەری دەهێنن و، بەو جۆرە چاک دەبێ.
کەرسۆنە: تەپاڵە.
کەرسەپ: کەرەوز (د).
کەرسەر: مەلێکی سوورە بەقەد مراوییەک دەبێ، گۆشتی دەخورێ و دەنگی وەک زەڕەی کەر وایە. مزراحی قۆڕقۆڕەی دەستەکی (د).
کەرسەک: گلمتگی گەورە.
کەرسەگ: کەرسەک. مەردوومێکە بۆ هێندێ شت کەر بێ و بۆ هێندێ شتیش زۆرزان بێ.
کەرشێن: د. کەسێکە بەدرۆ خۆی کردبێ بەنەوەی پێغەمبەر.
کەرک: ز. عەبای بێ قۆڵ.
کەرکن: ز. قەرزکردن.
کەرکوژ: د. ژاڵە.
کەرکۆڵ: گیایەکی پاییزییە، گوڵێکی شینی دڕکاوی دەردەکا، گەڵاکەی دەکوترێ و دەکرێ بە پووشوو. جاشەکەر (د).
کەرکیت: کەڵکیت.
کەرگ: ه. مریشک.
کەرگراف: شبهی جزیرة.
کەرگەداس: دارێکە دەبڕێتە کلکی داس.
کەرگەدەن: کەرگەدەنگ.
کەرگەدەنگ: گیاندارێکی زۆر زلی قاچ و مل ئەستوورە شاخێک وا بەسەر لووتیەوە.
کەرگەس: داڵە کەرخۆرە.
کەرگەلارێ: ه. باڵندەیەکی بۆری دەنووک درێژە لە قژاڵکە پچووکترە.
کەرمە: ز. پارچە تەپاڵەی وشکەوەبوو.
کەرمێش: ز. مێشە کەرانە.
کەرۆکە: مەردوومی گێلۆکە.
کەروو: د. کاکڵەمووشان.
کەرویشک: دەعبایەکی تیژڕەوی کێوی دەست کورتی قاچ درێژە، گوێی وەک گوێی کەر وایە.
کەرویشکەخەو: بریتییە لە نووستنێک کە چاو هێشتا بەتەواوی نەقووچابێ.
کەرویشکە کردن: جوولانەوەی سەوزایی هەراش بەدەم باوە بەڕەنگێک کە مەردووم لە دوورەوە وا ببینێ کە ئەو سەوزاییە دەڕوات و شەپۆل دەدا.

کەرە: چەورییەکە کە بەژەندن لە ماست گیرابێ.
کەرەپوول: ز. داگیرکردنی موڵک و ماڵی یەکێکە، کە لەلایەن خاوەنییەوە سەرپەرشتی نەکرێ.
کەرەتوو: کرد و کێش.
کەرەجی: د. کەشتی پچووک.
کەرەدان: دەفرێکە کە کەرەی تێدا کۆبکرێتەوە.
کەرەز: گیایەکی کوێستانی بەهارییە گەڵای لە کەرەوز وردترە دەکرێتە ترشیاتەوە.
کەرەستە: کەرەسە.
کەرەسە: چەند پارچەیەکە کە شتێکی تایبەتی لێ دروست بکرێ وەک دار و بەرد و گەچ بۆ خانوو و بەر و پشت بۆ کاڵا.
کەرەشێڵ: د. کەڵەشێر.
کەرەکێفی: د. کەرەکێوی.
کەرە کێوی: دەعبایەکی کێوی زۆر خێرایە، لە کەری ماڵی دەچێ.
کەرەکی: شتێکە کە هەر بۆ کەر بەکاربهێنرێ: ئەم کورتانە (کەرەکی)یە.
کەرەلیاس: د. جارچی.
کەرەم: کەڵک: بە(کەرەم) نایەت، یا بە(کەرەم) کەوتووە.
کەرەنتوو: داسێکی کلک دارینی درێژی پانە، بەپێوە گیای پێ دەدروونەوە.
کەرەنگ: جۆرە مێشێکی گەورەیە لە هەنگ پەیدا دەبێ و هەنگوینی نییە.
کەرەوان: کەسێکە کە هەر کەر بلەوەڕێنێ.
کەرەوس: د. کەرەوز.
کەرەوز: گیایەکی توونی گەڵا پانە بەگۆشتەوە دەخورێ.
کەرهەنگ: جۆرە هەنگێکی بێ چزووی بۆرەڵووکی بێ هەنگوینە، هەمیشە لە پوورەدا شان هەڵدەبەستێ. جۆرە مێشێکە وەک خەرەنگەزە وایە.
کەرەهوو: ز. بای بەتەوژم لە هاویناندا.
کەرهێ: با. کۆکلاش.
کەرێ: کەرە.
کەرێتی: بێ ژیری.
کەری: کەرێتی. ڕانی مەڕ (ز). پارچەیەک لە هەموو شتێک (ز).
کەز: ز. قەوزە.
کەزاختن: ز. کزخاندن.
کەزاخە: با. بڕینی مێو لە بەهاراندا.
کەزان: با. قەزوان.
کەزنەزان: دارێکی کوێستانییە وەک دارگەز وایە بەڵام لە چەماندنەوەدا نەرمە.
کەزوان: ز. قەزوانی کێوی دەنک ورد.
کەزەب: ز. جەرگی گیاندار.
کەزی: پرچ.
کەژ: چیا. جۆرە شتێکی قایمی جوانی بریقەدارە وەک ئاوریشم وایە. تەنراوێکی پانی درێژکۆلەیە سەر و قنگی چیغ و حەسیری پێ دەگیرێ. شتی سپی جوان. (با).
کەژاڵ: کەژەڵ.
کەژاوە: دوو ژووری پچکۆلەیە لە تەختە لەسەر پشتی وڵاخ دادەنرێ بۆ ئەوەی لە ڕێ ڕۆیندا هەر ژوورەی یەکێکی تێدا دابنیشێ.
کەژک: قەیاسە.
کەژگ: کەژوو.
کەژماڵکردن: هاتنە دەرەوەی زەلام لە هەموو ماڵێکەوە و چوونیان بۆ کەژ بۆ گەڕان بەشوێن شتێکی ونبوودا.
کەژۆک: کەژێکە وەک ئاوریشم وابێ. نەخۆشی (عرق النساء).
کەژوو: کەژگ. کەژێکە کە سەر و قنگی چیغ و حەسیری پێ دەگیرێ.
کەژە: د. قولنگەی فیلەوان.
کەژەڵ: شتی بەڵەک.
کەژەوان: شاخەوان.
کەژی: کەژوو. شتی کێوی.
کەس: یەکێک لە ئادەمی: (کەس)م لەلا نییە. خزم و خوێش: خۆ بێ (کەس) نیم.
کەساس: گیانداری زەبوونی بێ نەوا.
کەساسی: زەبوونی و بێ نەوایی.
کەساندن: حەواندنەوە. دڵنیاکردن. هەڵگرتنی گۆشت بۆ خواردنی لە زستاندا (ز).
کەسایەتی: خزمایەتی.
کەسپ: کۆسپ. قوڕپەستی سەربان لەسەر زدلەوە.
کەسپک: ز. هێلکە شەیتانۆکە.
کەستک: کەرسەک.
کەستەک: کەستک.
کەسخاندن: ز. کەزاختن.
کەسک: سەوز.
کەسکاو: سڵقێکە کە لەناو دۆڵدا کوترابێ بۆ ناو چێشتی سڵقاو.
کەسک و سۆر: کەسک و سوور.
کەسک و سوور: پەلکە زێڕینە.
کەسکون: د. کەسکوون.
کەسکوون: خواردەمەنی توند و تیژ وەک سرکە.

کەسکە: ئافرەتی بێ شەرم.
کەسکە سۆر: ز. پەڵکەزێرینە.
کەسکێن: کەسکوون.
کەسمە: د. کاسمە.
کەسناو: کونیە.
کەسنەدار: شتی نایاب کە کەس نەیبێ.
کەس نەناس: کەسێکە لە شوێنێکدا کە کەس نەیناسێ: برۆ شوێنێکی کەس نەناس، خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ.
کەسوکار: خزم و خوێش.
کەسەپشت: ل. ژیشک.
کەسەر: خەفەت و پەژارە.
کەسیرە: گیاندارێکە لە سەرماندا کرژ هەڵاتبێ، (کەسیرەبوون) کرژهەڵاتن لە سەرماندا.
کەسیف: د. چەپەڵ.
کەش: درێژبوون و کشانی هێندێ شت: ئەم هەویرە (کەش)ی هەیە. خۆشیانی ناوەندی دووباران: دەمێکە دەبارێ هێشتا (کەش)ێکی تێ نەخستووە. چیا (هـ). زەمینێکە کە کزر بوو بێتەوە (د). ئەستێرەی زوحەل (د). بەمەعنا (بن) باخەڵە لە کاتێکدا کە لەگەڵ (بن) یا (ژێر)دا بەکار بێنرێ: بن (کەش) واتە بن باخەڵ (هـ). سەرکردنی گوللە یا تیر بەلای ڕاست یا چەپدا (ز).
کەشاکەش: دەردی سەری و سەغڵەتی.
کەشان کەشان: بگرە و بەردە و پاڵەپەستۆ.
کەشاو: د. ئاودانی زەوی بۆ ئەوەی بکێڵرێ و تۆوی پێدا بچێنرێ تا سەوز ببێ.
کەشتێڵە سەرە: بەچکەی قومقومۆکە.
کەشتی: پاپۆڕ.
کەشتی جەنگی: جۆرە کەشتییەکی زرێدارە لە جەنگدا بەکاردێنرێ.
کەشتی زرێدار: جۆرە کەشتییەکی جەنگییە هەموو ڕوویەکی لە ئاسن گیراوە، هیچ شتێک کاری تێ ناکا.
کەشتیوان: پاپۆڕەوان.
کەشتیوانی: خەریکبوون بەکەشتی لێخوڕینەوە.
کەشتییەوان: کەشتیوان.
کەشتییەوانی: کەشتیوانی.
کەششە: ز. قەشە.
کەشک: شتێکی مێچوڵە مێچوڵەیە لە خەستەی دۆ دروست دەکرێ. پشتی پەنجەی باڵابەرزە کە بیمالیت بە سەری یەکێکدا: کەشکێکی مالی بەسەریدا.
کەشک پا: ل. ئەژنۆ.
کەشک و سوور: د. شتی سوور و سپی.

کەشکۆڵ: جۆرە دەفرێکە لە داری گوێزی هیندستان دروست دەکرێ و زریزەیەکی تێ دەخرێ، زۆرتر دەروێش دەیکا بەقۆڵیدا و ئاوی پێ دەخواتەوە. ملوانکەیەکی زێڕ یا زیوینە دەکرێتە ملی منداڵ. کتێبێکە کە هۆنراوەی گەلێ شاعیری تێدا نووسرابێ.
کەشکە: چەمۆڵە.
کەشکە ئەژنۆ: کڵاوەی ئەژنۆ.
کەشکەزرانی: کەشکە ئەژنۆ.
کەشکەزەنگوڵ: کەشکەزرانی.
کەشکە ژنۆ: کەشکە ئەژنۆ.
کەشکەسەر: قومقومۆکە.
کەشکەسەرە: کەشکەسەر.
کەشکەشان: کاکەشان.
کەشکەک: چێشتێکە لە گۆشت و گەنمەکوتاو دروست دەکرێ.
کەشکەلان: شوێنی زۆر بەرز کە دەست نەیگاتێ: تۆ لێم چوویتە کەشکەڵانی فەلەک.
کەشکێن: دۆکەشک (ز) چێشتی دۆکەشک (د).
کەشماکەش: د. کەشمەکەش
کەشمان: ڕاکێشانی شتێک لە دوو سەرەوە بۆ ئەوەی کە بکشێ.
کەشمان هاتن: کشان و فراوانبوون و درێژبوونی شت.
کەشم و نەشم: ناز و عیشوە. لەنجە و لار.
کەشمەکەش: کەشاکەش.
کەش و تووش: برین یا دڕین یا خەتکێشانی شتێک لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی تری: (کەش و تووش) کراسەکە ببڕە یا لێفەکە تەریب بدە.
کەش و فش: دەعیە و دەمار و فیزکردن.
کەش و قنگ: د. کەش و فش.
کەشۆل: ز. پاقلەی دێمی.
کەشە: د. جار: چەند (کەشە)هاتم واتە چەند جار. قەشە.
کەشهاتن: کەشمان هاتن. وشکبوونەوەی زەوی بەجۆرێک کە بکێڵرێ.
کەشەنگ: گیانداری ماندووی کفت.
کەشەهەور: هەورێکی پەڵەپەڵەیە کە بکەوێتە ڕووی ئاسمان لەگەڵ خۆشی هەوادا.
کەشیدە: جۆرە پارچەیەکە بەناوریشمی زەرد دەچنرێ و حاجی بەسەریەوە دەبەستێ. خەتێکی پچکۆلەی درێژە بەسەر هێندێ پیتی عەرەبییەوە دەنووسرێ.
کەشیش: قەشە. گەواد.
کەف: شتێکی سپی سووکی بێ نموودە دەکەوێتە سەر ئاو و هێندێ شتی شل و، لە سابوون و ئەسپێن و هێندێ شتی تریش پەیدا دەبێ. قەراغی حاجەت (ز).

کەفاک: د. تەوقەسەری شت.
کەفاندن: ز. دروونی چواردەوری کالا.
کەفتار: ز. کەمتیار.
کەفتارۆ: با. کەفتار.
کەفتانی: سەبیلەدارێکی ساکاری سەرخڕی تۆکمەیە، تووتنی پێ دەکێشرێ.
کەفتن: کەوتن.
کەفتوو: با. کەوتوو.
کەفتە: د. کەوتوو.
کەفتەکار: مەردوومی کەوتووی زەبوون.
کەفتەکاری: زەبوونی و لە کارکەوتنی مەردووم.
کەفتەیی: د. کەوتوویی.
کەفچاندن: کەف هاتنە دەرەوە لە دەم بەهۆی تووڕەبوون یا نازارێکەوە.
کەفچک: ز. کەوچک.
کەفچی: ز. کەوچک.
کەفر: با. تاشەبەردێکی گەورە کە بەقەد شاخێکەوە بێ.
کەفرەتاش: با. بەرداش.
کەفرێژ: پڕبوونی شتێک یا شوێنێک لە شتێکی شل و هاتنە خوارەوەی بەلێوارێدا.
کەفز: ز. قەوزە.
کەفش: کەوش. بن هەنگڵ (با).
کەفشێف: ز. سوێنەی کەشک تێدا سوونەوە.
کەفشێل: ز. لیکی دەم.
کەفکانی: ز. بەردەقانی.
کەفکردن: پەیدابوونی کەف لە شتێکەوە.
کەفکەنۆک: ز. ئەسپۆن.
کەفگیر: کەوگیر.
کەفلەمە: د. کەپلەمە.
کەف لێدان: بریتییە لە بردنی شتێک بەناخونەک.
کەفماڵ: سواغێکە کە بەدەست درابێ.
کەف و کوڵ: چڵک و کەفێکە لە کاتی کوڵیندا دەکەوێتە سەر شت.
کەفە: ئاسنێکە کۆیاندروو دەیکاتە دەستی لە کاتی کاردا.
کەفە ژیلکە: گۆشتی شلی چەرمە چەقاڵتە.
کەفەڵ: سمت.
کەفەڵپۆش: پارچەیەکە بەزینەوە دەکەوێتە سەر کەفەڵی وڵاخ.
کەفەڵووک: کەفەڵووکە.
کەفەڵووکە: کەفێکی کەمە کە لەگەڵ تەرپییەکدا تێکەڵ بووبێ.
کەفەلولکە: کەفەژیلکە. کەفەڵووکە.
کەفی دەریا: شتێکی پفەڵە وەک پووشوو، دەموچاوی پێ دەشۆرێ.
کەفی: ز. دەسەسڕ.
کەڤارک: با. قارچک.
کەڤان: ز. کەوان.
کەڤانژەن: ز. هەلاج.
کەڤتک: ز. دەسەسڕ. سەرپۆشی ژنان.
کەڤر: بەرد (ز). تاشەبەردی گەورەی قەد شاخ.
کەڤرکانی: ز. بەردەقانی.
کەڤشک: با. کرێشی سەر.
کەڤک: کەوچک.
کەڤگیر: ل. کەوگیر.
کەڤلکرن: با. کەوڵکردنی گیاندار.
کەڤن: با. کون.
کەڤنار: با. شتی زۆر کۆن.
کەڤۆت: ز. داری کەووت.
کەڤۆک: ز. کۆتر.
کەڤووت: با. کەڤۆت.
کەڤەر: ز. بزنی بەڵەک. کێو.
کەڤەل: ز. پێستی ئاژاڵی وردە.
کەڤینک: با جامانەی سەر.
کەڤی: با. بەفرێکە کە بەزۆری کەوتبێ بەسەریەکدا.
کەک: کێچ (هـ). کاک (با).
کەکرە: جۆرە خەیارێکی کێوی زۆر تاڵە.
کەکلی: هـ. کەوی باڵندە.
کەکەو: کەووت.
کەل: شتی لاشکاو. کێو: مانگ لە دەم (کەل)د. لێ: (کەل)دارێکم بدەرێ واتە لقێک. فرمان: (کەل)و کارم نییە واتە بێ کارم (د). کەلک: بە(کەل) نییە واتە بەکەلک نییە. شتی زۆر گەرم (ز). مەڕی شاخدار (ز). بەرانی شاخ پچووک (ز). پەچەی ئاژاڵ (هـ).
کەڵ: نێری ڕەشەوڵاخ و گامێش و بزنەکێوی.
کەلا: هەڵماتێکە کە تیلی پێ بکرێ. شتێکە کەوتبێتە کەنارەوە.
کەلائەنگوچک: فەقیانە.
کەلاتی: د. چەند خانوویەکە کە بەسەر بەرزییەکەوە کرابێ.
کەلاج: ز. مەردوومی دووڕووی بوختانکەر.
کەلاخ: ز. گیانداری لاواز.
کەلار: چەند شیشە تووتنێکی زۆرە کە وەک خەرمان لەسەر یەک دانرابێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی کفری.
کەلارە: دەفرێکی قووڵە لە شیاکە دروست دەکرێ پووش و پەلاشی ناومالی تێ دەکرێ.

کەلاس: ز. لاشەی مردارەوەبوو.
کەلاش: کلاش.
کەلاشتن: ز. قەلاشتن.
کەلاشچن: کەسێکە کە کلاش بچنێ.
کەلاش چنین: چنینی سەری کلاش.
کەلاشە کردن: کلاشەکردن.
کەلافە: کلافە.
کەلافەت: د. قەلافەت.
کەلاک: لاکی مردارەوەبوو.
کەلام: هـ. خەرمانی دەغڵودان، یا گزرەگیا.
کەلان: د. شتی گەورە.
کەلانتەر: د. گەورەی گەرەک.
کەلاندن: با. کولاندن.
کەلانگوچک: فەقیانە.
کەلانە: جۆرە نانێکە تەرەپیازی چنراو دەکرێتە سەر نیوەی و نیوەکەی تری دەدرێتەوە بەسەریدا و بەساج دەبرژێنرێ.
کەلانە: کلانە.
کەلاو: کەلانگوچک.
کەلاوە: خانوویەکە کە رووخابێ و کەسی تێدا نەبێ.
کەلایانی: هەڵماتێن.
کەلایی: کەلی شت.
کەلاتێن: کەلایانی.
کەڵب: کولۆی شەکر.
کەڵبە: چوار دانی درێژی تیژی بەهێزە لە ددانی پێشەوەی هێندێ گیاندار، دووانیان لە سەرەوەیە و دووانیان لە خوارەوەیە و، لە ناوەندیاندا چوار ددانی ورد هەیە.
کەڵبەی زین: د. قەڵپووسی زین.
کەڵپ: کەڵبە.
کەڵپک: ز. کەپەک.
کەڵپۆس: د. پێستەیەکە تووکەکەی پێوە مابێ.
کەڵپە: کەڵبە.
کەڵدان: بەردانی ڕەشەوڵاخ و گامێش بۆ سەر مێکەیان.
کەڵدڕ: کەردڕ.
کەلفیچ: کەسێکە ددانی پێشەوەی کەل بووبێ و باش قسەی بۆ نەکرێ.
کەلک: کەڵک.
کەڵک: قازانج و سوود. گوێسوانە. مەلێکی کێوی سپییە لە کۆتر دەچێ. سەربان (د) سەقاقوش.
کەڵک تێکەوتن: پێویست بوونت بەیارمەتی یەکێک.
کەلکردن: پەلکردنی شت: گوێچکەی (کەل کرد).
کەڵک گرتن: قازانج و سوود گەیاندن بەیەکێک.
کەڵکەڵە: خولیا کەوتنە سەر بۆ شتێک.
کەڵکیت: شتێکی دەسکدارە شانەی ئاسنی تێ براوە، وەک پەنجەی دەست، تەونی پێ دەکوترێ بۆ سفت بوونی.
کەللە: سەلکی گیاندار. قسلی کولۆ.
کەللەبا: د. بریتییە لە مەردوومی خودسەری کەللەڕەق.
کەللەبایی: د. خودسەری.
کەللەبۆش: بریتییە لە مەردوومی بێ ژیری.
کەللەبێژنگ: د. کەلە بێژنگ.
کەللەپاچە: د. کەلە پاچە.
کەللەتەزێن: بریتییە لە شتی زۆر سارد وەک ئاو و ماستاو و هێندێ شتی تر.
کەللەچاخ: د. مەردوومی سەر زل.
کەللەڕەق: بریتییە لە مەردوومی ڕق ئەستوور.
کەللەزاوور: بریتییە لە مەردوومی ترسنۆک.
کەللەشەق: بریتییە لە مەردوومی تووڕە و تڕۆ.
کەللەشەکر: شەکرێکی دارێژراوە کە سەرێکی پان و سەرێکی باریکە.
کەللە قەند: د. کەللەشەکر.
کەللەکۆن: بریتییە لە مەردوومی کۆنەپەرست.
کەللەیی: دەنگی گەورەی قەبە کە کار بکاتە سەر مێشک، چ خۆش چ ناخۆش. کەلەگی (د). بریتییە لە مەردوومی شێت.
کەل لێکەفتن: د. کارتێکەوتن.
کەلواز: سەرمای زۆر بەتێن.
کەڵواڵک: گیایەکی بەهارییە گوڵێکی سووری هەیە، وەک پیاڵە وایە بنکێکی خڕی سپی شیرینی هەیە.
کەڵوان: گزگل.
کەل و پا: سەر و پێی ئاژاڵی وردە.
کەل و پاچکە: کەل و پا.
کەل و پوور: د. کەلوپەل.
کەلوپەل: نوێن و جلوبەرگ.
کەڵۆس: کەسێکە کە ددانی پێشەوەی کەوتبێ.
کەلوکۆم: شتی کۆنی شەق و شڕ.
کەلوو: پۆرگی پاقلە و ماش و پۆڵکە و فاسۆلیا. قولفەی تێ هەڵکێشی نەو شتانەی کە بەشیش دەچنرێن، وەک گۆرەوی و لفکە. پۆڵکە. برجی ئاسمان.
کەڵووڕ: ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.
کەڵووڕی: جۆرە ئقامێکی کوردییە کە تیرەی کەڵووڕ قسەی پێ دەکەن.
کەلووز: فندق. بەری کاژ.

کەلووک: نیوەی چارەکە خشت .
کەلە: قەلەفڕ. کەمە.
کەلە: برنجی پلاوی.
کەڵەئەنگوست: پەنجەی گەورەی دەست و پێ.
کەڵەئەنگوشت: کەڵەئەنگوست.
کەڵەئەموست: کەڵەئەنگوست.
کەلهاتن: د. بەکارهاتن.
کەڵەباب: کەڵەشێر.
کەلەبەر: کونێکی گەورەیە لە دیوار کە لەوانەبێ هاتوچۆی پێدا بکرێ.
کەلەبێژنگ: کەمەی بێژنگ.
کەلەپاچە: سەر و پێی ئاژاڵی سەربڕاو.
کەلەپاچە کردن: بریتییە لە شەق و پەق کردنی گیاندار.
کەلەپچە: ئاسنێکە دەکرێتە دەستی بەندییەوە، (کەلەپچەکردن) بەستنی هەردوو دەستی بەندی بە(کەلەپچە).
کەڵەپشکۆ: پشکۆئاگری گەورە.
کەلەپوور: ئەو شتانەیە کە لە مردوو بەجێ دەمێنێ بۆ کەسوکار.
کەلەپەتر: قسەی هەڵەی زۆر زل و ناقۆڵا.
کەڵە پیتاک: شتێکە ئاغا لە مسکێنی خۆی بستێنی ساڵی جارێک یا زیاتر، لە دراو یا دەغڵودان یا شتی تر لەکاتی کەم دەستیدا.
کەڵەپیاو: کەڵەمێرد.
کەلەخ: با. لاکی گیانداری مردارەوەبوو.
کەڵەدار: داری گەورەی ئەستووری زل.
کەلەرم: گیایەکی گەڵا پانی خڕی پێچراوەی کوێستانییە دەکرێ بە یاپراخ.
کەڵەز: دەمی تێپەڕبوونی مەڕە کێوی.
کەڵەزەڕی: زۆرەملی.
کەڵەژ: دارێکی پەلپەلاوییە دادەچەقێنرێ و مێوی لە بەهاراندا دەخرێتە سەر.
کەڵەس: گوریسێکە ڕادەنگێورێ بەسەر ئاوێکی زۆردا لەم سەر و لەو سەرەوە قایم دەکرێ بۆ ئەوەی ڕێبوار دەستی پێوە بگرێ و بپەڕێتەوە. کەڵەکی ئاو (د).
کەڵەسوو: مانگا و گامێشێکە کە لەبەر زۆر لێ پەڕینی کەڵ هەراسان بووبێ.
کەلەش: کەچەڵ (ز). گیانداری زۆر جوان (ز). پیاوخراپ (ز) جەستە. کەلاک.
کەڵەش: د. کولۆش. مەردوومی بێ عاری بێ ئابڕوو.
کەڵەشاخ: شووشەیەکە وەک پیاڵە کلکێکی کولۆری هەیە خوێن و باکەشی پێ دەگیرێ.
کەڵەشێر: باڵندەیەکی جوانی پۆپنەداری دەنگ خۆشی ماڵییە لە وێنەی مریشک بەڵام ئەم نێرە.
کەڵەشێرباز: کەسێکە کە حەزی لە کەڵەشێری باش بێ بۆ شەڕ پێکردنی.
کەڵەشێرە: شتێکە لە وێنەی کەڵەشێر لەسەر کۆپانی ولاخی پێشەنگ دروست دەکرێ بۆ جوانی.
کەلەشیر: ل. کەڵەشێر.
کەلەف: ز. کەلافە.
کەلەقەند: د. کەللەشەکر.
کەلەک: قولاخەی کەوش.
کەڵەک: چەند دارێکە دەبەسترێ بەچەند کوندەیەکی گەورەی فوو دراوە و لەناو ئاودا بۆ پێ پەڕینەوە و هاتوچۆ پێکردنی. فێڵ. دیواری بەردە کە بە وشکی هەڵچنرابێ.
کەڵەکباز: فێڵباز.
کەڵەکبازی: فێڵبازی.
کەڵەکبوون: کۆبوونەوەی شت و بەسەر یەکدا کەوتنی.
کەڵەکچی: کەڵەکەوان. کەڵەکباز.
کەڵەکردن: د. کۆبوونەوەی چەند کەسێک. کوڵەکردن.
کەلەکۆتک: کاسەی کەل.
کەلەک کردن: د. کۆکردنەوەی شت و بەسەر یەکداخستنی. فێڵکردن.
کەلەکە: تەنیشتی گیاندار لە بن دەستیەوە تا ژوور کولۆتی. کاسەی کەل کە ئاوی تێ دەکرێ بۆ سەگ و مریشک.
کەڵەکە: تەڵەکە.
کەڵەکەبوون: کەڵەکبوون.
کەڵەکەبەستن: خڕبوونەوە و کۆمەڵبوونی گیاندار.
کەڵەکەترێ: خۆ بەسەر یەکدادانی چەند کەسێک.
کەڵەکەکردن: کەڵەک کردن.
کەڵەکەڵە: وتەیەکە کەڵەگای پێ هان دەدرێ بۆ سەر مانگا بەکەڵ.
کەڵەکەوان: کەسێکە کە کەڵەک لێ بخورێ.
کەڵەکێوی: نێری مەڕ و بزنەکێوی.
کەڵەگا: نێرەگای بەگون.
کەڵەگایی: ئیستبداد و خودسەری.
کەڵەگەت: شتی باڵابەرز.
کەلەگی: ژووری تەنیشت هەیوان.
کەلەلا: کەسێکە برینێکی گەورە بەجەستەیەوە بێ، (کەلەلابوون) برینداربوونی جەستە بەبرینی گەورە .
کەلەلاکردن: بریندارکردنی جەستەی گیاندار بەبرینی گەورە.
کەڵەلان: د. پشتێر.

کەلەم: کەلەرم. قەڵبەی دار و شتی تر (با).
کەڵەم: د. کەڵەمەی جووت.
کەڵەموست: کەڵەئەموست.
کەڵەمە: دارێکە دەکرێ بە کونی ئەمسەر و ئەوسەری (نیل)دا و دەبەسترێتە ملی گای جووت.
کەڵەمەکردن: خستنی کەڵەمە بۆ ملی گاجووت. بریتییە لە بەیدەستکردنی گیاندار.
کەڵەمێرد: پیاوی دەمڕاستی ئازای دەرهاتوو.
کەڵەمێروو: مێروولەی گەورەی لۆقن.
کەلەمێش: ز. مێشوولە.
کەلەیی: با. کەلەرم.
کەڵەن: د. کەڵەم.
کەڵەنچ: جۆرێکە لە بەری مازوو لە چەکەی هەلاج دەچێ، بەڵام ئەم کلکی نییە.
کەلەندین: ز. کۆمەڵە بەفرێکە کە لە بانماڵینەوە کۆبووبێتەوە.
کەڵەوانە: کلانە.
کەڵهوڕ: کەڵووڕ.
کەلەوەر: کەلەبەر. دەرگا.
کەلەوەر ڕەشکردن: بریتییە لە دزی کردن: کەلەوەری ئەو ماڵەی ڕەش کردن واتە دزی لێ کرد.
کەڵەوی: گیایەکی گەڵا پانی بەرزە دڕکێکی تیژ دەردەکا.
کەلهە: با. قەڵا.
کەڵەهەرز: کاتی تێبەڕبوونی بەرانەکێوی.
کەڵەهێڕ: کۆبوونەوەی کەڵەگای زۆر بۆ سەر مانگا بەکەڵ.
کەڵەهێڕکردن: بریتییە لە گەلەکۆمەکێ کردنی چەند کەسێک لە یەکێک.
کەلی: فەریک: کەلی نۆک واتە فەریکەنۆک.
کەلێن: کەلەبەر. بەناو داڵدە: فیسار کەس لە کەلێنی فیساردایە، واتە لە پەنایایەتی. کەمین گا: فیسار کەس لە (کەلێن)دا بۆی دانیشتووە.
کەڵێن: قایشێکە دەکرێتە ملی تانجی.
کەلی: عاستی کەلایی شت. خواردەمەنی کەم خوێ (ز). گیانداری کلک کورت (ز). گیانداری گوێ کورت (ز).
کەلیژ: ز. کلێنچکەی مەڕ.
کەلیلان: ز. گەرمی.
کەلین: ز. کولان.
کەڵین: د. شتی گەورەی زەلام.
کەم: شتێکە کە زۆر نەبێ.
کەما: گیایەکی لاسک ئەستووری گەڵاوردی بەهارییە، گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
کەماجاڕ: شوێنێکە کە کەمای زۆر بێ.
کەماچە: ز. کەمانچە.
کەماخ: سمت (با). کامۆخ.
کەمان: کەمانچە. سینە کەمان. کەوان.
کەمانچە: پارچەیەکە لە پارچەی مۆزیقە، چەند ژێیەکی پێوەیە، دارێکی تایبەتی دەهێنرێ بە ژێکاندا، دەنگێکی خۆشی لێوەدێ.
کەمانچەژەن: کەسێکە کە کەمانچە باش لێ بدا.
کەمانە: تیرێکی هاوێژراوە کە بگەڕێتەوە بەهۆی کەوتنی لە شتێکەوە.
کەماو: چێشتی پیتە.
کەمایەتی: شتێکی کەم لەناو شتێکی زۆردا: تورکمان لە کەرکووکدا کەمایەتییە.
کەمایەسی: کەمبوونەوەی شت و نزیکبوونەوەی لە بڕانەوە.
کەمایی: کەمایەسی.
کەمباخ: ز. زۆرداری ستەمکار. کەلاوە.
کەمبارە: د. کەم بەهرە.
کەمبوون: نزیکبوونی شت لە بەسەرچوونی: ترێ (کەم بووە) واتە هاکا بەسەرچوو.
کەمبوونەوە: هاتنە کەمایەسی شت.
کەمبەت: ز. گومەز.
کەمتابێژ: کەمێک لە شتێک: (کەم تابێژ)ێک دانیشت یا قسەی کرد یا خواردی.
کەمتار: ل. کەمتیار.
کەمتەرخەم: کەسێکە شتی زۆر مەبەست نەبێ.
کەمتەرخەمی: گوێ نەدانە شت.
کەمتیار: دەعبایەکی کێوییە یاڵ و سمی لە هی کەر دەچێ.
کەمتێن: گیانداری بێ هێز.
کەمچک: ل. کەوچک.
کەمچە: ئاسنێکی درێژە دەسکەکەی دارە ئاگری توونی پێ دەکرێ. ماڵە (د).
کەم چیکڵدانە: بریتییە لە مەردوومی تووڕە.
کەمخۆر: گیاندارێکە کە خواردنی کەم بێ.
کەمخە: ز. کالایەکە کە لە ئاوریشمی سووری ڕەشباو دروست کرابێ.
کەمدوو: کەسێکە کە کەم قسە بێ.
کەمر: بەرد.
کەمراوێژ: کەمتابێژ.
کەمڕوو: بریتییە لە مەردوومی شەرمن.
کەمڕە: گەمڕە.

کەمقنیات: کەمخۆر.
کەمکردن: لاوازبوون. کورتهێنانی شت.
کەمکۆڵ: توێکڵی سەوزی گوێز. کەرکۆڵ.
کەمۆ: دەستەمۆ.
کەمۆت: ز. بێ گوێی لاسار.
کەموسکە: زۆر کەم لە شتێک.
کەموکورِ: شتی کەمی نیوەچڵ.
کەموکوورِی: بریتییە لە نەدارایی.
کەمۆڵە: کاسەی گەورەی دارین.
کەمە: کەلە بێژنگ. تەختەی کەوانەداری ئەمسەر و ئەوسەری بێشکە. پەرِەی خەرِەک.
کەمەچکرن: ز. هەڵپاچینی کەمێک لە خوری پشتی مەرِ بۆ نیشانەکردنی.
کەمەر: ناوقەدی شت. خرِەبەرد.
کەمەربەست: کەمەربەستە.
کەمەربەستن: خۆ ئامادەکردن بۆ پچووکی یەکێک.
کەمەربەستە: بریتییە لە بەندە. بریتییە لە کەسێک کە ئامادەی فرمانێک بێ.
کەمەربەن: کەمەربەند.
کەمەربەند: جۆرە پشتێنێکی دوو توێیە دراوی تێ دەکرێ.
کەمەرچین: جۆرە پاڵتۆیەکی ژنانەیە کە بەسورمەدا دروابێ.
کەمەردووخ: د. بەرەتەشی.
کەمەرکەش: د. دەرپێیەکی کورتە. لەژێر شەروالەوە لە پێ دەکرێ.
کەمەرە: پشتێنێکی زیوین یا زێرینی گۆدارە، ژنان دەیبەستنە پشتیان. لاوانەیەکە لەناوقەدی منارەدا بانگدەر بانگی لەسەر دەدا. ناوقەدی شاخ. چەند تەختەیەکە دەدرێن لە رِووکاری دۆڵیانی ئاش. ناوەرِاستی زەوی.
کەمەک: کەمێک.
کەمەن: کەمەند.
کەمەند: گوریس یا زنجیرێکی درێژە ئەم سەر و ئەوسەرەکەی بەسنگێکەوە دەبەسترێ، ئینجا بەرِیزە ولاخی پێوە دەبەسترێتەوە. شتێکە وەک عەگاڵ لەکاتی دانیشتندا دەکرێتە پشت و بەرئەژنۆ بۆ ئەوەی کە بەملا و بەولادا نەکەوێ.
کەمەندکێش: بریتییە لە کەسێک کەرموودە و گرفتاری رِەوشت و خووی بەرزی پیاوێکی خواشناس بووبێ.
کەمەنداویشتن: هاویشتنی کەمەند بۆ گرتنی شتێک.
کەمیک: ز. دەسەسرِی دەموچاو سرِین.
کەمێڵ: تیسکە خورییەکە لە ژێر دووگی ئاژاڵەوە رِیخی پێوە وشک بووبێتەوە.
کەمێڵە: کەمێڵ. قەرتماغە (د).
کەمی: بوونی شت بەکەم.
کەمین: حەشار.
کەمینگا: شوێنی خۆ تێدا حەشاردان.
کەن: کەند (د). پێکەنین (ز).
کەنار: قەراغی شت . مۆرد.
کەناراو: بریتییە لە ئاودەستخانە.
کەنارگرتن: خۆ دوورخستنەوە لە کارێک.
کەنارە: کەنار. لاکێشی باریک کە لەملا و لەولای میان فەرشەوە رِادەخرێ. پەراوێز.
کەنارەگیر: کەسێکە کە هەمیشە خۆی کەنار بگرێ.
کەنارەگیری: گۆشەگیری.
کەناری: با. درکەزی.
کەناو: دادرِگەی ئاو.
کەند: کەنگ.
کەندال: ز. تەپۆلکە.
کەنداڵ: کەندەلان (د). گێژ (با).
کەنداو: شوێنێکە لە قەراغی دەریا کە ئاو دایدرِیبێ و ماوەیەک چووبێتە ناوەوە (خلیج).
کەندرِ: بوودرِێکە لە زەوی، کە ئاو دایدرِیبێ.
کەندن: هەڵکەندن. بەردانەوەی ترِیاتس.
کەندۆ: مانگایەکی قسرە کە هێشتا وشکی نەکردبێ.
کەندوو: شتێکی بۆشی بەرزی گەورەی پێچکەدارە لە قورِ دروست دەکرێ بۆ دەغڵودان تێکردن.
کەندەسمە: باڵندەیەکە لە رِیشۆڵە گەورەترە هەر بەقەد کەندەوە هێلانە دەکا.
کەندەکار: کەسێکە کە کاری هەر هەڵکەندن بێ.
کەندەلان: قەدپاڵێکە ئاو بۆشی کردبێ و دایدرِیبێ.
کەنراوە: ئاژاڵێکە کە قەڵەو بووبێ و بەخۆیدا هاتبێ: ئەم مەرِە باشی (کەنراوەتەوە).
کەنسی: د. رِژدی چرووک.
کەنشتە: جێی خواپەرستی جوولەکە.
کەنگ: کەندەلان.
کەنگر: کنگر.
کەنگەلان: کەندەلان.
کەنگێ: کەی.
کەنگێن: کەی: کەنگێن تۆ رِۆیشتی هەنگێن منیش دێم.
کەنگینێ: کەی.
کەنن: هەڵکێشان. داکەندن. پێکەنین. کردنەوەی بەری میوە و سەوزایی.

کەنۆ: کەندۆ. گوێرەکەی یەک ساڵە.
کەنۆش: د. کون دووش.
کەنوو: کەندوو. پێکەنین.
کەلووی شانی هەنگوین (د).
کەنە: کنە.
کەنەسمە: د. کەندەسمە.
کەنەفت: زەبوونی بێ دەسەڵات، کەنەفت بوون: زەبوونبوون.
کەنەفت کردن: زەبوونکردن.
کەنەفتی: زەبوونی.
کەنەک: کەند (د). گابەرد.
کەنەنە: تەشوێیەکی پچکۆلانەی دەم کەوانەییە، ناوی کەوچک و ئەسکوێی پێ هەڵدەکەندرێ. ئینجا بەلێسک لووس دەکرێ.
کەنێر: دارێکی کوێستانییە، گەڵای وەک داری کەووت وایە، لە کاتی سووتاندا بۆنی خۆشە.
کەنێرە: گیایەکی بەهاری بۆن خۆشی گوڵ زەردی گەڵا خڕە.
کەنیشک: مێینەیەکە کە هێشتا شووی نەکردبێ، نەوەی مێینەی باوک و دایک.
کەنیشکە زاگ: د. کچەزا.
کەنیشکی: کچێنی. کچێنەی چاو.
کەنی: وتەیەکە وەک وتەی (کچێ) بەکاردێنرێ.
کەنیز: ل. کەنیزەک.
کەنیزەک: کارەکەر.
کەنیلە: د. کەنی.
کەنین: پێکەنین. بەردانەوەی تڕوتس.
کەو: باڵندەیەکی خاڵ و مێلداری قاچ و دەنووک سووری بۆرە، لە کۆتر گەورەترە. شتێکە لە (گلگیر) شاشترە، خەرمانی پێ پوختە دەکرێ. هەڵگوشینی برین بۆ پاکبوونەوەی.
کەوا: جۆرە کاڵایەکی قۆڵ و چاکەلداری درێژە.
کەوابوو: کەواتە.
کەواتە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە وەرامی وتارێکدا کە لەبەر ئاشکرایی فرێ درابێ: (کەواتە) وەرە لام، لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ ئیمشەو ئیشم نییە، واتە کە ئیشت نییە وەرە لای من.
کەوان: دارێکی چەوتاوەیە تیری پێ دەهاوێژرێ. دارێکی درێژی کەمێک خوارە ژێیەکی پێوەیە هەلاج چەکەی پێدا دەماڵێ لە کاتی هەلاجیدا، دارێکی کەوانەدارە چەرمێکی درێژی بەسەرەوەیە لە (مەتە) دەئاڵێنرێ و داری پێ کون دەکرێ. نیشانەیەکە وەکو: ( ) بەگردی وشەیەک یا ژمارەیەکدا دەنووسرێ کە گرنگییەکی ببێ.
کەوان پێتک: د. شتێکە وەک دارلاستیک بەردی پێ دەهاوێژرێ.
کەوانگۆشە: نیشانەیەکە وەکو: [ ] کە ئەمیش وەک کەوان بەکار دێنرێ.
کەوانە: کەوان. دارێکی دوو لقە بەگوریسێکی باریک دەبەسترێ بەهەردوو پێچکەی شەخڕەوە، بۆ ئەوەی قرچەی پێ بگوێزرێتەوە بۆ سەر خەرمان. پێچ و دەرەی سەربەرەو ژوورە. هەموو شتێکی کەوانەیی. لای ژوورووی هەموو شت. دوو تەختەی پان و درێژە دەبەسترێن بە ژێر پێوە بۆ ئەوەی بەسەر بەفردا برۆن و نەچەقن.
کەوانەدار: شتی کەوانەیی.
کەوانەیی: شتێکە بەرێکی چەوتابێتەوە.
کەواو: کەباب.
کەواوچی: کەبابچی.
کەواوخانە: کەبابخانە.
کەوایە: کەواتە.
کەوبار: بەچکە کەو.
کەوباز: کەسێکە کە حەز لە ڕاگرتنی کەو بکا.
کەوبوار: شوێنێکە کە کەو پێیدا بڕوا. کاتێکە کە پۆلە کەو بەرەو کوێستان دەگەڕێتەوە.
کەوبەدار: بەهارێکی درەنگە کە کەو لەبەر گەنەشینکە هەڵنیشێتە سەر دار.
کەوتن: بەلاداهاتنی شتێک بۆ سەرزەوی.
کەوتنەخۆ: خۆ ئامادەکردن.
کەوتنەخوارەوە: کەوتنی شتێک لە بەرزییەکەوە بۆ نزمییەک.
کەوتنەوە: دواکەوتنی کەسێک لە ڕۆین و مانەوەی: نیازم بوو بچم بۆ لادێ کەچی (کەوتمەوە) واتە پەکم کەوت. وازهێنانی یەکێک لە شتێک: لێم (بکەرەوە). هەڵدانەوەی گرانەتا لە گرانەتێ دار دوای ئارەق کردنی.
کەوتوو: کەسێک یا شتێکە کە کەوتبێ.
کەوتوویی: گرانەتێ.
کەوجز: د. کەوجێز.
کەوجێز: د. ئاوگردان. ئەسکوێ.
کەوچ: هـ. مەنی پێوانە.
کەوچک: شتێکی کلکداری دەم پانە شتی پێ دەخورێ.
کەوچکتاش: کەسێکە کە کەوچک دروست بکا لە دار: لێسکە. ناوی دێیەکە لە شارەزوور.
کەوچکە: کەوچکێکە دەبەسترێ بە(چەرەخۆرە)وە، دانەوێڵەی لێ دەچێتە گێری ئاشەوە.
کەوچە: د. کەوچک.

کەوداو: ماکەوێکە کە بنرێتەوە بۆ ئەوەی نێرە کەو دەوری بدەن تا ڕاو بکرێن. چەند داوێکە دادەنرێن لە نزیک ماکەوێکە و بۆ ئەوەی ئەگەر ماکەوەکە خوێندی کەوی تر بێن بەدەنگییەوە و بکەونە ناو ئەو داوانەوە.

کەودەری: جۆرە کەوێکی گەورەیە زۆر حەزی لەناو بەفرە.

کەودەن: مەردوومی نا زیرەک.

کەورک: ز. جۆرێکە لە هەرمێ.

کەورنگان: ز. جۆرە دانەوێڵەیەکە لە گرانیدا تێکەڵی گەنم دەکرێ و دەخورێ.

کەورێشک: کەروێشک.

کەورێشکە: د. کەروێشکە.

کەوسەل: ز. کیسەڵ.

کەوش: جۆرە پێڵاوێکی بێ پاژنەی لووت هەڵگەڕاوەیە. سەر بەرەوخوارە. هەنگڵی گیاندار.

کەوش دروو: کەسێکە کە هەر کەوش دروست بکا.

کەوش دۆز: کەوش دروو.

کەوش کەن: شوێنێکە کە کەوشی تێدا دابکەنرێ.

کەوشەک: یاری سێ بازد.

کەوشەن: مەیدانی کشتوکاڵ و ئاژاڵ و لەوەڕاندنی ئاوایی.

کەوشێن: کەوشەک.

کەوک: ل. کەو.

کەوکردن: لە کەودانی دانەوێڵە.

کەو کەمانە: برینێکە لە مەلاشوودا پەیدا دەبێ.

کەو کەندەر:با. جۆرە کەوێکی گەورەی زەرد باوە.

کەوگیر: شتێکی کلک درێژی دەم پانی کون کونە لە مس یا لە فافۆن چێشتی توندەی پێ تێ دەکرێ و کەفی چێشت و گۆشتی پێ دەگیرێ.

کەوگیرە: برینێکە بەقەد دەمە کەوگیرێک پان و کون کونە.

کەوڵ: پێستی گیراوەی هێندێ گیاندار. شتێکە وەک پاڵتۆ پێستی تووکداری خۆشەکراوی بەبەردا دەگیرێ و بۆ گەرمی بەزستان لەبەر دەکرێ. کەوڵ پۆست. مشەما یا تەنراوێکی چوار سووچە لەسەر تەنوور دادەخرێ بۆ نان لەسەر کردنی.

کەوڵ پۆست: کەوڵێکی تایبەتی خۆشکراوی تیسکنە بۆ لەسەر دانیشتن.

کەوڵکردن: گورروونی گیاندار. بریتییە لە بەیدەست و زەبوونکردنی گیاندارێک: فەرهاد نەریمانی کەوڵ کرد.

کەوڵۆس: شوێنێکە ئاو دایدڕیبێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی خورماڵ.

کەوڵە: د. شتی شینی کەودلە. شوێنی ڕووتەنی زیخەڵانی شین.

کەوڵەکۆن: بریتییە لە مەردوومی پیری قرخنی پەککەوتە.

کەوڵێدان: کەوکردن.

کەومار: جۆرە مارێکە وەک کەو دەخوێنێ.

کەون: کۆن.

کەونە: کۆنە.

کەونەفرۆش: کۆنە فرۆش.

کەونینە: بە شتی کۆن دەڵێن.

کەووت: دارێکی سەختە کەوچکی لێ دروست دەکرێ.

کەوور: بزنی سپی.

کەوورگ: ئەشکەوت.

کەووگ: د. شتی شین.

کەوە: کەووگ. کەوی دەغڵ پێوان .

کەوەت: کەووت.

کەوەر: گیایەکی توونی گەڵا پانی بێ لقە. کەوورگ (د).

کەوەڕۆژ: ڕۆژێکە کە بەری ئاسمان تەنکە هەوری ببێ و سەرمابێ.

کەوەڕێ: بێزار بوون لە لەشی خۆت: لە لەشی خۆم کەوەڕێ بووم، بەڵام نابێژرێ لە فلان شت کەوەڕێ بووم.

کەوەسێر: مەرێکە تووکی دەموچاوی سپییەکی شینباو بێ.

کەوشەن: سنوور.

کەوەگی: د. گەنەیەکە دەداتە مەڕ و بزن.

کەوەل: جۆرێکە لە بەری مازوودار گەڵا پان و تووکنە.

کەوەلە: گیاندارێکی وردە وەک ڕشک دەداتە ئاژاڵ. شتی شینکار. زەوی و شاخی ڕووتەنی شینکار.

کەوەمار: شینە مار.

کەوێ: کەوا.

کەوێژە: کەوچکەی ئاش.

کەوێڵ: خانووی ناو باخ. ئەشکەوتی پچووک.

کەویە: نزم.

کەوی: باڵندەیەکە لە ماڵدا دەستەمۆ بووبێ، (کەویبوون) دەستەمۆبوون، (کەویکردن) دەستەمۆکردن. ڕنووی بەفر.

کەویچە: کەوێژە.

کەویر: د. دەشتی زیخەڵانی بێ ئاو و بێ سەوزایی.

کەویژ: دەفرێکە شتی پێ دەپێورێ: چ کەویژێ چ مەویژێ.

کەویژە: کەوێژە.

کەه: ل. کا.

کەهاڵ: د. تەمەڵ.

کەهروبان: ز. کارەبا.

کەهرێز: کارێز.

کەهریز: ل. کارێز.

کەهنی: ز. کانی.

کەهیا: گەورە. سەرۆک.
کەهێڵ: مەردوومی سست و تەمەڵ لە کاردا.
کەهی: با. گیاندارێکە کە لە ماڵدا ڕام بووبێ.
کەی: پیتی پرسیار لە کات: (کەی) دەڕۆیت. یاری و کایە(هـ).
شا: کەیخوسرەو.
کەیارک: ز. کارک.
کەیاندن: ز. ژەندنی مەشکە.
کەیبانوو: ژنێکە لە ماڵدا سەرپەرشتی ئیشوکار بکا.
کەی بەکەی: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ باسی ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش لە کات: (کەی بەکەی) هاتووم، واتە زۆر دەمێکە.
کەیس: با. هەل.
کەیف: خۆشی دڵ: فیسار کەس بە(کەیف)ە یا بێ (کەیف)ە.
کەیفکردن: بەخۆشی ڕابواردن.
کەیک: کێچ.
کەیکف: کێکف.
کەیکوا: د. مەردوومی کارزانی ڕاوێژ پێکراو.
کەیل: پڕ: دڵم (کەیل)ە واتە پڕە لە خەم و خەفەت، (کەیلبوون) دڵ پڕبوون لە خەم و خەفەت، (کەیلکردن) پڕکردنی دڵی یەکێک لە خەم و خەفەت. کەلاوە.
کەیلان: د. ئافرەتی تەڕلان.
کەین و بەین: تەگبیر و ڕازێکە کە بکرێ لەناو چەند کەسێکدا بۆ کردنی کارێک بەپەنهانی: چ (کەین و بەین) تێکتان بەدەستەوەیە؟
کەینێ: کەی.
کەیوان: ئەستێرەی (زوحەل).
کەیوانوو: کەیبانوو.
کەیەڵ: خانوودیەکە بەهاوینان لەناو باخدا دەکرێ.
کەیی: کەوی.
کەێر: ز. درەختی مۆرد.
کێ: پیتی پرسیارە بۆ دەستنیشانکردن (تعین)ی تاقە کەسێک: کێ بوو هات؟. دێ: (کێ) خوا، واتە کوێخای دێ. پیتێکە بۆ خۆشەویستی دەنرێ بەدوای هێندێ وتەوە: کناچە (کێ) واتە خوشکە لێ. پیتێکە دەنرێ بەو کارانەی کە لە یاریدا دەکرێ و دەیکا بەمەصدری یاری: چاوشار(کێ)، دایە لۆ (کێ).
کیار: هـ. بێستانی کاڵەک و شووتی و ترۆزی و خەیار و بامیە و باینجان و تەماتە.
کیاستن: ناردنی یەکێک بۆ شوێنێک.
کیانا: هـ. ناردن.
کێتک: با. پشیلە.
کێچ: گیاندارێکی ڕەشی وردی قاچ بڕگەبڕگەی بەناڵۆشی خاوەن قەڵەمبازە، بەهاران دەژێتەوە.
کێچ کەوتنە کەوڵ: بریتییە لە پەلەپەل پێکەوتنی یەکێک.
کێچە ڕەشکە: دەعبایەکە بێستان و شینایی دەخوا.
کێچ هەڵهێنان: بریتییە لە پەلەپەل پێکەوتنی یەکێک بۆ بەجێهێشتنی شوێنێک.
کێخا: د. کوێخا.
کێخوا: د. کوێخا.
کێر: جێگای نەتەوە خستنەوە و میزکردنی نێرینە. کار، کەڵک(ز). کێرد (ز). شتی کاڵی نەگەیشتوو.
کێران: ز. داری درێژی ئەستوور.
کێرخۆر: بریتییە لە ئافرەتی جۆشن.
کێرد: تیغێکی دەم پانی مشتووداره نانوشتێتەوە.
کێردگەر: کەسێکە کە کێرد دروست بکا.
کێڕ: خەتی کێشراو لەسەر زەوی یا کاغەز.
کێڕا: کوێڕا.
کێرزل: بریتییە لە مەردوومی زۆردار.
کێرزلی: بریتییە لە زۆرداری.
کێرسم: ز. شێوەی ئادەمیزاد .
کێرک: ز. کێردی پچووک.
کێرکەر: کارەکەر.
کێرکەڵە: د. گیاکەڵە.
کێرهاتن: ز. بەکارهاتن.
کێرەفیل: بریتییە لە قامچی هۆنراوە کە دەکرێتە دەست.
کێرەکەڵەگا: گیایەکی یەک لقە باڵای هەمووی گوڵە و لەناو تووتندا دەردێ و زەبوونی دەکات.
کێریشک: با. کەروێشک.
کێز: با. گووخلێنکە.
کێزان: ژەندنی مەشکە.
کێزاندن: کێزان.
کێزر: کۆمەڵە خەڵفێکە کە بەپری لە زەوی هاتبێتە دەرەوە. کەسێکە لە کرداردا هەڵەشە بێ و بەخودسەری ئیش بکا.
کێزری: هەڵەشەیی و خودسەری لە کاروباردا.
کێزک: ز. کێز.
کێزم: با. تاقە دارێکە کە مێوێکی خرابێتە سەر.
کێزە: با. قالۆنچە.
کێزەر: کێزر.
کێزەری: کێزری.
کێزرێن: ز. لوولەیەکە بەژێر زەویدا برابێ بۆ ئاو پێدا بردن.

کێزی: ز. گەسک.
کێژووله: چۆلەکە.
کێس: کەس (ز). کیس (د).
کێش: ڕەشتی. تەوانایی: له (کێش)ی مندا نییه. نۆرەیەک له شتی بەتەرازوو کێشراو: ئەمە دوو یا سێ (کێش)ە. وەزنی شیعر. مشکی. پێز: ئەم هەویرە بە (کێشە).
کێشان: ڕاکێشانی شت. قوم دان له جگەرە و سەبیل و نێرگەلە. ئەندازە گرتنی شت بەسەنگ و تەرازوو. پەڕاندنی ولاخی نێر لە مێ.
کێشانن: د. کێشان.
کێشانه: ئەندازەگرتنی شت بەسەنگ و تەرازوو.
کێشانەکردن: کێشانه.
کێشانەوە: هێنانە دواوەی شت: ئاگرەکە یا لەشکرەکە (بکێشەرەوە).
کێشران: کێشان.
کێشراو: شتێکە کە کێشرابێ.
کێشک: ئێشک. وتەی پرسیارە وەک وتەی (چی) (ز).
کێشکچی: ئێشکچی.
کێشکردن: ڕاکێشانی شت.
کێشک گرتن: ئێشک گرتن.
کێشکه: با. چۆلەکە.
کێشماکێش: د. کێشمەکێش.
کێشمان: کشان و فراوانبوونی شت: فانیلەکە (کێشمان)ی دێ.
کێشمەکێش: بگرەوبەردە و دەردی سەری.
کێشندە: هێزێکە لە هێندێ شتدا هەیە شتی تر ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا.
کێشواکێش: د. کێشمەکێش.
کێشووله: چۆلەکە.
کێشوەر: حکومەت.
کێشە: بردنی کۆلۆشە لە شاراوە بۆ سەر خەرمان. هەرا و کێشمەکێش.
کێشهاتن: کێشمانی شت.
کێشەکێش: کێشمەکێش.
کێشە و بەرە: کێشمەکێش.
کێشەوە: گواستنەوەی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.
کێشەوێ: کێشەوە.
کێشیاگ: د. کێشراو.
کێشیان: کێشان.
کێف: کێو.
کێفرۆشک: ز. کەروێشک.
کێفزال: ز. قرژاڵ.
کیڤژاڵە: با. قرژاڵ.
کێفژاڵە: کێفزال.
کێفساز: د. کێوسار.
کێفسان: د. کێوسال.
کێفش: ز. شتی ئاشکرای نمایان.
کێفکی: با. شتی بۆگەن.
کێفی: کێوی.
کێفیله: د. کێویله.
کێڤریشک: با. کەروێشک.
کێڤی: ز. کوویەلۆکە.
کێڤیی: ز. دەفرێکی گڵینە ڕۆن یا هەنگوینی تێ دەکرێ.
کێکف: تیروو.
کێکوو: کێکف.
کێل: دوو تەلەبەرد یا دوو میلە لە سەرین و پێینی گۆڕەوە دادەچەقێنرێ. شتی بەرز، (کێلبوونەوە) بەرزبوونەوە، (کێلکردنەوە) بەرزکردنەوە.
کیڵ: کەیەڵ (هـ). میلی ڕەنگاوڕەنگی بەڕە. کێل (د).
کێلان: بەرگی خەنجەر و شیر.
کێڵان: هەڵگێڕانەوەی زەوی بەگاسن بۆ کشتوکاڵ.
کێلانە: کێلان.
کێلدان: ز. دروومان.
کێڵران: کێڵان.
کێڵراو: شوێنێکە کە کێڵرابێ
کێلک: کەلەکە.
کێڵگە: زەوییەکە دەست بدا بۆ کێڵان. زەوی کێڵراو.
کێلوک: با. ژنێکە کە موسوڵمان نەبێ.
کێلوون: ئاسنێکی زمانەدارە دەدرێ لە دەرگا و سندووق و بەکلیل دادەخرێ.
کێله: د. کەوێژ.
کێلەبەردانێ: یارییەکی دوو دەستەییە، هەر دەستەی چەند کەس بن دەبێ ئەوەندە تەنکە بەردی پچووکی بەقەد دەستێک ئامادەبکەن، دەستەیەکیان بەردەکانیان دادەچەقێنن و دەستەکەی تر تەنکە بەردەکانی خۆیانی تێ دەگرن.
کێلەندی: ز. جۆرە داسێکی گەورەیە بەهەردوو دەست دەگیرێ و دروێنەی پێ دەکرێ.
کێلێژە: کۆلەکەی چارداخی توتن.
کێم: خوێنی گەڕاوەی خەستی سپییە لە برین دێتە دەرێ. کەم (ز).
کێماسی: ز. کەمایەسی.

کێماو: کێمی ڕوون.
کێماهی: کەمی.
کێمایی: کەمی.
کێمپەڕ: تەنینەوەی برین بەهۆی کێمەوە.
کێمکردن: پەیابوونی کێم لە برین.
کێمی: کەمی.
کێندەر: کوێندەر.
کێندەرێ: کوێندەرێ.
کێو: چیای بەرز.
کێوسار: د. شوێنی شاخاوی.
کێوسان: کوێستان.
کێومالّ: هەردوەزکردن بەدووی شتێکی ونبوودا لە دەشت و کێو.
کێووژ: کەویژ.
کێووستان: کوێستان.
کێون: سەختە پۆلایەکی لووتداری قورسە کلکێکی دارینی هەیە، بەردی گەورەی پێ دەشکێندرێ.
کێوە: بۆ کوێ.
کێوی ئاگرپژێن: کێوێکە بەهۆی جۆش و خورۆشی ناویەوە لەت ببێ و ئاگر و شتی تواوەی لێ بێتەدەرەوە.
کێوی ئاگرفشان: کێوی ئاگرپژێن.
کێوی: گیا یا گیاندارێکە کە هەر لە کەژ و کێودا بێ. بریتییە لە مەردوومی سرکی سڵکردوو لە شت.
کێویلە: سەوزیایی و دارودرەختێکە کە لە دەشت و کێو ڕوابێ و بەدەست نەچەقابێ.
کێهانە: کامیان.
کی: ل. کێ.
کیتەڵە: گۆزەی پچووکی خڕەڵە.
کیر: کێری گیاندار. کێرد و چەقۆ (ز).
کیر ڕنج: با. هەلاج.
کیرە: جۆرەج دەنگێکە لە یەککەوتنی هێندێ شتەوە پەیدا دەبێ.
کیرە کیر: کیرەی یەک لەدوای یەک.
کیژ: کچ.
کیژۆڵە: کچۆڵە.
کیس: جۆرە بلۆقێکە لەبن ددان پەیدا دەبێ.
کیسک: ز. کیسە.
کیسکردن: پەیابوونی کیس لەژێر ددانا. بریتییە لە پیش خواردنەوەی یەکێک لە ڕقاندا.
کیسۆ: ز. ڕەقە.
کیسە: توورەکەیەکە شتی تێ بکرێ.
کیسەبڕ: د. گیرفانبڕ.
کیسەکێش: ئاترێکە لە ژووری حەماما بەکیسەیەکی تایبەتی مەردووم بشوا.
کیسەکێشان: هێنانی کیسە بەلەشدا بۆ لێکردنەوەی چڵک.
کیسەڵ: دەعبایەکی دێمییە وەک ڕەقەی ناو ئاو.
کیسەڵە: دارێکی قۆقزە دەدرێ لە پشتی دەرگا و شمشێرەی پێدا دەکرێ. دارێکە (مازە) و (لاجامە) بەیەکەوە دەنووسێنێ.
کیسە لە مل: بریتییە لە کچی جوانکیلانە.
کیسە و کەمەر: جۆرە کەمەربەندێکە، چەند کیسەیەکی پێوەیە شتی تێ دەخرێ.
کیسەهەڵدروون: بریتییە لە تەماداری یەکێک بۆ شتێک: فیسار کەس (کیسەی بۆ هەڵدرووە) واتە بەتەمایەتی.
کیف: چەرمێکی دووتوێی هەڵدرواوە، هێندێ شتی تێ دەخرێ.
کیفاندن: د. فیکەکردنی مار.
کیفانن: کیفاندن.
کیفکردن: هەڵکفانی شت.
کیفن: شتی هەڵکفاوی پفەڵ.
کیفۆک: پیشۆک.
کیفە: د. فیکەی مار.
کیڤار: با. کرێشی ئەستووری سەری کەچەڵ.
کیڤی: با. گیانداری کێوی.
کیلۆ: سەنگێکە کە هەزار غەرامە.
کیلە: ئەندازەیەکە بۆ دانەوێڵە کە چوار تەنەکەیە.
کیلەرک: با. گەنجینەی ژوور.
کیم: کێم.
کیمیا: زانیارییەکە باس لە دروستکردنی هێندێ شت دەکا بەلێکدان و جوێکردنەوەیان. دروستکردنی ئاڵتوون و زیو بەدەرمان.
کیمیاگەر: کەسێکە کە کیمیایی بکا.
کیمیاگەری: خەریکبوون بەکیمیاوە.
کیمیایی: کیمیاگەری: ئەم پیشەیە (کیمیایی)یە.
کین: ڕق.
کینە: کین.
کینەدار: خاوەنی کینە.
کینەکێشان: ڕق کێشان لە دڵدا لە یەکێک.
کینەکێش: کەسێکە کە کینەی زۆربێ لەگەڵ مەردوومدا.
کیوار: گیایەکی بەرزی کوێستانی بەهارییە، گەڵای وەک بی وایە، دەکوترێ و دەدرێ بەوڵاخی بەرزە. جۆرە جەوییەکە لە لاقەدی گیای کیودا پەیدا دەبێت دوای بریندارکردنی و، دوای مەیینی وەک بنێشت دەخورێ.
کیبوون: پیک.

گ

گ: گشت: (گ) جاریَ یا (گ) جۆریَ واته هەموجاریَ یا هەموجۆریَ. پیتیَکە له شوێنیَ (و)ی (إسمی مفعول) دەنووسیَ بەدوای هێندیَ وتەوە: گەییی(گ)، رویی(گ) واته گەیو، رۆیو.

گا: ڕەشەوڵاخێکی نێرە کە پێی نابێته سێ ساڵە. پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(إسمی مکان): ڕیَ(گا)، سەیران(گا) واته جێی ڕۆین و سەیران. کات: هەر(گا) واته هەر کات.

گائەنگێو: جۆرە مارێکە وەک زەردەمار بەڵام ئەم شینە و بیَ وەزەندە.

گابردەسەوزە :گیایەکی ناوییە لە لەبان دەچیَ بەڵام ئەم سیَ کووزە و گەڵای تەنکە.

گابۆڕ: بۆڕەبۆڕی گاگەلە لەسەر خوێنی ڕەشەوڵاخێکی سەربڕاو. بریتییە لە گریانی چەند کەسێک بەدەنگی بەرز بەهۆی مردنی خۆشەویستێکیانەوە.

گابەرد: بەردیَ زۆر گەورە.

گاپەڵ: جۆرە کۆترێکی شینی کێوییە.

گاپیَ: بریتییە لە مەردوومی تەمەڵ لە ڕۆیندا.

گاپێڵ: گایەکە کە شاخەکانی چەمابنەوە بەدەوری گویَ یا چاویدا بەجۆرێک کە پێویست بیَ بەبڕینەوە.

گاتوو: شاتوو.

گاجفت: د. گاجووت.

گاجووت: گایەکە لەوانە بیَ کە جووتی پیَ بکریَ.

گاچاڵ: د. چاڵیَ زۆر گەورە.

گاچاوە: جۆرە گوڵێکە لە شتیَ چنراو دروست دەکریَ لە وێنەی چاوە گا.

گاچوان: گۆچانی زلی ئەستووری ناقۆڵا.

گاچێرین: ز. کلک هەڵسەنگێنە.

گادار: ز. شوێنی لەوەڕی گاگەل.

گادانە: د. کزن.

گادمە: گیایەکە وەک هەڵەکۆک، بەڵام ئەم سەلکی نییە و بۆ ژانە سک دەخوریَ.

گادۆش: دەفرێکی گڵینە وەک دیزە، دوو قولفی هەیە، پەتی تیَ دەخریَ و پێی هەڵدەگیریَ.

گادۆشکە: جامی شیر دۆشین.

گادەمە: گیاکی گەڵاپانی پایزی زۆر تاڵە، دەکوتریَ و دەکرێتە گۆماوەوە بۆ ماسی کوشتن.

گادێری: ز. گاوان.

گار: پیتێکە دەنریَ بە هێندیَ ناوەوە دەیکا بەنیشکەر: نامۆژ(گار)، پارێز(گار)، کرد(گار). بەهێندیَ ناوەوە دەنووسیَ، ماوەیەک لە کات پێشان دەدا: ڕۆژ(گار)، شەو(گار).

گاران: ز. گاگەل.

گاراندن: گارەکردنی مریشک.

گارانن: د. گاراندن.

گارام: د. گالۆک.

گاڕان: گاگەل. دارێکی درێژی نەقیزەدارە، جوتیار لە جووت کردندا گای پیَ لیَ دەخوڕیَ. ناوی دێیەکە لە ناوەندی (سنە) و (مەریوان)دا.

گارس: با. مەرزن.

گارنگ: ز. گووگرە.

گارە: دەنگی مریشک، گارەگار: گارەی یەک لەدوای یەک.

گاریە: دەفرێکی تایبەتی گەورەیە، پڕ دەکریَ لە ناو و دەنریَ لە وڵاخ.

گارێتە: با. کارێتە.

گاز: قەپگرتن لە شت بەددان. ئاسنێکی دوو دەمی کەوانەدارە، دان و بزماری پیَ هەڵدەکێشریَ. تۆزێک پووشوو کە بۆ داگیرساندن بکرێتەوە. بانگەواز. باسکی ئادەمیزاد و گیاندار (ز) ئەوت. هەڵم.

گازانده: گلەیی: گازاندەم لێ مەکە.
گازرکردن: شووشتنی جاو و هەڵکوتانێتی بۆ سپیبوونەوە.
گازرکەر: کەسێکە کە شت گازر بکات.
گازک: با. مەقاش.
گازکردن: بانگکردن بەدەنگی بەرز.
گازگاز: ز. هاوارکردنی زۆر.
گازگرتن: قەپگرتن بەددان.
گـازن: ئاسنێکی دەم تیـژە، زین دروو چەرمی پێ زویلْ زویلْ دەکات. گلەیی (ز).
گازندۆک: ز. کەسێکە کە زۆر سەرکۆنەی مەردووم بکا.
گازندە: گلەیی.
گازۆز: ز. مۆریانەیەکە کە دەداتە کالا.
گازۆلک: گوخلێنکە.
گازووک: قامیشێکی ئەستووری درێژە کە سەرێکی دادرابێ و دوو فاق کرابێ بۆ مارگرتن و کوشتنی.
گازەرا: ناوەڕاستی شت.
گازەندە: گازندە.
گازی پشت: موورەغەی پشت.
گازی: ز. هاوار. بانگ.
گازیز: ز. گازۆز.
گازیکرن: ز. هاوارکردن. بانگکردن.
گازیکەر: با. بانگکەر.
گاسک: با. گازک.
گاسکە: دەنگی هێندێ گیـانداره لەکاتی کەساسیدا، (گـاسکە گاسک) گاسکەی یەک لەدوای یەک.
گـاسن: ئاسنێکی پانە وەک بێڵ دەکرێ بە هەوجـارەوە و جـووتی پێ دەکرێ.
گاسنۆق: د. یەغدانی گەورە.
گاشە: کەشاکەش و دەردی سەری. خڕەبەرد.
گاف: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
گاڤ: ز. کات. هەنگاو.
گاڤان: ز. گاوان.
گاڤانی: ز. گاوانی.
گاڤدان: ز. هەنگاونان.
گاڤەک: ز. کات.
گاڤڕ: گاڤڕان.
گاڤڕان: دەردە گا.
گاڤۆڕ: گابۆڕ. کاتی وشکبوونی ئاو لە دەمەدەمی پایزدا.
گاکۆتر: جۆرە کۆترێکی کێوییە.
گاکوچک: د. گابەرد.
گاکێفی: د. گاکێوی.
گاکێوی: دەعبایەکی کێوییە لە گا دەچێ بەڵام ئەم زلترە.
گـاگا: جارجـار: (گـاگـا) دەچمە دەرەوە. دەم دەم: شـەو (گـاگـا) دەنووم و (گاگا) هەڵدەستم.
گـاگـۆڕ: د. گـۆڕێکی گـەورەیە کـە لە تەنیـشـتـەوە لادڕ بکرێ و ئەلحەدی بۆ هەڵ نەکەنرێ.
گاگۆز: شتێکە وەک پۆلکە بەڵام ئەم دەنکی گەورەترە.
گـاگـۆڵکێ: ڕۆیشـتـنی منداڵ لەسـەر چوار چنگۆڵە لە پێش پێ گرتنیدا.
گاگۆڵە: گاگۆڵکێ.
گاگوێ: گیایەکی کوێستانییە لە گوێی گا دەچێ.
گاگەل: کۆمەڵێ گا و مانگا کە بلەوەڕێنرێ.
گاگەلە: گاگەلە: د. گاگەل.
گاگێرە: گایەکە کە بەتایبەتی گێرەی پێ بکرێ.
گاڵ: هەرزن.
گاڵتە: وتن یا کردنی شتێک بۆ پێکەنین.
گـاڵتـەچی: کـەسـێکە کـە زۆر گـاڵتـە بکا لەگـەڵ ئەم و ئەودا. کەسێکە کە گاڵتەی پێ بکرێ: بۆچ (گاڵتەچی) تۆیە؟
گاڵتە پێکردن: گاڵتەکردن بە شتێک.
گاڵتەکردن: وتن یا کردنی شتێک بەقەشمەری.
گـاڵتـە لێ پژان: وەرگـرتن و زانینی هەمـوو کـردار و گـوفـتـارێک بەگاڵتە.
گاڵتێن: شتێکە کە بکرێ لە ڕووی گاڵتەوە.
گاڵدان: هاندانی کەسێک لە کەسێک بۆ زیان پێ گەیاندنی.
گـاڵگاڵێ: جـۆرە کـولێـرەیەکی پچـووکـە لە هەویر و ڕۆن دروست دەکرێ و زەردێنەی هێلکە لە ڕووی دەدرێ.
گاڵۆش: د. کاڵۆش.
گاڵۆک: گۆچان.
گالە: ل. خشتی کاڵ.
گالەبەنگ: د. جۆرە لەوەڕێکە کە خواردنی گێژی دەدا.
گالەپێکردن: حەشرکردن بە شتێک.
گالەدان: داخستنی دەرگا.
گـالەکـردن: کـردنی کـارێک بەچاپوکی و چالاکی: فـیـسـار کـەس (گالە) دەکا، واتە کارەکەی چاک دەکات.
گالەگاڵ: دەنگە دەنگ.
گالە و گیڤە: هەرا و هەرەشە و خۆ تووڕەکردن.
گالیسکە: عەرەبانەیەکە کە بەگا بڕوا.
گالینە: نانی هەرزن.
گـامـارۆ: باڵـندەیەکی مـەلەوانی ڕەشی کـونج کـونجی ئـاوچەوان سپییە بەقەد (قەلمراو) دەبێ.

گامل: ز. دوورخستنەوەی شت بە شان.
گامەلاس: مانگرتنی گا و خۆ بەزەوی دادانی. جۆرە یارییەکی دوودەستەییە.
گامێش: جۆرە ڕەشەوڵاخێکی مەلەوانە، لە گا گەورەترە.
گامیش: گامێش (ل).
گان: دروستبوونی نێر لەگەڵ مێدا. گیان: ناساغەکە (گان) دەدا، واتە گیان دەدا.
گاندەر: کەسێکە کە گان بدا.
گانکەر: کەسێکە کە گان بکا.
گانەگۆڵ: بریتییە لە بەزم و هەرا. ئەم (گانەگۆڵە) چییە.
گاو: کات. پینەی کاسە و تەشپی. هەنگاو.
گاوارە: د. بێشکەی منداڵ.
گاواسن: گاسن.
گاوان: کەسێکە کە گاگەل بلەوەڕێنێ.
گاوانە: هـ. گلێنە.
گاوانی: مزێکە کە دەدرێ بەگاوان. ڕیشۆڵە (د). ناوی دێیەکە لە ناوچەی بازیان.
گاوخان: د. گاوەخان.
گاودانە: د. بەری گیایەکی بەهارییە دەدرێ بەڕەشەوڵاخ.
گاودومە: د. گیایەکە وەک کلکی گا وایە بۆ سووتاندن بەکاردەهێنرێ.
گاوزالک: ل. قالۆنچە.
گاوشە: د. گۆزەی گەورە.
گاوور:کەسێکە لەسەر ئاینی عیسا پێغەمبەر بێ. بێ باوەڕ (ز).
گاوەس: گاودس.
گاو و گەردوون: قوربانی: بە(گاو و گەردوونت) بم، واتە بەقوربانت بم.
گاوولکێ: د. گاگولکێ.
گاوەخان: دووکێرە جووتیار لێی دەدا لەمسەر و لەوسەری زەوییەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی جووتدا لێی نەچێتە دەرەوە. گەورێکە گا و مانگای تێ بکرێ.
گاوەزبان: گۆزروان.
گاوەزوان: گاوەزبان.
گاوەس: مەشکەیەکە لە پێستی گا کرابێ.
گاوەسپووک: هـ. گیایەکی کوێستانییە گوڵێکی سوور دەگرێ بنکێکی سپی هەیە وەک پیشۆک دەخورێ.
گاوەسن: د. گاوەس.
گاوەسەر: د. تۆیز.
گاوەکی: د. ئێسترە گایلکە.
گاوەناز: برینێکە لە قوڕگی ڕەشەوڵاخ خڕ دەبێ.

گاویلکە: باڵندەیەکی پچووکە هەمیشە بەشوێن هێڵی جووتیاردا دەگەڕێ بۆ کرم خواردن.
گاھ: کات.
گاهەس: د. شایەد.
گای بنە: ئەو گا گێرەیەیە کە دەکەوێتە لای خەرمانەوە. بریتییە لە یەکێک کە پەنجەی لە کارێکدا بێ: هەمووی قەباحەتی گای بنەیە.
گایلکە: جۆرە ئێسترێکی باڵا پچووکە.
گاینجە: دارێکە وەک خەنجەر دەکرێ بەکونی مژاندا بۆ ئەوەی کە لە (وێژانبەر) دانەماڵێ.
گایەل: گاگەل.
گایین: پەڕینی نێر لە مێ.
گپ: گووپ. پیت (ل).
گت: د. شتی قوت. وێستان و ئیستکردن.
گتایی: د. قوتی شت.
گتە: د. شتێکی قوتە کە لە دوورەوە دیاربێ.
گجک: دوگمەیەکە لە زێی مانگادا وەک گولەنگ بۆ ولاخی بەرزە.
گجی: هـ. کراس.
گچچە: وتەیەکە ڕەشەوڵاخی پێ لێ دەخوڕدرێ.
گچک: پچووک.
گچکۆکە: پچکۆلە.
گچکۆلە: گچکۆکە.
گچکە: پچووک.
گچکەڵە: گچکە.
گچکەیی: پچووکی.
گلاندن: ز. کۆکردنەوەی خواردەمەنی بەسواڵ.
گدووک: ز. گردۆڵکە.
گدە: گدێ.
گدێ: د. بزن.
گدێ گدێ: گدی گدی.
گدی: وتەیەکە بزنی پێ بانگ دەکرێ: (گدی گدی) لە کاتێکدا کە بتەوێ بزن بانگ بکەیت. وتەیەکە بۆ مەدح و زەم بەکاردێنرێ بەم ڕەنگە بەپیاوی گێل دەوترێ: (گدی گدی) واتە وەک بزن وایت. یا بەمنداڵی خۆشەویست دەوترێ (گدی گدی) لە خۆشەویستیدا (ز).
گدی گدی دان: خوتووکەدان.
گر: پیتێکە بە هێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەسیفەتی مشبە: بەرگە(گر)، فرە(گر). ڕق: فیسار کەس زۆر بە(گر)ە واتە ڕق ئەستوورە. هێز: فیسار کەس زۆر بە(گر)ە واتە زۆر بەهێزە. فێڵ: (گر)ی دا واتە هەڵی خەڵەتاند. گەڕ (ز). تەپۆڵکە (با). شتی زلی زبر (ز).

گرار: با. چێشتی توندە.
گراز: ز. چێشتی ساوەر یا برنج.
گراگر: ز. گەورە و سەرکۆمار.
گرامەفۆن: سندووقی گۆرانی.
گران: شتی قورس. شتێکە لە کڕیندا بەپێی خۆی نرخی زۆر بێ، (گرانبوون) سەرکەوتنی نرخی شت. گرانکردن: زۆرکردنی نرخی شت. گوێچکەی قورس و سەنگین. شتێکە کە تێگەیشتنی سەخت بێ: وانەکەی ئیمڕۆمان زۆر (گران بوو). مەردوومی قورس و قەمەر.
گرانایی: قورسایی.
گرانبار: بریتییە لە کەسێک کە باری ژیانی قورس و گران بێ.
گرانبایی: گرانایی.
گرانبەها: شتی زۆر بە نرخ.
گرانجان: کەسێکە شت بەگران بفرۆشی.
گرانمایە: گران بەها.
گرانە: با. ڕووتانەوەی مووی پێشی ناوچەوان تا ناوەڕاستی سەر (أصلع).
گرانەتا: تایەکی زۆر بەتینە تووشی هەر کەس ببێ تا ئاردق نەکا یا باوێشک نەدا یا نەپژمێ بەری نادا.
گرانەتێ: گرانەتا.
گرانەوە: گێڕانەوە.
گرانی: کاتێکە کە هەموو شت تیایدا کەم و گران بێ. گرانایی.
گراو: نافرەتێکە کە حەزت لێ کردبێ (معشوقة) (ز). کەسێکە کە گیرابێ.
گراوە: د. جزیرة.
گراوی: دڵداری و خۆشەویستی بەدڵ . دەزگیران. دڵدار.
گریە: گڕفەی ئاگر، (گڕیەگڕپ) گڕیەگڕیی زۆر.
گرتک: پارچە ئێسقانێکە کە گۆشتی پێوەبێ. پڕیاسکە (د).
گرنگە: جێگایەکە لە شاخ و دەشت کە بزن و مەڕەکێوی تێدا نووستبێ و سمکۆڵێی تێدا کردبێ و، لەبەر ئەوە لە بەهاردا گیای لێ نەڕوابێ. گونکە هەویر (د).
گرتن: دەست بگیرکردنی شتێک و هێنانە ژێر چنگ: ئەو شتەم لێ (بگرە)ە. بەند (حبس) کردن: فیسار کەسیان (گرت). بەرۆژوو بوون: هەموو ساڵێک ڕۆژووی ڕەمەزان (دەگرم). بەربەستکردنی کون و دەلاقە، کورتکردنەوەی شتێک بەمەقەست: کەمێک سمێڵت (بگرە). بریندار بوونی شوێنێک لە ئەندام بەهۆی نهێم کەوتنە سەری: پێڵاوەکە قاچمی (گرتووە).
گرتنە دڵ: نیازگرتنی شتێک بەدڵ. بریتییە لە دڵگیربوون لە شتێکی ناخۆش و نەچوونە دەرەوەی لە دڵ.

گرتنە ناو: گرتنی یەکێکە لە لایەن چەند کەسێکەوە بەجۆرێک کە نەتوانێ لە دەستیان دەرچێ.
گرتنەوە: گرتنی شتێک لە حەواوە: تۆپەکەی (گرتەوە). هێنانەوەی ئەندامی شکاو یا لەجێ چوو بۆ جێی خۆی. ڕێکخستنی تەرازوویەکە کە سەربکا بەهۆی پارسەنگەوە بەڕەنگێک کە هەردوو تاکەی بەرامبەر بوەستن. وەرگرتنی سەنگێک بەوێنەی سەنگێک: لەسەر ئەم حۆقەیە حۆقەیەک (بگرەوە). دروستکردنی هێندێ شت بەتێکەڵکردنی شتی تر لەگەڵیدا: خەنەکە یا دەرمانی چاوەکە (بگرەوە). پێچانی مەرحەمە و شتی تر بە بەر کۆشەوە: هەمیشە لە حەمامدا مەرحەمە بگرەوە. بەرۆژووبوونەوەی ڕۆژێکی ڕەمەزان لە مانگێکی تردا کە لەکاتی خۆیدا بەڕۆژوو نەبووبێت. گەیشتنی یەکێک بەیەکێکی تر لە کارێکدا و بوون بە هاوڕێی لەو کارەدا: ئەریمان لە پۆلی شەشدا ساڵاری (گرتەوە). لابردنی زین لەسەر پشتی وڵاخ: زینەکە لە ئەسپەکە (بگرەوە). پاککردنی هێندێ شت: توێکڵی خەیارەکە (بگرەوە).
گرتمان: گریمان.
گرتەکان: ل. گوێز.
گرخبوون: کەرخبوون.
گرد: تەپە. شتی خڕ. چەند شتێکە کە بەیەکەوە کۆمەڵ بن: قوتابیەکان هەموو (گرد)ن. دەور و قەراغی شت.
گرداڤ: ز. گەرداو و چورتم.
گرداو: د. گێژاو.
گردبوونەوە: کۆبوونەوە.
گردکردنەوە: کۆکردنەوە.
گردوکۆ: کۆکردنەوە.
گرد و کۆشی: کرد و کۆشی.
گردۆڵک: خەرمانێکی کوتراوە کە هەڵدرابێتەوە بەگردی بۆ شەنکردنی. گردۆڵکە.
گردۆڵکە: گردی پچووک لە زەوی.
گردە: جۆرێکە لە بنکی سەلکە. برنجێکە کە سەدری و عەنبەرنەبێ.
گردەبا: د. گێژەڵووکە.
گردەبڕ: شتێکە کە لەسەر باری پانی بەگردی شکابێ یا بڕابێتەوە. جۆرە مشارێکە کە داری هەر لەسەرباری پانی پێ ببڕێتەوە.
گردەپیاو: پیاوی کورتەبالا.
گردەڵ: باگردێن.

گردەڵە: شتی خڕدڵە. خەرمانێکە کە هێشتا گردبێ و نەکرابێ بەتارم. دارێکە وەک باگــردێن بەڵام ئەم هەردوو ســەری تاشراوە و ناوەڕاستــەکەی لەلەکراوە، حەلێک کە بەرداش بێزار بکرێ دەدرێتە ژێری و تلی پێ دەدرێ ئینجا بەسووکی بەردەکەی سەردەوی دادەگیـرێ. ئەو دارە چوار پاڵووەیە کە جۆڵا تەنراوی خۆی لەسەر هەڵدەکات.

گردەنشین: یەکێکە کە لە پێ کەوتبێ.

گردەوبوون: د. گردبوونەوە.

گردەودبوون: گردبوونەوە.

گردی: هـ. هەموو.

گردیلە: شتی پچووکی خڕ.

گڕ: بڵێسەی ئاگر و شەوقی چرا. شتی زبر: ئەم تەختەیە یا ئەم بەردە (گڕ)ە. مەردوومی، دان ڕیچ. دەنگێکە کە ساف نەبێ. دەنگی منداڵێکە کە لە یاری چاوشارکێدا بگاتە سەر شار.

گڕالک: قنگەلاشک. ئاگرێکی گڕی خۆشی کەم.

گڕان: سووتاندنی ئاگر و چرا: ئاگرەکە یا چراکە (دەگڕێ).

گڕخواردن: گەڕان و سووڕانەوە.

گڕدان: دەستــکەوتنی ئەو کەسانەی کە لە یاری (چاوشارکێ)دا تێ کەوتوون لە ئەندامی ئەو کەسانەی کە تێ نەکەوتوون، کە بەو دەست لێکەوتنە ئینجا ئەوان تێ دەکەون. هاتنەوە سەر شاری ئەو کەسانەی کە لە یاری چاوشارکێدا تێ نەکەوتوون و دەستخستنیان بۆ سەر شارەکە: شێرکۆ شاری (گڕ)دا.

گرسەندن: گرگرتن.

گرک: با. جۆرە دەستارێکی سووکەڵەیە کرەی پێ دەکرێ.

گرکە: کاڵەکی پچکۆلە. کەچەڵی ئاژاڵ.

گــرکــە زەوی: د. زەمــینێکی بەرزی ڕووتەنە، کــە هیــچی لێ نەڕوابێ.

گرگازۆڵە: گیای کەڵەوێ.

گــرگــرتن: بەرزبوونەوەی گــڕ لە شــتی ســووتاو. بریتــیــە لە سووربوونەوە و تووڕەبوونی یەکێک.

گرگر: جۆرە پاقلەیەکە (د). دووبارە میوانەکان ئەمڕۆ ڕۆیشتن، ئێوارێ گرگر هاتنەوە سەرم.

گرگران: د. ئاگربازی.

گرگە: دەردێکە تووشی پشتی مەڕ دەبێ و کرێشی لێ دەنیشێ.

گرناڵ: شتی زبری دڕ.

گرناڵ گرناڵ: شتی زۆر دڕی چاڵ چاڵ.

گرنای: هـ. سووتان. کڵپەی ئاگر.

گرنی: شتی زبر.

گرۆ: ز. مەردوومی گەڕ.

گــڕ و پف: گــڕێکی خــۆشــە کــە زوو دامرێتــەوە. بریتــیــە لە پەیدابوونی شـــتـــێک و نەمـــانی بە دەســـتـــوبردی دەوڵەمەندییەکەی (گڕ و پف)ێک بوو، واتە زوو بەسەرچوو.

گرۆز: منداڵی گرینۆکی ڕقگر.

گرۆزی: گرینۆکی و بێ خەوی.

گڕ و ڤڕ: گڕ و پف.

گڕ و ڤڕ: با. شتی خڕی گرد (مدور).

گرۆک: منداڵێکە کە زۆر بگری. کمژ (د).

گڕ و کف: گڕ و پف.

گروگاڵ: ورتەورتی منداڵی ساوا لە پێش زبان گرتنیدا.

گرۆسک: با. هەرمێ کێویلە.

گرۆل: د. گورۆڵە.

گروو: ورک گرتنی منداڵ. گروێ. دەموچاو ناوڵاوی.

گرووسک: با. گرۆسک.

گروێ: گیانداری گەڕ، (گروێبوون) گەڕبوون.

گروێیی: گەڕۆڵی.

گرە: هاڵاوی گەرما. جۆرە دەنگێکی ناقۆڵایە لە (کرە) قەبەترە.

گرەگر: گرەی یەک لەدوای یەک.

گڕەپێچە: تەندوورێکی داخراوە کە گڕ و کڵپەی دانەمردبێ.

گڕیان: د. سووتان و شەوق دانەوە.

گری: زبری. ڕیچی دان. قەبەیی و ناخۆشی دەنگ.

گرژ: گیانداری مۆن. کرژ.

گــرژبوون: دڵ تەنگبــوونی یەکــێک بەجــۆرێک کــە چرچی بکــەوێتــە ناوچەوانی. کرژبوون.

گرژهەڵاتن: چوونەیەکی هێندێ شت.

گرژی: مۆنی.

گرژینەوە: زەردەخەنە.

گرس: گەورە (با). شتی سفتی پتەو (د).

گرسان: گیرسان.

گرسانەوە: گیرسانەوە.

گرسک: با. گرۆسک.

گرسیاک: د. گیرساو.

گرسیان: د. گیرسان.

گرسیانەوە: د. گیرسانەوە.

گرش: ز. نیرگەی خانوو.

گرشە: پێخوێی گێرەنەکراو لە خەرمان. ورشە، (گرشە گرش) ورشە ورش.

گــرفت: نەخــۆشــیــەکــە پەیا دەبێ لە زۆرمــانەوەی خــواردن لەناو ڕیخۆڵەدا.

گرفتار: کەسێکە دووچاری ناخۆشییەک بووبێ.

گرفتاری: دووچاری بەناخۆشییەکەوە، (گرفتاربوون) دووچار بوون، گرفتار کردن: دووچارکردن بەناخۆشییەکەوە.
گرفنچک: گرێ کوێرەی ڕیس.
گرفە: دەنگی بڵێسەی ئاگر. گرفەگرف: گرفەی یەک لەدوای یەک.
گرک: هێز و تەوانایی دڵ: (گرک)ی دڵم نییە. گونک (ز). ئاشی کرە (ز).
گرگن: مەردوومی پچووکی ورگن .
گرگنە: گرگن.
گرماندن: گرمەکردن.
گرمانن: گرماندن.
گرمژنە: چەند زیپەکەیەکی پچووکە لە ئەندام پەیدا دەبێ لە گەرماوە.
گرمژە: گرمژنە.
گرمۆتە: د. گرمۆڵە
گرمۆڵە: شتی پێچراوەی خڕ هەڵدراو، (گرمۆڵەبوون) پێچ خواردن و تۆپەڵەبوونی شت، گرمۆڵەکردن پێچاندن و تۆپەڵەکردنی شت.
گرموولە: مووروە سەنگ.
گرمە: دەنگی گەورە وەک دەنگی هەور، (گرمەگرم) گرمەی یەک لە دوای یەک، (گرم و هووڕ) گرمەگرمی زۆر.
گرمەژنە: گرمژنە.
گرنج: شتی چرچ و لۆچی زبر، گرنج گرنج: شتی زۆر گرنجاوی.
گرنگ: شتی زۆر مەبەست.
گرنگی: بوونی شت بەگرنگ.
گرنۆر: ز. شتی زبر.
گرواندن: گوروون.
گرۆبوون: د. هۆگربوون.
گرۆز: ز. گرنۆر.
گر و فڕ: با. شتی خڕ.
گرۆڤەر: ز. شتی خڕ. کێڕی جغزێن.
گرۆلی: هـ. گوللە.
گرووڤ: ز. قانگڵەیەک لە ڕێسراو.
گرووک: د. کەژێکە کە وەک ئاوریشم وایە.
گروون: گوروون.
گروێس: گوریس. ناوی دێیەکە لە ئالان.
گرە: د. گرێ. گوێرووی بەرداش.
گرهان: ز. گیرانی کونی شت.
گرەو: بڕیار و پەیمان بەستنی دوو کەس یا دوو دەستەیە لەسەر شتێک کە هەر لایەک بە جۆرێک قسەی لێ بکات بەم ڕەنگە قسەی هەر لایەکیان دەرچوو لاکەی تر بیدۆڕێنێ.

گرەوای: هـ. گریان.
گرەوبردنەوە: سەرکەوتن لە گرەودا. بریتییە لە سەرکەوتنی یەکێک لە کارێکی گرنگدا.
گرەوکردن: بەستنی پەیمان و بڕیاری چەند کەسێک لەسەر شتێک.
گرێ: جۆرە پێچێکە دەکەوێتە بەن و دەزوو شتی ترەوە بەڕەنگێک کە دەبێ بەنینۆک بکرێتەوە. قۆرتێکە لە قەد داردا: ئەم دارە (گرێ گرێ)یە. قۆرتی ئەندام، قۆرتی گەز کە شانزە یەکە.
گریان: هەنسک هەڵدان و هاتنە خوارەوەی فرمێسک لە چاو لە خەفەتێکەوە .
گرێچک: با. گرێی پەنجە.
گرێچن: چنینی شتێک بەگرێ تێهەڵدانی.
گرێدار: شتی گرێ گرێ.
گرێدان: قایمکردنی شت بەگرێ تێهەڵدانی.
گرێدران: گرێدان.
گرێدراو: شتێکە کە گرێ درابێ.
گرێیدراو: شتێکە کە گرێ درابێ.
گرێژنە: پێچکەیەکە بەلاشیپانی دەرگاوە دەبرێتە سەر و ژێری دەرگا و پێی بەند دەبێ.
گریشمە: تەماشاکردن بەکلایی چاو لەگەڵ ناز و عیشوەدا.
گرێ کۆرە: د. گرێ کوێرە.
گرێ کوێرە: گرێیەکە کە زۆر بەگران بکرێتەوە.
گریۆ: گرەو.
گری: د. گریان.
گرێیاوی: شتی گرێ گرێ.
گریک: هێز و تەوانایی: ئەو ڕۆنە هیچ (گریک)ی نییە.
گریمان: وتەیەکە لە گفتوگۆدا بەکاردێنرێ لە باتی وتەی (گیردم)، (گریمان) ئەم کارە وابێ واتە گیرەم وابێ.
گریمانە: گرێ.
گرین: گریان.
گرینۆک: کەسێکە کە زۆر زوو بگری.
گز: گزی. خولیا و ئارەزووی شت: فیسار کەس (گز) قومارە، واتە ئارەزووی قوماری زۆرە (د).
گزگچار: د. گەزبچار.
گزرە: گیای درواوەی وشک بۆ خواردنی ئاژاڵ. داری سووتەنی وشک.
گزک: گەسک.
گزگ: گەسک: پووشێکە کە گەسکی لێ دروست دەکرێ.
گزگچە: د. دەفەی جۆلایی.
گزگدان: د. گەسکدان.
گزگزە: گیایەکی گەڵا باریکی وردە لە هاویندا بنج دەکا و لە پایزدا دادەپاچرێ بۆ سووتاندن و، بۆنی خۆشە. شووشە.

گـزگل: جـۆرێکه له بەری مـازوودار له هەمـوو بەرەکـانی تری گەورەتره.

گزگلاگه: ئێسقانێکی خڕه له پشت کرکراگەی گوێوه.

گزموولە: جۆره هەڵماتێکه له قوڕ دروست دەکرێ.

گـزنگ: تیـشکی ڕۆژه له بەیانیـاندا کـه یەکـەم جـار دەدا له شوێنێکی بەرز .

گزنگدان: هەتاوکەوتن لەسەر شوێنێک یەکەم جار له بەیانیاندا.

گزنی: بوختان و گیچەڵ.

گزوفت: زۆر ئارەزووکردنی شتێک و تامەزرۆبوون بۆی: گزوفتی بۆ دەدا.

گزه: گزی.

گزدر: د. گیزەر.

گزەگز: کوڕووزانەوەی منداڵی ساوا.

گزەوون: گزیکەر.

گزینک: ل. بیلبیلەی چاو.

گزینگ: گزنگ.

گزی: فێڵ و چا و وڕاو. گەسک (ه).

گزیچار: د. گەزی چار.

گزیر: کەسێکه که کاروباری دێیەک ببینێ.

گزیرانه: مووچەیەکه دەدرێ بەگزیر.

گزیکەر: کەسێکه که فێڵ بکا.

گژ: وتەیەکه دەوترێ بۆ بانگکردنی کەڵەگا بۆ سەر مانگا. شتی گیف: مووی (گژ)ه. تووڕەیی: فیسار کەس زۆر بە(گژ) ه.

گژاچوون: د. بەگژاچوون.

گژاندن: ئاژاوەنانەوه.

گژڤامۆک: ز. مووی هۆنراوه.

گژک: با. تەرزەی دەنگ پچووک.

گژ کردن: د. گڤبوون.

گژکه: چەمۆڵه.

گژلووک: با. گژک.

گژن: د. شتی گیف.

گژنەسەره: سەرقژن.

گـژنیژ: گـیایەکـه بەرێکی تاڵی هەیە زۆرتر لەناو گـەنمدا دەڕوێ. جـۆره مـوورووییەکی خـڕی گـرنج گـرنجه. بەری درەخـتـێکی گەرمیانییە وەک زیره .

گژنیژه: شتێکه وەک موورووو له زێڕ یا له زیو یا له زەرد دروست دەکرێ و ژنان لەگەڵ موورووی تردا دەیهۆننەوه. پیرخەنیله.

گژنیژ. کارده پەله (د).

گژۆژ: مەردوومی چەپەڵی کوڵکن.

گژوگیا: لەوەڕ.

گژه: دەنگێکه وەک دەنگی ڕەشەبا، گـژەگـژ: گـژەی یەک لەدوای یەک. شتێکه که هەڵکفابێ وەک ماستی ترشاو (د).

گژیان: د. گژبوون.

گس: د. کس.

گسک: گەسک.

گسکدان: پاککردنەوەی شوێنێک بەگەسک.

گسکدەر: کەسێکه که هەر پیشەی گسکدان بێ.

گشت: هەموو.

گشتک: .با. گونکی هەویر.

گـشـتـەک: کـشـتـەک (با) بەن یا دەزووی بادراوی دوعـا بەسەرداخوێنراو.

گشتی: شتی تێکرایی (عمومی).

گشک: گژک: (با). چنگ. چەمۆڵه.

گشکه: گژکه.

کغنی: د. کێچەڵ و تەشقەڵه

گغفه: گغه.

گـغـه: وتەیەکـه منداڵی شیـرەخـۆره لەکـاتی ئازار پێگەیشـتندا دەیڵێ.

گفت: بەڵێن.

گفتار: د. گوفتار.

گفتدان: بەڵێندان.

گفتوگۆ: قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا.

گفته: د. قسەی وتراو.

گڤ: شتی کرژ و لوول.

گڤاشتن: با. وشین.

گڤانده: با. کەناری زەوی.

گڤر: ز. نێره پشیله.

گڤڤه: دەنگی شتێکه که زۆر بەتیژی تێپەڕێ.

گـڤگڤـه: د. فـڕفـڕۆکـەیەکـه منداڵان کـشـتـەکـێکی تێ دەخـەن و بەهەردوو دەست دەیخولێننەوه.

گڤه: گڤڤه، (گڤه گڤ) گڤەی یەک لەدوای یەک.

گل: ژانی چاو: چاوم (گل) دەکا. یارییەکه بەتۆپ دەکرێ. جار: نیمرۆ دوو (گل) هاتمه لات. جووڵه: له (گل)کەوت، واته له جووڵه کەوت. ناوی تیرەیەکه له کورد له ناوچەی کەرکووک.

گڵ: خاک.

گڵ ئاهەک: قوڕ و قسڵ.

گلاده: ل. گەلاحه.

گلار: بۆڵی ترتی هەڵوەریو.

گلاراو: ماخۆلان.

گلارکۆ: گەلاکوتک (ه). جلشۆرک.

گلارە: ز. مووری دار.

گلاڤێژ: با. ئەستێرەی گەلاوێژ.

گـلالە: د. شـتی گـەلالەبوو، گـلالەبوون: گـەلالەبوون، (گلالەکردن) گەلالەکردن.

گـلان: لەسەر ولاخ کەوتنە خوارەوە. یارییەکە شتی تێدا تلۆر دەکرێتەوە (د).

گـلاندن: بریتییە لە دووچارکردنی یەکێک بەزیانێکی گەورە. بریتییە لە خواردنی شت بەهەلپە: فیسار کەس هەر تیکە (دەگلێنێ). خستنە خوارەوە و تلدانی شت،

گلاو: کەسێکە لە ولاخ کەوتبێتە خوارەوە.

گلاو: شتێکە کە بەتەڕی لە بەراز یا سەگ کەوتبێ، (گلاوبوون) کەوتنی شت لە بەراز یا لە سەگ بە تەڕی. بریتییە لە شتی زۆر پیسی خراپ: فیسار کەس زۆر (گلاو)ە.

گلاوکردن: شۆردنی شتی گلاو بە قوڕاو.

گلاوگل: د. تلاوتل: بەردەکە گلاوگل هاتە خوارێ.

گلاوی: بوونی شت بەگلاو. گلاوی دەرکردن: گلاوکردن.

گڵ ئەرمەنی: گڵە ئەرمەنی.

گلبوونەوە: تلۆربوونەوە.

گلپە: کلپە، (گلپە گلپ) کلپە کلپ.

گلخواردن: د. گلخواردنەوە.

گلخواردنەوە: مانەوەی یەکێک لە شوێنێک.

گـڵخۆرکە: کرمێکی سووری درێژی بێ قاچە لە خاکی پیسدا پەیدا دەبێ و، خۆراکی هەر خاکە.

گلدانەوە: هێشتنەوەی شتێک لای خۆت.

گلفەرک: چوار خشتەکی بنقۆڵی کراس.

گلک: قاپۆڕی گەنمەشامی کە دەنکی تێدا نەمابێ. گیایەکە وەک پیشۆک بەڵام گەڵا و سەڵکی لەو پانترە.

گڵکار: وەستای دیواری گڵ (د).

گڵکاری: د. دروستکردنی دیوار لە گڵ. قوڕەکاری.

گلکردن: هاتنە نێش و نازاری چاو .

گڵکەند: گڵنجان.

گڵکۆ: گۆڕ.

گڵگیر: شتێکە وەک قەڵبیر، بەڵام ئەم شاشترە، گڵمتکی ناو دانەوێڵەی پێ دەگیرێ.

گڵمت: گڵمتک. کولۆیەک شەکر.

گڵمتک: کولۆی گڵ.

گڵنجان: شوێنێکە کە گڵی لێ هەڵکەنرابێ.

گلۆ: ز. بۆچی؟

گلواز: جۆرێکە لە مازوو.

گلوان: جۆرێکە لە بەری دارمازوو.

گلوان: ئەسپوون. جۆرە بەرێکی قژقژاوی دارمازووە کە لە مازوو گەورەترە.

گلۆت: کولۆ.

گل و خول: د. گەرد و خول و چەرخەدان بەدەوری شتێکدا.

گلۆر: ز. جۆرە مارمارۆکەیەکە وەک بازن.

گلۆربوونەوە: تلبوونەوەی شت سەر بەرەوخوار.

گلۆک: گـولـۆلـەی ڕێسـراو (ز). شـتێکە کـە زۆر بکەوێ و گل ببێتەوە.

گل و گوێز: د. جێگۆڕکێ.

گلۆل: ز. زیزانە.

گلۆلە: گولۆلە.

گلۆلی: ز. شتی خڕی تل بووەوە.

گلوول: با. دۆکەشک.

گلوەڕ: گوڕۆڵەی کراس.

گلوێز: هـ. تف.

گلوێی: هـ. قوڕگ.

گلە: گلەیی. ناوی جۆگەیەکە لە ناوی تانجەڕۆ برنجی چاکی لێ دەبێ. ناوی دێیەکە لە مەریوان.

گڵە ئەرمەنی: جۆرە گڵێکی سووری وردە لەگەڵ سمڵ و زاخدا تێکەڵ دەکرێ و دەدرێ لە دەم و ددان.

گڵەبان: گلێژی سەربان بەئەستووری لەسەرزەلەوە بەئەندازەیەک کە لە زستاندا دڵۆپە نەکا.

گڵەبەرانە: جۆرە گڵێکی سووری سەختی ڕەقە دەکرێتە ناو، گۆزە و دیزەی پێ ڕەنگ دەکرێ.

گڵەجانێ: د. گڵەنجان.

گڵەخۆرکە: د. گڵخۆرکە.

گڵەدۆشاو: جۆرە گڵێکی تایبەتی زەردباوە، دەکرێتە شیلەی ترێ و وەک هەوێن. بۆ ئەوەی دۆشاوەکە نەترشێ.

گڵەسپی: جۆرە گڵێکی سپی وردە، وەک سپیاو دەدرێ لە ئەندامی منداڵی ساوا، بۆ ئەوەی کە نەسووتێتەوە.

گڵەسەر: جۆرە گڵێکی فێنکی نەرمی بۆرە لە حەمامدا دەدرێ لە سەری بریندار یا لە سەرێک کە مووی ناڵۆسکابێ تا بەناسانی دابێ.

گـڵـەکـوێربیت: وتەیەکە لە کاتی باسی مردوویەکی زۆر خۆشەویستدا دەوترێ.

گلە لێکراو: ئەو کەسەیە کە گلەیی لێ کرابێ.

گڵەمارە: جۆرە گڵێکی بێ هێزی بێ پیتە.

گلەمەن: د. گلەمەند.

گڵەمەند: کەسێکە گلەیی بێ لە یەکێک.

گڵەنجان: گڵنجان.

گلەودان: د. گلدانەوە.
گلەیی: باسی نارەزایی و داگیری یەکێک لە یەکێک لای خۆی یا لە پاشملە. (گلەیی کردن) گلەکردن لە یەکێک.
گلیار: ز. گوڵنار.
گلیان: د. گلان.
گلێجە: چالایی ناوەندی سک و ئێسقانی سنگ.
گلێخە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک گەڵای سرێش وایە بنکێکی هەیە لە پیشۆک دەچێ.
گلێر: کۆمەڵ: ئاژاڵەکە (گلێر)ە. تەرزە.
گلێران: د. یاری کردن بەگلکردنەوەی شتێک.
گلێربوونەوە: گلۆربوونەوە. کۆبوونەوە.
گلێرکردنەوە: تلکردنەوە. کۆکردنەوەی شت.
گلێرەوبوون: د. گردبوونەوە.
گلێم: گلیم. شاڵینە (ھ).
گلێنجان: گلەنجان.
گلێنە: شتێکی خڕی تویّ تویّیە لەناو کالانەی چاودا کە بیبیلەی تێدایە. کزن.
گلێنە: کۆچەڵەی قورینی سوورەوەکراو.
گلیش: شارای خەلە و خەرمان.
گلی: ز. گلەیی.
گلیزە: با. چلوورە.
گلیم: بەڕەی باریکی درێژکۆلەی تەنک.
گلێن: شتێکە لە گڵ دروست کرابێ.
گلێنە: گلێن.
گم: ون، (گمبوون) ونبوون، (گمکردن) ونکردن.
گمانن: د. خوێندن و ناڵەناڵکردنی کۆتر.
گمە: ناڵەی کۆتر، (گمەگم) ناڵەناڵی کۆتر.
گمەگم کردن: گڕ و گاڵکردنی منداڵ.
گمێز: میز.
گمێزدان: میزڵدان.
گمێزن: مەردوومی میزن.
گمێزە چۆرتکێ: د. میزەچوورکێ.
گن: مەردوومی منگن، (گنەگن) گنەی یەک لە دوای یەک.
گنجی: ز. کەمێڵ.
گنخ: بۆخنک.
گندۆر: کاڵەک.
گندۆڕ: گوندوور. گوندۆرە.
گندۆرە: کاڵەکی پچووک.
گندۆش: شووژن.
گندوورە: د. گندۆرە.

کنگنۆک: مەردوومی منگن.
گنۆڕ: گیای گوندوور.
گنۆیی: ز. قۆڕی و گەدەوولی.
گنێخە: گیانداری مل ئەستوور.
گۆ: شتێکی گردی لووسی خڕە لە شووشە یا لە دار. گۆیکە (د).
هێز و تەوانایی: دەستم لە (گۆ) چووە واتە لە سەرماندا هێزی نەماوە. خڕی سەری مەمک.
گوارە: جۆرە خشڵێکە ژنان دەیکەنە گوێیان.
گواستن: هەڵگۆزین.
گواستنەوە: گوێزانەوەی شتێک لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر.
گواسن: د. گووراسن.
گواندێن: دەوروبەری گووانی ئاژاڵ.
گوایا: گوایە.
گوایە: وتەیەکە دەچێتە سەر وتارێک کە بەڕاستی نەزانیت: دێوبەند نوشتەیە کە بەهەر کەسێک بێ (گوایە) دێوزیانی پێ ناگەیەنێ واتە دێو هەر نییە تا زیانی پێ بگەیەنێ.
گۆبازی: یاری شەقێن.
گۆبردنەوە: بریتییە لە سەرکەوتنی یەکێک لە کارێکدا.
گۆبەن: د. گۆبەند.
گۆبەند: هەرا و هوریا و دەنگەدەنگ .
گۆبەنگ: گوبەند.
گوپ: د. گووپ. کولم.
گۆپار: د. کۆپارە.
گۆپارە: د. گۆپار.
گۆپاڵ: گورزی سەرخڕ. گۆچان (با). گۆپار (د).
گوپچڕگوپچڕ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتی ڕزگاری لە تەنگ و چەڵەمەیەکدا: بە(گوپچڕ گوپچڕ) ڕزگارم بوو.
گۆیکە: چرۆیەکی وردی خڕە درەخت لەپێش گەڵاکردندا دەری دەکا. دارێکە دەخرێتە کونی ئەستێڵەوە.
گۆییتە: گۆیکەی درەخت. ناوی دێیەکە لە ناحیەی سەرچنار.
گۆت: گیاندارێکە ئەندامی جەمام بوو بێ. گۆژم و تەکان.
گۆتاڵ: گۆتاوەڕوو. وتەیەکە زۆر جار لەدوای وتەی (گا)وە بەکاردێنرێ، ئەو حەلە مەعنای ئاژاڵ دەبەخشێ: (گاو گۆتاڵ) واتە ئاژاڵ. شتی پیسی خراپ (د).
گۆتاوەڕۆ: گۆبەند و تەشقەڵە.
گۆتبوون: جەمامبوونی جەستە بەهۆی ماندوویتییەوە.
گۆتدان: گوژمدان و گۆتوەشاندن .
گۆترە: کڕین و فرۆتنی شت لە بر بەبێ کێشان و پێوان و ژمارە.
گۆترەکاری: کڕین و فرۆتنی شت بەگۆترە.
گوتل: ز. کۆمەڵ لە هەموو شتێک .

گوتن: گفتوگۆکردن. گۆرانی وتن.

گۆتن: گوتن.

گۆتوەشاندن: گۆتدان لەشت.

گوتە: وتە.

گۆج: گیانداری قاچ و دەست گیر. گیانداری کۆڵ.

گوجوولە: گوجیلە.

گۆجی: د. گووجوو.

گوجیلە: توتکە سەگ.

گۆچان: داردەستی ڕاستی قەف چەماوە.

گوچک: پچووک. گوێ (با).

گـۆچکردن: د. مـەڵاشـو هەڵدانەوەی منداڵ بەشـیـرینیـیـەوە. گۆشکردن.

گۆچەوەن: هـ. سووژن.

گۆخڵ: کەسێکە مەرەزە بهێنێتە بەرهەم بۆ خاوەنی.

گۆخلانە: مووچەیەکە دەدرێ بەگۆخڵ.

گۆد: کەسێکە ئەندامی گۆت بووبێ. گۆج.

گۆداڵ: د. چاڵ.

گودلە: مووی درێژی پێشەسەر.

گودە: د. کولووی لۆکە.

گور: ز. گورگ.

گۆر: گۆڕ. گوێرەکە.

گـۆران: ناوە بۆ هۆزێکی کـورد کـە لە (داڵەهو) دادەنیـشێ. دێ نشین. مەردوومی پەست (ز).

گوراندن: ز. گورروون.

گۆرانی: وتاری هەڵبەستراوی ڕێک خراوە کە بەئاوازەوە بووترێ.

گۆرانیبێژ: کەسێکە کە گۆرانی باش بڵێ.

گۆرانیچڕ: گۆرانیبێژ.

گۆرانی وتن: وتنی گۆرانی.

گوربز: د. چالاک.

گوربزە: بووژاوە: بەرخەکە گوربزەبووە واتە هاتووە بەخۆیدا.

گورپ: د. مەردوومی مات و کزۆڵە.

گورپە: خورپە، (گورپەگورپ) پەلەپەلکردنی دڵ. پشیلەی نێری قەڵەو. شتی زل (ز).

گـورج: گـیـانداری چالاکی بەدەسـتـوبرد. شتی کـورت: کـەواکـەت (گـورج)ە، (گـورجـبـوونەوە) کـورتبـوونەوە، (گـورجـکردنەوە) کورتکردنەوە.

گورجوگۆڵ: گیانداری چالاکی بەدەستوبرد.

گورجەوبوون: د. گورجبوونەوە.

گورجی: بریتییە لە ئافرەتی زۆر جوان. گورجوگۆڵی.

گورچک: گورچیلە.

گورچوو: گورچک.

گورچوڤیلە: د. گورچیلە.

گورچەوێڵە: گورچیلە.

گورچەویلە: گورچیلە.

گورچیلک: گورچەویلە.

گورچیلە: دوو پارچە گۆشـتـی سووری گردە لەناو سکی گـیـاندارا بەلای ڕاست و چەپێوە.

گـورد: پاڵـەوان. دارێکە لە کـەمـەری تەوندا دادەنرێ. گـورج. شـتـێکە وەک (دانە)ی جـۆلا بەلام ئەم لە بەن دروست کراوە، هەودای ڕایەڵی پێدا دەڕوا و، لە کـاتی جـۆلاییـدا بەرز و نزم دەبێتەوە بۆ تێهەڵکێشی و تەنین.

گـوردگرتن: بەشـبـردن لە شت بەئازایی: هەرچی ببـینێ (گـورد)ی خۆی لێ دەگرێ.

گوردە: منداڵی ژنت کە لە تۆ نەبێ.

گوڕ: هێز و تەوژم.

گـۆڕ: چاڵێکە کـە مردووی تێدا بنێژرێ. شـوێنێـکی تەخـتـایی و پانە کە نزمتر بێ لە هەر چوار لای خۆی .

گۆڕان: تێکچوون.

گۆڕانەوە: د. گۆڕینەوە.

گوڕبەستنەوە: هاتنە دواوە بۆ هەڵمەتدان و چوونە پێشەوە بەگوڕ.

گۆڕ بەگۆڕبوون: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ بەمردووی خراپ.

گۆڕخانە: گۆڕستان.

گۆڕستان: شوێنێکە مردووی زۆری تێدا نێژرابێ.

گوڕکە: ئاگردانێکە کە لە دیواردا نەبێ.

گۆڕکەنکە: د. کەمتیار. گۆڕهەڵکەنە. کفن دز.

گوڕگرتنەوە: هێز پەیداکردنەوە و بەخۆداهاتنەوەی گیاندار.

گۆڕگومبوون: بریتییە لە ونبوون و نەمانی ناوونیشانی یەکێک: فیسار کەس (گۆڕی گوم)ە.

گوڕنەتەڵە: شـتـێکی خـەیاڵـیـە، مـەردوومی زیتـەڵـە و بزێوی پێ دەشوبهێنرێ.

گوڕۆز: گرۆز.

گوڕۆزی: گرۆزی.

گوڕۆڵە: پارچەیەکی پچووکە دەکەوێتە بن دەستی کراسەوە.

گـوڕە: دەنگێکە لە ڕۆینی هێندێ شـتەوە بەتیژی پەیدا دەبێ وەک ڕەشەبا و دەنگی بەردی قۆچەقانی و ئاوی زۆر، (گوڕەگوڕ) گـوڕەی یەک لەدوای یەک. خـوڕین بەسـەر یەکـێکدا: ئەم (گوڕەگوڕەت) لە چییە؟

گۆڕەپان: با. مەیدانێکی گەورە لە زەوی.

گوڕەشە: هەڕەشە.

گوڕەگوڕ: پەلەپەل.
گۆڕەوان: زێدەوان.
گۆڕەوشار: هاتنەوەی گۆڕ لە مردوو.
گۆڕەوکەنە: گۆڕهەڵکەنە.
گۆڕ هەڵناخنین: بریتییە لە جنێودانی زۆر بەگۆڕی یەکێک.
گۆڕهەڵبەستن: هەڵبەستنی گۆڕ بەبەرد یا بەخشتی سوور.
گۆڕهەڵکەن: کەسێکە کە گۆڕ هەڵ بکەنێ بۆ مردوو.
گۆڕهەڵکەنە: دەعبایەکی کێوی ڕەشە لە پشیلە پچووکترە، گۆڕی مردوو هەڵ دەداتەوە بۆ خواردنی جەستەی.
گوڕیاگ: د. گۆڕراو.
گۆڕیان: گۆڕان.
گۆڕی: گەڕی. گڕی ئاگر (با).
گۆڕیچە: جۆگەلەیەکە ئەملا و ئەولای بەبەرد هەڵچنرابێ و تەختە پۆش کرابێ.
گۆڕین: تێکدانی شتێک بەشتێکی تر: ئیمڕۆ تا نیوەڕۆ خۆش بوو کەچی لە پاشا (گۆڕی). تەبدیلی شتێک بەشتێکی تر.
گۆڕینەوە: دانی شتێک و وەرگرتنی شتێکی تر لە جێی.
گورز: پەتێکی ئەستووورە کە سەرێکی خڕو گرێ درابێ. گورزەیەک لە پووش یا لە گەڵا (ز).
گورزان: د. یاریکردن بەگورز.
گورزک: گورزەی پچووک.
گورزە: دەستەیەک لە شتێکی بەستراو، وەک قامیش و زەڵ.
گورزەکوێرە: جۆرە یارییەکە بەگورز دەکرێ.
گورزەهۆن: جۆرە هۆنینەوەیەکە کە دەبێ چوار لیسپ بێ و، هۆنراوەکە چوارگۆشە بودستێ.
گورزی بن مێخ: یارییەکە مێخێک دادەکوترێ و پەتێکی پێوە دەبەسترێ و یەکێک سەری دەگرێ و دەسووڕێتەوە، ئەوانی تر بەگورز لێی دەدەن، ئەمیش دەستی بەر هەر کامیان کەوت لە جێی ئەم تێ دەکەوێ.
گورزی ژێر بەڕێ: د. جۆرە یارییەکە لەژێر بەڕەدا دەکرێ.
گورگ: دەعبایەکی بەزیانە بەقەد سەگێک دەبێ مێتملی مەڕ و ئاژاڵە.
گورگان خواردوو: بریتییە لە کەسێک کە لەلایەن یەکێکی ترەوە بەفێڵ دووچاری چورتێک کرابێ: (بەگورگان خواردن)ی دا.
گورگانە شەوێ: جۆرە گۆرانییەکە منداڵی پێ دەکرێتە خەو.
گورگکوژە: گیایەکی گەڵاپانی بکوژە لەگەڵ گۆشتی کاڵدا دەکوترێ و دادەنرێ بۆ گورگ و دەعبای ترکە بیکوژێ.
گورگ نەخۆرە: سپل. بریتییە لە پیرێژنێکی ناشرین کە کەس تەمەعی تێ نەکا.
گورگ و تاو: فڕان فڕان: کە دیم (گورگ و تاو) بوو، واتە فڕان فڕان بوو بەجێم هێشت.

گورگە: دارێکی درێژە لەسەر دیوار بەروکاری دەرەوەدا دادەنرێ و گەڵاو خێزەرە و زەلی لەسەر دادەنرێ و گڵەبان دەکرێ. گیاکەڵە. گیانداری قوشقی. فێڵباز (د). مرۆر.
گورگە بوون: قوشقی و تاربوونی گیاندار.
گورگەپشت: د. شتی قۆقز.
گورگەخەو: جۆرە خەوێکی سووکە کە خەوتووەکە گوێی لە قسە و گفتوگۆبێ.
گورگەزێ: کاتێکە کە هەتاو بێ و بارانێش بباری.
گورگەشەوێ: د. گورگانە شەوێ.
گورگەلۆق: د. گورگە لۆقە.
گورگەلۆقە: هەڕاکردن بەهەنگاوی کورت بەخێرایی.
گورگەلوور: لووراندن وەک گورگ.
گورگەمزە: گۆزروان.
گورگەمێش: سەگێکە کە لە تۆوی گۆلەگورگ و دێڵەسەگ پەیدا بووبێ. یەکێکە زمانی خۆش بێ و دڵی ناپاک بێ (د).
گورگی باران دیدە: بریتییە لە مەردوومی فێڵبازی دنیا دیدە.
گورگی داودیدە: د. گورگی باران دیدە.
گورگیلە: کەندووی پچووک.
گورمزین: با. بزە و زەردەخەنە.
گورۆ: هۆگر، (گورۆبوون) هۆگربوون. گرەو.
گۆروا: د. گۆرەوی.
گۆرواباز ی: د. گۆرەوی بازی.
گۆرواچن: د. گۆرەوی چن. جۆرە باڵندەیەکە.
گورۆ گورۆ: شتێکە کە بزڕ بزڕ و گرێ گرێ وەستابێ وەک ڕۆن.
گوروون: پێست گرتنەوەی گیاندار.
گوروێس: گوریس.
گورە: با. گۆرەوی.
گۆرە: گۆرەوی (ز). گەورە.
گۆرەکە: گوێرەکە.
گۆرەوا: د. گۆرەوی.
گۆرەوی: شتێکی چنراوە لە بەن یا دەزوو دەکرێتە پێ.
گۆرەوی بازی: جۆرە یارییەکە شتێک لەناو یەکێک لە دە گۆرەویدا دەشاردرێتەوە، هەر کەس بیدۆزێتەوە دەیباتەوە.
گۆرەویلە: جۆرە چۆلەکەیەکی پچووکە هێلانەکەی وەک گۆرەوی دەتەنێ.
گورێ: ز. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ جیابوونەوەی ئاژاڵی چەند ماڵێک کە تێکەڵ بووبن.
گورێختە: چەوری ناوسک و سەر و پێی ئاژاڵ.
گورێز: لادان لە شتێک یا شوێنێک: فیسار کەس بە(گورێز)ە.
گورێزکردن: لادان لە شت.

گوریس: گوریس.
گوریس کێشەکێ: گوریس کێشەکێ.
گوریە: گۆرەوی.
گوریس: شتێکی ئەستووری درێژە لە چەند هەودایەکی بەن یا موو دەهۆنرێتەوە و باری پێ شەتەک دەدرێ.
گوریس کێشەکێ: یارییەکی دوو دەستییە، هەر دەستەی سەری گوریسەکە ڕادەکێشن، کامیان دەستەکەی تری ڕاکێشا دەبیاتەوە.
گوری کرن: با. خۆبەختکردن لە پێناو شتێکدا.
گورین: گوروون.
گۆرین: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە باتی وتەی (هێن) و (یارۆ).
گۆز: گوێز.
گوزارە: د. مەعنا.
گۆزان: پڕکردنی شتێک لە شتێکی شل: ئەو مەشکەیە بـ(گۆزە). گوێزان.
گۆزان گۆزان: سەر ڕاوەشاندنی منداڵی ساوا لە رووی یاری و کەیفەوە.
گۆزانن: هەڵگۆزانی شت. گواستنەوەی شت (د). پاراستن (د). لێدان: هەرکە نەیـ(گۆزێ) خوا بیـ(گۆزێ) واتە هەر کەسێک نەیپارێزێ خوا لێی دا (د).
گۆزاننەوە: د. گواستنەوە.
گۆزانەوە: د. گوێزانەوە.
گۆزاوڵە: د. هەڵتۆقین.
گۆزتن: د. گواستنەوە.
گۆزتنەوە: د. گواستنەوە.
گۆزروان: گیایەکی بەهاری گەلاپانە، گوڵێکی شینی پچووکی پەڕەدار دەگرێ، جۆش دەدرێ و بۆ کۆکە دەخورێتەوە.
گوزک: با. شەربە.
گۆزک: ز. قۆزاخەی لۆکە.
گۆزکە: کووپەی شین.
گوزگی: ل. ئاوێنە.
گۆزە: دەفرێکی گەورەی گڵێنی دەسکداری سووردەوەکراوە، ئاوی تێ دەکرێ.
گۆزەبانە: گوێزەبانە.
گوزەر: دەربوونەیەکە کە دەرپچێ.
گوزەران: ڕابواردن و ژیان بەو ڕۆژییەی کە چنگ دەکەوێ.
گوزەراندن: د. ژیاندنی یەکێک.
گوزەرانکرن: گوزەران.
گوزەرکردن: تێپەڕین بەشوێنێکدا.
گوزەرگا: شوێنی گوزەرکردن.
گۆزەک: ز. پاژنە.
گۆزەگەر: کەسێکە کە هەر گۆزە دروست بکا.
گۆزەڵە: جۆرە گۆزەیەکی دەسکداری پچووکە. گیایەکی کوێستانییە ئاژاڵ بیخوا دەیکوژێ.
گۆزیانەوە: د. گوێزانەوە.
گۆزێلکە: هەنارێکە کە تازە خڕ بووبێ و هەڵی پێچابێ.
گۆزینگ: قولەپێ.
گۆزین: هەڵگۆزین.
گۆزینەوە: د. گواستنەوە.
گۆژگیرە: د. پشتی پاڵ پێوەدان.
گوژم: تەکان.
گوژمە: گوژم. خورما و کاکڵە گوێز، یا گوێز و مێوژ، یا کونجی و خورمای بەیەکدا کوتراو. ئەندازەیەک لە پارە: ئەمڕۆ فلان کەس گوژمە پارەیەکی باشی دەست کەوت.
گۆژنە: هـ. دەرخۆنە.
گۆژنەوە: هـ. گڵێنە.
گوساخ: د. گوستاخ.
گوساخی: د. گوستاخی.
گۆسارە: د. گوڵ ئەستێرە.
گۆساڵە: گوێرەکە.
گۆسان: ز. ویزویزە.
گوست: ئەنگوست.
گوستاخ: مەردوومی قسە زانی بێ شەرم. چالاک.
گوستاخی: بێ شەرمی. چالاکی.
گۆستنەوە: د. گواستنەوە.
گۆستێر: ز. گوڵە ئەستێرە.
گوستیل: ز. ئەموستیلە.
گوستیلە: گوستیل.
گۆسک: با. گۆزەڵە. شەربە.
گۆسوانە: گوێسوانە.
گوش: گیایەکە لاسکەکەی بەکوتراوی دەڕێسرێ و دەکرێ بەگونیە.
گوش: گوێ.
گوشاد: شتی فراوانی گەورە.
گوشادی: فراوانی.
گوشان: د. گوشین.
گۆشاوگۆش: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ سەربڕینی گیاندارێک لەم گوێیەوە بۆ ئەو گوێی.
گۆشپاق: قاپێکی تایبەتییە گۆشتی تێ دەکرێ.
گۆشت: شتێکی نەرمی سوورە لەژێر پێست و لەسەر ئێسقانی گیاندارە.

گۆشتاو: چێشتێکە لە گۆشت و ئاو و نۆک دروست دەکرێ.

گۆشت برژە: چەند شیشێکی تێکخراوە گۆشتی لەسەر ئاگر پێ دەبرژێنرێ.

گۆشتپارە: زیادە گۆشتێکە لەسەر هێندێ ئەندام پەیا دەبێ بە هۆی نهێمێکەوە. منداڵی نەبەکامە لە منداڵداندا کە هێشتا گیانی نەکرابێ بە بەردا.

گۆشتپڕە: ز. گیاندارێکە کە هێشتا گۆشتپارە بێ لە سکدا.

گۆشتپیس: بریتییە لە کەسێک کە برینی درەنگ چاک ببێتەوە.

گۆشت تاڵ: بریتییە لە مەردوومی ئێسک قورس.

گۆشت تەندووری: گۆشت تەنووری.

گۆشت تەنووری: جۆرە دیزەیەکە گۆشتی تێدا لێ دەنرێ لەناو تەنووردا.

گۆشتخۆر: پەلەور و دڕندەیەکە کە گۆشت بخوا.

گۆشتخۆش: بریتییە لە کەسێک کە برینی زوو چاک ببێتەوە.

گۆشتگا: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

گۆشتگرتن: قەڵەوبوون.

گوشتن: کوشتن: (بیگوژ)ە.

گۆشتن: شتی نەرمی قەڵەو: ئەم مەڕە یا ئەم کاڵەکە (گۆشتن)ە واتە گۆشتی زۆرە، یا ئەم زەوییە (گۆشتن)ە واتە نەدمافە.

گۆشتەزوون: گۆشتەوزوون.

گۆشتەزوونە: گۆشتەوزوون.

گۆشتەزەوی: زەوی نەرمان.

گۆشتەزەوین: د. گۆشتەزەوی.

گۆشتەگیرە: جۆرە نەشەو شنەشنێکە ناوبەناو تووشی منداڵی ساوا دەبێ، گۆشتی پێ دەگرێ.

گۆشتەوزوون: گۆشتێکی ناسکە بەسەر بریندا دێ پاش چاکبوونەوەی: برینەکە گۆشتەوزوونی هێناوەتەوە.

گۆشتی خۆخۆشکردن: بریتییە لە خۆ خۆشەویست کردن.

گۆشتی سەر چەپەر: بریتییە لە شتی کەم نرخی بێ نموود.

گۆشتی قەڵەو: یاری سەبەتە بەسەرێ.

گۆشتی: ز. گۆشتی خوێ کراوی هەڵگیراو بەکاڵی بۆ زستان.

گوشران: قووبوولکردنی شت بۆ گوشین.

گوشراو: شتێکە گوشرابێ.

گۆشقاپ: دەوری پچووک.

گۆشکردن: یەکەمجار شیردان بەمنداڵی تازەبوو.

گۆشگەڵوو: د. ئاڵوو.

گۆشگیرە: د. گۆژگیرە.

گۆشوارە: د. گۆشەوارە.

گۆشە: قوژبن. پارچەی خشت کە لەسەر سووچ دادەنرێ لە خشت کاریدا. شتێکی سێ سووچە دارتاش و وەستای دیوار بۆ ڕاستی سەر سووچ بەکاری دەهێنن. جۆرە پشتییەکی تەنکە لەسەر سووچی کورسی دانیشتن دادەنرێ. دیزە (هـ).

گۆشەدار: شوێنێکە کە گۆشەی بێ.

گوشەک: ئاڵوو.

گۆشەگیر: کەسێکە کە تێکەڵی مەردووم نەبێ.

گۆشەگیری: دەست هەڵگرتن لە تێکەڵی مەردووم.

گۆشەنشین: گۆشەگیر.

گۆشەنشینی: گۆشەگیری.

گۆشەوارە: گۆنیا. گۆشەی خشت. گوارە.

گۆشەی چاو: قنگی چاو.

گۆشێ: هـ. کیتەڵە.

گوشیاک: د. گوشراو.

گوشیان: د. گوشران.

گۆشی: د. تەلەفۆن.

گوشین: بادان و وڵینی شت بەنهێم.

گوفت: گفت.

گوفتار: قسە و گفتوگۆ.

گوفتدان: گفتدان.

گفتوگۆ: قسەکردن.

گوفک: گۆفک.

گۆفک: با. سەرەنوێلک.

گوفەک: با. گۆفک.

گۆڤ: ز. جێ مۆڵگەی ئاژاڵ لە ماڵ یا لە ئەشکەوت.

گۆڤار: چەند پەڕە نووسراوێکی چاپکراوە کە حەفتە و حەفتە یا مانگەومانگ دەربچێ (مجلة).

گۆڤاشتن: ز. گوشینی شت.

گۆڤان: ز. مەیدان و گۆڕەپان.

گۆڤەند: با. گۆبەند. شایی. کۆبوونەوە بۆ کارێکی گرنگ.

گۆڤیشک: ز. جۆرە خواردەمەنییەکی شیرینە هەڵدەشێلرێ و خڕ هەڵ دەدرێ و دەخورێ.

گۆک: د. گوییتە.

گۆگجە: هەڵووژە زەردە.

گۆگرد: شتێکی زەردی ترشە لەکان دەردەهێنرێ و بەکاری گەلێ شت دێ.

گوگوختی: جۆرە کۆترێکی گەرمیانی دەنگخۆشە.

گۆگەم: گیایەکی کوێستانی بەرزە گوڵێکی زەرد دەردەکات.

گول: کەسێکە کە تووشی نەخۆشی گولی بووبێ. گیاندارێکە کە جەستەی پچووک بێ. شتی تام ناخۆش: چاشتەکە (گولەنە) هـ. ناشیرین (هـ). گوڵ (با).

گوڵ: شتێکی جوانی پەڕەدارە هێندێ سەوزایی دەری دەکا و، گەلێ ڕەنگی هەیە. وتەیەکە دەوترێ لە یاری گۆڕەوی بازیدا لەکاتێکدا کە دەست بخەیتە سەر پشکەکە.

گۆل: چاڵێکە کە ئاوی تێدا وەستابێ.
گـۆڵ: گـەمـاڵ. وتەیەکـە لەگـەڵ وتەی (گـورج)دا بەکـاردێنرێ: (گورجوگۆڵ).
گولاف: ز. گولاو.
گـولاڵە: گـوڵێکی سـووری بەهاری لاسک سەوزی درێژە ناوەکەی خاڵێکی ڕەشی تێدایە.
گولاڵەسوورکە: گولاڵە.
گولاڵەسوورە: گولاڵە.
گولان: با. مانگی مایس کە سی و یەک ڕۆژە.
گولان: گولان. ناوی چوار دێیە لە ناوچەی سرۆچک و هەڵەبجە و وارماوا و شاورایەتی لە ڕانیە.
گولانە: شتی پچووک: قارچکە (گولانە).
گولاو: ئارەقی گوڵەباخ.
گۆلاو: گۆل.
گولاوپاش: گولاو پرژێن.
گولاوپرژێن: گولاوپژێن.
گـولاوپژێن: شـتـێکی قنگ خـڕی مل باریکە چەند کـونێک لە دەمەکەیایەتی گولاوی پێ دەپرژێنرێ لە مەردووم.
گولاودان: گولاوپژێن.
گولاو گرتن: ئارەقگرتنی گوڵ.
گولاوەتوون: سیمێکی زەردی ڕێسراوە ژنان گوڵی لێ دەچنن.
گـوڵـبـاران: پەخـشـانکردنی گـوڵ بەسـەر یەکـێکدا لەبەر خۆشەویستی.
گوڵبانوو: جۆرە مـێشـێکی چزووداره، هێلانە لە بنمیچ و کون و قوژبندا دەکا.
گۆلبڕ: کەسێکە کە گۆل بۆ مەرەزە ببڕێ.
گۆلبڕین: هەڵبەستنی گۆلی مەرەزە.
گـوڵـبـەدەم: ترۆزی و خـەیاری زۆر ناسک کە هێشـتـا گـوڵەکەی نەوەرییێ.
گوڵبێنە: کونێکە لە بنکی تەنوورەوە دەردەکرێ بۆ باکێشان .
گوڵچن: د. بریتییە لە هەڵبژاردنی شت.
گولچیسک: با. گورچیلە.
گوڵخار: جۆرە ڕەنگێکە.
گـوڵـخـونچـە: گـوڵێکە کـەمێ دەمی دابێـتـەوە بەڕەنگێـک کـە لە ناوەندی گوڵ و خونچەدابێ.
گوڵخەندەران: جۆرە گوڵێکی جوانە .
گوڵدار: شتی گوڵ گوڵی.
گوڵدان: شووشەیەکی جوانە دەسکە گوڵی تێ دەخرێ. ئینجانەی گوڵ. کیتەڵەی میز (د).
گوڵڕووت: گوڵە ڕووتە.

گوڵزار: شوێنێکە کە گوڵی زۆری تێدابێ.
گولستان: باخێکە کە گوڵی زۆری تێدابێ.
گوڵستان: گولستان.
گوڵشەن: د. گوڵزار.
گۆلک: گوێرەکە.
گوڵکار: د. باخەوانی گوڵ.
گوڵکردن: پەیدابوونی گوڵ لە سەوزی. خشتبوونی گەنم و جۆ و مەرەزە.
گۆلکڤان: با. گۆلکەوان.
گۆلکەوان: شوانی گۆلک.
گوڵکاوزوان: د. گوڵێکی بەهارییە لە زبانی گا دەچێ.
گوڵگرتن: پەیدابوونی گوڵ لە سەوزی.
گوڵگولاو: د. گوڵەباخێکە کە گولاوی لێ دەگیرێ.
گوڵگوڵی: شتێکە کە وێنەی گوڵی زۆری تێدابێ.
گوڵگوون: گوڵگوڵی.
گوڵگەز: جۆرە ڕەنگێکە.
گوڵگەزی: د. ڕەنگی سووری تاریک.
گولله: پارچە قورقوشم یا مسێکی خڕە بەسەر فیشەکەوە.
گوللەباران: دەستڕێژکردن لە شتێک بە گولله.
گـوللەبەند: نوشـتـەیەکـە بەهەر کـەسـێک بێ دەڵێن گـوایا گـولله نایبڕێ.
گولله پژێن: شەستتیر.
گوللەی وێڵ: گوللەیەکە بەبێ نیشان بڕوا.
گۆڵم: لەوێچ.
گوڵمە: پارچە گۆشتی پتەو.
گۆڵە: قولەگیای گەورە.
گۆڵمەز: گۆبەنگ.
گوڵمێخ: بزمارێکی درێژی ئەستووری سەرپانە.
گوڵمێخەک: د. گوڵێکە زۆر جۆری هەیە و بۆنی لە بۆنی مێخەک دەچێ.
گوڵنار: جۆرێکە لە گوڵی هەنار بەڵام ئەم خڕی هەڵنادا و تێکەڵی دەرمـانی دەم و هێندێ دەرمـانی تر دەکـرێ و، پێی دەڵێن (گوڵناری فارسی).
گوڵنگ: گوڵەنگ. گوڵنگە .
گوڵنگ بڕین: بریتییە لە هەڵخەڵەتاندن و دەستبڕینی یەکێک.
گوڵنگە: شتێکی لیپ لیپە لە ئاوریشم یا لە کەژ دروست دەکرێ و، بەهێندێ شتدا دەگیرێ بۆ جوانی.
گوڵنم: پرژاندنی ئاو لە شتێک گوڵ گوڵ: ئەو زەوییە، یا ئەو نانە گوڵنم بکە.
گوڵۆ: گوڵبێنەی تەنوور.

گوڵواخن: تۆیەوانەیەکە گوڵبێنەی تەنووری پێ دەناخنرێ.
گوڵۆیە: د. کڵپەی ئاگر.
گولوپیسی بەهار: خاکەلێوە .
گولۆربوونەوە: تلۆربوونەوە.
گولۆرکردنەوە: تلۆرکردنەوە.
گوڵۆفتن: ولێنی چاو بەدەست.
گوڵۆڵە: هەودای هەڵکراوی خڕ لە بەن یا لە دەزوو.
گوڵۆڵەبوون: بریتییە لە کرژبوونی جەستە لەبەر ئازارێک.
گڵۆڵەکردن: بریتییە لە کرژکردنی جەستەی گیاندارێک بەئازار پێ گەیاندنی. هەڵکردنی هەودا و کردنی بەگوڵۆڵە.
گوڵۆڵەکەوتنە لێژی: بریتییە لە دووچاربوون بەمەینەت.
گوڵۆنە: د. گوڵبێنە.
گولووک: گوڵی بەرزەدرەختێکە کە لە پێش گەڵاکردنیدا پەیدا دەبێ و لە پاشا دەوەرێ و دەبێ بەبەر. شاگوڵ.
گولووکە فەقێیانە: ڕیحانە کێویلە.
گولوولْ: با. چێشتی دۆکەشک.
گوڵوێنک: ملوانکەی ملی گوێرەکە و کار و بەرخ.
گوڵوێنە: گوڵبێنە.
گۆڵە: گرمەی هەور (گۆڵەگۆڵ) گرمەگرم.
گوڵەئەستێرە: جۆرە دەعبایەکی باڵداری پچووکە گرێکی ڕووناکی سەوز بەقنگەکەیەوەیەتی.
گوڵەباخ: گوڵێکی گەورەی سووری بۆن خۆشی بەهارییە ئارەقی دەگیرێ.
گوڵەبەبەشە: جۆرە گوڵێکە.
گوڵەبەڕۆژە: گیایەکی باڵابەرزی لاسک ئەستوورە، گوڵێکی پانی گەورە دەگرێ هەمیشە ڕووی لە ڕۆژە، تۆوەکەی وەک دەنکە کوولەکە بەسوێرکراوی و برژاوی دەخورێ.
گوڵەبەڕۆنە: جۆرە گوڵێکی زەردی بۆن خۆشە.
گوڵەپرووزە: قەرەخەرمان.
گوڵەپێغەمبەرە: گیایەکیماڵییە، گوڵێکی درێژ دەگرێ، بە چوار دەوری گوڵەکەدا شتێکی خڕ دەردەدا، وەک نۆک بەفەریکی دەخورێ و، بەوشکی دەهاڕدرێ و دەکرێ بە نان.
گۆڵەتاجی: نێرەتانجی.
گۆڵەچاوێشە: د. گوڵە بابوونە .
گـوڵەداس: چەند دڕکـێـکە لەسـەر زبانی گـا پەیدا دەبێ، وەک پووڵەکەی ماسی دەبێ بتاشرێ.
گوڵەدۆمە: گوڵێکی زەردی زلە پەڕەکانی درێژکۆلەیە.
گـوڵەڕۆنینە: گـوڵێـکی بەهاری زەردە، گـەڵای لە گـەڵای جـاترە کێویلە دەچێ.
گوڵەڕووتە: گوڵەگەنمێکە کە پژی نەبێ.
گوڵەزەرد: گوڵەزەردە.
گوڵەزەردە: جۆرە گوڵێکی زەردی بەهاری گەڵا شاشی بۆن خۆشە وەک گوڵەباخ وایە دەکرێ بەحەڵوا .
گوڵەژەن: جۆرە دارێکە شتی ڕێسراوی لەسەر دەکرێ بەگڵۆڵە.
گوڵەسەگانە: د. دلیق.
گوڵەش: ز. زۆرانبازی.
گوڵە شلێرە: گوڵێکی سوورە لەسەر گۆڕی خۆشەویست دەڕوێنرێ.
گوڵەفەقێ: گوڵەبەیبوونە.
گوڵەک: پەڵەگیایەکە کە هەمووی گوڵی کردبێ.
گوڵەکابە: گەنمەشامی.
گۆڵەگرێ: هـ. ئاردەتوو.
گۆڵەگۆڵ: د. خاوەخاو.
گوڵەکە: گوێرەکە.
گوڵەگەنم: گوڵێکی پڕپڕە دانەی گەنمی تێدایە.
گـوڵەنگ: دوگـمـەیەکـە لەناو زێی ولاخی بەوزەدا پەیدا دەبێ و نایەڵێ ئاوس بێ. گوڵنگە.
گوڵەنگ برین: گوڵنگ برین.
گوڵەنگە: گوڵنگە.
گوڵە نیسان: گوڵاڵە سوورە.
گوڵەواژ: گیایەکی ئاوی هاوینییە گەڵا و لقی وەک لاولاو وایە، بەڵام ئەم ئەوەندە بەرز نابێتـەوە، پۆرگـێکی سـوور دەگـرێ، دەنکێکی سووری تێدایە .
گوڵەوەچینی: چنینەوەی گوڵەگەنم و جۆ دوای دروونەوەیان.
گوڵ هەناری فارسی: گـوڵێکە وەک گـوڵی هەنار بەڵام ئەم گەورە ترە و پەڕەی زۆرترە و، دارەکـــەشی وەک داری هەنار وایە، بەهارڕاوەیی لەگەڵ سمڵ و زاخدا دەکرێ بەدەرمانی پووک.
گولێر: با. سیچکە.
گوڵی گاوزبان: گوڵێکی مۆرە وەک وەنەوشە، وەک چا لێ دەنرێ و دەخورێتەوە بۆ گورچیلە زۆر باشە.
گولێن: زل. زاوزێ کردن: مەڕەکـان (گولێن) دەکەن، واتە زاوزێ دەکەن.
گوڵێنە: گوڵبێنە.
گـوڵی: دەردێکی پیـــسە تووشی هەر کـەسـێـک ببێ ئەندامی دادەوەشێنێ. گوڵی گەنم و جۆ و برنج و شتی تر (با).
گوم: شتی ون، (گومبوون) ونبوون، (گومکردن) ونکردن.
گۆم: گۆڵی قووڵ.
گومان: شک.
گومانبار: کەسێکە گومانی تاوانێکی برابێتێ (متهم).
گومانباری: بوونی مەردووم بەگومانبار (إتهام).
گومانبردن: شکچوون بۆ شتێک .

گومانن: د. خوێندن و ناڵە ناڵکردنی کۆتر.
گومانە: دواهەمین بیری کارێزە کە دووستێ پەلی لێ دەبێتەوە.
گۆماو: گۆلاوی قووڵ.
گومبوون: بێ سەر و شوێن و نادیاربوونی شت.
گومبەز: گومەز.
گومپ: ز. ڕوومەتی قەڵەوی جوان.
گومڕا: کەسێکە کە ڕێی ڕاستی خوای لێ تێکچووبێ، گومڕابوون: تێکچوونی ڕێی خوایی لە یەکێک، (گومڕاکردن) تێکدانی ڕێی ڕاستی خوایی لە یەکێک.
گومڕایی: ڕێی ڕاستی خوایی ونکردن.
گومرگ: د. گوومرگ.
گومرکچی: کاربەدەستی گوومرک .
گومرگخانە: د. شوێنێکە کە گومرگی تێدا دەسێنرێ.
گومرە: ز. مەردوومی دەوڵەمەندی دەست ڕۆیو.
گومریک: گومرگ.
گومکردن: بێ سەر و شوێنکردن و لەدەستدانی شت.
گومگمۆکە: قومقمۆکە.
گومگوم: ز. گومگومە.
گومگومە: شتێکە وەک جەزوەی قاوە بەڵام ئەم گەلێ گەورەترە گولاوی پێ دەگیرێ و، بەکاری گەلێ شتی تر دێ.
گوملەتە: د. گۆترە.
گومە: گمە، (گومە گوم) گمەگم. ناوی دێیەکە لەوبەر سیروان .
گومەت: گومەز.
گومەتە: قەڵەم بازدی ئاسک و مەڕەکێوی.
گومەتەدان: قەڵەمبازبردنی ئاسک و مەڕەکێوی.
گومەد: گومەز.
گومەز: کۆشکێکە بنمیچەکەی بەقۆقزی هاتبێتەوە.
گومەزە: د. بڵقی سەر ئاو .
گومەزی: شتێکە وەک گومەز قۆقز و قیت بێ.
گۆمەڵ: گۆبەند.
گۆمەڵتە: د. شتی کۆمەڵبوو.
گۆمەلیقە: دەرمانێکە دەدرێ لە داری کورسی و دەرگا و پەنجەرە بۆ جوانی.
گون: دوو هێلکەی خڕە لە توورەکەیەکی گۆشتیندا بەناو لنگی گیانداری نێرینەوە. گوند.
گونا : د. گوناح.
گۆنا: کولم.
گونابار: د. گوناحبار.
گوناح: وتن یا کردنی شتی خراپ.
گوناحبار: کەسێکە کە گوناح بکات.
گوناحکار: گوناحبار.
گوناکار: د. گوناحکار.
گۆناگۆن: شتی ڕەنگاوڕەنگی هەمەجۆر.
گوناه: گوناح.
گوناهبار: گوناحبار.
گوناهکار: گوناحکار.
گونتک: گونک.
گونتولە: جۆرە ترێیەکی سپی دەنک و هێشوو درێژە.
گونج: لوولەیەکی گەورەی قوڕینی سووردەوەکراوە لەژێر زەویدا ئاوی پێدا دەبرێ. گونجێکی دارینی پچووکە دەبرێتە شاگونجی ئاشەوە.
گونجان: بوونی شت بەڕەنگێکی وا کە بوون و نەبوونی وەک یەک وابێ، واتە نەبوونی پێویست بێ وەک (خوا)و نە نەبوونی پێویست بێ وەک شتی مەحاڵ. دەستدان و بەکارهاتنی شتێک بۆ شتێکی تر: ئەم بەردە بۆ ئەو شوێنە (دەگونجێ) واتە دەست دەدا و بەکار دێ.
گونجایش: ژیانی ڕێکوپێک، هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ: ئەو ژنە گونجایشی نییە لەگەڵ مێردەکەیدا، واتە لە گەڵیدا ناژێ، یا ئەو شوێنە جێی گونجایش نییە، واتە ناژیم لەناویدا.
گونجکاری: ڕاکێشانی گونج بەژێر زەویدا بۆ ئاو پێدابردنی.
گونجە: زەمبوورەی ئاش.
گونجەنە: ھ. بەندەخوێن.
گونجین: گونجان.
گونچڕ: د. پارچەیەکی پچووک لە شتێک.
گوند: دێ.
گوندک: گونک.
گوندۆر: گوندۆرە.
گوندۆرە: کاڵەکی پچووک.
گندوور: گیایەکی بەهاری کوێستانییە گەڵای وەک گەڵای قەزوان وایە، نێرکێکی بەرزی بۆش دەردەکا و دەخورێ و، گوڵێکی زەرد دەگرێ.
گووندووش: سووژن.
گوندە: نووسراوی ڕێکی گرد و گۆڵ. مەردوومی خڕوپڕ.
گوندەڵبەست: هەڵبەستنەوە و ساغکردنەوەی دیواری ڕزیوی داڕووخاو بەگەچ یا بەقوڕ.
گوندەڵە: کفتە. توورەکەیەکی پچکۆلانەیە لە چەرم، شتومەکی ڕاوی تێ دەخرێ.
گوندێنە: گونگێنە.
گوندی: با. لادێیی.
گونشەیتان: د. قورسی کەمەر.

گونک: هەویری خڕ هەڵدراو بۆ کردنەوەی بە نان. قۆڕ.
گونک ژمێر: بریتییە لە یەکێک کە لەناو ماڵ و منداڵیدا ڕژد و چرووک بێ و، لە شت زۆر بپرسێتەوە.
گونک گرتن: خڕهەڵدانی هەویر بۆکردنەوەی بە نان.
گونکە: جۆرە ترێیەکی دەنک گەورەی مۆرە.
گۆنگەر: گۆبەند.
گونگێنە: ترێتێکە کە بووبێ بەهەویر.
گونۆڕ: گیای گوندووڕ.
گونۆش: سووژن.
گونۆڵە: د. گوڵۆڵە.
گونوش: ل. سووژن.
گۆنە: گۆنا. جۆر و تەحر.
گونەتولە: جۆرە هەڵووژەیەکی زەردی دەنک درێژی شیرینە.
گونەسوورە: تەماتە.
گونەسەگانە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک گەڵای (عەمرۆکە) وایە، نێرکێکی دووفاق دەردەکا، گوڵێکی زەردی هەیە، بەنی پێ ڕەنگ دەکرێ.
کونە کەڵەباب: گیایەکی بەهاری جیرە پەلکەکانی وەکو گوێ بەرخە وایە، لە پایزاندا بنکەکەی گوڵێکی سپی بێ گەڵا دەردەکا پێی دەڵێن گوڵە جوتیارە.
گونە کەڵەشێرە: گونەسەگانە.
گونەڵ: د. گونەڵە.
گونەلاّن: د. دوومەلاّن.
گونەڵبەست: گونددڵبەست.
گونەڵە: کفتە.
گونەوێڵە: قەبارەی گون بەخۆی و چەرم و کیسەیەوە.
گونێ: گوناح.
گۆنیا: دارێکی دووپەلی سووچدارە ڕاستی و چەوتی گۆشەی دیواری پێ تاقی دەکرێتەوە.
گۆنێنە: چێشتی دۆینەی خەست. گوندێنە.
گەنیە: دەفرێکی تەنراوە لە گوش دروست دەکرێ.
گۆنی: د. گەوون.
گوو: پیسی هێندێ گیاندار.
گۆو: با. گوو.
گووار: گۆڤار. بەچکەی کەو (هـ).
گوواڵە: د. گونیە.
گووان: پارچە گۆشتێکە لەناو لنگی هێندێ گیانداری مێینەدا، شیری لێ دێ. نازارێکە دەگا بەجەستە بەهۆی زۆر دەستە پێداهێنان و هەڵگوڵۆفتنییەوە: ئەوەندە دەستیان بەشانمدا هێناوە هەموو شانم (گوواوە).

گوواندێن: ناوگەڵی ئاژاڵی خاوەن گووان.
گوواو: ئاوێکە لەگەڵ گوودا تێکەڵ بووبێ.
گوواوی: بریتییە لە شتی زۆر پیسی خراپ.
گووبۆق: د. قەوزە.
گوو بەخۆداکردن: ڕیان و خۆپیسکردنی مەردووم لە خۆیەوە.
گووپ: چەرمی ئەملا و ئەولای دەم کە بەسەر دەم و ددانددا هاتووە.
گووپن: کەسێکە لەبەر قەڵەوی گووپی هەڵئاوسا بێ.
گووپنە: گووپن.
گووتێکردن: بریتییە لە تێکدانی کارێک.
گووجوو: د. بەخە.
گووجی: هـ. گووجوو.
گووخلێنکە: دەعبایەکە لە قالۆنچە دەچێ، شیاکە خڕ هەڵ دەدا.
گووخواردن: بریتییە لە قسەی ناشیرین کردن، لە ڕووی سووکییەوە دەوترێ.
گوودروون: گووروونی.
گۆودەڵەکە: جۆرە خشڵێکە ژنان دەیدەن لە قەراغی سوخمە، زڕەی دێ و دڵەرێتەوە.
گوور: ل. گوێرەکە.
گووران: گیرسان: ئەمامەکە گووراوە، واتە ڕوواوە، یا منداڵەکە لە سکی دایکیدا گووراوە، واتە گیرساوە (تکون).
گووراسن: خڵتەی ئاسن کە لەناو کوورەی ئاسنگەرەوە دای دەداتە ژێرەوە.
گووروونی: پارچەیەکی ئاوریشمی جوانی گوڵ سورمەیە، ژنان دەیکەن بە کاڵا.
گوورە: با. گۆڕەوی.
گووری: کەسێکە کە سەری لە پێناوی کارێکدا بەخت بکا (ز). قوربان: ئەز (گووری) واتە بەقوربان: (با). گڕی ئاگر (با).
گووز: گوێز.
گووزان: گوێزان.
گووزەک: با. قولەپێ.
گووژاڵک: جۆرێکە لە کاڵەکە مارانە، بەرێکی تاڵ دەگرێ وەک شووتی کۆڵە.
گووژە: د. عەنزەرووت.
گووسک: با. شەربە.
گووشان: د. گوشین.
گووشانن: د. گووشان.
گووشت: ل. گۆشت.
گووفک: با. سەرەنوێلک.

گووکردن: ڕیانی گیاندار.
گــووگــرە: دارێکی سێ پەلە وەک پلوسک دەتەنرێ و لەکــاتی گیرەدا دەدرێتە ژێر کلکی گاگیرە لە حەلی شیاکەکردنیدا.
گومرگ: شوێنێکی دەوڵەتییە باجی کوتاڵ و شتومەکێکی تێدا دەسێنرێ کە لە دەوڵەتێکی ترەوە هاتبێ. باجی دەوڵەتی کە لە شتومەکی دەوڵەتێکی تر دەسێنرێ.
گومرگچی: کاربەدەستی گومرگ.
گــومــرگ کــردن: ســەندنی باجی کــوتاڵ و شــتــومــەکــێک کــە لە دەوڵەوتێکی ترەوە هاتبێ.
گوومەت: گوومەز.
گوومەتە: گومەتە.
گوومەتەدان: گومەتەدان.
گوومەز: گومەز.
گوونیی: گونیە.
گۆوەند: گوبەند. شایی و زەماوەند.
گووینە: د. منداڵی پیسی چەپەڵ.
گوە: با. گوێ.
گۆە: گوێ (با). گۆیکە (د).
گوهار: ز. گوارە.
گوهارتن: با. گۆڕین.
گوهارک: با. گوارە.
گوهاستن: ز. گواستنەوە.
گوهان: ز. گووان.
گوهبەل: ز. جاسووس.
گوهبەلی: ز. جاسووسی و گوێ قولاغی.
گوهپێل: ز. سەر و گوێ داتەپیو.
گۆهتن: با. وتن.
گوهتێل: ز. کاتی تێپەربوونی نێرەی حەیوانە کێوی.
گوهدار: ز. مەردوومی گوێڕایەڵی سووکەڵە.
گوهدان: ز. گوێگرتن لە شت.
گوهدێر: ز. گوهدار.
گوهسارە: د. گوڵە نەستێرە.
گوهشک: ڕەفیسک.
گوهۆڕین: با. گۆڕین.
گوهێر: ز. گوهتێل.
گوهۆڕ: جێگایەکی نزمە لە زەوی کە پاکژی زۆربێ.
گوهەر: ز. گەووڕ.
گوهەراندن: ز. گۆڕینەوەی شت
گوهەرین: ز. گوهەراندن.
گوهیشک: با. گۆیژ.
گوهێژ: ز. گۆیژ.
گوێ: دووپارچە گۆشتە بەلای ڕاست و چەپی سەری گیاندارەوە، کونێکی تێدایە دەنگی پێ دەبیەت.
گۆیا: گوایە. مەردوومی قسەڕەوان .
گوێبرە: پشقل و پەین و ڕیخێکە کە دەکرێتە ناو زەوی بۆ ئەوەی بەهێز ببێ (سماد).
گوێبەرخە: گیایەکی بەهاری خۆشە گەڵاکەی لە گوێی بەرخ دەچێ.
گوێ بەگوێ: شان بەشان: گوێ بەگوێ دەڕوا لەگەڵ کەر پێی دەڵێ: نعم الرفیق.
گوێ بەل: بزنی گوێ لوولی قوت.
گوێ بیست: کەسێکە کە گوێ هەڵخا بۆ جوست و جۆی قسە.
گوێ تەقێ: گوێ هەڵخسن بۆ قسە.
گویج: هـ. گۆیژ.
گوێچک: گوێ.
گوێچکە: گوێ. قوچکە (د).
گــوێچکە پچــڕکێ: جــۆرە یاریــیــەکــە منداڵ دەیکەن بەم ڕەنگە گــوێچکەی یەکی تێــدا ڕادەکــێــشن (د). پچــڕینی قــەراغ و بیــجــاغی نان و هێندێ شــتی تر: بەس بەنانەکــە (گــوێچکە پچرکێ) بکە.
گوێچکە پروچکێ: پەلەپرووسکێ.
گوێچکە پرووسقێ: د. گوێچکە پچڕکێ. یارییەکە هێندێ مێوژ یا خورما دادەنێن لەناو چەند کەسێکدا، هەر کەسێک دەستی بۆ بەرێ یەکێک گوێی دەگرێ تا نەتوانێ بیبا.
گوێچکە تەقێ: د. گوێ تەقێ.
گوێچکە تەکانن: د. گوێ شلکردن بۆ قسەیەک و وەرگرتنی.
گوێچکە خەفانن: د. بێدەنگبوون لە شتێک.
گوێچکەدان: د. گوێدان.
گوێچکە زرنگیان: د. گوێ زرنگانەوە.
گوێچکە شلکردن: د. گوێ شلکردن.
گوێچکەگرتن: د. گوێگرتن.
گوێچکەماسی: جۆرە سەدەفێکی خاڵداری بۆشی جوانە کاغەزی پێ دەسوورێتەوە.
گــوێچکە نەلەقــیــان: د. بریتــیــیــە لە گــوێ نەدانی یەکــێــک لە کارێک: گوێچکەی لێ نالەقێ.
گوێچەنە: چەرمێکێ خڕە دووخی خەڕەکی پێدا دەکرێ.
گوێدار: گوێدەر.
گوێداری: گوێدانە قسە.
گوێدان: گوێگرتن بۆ قسە.
گوێدرێژ: بریتییە لە کەر.
گوێدەر: کەسێکە کە گوێی لە گفتوگۆیەکەوە بێ.

گوێدێر: گوێدەر.

گوێر: گەیرەکە. ناوی دێیەکە لە ناوچەی مەخموور لە هەولێر.

گوێڕایەڵ: مەردوومی ژێری قسە لە گوێ گر.

گوێ ڕایەڵی: ملکەچی و فەرمانبەری.

گوێ ڕەپە: دەردێکە دووچاری کەر دەبێ و گوێی ڕەپ دەکا و دەیکوژێ.

گوێرمە: گوێرەما.

گوێروو: کونی بەردی سەرەوەی دەستاڕ و بەرداش کە دانی پێدا دەچێتە خوارەوە

گوێرەکە: ساوای یەکساڵانەی مانگا.

گوێرەکە سوورە: خاڵخاڵۆکە.

گوێرەما: تێبەردانی گوێرەکەیە لە دایکی بۆ ئەوەی کە شیرەکەی دابدا بۆ دۆشین.

گوێرەمێژ: بەردانی گوێرەکەیە بۆ مژینی دایکی چەند جارێ لەسەر یەک بۆ ئەوە نا کە شیر بخوا، بەڵکو بۆ ئەوەی کە شیرەکە بدا بۆ دۆشین.

گوێرەوسار: پەتێکە بەستراوە بەسنگێکەوە گوێرەکەی پێ دەبەسترێتەوە.

گوێز: بەری درەختێکی بەرزی گەڵاپانی بۆن خۆشە توێکڵێکی ڕەقی هەیە، ناوکێکی چەوری خۆشی تێدایە.

گوێزان: تیغێکی زۆر تیژە مووی پێ دەتاشرێ.

گوێزانەوە: گواستنەوە.

گوێزبەلە: تەڕلە.

گوێزر: کۆزەری دەغڵودان.

گوێ زرنگانەوە: زرنگانەوەیەکە ناو بەناو لە خۆبەوە لە گوێچکەدا پەیدا دەبێت.

گوێ زرینگانەوە: گوێ زرنگانەوە.

گوێزلک: قولەپێ.

گوێزنگ: قولەپێ.

گوێزوو: کلاوەی لەمپا.

گوێزەبانە: گوێز و مێوژ و خواردەمەنییەکە لە شەوارەی کوردا دەخورێ.

گوێزەڕەش: درەختی پەلک.

گوێزەنێرگەلە: شتێکی پچکۆلەی قوتی خڕە لەناو شووشەی نێرگەلەدا بۆ جوانی.

گوێزەڵان: شوێنێکە کە داری گوێزی زۆری تێدابێ.

گوێزەوان: گوێزەبانە.

گوێ زەوی: ئەم ئەستێرەیەیە کە وەک گۆ خڕە و ئێمەی لەسەر دەژین.

گوێزێن: واغێن.

گوێزی ناو بێژنگ: بریتییە لە کەسێک کە بەناچاری هەر دەمەی لە شوێنێک بێ.

گوێزی ناو دەغیلە: جۆرە گوێزێکی زۆر پچکۆلەیە بۆ جوانی دەیخەنە ناو دەغیلەوە. بریتییە لە مەردوومی پچکۆلەی زیت و زرنگ.

گوێزی: جۆرە ڕەنگێکە لە ڕەنگی دارگوێز دەچێ.

گوێژ: بەرێکی خڕی زەرد و سووری مزرە ناوکێکی ڕەقی هەیە، لە پایزاندا لە درەختێکی کێوی پەیا دەبێ. داری گوێژ.

گوێسوانە: ڕیزە گورگە و زەلێکە کە نرابێ لە دیوار.

گوێ سووک: کەسێکە کە گوێی زۆر سووک بێ.

گوێسەبانە: گوێسوانە.

گوێ شلکردن: بریتییە لە گوێگرتن.

گوێ شۆڕ: د. مەردوومی سادە.

گوێ قوڵاخ: کەسێکە کە گوێی هەڵخستبێ، (گوێ قوڵاخبوون) گوێ هەڵخستن.

گوێگر: کەسێکە کە گوێ بۆ قسەیەک شل بکا.

گوێ گران: بریتییە لە مەردوومی کەڕ.

گوێ گرتن: گوێ شلکردن بۆ بیستنی قسەیەک.

گوێل: لەوێج.

گوێلک: گوێرەکە.

گوێلم: گوێل.

گوێ لەق: د. گوێ شۆڕ.

گوێ لە مست: بریتییە لە یەکێک کە قسەی هەموو کەس بچێ بەگوێچکەیدا.

گوێ لە مشت: گوێ لە مست.

گوێ لێبوون: بیستنی قسەیەک یا دەنگێک.

گوێ لێ خەفاندن: بریتییە لە گوێ نەدانە شتێک و لەبیر دەرکردنی.

گوێ مشکە: گیایەکی گەڵا وردە وەک نیسک بەڵام ئەم تەرز دەهاوێ و گوڵێکی زەردی ورد دەگرێ.

گوێ مشکەبوون: بریتییە لە تازە گەڵا دەرکردنی درەخت.

گوێ مەمک: گرێی مەمک کە شیری لێ دێتەدەرەوە.

گوێندە: گۆرانیبێژی دەنگ خۆش.

گوێننە: د. گوێندە.

گوێنوو: گونیە. گەوون.

گوێ نەدان: پشتگوێ خستنی شت.

گوێنی: گیایەکی کوێستانییە کەتیرەی لێ دەگیرێ.

گوێنییە ڕەشە: جۆرێکە لە گیای گوێنی، دەکرێ بە پەرژین و سووتەمەنی.

گویە: ل. گوێ.

گویز: با. گوێز.
گۆین: گوبێن. مەلێکە خوێندنی لە ناڵین دەچێت (با).
گۆیێن: شەقێن.
گوێ ێشە: ئازاری گوێ.
گە: جومگە. پیتێکە بەدوای هێندێ وتەوە دەنووسێ دەیکا بەناو بۆ جێگا (اسمی مکان): مۆڵ(گە) جێ(گە) ڕوان(گە).
گەبر: ل. گاوور.
گەبرگە: جۆرە یارییەکی پاڵەوانانەیە کە لە زۆر خانەدا دەکرێ. مەردوومی ورگنی خڕی قەڵەو.
گەبەڵ: ژاژوبێشە.
گەبەڵە: درەخت یا سەوزاییەکە کە دابێتیەیەک، (گەبەڵەبوون) بە یەکادان و چڕبوونی دارودرەخت.
گەپ: گاڵتە، (گەپکردن) گاڵتەکردن. گەورە: فلان کەس پیاوێکی گەپە (ل).
گەپڵە: گیایەکە دەخورێ و زوو پیر دەبێ.
گەپە: وەڕەی سەگی پیری بێ ددان. (گەپەگەپ) گەپەی یەک لە دوای یەک.
گەپەک: ز. پاروویەک لە خواردن.
گەپین: وەڕینی سەگی پیری بێ ددان.
گەجەر و گوجەر: بریتییە لە شتی هیچ و پووچ. بریتییە لە مەردوومی هەرچی و پەرچی.
گەچ: جۆرە بەردێکی زۆر سپییە لە دوای سووتاندن و کوتانی سواغی پێ دەدرێ و بەردکاری پێ دەکرێ.
گەچاو: جۆرە ناوێکی سپی واشە دەچێتە ناو پەردەی چاوەوە و کوێری دەکا و، میلی لێ نادرێ.
گەچکاری: سواغدان بەگەچ.
گەچلان: ژاکان.
گەچلاندن: ژاکاندن.
گەد: ز. قەد و بالا.
گەدا: مەردوومی هەژاری بێ نەوا.
گەداقوز: د. هەژارێکە کە خۆی بە دارا بداتە قەڵەم.
گەدایی: هەژاری و بێ نەوایی.
گەدگ: د. گەدە.
گەدگر: ولاخێکە هەرچەند بۆ پێشەوە لێی خوڕیت ئەو هەر بۆ پاشەوە بگەڕێتەوە.
گەدگن: د. مەردوومی گەدەدار.
گەدگیر: کەسێکە کە ڕق بگرێ.
گەدگین: د. چێشتی سەر و پێ.
گەدە: بۆشایی سک لە ناوک بەرەوخوار.
گەدەبەل: مەردوومی لاسار.
گەدەبەلی: لاساری.
گەدەفشە: جۆرە ماسییەکی لەڕی ورگ زلی پێست تەنکی گۆشت ناخۆشە.
گەدەک: ز. بەچکەی نێری گامێش.
گەدەوول: کەسێکە کە قۆڕ بووبێ.
گەدەوولی: دەردی قۆڕی.
گەر: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بەئیشکەر (فاعل): چەقۆ(گەر) مز(گەر) زەڕ(گەر). ئەگەر: (گەر) دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم. گوێرووی دەستاڕ (ه). دیوێکە لە میچ. شوێنی قووڵ لە جۆگەی گەورە (ز).
گەرا: تۆوی هێندێ گیاندارە کە دەڕژێتەوە وەک خۆی گیانداری لێ پەیا دەبێ.
گەراج: شوێنێکی تایبەتییە کە ئوتۆمۆبیلی تێدا دەوەستێ.
گەرا خستن: گەرا دانان.
گەرادان: هێلکەدان.
گەرا دانان: گەرانان.
گەراس: هەڵووژە زەردە.
گەراگەرا وێستان: زۆر بەزۆربوونەوەی سکی ئافرەتی ئاوس.
گەرانان: دانانی گەرا لە لایەن گیاندارێکەوە لە شوێنێکی تایبەتی بۆ ژیانەوەی.
گەرچەک: گیایەکی گەڵاپانی لاسک بۆشە، بەرێکی چەور دەگرێ، ڕۆنەکەی بۆ ڕەوانی دەخورێ.
گەرچی: ئەگەرچی.
گەرد: تۆز. کەم.
گەردان: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ دەستاودەست کردنی شتێک بەزۆری: ئیمڕۆ لە بازاڕ شەکر (گەردان) دەکا، واتە ئەم دەیبا و ئەو تەماشا دەکات، تۆز هەستان: ئەسپەکە گەردان ددکا، واتە تۆز هەڵدەستێنێ.
گەردانە: ملوانکەیەکی زێڕینی پڵپڵەدارە ژنان دەیکەنە ملیان.
گەرداو: چورتم و تەنگانە.
گەردبین: زەڕەبین.
گەردش: گەڕان و سووڕانەوە. شۆڕش و ئاشووب: فیسار کەس زۆر بە(گەردش)ە.
گەردش نانەوە: ئاشووب هەڵگیرساندن.
گەردن: ملی گیاندار بەڕووکاری پێشەوەیدا.
گەردن ئازاکردن: دەست هەڵگرتن لە مافێکت کە بەسەر یەکێکەوە بێ.
گەردن ئازایی: گەردن ئازاکردنی دووکەس لە یەکتری.
گەردنبەن: د. گەردنبەند.
گەردنبەند: گەردانە.

گەردنکەچ: بریتییە لە مەردوومی فەرمانبەر.

گەردنکەچی: بریتییە لە فەرمانبەری.

گەردنگرتن: بریتییە لە یەخەگرتنی یەکێک. چوونە ملی شتێک بۆ یەکێک: قەرزەکە (گەردنی گرت).

گەردنگیر: شتێکە کە بچێتە گەردنی یەکێکەوە: قەرزەکە (گەردنگیر)م بوو.

گەردنگیری: چوونە گەردنی شتێک بۆ یەکێک.

گەردنلغ: گەردانە.

گەردن لە موو باریکتر: بریتییە لە مەردوومی گەردن کەچ.

گەردن لە موو نەرمتر: گەردن لە موو باریکتر.

گەردنە: د. سەرملە.

گەرد و خول: سوورانەوە بەدەوری ئیشێکدا.

گەرد و گول: کاتێکە کە تازە گزنگ دەکەوێتە سەر شاخە بەرزەکان.

گەردولوول: گەردەلوول.

گەردوون: رۆژگار. ئاسمان.

گەردە: ئاوریشمێکی رەشی خاوە، گوڵنگەی چەفتە و پۆشینی لێ دروست دەکرێ. خەڵووزێکی هاڕراوە یەخەنی پێ دەکێشرێ (د).

گەردەکان: ل. گوێز.

گەردەلوول: گێژەڵووکەیەکە کە لوول بخوا و سەرکەوێ.

گەردەمل: ئێسقانی ملی گیاندار.

گەردەن: گەردن.

گەردەنگۆ: ملەگۆ.

گەردەنە: گەردانە.

گەردەنی: ز. گەردانە.

گەردیلە: هەرە وردیلە.

گەڕ: تەشقەڵە. گەڕۆڵ. گەڕان: ئاشەکە کەوتە (گەڕ). شوێنێکی تەختە کە لە ناوچەیەکی تەختدابێ. گۆمی گەورە کە ئاوەکەی گێژ بخوا (با). نۆرە (با).

گەڕا: د. گەڕۆک.

گەراج: گەڕاج.

گەڕاجخانە: گەڕاجێکە کە ئوتومۆبیلی زۆری تێدا بوەستێ.

گەڕافک: با. گۆلاو.

گەڕان: هاتوچۆکردنی شت. ترازان و جوولانی هێندێ شت لە جێی خۆی: دیوارەکە یا سکی ژنە ئاوسەکە (گەڕاوە). گۆڕانی شتێک بەشتێکی تر: شەرابەکە (گەڕاوە) بەسرکە.

گەڕاندن: خستنەکاری هێندێ شت. گێڕان.

گەڕانن: د. گەڕاندن.

گەڕانەوە: هاتنەوەت بۆ شوێنێک کە لێی بووبێت. هێندێ بوونەوەی مەردووم دوای هەڵەیی و هەرزەیی: نەریمان کە جاران زۆر چەتوون بوو ئێستا باش (گەڕاوەتەوە). بوونەوەی سرکە بە شەراب.

گەڕانی: هەڵپەرکێی رۆینە. وتەی نزاکردن لە یەکێک کە شتێک بخوات یا بخواتەوە واتە بەگیانت خۆش نەبێ.

گەڕاو: شتێکە لە جێی خۆی جوولابێ. جۆرە ئاوێکی بۆگەنی ترشە لە هێندێ شوێن هەڵدەقوولێ، کەسێک خارشتی بێ دەچێتە ناوی و لێی دەخواتەوە.

گەڕاوە: سرکەیەکە کە بووبێ بە شەراب. بریتییە لە مەردوومی سەرەی تێگەیشتوو.

گەرک: د. شتی لەڕی لاواز.

گەڕڵ: د. مەردوومی لەڕی لاواز. گەڕۆڵ.

گەرندە: گەڕۆک.

گەڕۆک: کەسێکە کە زۆر بسوورێتەوە.

گەڕ و گوڕ: فڕ و فێڵ: فیسار کەس زۆر بە(گەڕ و گوڕ)ە.

گەڕ و گێچەڵ: فڕ و فێڵ و تەشقەڵەکردن بەیەکێک.

گەڕۆڵ: گیانداری گەڕ.

گەڕۆڵی: دەردێکی بەئالۆشە تووشی هێندێ گیاندار دەبێ و وشکە برینی کرێشاوی لێ پەیدا دەبێ.

گەرووس: ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.

گەرەپێچ: گەرەپێچە.

گەرەپێچە: گێژەڵووکە.

گەرەک: چەند خانوویەکی نزیک لە یەکن لە شارێک یا لە دێیەک.

گەرەکوێرە: د. شەوکوێری.

گەرەلاوژە: گۆرانی وتنی کۆمەڵێک بە نۆرە.

گەرەلاوژێ: گەرەلاوژە.

گەرەلاوێژێ: د. گەرەلاوژە.

گەڕیان: د. گەڕان.

گەڕیانەوە: د. گەڕانەوە.

گەڕی: گەڕۆڵی.

گەڕیدە: کەسێکە کە زۆر بگەڕێ.

گەرک: ز. گەسکێکە لە داری گەزی چارکرابێ.

گەرم: شتێکە کە سارد نەبێ.

گەرما: کاتی گەرمی لە رۆژگار.

گەرمابردوو: شتێکە کە گەرما کاری تێ کردبێ.

گەرماپێو: شتێکە پلەی گەرما نیشان دەدا.

گەرماژۆ: د. گەرما بردوو.

گەرماڤ: ز. گەرماو. حەمام.

گەرماگە: گەرماوە.
گەرمانی: شوێنی گەرم.
گەرماو: ئاوێکە لە کاتی سەرمادا گەرم بێ. حەمام.
گەرماوگەرم: شتی گەرمی تازە بەتازە.
گەرماوە: حەمام.
گەرمایی: تینی شتی گەرم.
گەرمبوون: گەرم ڕاهاتنی شت. بریتییە لە تووڕەبوون.
گەرم بوونەوە: تەشق شکانی سەرما لە شتێک.
گەرمچەک: د. مەچەک.
گەرم داهاتن: گەرم ڕاهاتن.
گەرم ڕاهاتن: نەمانی ساردی و پەیابوونی گەرمی لە شتێکدا.
گەرمک: برنجێکە کە لە شوێنێکی گەرم و لەبەر ئاوێکی گەرمدا کرابێ. جێگای گەرمەڵووک. وتوو. گەرمکاو.
گەرمکاو: گەرماو.
گەرمکردن: داخکردنی شت بەئاگر. بریتییە لە قسە زۆر کردنی یەکێک: فلان کەس کوڕەکەی گەرم کردووە.
گەرم کردنەوە: تەشق شکاندنی شتی ساردەوەبوو بەئاگر.
گەرمڵەین: چێشتی گەنمەکوتاو.
گەرموگوڕ: شتی گەرمی تازە بەتازە.
گەرمووک: کانیاو.
گەرمە: کاتی زۆری شت: ئێستا گەرمەی ترێیە. مەرەزەیەکە کە مانگێک لە پێش هەموو مەرەزەیەکدا پێ بگات.
گەرمە بۆق: د. هەڵم و بۆقی گەرم.
گەرمەبرین: بریتییە لە کەسێک کە تازە بەتازە خەفەتێکی زۆر قورسی تووش بووبێ.
کرمەتەندوور: نانێکی تیرییە کە لەکاتی گڕی تەندووردا بکرێ .
گەرمەخول: د. ناشێکە کە خێرا بسووڕێتەوە.
گەرمەژنە: گرمژنە.
گەرمەسووت: جۆرە پارچەیەکی ناسکی لووسی هاوینییە لە خۆیدا گوڵ گوڵ و بریسکەدارە.
گەرمەسێر: گەرمیان.
گەمەشین: ماتەمی تێکرایی. گریانی بەکوڵ.
گەرمەگل: وتەیەکە بەکاردێنرێ وەک ونەی یەک لەسەر یەک: بەقسە (گەرمەگل) دایگرتم.
گەرمەگۆڕ: خواردەمەنییەکە کە لەسەر گۆڕی مردوویەک لە کاتی ناشتنیدا بەشرێتەوە.
گەرمەڵووک: شوێنی کرمی وشکەرۆ.
گەرمەوزە: گوورزەی گەرمی (الطاقة الحرارية).
گەرمیان: وڵاتی گەرمی کەم بەفر و سەرما.
گەرمیانی: شتێکە کە لە وڵاتی گەرمیان پەیدا ببێ.

گەرمێن: گەرمیان.
گەرمێنی: گەرمیانی.
گەرمی: گەرمایی.
گەرناس: مەردوومی چەتەووڵی لەندەهوور.
گەرناڵ: د. زەنگی گەورە.
گەرنگ: ز. جۆرە گیایەکە.
گەروانکە: جۆرە قوتوویەکی تەنەکەی سەر بەمۆری پڕ لە چای وشکە.
گەروو: قوڕگ. کونی بەرداشە کە دانی پێدا دەچێتە خوارەوە.
گەرووئێشە: قوڕگ ئێشە.
گەروودرێژکردن: بریتییە لە گەزارە کێشان.
گەرووگیر: شتێکە کە گەروو بگرێ.
گەرووهاتن: د. قوڕگ هاتنەوە یەک.
گەرووهاتنەوە یەک: نەخۆشییەکە تووشی قوڕگ دەبێ، شتی بۆ قووت ناچێ.
گەرەک: پێویست: (گەرەک)مە یا (گەرەک)ە وابێ.
گەردکناگەرەک: د. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتاری: بتەوێ یا نەتەوێ.
گەرەنگ: دارێکی دوو پەلە دەخرێتە ناو دوو پەلی (دار گەڵ)ێکەوە کە پەلێکی کورتتر بێ لەوی تری بۆ ئەوەی هەردوو پەلەکەی بەقەد یەک بوەستنەوە و گەڵای تا سەر تێدا هەڵچنرێ.
گەری: با. گەروو.
گەز: ئەندازەیەکە کەلوپەلی پێ دەپێورێ. گەزیچار. گەزۆ (د). گاز (با).
گەزارە: زبان.
گەزارە کێشان: بریتییە لە زباندرێژی.
گەزاف: خۆ هەڵکێشان و درۆی زل کردن.
گەزتن: گەستن.
گەزک: با. گەسک.
گەزکردن: پیوانی شت بەگەز.
گەزگەزباڵاکردن: بریتییە لە کەیفخۆشی زۆر.
گەزگەزک: د. گەزگەزۆک.
گەزگەزکە: گەزگەزۆک.
گەزگەزۆک: گیایەکی بەهاری گەڵا زبرە. کە لە ئەندام بکەوێ دەیهێنێتەوە خوروو.
گەزمازگ: د. تۆوی گەزیچار.
گەزندە: گیاندارێکە کە بگەزێ. بریتییە لە مەردوومی بە زبان.
گەزننە: د. گەزندە.
گەزنە: د. گەزگەزک.

گەزۆ: جۆرە شیرینییەکی سپی زۆر خۆشە لە هێندێ شوێن لە ناوەندی بەهار و هاویندا دەنیشێتە سەر گەڵای هێندێ دار و درەخت.

گەزەر: گیایەکی بەهاری باڵابەرزی دووسێ پەلە، گوڵێکی سپی دەگرێ، سەری گیا کە پاک دەکرێ و دەخورێ (ه). گێزەر (ل).

گەزەک: د. بیانوو.

گەزەندە: ئێش و ئازار.

گەزنە: گیایەکی بەهاری گەڵا پانە، بەناسکی دەخورێ، کە پیر بوو دڕکێک دەردەکات.

گەزیچار:دارگەز.

گەزیزە: گوڵێکی حەوت ڕەنگە لە وێنەی گوڵە نەورۆزە، هەر دەمێ ڕێوی بیخوا تووڵەک دەکا: دەڵێی ڕێوی (گەزیزان) خواردووە.

گەزین: گەزتن.

گەژکرن: ز. گازگرتن.

گەستن: گازگرتن لە شت بەددان.

گەسک: جۆرە پووشێکی بەستراوە یا چنراوە ناوماڵی پێ دەماڵرێ.

گەسکدان: پاککردنەوەی شوێنێک بەگەسک.

گەسکدەر: کەسێکە پیشەی هەر گەسگدان بێ.

گەسک لێدان: گەسکدان. بریتییە لە بردنی شتومەک و پاکۆ لێدانی: دز گەسکی لە ماڵی فیسار کەس دا، واتە هیچی تێدا نەهێشت.

گەسکە شاری: گیایەکی باڵابەرزی گەڵا پڕە هەر لقێکی دەکرێ بەگەسکێک.

گەش: گوڵی پشکووتوو. ئاگری خۆش کە قلەی بێ. خوێنی سووری ڕوون. سەوزایی ئازاو. بریتییە لە گیانداری بەکەیف.

گەشاندنەوە: کردنی خەڵووز بەئاگر. فووکردن بەخونچەی گوڵدا بۆ دەمدانەوەی.

گەشانەوە: گەشبوونەوە.

گەشبوونەوە: دەمدانەوەی گوڵ. تێراوبوونی سەوزایی. بریتییە لە کەیفخۆشی و بەددقی یەکێک. بوونی خەڵووز بەئاگر.

گەشت: ڕۆیشتن بەملا و بەولادا بۆ ڕابواردن و سەیران.

گەشتنامە: کتێبێکە نووسرابێ لەلایەن یەکێکەوە لە ڕووی گەشتی خۆیەوە.

گەشتیار: کەسێکە کە هەمیشە لە گەشتوگوزاردا بێ (سیاح).

گەشتی: د. پاسەوان.

گەشک: چەمۆڵە.

گەشکردنەوە: گەشاندنەوە.

گەشکە: دەردەکۆیان. گەشک.

گەشکەدار: کەسێکە تووشی گەشکە بووبێ.

گەشکەگرتن: تووشبوونی دەردەکۆیان.

گەشە: کەیفخۆشی: فیسار کەس بە(گەشە)یە. تەرزی تازەی مێو (د).

گەشەکردن: بەخۆداهاتن و زلبوونی گیاندار و سەوزایی و دار و درەخت.

گەشەگرتن: کەیف خۆشبوون: فیسار کەس هەر (گەشە دەیگرێ).

گەشەوبوون: د. گەشبوونەوە.

گەشیان: د. گەشبوونەوە.

گەشیانەوە: د. گەشانەوە.

گەشی: سووری ئاگر بەجۆرێک کە قلەی بێ. بەددقی و کەیفی گیاندار. ئازاوی دار و درەخت و سەوزایی. کرانەوەی گوڵ.

گەشینەوە: گەشانەوە.

گەف: گەزاف. تەزوو. هەڕەشە: (گەف)تم لێ دەکا. هەر زەوی. حەپەی سەگ، گەپ، ترساندن (ز). فێڵ (ز).

گەفکردن: گاڵتەکردن. هەڕەشەکردن.

گەفۆک: هەرزەگۆ.

گەف و گڕ: با. هەڕەشە.

گەفە: گەپە. گەپ (د).

گەفین: گەپین.

گەڤرک: پۆڕی مێ.

گەڤزین: ز. گەوزین.

گەڤەز: ز. گیایەکە شتی پێ سوور دەکرێ.

گەڤێژ: با. گەلاوێژ.

گەگرتن: مانگرتنی گیاندار.

گەگەکردن: جومگە جومگە کردنی گیاندار.

گەل: کۆمەڵێکی گەورەیە لە ئادەمی کە پێکهاتبێ لە چەند تیرە و عێل و هۆز و خێڵێک و، هەموو بەیەک زبان قسە بکەن. وتەیەکە بەدوای هێندێ وتەوە دەنرێ مەعنای زۆری ئەو شتە دەگەیەنێ: کوڕ(گەل) پیاو(گەل) ژن(گەل).

گەڵ: ئاولنگ. گەڵای داربەڕوو و مازووە کە لە پایزاندا بەلقەوە دادەپاچرێ و لەناو پەلی درەختدا هەڵدەگیرێ بۆ زستانی ئاژاڵ. تەک لە (گەڵ) خۆت بیهێنە.

گەڵا: بەرگی درەخت و سەوزایی.

گەڵاحە: ملوانکەیەکە بۆ جوانی دەکرێتە ملی وڵاخ.

گەڵاخەزان: د. گەڵاڕێزان.

گەڵادار: درەختێکە کە گەڵای پێوەبێ.

گەڵا دەرکردن: پشکووتنی درەخت و پەیابوونی گەڵای.

گەلاڕن: کردنەوەی گەلا لە میّو بۆ ئەوەی کە بەرەکەی هەڵەم نەکا.
گەلاڕیزان: مانگی تشرینی یەکەم کە سی و یەک ڕۆژە. کاتی هەڵوەرینی گەلای درەختە. هەڵوەرینی گەلا لە کاتی سەرمادا.
گەلاڕیژان: د. گەلاڕیزان.
گەلاز: هەڵووژە.
گەلاس: گێلاس.
گەلاکردن: گەلادەرکردن. گەلاڕنین.
گەلاکوتک: دارێکی پانی کلکدارە هێندێ شتی پێ دەکوترێ.
گەلاکەوتن: کاتی گەلاڕیزان.
گەلاڵە: شتێکە کە سەروبەندی گیرابێ و هێشتا تەواو نەبووبێ، ناوی دوودتیە لە ناوچەی ماوەت و چۆمان.
گەلاڵە بوون: هاتنە ناونیوە تەواوبوونی شت.
گەلاڵەکردن: سەروبەند گرتنی شت .
گەلاڵەنامە: لائحە.
گەلاڵەی یاسا: لائحەی قانوونی.
گەلاوگەڵ: ڕۆین بەبلاوکردنەوەی هەردوو لنگ وەک ڕۆینی قوڕ.
گەلاوێژ: ئەستێرەیەکی گەشی بەپرشنگە لە ناوەڕاستی هاویندا لە کەلووی خۆی دەترازێ. مانگی ئاغستۆس کە سی و یەک ڕۆژە.
گەلاوێژی: گەنم و جۆ و مەرەزەیەکی درواوەیە کە بەدرێژکۆلەیی لەسەر زەوی دانرابێ بەدوو ڕیز بەرەنگێک کە گوڵەکانیان ڕووی لە یەک بێ. خەیار و ترۆزییەکە کە لەپاش گەلاوێژ کەوتن بێنەوەبەر.
گەلبەستن: د. کۆبوونەوە.
گەلحۆ: مەردوومی گێژ و وێژ.
گەلدار: ز. داری گەورەی ئەستوور.
گەلش: ز. مشتومڕ.
گەللاسی: ز. فیتنە و فەساد.
گەلۆ: ئاخۆ (ز). وتەیەکە لەکاتی قسەکردندا دەیڵێیت بەبەرانبەرەکەت وەک وتەی فلان کەس.
گەڵواز: ز. گەڵوازە.
گەڵوازە: ڕیزە گوێزێکی کون کراوە دەکرێ بەپەتێکدا و دەبەسترێ بەم سەر و بەوسەری بێشکەی منداڵەوە بۆ پێ ژیربوونی.
گەڵواگەڵوا: د. گەلاوگەڵ.
گەڵوالک: گیایەکی کوێستانییە گوڵێکی جوان دەگرێ و بنکێکی خۆشی هەیە.
گەلۆر: گەلحۆ.
گەلۆرە: گەلۆر.
گەلوو: ل. گەروو.
گەڵوو: د. گەروو.
گەڵووگر: د. شتێکە لە گەرووذا یا لەسەر دڵدا ناخۆش بێ.
گەلە: کۆمەڵێک لە ئاژاڵ یا وڵاخ. ورگ (ه).
گەلەجووت: هەرەوەزکردن بەجووت بۆ کێلانی زەوی یەکێک بۆ یاریوویی.
گەلەخان: ژوورێکی تایبەتییە بۆ ئاژاڵی وردە لە زستاندا.
گەلەدرەو: هەرەوەزکردن بۆ دروونەوەی دەغڵی یەکێک بۆ یاریوونی.
گەلەڕاوێژێ: د. ڕاوێژکردنی چەند کەسێک بەکۆمەڵی.
گەلەک: گەلێک.
گەلەکۆمە: گەلەکۆمەک.
گەلەکۆمەک: گەلەکۆمەکێ.
گەلەکۆمەکێ: قسەکردن بەیەک و کۆبوونەوەی چەند کەسێک لە یەکێک یا لە چەند کەسێک بۆ بەگژداچوون.
گەلەوان: شوان.
گەلێ: گەلێک.
گەلێر: ز. گەل. شتێک یا کەسێکە پەیوەندی بەگەلەوە بێ: فیسار کەس یا فیسارە شت (گەلێر)ە. واتە گەلێ (شعبی)یە.
گەلێک: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی زۆر.
گەلی: دەربەند. شتێکە کە پەیوەستی لەگەڵ گەلدابێ.
گەڵی: دەربەند.
گەڵیش: کڵێش.
گەمار: ز. دەرمانێکە دەباخی پێ دەدرێ (ز) پیس. چڵکن.
گەمارۆدان: پەلاماردانی چەند سەگێک لە شتێک.
گەماڵ: سەگی زلی نێر.
گەماڵ فس: دانیشتن وەک گەماڵ.
گەمراندن: ز. شێواندنی شێوەی جوانی شتێک.
گەمرە: تەختە شیاکەیەکە لە گەووڕ لە ژێر پێی ئاژاڵدا پەسترابێتەوە. قەتماغەی برین.
گەمرەبەستن: زۆربوونی کرێش و چڵک وەک گەمرە.
گەمژ: گیانداری نابووتی پچووک.
گەمژە: گەمژ.
گەمژدڵ: گەمژ.
گەمۆر: ز. خواردەمەنییەکە کە ڕەگی تاڵی بێ.
گەموورە: جۆرە لینجییەکە کە بێ بەهۆی نووسانی لێو بەیەکدا.
گەمە: گاڵتە (گەمەکردن) گاڵتەکردن، (گەمەپێکردن) گاڵتەکردن بەیەکێک. یاری.
گەمێ: گەمیە.
گەمیە: کەشتی.

گەمیەوان: کەشتییەوان.
گەمی: د. گەمیە.
گەن: د. گەند.
گەناو: ناوی گەڕاو. ناوی دێیەکە لە پشدەر.
گەنج: دراو یا شتی زۆری بەنرخ کە لە شوێنێکدا دانرابێ، گیاندارێکە کە هەوڵی دەمی بێ.
گەنجایەتی: گەنجی.
گەنجە: یاری و گاڵتە. گەنجینە.
گەنجەفە: تیتاڵی. جۆرە قومارێکە بەکاغەز دەکرێ (د).
گەنجێتی: گەنجی.
گەنجی: لاوی.
گەنجینە: ژووری پشت ژووری نیشتەمەنی کە شتی بەنرخی تێدا دادەنرێ.
گەنجینەوان: مدیری خەزێنە.
گەند: شتی ناپوختی بێ نرخ.
گەندم: گەنم.
گەندوگوو: بریتییە لە شتی هیچ و پووچی ناپوخت.
گەندە: گەند.
گەندەپەڵە: بارانی سەر پەڵەیە کە زەوی پێ نەرم نەبێتەوە.
گەندەتا: تایەکی سووک.
گەندەخۆر: کەسێکە هەر شتی گەندە بخوا.
گەندە دەڵەک: دەعبایەکی بازڵەی بۆگەنە، لە دەڵەک پچووکترە.
گەندەژە: ڕێوی تووڵەک کردوو.
گەندەڵ: داری وشکی کەڕەپووی کولۆر.
گەندەموو: تەنکە موویەکی نەرمە لەسەر ڕوومەتی کوڕی منداڵ دێ.
گەنگاو: گۆلاوێکە کە بۆنی کردبێ.
گەنگ: گەند.
گەنگ و گوو: گەند و گوو.
گەنگە: گەندە.
گەنگەپەڵە: گەندەپەڵە.
گەنگەخۆر: گەندەخۆر.
گەنگەدەڵەک: گەندەدەڵەک.
گەنگەژە: گەندەژە.
گەنگەڵ: گەندەڵ.
گەنگەموو: گەندەموو.
گەنم: دانەوێڵەیەکی زەردی دەنک وردە دەکرێ بەنان و مەردووم پێی دەژی و، گەلێ جۆری هەیە. گیایەکی سەوزی گەڵا درێژە گوڵێکی قەڵداسدار دەردەکا لە هەر چوارلاوە.
گەنم دردو: کاتی دروێنەی گەنم.
گەنم ڕەنگ: مەردوومی سەوزە.
گەنم گرد: گەنم گردی.
گەنم گردی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە هێندێ شوێندا لە جێی وتەی (یەک لەسەر یەک): چوومە لای فیسار کەس (گەنم گردی) دایگرتم.
گەنم گەنم: جۆرە یارییەکە چەند کەسێک هەر یەکە ناوی ژمارەیەکی تاک لە خۆی دەنێ لە پاشا وەستاکەیان دەڵێ: (گەنم گەنم) لە فیسارێان بێ، ئینجا ئەگەر ئەوەیان باشی جواب نەدایەوە تێ دەکەوێ و ناوێکی ناشیرینی لێ دەنێن.
گەنم و جۆ: بریتییە لە ڕیشی ماش و برنج.
گەنمە: بالووکە.
گەنمە بەهاروو: گەنمە بەهارە.
گەنمە بەهارە: گەنمێکە کە لە بەهاردا بچێنرێ.
گەنمەپێغەمبەرانە: گەنمەپێغەمبەرە.
گەنمەپێغەمبەرە: گەنمەشامی.
گەنمەحۆلە: گەنمێکی گوڵ گەورەی دەنک زلە، زۆر بەگران لە پۆرگەکەی دێتە دەرەوە.
گەنمە زەرتکە: گەنمێکی سەختی گوڵ ڕەشە.
گەنمە قەندەهاری: گەنمێکی وردی سپی بەپێزە لە گەرمیان دێتە بەرهەم.
گەنمە کوێستانی: جۆرە گەنمێکی ناسکی سووربەوە لە کوێستانان دەکرێ.
گەنمەشام: گەنمەشامی.
گەنمەشامی: بەری گیایەکە گەڵای وەک گەڵای قامیش وایە، دەنکەکانی زەرد و خڕ و گەورەیە.
گەنمەگێلانە: د. جۆرە گەنمێکە تۆوەکەی لە (گێلان)ەوە دەهێنن.
گەنووس: ڕ. مەردوومی ڕژد.
گەنە: دەعبایەکی پچووکی بۆری بەناڵۆشە، بەناژاڵەوە دەنووسێ.
گەنەکار: د. کەسێکە کە ئیشوکاری پاک و تەمیز نەبێ.
گەنەکەوەلە: جۆرە گەنەیەکی شینکارە، بەهەر کەسێکەوە بدا درەنگ چاک دەبێتەوە.
گەنەگەنە: دارێکی تاڵە ئاوەکەی بۆ لەرز و تا دەخورێتەوە.
گەنی: ز. شتی بۆگەن.
گەنیگ: د. گەنیو.
گەنین: بۆگەن بوون و بەسەر یەکدا ترشانی شتێک لەبەر زۆر مانەوەی.
گەنیو: شتی بۆگەنبووی داوەشاو.
گەو: ل. گا.
گەواد: کەسێکە کە ژن بۆ نەم و نەو تاو بکا.
گەوادی: ژن تاوکردن بۆ نەم و نەو.

گەواشە: ز. خێزەرە.
گەواڵ: دەفی پچووک. دەستە، گەواڵ گەواڵ: دەستە دەستە.
گەواڵە: پەڵە هەورێکی باوەندەیە کە بێت و بڕوا.
گەواه: شاهد.
گەواهنامە: شەهادەتنامە.
گەواهی: شاهیدی.
گەوج: مەردوومی کەرۆکە.
گەوجە: جۆرە هەڵووژەیەکی زەردە.
گەوجەگەوج: قسەی پروپووچی بێ مایە، بەجۆرێ کە کەس تێی نەگات.
گەوجی: بێ ژیری.
گەور: گاوور. ڕەنگی سپی واش. (ز). ڕەنگی خۆڵەمێشی (با).
گەورۆنە: وتەیەکە منداڵ بەکاری دێنی بۆ شتی گەورە.
گەورە: شتی زل. مەردوومی خاوەن دەسەڵاتی سایەدار.
گەورەبوون: زلبوون. دەسەڵات پەیداکردن، (گەورەکردن) پێگەیاندن و بەرهەمهێنان.
گەورەچۆڵ: فشە کلاونە.
گەورەکچ: کچێکە کە زۆر مابێتەوە و شووی نەکردبێ.
گەورەماڵ: بنەماڵی گەورە.
گەوردیی: دەسەڵات و سایەداری.
گەوردیی: ز. قورگ. سپێنەی چاو.
گەوز: تل و پێچی گیاندار لەبەر ئازار.
گەوزان: تەپ و تلکردنی گیاندار لە زەویدا بۆ پشت خوراندن.
گەوزدان: گەوزان.
گەوزلێدان: چۆنێتی دەست بردنی سەپان بۆ قولە دەغڵ و داوەشاندنەوەی داس بۆی.
گەوزین: گەوزان.
گەوشەک: کەسێکە کە سەری لێ شێوابێ لە کارێکدا. شتی شلەپەتەی نەمەیو (ز). (گەوشەکبوون) سەر لێ شێوان لە کارێکدا، (گەوشەک کردن) سەر شێواندن لە یەکێک لە کارێکدا.
گەووڕ: پشتیر.
گەوورک: جۆرە مەرێکی دووگ کولی قول هەڵکراوە. تیرەیەکە لە کوردی ئێران لە نزیک سەردەشتەوە.
گەورگە: د. تەپڵێکی گەورەیە لەسەر پشتی وڵاخ دادەنرێ و لێی دەدرێ.
گەوون: گیایەکی دڕکاوییە جەوی لێ دەگیرێ.
گەوە: ڕێکای پێچاوپێچ لە شاخدا. نیوە بازنەیەک لە هەموو شتێک.
گەوەزن: گاکێوی.
گەوهەر: بەردێکی زۆر جوانی زۆر بەنرخە.
گەوهەرشناس: کەسێکە لە ناسینی گەوهەردا شارەزابێ. بریتییە لە مەردوومی وریای دانای ژیر.
گەوهەر فرۆش: کەسێکە کە هەر گەوهەر بفرۆشێ.
گەوهەری: گەوهەرشناس.
گەه: جمگە (با). کات. نۆرەیەک.
گەهاندن: با. گەیاندن.
گەهریک: ز. کارژۆلە.
گەهەک: ڕەبەت.
گەهیشتن: با. گەیشتن.
گەهین: با. گەینی میوە.
گەی: د. مانی و هۆکگرتن.
گەیاندن: بردنی شتێک بۆ شوێنێک و دانانی لەوێ. بەخشین و وەشانەوەی مەعنای دوور لە وتارێکەوە: ئەم وتارە بێجگە لە مەعناکەی خۆی ئەم مەعنایەش دەگەیەنێ.
گەیانن: د. گەیاندن.
گەیشتن: گەینە جێ و هاتنە پێشەوە. پوختە بوون و خۆشبوونی میوە و ترشیات و هێندێ شتی تر. نەرمبوونی برین.
گهیشک: با. گوێژ.
گەیک: د. گەیو.
گەیگر: مانگر. مەردوومی تور.
گەیگرتن: مانگرتن. زبانگرتنی مەردووم لە گفتوگۆدا.
گەیگە: هـ. حەشاری ڕاو.
گەین: گەیشتن.
گەینەوە: گەیشتنەوەی هەردوو سەری شتێک بەگردی شتێکی تردا: پشتێنەکە بەپشتمدا (گەیشتەوە).
گەیو: میوەی پێگەیشتوو. شتێکە کە بەجێی خۆی گەیشتبێ. برینێکە کە نەرم بووبێ.
گێ: گوێ. پیتێکە بەدوای هێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەنیشکەر (فاعل): دایکی خۆ (گێ).
گیا: سەوزاییەکە کە لە خۆیەوە سەوز بووبێ.
گیا ئادەمە: گیایەکی بنکدارە بنکەکەی لە ئادەمی دەچێ.
گیابرین: گیایەکی گەڵا وردی بەهارییە گوڵێکی زەرد دەگرێ، بەوشکی دەکرێ بەبرینەوە.
گیابۆگەنە: گیایەکە گەڵایەکی بۆگەنی هەیە لە گەڵای تەماتە دەچێ.
گیابەن: گیایەکی بۆن خۆشە دەکرێتە چێشتی دانوولەوە.
گیابەند: وەرکەمەر.
گیاجارِ: د. مێرگ.

گیاچا: چای وشک.

گیاچنارە: جۆرە گیایەکە بخرێتە سەر شوێنێک لە ئەندام لە ماوەی سەعاتێکدا دەیسووتێنێ، زۆرتر بۆ سووتاندنی مایەسیری بەکار دەهێنرێ.

گیادانوو: گیایەکی لاسک باریکی گەڵاخڕە، بۆنی لە جاترە تیژترە، دەکرێتە ناو هێندێ چێشتەوە.

گیارِش: بریتییە لە ناوەڕاستی بەهار کە گیا و سەوزایی لەو حەلەدا دەشت و دەر دادەگرێ و لە شەوارەش دەنوێنێ.

گیارەنج: ئەو گیایەیە کە قۆزاخە دەگرێ و مافەتەی تێدایە.

گیارەنگ: گیایەکی هەمیشەییە لە قامیش دەچێ، گەڵایەکی درێژکۆلەی هەیە وەک سیس عەمبەر، ڕانکوچۆغەی پێ ڕەنگ دەکرێ بەڕەنگی کاهی.

گیا سالە: گیایەکی بەهارییە لە مێرگدا دەڕوێ، بنکەکەی وەک پەنجەی منداڵی ساوا وایە، وشک دەکرێتەوە و بەهاڕراودیی دەکرێ بەهەوێنی دۆندرمە.

گیاسپی: گیایەکی بەهارییە بنکێکی هەیە وەک پیاز، بەهاڕراودیی دەکرێ بەبرینەوە، بۆ گۆشتە و زوون زۆر باشە.

گیاکندر: جۆرە گیایەکی ریشاڵ ریشاڵە لە بەهاراندا دەچێنرێ و گونیەی لێ دروست دەکرێ.

گیاکەفە: گیایەکی گەڵا وردە، بەزەویدا پان دەبێتەوە، وەک سابوون کوف دەکا.

گیاکەڵە: کێرە کەڵەگا.

گیاکەن: د. بێڵەکانێکی ناسنی پچکۆلەیە گیای پێ هەڵ دەکەندرێ.

گیاگەنان: مانگی مایس کە سی و یەک ڕۆژە و، لە گەرماندا گیا زەرد دەبێ.

گیاگەنمە: گیایەکە بەناسکی لە گەنم دەچێ.

گیالاوە: با. بەڕەزا.

گیان: هێزێک لە ئەندامی گیانداردا بەهۆی ئەوەوە دەژی و گەورە دەبێ. بریتییە لە جەستە و ئەندام: هەموو (گیان)م ئێشێ.

گیاندار: گیانلەبەر.

گیاندان: مردن و گیان سپاردن.

گیان دەرچوون: مردن.

گیان سپاردن: مردن.

گیان سەخت: بریتییە لە کەسێک کە بەئاسانی گیان نەدا بەدەستەوە. بریتییە لە کەسێک کە زوو خۆی نەدا بەدەستەوە.

گیان کەنشت: د. کاتی سەرەمەرگ.

گیان کەنن: د. گیانکێشان.

گیانکێشان: گیاندان.

گیانلەبەر: زیندوو.

گیانە: وتەیەکە دەوترێ بەیەکێک لە ڕووی خۆشەویستییەوە.

گیانەسەر: بریتییە لە کەسێک کە لە کارێک وەڕس بووبێ، (گیانە سەربوون) وەڕسبوون، (گیانەسەر کردن) وەڕسکردن.

گیانە گووینە: بریتییە لە کاتێک کە گیاندار نووزەیەکی تێدا مابێ.

گیانەڵا: گیانەڵاو.

گیانەڵاو: کاتی سەرەمەرگ.

گیانە مەژگ: د. مۆخی گەردن (نخاعی شوکی).

گیانەوەر: گیاندار.

گیانێ: د. گیانە.

گیانی گیانان: ناوی خوایە.

گیانی: بریتییە لە دۆستی ڕاستەقینی و یەک ماڵی.

گیانی گیانی: گیانی.

گێپەڕ: گێپەڕە.

گێپەڕە: ئەستوورایی مل.

گێتاڵ: د. شتی ڕیپۆڵی بێ نرخ.

گێتی: جیهان.

گێتکە: خەپلەی هەرزن.

گێتە: هـ. گێتکە.

گێتەر: د. گەدای شڕۆڵ.

گێتێ: هـ. کولێرە.

گێج: گەج (با). گێژی وڕ، (گێجبوون) گێژبوون. گێژاو.

گێجاو: د. گێژاو.

گێج خواردن: د. گێژخواردن.

گێجدان: د. گێژدان.

گێجەبا: د. گێژەڵووکە.

گێجەگێج: گێژەگێژ.

گێجەڵووکە: گێژەڵووکە.

گێجەنە: د. گرێژەنە.

گێچ: گەچ.

گێچکاری: گەچکاری.

گێچکە: د. چەرخە و خولخواردن.

گێچەڵ: تەشقەڵە.

گێچەڵی: د. خورییەکی شیکراوەیە کە دەکرێ بەدەسپێچک بۆ ڕستن.

گێر: گوێروو. ژنی قەڵەوی پان و پۆڕ: فیسارە ژن (گێر) و بمدارە.

گێڕ: چەوت. جەرخ: (گێڕ)ێکی پێ بدە. شەل. پیتێکە بەهێندێ ناوەوە دەنرێ دەیکا بەنیشکەر: بەزم (گێڕ)، شایی (گێڕ).

گێڕان: کوتانەوەی بان بەبانگردێن. هێنان و بردنی گیاندارێک لەگەڵ خۆت: منداڵەکە یا وڵاخەکە (بگێڕە).

گێڕاندنەوە: هێنانەوەدوای شتێک بۆ لای خۆت. گلدانەوەی شتێک لە شتێک: لە خەرجییەکەت (بگێڕەرەوە).

گێڕاننەوە: گێڕاندنەوە.

گێڕانەوە: گێڕاندنەوە. باسکردنی شتێکی ڕابووردوو بۆ یەکێک.

گێڕبوون: خواربوون. شەل بوون.

گێڕی: خواری. لەنگی.

گیرسان: ڕووان و ڕیشە داکوتانی نەمام و قەڵەم. بەندبوون و خۆگرتنی هەموو شتێک: سواغەکە یا پنجی گۆزەکە یا تۆوی نێرەکە لە منداڵدانی مێی کەیدا (گیرساوە). سووتان و تروسکەی ئاگر.

گیرسانەوە: بەندبوون و شۆڕبوونەوەی شتێک بەشتێکی بەرزەوە.

گیرفان: کونێکە لە کاڵادا شتی تێ دەخرێ.

گیرفانبڕ: کەسێکە شتێکت لێ بدزێ کە بەخۆت بێ و پێی نەزانیت.

گێرڤان: ز. کەسێکە گاگێرە لێ بخورێ.

گێرک: ز. مێرووله.

گێرکە: جۆرە مێروولەیەکی سووری زۆر وردە.

گێرمەکێش: کێشمەکێش.

گێرووسە: ز. دەستاڕ.

گێرە: گێڕانی وڵاخ یا جەنجەڕ بەسەر خەرماندا بۆ کوتانی.

گێرەشێوێن: بریتییە لە کەسێک کە کاری مەردووم تێک بدا.

گێرڤان: با. گێرەوان.

گێرەکردن: کوتانی خەرمان بەوڵاخ یا بەجەنجەڕ.

گێرە نەکەر: بریتییە لە مەردوومی تەمەڵ.

گێرەوان: ئەو کەسەیە کە کای گێرە لێ بخورێ.

گێرە و کێشە: بریتییە لە کەشمەکەش و دەردی سەری.

گیریست: گریان.

گیرستن: گریان.

گێزان: کێزان.

گێزبەلە: گیایەکی بەهاری بنکدارە وەک پیشۆک، بنکەکەی دەخورێ.

گێز و گوڵنگ: گوڵنگەی شۆڕەوەبووی زۆر.

گێز و گوڵنگە: گێز و گوڵنگ.

گێزەر: گیایەکی پاییزییە دەچێنرێ، بنکێکی شیرینی درێژی هەیە.

گێزەرە: گێپەرە.

گێژ: گیانداری وڕی کەم هۆش. گێژاو.

گێژان: ز. پێتی پرسیار. پێتی شەرت.

گێژاو: شوێنێکە لە گۆم کە پێچ بخوا.

گێژبوون: وڕبوون.

گێژدان: خولدانی دانەوێڵە لە بێژنگ و قەڵبی ڕا بۆ سەر کۆزەرگرتنی.

گێژکردن: گێژدان.

گێژکە: گێژکردن.

گێژنە: جەژن.

گێژ و وێژ: مەردوومی وڕی بێ هۆش.

گێژەگێژ: بریتییە لە قسەکردن بەگێژ و وێژی.

گێژەلووک: گێژەلووکە.

گێژەلووکە: بایەکە بەگردی خۆیدا دەخولێتەوە و تەپوتۆز بەرز دەکاتەوە، گێژ و وێژ.

گێژەن: ئاژاوە و ناخۆشی.

گێژەنە: گرێژەنە.

گێژی: وڕی. نەخۆشییەکە تووشی مەڕ و بزن دەبێ، کوتوپڕ دەبێ سەر ببڕدرێ.

گیسک: بێچووی بزنە لە تەمەنی سێ مانگییەوە تاساڵێک.

گێسک: گیسک. گەسک (با).

گیسکەزا: ئاوسبوون و زانینی بەچکەی بزن بەگیسکی.

گێسکەزا: گیسکەزا.

گیسکەموو: د. گیسکێکە کە مووەکەی زبربێ.

گیسکە مەردز: گیسکێکە کە مووەکەی نەرم بێ.

گیسن: ز. گاسن.

گێسوو: ئەگریجە.

گێسووبڕێ: بریتییە لە ئافرەتی بێ شەرمی بەدخوو.

گێشە: ز. شارا.

گیفی: ز. شیری هەوێنکراو.

گێل: گیانداری گێژ و وێژ.

گێلاخە: گیایەکی بەهاری سێ پەلە، زۆرزوو دەڕوێ و بەکوڵاوی دەخورێ.

گێلاس: میوەیەکە وەک بەڵاڵووک، بەڵام ئەم گەورەترە و خۆشترە.

گێلاس: د. گێلاس.

گێلاسی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی گێلاس وابێ.

گێلان: هـ. گەڕان.

گێلای: هـ. گەڕان.

گیلک: ز. قیتکە.

گێلک: خوری شیکراوە بۆ ڕستن.

گێلکە: جۆرە مێروولەیەکی سووری وردە.

گیلگێله: چەند مووروویەکە ژنان دەیدروون بەکڵاوەکەیاندا و شۆڕ دەبێتەوە.

گێلوو: گەچکارییەکە لەژێر سەقفەوە بەشمشە بەبن دارەڕادا دەکرێ.
گێلووکاری: شوێنێکە کە گێلووی بۆ کرابێ.
گیلە: ز. گلەیی.
گیلەکی: جۆرە نقامێکی کوردییە.
گێلەگێل: گێژەگێژ.
گێلیان: هـ. گەڕان.
گینگڵ: بێ ئارامی لەبەر ئازار یا خەفەتێک.
گینگڵخواردن: پێچ و تل لەبەر ئازار یا خەفەتێک.
گینگڵدان: گینگڵخواردن.
گینگڵە: گینگڵ.
گینگە: قیتکە.
گێنۆ: د. زەرتک.
گیواو: هـ. گیا.
گێوژ: گوێژ.
گیهان: ز. گەیشتن.
گی: گوو.
گیپاڵ: سکی زل: فیسار کەس گەد و گیپاڵێکی سەیری هەیە.
گیپن: گیانداری خرینی قەڵەو.
گیپنە: گیپن.
گیپە: پارچە ورگی ئاژاڵی وردەیە کە هەڵدر وابێ و برنجی تێ کرابێ و لە ئاوی سەر و پێدا کوڵێنرابێ.
گیت: ز. وەیشومە و کرێوە.
گیتر: ز. لاق.
گیتک: ز. لاق.
گیج: با. گەچ.
گیج: ل. گوێژ.
گیر: مەردوومی ڕژدی چرووک. جۆرە پەتێکە دەواری پێ دەبەسترێتەوە. گوێز و بادام و ڕۆنی تیژ. شتێکە بەشوێنێک توند بێ و بەنهێتم پێیدا پچێ: کلیلەکە بەکێلوونەکە (گیر)ە، واتە پێی توندە. هێز و نهێتم: فیسار کەس بە(گیر)ە.
گیرا: نزایەکە کە جێگیر ببێ لای خوا، (گیرابوون) جێگیربوونی نزا لە بارەگای خوادا.
گیرام: وتەیەکە لەجێیی وتەی (فرضنا)ی عەرەبی بەکاردێنرێ.
گیران: ترنجانی شتێک لەناو شتێکدا. پۆنگ خواردنەوەی ئاو بەهۆی کوێربوونەوەی ڕێگاکەیەوە. نەمانی ڕووناکی ڕۆژ بەهۆی قەبارەی مانگەوە. نەمانی ڕووناکی مانگ بەهۆی قەبارەی زەوییەوە. بەندکردنی یەکێک لە بەندیخانە. گرفت کردن.
گیراو: شتێکە کە گیرابێ.
گیراوە: دەرمانێکە کە گیرابێتەوە.
گیراوی: نیشانەیەکی سێ چوکڵەیە، لەسەر هێندێ پیتی عەرەبی دادەنرێ. قەبزی.
گیربوون: توندبوونی شتێک لە شتێک. بەندبوون و مانەوەی یەکێک لە شوێنێک و قەتیسبوونی.
گیرخستن: د. گیردان.
گیرخواردن: گیربوون.
گیردان: قەتیسکردن.
گیڕ: با. نووزەدرێژ.
گیڕە: ویرە، (گیڕەگیڕ) ویرەویر.
گیرکردن: گەڵاڵەکردن و نانەوەی شتێک. قەتیسکردن. ترنجاندنی شتێک لە شتێک.
گیرکەوتن: چنگکەوتن.
گیرگە: ئەشکەنجە. دارێکی ئەستووری دووپەڵە گۆچانی پێ دەچەمێنرێتەوە.
گیرنەدەر: کەسێکە کە بای سکی نەتوانی ڕابگرێ.
گیروبەند: تەعمیرکردنەوەی شتی کۆن.
گیرودار: د. زەبر و زەنگ: فیسار کەس بەگیروداره.
گیرۆدە: کەسێکە کە بەناخۆشییەکەوە گرفتار بووبێ، (گیرۆدەبوون) گرفتاربوون بەناخۆشییەکەوە .
گیرۆدەکردن: گرفتارکردن.
گیرۆدەیی: گرفتاری.
گیروگرفت: قۆرت و گرێیەکە کە بێتە ڕێت.
گیرە: ئەشکەنجەی دارتاش. چەند مەنێک گەنم و جۆیە تێکەڵی هەرزن کرابێ بۆ نان. چەند قوڵفەیەکە بەدەوارەوە تەختەکانی پێ قایم دەکرێ. گیراوی (د). بەرولەیەکە دەخرێتە جاوپێچی جۆلاوە بۆ نەوەی نەسووڕێتەوە.
گیرەم: گیرام.
گیرەوە: گیرۆدە.
گیرهە: با. ئەو بەڵغە ڕەقەیە کە لەناو کتری و سەماوەردا پەیدا دەبێ بەهۆی کولاندنی ئاوەوە.
گیریاک: د. گرفتار. شتێکە کە گیرابێ.
گیریان: د. گیران. گریان.
گیز: پشت مل. گوێز. زلف. مەستی سەرخۆش (د).
گیزان: گوێزان.
گیزگیزە: د. قۆرقۆرە.
گیز و گوڵەنگ: د. گێز و گوڵنگ.
گیزە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی مێش و کوللە، (گیزە گیزە) گیزەی یەک لەدوای یەک. (گیز و هووڕ) گیزەگیزی زۆر.
گیزەڵ: تووڕە.

گیس: ل. قژەسەر.
گییسک: گیسک.
گیشە: تایەی توتن و لیژنەی دار و هەموو شتێکی تر. لۆدەیەکە
که سەری نەگیرابێ.
گیفک: با. گووفک. گولنگەی چەفتە و زین و شتی تر.
گیڤ: گڤ.
گیڤژالە: قرژاڵ.
گیف گیفە: د. گیزگیزە.

گیڤە: گڤڤە، (گیڤەگیڤ) گیڤەی یەک لەدوای یەک، (گیڤ و هوور) گیڤەگیڤێکی زۆر.
گین: پیتێکە بەدوای هێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەنیشکەر: غەم(گین)، دوا(گین) واتە غەمبار و دواهەم.
گیووژ: گۆێژ.
گیوە: جۆرێکە لە کلاشی ژێر پەرۆین.
گیوەگیو: قسەی بێ سەر و پێ.

ل

لا: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ لاچوونی یەکێک لە لات: (لا) واتە لاچۆ. تەنشت: وەرە (لا)م. شتێکە کە کلا کەوتبێ: ئەریان (لا)یە لە هەرا و ئاژاوە. نیـوە لە شت (لا)یەکم بەگیـر وەستاوە. لۆنە: ئەم کشتەکە دوو (لا)یە.

لائین: ز. لاسایی کردنەوەی یەکێک لە گوفتار یا لە کرداردا بۆ ئەوەی کە دانیشتوان پێبکەنن.

لابار: لاباری.

لاباری: وڵاخ بەکرێ دان. بەنیوەی باری وڵاخەکە.

لابردن: هەڵگرتنی شتێک لە جێگایەک و نەهێشتنی.

لابر: جۆرە ئاگردانێکە کە پێشەکەی نەبێ.

لابوون: کلابوون.

لابەر: کەسێکە کە شتێک لابەرێ لە شوێنێک.

لابەرە: قایشێکی دووفاقە لەبەر سنگی وڵاخەوە لە ڕاست و چەپی قەڵتاخ توند دەکرێ.

لابەلا: ڕێگا و هەمـوو شتێکی خوار و خێچ. مەردوومی بێگانە بەکارێک: یەکێکی (لابەلا) هات سەری لێ تێکدام. لابەلایی.

لابەلایی: شوێنی لابەلا. مەردوومی بێگانە بەکارێک.

لاپا: د. لاپاڵ.

لاپار: د. تەنکە بەردێکە منداڵان سافسافێنی پێ دەکەن.

لاپاران: د. یاریکردن بەلاپار.

لاپاروو: سەردمەقەستی سابوونی بەزی.

لاپاڵ: قەدی شاخ و گرد.

لاپاڵوو: کەلەکە.

لاپاو: د. لافاو.

لاردسەن: لاپلەرسەنگ.

لاپلا: هـ. لابەلا.

لاپلار: د. لاپلەرسەنگ.

لاپلەرسەنگ: بێگانەی خۆ تێهەڵقورتێن لە کارێکدا.

لاپواز: د. لاپلەرسەنگ.

لاپۆرە: گەدایەکە کە لەلاوە هاتبێ بۆ گەدایی.

لاپوولە: د. دراوێکە کـە ژنان لەگـەڵ مـووروودا دەیکەن بەسەریاندا.

لاپەڕ: شتێکە کە کەوتبێتە کەنارەوە. زوێڵی چەرمی کاڵە.

لاپەڕە: ڕوویەک لە پەڕەیەک کاغەز.

لاپەڕە وەرگێران: بریتییە لە گۆڕین و کۆنکردنی قسەیەک.

لاپەڕە هەڵدانەوە: لاپەڕە وەرگێران.

لاپەڕە هەڵگێڕانەوە: لاپەڕە هەڵدانەوە.

لاپەلە: د. لاپەڕە.

لاپێ: زەلامەڕێی سەخت لە شاخ و هەردا.

لات: هەژاری بێ نەوا. گـیانداری لاواز. بانەیەکـە لە زەوی جـوتیـار دەیکێشێ بۆ ئەوەی تۆوی پێوە بکا و بیکێڵێ. لووتێکە لە شاخ کە دەربچێ و سەرەکەی تەخت بێ.

لاتار: د. تلێکە کە لەسەر بەرەوژووردەیەک تلۆر بکرێتەوە.

لاتانە: کردن و وتنی شتێکە کە هەر لات بیکا و بیڵێ.

لاتبوون: هەژارکەوتن. لاوازبوون.

لاتخانە: شـوێنێکە کـە تەرخـان کـرابێ بۆ تێـدا بەخێـوکـردنی مەردوومی لات.

لاترقەوچەپێچ: بریتییە لە شتی نارێکی نالەبار.

لاتروسکە: لاتریسکە.

لاتریسکە: دوورکەوتنەوە و سڵەمینەوە و خێسەکردنی گیاندار لە شتێک.

لاتفرۆشتن: بریتییە لە شەڕ فرۆشتنی لات بەمەردووم بۆ ئەوەی شتێکی دەست کەوێ.

لاتکەوتن: لاتبوون.

لاتولووت: کەسانێکن کە بێ ئیش و بێ کار بسووڕێنەوە.

لاتولەوار: لاتولووت.

لانه: جۆرە جبەیەکی تەسکی بەدەن چەسپە. دەردێکە لە سنگدا هەناسەی توند دەکا (د).
لاتەبەق: لاپەڕە.
لاتەراف: گۆشتی تەنکی کەلەکەی گیاندار.
لاتەریزە: لاتەراف.
لاتەری: د. لاتار. گۆترەکاری.
لاتەک: تەنیشتی شت.
لاتەنشت: تەنشت.
لاتەنیشت: لاتەنشت.
لاتەوەق: لاتەبەق.
لاتیڕ: د. مۆربوونەوە بەتیلایی چاو.
لاتیلاگ: لایەک لە کەللەی سەر.
لاتی: هەژاری. لاوازی.
لاتیگەری: ڕابواردن بەلاتیتی.
لاج: ز. لاو.
لاجامە: دارێکی درێژە لە عەرەبان دەدا کە بەولاخەوە دەبەسترێ. وێنەی مەردووم بەنیوەیی (د).
لاجانگ: ئەملا و ئەولای سەر لە ناوەندی گوێ و چاودا.
لاجڵەو: ولاخێکە کە لە ڕەوتدا خوار بڕوا. ولاخی سەرکێش.
لاجیوەرد: جۆرە بەردێکی شینە دەکرێ بەنقێمی ئەموستیلە.
لاجیوەردی: ڕەنگێکە کە لە ڕەنگی لاجیوەرد بچێ.
لاچک: لاسک.
لاچلاچک: با. لاشەویلە.
لاچناکە: د. لاشەویلە.
لاچۆپاچۆ: د. پڕوپیت.
لاچوون: ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی شوێنێک.
لاچەنە: قایشێکە سەرێکی لە لغاو و سەرێکی لەسەر کەللە قایم دەکرێ. لاچناکە.
لاچین: ز. کاڵە.
لاخستن: خوارکردنەوەی هێندێ شت: کووپەکە (لاخە). گلدانەوەی شتێک لە شتێک: لە مانگانەکەت شتێک (لاخە).
لاخوار: شتێکە کە لایەکی خواربێ.
لاخوراو: شتێکە کە لایەکی نەمابێ.
لاخەکرن: ز. دروێنەی لەوەڕ و بڕینی لقی درەخت بەبێ ئەوەی کە کۆبکرێتەوە.
لاخێز: د. هەستان لەبەر یەکێک بەجۆرێک کە بەتەواوی پشت ڕاست نەبێتەوە.
لادار: نیرگە.
لادان: کەلەبەرێکە لە دیواردا دەهێلرێتەوە لە تاق گەورەترە شتی تێدا دادەنرێ. خستنە کەنار. کەنارکەوتن لە ڕێڕۆیندا: کە ماندوو بوویت لە ڕێ (لادە). دەست هەلگرتن لە خوویەک: فیسار کەس باش (لایداوە).
لادایەن: ئافرەتێکە کە ژەم ژەم شیر بدا بەمنداڵ بەمانگانە.
لادایەنی: شیردان بە منداڵ ژەم ژەم بەپارە.
لادڕ: قومووشی لابەلای قەدی دیوار و زەوی.
لادڕگە: د. لادڕ.
لادە: د. دیوارێکە کە لە تەپاڵە دروست کرابێ.
لادەستی: جۆرە کولێرەیەکی تەنکە بەدەست دەخرێتە سەر ساج.
لادەگا: د. لادێ. شوێنێکە کە مەردووم تێیدا بحەوێتەوە.
لادێ: دێهات.
لادێیی: کەسێکە کە لە لادێ دابنیشێ.
لار: شتی خوار. لەڕ. گەووری گا و گامێش (ز).
لاربوونەوە: بریتییە لە مردن و، هەر بۆ سووکی دەوترێ. خواربوونەوە.
لارکردنەوە: خوارکردنەوە.
لاران: ئەملا و ئەولای ڕان.
لارکە: لارێی هەڵەت.
لاڕەشە: دەردێکە تووشی بزن و مەڕ دەبێ و گۆشتەکەی لە کەڵک دەخات.
لارێ: شوێنێکە کە ڕێگا نەبێ.
لارێ گرتن: لادان لە ڕێی ڕاست.
لاروالاروا: د. لاردوە لاردوە.
لاروایی: د. شتێکە لەلایەن چەند کەسێکەوە بکرێ بۆ دابەشکردنی لەناو خۆیاندا.
لارولەنجە: لەنجەولار.
لارە: دارێکە لە باتی ئێرەق کاری پێ دەکرێ. گیاندارێکی پچووکی بۆرەقنەیە لە ئاودا ئەگەر بچێتە قوڕگەوە ئازاری گیاندار دەدا. جۆرە زیوانێکە لە گەنم و جۆدا. جۆرە گەنمێکە. لەنجە.
لارەجڵەو: لاجڵەو.
لارەسەنگ: لاسەنگ.
لارەسێبەر: سێبەرێکە کە لە نیوەڕۆ بەدواوە لار دەبێتەوە.
لارەمل: بریتییە لە مەردوومی مل کەچی بێ دەسەلات.
لارەوبوون: د. لاربوونەوە.
لارەوکردن: د. لارکردنەوە
لارەولار: ڕۆین بەلەنجەولار. لارەولارەوە.
لارەوەبوون: لاربوونەوە.
لارەوەکردن: لارکردنەوە.

لارەولارەوە: ڕۆیشتنی ناساغ بەلەقەلەق.

لاری: خواری. بریتییە لە دڵ دەرنەهاویشتن و ویستنی یەکێک: من (لاری)م لێت نییە.

لازوان: د. مەردوومی گێلۆکە کە نەزانێ قسە بکات.

لازەبوون: بێ کەسبوونی مەردووم.

لاژک: گیانداری تەمەڵی بێ فەڕ.

لاژگ: د. لاژک.

لاژە: لۆژە.

لاس: شیاکە، دارێکی دڕکدارە، گەڵای وەک گەڵای بی وایە بەقەڵەم دەنێژرێ و بۆنی زۆر خۆشە. خەرمانی گزرەگیا. بەدەورداهاتنی گەماڵ بۆ دێڵەکەی (د).

لاسار: گیانداری سەهندە.

لاساریی: سەهندەیی.

لاسامە: د. ڕەهێڵە. لافاو.

لاسایی: دەمەلاسکێ. چاو لە مەردووم کردن لە کردار و گوفتاردا، (لاسایی کردنەوە) لاسایی.

لاستیک: شتێکی نەرمی جیری بەکێشە تایەی ئۆتۆمۆبێل و گەلێ شتی تری لێ دروست دەکرێ.

لاسخواردن: تەفرە خواردن.

لاسدان: تەفرەدان.

لاسک: قەد و باڵای سەوزایی. شیاکە (د). بەدەورداهاتنی گەماڵ بۆ دێڵەکەی (د).

لاسکردن: ز. لاخەکرن.

لاسوڕ: د. قاچ هەڵخلیسکان.

لاسەرە: د. لاپوولە.

لاسەنگ: شتێکە لایەکی لە لایەکی قورستر بێ.

لاش: د. لاشە. لاک.

لاشاخ: هـ. ئانیشک.

لاشان: قەدپاڵ. تەنشت.

لاشخۆر: د. داڵی کەرخۆر.

لاشە: جەستەی مەردوومی مردوو.

لاشەڕ: بریتییە لە مەردوومی هێمنی لەسەرخۆ.

لاشەویلکە: لاشەویلە.

لاشەویلە: لایەک لە شەویلە.

لاشیپان: باهوی ئەملاو ئەولای دەرگا.

لاشیپانە: لاشیپان.

لاعیدە: بەشتێک دەڵێن کە لە شتێکی تر جیاواز بێ.

لاف: گەزاف.

لافاو: باراناوی زۆر.

لافلێدان: خۆ هەڵکێشان.

لاف و گەزاف: لافلێدان.

لاڤ: با. لاو.

لاڤایی کرن: ز. تکاکردن بەپاڕانەوەوە.

لاڤکرن: ز. تکاکردن.

لاڤلاڤک: ز. لاولاو.

لاڤە: ز. هیوا.

لاڤەکرن: ز. ئومێدکردن.

لاڤەلاڤ: با. پاڕانەوە: بەس (لاڤەلاڤ) بکە.

لاق: لە ڕان بەرەوخواری گیاندار.

لاقرتێ: گاڵتەکردن.

لاقردێ: لاقرتێ.

لاقەبرغە: لایەک لە کەلەکە.

لاقەفرتێ: لەقەفرتێ.

لاک: لاشەی بێ گیانی چوارپێ. چێشتێکە لە ئاردی جۆ و کەپەک دەکرێ بۆ سەگ و ولاخ (ز). لۆک.

لاکردنەوە: ئاوڕدانەوە.

لاکڕ: هەرەوەزکردن بۆ پەموو چنین.

لاکوت: داوێن پیسی کردن بەدزییەوە لەگەڵ ژنی ئەم و ئەودا. لاوورگە.

لاکۆشکە: د. لایەنگیر.

لاکۆشی: د. لایەنگیری.

لاکۆلان: کۆڵانی لابەلای تەسک و تروسک.

لاکە: لۆژەی سەر لە برسا یا لەبەر ناساغی: فیسار کەس (لاکە)ی سەری دێ.

لاکەل: جۆرە تفەنگێکە. شتێکە کە لایەکی کەل بێ.

لاکەن: د. لاکەند.

لاکەند: لادڕ.

لاکەوتن: کلابوون و جیابوونەوەی شت.

لاکەوتە: پەککەوتە.

لاکێش: قاڵی و حەسیری باریکی درێژ. جگەرەخۆرێکە کە خۆی جگەرە هەڵ نەگرێ و هەر لەم و لەوی بسێنێ. نەمامێکە کە توولکێش کرابێ (د).

لاکێشە: شتی چوارگۆشەی درێژکۆلە (مستطیل).

لاکین: ز. دەفرێکە چێشتی (لاک)ی تێ دەکرێ بۆ سەگ و ولاخ.

لاگا: د. جێگایەکە کە لێی لابدرێ بۆ حەوانەوە.

لاگایی: د. دێهاتی.

لاگر: د. لایەنگر.

لاگرتن: د. لایەنگرتن. حەسانەوە.

لاگوێل: لالوێچ.

لاگیر: کەسێکە کە لایەنی یەکێک بگرێ.

لاگیره: جۆره خشڵێکه ژنان لەسەر سەرپێچەوە دەیدەن لە سەریان.

لاگیری: لایەنگیری یەکێک.

لاڵ: کەسێکه زبانی لە گوفتوگۆدا بگیرێ یا هەر نەتوانێ قسە بکا.

لەعل (د). شتێ زۆر سوور (د). ترێ و هەڵووژە و هەناری زۆر گەیو (د).

لالا: چرایەکی باڵابەرزە تەلێکی کەوانەداری تێدایە مۆمی تێ دەخرێ و کاسە شووشەیەکی دەکرێ بەسەردا.

لالا کردن: نوستن، ئەم وتەیە منداڵی ساوا بۆ نووستن بەکاری دەهێنێ.

لالانەوە: پاڕانەوە.

لالایی: زبانگیران بەجۆرێک کە قسەی پێ نەکرێ: یاخوا لالاییت داتێ.

لالغاوە: دابڕاوی ئەملا و ئەولای دەم.

لالکەر: ز. یاری (پەنای بێ دەنگی).

لالۆ: برای دایک.

لاڵ و پاڵکەوتن: کەوتنی چەند گیاندارێک بەناڕێکی.

لالۆزا: خاڵۆزا.

لالۆژن: خاڵۆژن.

لالوو: ل. لالۆ.

لالووت: کەسێکە لە یەکێک یا لەشتێک دڵگیربێ.

لالووتی: د. دڵگیری لە شتێک.

لالوێچ: لالەوێچ.

لالە: لالا. لالۆ. جۆرە گوڵێکە.

لاڵە: لالانەوە.

لاڵەپەترە: لاڵێکی وایە کە بەناستەم قسەی بۆ بکرێ.

لاڵەپەتە: لاڵە پەترە.

لالەزار: باخچەیەکە کە گوڵ و گوڵزاری زۆری تێدابێ.

لالە عەباس: جۆرە گیایەکی گەڵاپانە گوڵێک دەگرێ وەک لاولاو بەڵام ئەم پچووکترە، بەیانیان و ئێواران دەگەشێتەوە.

لالەعەباسی: د. لالەعەباس.

لالە لاڵ: قسەکردن بەلالی.

لالەنگەر: دووداری باریکن بەتەنشتی دەفەی جۆلاییەوە.

لالەنگی: جۆرە خواردەمەنییەکی نەرم و شلی پچکۆلەیە، لە هەویر و زەردێنەی هێلکە دروست دەکرێ و لەناو ڕۆندا سوور دەکرێتەوە و شیلەی شەکری پێدا دەکرێ. جۆرە پرتەقاڵێکی پچکۆلەیە توێکڵەکەی زوو لێ دەبێتەوە.

لالەوور: د. گەوجی نەفام.

لالەوەڕ: کەسێکە زۆر لەسەر قسە بڕوا و بیڕەنگێنێتەوە. مەردوومی گێل و گەوج. کەسێکە کە هێندێ خواردەمەنی نەخوا.

لالەوێچ: پڕ تاقەدەستێک لە شت.

لاڵیان: د. پاڕانەوە.

لاڵیانەوە: لاڵیان.

لالێ برینەوە: تەنگ هەڵچنین بەیەکێک.

لالێ سەندن: لالێ برینەوە.

لالێ کردنەوە: بریتییە لە یارمەتی و دەستگیرۆیی یەکێک.

لالی: ز. دەوری مسین.

لالیی: زبانگیران لە قسە و گوفتوگۆدا.

لام: ناوی پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. بیانوو: (لام)ی تێ هێنا، واتە بیانووی هێنایەوە. گووپ (با). لای من.

لاّم: ز. ڕوومەت.

لامپا: چرای بلووردار.

لامژ: منداڵێکە کە ناوبەناو مەمکی ئافرەتێکی شیردار بمژێ، جگەرەکێشێکە کە خۆی هەرگیز جگەرە هەڵنەگرێ و، لەم و لەو داوا بکات.

لامسەرلایی: بریتییە لە کردنی کارێک بەنابەدڵ و ناپوختی.

لامشت: د. لالەوێچ.

لامل: لایەک لە مل: دای بەلاملیدا. مەردوومی کەللەڕەق کە گوێ نەداتە شت.

لام و جیم: بریتییە لە سەرپێچی و بەهانە هێنانەوە: لام و جیمی نەکەیت.

لامۆیی: بەئاژاڵێک دەوترێ کە تازە کەوتبێتە ناو ڕانێکەوە.

لامەلە: جۆرە مەلەیەکە لەسەر تەنیشت دەکرێ.

لامەمک: لادایەن. دوو منداڵی هاوشیر.

لامەمکە: لامەمک.

لامێژی: تێبەردانی بێچووی ئاژاڵێکە کە دایکی نەمابێ، یا بێ شیربێ - لە ئاژاڵێکی تر (طفیلی).

لان: بێشەی شێر. لایەن: (لان)ی من بەرمەدە (د).

لاّن: پیتێکە بەهێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەناوی جێگە: هەنگە(لاّن)، کەنگە (لاّن). لانە.

لاندک: با. بێشکە.

لانک: بێشکە.

لانکە: لانک.

لانکەیی: دارەڕاکردنی ژوورە لە باری پانی.

لانگرتن: د. لایەن گرتن.

لانگیر: د. لایەنگیر. نهێنگر.

لانگیری: لایەنگیری.

لانە: لانی شێر. لۆنە: دوو(لانە).

لانەواز: کەسێکە جێگا و ڕێگای خۆی لێ شێوابێ.

لانەوازی: دەربەدەری لە جێگا و ڕێگا.

لانە و بانە: جێگا و ڕێگای حەسانەوە.

لانەولان: چوون لە لانەیەکەوە بۆ لانەیەکی تر.

لانی: پیستێکە بەهێندێ ناوەوە دەنرێ دەیکا بەناوی جێگا: بەردە(لانی)، سەوزە(لانی) زیخە(لانی).

لاو: کوڕی گەنج. کوڕ (با). لافاو (ه).

لاواز: گیانداری لەڕ.

لاوازی: لەڕی.

لاواندن: دڵنەوایی کردن.

لاواندنەوە: بەسەر مردوودا هەڵوتن بەدەم گریانەوە. دڵنەوایی کردنی زەبوونێک: ئەو منداڵە بلاوێنەرەوە.

لاوانن: د، لاواندن.

لاواننەوە: لاواندنەوە.

لاوانە: لێواری شت کە بەرزبێ. لاشێپان. دوو تەختەن بەجەمسەری تۆپی جەنجەڕی گێرەوە دەبەسترێن.

لاوانەوە: لاواننەوە.

لاوچاک: کوڕی قۆچاغی جوان.

لاوژا: کاکە.

لاوژۆکە: گەنج.

لاوژە: لاوکێکە کە سەرگوزەشتی دڵداری نیشان بدا. بۆچی؟.

لاولاو: گیایەکی گەڵاپانە تەرز دەهاوێ و بەقەد شتدا هەڵدەگەڕێ. گوڵێکی دەمپانی قنگ تەسک دەگرێ و بە بەیانیان دەگەشێتەوە.

لاونیو: شتی کەش و تووش.

لاووژ: زانین.

لاووک: جۆرە گۆرانییەکی خۆشی کوردییە.

لاووکبێژ: کەسێکە کە لاووک باش بڵێ.

لاولووسە: د. نارایشتکردن.

لاونا: ه. لاواندن.

لاوورگە: کەسێکە کە خۆی هەڵواسیبێ بەیەکێکی ترەوە و، هەمیشە لە گەڵیدا بێ و، بەبۆنەی ئەوەوە بەهرەمەند بێ (طفیلی).

لاوە: د. دڵنەوایی. لابە.

لاوەکردن: لاکردنەوە. دڵنەوایی کردن (د).

لاوەکی: بەشتێک دەوترێ کە لە لاوە هاتبێ.

لاوەلا: لابەلا.

لاوەلایی: لابەلایی.

لاوێچ: لەوێچ.

لاوێژە: با. لاوێکی پچکۆلە.

لاوێتە: بێڵەکان.

لایلای: د. لایلایە.

لایلایە: گۆرانییەکە منداڵی ساوای پێ دەکرێتە خەو.

لاین: د. لایەن.

لایەز: ئاومالک.

لایەن: بابەت: لە (لایەن) خوێندنەوە بدوێ. کن: لە (لەلایەن) فیسار کەسەوە هاتووم، یا (لایەن)ی بەرنادەم.

لایەنگر: لایەنگیر.

لایەنگیر: کەسێکە بەکردار یا بەگوفتار لەسەر یەکێک بکاتەوە.

لایەنگیری: گوفتار یا کرداری چاک بۆ یەکێک و لەسەرکردنەوەی.

لایی لایی: د. لایلایە.

لایین: د. لایەن.

لباد: ژێرەخەرێکە لە بەرگنی سووراوە دروست دەکرێ.

لبادە: جۆرە کالایەکی قۆڵداری ناوداری پڕ تەریبە لەسەر کالای ترەوە لەبەر دەکرێ.

لبێ: ل. دەڵەمە.

لپ: لق: ئەم دارە دوو(لپ)ە.

لچ: لێوی خوار ڕووی گیاندار. قەراغی شت.

لچان: لکانی دوو شت بەیەکەوە. بەستنی ئاو.

لچانلیچ: د. لیپاولیپ.

لچ بردنەوە: د. لچ هەڵقرچاندن لەبەر گریان.

لچ خوارکردنەوە: کۆکردنەوە و خوارکردنەوەی لچ و لێو لەبەر پێ ناخۆش بوونی کارێک.

لچ خوارەوەکردن: د. لچ خوارکردنەوە.

لچ خولدان: د. دەم بادان لە کاتی قسەکردندا.

لچخەنە: د. زەردەخەنە.

لچک: لفکەی مێزەر و سەرپێچ.

لچن: کەسێکە کەلچی ئەستوور بێ.

لچو لێوکردن: برینی لچ و لێوی یەکێک بۆ ڕیسواکردنی.

لچە: لچن. جۆرە ماسییەکە.

لچ هەڵقرچاندن: لچ خوارکردنەوە.

لچ هەڵقورتاندن: لچ هەڵقرچاندن.

لچ هەڵقولتاندن: د. لچ هەڵقورتاندن.

لچ هەڵقولتانن: د. لچ هەڵقوتاندن.

لرچە: د. نکە و ناڵە، (لرچەلرچ) لرچەی یەک لەدوای یەک.

لرخاندن: لرخەکردن.

لرخن: کەسێکە زۆر بلرخێنێ.

لرخە: جۆرە دەنگێکە وەک کەسێک کە دەست نرابێتە بینی. (لرخەلرخ) لرخەی یەک لەدوای یەک، (لرخ و هوورِ) لرخە لرخی زۆر.
لرفدان: خواردنی شت بەدەستوبرد.
لرفە: دەنگێکە لە دەمەوە پەیا دەبێ. لە کاتی زۆر سەرمابوون یا شت خواردن بەهەڵپە، (لرفەلرف) لرفەی یەک لەدوای یەک. (لرف و هوورِ) لرفەلرفی زۆر.
لستن: لستنەوە.
لستنەوە: لابردنی خواردەمەنی شل لە دەفر بەپەنجە یا بەزبان.
لستە و پستە: خواردنی شتێک و لستنەوەی قاپەکەی.
لستە و پستەدان: لستە و پستە.
لغاڤ: با. لغاو.
لغاو: ئاسنێکی ئەڵقەدارە دەکرێتە دەم و لغاوەی وڵاخەوە و دەستە جڵەوی پێوە دەکرێ و سوار دەیگرێ بەدەستیەوە.
لغاو شلکردن: بریتییە لە زیادە سەربەستیدان بەیەکێک.
لغاوکردن: بریتییە لە جڵەوگرتنی یەکێک. کردنی لغاو بەسەر وڵاخدا.
لغاو گرتن: بریتییە لەجڵەوگرتنی یەکێک.
لغاوە: دابراوی ئەملا و ئەولای دەم.
لغاوەبرِکێ: جۆرە برینێکی پچووکە لە لغاوەی مەردووم دێ.
لغاوەبرێ: لغاوەبرِکێ.
لغاو هەڵبرِین: توندکردنی لغاوەی وڵاخ.
لغاو هەڵکێشان: لغاوهەڵبرِین.
لف: وێنە و ماندن: من (لف)ی تۆ نیم.
لفانە: گیانداری دووانە. شەنگڵە بەرەکەتە.
لفک: با. لفکەی مێزەر و جامانە.
لفکە: شتێکی زبری شاشی چنراوە لە بەن یا لە گوش مەردووم بەسابوون خۆی پێ دەشوا. کلکی سەرپێچ.
لفکەشامی: بەری گیایەکە وەک لفکە زبرە، خۆی پێ دەشۆرێ.
لفگرتن: د. جووتگرتن.
لفگیری: د. لفگرتن.
لفلف: هەڵەکۆک.
لفە دوانە: د. لفانە.
لڤاندن: ز جوولاندن.
لڤین: ز. جوولان.
لق: چڵی درەخت، (لقلق) شتی چڵ چڵ.
لقاو: لغاو.
لقلقی: جۆرە ترێیەکی ناوییە وەک (مام برایمە) بەڵام ئەم جیرە.
لک: گۆشەی شت: (لکی) بوخچەکە گرێ دە. لق. گرێ.
لکان: نووسانی دوو شت پێکەوە.
لکاندن: نووساندنی دوو شت بەیەکەوە.
لکانن: د. لکاندن.
لک لێبوونەوە: وەچە کەوتنەوەی زۆر لە یەکێک. لق و پۆپ دەرکردن لە درەختێک.
لکمل: د. ئاڵوو.
لکولۆ: چەند گرێیەکە کە لە ئەندام دەرچێ.
لکە: هـ. گرێ.
لکیاگ: د. شتی لکاو.
لکیان: د. لکان. پێوەبوونی سەگ.
لگبن: خشتی کاڵ.
لم: زیخی شینکاری زۆر ورد. سک (هـ).
لمبۆز: لمۆز.
لمبیز: با. لمبیس.
لمبیس: با. خورطووم.
لمت: د. جۆرە ملتەیەکە وەک قەوزە.
لمۆز: دەم قەپۆزی هێندێ گیاندار، وەک سەگ و بەراز.
لمووز: لمۆز.
لنج: لینج.
لنجق: ل. لینج.
لنگ: لاق. لنگە.
لنگاران: لنگدان.
لنگاولنگ: گەلاوگەڵ رِۆین. پێلاوی تاکەوتاک.
لنگداران: د. لنگدان.
لنگدان: تاودانی وڵاخ.
لنگوو: هەویر ترشێکی کەمە کە لە نێواردوە بکرێتە ناو و ئاردی تێکەڵ بکرێ بۆ ئەوەی تا بەیانی بترشێ و لەگەڵ هەویردا تێکەڵ بکرێ.
لنگە: جەواڵێکی گەورەی یەکتاییە، خەلە و خەرمانی پێ دەپێورێ.
لنگەشە: د. گورگەلۆقە.
لنگەشەلێ: هەنگڵەشەلێ.
لنگەفرتێ: لنگدان بەیەکدا لە پالەوە .
لنگەفرِە: لنگەفرتێ.
لنگەفرِێ: لنگەفرتێ.
لنگەوتلوور: پالکەوتن و لنگ رِاکێشان.
لنگەوژوور: کەوتن و لنگ بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان.
لنگەوقووچ: لنگەوژوور.
لنگەلەرزێ: لنگەلەرێ.
لنگەلەرێ: لەرزینی لنگ لە ترسا یا لە سەرما.

لۆ: گیایەکی بەهاربیە وەک کەما بەڵام ئەم باڵای بەرزتر و گەڵای وردترە، دەدرێ بەئاژاڵ. هەودایەک لە ڕێسراو. لایەک لە شتێکی نوشتاو: جاجمەکە دوو (لۆ) کە. پیتی پرسیارە وەک (بۆچی)؟.

لیسپ: (لۆ)یەکی پرچی بگرە وتەیەکە مەردوومی هیچ و پووچی پێ بانگ دەکرێ(ز). وتەیەکە نێرینەی پێ بانگ دەکرێ(ز).

لوان: لووان.

لۆیت: مەردوومی قۆچاغی ئازا.

لوبیا: ماشە سپی.

لۆپ: ز. پۆشاکێکی ئاودامانی ئەستوورە.

لۆیت: لۆیت.

لۆپک: ز. داهۆک.

لۆتردوان: کەسێکی تەڵەکەبازە کە قسەی هیچ و پووچی بێ پەردە بکات.

لۆترەوانی: تەڵەکەبازی و ساختەچێتی و قسەی بێ کەڵک و سوودکردن.

لۆتک: ز. هەڵپەڕین لە خۆشیاندا.

لوتکە: ملەی سەرشاخ.

لۆتە: ترێی بۆڵ سیس.

لۆتەخۆر: بریتییە لە مەردوومی پیسخۆری پاشماوەخۆر.

لۆتەخۆری: پیسخۆری و پاشماوەخۆری.

لۆتەر: لۆیت. تەشی.

لۆتیانە: پارەیەکە کە لۆتی دەیسێنێ.

لۆتێتی: لۆتێنی.

لۆتێنی: گەڕان و پارە بەفیڕۆدان و کەیفکردنی کوڕی گەنج بەکاڵای جوانەوە.

لۆتی: کەسێکە کە شایی بگێڕێ یا مەیموون و ورج هەڵپەڕێنێ. کوڕی گەنج کە خۆی جوان بکا و سەرسەری بسووڕێتەوە.

لۆتی خۆر: کەسێکە شتی ئەم و ئەو بەڕیسوایی بخوا.

لۆتیگەری: گوزەرانکردن بەشایی گێڕان و مەیموون و ورج هەڵپەڕاندن.

لۆچ: چرچی شت، (لۆچ لۆچ) چرچی زۆر. وتەی پرسیارە وەک (بۆچی)؟.

لۆچاو: د. شەپۆلی ئاو.

لۆچکە: د. لەواشەی لچی کەر.

لۆچی: بۆچی.

لۆخ: پێستێکی تەنکە لە ناوەندی گۆشت و پێستی گیانداردا (د). کەرەپوو (د). بەفرێکە بەهوی باران یا گەرماوە ناوی لێ هەڵنیشتبێ.

لۆخانە: د. هەزار لۆغانە.

لۆدە: کادانێکی درێژە لە تەنشت ئاوایییەوە لە قوڕ بەرز دەکرێتەوە تا پشتێنەیەک و پڕ دەکرێ لە کا و بەقوقزی سەرەکەی سواغ دەدرێ.

لۆر: لۆرک. مەڵبەند(د). باری گران: کەوتووە بە(لۆر)ی خۆیدا (د).

لۆراسی: د. لۆریاسی.

لۆرت: مەردوومی زۆر دەوڵەمەند.

لۆرتە: لۆتە.

لۆرد: لۆرت.

لوڕ: تیرەیەکی گەورەیە لە کورد لە نزیک کرماشانەوە.

لۆرک: ژاڵە.

لوڕی: زبانێکە کە تیرەی لوڕ قسەی پێ دەکا. جۆرە کورتانێکی درێژکۆلەیە.

لۆرک: جۆرە خواردەمەنییەکە لە ئاوی پەنیر دروست دەکرێ. فرۆ (با).

لۆرکە: ناوە بۆ جۆرە گۆرانییەک.

لۆرە: لەبەرخۆوە گۆرانی وتن. لۆرەلۆر: لۆرەی یەک لەدوای یەک.

لۆرە لەپ: دوو دارە بەمسەر و بەوسەری مەشکەوە (دۆژەنک) یان تێ دەبرێ و، لەکاتی ژەندنیدا دەستی پێوە دەگیرێ.

لۆریاسی: جۆرە کاڵەک و شوتییەکی درێژکۆلەی زلە.

لۆری: سابرێنێکە کە لە ڕانێکەوە بچێ بۆ ڕانێکی تر بۆ تەگە و سواربوون. ئۆتۆمۆبێلی گەورەی بار.

لۆزەندەر: مەردوومی زەبەلاح.

لۆزەو: هەڵڕژان بەزۆری.

لۆژ: پیاوی سستی تەمەڵ.

لۆژە: بێ هێزی و بێ تینی گیاندار بەهۆی نەخۆشی یا برسێتییەوە، (لۆژەلۆژ) لۆژەی یەک لەدوای یەک.

لۆس: چەند دارێکە ڕاست و چەپ بەگوریس هەڵبەسترابێ لە شتێکی قورس کە دەست لێی گیر نەبێ بۆ هەڵگرتنی لۆسەکە. گیانداری تەمەڵ. (لۆسبوون) تەمەڵبوون.

لۆسبوون: ئامۆژگاری وەرنەگرتن: مێشکی لۆس بووە، قسەی پێوە ناوەستێ.

لوسکە: کوڕی لووس و پووس کە لای پیاوێک بێ.

لوسکەبازی: د. هەتیوبازی.

لۆسەکە: گیایەکە بنکەکەی وەک بنکی هەڵەکۆک وایە بەڵام تۆزێ گەورەترە دەخورێ.

لۆش: ز. نانێکە هەویرەکەی هەڵ نەهاتبێ.

لۆشکە: جۆرە دەنگێکە لە وڵاخی یەکسمەوە دێ لە کاتێکدا کە ئالیک یا ئاوی بۆ دەبەی یا بەچکەی خۆی دەبینێ. جۆرە گریانێکە بە لووت، (لوشکە لوشک) لوشکەی یەک لەسەر یەک. جووتە وەشاندنی وڵاخ.

لۆشکە: د. لۆچکە.

لۆشمە: د. جۆرە گیایەکە.

لۆغە لۆغ: دەردێکە پەیدا دەبێ لە گەروودا: یاخوا لۆغەلۆغت پێ کەوێ.

لۆق: لە ئەژنۆ بەرەوخواری گیاندار. لۆقە (د).

لۆقاندن: د. لۆقەکردن.

لۆقانن: د. لۆقاندن.

لۆقلۆقی: شتی لۆقن.

لوقمە: قاپشێکە لە قەڵتاغی ئاوزەنگی وڵاخ هەڵدەکێشرێ.

لوقمەکردن: گرفتکردن.

لۆقن: شتی لۆق درێژ.

لۆقـە: ڕۆینی وڵاخـە لە ناوەندی ڕەوت و چوار ناڵەدا، (لۆقـە کردن) غارکردن بەلۆقە، (لۆقەلۆق) لۆقەی زۆر.

لۆق هەڵهێنان: ڕۆیشتن بەخێرا و بە هەنگاوی زل.

لۆق هەڵهێنانەوە: لۆق هەڵهێنان.

لۆقین: ز. ڕۆیشتن بەخێرا و بەشپرزەیی.

لۆک: جـۆرە دەرمـانێکی سـوورە کـاغـەز و هێندێ شـتی تری پێ چەسپ دەکرێ بۆ ئەوەی کـە دەسـتکاری نەکـرێ. مـەردوومی ئازا (ز). حوشتری ڕەسەن (ز) حوشتری نێر.

لۆکاندن: گەوزاندن و دەستبازیکردن. بریتییە لە گاین (ز).

لۆککردن: لۆکنان بەکاغەز و شتی تردا.

لۆکە: بەری پەموو.

لۆلکە: قەمیاغی زەیستان.

لۆلۆ: ز. جۆرە گۆرانییەکە.

لۆلە: وتەیەکە لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەمنداڵ دەوترێ.

لۆلەپ: لۆرە لەپ.

لۆمە: سەرزەنشت.

لۆنگ: کەوڵپۆست (هـ). پەشتەماڵ (د).

لۆنە: لۆی شـتی باریکی ڕێسراو لە دەزوو یا بەن یا لە شـتی تر: کشتەکی دوو(لۆنە) یا سێ(لۆنە).

لوو: گۆشـتپـارەیەکی خڕی ڕەقە لە ئەندامی هێندێ گیـاندار پەیا دەبێ. وتەیەکـە بەکـاردێنرێ لە جـیـاتی وتەی (ئەو) بـۆ نێرینەیەک کە نادیاربێ، یا ڕووی گفتوگۆی تێ نەکرێ (ز). گیای لۆ (د).

لووا: بەرگن.

لووان: گونجان و هەڵسووڕان: بۆم (نالوێ). ڕۆیشتن (هـ).

لووای: هـ. ڕۆیشتن.

لووت: ئەندامـێکی بەرزە بەناوەڕاسـتی دەمـوچاوی گـیـاندارەوە، دوو کونی تێدایە بۆنی لێوە دەکا.

لووتاوێژ: د. لووت هەڵکردن لە شتێک لەبەر حەز لێ نەکردنی.

لووت بەبەرخۆداهاتنەوە: بریتییە لە عارنان و پەشیمانبوونەوە لە شتێک.

لووت بە خۆداهاتنەوە: لووت شکان.

لووتپژان: خوێنی لووت بەربوون.

لووتچووزانەوە: بریتییە لە زۆر پێ ناخۆشبوونی قسەیەک.

لووتخـواری: بریـتـیـیـە لە دڵگیـری و نارەزایی لە شـتـێک: فـلان کەس لووتی لێم خوارە.

لووت داژەندن: بریتییە لە ماتی و زویری.

لووتسۆڵانەوە: د. لووت چووزانەوە.

لووت شکان: بریتییە لە دەماخ شکانی یەکێک.

لووت شکاندن: بریتییە لە دەماخدانی یەکێک.

لووت لێخوران: بریتییە لە ئارەزووکردنی شتێک.

لووت لێخوریان: لووت لێخوران.

لووتوبزووت: وتەیەکـە لە هێندێ شـوێندا بەکـاردێنرێ لە جـیـاتی وتەی (کوتوپڕ): دوێنێ (لووتوبزووت) تـووشی فـیـسـار کـەس بووم.

لووتوپووت: بریتییە لە پرت و بۆڵ.

لووتوو: جۆرە ماسییەکی زلی لووت درێژە.

لووتە: مەردوومی لووت کورتی پچکۆلە. لوتکە (د).

لووت هاتنەخوارەوە: د. لووت شکان.

لووتەلا: مەردوومێکە کە لووتی لێت خواربێ.

لووتەلایی: بوونی یەکێک بەلووتەلا.

لووتەوانە: ئەڵـقـــە یا سنگێـکی زێڕ یا زیـوە، ژنان دەیکەنە لووتیـــان. زبانەیەکی دارینە لەســـەر باری درێژی دەدرێ لە دووددەری و پەنجەرە بۆ ئەوەی نەکرێتەوە.

لووت هەڵکردن: بریتییە لە زویری و دڵگیری لە یەکێک.

لووراندن: تێهەڵکردنی سەگ و گورگ بەلوورە.

لوورانن: د. لووراندن.

لوور: با. ژاڵە.

لوورک: با. لوور.

لوورە: جــۆرە دەنگێـکی درێژە لە ســەگ و گــورگــەوە دێ، (لوورەلوور) لوورەی یەک لەدوای یەک.

لوورەکردن: لووراندن.

لووزەو: ڕێژەوی زۆر (تیار). بەتوندی هەڵڕژان.

لووس: شتێکە کە زبر نەبێ. تاڤگە. بریتییە لە کوڕێک کە مووی لێ نەهاتبێ.

لووساووک: پلوسک.

لووسایی: شوێنی لوس لە شتێک.

لووسکاری: پەرداخکردنی شت.

لووسکردن: نەهێشتنی زبری شت.

لووس و پووس: شتی زۆر لووس.

لووسی: لووسایی.

لووشاندن: لووشەکردن.

لووشە: دەنگێکە لە دەمەوە دێ لەکاتی هەڵقوراندنی شتی شلدا، لووشە لووش: لووشەی یەک لەدوای یەک. گیایەکی بەهاری گەڵا پانە، دەکرێتە دۆکولێوەوە. جۆرە دەردێکە تووشی ولاخی بەرزە دەبێ.

لووشەکردن: پەیاکردنی لووشە لە دەمەوە.

لووشین: د. لووشەکردن.

لووق: با. قونەی باڵدار.

لووگی: مەردوومی سەرسەری.

لوول: شتێکە لە خۆیا گرژبێ و پێچی خواردبێ. مەست (د).

لوولاق: ئێسقانی خوار ئەژنۆ تا قولەپێ.

لوولبوون: کرژبوون و پێچخواردنی شت. بریتییە لە قەڵەوبوون.

لوولدان: لولکردنی شت. بریتییە لە خواردنی شتێک بەهەڵپە و دەستوبرد.

لوولک: جۆرە لوولەیەکە لە قامیش، یا شتێکی تر، چەند کونێکی تێدایە، فووی پێدا دەکرێ و دەنگێکی خۆشی لێ پەیا دەبێ، لوولوو.

لوولکردن: پێچانەوەی شت.

لوولک ژەن: کەسێکە کەلوولک باش لێ بدا.

لوولکە: لوولوو.

لوولگ: لوولک.

لوولوو: بەکرەیەکە کە ریسی لەسەر هەڵکرابێ بۆ خستنە ناو مەکۆی جۆلاییەوە.

لوولە: جۆرە شتێکی بۆشی باریکی کوناودەرەی ڕاستە.

لوولەبەند: لوولە و زنجیر.

لوولەدار: بزن و مەڕێکە کە گوانی ئەستوور و درێژ بێ.

لوولەژەن: لوولک ژەن.

لوولەساز: ئاسنگەرێکە کە لوولەی تفەنگ دارێژێ.

لوولەک: لوولەیەکی بۆشە، هەردوو سەری کراوەیە، بەڵام ئەم گەورەیە وەک بۆریەی سۆپا (اسطوانە).

لوولەکردن: لوولکردن.

لوولەکی: شتێکە وەک لوولەک وابێ.

لوولە و زنجیر: جۆرە خشڵێکی زێڕینە چەند لوولەیەکی تێدایە ژنان ڕاست و چەپ دەیکەنە ملیان.

لوولەینە: د. لوولێنە.

لوولێ: هـ. لوولک.

لوولیان: د. پێچران و لوولبوونی شت.

لوولێنە: گۆزەڵەی دەسک و لوولەدار.

لوێچ: لەوێچ.

لوێخەڕوو: ل. ڕیخۆڵە.

لوێشک: با. کولێرە. لووشە.

لۆبە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (بۆیە).

لە: پیتێکە بۆ گەلێ مەبەست هاتووە، (١) بۆ دەستکردن بەشتێک کە خاوەنی برانەوەبێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک یا لە کاتێکەوە بۆ کاتێک، (لە) سەرەتای کتێبەکەوە تا دواییم خوێندەوە، یا (لە) بەیانییەوە تا نیوەڕۆ ڕۆیشتم. (٢) بەمەعنای (هێند) هاتووە: (لە) هەموو میوەیەک بخۆ واتە لە هەر جۆرە هێندێک. (٣) بۆ باسکردنی ئەسڵی شتێکە: ئەم گوارەیە (لە) زێڕ و ئەم بازنە (لە) زیوە، واتە لە زێڕ و زیو دروست کراون. (٤) دەچێتە سەر هۆی شت: (لە)بەر تۆ هاتم، واتە بوونی تۆ مایەی هاتنی من بوو. (٥) دەچێتە سەر باو بەسەردادراو (مفضل علیە): نووسینی من لە هی تۆ جوانترە: (٦) لە سەرەتای وتارەوە بەگەلێ مەعنای تر دێ وەک بڵێیت: (لە) کوێ بوویت؟ یا (لە)چی دەگەڕێیت؟ یا (لە)بەرت مرم، یا (لە)چاوی منت کەوی. (٧) زیاد دەبێ لە وتاردا. بەم ڕەنگە لە فڕێدانیدا زیانێک پەیا نابێ مەگەر لە هۆنراوەدا نەبێ کە وەزنەکەی تێک بچێ: (لە)بۆ خەڵقی خەڵات بەخشانی ماچە، واتە بۆ خەڵقی.

لە ئاودان: بریتییە لە فیڕۆدانی شت.

لهازە: با. نوێڵ.

لەب: لێو.

لەبا: بەبا: ئەو دەڵەسەگە (لەبا)یە، واتە بەبایە.

لەباتی: لەجیاتی.

لەبادە: د. لبادە.

لەبار: شتێکە کە بۆ کارێک باش بگونجێ: نەریمان بۆ خوێندن (لەبار)ە.

لەبارابوون: تەوانایی یەکێک بۆ کارێک: سالار (لە بارایەتی) بخوێنێ.

لەباربوونەوە: د. بریتییە لە منداڵبوونی ئافرەت.

لەبارچوون: منداڵ فڕێدان بە نەبەکامی.

لەبارچوونەوە: د. لە سک وەستانەوەی ئافرەت.

لە بارە: لە بابەت: دوێنێ لە بارەی فلان کەسەوە دوایت، واتە لە بابەت ئەوەوە.

لەبان: گیایەکی گەڵا پانی ئاوی درێژە حەسیری لێ دروست دەکرێ.

لەبڕ: لە گۆترە: (لەبڕ) ئەم کارەم بۆ بکە.

لەبڕ بوونەوە: بریتییە لە لەڕبوون و لاوازبوون بەهۆی نەخۆشییەوە.

لەبرێژ: شتێکە کە پڕ بێ و بەلێواریدا بێتە خوارەوە.
لەبرەچوون: زۆر برژانی هێلکە. زۆر سووورەوەبوونی (کڵ) بەجۆرێک کە زۆر لە ئەندازەی خۆی تێپەڕیبێ.
لە برێتی: لە بریتی.
لە بری: لەجیاتی.
لە بریتی: لەباتی.
لەبزەرینە: د. چێشتێکە لە ساوەر و نیسک دروست دەکرێ.
لەبزینە: جۆرە خواردەمەنییەکی شیرینە، لە شەکر و ئارد و گوێز، یا بادام دروست دەکرێ.
لەبلەب: جۆرە کۆترێکە.
لەبلەبی: نۆکی سوێرکراوی برژاو.
لەبۆ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەجیاتی وتەی (بۆچی). بۆ.
لەبە: گۆشتی چەوری بەزاوی.
لەبەر: وتەیەکە هۆی شتی پێ باس دەکرێ: (لەبەر)تۆ هاتم. وتەیەکە پرسیاری هۆی شتی پێ دەکرێ: (لەبەر)چی هاتیت؟.
لەبەرچاو: شتێکی دیاری ئاشکرایە کە بەرچاوی هەموو کەس بکەوێ.
لەبەرچاوکەوتن: بێزرانی شت لە مەردووم.
لەبەرچوون: سووکی کارێک لەسەر شان و تەواوبوونی بەئاسانی: کاری تۆم زوو (لەبەر دەچێ) یا ئەم فرمانەم هەر (لەبەر ناچێ).
لەبەرچوونەوە: د. لەبارچوونەوە.
لەبەرچی: بۆچی.
لەبەرددان: بریتییە لە بەفیڕۆدان و لەناوبردنی دارایی: فیسار کەس هەرچی بوو (لە بەردی دا).
لەبەررۆیشتن: لەبەرچوون.
لەبەررۆین: لەبەررۆیشتن.
لەبەرکردن: پۆشینی کاڵا. خستنە یاد و جێگیرکردنی شتی نووسراو، یا بیستراو لە مێشک و دڵدا: دەرسەکەم (لەبەر کرد).
لەبی: لەبێ.
لەبێ: با. بەڵێ.
لەبیتاندن: ز. جووڵاندن.
لەبیتین: ز. جووڵان.
لەبیخە: با. لە پەیەکە لە ئارد، یا لە برویش، کە بخرێتە سەر پارچە قوماشێک بۆ ئەوەی کە لەسەر ئێش و ئازارێک دابنرێ.
لەبیربوون: مانی شتێک لە بیرت.
لەبیرچوون: دەرچوونی شت لە یاد.
لەبیرچوونەوە: لەبیرچوون.
لەپ: بەری دەست. لێوی ئەستوور (د). (لەپەلەپ) پەلەکوتی.
لەپارە: پارچەیەکی پانی ئەستوورە لە هەموو شتێک کە بەقەد لەپەدەستێک بێ. گوژمەی گوێز و توو (هـ).
لەپاش: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەکاتی تەواوبوونی وتارێک و دەستکردن بەوتارێکی تر.
لەپاشا: لەپاش.
لەپاشان: لەپاش.
لەپاشانا: لەپاشان.
لە پاکەوتن: د. لە پێ کەوتن.
لەپان: د. پاژنەی پێ.
لەپڕ: ناکاو.
لەپڕا: لەپڕ.
لەپکە: جۆرە کووژەکەیەکی شینە بەناوچەوانی منداڵدا هەڵ دەواسرێ بۆ چاوەزار، گوێچکە ماسی.
لەپماڵ: سواغدان بە لەپی دەست.
لەپۆرت: هـ. پەپکە هەنجیر.
لەپ و لەوس: دەم و قەپۆز.
لەپە: چێشتی نە زۆر شلی نە زۆر توند. لەتکەنۆک. سواغ (د). لەبرێژ (د).
لەپەتیر: ز. کەشکەک.
لەپەکوتی: دەستکوتان لەبەر نەبینین.
لەپەورو: بەسەر دەدما پاڵکەوتن.
لە پێست چوونەدەردوە: بریتییە لە تووڕەبوون و دڵتەنگ بوون لە شتێک: لە داخی نەریمان کە ناخوێنێ وەختە لە پێست بچمە دەرەوە.
لە پێست دەرچوون: لە پێست چوونەدەرەوە.
لەپێش: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بوونی شتێک لەپێش شتێکی تردا: ئەو لەپێش ئەمدا هات.
لەپێک: ز. دەستکێشێکە دەکرێتە دەست.
لەپێکردن: پێ کردن بەپێڵاو و گۆرەوی و دەرپێدا.
لەپێ کەوتن: نەمانی هێزی ڕۆین.
لەت: کەرتی شت. (لەت لەت) شتی لەتوپەت.
لەتان: بێ دەنگبوون. نەجووڵان.
لەتاو: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (لەبەر) و هەمیشە پێوبستە هۆکەی لە دوایەوە بێ: (لەتاو) ئازار خەوم لێ ناکەوێ.
لەتاوا: لەتاو، بەڵام ئەم هۆکەی پێشی دەکەوێ: نیمشەو سەرم زۆر دەیەشا (لەتاوا) خەوم لێ نەکەوت.
لەتاوان: لەتاوا.

لەتاوانا: لەتاوا.

لەتبوون: دووکەرتبوونی شت.

لەتر: ڕەت: بە(لەتر) ڕۆی.

لەتربردن: ڕەتبردن.

لەتردان: ڕەتدان.

لەتک: د. لەتی پچووکی شت.

لەتکردن: دووکەرتکردنی شت.

لەتکە: لەتی هەرمێ، یا تەماتەی وشک کراو.

لەتکەنۆک: نۆکی دوولەتکراوی پووش لێ گیراو.

لەتکەوەچوون: بەمنداڵێکی یەک ساڵانە، یا دوو ساڵانە دەوترێ کە بگری بەکوڵ بەجۆرێک کە چەند هەناسەیەک دەنگی دەرنەچێ لەبەر جەختی گریانەکەی.

لەتوپەت: شتی لەت لەتی ونجڕ ونجڕ، (لەتوپەتبوون) لەتبوونی شت بەزۆری، (لەتوپەتکردن) لەتکردنی شت بەزۆری.

لەتوکەت: لەتوپەت.

لەتە: د. لەت.

لەتەچن: د. سواڵکەرێکە کە لەتە نان بچنێتەوە.

لەتەچنی: د. سواڵکردن بۆ کۆکردنەوەی لەتە نان.

لەتەر: لەتەرە. بەلەک.

لەتەرە: هـ. تەشی.

لەتەرە بۆق: د. بریتییە لە مەردوومی سک زل.

لە تەک: د. لەگەڵ.

لە جـووت چوون: باش نیش نەکـردنی ئاشـە بەهۆی نارێکی تەوەردەوە: ئەم ئاشە لە جووت چووە.

لەجەر: گیانداری لاواز. ڕژدی چرووک.

لەجیاتی: لەباتی.

لەجێ چوون: ترازانی جومگەی ئەندام.

لەجێگەچوون: د. لەجێ چوون.

لەچاو: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بەرامبەری کردنی دوو شت بەیەک لە شتێکدا: ئەمە (لە چاو) ئەوەدا باشە یا خراپە.

لەچاوچوون: بەچاوەوەبوون: زۆر خـۆت هەڵ مـەکـێـشـە (لە چاو دەچییت).

لەچاو گـیـران: وتەیەکـە چاکەی یەکـێکی پێ دەدرێتـەوە بەچاوی یەکێکدا کە سوپاسی ئەو چاکەیە نەکا.

لەچک: پارچەیەکی چوارگۆشەیە لەسەر و مل دەئاڵێنرێ و گرێ دەدرێ. دەسماڵی کۆڵی ژنان.

لەچک بەسەر: لەچک بەسەرە.

لەچک بەسەرە: بریتییە لە ئافرەت

لەچککردن: ئاڵاندنی لەچک لە سەر و ملەوە.

لەچەر: ڕژدی چرووک.

لەچەری: ڕژدی و چرووکی.

لەچەک: لەچک.

لەچی: لەبەرچی.

لەحیم: شـتـێکە لە قـەڵایی و ئەوشاتر دروست دەکرێ، تەنەکە و مس و هێندێ شـتـی تری بەئاگـر پێ لێک دەدرێ، (لەحـیم کردن) پێکەوە لکاندنی دوو شت بەلەحیم.

لەحیمکاری: کاری لەحیم کردن.

لە خرتکە چوون: لەجێ چوونی جومگەی ئەندام.

لەخرین: با. کەسێکە کە بەیانی هیچی نەخواردبێ.

لەخشان: لەخشین.

لە خـشـتـەبردن: بریتـیـیـە لە هەڵخـەڵەتاندن و لە ڕێ دەرکـردنی یەکێک.

لەخشتەچوون: هەڵخەڵەتاندن.

لەخشە: جووڵەی شت لەجێی خۆی.

لەخشیان: د. لەخشان.

لەخشین: تێکچوون و جووڵانی شت لەجێی خۆی.

لەخۆبووردن: دەست هەڵگرتن لە ژیانی خۆت لەسەر شتێک.

لەخۆ ڕابینین: دەسەڵات و بەخۆدا ڕاپەڕموون لە کارێکدا.

لەخۆڕادیتن: لەخۆڕابینین.

لەخۆبوونەوە: عوزر هێنانەوە بۆ یەکێک لەگەڵ تەریقیدا.

لەخۆچوون: بێ هۆش کەوتن.

لەخۆخەفتن: کەسێکە کە ئاگاداری پاک و تەمیزی خۆی بکات.

لەخۆدەرچوون: د. بریتییە لە فیز پەیاکردن.

لەخورتن: لە خرین: لە خورتنی چامەخۆردەوە.

لەخۆکردن: دڵگیرکردنی یەکێک لە خۆت.

لەخۆگۆڕان: بریتییە لە فیز پەیاکردنی یەکێک.

لەخۆوە: بەشتێک دەوترێ کە کەس دەستی تێدا نەبێ: لە خۆمەوە چووم، یا لە خۆیەوە هات.

لە خەم ڕەخسین: بریتییە لە کزربوون و پێگەیشتنی شتێک.

لەداردان: هەڵواسینی مەردووم بەداردا.

لەداوەدەرهاتن: د. ڕزگاربوون لە تەنگانەیەک.

لەدووەدان: لغاو شلکردن بۆ یەکێک.

لەدەستچوون: بریتییە لە نەمان و لەناوچوونی شتێک.

لەدەستدان: بریتییە لە لەناوبردنی شتێک.

لەدەسـتـدەرچوون: دەرچوونی شـتـێـک لەژێر دەسـتت کـە بۆی پەشیمان بیت.

لە دەست کەفتن: د. لەدەست کەوتن.

لەدەستکەوتن: بریتییە لە دەوڵەمەندبوون.

لەدەسـتـهـاتـن: دەسـەڵات و تەوانایی یەکـێـک بەسـەر کـارێکدا: فیـسـار کەس لە دەستی دێ یارمەتیت بدات.

لەدەفی: د. هەرزەیی.

لەدەم دەرپەڕین: دەرپەڕینی وتە لە دەم بەرەنگێک کـــە لێی پەشیمان بیت.

لەدەم دەرچوون: لەدەم دەرپەڕین.

لە دەماخدان: شکاندنی لووتی یەکێک و لە کەیفدانی.

لەدەماغدان: لە دەماخدان.

لەدەمەودان: دووچارکردنی یەکێک بەتێچاندن بۆ لای یەکێکی تر.

لەدەورگەڕان: خۆکێڕان بەدەوری یەکێکدا بۆ ئەوەی بەڵاکەی ئەو لەو کەسە کەوێ.

لەراندن: جووڵاندنی شت.

لەراندنەوە: جووڵاندنەوە.

لەرانن: د. لەرانن.

لەرانەوە: د. لەراندنەوە.

لەرانەوە: لەرینەوە.

لەڕ: گیانداری لاواز. ناوی تیرەیەکی گەورەیە لە کورد (ز).

لەڕک: لاکی لەڕی لاواز.

لەروو: شتێکە بەڕووەوەبێ و دیار بێ.

لەروودا دامان: ڕووگیربوونی یەکێک بەرامبەر بەیەکێک.

لەروودان: دانەوەی شتێکی ناشیرین بەڕووی یەکێکدا.

لەڕەبا: جۆرە بادارییەکە دووچاری گیـاندار دەبێ و، تا دێ لەڕی دەکا.

لەڕێ دەربردن: بریتییە لە هەڵخەڵەتاندن و هەڵفریودانی یەکێک.

لەڕێ دەرچوون: بریتـییـە لە لادانی یەکـێک لە ڕەوشت و خـووی جوان.

لەڕێ لادان: لەڕێ دەرچوون.

لەڕی: لەجەری و کەم گۆشتی.

لەرز: نەخۆشـیـیـەکـە دووچاری هێندێ کـەس دەبێ هەمـوو لەشی دێتە لەرزە لە سەرماندا.

لەرزان: شتێکە کە بلەرزێ: لەرزانە ئەوریشە.

لەرزانە: پۆیلەی سەری ژن. جۆرە گۆرانییەکی کوردییە (د).

لەرزانەوە: لەرزینەوە.

لەرزبڕین: نوشتە نووسین بۆ یەکێک کە تووشی لەرز بووبێ.

لەرز بۆ بڕین: بریتییە لە تۆقاندنی یەکێک.

لەرزک: با. لەرزۆک.

لەرزگرتن: لەرزهاتن لە یەکێک.

لەرز و تا: جۆرە نەخۆشییەکە لە پێشەوە بە لەرز و لە پاشا بە تا دەیگرێ.

لەرز و تادار: کەسێکە دووچاری لەرز و تا بووبێ.

لەرزۆک: گیاندارێکە کە ئەندامی بلەرزێ.

لەرزە: لەرینەوەی ئەندام یا شـتـی تر، (لەرزەلەرز) لەرزەی یەک لەسەر یەک.

لەرزهاتن: لەرزگرتن.

لەرزەک: بوومەلەرزە، زەوی سستەک.

لەرزین: جـووڵانەوەی ئەندامی گـیـاندار، یەک لەسـەر یەک لە سەرما یا لە ترسا.

لەرزینەوە: لەرینەوە.

لەرۆک: شتێکە لەوانەبێ کە بلەرێتەوە.

لەرە: جـوولـە و لەرینەوەی شت، لەرەلەر: لەرەی یەک لە دوای یەک.

لەرینەوە: لەرەلەری شت.

لەز: با. پەلە و خێرایی: نەریان بە(لەز)د. واتە بەددستوبردە.

لەزاندن: ز. پەلەکردن.

لە زک: نزیک: لە زک بوو بێم بۆ لات.

لەزکرن: ز. لەزاندن.

لە زک وەستانەوە: سک نەکردنی ئافرەت لەبەر پیری.

لە زک وێستانەوە: لە زک وەستانەوە.

لە زکەوچوون: د. لە سک وەستانەوە.

لە زگ وەستانەوە: لە زک وەستانەوە.

لە زگ وێستانەوە: لە زک وێستانەوە.

لەزگین: کەسێکە کە زۆر بەپەلەبێ.

لەزین: ز. لەزاندن.

لەسەر: وتەیەکە بۆ بڵندی بەکاردێنرێ: باگردێنەکە (لەسەر) بانە.

لەسەرچوون: د. لەبیرچوون.

لەسەرخۆ: گیانداری هێدی و شێنەیی، (لەسەر خۆبوون) بوونی گیاندار بەهێدی و شێنەیی.

لەسەرخۆچوون: بێ هۆشکەوتنی گیاندار.

لەسەرخۆیی: هێدییێتی و شێنەیی.

لەسەردەستان: ژنێکە کە ژانی پێدابێ و منداڵی ببێ.

لەسەرڕۆیشتن: بریتییە لە درێژەدان بەقسەیەک.

لەسەرڕۆین: لەسەرڕۆیشتن.

لەسەر قەراخ: بەرداشێکە کە لەبەر زۆر ئیشکردن ناوەڕاستەکەی چاڵ بووبێ و، زەبر هەر لەسەر قـەراغی بێ: ئەم ئاشە لەسـەر قەراغە.

لەسـەرکـردن: کـردنی یەکـێـک بەهاوبەش، یا هاوبیـری خـۆت لە شتێکدا.

لەسـەرکـردنەوە: یارمـەتیـدانی یەکـێـکی زدبوون کـە زۆرێکی بۆ هاتبێ.

لەسەرگرێ: بەرداشێکە کـە ناوەڕاسـتـەکـەی قـۆقـز بێ: ئەم ئاشـە لەسەر گرتیە.

لەسەرەوکردن: د. لەسەرکردنەوە.
لەش: جەستە و ئەندامی گیاندار. بریتییە لەپاش و پێشی مەردووم.
لەش بەبار: بریتییە لە کەسێک کە هەر نەخۆش و دەردەداربێ.
لەش بەدۆشاو: بریتییە لە یەکێک کە بەبایەک نەخۆش بکەوێ.
لەش پێس: کەسێکە بەهۆی چوونە لای خێزانی یا بەهۆی شەیتانی بوونیەوە مەلەی کەوتبێتە سەر.
لەش پیسی: بوونی مەردووم بەجۆرێک کە مەلەی لەسەربێ.
لەشی سووک: کەسێکە زۆر بەسووکی هەڵسووڕێ.
لەش قورس: بریتییە لە مەردوومی تەمەڵ. بریتییە لە مەردوومی لەش پیس .
لەش قورسی: تەمەڵی. لەش پیسی.
لەشکر: کۆمەڵی سەرباز.
لەشکر ئارا: گەورەی لەشکر.
لەشکردار: لەشکرەوان.
لەشکرشکێن: مەردوومی ئازای جەنگاوەر.
لەشکرکاری: لەشکر کۆکردنەوە و هێنان و بردنی.
لەشکرگا: شوێنی لەشکر.
لەشکرەوان: د. سەرلەشکر.
لەشکری: سەرباز.
لەشکەر: با. لەشکر.
لەش گران: لەش قورس.
لەش گرانی: لەشقورسی.
لەشۆر دەرکردن: بریتییە لە دەرکردنی شت لە ئەندازەی خۆی.
لەشولار: جەستە و ئەندامی جوانی ئادەمی.
لەشیر برینەوە: برینەوەی منداڵی شیرەخۆرە لە مەمک.
لەعل: جۆرە بەردێکی ئاڵی بەنرخە .
لەعلە: د. لالە.
لەعوزرچوونەوە: لە خوێن وەستانەوەی ژن لەبەر پیری.
لە عوزروەستانەوە: لە عوزرچوونەوە.
لەغاو: لغاو.
لەغاوە: لغاوە.
لەغاوەبرکێ: لغاوەبرکێ.
لەغاوەبڕێ: لغاوەبڕێ.
لەغاوهەڵبڕین: لغاوهەڵبڕین.
لەغاوهەڵکێشان: لغاوهەڵکێشان .
لەغەر: ز. گیانداری لەڕ. گۆشتی لەڕ.
لەغەم: قوموشی قووڵی سەر گیراو .
لەغم لێدان: هەڵکەندنی قومووش.
لەڤان: ز. بێ دەنگبوون و دامرکان.
لەڤەن: با. قامیش.
لەق: شتێکە کە لەجێی خۆی بجووڵێ: لق (د). گاز (با).
لەقاندن: جووڵاندنی شت لە جێی خۆی.
لەقانن: لەقاندن.
لەقاو: شتی لەقیو. لغاو.
لەقبوون: شلبوون و جووڵانی شت لەجێی خۆی.
لەقکردن: شلکردن و جووڵاندنی شت لەجێی خۆی.
لەقلەق: باڵندەیەکی لۆق و دەنووک و ملدرێژی ڕەش و سپییە. چێشتێکە لە گەنم و کونجی دروست دەکرێ (د).
لەقلەقی: جۆرە ترێیەکی بۆڵ زلی خڕی پێست ئەستووری بۆرە
لەقماڵ: شلبوونی دەستەدووی هەوجارە بە جۆرێک کە گاسن باش نەچێ بەزەوییبیدا.
لەقمکردن: با. پاچەکۆڵەکردنی بنکی کاڵەک و شووتی و تەماتە و هێندێ شتی تر و، پاڵخستنی لقەکانی و خۆڵکردن بەسەریدا بۆ تەرزهاویشتن.
لەقولۆق: چەند شتێکن کە لە جێی خۆیان ترازابن و لەق بووبن: ددانەکانم (بەقولۆق) بوون.
لەقولەوار: لەقولۆق.
لەقە: لێدان لە شت بەلاقێک. جووڵە، (لەقەلەق) جوولەجووڵ.
لەقەشێل: شتێکە بەلەقە شێلرابێ.
لەقەفرتێ: لەقە داوەشاندنەوەی زۆر لە پاڵەوە.
لەقەفرە: لەقەفرتێ.
لەقەفرێ: لەقەفرتێ.
لەقەمگرتن: ڕەخنەگرتن.
لەقەوشێن: ولاخی چەمووش.
لەقین: بزووتنی شت لەجێی خۆی.
لەک: ناوە بۆ سەد هەزار. ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.
لە کارتە: د. بێکارەی لەکارکەوتە.
لە کارخستن: پەکخستنی شت لە کار.
لەکۆڵبوونەوە: لە کۆڵکەوتن.
لەکۆڵخستن: بریتییە لە ڕزگارکردنی یەکێک لە شتێکی ناخۆش.
لەکۆڵکردن: بەکۆڵ هەڵگرتنی یەکێک.
لەکۆڵکردنەوە: لەکۆڵخستن.
لەکۆڵکەوتن: بریتییە لە ڕزگاربوونی یەکێک لە شتێک.
لەکۆڵگرتن: لەکۆڵکردن. بەستنەکۆڵی کۆڵوانە.
لەکوێ: وتەیەکە پرسیاری پێ دەکرێ بۆ دیاری کردنی شوێن.
لەکە: پەڵەی چڵکنی شت.
لەکەردەم کەفتگ: د. لە کەردم کەوتوو.
لە کەردم کەوتن: لەکارکەوتن.
لەکیسچوو: شتێکە کە لە دەست چووبێ.

لە کیس چووک: د. لەکیسچوو.
لە کیسچوون: لە دەست چوونی شتێک.
لەگام: کەسێکە کە زۆر کلکەلەقێ و ڕووپامایی بکات.
لەگان: لەگەن.
لەگرسە: د. شتی مەیو وەک خوێن.
لەگرە: لێرە.
لەگرەودوا: لە ئێستا بەدواوە.
لەگژ: خەریک: چووم بۆ لای ئەریمان دیم لە گژ دەرسەکەی بوو.
لەگلەگ: ز. لەقلەق.
لەگۆچوو: ئەندامێکە لە سەرماندا سڕبووبێ.
لەگۆچووگ: د. لەگۆچوو.
لەگوچوون: سڕبوون لەسەرماندا.
لەگۆڕهاتن: بەرامبەری کردنی یەکێک و زاڵبوون بەسەریدا.
لەگۆکەوتن: لەگۆچوون.
لەگووپدان: وتەیەکە بەیەکێک دەوترێ لە ڕووی سووکییەوە کە لە بابەت شتێکەوە نائومێد بووبێ: برۆ هەر لە گووپی خۆت بدە.
لەگەچوون: دەرچوونی جومگە و لەجێ چوونی.
لەگەڵ: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بوون و هاوڕێیی شتێک لەگەڵ شتێکی تردا: (لەگەڵ) ئەریماندا ڕۆیشتم.
لەگەن: دەفرێکی مسینی دەم والە.
لەگیرچوون: د. لەگۆچوون.
لەل: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ دەربڕینی مەبەست یا دەرنەبڕینی: ناتوانیت بڵێیت (لەل) یا من ئەو کارە دەکەم تۆ دەتوانیت بڵێی (لەل).
لەلۆ: د. لەلوو.
لەلوو: هـ. جۆلانە.
لەلووک: جۆلانە.
لەلە: کەسێکە کە تەرخان کرابێ بۆ ئامۆژگاری و ئاگاداری کردنی منداڵ، شوێنێکە لە شت کەوا بڕابێ، لەلە کردن: دابڕینی هێندێ شت بۆ مەبەستێک.
لەلەیی: ئامۆژگاری و سەرپەرشتی منداڵ لەلایەن یەکێکەوە کە بۆ ئەوە تەرخان کرابێ.
لەم: سک (هـ). برکی ترۆزی و کوولەکە (ز).
لە ماکۆدان: دروێنەی دەغڵ و گیایە بەکەرەنتوو.
لەمپا: چرای بۆریەدار.
لەمپە: با. لەمپا.
لەمپەر: شتێکە کە بکەوێتە ناوەندی دوو شتەوە بەرەنگێک کە لە یەکیان جیا بکاتەوە (حاجز).
لەمساندن: ز. هەردوو دەست خستنەبەر باخەڵ لە سەرماندا.
لەم لاوە: وتەیەکە ئاماژە (ئیشارە)ی پێ دەکرێ بۆ لایەکی نزیکتر لە لایەکی تر.
لەمەڕ: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پەیوەندی شتێک بەشتێکەوە: ئەمە وڵاخەکەی (لەمەڕ) فەرهادە.
لەمەزەڕینە: هـ. نیسکێنەی سەر بەڕۆن.
لەمەوبەر: بەر لە ئێستا.
لەمەودوا: لەمەولا.
لەمەولا: لە ئێستا بەدواوە.
لەمەولاوە: لەمەولا.
لەمێ: لێرە.
لەمیانە: لەمێ.
لەمێژ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (دەمێکە). نوێژ و خواپەرستی (ز).
لەن: زیخەڵان و وشکەڵانێکە لەناو چەم و ڕووباردا وەک دوورگە (جزیرە) پەیدابووبێ بە هۆی جیابوونەوەی قوڵێکی کەم لە ئاوەکە.
لەناوبردن: بریتییە لە نەهێشتنی شتێک لە ئارادا.
لەناواچوو: شتێکە کە نەمابێ لە ئارادا.
لەناوچووگ: لەناوچوو.
لەناوچوون: بریتییە لە نەمانی شتێک.
لەناودان: لەناوبردن.
لەنج: د. ڕق و قین.
لەنجباز: د. قین لە سک.
لەنجە: خۆبادان لە ڕۆیندا.
لەنجەولار: خۆ لارکردنەوە و خۆبادان بەناز.
لەند: دەشتاییەکی نەختی بەرزە لەناو کێڵگەدا کە ئەملا و ئەولاکەی ئاو گرتبێتیەوە، بەڵام ئەو شوێنە بەوشکی مابێتەوە (جزیرە).
لەندک: ز. لانک.
لەندەهوور: مەردوومی درێژی زلی کەتە.
لەنگ: شەل. شیعری نارێک. وێستان لە شوێنێک.
لەنگوچک: فەقیانە.
لەنگە: لەنگین، (لەنگەلەنگ) شەلە شەل. نوێڵ.
لەنگەر: ئاسنێکی قورسە بەزنجیرێکی ئەستوورەوە کەشتیوان لەکاتی وەستاندنی کەشتیدا دارۆچکەی ناو ئاوی دەکا بۆ ئەوەی کە بوەستێ. وەزن و کێش: ئەم دوو شیعرە هاولەنگەرن.
لەنگەرگا: شوێنێکە کە کەشتی لەنگەری تێدا بهاوێ.
لەنگەر فڕێدان: لەنگەر هاویشتن.
لەنگەرگرتن: وەستان و نەبزووتنی باڵدار لە حەوا و کەشتی لە ئاودا.

لەنگەر هاویشتن: لەنگەرگرتنی کەشتی.
لەنگەری: شتێکی دارینە وەک سینی، دانەوێڵەی پێ تەتەڵە دەکرێ.
لەنگەکردن: شەلیین لە ڕۆیندا.
لەنگێزە: بارانی خوڕەمی بەتاو.
لەنگی: شەلی.
لەنگین: شەلین.
لەنێوبردن: لەناوبردن.
لەنێوچوون: لەناوچوون.
لەو: لێو (ل). لە ئەو: لەوی وەرگرە، واتە لە ئەو.
لەوازە: ئەو تێلاَیانەن کە وەک (لەنگە) بەیارمەتی (گردەڵە)وە بەرداشی پێ دادەگرن و سەری دەخەنەوە.
لەواسە: بەری دەست و پێ.
لەواش: پەلی گیاندار. لەواشە (د).
لەواشە: جۆرە نانێکی ئەستوورە. دارێکی دووفاقە دەکرێتە لچی کەر و ئێستردەوە لەکاتی نالکردنیاندا و سەرەکەی توند شەتەک دەدرێ.
لەوان: لەبان، وتەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ چەند کەسێکی نادیار.
لەوانە: وتەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ چەند کەسێکی دیار.
لەوتاندن: با. پیسکردن.
لەوج: د. گەوج.
لەجر: چەنەباز.
لەوچە: قەوچە، (لەوچەلەوچ) لەوچەی یەک لەدوای یەک. چەنەباز (ز).
لەوح: تەختەی پان.
لەوحە: لەوح.
لەودوا: د. لەوەدوا.
لەوەدە: د. گاڵتەچی. گەوج. لۆدە.
لەورە: لەوێ.
لەوزینە: د. لەبزینە.
لەوس: لچ: دەم و (لەوس)ی خواتەوە.
لەوساوە: لەودەمەوە.
لەوسن: با. لێونەستوور.
لەولاو: د. لاولاو.
لەولاوە: وتەیەکە ئاماژە (ئیشارە)ی پێ دەکرێ بۆ لایەکی دوورتر لە لایەکی تر.
لەوما: وتەیەکە بەکاردێنرێ وەک وتەی (چونکە).
لەون: جۆر: بەم لەونە نابێ.
لەوە: وتەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ تاقە شتێکی دیار.
لەوەبەر: لە پێش ئێستاکەوە.
لەوەپاش: لەمەودوا.
لەوەپێش: لەوەبەر.
لەوەدوا: دوای ئەوە.
لەوەڕ: گیا و پووشێکە کە ئاژاڵ بیخوا. لەوەڕین: ئاژاڵەکە چووە بۆ لەوەڕ.
لەوەڕان: لەوەڕین.
لەوەڕاندن: بردنی ئاژاڵ بۆ لەوەڕخواردن.
لەوەڕانن: لەوەڕاندن.
لەوەڕگا: شوێنێکە کە ئاژاڵ تێیدا بلەوەڕێ.
لەوەڕیان: د. لەوەڕین.
لەوەڕین: خواردنی گیا و پووش لەلایەن ئاژاڵ و وڵاخەوە بەدەمی خۆی.
لەوەن: قامیش (ز). سۆزانی.
لەوەند: شۆخ و شەنگ.
لەوەندە: لەو ئەندازەیە.
لەوەندی: با. فەقیانە.
لەوهەندە: لەوەندە.
لەوێ: وتەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ شوێنێکی دوور.
لەویانە: لەوێ.
لەوێچ: قوولی تەنها دەستێک کە پەنجەکانی پێکەوە بنووسێنرێ: پڕ (لەوێچ)ێک مێوژم بدەرێ.
لەوێرا: لەوێوە.
لەوێندەرێ: لەوێ.
لەوێنە: لەوێ.
لەهلهاک: ل. مارمێلکە.
لەهن: ز. لانی ورچ.
لە هۆش خۆ چوون:بوورانەوە.
لە هەڤهاتن: ز. ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە.
لەی: هـ. بەرە.
لەیرت: مەردوومی شاقڵداری چوارشانە.
لە هیکرا: لەپڕ.
لەهی: لافاو. سێلاو.
لەیرە: لێرە.
لەیز: ز. یاری و گاڵتە.
لەیزووک: با. لەیزین.
لەیزین: ز. یاریکردن.
لەیستن: ز. یاریکردن.
لەیلاخ: کوێستان.
لەیلوپەڕ: لیل و پەڕ.

لەیلووک: جۆلانە.

لەیلەدۆنێ: د. ژنی هەرزەی گەڕۆک.

لهێم: لەحیم.

لەینە: لەوێ.

لەیەکبوون: لێکبوون.

لەیەک بەربوون: جیابوونەوەی شت لەیەک. بەیەکداهاتنی دووکەس و بەگژیەکداچوونیان.

لەیەک بەردان: جیاکردنەوەی دووشت لە یەک: کورسییەکەی لەیەک بەردا. بەگژ یەکداکردنی دووکەس یا زیاتر.

لەیەکچوون: چوونی دووشت لەیەک.

لەیەکدان: تێکەڵاوکردنی دووشت لەگەڵ یەکتری: گەنم و جۆکە (لەیەک بدە). دروونی دووشت بەیەکدا: تەختەکانی جاجمەکە (لەیەک بدە).

لێ: وتەیەکە مێینەی ئاودەمی پێ بانگ دەکرێ (ز). بەڵام (ز). وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (با واش بێ). پیتێکە بەدوای هێندێ وتەوە دەنووسێ خۆشەویستی ئەو شتە دەگەیەنێ: بابە(لێ)، دایە(لێ). پێشگرێکە دەچێتە سەر هێندێ کردار وەک لێخستن، لێکردن، لێبردن.

لێبردن: پیابردن. بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێ: چاکی (لێ برد).

لێبران: کورتهێنانی شتێک لە شتێک: جاجمەکە بەنی (لێ براوە). دەستدانە کارێک و پشتێن بەستن بۆ کردنی بەراستی: فیسار کەس چاک بۆ خوا (لێبراوە).

لێبڕیان: د. لێبران.

لێبڕین: بڕینی شتێک لە یەکێک.

لێبووردن: لێخۆشبوون.

لێبوردوو: کەسێکە کە زۆر چاوپۆشی بکا.

لێبوورده: کەسێکە لێبووردنی زۆربێ.

لێبوونەوە: تەواوکردنی کارێک و دەست لێ هەڵگرتنی. جیابوونەوەی شتێک لە شتێک: کتێبەکە بەرەیەکی (لێ بۆتەوە).

لێپ: ز. فێڵ و کەڵەکە.

لێپرسراو: کەسێکە کە ئەرکی جێبەجێکردنی کارێکی بەسەرەوە بێ

لێپرسراوی: بەرپرسیاریەتی یەکێک لە کارێک.

لێپرسینەوە: پرسیارکردن لە یەکێک یا لە شتێک بەوردی.

لیپۆک: ز. کەسێکە شێوەی خۆی بگۆڕێ بەجۆرێک کە پێی پێ بکەنن.

لێ پێچانەوە: لێ پرسینەوە.

لێ پیسکردن: گۆڕانی نەخۆشی بەنەخۆشییەکی تر (مضاعفات).

لێ تۆژینەوە: لێ پرسینەوە.

لێ تێکچوون: شێوانی کارێک لە یەکێک.

لێچ: ز. گولاو.

لێچوو: شتێکە کەشتێکی تری پێ بشوبهێنرێ.

لێچوواندن: تەشبیه کردنی شتێک بە شتێکی تر.

لێچوون: دەڵاندنی دەفرێک کە شتی شلی تێدابێ. بریتییە لە پەڕینی وڵاخی یەکسم لە مێکەی. چوونی شتێک لە شتێک لە دیمەندا: پەروین و نەرمین (لەیەک دەچن).

لێچوونەوە: لە هێلکە وەستانەوەی مریشک. بریتییە لە یەکێک کە نوێژکەر بووبێ و دەستی لێ هەڵگرتبێ.

لێخراو: کەسێکە لە پیشەیەک دەرکرابێ.

لێخستن: دەرکردنی یەکێک لە پیشەکەی. هێنانی شتێک بەسەر شتێکدا. لێدان (ز).

لێخشاندن: هێنانی شتێک بەسەر شتێکدا بەئاستەم.

لێخواردن: بریتییە لە لایەن بەردانی یەکێک: من لە فیسار کەس (ناخۆم) واتە لایەنی بەرنادەم.

لێخوڕ: کەسێکە کە ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە و هەموو جۆرە مەکینەیەک بیا بەڕێوە.

لێخوڕین: بەرێگادابردنی چوارپێ. تێ خووڕین و هەڕەشە کردن.

لێخۆشبوون: خۆشبوونی یەکێک لە شتێک.

لێخەفتان: لێخەفتن.

لێخەفتن: ئاگاداری پاک و تەمیزی.

لێدان: کێشانی دەست یا قاچ یا شتێکی تر بەشتێکدا. بەناو ئاو ڕۆین و پەڕینەوە: (لە چەمەکە بدە). بریتییە لە دزین: فیسار کەس چاکی (لێدا) بریتییە لە ترکەندن.

لێدزینەوە: گلدانەوە و بردان: دیوارەکە قەنگا سە بەرەبەرە (لێی بدزەرەوە)، یا کاڵاکە فراوانە لە درووندا (لێی بدزەرەوە) یا لە ڕۆژانەکەت (بدزەرەوە) بۆ دوارۆژت.

لێدوان: دوانی یەکێک لە یەکێک یا لە کارێک.

لێدەر: مەردوومی بزەن.

لێ دەرکردن: دەرکردنی شتێک لە شتێک.

لێر: ل. لیک.

لێرانە: لێرە.

لێڕ: کەلەپوور. لێڕەوار.

لێڕەوار: دارستانی پڕی چڕ.

لێرک: ز. ڕشتنی ئاو.

لێرە: وتەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێ بۆ ئەو شوێنەی کە تۆی تێدایت.

لێرە بەدواوە: لەمەولا.

لێزان: کەسێکە لە کارێکدا شارەزابێ.

لێزانین: شارەزایی لە کارێکدا.

لێزگە: مووروی هۆنراوە.

لێزم: د. لێزمە.

لێزماو: د. لافاوێکە کە لە بارانی لێزمەوە پەیدا ببێ.

لیزمە: بارانی بەخوڕ.

لێزین: ز. یاریکردن.

لێژ: سەربەرەوخوارە.

لێژایی: شوێنی سەربەرەوخوارە.

لێژنە: داری سووتاندنی لەسەر یەک هەڵچنراو. ئەنجوومەن.

لێژی: لێژایی.

لێسانەوە: د. لێسانەوە.

لێسانەوە: لستنەوە.

لیسب: لۆی هۆنراوەی پرچ. لۆی هۆنراوەی قۆچەقانی.

لێسپا: سێپای ئاگر.

لێستن: د. لستنەوە.

لێستنەوە: لستنەوە.

لیسک: گورزەی تیشکی خۆر.

لێسک: تیغێکی کەوانەییە ناو کەوچک و کاسەی پێ هەڵدەکۆڵرێ.

لێسکە: لێسک.

لیسۆکە: بەردێکە کە لە چەمدا ئاوەسوو بووبێ و، زۆر گەورە نەبێ.

لێسە: بریتییە لە خواردەمەنی زۆری خۆڕایی: فیسار کەس هەر (لێسە)ی ببێ بەسیەتی. بەردێکی لووسی گردە شتی پێ لووس دەکرێ. ماڵەیەکە زەوی کێڵراوی پێ تەخت دەکرێ.

لێشاو: ناوی زۆربەی زۆر. بریتییە لە هەموو شتێکی زۆر.

لێشرێ: هـ. قازیاخە.

لێشێوان: شێوان و تێکچوونی شتێک لە یەکێک.

لیغاب: ز. لغاو.

لیغین: ز. شتی لینج.

لێف: لێفە.

لێفکە: لفکە.

لێفۆک: با. کەسێکە کە زۆر داوای شت بکا لە مەردووم.

لێفۆکە: لێفەی پچکۆلە.

لێفە: پێخەفێکی بەر و پشتداری لۆکە، یا خوری لەناوی، پڕ تەریبە.

لێفە دروو: کەسێکە هەر لێفە بدروێ.

لیڤ: با. لێو.

لیڤا: ز. بەرخ.

لێق: د. لیق.

لێقۆمیان: د. لێقەومان.

لێقە: د. لیقە.

لێقەومان: سەر لێ شێوان و تێکچوونی ژیان لە یەکێک.

لێقەوماو: کەسێکە ژیانی لێ تێکچووبێ.

لێک ئانین: ز. ڕێکخستنی دوو کەس.

لێکبڕان: دوورکەوتنەوەی دوو گیاندار لە یەکتری بەڕەنگێک کە دەنگیان بەیەک نەگا.

لێکبوون: جیابوونەوە و لێکبڕانی دوو کەس بەزۆری.

لێکبوونەوە: یەکالابوونەوەی هێندێ شت: مەشکەکە (لێک بووەوە) جیابوونەوەی دوو گیاندار لەیەک لە کاتی بە گژ یەکدا چوون.

لێکترازان: ترازان و جیابوونەوەی دوو شت لەیەک.

لێک خەفتان: بەدووی سەری یەکتریدا گەڕان.

لێکدا لێکدا: پەیتاپەیتا.

لێکدان: لە یەکتری دانی دووگیاندار. ناوێتە و تێکەڵکردنی دوو شت بەیەک. گۆڕینەوەی دوو شت بەیەکتری لەگەڵ باقی دانەوەدا .

لێکدانەوە: بیرکردنەوە لە شت و وردکردنەوەی لە دڵدا.

لێکردن: باراش ڕۆکردن لەسەر ئاش بۆ هاڕینی. خستنی شتێک بۆ سەر پشتی وڵاخ: زینەکە یا کورتانەکە یا بارەکەی (لێکە). تەکاندنەوەی یەکێک لە یەکێک: چاک فیسار کەست (لێ کردم).

لێکردنەوە: کردنەوەی شتێک لە شتێکی تر.

لێکڕەوینەوە: دوورکەوتنەوەی پارچەی شت لە یەکتری: کورسییەکە (لێک ڕەویوەتەوە) واتە پارچەکانی لێک ترازاون. ڕەپبوونی ئەندامی گیاندار لەبەر قەڵەوی یا ئاوساوی.

لێککران: ڕەنجاندنی دووکەس لە یەک.

لێککردنەوە: جیاکردنەوەی دوو شت لە یەک.

لێککەوتن: کەوتنی دوو شت لە یەکتری.

لێکنان: قووچاندنی چاو یا دەم. پێوەدانی کتێب: کتێبەکە (لێکنێ).

لێکوپێکبوونەوە: هەڵوەشان و پارچەپارچەبوونی شت.

لێکۆڵینەوە: بۆست کەندەکردنی شتێک.

لێکهاتن: ز. ڕێکەوتنی دووکەس یا زیاتر.

لێکەفتگ: د. لێکەوتە.

لێکەفتن: د. لێکەوتن، لێککەوتن.

لێکەفتە: د. لێکەوتە.

لێکەوتن: ونکردنی شت: پارەکەم (لێکەوت). لێککەوتن. نەمانی دارایی یا پیشەی دەوڵەتی یەکێک: فیسار کەس (لێ کەوتووە) واتە هەژار بووە یا لێ خراوە.

لێکەوتوو: لێکەوتە.

لێکەوتە: کەسێکە دارایی یا پیشەی دەوڵەتی نەمابێ. مەردوومی دەستەوسان.

لێگرتن: لە دڵەوە زویربوون لە یەکێک: فیسار کەس منداڵە (لێی مەگرە). هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ.

لێگرتنەوە: لێدزینەوە. بڕینی مووچەی یەکێک.

لێگۆڕان: گۆڕانی شتێک لە یەکێک.

لێگەڕان: وازهێنان لە شتێک.

لێ گێڕانەوە: کەمکردنەوەی شتێک لە یەکێک.

لێڵ: ناوی لیخن. بریتییە لە مەردوومی زویر، (لێڵبوون) بریتییە لە زویربوون.

لێلافک: با. لاولاو.

لێلاڤ: ز. بەفری تواوە.

لێلاو: لێلایی.

لێلاویی: لێلایی.

لێلای: کوێرایی.

لێلایی داهاتن: کوێربوون.

لێڵکردن: ز. لابردنی توێکڵی سەوزی گوێز و فندق.

لێڵە: کاتێکە لە بەیانیان و ئێواراندا کە جیهان نە زۆر تاریک و نە زۆر ڕووناک بێ. خڵتەی بنکی هەنگوین و شتی تر. قوڕاوێکە دەکرێتە سەر سەوزایی بۆ بەهێزبوونی .

لێڵی: لیخنی.

لێم: لەمن: (لێم) لادە.

لێمشت: با. لافاو.

لێنان: دەمکردنی چایی. خستنە سەر ئاگری چێشت بۆ کوڵاندنی. دەرمان خستنە سەر برین. نووساندنی هێندێ شت بەشتێکەوە: دەسکی (نالە کۆزەکە). بارخستنە سەر پشتی وڵاخ.

لێنیان: د. لێنان.

لینج: شتێکی تەڕە کە دوو شت بەیەکەوە بنووسێنێ وەک سرێش.

لینجاو: شتی لینجی شل.

لینجی: بوونی شت بەلینج.

لینچق: لینچک.

لینچقاو: لینچکاو.

لینچک: شتێکە کە کەمێک لینج بێ.

لینچکاو: لینجاو.

لیندوو: لنگوو.

لێنیان: د. لێنان.

لێنیشتن: سواربوونی گوریس و چەرخ و فەلەک. دەستکردن بەجل شوشتن.

لێو: قەراغی سەرەوەی دەم . لێوار.

لێوار: لچ و کەناری شت.

لێوارە: د. لێوار.

لێوان: دەفرێکە تا لێوەکەی پڕ بێ لە شت. پەرداخ.

لێوانلێو: دەفری لێوان.

لێوانە: لێوانلێو.

لێوبردن بەدەما: بریتییە لە تووڕەبوون بەجۆرێک کە لە عەزرەتدا لێو بەرێ بەدەمدا.

لێوبەبار: بریتییە لە مەردوومی خەفەتبار.

لێودار: شتێکە کە لێوی ببێ.

لێودان: هاتنە خوارەوەی شتی شل لە لێوی دەفر بەئاسانی کە نەڕژێ.

لێو کورۆشتن: لێو بەدەمدا بردن.

لێوە: شێت (ل). فرۆیەکە کە شیری تێکەڵ کرابێ بۆ ئەوەی کە زۆر توند نەبێ. خاکەلێوە. فێ (د). خوریە (د).

لێوەرگرتن: وەرگرتنی شتێک لە یەکێک یا لە شتێک: ئەم قسەیەم لە فلان کتێب وەرگرتووە و، کتێبەکەشم لە فیسار کەس وەرگرتووە.

لێوەشانەوە: لێوەشینەوە.

لێوەشینەوە: گونجانی کارێک لە یەکێک و لەبارابوونی.

لێوەشۆ: شوێنێکی زیبخەڵانە کە بەدەم ئاوەوە خۆی نەگرێ.

لێوەلەرزە: لێوەلەرە.

لێوەلەرە: بریتییە لە ترسان بەجۆرێک کە لێو بێتە لەرزین.

لێوەلەرێ: لێوەلەرە.

لێوباگ: د. فێدار.

لێویان: د. فێ لێهاتن. داخورپان.

لێهاتن: پەیابوونی ئازارێکی کوتووپڕی کوشندە لە گیاندار. پێکەوتنی کاڵا لە یەکێک. وەشانەوەی شتێک لە یەکێک.

لێهاتوو: کەسێکە کە هەموو کارێکی باشی لە دەست بێ.

لێهاتن: د. لێهاتوو.

لێهەڵسان: تەوانایی و دەسەڵات بۆ کردنی کارێک: (لێم هەڵناستێ) خانوو بکەم.

لی: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (ئەو) بەڵام هەر بۆ مێینە بەکاردێنرێ.

لیپ: پارووی گەورە. فێڵ. شەپۆل (د).

لیپان: دەفری زۆر پڕ.

لیپانلیپ: لیپاولیپ.

لیپاو: د. شەپۆل.

لیپاولیپ: دەفرێکە کە پڕ بێ لە شتێک تا لێواری.

لیپلێدان: پارووی گەورەگرتن.

لیت: ل. لووت.

لیتاو: لیتەی زۆر شل.

لیتە: قوڕی شل.

لیچ: حەوز (ز). مێوژێکە کە کوترابێ بۆ دۆشاو (با). لینج.

لیچاڵ: د. مرەبا.

لیخن: ئاوی لێڵ.

لیر: جۆرە ئاوساوییەکی پەڵە پەڵەی بەئالۆشە لە جەستە پەیدا دەبێ.

لیرکردن: لیردەرکردن.

لیرگ: لیر. شەرا (د).

لیرگدار: د. شەرابردوو.

لیرە: دراوێکی زێڕینی بەنرخە.

لیزگ: د. تیشک، تاڵێک لە بەن و شتی تر.

لیس: داری ئەستووری درێژی بێ قۆرت و گرێ. کولانەی مریشک و باڵندە (ز).

لیس تێکوتان: بریتییە لە زۆر هاتوچۆکردنی یەکێک بۆ شوێنێک.

لیس تێهاویشتن: لیس تێکوتان.

لیفک: ز. لفکە.

لیفکە: د. لفکە.

لیفە: د. کیسەی حەمام. کەلکیت.

لیڤ: ز. لێو.

لیق: شتێکی نەرمە کە خۆی نەگرتبێ وەک ماستی تازە مەیو و گۆشتی لەجەر.

لیقن: ترێیەکە کە لەبەر زۆر گەین بڵ بووبێ.

لیقە: پارچەیەکی نەرم و شلە دەخرێتە ناو مەرەکەبی دوێتەوە. گیایەکی پاییزی گەڵا باریکە بۆ ئاژاڵی وردە خراپە.

لیقەلیق: پێکەنین و هێلکە هێلک، (لیق و هووڕ) لیقە لیقی زۆر.

لیک: تف و لینجاییەکە بەدەمدا بێتە خوارەوە.

لیکن: کەسێکە کە لیکی زۆربێ.

لیکە: گیای ناسکی نازاو.

لیلق: د. گۆشتی چەرمە چەقاڵتە.

لیلک: گیانداری تازەبووی شلەپەتە کە هێشتا خۆی نەگرتبێ.

لیلوپەڕ: لیلوفەڕ.

لیلوفەڕ: گوڵێکە لەناو ئاودا دەڕوێ و بەرز دەبێتەوە تا سەر ئاوەکە دەکەوێ ئینجا گوڵێکی سپی دەکا وەک دەرخۆنە.

لیلەنگ: خوم.

لیمان: جۆرە تەڕی و زرینجکاوێکە لە کۆمی هێندێ مایەسیری دارەوە دێ.

لیمۆ: میوەیەکی خڕی زەردی بۆنخۆشی ترش یا شیرینە.

لیمۆیی: شتێکە کە ڕەنگی وەکو ڕەنگی لیمۆ وابێ.

لینک: با. کووپەی گەورە.

لیو: لم.

لیە: ز. لافاو.

م

م: ڕاناوی لکاوە بۆ قسەکەری تەنیا (متکلم وحدە)، دەلکێ بەدوای ناو و کردارەوە: کور(م)، ڕۆیشت (م)، دەڕۆ(م). ژمارەی ئەسڵی دەکا بەژمارەی تەرتیبی: یەکە (م)، دووە(م).

ما: مێ. وتەیەکە بەکار دێنرێ لەجێی وتەی (بۆچی): (ما) وا دەکەیت، واتە بۆچی؟. دروستی و پێکهاتنی دۆکولیو: (ما)ی دۆکولیوەکەی هێنایەوە. شاخ و کێو (د). ئەشکەوتێکە لە کێو کە حەیوانەکێوی تێ بچێ (د).

مات: گیانداری بێدەنگ. شتی چەسپی جێگیر: ئەو بەردە (مات) کە واتە چەسپی کە، (ماتبوون) بێ دەنگبوون. چەسپ بوون.

ماتانێ: با. هەڵماتێن.

ماتاو: د. مانگەشەو.

ماتکردن: بریتییە لە کوشتن: مارەکەم (مات کرد) واتە کوشتم. چەسپکردن.

ماتەدان: ڕوونبوونەوە و دەرکەوتنی نیشانەی گەینی میوە و دومەڵ: کاڵەکەکە یا ترێکە یا دومەڵەکە (ماتەی داوە).

ماتەم: شیودن. پرسە.

ماتەمات: خۆ متکردن و وردە وردە چوونە پێشەوە لە شتێک.

ماتەمین: مەردوومی خەفەتبار.

ماتەمینی: خەفەتباریی.

ماتیک: د. خەتانی ژنان.

ماتی: بوونی مەردووم بەمات.

ماجومی: جۆرە خواردەمەنییەکی ڕەق و جیرە لە شەکر دروست دەکرێ.

ماچ: دەمنان بەشتێکەوە و شڵپە لێ هەستاندنی بەلێو لەبەر خۆشەویستی.

ماچکردن: ماچ.

ماچ و مووچ: یەکتری ماچکردن.

ماچە: ئێستری مێ.

ماچیک: ز. ماچ.

ماچێن: میچێن.

ماخۆ: خاوەن.

ماخۆلان: ئەخۆشییەکە تووشی هەر کەسێک ببێ هەمیشە ئەندامی دەجووڵێ.

ماخولیا: ماخۆلان.

ماد: ناوی تیرەیەکە کە کورد دەچێتەوە سەری کە ئەویش کوڕی (مادا)ی کوڕی (یاپث)ی کوڕی (نوح)ە.

ماداک: ز. گامێشی مێ.

مادام: جۆرە تەنراوێکی سفتی تەنکی دەزووینە.

مادە: شتێکی خڕی پانە لە پەڕۆ دروست دەکرێ و نانی پێ پێوە دەدرێ. بریتییە لە شەق: (مادە)یەکی پێدادا، واتە شەقێکی تێ هەڵدا. ئاشک (د). دومەڵ (د). لوو (د).

مادەرزا: د. مادەرزاد.

مادەرزاد: شتێکە کە لە مەردوومدا ببێ بەسروشت.

مار: دەعبایەکی درێژی بێ پێی زەهرداری بەوەزەندە بەهەر گیانداریکەوە بدا زۆرتر دەیکوژێ.

مارانگاز: کەسێکە کە مار پێوەی دابێ و لەوەوە چاوترسێن بووبێ. بریتییە لە یەکێک کە لە شتێک چاوترسێن بووبێ.

مارپێچ: شتێکی درێژی کوندارە نێرگەلەی پێ دەکێشرێ.

مارت: مانگی سێهەمە لە ساڵی ڕۆژی لە ناوەند شوبات و نیساندا و سی و یەک ڕۆژە.

مارتاک: خێزەرە.

مارتوولە: د. توولەمار.

مارچێوە: د. مارگیر.

ماردەم: هـ. تفەنگ.

مارس: گیانداری چەتوونی سەر ڕەق.

مارکە: ڕاوکە.

مارە: د. مارکە.
مارێ: هـ. چوخم.
مارین: شکاندن.
مارگرە: مارگیر.
مارگیسک: با، مارمێلکە.
مارگیر: گیایەکی گەڵا خڕی دڕکاوی کەم گەڵایە، بەرێکی سووری شیرینی هەیە پێی دەڵێن شێفەلە.
مارمارۆکە: شتێکە وەک مار لە هەویر دروست دەکرێ و دەبرژێنرێ بۆ منداڵ.
مارماسی: جۆرە مارێکی ئاویی بەسزمانە لە ماسی دەچێ.
مارمزووک: د. تووڵەمار.
مارمژ: کەسێکە جێگایەک لە ئەندام کە مار پێوەی دابێ، برینداری بکا و بەکەڵەشاخ هەڵی مژێ.
مارمێلک: مارمێلکە.
مارمێلکە: دەعبایەکی باریکی پچکۆلەی بۆرەقنەی چنگداری بەسزمانە.
مارمیلۆک: مارمێلکە.
مارنەگەز: جزمە یا پووزەوانەیەکی لبادینە، دەکرێتە پێ بۆ ئەوەی کە مار پێوەی نەدا.
مارۆ: مەڕ یا بزن یا ڕەشەوڵاخێکە کە خۆی ڕەش و ناوچەوانی سپی بێ.
مار و دوو: شتی شەفتول.
مارە: پەیوەندی ژن و مێرد بەچەند وتەیەکی ئاینی.
مارەبڕ: کچێکە بەمنداڵی مارەکرابێ لە یەکێک.
مارەبرانە: دراوێکە دەدرێ بەو کەسەی کە مارە دەبڕێ.
مارەبڕین: مارەکردن.
مارەزا: پیسی ساوای تازەبوو.
مارەزیو: هەزارپێ.
مارەکردن: بەستنی پەیمانی ژن و مێردی بەچەند وتەیەکی ئاینی: ڕووخۆشیان (مارەکرد) لە نەریمان.
مارەکۆڵ: هـ. دووپشک.
مارەگیرە: مارگیر.
مارەیی: زێڕ یا زیو یا شتێکی ترە کە ژنی لەسەر مارە بکرێ.
ماریلە: مارمارۆکە.
مازگ: د. مازوو.
مازلووخ: هـ. بەرماڵ.
مازماز: د. بەران.
مازوو: شتێکی خڕی سەختی تفتی قژقژاوییە لە گزگل پچووکترە. دارێکە مازوو بگرێ.
مازووبەرەڵا: کاتێکە لە دوای بەهاردا کە مازووی تێدا بەرەڵا دەکرێ بەم ڕەنگە هەموو کەس دەتوانێ بێ ترس و پرس بچێ بۆ مازوو چنین. بریتییە لە بەرەڵایی و بێ سەر و بەرگیری لە شتدا: کە چووم باخەکە (مازووبەرەڵا) هەرکەس بۆ خۆی بوو.
مازووچن: کەسێکە کە مازوو لە دار بکاتەوە.
مازوودار: دارێکە مازوو بگرێ.
مازە: تەختەی ناوی عەرەبانە. پشت (هـ).
مازی: پشت (هـ) مازوو (با).
مازیر: ز. شەلکە.
ماس: ماست.
ماسان: ئاوسان.
ماساو: ماستاو. ماسی (هـ).
ماست: شیری گەرمکراوی هەوێن کراو کە ترش بووبێ.
ماستاو: ماستێکە بەئاو شل کرابێتەوە بۆ خواردنەوە.
ماستاو ساردکردنەوە: بریتییە لە ڕووپامایی کردن بۆ یەکێک.
ماستاوکردن: ماستاو ساردکردنەوە
ماستەڕۆن: با. چینێک ماست و چینێک ڕۆنە کە لە پایزاندا لەناو دیزەدا هەڵدەگیرێ و لە زستاندا دەخورێ.
ماسرێشم: د. هێلمێکە لە پێستی ماسی دروست دەکرێ.
ماسکە: د. کەسێکە کە ڕوخساری خۆی بگۆڕێ.
ماسولکە: ماینچە. خەرمانێکە لە پاش شەنکردن بەدرێژی هەڵدرا بێتەوە.
ماسۆڵە: جۆرە ساجێکی ئەستوورە لە شاری (ماسۆڵە) دروست دەکرێ. مەکۆی جۆلا. قامیشێکە جۆلا هەودای لەسەر هەڵدەکا و دەیخاتە ناو مەکۆکەیەوە بۆ تەنینی. ماسولکە.
ماسوور: ز. بەری درەختێکی دڕکاوییە لە عەنناب دەچێ.
ماسە: د. لمی ورد.
ماسیان: ئاوسان.
ماسیەوچنە: د. ماسیگرە.
ماسی: گیاندارێکی درێژکۆلەی پەڕداری مەلەوانی ئاوییە، گۆشتی خۆشە.
ماسیخۆرە: جۆرە مراوییەکە زۆرتر ماسی دەخوا.
ماسیگرە: باڵندەیەکی قاچ و مل درێژە، لە ڕیشۆڵە گەورەترە لە ناو ئاودا ڕاوی ماسی دەکات.
ماسیگیرە: د. ماسیگرە.
ماسیلە: د. شتێکە وەک مارمێلکە، لە شوێنی شێداردا پەیا دەبێ.
ماسین: ئاوسان.
ماسیەپانکە: جۆرە ماسییەکی پانکەڵەی گۆشتنە.
ماسیەزەردە: جۆرە ماسیەکی زەرد باوە.

ماسییەوان: کەسێکە شارەزای ڕاوەماسی بێ.
ماش: دانەوێڵەیەکی وردی ڕەشە لە نیسک دەچێ.
ماشانن: د. ماشینەوە.
ماشاو: جۆرە ئاوێکە دەچێتە ناو پەردەی چاودوە کوێری دەکا و، میل لێدانی دوو بەختییە.
ماشتن: ماڵین و گەسکدان.
ماشک: ز. ماش.
ماشلێن: هـ. ماشێنە.
ماش و برنج: بریتییە لە ڕیشێک کە دەنکێکی سپی و دەنکێکی ڕەش بێ.
ماشە: قـوولینەیەکی زۆر گـەوردیە لە خـوڕگەی ئاودا دادەنرێ بۆ ئەوەی کـە هەر مـاسـیـیـەک هات تێی کـەوێ و دەرنەچێ. مەقاش. پێی تفەنگ.
ماشەر: بەنێکە لەسەر ئەژنۆ کرابێ بەقانگڵە. ماشەرە.
ماشەڕەش: ماش.
ماشەرە: جۆرە برینێک بەدەموچاو دەگا و دەتەنێتەوە.
ماشەسپی: جۆرە ماشێکی دەنک گەورەی سپییە.
ماشێن: چێشتی ماش. مەکینەیەکە کە بەئاگر بڕوا.
ماشێنە: چێشتی ماش.
ماشین: ماشێن (د) گەسکدان.
ماشینەوە: خواردن و لستنەوەی شت بەناپلۆخی.
ماف: حەق: (ماف)م بەرێ یا (ماف)ی منی پێوە نییە.
مافندی: مافنگی.
مافنگی: کەسێکە نابووت بووبێ و هیچی نەمابێ.
مافوور: قاڵی.
مافوورە: مافوور.
مافەتا: مافەتە.
مافەتە: جۆرە کرمێکە لەناو پۆرگێکی پووشاویدا هەر حەلێک مەڕ بیخوا دەیکوژێ.
ماقڕ: دراوێکی کەم نرخە وەک (جلق).
مـاقـوڕ: بەردێکە کـە چاڵێکی تێـدابێ و ئاوی بارانی تێـدا بودستێ.
ماقووڵ: شتی پەسند.
ماک: ئەتەری هێندێ نەخۆشییە، کە بداتە شوێنێک لە ئەندام: (مـاک)ی ئاوڵەکە یا سـوورێژەکە داوێتـە چاوی یا قـورگی. جێگای لێککەوتنی کـەناری ئاسـمـان بەکـەناری زەوی کـە پێشی دەڵێن ئاسۆ. کان: فیـسـارە شوێن (ماک)سی نەوتی تێـدایە. ڕیشـە و بناغـەی شت: (مـاکی) دزی لەناو هێندێ تیــردا هەر بنەبڕ نابێ. دایک. (با) هەنگێکە کـە پوورە دەدا.

مـاکاو: چەند کـەلەبەرێکە لە جۆگـەی تووتن و مـەرەزەدا دەبڕدرێ بەم بەر و بەو بەریا بۆ ئەوەی کە بە باشی ئاو بخواتەوە.
ماکووز: گیایەکی ئاوی هەمیشەییە لە کووزەڵە دەچێ، بەڵام ئەم گەڵای پانترە و تاڵە.
ماکەر: دێڵەکەر.
مـاکـەرمـەلە: بریتـیـیـە لە دەڵەچەیی و کلکە لەقێ بۆ مـەردووم بەسەرزاری.
ماکەو: کەوی مێ.
مـاکـینە: چەند پارچەیەکی لێک دراوە کـە لە کـارخـانە دروست کرابێ بۆ جۆرە کارپێکردنێک.
ماکینەچی: کەسێکە کە بەماکینە کار بکا.
ماڵ: خانووبەرە. بریتییە لە زێی ولاخ. دارایی.
ماڵات: ئاژاڵ.
ماڵاوایی: وتنی (ماڵت ئاوابێ) لەلایەن یەکێکەوە کە لەلات بێ و بڕوا.
ماڵبڕ: دیواربڕ.
ماڵبڕین: دیواربڕین.
ماڵپشکێن: د. پشکنینی ماڵان بۆ شتێک (تحري).
ماڵتاوسانی: د. خانووی هاوینە.
ماڵخۆ: کەسێکە کە سەر بەتۆ بێ و خۆماڵی بێ لەگەڵتدا. خاوەن ماڵ.
ماڵدار: ئاژاڵدار. دەوڵەمەند.
ماڵداریکردن: پاشەکەوتکردن بۆ دەوڵەمەندبوون.
ماڵشت: د. ماڵین.
ماڵشتن: ز. ماڵشت.
ماڵشتە: گەسکدەر.
مـاڵـکردن: سـەرکێـڵـکردنی گـاسنە لەکاتی جـووتدا بەجۆرێک کە زەوییەکە نەکێڵێ، بەڵکو هەر ڕووی سەرەوەی بڕووشێنێ.
ماڵکو: دەسکی دیبیەگ.
ماڵ لەیەک: دوو کەسن کە ماڵیان لە یەکتری دڕێغی نەبێ.
مالم: مالووم.
مالمالەسوورە: هـ. خاڵخاڵۆکە.
ماڵماڵانێ: با. جۆرە یارییەکە لە لادێ دەکرێ، بەم ڕەنگە پرسیار دەکـەن لە یەکـتـری و دەڵـێن: ئەوە چ مـاڵێکە کـە ژنێک و مێردێکن، یا دایک و باوکێک و کوڕ و کچێکن.
مالمیزک: با. میزڵدان. بەر مووسڵدان.
ماڵنج: ماڵەی سواغ.
مـاڵـوبڕ: کـۆکـردنەوەی داری سـووتاندن لە دراوسێ هەر مـاڵەی بڕێک بۆ سوورکردنەوەی تەنووری تازە.
ماڵۆچکە: خانووی پچکۆلانە.

مالۆچە: مالۆچکە.
مالۆس: بەرازی مێی سێ ساڵە.
مالوسکە: ماسولکە.
مالۆسکە: مالوسکە.
ماڵ و منداڵ: خێزان.
مالوو: ماڵەی زەوی تەختکردن.
مالووم: پیاوی ئاینی و پێشەوای جوولەکە.
ماڵوێران: کەسێکە کە ماڵی لێ شێوابێ بەهۆی بەڵایەکی زۆر گەورەوە.
مالوێنچە: مالەوێچە.
ماڵە: ئاسنێکی دەم پانی کلک دارینە سـواغی پی دەدرێ. چەپەرێکە زەوی کێڵراوی پێ تەخت دەکرێ لە دوای تۆ و پێوەکردنی. نەخۆشییەکە دێ بەسەر هێندێ ژنی ئاوسدا لەشی پڵپڵ دەکا.
ماڵە پیتان: د. ماڵە پیتک پیتکێنە.
ماڵە پیتک پیتکێنە: یارییەکی منداڵانەیە بەچەند کەسێک دەکرێ و هەر یەکە دەبێ سێ کۆمەڵ بەردی وردی لە بەردەمدا بێت کە ژمارەیان بەقەد یەک بێت، با بڵێین هەر کۆمەڵەی پانزە بەرد بێت، لە پێشەوە وەستاکە کۆمەڵە بەردی لای ڕاستی خۆی هەڵدەگرێت، تەنیا بەردێک نەبێت کە لە جێی کۆمەڵەکە بەجێی دێڵێت، ئینجا هەر لەلای ڕاستەوە بەردەکانی ناو دەستی کە (١٤)ن دابەشیان دەکات بەسەر کۆمەڵە بەردی یاریکەرەکاندا کە خۆشی یەکێکە لەوان، دوا بەردەکەیان کەوتە بەر کۆمەڵە بەردی کامیان - با هی خۆشی بێت - ئەو کۆمەڵە هەڵدەگرێ و بەردێک بەجێ دێڵێ لە جێی خۆی و ئەمیش لە ڕاستەوە دابەش دەکات بەسەر کۆمەڵە بەردەکاندا تا ژمارەی هەموو کۆمەڵەکان لەسەر یەک کۆمەڵی یاریکەرێک کۆ دەبێتەوە، ئەو حەلە ئەو یاریکەرە دەبێ بە یەکەمی یارییەکە.
ماڵە پیتێنێ: ماڵە پیتک پیتکێنە .
ماڵەکاری: ئیشکردن بەماڵە.
ماڵەکردن: ماڵەکاری.
ماڵەکێشان: ماڵەکاری.
ماڵەوکەن: د. دیواربڕ.
ماڵەو ماڵکردن: چوون لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ.
مالەوێچە: گیایەکی بەهارییە گوڵ و گەڵای وەک لاولاو وایە تەرز دەهاوێ و بە برژاوی و کوڵاوی دەخورێ بۆ ڕەوانی.
مالە وێنچە: مالەوێچە.
ماڵەهەنگ: د. شانی هەنگ.
ماڵیات: مالات.
مالێلە: ز. دارێکە وەک نوێڵ بەردی پێ هەڵدەکەنرێ.
مالینووس: جۆرە دەرمانێکی سوورە شتی پێ ڕەنگ دەکرێ و دەشکرێتە چاوی ئێشاوەوە.
مالی: گیاندارێکە هۆگر و رامی ناوماڵ بووبێ.
ماڵین: پاککردنەوەی شوێنێک بەگەسک یا بە بەفرماڵ. پێداماڵین .
ماڵینەوە: پاککردنەوەی بەردەمی بەرداش لە ئارد.
مام: برای باوک.
ماما: هـ. نەنک.
مامالەگێجێ: هـ. باوەخولێ.
مامان: ئافرەتێکە سەرپەرشتی زەیستان بکا لە منداڵ بوونیدا.
مامەنە گێجێ: د. خولخواردن
مامانی: بوونی ئافرەت بەمامان.
مامبرایە: جۆرە ترێیەکی سپی دەنک درێژی گەورەی هێشوو شاشە.
مامجەژنە: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک شوێت وایە، گوڵی وردی زەرد و سپی دەگرێ وەک مینا.
مامر: مریشک.
مام ڕێواس: گیایەکی بەهارییە، لە بەهاراندا دەخورێ بۆ کوشتنی کرم و ڕەوانی.
مامز: ئاسک. مامزە. ماسی مێ.
مامزە: پارچە ئاسنێکی لووت تیژە سوار لە پاژنەی پێڵاوی قایم دەکا بۆ ئەوەی لە کەلەکەی وڵاخی پێ بدا بۆ لێخوڕینی.
مامش: بێ دەنگی خامۆش (د). ناوە بۆ تیرەیەک لە کورد.
مامشاخانە: ئاودەستخانە.
مامڵەپەشیمانی: دەست هەڵگرتن لە ئەندازەیەک لە پارە لە مامەڵەیەکدا، کە تێیدا پەشیمان بووبێتەوە و شتەکەت دابێتەوە بەسەر خاوەنیدا.
مامناوەندی: شتی ناوەنجی.
مامۆ: مام.
مامۆتک: گزیر و دەمڕاستی دێ، یا گەڕەک. إختیار. أهلی خوبرە.
مامۆزا: ئامۆزا.
مامۆژن: ئامۆژن.
مامۆسا: مامۆستا.
مامۆستا: خوێندەوارێکە کە دەرس بڵێتەوە.
මاموتە: د. شیری خوژیلک.
مامەحووجی: تیکەی گەورە.
مامەخولینە: هـ. پیرێژنە سەر ئاسنینە.
مامەخەمە: کەسێکە کە بە هەموو شتێک خەفەت بخوا.

مامەڵە: شت کڕین و سەوداکردن لەگەڵ یەکێکدا.

مامەڵەپەشیوانی: مامڵەپەشیمانی.

مامەلینچک: برای تووتە.

مامیز: د. ناسنێکە بەپاژنەی قۆندەرەی سوارەوە ولاخی پێ لێ دەخورێ.

مامیلان: گیایەکی ناویی هەمیشە سەوزی درە، بەشتەوە دەنووسی، گەڵای وەک مێو وایە، دەدرێ بەناژاڵ.

مان: لەناو نەچوونی شت. دەبێ بەڕاناوی قسەکەری هاوڕێدار (متکلم مع الغیر) دەلکێ بەدوای ناو و کرداری تێپەڕەوە. ماڵ(مان)، کرد(مان). نیشانەی مەسدەرە: گوریسەکە کێشـ(مان)ی دێ.

تەنراوە کە دروو(مان)ی خۆشە.

مانا: مەبەست.

ماندک: ماندوو.

ماندگ: ماندوو.

ماندوو: گیاندارێکە لەبەر جوولانی زۆر ئەندامی کفت بووبێ .

ماندووبوون: کفتبوونی جەستە.

ماندوونەبوونی کردن: وتنی(ماندوونەبیت) بە یەکێک کە لە دووردوە هاتبێ.

ماندوویی: ماندوێتی.

ماندوێتی: کفتی و ماندووبوونی جەستە.

ماندی: ماندوو.

مانگ: ئەستێرەیەکی نزیکە لە زەوی، بە ۱/۳و ۲۷ ڕۆژێک چەرخەیەکی زەوی تێدا دەکات. ماداک (ز). ماندوو (د).

مانگا: ڕەشەولاخێکە کە کەوتبێتە سک و زا.

مانگار: د. شتێکی کەمە کە مابێتەوە لە شتێکی زۆر.

مانگانە: مووچەیەکی هەمیشەییە کە مانگەومانگ بدرێ.

مانگامژ: بەرخێکە بەکۆرپەیی دایکی نەمابێ و نرابێتە بەر مانگای شیردار.

مانگامژە: مانگامژ.

مانگاوەس: مەشکەیەکە لە پێستی مانگا کرابێ.

مانگر: گیاندارێکە کە مان بگرێ.

مانگرتن: خیشکردنی گیاندار و توورەبوون و نیش نەکردنی.

مانگ گیران: نەمانی ڕووناکی مانگ بەهۆی بەرگرتنی زەوییەوە.

مانگ گیریان: مانگ گیران.

مانگۆڕ: د. گەورە کچێکە کە مابێتەوە و شووی نەکردبێ.

مانگەسەوە: جۆرە بەردێکە وەک ئەلماس لە هێندێ شاخ دوای تەرزە و باران دەردەکەوێ.

مانگەشەو: شەوێکە کە سەرزەوی تێدا ڕووناک بێ بەتیشکی مانگ.

مانگەو: ل. مانگا.

مانگی: د. ماندوێتی.

مانگیلە: مانگی یەک شەوە.

مانن: د. ماندووبوون.

مانە: هـ. هەمانە.

مانەند: شتێکە کە لە شتێکی تر بچێ: ئەم شتە بێ (مانەند)ە.

مانەوە: گلخواردنەوەی یەکێک لە شوێنێک. قەتیسبوون: قوتابیەکە لە پۆلی شەش (مایەوە) یا کچەکە (ماوەتەوە) واتە قەدرەبووە و شووی نەکردووە.

مانیاگ: د. ماندوو.

مانیاگی: ماندوێتی.

مانیان: د. ماندووبوون.

مانیلووس: د. مالینووس.

مانی: جاسووس. هەمانە (هـ).

ماو: د. ماوە.

ماووت: چۆغەیەکی تەنراوی خاوداری بەنرخە.

ماووزەر: جۆرە تفەنگێکە.

ماووش: د. ئەشکنجەی دارتاش و ناسنگەر. کونێکە کە بای پێدا بچێ.

ماووڵ: د. ماوەی کات.

ماوە: مەیدان و ڕێی هەڵسووڕانی شت لە شوێن یا لە کات: ئەم خانووە بێ (ماوە)یە، یا لە (ماوە)ی مانگێکدا خانوویەکم کرد. شتێکە کە مابێتەوە.

ماوەدان: جڵەو شلکردن بۆ یەکێک و ڕێدانی بۆ هێندێ کار.

ماودوە: شتێکە کە مابێتەوە.

ماوی: جۆرە ڕەنگێکی شینی کاڵە.

ماویژ: ل. مێوژ.

ماه: ماهیزەرد. مانگ.

ماهاتنەوە: دروستبوونی دۆکولیو.

ماهجە: مانگی یەک شەوە. مانگی ناو بەیداخ.

ماهوو: ز. بەرازی مێ.

ماهوور: جۆرە نقامێکی خۆشە.

ماهەر: هـ. ماکەر.

ماهێنانەوە: تێکدانی دۆکولیو و دۆکەشک لەسەر ئاگر تا دێتە کوڵ، بۆ ئەوەی کە ئەبزرکێ.

ماهیزەرد: قەد شاخی لێژی بەردەلانی لووسی سەخت.

ماهی: ماسی (ل). ئیسقانی ماسی. شاخی کووری سەخت.

ماهین: با. ماین.

مایچە: د. ماینچە.

مایس: مانگی پێنجەمە لە ساڵی ڕۆژی، لە ناوەندی نیسان و حوزەیراندا، کە سی و یەک ڕۆژە.

ماین: وڵاخێکە لە وێنەی ئەسپ کە کەوتبێتە سک و زا.
ماینبەز: نێردکەرێکە کە لە ماین بپەڕێ.
ماینچە: پارچە گۆشتێکی درێژکۆلەی لووسی بێ دەمارە، لە دەست و قاچی هێندێ گیاندارا.
ماینچەقەڵ: شتێکە وەک چەرخ و فەلەک، منداڵان سواری دەبن بەڵام بەگردی خۆیدا دەسوورێتەوە.
ماینە: د. مێینە.
مایە: دراوێکە کە مەردووم خرید و فرۆختی پێوە بکا. هەوێن (د). هۆی شت. مادە (بەدالی کولۆر).
مایەبۆش: مایە پووچ.
مایە پووت: مایە پووچ.
مایە پووچ: نابووت.
مایەدار: داری سووتاندنی ئەستووری پتەو. خاوەن مایە.
مایەسیری: جۆرە نەخۆشییەکە لە کۆمی هێندێ کەسا جار جار چەند دوگمەیەکی لێ پەیدا دەبێ.
مایین: ماین (د). مان (بقاء) (ز).
مت: شتی مات. ڕژاندن (هـ).
متبوون: مات و بێ دەنگبوون.
متربە: ئەمامی موتوربەکراو (متربەکردن) ئەمامکردنی درەختێک یا گوڵێک لە درەختێک یا گوڵێکی تر.
متک: ز. تەپۆلکە.
متمانە: باوەڕ و دڵنیایی بەشت.
متوموورگ: د. متوموورو.
متوموورو: بەچەند جۆرە موورووبەک دەڵێن کە ژنان دەیکەن بەخۆیاندا.
متوموورە: د. متوموورگ.
متیل: بەرگێکی لاوەکییە بەلێفە و دۆشەک و سەریندا دەگیرێ.
مجرۆ: کوێر، (مجرۆبوون)، کوێربوون.
مجرۆیی: کوێرایی.
مجرۆیی داهاتن: کوێرایی داهاتن.
مجری: د. سندووق.
مجەوور: کەسێکە کە هەمیشە خزمەتی مزگەوت بکات.
مجیای: هـ. ڕژاندن.
مجێفی: جۆرە هەنجیرێکی سەوزی دەنک پچووکی شیرینە.
مجێوور: مجەوور.
مچ: زج. قوری لینجی توند.
مچاندن: با. قووچاندن.
مچۆلە: شتێکی نەرمە کە لە مشتدا کۆ بکرێتەوە بۆ وشککردنەوەی: ماستەکە مچۆلە مچۆلە بکە بۆ ئەوەی ببێ بەکەشک.
مچ و مۆڕ: مڕ و مۆچ.
مچوولە: د. ملۆوچە.
مچە: مووچە و بەرات.
مچینک: با. مووکێش.
محاڵ: ناوچە.
محەجەرە: لاوانەیەکە دروست دەکرێ لە دار یا لە شیشی ئاسن دەگیرێ بەپێشی هەیوان و ئەملا و ئەولای قالدرمەی بەرزدا، بۆ ئەوەی کەسی لێ نەکەوێتە خوارەوە.
محەللەبی: فرنی.
مخابن: با. وتەی داخ و خەفەت.
مخوڕ: دەمووکانە.
مخەت: دارێکە چەرمی پێ لووس دەکرێ.
مدبەق: ژوورێکە لە خانووکە هەر چێشتی تێدا لێ بنرێ.
مر: مریشک.
مرادخانی: جۆرە کاڵایەکی قۆڵداری داوێن کورتی ناوداری دوگمەدارە.
مرار: با. مرداردەبوو.
مراز: مراد.
مراقی: با. مراوی.
مراندن: کوشتن.
مرانن: مراندن.
مراوکە: د. گیایەکە وەک گەڵای قامیش ئاژاڵ دەیخوا.
مراوی: مەلێکی مەلەوانی دەنووک پانی پێ پەڕدەدارە، نێریان سەری سەوزە.
مرتوموورروو: وردە مووررووی ژنان.
مرچۆڵە: د. چۆلەکەیەکی کێوی ڕەشی پچکۆلەیە.
مرچە: با. دەنگی ماچکردن.
مرچە مرچ: مرچەی یەک لەدوای یەک.
مرچیلە: د. باڵدارێکی ڕەشە لە چۆلەکە پچووکترە.
مرخ: تەماع: (مرخ)ی خۆی لێ خۆش کردووە، واتە تەماعت تێ کردووە، ئارەزوو: (مرخ)ی لێ دەجووڵێ.
مرخاندن: مرخە کردن.
مرخ لێ پەڕین: د. ئارەزووکردنی شتێک.
مرخ لێ چوون: مرخ لێ پەڕین.
مرخن: گیاندارێکە کە بمرخێنێ.
مرخنە: مرخن.
مرخە: پرخە، (مرخەمرخ) مرخەی یەک لەدوای یەک، (مرخ و هووڕ) مرخەمرخی زۆر.
مرخەک: د. مەکۆی جۆلا.
مرخێش: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ کەسێک کە خەریکی کارێک بێ و باش دەرەقەتی نەیەت: مرخێشمرخێش ڕایکێشا.

مردار: مردارەوەبوو. بریتییە لە مووی بەر. بریتییە لە گووی ئادەمی.
مرداربوونەوە: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ مردنی گیاندارێک کە ئادەمی نەبێ. بریتییە لە مردنی ئادەمی خراپ و، لە رووی سووکییەوە دەوترێ.
مردارخۆر: د. دالّی کەرخۆر.
مردارسەنگ: د. مرداسەنگ.
مردارکردنەوە: سەربڕینی گیاندارێک کە گۆشتی بخورێ بەڕەنگێک کە شەرعی نەبێ. بریتییە لە کردنی کارێک کە زۆر بەگرانی و نارێکی لەژێر دەست دەرچێ.
مردارەوەبوو: شتێکە کە مردار بووبێتە.
مردارەوەبووگ: د. مردارەوەبوو.
مردارەوەبوون: مرداربوونەوە.
مرداری: مردارەوەبوو. بریتییە لە پیسی ئادەمی.
مرداسەنگ: جۆرە گلێکی سوورکاری سەختە دەکرێ بەهێندێ برینەوە بۆ وشکبوونی.
مرداو: د. گۆلاوێکە کە ئاوەکەی بەکاری خواردنەوە نەیەت.
مردگ: مردوو.
مردن: گیان دەرچوون. نەمانی هێزی گەچ و قسلّ و جیوە.
مردن و سووتان: هەولّ و تەقەلای زۆری بێ ئەنجام: مردم و سووتام فلان کتێبم دەست نەکەوت.
مردۆخ: مردەلۆخە.
مردۆخە: با. مردەلۆخە.
مردوو: گیاندارێکە کە گیانی تێدا نەمابێ. گەچ و قسلّ و جیوەیە کە هێزێ نەمابێ.
مردووشۆر: کەسێکە کە هەر مردوو بشوا. تاتەشۆر.
مردوومراو: کەسێکە کە مردووی مردبێ.
مردوو مردوو: د. مردوومراو .
مردە ئاردق: د. جواناو.
مردەشۆر: مردووشۆر.
مردەلۆخە: مەردوومی بێکارەی سستی سیسەمارە.
مردەلە: مەردوومی سستی نیش نەکەر.
مردەمالّ: قاپ و قاچاخ و شتی ناومالّ.
مردەمۆدار: د. تەعزیەدار.
مردوزیندەکردن: بریتییە لە نوێکردنەوەی شتێک یا شوێنێک.
مردیی: مردوو.
مڕ: گیانداری تێری تەسەل. گیاندارێکە کە خۆی مەلاس کردبێ بۆ پەلاماردان.
مڕاندن: مڕەکردن.
مڕانن: مڕاندن.
مڕبردنەوە: مڕبوونەوە.
مڕبوون: تێر و تەسەلبوون خۆ متکردن.
مڕبوونەوە: د. مۆڕبوونەوە.
مڕمیاو: دەنگی پشیلەی تێر.
مڕناو: د. مڕمیاو.
مڕومشت: مشتومڕ.
مڕومۆچ: مەردوومی مۆنی گرژ.
مڕ و مووچ: مڕ و مۆچ.
مڕ و موش: ملّوموش.
مڕوو: مڕەیەکە کە دەداتە هێندێ خواردەمەنی وەک مێوژ و شانەی هەنگ.
مڕە: جۆرە دەنگێکە لە سنگی سەگ و پشیلەوە دێ لەپێش وەڕین و میاواندندا، (مڕەمڕ) مڕەی یەک لەدوای یەک. دەعبایەکی پچکۆلەی سوورکەلەیە وەک ئەسپێ وایە، دەداتە گەنم و جۆی وشک.
مرغ: ل. مریشک.
مرقاندن: مرقەکردن.
مرقانن: مرقاندن.
مرقلێدان: دەم هەلّدانی کار و بەرخ لە گوانی دایکی لەکاتی مژیندا.
مرقن: کەسێکە بمرقێنێ.
مرقە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی سابرێن (مرقەمرق) مرقەی یەک لەدوای یەک، (مرق و هووڕ) مرقەمرقی زۆر.
مرقەکردن: مرقاندن.
مرک: ل. ئانیشک.
مرکاندن: مرکەکردن.
مرکانن: مرکاندن.
مرکە: مرقە، (مرکەمرک) مرقەمرق، (مرکوهووڕ) مرقەمرقی زۆر.
مرکەکردن: مرکاندن.
مرمرک: ز. جۆرە مێشوولەیەکە .
مرن: ز. مردن.
مرۆ: ز. پیاو.
مروار: جۆرە ئاوێکی روونە وەک مرواری، دەچێتە ناو پەردەی چاوی هێندێ کەسەوە و کوێری دەکا بەلاّم بەمیل لێدان چاوەکە روون دەبێتەوە.
مرواری: جۆرە بەردێکی جوانی سپی زۆر بەنرخە.
مرۆچە: هـ. مێروولە.
مرۆچەکردن: هـ. مێروولەکردنی ناو لەسەر ئاگر. مێروولەکردنی ئەندام.
مرۆخە: د. مووڕدەغەی پشت. مۆخ

مڕۆر: دانەیەکی ڕەشباوی تاڵە لەناو گەنمدا دەڕوێ.
مڕۆشیان: د. خوڕۆشیان.
مڕۆغە: د. مووردەغە.
مڕۆڤ: ز. پیاو. خزم. ئادەمی.
مڕۆڤاتی: ز. پیاوەتی. خزمایەتی.
مڕۆڤایەتی: با. مڕۆڤاتی.
مڕۆگی: ز. پیاوەتی.
مرووچەباڵدار: د. مێرووڵەیەکە کە باڵی لێ ڕوابێ.
مرووچەڕەشە: د. کەڵەمێروو.
مرووچەکردن: د. مڕۆچەکردن
مروەت: وجدان.
مروێ: ھ. ھەرمێ.
مڕەبا: جۆرە خواردەمەنییەک وەک سێو و ھەڵوژە و گەڵێ شتی تر کە لەناو شیلەی شەکردا پەروەردە کرابێ.
مڕەڕەشتیی: د. جۆرە مریشکێکی کونجکونجی سەر پچکۆلەی دەنگ زلی دڕە کە پێ دەڵێن مریشکی ھیندی.
مڕەڕەشە: جۆرە مراوییەکی کێوییە. مریشکە ڕەشە (د).
مڕەکێفی: د. مریشکە کێوی.
مڕێبا: با. کەسێکە کە مەرەزە بچێنێ.
مڕێچلە: ھ. چۆلەکە.
مـریشـک: باڵـندەیەکی مـاڵـیـیـە وەک کـەڵەشـێـر بەڵام ئەم ھێلکەکەرە.
مریشکەڕەشە: جۆرە مەلێکی ڕەشە لە ڕیشۆڵە زلترە و گۆشتی دەخورێ.
مریشکەشامی: مڕەڕەشتی.
مری: ز. مردوو.
مریچە: ل. مێرووڵە.
مریچەڕەشە: د. جۆرە چۆلەکەیەکی پچووکی ڕەشە.
مز: کرێ. قورقوشم. مزر(با).
مزاژ: مزەی ئاش.
مزاش: مزاژ.
مزبەر: کرێکار.
مزدەر: کەسێکە کە کرێی شتێک بدا.
مزر: شتی مێخۆش.
مزراح: پارچە دارێکی لە خەرت دراوی لووت درێژی تەمتەمە تێ براوە منداڵان بەکشتەک دەیخولێننەوە.
مزراحێن: یاری کردن بەمزراح.
مزراویلکە: با. مزرۆکە.
مزرۆکە: جۆرە چێشتێکە لە ھێلکە و ترشاو دروست دەکرێ.
مزرەسێو: سێوی مزر.
مزرەقی: وتەیەکە ھەمیشە لەگەڵ وتەی (کوتو)دا بەکاردێنرێ: کوتو(مزرەقی) واتە کوتوپڕ.
مزرێح: د. مزراح.
مزگانی: د. مزگێنی.
مزگت: د. مزگەوت.
مزگەر: کەسێکە لە مس دەفر دروست بکات.
مزگەری: خەریکبوون بەدروستکردنی دەفری مسەوە.
مزگەفت: مزگەوت.
مزگەوت: شـوێنێکە کـە دروست کـرابێ ھەر بۆ نوێژ تێـداکـردنی موسڵمانان.
مزگێنی: مژدە. مژدانە.
مزگی: ھ. مزگەوت.
مزگینی: با. مزگێنی.
مزوانی: د. مزگێنی.
مزۆکڵە: دەعبایەکی پڵپڵی چوارپێی ڕەش و زەردە لە مارمێلکە دەچێ و لە ئاوی زۆر سارددا دەبێ.
مزوور: نۆکەر. ناوی دێیەکە لە ناوچەی ئامێدی.
مزووک: ھ. مارمێلکە.
مزە: دانەوێڵەیەکە کە ئاشەوان لە باراشی ھەموو کەسێکی گل دەداتەوە بەرامبەر بەھاڕینی.
مزەگرتن: سەندنی مزەی ئاش.
مزەمز: زۆر ڕنگانەوەی شت.
مزەمزکەر: کەسێکە کە زۆر شت بڕنگێنێتەوە.
مزەورە: چێشتی ترشی.
مزیار: کرێکار.
مژ: قوم: مژێکی لە ناوەکە یا جگەرەکەدا. تەم.
مـژان: دارێکی درێژی ئەسـتـوورە سـەرێکی بەند دەکـرێ بە(ئێردق)ەوە و سەردەکەی تری دەکرێ بە(وێژانبەر). برژانگ (ل).
مژاندن: ز. مژین.
مژانک: ز. برژانگ.
مژانە: مژان.
مژدانە: شتێکە بیدەیت بەو کەسەی کە مژدەیەکت دەداتێ.
مژدە: خەبەرێکی خۆش کە پێت بدرێ.
مژمژ: د. پارچەیەکە وەک کەتان بەڵام ئەم تەنکترە.
مژمژوک: ز. شانەی ھەنگە کە ھێشتا کەلوودکانی پڕ نەبووبێ لە ھەنگوین.
مژمژە: قەیسی (ز). جۆرە پەپوولەیەکی ڕەشی خڕە ھەڵاڵەی گوڵ دەمژێ.
مژمۆر: مەردوومی مڕ و مۆچ. مەردوومی چاوپڕ و پووشاویی.

مژمۆڕ: مژمۆر.
مژن: هـ. بێزوو.
مژۆک: کاغەزێکی ئەستووری بفەڵە مەرەکەب هەڵدەمژێ.
گوڵێکی سپی بێ بۆنی دڕکاوی بەهارییە (با).
مژۆڵ: برژانگ.
مژوو: ز. نانی کۆنی تام نا خۆش.
مژوول: ز. ئادەمی و گیاندارێکە کە بەکارێکەوە خەریک بێ.
مژوولاهی: ز. کارێکە کە مەردووم خۆی پێوە خەریک بکات.
مژوولبوون: . خەریکبوون.
مژوولکرن: . خەریک کردن.
مژە: گوێردکە کەنۆ. برژانگ.
مژەک: فرۆکی نەفاتە.
مژیلانگ: با. برژانگ.
مژین: هەڵگوشینی شت بەدەم.
مژیودر: د. گیایەکی گەڵا وردە گوڵێکی شین دەگرێ، لە کەژ و کێو دەڕوێ.
مس: شتێکە وەک ئاسن بەڵام ئەم سوورە، مەنجەڵ و دەفری تری لێ دروست دەکرێ. وەرگرتن: (بمسە) واتە وەریگرە (هـ).
بزنی نەخشین.
مساسک: با، نەقیزە.
مساسە: ئەو دارەیە کە سەرێکی پارچە ئاسنێکی پانی پێوەیە و سەرەکەی تری نەقیزەیە، بە سەرە پانەکەی جووتیار گاسنی پێ پاک دەکاتەوە و بە سەرەکەی تری گاجووتەکەی پێ لێ دەخوڕێ.
مسافر: ز. کوڕێکە کە هێشتا ژنی نەهێنابێ.
مسای: هـ. فێربوون.
مست: ناوبەری دست و پەنجەکانێتی کە بەقوولی بەیەکەوە بنووسێنرێن.
مستاخ: ل. مشتاخ.
مستەقا: جۆرە چێشتێکی کەم ئاوە، لە سلق یا لە سپێناخ یا لە هێندێ شتی تر دروست دەکرێ لەگەڵ گۆشتدا.
مستەکۆڵە: دەستێکە پەنجەکانی قووچابێ: مستەکۆڵەیەکی پێدامالی.
مسدان: ز. دەستهێنان بەنهێم بەسەر شتێکدا.
مسرانی: ز. چەند کونێکە لە دارێکدا ڕەشمەی وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.
مسری: با. نافرەتی لاواز.
مسقاڵ: ئەندازەیەکی کەمە لە کێشانەی ئاڵتوون و زیو و هێندێ شتی تردا، بەکاردێنرێ.
مسقاڵیی: جۆرە بلوورییەکی ئەستوورە.

مسک: میسک.
مسکە: جۆرە کوللەیەکی بۆری شڵشڵە.
مسکی: لیمۆی ترش. جۆرە ترێیەکە.
مسگەر: مزگەر.
مسگەری: مزگەری.
موسڵمان: کەسێکە کە لەسەر ئاینی پێغەمبەری ئیسلام بێ.
مشار: ئاسنێکی دەمپانی کلکدارینی دانەدارە، داری پێ دادەهێنرێ.
مشارە: جۆرە ماسییەکە لە پەنا گوێچکەیدا ئێسقانێکی برگە برگەی پێوەیە شتی پێ بریندار دەکات. ئەندازەیەکە لە زەوی.
مشت: مست. شتی پڕ (ز).
مشتا: د. مشتاخ.
مشتاخ: شوێنێکە کە ترێی لەسەر هەڵبخرێ بۆ وشکبوونەوەی.
مشتاخنانەوە: ترێ هەڵخستن لەسەر زەوییەکی تایبەتی بۆ بوونی بەمێوژ.
مشتاخە: ز. مشتاخ.
مشتاک: ز. تەختەیەکی پانە ئاردی پێ کۆ دەکرێتەوە لە دەوروبەری بەرداش.
مشتکردن: ز. پڕکردن.
مشت لێگرتن: نیشانگرتن لە شتێک بۆ پێکانی.
مشتن: ز. ماڵین بەگەسک.
مشت و درەوش: بریتییە لە دەمقاڵییەکی سەخت لەناو دوو کەسدا: مشت و درەوشی چیتانە.
مشتومڕ: دەمقاڵی دوو کەس لەسەر کارێک یا قسەیەک.
مشتوو: دەسکی خەنجەر و کێرد و چەقۆ.
مشتوماڵ: زاخاودانەوە و پاککردنەوەی خەنجەر و شیر و چەقۆ.
مشتە: ئاسنێکی سەرپانی قنگ باریکی قورسە، کڵاشکەر و چەرم دروو پەڕۆ و چەرمی پێ دەکوتنەوە.
مشتەکۆڵ: د. مشتەکۆڵە.
مشتەکۆڵە: مستەکۆڵە.
مشتیلە: دەستەدوو.
مشک: دەعبایەکی پچکۆڵەی چوارپێی کلک باریکە، دیوار و ناوماڵ کون دەکات.
مشکگرە: باڵندەیەکی گۆشت خۆری چنگ زەردی قاچ کورتە ناتوانێ لەسەر زەوی ڕاو بکات بەڵکو بەحەواوە دەیکات.
مشکولی: ز. پێڵووی چاو.
مشکەخۆرە: د. جۆرە جانەوەرێکە ڕاوی مشک و مار دەکا بۆ خواردن.
مشکەکۆرە: مشکەکوێرە.
مشکەکوێرە: جۆرە مشکێکی کێوی کلک کولە، لە مشکی ماڵی گەورەترە.

مشکی: ڕەشتی. خۆڵەمێش.
مشن: گیاندارێکە کە زۆر بمێشێنێ.
مشوورخواردن: بەتەنگەوەبوون بۆ شتێک و هەوڵدان بۆ پێکهێنان و ڕاپەڕاندنی.
مشوورخۆر: کەسێکە کە بەتەنگ شتێکەوەبێ و هەوڵی بۆ بدا.
مشە: جۆرە دەنگێکە لە لووتی گیاندارەوە دێ، (مشەمش) مشەی یەک لە دوای یەک، (مش و هووڕ) مشەمشی زۆر. زۆربی شت: ئەمساڵ ترێ (مشە)یە. واتە زۆرە، دەردێکی کوشندەیە تووشی ئێستر دەبێ (د).
مشەخت: ز. کەسێکە کە لەبەر چەبۆکی ڕۆژگار نیشتمانی بەجێ هێشتبێ.
مشەما: مشەمما.
مشەمما: تەنراوێکە کە مۆم یا لاستیکی لێ درابێ کە ئاو دانەدا.
مشەمەر: زۆر: ئیمسال هەنجیر مشەمەرە.
مفت: شتی خۆڕایی.
مفتخۆر: کەسێکە کە بەشوێن شتی خۆڕاییدا بگەڕێ.
مفتە: مفت.
مفتەخۆر: مفت خۆر.
مفتەگی: د. خۆڕایی.
مفسک: با. سوزگی شت پالاوتن.
مقاش: مەقاش.
مقام: ئاوازی تایبەتیی بۆ هەموو جۆرە گۆرانییەک.
مقامبێژ: مقامزان.
مقامزان: کەسێکە کە مقامی گۆرانی باش بزانێ.
مقاندن: مرقاندن.
مقانن: مقاندن.
مقاو: دەردێکە تووشی ولاخی یەکسم دەبێ وەک هەلامەت وایە بۆ مەردووم.
مقکردن: د. خۆ گیفکردن.
مقۆمقۆ: مشتومڕی چەند کەسێک لەسەر شتێک.
مقە: د. مرقە، (مقەمق) مرقەمرق.
مقەبا: کاغەزێکی ئەستووری توێ توێی ڕەقە دەکرێ بەبەرگی کتێب.
مقەست: مەقەست.
مقەستە: مەقەستە.
مقەووا: د. مقەبا.
مکارە: ز. نەسکەنە.
مل: لە چەناگە بەرەوخوار تا ئێسقانی چۆڵەمە. شان (با).
مڵ: شتێکی زۆر وردە کە لەبەر وردی کولۆ کولۆ بودستێ. مڵە (د).

ملاز: د. مەلاس.
ملاشک: د. مەلاشوو.
ملاک: کەوچک.
ملاککردن: بریتییە لە چەشتنی خواردەمەنی: ملاکی ناکەیت.
ملانە: زۆرانی و بەربەرەکانی و ڕقەبەری.
ملانێ: زۆران.
ملیان: بریتییە لە مەردوومی گەوج.
ملپێچ: پارچەیەکی تایبەتییە لە سەرمادا لە مل دەپێچرێ.
مڵت: د. مڵتە.
ملتاف: ز. نەخۆشی قورس و گران.
ملتە: خڵتەی لینجی ناوشتی تەڕ.
مڵچ: د. مڵچە.
مڵچاندن: مڵچەکردن.
مڵچانن: د. مڵچاندن.
ملچۆک: ملچێوک.
ملچە: دەنگی دەم لەکاتی شت خواردندا، (مڵچەمڵچ) مڵچەی یەک لەدوای یەک (مڵچ و هووڕ) مڵچەمڵچی زۆر.
ملچێوک: کلچێوک.
ملدان: بریتییە لە گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری.
ملڕاکێشان: ملدان.
ملشکاندن: بریتییە لە ڕۆینی یەکێک لە شوێنێک، ئەم وتەیە بۆ سووکی دەوترێ. بریتییە لە خواردنی شتێک بەزۆری: فیسار کەس شەش کولێرەی (ملشکان).
ملشۆڕ: سەرشۆڕ (ملشۆڕکردن) سەرشۆڕکردن.
ملشۆڕی: سەرشۆڕی.
ملێ لێدان: مرق لێدان.
ملکانە: بەشی خاوەن زەوی لە کشتوکاڵ.
ملکەچ: بریتییە لە فەرمانبەری گوێڕایەڵ.
ملکەچی: فەرمانبەری و گوێڕایەڵی.
مل لە چەقۆ هەڵسوون: بریتییە لە خۆخستنە گێژاو و مەترسییەوە.
مل لە موو باریکتر: گەردن لە موو باریکتر.
مل لێنان: دەست کردن بەکارێک و مانەوەی لەسەری.
ململانە: ملەملەکردن.
ململانێ: ململانە.
ملنان: سەرداخستن و ڕۆین بەرێگایەکدا بەبێ ئاوڕدانەوە.
ملنیان: د. ملنان.
ملۆ: ل. کوللە.
ملوان: ملیوان.
ملوانکە: شتێکە بۆ جوانی بکرێتە مل.

ملوانه: ملوانکه.
ملۆچه: د. ملووچه.
ملۆره: د. مێرووله.
ملۆزم: کەسێکە مەردووم تووشی زیان بکات.
ملوموچ: مر و مووچ.
ملوموش: گەڕان و مووشەکردن بەشوێن خواردندا.
ملۆمه: هـ. نێرکی ناوەڕاستی دەستاری خواروو.
ملووچەکردن: تەزین و مێروولەکردنی ئەندام.
ملوور: د. ملهور.
ملوەن: د. ملوانکه.
ملوێن: هەزار هەزار.
ملوێنک: ملوانکه.
ملوێنەر: کەسێکە بە ملوێن دارایی بێ.
ملوێنێر: ملوێنەر.
مله: لوتکەی سەر گرد و شاخ.
ملە: دەعبایەکی چنگ چنگە لەناو زەوی نمداردا ڕەگی سەوزایی دەخوا. مشک (هـ).
ملەتاتکێ: د. سەرەتاتکێ.
ملەچۆچه: ملەقۆته.
ملەخڕه: دەردێکە بەمل دەگا لە ئاستی قورقوڕاگە دەیئاوسێنێ
ملەخڕێ: ملەخڕه.
ملەزدن: د. جەردە.
ملەقوقه: ملەقوتێ.
ملەقۆته: ملی باڵندەی سەربڕاو.
ملەقوتێ: مل درێژکردن و سەرخوارکردنەوە بۆ وردبوونەوە و تەماشاکردنی شتێک.
ملەقۆرته: ملەقۆته.
ملەگا :هـ. مله.
ملەگۆ: جۆرە خشڵێکە لە زێڕ وەک تەزبیحێکی دنک گەورە وایە ژنان دەیکەنە ملیان.
ملەگوێ: ماڵەوێنچه.
ملەما: د. دەست کردنە ملی یەک.
ملەما: کەل و کونی شت کە بای پێدا بچێ: (ملەما)ی بری واتە کونبری کرد.
ملەماسێ: د. ملەخڕه.
ملەملەکردن: بەرامبەری کردن و بەرهەڵست وەستانی یەکێک بۆ یەکێکی تر: (ملەمله)م لەگەڵدامەکە. مسابقة.
ملەنیر: لبادی ملەگا کە لەژێر نیردوە دادەنرێ.
ملەوانه: ملوانکه.
ملهور: زەلامی مل ئەستووری کەته.
ملەوێچه: ماڵەوێنچه.
ملهیب: ز. شەن.
ملیار: هەزار ملێون.
ملیای: هـ. ڕۆیشتن.
ملێ ملێ: د. مله مله.
ملێون: ملوێن.
ملیونەر: ملوێنەر.
ملیۆنێر: ملوێنێر.
ملیوان: جێگای مل لە کالادا.
من: وتەیەکە قسەکەر بەکاری دێنی بۆ دەلالەتکردن لەسەر خۆی. مەنی پێوان.
مناره: پایەیەکی بەرزی قوچی گردی کەمەرەداری پێپیلکەدارە بانگی لەسەر دەدرێ.
منداڵ: کەسێکە تەمەنی نەگەیشتبێتە پانزە ساڵ.ڕۆڵە.
منداڵانه: گوفتار یا کردار یا شتێکی ترە کە لەهی منداڵ بچێ.
منداڵبازاڕ: شوێنێکە کە هەر منداڵ و کوڕوکاڵی تێ چڕابێ.
منداڵبوون: زانی ئافرەت.
منداڵدار: کەسێکە کە منداڵی وردی بێ.
منداڵدان: ئەو شوێنەیە لەناو سکی مێینەدا کە منداڵی تێدا بەرهەم دێ.
منداڵۆچکه: منداڵی پچکۆلانە. بریتییە لە کەسێک کە بەتەمەن گەورە و بەکردەوە منداڵ بێ: تۆ(منداڵۆچکه)یت و ڕک دەگریت.
منداڵومەزن: کۆمەڵێک کەتێکەڵاو بێ لە منداڵ و گەورەی هیچ و پووچ
منداڵەبەر: ئافرەتێکە کە منداڵی شیرەخۆرەی بەبەرەوەبێ.
منداڵەورتکه: کۆمەڵی منداڵ.
منداڵی: تەمەنێکە کە مەردووم تێیدا منداڵ بێ.
منامنا: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ شتی ئاشکرای نمایان. (منامنا) شتەکە دیارە کەچی بەدوویدا دەگەڕێ.
منتک: نمتک.
منجڵ: پەڵەیەکە لە هێندێ دەفر پەیا دەبێ بەهۆی ترش تێ کردنیەوە: ئەم مەنجەڵە (منجڵ منجڵ) بووە.
منجه: قسەکردن بە لووت و بەخاوەخاو. (منجەمنج) منجەی یەک لەدوای یەک.
منداڵ: مناڵ.
منداڵانه: مناڵانه.
منداڵبازاڕ: منداڵبازاڕ.
منداڵدار: مناڵدار.
منداڵدان: مناڵدان.

مندالۆچکە: منالۆچکە.

مندالّ و مەزن: منالّ و مەزن.

مندالەورتکە: منالەورتکە

مندالّی: منالّی.

منگ: کەسێکە کە بەلووت قسە بکا.

منگن: منگ.

منگە: دەنگێکە کە لە لووتەوە بێتە دەرەوە، (منگە منگ) منگەی یەک لەدوای یەک.

من و تۆیی: دوومالّەکی (من و تۆیی کردن) دوومالّەکی کردن.

منەت: چاکە: منەتم بەسەردا مەکە واتە چاکەم بەسەردا مەکە.

منەکردن: منەیی.

منەمن: منامنا.

منەیی: گەڕان بەدووی شتێکدا بەپەنهانی: (منەیی) مەکە.

منێ منێ: د. منا منا.

مو: ل. من.

مۆ: پشتی تەشوێ و پاچ و تەور.

موبل: د. شتی ناومالّ.

موتاپچی: کەسێکە کە موو لە شانە بدا و بیرێسێ و بیکا بەخەرار.

موتابخانە: شوێنێکە کە موتابچی کاری تێدا بکا.

موتالآ: خوێندنەوەی کتێب و لێ وردبوونەوەی.

موتوربە: متربە.

موتورفە: مەردوومی زۆر جوان. متربە.

مۆتە: چەمۆلّە.

مۆتەکە: قورساییەکە لە خەودا دەکەوێتە سەر ئەندامی مەردووم ناتوانێ جوولّە و هاوار بکا تا تەواو بێدار نەبێتەوە.

مۆتی: ز. دۆشاو.

مۆجگاری: ئامۆژگاری.

مۆجیاری: مۆجگاری.

مۆچ: ماچ. مەردوومی مۆن.

مۆچیاری(د). خەتی سەر پەنجەی دەست.

مۆچانن: د. ئامۆژگاری کردن .

موچرک: تەزوو.

موچرکە: موچرک.

مۆچک: ز. پێوانەیەکی پچکۆلانەیە.

مۆچکردن: ماچکردن.

مۆچکرن: ز. گوێ خەفاندنی ولآخ لە ترساندا.

مۆچکە: د. ئامۆژگار.

مۆچە: د. جۆرە گیایەکە وەک سپێناخ، ئاژالّ دەیخوا.

مۆچیاری: د. ئامۆژگاری.

مۆخ: جۆرە چەورییەکی خەستی بۆرە، وا لەناو مێشک و ئێسقانی گیانداردا.

مۆخ دەرهاتن: بریتییە لە تێن پێگەیشتن و ماندووبوونی مەردووم لە شتێکەوە.

مۆخل: ز. هێلّەک.

موخوڕ: دەموکانە.

مۆدنە: شتێکی ڕاستی کوناوەدەرە لە دار یا لە کارەبا جگەرەی پێ دەکێشرێ. جێگا دەم لە قلیان.

مۆر: جۆرە ڕەنگێکە وەک ڕەنگی گولەوەنەوشە. شتێکە ناوی مەردوومی لێ هەلّدەکەنرێ. مۆرانە (د). مێرولە (د).

مۆرانە: گیاندارێکی وردە کەلوپەلی خوری و داری گەندلّ دەخوا.

مۆرتک: مۆرد.

مۆرخانە: نقێمی ئەموستیلە.

مۆرد: درەختێکە گەلآیەکی بۆن خۆشی هەیە.

مۆڕ: گیانداری مۆن.

مۆڕبوونەوە: چاو زەقکردنەوە لە یەکێک بەتووڕەیی.

مۆرک: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

مۆرکردن: مۆرنان بەکاغەزدا.

مورک لە خۆنان: خۆ بەسەنگین و گرانگرتنی یەکێک کە لە خۆیدا وانەبێ.

مورکومایە: سەنگینی و گرانی مەردووم.

مۆرە: شتێکی پچووکی شەش ڕووە هەر ڕووەی چەند خالّێکی پێوەیە، یاری تاولّەی پێ دەکرێ. کولّویەکە کە دیواری پێ دروست دەکرێ (د). موورەغە (د). مووردار (د).

مۆرە بەسەرچوون: بریتییە لە شتێک کە باوی نەمابێ.

مۆرەقە: جۆرە موورانەیەکە دەداتە دەغلّودان و دار و گەلێ شتی تر.

مۆرەمۆر: لەبەر خۆوە لۆرەلۆر کردن.

مۆرهەلّکەن: کەسێکە کە مۆر هەلّبکەنێ.

مۆریان: ئەسپێ.

مۆریانە: مۆریان (د). مۆرانە

مۆری: مسقالّی مووروو. مێروولە (ز).

موریشی: با. گەفە بەهارە.

مۆریلە: مێروولە.

مۆز: دەعبایەکی کەودلەی یەک ڕەنگە لە (خەرەنگەز) پچووکترە. چۆلەکەیەکی پچووکی مێشوولە خۆرە. جۆرە میوەیەکی درێژکۆلەی گەرمیانییە بەهێشوو دەیگرێ. زەردەوالّە (ز).

مۆزکردن: ڕق هەستان و مۆڕبوونەوەی ڕەشەولآخ. بریتییە لە ڕق هەستان و خیشکردنی ئادەمی.

مۆزگرتن: مۆزکردن.

مۆزەخانە: عەنتیکەخانە.

مۆزیک: ز. پارێن.

مۆزیقا: مۆزیقە.

مۆزیقە: تەنەکەیەکی بۆشە فووی پێدا دەکرێ و دەنگێکی بەرزی لێوە دێ.

مۆزیقەچی: کەسێکە کە مۆزیقە لێ بدا.

مـۆزیقـە لێدان: فـووکـردن بەمـۆزیقـەدا بەجـۆرێک کـە دەنگێکی تایبەتی لێوەبێ.

موژدە: مژدە.

مۆژگاری: ئامۆژگاری.

مۆژیار: ئامۆژگار.

مۆژیاری: مۆژگاری.

مـوغـازە: دوکـانێکی گـەورەیە کـە هەمـوو شـتـێکی فـرۆشتنی تێدابێ.

مۆغەرە: موورەغە.

مـوغـەیری: کەلەبەرێکە لە دیوار ئاگری تێدا دەکـرێتەوە و لەسەر بانەوە دوکەڵەکەی دەردەچێ.

موفت: مفت.

موفتخۆر: مفتخۆر.

موفتە: مفت.

موفتەخۆر: مفتەخۆر.

مـوفەڕک: شـتێکی کەمە لە یەکێک یا لە شـوێنێکی مـوبارەکەوە دەست بکەوێ.

موقرایی: لێلایی.

موقرایی داهاتن: لێلایی داهاتن.

مۆقک: ز. پشکی هیزەی ڕۆن.

مۆڵ: شتی گردی کۆمەڵ، (مۆڵبوون)، کۆمەڵبوون، (مۆڵکردن) کۆمەڵکردن.

مۆلاقە: مۆلەقە.

مۆڵخواردن: مۆڵبوون.

مۆڵدان: کۆمەڵکردن و خڕکردنەوە.

مۆڵگە: جێگای مۆڵدانی ئاژاڵ.

مۆڵە: ز. قوڕی گیراوە بۆ سواغ.

مۆڵەت: ماوەدان بەئیش.

مۆلەق: ئەبلەق.

مۆلەقبوون: ئەبلەقبوون و چاو زەقبوونەوە.

مولەقـە: دارێکی گردە بەقـەد مـەچەکێک ئەسـتـوورە، سەری لای خوارووی ڕایەڵی جولای پێوەیە، سەرەکەی تری بە(نەوەرد)ەوەیە.

مولەکردن: ز. سواغدان بەقوڕ.

مـۆم: شـتـێکی درێژکـۆلەیە لە پلـیـتـە و پیـو دروست دەکـرێ و لە جیاتی چرا دادەگیرسێنرێ. مێوی هەنگوین.

مۆمدان: شتێکی بنکداری بەرزە مۆمی چرای لەسەر دادەنرێ.

مۆمکەرە: کەسێکە کە هەر مۆمی چرا دروست بکات.

مۆمنایی: شـتـێکە وەک قـیـر، لە هێندێ شاخ و ئەشکەوتدا دێتە خوارەوە بە قـەد بەرددا، خـواردنی زۆر باشـە بۆ کـەسـێک کـە گلابێ یا نهێمێکی پێ گەیشتبێ.

مۆمیا: جۆرە دەرمـانێکی تایبەتـیـیـە دەکـرێتـە ناو جەسـتـە و لاشەی مردووەوە، دوای پاککردنەوەی لە هەموو چەوری و گۆشتێک. بۆ ئەوەی کە بۆگەن نەکات.

مۆمیاکاری: بەکارهێنانی مۆمیا لە جەستەی مردوودا بەو جۆرەی کە پێویستە .

مۆمیاکراو: مردوویەکە کە مۆمیاکاری کرابێ.

مۆمینە: د. مشەمما.

مۆن: مەردوومی ڕووگرژ.

مۆنی: ڕووگرژیی.

موو: شـتـێکی لووسی باریکە لە خوری ڕەقترە لە جەسـتەی هێندێ گـیـانداردەڕوێ. برینێکی بەناسـۆرە لە ئەندامی مـەردووم دەردێ. مۆ (د).

مووبڕ: دەرگا و پەنجەرەیەکە کە زۆر جووت بێ و با نەدا.

مووتاو: د. موورێس.

مووچ: د. باسکی دەست.

مـووچاخ: د. سـەر و پرچی دەسـتکرد کـە ژنی کـەچەڵ لەسـەری دەکەن.

مووچاندن: د. چەماندنەوەی شت.

مووچانن: د. مووچاندن.

مووچانەوە: د. چەوتاندنەوە.

مووچانە: شتێکە کە بە مووچە بدرێ.

مووچڕک: مووچڕک.

مووچڕکە: موچڕکە.

مووچنک: ز. مووکێش.

مـووچە: جـومگەی لای مـەچەک. جـیـرە. چەند مـاڵێکە کـە لە دێیـەک جـیـابووبنەوە و لە نزیک دێکەوە لەسـەر ئاوێک خانوویان کردبێ یا هەواریان هەڵدابێ. بەشێکە لە زەوی کە جیاکرابێتەوە بۆ کشتوکاڵ.

مـووچەخـۆر: کـەسـێکە کـە لە لایەن یەکـێکەوە مـووچەی بۆ برابێتەوە. فەرمانبەری میری بەرۆژانە.

مووچیا: د. قولەپێ.

مووچیانەوە: د. چەمینەوە.

مووخۆرکە: برینێکی پچووکە بەسەری منداڵ هەڵدەپەڕێ و مووی پێوە ناهێڵێ.

موودار: چاوێکە کە مووی ببێ.
موودنە: د. مۆدنە.
مووده: ز. پاڵەوان.
موور: گردەداری ئەستوور. بارستەکردنی قوڕ لەسەریەک بە درێژی تا دەبێ بەدیوار. بریتییە لە ڕۆژووەوان: زبانم بە(موور)ە واتە بەڕۆژووە. سووچ و قوژبن (ھ).
مووڕاستەوەبوون: بریتییە لە زۆر تووڕەبوون.
مووڕێس: کەسێکە کە موو بڕێسێ بۆ خەرار و گوریس.
موورگ: موروو. مووری.
موورگەبا: د. موورووەبا.
موورنان: نیشانەکردنی شتێک بۆ ئەمەی دەستکاری نەکرێ.
مووروو: جۆرە شتێکی خڕی کونداره ژنان بەهۆنراوەیی دەیکەنە ملیان بۆ جوانی.
مووروولە: بەرکۆڵەی جووت. هەموو شتێک کە وەک موروو خڕ هەڵدرابێ
مووروودبا: جۆرە موورووبەکی سپییە ژنان دەیکەن بەسەریاندا بۆ باداری.
مووروو شین: دەرمانێکی تیژی شینی ڕەقە بۆ هێندێ شت بەکاردێنرێ.
مووروو شینە: مووروو شین.
مووروودکەرانە: کووژەکە کەرانە.
موورە: موورگ، پەلەپیتکە.
موورە سەنگ: ئاسنێک یا بەردێکی خڕە، دەبرێتە ناو (خوانکەوە) بۆ ئەوەی (بلۆسک)ی لەسەر بسوورێتەوە و خوانکەکە کون نەبێ.
موورەغە: تیرەغەی پشت.
مووڕێ مازی: بڕبڕەی پشت.
مووری: مۆری.
مووز: ز. زەردەواڵە.
مووزک: با. کەوشی سوور.
مووسایی: جوولەکە.
مووسڵدان: بەرمووسڵدان.
مووش: شتێکە لە یاری مووشێندا بەڕیزە دادەکرێ و بەهەڵمات تیلی تێ دەگیرێ.
مووشانە: مووشێن.
مووشکردن: د. خیشکردن.
مووشن: مەردوومی کوت و کوێر. چلێس.
مووشە: مووشەکردن: فیسار کەس هەر خەریکی (مووشە)یە.
مووشەدەمە: دەمەی ئاسنگەر.
مووشەک: چلێس.
مووشە کردن: جووست و جۆکردنی گیاندار بۆ چنینەوەی خواردەمەنی.
مووشێن: جۆرە یارییەکە چەند مووشێک بەریز دادەکرێن و، لە ئەنشتەوە بەهەڵمات تیلیان تێ دەگرێ هەر چەندێکیان بنەنگێورێن، دەبرێنەوە.
مووکردن: بریتییە لە مەمنوونبوونی کەسێک بۆ شتێک کە لە پێشەوە وا نیشان بدا کە پێی ڕازی نییە و لە دڵیشدا زۆری پێ خۆش بێ. تیژی تیغ بەزۆری بەجۆرێک کە موو بتاشێ.
مووکێش: مەقاشێکی تایبەتی پچکۆلەیە، مووی پێ هەڵدەکێشرێ.
مووم: مۆم.
موومی: ز. جۆرە سەرپێچێکی پیاوانەیە.
موونک: ز. جومگەی پەنجە.
مووە: مۆ. برینی موو.
مووەڕزە: د. نەخۆشییەکە بەهەر کەسێک بگا مووی هەڵدەوەرێ.
موویینە: شتێکە کە مووی زۆربێ.
مووین: شتێکە لە موو دروست کرابێ.
موێش: ل. مشک.
مە: پیتی واز پێهێنان (نەهی)ە.
(مە)کە، (مە)خۆ. ئێمە.
مهاردێ: ھ. مادەی نان پێوەدان.
مهان: ل. ماین.
مهانە: بەهانە.
مەبادا: وتەیەکە دکەوێتە ناودندی دوو وتاردوە، هۆبەتی (علیت) وتاری دوای خۆی بۆ پێش خۆی دگەیەنێ: درۆ مەکە (مەبادا) ڕووزەرد ببیت، یا بخۆ (مەبادا) برسیت ببێت.
مەبەس: شتێکە کە بتەوێ ببێ.
مەبەست: مەبەس.
مەت: پووری خوشکی باوک.
مەتارە: دەفرێکە لە لباد یا لە چەرم دەگیرێ و ناوی تێ دکرێ.
مەتاڵ: قەڵغان.
مەتر: میتر.
مەترسی: ترسان لە شتێک کە هێشتا ڕووی نەدابێ: (مەترسی) گرانی دکەم، واتە بیمی گرانیم هەیە.
مەترە: مەتر.
مەتردباز: ز. چەرچی.
مەتردلۆز: جۆرە تفەنگێکە هەتا فیشەکی بدرێتە بەر، دەیتەقێنێ.
مەتردلوێز: مەتردلۆز.
مەتک: ز. مەت.

مەتە: ئاسنێکی لووت تیژە بەچەرخ یا بەڕێ کەوان دەخولێنرێتەوە و داری پێ کون دەکرێ. مەت.

مەتەرێز: چەند کونێکە لە قەڵا دا دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی شەڕە تفەنگی لێوە بکرێ. سەنگەر.

مەتەفەرِدنگی: د. برغوو.

مەتەل: ز. مەتەڵ.

مەتەڵ: وتارێکی مەبەست گرانی پێچراوەیە مەردووم لە یەکی دەپرسنەوە بۆ بەراوردی زیرەکی یەکتری.

مەتەڵ داهێنان: پرسینەوەی مەتەڵ لە یەکێک.

مەتەڵۆک: مەتەڵۆکە.

مەتەڵۆکە: مەتەڵ.

مەتەڵە: د. مەتەڵ.

مەتێ: هـ. دردوش. مەتی.

مەتیە: د. مەتی.

مەتی: هـ. پوور.

مەجرەف: مووروەدارێکە کە بەکاری لەوح و داهێنان بێ.

مەجمەعە: سینی بچووک.

مەجیدی: جۆرە هەنجیرێکە (با). جۆرە دراوێکی زیوینی عوسمانییە.

مەچەک: باریکایی دەست.

مەچەکە: دارێکە سەرێکی دەبرێتە (دۆڵیانەوە) بەنی (دایەڵکە)ی تێ دەپێچرێ.

مەچیر: ل. دەزوو.

مەحچەچە: خڕنووک.

مەحفیرک: با. مافوور.

مەحموودی: جۆرە دراوێکی زێڕینی پانی عوسمانییە.

مەخابن: با. مخابن.

مەختە: د. پەیمان و بڕیار لەسەر شتێک.

مەختەر: ز. مەیتەر.

مەخسەرە: گاڵتە پێکردن.

مەخشەڵ: ئاگری گڕی زۆر خۆش

مەخشەڵان: چەند ئاگرێکی گڕی خۆشە، کە لەلای یەکەوە بگرێن.

مەخمەر: قەیفە.

مەخمەڵ: مەخمەر.

مەخەر: با. زەوی گەورەی تەخت.

مەخەل: با. ئەو شوێنە سێبەرەیە کە نیوەڕوان مەڕ و ماڵات لەژێریدا کۆدەبنەوە بۆ دۆشین.

مەدرەب: ز. دارستانی قەدەغەکراو. زەوی بەراو.

مەدفینی: با. خۆرشتی پلاو.

مەددر: ز. تکا.

مەدەک: ز. ماداک.

مەر: بێڵ (ز). مەگەر.

مەراق: خەفەتی زۆر بەدەست شتێکەوە.

مەراقکردن: خەفەت چوونە سک.

مەراڵ: ئاسک.

مەران: ز. درەختێکە لقەکانی دەکرێ بەدار قەنگە.

مەرایی: ڕووپامایی.

مەرتاندن: ز. ڕووشاندنی شتێک.

مەرج: گرەو. شەرت و پەیمان.

مەرجان: جۆرە گیاندارێکی دەریایی لق لقە وەک درەخت، خۆی بەبنکی دەریادا دەنووسێنێ و خواردەمەنی وەردەگرێ پارچەکانی دەکرێ بەمووروو.

مەرحەمە: پەشتەماڵ.

مەرد: پیاوی ئازای جوامێر.

مەرداسەنگ: مرداسەنگ.

مەردانە: کردار و گوفتاری پیاوانە.

مەردایەتی: پیاوەتی و جوامێری .

مەردم: د. مەردووم.

مەردووم: ئادەمی.

مەردومازار: زۆرداری ستەمکار .

مەردومازایی: زۆرداری و ستەمکاری.

مەردە: هـ. مردوو.

مەردەن: هـ. مردن.

مەردەنگی: د. جۆرە کووپەیەکە لە شووشە، ناوقەدی تۆزێ ئەستوورترە لە سەر و قنگەکەی.

مەردەماڵ: د. داراییەکە کە گیانی لەبەردا نەبێ، وەک پارە و کوتاڵ و شتی تری وا.

مەردە و زیندە: د. بەشوێنێک دەڵێن نە بەکاری زیندوو بێ نە بەکاری مردووبێ.

مەردی: جوامێری و پیاوەتی.

مەڕ: گیاندارێکی مێینەی خوریداری دووگداری ماڵییە کە پێی نابێتە ساڵی چوارەم. بێڵ (با) ئەشکەوتێکە لە شاخ و کێو کە مەڕە کێوی تێ دەچێ (د).

مەڕانە: سەرانەیەکە کە لە لایەن دەوڵەتەوە لە خاوەن (مەڕ) دەسێنرێ بەرانبەر بەمەڕەکانی.

مەڕبەند: زنجیرێکی درێژە سەرێکی دەکرێتە دەستی ولاخەوە و سەرەکەی تری بەزەوییدا دادەکوترێ .

مەڕبێر: مەڕەبێرە. خاکەنازی گەورە (با).

مەڕک: با. بێڵ.

مەڕمەڕ: جۆرە بەردێکی لووسی سەختی جوانە دەتاشرێ و پایە و دیواری لێ دروست دەکرێ.

مەڕمەڕۆکێ: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە.
مەڕە: جۆرە هەنگێکی تەمەڵی کەم بەرهەمە.
مەڕبێرە: بێرە. کاتێکە کە مەڕی تێدا دەهێنرێتەوە بۆ بێرە.
مەڕەسوور: دەعبایەکی کێوی شاخدارە، لە ئاسک دەچێ، بەڵام ئەم نەختێک گەورەترە.
مەڕەکێوی: مەڕەسوور.
مەڕیای: هـ. شکان.
مەڕی: مەڕەکێوی. چاوێکە نە زۆر ڕەش بێ و نە زۆر کاڵ بێ.
مەرز: هـ. قەراغ و پەڕی شت
مەرزنجۆش: گیایەکە گوڵێکی کوڵکنی پەمەیی دەگرێ، بۆ ژانەسک جۆش دەدرێ و دەخورێتەوە.
مەرز و بووم: زەویوزار.
مەرزە: سنوور (هـ). گیایەکی هاوینییە گەڵای درێژکۆڵەیە وەک شویت دەخورێ.
مەرزەوان: ئەوانەن کە سنووری خاکێک دەپارێزن.
مەرس: گای بنە. مەردوومی زویری بێ دەنگ (مەرسبوون) زویر بوون.
مەرسکردن: زویرکردن.
مەرغوزار: د. مێرغوزار.
مەرکانە: دەفرێکی گڵێنی سووردەوەکراوی قووڵی دەم زلە.
مەرگ: مردن.
مەرگبڕین: کوشتن. بریتییە لە کردنی کارێک بەچاکی: وای دروست کردووە (مەرگی بڕیوە).
مەرگ کردن بەجەژن: بریتییە لە ئازاردانی یەکێک بەجۆرێکی وا سەخت کە مەرگ لە چاویدا جەژن بێ .
مەرگەماسی: جۆرە زەهرێکە ماسی پێ دەکوژرێ.
مەرگەماهیی: مەرگەماسی.
مەرگەمووش: جۆرە زەهرێکی کوشندەیە دەدرێ بەمشک.
مەرگەمەلە: مەلەیەکە کە خاوەنەکەی لە خنکان ڕزگار نەکا.
مەرمەر: د. مەڕمەڕ. هەڵمات.
مەرمەریشۆک: ز. مارمێلکە.
مەرە: سەغڵەتی و ماندوێتی زۆر: بە(مەرە)یەکت دەبەم بەهەنگوین بڵێیت زەهری مارە.
مەرەز: موویەکی نەرمە بەئەندامی جۆرە بزنێکەوە.
مەرەزە: برنجێکی سەوزە کە هێشتا نەدورابێتەوە.
مەرەس: ڕستێکە دەخرێتە ملی تانجییەوە.
مەرەک: ز. کادان.
مەرەکەب: ڕەنگێکی شلی تایبەتییە کاغەز و کتێبی پێ دەنووسرێ.
مەرەندی: جۆرە کاڵەکێکی درێژکۆڵەی کووز کووزە.
مەرەنی: مەرەندی.
مەرێس: ز. جوانی و تریبفەی شت.
مەزات: فرۆتنی شت لەناو چەند موشتەرییەکدا بەزیادکردنی نرخی لەلایەن موشتەرییەکانەوە یەک لەسەر یەک.
مەزاتخانە: دەلاڵخانە.
مەزاختن: لەناوبردنی شت (ز).
خەرجکردن (با).
مەزاق: گاڵتە.
مەزاق پێکردن: گاڵتەکردن بەیەکێک .
مەزخاندن: ز. مەزاختن.
مەزد: ز. کلاوڕۆژنە.
مەزرا: دەشتێکی پانە کە شینایی تێدا کرابێ.
مەزروکە: ز. مادەی نانکردن.
مەزرە: د. کێڵگە، دەبێ لە مەزرەعەوە وەرگیرابێ.
مەزرەقە: هـ. مەزروکە.
مەزرێح: د. مزراح.
مەزن: شتی گەورە. پیاوی گەورەی سەرۆک.
مەزناهی: با. گەورەیی.
مەزند: مەزن.
مەزندە: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ شتێک کە گومانت تێدا بێ: بەمەزندەی من ئەم کارە وایە، لە (مظنە)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.
مەزنی: گەورەیی.
مەزووکە: هـ. مارمێلکە.
مەزە: خواردەمەنییەکە کە لەگەڵ ئارەقدا بخورێ.
مەزەبزووتن: بریتییە لە ئارەزووکردن و حەزکردن لە شتێک.
مەزەدار: خواردنی خۆشی بەتام. قسەی خۆشی بەتام.
مەزەدان: کەمێک سوێر، خوێکردن یا ترشکردنی خواردەمەنییەک: کەمێک (مەزە)ی سوێر یا ترشی چێشتەکە بدە.
مەژک: مێشک.
مەژگڵە: هـ. گیایەکی سەوزە لە بزنە ڕیشە دەچێ بەکاڵی دەخورێ.
مەژگە: هـ. کاکڵە گوێز.
مەژی: مێشک (با). سەر (ز).
مەس: مەست.
مەساسە: بێڵەکانی لووت ئاسن. ئاسنێکی دەم پانە کلکێکی دارینی پێوەیە جووتیار لەکاتی جووتدا قوڕی هەوجاڕی پێ دەکرێنێ.
مەست: مەردوومی سەرخۆش. بریتییە لە گیانداری تێروتەسەل. بریتییە لە چاوی ڕەشی جوان.

مەستبوون: سەرخۆشبوون. تێروتەسەلبوون.
مەستوور: سەرخۆش.
مەستەکی: شتێکە وەک بوغورد وایە و تامی خۆشە، لەگەڵ (ئەنیسوون) و (رازیانە)دا دەهاڕرێتەوە و دەدرێ بەمنداڵ.
مەستی: سەرخۆشی. تێروتەسلی.
مەسقەڵ: شتێکە ژنان دەموچاوی پێ جوان دەکەن.
مەسکەت: خواردەمەنییەکی خۆشە لە شەکر و ئارد و گوێز دروست دەکرێ.
مەسە: پارچە پۆڵایەکی لووسی درێژکۆلەیە، گۆشتفرۆش کێردی پێ تیژ دەکاتەوە. خاکەنازی ئاگر (د).
مەسەب: ز. شوێنێکە کەوی ڕاوی تێدا دادەنرێ بۆ ئەوەی کە بخوێنێ و کەوی تری لێ کۆ ببێتەوە.
مەسەکی: د. مەستەکی.
مەسێ: خاکەنازی ئاگر. ئەستێولک (هـ). وتەیەکە بەتەوسەوە هێندێ جار لە گفتوگۆدا بەکاردێنرێ.
مەسین: ز. مەسینە.
مەسینە: لوولێنەیەکی مسین یا حەوجۆش یا تەنەکەیە.
مەش: هـ. مێش.
مەشتە: جۆگەیەکە بە تەنشت سێ چوار قەد توتن و تەماتەدا دەکێشرێ و ئاوی ئەو قەدانەی لێوە دەدرێ.
مەشفەن: ز. تاتەشۆر.
مەشق: نووسینەوە لەبەر دێڕێکی جوان چەند جارێک لەسەر یەک بۆ خەتخۆشی. کردارێکی تایبەتییە کە ڕۆژی چەند سەعاتێک بەسەرباز دەکرێ.
مەشک: ز. مەشکە.
مەشکاڵە: مەشکۆلەیەکە کە شتی وشکی تێدا دابگیرێ.
مەشکۆلە: مەشکەی پچووک.
مەشکۆڵە: مەشکۆلە.
مەشکە: پێستێکی دەرهاتووی خۆشکراوە ماستی تێدا دەژەنرێ.
مەشکەبرە: مەشکە درە.
مەشکەدرە: جۆرە کوللەیەکی ژێر باڵ سوورە.
مەشکەژەن: کەسێکە کە مەشکە بژەنێ.
مەشکە ژەندن: ژەندنی مەشکە بۆ گرتنی کەرە لە ماست.
مەشکەژەنە: مەشکەژەنێ.
مەشکەژەنێ: جۆرە یارییەکە چوار پەلی یەکێک دەگیرێ و بەرز دەکرێتەوە و وەک مەشکە دەژەنرێ.
مەشکە و مەلان: ناوە بۆ مەشکە و ئەو سێپایەی کە لەسەری دەژەنرێ.
مەشکەی گاووس: مەشکەی چەرمی مانگا.
مەشە: مێش.
مەشەک: جۆرە چەکێکە لە زەوییەوە بۆ زەوی و، لە زەوییەوە بۆ ئاسمان و بەپێچەوانەکەشیەوە بەکاردێنرێ (صاروخ).
مەشیا: وتەیەکە لە جێی وتەی (دەبوایە) بەکاردێنرێ.
مەعاف: زۆر: فلان شت مەعافە واتە زۆرە.
مەعلان: شارەزای بەبەهرە.
مەعین: ز. ماین.
مەغز: مۆخ: پیاوێکی بێ مەغزە واتە بێ مێشکە. کاکڵەی گوێز و بادام و هێندێ شتی تر.
مەغەل: ز. پەچەی مەڕ لە دەشتدا.
مەفرەق: جۆرە کانێکە وەک فافۆن، قاپ و قاچاخی لێ دروست دەکرێ.
مەفسک: ز. کەوگیر.
مەفەرە: جۆر ترێیەکی خڕە وەک (پایزە) وایە بەڵام ئەم هەر لە هاویندا پێ دەگات.
مەقیژ: با. مێوژ.
مەقاش: ئاسنێکی دوو پەلە، پشکۆ ئاگری پێ هەڵ دەگیرێ.
مەقەست: تیغێکی برندەی دوودەمە، شتی پێ دەبردرێ و مووی پێ دەقرتێنرێ.
مەقەستکردن: هەڵپاچینی موو بەمەقەست: بەرسمێلت (مەقەست کە).
مەقەستە: غارکردن لەسەر کێڕێک بەچەپ و چڕی لە وێنەی مەقەستدا.
مەقەڵە: جۆرە یارییەکە.
مەقەڵێ: شتێکی پێچکەدارە، لە زستاندا ئاگری تێ دەکرێ.
مەک: د. خوێ.
مەکات: خەرجێک بوو جاران ساڵەوساڵ لە سەری هەموو ئاژاڵێکی گەورە دەسێنرا بۆ دەوڵەت.
مەکارە: بەکرەی خەیاتی. ولاخێکە کە بەکرێ گیرابێ بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل و شتومەک.
مەکارەچی: کەسێکە کە مەکارە لێ بخوڕێ.
مەکر: ئازونووز.
مەکرباز: ئازونووزکەر.
مەکرکەر: مەکرباز.
مەکۆ: شتێکی سەرو قنگ باریکە جۆلا لوولەی تێ دەخاو جۆلایی پێ دەکا.
پەنایەکەدزو جەردە خۆی تێدا حەشاربدا.
مەکۆک: مەکۆی جۆلایی.
مەکوو: د. مەکۆی جۆلایی.
مەکووک: مەکوو.
مەکووکە: مەکووک.

مەکی: هـ. خویّ.

مەکینە: ماکینە.

مەکینەچی: ماکینەچی.

مەگرتی: با. گیرەم.

مەگریجەنی: قەیچی.

مەگەر: وتەیەکە لە دوای وتەی بوونەوە نەبوون و لە دوای وتەی نەبوونەوە بوون دەگەیەنێ: ئیمشەو دیم بۆ لات (مەگەر) میوانم بێ، واتە ئەگەر میوانم هات نایەم، یا ئیمشەو نایەم (مەگەر) میوانەکانم برۆن، واتە ئەگەر رۆیشتن دێم. تومەز: چوومە لای فیسار کەس وتیان لێرە نییە (مەگەر) لە ژوورەوە بووە و ئەوان نەیانزانیوە واتە (تومەز).

مەگەز: ل. مێش.

مەگەزە: د. جۆرە چاوئێشەیەکە .

مەگەس: مەگەز.

مەگەن: د. موقناتیس.

مەگیرانی: بێزووکردنی ژنان.

مەل: گیانداری باڵدار.

مەلا: خوێندەواری ئاینی بەرز. ناوکی خەرمان.

مەلا: مەلا.

مەلابانگان: کاتی شەبەقدان کە بانگدەر بانگی تێدا دەدا.

مەلابەزێن: بریتییە لە کەسێک کە لە هەموو قسەیەکدا بەرزە بلێیس بوەستێ.

مەلا تەقتەقێنە: جۆرە یارییەکە چەند کەسێک بەدوو بەرد دەیکەن.

مەلاخۆر: شتێکە کە بەتەوایی هەرزان بووبێ و دەست بکەوێ. شتی حەڵاڵ کە لەوانەبێ مەلا بیخوات.

مەلازادە: منداڵی مەلا.

مەلاس: شتێکە کە نووسابێ بەزەوییەوە و مت بووبێ: گاکە خۆی (مەلاس)کردووە (مەلاسبوون) متبوون بەزەوییەوە، (مەلاسکردن) متکردن.

مەلاشک: مەلاشو.

مەلاشگ: مەلاشک.

مەلاشو: ئاسمانەی ناودەم. تەپڵی سەر لە عاستی مەلاشو.

مەلاشوکەوتن: دەردێکە تووشی مەردووم دەبێ مەلاشووی دادەکەوێ و بەپەنجە هەڵی دەدەنەوە.

مەلاشووهەڵدانەوە: بە پەنجەی دەست هەڵدانەوەی مەلاشووی منداڵی تازەبوو یا یەکێک کە مەلاشووی کەوتبێ.

مەلاڤی:ز. جۆرە هەرمێیەکی پایزەی گەورەیە.

مەلاک: د. مێلاک.

مەلاککردن: مێلاککردن.

مەلامەت: مەبەست: هاتنت بەم شەوە بێ(مەلامەت) نییە.

مەلاو: مەلوولاو.

مەڵبەن: مەڵبەند.

مەڵبەند: ناوچە.

مەلتیک: ز. جۆرە سێوێکی پایزەیە.

مەڵحەم: جۆرە دەرمانێکی تەڕی توندە دەخرێتە سەر برین. بەری گیایەکی بۆن خۆشە دەکرێتە ناو نانەوە. جۆرە دارێکی بۆنخۆشی کوێستانییە داردەستی لێ دروست دەکرێ.

ماڵڵا: مەلا.

مەڵکەنی: د. مەرکانە.

مەلمەل: جۆرە تەنراوێکی تەنکە وەک کرێشەی سەرپۆشی ژنان وایە.

مەڵۆ: چەند باقەیەکی گەورەیە لە شتێک کە بەداس دروابێ، یا بەدەست دەسکەنە کرابێ.

مەلۆتک: د. مەلۆتکە.

مەلۆتکە: منداڵی ساوای قۆناغەکراو .

مەلوو: ز. مەڵۆ.

مەلووچک: د. مەلیچک.

مەلوولاو: ئارداوێکە هێندێ جار بۆ ئاژاڵ دەگیرێتەوە و دەرخواردی دەدرێ .

مەڵوەن: د. مەڵبەند.

مەلە: بەناو ئاودا رۆیشتن و کەوتنە سەر ئاو بەهۆی جووڵاندنی پەل و پۆوە. خۆشووشتن بەئاو.

مەلەس: جۆرە پارچەیەکی جوانی ئاوریشمی لووسە، ژنان دەیکەن بەکالا.

مەلەسی: ناوە بۆ جۆرە هەنارێک.

مەلەڤان: ز. مەلەوان.

مەلەکردن: چوونە ناو ئاو و پەل و پۆ جووڵاندن بۆ هاتوچۆکردن بە سەریدا. بریتییە لە چوونە ناو ئاو و خۆ تێ هەڵکێشانی.

مەلەکوڕ: هـ. کوللە.

مەلەگەوی: هـ. مەلەوێچە.

مەلهەم: د. مەڵحەم.

مەلەوان: کەسێکە کە مەلە بزانێ.

مەلەوانی: زانینی مەلە.

مەلەوێچە: مالەوێنچە.

مەلیە: ل. کوللە.

مەلیچک: د. چۆلەکە.

مەم: د. مەمک.

مەمرە و مەژی: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ ژیانێکی کەموکوڕی وا کە لە ناوەندی ژیان و مردنابێ، واتە نە بەژیان بژمێردرێ و نە بەمردن: فیسار کەس (مەمرە و مەژی) دەژی.

مەمک: دوو گۆی خڕ و پڕی گۆشتنی سەر بەمۆرن بەسەر سنگی ئافرەتەوە کە مندالّی بوو شیری تێ دەزێ.
مەمک خواردن: بریتییە لە شیرخواردنی مندالّ بەدەمنانی بەمەمکەوە.
مەمکخۆر: مندالّی شیرەخۆرە.
مەمکدان: بریتییە لە شیردان بەمندالّ بەخستنی مەمک بۆ ناوەدمی.
مەمکدەر: بریتییە لە ئافرەتێک کە شیر بدا بەمندالّ.
مەمککردن: پەیابوونی مەمک لەسەر سنگی ئافرەت.
مەمکۆلە: مەمکی پچکۆلەی جوان.
مەمکە: مەمک. دوو دەنکە لە تەزبیح کە لەسەر باری پانی کون کرابێ.
مەمکەبەند: شتێکە دەخرێتە هەردوو مەمکەوە و لە پشتەوە دەبەسترێ بۆ ئەوەی کۆی بکاتەوە.
مەمکەخۆرە: مندالّی بەر مەمکانە.
مەمکەفەڕەنگی: مەمکێکە لە لاستیک دروست کراوە، دەخرێتە دەمی مندالّی شیرەخۆرەوە بۆ ژێربوونی.
مەملە: مەمکۆلە.
مەملەدەمێ: د. مندالّی شیرەخۆرە.
مەمە: وتەیەکە مندالّی شیرەخۆرە بەمەمکی دەلّێ.
مەمۆتێ: د. مەمکۆلە.
مەمۆلە: مەمۆتێ.
مەمە: مەمک. مەمکەی تەزبیح.
مەمێ: مەمک.
مەن: دەفرێکی تایبەتییە دانەوێلەی پێ دەپێورێ. سەنگێکی تایبەتییە. مەنگ. مەند (د).
مەنجەلّ: دەفرێکی مسینی قوولّی لێوداره، چێشتی تێدا لێ دەنرێ.
مەنجەلّۆک: با. سەتلّ. دەستە مەنجەلّ.
مەنجەلّۆکە: مەنجەلّی پچووک.
مەنجەلّی هەلّم: جۆرە مەنجەلّێکە لە هیچ لایەکەوە هەناسە نادا و لە ماوەیەکی کەمدا هەموو جۆرە خواردەمەنییەکت بۆ ئەکولّێنێ.
مەنجەنیق: ئامێر (آلة)ێکە بۆمبا و ئاگری پێ فڕێ دەدرێتە ناو دوژمنەوە، لە فارسییەوە وەرگیراوە.
مەنجێلّ: د. مەنجەلّ.
مەند: مەنگ. پیتێکە بە دوای هەر ناوێکەوە نرا دەیکا بەسیفەتی موشەببەهە: دەولّە(مەند)، بەهرە(مەند)، خێردو(مەند).
مەند: خێردو(مەند).
مەندۆلّ: بەندۆلّی سەعات.
مەندۆلّە: جۆرە تەنراوێکی ئەستوورە دەکرێ بەکالاّ. زەنگولّەیەکی پچکۆلەیە لە زێڕ یا لە زیو دەخرێتە پاوانەی مندالّەوە.
مەندوونە: ئەستێو.
مەندێ: گیایەکە وەک هەلّز دەدرێ بەناژالّ و ولاّخ.
مەندی: بوونی ناو بەمەنگ. هێدێتی و لەسەرخۆیی مەردووم.
مەندیل: تەنراوێکی سپییە لە بلووری تەنکترە. دەسەسڕ. مێزەرەی سپی.
مەنزلّ: قۆناغێکە کە لێی بخرێ.
مەنزلّ بەگی: د. مەنزلّ و قۆناغ.
مەنزلگا: شوێنی کاروان لێخستن.
مەنسووری: جۆر نقامێکە.
مەنقەلّە: مەقەلّی.
مەنقەلّی: مەقەلّی.
مەنگ: ناوی پەنگاو. مەردوومی لەسەرخۆ.
مەنگۆڕ: د. کچی قەدرەی ماوەوە.
مەنگۆلّە: مەندۆلّە. زەنگولّە (د). گولّنگە (د).
مەنگەلّ: د. مەنگەلّی.
مەنگەلّی: مەقەلّی. پەنجا فلسی.
مەنگەن: مەنگەنە.
مەنگەنە: گیرگەیەکی تایبەتییە کە لەکاتی جزوبەندا کتێبی پێ دەگیرێ.
مەنگی: پەنگاویی ناو. هێدێتی و لەسەرخۆیی.
مەنۆلّە: مەندۆلّە.
مەنەر: نیشانە و سەر و شوێن: فیسار کەس (مەنەر)ی نییە واتە بێ سەر و شوێنە.
مەنێ: گیایەکی ترشی بەهاریی بۆن خۆشە وەک شوێت وایە دەخورێ.
مەنی: د. مەنێ.
مەوج: پێخەفێکە وەک جاجم، بەلاّم ئەم لە دەزوو دروست دەکرێ.
مەودا: تیژی دەمی تیغ. مەیدان: مەودام بدە.
مەوێژ: ز. مێوژ.
مەویژ: مێوژ.
مەویژە: د. دەنکێکی ڕەشباوە بەسەر سووردا دەڕوانێ و ناوەکەی سپییە.
مەه: مانگ.
مەها: مێ.
مەهار: پەتێکە وەک ڕەشمە دەخرێتە لووتی وشتر و ولاّخی سەرکێش.
مەهاربەن: د. مەهاربەند.

مەهاربەند: مەهار.

مەهارکردن: مەهارخستنە ناو لووتی وڵاخ.

مەهانە: بەهانە.

مەهتاو: د. مانگەشەو.

مەهدەر: ز. تکا.

مەهدەرچی: ز. تکاکەر.

مەهرکرن: ز. مارەکردنی ژن.

مەهک: با. حەیزی ژنان کە هەموو مانگێک تێی دەکەوێ.

مەهمێز: د. مامزە.

مەهیر: ز. دۆکولیو.

مەهینی: ز. ئێسترەماچە.

مەی: مەڕ (هـ). شەراب. حوشتری مێ (ز).

مەیا: ز. ئێسترەماچە.

مەیان: مەیدان. جۆر ترێیەکە (ز).

مەیانە: دۆستایەتی: فلان و فلان مەیانەیان خۆشە، واتە بەینیان هەیە.

مەیتەر: خزمەتکاری وڵاخ.

مەیتەری: خزمەتکردنی وڵاخ.

مەیخانە: شوێنێکە کە ئارەقی تێدا بفرۆشرێ.

مەیخانەچی: ئارەقفرۆش.

مەیخۆر: کەسێکە کە شەراب بخواتەوە.

مەیخۆش: مێخۆش.

مەیفرۆش: کەسێکە کە هەر شەراب بفرۆشێ.

مەیدان: دەشتایی و پانایییەکی گەورە.

مەیدانبازی: یاریکردن لە مەیدانێکدا.

مەیداندار: کەسێکە کە لە مەیدانێکدا یاری بکات.

مەیدانداری: مەیدان نانەوە.

مەیدان نانەوە: ئامادەکردنی مەیدانێک بۆ یاری تێداکردن.

مەیرە: جۆرە پەنیرێکی وردە وەک سیرێژ.

مەیکوت: مێکوت.

مەیمان: د. میوان.

مەیمانخانە: د. میوانخانە

مەیمانی: د. میوانیی.

مەیموون: گیاندارێکی چوارپێی کلکداری گەرمیانییە دەست و پێی لە دەست و پێی ئادەمی دەچێ. میوان.

مەیموونەوان: کەسێکە کە مەیموون ڕابگرێ و فێری یاری بکات.

مەینەت: تاڵاو و دەردی سەری.

مەینەتی: تاڵاوی و دەردی سەرێتی.

مەیین: توندبوونەوەی شتی شل بەهۆی هەوێن یا سەرماوە.

مەیو: شتێکە کە مەییبێ: وەک ماستی مەیوی لێ هاتووە.

مێ: گیاندارێکە کە نێرنەبێ. مەڕ .

میاو: میاوە.

میاواندن: دەست بەمیاوەکردنی پشیلە.

میاوانن: د. میاواندن.

میاوە: دەنگی پشیلە (میاوەمیاو) میاوەی یەک لەسەر یەک.

مێباز: کەسێکە کە حەز لە ژنان بکا و چاو باشقاڵیان لەگەڵدا بکات.

مێبازی: حەز لە ژنان کردن و چاوباشقاڵیکردن لەگەڵیاندا.

مێتاوی: د. کەپرێکی سەرگیراوە لەبەردەمی خانووی دوونهۆمدا دروست دەکرێ بۆ ئەوەی هاوینان لەسەری بنوون .

میتر: ئەندازەیەکە کە بریتییە لە سەد سانتیم.

مێتکە: مێتولکە.

مێتن: ز. مژین.

مێتوکە: مێتولکە.

مێتولکە: ئەسپێی وردی پچووک .

میتێل: ز. قومامەی دۆشەک.

میجک: ز. خێرایی و چەسپانی لە کاردا.

مێچڕاندن: ز. هەڵگولۆفتنی هەردوو دەست.

مێچکە: مێینەی پچووکی هێندێ گیاندار.

مێچکە مێچکە: بەدەوروپشتی یەکێکدا هاتن و قسەی نەرمکردن لەگەڵیدا بۆ ئەوەی کارێکی پێ بکەیت .

مێچلگە: ز. مەرجکردن لەسەر شتێک .

مێخ: سنگ.

مێخ زنجیر: سنگێکی ئاسنە دادەکوترێ و وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە.

مێخ سندان: دەزگای ئاسنگەر.

مێخلەمە: جۆرە خواردەمەنییەکە لە ڕۆن و قیمە و هێلکە دروست دەکرێ .

مێخۆش: شتی مزر.

مێخەک: بەری درەختێکی گەرمیانییە بۆنی زۆر خۆشە. جۆرە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی جوانە بۆنی وەک بۆنی مێخەک وایە.

مێخەکبەند: ملوانکەی مێخەک.

مێخەکە: جۆرە دوگمەیەکی ڕەقە لە دەست و قاچی هێندێ کەس دەردێ.

مێخەکی: شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی مێخەک وابێ.

میر: با. پیاوی ئازا.

میرار: ز. گیانداری مردارەوەبوو، (میراربوون) مرداربوونەوە. (میرارکردن): مردارکردنەوە.

میرانە: پیاوانە.

میرانی: با. پیاوەتی.

میرتال: قەڵغان (ز).
میرج: ز. جۆرێکە لە گەنم.
میرچ: ز. دەنگی ماچ.
مێرخاس: با. پیاوی ئازا.
مێرخوز: جۆرە ماسییەکی شینی باریکە.
مێرد: هاوسەری ژنی مارەکراو.
مێردترێنە: جۆرە مووروویەکە ژنان دەیکەن بەسەریاندا.
مێردرێوە: دیوارێکە بە بەرزی گەز و نیوێک دەکرێ بەگردی سەربانداو بۆ ئەوەی ئەگەر ماڵ و منداڵ لەسەر بان نوستن نەبینرێن (ستارە).
مێردکردن: شووکردن.
مێردەزمە: حۆڵی بیابان. بەردە عازەبە: (د).
مێردی: پیاوەتی.
مێریان: هـ. شکان.
میرزا: یەکێکە کە هەر خوێندنەوە و نووسین بزانێ.
مێرغوزار: چیمەن و سەوزایی.
مێرک: با. مێر.
مێرگ: با. چیمەن.
مێر و چێر: د. دۆست و برادەر.
مێروستان: هێلانە مێرووڵە.
مێروو: مێرووڵە. مرۆڤ (د).
مێرووچە: مێرووڵە.
مێرووڵە: گیاندارێکی پچووکی سەر زلی قنگ خڕی ناوقەد باریکە.
مێرووڵەکردن: مڵووچەکردنی ئەندام بەهۆی سڕبوونیەوە. وردە قوڵپدانی شتی شل لەسەر ئاگر لەپێش هاتنەکوڵیدا.
مێری: با. مێرووڵە.
میرنشین: إمارە.
میری: حکوومەت.
مێز: تەختێکی چوارپێی بەرزە شتی لەسەر دادەنرێ. مێز. باوەش: (مێز)ێک دار، واتە باوەشێک.
مێزن: میزن.
مێزەر: مەندیلێکی سپییە کە بەسترابێ بەسەرەوە. سەرپێچ.
مێزەرە: مێزەر.
مێزفک: با. پلوسک.
مێزیان: د. میزتن.
میزتن: با. میزکردن.
مێژ: نوێژ (ز) شتی ڕابوردووی کۆن (د).
مێژتن: با. مژین.
مێژکرن: ز. نوێژکردن.
مێژکەر: ز. نوێژکەر.
مێژوو: تأریخ.
مێژووشناس: تأریخ زان.
مێژووڤان: با مێژووناس.
مێژووناس: با. مێژووشناس.
مێژووناسی: با. زانینی مێژوو.
مێژوەرد: جۆرەس گیایەکە بۆ ئاژاڵ و وڵاخ باشە.
مێژەڵاک: مێشکەسەر. لاسک و چڵ و پۆپی هێشووەترێ کە دەنکی پێوە نەمابێ.
مێژەڵۆک: مێوڵاک.
میساب: ز. مشتە.
میساخە: ز. شوێنی ئارد لە دەوروپشتی بەرداش.
میساس: ز. نەقیزە.
مێش: گیاندارێکی پچووکی باڵداری خورتداره.
مێشان: د. یارییەکە بەگوێز دەکرێ.
مێشپەڕ: کاتی ڕشانەوەی ترێ.
مێش تێدان: مێش مرووکان بەزۆری لە شتێک.
مێشرەوێن: چەرمێکی هۆنراوەی پڕێژە دەکرێ بەناوچەوانی وڵاخدا بۆ ئەوەی بەجوولانەوەی مێشی لێ دوور بکەوێتەوە.
مێشقەپاندنەوە: بریتییە لە بێ نیشی یەکێک.
مێشک: شتێکی سپی چەورە لەناو کاسەی سەری گیاندارا.
مێشکوژ: شتێکی کلکداری دەمپانی کون کونە مێشی پێ دەکوژرێ.
مێشکۆڵە: بەشێکە لە مێشک دەکەوێتە پشتی سەرەوە بۆ لەنگەرڕاگرتنی لەشی ئادەمی.
مێشگرە: کاغەزێکە دەرمانێکی لینجی پێوەیە مێش دەگرێ.
مێش لە دەمی خۆدەرنەکردن: بریتییە لە گێلی و بەسزمانی.
مێشلەزەرگۆ: هـ. مێشلەزەرگوون.
مێشلەزەرگوون: هـ. گیایەکی کوێستانییە گەڵای وەک نەرخەوان وایە، وەک لاولاو بەقەد شتدا هەڵدەگەڕێ و بەقەد دار و بەرددا ڕیشە دادەکوتێ، لاسکەکەی بەچەند ساڵێک وا ئەستوور دەبێ دارجگەرەی لێ دروست دەکرێ.
مێشن: چەرمی مەڕ و بزن کە خۆش کرابێ و ڕەنگ نەکرابێ. شتی مێشاوی.
مێشۆ: مەردوومی گەلۆر.
مێشووڵە: دەعبایەکی باڵداری زۆر پچووکی بەناڵۆشە.
مێشە: بێشە.
مێشەڕەوێ: د. مێش دەرکردن لەبەر بێ نیشی.
مێشەرۆ: شوێنێکە کە مێشی زۆر بێ. ناوە بۆ دێیەک لە هەورامانی ئەودیو.

میشەسەگانە: جۆرە میشێکی پانکەڵەی سوورکاری چنگ چنگە بەهەر شتێکەوە نووسا درەنگ لێی دەبێتەوە و، زۆرتر بەسەگەوە دەنیشێ.
میشەسی: چێرگ.
میشەقەبری: جۆرە میشێکی سەوزە لە زەوی هەڵکەنراو دێتە دەرەوە.
میشەکەرانە: جۆرە میشێکی گەورەیە هەر لە وڵاخ دەنیشێ.
میشەگیرە: د. جۆرە جاڵجاڵۆکەیەکە میش دەگرێ.
میشەلان: بێشەلان.
میشەمر: ز. شتێکە کە خاوەنەکەی بەجێی هێشتبێ. شتی فڕێدراو.
میشەوش: ز. نیسک.
میش هەنگ: جۆرە هەنگێکی بێ هەنگوینە.
میش هەنگوین: هەنگ.
میشێن: جۆرە یارییەکە بەمیش دەکرێ.
میڤان: با. میوان.
میڤانی: با. میوانی.
میقەسوک: ز. پەڕەسێلکە.
میقەور: ز.کوولەکەی درێژی ملدار.
میکرۆب: گیاندارێکی زۆر وردیلانەیە بەچاو نابینرێ.
میکرۆسکۆب: هۆکار (آلة)ێکە شتی زۆر وردی پێ بەدی دەکرێ.
میکوت: دارێکی گردە کلکێکی تێ براوە.
میکوتە: نەخۆشییەکە تووشی منداڵ دەبێ زیپکەی سەر خڕ لە ئەندامی پەیا دەبێ.
میکووک: گیای بەلەک. مەکۆی جۆلایی.
میکووکە: میکووک.
میگەل: ڕانی مەڕ و بزن.
میگەلەوان: شوان.
میل: کلچێوک. پایەیەکە بۆ نیشانکردن لە ڕێ و باندا دروست دەکرێ. جۆرە ئاسنێکی تایبەتییە ئاوی لە چاو پێ دەردەهێنرێ. ئەندازەیەکە لە ڕێ و بان کە هەزار و حەوت سەد و شەست یاردە. شتێکی درێژی خڕی لووسی قورسە زۆر خانەی پێ دەکرێ. کێڕی ڕاست. کەواکەی (میل میل)ە. داری تەرازوو.
میلاق: هەڵاڵە برمە. ترێیەکە لە ژوورێکی نە زۆر ساردی نە زۆر گەرمدا بەپەتێک هەڵواسرابێ بۆ ئەوەی بەرودوا لە زستاندا بخورێ. لالەنگەر.
میلاقە: جۆرە گوڵێکی سوورە لە گوڵاڵەسوورە پچووکترە.
میلاک: کەوچک.
میلاککردن: بریتییە لە چەشتنی خواردەمەنییەک.
میلکان: هەوارگە.
میلۆکلەدان: د. کلچێوک و کلتوور.
میلوو: جۆلانە.
میلۆورە: میروولە.
میلە: د. میل.
میلەگورگانە: جۆرە کاردوویەکە گەلای وەک کلتوور وایە نێرکێکی هەیە لە کلچێوک دەچێ.
میمل: دوژمنی مەرگبڕی شت: پشیلە (میمل)ی مشکە، یا چەقەل (میمل)ی مریشکە.
مینگوین: ڕەشەوڵاخی تازە بەر کەل.
مینگە: منگە.
مینەکە: ئەموستیلەیەکە لە شاخی گیاندار دروست کرابێ.
میو: درەختی ترێ. تلپەی هەنگوین. مێ.
میوان: میوان.
میوانی: جۆرێکە لە حەلوای شەکر بەڵام ئەم کەمێک شلە. میوانی (د).
میودان: میوکردن.
میوژبلک: میلاک.
میوکردن: هەڵسوونی میولە کشتەک و مشەما.
میولاک: چڵ و چێوی میوە کە لە بەهاراندا دەبڕدرێ.
میولاکە: میولاک. ناوە بۆ ڕێیەک لە ناوچەی ماوەت.
میولاو: د. دارێکە کە دەچێتە ناو ئاوی نیرگەلەوە.
میو و ڕۆن: جۆرە مەڵحەمێکە لە میو و لە ڕۆن دروست دەکرێ بۆ نەرمبوون دەدرێ لە دەست و پێی قەڵەشاو.
میووژ: ترێی وشککراو.
میووک: ز. قۆپچەی کالا.
میوە: میوە. مێ.
میوەمارانە: جۆرێکە لە کاڵەکە مارانە بەڵام دەخورێ و وەک میو تەرز دەهاوێ.
میە: مێ (ز). مەڕ (با).
میهرەبان: مەردوومی دڵنەرمی خاوەن بەزەیی.
میهرەبانی: دڵنەرمی و بەزەیی هاتنەوە بەمەردوومدا.
میهرەوان: د. میهرەبان.
میهرەوانی: د. میهرەبانی.
میهڤان: ز. میوان.
میهمان: میوان.
میهمان بەڕێکردن: میوان بەڕێکردن.
میهمانخانە: میوانخانە.
میهمانداری: میوانداری.

میهمانی: میوانی.
می: موو.
میان: ناوەڕاستی شت: لە (میان)ی قسەدا قسە مەکە.
میانفەرش: لاکێشێکی باریکە لە ناوەندی دوولاکێشدا ڕادەخرێ.
میانە: میان. شتی ناوەنجی.
میانفەرش. ناوە بۆ دێیەک لە هەورامان.
میانەڕەوی: د. ڕۆین لە هەموو گوفتار و کردارێکدا بەناوەنجی.
میت: پەنجەی برای تووتە. مووش.
میتک: قیتکە.
میتکە: قیتکە.
میتۆڵ: د. میتک.
میتۆڵە: د. میتۆڵ.
میتێن: مووشێن.
میچ: ئێسقانێکە لە قاچی گیانداردا. بنمیچی بان.
میچلە سەرگرتن: وڕکگرتن لەسەر شتێک و لانەدان لێی: لەسەر ئەم ئیشە نەوەندە (میچ مەگرە).
میچۆلکە: میچۆڵە.
میچۆڵە: شتێکە کە خڕ هەڵدرابێ وەک کەشک، (میچۆڵەکردن) خڕ هەڵدانی شت وەک کەشک.
میچی قومارخانە: بریتییە لە مەردوومی زۆرزانی فێڵباز.
میچێن: یاریکردن بەمیچ.
میخی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.
میر: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ گەورە: (میر)م واتە گەورەم. ناوە بۆ ڕوویەک لە میچ لە یاری (میچێن)دا. دەوڵەت.
میرات: کەلەپوورێکە کە مردوو بەجێی بێڵێت.
میراتبەر: کەسێکە کە میراتی مردووی بەر بکەوێ.
میراتگر: میراتبەر.
میراتگرتن: بەشبردن لە میراتی یەکێک.
میراتی: شتێکە کە بەمیرات بەجێ مابێ.
میراخوڕ: گەورەی مەیتەران.
میراف: با. میراو.
میران: وتەیەکە لە ڕووی ڕێزەوە بەپیاوێکی گەورە دەوترێ.
میرانە: ڕەسمێکە بۆ میری وەردەگیرێ.
میرانیی: با. ناوە بۆ جۆرە ترێیەک
میراو: کەسێکە کە بەشکردن و زیاد و کەمکردنی ناوی بەدەست بێ.
میرفان: د. میوان.
میرفانی: د. میوانی.
میرکوت: با. مێکوت.
میرگزیرکێ: د. میر و گزیر.
میرنشین: ولاتێکە کە میرێک بەڕێوەی بەرێ.
میرۆڤ: ز. میراو.
میر و گزیر: یارییەکی دوو دەستەییە، هەردەستەیەی وەستایەکی هەیە، ئەو دەستەیەی کە یارییەکە وەردەگرێت ئەموستیلەیەک هەڵ دەدات دەبێ بەپشتی دەست بیگرێتەوە و، لەسەر پشتی دەستی بەبێ یارمەتی دەستەکەی تری ئەموستیلەکە بجووڵێنێت تا دەیکاتە یەکێک لە پەنجەکانی، ئینجا ئەگەر کردییە پەنجەی باڵابەرزەی ئەوا دەبێت بەمیر، ئەگینا دەبێ بەگزیر، وەستا لەسەر یاریکردنی خۆی درێژە دەستێنێت تا ئەموستیلەکەی لە هەڵدان، یا لە کردنە پەنجەیدا دەکەوێتە خواردوە، ئەو حەلە یاریکەری دووەم لەو دەستەیە یاری پێ دەکات، کە ئەمیش لە دەستی کەوتە خواردوە، ئینجا یاریکەرێکی سێیەم تا هەموو دەستەی یەکەم دەیدۆڕێن ئینجا دەستەی دووەم وەری دەگرێت، هەر بەو ڕەنگە.
میروو: د. مووروو.
میرە: د. گەورەی ئاوایی.
میرەدێ: کوێخا (د) . ناوی دێیەکە لە ناوچەی وارماوا.
میرەوانی: د. میهرەبانی.
میری: حکوومەت.
میز: ئاوێکی سوێرە لە چووک و زێی گیاندارەوە دێتە دەرێ.
میزاو: بریتییە لە ئاوێکی کەم کە بڕوا.
میز بەزاندن: هاتنە دەرەوەی میزی منداڵ و سەرکردنێتی لە دەمی بلوێرەوە لەناو بێشکەدا.
میزتن: دادانی دانەوێڵەیە بەپاڵ (بلۆسکە)دا لە کاتێکدا کە (گێر) شل بووبێتەوە بەجۆرێک کە دانەی لێ بچێتە خواردوە بۆ ناو ناو.
میزدان: میزڵدان.
میزکردن: بەردانەوەی میز.
میزگیران: گیرانی میز و نەهاتنە دەرەوەی.
میزڵدان: توورەکەیەکی پچووکە لە سکی گیانداردا میزی تێدا کۆ دەبێتەوە.
میزن: گیاندارێکە کە زوو میز بکا.
میزەچرکێ: میزەچوڕکێ.
میزەچوڕکێ: زوو زوو میزکردن بەهۆی ترسان یا سەرمابوونەوە.
میزەڵ: ز. کەسێکە کە میز بکا بەخۆیدا.
میژۆک: ز. بەرخێکە کە هەموو مەرێک بمژێ.
میژویی: ه. نیسک.
میژویین: ه. نیسکێن.
میستن: میزتن.

میسمیسک: با. میزڵدان.
میش: ل. مشک.
میل: مێڵ.
میلبازی: یاریکردن بەمیل.
میلچێوک: کلچێوک.
میلدان: کلدان.
میلکان: ل. هەواری زستانە.
میل لێدان: میلکردن بەژێر گلێنەی چاودا بۆ هێنانە دەرەوەی ناوی ناو پەردەکانی.
میم: پیتێکە لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. پوور.
میمار: ز. برینی موو.
میمزا: پوورزا.
میمک: پووری خوشکی دایک.
میمکزا: پوورزا.
میمی: پوور.
مینا: گوڵێکی هەمەڕەنگی جوانە، بەزەویدا پەخشان دەبێتەوە. شووشە. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (وەکو).
مینابەند: شوێنێکە شووشەکاری زۆری تێدا کرابێ.
میناکاری: مینابەند.
مینالغ: پارچە مینایەکە کە لە هەموو ڕەنگ تێکەڵ بووبێ.
مینەک: کەرێکە لە کارواندا کە ئاو و شتومەکی کاروانچی لێ بار دەکرێ.
میوان: کەسێکە کە بێتەلات بۆ دیدەنی .
میوان بەڕێکردن: خزمەتی میوانکردن بەباشی.
میوانخانە: دیواخان. ئوتێل.
میواندار: کەسێکە کە میوانی زۆربێ .
میوانداری: میوان ڕاگرتن و باش بەڕێکردنی.
میوان داکردن: دامەزراندنی میوان .
میوان ڕاگرتن: میوانداری.
میوانی: بوون بەمیوانی یەکێک: هاتمەلات بە(میوانی).
میوە: بەری هێندێ سەوزایی و بەرزە درەختە وەک کاڵەک و هەرمێ و ترێ و گەلێ شتی تر.
میوەجات: میوەهات.
میوەگەنان: مانگی تەمموز کە سی و یەک ڕۆژە.
میوەهات: گەلێک جۆر لە میوە.
مییە: با. مەڕ.
مێیە: مێینەی هێندێ شت: ئەم کەوە (مێیە)یە.
مێینە: گیانداری مێ.

ن

ن: دەبێ بە(ضمیر متصل) بۆ (جمعی مخاطب) و (غائب): ئێوە دەخوێنـ(ن)، ئەوان دەنووسـ(ن). ئێوە بخوێنـ(ن)، ئەوان بنووس(ن). دەنووسێ بەدوای هێندێ ناوەوە دەیکا بەسیفەتی مشبە: چلکـ(ن) کولکـ(ن) ورگـ(ن). دەبێ بەراناوی قسەکەر لەگەڵ غەیری خۆی (متکلم مع الغیر) وەک (مان) لای هێندێ لە تیرەکانی کورد: ئەسپەکە (ن) هانی، واتە ئەسپەکە(مان). دەبێتە پەیوەند (رابط) لە رستەیەکدا کە کرداری تێدا نەبێ: ئەوان پێشمەرگەن.

نا: پیتی نەفییە بۆ ئێستا و لەمەولا: (نا)خۆم، (نا)رۆم، نەء: (نا) لە وەرامی یەکێکدا کە لێت بپرسێت ناخۆیت؟ واتە نەء.

نائۆمێد: کەسێکە کە ئومێدی برابێ لە شتێک.

نائومێدی: ئومێدبڕان لە شتێک.

نابوو: د. نابووت.

نابووت: کەسێکە کە دەستمایەی نەمابێ. گیانداری گەمژی پچووک.

نابووتی: بێ دەستمایەیی. گەمژەیی و پچووکی.

نابوود: نابووت.

نابوویی: د. نابووتی.

نابەجا: شتێکە کە لە جێی خۆیدا نەبێ .

نابەجایی: شتی نابەجا.

نابەجێیی: وتن یا کردنی شتێک کە لە جێی خۆیدا نەبێ.

نابەدڵ: شتێکە کە لە کانی دڵ نەیەتە دەرەوە.

نابەکار: مەردوومی بەدکار.

نابەکاری: بەدکاری.

نابەکام: شتی ناکامڵ: ئەم قەزوانە (نابەکام)ە. کەسێکە کە بەناوات نەگا.

نابەکامی: نەگەیشتن بەناوات.

نابەڵەد: نەشارەزا.

نابەڵەدی: نەشارەزایی.

نابینک: با. جۆرە تیرۆکێکی ئەستوورە لە پێشەوە گونکی پێ پان دەکرێتەوە لەسەر پنە، لە پاشا بەتیرۆکێکی باریکتر دەکرێتەوە بە نان.

نابینا: مەردوومی کوێر.

نابینایی: کوێری.

ناپاک: کەسێکە کە دڵ و دەروونی پیس بێ دەربارەی مەردووم.

ناپاکی: دڵ و دەروون پیسی دەربارەی مەردووم.

ناپەسەند: مەردوومی ناوەجاخ.

ناپەسەندی: ناوەجاخی.

ناپیاو: نامەرد.

ناپیاوی: نامەردی.

ناتار: د. نادروستی ناپوخت.

ناتاری: د. نادروستی.

ناتانین: د. نەتوانین.

ناتر: کەسێکە کە لە حەمامدا خزمەت بکا.

ناترە: ریزە چیلکەیەکە دادەچەقێنرێ لەسەر خەرمان لەکاتی شەن کردندا، لە ناوەندی کاوداندا، بۆ ئەوەی کە تێکەڵ نەبن.

ناتف: با. پلێتەی دەرمانە کە دەکرێ بەبریندا.

ناتۆرە: نەتۆرە.

ناتۆرەبێژ: نەتۆرەبێژ.

ناتەبا: نارێک.

ناتەبایی: نارێکی.

ناتەمیز: شتی پیس و چەپەڵ.

ناتەمیزی: پیسی و چەپەڵی.

ناتەوان: مەردوومی ئیفتادەی بێ هێز.

ناتەوانی: ئیفتادەیی و بێ هێزی.

ناتەواو: شتێکە کە تەواو نەبووبێ. بریتییە لە مەردوومی کەم دەست.

ناتەواوی: بریتییە لە کەم دەستی و هەژاری.
ناجۆر: د. بە دوو شت دەوترێ کە لەیەک نەچن وە زۆر جیابن لە یەک.
ناجەستە: شتی نابووتی نالەبار.
ناجەسە: د. ناجەستە.
ناچار: کەسێکە کە لە کردن یا نەکردنی کارێکدا بێ دەرەتان بێ.
ناچاری: بێ دەرەتانی لە کردن یا لە نەکردنی کارێکدا.
ناچە: د. کونێکە کە دانەوێڵەی لێ دێتە خوارێ بۆ گێری ئاش.
ناچیز: مەردوومی ناکەس.
ناچیزە: ئافرەتی ناکەسی نارەسەن .
ناحەز: کەسێکە کە حەزت لێ نەکا.
ناحەزی: دوژمنایەتی.
ناخ: ناو دەروونی شت: ئاوەکە چوو بە(ناخ)ی زەویدا.
ناخار: د. ناڕاست.
ناخر: ز. ڕەووگ.
ناخرقەوان: ز. ڕۆژی دەیەم لە کانوونی یەکەم کە وڵاخ و ئاژاڵ لەبەر سەرما ناکرێتە دەرەوە.
ناخوا: ناخودا.
ناخودا: دارێکی ئەستووری بەرزە لەناو کەشتیدا. مەردوومی ستەمکار. کەشتییەوان.
ناخودایی: ستەمکاری.
ناخۆش: شتێکە کە دڵ نەیگرێ. نەخۆش.
ناخۆشی: بوونی شت بەناخۆش. ناکۆکی: ئەو دوو کەسە (ناخۆشی)یانە. نەخۆشی.
ناخۆشین: نەخۆشی.
ناخون: نینۆک.
ناخونکردن: ناخونگرتن.
ناخونگرتن: د. نینۆک کردن.
ناخونە: ناخونەک.
ناخونەک: خواردنی شتی مەردووم بەهەوانتە. جۆرە دەردێکە لە چاو پەیا دەبێ (د).
نادان: نەزان.
نادانی: نەزانی.
نادروست: شتی نارێکی نالەبار.
نادروستی: نارێکی و نالەباری.
نادوروس: د. نادروست.
نادوروست: نادروست
نادوروستی: نادروستی.
نادوروسی: د. نادروستی.
نادۆڵ: د. ناچە.
نادیار: شتێکە کە لێتەوە دیار نەبێ.
نادیاری: دیارنەبوونی شت لێتەوە.
نادیدە: شتێکە کە نەت دیبێ. نادیار.
ناراو: د. جەخار و خەفەت.
نارجیێل: نەرجیل.
ناردراو: نێرراو.
ناردن: ڕەوانەکردنی شتێک بۆ شوێنێک.
ناردنەوە: گێرانەوەی شتێک کە نێردرابێ بۆت بۆ لای خاوەنی.
ناڕاس: د. ناڕاست.
ناڕاست: مەردوومی سەرچەوتی درۆزن.
ناڕاستی: درۆزنی و سەرچەوتی .
ناڕاسی: ناڕاستی.
ناڕراو: نێرراو.
ناڕەوا: شتی ناشایستە. پارەی قەلب .
ناڕەوان: دەرسێکە کە ڕەوانت نەبێ .
ناڕەوانی: گیروگرفتی لە زانینی دەرسدا.
ناڕەوایی: ناشایستەیی.
نارێک: شتی خواروخێچ. بریتییە لە کەسێک کە لێت دڵگیربێ.
نارێکی: خواروخێچی. بریتییە لە ناکۆکی دوو کەس.
نارگیل: د. نارجیل.
نارگیلە: نێرگەلە.
نارنارۆکە: نارۆکە.
نارنارۆکێ: نارۆکە.
نارنج: شتێکە وەک پرتەقاڵ بەڵام ئەم ترشە.
نارنجۆک: بۆمبای دەستی.
نارنجەک: نارنجۆک.
نارنجی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی نارنج وابێ.
نارنگی: لالەنگییەکە وەک پرتەقاڵ وابێ.
نارۆکە: جۆرە گۆرانییەکە.
نارەدون: نارەدوەند.
نارەدوەند: دارەوەند.
نارپاگ: د. نێرراو.
ناری عەلی: ڕەنج و زەحمەتی زۆر: بەهەزار ناری عەلی تا دۆزیەوە.
ناری: جۆرە مقامێکە.
نارین: با. گۆرانییەکە کە خەم و خەفەت بێنێ.
ناز: خۆفرۆشی و خۆ خۆشەویستکردنی یەکێک لای یەکێک. درەختی سنەوبەر (د).
نازار: نازدار.
نازاو: سەوزایی تێراوی پاراو.

نازپەروەر: نازدار.

نازدار: کەسێکە کە زۆر خۆشەویست بێ و نازی بکێشرێ.

نازداری: خۆشەویستی و ناز کێشانی یەکێک.

نازفرۆشتن: نازکردن.

نازفرۆشی: نازکردن.

نازک: ناسک. بریتییە لە مەردوومی شەرمنی لەسەرخۆ. شتی تەنک.

نازکردن: خۆفرۆشی و خۆ خۆشەویست کردن.

نازک کار: د. وەستایەکە کە لە گەچکاریدا نەقشی جوان بکا.

نازکەر: کەسێکە کە ناز بکا .

نازکێشان: ناز ڕاگرتنی نازدار.

نازکی: بوونی شت بەنازک.

نازگ: نازک.

نازناز: جۆرە گوڵێکی هەمەرەنگە هەر بەیانیان دەگەشێتەوە و گەڵا سەوزەکەی وەک پەڵپینە وایە.

نازنامە: نازناو.

نازناو: لەقەب.

ناز و نووز: نازفرۆشتن.

ناز و نیوناز: ناز.

نازە: د. شوێنی زیندوو لە نینۆک.

نازەنین: ئافرەتی زۆر جوان.

نازێ: د. نازکەر.

نازی: ز. نازکردن.

نازین: خۆ هەڵکێشان بەیەکێکەوە. تۆ بەکێوە (دەنازیت).

ناس: شتێکە لە تووتن دروست دەکرێ و هێندێ کەس لە جیاتی جگەرەکێشان دەیخاتە ژێر زمانی.

ناساز: ناخۆش: ئەم ئاوە (ناساز)ە. نەخۆش (ناساز)م واتە نەخۆشم. کەسێکە کە لەگەڵ یەکێکی تردا ناکۆک بێ: فیسار کەس لەگەڵمدا (ناساز)ە.

نازاسی: ناخۆشی. نەخۆشی. ناکۆکی.

ناساغ: نەخۆش.

ناساغی: نەخۆشی.

ناساق: ناساغ.

ناساقی: ناساغی.

ناسزا: ناشایستەی نارەوا. بریتییە لە جوێن: (ناسزا)ی پێ وتم، واتە جنێوی پێ دام (د).

ناسک: شتێکە کە زوو لەت ببێ. مەردوومی شەرمنی لەسەر خۆ. شتی تەنک: پەرداخەکە (ناسک)ە واتە تەنکە.

ناسکبوونەوە: پنربوونەوەی ئەندام.

ناسکرن: ز. ناسین.

ناسکۆڵە: شتی پچکۆڵەی ناسک.

ناسکەنان: جۆرە لەواشەیەکی ناسکی چەورە هەویرەکەی بەڕۆن دەشکێنرێتەوە.

ناسنامە: پارچە کاغەزێکە کە وێنە و ناو و شۆرەت و پیشەی یەکێکی تێدابێ.

ناسۆر: برینێکە کە درەنگ چاک ببێتەوە: برینەکەی بەناسۆر کەوتووە.

ناسیار: ناسیاو.

ناسیاری: ناسیاوی.

ناسیاگ: ناسیاو.

ناسیاگی: ناسیاوی.

ناسیاو: ئاشنا.

ناسیاوی: ئاشنایی و ناسینی یەکێک.

ناسین: بینینی شتێک و شارەزایت لێی بەڕەنگێک بۆ جارێکی تر جیای بکەیتەوە لە شتی تر.

ناسینەوە: دووبارە ناسینی شتێک کە لەمەوپێش ناسیبێتت.

ناشارەزا: نابەڵەد.

ناشارەزایی: نابەڵەدی.

ناشایس: د. ناشایستە.

ناشایستە: شتی بێ جێی نالەبار.

ناشایسە: د. ناشایستە.

ناشتا: خاڵێتی سک لە بەیانییاندا: بەیانیان بە(ناشتا) جگەرە مەکێشە. خواردەمەنییەکە کە لەسەر سکی ناشتا بخورێ.

ناشتاکردن: خواردنی نانی سەر لە بەیانی.

ناشتن: مردووکردن بەژێر گڵەوە. درەخت و گوڵ ڕوواندن.

ناشناس: بێگانەی نەناسراو.

ناشێتی: بوونی مەردووم بەناشی: فلان کەس بەناشێتی ئەو کارەی کرد.

ناشیرین: شتێکە کە جوان نەبێ.

ناشیرینی: بوونی شت بەناشیرین.

ناشی: مەردوومی کۆڵی نەشارەزا لە کاروبارێکدا.

ناعال: مەردوومی نالەبار.

ناعالی: نالەباری.

نافک: ز. ناووکی مەردووم و گیانداری تر .

نافەرمان: مەردوومی لاساری گوێ نەگر.

نافەرمانی: گوێ نەگرتن بۆ فەرمان.

نافەک: عاستی ناولنگ لە دەرپێ.

نافەکبرین: بریتییە لە نەتککردنی یەکێک.

ناف: ناووک (ز). ناو (با).

ناف ئێش: ز. ڕەوانی و سکچوون.

ناڤبارک: با. سەلەیەکی پچووکە میوەی تێ دەکرێ.

ناڤبڕ: با. ناوەندی دوو شت.

ناڤدار: با. ناودار.

ناڤک: با. ناوک.

ناڤماڵ: با. ناوماڵ.

ناڤنج: با. ناوەند.

ناڤنجی: با. ناونجی.

ناق: د. قوڕگ.

ناقایل: نارازی.

ناقڕ: ل. بینەقاقە.

ناقۆلا: شتی نارێک.

ناقولچ: هـ. نوقورچ.

ناک: وتەیەکە دەنرێ بەدوای هێندێ وتەوە دەیکا بەسیفەتی (مشبە): خەم(ناک)، دەرد(ناک).

ناکا: د. ناکاو: فیسار کەس (ناکا) هات واتە لە ناکاودا.

ناکام: کەسێکە کە بەکام و خواستی خۆی نەگەیشتبێ.

ناکامی: نەگەیشتن بەئاوات.

ناکاو: کوتوپڕ.

ناکاوی: کوتوپڕی.

ناکۆک: ناساز.

ناکۆکی: ناسازی.

ناکولۆکار: د. شتی نالەبار.

ناکەس: ناوەجاخ.

ناکەس بەچە: ناوەجاخ.

ناکەسی: ناوەجاخی.

ناگا: ناکا.

ناگزووری: نامانگووری.

ناگونا: د. بێ گوناح.

ناگوناه: د. ناگونا.

ناگەهان: ناکاو.

ناڵ: ئاسنێکی پانە بەبزمار دەدرێ لەژێر پەلی وڵاخی یەکسم، پاژنەی پێڵاو.

ناڵاندن: هاوارکردنی نەخۆش.

ناڵانن: د. ناڵاندن.

ناڵبەکی: د. دەوری پچووک. ژێرپیاڵە

ناڵبەند: کەسێکە وڵاخ ناڵ بکا.

ناڵبەندخانە: شوێنێکە کە وڵاخی تێدا ناڵ بکرێ.

ناڵبەندی: خەریکبوون بەپیشەی ناڵبەندییەوە.

ناڵچە: پارچە ئاسنێکی تەنکە دەدرێ لەژێر پاژنەی قۆندەرە.

ناڵدار: وڵاخی یەکسم.

ناڵکردن: ناڵدان لە پەلی وڵاخ. بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێک: چاکی ناڵ کردم.

ناڵە: نکەی بەرزی نەخۆش، (ناڵەناڵ) ناڵەی یەک لەدوای یەک. دەنگی بەرزی بەهێز وەک دەنگی تفەنگ: تفەنگەکە. ناڵەی کرد: یا دەمانچەکە (ناڵەی هات).

ناڵەبار: شتی بێ باری ناقۆلا. بریتییە لە مەردوومی بەدی ساختەچی.

ناڵەباری: ناقۆلایی. بریتییە لە سەرچەوتی و ساختەچێتی.

ناڵەکردن: ناڵاندنی نەخۆش. تەقین و دەنگدانەوەی شت بەبەرزی.

ناڵەکیی: د. پاژنەی کەوش.

ناڵین: ناڵاندن.

نام: ناو. وتەیەکە وەک وتەی (یا) بەکاردێنرێ بۆ دوودڵی لە ناوەندی دوو شتدا: ئەو تارماییە (نام) زەلامە (نام) وڵاخە.

ناماقووڵی: قسەی بێ جێی دوور لە ژیری.

نامانگووری: نەدارایی.

نامدار: مەردوومی گەورەی ناودار.

نامراد: ناکام.

نامرادی: ناکامی.

نامۆ: غەریب.

نامۆیی: بێ خەوی و بێ کەیفییەکە کە لە ڕانەهاتنی شوێنێک پەیابێ. غەریبی: فیسار کەس نامۆیی دەکات واتە هەست بەغەریبی دەکات.

نامە: کاغەزێکی نووسراوە کە بۆ یەکێک بنێردرێ.

نامەبەر: کەسێکە کاغەز بگەیەنێ بەم و بەو.

نامەبەری: پۆستەچێتی.

نامەخانە: شوێنێکی تایبەتییە کە کتێبی زۆرت تێدا دانابێ (مکتبة).

نامەخوا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (ماشائەڵلا).

نامەد: د. بەدبەخت.

نامەدی: د. بەدبەختی.

نامەرد: مەردوومی ناپیاو.

نامەردی: ناپیاوی.

نامیلکە: کتێبی پچووکی چەند پەڕەیی.

نامیدە: شتی بەناوبانگ.

نامییە: نامیدە.

نان: هەویرێکە کە پان کرابێتەوە بەساج یا بەتەنوور برژێنرابێ. پیتێکە بەدوای هێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەکار (مصدر): دا(نان)، ناو(نان). چەقاندن و ناشتنی شت: نەمامەکان (بنێ).

نانبده: کەسێکە کە نان زۆر بدا بەمەردووم.
نانبدەیی: نانداں بەمەردووم بەزۆری.
نانبرێشک: دارێکی درێژکۆلەی لووت تیژە نانی لەسەر ساج پێ وەردەگێردرێ.
نانپێژ: ز. نان پێوەدەر.
نان پێوەدان: نان برژاندن بەتەنوور.
نان پێوەدەر: کەسێکە کە نان بەپارە ببرژێنێت.
نانچایی: د. جۆرە کێکێکە بۆ بەرچایی دەکرێ.
نانخوا: د. جۆرە زیرەیەکە.
نانخۆرشت: د. پێخۆر.
ناندار: ناندەر.
ناندان: بەخشینی نان بەمەردووم بەخۆرایی.
ناندەر: نانبدە.
ناندێن: نانگێن.
نانکردن: نان برژاندن.
نانکردنەوە: پانکردنەوەی نان بەتیرۆک.
نانکوێر: کوێرنان.
نانکەر: کەسێکە نان بکاتەوە
نانکەرەوە: کەسێکە کە نان بەتیرۆک پان بکاتەوە.
نانگیر: ز. زەوییەکە کە گەنم و جۆی باش بهێنێ.
نانگێن: دەفرێکی گەورەیە کە نانی تیری تێدا هەڵدەچنرێ.
نانوخ: ناخون.
نانوەوی: د. نانێکە کە لە ماڵی بووکەوە دەچێ بۆ ماڵی زاوا تا سێ رۆژ.
نانەبەرە: پارچە پەرۆیەکی گەورەیە رێبوار نانی رێگای تێ دەخا.
نانەپاڵ: بوختانکردن بۆ یەکێک و شتێکی ناشرین دانە پاڵی.
نانەرەق: نانی وشکەوەبوو.
نانەرەقە: نانەرەق.
نانەسکی: ئیشکردن بۆ یەکێک بەرامبەر بەنان خواردن و هیچی تر.
نانەشان: سەلە.
نانەشانە: نانەشان.
نانەشوێن: بریتییە لە دواخستنی قسەیەک بەشوێن یەکێکدا: قسەی خراپ مەنێرە (شوێنم).
نانەقەیسی: قەیسی زۆر گەیوە کە بەتیرۆک پان کرابێتەوە وەک نان.
نانەلەم: د. نانەسکی.
نانەمریچڵە: هـ. کولێرە چەورە.
نانەمل: بریتییە لەوەی کە شتێک بخەیتە ئەستۆی یەکێک و بە سەریدا ساغ کەیتەوە: دینارەکەت (نایەملم) واتە لەسەرت کردم بەماڵ.
نانەوا: کەسێکە کە نان و کولێرە و لەواشە دروست بکا بۆ فرۆتن.
نانەواخانە: شوێنێکە کە نانەوا نانی تێدا ببرژێنێ.
نانەوایی: خەریکبوون بە نان پێوەدانەوە.
نانەوە: ئامادە و سازکردنی ئاش. سازکردنی داو و تەڵە: داوەکە یا تەڵەکەی (ناوەتەوە). دۆزینەوە و بنەکردنی شتێک لە شوێنێک بۆ دزین: دزەکە ماڵەکەی (ناوەتەوە). هێلکەنانە ژێر مریشکە بەکڕ بۆ هەڵهێنانی.
نانەیەک: تێکبردنی چەند شتێک بەناو یەکدا.
نانی نانی: بریتییە لە مەردوومی کوێرنان.
ناو: ئیسمێکە کە بۆ شتێک دانرابێ تا بەو ئیسمە ئەو شتە بناسرێ. لۆکەیەکی کراوەیە کە خرابێتە دوو توێی لێفە و کاڵاوە. کاکڵە: گوێزەکە یابادامەکە (ناو)ی نییە. نێی ئاش (هـ). سواغ (هـ). پیتی ظرفیة: فرۆک بە(ناو) بادا و ماسی بە(ناو) ئاوا دەڕوا. ناوی دێیەکە لە هەورامان.
ناواخن: شتێکە کە ئاخنرابێتە دووتوێی شتێکی ترەوە.
ناوازە: ناوداو.
ناوان: ناوەند.
ناوبار: سەربار.
ناوبانگ: شۆرەت و ناوڕۆیشتنی شتێک.
ناوبانگ دەرکردن: بڵاوبوونەوەی ناو و شۆرەتی یەکێک یا شتێک.
ناوبانگ سەندن: ناو دەرکردن.
ناوبجی: د. ناوبژی.
ناوبراو: شتێکە کە ناوی هاتبێ.
ناوبردن: باسکردنی شتێک.
ناوبرە: تەمانێکە کە لە ناوەڕاستی ژوورێکدا کرابێ بۆ ئەوەی کە ببێ بەدوو ژوور.
ناوبریاگ: د. ناوبراو.
ناوبرێشک: نان برێشک.
ناوبژەکردن: لە شیرە پابوونەوەی وڵاخ و رەشەوڵاخ.
ناوبژی: کەوتنە ناوەندی دوو کەس کە بەگژ یەکدا چوون تا هەرا نەکەن.
ناوبژی کردن: ناوبژی.
ناوبژیکەر: کەسێکە کە ناوبژی بکا لە ناوەندی دوو کەسدا.
ناوبگیر: د. ناوبردن: (ناوبگیر)ی کە واتە ناوی بەرە.
ناوبەناو: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ شوێن یا کاتی پچرپچڕ: (ناو بەناو) وەڕەلام، یا نەمامەکان (ناوبەناو) بنێژە.
ناوپا: د. ناوگەڵ.
ناوپارە: خانوویەکە کە هەموو لایەکی لەناو خانووی تردابێ.

ناوپشته: بنەچە.
ناوپەل: ناوەندی دوو پەلی درەخت. ناوەندی هەردووسمی ڕەشە وڵاخ.
ناوپەنچک: پەردەیەکی گۆشتینە لە ناوەندی سی و جگەر و ناوسکدا.
ناوتا: ناوبار.
ناوتاق: پەتێکە دەخرێتە قوڵفی جەواڵەوە لە تەمووەکەیەوە بۆ بەندکردنی بەسەر وڵاخەوە.
ناوتوێڵ: د. ناوچەوان.
ناوتێلانە: د. جیازی بووک.
ناوجەرگە: ناوپارە. ناوەڕاست لە (ناوجەرگە)ی شەڕەکەدا بوو.
ناوجەژنان: مانگی ذي القعدة.
ناوجی: د. ناوبژی.
ناوجیکەر: د. ناوبژیکەر.
ناوچاو: ناوچەوان.
ناوچاوان: ناوچەوان.
ناوچاوپاک: پیاوی چاکی پاکی ناوچەوان ڕوون. بەختیار (د).
ناوچاوترش: بریتییە لە مەردوومی ڕووگرژ.
ناوچاوترشاو: ناوچاو ترش.
ناوچاودێز: بریتییە لە مەردوومی مۆنی بەد.
ناوچاوڕۆشن: د. ناوچەوان ڕوون.
ناوچە: ناحیەیەکە کەمودیری تێدا دابنیشێ. مەڵبەند. ناچە (د).
ناوچەدار: قایمقام.
ناوچەوان: تەختایی ژوور هەردوو برۆ.
ناوچەوان بەیەکادان: بریتییە لە تووڕەبوون.
ناوچەوانپاک: ناوچاوپاک.
ناوچەوان دێز: ناوچاودێز.
ناوچەوان ڕوون: ناوچەوان پاک.
ناوچەوان قۆقز: بریتییە لە مەردوومی بەدبەخت.
ناوچەوان قەشقە: ناوچەوان قۆقز.
ناوچەوان گرژ: ناوچاوترش، (ناوچەوان گرژکردن) ڕووگرژکردن.
ناوچی نکردن: کردنەوەی گەڵای ناوەڕاستی تووتن.
ناوخۆ: ناو کۆمەڵێکی گەورە یا پچووک: لە ئێران شتێک ڕوویداوە لە خۆیا، یا لە ماڵی فلان کەس ئاژاوەیەک کەوتۆتە ناو خۆیانەوە (داخلی).
ناوخوا: نامەخوا (د).
ناوخوان: جێی دانیشتن لە زین. ناوە بۆ ناوچەیەک لە (شلێر).
ناوخوین: ل. ناخون.
ناودار: کەسێکە کە ناوبانگی ڕۆیبێ. شتێکە کە ناواخنی بێ. کەوای (ناودار)، کفتەی (ناودار).
ناودان: د. پلووسک.
ناودۆک: دۆژنک.
ناودەرکردن: ناوبانگ دەرچوونی کەسێک یا شتێک.
ناودەس: د. ناودەست.
ناودەست: بەری لەپی دەست.
ناودێر: کەسێکە کە ناوی لەناو ناواندا بێ: یاخوا هەر (ناودێر) بیت.
ناورانەوە: پاڕانەوە.
ناوڕاست: د. ناوەڕاست.
ناوزڕان: ناودەرکردن بەخراپی.
ناوزین: جێی دانیشتن لە زین.
ناوساجی: جۆرە کولێرەیەکە لەناو ڕۆندا سوور دەکرێتەوە.
ناوسێڵی: ناوساجی.
ناوسێڵی: ناوسێڵ.
ناوشان: ناوەندی هەردووشان.
ناوفەرش: میانفەرش. چەرمێکی پانە لەناو پێڵاودا ڕادەخرێ.
ناوقەد: کەمەری شتێک کە باڵای ببێ.
ناوکار: ڕیزە خشت و بەردێکە کە لەناو چینی دیواردا دادەنرێ. ڕاستە تەرببێکە کە لە کاڵا دەدرێ.
ناوکردن: تێپەڕبوون و لەچاو ونبوونی شت: کەروێشکەکە (ناوی کرد).
ناوکۆ: ناوکۆڵ. هاوبەش (شریک).
ناوکۆڵ: ناوبار.
ناوکوێربوونەوە: بریتییە لە مردن و نەمانی ناونیشانی یەکێک.
ناوکۆیی: شەراکەت: ئەم خانووە (ناوکۆیی)مانە، واتە شەراکەتمانە.
ناوکە: بەردێکە چڵێک گیا (چەقچەقە)ی پێوە دەپێچرێ و خەرمانی بەسەردا دەبێژرێتەوە بۆ پێت و بەرەکەت. ناووک.
ناوکەبڕ: کچێکە کە لەکاتی بوون و ناوک بڕیندا درابێ بەکوڕێک.
ناوکەبڕانە: سەرناوکانە.
ناوکەبڕە: ناوکەبڕ.
ناوکەخۆش: د. ناوکی بەری درەخت کە لە خۆیدا شیرین و خۆش بێ.
ناوکەڕەشە: د. ناوکەڕێژ.
ناوکەڕێژ: وڵاخێکە کە پشتی لە ئاستی ناوکی بریندار بووبێ بەهۆی گرتنی بار یا زین یا کورتانەوە، (ناوکە ڕێژبوون) بریندار بوونی پشتی وڵاخ بەهۆی گرتنی بارەوە.
ناوکەڕێش: ناوکەڕێژ.
ناوکەف: چەرمێکە دەخرێتە ناو پێڵاوەوە.

ناوکی بووکێ: جۆرە گوڵێکە پەڕەکانی بەناودا دەچێ.
ناوکێش: جۆگەیەکە لە ناوەڕاستی قاڵبی مەرەزەدا ڕادەکێشرێ لە کاتی ئاو کەمبووندا بۆ ئەوەی کە تیربەتیر ئەمبەر و ئەوبەری ئاوی پێ بدرێ.
ناوگڵ: د. ناوگەڵ.
ناوگولالانە: تۆیانە.
ناوگەرە: د. کاکڵە. شتێکە لە ناوەندی دوو شتدا کە لە یەکیان جیا بکاتەوە.
ناوگەڵ: ناولنگ.
ناوگیر: ناوبگیر.
ناوگێن: ناوەڕاست.
ناولنگ: ناوگەڵ.
ناولنگان: تاوە.
ناولەپ: بەری دەست.
ناولەپان: ناوپەلی درەخت.
ناولەقان: د. ناولەپان.
ناولێنان: ناوی خراپ نان لە یەکێک.
ناوماڵ: شتومەکی ماڵ. ژووری ئازووخە. ناو کەشیدەی هێندێ پیت: ناوماڵی: جیمەکە یا نونەکە جوانە. بریتییە لە ناوزێی وڵاخ.
ناومشت: د. ناولەپ.
ناونان: دانانی ناوێکی تایبەتی بۆ منداڵێکی تازە بوو یا بۆ شتێکی تر.
ناوناو: ناوبەناو.
ناونووس: بریتییە لە تەعینی شت. نووسینی ناوی گەلێ شت بەتێکڕایی: فیسار کەس چووە بۆ (ناونووس)، (ناو نووسکردن) ناونووس.
ناونیان: د. ناونان.
ناونیرک: دۆژەنک نێرکی هەموو شتێک.
ناونێرۆک: د. ئاوەخۆرەی درەخت. نێرەژن (د).
ناونیشان: نیشانە هەڵدانی شتێک. ناو دیارکردنێکە کە لە پشتی پاکەت دەنووسرێ بۆ ئەوەی کە بگا بەخاوەنی (عنوان).
ناونیشانە: ناونیشان.
ناووداو: شۆرەت و ناوداری: فیسار کەس پیاوەتییەکی کردووە بە(ناووداو) بگێڕێتەوە.
ناوک: دەمارێکە لە ناوەڕاستی سکی گیانداردا ساوا لە سکی دایکدا لەوەوە خواردن وەردەگرێ. کاکڵەی گوێز و بادام و قەزوان و شتی تر. دەنکی ڕەقی ناو خورما و هەڵووژە و هێندێ شتی تر. مەرکەزی دائیرە.

ناوکبڕ: کەسێکە کە ناوکی منداڵ ببڕێ.
ناوکبڕین: بڕینی ناووکی منداڵ و گرێدانی لەکاتی لە دایک بوونیدا.
ناوک کەوتن: وەرگەڕانی دەماری ناوک.
ناوک گرتنەوە: هێنانەوە جێی دەماری ناوک. بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێک: چاک ناوکی گرتەوە.
ناووگ: د. ناوگێن.
ناوونجی: شتی مامناوەندیی.
ناو و نەتۆرە: ناوی ناشیرین نان لە یەکێک.
ناوونیشان: ناونیشان.
ناوونیشانە: ناونیشانە.
ناووەردە: ڕیزە درووماننێکە لە کالادا.
ناوە: د. شتێکە لە تەختە دروست دەکرێ، بنکەکەی تەسک و سەرەکەی واڵە قوری پێ دەکێشرێ. برنجی چوار دانگی.
ناوهانین: ناوهێنان.
ناوهاوردن: ناوهێنان.
ناوەبەرە: دارێکی پچووکە دەخرێتە ناوەڕاستی (وێژانبەر)ەوە بۆ ئەوەی کە (گاینجە) ئەمدیو ئەودیو نەکا. ڕایەڵی تەیانی. چەپەر.
ناوەجاخ: مەردوومی نارەسەن.
ناوەجاخی: نارەسەنی.
ناوەخت: بێ وەخت.
ناوەڕاست: ناوەندی شت بەرەنگێک کە لە هەموو لایەکەوە چوون یەک دووربێ.
ناوەڕۆک: کرۆکی شت.
ناوەڕۆکە: ناودرۆک.
ناوەسار: د. ئەو بەردانەیە کە بۆ ناش هەڵدەبەسترێ بۆ ئەوەی تەنوورەی لێ دروست بکرێ یا نیی پێوە بنرێ.
ناوەسەر: پارچەیەکە لە دەسماڵی سەری ژن کە دەکەوێتە پشتی سەریەوە.
ناوەسەرە: ناوەسەر.
ناوەشکێنە: ناسکەنان. وتووی گەرم هێنان بەسەر (ڕۆز)ی کالادا بۆ ماتکردنی.
ناوەکوتە: جۆرە نەخۆشییەکە تووشی مەڕ و بزن دەبێ.
ناوە کێش: د. ئەو کرێکارەیە کە (ناوە) دەخاتە سەرشانی.
ناوەند: ناوەڕاست.
ناوەندیار: کەسێکە بکەوێتە ناوەندی دوو کەسەوە بۆ ڕێکخستنیان (وسیط).
ناوەندیاری: کەوتنە ناوەندی دوو کەسەوە بۆ ڕێکخستنیان (وساطة).

ناوەندێتی: میانەڕەوی لە هەموو شتێکدا.
ناوەندی: بەهەموو شتێک دەوترێ کە لە ناوەندی دوو شتدابێ.
ناوەوە: ناوەڕۆک و ناوشت: ناژاڵەکە لە ناوەوەیە یا لە دەرەوەیە.
ناوهێنان: ناوبردن.
ناوێرە: ناوازە.
ناوێژ: کەر گەلەوان.
ناوین: د. سواخ.
ناوینەوە: د. سواخدان.
ناهاڵ: د. ناقۆڵای ناعال.
ناهلیک: با. دۆشەک.
ناهومێ: د. ناهومێد.
ناهومێد: ناکام.
ناهومێدی: ناکامی.
ناهەموار: شتی خراپی نالەبار.
ناهەمواری: خراپی و نالەباری.
ناهەنجار: نەگونجان.
ناهەنجاری: نەگونجانی.
نای: شمشاڵ.
نایاب: شتی زۆر چاکی هەڵکەوتوو.
نایاب بێژی: بدیع.
نایافت: نایاب.
نایژەن: شمشاڵژەن.
نایەب: نایاب.
نایسین: نەگران. نەسووتان: ناگرەکە نایسێ، واتە ناگرێ یا ناسووتێ.
نتم: هێمنی و لەسەرخۆیی.
نج و ناڵ: د. ناڵە و نکە.
نچە: وردە نکە و ناڵەیەکی سووکە کە لە نەخۆشییەکی سووکەوە پەیا ببێ، (نچەنچ) نچەی یەک لەدوای یەک.
نچەتا: لەش داهێزران بەتایەکی سووکەوە.
نخافتن: با. داپۆشین.
نخری: ز. نۆبەرەی منداڵ چ نێر چ مێ.
نخوری: ز. نخری.
نخۆشەر: هـ. لەتکە نۆک.
نخون: نوخون.
نخوون: نخون.
نخە: نۆک.
نرت و نوێ: شتی زۆر تازەی نوێ.
نرخ: قیمەتی شت.
نرخبڕین: نرخ دانان.
نرخدار: شتی بەنرخ.
نرخدانان: دانانی نرخی شت لەلایەن دەوڵەتەوە.
نرخە: د. لرخە.
نرقە: د. نرکە، (نرقەنرق) نرکەنرک.
نرکاندن: نرکەکردن.
نرکانن: نرکاندن.
نرکە: جۆرە دەنگێکی قەبەی بەرزە لەسنگەوە دێتە دەرەوە، (نرکە نرک) نرکەی یەک لەدوای یەک، (نرک و هووڕ) نرکەنرکی زۆر.
نزا: پاڕانەوە.
نزاخوان: دوعاگۆ.
نزار: شوێنی نسێ لە شاخ.
نزانی: مزگێنی.
نزاو: د. شتی گەیو. نزیک (هـ).
نزبە: با. ڕەزی تازە پێگەیشتووی دێم.
نزدیک: نزیک.
نزدیکایی: نزیکایی.
نزدیکبوونەوە: نزیکبوونەوە.
نزدیکخستنەوە: نزیکخستنەوە.
نزدیککردنەوە: نزیککردنەوە.
نزدیککەوتنەوە: نزیککەوتنەوە.
نزدیکی: نزیکی.
نزرگە: جێگایەکە پیاوچاکێک تێدا دانیشتبێ و نیشانە کرابێ.
نزگ: د. ژیان و زیندەگانی.
نزگرە: نزگەرە.
نزگەرە: جۆرە دەنگێکە هێندێ جار لەناو سنگی مەردوومەوە پەیا دەبێ و تەکانی پێ دەدا.
نزم: شتی نەوی.
نزمان: شوێنی نزم.
نزمایی: عاستی شوێنی نزم.
نزمبوونەوە: نزیکبوونەوەی شتێکی بەرز لە زەوی.
نزوولە: ناڵەی خەفەتبار.
نزووڵە: د. نزوولە.
نزیک: شتێکە کە لێتەوە دوور نەبێ.
نزیکایی: کاتی زۆر نزیک. عاستی نزیکی شت.
نزیکبوونەوە: نزیککەوتنەوە.
نزیکخستنەوە: نزیککردنەوە.
نزیککردنەوە: هێنانە بەرەوەی شتێک.
نزیککەوتنەوە: هاتنە بەرەوەی شتێکی دوور.
نزیکی: بوونی شت بەنزیک.

نژدار: ز. بەزشکێکە کە نەشتەرکاری بکا (جراح).
نژده: با. دەستەی چەتە (عصابة).
نژاندن: ز. پڕکردن.
نژنین: ز، پڕبوون.
نژی: با. نیسک.
نسار: نسرم.
نسرم: شوێنێکە کە هەتاوی تێ نەکەوێ.
نسک: د. نزگ. مەردوومی پەرێشان. هەژار. نیسک.
نسکۆ: نووچبردن بەتوندی.
نسکوناهومێ: د. نکوناهومێد.
نسکە: د. هەنسک، (نسکە نسک). هەنسکی یەک لەدوای یەک.
نسگەرە: د. نزگەرە.
نسێ: نسرم.
نسێو: د. قەزاوقەدەر.
نسیە: د. زەمینی کەم بڕشت.
نش: ز. کوتوپڕ.
نشتەر: د. نەشتەر.
نشتن: د. نیشتن.
نشس: د. نوشوست.
نشک: ز. نش.
نشکێفە: ز. شتی کوتوپڕی.
نشینگە: ئەو وڵاتەیە کە تۆ تێیدا دادەنیشیت بەئێجگاری.
نشۆف: ز. نشێویی.
نشێو: نزمایی ناودۆڵ و دەرە.
نشێوی: سەرەولێژی.
نشیڤ: نشۆف (ز). دەستەڕاست (جنوب) (با).
نشیڤی: با. نشێوی.
نشیمەن: شوێنێکە کە لەوەدا نەبێ تێیدا دابنیشیت.
نشیمەنگا: د. نشیمەن.
نشین: د. دانیشتن. شانشین.
نفرۆ: نوغرۆ.
نفت: د. شتی نوێ: نفت و نوێیە.
نفتک: ز. کفتک.
نفت و نوێ: نرت و نوێ.
نفر: ز. نزای خراپ لە یەکێک.
نفرین: نفر (ز). نەفرین (د).
نفسی: ز. جاوی ناوەڕێس.
نفش: ز. نەتەوە: ئەمە (نفش)ی تۆیە واتە نەتەوەی تۆیە.
نفوورات: نەفوورات.

نڤاندن: نواندن.
نڤرشت: ز. نوشتە.
نڤز: ز. نزم.
نڤستن: ز. نوستن.
نڤێژ: با. نوێژ.
نڤیسار: با.نووسراو.
نڤیستن: با. نڤستن.
نڤێسین: با. نووسین.
نڤین: ز. نوێن.
نقار: زویری و دڵگیری.
نقام: مقامی گۆرانی.
نقاندن: نقەکردن.
نقانن: نقاندن.
نقم: نقوم.
نقن: د. کەسێکە کە هەر بنقێنێ.
نقوجڕ: نقەنقکردن بەدەست شتێکی قورسەوە.
نقە: دەنگێکە لە هێز بەخۆدانەوە پەیا دەبێ، (نقەنق) نقەی یەک لەدوای یەک. نق و هووڕ: نقەنقی زۆر.
نقێم: جۆرە بەردێکی بەنرخە بۆ جوانی دەخرێتە ئەموستیلە و گوارە و شتی ترەوە.
نقیم: د. نقێم.
نک: دەنووک (ل). وتەیەکە بەمەعنای (لەکن) ز.
نکاندن: نکە کردن.
نکانن: نکاندن.
نکل: ز. دەنووکی باڵندە.
نکن: د. کەسێکە کە هەر بنکێنێ.
نک و ناڵ: نکە و ناڵەی نەخۆش.
نک و ناڵە: نک و ناڵ.
نک و ناهومێ: د، نک و ناهومێد.
نک و ناهومێد: کەسێکە کە بەتەواوی ناهومێد بووبێ لە شتێک.
نکە: ناڵەیەکی سووکە لە نەخۆشەوە دێ، (نکە نک) نکەی یەک لەدوای یەک.
نک و هووڕ: نکەنکی زۆر.
نگادار: د. پاسەوان و چاودێر.
نگاداری: پاسەوانی.
نگار: وێنە و دروشمی شت. دلبەری جوان.
نگاهێشتن: پارێزگاری و ناگاداریکردنی شتێک: وەک چاو (نگای دێڵم).
نگم: د. نوقوم، (نگمبوون) نوقومبوون، (نگمکردن) نوقومکردن.

نگمەسار: د. نوقمەسار.
نگین: بەخت و نامەد. نقێم.
نم: شێ و تەڕیی.
نما: نوێژ (هـ). وتەیەکە بەدوای هێندێ وتەوە دەنووسێ دەیکا بەکارکەر (إسم فاعل): بالا(نما)، قیبلە(نما)، واتە بالا و قیبلە پیشاندەر.
نماز: نوێژ.
نمانا: د. نموونە.
نماندن: با. نەرم کردنەوەی شتێک بەهۆی خستنە ئاوەوە.
نماو: د. ئاوێکە کە لە ناوەندی پێست و کورۆکی دار و درەخت و سەوزاییدا بێ.
نماوی: نمدار.
نمایان: شتی ئاشکرا.
نمایش: نمایشت.
نمایشت: خۆپیشاندان.
نمایشتگا: شوێنێکە کە مەردووم خۆی تێدا پیشان بدا (مسرح)، (معرض).
نمایشگا: نمایشتگا.
نمتک: نم و تەڕییەکە کە لە شتێک بێنە دەرێ: گۆزەکە (نمتک) نادا.
نمدار: شتی شێدار.
نمدان: دەلاندنی شت: گۆزەکە (نم دەدا). تەڕکردنی شتێک بەکەمی: سواغەکە (نمدە) ئینجا هێلە ساوی کە.
نمدەر: ل. دۆشەکلە.
نمرە: ژمارەیەکی تایبەتییە لەسەر هێندێ شت دادەنرێ: بۆریەی چراکە سێ (نمرە)یە.
نموود: بریتییە لە نرخ و ڕێز: فلان کەس نموودی نییە، یا بێ نموودە، واتە بێ نرخە لەناو کۆمەڵدا.
نموونە: شتێکی کەم لە شتێکی زۆر کە چۆنێتی شتە زۆرەکە نیشان بدا لە چاکی و خراپی: لە وێچێک نموونەی خەرواریکە.
نمە: بارانی ورد.
نمەد: لباد.
نمەدزین: لبادێکە دەخرێتە ژێر زین بۆ ئەوەی کە شتی ولاخ بریندار نەبێ.
نمەدماڵ: کەسێکە کە نمەد بسووێتەوە.
نمەک: ل. خوێ.
نمەک بەحەرام: بەدنمەک.
نمەکدان: خوێدان.
نمەککردن: بریتییە لە خواردنی نانی یەکێک و لەپێش چاو بوونی پیاوەتی ئەوەیە کە لەبەر ئەو نانەی: (نمەکم کردووی) هەرگیز خرابەت نالێم.
نمەک کردوو: کەسێکە کە نمەکی کردبێت.
نمەکگیر: کەسێکە گیرۆدەی نمەکی یەکێک بووبێ لەبەر خراپەکردن لەگەڵیدا.
نمەکیین: مەردوومی خوێن گەرم.
نو: نەء.
نۆ: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی هەشت و دە دایە. نوێ. نەء (ز).
نوء: ز. نەء.
نوارین: تەماشا کردن.
نواڵە: نۆردوو قوڵێک لە دەغڵی دروێنە کراو. بەستەیەک لەگەڵای کراوە. جێگای نەرمان لە چیا.
نواڵە کردن: پێچانەوەی شت.
نواندن: نیشاندانی شتێک بەیەکێک خەو لێ خستنی منداڵ.
نوانن: نواندن.
نۆبە: نۆرە.
نۆبەبڕ: کەسێکە کە نۆبەت لێ داگیر بکات.
نۆبەبڕیی: داگیرکردنی نۆرەی یەکێک لە شتێکدا نۆرەی هاتبێ.
نۆبەتێ: نۆرەتا.
نۆبەتێدار: کەسێکە کە نۆرە تا بیگرێ.
نۆبەچی: ئێشکچی.
نۆبەخت: د. کەسێکە کە تازە بەخت ڕووی تێ کردبێ.
نۆبەخش: یەکەمجار چاو پۆ شیکردن لە تاوانێک ئەمجارە (نۆبەخش)ت بێ.
نۆبەدار: با. پاسەوان.
نۆبەر: د. نۆبەرە.
نۆبەرە: میوەیەکە کە تازە پێ بگا و یەکەمجار بخورێ. یەکەمین منداڵێکە کە ئافرەت بیبێ.
نۆبەرەکردن: خواردنی میوەیەکی تازە پێگەیشتوو یەکەمجار.
نۆبەن: نۆبەند.
نۆبەگرتن: گرتنی نۆرە لە شتێکدا.
نۆبەند: گوێرەکەی دووساڵەی نێر.
نۆپێچکە: منداڵێکی ساوایە کە تازە کەوتبێتە سەرپێ.
نۆت: با. نەوەد.
نۆتە: د. پاشەکەوت.
نۆتەکردن: د. پاشەکەوتی کردن.
نۆتەکەر: د. کەسێکە کە شت پاشەکەوت بکا.
نوجەژن: یەکەمین جەژنە کە بەسەر مردنی مردوویەکدا بڕوا.

نوچکەبردن: نووچبردن.
نۆچکەدان: نووچدان.
نۆچوان: د. نەوجەوان.
نۆچە: د. نەوجەوان.
نوخانن: د. نوخنکردنەوەی شت.
نوخاننەوە: د. نوخنکردنەوە.
نوختە: نقطة.
نوختە و خاڵ: د. ئارایشی ڕووی ئافرەت.
نوخشە: دانەوێڵەی تازە پێگەیو.
نوخوت: ل. نۆک.
نوخۆشەر: د. نخۆشەر.
نوخوماندن: ز. خۆداپۆشین بەشتێک.
نوخومین: ز. خۆ داپۆشین.
نوخون: دەفرێکە دەمەوژێر بووبێ.
نوخونبوونەوە: دەمەوخواربوونەوەی دەفر. بریتییە لە نەمانی سامان و لێکەوتنی یەکێک لە گەورەیی.
نۆد: نەوەد.
نۆردوو: نانێکە بەنەرمی وەک بوخچە چوارقەد کرابێ.
نۆردی: نۆردوو.
نۆریزکێن: جۆرە یارییەکە وەک سێ ریزکێن، بەڵام لەمدا، یەکی نۆ داشیان پێیە.
نۆرین: ڕوانین.
نۆرە: سەرە هاتنە سەر لە کارێکدا. جار: ئیمڕۆ سێ (نۆرە) هاتمە لات.
نۆرەبڕ: نۆبە بڕ.
نۆرەبڕین: نۆبەبڕین.
نۆز: وتەیەکە بەکار دێنرێ لە جێی وتەی (دیسان) لەکاتێکدا کە یەکێک کردارێک یا گوفتارێک چەند جارێک بکا و تۆ پێت ناخۆش بێ.
نۆزدە: ناوە بۆ ژمارەیەک.
نۆزدەمین: شتێکە لە پایەی نۆزدە دا بێ.
نۆزدەهەم: نۆزدەمین.
نۆزدەهەمین: نۆزدەهەم.
نۆزکە: نۆسکە.
نۆزگە: نۆزکە.
نۆزین: وڵاخێکە کە تازە زینی لێ کرابێ.
نۆژ: با. جۆرە گەنەیەکە دەنووسێ بەبن دووگی مەڕەوە.
نۆژەن: ز. شتی تازە داڕێژاو لە ئاسن یا لە مس. دەستکردنەوە بەکارێک دوای لێ وێستانی.
نوستگ: نوستوو.
نوستن: جۆرە ماتی و بێ هۆشییەکە بەسەر گیانداردا دێ و پێی دەحەسێتەوە. لەکارکەوتنی ئاش و سەعات.
نوستوو: گیاندارێکە کە خەوی لێ کەوتبێ.
نوستی: نوستوو.
نووسراو: کاغەزێکە کە شتێکی لێ نووسرابێ.
نرسکانەوە: دەنگی منداڵ لە کاتی زەبوونیدا.
نوسکە: نوسکانەوە، (نوسکە نوسک) نوسکەی یەک لە دوای یەک.
نۆسکە: منداڵی نۆبەردی ئافرەت.
نوسیار: کەسێکە کە باش بنووسێ.
نووسیاری: بوون بەنووسیار.
نۆش: وتەیەکە دەوتری بەخۆشەویستێک لەکاتی خواردنەوەی ئاو یا قرقێنەدانەوەیدا.
نۆشاتر: نەوشتار.
نۆشادر: نۆشاتر.
نوشتاندنەوە: قەدکردنی شت.
نوشتانەوە: قەدبوونی شت.
نوشتاوی: ئاستی نوشتانەوەی شت.
نوشتوو: نوشتە.
نوشتە: کاغەزێکە چەند ئایەتێکی قورئان یا چەند نزایەکی لێ دەنووسرێ و بەنوشتاوەیی بۆ موفەرک هەڵدەگیرێ.
نوشتی: نوشتە.
نوشخۆر: ز. پاشاخور.
نۆشکردن: خواردنەوەی شت بە خۆشی.
نوشوست هێنان: کزبوونی هێز و تەوانایی. کەمبوونەوەی دارایی و دەسەڵات.
نوشوستیی: نامەد و نەهاتی.
نۆشین: نۆشکردن.
نوغرۆبوون: ڕۆچوون و نوقوومبوون بەناخی زەویدا. نوقومبوون لە زەرەر و زیاندا: فیسار کەس لە زیانی لۆکەکەیدا (نوغرۆبوو).
نوقرا: ل. نوقرە.
نوقرە: زیو.
نوقرەکفت: د. ئاڵدووزدانی شت بەزیو.
نوقڵانە: وتنی شتێکی باش یا خراپ بۆ کەسێک لە پێش بوونی شتەکەدا.
نوقڵانەلێدان: نوقڵانە.
نوقمەسار: د. کەسێکە کە سەرنگوون بووبێ.
نوقورچ: گرتن و گوشینی جێگایەک لە جەستە بەدوو پەنجە.
نوقورچک: د. نوقورچ.

نوقـورچکانه: د. نوقـورچێکه دەگـیـرێ لە ژنێـک کـە کـاڵایـەکی تازەی لەبەر کردبێ و بەردرکانەی نەکردبێ.

نوقوڵ: جۆرە خواردەمەنییەکی دانەدانەیە لە شەکر دروست دەکرێ.

نوقوڵدان: دەفرێکە هەر نوقوڵی تێ دەکرێ.

نوقڵە کوردی: بە گەنمەشامییەک دەڵێن کە برژابێ و پشکوتبێ.

نوقوم: شتێکە کە لەناو ئاودا ون بووبێ .

نوقومبوون: بن ئاو کەوتنی شت.

نۆقیبوون: ز. نوقومبوون.

نوک: ز. نۆک.

نۆک: دانەوێڵەیەکی خڕی زەردەبە کوڵاوی و بەبرژاوی دەخورێ.

نۆکاو: چێشتێکە لە گۆشت و نۆک دروست دەکرێ.

نوکتەباز: یەکێکە کە قسەی جوان بکا .

نۆکەحۆلە: جۆرە نۆکێکی دەنک گەورەیە.

نۆکەر: خزمەتکار.

نۆکەرایەتی: بوون بەنۆکەر.

نۆکەرەشکە: نۆکێکی وردی توێکڵ رەشە، دەکرێ بەلەتکە.

نۆکەری: خزمەتکاری.

نۆکەزۆردە: د. فەریکەنۆک.

نۆکەڵ: جوانەگایەکە کە پێی نابێتە ساڵی سێیەم.

نۆکەن: جۆگە یا کارێزێکە کە تازە هەڵکەنرابێ.

نۆکەند: نۆکەن.

نۆکیسە: د. بریتییە لە کەسێک کە تازە دەوڵەمەند بووبێ.

نوگوم: نوقم، (نوگومبوون) نوقمبوون، نوگومکردن: نوقومکردن.

نۆگە: د. نۆرە.

نۆگەچی: د. نۆبەچی.

نۆما: جوانووی دوو ساڵە.

نۆماڵ: کەسێکە کە تازە ماڵی پێکەوە نابێ.

نۆمسڵمان: کەسێکە کە تازە مسڵمان بووبێ.

نۆمینە: مانگی ذي الحجة.

نونگ: د. بەڵگە و نیشانە، (نونگەکردن) سووسەکردنی بەڵگەی شت.

نۆنۆ: نۆنە.

نۆنۆلە: کەسێکە کە رەفتاری وەک رەفتاری منداڵی ساوا وابێ.

نۆنە: وتەیەکـــە منداڵی ســـاوا بەکـــاری دێنێ بۆ هەمـــوو خواردەمەنییەک کە دانەوێڵە بێ.

نوو: نوێ.

نووا: پێش و بەردەم. ئەشکەوت.

نوواکێش: مـەرێکە کـە شـوان بانگی رانەکـەی کـرد ئەو لە پێش هەموویاندا دوای کەوێ.

نوواڵ: تەپڵەسەری کێو.

نوواندن: دەرخستن و پیشـاندانی شتێک بەیەکێک: وڵاخەکە لە مەیدان (بنوێنە). خەوخستن لە یەکێک: منداڵەکە (بنوێنە).

نووتەک: وتـەیەکـــە هەمـــیـــشـــە بەکـــاردێنرێ لە دوای وتـەی (تاریک)ەوە بۆ (تاکید): تاریک و (نووتەک).

نووچانەوە: نووچیانەوە.

نووچبردن: هەڵ ئەنگووتن.

نووچدان: نووچبردن.

نووچیانەوە: د. چەوتانەوە.

نوود: د. حاڵ و ئەحواڵ: فلان کەس خۆش نوودە، واتە خۆشحاڵە.

نوورە: دەنگی سەگ لەکاتی ئازار پێ گەیشتنیدا، (نوورە نوور) نوورەی یەک لەدوای یەک.

نووز: وتەیەکە هەمیشە لەگەڵ وتەی (ناز)دا بەکاردێنرێ: (ناز و نووز).

نووزاندن: نووزە کردن.

نووزانن: نووزاندن.

نووزانەوە: کوڕووزانەوەی منداڵ.

نووزە: جۆرە دەنگێکی باریکی نزمە وەک دەنگی نەخۆش لەکاتی لاوازیدا، (نووزەنووز) نووزەی یەک لەدوای یەک.

نووزەبڕین: کۆتایی هێنان بەنووزەنووزی یەکێک.

نووزەدرێژ: مەردوومی درێژدادڕ.

نووسان: بەیەکدا لکانی دوو شت.

نووساندن: لکاندنی دوو شت بەیەکەوە.

نووساو: دوو شتە کە بەیەکدا لکابن. دەنگێکە کە گیرابێ.

نووسخانە: د. شوێنێکە کە نووسەران شتی تێدا بنووسن.

نووسەر: کەسێکە کە بزانێ بنووسێ.

نووسەک: شتێکە کە لە خۆیەوە بنووسێ بەشتێکی ترەوە.

نووسـەکـە: گیـایەکی بەهارییـە لەناو دەغـڵدا دەڕوێ و بەشـتـەوە دەنووسێ و بەرێکی تووکن دەگرێ.

نووسەنەک: نووسەکە.

نووسیان: د. نووسان.

نووسین: پیت خستنە سەر کاغەز بەقەڵەم لەلایەن نووسەرێکەوە.

نووسینخانە: نووسخانە.

نووسینگا: نووسخانە.

نووسینگە: نووسینگا.

نووسینەوە: وێنە وەرگرتنی شتێکی نووسراو بەقەڵەم.

نووقاندن: قووچاندن.

نووقاو: چاوی لێکنراو.

نووک: لووتی تیژی شت.

نووکاندن: نووکەکردن.

نووکانن: د. نووکاندن.

نووکن: د. کەسێکە کە زۆر بنووکێنێ .
نووکە: دەنگێکی پچکۆلەی باریکە کە لە گریانێکی هێواشەوە پەیا ببێ، (نووکە‌نووک) نووکەی یەک لەدوای یەک. هەنووکە (با).
نووکەبڕین: کۆتایی هێنان بە نووکەنووکی یەکێک.
نووکەر: ل. نۆکەر.
نووکەنیا: پۆلانیای دەمی گاسن.
نوون: نان (ل). ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. بریتییە لە نەنگی شتێک، ئەم شتە (نوون)ی تێدا نییە واتە بێ نەنگە.
نۆوەن: نۆبەن.
نۆوەند: نۆبەن.
نووەی: هـ. نۆک.
نوها: ز. ئێستە.
نوهال: با. شیو و دەرە.
نوهت: ز. نەوەد.
نوهک: ز. نۆک.
نوهلیک: با. دۆشەک.
نوهۆم: تەبەقەی خانوو.
نۆهەد: نەوەد.
نۆهەم: شتێکە کە لە پایەی نۆدا بێ.
نهۆم: نوهۆم.
نۆهەمین: نۆهەم.
نۆهەوار: هەوارگەی تازە.
نۆهێلکە: بارۆکەیەکە تازە هاتبێتە هێلکە.
نوێ: تازە.
نوێبوونەوە: تازەبوونەوە.
نوێرد: هـ. تیکی دروومان
نوێردوو: نانێکی تیرییە کە چوارگۆشە وەک بوخچە قەد کرابێ.
نوێردووەحەلوا: حەلوایەکە کە کرابێتە ناو نوێردووەنانەوە.
نوێژ: چەند کردار و گوفتارێکی تایبەتی ئایینییە شەو و ڕۆژێ پێنج جار بۆ خواپەرستی دەکرێ.
نوێژان: نوێژیان.
نوێژبوون: هاتنی کاتی نوێژ.
نوێژچوون: نەمانی کاتی نوێژ.
نوێژقایم: کەسێکە هەرگیز نوێژی نەچێ.
نوێژکردن: بەجێهێنانی نوێژ.
نوێژکەر: کەسێکە کە نوێژ بکا .
نوێژەبارانە: نوێژێکە دەکرێ بۆ باران بارین.
نوێژەبارانێ: نوێژەبارانە.

نوێژیان: دوای بانگی بەیانی تا دەمی زەردە کەوتن.
نوێژی: شتێکی پاک و خاوێنە کە لەوانەبێ نوێژی پێوە بکرێ.
نوێکردنەوە: تازەکردنەوەی شت .
نوێکرن: ز. تازەکردنەوەی شت.
نوێگن: ز. گایەکە پێی نابێتە سێ ساڵە.
نوێڵ: ئاسن یا دارێکی بەهێزی درێژە دەدرێتە ژێر شتی زۆر قورس بۆ بەرزکردنەوەی.
نوێڵدان: نوێڵکردن بەژێر شتی قورسدا .
نوێن: پێخەف. ناوی دێیەکە لە هەورامان.
نوینک: ئاوێنە.
نوێنگین: نیوون.
نوێنە: د. نوێنەر.
نوێنەر: کەسێکە کە لە دەوڵەتێکی بێگانەدا جێداری دەوڵەتی خۆی بکا . کەسێکە لە دەوڵەتەکەی خۆیدا جێداری گەلەکەی بکا (نائب).
نوێنەری: بوونی مەردووم بەنوێنەر.
نۆیەک: لە نۆبەش بەشێک.
نۆیەم: نۆهەم.
نۆیەمین: نۆهەمین.
نوی: نوێ (با). نەوی.
نوویسگە: نووسینگا.
نویسندە: نووسەر.
نویسنە: د. نویسندە.
نویسین: نووسین.
نویشک: ل. کەرە.
نوین: نوێن.
نە: پیتی نەفییە لە ڕابووردوودا: (نە)ی خوێند یا (نە)ی خوێندەوە. پیتی نەفی سیفەتە لە یەکێک: فلان کەس نەزانە یا نەزۆکە، یا نەخوێندەوارە. پیتی نەهییە بۆ حازر و غایب، (نە)ڕۆیت، (نە)ڕوا، لە: (نە) ژوورسەرینی واتە (لە) ژوور سەرینی. نەء.
نەء: وتەیەکە وەرامی نەبوونی شتێکی پێ دەدرێتەوە: (نەء) لە وەرامی یەکێکدا کە بپرسێ نەریان دەخوێنێ؟ واتە ناخوێنێ.
نهانی: با. لانە و بانە.
نەبات: جۆرە شەکرێکی تایبەتی شیرینی زۆر سەختە وەک لیمۆدۆزیی وایە.
نەباتی: شتێکە ڕەنگی وەک ڕەنگی نەبات وابێ.
نەبادا: مەبادا.
نەبان: چوارپێیەکە کە ساوای خۆی نەوێ.
نەبڕ: تیغی کول. بریتییە لە مەردوومی کەم برشت.

نەبوون: نەهاتنەدی شت.

نەبوونی: نەدارایی و هەژاری.

نەبەرد: کەسێکە کە بەپشوو بێ لە هەموو کاروبارێکدا و هەرگیز نەبەزێ. بریتییە لە کاری گرنگی دژوار: فیسار کەس تووشی (نەبەرد) هات.

نەبەردی: نەبەزین لە کاروباردا.

نەبەز: مەردوومی نەبەرد.

نەبەکام: منداڵ یا میوەی پێگەیشتوو.

نەپا: شتی ناپایەدار.

نەپۆڕ: د. شتی نالەبار کە بۆ هیچ شتێک نەگونجێ.

نەپۆڕیان: د. نەگونجان.

نەپەنی: با. شتی ونی نادیار.

نەتراندن: ز. بێ دەنگکردن و لە جووڵەخستن.

نەترس: مەردوومی ئازای چاوقایم.

نەترک: ز. بەرچاوگەی زیوینی ژنان.

نەترە: زەندەق. ورە.

نەترەبۆق: مەردوومی قەبەی ناشرین.

نەترین: ز. بێ دەنگبوون و لە جووڵەکەوتن.

نەتڵ: د. ملۆزم.

نەتۆرە: ناوی ناشیرین کە نرابێ لە مەردووم. هەڵخۆندن بەسەر مەردوومدا.

نەتۆرەبێژ: کەسێکە کە بەسەر مەردوومدا هەڵبخوێنێ.

نەتوو: ز. مەردوومی ناپەسند.

نەتەوایەتی: نەتەوەپەرستی.

نەتەوە: وەچەی گیانلەبەر.

نەتەوەپەرستی: خۆشەویستی نەتەوەی خۆت.

نەتەوەنامە: نامەیەکی دەوڵەتییە کە نەتەوایەتی تۆ بگەیەنێ بۆ ئەو دەوڵەتە (جنسیة).

نەجم: شتێکە کە نەجووڵێ (ساکن).

نەچار: با. ناچار.

نەچیر: نێچیر.

نەچیرکردن: نێچیرکردن.

نەچیرەڤان: با. ڕاوکەر.

نەچیرەوان: نێچیرەوان.

نەخ: ز. هەودای ڕێسراوی خوری.

نەخاسم: با. نەخوازەڵا.

نەخت: کەمێک لە شت: (نەختێک) بخۆ یا (نەختێک) دانیشە. نەختینە. زەوی بەهێز. مارەیی پێشەکی (با).

نەخت و پوخت: شتی مایەداری بەنرخ

نەختە: با. ڕۆژی سەرما و سۆڵە.

نەختینە: شتی بەنرخی گرانمایە.

نەخری: با. یەکەمین منداڵی باوک و دایک.

نەخش: جۆرە کایەیەکە لە قومار کە دەستی یەکێکیان تەواوبێ: فیسار کەس دەستی (نەخش)ە.

نەخشاندن: نەقشکردنی شت.

نەخشاوی: شتێکە کە نەخشی پێوە بێ.

نەخشە: خەریتەی شوێنێک.

نەخشەکێشان: ڕێبازدانان بۆ پرۆژەیەک لە سەرەتاوە تا دوایی (تخطیط).

نەخشین: شتی نەخشاوی.

نەخۆ: نەوەک. مەچۆرەدەرێ نەخۆ میوانەکان بێن. ئەگینا: دانیشن نەخۆ لێتان دەدەم.

نەخوازەڵا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی بە(تایبەتی): کورد مەردن. (نەخوازەڵا) خوێندەواریان.

نەخۆش: گیانداری ناساغ.

نەخۆشبوون: نەخۆشکەوتن.

نەخۆشخانە: خەستەخانە.

نەخۆشکەوتن: دووچاربوون بەنەخۆشی .

نەخۆشی: لەش تێکچوونی گیاندار و ناساغ کەوتنی.

نەخۆشین: نەخۆشی.

نەخۆتە: د. نەخوێندەوار.

نەخوێندەوار: کەسێکە کە نەیخوێندبێ.

نەخوێندەواری: نەخوێندن.

نەخەسەلا: نەخوازەڵا.

نەخەمە: ز. وتەیەکە لە جێی وتەی (قەی ناکات) بەکاردێنرێ.

نەخێر: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ نەبوونی ئەو شتەی کە پرسیاری لێ دەکرێ. نەخێر لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ: دەرست خوێند؟.

نەدار: نەدارا.

نەدارا: هەژاری کەمدەست.

نەدارایی: هەژاری و کەمدەستی.

نەداری: نەدارایی.

نەدان: نادان.

نەدانی: نادانی.

نەدوو: مەردوومی کەم قسە.

نەدی بدیی: د. نەدیوبدی.

نەدیتە: نەدیدە.

نەدیدە: شتێکە کە دیار نەبێ و باسی بکرێ: لە (نەدیدە) نەسپەکەت بەچەند؟

نەدیگ: نەدیوی نەناسراو.

نەدیو: نەدیگ. شتێکە کە لێتەوە دیار نەبێ.
نەدیوبدی: کەسێکە کە شتی بەخۆیەوە نەدیبێ و ئێستە شتی ببێ وزۆری خۆش بوێ.
نەدیوی: شوێنێکە کە لێتەوە دیار نەبێ.
نەرد: دوو تەختەی بیست و چوار خانییە بە سی پوول و دوو زار یاری لەسەر دەکرێ.
نەردان: د. نەردێن.
نەردە: د. نەردەبان.
نەردەبان: پەیژە.
نەردەوان: نەردەبان.
نەردێن: یاری کردن بەنەرد.
نەڕ: نێر: شێری (نەڕ) واتە نێر.
نەڕاندن: قـیـڕاندنی گـیـانداری زەلام بەتوندی لە کـاتی تووڕەبوونیدا.
نەڕانن: نەڕاندن.
نەڕنایش: ئافرەتی زلی کەتەی قەبە.
نەڕ نەڕەشێرە: بریتییە لە گیانداری نەڕەزل.
نەڕە: قـیـڕەی گـیـانداری زەلام بەتوندی، (نەڕەنەڕ) نەڕەی یەک لەدوای یەک. سەری شت: دارەکەی ناوە بەنەڕەی شانییەوە.
نەڕەدێو: بریتییە لە پیاوی کەتەی زلی قەبە.
نەڕەی شان: سەرشان.
نەڕی شان: نەڕەی شان.
نەرگز: نەرگس.
نەرگس: نێرگس.
نەرگسە: ھ. کێلنچکەی مەڕ.
نەرگسەجاڕ: نێرگسە جاڕ.
نەرگسی: نێرگسی.
نەرم: شـتێکە کە ڕەق نەبێ. بریتییە لە مەردوومی لەسـەرخۆی هێدی.
نەرمان: زەوی نەرمی بێ بەرد و زیخ.
نەرمانی: نەرمان.
نەرمایی: شوێنی نەرم لە ئەندام: نەرمایی گوێی گرت.
نەرمـبوون: بریتـییـە لە هاتنەسـەر ڕای یەکـێک. لاچوونی ڕەقی شت.
نەرمژاندن: ز. نەرمکردنەوەی شتی ڕەق.
نەرمژین: نەرمبوونەوەی شتی ڕەق.
نەرمک: نەرمە.
نەرمکێشی: ئاسانی بەکارهێنان: فـیسـار کەس زۆر نەرمەکێشی لەگەڵ کردم.
نەرم و شل: شـتی زۆر نەرم. بریتـیـیـە لە مـەردوومی هێـدی لەسەرخۆ.
نەرمۆلە: شتی نەرم و شل.
نەرم و نۆڵ: نەرم و شل.
نەرم و نیان: مەردوومی هێواشی لەسەرخۆ.
نەرموو: با. مەردوومی نەرم و نیان.
نەرمووک: نەرمە.
نەرمە: گۆشتی بێ ئێسقان.
نەرمەبڕ: د. بریتییە لە مەردوومی زبان لووسی فێڵباز.
نەرمەبێژ: د. والابێژ.
نەرمەزین: لبادێکە لەژێر تەکەڵتووی زینەوە دادەنرێ.
نەرمەساو: پارچە پۆلایەکە قەساب کێردی پێ تیژ دەکات.
نەرمەغار: غاری هێواشی لەسەرخۆ.
نەرمەقووت: خواردەمەنی نەرم و شلە کە جوون و قووتدانی ئاسان بێ.
نەرمەکۆکە: جۆرە کۆکەیەکی سووکی هەمیشەییە.
نەرمەگا: زەمینێکە کە دوو سێ جار بەجووت کێلرابێ.
نەرمەلیقە: تەنراوێکە کە زۆر تەنک و تیواڵ بێ.
نەرمەنەرمە: وردەوردە: (نەرمەنەرمە) دەبارێ، یا (نەرمەنەرمە) بۆم بلێ واتە وردەوردە.
نەرمی: نەرمایی.
نەرمین: شتی نەرم و نۆڵ.
نەرە: ھ. داربەڕوو.
نەریت: شـتێکە کە تاز داهێنرابێ و کـرابێ بەباو و تۆ حەزی لێ نەکەیت: هەر ڕۆژە (نەریت)ێکمان بۆ دادەهێنێ.
نەزا: د. نەزۆک.
نەزان: مەردوومی بێ ئاگا لە شت.
نەزاندوو: مەردوومی قسە ڕەق.
نەزانست: د. کارێکە کە بەهەڵە کرابێ.
نەزانستە: د. کەسێکە کە کارێکی بەهەڵە کردبێ.
نەزانکار: د. مەردوومی کوڵی و ئاشی لە ئیشدا.
نەزانی: نەزانین.
نەزانین: بێ ئاگایی لە شت.
نەزدیک: نزیک.
نەزدیکایی: نزیکایی.
نەزدیکبوونەوە: نزیکبوونەوە.
نەزدیکخستنەوە: نزیکخستنەوە.
نەزدیککردنەوە: نزیککردنەوە.
نەزدیککەوتنەوە: نزیککەوتنەوە.
نەزدیکی: نزیکی.
نەزگرە: نزگەرە.
نەزلە: سەریەشەی سەخت.

نەزم: لێدانی دەمار.
نەزۆک: مێینەیەکە کە زاوزێ نەکا .
نەزۆکی: بوونی مێینە بەجۆرێک کە زاوزێ نەکا.
نەزێ: د. نەزۆک.
نەزیک: د. نەزدیک.
نەزیکایی: د. نەزدیکایی.
نەزیکبوونەوە: د. نەزدیکبوونەوە
نەزیکخستنەوە: د. نەزدیکخستنەوە.
نەزیککردنەوە: نزدیککردنەوە.
نەزیککەوتنەوە: د. نەزدیککەوتنەوە.
نەزیکەوبوون: د. نەزدیکبوونەوە.
نەزیکی: د. نەزدیکی.
نەژاد: ڕەسەن و بنەچەی مەردووم.
نەژد: د. شتی چرچی پەژموردە.
نەژنەوا: کەڕ. بریتییە لە مەردوومی بێ گوێ.
نەژنەوایی: گوێ گرانی. بریتییە لە بێ گوێیی.
نەساغ: ناساغ.
نەستۆ: د. مەردوومی کەللە ڕەق.
نەستەق: شتی نەنتیکە.
نەسرەوت: گیاندارێکە کە سرەوتی نەبێ.
نەسرین: جۆرە گوڵێکی پەڕەوردی بۆنخۆشی سپییە.
نەسۆز: د. شتێکە کە نەسووتێ.
نەسوو: د. تیغێکە کە هەرگیز تیژ نەبێ.
نەشارەزا: نابەڵەد.
نەشتەر: تیغێکی تیژی لووت باریکە برینی پێ هەڵدەدرن.
نەشتەرکاری: خەریکبوون بەهەڵدڕینی برینەوە بەنەشتەر.
نەشتەرگەری: زانینی نەشتەرکاری.
نەشـرە: شـتـێکی درێژی جـوانە لە والآی ڕەنگاوڕەنگی قـەبزە نوشتـەیی و مـووروو دروست دەکرێ و بەچوار دەوری ژووردا دەگیرێ بۆ جوانی.
نەشمیل: جوانکیلە.
نەشمیلانە: جوانکیلانە.
نەشمیلە: نەشمیل.
نەشناس: بێگانە.
نەشۆر: د. نەزۆک.
نەشە: کەیف و هەوەس.
نەشەگرتن: پەیابوونی نەشە بۆ یەکێک.
نەعتک: ز. ناوچەوان.
نەعرەتە: قریوەی بەرز و گەورە.
نەعنا: گـیـایەکـە وەک پونگە، بەڵام ئەم گـەڵاکـەی کـاڵتـرە و تامەکەی توونترە.
نەفام: مەردوومی تێ نەگەیشتوو.
نەفامی: تێ نەگەیشتوویی.
نەفت: نەوت.
نەفتخانە: نەوتخانە.
نەفرین: لەعنەت.
نەفوورات: مەردوومی هار و هاجی زۆرزان.
نەڤرۆژ: نەورۆز.
نەڤسی: با. کـوڕی ژن لە مـێـردێکی تری بۆ باوەپیـاوە و کـوڕی مێرد لە ژنێکی تری بۆ باوەژن.
نەڤیساندن: ز. نووسین.
نەڤی: با. کووڕەزا.
نەڤیچڕک: با. کووڕەزازا.
نەقارەخانە: مۆزیقەخانە.
نەقتاندن: ز. ئارەقگرتنی شت.
نەقر: ز. تەشتی قووڵ. دەفری گەورە.
نەقشە: نەخشە.
نەقیزە: داردەستێکی درێژە بزمارێک بەلووتەکەیەوەیەتی، ولآخی پێ لێ دەخوڕن.
نەقیزەدان: لێخوڕین بەنەقیزە.
نەک: نەوەک.
نەکا: نەک.
نەکردوو: کەسێکە کە فێری ئیشوکار نەبووبێ.
نەکردە: نەکردوو.
نەکردەپەشیمان: کەسێکە کە پەشیمان بووبێتەوە لەسەر نەکردنی کارێک.
نەکس: ز. دەردێکە دووچاری سی دەبێ لە سـەرمـاوە (ذات الرئة).
نەکوت: نەکوتە.
نەکوتە: جۆرە جوێنێکە دەدرێ بەکەسێک کە قسەت لەگەڵ بکا و نەتەوێ لەوحەلەدا بیدوێنی.
نەکولۆک: دانەوێڵەیەکە کە درەنگ بکوڵێ.
نەکوو: نەوەک.
نەکی: نەوەک.
نەگبـەت: گـیـانداری کـولـۆڵ. شـتی بەدفـەڕ: ئەو خـانووە یا ئەو ولآخـە (نەگـبـەت)ە واتە بەدفـەڕ و شـوومـە. کـولـۆڵی: یاخوا هەرگیز (نەگبەت) ڕووت تێ نەکا.
نەگبەتی: کولۆڵی.
نەگریس: گیانداری لاساری سەرسەخت.
نەگریسی: لاساری و سەرسەختی.
نەگۆڕ: شتێکە کە لە ئەندازەی خۆیدا وەستابێ و نەگۆڕابێ.

نەگۆمە: د. کەسێکە کە شەپلە لێی دابێ.

نەگەویس: کەسێکە کە کەس نەیەوێ.

نەگەویست: نەگەویس.

نەگەیشتو: نەگەیو.

نەگەیو: میوەیەکە کە هێشتا نەگەیبێ. کەسێکە کە هێشتا نەگەیشتبێتە ئەو شوێنەی بۆی دەچێ.

نەگیراو: وڵاتێکە کە هێشتا زین یا باری لێ نەکرابێ.

نەگیریاک: د. نەگیراو.

نەمازە: بەتایبەتی.

نەمام: درەختێکی پچووکە کە بەریشەوە هەڵکەنرابێ بۆ ناشتنی لە شوێنێکی تر.

نەمامکردن: کوشتنی مەردووم بەخستنە ناو چینی دیوار بەپێوە.

نەمان: لەناوچوونی شت.

نەمر: بریتییە لە خوا. پەیمانێکە لە ناوەندی خاوەن ئاژاڵ و شوانکارەیدا دەبەسترێ بۆ ماوەی ساڵێک یا زیاتر کە ئەو ئاژاڵەی دەیداتێ بەنەمر بۆی بەخێو بکا بەبێ پارە و لە پاشا بەتەواوی بیداتەوە و بەروبوومەکەی لەناویاندا دوو کەرتی بێ: مەڕەکانم دا بەفیسار کەس (بەنەمر) واتە ئەگەر یەکێکی لێ مرد لە بەرەکەی بیخاتەوە جێی. بەیەکێک دەوترێ کە ناوی هەرگیز نەکوژێتەوە.

نەمیانەوە: د. چەوتانەوە.

نەمێر: با. پیاوێکە کە نەتوانێ بچێتە لای ژن (عنین).

نەمیر: ز. نەمێر.

نەناس: نەشناس.

نەنک: دایکی دایک و دایکی باوک.

نەنکە: نەنک.

نەنگ: شوورەیی.

نەنگنامە: د. هەڵخوێندنی خراپ بەسەر یەکێکدا بەشیعر (هجو).

تەنگەویست: نەگەویست.

نەنگین: نەنگداری ریسوا.

نەنە: نەنک.

نهۆ: ز. ئێستا.

نەوا: جۆرە گۆرانییەکی خۆشی کوردییە. نەوەک (د). جێگا و رێگا.

نەوات: نەبات.

نەوادە: د. نەوە.

نەوار: د. بافتەیەکی تەنکە کچان پرچی پێ دەبەستن (قردێلە).

نەوازش: دڵخۆشی دانەوەی دڵتەنگێک بەگوفتار یا بەکردار.

نەوازشت: نەوازش.

نەوال: ز. شیو و دەرە.

نەوان: نەبان.

نەوباوە: د. نوخشە.

نەوت: شتێکی شلە دەکرێتە چراوە و دەسووتێنرێ و بەکاری گەلێ شتی تر دێ و لەژێر زەوی دەردەهێترێ.

نەوتخانە: شوێنێکە کە نەوتی تێدا بفرۆشرێ.

نەوتی: شتێکە کە رەنگی لە نەوت بچێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی قەرەداخ.

نەوجوان: مەردوومی گەنجی جوان چاک.

نەوجەوان: د. نەوجوان.

نەور: زەمینێکی چاڵە لەناو شاخ و داخدا.

نەورەس: لاوی تازە پێگەیشتو. میوەی نۆبەرە.

نهۆرم: شوێنی چاڵ لە زەوی.

نەورۆ: کاتی جووتگرتنی پشیلە.

نەورۆز: یەکەم رۆژی بەهارە کە رێکەوتی رۆژی بیست و یەکی مارت دەکا.

نەورۆزانە: دراوێکە کە قوتابی دەیبا بۆ مامۆستای لە رۆژی نەورۆزدا. دیارییەکە کە بەبۆنەی رۆژی نەورۆزەوە دەنێردرێ بۆ ناشنا.

نەورۆزنامە: هەڵبەستێکە کە هەڵبدرێ بەسەر رۆژی نەورۆزدا.

نەورۆزە: گوڵێکە لە وێنەی گوڵە گەزیزە، بەڵام ئەم دوو رەنگە.

نەورۆزی: نەورۆزە.

نەوزاد: کەسێکە کە تازە لەدایک بووبێ.

نەوژن: هە. نوێنگی بەرکەڵ.

نەوس: چنۆکی و ئارەزووکردنی خواردن: فیسار کەس (نەوس)ی تیژە.

نەوسن: مەردوومی چنۆکی چڵێس.

نەوسنی: چنۆکی و چڵێسی.

نەوشاتر: شتێکی سپییە وەک زاخ، مزگەر لەگەڵ قەلاییدا دەفری پێ سپی دەکاتەوە.

نەوشادر: نەوشاتر.

نهۆم: قاتی خانوو: ئەم خانووە دوو (نهۆم)ە.

نەووسک: با. خانووی لە شاخ داتاشراو.

نەووک: گەروو.

نەووگ: لباد.

نەوە: کورەزا و کورەزازا.

نەوهاڵ: د. نەوجوان.

نەوەد: ناوە بۆ ژمارەیەک کە نۆ دەیە.

نەوەرد: دارێکی چوار پاڵووی ئەستوورە جۆلا تەنراوی لەسەر هەڵدەکا. وەردێنە (د). نەبەرد (د).

نەوەش: هـ. نەخۆش.

نەوەشی: هـ. نەخۆشی.

نەوەک: مەبادا.

نەوەکا: نەوەک.

نەوەکوو: نەوەک.

نەوەکی: نەوەک.

نەوەن: گوێرەکەی نێری دوو ساڵە. شاتر (د).

نەوەندە: دەغڵێکی پایزەیە کە درەنگ چێنرابێ.

نەوێر: ترسنۆک.

نەوێران: ترسان و پرکێشی نەکردن.

نەوی: شتی نزم، (نەوی بوونەوە) نزمبوونەوە، (نەوی کردنەوە) نزمکردنەوە.

نەویس: د. مەردوومی بێ ڕێز.

نەوین: نیشتن. بانەکە (نەویوە) واتە نیشتووە. نزمبوونەوە. فڕۆکە کە (نەوی) بووەوە واتە نزم بووەوە. کوێر (د).

نەهـ: ز. ئێستەکە.

نەهـ: با. نۆ.

نەها: ز. ئێستا.

نەهات: کاتێکە کە شتی تێدا کەموکوڕ بێ. نەگبەتی: فیسار کەس (نەهات)یتی.

نەهاتی: نەگبەتیی و سەغڵەتی.

نەهار: خواردەمەنی نیوەڕۆان.

نەهارکردن: خواردن لە نیوەڕۆاندا.

نەهبەرک: ز. جۆرە یارییەکە.

نەهەنگ: نەهەنگ.

نەهویت: ز. نەوەد.

نەهە: هـ. ناوک.

نەهەک: ز. نۆمینە.

نەهەنگ: ماسی زۆر گەورە.

نەهێشتن: لەناوبردنی شتێک. قەدەغەکردن.

نەهێنبڕ: نهێنبڕ.

نەهێنگر: نهێنگر.

نەهێنی: نهێنی.

نەهیو: د. شاتاڵ.

نەی: دەزوو (هـ). لوولک. قامیش.

نەیار: ز. دوژمنی ئاشکرا.

نەیاری: با. دوژمنایەتی.

نەیجوول: جۆرە قامیشێکی باریکی کولۆرە.

نەیجە: قامیشی باریکی ناوپڕە چیغی لێ دروست دەکرێ.

نەیچی: نەیژەن.

نهێرد: زەوی دەمار دەماری بەردەڵانی.

نەیزە: د. نێزە.

نەیزەباز: د. کەسێکە کە نێزە باش بەکار بهێنێ لە جەنگدا.

نەیزەدار: د. سەربازێکە کە نێزەی بەدەستەوەبێ.

نەیژە: قامیش.

نەیژەن: کەسێکە کە شمشاڵ باش لێ بدا.

نهێم: هێز: بە (نهێم) تێی نەوە.

نهێنبڕ: کەسێکە کە بەنهێنی ئیش بکا.

نەینک: با. ئاوێنە.

نهێنگر: سەگێکە بێ وەڕە پەلامار بدا.

نەینۆک: نینۆک (با) ئاوێنە.

نەینووک: ز. نینۆک.

نهێنی: پەنهانی.

نێ: دارێکی گەورەی درێژی کولۆرە ناوی ئاشی پێدا دەچێتە خوارەوە. نە. ناوی دێیەکە لە مەریوان.

نیاتە: د. نۆتە.

نیاتەکردن: د. نۆتەکردن.

نیاتەکەر: د. نۆتەکەر.

نیاز: ئارەزووی کردن یا وتنی شتێک. نیازبوون: ئارەزووبوون (نیازکردن) ئارەزووکردن.

نیازگرتن: گرتنە دڵی ئاوات و مەبەستێک.

نیان: دانان. کاغەزەکەم نیایە ناو کتێبەکە (د). نەرم: نەرم و نیان.

نیانە شوێن: د. نانە شوێن.

نیانەمل: د. نانەمل.

نیانەوە: د. نانەوە.

نیانەیەک: د. نانە یەک.

نیاوەزیان: د. لێ نەهاتن و سەلیقە پێ نەشکانی شت.

نێچیر: گیاندارێکە کە لە ڕاو بگیرێ یا بکوژرێ.

نیچیرڤان: با. نێچیرەوان.

نێچیرکردن: ڕاوکردن.

نیچیرەوان: ڕاوکەر.

نێر: گیاندارێکە کە مێ نەبێ. بریتییە لە مەردوومی جوامێر.

نێرانە: کردار یا گوفتارێکە کە لەهی پیاوی جوامێر بچێ.

نێربلۆکێ: ئافرەتێکە کە کاڵای پیاو لەبەر بکا و لاسایی پیاوان بکاتەوە.

نێربوونەوە: پتەوبوونەوەی زەوی لە سەرەتای بەهاردا. پیربوونی شێلم و توور و چەوەندەر لەکاتی بەسەرچوونیدا.

نێرتک: نێرک.

نێرتن: ز. تەماشاکردنی شتێک.

نێرک: کورۆکی پیاز و کاهوو و گەلێ شتی تر. کێمێکی زۆر خەستە لە ناوەڕاستی هێندێ بریندا وەک پلێتە وایە.

نێرکەبرە: کرمێکە نێرکی سەوزایی تازە دەخوات.

نێرگز: نێرگس.

نێرگزدەبان: دەبانی جووهەردار.

نێرگزەجاڕ: نێرگسەجاڕ.

نێرگس: گیایەکی بەهاری لاسک بەرزی کولۆرە، گوڵێکی پەڕەسپی و زەردی بۆنخۆش دەگرێ.

نێرگسەجاڕ: شوێنێکە کە نێرگسی زۆری لێ بروێ. ناوی دێیەکە لە ناوچەی وارماوا.

نێرگسی: شتێکە وەک نێرگس وابێ .

نێرگەلە: جۆرە قلیانێکە سەرێکی توونتنی تێ دەکرێ و سەرەکەی تری دەکرێ بەشووشەیەکدا کە هێندێ ئاوی تێدایە و کونێکی بەتەنشتەوەیە ماربێچێکی تێ دەبرێ و هەڵدەمژرێ.

نێرگەلەچی: کەسێکە کە هەر نێرگەلە تێ بکا بۆ یەکێک.

نێرۆ: هێز.

نێرۆک: د. نێرکی سەختی شت.

نێروما: د. نێرەمووک.

نێروو: نێرۆ.

نێرە: نێری هێندی گیاندار. جۆگەیەکە بەناوەڕاستی بەراودا بڕوا (مەشتە)ی لێ جوێ دەکرێتەوە. نێرینەی تاو.

نێرەحەیتە: مەردوومی زەبەلاح.

نێرەژن: د. نێربلۆکێ.

نێرەژەن: دۆژدنگ (هـ). نێرۆک (د).

نێرەکورکە: نێربلۆکێ.

نێرەکەر: کەری نێر.

نێرەکەری: بریتییە لە زۆرداری و کێزری: فیسار کەس بە(نێرە کەری) خانووەکەی داگیرکرد.

نێرەکەو: کەوی نێر.

نێرەکێ: ئێستری نێر.

نێرەمووک: گیاندارێکە کە نیشانەی نێریش و مێشی پێوەبێ.

نێرەو: مەشتە.

نێرە و مێیە: دوو قرتێنەن کە بەناو یەکدا دەچن.

نێرەوەز: نێرینەی ڕەشەوڵاخ.

نێری: سابرێن. کەڵەکێوی.

نێرین: ز. ڕوانین.

نێرینە: ئادەمی نێر. ناوەڕاستی هەموو شتێک: چوومە (نێرینە)ی ئاوەکە یا جەنگەکە.

نێز: ز. برسی. برسێتی.

نێزک: د. نزیک.

نێزە: جۆرە تیغێکی تیژی دەمپانی بڕندەیە هێندێ جار دەکرێ بەسەری تفەنگەوە.

نێزەباز: د. کەسێکە کە یاری بەنێزە بکا.

نێزەبازی: یاریکردن بەنێزە.

نێزەدار: نەیزەدار.

نێزیک: نزیک.

نێزیکی: نزیکی.

نیسک: دانەوێڵەیەکی وردی پانکەڵەی سوورە دەکرێ بەچێشت.

نیسکان: یاریکردن.

نێسکە: لەنجەولاری ئەسپ.

نیسکێن: چێشتی نیسک.

نیسکێنە: نیسکێن.

نیسکین: د. نیسکێن.

نێش: ئازار.

نیشاستە: جۆرە ئاردێکە لە مەغزی گەنم دەگیرێ.

نیشاسە: د. نیشاستە.

نیشان: شتێکی جوانە هێندێ پیاوی سەربازی دەوڵەتی لە خۆی دەدا بۆ دەرکەوتنی پایەی سەربازێتی. شتێکە دادەنرێ بۆ ئەنگاوتنی بەتفەنگ.

نیشانچی: کەسێکە کە نیشان بنەنگێوێ.

نیشاندان: پیشاندان.

نیشانکرد: شوێنێکە کە دیاری کرابێ.

نیشانکردن: دانانی نیشانەیەک لە شوێنێک بۆ شتێک.

نیشانگا: دوگمەیەکی بەرزە بەسەر لوولەی تفەنگ و دەمانچەوە نیشانی پێ دەگیرێ.

نیشانگرتن: ڕاستگرتنی لوولەی تفەنگە بۆ نیشانە.

نیشانگە: شوێنێکە کە شتی تێدا پیشان بدرێ (معرض).

نیشان ناو: لەقەب.

نیشانە: شتێکە کە ڕێ نموونی بکا بۆ شتێک و پێی بناسرێتەوە، ئەو شتانەن کە دەدرێن لەسەر سنگی لەشکری بۆ نیشاندانی پایەی خزمەتی.

نیشانەکردن: دانانی نیشانەیەک لەسەر شتێک بۆ تێک نەچوون و ون نەبوونی. بردنی شتێک بۆ بووک دوای خوازبێنی لەلایەن زاواوە.

نیشتمان: جێگایەکە کە ئادەمی تێدا لە دایک ببێ و بەبەروبوومی بژی.

نیشتمانپەرست: کەسێکە کە نیشتمانی خۆی خۆش بوێ و هەمیشە هەوڵ بدا بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی.

نیشتمانپەرستی: خۆشەویستی نیشتمان.

نیشتمانپەروەر: نیشتمانپەرست.

نیشتمانپەروەری: نیشتمانپەرستی.
نیشتمانی: نیشتمان پەرست. شتێکە کە هی نیشتمانی خۆت بێ.
نیشتمەن: شوێنێکە لەوانەبێ کە مەردوومی تێدا بحەوێتەوە.
نیشتن: داکەوتنی هێندێ شت: پایەکە یا کوڵەکە یا بانەکە (نیشتووە). هەڵنیشتنی باڵندە. کۆبوونەوەی خڵتە لەبنی شتی شلدا: ئاوەکە (نیشتووە) واتە خڵتەکەی کەوتووەتە بنی. دانیشتن: بنیشە. ئاوابوون: ڕۆژیشتووە.
نیشتنەسەر: ڕاونان: تانجییەکە نیشتە سەر کەروێشکەکە.
نیشتنە سەریەک: کەوتنە سەر یەکی چەند شتێک و چەسپبوونیان لە یەکتری: خەروا هەنجیرەکان نیشتوونەتە سەریەک.
نیشتنەمل یەک: نیشتنە سەریەک.
نیشتنەوە: هاتنە خوارەوەی باڵندە بۆ سەر زەوی. دامردنەوەی ئاوسایی. کەمبوونەوەی ئاوی لافاو. وشکبوون و نەمانی دڵۆپەی بان.
نیشتنەیەک: چەسپینی شت لەیەک. بەگژیەکداچوونی چەند کەسێکی زۆر: ژنی گەڕەکەکە (نیشتوونەتە یەک) واتە لەیەک بەربوون.
نیشتو: مڵتەیەکە بکەوێتە بنکی شتی شلەوە.
نیشتەجێ: کەسێکە کە کۆچەری نەبێ و هەمیشە دانیشتووی جێگایەک بێ.
نیشتمەن: خانوو یا وڵاتێکە کە لەوانەبێ تێیدا دابنیشیت.
نیشتەمەنی: نیشتمەن: ئەم خانووە (نیشتەمەنی) نییە.
نیشتەنی: نیشتەجێ.
نیشخۆ: با. بەڵێ.
نێڤشک: با. کەرە.
نێک: شتی چاک. ئێسقانی لای ڕاست و چەپی سمت.
نێکبین: کەسێکە ئەنجامی هەموو کارێک بەباشی ببینێ.
نێکسمار: ز. لووتەوانەی تەشی.
نیگار: وێنەی شت لەسەر کاغەز (رسم).
نیڵ: ز. شوێنێکی ئاوەزێیە بەلاپاڵێکی بەرزەوە.
نیڵە: کڵپەی ئاگری خۆش، (نیڵەنیڵ) کڵپە کڵپ. نیلی جووت.
نیم: ز. کێم.
نیمچەدورگە: پارچە زەوییەکە کە سێ لای ئاوبێ و لایەکی وشکانی بێ (شبه جزیرة).
نیمر: ز. نزم.
نێو: ناو. نێوانی شت.
نێواخن: ناواخن.
نێوان: ناودووتوێی شت.
نێوبار: ناوبار.
نێوبانگ: ناوبانگ.
نێوبردن: ناوبردن.
نێوبرێشک: ناوبرێشک.
نێوبژەکردن: ناوبژەکردن.
نێوبژی: ناوبژی.
نێوبژیکەر: ناوبژیکەر.
نێوپارە: ناوپارە.
نێوپەل: ناوپەل.
نێوتا: ناوتا.
نێوتاق: ناوتاق.
نێوجەرگە: ناوجەرگە.
نێوجەژنان: ناوجەژنان.
نێوچاو: ناوچەوان.
نێوچاوپاک: ناوچاوپاک.
نێوچەوان: ناوچەوان.
نێوچەوان پاک: ناوچەوان پاک.
نێوچەوان ڕوون: ناوچەوان ڕوون.
نێوچەوان قۆقز: ناوچەوان قۆقز.
نێوچەوان قەشقە: ناوچەوان قەشقە.
نێوچەوان گرژ: ناوچەوان گرژ.
نێوخۆ: ناوخۆ.
نێودار: ناودار.
نێودۆک: دۆژەنک.
نێودەرکردن: ناودەرکردن.
نێودەست: ناودەست.
نێوزڕان: ناوزڕان.
نێوساجی: ناوساجی.
نێوشان: ناوشان.
نێوفەرش: ناوفەرش.
نێوقەد: ناوقد.
نێوکار: ناوکار.
نێوکۆڵ: ناوکۆڵ. پاچە کۆڵەی دیراو.
نێوکوێربوونەوە: ناوکوێربوونەوە.
نێرکەبڕ: ناوکەبڕ.
نێوکەبڕانە: ناوکەبڕانە.
نێوکەڕێژ: ناوکەڕێژ.
نێوکەف: ناوکەف.
نێوگەڵ: ناوگەڵ.
نێولنگ: ناولنگ.

نێولنگان: ناولنگان.

نێولەپ: ناولەپ.

نێولێنان: ناولێنان.

نێوماڵ: ناوماڵ.

نێونان: ناونان.

نێونووس: ناونووس.

نێونیشان: ناونیشان.

نێووک: ناوک.

نیووکبڕ: ناوکبڕ.

نێوک برین: ناوک برین.

نێوککەوتن: ناوککەوتن.

نێووکە: ناوک.

نێوون: گوێرەکەی مێی دوو ساڵە.

نێونجی: د. ناونجی.

نێو و نەتۆرە: ناو و نەتۆرە.

نێوونیشان: ناونیشان.

نێوەڕاست: ناوەڕاست.

نێوەڕۆک: ناوەڕۆک.

نێوەند: ناوەند.

نێوندیار: ناوەندیار.

نێوندیاری: ناوەندیاری.

نێوەندی: ناوەندی.

نیهاد: نیاز: فلانە کەس نیهادی باشە.

نیهانی: نهێنی.

نی: ز. نوێ.

نیخ: ز. گەروو.

نیخن: کەسێکە بەکارێکەوە هەر نیخەی بێ.

نیخە: دامان و نقاندن بەدەست کارێکەوە: فیسار کەس هەر (نیخە)ی دێ، نیخەنیخ: نیخەی یەک لەدوای یەک .

نیر: نیلی جووت. کات و دەم (با).

نیرک: با. نیلی سەرملی گاجووت.

نیرگە: ڕایەڵێکی ئەستوورە کە سەری دارەڕای لەسەربێ.

نیرە: نیر. خێزەری سەر دارە ڕاکە لە جیاتی قامیشبەند دادەنرێ (با).

نیزک: د. نزیک.

نیسان: مانگی چوارەمە لە ساڵی ڕۆژی لە ناوەندی مارت و مایسەوە سی ڕۆژە.

نیڤ: با. نیو.

نیڤرۆ: ز. نیوەڕۆ.

نیڤشک: ز. نێڤشک.

نیڤشەڤ: با. نیوەشەو.

نیڤەشەڤ: با. نیوەشەو.

نیڤەک: با. ناوەڕاست.

نیڤەکار: با. نیوەکار.

نیڤەکاری: با. نیوەکاری.

نیڤی: با. شتی ناونجی.

نیڤیکردن: ز. دوولەتکردنی شت.

نیک: ز. دارێکە پێی ئاشی پێ بەرز و نزم دەکرێتەوە.

نیکرن: ڕ. تازەکردنەوەی شت.

نیل: دارێکە دەخرێتە سەر ملی دوو گا یا دوو وڵاخی تر بۆ جووت پێ کردن. خوم.

نیلوپەڕ: لیلوپەڕ.

نیلە: نیر.

نیلی: ڕەنگی خومی.

نیم: نیوەی شت.

نیمبرژ: شتی نیوەبرژاو.

نیمبرێژ: د. نیم ڕوو.

نیمپوخت: د. نیمپەز.

نیمپەز: د. چێشتی نیوەکوڵ.

نیمتەنە: د. سەڵتە. سوخمەی قۆڵدار.

نیمچە: ناونجی لە هەموو شتێک: ئەم قاڵییە (نیمچە)یە واتە نە زۆر تازە و نە زۆر کۆنە، یا نە زۆر گەورە و نە زۆر پچووکە. یا نە زۆر جوان و نە زۆر ناشیرینە. پیاڵە (د).

نیمداشت: نیوەداشت.

نیمڕوو: هێلکە و ڕۆنێکە کە هەر دیوێکی برژابێ.

نیمڕووە: نیمڕوو.

نیمسۆز: د. سەرەبزووت.

نیمقڕ: نیوقڕ.

نیمکوشت: گەچێکە کە لە گرتنەوەدا لە (کوشتە) کەمتر کوژرابێ.

نیمگەز: د. نیوگەز.

نیمە: لەتێک لە خشتێک. نیوە لە شت.

نیمەچڵ: نیوەچڵ.

نیمەڕۆ: نیوەڕۆ.

نیمەڕۆژ: نیوەڕۆ.

نیمەشۆر: نیوەشۆر.

نیمەشەو: نیوەشەو.

نیمەکار: نیوەکار.

نیمەکارە: نیوەکار. نیوەچڵ.

نیمەکاری: نیوەکاری.

نیمەگیان: نیوەگیان.

نیمەنمەک: نیوەنمەک.

نینۆر: هـ. گونۆڕ.

نینۆک: ئێسقانێکی پانی تەنکە بەسەر پەنجەی دەست و پێی نادەمییەوە.

نینۆککردن: قرتاندنی نینۆک بەتیغ. بریتییە لە کزکردن و زەبوون کردنی یەکێک.

نینۆکی خانم: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک .

نیو: بەشێکی ڕاست لە دوو بەشەی هەموو شتێک.

نیوبرژ: نیمبرژ.

نیوتەنە: نیمتەنە.

نیوداشت: شتی نە زۆر کۆنی نە زۆر تازە.

نیوڕان: نیوڕۆ.

نیوڕۆ: نیوەڕۆ.

نیوڕو: نیمڕو.

نیوڕو وە: نیمڕو وە.

نیوقڕ: د. جۆرە ئاوەڵ کراسێکی ژنانەیە.

نیوگەز: نیوەی گەزی پێوان.

نیونیرە: گۆیکەیەکە لە ناوەڕاستی نیردا (وێژە)ی بەقوڵفە تێ دەبەسترێ.

نیوە: نیو.

نیوەچڵ: کارێکە بەناتەواوی مابێتەوە .

نیوەچڵکردن: نیوەیی کردنی شت: چێشتەکەت بەبەر کوڵ (نیوەچڵ کرد) .

نیوەڕۆ: کاتی ناوەڕاستی ڕۆژ.

نیوەڕۆژ: نیوەڕۆژە.

نیوەڕۆژە: نەهار. نەهارکردن.

نیوەشۆر: بنیسکە سابوونێکە کە مابێتەوە.

نیوەشەو: کاتی ناوەڕاستی شەو.

نیوەشەوی: جۆرە نقامێکی کوردی خۆشە.

نیوەکار: ڕەنجبەرێکە کە بەنیوەیی ئیشت بۆ بکا.

نیوەکارە: نیوەکار.

نیوەکاری: خەریکبوون لە کارێکدا بەنیوەیی.

نیوەگیان: گیاندارێکە کە بەهۆی ناساغی یا ترسەوە نیوە مردوو بووبێ.

نیوەمردوو: نیوەگیان.

نیوەنمەک: هەویرێکی نیوەبرژی کەم خوێی گەرمە دەنرێ لە شوێنی بەئازار.

نیوەیی: بوونی شت بەدوو بەشی ڕاست لە ناوەندی دوو کەسدا: ئەم زەوییە لە ناوەندی دوو کەسدا: ئەم زەوییە لە ناوەندی من و تۆدا (نیوەیی)یە.

و

و: پیتی بەستنەوە (عطف)ی دوو وتار بەیەکەوە: سالار (و) نەریمان چوون بۆ قوتابخانە. پیتێکە دەکەوێتە ناوەندی دوو وتەوە، جوێ نەبوونەوەی یەکەم لە دووەم دەگەیەنێ: مەلا (و) مزگەوت، دەروێش (و) تەکیە، واتە ئەم دووانە زۆر پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەیە، و دەبێ مەلا هەمیشە لە مزگەوت و دەروێش هەمیشە لە تەکیە بێ. پیتێکە دەنووسێ بەهێنێ وتەوە دەیکا بەسیفەتی مشەبە: مردو (و)، بابردو (و)، گورگان خواردو(و). دەکەوێتە ناوەندی دوو وتەوە دووری یەکەم لە دووەم دەگەیەنێ: من (و) قومار، تۆ (و) ئارەق خواردنەوە، واتە من لە قومار و تۆ لە ئارەقخواردنەوە زۆر دوورین. پیتی ئیملایە دەبێ بەبۆر بۆ پیتی پێش خۆی: کول، کوڵ گول، گوڵ.

وا: پیتێکە کاتی قسەکردن (زەمانی حاڵ) دەگەیەنێ: (وا) دەنووسم واتە ئێستاکە. دەنووسێ بەهێنێ ناوەوە دەیکا بەکارکەر: نانە(وا). دەنووسێ بەهێنێ ناوەوە دەیکا بەسیفەتی مشەبە. ئاردە(وا)، دۆخە(وا). وەها: (وا) بنووسە. سەرەتای کات: لە (وا)ی بەیانییەوە چاوەڕوانم. شتی کراوە: دەرگاکە (وا)یە. با. (د).

واتا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەناو وتاردا لە جێی وتەی یەعنی: جەنگ کۆتایی هات (واتا) برایەوە. مەبەست و (مەعنا)ی شت.

واتانێ: واتا.

واتو ورێ: دەنگوباسێکە کە پەیدابێ و بەسەردەمی مەردوومەوە بێ.

واتە: واتا. وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پێ باوەڕ کردنی یەکێک لە قسەیەکدا: (واتە) لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ من ڕاست گەم، یەعنی ڕاست دەکەیت. قسە: بە(واتە)ی مەردوومم لەگەڵ مەکە، یا بوو بە(واتە)ی ڕۆژگار.

واتەگۆڕی: مەجاز.

واتەواتە: واتو ورێ.

واتە و ویرە: د. واتو ورێ.

واتەی: هـ. گفتوگۆ!

واجە: کڵاوڕۆژنە.

واچە: هـ، وتە.

واخ: ز. ئاخ.

واخوا: د. بەسەرگرەوە (مستأنف).

واخوایی: بەسەرگرتنەوە (استئناف).

واختێن: د. واغێن.

وادار: کەسێکی شارەزای تێگەیشتوو لە کارێکدا. ئاگادار بەشتێک.

واداربوون: تێگەیشتن لە کارێک. ئاگاداربوون بەکارێک.

وادارکردن: ئاگادارکردنی یەکێک بەشتێک. تێگەیاندنی یەکێک لە کارێک.

وادارکردنەوە: د. بێدارکردنەوە.

واداشت: د. وادار.

وادە: گفت، (وادەدان) گفتدان.

وار: جێ هەوار (با). خوارەوە (هـ). پیتێکە بەدوای هێنێ ناوەوە دەنرێ دەیکا بەکارکەر: خوێندە(وار). پارەیەکە لەکاتی بردنەوەدا لەلایەن خاوەن قومارخانەوە وەردەگیرێ.

واران: باران.

وارانێ: باران بارین.

واردن: د. خواردن.

واردەی: هـ. خواردن.

وارن: خوری دەسکەنەکراو.

وارە: د. قەرز.

وارەس: د. قازی شەرع.

وارەسە: د.گۆشەگیر.

وارش: دیوارێکە کە بەچوار قەراغی شتێکدا کرابێ.

وارشت: بارشت.
وارشه: وارش.
وارگه: هەوارگه. بارگه.
وارۆ: د. بارۆکه.
وارۆک: هـ. بارۆکه.
واروو: د. شتی هەڵگەڕاوه.
واروون: د. واروو.
واره: خـوشک هـ. جـار: چەند (واره) هاتم بۆ لات، (وارەواره) جارەجاره. بەشێکه که بەقەول و بڕێ دانرابێ (قسط): دوو (واره)م بەسەرەوه ماوه له قەرزەکه.
وارەزا: هـ. خوشکەزا.
وارین: د. بارین.
واز: بەشـێکی کـەمـه له ئاوێکی زۆر کـه لێی جوێ بووبێـتـەوه و دوورگـه (جـزیرة) یەکی پچـووکی پەیداکـردبێ و له پاشـا چووبێـتـەوه سـەر ئاوەکەی تر. کـراوه: دەرگـاکـه وازه. واته لەسەر پشته.
وازنی: د. قیاسکردن.
وازتن: د. خواستن.
وازر: د. نێچیرێکه که له ڕاوچی ترسابێ و زوو بسڵەمێتەوه.
وازهانین: وازهێنان.
وازهاوردن: وازهێنان.
وازهێنان: دەستگرتن له شت .
وازی: یاری.
واژ: د. مەردوومی سەرلێشێواو.
واژاو: واز، ئاودانی شـەتڵی تووتن و هێندێ شـتێ تر دوو سێ ڕۆژ لەسەر یەک بۆ ئەوەی که بگیرسێ. قنگاو د.
واژکـردنەوه: ئارەزووکـردنەوەی مـەڕ بۆ بەران جـاری دووەم و سێیەم: مەڕەکان (واژیان کردۆتەوه).
واژ: هاژه. وته د. ناوی دێیەکه له شارباژێر.
واژەبەس: د. پیـتـێکه کـەووته بەیەکـەوه ببەسـتێ: من (و) تۆ، خانوو(ی) تۆ.
واستن: د. خواستن.
واسته: هـ. داواکردن.
واسه: وتەیەکه بۆ باوەڕکردن (تصدیق) بەیەکێک بەکاردێنرێ.
واشه: باڵندەیەکی ڕاوکەره له باز پچووکتره.
واشێره: بەری کاڕووش.
واغێن: جۆره یاریکردنێکه به گوێز.
وافوور: تلیاک.
وافوورکێشان: تلیاک کێش.
وافوورکێش: کێشانی وافوور وەک جگەره.
وافووره: وافوور.
واق: مەردوومی سەرسام، (واقبوون) سەرسامبوون.
واقاندن: واقەواقکردن.
واقپەڕین: د. واقبوون.
واق مرمان: سەرسوڕمان.
واقواق: د. مەلێکی کاکۆڵداره ماسی دەخوا.
واق ورمان: واقمرمان.
واق و ویق: د. واقەواق.
واقـه: دەنگێکه وەک دەنگی ڕێوی و چەقـەڵێک کـه زۆریان بۆ هاتبێ، (واقه واق) واقەی یەک لەدوای یەک.
واقەکەر: برێتییه له مەڕ و بزن: (واقەکەر) له ماڵمدا نییه.
واک: هێن.
واکفت: د. کەوتنەوەی نەخۆش.
واگل: د. ئەواگل.
واگۆ: د. دووباره وتنەوەی قسەیەک. تۆمارکردن (تسجیل).
واڵ: شتی کراوەی دەم پەل.
واڵا: پارچەی شـتی ڕەنگاوڕەنگه که منداڵان دەیکەن بەجلەبووکی منداڵانه، واڵ. واڵابێژ.
واڵابێـژ: هێـڵـەکـێکی زۆر وردی سـخـه هێندێ شـتی پێ دەبێژرێتەوه.
واڵاوێت: شتێکه که به واڵا بێژرێتەوه.
واڵه: د. وردەی شت. خوشک.
واڵەکێ: هـ. خوشکەڵێ.
واڵێ: هـ. خوشک.
والی نشین: ولایەت.
وام: قەرز.
واماگ: د. داماو.
وامدار: قەرزدار.
وامداری: قەرزداری.
وامی: هـ. بادام.
وان: پیـتـێکه بەهێندێ ناوەوه که نووسا چاودێری و پاسـەوانی دەگەیەنێ: باخه(وان)، ئاشه(وان)، گا(وان)، واته چاودێری باخ و ئاش و گا. پیتێکه بەهێندێ ناوەوه که نووسا پسپۆڕی (تخـصص) و ئامـادەیی یەکـێک دەگـەیەنێ لەو شـتـەدا کـه پیـــتـی (وان)ی پێـــوەیه: داره(وان)، شـــاخـــه(وان)، فڕۆکه(وان)، واته ئەو کەسه له هەڵگەڕان بەدار و شاخدا و، له فڕۆک لێخوڕیندا ئاماده و وەستایه. ئەوان. ناوی شارێکه له کوردستانی تورکیا.
وانای: هـ. خوێندن.
وانن: لاواندنی ئاژاڵ بۆ بەچکەی خۆی.

وانه: دەرس.
وانەک: وانێک.
وانێک: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (هێن).
وانێها: ز. ئەو دووانە.
واو: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.
واوێژ: د. کەسێکە کە شتێکی وتراو بڵێتەوە (مبلغ). وەرام.
واهەر: د. خوشک.
وای: وتەی داخ و خەفەت: (وای) لە دەست ڕۆژگار.
وایش: وای.
وو: بۆری درێژە: بوون، جوون، چوون.
وتاخ: د. وەتاخ.
وتار: گوفتار.
وتن: قسەکردن. گۆرانی وتن: دەنگ خۆشەکان خەریکی (وتن)ن.
وتنەوە: دووبارەکردنەوەی قسە. دەرسدان. فیسار کەس خەریکی (وتنەوە)یە واتە دەرس دەڵێتەوە.
وتوو: کوورەیەکی ئاسنینی ژێر لووسە بەداخی بەسەر کالادا دەهێنرێ بۆ دەق گرتنی.
وتووچی: کەسێکە کە کالا و وتوو بدا بەپارە.
وتوودان: وتووهێنان بەسەر کالادا.
وتووزبوونەوە: خلبوونەوە.
وتووکردن: وتوودان.
وتووکێشان: وتوودان.
وتو ویرە: د. واتو ورێ.
وتە: قسە. وشە. نووسێن (ه).
وتەڵە: مەردوومی زیتەڵە.
وتەووت: واتو ورێ. ورتەورت.
وتە و ویرە: د. وتو ویرە.
وجاخ: د. وەجاخ.
وجاخدار: د. وەجاخڕوون.
وچاخڕوون: د. وەچاخڕوون.
وجاخزادە: د. وەجاخزادە.
وجاخکوێر: د. وەجاخکوێر.
وچان: پشوو و حەسانەوەیەکی کەم.
وچاندان: پشوودان. مۆڵەتدان.
وچانگرتن: حەسانەوەیەکی کەم.
وۆخە: نۆحە.
ودم: بەهرەیەکە گۆیا هێندێ کەس هەیەتی بۆ چاککردنەوەی هێندێ دەرد و ئازار: فیسار کەس (ودم)یتی دەست بەکۆڵنجی هەر کەسێکدا بێنێ چاک دەبێتەوە.
ودمانە: شتێکە دەدرێ بەودمدار لە پاداشی ئەو ڕەنجەیدا کە دەیدا.
ودمدار: کەسێکە کەودمی بێ.
ورازین: د. دروونی شت.
ورتکە: وردکە. بریتییە لە منداڵی وردەڵە: فیسار کەس (ورتکە)ی زۆرە واتە منداڵی وردی زۆرە.
ورتە: لەبەر خۆوە قسەکردن.
ورتەورت: ورتەی یەک لەدوای یەک.
ورج: درندەیەکی تووکنی گەورەی کێوییە بەقەد جاشەکەرێک دەبێ دەست و پێی وەک دەست و پێی ئادەمی وایە.
ورچە کۆڵە: بەچکە ورچ.
ورد: شتێکە کە درشت نەبێ. بریتییە لە مەردوومی زیرەک.
وردبوون: پارچەپارچەبوونی شت زۆر بەپچوکی.
وردبوونەوە: بیرکردنەوە لە شتێک بۆ هاتنەوە بیر یا بۆ زانینی. تەماشاکردنی شتێک بەوردی و سەرنجدانی.
وردبین: بریتییە لە کەسێک کە لە هەموو کارێکدا ورد و زیرەک بێ.
وردبینی: زیرەکی بەرەنگێک کە لە هەموو شت ورد ببێتەوە.
وردکار: کۆڵەر (مدقق).
وردکاری: کۆڵەری (تدقیق).
وردکردن: پارچەپارچەکردنی شت بەپچووکی.
وردکردنەوە: گۆڕینەوەی پارە بەوردەتر لە خۆی. کۆڵینەوە و قسە کردن لە شتێک بۆ ئاشکرابوونی.
وردکە: وردە.
ورد و خاش: شتێکە کە بەتەواوی ورد بووبێ.
ورد و خان: د. ورد و خاش.
وردە: شتی ورد لە هەموو شت.
وردەئاهەنگ: بریتییە لە وردەبایەک کە لە هێندێ کەس دەبێتەوە.
وردەبابەت: شتی وردی ناوماڵ و دوکان. وردە ئاهەنگ.
وردەبزە: زەردەخەنە.
وردەبین: کۆڵەر (مدقق).
وردەتەریب: جۆرەتەریبێکی وردە لە کالا دەدرێ.
وردەدان: دانەوێڵەی ناوماڵ وەک برنج و گەنم و شتی تر.
وردەفرۆش: کەسێکە کە شت بە کەم کەم بفرۆشێ (عطار).
وردەکاری: وتن یا کردنی شتی جوانی وردی پەسند.
وردەکوت: زۆر کوتانی کۆڵۆش تا دەبێ بە کا.
وردەگلەیی: گلەیی کردن لە چەند شتێکی هیچ و پووچ.
وردەگیر: د. ڕەخنەگر.
وردەڵە: شتی وردی پچکۆلە. جومگەی ئەندام(د).

وردەمردە: د. وردەوالا.

وردەوالا: وردەبابەت.

وردەواڵە: وردەوالا.

وردەوبوون: د. وردبوونەوە.

وردەوواڵە: د. وردەواڵە.

وردەوردە: کەم کەم: باران (وردە وردە) دەبارێ.

وردی: بریتییە لە زیرەکی و تێبینی. پچووکی شت.

وردیکلانە: د. شتی وردیلانە.

وردیلانە: جوانکیلانە.

وردیلە: جوانکیلە.

وڕ: گیانداری کاس، (وڕبوون) کاس بوون، (وڕکردن) کاسکردن. زەمینی فشی سستەک. وتەی نابەجێ. فلان کەس (وڕ) لێ دەدا، واتە قسەی بێ سەر و پێ دەکا.

وڕاج: د. چەنەباز.

وڕاق: ژووری گەورەی بەرز.

وڕاوە: وڕێنە.

وڕک: پەلپ.

وڕکاوی: منداڵی خاوەن وڕک.

وڕکگرتن: پەلپگرتن.

وڕمان: سەرسوڕمان.

وڕوڕە: د. پیرێژنی چەنەباز.

وڕە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی فڕۆک. (وڕەووڕ) وڕەی یەک لەدوای یەک. لۆکەی کراوە. گەلەی بەراز. هوودڕە. گڕە. بەردەلانی سەخت.

وڕەو: گەلەی بەراز: تووشی (وڕەو)ێک بەراز بووم.

وڕێنکە: وەنەوز. وڕێنە.

وڕێنە: قسەکردن بەدەم بێ هۆشییەوە.

وڕی: کاسی.

وڕین: د. بڕین.

وڕینە: د. وڕێنە.

وڕژان: بڕژان.

وڕژاندن: وڕژانن.

وڕژانن: بڕژانن.

ورشە: بریسک و هووڕێکە لە هێندێ پارچەی ئاوریشمینەوە دێ، (ورشەورش) ورشەی یەک لەدوای یەک.

ورشەدار: شتێکە کە ورشەی بێ.

ورشەدان: بریقەدانەوەی هێندێ شت .

ورکە: نقە، (ورکە ورک) نقەنق. قسەیەکە لە دڵدا بێ و نەهاتبێتە سەرزمان.

ورگ: تووڕەکەیەکە لەناوسکی هێندێ گیاندارا پیسی تێ دەچێ.

ورگدان: هاتنی دیوار بەدیوی ناوەوە یا دەرەوەدا بەڕەنگێک کە ناوەکەی بۆش بێ.

ورگدڕاو: بریتییە لە مەردوومی زۆرخۆر.

ورگن: گیانداری ورگ زل.

ورگ نانەسەر: بریتییە لە خواردنی شتێک بەزۆری.

ورگنە: ورگن.

ورگهاتن: بریتییە لە زلبوونێ ورگ.

وورمان: ڕووخان و کەوتن.

ورمایی: نهۆرم.

ورمێ: د. ئیجازە و ڕوخسەت.

ورمێدار: د. کەسێکە کە ئیجازە و ڕوخسەتێکی پێ درابێ.

ورنگ: پشوو.

ورنگدان: پشوودان.

ورنگ گرتن: ورنگدان.

ورووڕە: وڵووڵە.

ورووژان: هاتنە دەرەوەی زەردەواڵە و هەنگ و مێرووڵە لە هێلانەکەیان و بەیەکداهاتنیان بەزۆری.

ورووژاندن: دارکردن بەکونی زەردەواڵەدا بۆ هاتنە دەردەویان بەزۆری. تووڕەکردنی گیاندار. دەستکاری نەخۆشی بەدەرمانی خراپ: ئەم حەبەم خوارد نەخۆشییەکەمی ورووژاند.

ورووژم هێنان: هورووژم هێنان.

ورووکان: کۆبوونەوەی چەند گیاندارێک و دابارینیان بەسەر شتێکدا.

ورە: تەوانایی و خۆڕاگرتن: فیسار کەس زۆر بە(ورە)یە. دەنگوباسێکە کە بلاوبووبێتەوە.

ورەبەردان: نەمانی هێزی خۆڕاگرتن لە ترساندا.

ورەچوون: ورەبەردان.

ورەوور: لەبەرخۆوە گۆرانی وتن. ورتە ورت.

ورەووردە: بیرکردنەوە لە شتێک.

وریا: گیانداری ئاگاداری زیت و زرنگ.

وریابوونەوە: بێداربوونەوە و ئاگاداری.

وریاکردنەوە: بێدارکردنەوە.

وریایی: زیتی و زرنگی.

وریایی کردن: ئاگاداری کردنی شتێک و پاراستنی.

ورینگ: د. ورنگ.

ورینگە: د. ورینگ.

ورێنگە: دەنگی نەرم و خۆش.

وریشن: د. شتی ورشەدار.

وریشە: ورشە.

وریکلانە: د. وردیلانە.

وزاق: تەکان و هەڵمەت.
وزاق بەستن: وزاقدان.
وزاقدان: تەکاندن و خۆهەڵدان.
وزای: د، خستن.
وزتن: د. ویستن.
وزم: د. دارە ڕەش.
وزە: تەوانایی: ئەم کارە لە (وزە)ی مندا نییە.
وزەنگی: د. ئاوزەنگی.
وزەنگی تەقین: د. ئاوزەنگی تەقین.
وزەنگی لیدان: د. ئاوزەنگی لیدان.
وزەوز: مزەمز و زرنگانەوەی قسە.
وزین: د. فرێدان.
وژاردن: بژاردن.
وژانن: د. هەڵبژاردن. برژاندن.
وژاو: هـ. واژاو.
وژنگ: د. ئەژنۆ.
وژە: جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی بای بەهێز، (وژەوژ) وژەی یەک لەدوای یەک. چوارداری لۆرەلەپ ئاسایین لە ڕانگەی بەرداش دەبەسترێن لەکاتی بردنی بۆ شوێنێکی دوور.
وژەک: هاژەک.
وس: وتەیەکە بەدیەن ناوە و وەکی تر کردارە، واتە بێ دەنگ بە.
وسا: د. وەستا.
وسبوون: بێ دەنگبوون.
وستا: وەستا.
وستان: وێستان.
وستن: د. خواستن.
وستە: د. خوازراو.
وسڵ: مـەلەکـردن لەناو ئاودا، یا ئاوکـردن بەخـۆدا بۆ لابردنی لەشپیسی.
وسمە: شتێکە وەک خەنە ژنان دەیگرنە سەریان بۆ ڕەشکردنەوەی موویان.
ووش: وتەیەکە کەری پێ ڕادەوەستێنرێ.
وشاردن: گوشین. بریتییە لە ڕاکردن لە ترساندا.
وشت: وتەیەکە سەگی پێ بەردەدرێتە شت.
وشتر: حوشتر.
وشتراو: قەڵبەزەی گەورەی ئاو .
وشترالووک: حوشترخوار.
وشترانە قولقولێ: حوشترانە قولقولێ.
وشترخوار: حوشترخوار.
وشتردانە: د. وشتردیانە.
وشتردیانە: د. جۆرە گەنمێکە.
وشتر قولێ: د. یارییەکی دوو دەستەییە، دەستەیەک بەپێوە دەوێستن و تۆزێ ملیاندا دەنەوێن، ئینجا ئەودەستەیەی کە سوار دەبن دەڵێن: (وشتر قولێ، وشترانە قولقولێ) و هەر یەکێک خۆی فرێ دەداتە سەرشانی یەکێک، هەر یەکێک لەو سـواربوونەدا ئەگـەر یەکـەم جـار نەیتـوانی بچێتـە کـۆڵی یەکێکەوە، دەستەی ئەو تێ دەکەوێ.
وشترقین: د. بریتییە لە مەردوومی ڕق ئەستوور.
وشتر گاپڵنگ: د. گیاندارێکی گەورەی قاچ و قول و مل درێژی سەر پچکۆلانەی پڵپڵی سمدارە وەک گاجووت، ملی درێژ ترە لە ملی حوشتر (زەرافە).
وشترگەروو: حوشتر گەروو.
وشترمر: د. حوشترمرغ.
وشترمرغ: حوشترمرغ.
وشترەوان: حوشترەوان.
وشتە: وشت.
وشتەی: وشتە.
وشر: دەیەکی هەموو شتێک.
وشک: شتێکە کە تەڕ نەبێ.
وشکامە: د. وشکەوەرد.
وشکان: کـاتێکە کـە زەوی تێـدا وشک بووبێتـەوە لەبەر دوورکەوتنەوەی باران. وشکایی.
وشکانی: وشکان.
وشکاوەس: ئاژاڵی قسر.
وشکاوی: گیاندارێکە کە لەناو ئاویش و وشکانیشدا بژی.
وشکایی: شوێنێکە کە تەڕ نەبێ .
وشکایی داهاتن: وشکبوونی ئاوی چەم و کانی و کارێز.
وشکایی هاتن: وشکایی داهاتن.
وشکبوون: زڕبوونی درەخت و سەوزایی و نەمانی تەڕییان. دامان و ماتبوون لە خەفەتدا یا لە تەریقیدا.
وشکبوونەوە: کزربوونەوەی شتی تەڕ. لاوازبوون لەبەر برسێتی یا نەخۆشی.
وشک ساڵ: وشکەساڵ.
وشک کردن: هەڵخستنی بامیە و تەماتە و گەڵێ شتی تر لەبەر هەتاو بۆ وشکبوون و هەڵگرتنی بۆ زستان.
وشک کردنەوە: نەهێشتنی تەڕی شت.
وشکە: دانەوێڵـەی وشکی ئاومـاڵ: نە تەڕە و نە(وشک)د لە ماڵمدانییە. ئاژاڵی بێ شیر. دەردێکە لە ئاژاڵی شیردار دەدا و وشکی دەکـا. خـواردەمـەنییـەکـە کـە چێشـت نەبێ. بەسـامـاڵێک دەوترێ کـە هەر باردی وشک بێ: فـلان کـەس هەر لە (وشکە) واتە پارەی وشک دە هەزار دینـاری لەپاش بەجێ ماوە.

وشکەبار: د. میوەی وشکەوەکراو لە هەموو جۆرێک کە بەبار دەبرێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.
وشکە برین: جۆرە برینێکی وشکە وەک بیرۆ هەر کاژ فرێ دەدا.
وشکەپلاو: د. پلاوێکە وەک هەموو پلاوێکی تر برنجەکەی لە ئاودا دەکولێ، ئینجا دەپالێورێ و دەکرێتەوە مەنجەڵ و لەسەر ئاگر دەم دەکێشێ بێ ئەوەی رۆنی قرچاوی بکرێ بەسەردا، دوای تێکردنی ئینجا پارچەیەک کەرە لەسەر برنجەکە دادەنرێ.
وشکەجاو: خواردنی نان بەوشکی و بەبێ پێخۆر.
وشکەجوو: وشکەجاو.
وشکەچن: وشکە کەڵەک.
وشکەدان: دانەوێڵەی وشک.
وشکەڕن: ڕنینەوەی سەوزایی بە وشکی.
وشکەڕۆ: ولاخی کەم ڕەوت.
وشکەرۆ: شوێنی دێمەرۆک.
وشکەساڵ: ساڵی کەم باران.
وشکە سۆفی: کەسێکە بەناوی لە خواترسانەوە لە هەموو شتێک سڵ بکا و خۆی بگێڕێتەوە.
وشکەسەرما: سەرمای بێ تەڕ و تووشی.
وشکەسی: ڕێگایەکە کە بەردڕێژ کرابێ.
وشکەڵ: لقی وشکی درەخت. پووچەڵی مێوژ و خورما و لەتکە و هێندێ شتی تر.
وشکەتن: وشکهەلاتنی گیاندار یا دارودرەخت.
وشکەلاتوو: گیاندار یا دارودرەختێک کە وشک هەڵگەڕابێ.
وشکەمز: دانی ئاژاڵە بەیەکێک بەنەمر بەبێ ئەوەی کە ڕۆنی لێ وەرگرێ. ڕاگرتنی ڕەنجبەر و جووتیار هەر بەمانگانە بەبێ بەرگ و خواردەمەنی.
وشکەوەبوو: شتێکە کە وشک هەڵگەڕابێ.
وشکەوەبوون: وشکبوونەوە.
وشکەوەرد: وەردێکە کە بەراونەبێ و ئەو تۆوەی کە پێوە دەکرێ هەر بەباران بێتە بەر.
وشکەوەکردن: وشککردنەوە.
وشک هەلاتن: وشک هەڵگەڕان.
وشک هەڵگەڕان: کزبوون و زەبوونبوونی گیاندار و سەوزایی و دارودرەخت.
وشکەیی: ڕووپامایی، (وشکەیی کردن) ڕووپامایی کردن.
وشکی: وشکایی.
وشوو: گوڵی گەنم و جۆ کە چنرابێتەوە .
وشووگەر: گوڵەوەچن.
وشە: وتە. جۆرە دەنگێکە لە وژە پچووکترە، (وشەوش) وشەی یەک لەدوای یەک.
وشیار: گیانداری وریا.
وشیاربوونەوە: بێداربوونەوە.
وشیارکردنەوە: بێدارکردنەوە.
وشیاری: زیرەکی و ئاگاداری.
وشێردن: وشاردن.
وشی: وشوو. هێشوو.
وشین: گوشین.
وفە: برینێکی پیسە لە چوار پەلی ولاخی بەرزە یا لەسەر پشتی مەڕ دێ.
ول: دڕکێکە وەک شیلان گوڵی زەرد و سوور دەگرێ. گوڵ (هـ). خونچە (د). وتەیەکە لەدوای وتەی شلەوە دێ: شل و ول، واتە شل و مل (د).
وڵ: کون (هـ). ون (ل).
ولات: ناوچەیەکە چەند شار و دێیەکی تێدابێ.
ولاخ: چوارپێی ماڵییە کە بزن و مەڕ نەبێ.
ولاخدار: کەسێکە کە خاوەنی ولاخی یەکسم بێ.
ولاخداری: گوزەرانکردن بەهۆی ولاخ ڕاگرتنەوە.
ولاشم: د. شتی نەپێچراوەی نەبەستراو.
ولاغ: ولاخ.
ولاغدار: ولاخدار.
ولاغداری: ولاخداری.
ولالە: شتێکی گردی تەختی تەنکە لە تەختە یا لە مقەبا دەکرێ بەدووخا بۆ ڕێکی تەشیلە.
ولام: د. وەلام.
ولاو: د. بلاو.
ولاوین: د. ماڵین.
ولایەت: د. ولات.
ولحێ: د. مەردوومی کەمتەرخەم.
وڵحێ: د. ولحێ.
وڵس: ئاژاڵ.
وڵسات: ماڵات لە ڕەشەولاخ و ولاخی یەکسم.
وڵک: هـ. گورچیلە.
وڵمە: د. گوڵمە.
وڵنگەواز: د. دەستەپاچە.
وڵۆ: د. گوڵبێنەی تەندوور.
وڵۆش: هـ. بروێش.
ولوڵە: هێلکەی نەرمی نەبەکام.
وڵە: گوڵمە گۆشت. ملە.
ولەرە: هـ. زبوانی ناوخەلە.
ولیرە: د. خلیرە.

ولیفەت: وەلیفەت.

ولیفەتانە: وەلیفەتانە.

ولێن: وردکردنی شتی وشک لە دەستدا. هەلگولۆفتن.

ون: شتی پەنهانی گوم. خوێن (هـ).

ونار: دارێکە کون دەکرێ و دەکرێ بەزبانەی ئێرەقاشاشەی جێی تووتنی پێ لێ دەدەن.

ونبوون: بێ سەر و شوێن و نادیاربوونی شت.

ونجر: پارچەی شتی دڕاو. ونجرونجر: شتی لەتوپەت.

ونی: هـ. خوێن.

ون: هـ. خوێن.

وە: پیتی بەستنەوە (عطف) دەکەوێتە ناوەندی دوو وتارەوە کە پەیوەستی زۆر لە ناوەندیاندا نەبێ. بە: (وە) چەند، واتە (بە) چەند.

وەتاخ: وەتاغ.

وەتاغ: دیواخان.

وەتراخ: دارێکە ئاسنێکی تیژ بە سەرێکیەوەیەتی، بازەوان دایدەچەقێنێ بۆ ئەوەی بازەکەی بەسەرەوە بنیشێتەوە.

وەتراخچی: کۆنەفرۆش.

وەتووزبوونەوە: خلبوونەوە.

وەتە: د. گون.

وەتەبا: د. قۆری گون.

وەتی: د. ئەوەتی.

وەج: با. قازانج، کەلک: فلان کەس بێ وەجە، واتە بێ کەلکە. نرخ.

وەجاخ: ئاگردان، بریتییە لە منداڵی نێرینەی مەردووم.

وەجاخدار: وەجاخروون.

وەجاخروون: کەسێکە کەدوای خۆی منداڵی نێرینەی باشی ببێ.

وەجاخزادە: منداڵی پیاوی گەورەی خانەدان.

وەجاخکوێر: بریتییە لە کەسێک کە دوای خۆی کوڕی نەبێ.

وەچ: خەلفی پچکۆلەی بن لقی درەخت و سەوزایی. نەوەی نەوەی مەردووم. سوود (د). بەهرە (د).

وەچە: نەوە .خەلفی درەخت و سەوزایی.

وەح: وەحە. پیتی سەرسوورمان (ز).

وەحە: وتەیەکە کە ڕەشەولاخی پێ لێ دەخوڕن (وەحەوەح) وەحەی یەک لەدوای یەک.

وەخت: بەخت: ڕەشە (وەخت)م. کات .

وەختار: د. کات: وەختارێک هاتیت.

وەختاووەخت: لە وەختێکەوە بۆ وەختێکی تری وەک خۆی: من وەختاووەخت نان دەخۆم، واتە نیوەڕۆ و نیوەڕۆ یا ئێوارە و ئێوارە.

وەختا وەخت: کات کات.

وەختە: بەختە.

وەر: خۆر (هـ). پیتێکە بەمەعنا خاوەن: جانە(وەر)، پەلە(وەر) واتە خاوەنی جان و پەل = پەڕ. تەختەیەکە لە قوتابخانەدا دەرسی لەسەر دەنووسرێ.

وەراز: ل. بەراز.

وەرام: پاسخ. مەبەست و مەرام.

وەرامدانەوە: پاسخ دانەوە.

وەرامین: د. نانی گەنم و جۆین.

وەراندن: خستنەخوارەوەی بەر و گەڵای درەخت. هەڵوەراندنی هەنار.

وەرانن: وەراندن.

وەرب: هـ. بەفر.

وەرپێچان: با. پێچانەوە.

وەرپێچک: با. نۆردوو.

وەرتە: شتی ناونجی نە زلی نە پچووک. وتەیەکە دەوترێ بەگای جووت لەکاتێکدا کە لە هێڵ لابدا بۆ لای زەوی نەکێلراو، بۆ ئەوەی کە ڕوو بکاتەوە کێلگەکە. تاکە قالیەکی پڕ بەژوور.

وەرجس: د. وەرزش.

وەرچەرخان: هەڵگەڕانەوە بەملا و بەولادا.

وەرچەرخین: وەرچەرخان.

وەرد: زەوی دووجار کێلراو. هەڵتەکاندنی کۆلۆشی ژێر پێی گاگێرە.

وەردبڕین: کێلانی زەوی جاری دووهەم.

وەرددانەوە: وەردبڕین.

وەردەک: ز. مراوی.

وەردە و یەخسیر: بریتییە لە هەست و نیستی ناوماڵ: (وەردە و یەخسیر) یان بردم .

وەردیان: پاسەوانی بەندیخانە.

وەردێنە: جۆرە دەردێکە تووشی چاوی منداڵ دەبێ. گیایەکی بەهارییە گەڵایەکی خڕی پانی هەیە گوڵێکی سپی دەگرێ تۆوەکەی وەک نیسکی هاڕراو سوورە، بەگەرم کراوی دەخرێتە ناو مەندیلێکی پاک و دەخرێتە سەرچاوی وەردێنەدار دەیتەقێنێ و چاکی دەکاتەوە.

وەڕاز: گۆخڵ (با). ناوی دێیەکە لە شارباژێڕ.

وەرز: وەڕس.

وەرزی کردن: یادکردنی شتێک.

وەڕس: جاڕس، (وەڕسبوون) جاڕسبوون، (وەڕسکردن) جاڕسکردن.

وەڕست: وەڕس.

وەڕووڕێک: د. منداڵی تازە پێ گرتوو.
وەڕوەڕە: ڕەوڕەوە.
وەڕوێرک: د. وەڕوێرکە.
وەڕوێرکە: وەڕووڕێک. دەست.
وەڕە: گەفەی سەگ، (وەڕەوەڕ) وەڕەی یەک لەدوای یەک.
وەڕەز: وەڕس.
وەڕین: گەفینی سەگ.
وەرز: زەمینێکە کە کێڵرابێ و تۆوی پێوەکرابێ. بریتییە لە ساڵێک: دوو (وەرز)ە ڕەنجبەرم، واتە دوو ساڵە. زەوییەکە کە کرابێ بەکاڵەک و ترۆزی دێم (ز).
وەرزش: وەرزشت.
وەرزشت: چەند جووڵاندنەوەیەکی تایبەتی پەلوپۆی ئەندامە بۆ لەشساغی دەکرێ.
وەرزشەوان: کەسێکە لە وەرزشدا شارەزا و کارامەبێ.
وەرزیار: وەرزێر.
وەرزیاری: وەرزێری.
وەرزێر: سەپان.
وەرزێری: سەپانی.
وەرزین: جووڵان.
وەرسووران: وەرچەرخان.
وەرشاو: جۆرە کانێکە وەک زیو سەماوەر و قاپ و قاچاخی لێ دروست دەکرێ .
وەرشەو: وەرشاو.
وەرکۆرپە: ه. بەرخی ساوا.
وەرکەمەر: بەرکەمەر. بەردێکی گەورەیە لە شاخ کە ژێری هەڵوڵ بێ و لە کاتی باراندا شوان و ڕێبوار دەچنە ژێری.
وەرکەفتن: وەرکەوتن.
وەرکەوتن: پاڵکەوتن.
وەرگ: ه. گورگ.
وەرگان: ه. گەلەگورگ.
وەرگر: کەسێکە شت وەربگرێ لە مەردووم.
وەرگرتن: گرتنی شتێک بەدەست لە یەکێک. باوەڕکردن بەشتێک و جێگیربوونی لە دڵدا: دەرسەکەت باش (وەرگرە).
وەرگەڕان: وەرچەرخان. لادان لە بیروباوەڕێک.
وەرگەشەوێ: گورگێکە کە بەشەو بگەڕێ بۆ مووشە.
وەرگێڕ: وەرد. کەسێکە کە نووسراوێک لە زمانێکەوە بباتە سەر زمانێکی تر (مترجم).
وەرگێڕان: هەڵگێڕانەوەی شت. تەرجەمەکردن.
وەرگێڕانەوە: د. هەڵگێڕانەوە.
وەرگێڕکە: وەڕوێرکە.

وەرگێڕ و داگێڕکردن: خوار و ژوورکردن بەشتێک.
وەرم: ه. خەو.
وەروە: ه. بەفر.
وەروەر: جۆرە دەمانچەیەکە.
وەرودرە: بەفرماڵ.
وەروەماڵ: ه. بەفرماڵ.
وەروەوە: ه. بەربەرۆک.
وەرە: ه. بەرخ.
وەرەتاو: ه. خۆرەتاو.
وەرەستا: د. وەقف.
وەرەق: د. سیخوار.
وەرەم: دەردەباریکە.
وەرەمدار: کەسێکە تووشی دەردەباریکە بووبێ.
وەرهەم: د. ئاوسان. وەرەم.
وەرێس: ه. گوریس.
وەریسک: با. گوریس.
وەریس: ز. گوریس.
وەرین: کەوتنە خوارەوەی گەڵا و بەری درەخت و هێندێ شتی تر. کۆن (ه).
وەز: ه. بەر.
وەزن: وەزند (د)، بارووتدانێکە کە ڕاوچی لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ ڕاو.
وەزند: زیان.
وەزنە: سەنگی شت کێشان. ناوی دێیەکە لە لاجانی موکریان.
وەزە: د. پێوەدانی مار و دووپشک. ئازار.
وەزەرای: ه. دابەزین.
وەزەمەژگلێ: ه. گیایەکە گەڵاکەی لە گەڵا بێ دەچێ، شیرینە و دەخورێ.
وەزەند: وەزند.
وەزنی: د. وەزند.
وەزەوان: ه. کەسێکە کە باش بەدار گوێزدا هەڵبگەڕێ.
وەزەوای: ه. جۆرە کولێرەیەکە هەویرەکەی لەگەڵ گوێزی کوتراودا تێک هەڵدەشێلرێ.
وەزی: ه. گوێز.
وەزیر: کار هەڵسووڕێنەری دەوڵەت دوای پاشا و سەرەک کۆمار.
وەزیری: ز. جۆرە هەنجیرێکی دەنک گەورەی زۆر خۆشە.
وەژارە: د. پەژارە.
وەزین: بەزین و کۆڵدان. دابەزین.
وەژەب: د. بست.
وەژینگ: وەنەوز.

وەس: د. بەس.
وەسا: بەم ڕەنگە (با). وەستا .
وەسان: وەستان، هەروەها (ز).
وەسایە: با. وایە.
وەستا: کەسێکە کە لە کارێکدا پسپۆڕ بێ.
وەستان: ڕاوەستان بەپێوە. لە جووڵەکەوتن: سەعاتەکە یا ئاوەکە (وەستا). ماندووبوون: ئەوەندەم کار کردووە (وەستا)وم.
وەسـتـاندن: بەپێـوە ڕاگـرتنی شت. لە جـووڵەخـسـتنی شت. ماندووکردنی شت.
وەستانەوە: گیرسانەوەی خوێن و دڵۆپەی بنمیچ.
وەستایی: پسپۆڕی لە کارێکدا.
وەستیان: با. وەستان. ماندوێتی.
وەسە: واتا، وەکو.
وەش: وتەیەکە کەری پێ ڕادەوستێنری. خۆش (ه).
وەشان: بڵاوکردنەوە.
وەشاندن: چاندنی دانەوێڵە و تۆ بەزەوییەوە. لێدان: فـیـسار کـەس دەست (دەوەشـێنێ). درێغکردن لە دانی شت بەمەردووم: فـیـسار کەس هیچ (ناوەشێنێ) لە کەس، واتە درێغی لێ ناکات.
وەشانن: وەشاندن.
وەشانەوە: وەشینەوە.
وەشت: دەسـتـەڕاسـتـێکی ڕۆژهەڵاتی (جنوبی شـرقی): بای (وەشت) بەبارشتە .
وەشڵە: ه. خۆزگە. جوانکەڵە.
وەشە: وەشێکە کە بەکەر دەوترێ.
وەشـیـاگ: د. زەمـینێکە کـە تۆوی پێـوەکـرابێ. تۆوێکە کـە وەشێنرابێ.
وەشیان: د. بڵاوبوونەوە.
وەشیانەوە: وەشینەوە.
وەشـێن: کـەسـێکە کـە دەست بوەشـێنێ: فـلان کـەس دەست (وەشێنە).
وەشینەوە: گونجانی کارێک لە یەکێک و لە بارابوونی: ئەم کارە لە تۆ (دەوەشێتەوە) یا (ناوەشێتەوە).
وەفر: بەفر.
وەفرە: بافرە.
وەقرە: دان بەخۆداگرتن.
وەقە: حۆقە.
وەقی: ز. وەقە.
وەک: پێتی تشبیه کردنی شتێک بەشتێکی تر: ئەریان (وەک) شێر وایە.

وەکار: بەکار.
وەکشین: کشانەوە: وەکشێ واتە بکشێرەوە.
وەکو: وەک.
وەکی: وەکو.
وەگلۆزبوون: گلۆربوونەوە. تلخواردن .
وەل: وێڵی سەرگەردان.
وەڵام: وەرام.
وەڵامدانەوە: وەرامدانەوە.
وەڵامە: شرح و تەفسیر.
وەلبوون: سەرگەردان بوون.
وەڵک: ه. گەڵا.
وەڵکرد: هەڵکردن و گوزەران.
وەلە: وتەیەکە کە گوێرەکەی پێ بانگ دەکرێ.
وەلەک: داردەستێکە کە سەرێکی دووپەل بێ.
وەلێ: بەڵام. هەروا (ز).
وەڵیـفـەت: پاداشـتێکە دەدرێ بەودمـدار لەپاش چاکـبـوونەوەی نەخۆش.
وەڵیفەتانە: وەڵیفەت.
وەم: وتەیەکە وەک (وام): (وەم)زانی واتە وامزانی.
وەن: داری قەزوان (ه). بەند: بازی (وەن) واتە بازی بەند.
وەناق: دەردێکە لە قـــورگـــدا پەیا دەبێ و زۆرتر مـــەردووم دەخنکێنێ.
وەنجەنە: ه. بەندەخوێن.
وەند: ئازار و ئێش. لاوچاک: کوڕی (وەند).
وەندەن: ه. پردێکە لە لقی مێو دروست دەکرێ بەسەر ڕووبار یا بەسەر دۆڵێکدا.
وەنگ: د. جومگە.
وەنگە: د. بەندە.
وەنەتەق: درەخـتـێکی پچکۆلەیە بەرێک دەگـرێ وەک قـەزوان، بەڵام ئەم وردتر و ناسکترە.
وەنەمشک: وەنەتەق.
وەنەوز: خەوەنوچکێ.
وەنەوزبردنەوە: نووچبردن بەدەم خەوەوە.
وەنەوزدان: وەنەوزبردنەوە.
وەنەوزە: وەنەوز.
وەنەوزەکوتێ: وەنەوزدان.
وەنەوش: قەزوان (ل). وەنەوشە.
وەنەوشە: گـیـایەکی بەهاری بۆن خۆشە گـوڵێکی مۆری بۆنخۆش دەگرێ.
وەنەوشەیی: شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی وەنەوشە وابێ.

وەنەوشیلە: بنەوشیلە.
وەنەوڵە: بەندۆکە.
وەنی: هـ. قەزوان.
وەو: بەو.
وەوڵە: د. بووکی منداڵانە.
وەڵەبارانێ: د. بووکە بەبارانێ.
وەوی: ز. بووک. وەوڵە.
وەویلە: د. وەوڵە.
وەویلەبارانێ: وەوڵە بارانێ.
وەهـ: وتەی سەرسوڕمان.
وەها: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ پێ نیشاندانی چۆنێتی کارێک بەیەکێک: ئەم کارە (وەها) بکە.
وەهار: د. بەهار.
وەهـ وەهـ: بەهـ بەهـ.
وەی: زیان: فیسار کەس بێ (وە)یە، وتەیەکە لەکاتی ئازار یا ترسدا دەوترێ. ئیسمی ئیشارەی نزیکە: (وەی) جۆر پێم ئامان واتە (وام) لێ هات. پیتی سەرسوڕمان (ز).
وەیخرە: د. بریتییە لە مەردوومی شەڕەنگێز.
وەیش: وتەیەکە لەکاتی ئازارێکدا دەوترێ.
وەیشومە: بەفر و باران و سەرما و تۆف.
وەیلان: د. ئاوارەی سەرگەردان.
وەیووڵە جنانێ: هـ. گێژەڵووکە.
وەیووڵێ: وەوڵە.
وەیوە: هـ. تازەبووک.
وەیەنە: هـ. قووڵێنە.
وەیەوگەڕێن: د. خێرێکە کە بکرێ بۆ گێڕانەوەی بەڵایەک.
وێت: خۆت (هـ). وتەیەکە هەمیشە لە دوای وتەی شێتەوە دێ: شێت و (وێت).
وێتان: هـ. خۆتان.
وێجا: ئینجا.
وێچن: هـ. بێژنگ.
وێچوون: ڕێ تێچوون: ئەم قسەیە وێ دەچێ وابێ، واتە ڕێی تێ دەچێ.
وێدان: پێدان.
وێر: پارەدان بەشتێک بۆ کەسێک بەپیاوەتی، (وێرکردن) وێر.
وێرا: لەگەڵ.
وێران: شوێنی ڕووخاوی کاول. پڕکێشی و نەترسان: فیسار کەس (دەوێرێ) یا نا(وێرێ). پەرێشـان: چاوم (وێرانە). سـیل (ز).
وێرانبوون: کاوولبوون.
وێرانکردن: کاولکردنی شوێنێک.
وێرانە: کەلاوە.
وێرانی: کاولی و ڕووخاوی شوێنێک.
وێرت: د. لەوەڕگا.
وێرد: د. کێرد.
وێردن: د. تێپەڕین.
وێردە: د. ڕابوردوو.
وێڕ: بوار (هـ). مەعنا و مەبەست (د).
وێڕا: لەگەڵ.
وێرغە: یەرغە، (وێرغەکردن) یەرغەکردن.
وێرەگە: هـ. ئێوارە.
وێرێ: با. ئەوێ.
وێرێنگە: گیایەکی پنجداری کوێستانییە بۆ زستانی ئاژاڵ دەکرێ بەتفاق.
وێرین: ز پڕکێشی و نەترسان.
وێزە: گیان و جەستە: بەدار هاتە (وێزە)ی واتە شلکوتی مەرگی کرد.
وێژ: د. بێژ.
وێژامبەر: د. وێژانبەر.
وێژان: وتن.
وێژانبـەر: دارێکی چەمـاوەیە بە(وێژە) دەبەسـترێ بەناوەڕاستی نیلی جووتەوە.
وێژاندن: قسەکردن.
وێژنگ: وەنەوز: فلان کەس وێژنگ دەدا.
وێژنە: د. بوێژ. گۆیندە.
وێژە: زویلی چەرمی خۆشکراوە. (وێژانبـەر)ی پێ دەبەسـترێ بەنیلەوە. ئەدەبی خوێندەواری (د). شیعر (د). قسە (د).
وێژەر: د. ئەدیب. شاعیر. قسەکەر.
وێژەن: هـ. بنێشت.
وێژەوان: وێژەر.
وێژیاگ: د. بێژراو.
وێژەیی: ئەدەبی.
وێساک: د. وێستاو.
وێسان: وەستان.
وێساندن: وەستاندن.
وێسانن: وێستاندن.
وێساو: وێستاو.
وێستان: ڕاوەستان بەپێوە. لە جووڵە کەوتن.
وێستاندن: بەپێوە ڕاگرتنی شتێک. لە کارخستنی شتێک.
وێستانن: وێستاندن.

ویستانەوە: وەستانەوە.
ویستاو: شتێکە بەپێوەبێ. شتێکە نەجوولێ.
ویستن: پێویستی یەکێک بەشتێک.
ویسە: د. ئیست.
ویش: هـ. خوێ.
ویشان: هـ. خۆیان.
ویکچوون: بوونی دوو شت بەجۆرێک کە لەیەک بچن.
ویکردنەوە: تۆڵەکردنەوە.
ویکرا: تێکرا.
ویککەوتن: یەککەوتن.
ویکەوتن: لێکەوتنی دوو شت. ویککەوتن. سوراخکردن و پۆستکەندە کردنی شت.
ویل: ڕەوشت و خووی باش: فیسار کەس بە(ویل)ە. گیانداری ئاوارە. شەرم (ل).
ویلبوون: ئاوارەبوون. ونبوون.
ویلکردن: ئاوارەکردن. ونکردن.
ویلنگە: گیایەکی کوێستانییە لە لۆ دەچێ، گزرە دەکرێ بۆ ئاژاڵ.
ویلی: ئاوارەیی.
ویم: هـ. خۆم.
ویمان: هـ. خۆمان.
وینا: د. بیرکەوتنەوە.
ویناکردن: د. سۆراخکردن. کەوتنەوەبیر.
وینایی: د. بینایی.
وینجە: سێپەڕە.
ویندەرێ: ئەوێ.
وینە: مانەند: لە (وینە)ی ئەمەم نەدیوە. فۆتۆغراف. قوولینە (د). دێیەکە لە ناوچەی پێنجوین.
وینەکار: وینەگر.
وینەکاری: خەریکبوون بەگرتنی وینەوە.
وینەکردن: بیرکەوتنەوەی دیمەنێک بەنەناسراوی، یەکێک دەبینیت و نایناسیتەوە، بەڵام شێوەی دەکەیت، ئەویش دەڵێ: نامناسیت؟ تۆش دەڵێیت: نەوەڵڵا بەڵام وینەت دەکەم، واتە وینەیەکی وەک تۆم دیوە بەڵام ناچمەوە سەری.
وینەگر: کەسێکە کە بەماکینە وینەی شت بگرێ.
وینەگرتن: گرتنی وینەی شت بەماکینە.
وینەگری: فێربوونی وینەگرتن و کردنی بەپیشە.
وینەگەر: وینەگر.
ویوول: دارێکی باڵا بەرزە وەک چنار گەڵای وەک مازوو دار وایە بەڵام ئەم ڕەشتر و پچووکترە، جەوت و بەڕووی تاڵ دەگرێ.
وی: وەی. بی (هـ).
ویی: هـ. خۆی.
ویاردە: هـ. ڕابوردوو.
ویان: هـ. خۆیان.
ویتەویت: دەنگی جووجەڵەی مریشک و بەچکە کەو.
ویر: د. بیر و یاد. بیری ئاو.
ویرە: دەنگی گریانی نەرمی منداڵ، (ویرەویر) ویرەی یەک لەدوای یەک. دەنگی هاویشتنی بەرد و دار.
ویرەویرکردن: گیرەگیرکردن و زۆر لە شت ڕۆین.
ویرە: د. بیرکردنەوە.
ویزویزە: جۆرە قالۆنچەیەکی سەوزی باڵدارە لە فرِیندا دەویزێنێ.
ویزە: دەنگێکە وەک دەنگی باڵی ویزویزە، (ویزەویز) ویزەی یەک لەدوای یەک.
ویس: هـ. بیست.
ویقاندن: واقەکردن.
ویقە: واقە.
ویکۆڵ: هـ. بیکۆڵ.
وینا: د. بینا. کونێکە کە تەماشای شتی پێ بکرێ بۆ بینین.
وینایی: د. بینایی.

ه

ه: پیتێکە دەبێ بەسەر بۆ پیتەکەی پێش خۆی: و(ه)ر(ه) د(ه)ر(ه)و(ه). (ضمیری مفرد)ی (مذکر) و (مؤنث)ی غائبە: نەریمان زیرەک(ه) و نەختەر زرنگ (ه).

ها: هانێ. وتەی بێدارکردنەوە: (ها) هەرگیز قسە بەگەورەتر لە خۆت نەڵێیت. ئاها. بەڵێ (ز) وا: (ها) لە ماڵەوە، واتە وا لە ماڵەوە.

هاپۆ: ز. مام.

هات: بەخت و نگینی باش: فیسار کەس (هات)ێتی. بەدوای هێندێ وتەوە دەنرێ و دەبێ بەنیشانەی (جمع): دێ (هات) میوە (هات).

هاتن: جوڵانی گیاندار لە جێی خۆیەوە بۆ لای تۆ. هەرەسهێنان: دیوارەکە (هاتووە).

هاتن بەخۆدا: بووژانەوە و قەڵەوبوونی گیاندارێک: فیسار کەس هاتووە بەخۆیدا، واتە جاران لەڕ و لاوازبوو ئێستا قەڵەو و جوان بووە.

هاتن و چوون: هاتوچۆ.

هاتنەبا: ئارەزووکردنی سەگ و بەراز و پشیلەی مێ بۆ نێرەیان.

هاتنەبەر: گەورەبوونی سەوزایی و بەرزەدرەخت بەجۆرێ کە بەر بگرێ.

هاتنەبەربار: بریتییە لە ڕامبوون و سەر نەرمبوونی یەکێک بۆ کارێک.

هاتنەخوار: دابەزین.

هاتنەدەر: دەرچوون لە ژوورەوە.

هاتنەدێ: پەیدابوونی شتێک کە چاوەڕوان کرابێ لەپێش بوونیدا.

هاتنەڕێ: دووچاربوون بەشتێک: فیسار کەس ئەوەی لێی دەترسا (هاتەڕێی).

هاتنەسۆ: د. هاتنەسوێ.

هاتنەسوێ: پەیدابوونی ئازار لە شوێنێک .

هاتنەسەر: چوونی یەکێک بۆ سەر یەکێک بەهەڕەشەوە یا بەگلەییەوە.

هاتنەسەرچۆک: بەچۆکداهاتن و لەسەر ئەژنۆ دانیشتن.

هاتنەسەرڕا: هاتنە بەربار.

هاتنەسەرشەک: لەسەر چۆک دانیشتن و قوتبوونەوە. وێستانی میچی قاپێن لەسەر شان.

هاتنە سەر کلک: وەستانی مار لەسەر کلک.

هاتنە کڕین: بوونی شت بەجۆرێک کە بکڕێ: فلان شت لە کڕین نایەت، واتە ئەمەندە گرانە ناکڕدرێ، یا فیسارە شت هاتۆتە کڕین.

هاتنەلا: هاتنی یەکێک بۆ لات.

هاتنەوە: هاتنی شتێک بۆ شوێنێک جاری دووەم.

هاتنەوەیەک: پچووکبوونەوەی دەمی شت: برینەکە دەمی هاتۆتەوە یەک.

هاتنەهەی: لەخۆگۆڕان بەهۆی شتێکەوە: بەم ئۆتۆمۆبێلەوە فیسار کەس چاک (هاتووەتەهەی).

هاتوچۆ: ئامشۆکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک چەند جارێک.

هات و نەهات: شتی دوو بەختییە کە ئاکامی دیار نەبێ: سەفەرەکەم ڕێی (هات و نەهات)ە.

هاتە: د. هات و ئامەد.

هاتهات: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتێکدا کە شتێک باسی هاتنی لەئاوادا بێ و کەچی هەر نەیەت.

هاتەهات: هات هات.

هاتی: ساڵی خۆشی بەپیت و برشت.

هاج: وتەیەکە هەمیشە لەدوای وتەی (هار)ەوە دێ: هار و (هاج).

هاج و واج: د. مەردوومی مات و سەرگەردان.

هار: گیاندارێکە تووشی دەردی هاری بووبێ. (هاربوون) دووچاربوون بەدەردی هاری. بریتییە لە گیانداری بزێو. بەرداش.

هاراسیاو: هـ. بەرداش.

هارت و هووت: د. هاش و هووش.

هارد: هـ. ئارد.

هاڕاندن: زۆر بەتوندی هاوارکردن.

هاڕاوە: هاڕڕاوە.

هاڕڕاو: شتێکە کە هاڕڕابێ .

هاڕڕاوە: شتێکە کە زۆر ورد هاڕرابێتەوە بەدەسکەوان.

هاڕە: دەنگێکە وەک دەنگی ئاوێکی زۆر کە هەڵبڕژێتە خوارەوە، (هاڕەهاڕ) هاڕەی یەک لەدوای یەک.

هاڕەکردن: ڕووخانی شوێنێکی بەرز بەجۆرێ کە هاڕەی لێوەبێ.

هاڕیاگ: د. هاڕڕاو.

هاڕیان: د. وردبوون.

هاڕیاو: د. هاڕڕاو.

هاڕیە: هاڕییە.

هاڕین: وردکردنی دانەوێڵە بە بەرداش یا بەدەستاڕ.

هاڕینەوە: وردکردنی شت بەدەسکەوان.

هاڕییە: جۆرە کرمێکی بۆرکەڵەی کورتەڵەیە شینایی دەخوا.

هاروو: پووک (هـ). خەیار.

هارووژان: ورووژان.

هار و هاج: گیانداری زۆر چەتوون.

هاروێ: خەیار.

هارە: د. بەرداش. دەستاڕ.

هارەگل: دەستاڕ. (هـ) بەردێکی پانی گەورەیە دانەوێڵەی لەسەر دادەنرێ و بەبەردێکی تر وردەکرێ.

هاریکار: یاریدەدەر.

هاریکاریی: با. یارمەتیدان.

هاری: دەردێکی پەرەسێنە دەگا بەسەگ و گورگ و ئەو گیاندارەی کە ئەمان بیگەزن. چەوتوونی. یاریدەدان (ز).

هاز: کاردوو.

هازەپەلک: جۆرە کاردوویەکە گەڵاکانی پەل پەلە.

هازەخووگانە: جۆرە کاردوویەکە ناخورێ.

هازەڕەشە: جۆرە کاردوویەکی گەڵا پانە نێرکێکی بەرزی ڕەشی هەیە. گەڵاکەی دەکرێ بەیاپراخ.

هازەکوڕانە: جۆرە کازدوویەکە گەڵای وەک گەڵای قامیش وایە.

هازەکورە: هازەکوڕانە.

هازەمارانە: جۆرە کاردوویەکی گەڵا لوولە.

هاژ: د. مەردومی سەرسامی واق وڕماو.

هاژۆتن: با. لێخوڕین.

هاژ و واژ: د. هاج و واج.

هاژە: دەنگێکە وەک دەنگی ڕەشەبا و درەختی گەورە کە با پیشەکێنێ، (هاژەهاژ) هاژەی یەک لەدوای یەک.

هاژەک: صاروخ.

هاژەکردن: دەنگی هاژەی شتێک کە لە بەرزییەکەوە بکەوێتە خوارەوە.

هاژیان: هاژین.

هاژێڵە: د. کووژەکە.

هاژین: هەناسەبڕکێ لەبەر ماندوویەتی.

هاس: هاز.

هاسان: ئاسان.

هاشرمە: شتێکی پانە لەدوای کورتان و زینەوە دەکەوێتە سەر کولۆکی وڵاخ.

هاشوهووش: درۆ و دەلەسەی قەبەی بێ جێ.

هاشە: خۆهەڵکێشان بەقاڵەی دەم .

هاشەکەر: کەسێکە کە هاشەوهووشەی زۆربێ.

هاشەوهووشە: هاشوهووش.

هافڕ: با. ئاخوڕ.

هاڤاڵ: ز. هاوەڵ.

هاڤل: ز. بەروبوومی کردەی ئادەمی.

هاڤە: ز. ئەوێ.

هاڤێتن: با. هاویشتن.

هاڤیل: ز. شتی بێ کەڵک.

هاڤین: با. هاویشتن.

هاکا: وتەیەکە نزیکی بوونی شتێک دەگەیەنێ: (هاکا) ڕۆژبووەوە.

هاکۆ: قسەکردن یا کارکردن لەبەر بوورە. تۆ هەر لە(هاکۆ)قسە دەکەیت.

هاڵ: ئاڵێکە کە وەک شەوە تووشی زەیستان دەبێ. شوێنێکی سەختی بەرزە کە لەبەر بەرزی سەری تێدا گێژ بخوا (د). ڕێگی بیابان (د). ئەشکەوت (د). ڕەنگی ئاڵ. حاڵ.

هالا: د. هەواڵ. هانا و پەنابردن.

هالان: تێکئالان.

هالاو: هەڵمی گەرمی.

هاڵبردنەوە: ئاڵبردنەوە.

هاڵبوونەوە: ئاڵبوونەوە.

هاڵۆ: د. کیتەڵەی دووقولف.

هاڵوبلاڵووک: د. هاڵەبەلاڵووک.

هاڵوبەلاڵووک: هاڵوبلاڵووک.

هاڵوێنکردن: خۆشەکردنی هێزەی ڕۆن بەدۆشاوی توو.

هاڵە: بەرسیلە. برینێکی پیسی سپی واشە دەگا بەزێی وڵاخی بەرزە ئاتەشەک. ناوی دێیەکە لە ناوچەی بازیان.

هاڵەبەلاڵووک: دارێکە وەک هەڵووژە زەردە، بەرێکی سووری مزردەگرێ.

هالەپرووز: د. گۆشتێکە کە هەڵپرووزابێ و ناوەکەی هێشتا کاڵ بێ.
هالمژێر: د. هالەژێل.
هالمژێل: د. ژێل.
هالەکۆک: هەڵەکۆک.
هالەوبوون: د. ئالبوونەوەی دان. هێمن بوونەوەی گیاندار.
هالەوکردن: د. هێدی کردنەوە و تەسکینی دان.
هالی: د. خالی.
هام: وتەیەکە بۆ هاودەمی و هاوکاری دوو گیاندار بەکاردێنرێ: (هام)سەر، (هام)ڕاز، (هام)ڕێ.
هامار: د. زەوی تەخت.
هاماری: د. تەختایی.
هاماو: د. هەموو.
هامڕا: ه. هاوڕێ.
هامڕاز: هاوڕاز.
هامڕازی: هاوڕازی.
هامڕایی: د. هاوڕێیی.
هامزاد: بەدوو کەس دەوترێ کە لە یەک دەمدا لەدایک بووبن.
هامزار: هاودەم.
هامسا: هاوسێ.
هامسایی: دراوسێتی.
هامسەر: هاوسەر.
هامشۆ: هاتوچۆ بۆ لای یەکێک.
هامشیر: هاوشیر.
هامشیرە: هاوشیرە.
هامن: ه. هاوین.
هاموشۆ: هامشۆ.
هامێز: باوەش.
هانا: شالاو و تکا. هیوا و نومێد.
هانابردن: پەنابردن.
هاندان: پرکردنی یەکێک لە یەکێک و تیژکردنی بۆ زیان پێ گەیاندنی.
هانکەهانک: هەنکەهەنک.
هانە: ه. کانی.
هانەدرۆزنە: کوێرەکانی.
هانەهانەدان: هاندان.
هانێ: وتەیەکە بەدیمەن ناو و، وەکی تر (فعلی امر)ە: (هانێ) واتە بگرە.
هانین: هێنانی شتێک بۆ لات.
هانینەوە: هێنانەوەی شتێک بۆ شوێنێک جاری دووەم. بردنەوەی جومگەی لە خرتکەچوو بۆ جێی خۆی.
هاو: د. هام.
هاوار: بانگی بەرز لە تەنگانەدا بۆ فریاکەوتن، (هاوارهاوار) هاواری یەک لەدوای یەک. ناوی دێیەکە لە ناوچەی هەڵەبجە.
هاواربردنەبەر: هاواربردن بۆ یەکێک کە فریات کەوێ.
هاوارکردن: بانگکردن بە بەرزی لەکاتی تەنگوچەڵەمەدا.
هاوارکەر: کەسێکە کە هاوار بکا.
هاوار و بانگ: هاوارکردنی یەکێک بۆ ئەوەی خەڵق بەدەنگییەوە بچن.
هاوان: دەفرێکە شتی تێدا دەکوترێ.
هاوانتە: ئاوانتە.
هاوانتەچی: ئاوانتەچی.
هاواڵ: هاوڕێ.
هاوبەش: شەریک.
هاوبەشی: شەراکەت.
هاوپا: د. هاوپایە.
هاوپشت: ئاوپشت.
هاوپشتە: هاوپشت.
هاوپەیمان: چەند کەسێکن کە سوێندخۆری یەک بن.
هاوتا: دوو شتن کە وەک یەک وابن.
هاوتەحر: دوو شتن کە لە دیمەندا وەک یەک وابن.
هاوتەک: هاوڕێ.
هاوتەمەن: دوو کەسن کە لە عومرێکدا بن.
هاوتیرە: بەدوو کەس دەوترێ کە لەیەک تیرەبن.
هاوجفت: د. هاوتا.
هاوجۆر: هاوتەحر.
هاوجووت: هاوتا.
هاوچاخ: کەسێکە کە لە ژیانی تۆدا ئەو ژیابێ.
هاوچڕە: د. کەسێکە کە لە گۆرانی وتندا بۆت بسێنێتەوە.
هاوچەرخ: هاوچاخ.
هاوچەشن: هاوتەحر.
هاوخۆراک: کەسێکە هەمیشە لەگەڵتابێ لە نانخواردندا.
هاوخەف: د. هاوسەر.
هاودەرد: دوو کەسن کە بەدەردێک گرفتاربن.
هاودەم: دوو کەسن کە هەمیشە پێکەوە بن و هاوڕازی یەک بن.
هاودەمی: هاوڕێیی.
هاودەنگ: ئاودەنگ.
هاودەنگی: ئاودەنگی.
هاوڕاز: کەسێکە کە نهێنی دڵی خۆی لەلات بکاتەوە.
هاوروو: د. ئابروو.

هاوڕێ: کەسێکە کە لە ڕێڕەودا لەگەڵتدا بێ.

هاوڕێگە: د. هاوڕێ.

هاوڕێیەتی: بوونی دوو کەس بەهاوڕێ.

هاوڕێیی: هاوڕێیەتی.

هاوزا: د. مامزاد.

هاوزاوا: د. ئاوەڵزاوا.

هاوزبان: هاوزمان.

هاوزکە: د. منداڵی دووانە.

هاوزگ: هاوزکە.

هاوزگە: هاوزکە.

هاوزمان: کەسێکە بەزمانی تۆ قسە بکات.

هاوزە: هاوتەمەن.

هاوزێ: هاوزید (د). هاوتەمەن.

هاوزێد: د. هاونیشتمان.

هاوسا: ل. دراوسێ.

هاوساڵ: بەدوو کەس دەوترێ کە لە ساڵێکدا بووبن.

هاوسایی: دراوسێتی.

هاوسەر: ژن و مێرد.

هاوسەر کەمی: بوونی یەکێک بەکەمتر لە هاوشانی خۆی.

هاوسەری: بوونی ژن و پیاوێک بەهاوسەری یەک.

هاوسەفەر: دوو کەسن کە پێکەوە سەفەریان کردبێ.

هاوسەنگ: هاوکێش.

هاوسێ: دراوسێ.

هاوسێیەتی: دراوسێتی.

هاوسێیی: هاوسێیەتی.

هاوشارێتی: بوونی دوو کەس بەهاوشاری یەک.

هاوشاری: هاوشارێتی.

هاوشان: کەسێکە کە لە پایەی تۆدابێ .

هاوشیر: کەسێکە کە شیری لەگەڵتدا خواردبێ.

هاوشیرە: هاوشیر.

هاوقەتار: د. چەند کەسێکن کە خزمەتی گەورەیەک بکەن.

هاوکات: هاوچەرخ.

هاوکار: کەسێکە کە لە پیشەدا وەک تۆ وابێ.

هاوکاری: یەکێتی پیشەی دوو کەس .

هاوکاسە: د. هاوخۆراک.

هاوکەوشەن: هاوسنووری دێهات لە زەویوزاردا.

هاوکێش: بەدوو شت دەڵێن کە لە کێشاندا وەک یەک وابن.

هاوگا: دوو (گا)ن کە هێزیان لە جووتدا وەک یەک وابێ: ئەمە هاوگای ئەوە نییە.

هاوگیان: هێوەرژن.

هاولف: دووانە: ئەم دووبەرخە (هاولف)ن واتە بەسکێک بوون. هاوشان .

هاوڵە: د. ئاوڵە.

هاوڵێ: هـ. ئاوڵە.

هاوماڵ: دراوسێ.

هاومل: کەسێکە کە لە شتێکدا جووت کرابێ لەگەڵتدا.

هاوناو: کەسێکە کە ناوی وەک ناوی تۆ وابێ.

هاونشین: هاودەم.

هاونیشتمان: کەسێکە کە لەگەڵ تۆدا دانیشتبێ لە نیشتمانێکدا.

هاونێڵە: د. هاونیلە.

هاونیلە: د. هاوسەر.

هاوور: ئاور.

هاووردن: هێنان.

هاووس: ئاووس.

هاووڵاتی: کەسێکە کە خەڵقی وڵاتەکەت بێ.

هاووەزن: دوو شیعرن کە لەسەر یەک وەزن بن.

هاوەڵ: ئاوەڵ.

هاوەن: هاوان.

هاوێر: لێک جیاکردنەوەی بەرخ و مەڕ.

هاویشتن: هاوێتن.

هاوینکە: سووکە دەوار.

هاوی: ز. ئاوارەی پەتیارە.

هاوێتن: فڕێدانی شتێک بۆ شوێنێک.

هاوێژتن: د. هاوێتن.

هاوین: سێ مانگەی دوای بەهار.

هاوینە: کاڵایەکە لە هاویندا لەبەر بکرێ.

هاوینەهەوار: شوێنێکی فێنکە کە لە هاویندا لێی ڕابوێریت.

هاوینی: هاوینە.

هاها: ئاها.

هاهاو: د. هۆهۆ.

های: وتەیەکە هێندێ شتفرۆش لەکاتی بانگکردنی شتێکدا کە بیفرۆشێ دەیڵێ: (های) ترێ. ئاگاداری: (های)م هەیە بەو کارە واتە ئاگادارم پێی. وای (د).

های بەخت: قورعە.

هایوهووی: هەرا و زەنا.

هبربار: هەوور.

هجنان: ز. سوێنەی جل شوشتن.

هرج: با. ورج.

هڕ: د. وتەی گاڵتەپێکردن: (هڕ) لە پیاوەتیت واتە شیر.

هرهڕ: وتەیەکە شوان پێش ڕانەوە دەیڵێ بۆ بانگکردنی ڕانەکە.

هری: با. خوری.

هژان: هاژیان.

هژاندن: ژەندن و جووڵاندن.

هژمار: با. ژمارە.

هژیر: با. هەنجیر.

هستیفک: با. خاکەنازی پچووک.

هسسە: کسسە.

هش: ز. وتەی بێدارکردنەوە (وس). زەحمەت.

هشتن: ز. هێشتن.

هشدان: د. تێبردن.

هشک: ز. وشک. شتی ڕەق.

هشکەمز: با. مزە. وشکەمز.

هشیار: ز. هوشیار.

هلاڤێتن: با. هەلاڤێتن.

هلدایی: ز. وریایی و پارێزگاری.

هللۆ: ز. هەڵووژە.

هللۆبوون: ز. لووسبوون.

هلهلۆک: ز. بەری درەختێکە وەک بەری درەختی مۆرد دەخورێ.

هلەهتن: ز. بەرزبوونەوە.

همبان: ز. هەمانە.

همبز: ز. شتێکە کە بەباوەش هەڵبگیرێ.

همبەران: ز. شتی بەرامبەر.

همێ: د. ئومێد.

همیداد: کۆمەکی.

هن: ز. هێند.

هنار: ز. هەنار.

هنارتن: ز. ناردن.

هناڤ: ز. هەناو.

هنجنین: با. ئەنجنین.

هنداق: ز.هاوتا. بەرامبەر.

هندوو: ز. ناوەوەی شت.

هندوویی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک.

هندە: ز. هێندە.

هندەک: با. هێندێک.

هندەکۆ: گیایەکە گەڵاکەی سێ پەڕەی هەیە.

هنگاڤ: با. هەنگاو.

هنگاڤتن: ز. ئەنگاوتن.

هنگرتن: ز. هەڵگرتن.

هنگستووک: ز. ئەموستیلەی دروومان.

هنگڤ: ز. هەنگوین.

هنگڤین: ز. هەنگوین.

هنگل: ز. هەنگڵ.

هنگۆری: ز. لە ڕۆژئاواوە تا کاتی نووستن.

هنگوستیل: با. ئەنگوستیلە.

هنگوور: با. هنگۆری.

هنگووری: با. دوای نیوەڕۆ.

هنگێ: ز. هێندێک کاتی ڕابوردوو.

هنگی: ز. هەمووکەس. هەمووشت.

هنەر: ز. هونەر.

هنەک: هێند.

هنین: با. سواخ.

هۆ: وتەیەکە جووتیار و گاوان بەکاری دێنن بۆ گێڕانەوەی گاکانیان. بۆنە: بە(هۆ)ی تۆوە هاتم. وتەیەکە هەڕەشەی پێ دەکرێ: (هۆ) واپێت دەڵێم درۆ نەکەیت. بەرز (ز).

هۆبران: دەست بران لە هەموو شتێک .

هۆبە: کۆمار. چەند ڕەشماڵێکە کە لە شوێنێکدا هەڵدرابێ.

هۆیەڵ: د. تۆیەڵ. کولێرەیەکە کە بهاوێژرێ.

هۆیەلان: د. شەڕە تۆیەڵ.

هۆجەنە: ه. بەندەخوێن.

هوجەنە کێش: ه. داربەندەخوێن.

هۆجەنەگا: ه. سەرپزووی دەرێی کە بەندەخوێنی تێ هەڵ دەکێشرێ.

هۆچنە: ل. هۆجەنە.

هۆدار: ز. فاقە.

هۆدانەوە: خێردانەوە: فلانەکەس هۆی دایەوە.

هۆدە: ژوور.

هور: ز. شتی ورد.

هۆر: ز. ژوورێکە تەنیا مەڕ و بزنی تێ بکرێ (ز). خۆر.

هورا: د. هەرا.

هۆراسان: هەراسان.

هۆرنە: وتەیەکە جووتیار بەگای جووتی دەڵێ لە کاتێکدا کە بێتە ناو هێڵەوە بۆ ئەوەی کە بچێتەوە جێی خۆی. وەرتە.

هۆرتە و بەرەزانین: بریتییە لە زانینی مەردووم بۆ پێ وێستانی سەر شانی خۆی: من هۆرتە و بەری خۆم دەزانم.

هورچ: ورچ.

هورد: ورد.

هۆرداشتن: هەڵماڵین.

هۆردان: دەوارهەڵدان.

هۆردڕوون: هەڵدڕین.

هۆردوو: لەشکر.

هور: ور. ئەستوور: (مل هوور). قور (با).

هۆڕ: دەفرێکی چنراوی دوولاییـیـە لە جەوالّ گـەورەتر و لە تێـر پچووکترە .

هۆڕاو: گۆلاوی زۆر زل.

هۆڕاوە: وراوە.

هورە: هوودرە. هورەو. ڕەشەبا (با).

هورەم: د. هورەو.

هورەو: ورەوە. بەراز.

هورێنە: ورێنە.

هوری: وری.

هۆرزای: هـ. هەستان.

هۆرشگرتن: هەڵگرتن.

هۆرکریان: هەڵکردن. داگیرساندن.

هۆرکنیان: هەڵکەنران.

هۆرکەندن: هەڵکەندن.

هۆرکێشان: هەڵکێشان.

هورگ: ورگ.

هۆرگرتن: هەڵگرتن.

هورگن: ورگن.

هورگنە: ورگنە.

هورمان: واق ورمان.

هۆرنگ: د. برنگ.

هورروژم: هاتنی شـتـێـک بەتەوژم و بەزۆری: ئاوەکـە هورروژمی هێنا.

هورووژ: د. هورروژم.

هورووژان: ورووژان.

هورە: ورە.

هۆرە: جۆرە گۆرانییەکی جافەکییە. پوواز.

هورەبا: با. ڕەشەبا.

هورەبەردان: ورەبەردان.

هۆرەهۆر: لەبەرخۆوە گۆرانی وتن.

هۆرێزیای: هـ. هەستان.

هوری: با. قور.

هۆز: چەند ماڵێکە کە بچنەوە سەر یەک تیرە.

هۆزان: ز. هەڵکەوتووی بلیمەت (علامە).

هۆزەڕوو: گیایەکی گەلا وردی ئاوییە، گەلای لە کەرەوز دەچێ و کەمێک سوێرە.

هۆزەلاو: گیایەکی کوێستانییە، گەلایەکی باریکی هەیە دەخورێ.

هۆژم: د. تەکاندان: هۆژمێ بدە، واتە تەکانێک بدە.

هۆژووم: د. هورووژم.

هۆژە: د. وژە.

هۆژەبر: شێری دڕندە.

هۆژەم: د. هورەم.

هوستە: وەستا.

هوسوورە: د. خەزوورە.

هۆش: یاد و بیـر: فـیـسـار کـەس بێ (هۆش)ە واتە شـتـی لەبیـر نامێنی. وتەیەکە دەوترێ بەکەر بۆ وەستانی.

هۆشمەند: مەردوومی ژیری هوشیار.

هۆشە: د. هێشوو.

هۆشەچن: گوڵەوەچن.

هوشیار: کەسێکە کە خاوەنی هۆش و بیر بێ.

هۆشیار: هوشیار.

هوشیاربوونەوە: هاتنەوەهۆش.

هۆشیاربوونەوە: هوشیاربوونەوە.

هوشیارکردنەوە: هێنانەوەهۆش.

هۆشیارکردنەوە: هوشیارکردنەوە.

هوشیاری: زیرەکی و بەهۆشی.

هۆشیاری: هوشیاری.

هۆقە: حۆقە.

هۆک: د. ئارەزوو. مان.

هۆکردنەوە: بریتییە لە کەڵک گرتنی شتێک یا کەسێک لەکاتی پێویستیدا: فیسار کەس (هۆی کردەوە) واتە لەکاتی خۆیدا بەکەڵک هات.

هۆککردن: مانگرتن.

هۆکڵ: خزمەتکار.

هۆکن: مانگر.

هۆکەڵ: هۆکڵ.

هۆکێ: د. کەسێکە کە دوای ئارەزووی دڵی خۆی بکەوێ.

هۆگر: گیـاندارێکە کـە خـووی گرتبێ بەشـتـێکەوە، (هۆگـربوون) ڕمووەدەبوون بەشتێکەوە.

هۆگرتن: ڕامبوون.

هۆگری: ڕمووەدەیی.

هۆل: ز. یاری شەقێن.

هۆڵ: جـاش (هـ)، سـەرشـار لە یاری شـەقـێندا. زاخە. سـاڵۆن. وتەیەکـە هەمـیـشـە لەگـەڵ وتەی چۆڵدا بەکـاردێنرێ: چۆڵ و (هۆڵ). تۆپی یاری (با).

هۆلاندن: قۆڕاندنی ڕەشەولاخ.

هولۆڵ: د. شتی هەڵۆڵ.

هەڵونج: د. هێڵنج.

هولوو: د. جۆرە قۆخێکی زۆر ناسکە بەرەنگێک کە لە شوێنی خۆی نابرێ بۆ شوێنێکی تر.

هۆلە: وتەیەکە کە گوێرەکەی پێ بانگ دەکرێ. قۆرەی ڕەشەوڵاخ، (هۆلە هۆل) قۆرەقۆری زۆر.

هۆڵە: گێرە. ناوە بۆ دێییەک لە جوانرۆ.

هۆڵێن: جۆرێکە لە یاری شەقێن.

هۆلی: د. جاش.

هوما: باڵندەیەکی گەورەی گۆشتخۆری کێوییە کە پێشی دەڵێن (پیرۆزە).

هومایوون: جۆرە نقامێکی خۆشە.

هومایوونی: هومایوون. جۆرە نووسینێکە وەک نووسینی شکستەی فارسی.

هۆملکێ: بەربەرەکانی.

هومە: کوپە.

هۆمە: د. هومە.

هۆمەڵ غەزا: عەشاماتێکە کە زۆر چڕ و پڕ و تێکەڵ و پێکەڵ بێ.

هۆمەلێرە: د. گۆشت تەنوری.

هۆمەیی: مەری بۆزی تاریک .

هومێد: ئومێد.

هومێدەوار: ئومێدەوار.

هون: ز. ئێرە.

هۆن هۆن: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە کاتی گریانی یەکێکدا کە ئاو بەچاویادا بێتەخوارەوە: فیسار کەس دەگری هۆن هۆن فرمێسک بەچاویدا دێتە خوارەوە.

هوندور: ناوەوەی شت.

هۆنراو: شیعر.

هۆنراوە: شتێکی لیسپدارە کە لیسپەکانی تێک هەڵکێشرابێ بەجۆرێکی تایبەتی وەک پرچ و گوریس. چەند شتێکی کونداره کە دەزووی تێ هەڵکێشرابێ، وەک تەزبێح و مووروو. بریتییە لە شیعر.

هونگوستیلە: ز. ئەموستیلە.

هۆنە: سازی و ڕێکوپێکی شت: ئەوشتە (هۆنە)ی دێ، یا (هۆنە)ی لێوە دێ یا (هۆنە) دەکا، واتە زۆر ساز و لەبارە.

هونەر: کردەوەیەکی جوانی پەسندە کە لە دەست هەموو کەس نەیەت.

هونەرمەند: خاوەن هونەر.

هونەرمەندی: بوونی مەردووم بەخاوەن هونەر.

هونەروەر: هونەرمەند.

هۆنەهۆن: هۆن هۆن. ترکەی گێژاوی ڕووبار.

هۆنیاگ: د. هۆنراوە.

هۆنین: د. هۆنینەوە.

هۆنینەوە: بەیەکدا هەڵپێچانی لیسپی پرچ و گوریس و شتی تر. تێهەڵکێشانی دەزوو لە دانەی تەزبێح و مووروو و شتی تر. دانانی شیعر.

هۆو: وتەیەکە وەرامی یەکێکی پێ دەدرێتەوە کە بانگت بکا. هۆی جووتیار .

هوودڕە: جۆرە مێشوولەیەکی قاچ و مل درێژی بەئاڵۆشە.

هوودەرە: د. مێشەسی.

هوور: با. ورد.

هوورد: ورد.

هووردە: وردە.

هووڕ: ل. هۆڕ.

هووڕە: هوودڕە. گڕە.

هوورک: ورگ.

هووشە: خۆهەڵکێشان لە قسە و گفتوگۆدا.

هووشەک: جۆرە دڕندەیەکە وەک پڵنگ بەڵام ئەم پچووکترە. بزنژ.

هووشەکاری: مبالغە و پێ هەڵبڕین لە هووشەکردندا.

هووشەکردن: خۆهەڵکێشان.

هووشەکەر: کەسێکە کە هاشە و هووشەی بێ.

هووفە: جۆرە نەخۆشییەکە دەدا لە چوار پەلی وڵاخی یەکسم.

هووکارە: فێر.

هووکارەبوون: فێربوون.

هووکارەکردن: فێرکردن.

هوول: بۆز.

هووڵ: بزنی گوێ سوور. مەردوومی دەموچاو سوور.

هوولاندن: قوولاندن.

هووڵوەزە: هـ. توێکڵی سەوزی گوێز.

هوولە: قوولە، (هوولە هوول) قوولەقوول. گیانداری زۆر گەورە کە ئادەمی نەبێ: ئەمڕۆ لە دوکان (هوولە) ماسییەکیان کوشت.

هوولە: هـ. ملە.

هوولەکردن: قوولەکردن.

هوون: خوێن: هـ. ئێوە.

هوونالوو: خوێناوی.

هووناو: هـ. خوێناو.

هوونی: خوێنرێژ.

هووها: وتەیەکە هەڵلای پێ دەکرێ لە یەکێک بۆ سووکی.

هووهوو: وتەیەکە لەپێش ڕانەوە دەوترێ بۆ بانگکردنی ڕانەکە.

هۆوهۆو: هووهوو.

هووهووکەرە: جۆرە کوندەبەبۆیەکی چاوشینی سەرزلە هەر لە چۆلی و شاخدا دەبیَ، کە دەخوێنیَ دەلیَ (هووهوو).
هۆهۆ: دەنگێکە مەردوومی پیَ دەنگ دەدریَ لە دوورەوە.
هویرک: شاتوو.
هویرک: با. قولەپیَ.
هویل: حۆل. هوول.
هە: هانیَ.
هەء: نەء.
هەبان: ز. هەمانە.
هەبوو: بووە: فلانە کەس هەر هەبوو بووە.
هەبوون: بوون.
هەبیَ: ز. کنگر.
هەپروونبوون: تێکشکان و وردبوونی شتێک کە لە بەرزییەوە کەوتبێتە خوارەوە.
هەپروون بەهەپروون: شتێکە کە لە بەرزییەوە کەوتبێتە خوارەوە و ورد و خاش بووبیَ.
هەپش: هـ. ئەسپیَ.
هەپک: جۆرە کەلکێتێکە دەواری پیَ دەکوتریَ، گەلا کوتک (ز). پەلاسی ئەستوور.
هەپلۆک: هەلەکۆک.
هەپوو: وتەیەکە منداڵی ساوا بەکاری دێنیَ لە جیاتی وتەی (نەما) یا (نییە).
هەپە: دارێکە دەکریَ بەکونی مژان و ئێرەقدا.
هەپەنان: بریتییە لە هەلخەلەتاندنی یەکێک و شت لیَ دەرهێنانی.
هەتا: پیتێکە بەکاردێنریَ بۆ دوایی شتێک کە خاوەنی برانەوەبیَ: (هەتا) دیاربەکر چووم، یا بەم کارەوە خەریک بە(هەتا) خوادەروویەکت لیَ دەکاتەوە. بۆ هۆیەتی (تعلیل و سببیت)ە: هاتم (هەتا) بتبینم واتە هۆی هاتنەکەم بینینی تۆ بوو. بۆ شەرتە: (هەتا) تۆ نەیەیت من نایەم. بۆ بەستنەوەی شتێکە بەکاتێکەوە: (هەتا) لە جیهاندا بیت پیَ بژیووت دەویَ.
هەتار: د. تاوێرەبەرد.
هەتارەگلگل: د. هەتار.
هەتاف: با. هەتاو.
هەتاکو: هەتا.
هەتاو: تیشکی خۆر.
هەتاوبردوو: شتێکە کە هەتاو شەمزاندبێتی.
هەتاوکەوتن: کاتی هەلاتنی خۆر.
هەتاوگاز: شوێنێکە لە ئەندام کە هەتاو سووتاندبێتی.
هەتاوەکو: هەتاکو.
هەتاهەتایی: وتەیەکە بەکاردێنریَ بۆ کاتێک کە نەبڕێتەوە.
هەتدان: د. تێبەردانی کار و بەرخ.
هەترە: تەرە: مریشکەکە هەترە بووە.
هەترەبوون: تەرەبوون (هەترەکردن) تەرەکردن.
هەترەش: زەندەق.
هەتوان: مەلهەم.
هەتۆل مەتۆل: د. هەلوور بلوور.
هەتەد: وتەیەکە بۆ کورتی دەنووسریَ لەجێی وتەی (هەتا دوایی).
هەتەر: (حریص).
هەتەق: وتەیەکە بەکاردێنریَ بۆ بردنە دواوەی قسەیەک و باوەڕ پیَ نەکردنی.
هەتەک: د. نافەک.
هەتیتە: کونێکی باریکە لە ئاسنێکدا زەڕەنگەر تەلی زێڕ و زیوی پێدا ڕادەکێشیَ بەنهێم بۆ لووسی و باریکی.
هەتیم: د. هەتیو.
هەتیمچە: هەتیوچە.
هەتیو: منداڵی باوک مردوو.
هەتیوبار: بێوەژنێکە کە هەتیوی بەسەردا کەوتبیَ.
هەتیوباری: خەریکبوونی بێوەژن بەبەخێوکردنی هەتیوەوە.
هەتیوباز: کەسێکە کە حەزی لە هەتیوی لووس بیَ.
هەتیوازی: حەزکردن لە هەتیوی لووس.
هەتیوچە: مەردوومی ناوەجاخ.
هەتیوچەیی: ناوەجاخی.
هەتیوخانە: شوێنێکە کە هەتیوی تێدا پەروەردە بکریَ.
هەتیوکەوتن: بوون بەهەتیوو بەهۆی مردنی باوکەوە.
هەتیومەتیو: وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە دەوتریَ بۆ نادەمیزادی گەجەر و گوجەر.
هەتیوە: هەتیوچە. تەختەدەوارێکی باریکە لە ناوەڕاستی تەختەدەوارەکانی تردا هەلدەدریَ.
هەتیوی: بوونی منداڵ بەهەتیو.
هەجنین: ز. بیَ هێزبوون و خاوبوونەوەی جەستە.
هەج: بەمانا (هەر)ێکە کە بۆ عمومی ئەفرادییە: (هەج) کەس بخوێنیَ دەبیَ بەپیاو.
هەچچە: هەچە.
هەچکوچ: هـ. مێوژ.
هەچکوچی: هـ. هەچکوچ.
هەچە: وتەیەکە کەر و ئێستری پیَ لیَ دەخوڕیَ، (هەچەهەچ) هەچەی یەک لەدوای یەک. بریتییە لە کەر و ئێستر: سواری (هەچە) مەبە.

هەرددوز: کۆکردنەوەی چەند زەلامێک بۆ کردنی کارێک بەدەست و بردی.
هەرهەس: د. نەمر.
هەرێ: ز. بەڵێ.
هەرێز: فرووزوو.
هەرێکردن: ز. بەڵێندانی باوک و کەسی کچ بۆ بەشوودانی.
هەری: ز. خوری. کورک.
هەریسە: کەشکەک.
هەرێم: هەریم.
هەریم: ناوچە.
هەزار: ناوە بۆ ژمارەیەک کە دەجار سەدە.
هەزار بەهەزار: سەر بەرەوخوارە و هەڵدێرگەیەکی زۆر کوڕ و سەخت و دوورودرێژە.
هەزاریا: هەزارپێ.
هەزارپۆیە: د. هەزارپۆینە.
هەزارپۆینە: جۆرە کەڵەشێرێکە کە پۆینەی تۆپ و پەل پەل بێ.
هەزارپێ: دەعبایەکی درێژکۆڵەی زەردەپێی زۆری هەیە.
هەزار داستان: ڕیشۆڵە. بلبل.
هەزارڕەگ: د. زۆل.
هەزارلۆخانە: د. هەزارلۆغانە.
هەزارلۆغانە: پارچە تەڕافێکی لۆچ لۆچە لە سکی گیانداردا پڕە لە پیسی.
هەزارە: کەتیبەی خشتی سوور. لێواری حەوزە کە ئاوی بەسەردابڕژێ بە یەکسانی بۆ ناو ئاوەڕێژی دەوری.
هەرزەکردن: خەولێ زڕان و بێ ئارامی لە خەفەتدا: ئیمشەو لە داخا هەر (هەزارە)م کردووە.
هەزبێ: گیا دانوو.
هەزبێ کێفیلە: د. جاترە کێویلە.
هەزبێلە: هەزبێ.
هەزبییە: ئەزبییە.
هەزم: توانەوەی خواردن لە سیق (معده)دا.
هەزوا: تاڵی شاری.
هەزوێلە: هەزبێلە.
هەزوییە: هەزبییە.
هەزێلک: با. هەرزاڵ.
هەزین: هاژین.
هەژار: مەردوومی بێ پارە و پوول.
هەژارکەوتن: دووچاربوون بەهەژاری.
هەژاری: بێ پارە و پوولی.
هەژان: هەژین.
هەژاندن: با. ڕاوەشاندن. ژەندن.
هەژدە: ناوە بۆ ژمارەیەک.
هەژدەمین: شتێکە کە لە پایەی هەژدەدابێ.
هەژدەها: هەژدیها.
هەژدەهەم: هەژدەمین.
هەژدەهەمین: هەژدەمین.
هەژدیها: ماری زۆر گەورە.
هەژگ: لق و پۆپی درەخت کە هەڵپاچرابێ. قاچ و دەستی گیاندار لە ئەژنۆ و ئانیشک بەرەوخوار: فیسار کەس [هەژگ]ی کورتە.
هەژگ و بژاڵ: چیلکەو چەوێڵ.
هەژگ و هەژاڵ: هەژگ و بژاڵ.
هەژمار: ژمارە.
هەژماردن: ژماردن.
هەژمەت: تووڕەیی و خەفەتخواردن.
هەژهار: د. ددانێکی زیادەیە کە لە تەنیشت ددانێکی تردەوە بڕوێ.
هەژیار: د. هەژار.
هەژیر: با. هەنجیر.
هەژین: با. هاژیان.
هەس: خەست.
هەسار: حەسار. ئەستێڵ (هـ).
هەسارە: هـ. ئەستێرە.
هەسارەزەرینە: د. کوڵەکە زێڕینە.
هەسارەگەرێن: د. ئەستێرە شناس.
هەسارەناس: د. هەسارەگەرێن.
هەسان: جۆرە بەردێکی لووسە تیغی پێ تیژ دەکرێ.
هەسان لێدان: بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنی یەکێک.
هەوساو: سایەقە.
هەسپ: ز. ئەسپ.
هەسپایی: ئەسپایی.
هەست: حس و پێزانین: بێ (هەست) بچوورە ژوورەوە، واتە بەجۆرێک کە کەس پێت نەزانێ، ئێسقان (با).
هەستار: ز. فرمێسک.
هەستان: لە زەوی ڕاست بوونەوە و سەر پێ کەوتن.
هەستاندن: ڕاستکردنەوەی شتێک و هێنانە سەر پێی. بێدار کردنەوەی نووستوو.
هەستانەوە: چاکبوونەوە لە نەخۆشی. بریتییە لە دەوڵەمەند بوونەوە دوای نابووتی.
هەستکار: ئەو شتەیە لە گیاندار‌دا کە هەست بەشت دەکا (حاسة).

هەڕمێن: بازارگەرمی شتێک: ئەمڕۆ برنج زۆر بەهەڕمێنە واتە برەوی هەیە، یا فلان کچ بەهەڕمێنە، واتە داواکەری زۆرە.
هەڕە: خشتی ڕیزکراو لەسەر شان. دیواری تیغە. مشار سەرەی کەر (د).
هەڕەپۆیە: د. کەڵەشێرێکە کە پۆپنەی وەک مشار وابێ.
هەڕەت: کاتی پێگەیشتنی شت: هاوین (هەڕەت)ی میوەیە، یا نەریمان (هەڕەت)ی ژن هێنانێتی. هەل و پەرژان: هەرچەند دەکەم (هەڕەت)م نییە واتە هەلم نییە و نام پەرژێت.
هەڕدزاڵە: هەڕدزەڵە.
هەڕەزەڵە: تووڵەزەڕە.
هەڕەشە: ترساندنی یەکێک بەوتار یا بەکردار، (هەڕەشەکردن) هەڕەشە .
هەڕەشە و گوڕەشە: هەڕەشەی یەک لەسەر یەک.
هەڕەکان و مەڕەکان: جۆرە یارییەکە منداڵان دەیکەن و، لەگەڵ یارییەکەدا ئەم وتەیە دەڵێن.
هەڕەکردن: ڕیزکردنی خشت لەسەرشان. بڕینەوەی دار بەمشاری هەڕە.
هەڕەماسی: جۆرە ماسییەکە کلکی وەک مشار وایە.
هەڕەمە: گەنمێکە کە لەگەڵ دانەوێڵەی تردا تێکەڵ کرابێ.
هەڕەهەڕ: تێخوڕین و قرەقرکردن بەسەر یەکێکدا.
هەڕیە: هاڕییە.
هەڕی: با. قوڕ.
هەرز: د. هەرێز.
هەرزاڵ: کەپرێکی نزمە لە ماڵدا دەکرێ بۆ شت لەسەردانان، یا لەسەر نوستن.
هەرزاڵە: هەرزاڵ.
هەرزان: شتێکە لە کڕین و فرۆتندا نرخی کەم بێ، (هەرزانبوون) کەمبوونی نرخی شت، (هەرزانکردن) کەمکردنی نرخی شت.
هەرزان بەها: شتی هەرزانی کەم نرخ. هەرزانجان.
هەرزانجان: کەسێکە شت بەهەرزان بفرۆشێ.
هەرزانی: کاتێکە شتی تێدا هەرزان بێ .
هەرزبوون: د. وێڵ بوون.
هەرزن: دانەوێڵەیەکی وردی لووسی بێ پێزە دەکرێ بەنان.
هەرزلهەرزل: شتی رزیوی هەلا هەلا .
هەرزە: مەردوومی هەڵەی چڵفر.
هەرزەبێژ: کەسێکە کە هەمیشە قسەی هیچ و پووچ بکا .
هەرزەچەنە: د. هەرزەبێژ.
هەرزەکار: مەردوومی گەنج.
هەرزەکاری: دەمی گەنجی.
هەرزەکۆ: هەرزەبێژ.
هەرزەگۆیی: وتنی قسەی هیچ و پووچ.
هەرزەگی: د. هەرزەیی.
هەرزەل: د. هەرزاڵ.
هەرزەمەشق: نووسینی شت بەبێ مەبەست.
هەرزەنووس: کەسێکە کە شتی هیچ و پووچی بێ مەبەست بنووسێ.
هەرزەنویس: هەرزەنووس.
هەرزە و هۆرزە: د. کوڕوکاڵی هەرزە.
هەرزەوێژ: د. هەرزەبێژ.
هەرزەیی: هەڵەیی و جلڤری.
هەرس: ورچ. هەرسی (د).
هەرسی: هـ. فرمێسک.
هەرشتە: نانێکی تەنکی نیوەبژرە دەجنرێ و دەکرێ بەچێشت.
هەرشتە بەترش: چێشتی هەرشتە.
هەرشەو: هەموو شەوێک.
هەرکۆ: هەرکوێ.
هەرکۆگە: هەرکوێ.
هەرگا: هەردەم.
هەرگاف: با. هەرگا.
هەرگیز: پیتی تێکڕاییە لە نەبوونیدا: (هەرگیز) لە خوێندن دەست هەڵناگرم.
هەرگیس: د. هەرگیز.
هەرلە: د. هەزارپێ.
هەرمان: فرمان (هـ). مان هەتا هەتایی.
هەرمەڵە: هـ. هێرۆ.
هەرمێ: میوەیەکی زەردی خڕی قنچکداری شیرینە.
هەرمێ باڵەکی: هەرمێیەکی گەورەی شینکاری درێژکۆلەیە.
هەرمێ پشکووان: مانگی مارت کە سی و یەک ڕۆژە.
هەرمیسک: چنگاڵ و ڕۆن.
هەرمێ شینکە: هەرمێ کێویلە.
هەرمێ کێویلە: جۆرە هەرمێیەکە کە لە دەشت و شاخ لە خۆیەوە ڕوابێ.
هەرمێ گولاوی: جۆرە هەرمێیەکی بۆنخۆشی شیرینە.
هەروبار: هـ. داڵیت.
هەر و گیف: هەڕەشە و گوڕەشە.
هەرە: پردەڵە (هـ). هەموو. زۆر.
هەرەس: پەڵەبەفرێکی گەورەی زۆرە کە بەقەد شاخەوە بێ و ببزوێ.
هەرەسبردن: هەرەسهێنان.
هەرەسهێنان: داخزان و ڕووخانی بەفری لاپاڵ و دارووخانی گەلێ شتی تر.

هەڤیر: ز. هەویر.

هەک: ز. وتەی سەرسوورمان.

هەکە: ئەگەر (ز). خارشت.

هەگبە: خورجولکەیەکی دووتاییە دادەبەسترێ بەپاشکۆدا.

هەل: رێکەوتێکە کە قازانجێکی تێدا بکەی. نۆرە (د).

هەڵ: وتەیەکە دەچێتە سەر هێندێ وتەی تر، جووڵانەوەیەکی سەر بەرەوژوور دەگەیەنێ: (هەڵ)پەڕین، (هەڵ)ماڵین.

هەڵئاخنین: هەڵاخنین.

هەڵئاوسان: هەڵاوسان.

هەلات: درۆی زل.

هەلاتلێدان: درۆی زلکردن.

هەڵاتن: دەرکەوتنی مانگ و رۆژ و ئەستێرە لە ئاسۆ. ڕاکردن لە ترساندا. کیفکردنی هەویر. پەڕینی نێر لە مێ: ئەسپەکە لە ماینەکە هەڵات. تەواوبوونی ماوەی شت: ژنە تەڵاقدراوەکە عدەی هەڵات.

هەڵاتە: هەویری هەڵاتوو.

هەلاج: کەسێکە کە لۆکە بەچەکە و کەوان بکاتەوە.

هەلاجی: کردنەوەی لۆکە بە چەکە و کەوان.

هەڵاخن: دەفرێکی چنراوە کە ئاخنرابێ لە شت.

هەڵاخنران: پڕبوونی دەفرێکی چنراوە لەو شتەی کە تێی دەکرێ.

هەڵاخنین: پڕکردنی ئەو دەفرانەی کە دەکشێن و پەستان و تێ ترنجاندنی بەجۆرێک کە هەڵبئاوسێ. بریتییە لە پڕ جوێنکردنی یەکێک: فیسار کەسیان (هەڵاخنی).

هەلار: د. شەقار، (هەلارهەلار) شەقارشەقار.

هەڵاژیان: پاڵکەوتن.

هەڵاژین: هەڵاژیان.

هەڵاش: زەل و گەڵایەکە کە لەسەر دارەڕاوە دابنرێ بەئەستووری.

هەلافێتن: ز. هەڵدانی شت سەرەوژوور.

هەڵاکان: د. هەناسەبڕکێ.

هەلاکەوتن: لاچوون.

هەڵاڵ: شتێکە دەکرێ بەپێستەوە بۆ ئەوەی زوو پێستە ڕن بکرێ.

هەڵاڵخانە: دەباخانە.

هەڵاڵە: هەڵاڵ. گوڵێکی جوانی بۆنخۆشی کوێستانییە. شتێکە هەنگ لە گوڵی دەگرێ و شانی پێ هەڵدەبەستێ. بانگەواز (د). تۆزی نێر و مێی ڕووەک بۆ متربەبوون.

هەڵاڵەبرمە: گیایەکی بەهارییە نێرکێکی درێژی هەیە گوڵێکی گەورەی سوور دەگرێ بنی پەڕەکانی لە دیوی ناوەوە ڕەشەو چاڵێکی سپی تێدایە.

هەڵاڵە کشکش: د. چۆپی و سەماکردن.

هەڵامات: هەڵامەت.

هەڵامسان: هەڵاوسان.

هەڵامەت: دەردێکە لەسەرماوە تووشی مەردووم دەبێ، ئاو بەلووتیادا دێتە خوارەوە.

هەڵامەتدار: کەسێکە کە تووشی هەڵامەت بووبێ.

هەڵاو: هالاو.

هەڵاواردن: جیاکردنەوە.

هەڵاواستن: هەڵواسین.

هەڵاواسین: هەڵاواستن.

هەڵاوسان: ئاوسان و بەرزبوونەوە.

هەڵاووردن: دەردی لێهاتن. هەڵهێنانی هێلکە. زانینی مەتەڵ.

هەڵاوورده: دەردی لێهاتن.

هەڵاوە: گیایەکی کوێستانییە لە بەرەزا دەچێ لەناو دەوەندا دەڕوێ.

هەڵاوە: ه. جاو.

هەڵاوەستن: هەڵاوەسین.

هەڵاوەسراو: هەڵواسراو.

هەڵاوەسین: هەڵواسین.

هەڵاوەگێر: هەڵگێراوە.

هەڵاوێر: هەڵاواردنی بەرخ و مەڕ. یا کار و بزن.

هەڵاوێردن: هەڵاواردن.

هەڵاوێز: د. ئاوێزان.

هەڵاوێژان: هەڵاوێشتن.

هەڵاوێستن: با. هەڵواسین.

هەڵاوێشتن: خواردن و قووتدانی شتێک بەهەڵپە. دەرکردنی شتێک لە شتێک (استثناء).

هەڵاوێتین: هەڵاوێشتن.

هەڵاوێژتن: هەڵاوێتن.

هەڵئەنگووتن: پێ هەڵکەوتن لە ڕۆیندا.

هەلاهەل: گیاندارێکی زەهرداره. زەهری کوشندە.

هەلاهەلا: شتی لەتوپەت، (هەلاهەلابوون) لەتوپەتبوونی شت، (هەلاهەلاکردن) لەتوپەتکردنی شت.

هەلایهەل: گیانداری هەلاهەل.

هەڵایسان: هەڵگیرساندن.

هەڵبچرین: د. هەڵپچرین.

هەڵبران: جوتبوونەوەی دووگیاندار لە یەک.

هەڵبرسقانن: د. ڕفاندنی شتێک لە یەکێک.

هەڵبرسکان: هەڵبزرکان.

هەڵبریان: د. هەڵبرین و بەرزکردنەوەی شتێک.

هەڵبڕین: بەرزکردنەوەی شتێک. ڕاونان. هەڵدرینی شت بەچەقۆ.

هەڵبرژان: د. هەڵقرچان لەبەر تینی گەرمی.

هەستکردن: سووسەکردنی شتی پەنهانی.
هەست و خوست: جوولە و چپە، هەر لە نەبووندا بەکاردێنرێ: بێ هەست و خوست کردی بەژووردا، یا هەست و خوستی نییە.
هەستونیست: بریتییە لە هەموو دارایی مەردووم: (هەستونیست)ی فیسارم بەدەستە.
هەستە: ز. ئەستێ. چەخماخی جگەرە داگیرسان.
هەستەم: د. هێواش: بەهەستەم واتە بەعاستەم.
هەستی: ئێسقان (ز). بوون (وجود).
هەستیف: ز. ئەستێوولک.
هەسردوە: هـ. خەسوو.
هەسس: د. هێز و تەوانایی.
هەسکۆ: با. ئەسکوێ.
هەسکوێ: یا. ئەسکوێ.
هەسکەهەسک: د. هەنک هەنک.
هەسکیان: د. هەنسکەبڕێ.
هەسنگ: ز. ئاسن.
هەسوورە: هـ. خەزوور.
هەسوون: ئەستوون. سونی تیغ بەهەسان.
هەسونیس: د. هەستونیست.
هەس و هۆڵ: د. خەست و خۆڵ.
هەسەر: هـ. ئێستر.
هەسەوبوون: د. خەستبوونەوە.
هەسێر: ئەستێل.
هەسێرە: ئەستێرە.
هەسێرەزێرینە: هەسوونەزێرینە.
هەسێڵ: د. ئەستێڵ.
هەسی: د. خەستی.
هەسیرە: ئەستێرە.
هەش: ورج (هـ). خۆم.
هەشپش: ئەسپێ.
هەشپشی: هـ. هەشپش.
هەشت: ناوە بۆ ژمارەیەک کە لە ناوەندی حەوت و نۆدایە.
هەشتا: ناوە بۆ ژمارەیەک کە هەشت جار دەیە.
هەشتاڵوو: هـ. قۆخ.
هەشتاڵووکوت: د. قۆخی وشککراوە.
هەشتاو: کەسێکە کە پەلە بکا لە کارێکدا.
هەشتاوی: پەلە و دەست و برد.
هەشتتیر: دەمانچەیەکە کە هەشت گوللە بخوا.
هەشت دان: شەشپەڕ.
هەشتگۆشە: شتێکە کە هەشت سووچی بێ.
هەشتەم: شتێکە کە لە پایەی هەشتدا بێ.
هەشتەمین: هەشتەم.
هەشتهەمین: هەشتەمین.
هەشتێ: ز. هەشتا.
هەشت یەک: لە هەشت بەش بەشێک.
هەشتییەکی: هەشت یەکێکە کە ژن لە کەلەپووری مێردی مندالداری دەیبا.
هەشتی: هەشتگۆشە.
هەشتیر: هەشتتیر.
هەشەکە: د. هەڕەشە.
هەشین: ز. شین. شینایی.
هەشینبوون: ز. سەوزبوونی گیا.
هەفت: ل. حەوت.
هەفتا: حەفتا.
هەفتانە: حەفتانە.
هەفتە: حەفتە.
هەفتەکێش: حەفتەکێش.
هەفتەیی: ل. حەفتەیی.
هەفتیار: ل. کەمتیار.
هەفسار: ز. هەوسار.
هەڤشی: ز. شوێنێکە پەرژین کرابێ بۆ وڵاخ تێکردن.
هەفکین: ز. پەینکە.
هەخووری: ز. سابرێنی پیر.
هەڤ: با. هاو.
هەڤاڵ: با هەڤاڵ.
هەڤاڵ: ز. هاودەم.
هەڤبەر: با. هاوتا.
هەڤبەهر: ز. شەریک.
هەڤدە: ز. حەڤدە.
هەڤراز: با. هەوراز. دەستەچەپ.
هەڤرازی: با. هەورازی.
هەڤران: با. باراش.
هەڤرست: با. دارێکە وەک سنەوبەر بەڵام ئەم زۆر بەرز نابێتەوە.
هەڤرنگ: برنگ.
هەڤرە: ز. وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (پێکەوە) و (تێکرا).
هەڤریشم: ز. ئاوریشم.
هەڤلنگ: با. ئاوەڵزاوا.
هەڤۆتن: فێربوون.
هەڤۆک: با. ڕستە.

هەڵپەرداوتن: کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ناوماڵ. بەچاوەوەکردنی شت و زیان پێگەیاندنی. هەڵپاچینی لقوپۆپی دار و درەخت.
هەڵپەڕاندن: سەماکردن بەگیاندار. پەڕاندن و لێکردنەوەی کەمێک لە شتێک بەنهێم: لە بەردەکەیدا تۆزێکی لێ هەڵپەڕاند.
هەڵپەرداپەڕ: هەڵپەڕ و داپەڕ.
هەڵپەرکێ: هەڵپەڕینی چەند کەسێک بەڕیز.
هەڵپەڕ و داپەڕ: هەڵبەز و دابەز.
هەڵپەڕ هەڵپەڕ: هەڵپەڕ و داپەڕ.
هەڵپەڕین: خۆ هەڵخستنەوە لە خۆشیاندا. جوێبوونەوەی تەڵەزمێک لە شتێکی ڕەق.
هەڵپەرست: کەسێکە بۆ قازانجی خۆی هەرگیز هەل لە دەست نەدا.
هەڵپەساردن: پاڵدانی شتێک بەشتێکی تردەوە لەسەرباری درێژی بۆ ئەوەی کە نەکەوێ.
هەڵپەسارده: هەڵپەسێرراو.
هەڵپەسێرراو: شتێکە کە پاڵ درابێ بەشتێکی تردەوە.
هەڵپەل: دارێکە هەڵپاچرابێ تا نزیک تەوقەسەرەکەی بۆ ئەوەی ڕاست هەڵچێ.
هەڵپەنمان: هەڵناوسان.
هەڵپەنمانن: د. داچڵەکاندن.
هەڵپەنمین: د. داچڵەکین. ئاوسان.
هەڵپێچ: لوولدانی سەری (بن تیک) و دروونی.
هەڵپێچان: خڕ هەڵدانی بەری میوە: ترۆزی و خەیارەکە بەریان (هەڵپێچاوە). تەنگەتاوکردنی یەکێک لەسەر شتێک: قەرزار (هەڵی پێچاوم). هەڵپێچکردنی کاڵا. نەمانی شتێک لە ئارادا: خوا ئەم دەور و دوکانە (هەڵپێچێ).
هەڵپێچران: تەنگەتاوکردنی یەکێک لەلایەن یەکێکی تردەوە: نەریمان چاک لێی هەڵپێچراوە.
هەڵپێچیاگ: د. هەڵپێچراو.
هەڵپێچیان: د. هەڵپێچران.
هەڵپێکان: ئەلقەریزکردنی دەرگا. هەڵپێچان.
هەڵپێکران: داخرانی ئەلقەریزی دەرگا و شتی تر.
هەڵپێکیان: د. هەڵپێکران.
هەڵپیت: هەڵپەل.
هەڵپیتاندن: هەڵپاچینی درەخت. هەڵجیپاندن.
هەڵتراندن: هەڵدان و هەڵکێشانی یەکێک بەدرۆ و ناڕەوا.
هەڵترنگانن: د. هەڵتوزانن.
هەڵتروشکان: چیچکە کردن و خۆ کزۆڵە کردن.
هەڵتردکان: د. هەڵپچڕان.
هەڵترەکیان: د. هەڵترەکان.
هەڵتلۆپان: هەڵتلۆپین.
هەڵتلۆپین: بریتییە لە مردن، ئەم وتەیە بۆ سووکی دەوترێ.
هەڵتلیشان: دڕانی شت لە ڕاستی سەربەرەوژوور.
هەڵتلیشاندن: دڕاندنی شت لە ڕاستی سەربەرەوژوور.
هەڵتۆڕان: هەڵتیزان.
هەڵتۆڕاندن: هەڵتیزاندن.
هەڵتوروشکان: هەڵتروشکان.
هەڵتۆقان: هەڵتۆقین.
هەڵتۆقیاگ: د. هەڵتۆقیو.
هەڵتۆقیان: د. هەڵتۆقین.
هەڵتۆقین: بەرزبوونەوەی شوێنێک لە ئەندام بەهۆی زەبر پێ گەیشتنییەوە. سەر دەرهێنانی کارگ و دومەڵان لە زەوی.
هەڵتۆقیو: شوێنێکە کە هەڵتۆقیبێ.
هەڵتووتان: چیچکەکردن.
هەڵتووتیان: د. هەڵتووتان.
هەڵتووڕان: هەڵتۆڕان.
هەڵتووڕاندن: هەڵتۆڕاندن.
هەڵتووزان: هەڵخلیسکان.
هەڵتووزیان: د. هەڵتووزان.
هەڵتەقان: هەڵپچڕانی دروومان. لەیەک کەوتنی دوو شت: ئەو دوو ئۆتۆمۆبیلە بەیەکدا (هەڵتەقان).
هەڵتەقیان: د. هەڵتەقان.
هەڵتەقین: هەڵتەقان.
هەڵتەکان: هەڵوەشان. سوختبوونی یەکێک لە دارایی: فیسار کەس (هەڵتەکاوە) واتە هیچی نەماوە.
هەڵتەکاندن: هەڵوەشاندن. دارایی نەهێشتن بەیەکێک و سوختکردنی. تەتەڵەکردنی برنج و تووتن و شتی تر بەسینی یا بەلەنگەری. ڕاوەشاندنی هێندێ شت. هەڵپچڕاندن.
هەڵتەک و پەڵتەک: زۆر هەڵگرتن و دانانی شتێک.
هەڵتەک و داتەک: بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شتی سەریشتی ولاخ.
هەڵتەک هەڵتەک: تەکەتەککردنی ئەندام و کاڵای مەردووم لە ڕۆیندا.
هەڵتەکیان: د. هەڵتەکاندن.
هەڵتەکین: هەڵتەکان.
هەڵتیزان: ڕاکردن و جووتە وەشاندنی گوێدرێژ.
هەڵتیزاندن: هەڵتیزان.
هەڵجووزان: د. هەڵتووزان.
هەڵجیپاندن: سازکردن و قوتکردنەوە و پێکهێنانی شت بەکەموکوڕی.

هەڵبرژیان: د. هەڵبرژان.

هەڵبرنگان: هەڵبڕنگان.

هەڵبرینگان: هەڵبرنگان.

هەڵبزرکان: ڕەنگ پەڕینی مەردووم لە ترسا یا لە تەریقیدا. زەرد و سیسبوونی سەوزایی. تێکچوونی شیر.

هەڵبـژاردن: پەسندکـردنی شـتـێک لەناو چەند شـتـێکدا و هەڵگرتنی.

هەڵبژاردە: شتی یەکەیەکەی پەسندکراو.

هەڵبژانن: د. هەڵبژاردن.

هەڵبژنیاگ: د. هەڵبژێردراو.

هەڵبژنین: د. هەڵبژاردن.

هەڵبژیاگ: د. هەڵبژنیاگ.

هەڵبژێراو: شتی هەڵبژاردە.

هەڵبژین: د. هەڵبژاردن.

هەڵبگاردن: هەڵبوواردن.

هەڵبلۆقان: هەڵبلۆقین.

هەڵبلۆقین: جوولانەوەی گیاندار لەسەر زەوی وەک جوولانەوەی ماسی لەسەر زەوی و مار لەپاش سەر پانکردنەوەی.

هەڵبلۆقینەوە: هەڵبلۆقین.

هەڵبلووقانەوە: هەڵبلۆقینەوە.

هەڵبورنگان: ڕەوینەوەی هەور و نەمانی باران.

هەڵبوواردن: بوواردن و پەڕاندنی شتێک لەناو چەند شتێکدا ناو بەناو.

هەڵبوون: داگیرسان.

هەڵبـەت: وتەیەکە بەکـاردێنرێ لە شـوێنێکدا کە مایەی شـتـێک دیار نەبێ: تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵی فلانەکەس کەچی جوابیان نەبوو، تۆش دەڵێیت هەڵبەت لەوێ نەبوون.

هەڵبەتە: هەڵبەت.

هەڵبەز و دابەز: خۆبەرزکردنەوە و بازدەڵبازدی گیاندار.

هەڵبەزهەڵبەز: هەڵبەز و دابەز.

هەڵبـەزینەوە: بەرزبوونەوەی شـتـێک بەهۆی کـەوتنی لە شـتـێکی ترەوە بەنهێم.

هەڵبەست: شتی درۆی دروستکراو. شیعر.

هەڵبـەسـتـراو: وتاری درۆی ڕێکخـراو. گـۆڕێکە کـە بەبەرد بەرز کرابێتەوە لە زەوی. چەفتە و مشکی و هێندێ شتی ترە کە ڕیشووەکەی بادرابێ. شیعر.

هەڵبەستن: ڕێکخـسـتنی قـسـەی درۆ. بەرزکردنەوەی گۆڕ بەبەرد. بادانی ڕیشـووی قـەراغی چەفـتـە و مـشکی و شـتـی تر. ڕێکخستنی شیعر.

هەڵبەستنەوە: گرتنەوەی شوێنی شکاو لە ئەندام.

هەڵبەستە: هەڵبەستراو.

هەڵبەسە: د. هەڵبەستە.

هەڵبەسیاگ: د. هەڵبەستراو.

هەڵپاچان: گیایەکی بەهارییە وەک سێپەڕە وایە بەکوتراوی لەگەڵ ڕۆندا تێکەڵ دەکرێ بۆ کەچەڵی زۆر باشە.

هەڵپاچین: بڕینی لقی قەدی دار و درەخت. کورتکردنەوەی مووی گیاندار بەمەقەست.

هەڵپچران: لەیەک بەربوونی شتی درواو.

هەڵپـچـڕاندن: لەیەک بەردانی شتی بەیەکەوە درواو یا بەیەکـەوە نووساو بەنهێم.

هەڵپچڕاوی: عاستی هەڵپچڕانی شت.

هەڵپچرکان: هەڵوەرین.

هەڵپچڕکاندن: هەڵوەراندنی پەڕەی گوڵ و گەڵای درەخت و گیا.

هەڵپچرین: هەڵپچڕاندن.

هەڵپچورکان: هەڵپچڕکان.

هەڵپچورکاندن: هەڵپچڕکاندن.

هەڵپرچانن: هەڵپروسکاندنی شتێک لە دەست یەکێک.

هەڵپروزقانن: هەڵپڕوسکاندن.

هەڵپروسقاندن: هەڵپروسکاندن.

هەڵپڕوسکاندن: فڕاندنی شتێک لە دەست یەکێک.

هەڵپـڕووزان: نیـوە سووتانی هێندێ شت: لفکەکە یا گـەنمەکـە یا گۆشتەکە (هەڵپڕووزا).

هەڵپڕووزاندن: نیوە سووتاندنی هێندێ شت.

هەڵپڕووزانن: هەڵپڕووزاندن.

هەڵپڕووکان: هەڵپڕووزان.

هەڵپڕووکاندن: هەڵپڕووزاندن.

هەڵپـڕژان: بڵاوبوونەوەی پریشکی ئاو بەهۆی شـتـێکەوە کـە تێی کەوێ.

هەڵپـڕواندن: پرواندنی گـوڵـی گـەنم و جـۆ و هـێندێ شـتـی تر بەسەربەکدا.

هەڵپروانن: د. هەڵپرواندن.

هەڵپڕیواندن: هەڵپرواندن.

هەڵپزگران: بزرکانی شیر.

هەڵپشافتن: هەڵفلیقان. هەڵگلۆفتن.

هەڵپشاوتن: هەڵپشافتن.

هەڵپشکووتن: هەڵپەڕینی وردە برین بەئەندام.

هەڵپلۆخان: داپلۆخان.

هولپلۆسکانن: د. کوشتنی گیاندارێک .

هەڵپلۆسکیاگ: د. گیانداری مردوو.

هەڵپـە: پەلەپەلکردن لە خـواردن و کـاروبـاردا، (هەڵپـەهەڵپ) هەڵپەی یەک لەدوای یەک.

هەڵدێر: هەڵدێرگە.

هەڵدێران: کەوتنەخوارەوە لە شوێنی بەرز.

هەڵدێراو: گیاندارێکە کە لە بەرزییەکەوە کەوتبێتە خوارەوە.

هەڵدێرگە: جێی سەختی زۆر لێژ.

هەڵدێریاگ: د. هەڵدێراو.

هەڵدێریان: د. هەڵدێران.

هەڵڕژان: ڕژانی شت سەربەرەوخوار بەهوروژم.

هەڵڕژاندن: هەڵڕشتن.

هەڵڕژاو: شتێکە کە بەهوروژم هەڵڕژابێ.

هەڵڕژیاگ: د. هەڵڕژاو.

هەڵڕژیان: د. هەڵڕژان.

هەڵڕشتن: ڕشتنی شت بەهوروژم.

هەڵڕوانین: ڕوانین و حاوبڕینە شت بەبەرزی.

هەلز: ز. هەڵز.

هەڵز: گیایەکی کوێستانییە دەدرێ بەئاژاڵ و بەرزە وڵاخ و ڕۆنەکەی دەگیرێ بۆ کوشتنی کرمی برینی ئاژاڵ و، بەناسکی دەخورێ.

هەڵزرانن: د. جۆشدانی شتێک لەسەر ئاگر.

هەڵزران: هەڵتلیشان.

هەڵزراندن: هەڵتلیشاندن.

هەڵزرنگانن: د. هاندانی یەکێک لەسەر شتێک.

هەڵزریان: د. جۆشدان.

هەڵزلەپان: هەڵزلەپین.

هەڵزلەپین: ئاوسان و سووربوونەوە و بلۆقکردنی ئەندام.

هەڵزنین: هەڵگەڕان بەقەد شتدا.

هەڵزووران: هەڵپرووزان.

هەڵزەقینەوە: هەڵبەزینەوە.

هەڵژلێویان: د. هەڵشێوانی شتێک. پێچخواردن.

هەڵژماردن: ژماردنی شت یەکەیەکە .

هەڵژماردە: شتی ژمێراو. شتی هەڵبژاردە.

هەڵژمێرراو: شتێکە کە ژمێررابێ. شتی هەڵبژێرراو.

هەڵسان: ڕاستبوونەوەی گیاندار بۆ سەرپێ. بریتییە لە بەرز بوونەوە و بەخۆداهاتنی سەوزی. بریتییە لە هاتن و زۆر بوونی ئاوی چەم. ڕەقبوونی چووکی نێر.

هەڵساندن: ڕاستکردنەوەی گیاندار.

هەڵسانن: هەڵساندن.

هەڵسانەوە: کەوتنەوە سەرپێی نەخۆش. بریتییە لە دەوڵەمەندبوونەوەی کەسێک کە هەژار کەوتبێ.

هەڵسپاردن: هەڵپەساردن.

هەڵسپێریاگ: د. هەڵپەسێرراو.

هەڵستان: هەستان.

هەڵسووڕان: چەرخین و خولاندنەوەی شت. ئامادەبوونی کارێک.

هەڵسووڕاندن: خولاندنەوەی شت. ئامادەکردنی کارێک.

هەڵسووڕیان: د. هەڵسووڕان.

هەڵسەنگاندن: تاقیکردنەوەی سووکی و قورسی شت بەبەرزکردنەوەی.

هەڵسەنگانن: هەڵسەنگاندن.

هەڵشاخان: تووڕەبوون و شاتاندن بەسەر یەکێکدا.

هەڵشاخین: هەڵشاخان.

هەڵشڵنگاندن: لاف لێدان بەکردنی کارێک و تەواونەکردنی: خۆی هەڵشڵنگان و کەچی هیچیش.

هەڵشنگاندن: هەڵشڵنگاندن.

هەڵشڵەپاندن: هەڵگوشین و بەیەکدادانی شت.

هەڵشماردن: د. هەڵژماردن.

هەڵشەنگاندن: هەڵشڵنگاندن.

هەڵشێلان: شێلانی شت بەسەر یەکدا.

هەڵشێوان: تێکەڵاوبوونی شت بەسەر یەکدا. تێکچوونی دڵ.

هەڵشێواندن: تێکەڵاوکردن.

هەڵشێوانن: هەڵشێواندن.

هەڵشێویان: د. هەڵشێوان.

هەڵفرتاندن: د. دەست پێوەنان و دەرکردن.

هەڵفڕاندن: باڵ پێگرتنەوەی باڵدار. بریتییە لە ئاوارەکردنی یەکێک لە جێ و ڕێی خۆی.

هەڵفڕەهەڵفڕ: باڵەفڕە کردنی باڵدار .

هەڵفڕین: باڵگرتنی باڵندە و کەوتنە حەوای.

هەڵفریوان: هەڵخەڵەتان.

هەڵفریواندن: هەڵخەڵەتاندن.

هەڵفلێقاندن: د. هەڵفلیقاندن.

هەڵفلیقاندن: شێواندن و گوشینی شت بەسەر یەکدا.

هەڵفلیقاوە: شتێکە کە بەسەر یەکدا فلیقابێتەوە.

هەڵفلیقیاگ: د. هەڵفلیقاوە.

هەڵفلیقیان: د. فلیقانەوەی شت.

هەڵقاچین: هەڵپاچین.

هەڵقرچان: کرژبوونی شت لەبەر تینی گەرمی.

هەڵقرچاندن: لێو هەڵقورتاندن لە یەکێک.

هەڵقرچاو: شتێکە کە کرژ بووبێ لەبەرتینی گەرمی. لێوێکە کە هەڵقورتابێ.

هەڵقرچیاگ: هەڵقرچاو.

هەڵقرچیان: د. هەڵقرچان.

هەڵقڵتیان: د. جۆشخواردنی شتی شل.

هەڵچ: ه. قارچک.
هەڵچرچان: هەڵقرچان.
هەڵچرچاو: د. شتێکە چرچ بووبێ .
هەڵچرچیاگ: د. هەڵچرچاو.
هەڵچرچیان: د. هەڵچرچان.
هەڵچنراو: چەند شتێکە کە لەسەر یەک ریز کرابێ. شتێکە کە چنرابێتەوە.
هەڵچنیاگ: د. هەڵچنراو.
هەڵچنین: دانانی چەند شتێک یەک لەسەر یەک و چین لەسەر چین. چنینەوەی شتی رژاو لەسەر زەوی بەدەست یا بەدەندووک.
هەڵچۆ: مەردوومی تێهەڵچۆ.
هەڵچۆڕان: هاتنەخوارەوەی شتی شل لە دەفری سەر بەرەوخوارکراو.
هەڵچۆڕاندن: خوارکردنەوەی دەفر بۆ هاتنەخوارەوەی شتێکی شل لێی.
هەڵچۆڕیان: د. هەڵچۆڕان.
هەڵچۆڕین: هەڵچۆڕان.
هەڵچۆقان: هەڵچۆقین.
هەڵچۆقین: هەڵ لەرزین لە سەرماندا .
هەڵچوون: هەڵکفان و بەرزبوونەوەی شتی شل لەسەر ئاگر لە کاتی قوڵپدانیدا. بازدبردن بەسەر ئەو کەسەی کە لە یاریدا دەبێ، بەرزبوونەوەی دار و درەخت. بریتییە لە تووڕەبوون.
هەڵچەرخان: وەرچەرخان.
هەڵچەرخاندن: وەرچەرخاندن.
هەڵچەرخیان: د. هەڵچەرخان.
هەڵچەرخین: هەڵچەرخان.
هەڵچەقین: چوونی درک و دەرزی بەئەندامدا.
هەڵخراندن: خرەهەڵدانی هێندێ شت بەدەست وەک کفتە و سەلکە ترخێنە. بریتییە لە پێکهێنانی هێندێ شت بەپەنهانی.
هەڵخرپیاگ: د. هەڵخراو.
هەڵخریان: د. هەڵخران.
هەڵخزان: هەڵخلیسکان.
هەڵخزیان: د. هەڵخزان.
هەڵخزین: هەڵخزان.
هەڵخستن: بڵاوکردنەوەی شتی تەڕ بۆ وشکبوونەوەی. هەڵدانی مێچ لە یاریدا. فڕێدانی شت. دروستکردن و بەرزکردنەوەی خانوبەرە: وەستاکە ئەم خانووەی جوان (هەڵخستووە).
هەڵخستنەوە: قونەکردن و هەڵپەڕین لە خۆشیاندا: فیسار کەس لە خۆشیاندا هەر خۆی (هەڵدەخاتەوە).

هەڵخلاتن: خرەخرکردن بەشت. هەڵخراندن.
هەڵخلەتان: هەڵخەڵەتان.
هەڵخلەتاندن: هەڵخەڵەتاندن.
هەڵخلیسکان: خزانی پێ لە شوێنی خز.
هەڵخلیسکاندن: خزاندنی پێی یەکێک.
هەڵخواز: هەڵپەرست.
هەڵخوراندن: خوراندنی شوێنێک لە ئەندام بەتوندی.
هەڵخۆزانن: د. هەڵبەزاندنەوە.
هەڵخۆزتن: د. هەڵبەزینەوە.
هەڵخۆزین: د. هەڵخۆزتن.
هەڵخۆستن: د. هەڵخۆزتن.
هەڵخۆندن: وتنی شتی خراپ بەسەر یەکێکدا.
هەڵخۆنن: هەڵخۆندن.
هەڵخەڵەتان: فریوخواردنی مەردووم.
هەڵخەڵەتاندن: فریودانی یەکێک بەقسەی درۆ.
هەڵداشتن: خستنە خوارەوەی شتێک لە بەرزییەکەوە.
هەڵدان: فڕێدانی شت بۆ لای ژوورروو. ژمارەکردنی شت لەدوای یەک بەناوبردنیان: فیسار کەس چی بەسەر هاتبوو هەمووی (هەڵدا). مەدحکردنی یەکێک بەدرۆ بۆ لاسدانی. هاتنە قسەی یەکێک بەبێ ئەوەی رووی تێ بکرێ: تا لێت نەپرسن لە هیچ قسەیەکدا (هەڵمەدەرێ).
هەڵدانەوە: لابردنی سەری شتی داپۆشراو. پەیدابوونەوەی برین یا نەخۆشی کۆن. سەوزبوونەوەی دار و درەخت و شینایی کۆن لەسەر ریشەکەیانەوە.
هەڵدڕان: دڕانی شت لە باری درێژی.
هەڵدڕاوی: عاستی هەڵدڕانی شت .
هەڵدڕیاگ: د. هەڵدڕاو.
هەڵدڕیان: د. هەڵدڕان.
هەڵدڕین: دڕینی کاڵا لەسەر باری درێژی. هەڵکەندنی زەوی بەدرێژی و قووڵی.
هەڵدرواو: شتێکە لە ڕاستە درواب‌ێ.
هەڵدروو: هەڵدرواو: هەڵدرووی کە واتە بیکە بە هەڵدروو.
هەڵدروون: لەیەکدانی پارچەی کاڵا بەتەقەڵ لەسەر شان.
هەڵدورواو: هەڵدرواو.
هەڵدوریاگ: د. هەڵدرواو.
هەڵدورروون: هەڵدروون.
هەڵدوریان: د. هەڵدروون.
هەڵدورین: هەڵدروون.
هەڵدۆشین: دۆشینی مەمکی ئافرەت.
هەڵدوورین: هەڵدورین.

هەڵکەنراو: شتێکە کە لەبن دەرهێنرابێ.

هەڵکەنن: د. هەڵکەندن.

هەڵکەنیاگ: د. هەڵکەنراو.

هەڵکەوت: ڕێکەوت.

هەڵکەوتن: هەڵنەنگوتن. ڕێکەوتن. پەیدابوونی شتێک لەناو چەند شتێکی تردا زۆر بەباشی.

هەڵکەوتوو: شتێکی زۆر چاکی نایابە لەناو چەند شتێکی تردا.

هەڵکەوتە: هەڵکەوتوو.

هەڵکەهەڵک: هەنکە هەنک.

هەڵکێشان: دەرهێنانی شتێک لە شتێکی تر بەنهێم. هەڵدانی یەکێک بەدرۆ بۆ لاسدانی. بەرزکردنەوەی شتێک لە چاڵاییییەوە بۆ بەرزی.

هەڵکێشیان: د. هەڵکێشان.

هەڵگرتن: گرتنی شتێک بەدەست و بەرزکردنەوەی. هەڵکێشانی مووی دەموچاو بەکشتەک. ڕەدوخستنی ئافرەت بەدزی کەسوکارییەوە لەلایەن دۆستییەوە بۆ ئەوەی مارەی بکا. کردنی شاف بەکۆمدا.

هەڵگرتنەوە: سڕینەوەی شتی نووسراو. هەڵگرتنی مەڕ و بزنە بۆ کار و بەرخێک کە دایکیان نەمابێ.

هەڵگرتەیی: تیلکردنی هەڵمات بەجۆرێک کە لە زەوی بەرزبێتەوە.

هەڵگران: داگیرسان و گڕگرتنی ئاگر. بریتییە لە دەوڵەمەندبوونی یەکێک زووبەزوو: فیسار کەس زوو (هەڵگرا).

هەڵگرسان: هەڵگیرسان.

هەڵگرساندن: هەڵگیرساندن.

هەڵگرسانن: هەڵگیرساندن.

هەڵگرسیاو: د. هەڵگیرساو.

هەڵگوتن: مدح.

هەڵگۆزان: هەڵگۆزین.

هەڵگۆزین: هەڵێنجانی ئاو لە بیر یا لە حەوز.

هەڵگۆستن: هەڵگۆزین.

هەڵگوشین: گوشینی شت پڕ بەچنگ.

هەڵگولۆفتن: گوشین و بەیەکدادانی شت بەدەست.

هەڵگولۆفین: هەڵگولۆفتن.

هەڵگوواستن: هەڵگۆزین.

هەڵگەران: هەڵچوون بەقەد دار و درەخت و شوێنی بەرزدا.

هەڵگەڕاندنەوە: ئەم دیو ئەودیوکردنی شت. دەرکردنی یەکێک لەژێر فەرمانی یەکێک.

هەڵگەڕانەوە: ئەم دیو ئەودیوبوونی شت. ئاوڕدانەوەی گیاندار بەملا و بەملا یا دەرچوون لەژێر فەرمانی یەکێک.

هەڵگەڕاوە: شتێکە کە هەڵگەڕابێتەوە.

هەڵگێڕانەوە: ئەم دیو ئەودیوکردنی شت. پەشیمان کردنەوەی یەکێک لە یەکێک.

هەڵگێڕ و داگێڕ: ئەم دیو ئەودیوکردنی شت.

هەڵگێڕ و وەرگێڕ: هەڵگێڕ و داگێڕ.

هەڵگیرسان: داگیرسانی ئاگر و چرا. بریتییە لە دەست پێکردنی جەنگ و هەرا.

هەڵگیرساندن: داگیرساندنی ئاگر و چرا. بریتییە لە دامەزراندنی جەنگ و هەرا.

هەڵگیران: ڕەدووکەوتنی ئافرەت بۆ پیاو.

هەڵگیراو: شتێکە کە هەڵگیرابێ. ئافرەتی ڕەدووکەوتوو.

هەڵگیریاک: د. هەڵگیراو.

هەڵڵا: هەرا و هوریا، (هەڵڵا هەڵڵا) هەرا و هوریای زۆر.

هەڵڵمبلڵم: ڕۆیشتن پێ بەپێ بەم ڕەنگە پاژنەی ئەو پێیە کە دەیگوێزێتەوە بینووسێنیت بەپەنجەی ئەوی ترتەوە.

هەڵلووشان: هەڵلووشین.

هەڵلووشین: هەڵمژینی شت بەدەم بەلووت بەجۆرێک کە دەنگی لێوەبێ.

هەڵلەرزین: لەرزین لە سەرما یا لە ترسا.

هەڵم: شتێکە وەک دوکەڵ لە تەڕی و گەرمی پەیدا دەبێ.

هەڵمات: شتێکی خڕی لووسی پچکۆلانەیە لەبەرد یا لە شووشە منداڵ یاری پێ دەکات.

هەڵماتان: د. هەڵماتێن.

هەڵماتێن: یاری کردن بەهەڵمات.

هەڵماسیان: د. هەڵاوسان.

هەڵماسین: د. هەڵماسیان.

هەڵماڵران: گورجبوونەوەی داوێن و دەرەلنگی کاڵا.

هەڵماڵیان: د. هەڵماڵران.

هەڵماڵین: گورجکردنەوەی قۆڵی کاڵا یا داوێن و دەرەلنگ.

هەڵماو: ئاوێکە کە بەهەڵم گیرابێ (ئاوی مقطر).

هەڵمژاردن: هەڵژماردن.

هەڵمژتن: هەڵمژین.

هەڵمژین: هەڵلووشینی شت بەدەم یا بەلووت بەتوندی.

هەڵمان: هەڵئاوسان.

هەڵمساو: هەڵئاوساو.

هەڵمشتن: هەڵمژتن.

هەڵملیسان: ماچکردن بەتاسە و هەڵمژینەوە.

هەڵملیسین: هەڵملیسان.

هەڵمەت: پەلامار.

هەڵمەتبردن: پەلاماردان.

هەڵقلیشان: لەتبوونی دار لەباری درێژی.

هەڵقلیشاندن: لەتکردنی دار لە باری درێژی.

هەڵقورتان: خۆقوتکردنەوە و تێچوون لە کارێکدا.

هەڵقورتاندن: لچ خوارکردنەوە لە یەکێک بەمۆرییەوە.

هەڵقورتیان: د. هەڵقورتان.

هەڵقوڕاندن:خواردنەوەی شتی شل بەڕەنگێک کە دەنگی لێوەبێ.

هەڵقوڕانن: د. هەڵقوڕاندن.

هەڵقوڵان: هەڵقوڵین.

هەڵقولتان: د. هەڵقورتان.

هەڵقولتیان: د. هەڵقولتان.

هەڵقولیان: د. هەڵقوڵان.

هەڵقوڵین: هاتنەدەرەوەی ئاو لە زەوی بەقوڵپ. بریتییە لە پەیدابوون و قوتبوونەوەی یەکێک کوتوپڕ: ئەوە لە کوێوە (هەڵقولایت).

هەڵقون هەڵقون: قونەقونکردنی گیاندار.

هەڵقونیان: د. پەیدابوونی شتێک کوتوپڕ .

هەڵقونین: خۆهەڵخستنەوە و قونەکردن .

هەڵقەمچان: خواربوونەوە و هەڵگەڕانەوەی شت.

هەڵقەندن: هەڵکەندن.

هەڵکالان: هەڵشاخان.

هەڵکالیان: د. هەڵکالین.

هەڵکالین: هەڵشاخان.

هەڵکرچان: هەڵقرچان.

هەڵکرچاندن: هەڵقرچاندن.

هەڵکرچیان: د. هەڵکرچان.

هەڵکرد: گوزەران و ڕابواردن: ئەمە بازاڕم بێ (هەڵکرد)م نابێ.

هەڵکردن: داگیرساندنی چرا و ئاگر. پەیابوونی با: ڕەشەبا (هەڵی کرد). هەڵدان و بلاوبوونەوەی بەیداخ. لاودانی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر: ئاوەکە (هەڵکەرە) سەر مەرەزەکە. کۆکردنەوەی بەن و دەزوو لەسەر شتێک. گوزەرانکردن: لەگەڵ تۆ (هەڵناکەم). گورجکردنەوەی شت: داوێنت (هەڵکە).

هەڵکڕاندن: خوراندنی شوێنێک بەنینۆک بەجۆرێک کە کرەی لێوە بێ. بریتییە لە زانینی شتێکی کەم لە باسێکی نووسراوی گران: تۆزێکم لە دەرسەکەم (هەڵکڕان). پەیداکردنی شتێکی کەم بەچنگەکرێ: بەشی گوزەرانی ئیمڕۆم (هەڵکڕان).

هەڵکرن: ز. هەڵکەندن.

هەڵکریان: د. هەڵکردنی ڕیس.

هەڵکزان: سووربوونەوەی شت لەسەر ئاگر.

هەڵکزاندن: سوورکردنەوەی گۆشت و دووگ لەسەر ئاگر.

هەڵکزانن: د. هەڵکزاندن.

هەڵکزیان: د. هەڵکزان.

هەڵکشان: بەرەوژووربوونەوەی شت .

هەڵکشاو: بریتییە لە مەردوومی بالابەرز. شتی هەڵکێشراو.

هەڵکشاوی: ئەلفێکی پچکۆلەیە لەسەر پیتێکی عەرەبی دادەنرێ کە ئەلفی بەددمەوە بێ.

هەڵکشیان: د. هەڵکشان.

هەڵکفان: هەڵزلەپین و ئاوسانی جەستە. هەلاتن و بەرزبوونەوەی هەویر. هەڵچوونی چێشت لەسەر ئاگر.

هەڵکفاندن: بەئەسکوێ هەڵگرتن و تێکردنەوەی شتێک کە لەسەر ئاگر هەڵچێ .

هەڵکفانن: د. هەڵکفاندن.

هەڵکفیان: د. هەڵکفان.

هەڵکفین: هەڵکفان.

هەڵکلاشیان: د. هەڵکلاشین.

هەڵکلاشین: د. هەڵکڕاندنی جەستە.

هەڵکنیاگ: د. هەڵکەنراو.

هەڵکوتان: شوشتنی کالا بەگرمۆڵەیی و کوتانی بەسەر شتێکدا. هەڵکوتانە سەر شتێک.

هەڵکوتاندن: شوشتنی کالا بەهەڵگلۆفتنی و دانی بەشتێکدا.

هەڵکوتانن: د. هەڵکوتاندن.

هەڵکوتانەسەر: پەلاماردان و چوونە سەر شتێک بەچالاکی.

هەڵکوت هەڵکوت: خۆکوتان و هاتن لە ڕێیەکی دووردەوە بۆ مەبەستێک.

هەڵکوتیان: د. هەڵکوتان.

هەڵکوڕووزان: هەڵپڕووزان.

هەڵکوڕووزاندن: هەڵپڕووزاندن.

هەڵکوڕووزانن: هەڵکوڕووزاندن.

هەڵکولۆشاندن: د. هەڵکۆڵین.

هەڵکولۆشانن: د. هەڵکولۆشاندن.

هەڵکولۆشیان: د. هەڵکۆڵین.

هەڵکولۆشین: د. هەڵکۆڵین.

هەڵکۆڵین: هەڵکەندنی شتێک بەقووڵی.

هەڵگەڕاننەوە: د. هەڵگەڕاندنەوە.

هەڵکەفت: د. هەڵکەوت.

هەڵکەفتگ: د. هەڵکەوتوو.

هەڵکەفتن: د. هەڵکەوتن. هەڵەنگووتن.

هەڵکەندن: دەرهێنانی شتێک لە شتێک بەنهێم. کۆڵینەوە و هەڵگێڕانەوەی هەموو شتێک. نووسین لەسەر مۆر.

هەڵوێستان: هەڵوەستان.
هەڵە: گیاندارێکە کە لە کاروباردا لەبەر تێ نەبینی تێ بکەوێ.
بێژنگ و قەلبیری شاش. شتی ناڕاست.
هەڵهاتن: هەڵاتن.
هەڵهاتوو: هەڵاتوو.
هەڵهاێن: هەڵهێنان.
هەڵهاینەوە: هەڵهێنانەوە.
هەڵهاووردن: هەڵهێنانی شت.
هەڵهاووردنەوە: هەڵهێنانەوە.
هەڵهاویشتن: هەڵاویشتن.
هەڵهاوێن: هەڵاویستن.
هەڵەباش: گیانداری هەڵەی جلفڕ.
هەڵەبوون: ڕێ ونکردن.
هەڵەپاس: سەگی هەڵەوەڕ.
هەڵەت: شوێنی سەخت لە شاخ.
هەڵەتانج: باڵندەیەکی ئاوی سوور و سپی زۆر جوانە لە قاز پچووکتر و لە مراوی گەورەترە.
هەڵەخەرج: د. مەردوومی دەست بڵاو.
هەڵەداوان: ڕۆینی بەپەلە و پەشۆکاوی.
هەڵەرە: د. هەڵووکێن.
هەڵەشە: هەڵەباش.
هەڵەشەیی: جلفڕی گیاندار.
هەڵەفە: قوڵفە.
هەڵەق مەلەق: د. هەڵلەق مەڵلەق.
هەڵەک: ز. ئەلقەی ئاسن و شتی تر.
هەڵەکار: کەسێکە لە کاروباریدا هەڵەی زۆربێ.
هەڵەکردن: پەلەپەلکردن. غەڵەتکردن: هەڵەت زۆرە لە نووسیندا یا لە قسەکردندا یا لە ژماردندا.
هەڵەکۆک: گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک بی وایە بنکێکی شیرینی خۆشی هەیە.
هەڵەکە: د. هەڵەکەسەما.
هەڵەکە سەما: مشکگرە.
هەڵەگەڕ: د. کەسێکە کە زۆر بگەڕێ و ڕێی بکەوێتە هەموو شوێنێک.
هەڵەم: ترێیەکە کە دەنکەکەی ناوبەناو گەورە نەبووبێ و، بەووردی مابێتەوە.
هەڵەمکردن: وەرینی بەرسیلە لە کاتی ڕشانەوەیدا.
هەڵەموت: کێوی زۆر سەختی هەزار بەهەزار.
هەڵەموور: با. ژیلەمۆ.
هەڵەنگووتن: هەڵنەنگوتن.
هەڵەودان: د. هەڵدانەوە.
هەڵەوگەڕ: هەڵەوگێڕ.
هەڵەوگەڕانەوە: د. هەڵگێڕانەوە.
هەڵەوگەڕیان: د. هەڵگەڕانەوە.
هەڵەوگێڕانەوە: د. هەڵگێڕانەوە.
هەڵەوهاووردن: د. هەڵهێنانەوەی شت بەهێلنج.
هەڵەوەڕ: سەگی هەڵەپاس. بریتییە لە مەردوومی دەم پیسی بێ شەرم.
هەڵەوەڕی: زۆر وتن بەبێ شەرمانە.
هەڵهەلووک: با. بەڵاڵووک.
هەڵهەلە: جۆرە قریوەیەکە ژنان لە شاییدا دەیکێشن.
هەڵهەلەکێش: کەسێکە لە شاییدا هەڵهەلە بکێشێ.
هەڵهەلەکێشان: قریوە کێشان لە شاییدا.
هەڵەهەڵ: قسەکردن بەپەلە و دەنگی بەرز.
هەڵهێنان: بەرزکردنەوەی پێڵووی چاو. کردنی هێلکە بەجووجەڵە بەهۆی کڕکەوتنی باڵندەوە لەسەری یا بەهۆی ماکینەوە. دۆزینەوەی قسەی ناو دڵ و شتی شاراوە: ئەوی لە دڵمایە یا ئەوی لە مستمایە (هەڵی بێنە).
هەڵهێنانەوە: برینی ملیوان و نافەک بەمەقەست. ڕشانەوە و هێنانەوەی خواردنی دەروون.
هەڵهێنجان: هێنانە دەرەوەی ئاو لە بیر بەدۆڵچە و گوریس.
هەڵەیی: تێ نەبینی لە کاروباردا.
هەلیسکان: هەڵخلیسکان.
هەلیسە: ل. هەریسە.
هەڵێنجان: هەڵهێنجان.
هەلینگ: دەرەلنگی دەرپێ.
هەڵێتر: هەڵێترگ.
هەڵێترگ: کارووش.
هەڵێت و پەڵێت: د. خلێت و پلێتی ناو ماڵ.
هەڵێز: هـ. مەشکە.
هەڵێزەبرە: هـ. مەشکەدرە.
هەلیلە: جۆرە دەرمانێکی تفت و تاڵی ڕەوانی گەرمیانییە. جۆرە گیایەکی باڵا بەرزە شتێکی درێژکۆلەی دانە دانە دەگرێ، ددانی پێ دەناژنرێ.
هەلێن: هەڵهێنان.
هەڵێن: کۆڵ.
هەم: دیسان.
هەمار: د. عەمار.
هەماراو: د. عەماراو.
هەمارکردن: د. عەمارکردن.

هەڵمەتدان: هەڵمەتبردن.

هەڵمەتدەر: کەسێکە کە هەڵمەت بەرێ.

هەڵمەتەکاسە: بریتییە لە مەردوومی خۆ تێ هەڵقورتێن لە هەموو کارێکدا. بریتییە لە مەردوومی زۆرخۆری چنۆک.

هەڵمەقۆ: جۆرە یارییەکە بەهەڵدان و گرتنەوەی چەند بەردێکی ورد دەکرێ.

هەڵمەقووت: قووتدانی شتی گەرم.

هەڵمەڵە: هـ. هێرۆ.

هەڵمیزان: بەپێوە میزکردنی هێندێ گیاندار بەقەد شتێکی بەرزدا.

هەڵمیزتن: هەڵمیزان.

هەڵنان: هەڵپەساردن. مەدحکردن.

هەڵناوین: د. هەڵسوونی شتێک لە شتێک.

هەڵنج: د. هێڵنج.

هەڵنگافتن: با. هەڵەنگوتن.

هەڵنوارین: هەڵروانین.

هەڵنۆشین: د. خواردنەوەی شتی شل .

هەڵنوتن: هەڵەنگوتن.

هەڵنووزان: لە خوا پاڕانەوە لەگەڵ نووزە و دەست بەرزکردنەوە و چاو برینە ئاسمان.

هەڵنیشتن: خۆ کزۆڵەکردن و سنگنانە زەوی باڵندە لە شەودا.

هەڵۆ: باڵندەیەکی ڕاوکەزی دڕی گۆشتخۆری تیژ باڵە.

هەڵوا: حەڵوا.

هەڵواستن: هەڵواسین.

هەڵواسران: بوونی شت بەجۆرێک کە هەڵواسرابێ.

هەڵواسراو: شتێکە کە هەڵواسرابێ.

هەڵواسین: بەندکردنی شتێک بە بەرزییەکەوە.

هەڵوایی: حەڵوایی.

هەڵۆدان: د. هەڵدانەوە.

هەڵۆدرین: هەڵدرین.

هەڵۆرک: د. جولانەی گوریس یا دار یا ئاسن.

هەڵۆڵ: شتی بۆشی کلۆر.

هەڵوو: هەڵووژەڕەشە.

هەڵووجە: هەڵووژە.

هەڵووچکە: هەڵوو.

هەڵووچە: هـ. هەڵووژە.

هەڵووربلوور: یارییەکی منداڵانەیە بەدانیشتنەوە بەریز قاچ درێژ دەکەن یەکێکیان بەقاچی هەموویاندا دەماڵێ و دەڵێ: (هەڵووربلوور تەکامە، زەرد و سوور و شەمامە، ئاوەبەرە، دەنکەزەرە، پێ لابەرە، مێخم کوتا، مێخ هەڵبەزی، تیکەی ڕاستم ئەوەی گەزی) ئینجا لەسەر قاچی کامیان بڕایەوە ئەو قاچە هەڵدەکێشرێ تا دوایی.

هەڵوورکە: د. دیلانێ.

هەڵووژە: میوەیەکی خڕی مزری ناوڕەقی زەرد یا مۆرە.

هەڵووژەڕەشە: جۆرە هەڵووژەیەکی ڕەشباوە.

هەڵووژەزەردە: جۆرە هەڵووژەیەکی زەردە.

هەڵووژە سیقەتۆرەیی: جۆرە هەڵووژەیەکی سەوزکاری گەورەی مزری ڕەقە.

هەڵووشە: گوڵێکی کوێستانی بۆنخۆشی جوانە.

هەڵووشین: هەڵگوشین.

هەڵووک: دارێکی کورتی دادراوە، منداڵان لە یاری هەڵووکێندا بە(دار هەڵووک) پێیدا دەماڵن و لەسەر شار دووری دەخەنەوە.

هەڵووکان: د. هەڵووکێن.

هەڵووکێن: یاری کردن بەدار و هەڵووک.

هەڵوولین: وڵینی شت بەسەر یەکدا بەزۆری.

هەڵۆهاوردن: د. ڕشانەوە و هێنانەوەی خواردن.

هەڵوەران: هەڵوەرین.

هەڵوەراندن: داتەکاندنی گەڵای درەخت و دەنکی هەنار و شتی تر.

هەڵوەرین: کەوتنە خوارەوەی گەڵاو بەری درەخت.

هەڵوەزانەوە: د. هەڵبەزینەوە.

هەڵوەزنین: هەڵوێزنین.

هەڵوەزینەوە: د. هەڵبەزینەوە.

هەڵوەژارتن: د. هەڵبژاردن.

هەڵوەسان: هەڵوەستان.

هەڵوەست: هەڵبەست. وێستانێکی کەم بەدیار شتێکەوە.

هەڵوەستان: وێستانی یەکێک بەپێوە لە بەردەمی یەکێکدا کە دانیشتبێ.

هەڵوەستن: هەڵبەستن.

هەڵوەستە: هەڵبەستە.

هەڵوەشان: لە یەکبوونەوەی پارچەی شت.

هەڵوەشاندن: هەڵدانەوەی جێگای داپۆشراو. لەیەککردنەوەی پارچەی شت. ڕاوەشاندن: دەست (هەڵ مەوەشێنە).

هەڵوەشاندنەوە: بریتییە لە تێکدانی کارێک.

هەڵوەشانن: د. هەڵوەشاندن.

هەڵوەشانەوە: بریتییە لە تێکچوونی کارێک.

هەڵوێزنین: کەلامەکردنی گوریس و بەستنی.

هەڵوێست: شوێنێکی تایبەتییە کە مەردووم تێیدا بوەستێ (موقف).

هەناسەسواربوون: بریتییە لە هەناسەبڕکێ.
هەناسەکێشان: هەناسە هەڵکێشان.
هەناسە هەڵکێشان: بردنە ژوورەوەی با بۆ ناودەروون. بریتییە لە خەفەتخواردن: فیسار کەس هەر (هەناسە هەڵدەکێشێ).
هەناف: با. هەناو.
هەناو: هێز و تەوانایی.
هەنجن: شـتی وردی جنراو، (هەنجن هەنجن) شـتی زۆر وردی جنراو.
هەنجنین: جنین و وردکردنی شت بەسەر یەکدا.
هەنجووجک: د. ناوکی هەرمێ.
هەنجیر: میـوەیەکی خڕی نەرمی زەرد یا مۆری شیرینە. درەختی هەنجیر.
هەنجیران: کاتی گەرمەی هەنجیر.
هەنجیرباوا: د. مۆز.
هەنجیرەودرە: هـ. باڵندەیەکە لە چۆلەکە گەورەترە هەنجیر دەخوات.
هەند: هێند.
هەندرێشـە: گـیایەکی بەهارییە لە پێچک دەچێ بەڵام لقی زۆرە کەپێی دەڵێن قوڕادە.
هەندە: هێند.
هەندەک: هێندێک.
هەندێک: کەمێک لە شتێک.
هەنسـک: هەناسە بەددەم گریانەوە، هەنسکە هەنسک: هەنسکی یەک لەسەر یەک.
هەنسکەبڕکێ: هەناسەبڕکێ.
هەنسـکەبڕە: هەنسکەبڕکێ.
هەنسکەبڕێ: هەنسکەبڕکێ.
هەنک: شۆخی و گاڵتەچێتی.
هەنکەهەنک: نکەنک لەگەڵ هەناسەبڕکێدا.
هەنگ: جـۆرە مـێشـێکی گەورەی چزووداری زەردە شـەش قـاچی هەیە شـان هەڵدەبەسـتێ و هەنگوینی تێ دەکـات. جـۆرە کـرمـێکە لە ناوەندی پێست و گۆشـتی ڕەشـەوڵاخ و وڵاخی یەکـسم پەیا دەبێ لە پاشـا پێسـتـەکـە کـون دەکـا و باڵ دەگرێتەوە. هەند.
هەنگانە: دەیەکی هەنگە کـە ناغـا لە مـسکێنی دەسـێنێ یا بەهەنگوینی یا بەپارەیی.
هەنگاو: ماوەی هەردوو قاچ لە ڕۆیندا.
هەنگاوبردن: هەنگاونان.
هەنگاونان: ڕۆین بەهەنگاو، بریتییە لە پێشکەوتن لە کارێکدا: فیسار کەس (هەنگاوێکی باشی نا).
هەنگبڕ: کەسێکە کە بزانێ هەنگ ببڕێ. شتێکە لە ئاسن یا لە دار هەنگوینی پێ دەبڕدرێ.
هەنگبڕین: بڕینی شوێنی هەنگ بۆ دەرهێنانی هەنگوینەکەی.
هەنگخۆرکە: باڵندەیەکی پچووکی دەنووک درێژە وەک ماسیگرە عەودالی هەنگ خواردنە.
هەنگدان: کوورەی هەنگ.
هەنگدۆز: کەسێکە لە دۆزینەوەی پلوورەی هەنگی کێویدا پسپۆڕ بێ.
هەنگژاڵ: هەنگی پەروەردەی ناو شاخ.
هەنگڤار: ئێوارە وەختە.
هەنگڵ: گۆشەی هەمانە و جەواڵ. هەردوو باڵ و قۆڵی گیاندار تا شانی: کتێبەکە بخەرە بن (هەنگڵ)ت.
هەنگڵەشەلە: هەنگڵەشەلێ.
هەنگڵەشەلێ: قونەکردن و ڕۆین لەسەر یەک قاچ.
هەنگۆ: با. ئێوە.
هەنگوان: د. جۆرە گوڵێکی تۆپی باڵابەرزە.
هەنگۆر: هەنگوور.
هەنگوشت: ئەنگوشت.
هەنگوشتیلە: ئەنگوستیلە.
هەنگۆڵ: هەنگڵ.
هەنگولیسک: ئەموستیلە.
هەنگووچک: فەقیانە.
هەنگووچنە: د. کەندەسمە.
هەنگوور: ترێ.
هەنگوورە: د. جۆرە جاڵجاڵۆکەیەکە.
هەنگووڕێ مـەنگووڕێ: د. جـۆرە یارییـەکی دوو دەسـتـەییـیـە منداڵان دەیکەن.
هەنگووژە: د. جەوی.
هەنگوون: هەنگوین.
هەنگوین: ڕەنگێکی شـیـرینی خـۆشـە هەنگ دەیکا تا شـانی هەڵبەستراوییەوە .
هەنگوینی بێ مـێش: بریتـییـە لە دەسـتکەوتێکی بەنرخی بێ ئەرک.
هەنگە: با. هەنگۆ.
هەنگەبۆڵە: د. جۆرە هەنگێکی زلە کە هەنگوین ناکات.
هەنگەچینە: کەندەسمە.
هەنگەڕەشکە: جۆرە هەنگێکی وردی بەکارە.
هەنگەژاڵ: هەردێکە کە هەنگی زۆری تێدابێ. کوورەی هەنگ . ناوی دێیەکە لە سنووری بانە.
هەنگەشەلە: هەنگڵەشەلە.
هەنگەشەلێ: هەنگڵەشەلێ.
هەنگەڵان: خانووچکەیەکە پلوورە هەنگی تێدا دادەنرێ.

هەمارەپۆ: د. عەمارەپۆ.

هەماز: ل. مندالّدان.

هەمان: وتەیەکە بۆ شتێک بەکاردێنرێ کە لە ناوەندی قسەکەر و قسە بۆکراو لەوەپێش باس کرابێ و ناسرابێ: ئەو پیاوەی کەدوێ شەو هاتە لات ئیمشەو (هەمان) پیاو هاتە لای منیش. هەمووان.

هەمانە: پێستی دەرهاتووی خۆشکراوی مەڕ و بزنە کە شتی وشکی تێ دەکرێ.

هەمبان: هەمانە.

هەمبانە: هەمانە.

هەمبەر: بەرامبەر.

هەمبێز: ز. باوەش.

هەمپا: ز. بەرامبەر.

هەمتا: هاوتا.

هەمتایی: هاوتایی.

هەمتی: هەمدیسان.

هەمدەم: هاودەم.

هەمدەمی: هاودەمی.

هەمدیسرۆ: هەمدیسان.

هەمدیس: هەمدیسان.

هەمدیسان: دووبارە.

هەمدیسانەوە: هەمیسان.

هەمڕا: هاوڕێ.

هەمڕاز: هاوڕاز.

هەمڕایی: هاوڕێیی.

هەمرۆ: د. هەرمێ.

هەمرێشک: ئاژاڵی کەم شیر.

هەمزار: هاودەم.

هەمزەبەگی: جۆرێکە لە بەری دارمازوو.

هەمس: بزن و مەڕی ڕەش و سوور.

هەمسایە: دراوسێ.

هەمکە: د. حەمکە.

هەمنک: ئەو گوریسە کورتانەیە کە داوێنی دەواری پێ دەبەسترێ بەسنگەوە.

هەمووانی: بۆ گشتی (عمومی).

هەموو: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ داگرتنەوەی ئەفراد یا بەشەکانی شتێک: (هەموو) کەسێک دەمرێ، یا هەنارەکەم (هەموو) خوارد.

هەمە: ئێمە. هەموو: هەمەرەنگ.

هەمهەمە: غەوغا.

هەمیان: د. هەمووان.

هەمی: ز. هەموو.

هەمیر: هـ. هەویر.

هەمیز: باوەش.

هەمیس: هەمیسان.

هەمیسان: هەمدیسان.

هەمیسانەوە: هەمیسان.

هەمیشە: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ تێکڕایی کات (عمومی زمان): (هەمیشە) دەخوێنمەوە.

هەمیشەبەهار: گوڵێکی زەردی پەڕە پەڕەی گەڵاپانی هەمیشە سەوزە.

هەمیشەوەدوی: د. ژنێکە کە زۆر شوو بکا.

هەمیشەیی: شتی بێ سەرەتا و بێ پایان .

هەن: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ بوونی چەند شتێک: گێلاس و ئاڵووباڵوو لە سلێمانی هەن.

هەنا: هێزی چاو و دەست: تاچاو (هەنا) دەکات سەوزییە، یا تا دەست (هەنا) دەکات کەڵەگەتە. ئارام: ئەم شەو (هەنا)م نەداوە.

هەنار: میوەیەکی خڕە بەقەد پرتەقاڵێک دەبێ ناوەکەی پڕە لە دەنکی خۆشی ئاودار. درەختی هەنار.

هەناردن: ناردن.

هەناردنەوە: ناردنەوە.

هەناسکەبڕکێ: هاژیان.

هەناسکەبڕە: هەناسکەبڕکێ.

هەناسکەبڕێ: هەناسەبڕکێ.

هەناسە: بایەکە کە بەدەم یا بەلووت وەردەگیرێ.

هەناسەبڕکە: هەناسەبڕکێ.

هەناسەبڕکێ: هەناسکەبڕکێ.

هەناسەبڕە: هەناسەبڕکێ.

هەناسەبڕین: بریتییە لە لێدان لە یەکێک بەجۆرێک کە نەتوانێ هەناسە بدا. بریتییە لە کونبڕکردنی شوێنێک.

هەناسەدان: بردنەژوورەوە و هێنانەدەرەوەی با بەدەم یا بەلووت. بریتییە لە کەمێک پشوودان و حەسانەوە: دانیشە (هەناسەیەک) بدە. بریتییە لە هاتوچۆکردنی با لە شوێنێکەوە: پەنجەرەکە لە گەڵێ لاوە (هەناسە دەدا).

هەناسەدانەوە: دەرکردنی هەوا لە سی لە ڕێگای لوتەوە.

هەناسەدەرهاتن: هاتنەدەرەوەی هەناسە، ئەم وتەیە هەر لە نەفیدا بەکاردێنرێ: سەرمام بووە (هەناسەم دەرنایەت) .

هەناسەسارد: بریتییە لە مەردوومی کلۆڵی بەدبەخت.

هەناسەسوار: کەسێکە کە هەناسەی بەگران دەرچێ.

هەناسەسواربوون: بریتییە لە هەناسەبڕکێ.

هەناسەکێشان: هەناسە هەڵکێشان.

هەناسە هەڵکێشان: بردنە ژوورەوەی با بۆ ناوەدروون. بریتییە لە خەفەتخواردن: فیسار کەس هەر (هەناسە هەڵدەکێشێ).

هەناف: با. هەناو.

هەناو: هێز و تەوانایی.

هەنجن: شتی وردی جنراو، (هەنجن هەنجن) شتی زۆر وردی جنراو.

هەنجنین: جنین و وردکردنی شت بەسەر یەکدا.

هەنجووجک: د. ناوکی هەرمێ.

هەنجیر: میوەیەکی خڕی نەرمی زەرد یا مۆری شیرینە. درەختی هەنجیر.

هەنجیران: کاتی گەرمەی هەنجیر.

هەنجیرباوا: د. مۆز.

هەنجیردودرە: ه. باڵندەیەکە لە چۆلەکە گەورەترە هەنجیر دەخوات.

هەند: هێند.

هەندرێشە: گیایەکی بەهارییە لە پێچک دەچێ بەلآم لقی زۆرە کەپێی دەڵێن قوڕادە.

هەندە: هێند.

هەندک: هێندێک.

هەندێک: کەمێک لە شتێک.

هەنسک: هەناسە بەددم گریانەوە، هەنسکە هەنسک: هەنسکی یەک لەسەر یەک.

هەنسکەبڕکێ: هەناسەبڕکێ.

هەنسکەبڕە: هەنسکەبڕکێ.

هەنسکەبڕێ: هەنسکەبڕکێ.

هەنک: شۆخی و گاڵتەچێتی.

هەنکەهەنک: نکەنک لەگەڵ هەناسەبڕکێدا.

هەنگ: جۆرە مێشێکی گەورەی چزووداری زەردە شەش قاچی هەیە شان هەڵدەبەستێ و هەنگوینی تێ دەکات. جۆرە کرمێکە لە ناوەندی پێست و گۆشتی ڕەشەوڵاخ و وڵاخی یەکسم پەیا دەبێ لە پاشا پێستەکە کون دەکا و باڵ دەگرێتەوە. هەند.

هەنگانە: دەیەکی هەنگە کە ئاغا لە مسکینی دەسێنێ یا بەهەنگوینی یا بەپارەیی.

هەنگاو: ماوەی هەردوو قاچ لە ڕۆیندا.

هەنگاوبردن: هەنگاونان.

هەنگاونان: ڕۆین بەهەنگاو، بریتییە لە پێشکەوتن لە کارێکدا: فیسار کەس (هەنگاوێکی باشی نا).

هەنگبڕ: کەسێکە کە بزانێ هەنگ ببڕێ. شتێکە لە ئاسن یا لە دار هەنگوینی پێ دەبڕدرێ.

هەنگبڕین: بڕینی شوێنی هەنگ بۆ دەرهێنانی هەنگوینەکەی.

هەنگخۆرکە: باڵندەیەکی پچووکی دەنووک درێژە وەک ماسیگرە عەودالی هەنگ خواردنە.

هەنگدان: کوورەی هەنگ.

هەنگدۆز: کەسێکە لە دۆزینەوەی پلوورەی هەنگی کێویدا پسپۆڕ بێ.

هەنگژاڵ: هەنگی پەروەردەی ناو شاخ.

هەنگڤار: ئێوارە وەختە.

هەنگڵ: گۆشەی هەمانە و جەواڵ. هەردوو باڵ و قۆڵی گیاندار تا شانی: کتێبەکە بخەرە بن (هەنگڵ)ت.

هەنگڵەشەلە: هەنگڵەشەلێ.

هەنگڵەشەلێ: قونەکردن و ڕۆین لەسەر یەک قاچ.

هەنگۆ: با. ئێوە.

هەنگوان: د. جۆرە گوڵێکی تۆپی باڵابەرزە.

هەنگۆر: هەنگوور.

هەنگوشت: ئەنگوشت.

هەنگوشتیلە: ئەنگوستیلە.

هەنگۆڵ: هەنگڵ.

هەنگولیسک: ئەموستیلە.

هەنگووچک: فەقیانە.

هەنگووچنە: د. کەندەسمە.

هەنگوور: ترێ.

هەنگوورە: د. جۆرە جاڵجاڵۆکەیەکە.

هەنگوورێ مەنگوورێ: د. جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە منداڵان دەیکەن.

هەنگووژە: د. جەوی.

هەنگوون: هەنگوین.

هەنگوین: ڕەنگێکی شیرینی خۆشە هەنگ دەیکا تا شانی هەڵبەستراوییەوە .

هەنگوینی بێ مێش: بریتییە لە دەستکەوتێکی بەنرخی بێ ئەرک.

هەنگە: با. هەنگۆ.

هەنگەبۆڵە: د. جۆرە هەنگێکی زلە کە هەنگوین ناکات.

هەنگەچینە: کەندەسمە.

هەنگەڕەشکە: جۆرە هەنگێکی وردی بەکارە.

هەنگەژاڵ: هەردێکە کە هەنگی زۆری تێدابێ. کوورەی هەنگ . ناوی دێیەکە لە سنووری بانە.

هەنگەشەلە: هەنگڵەشەلە.

هەنگەشەلێ: هەنگڵەشەلێ.

هەنگەلآن: خانووچکەیەکە پلوورە هەنگی تێدا دادەنرێ.

هەنگەماڵ: د. شانی هەنگوین.
هەنگەوچنە: د. هەنگەچینە.
هەنگەوون: ه. گەوون.
هەنگێزە: هەنگڵی جەواڵ و تێر.
هەنگین: هەنگینێ.
هەنگینێ: ئەو حەلە: کەی ئیشەکەت تەواوکرد هەنگینێ منیش دێم.
هەنووکە: ئێستاکە.
هەنوون: چەورکردنی شوێنێک لە ئەندام بەرۆن یا بەدەرمان لەگەڵ دەست پێداهێنانیدا.
هەنەزا: منداڵی هەوێ.
هەنەزازا: منداڵی هەنەزا.
هەنەزاگ: د. هەنەزا.
هەنەهەن: هەنکە هەنک.
هەنیشک: ئانیشک.
هەنیە: ناوچەوان.
هەنی: هەینی. شووتی. ئێستە. بڕوا. ئیتر. کوتوپڕ.
هەو: ئەو. حەو. جار: (هەو)ێک هاتم واتە جارێک. گەڕانەوە (د).
هەوا: هەوەس و ئارەزوو. کەمێک: هەوایەک دەنگ بەرزکەرەوە.
هەوا جیوە: ڕەگی درەختێکی کوێستانییە بەکوتراوی دەگیرێتەوە و دەخرێتە سەر برینی ناسۆر، زۆر باشە.
هەواخوا: د. لایەنگر: من (هەواخوا)ی تۆم.
هەواخوایی: لایەنگری.
هەواخۆر: بۆشاییەکە هەوای لێ بچێتە ژوورەوە.
هەوادار: شوێنی باگر.
هەوار: کۆمەڵە ماڵێکی دەوارنشین. هاوار (ز).
هەوارکردن: چوون بۆ هەوار.
هەوارگە: جێ هەوار.
هەوارۆ: جۆرێکە لە باڵۆرێ.
هەواکێشان: ئاوسان و هەوکردنی برین.
هەواگا: هەوادار.
هەواڵ: هاوەڵ. ئەحواڵ.
هەواڵپرسی: هەواڵ پرسین.
هەواڵ پرسین: پرسیارکردن لە چۆنیەتی یەکێک لە ڕووی دۆستایەتییەوە.
هەوانتە: ئاوانتە.
هەوانتەچی: کەسێکە ماڵی مەردووم بخوا بەهەوانتە.
هەوانتەخۆر: هەوانتەچی.
هەوانچە: د. هەمانەی پچووک.
هەوانە: هەمانە.
هەوایی: کەسێکە کە ئارەزوویەک لە سەریدا بێ.
هەببوون: ز. بڕانەوەی شت.
هەوتاش: ز. سەرۆکی سەپان.
هەوجار: هێردق.
هەودا: تاوی دەزوو یا بەن.
هەودان: ز. هەڵمەت بردنە سەر دوژمن.
هەور: تەمێکە هێندێ جار بەری ئاسمان دەگرێ و بارانی لێوە دەبارێ. شتێکی پفەڵە وەک پووشوو لە کەناری دەریا پەیدا دەبێ و وەک لفکە لەشی پێ دەشۆرێ. گۆم (ل).
هەوراز: شوێنێ سەر بەرەوژووری سەخت.
هەورازی: شوینی هەوراز.
هەوربردوو: جۆرێکە لە بەری دارمازوو وەک لۆکە وایە، ناوکێکی تێدایە لە (بەرەگەڵا) دەچێ. مەرەزە و گەنم و جۆیە کە هەور لێی دابێ و پووچی کردبێ.
هەور لەسەر: هەور و هەڵا.
هەورنگ: د. برنگ.
هەور و با: جۆرێکە لە بەری دارمازوو بەڵام بێ کەڵکە.
هەور و هەڵا: کاتێکە کە هەور بەری ئاسمانی گرتبێ.
هەورەبان: شوێنێکە لە خانوو بەپێپیلکە پێیدا سەر دەکەون بۆ سەربان.
هەورەبروسکە: هەورێکە کە بروسکەی لەگەڵ بێ.
هەورەتریشقە: بروسکەی ئاسمانە لەگەڵ گرمەی هەوردا کە لە شوێنێک بدا.
هەورێشم: ئاوریشم.
هەوێشە: ه. کەروێشک.
هەورێنک: هەورنگ.
هەوری: سرکەیی. سابرێن.
هەوریشم: ئاوریشم.
هەوزینگ: گیانەڵاو.
هەوسار: سەر کەڵلەیەکە کە بەڕەشمەوەبێ.
هەوش: بزنی ڕەش و سپی (ز). حەوش (د). باخچە (د).
هەوشان: گیایەکی گەڵاوردی زۆر تاڵە لە هاویندا بنج دەکا و لە پایزاندا دادەپاچرێ بۆ سووتاندن.
هەوشە: د. حەوشە.
هەوشەنگ: مەڕ و بزنێکە کە بەرخ و کاری مردبێ و هێشتا شیری مابێ.
هەوک: قورگ. ئەوک.
هەوکردن: ئاوسانی برین لە ناوەوە .
هەوگ: د. گەردن.

هەوگیان: هێوەرژن.

هەوڵ: تەقەلاو کۆشش بۆ شتێک.

هەوڵدان: تەقەلادان بۆ شتێک.

هەوڵە: د. ئاوڵە. مەرحەمە.

هەوڵەزلزلە: د. ئاگرە. ئاتەشەک.

هەوڵەفەرەنگی: د. هەوڵەزلزلە.

هەوڕ: دەفر و قاپی گڵێنی سوورەوەکراو.

هەوڕگەر: کەسێکە هەوڕ دروست بکا.

هەوە: ئێوە. هەوێ (د).

هەوەڕ: گۆزە و دیزەی دروست کراو کە دانرابن بۆ سوورکردنەوە.

هەوەس: ئارەزوو.

هەوەسار: د. هەوێ سار.

هەوەساری: د. هەوێ ساری.

هەوەسیاگ: د. حەپەساو.

هەوەسیان: د. حەپەسان.

هەوەڵ: یەکەمی چەند شتێک. سەرەتای شت.

هەوەڵ پایز: مانگی ئەیلوولە کە سی ڕۆژە.

هەوەڵ زستان: مانگی کانوونی یەکەمە کە سی و یەک ڕۆژە.

هەوهەو: دەنگێکە سوار لە کاتی ڕمبازیدا دەیڵێ بەهاوکاری خۆی.

هەوێ: ژنی مێرد.

هەویا: هیوا.

هەویان: هەیوان.

هەوێبار: هەوێسار.

هەوێباری: هەوێساری.

هەوێدار: هەوێبار.

هەوێدی: با. گەنمەزەرتکە.

هەوێر: جیاکردنەوەی کار و بەرخە دوای تێبەردان و شیر خواردنیان.

هەوێردە: د. باڵندەیەکی زۆر قەڵەوە کە پێی دەڵێن (کەرەواڵە).

هەوێرشێل: د. کەسێکە کە بەپارە هەویر بشێلێ بۆ نانەوا.

هەوێز: شوێنێکە لە قەراخ مالان کە لە بەهاراندا شەو ئاژاڵی تێدا مۆڵ دەدرێ.

هەوێس: هەوێز.

هەوێسار: ژنێکە کە هەوێی ببێ.

هەوێساری: ژیان لەگەڵ هەوێدا.

هەوێن: شتێکە دەکرێتە شیردوە بۆ ئەوەی کە ببێ بە پەنیر یا بە ماست.

هەوێنکردن: مەیاندنی شیر بەهەوێن.

هەوی: هەوێ (ز). مانگ.

هەویر: ئاردی بەئاوگیراوەی شێلراو.

هەویرترش: گونکە هەویرێکی کۆنی ترشاوە تێکەڵ بەهەویری تازە دەکرێ بۆ ئەوەی زوو هەڵبێ.

هەویردە: جۆرە مەلێکە لەناو دەغڵدا دەبێ.

هەویرشێل: هەوێرشێل.

هەویرواتا: گونکە هەویر.

هەویرەپتە: نان یا کولێرەیەکە کە باش نەبرژابێ.

هەها: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە ڕووی سەرسوورمانەوە و لەکاتی بیستنی قسەیەکدا وەک وتەی ئەها.

هەی: پیتی بانگکردنە بۆ نزیک: (هەی) بەقوربانت بم، یا (هەی) هاوار یا (هەیداد)، (هەی بێ داد). پیتی سەرسوورمان (ز). وتەیەکە دەوترێ بەقسە لەگەڵکراو لەکاتێکدا کە بڵێ: من نیم، واتە تۆ هەیت.

هەیاران: یاران. پاڕانەوەیەکە منداڵان لەکاتی بێ بارانیدا دەیڵێن بەکۆمەڵی و، دەڵێن: (هەیاران و مەیاران، یاخوا ببارێ باران)، لە هێندێ شوێنیش دەڵێن: (هەناران و مەناران، یاخوا دەکاتە باران، بۆ فەقیر و هەژاران).

هەیاسە: کەمەرەیەکی زێڕین یا زیوینە ژنان دەیبەستنە پشتیان.

هەیاهەیا: وتەیەکە لە یاری دوو دەستەییدا بەکاردێنرێ بەم ڕەنگە دوو دوو بەپەنهانی یەکی ناوێک لە خۆیان دەنێن، ئینجا کە دێنە بەردەمی وەستاکان، دەڵێن (هەیا هەیا) ئەمانیش دەڵێن لە خۆتان هەیا. ئەوانیش ئیتر لەبەر بوورە ناوەکان دەڵێن بەم ڕەنگە دەڵێن (کێ دەیەوێ ڕۆژ و کێ دەیەوێ مانگ) وەستاکانیش هەریەکە یەکێکیان هەڵدەگرن ئیتر بەم ڕەنگە هەتا هەردوو دەستەکە بەتەواوی هەڵدەبژێردرێ.

هەیبۆر: با. کاتی عەسر.

هەیتاهەیتا: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (خێراخێرا).

هەیتوهووت: شتی هیچ و پووچ.

هەیجوو: خوازبێنی.

هەیجوویی: د. هەیجوو.

هەیرۆ: وتەیەکە ژنان بەکاری دێنن لەکاتی داخ و خەفەت دەربڕینێکدا.

هەیف: با. مانگ.

هەیڤک: مانگی یەک شەوە.

هەیڤی: با. ئومێد.

هەین: وتەیەکە قسەکەر بەخۆی و یەکێکی تری دەڵێ لە وەرامی کەسێکدا کە بڵێ: ئێوەهەن؟ واتە بەڵێ هەین.

هەینوو: ڕۆژی جومعە.

هەینە: د. هەینوو. هەنگینێ (د).

هەینێ: هەینوو.

هەینی: هەینوو. شووتی.

هەیوان: شوێنێکە لە خانوو کە ڕوویەکی لەسەرباری درێژی چۆڵ بێ و دیواری نەبێ و، لەسەر کۆڵەکە و نیرگەبێ.

هەیودجان: زلف.

هەیوێ: با. مانگی یەکشەوە.

هەیوی: د. مانگ کە چوار هەفتەیە.

هەیها: وتەی داخ و خەفەت: لە کاتێکدا کە خۆشەویستێکت بمرێ: هەیها کۆستێکی گران بوو.

هەیهای: هایها.

هەیهۆ: هەیهوو.

هەیهوو: وتەی وەڕسبوون.

هەیهە: وتەیەکە وڵاخی بەرزەی پێ لێ دەخوڕدرێ.

هەیەهەیە: هەیاهەیا.

هەیهەی: وتەی سەرسوڕمان لە شتێک: (هەیهەی) لە وەرامی یەکێکدا کە بڵێ ناخوێنم.

هەین: ز. بوون (وجود).

هێ: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی.

هێتوێن: با. تووتن.

هیتیو: هەتیو.

هێجبی: هەیجوو.

هێجبیکەر: خوازبێنیکەر.

هجران: د. مایە و هۆی شت.

هیجرانی: جۆرە مقامێکی کوردییە .

هێجویی: هێجبی.

هیجویکەر: هێجبیکەر.

هیچتایەکی: د. هێشتا.

هێچک: د. هیچک.

هێدرە: گامێشی چوار ساڵە.

هێدی: شتی هێواش و لەسەرخۆ.

هێدی بوونەوە: هێواشبوونەوە.

هێدی کردنەوە: هێواشکردنەوە.

هێران: هارین.

هێر: وڕ.

هێرک: ل. شتومەکی ناوماڵ.

هێری: د. وتەیەکە لە ڕووی سووکییەوە مەردوومی پێ دەردەکرێ: (هێری) واتە ون بە.

هێری هێری: وتەیەکە منداڵان بەکاری دێنن لە ڕووی گاڵتە پێکردن و تەریقکردنەوەی یەکێکەوە.

هێرش: ڕۆیشتنی شت بەهوروژم و لێشاو.

هێرشبردن: ڕۆیشتن بەهوروژم و لێشاو.

هێرشهێنان: هاتنی شت بەزۆری و لێشاو.

هێرۆ: گیایەکی بەرزی گەڵاپانە گوڵێکی گەورە دەگرێ و، گەلێ ڕەنگی هەیە، لەناو شیردا دەسووڕێتەوە بۆ چاو ئێشە، بنکەکەشی دەنرێ لە برین زوو دەری دەکات.

هێرۆن: ز. هێلکە و ڕۆن.

هێرە: با. ئێرە.

هێرەق: ئێرەق، (هێرەقبوون) ئێرەقبوون، (هێرەقکردن) ئێرەقکردن.

هێز: تەوانایی.

هێزا: د. نەعنا.

هێزدار: شتی بەهێز.

هێزگرتنەوە: پەیدابوونەوەی هێز.

هێزم: هـ. داری سووتاندن.

هێزمدان: د. جێگای داری سووتەنی.

هێزۆک: با. جۆلانەیەکە لە گوریس دروست دەکرێ بۆ لێ نیشتن.

هێزیانەوە: د. هێزگرتنەوە.

هێژ: ز. کاتی ڕابوردوو، چ دوور چ نزیک .

هێژا: با. مەردوومی بەڕێز. شایستە (لایق). بەنرخ.

هێژان: ز. هێنانی شت بەو نرخەی کە پێی درابێ: ئەم قاڵییە ئەو پارەیە دەهێنێ کە پێی دراوە.

هێژایی: با. ڕێز.

هێژین: با. هاژیان.

هێس: د. هێز.

هێستر: ز. ئێستر.

هێسر: ئێستر.

هێسک: ئێسک.

هێش: مژان.

هێشتا: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ نیشاندانی کردار یا وتارێک کە نەت کردووە یا نەت وتووە تا کاتی قسەکردنەکەت بەڵام لە نیازتدایە کە ئەو کردارە یا ئەو وتارە بکەیت، یا کردووشتە بەڵام تەواوت نەکردووە: قسەکەم (هێشتا) پێ نەووتووە، یا فرمانەکەم (هێشتا) نەکردووە، یا (هێشتا) لە کارەکە نەبوومەتەوە.

هێشتاکو: هێشتا.

هێشتاکوونێ: هێشتاکو.

هێشتاکێ: د. هێشتاکو.

هێشتان: هێشتا.

هێشتاوەکو: هێشتا.

هیشتر: حوشتر.

هێشتن: ڕێدان بۆ وتن یا کردنی شتێک.
هێشتنەوە: گلدانەوەی شت.
هیشخان: د. ژووری زەخیرە.
هێشرمە: هاشرمە.
هیشک: ئێشک.
هێشوو: قنچکێکە کە چەند دانە ترێ یا خورمای پێوەبێ.
هێشووکردن: گوڵەوەچینی.
هێشووکەر: گوڵەوەچن.
هێشە: هێش.
هێشـەمـاڵ: د. خـاکـەنازێکی پچکۆلەیە ناومـاڵی پێ پاک دەکرێتەوە.
هێڤار: ز. تێوارێ.
هیڤرست: ز. تووترک.
هێڤران: با. هەڤران.
هێڤین: با. هەوێن.
هێڤی: تکا (ز). هیوا (با).
هێقم: د. شتی گەورەی قایم.
هێک: با. هێلکە.
هێگ: ز. هێلکە.
هێل: حێل.
هێڵ: کێڕی جووت: خەتی سەر کاغەز.
هیـلاک: مـاندوو: هیـلاکم با تۆزێ بحـەسێـمـەوە. کـەشـەنگ: نەخۆشەکە هیلاکە، واتە کەس بەتەمای نییە.
هیلالی: تاقی سەر دەرگا و پەنجەرە کە بەکەوانەیی بێتەوە.
هێلان: هێشتن: (بهێڵە) قسە بکەم.
هێـلانە: جێگایەکە باڵندەی دەشتی لە پوش و پەڵاش دروستی دەکات و بەشـەو تێـیـدا هەڵدەنیـشێ. کـونێکە زەردەواڵە و زەردەزیرەشان و گەرای تێدا دادەنێن.
هێلانەدۆزە: هێلانەدۆزێ.
هێلانەدۆزێ: گەڕانی مریشک لە کاتی هێلکەکردندا بۆ شوێنێک کە هێلکەکەی تێدا بکات.
هێـلانەشێـوان: بریتیـیـە لە سـەر لێ تێکچـوون و ماڵوێرانبـوونی یەکێک.
هێلانەواز: گیاندارێکە کە هێلانەی لێ شێوابێ.
هیلانین: ز. بەرزکردنەوەی شت.
هیلاویستن: ز. هەڵواسین.
هێلک: دڵ: (هێلک)ت برن. خەسوو (ز).
هێلکان: مەنجەنیق.
هێلکاو: جۆرە چێشتێکە لە ئاو و هێلکە دروست دەکرێ.
هێڵکردن: بیـرکردنەوە و تێبینی و، هەر لە نەفـیـدا بەکاردێنرێ: فیسار کەس نە (هێڵی کرد) و نەگفت جوێنێکی دا.

هێلکە: شتێکی سپی خڕی درێژکۆلەی توێکڵ ناسکە، ناوەکەی لە دوو ڕەنگ، ئاوی تێـدایە، زەرد و سـپی، لە باڵندە و هێندێ گیـانداری تری مـێـینە پەیدا دەبێ و، بێچـووی ئەو گیاندارە لەو هێلکەیە دێتەدی.
هێلکەدان: تـوورەکـەیەکی درێژکـۆلەیە لەناو سکی هێلکەکـەردا هێلکەی تێدا بەرهەم دێ.
هێلکەڕێوی: گیایەکە بەرێکی خڕ دەگرێ ناژاڵ دەیخوات.
هێلکەشکانێ: د. هێلکەشکێنە.
هێلکەشکێنە: جۆرە یارییەکە بەهێلکە دەکرێ.
هێلکەشەیتانۆکە: جۆرە قەواغێکی ناو کولۆری سپی پچووکی دەشتییە، ناوەکەی کرمێکی تێدایە.
هێلکەکردن: دانانی هێلکە لەلایەن گیانداری هێلکەکەرەوە.
هێلکەکەر: باڵندەیەکە کە هاتبێتە هێلکە.
هێلکە و ڕۆن: خواردەمەنییەکە دروست دەکرێ لە هێلکە و ڕۆنی داخکراو و ئارد.
هێلکە و کەرە: جۆرە خواردەمەنییەکە دروست دەکرێ لە هێلکەی کوڵاو و کەرە بەتێکەڵکردنیان.
هێلگ: د. ورگ.
هێلم: دەرمـانێکە وەک کـەتیـرە دارتاش درزی داری پێ پڕ دەکـاتەوە. ڕیسـێکی ڕەنگکراوی خـاوە لە هەودای تەونی قاڵی هەڵدەکێشرێ و بەچەقۆ دەبڕدرێ.
هێلمکاری: پڕکردنەوەی درزی دار بە هێلم.
هێـڵنج: یەقدانەوەیەکی بەتەکانە کە لە دڵ تێکهەڵاتنەوە پەیدا ببێ.
هێڵنجدان: هاتنی هێڵنج.
هێلۆل: با. مەردوومی گاڵتە پێکراو.
هێلە: ز. ڕاوی پەلەوەر و ماسی.
هێڵە: د. هێلکە.
هێـڵـەپەپە: جـۆرە کـولێـرەیەکـە دروست دەکـرێ لە هەویرێک کـە زەردێنەی هێلکەی تێکەڵ کرابێ.
هێلەساو: بەردێک یا تەختـەیەکی لووسە گۆزە و دیز و سواغی پێ لووس دەکرێ.
هێلەساودان: لووسکردنی سواغ و گۆزە و دیزە بەهێلەساو.
هێلەساوکردن: هێلەساودان.
هێلەساوە: هێلەساو.
هێـڵـەک: شـتـێکی کـون کـونی زۆر سـخـە لە تەل، ناردی پێ دەبێژرێتەوە.
هێڵەکچی: کەسێکە کە هێڵەک دروست بکات.
هێڵەوەی: هە. گاکۆتر.
هێلی فانک: با. ڕاوکەری مریشک.

هێلینک: با. هێلانە.
هێم: بنچینە و بناغە.
هێما: هێشتا.
هێمان: هێشتان.
هێمای: هێشتا.
هێمن: گیانداری هێدی لەسەرخۆ.
هێمنایەتی: هێمنی.
هێمن بوونەوە: هێدی بوونەوە.
هێمن کردنەوە: هیدی کردنەوە.
هێمنێتی: هێمنی.
هێمنی: هێواشی و لەسەرخۆیی.
هێمە: دار. چڵ و پۆپی درەخت.
هێنا: د. بیرکەوتنەوە.
هێنان: هانینی شتێک بۆ لای خۆت.
هێنانەجێ: بەجێ هێنانی فرمانێک.
هێنانەوە: گرتنەوەی ئەندامێکی شکاو یا لە جێ چوو. نانکردن بەتەنووری گەرم خێرا و دەستوبرد: تەنوور بەگەرمی (نەیهێنیتەوە) بەساردی نایهێنیتەوە. هێنانی شتێک بۆ لای خۆت جاری دووەم.
هێنانەوەجێ: گرتنەوەی ئەندام.
هینجانە: سوێنە.
هێند: هێندە.
هیندویی: جۆرە ترێیەکە وەک بۆڵ مازوو بەڵام ئەم دەنکی گەوردترە.
هێندە: وتەیەکە نیشارەی پێ دەکرێ بۆ ئەندازەیەکی ئاشکرا: (هێندە)م بدەرێ، لە کاتێکدا کە بەدەست ئیشارە بکەیت بۆ ئەندازەیەک، یا (هێندە) بخۆ کە نەخۆش نەکەویت.
هێندێ: کەمێک لە شتێک: (هێندێ)کم بدەرێ.
هێنک: ز. فێنک.
هینگا: ز. وتەیەکە لە جێی وتاری (لەوکاتەدا) بەکاردێنرێ.
هینگوور: دوای ئێوارێ.
هیوا: ئومێد.
هیوادار: خاوەن ئومێد.
هیواداری: ئومێدەواری.
هێوارە: ئێوارە.
هێواش: شتی هێمنی لەسەرخۆ: با. بارانەکە (هێواش)ە، (هێواشبوونەوە) هێدی بوونەوە، (هێواشکردنەوە) هێدی کردنەوە.
هێواشی: هێمنی و لەسەرخۆیی.
هێوان: د. هەیوان.

هێوربوونەوە: هێمن بوونەوە.
هێوەر: شووبرا.
هێوەرزا: منداڵی هێوەر.
هێوەرژن: ژنی شووبرا.
هێوەردزا: د. هێوەرزا.
هێوێن: هەوێن.
هێوی: ز. شتی شێدار.
هی: پیتی تەملیک واختصاص، ئەم ئەسپە (هی) نەریمانە و ئەوزینە (هی) ئەسپەکەیەتی.
هێی: وتەیەکە لەگەڵ تووڕەییدا بەکاردێنرێ بۆ یەکێکی سووکی بێ نرخ.
هیت: جووت: (هیت)م دەگەڕێ.
هیچ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی (شت): (هیچ)ت پێیە؟ واتە شتت پێیە. نەبوونی شت: تۆ پیاوێکی (هیچ)یت واتە پیاو نیت.
هیچتا: د. هێشتا.
هیچتاکێ: د. هێشتاکێ.
هیچک: چاکڵ.
هیچ و پووچ: شتی بێ نرخی بێ مایە.
هیچە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (هیچ)ی بەمانا شتی نەبوو: تۆ لە (هیچە) زوێر دەبیت.
هیر: گێژ و وێژ.
هیریار: با. دەفر.
هیروو: هـ. هەڵووژدرەشە.
هیریاڵ: قاپوقاچاخی ناوماڵ.
هیز: حیز.
هیزار: چارەکەی کۆڵی ئافرەت.
هیزرە: شتێکی درێژکۆلەی پێچکەداری لێوداری دەم واڵە، لە قوڕ دروست دەکرێ، هیزەرۆنی لەسەر دادەنرێ. سایلۆ.
هیزە: پێستی خۆشکراوی بەساغی دەرهاتووی هێندێ گیاندارە کە ڕۆن و دۆشاوی تێ دەکرێ.
هیزەدان: شوێنێکی تایبەتییە لە قوڕ دروست دەکرێ بۆ تێدا دانانی هیزەی پڕ.
هیس: دووکەڵی نەوت.
هیشک: وشک.
هیڤ: ز. مانگێکە کە بەئاسمانەوەیە.
هیڤی: با. چاوەڕوانی کردن. هیوا.
هیک: هێلکە (ل). ناکاو: لە هیکرا ڕاپەڕاندم، واتە لە ناکاو.
هیلکە: دەنگی پێکەنینی نزم. هیلکەهیلک: هیلکە یەک لەدوای یەک. هیلک و هووڕ: هیلکەهیلکی زۆر.

هیلیان: ھ. هێلانە.

هیم: ز. هێم.

هین: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە باتی شتێک کە ناوی نەزانیت یا نەتەوێت بیلێیت.

هینان: هێنان.

هینبوون: ز. فێربوون.

هینکرن: ز. فێرکردن.

هیهیکەرە: باڵندەیەکە وەک (شوان خەڵەتێنە) کە دەخوێنێ دەڵێ (هیهی).

ی

ی: بۆ گەلێ مەعنا هاتووە (١) بۆ پاڵدان (نسبت)ی شتێک بۆ شوێنێک: شارەزوور(ی)، دیاربەکر(ی)، کرماشان(ی). (٢) بۆ تاقە یەکێک یا شتێک بەکاردێنرێ: لە هەر کەسە(ی) ژیر(ێ) و لە هەر شتە(ی) بیر(ێ) وەرگرە (٣) دەبێ بەراناوی لکاو بۆ تاکی نادیار (ضمیری مفردی غائب): کرد(ی)، برد(ی) خوێند (ی) (٤) دەبێ بەئیسمی مەوسول و جملەیەکی دەوێ کە لە دوایەوە بێ تا ببێ بەصلەی: دەرس(ێ) کە خوێندت پێیدا بچۆرەوە، کار(ێ) کە کردت بیبەردەسەر. (٥) دەکەوێتە ناوەندی (صفت وموصوف ومضاف ومضاف الیه) و، بەیەکیانەوە دەبەستێ: لیمۆ(ی) شیرین، دەرگا(ی) مزگەوت. (٦) دەنووسێ بەدوای صفەتەوە دەیکا بە(مصدر): شێت(ی)، ژیر(ی)، جوان(ی). (٧) پیتی ئیملایە دەبێ بەژێر بۆ پیتەکەی پێشی: گیرفان، سیروان، جیهان.

ێ: پیتێکە دەنرێ بەو کارانەی کە لە یاریدا دەکرێ و دەیانکا بە(مصدر)ی، یاری بوخچە بەگەردانێ، مەشکەژەنێ، قەلەمرداریێ، هەنگڵەشەلێ، ئاشە بەتەندوورێ، دێمونالێ. پیتێکە تاقە یەک شت دەگەیەنێ: پیاوێ، بەردێ، دارێ، واتە یەک پیاو، یەک دار، یەک بەرد.

یا: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ دوودڵی (تردد) لە ناوەندی دوو شتدا: ئەو تارماییە (یا) زەلامە (یا) ولاخە. بەکاردێنرێ بۆ خاتر خۆیی (تخییر) لە ناوەندی کردنی دوو شتدا: (یا) دانیشە (یا) برۆ.

یابوو: ئێستر.

یاپراخ: چێشتێکە لە برنج و گەڵا مێو یا سڵق یا کەلەرمی پێچراوە دروست دەکرێ.

یاپنجی: قاپووتی ئەستووری ئاو دامانی.

یاتاخ: نوێن و بەردێکە کە تێیدا دەنوویت .

یاخۆ: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ خاترخۆیی لە ناوەندیکردنی دوو شتدا: یا دانیشە (یاخۆ) برۆ.

یاخود: یاخۆ.

یاخە: یەخە.

یاخێتی: سەرکەشی و لە ئەندازە دەرچوون.

یاخی: گیاندارێکی سەرڕەقە کە لە ئەندازەی خۆی دەرچووبێ، (یاخیبوون) سەرکەشی و دەرچوونی گیاندار لە ئەندازەی خۆی.

یاخیگەری: یاخێتی.

یاد: بیر و هۆش.

یاداشت: د. یادداشت.

یاداوەری: بیرکردنەوە لە کرداری جوانی یەکێک لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا.

یادداشت: نووسینێکە کە شتێکت بیر بخاتەوە.

یادکردن: بیرکردنی شتێک.

یادکردنەوە: بیرکەوتنەوەی شتێک.

یادگار: شتێکی جوانە کە یەکێک بیدا بەیەکێکی تر بۆ ئەوەی کە هەرچەند چاوی پێ کەوت خاوەنەکەی بێتەوە یاد.

یادگاری: بوونی شتێک لای یەکێک بەیادگار.

یادنامە: نامەیەکە کە شتێکت بیر بخاتەوە (مذکرة).

یار: هاودەمێکی زۆر خۆشەویست. پیتی کارکەر (فاعل)ە بەهەر ناوێکەوە نووسا دەیکا بەکارکەر: کڕ(یار)، جووت(یار)، فرۆش(یار)، بەخت(یار)، زان(یار).

یارا: دەسەلات و تەوانایی: (یارا)ی ئەوەم نییە بێمە لات.

یاران: وتەیەکە مەردووم لەکاتی بیرکردنەوە لە قسەی یەکێکدا دەیڵێ لەبەرخۆیەوە (یاران) فلانە کەس ئەمڕۆ ئەو قسەیەی کە کرد دەبێ مەبەسی چی بێ .

یارد: ناوە بۆ ئەندازەیەک لە پێوانە کە سێ پێیە و پێیەکیش دوانزە ئینجە. ئارد.

یارده: یارد.
یارم: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ ناونجێتی شتێک لە ناوەندی دوو شتدا: (یارم) کوێر، واتە نیمچە کوێرێک کە لە ناوەندی کوێری تەواو و چاوساغ بێ.
یارمباز: د. یارەمەز.
یارمەتی: یاریدە و کۆمەکی.
یارمەتیدان: یاریدەدان و کۆمەکی کردن.
یارمەتیدەر: کەسێکە کە یاریدەی مەردووم بدات.
یارۆ: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی شتێک کە نەتەوێ ناوی بلێیت.
یاروو: خەیار.
یارەمەز: مەردوومی هەرزەی جلفر.
یاریە: یاریدە.
یاریەدان: یاریدەدان.
یاریەدەر: یاریدەدەر.
یاری: چەند کردەوەیەکی تایبەتییە بۆ ڕابواردن و خۆخلافانن دەکرێ، یاریدە (د).
یاریدە: یارمەتی.
یاریدەدان: یارمەتیدان.
یاریدەدەر: یارمەتیدەر.
یاریکردن: گەمە و ڕابواردن لەگەڵ یەکێک بەچەند کردەوەیەکی تایبەتی.
یاریکەر: کەسێکە کە یاری باش بکات.
یارییە: یاریدە.
یاریەدان: یاریدەدان.
یارییەدەر: یاریدەدەر.
یازدە: ناوە بۆ ژمارەیەک.
یازدەمین: شتێکە کە لە پایەی یازدەدا بێ.
یازدەهەم: یازدەمین.
یازدەهەمین: یازدەم.
یاس: د. تەلەبەرد. یاسەمەن (د).
یاسا: شەریعەت و قانون. ڕەوشت. باو.
یاساخ: قەدەغە.
یاساوڵ: پاسەوان.
یاسایی: قانوونی.
یاساین: فیقە.
یاسەمەن: درەختێکی گەڵاوردی پچکۆلەیە، گوڵێکی وردی سپی بۆنخۆش دەگرێ، دارەکەی دەکرێ بەدارجگەرە.
یاسەمین: یاسەمەن.
یاشرمە: هێشرمە.
یافت: د. نیشانە و بەڵگە.
یافتبڕین: د. نەهێشتنی نیشانەی شت.
یاقووت: بەردێکی ئاڵی زۆر جوانی بەنرخە.
یاقووتی: ناوە بۆ جۆرە ترێیەک. شتێکە کە ڕەنگی وەک ڕەنگی یاقووت وابێ.
یاقە: یەخە.
یاگە: هـ. جێگا.
یاڵ: شانی شاخ و گرد وتەپە. مووی پشت ملی وڵاخ.
یاڵگەنیگ: د. بریتییە لە کەچەڵ.
یام: یان.
یان: یا. ڕاناوی لکاوە بۆ (جمعی غائب) دەلکێ بەئاخری ناو و کرداری تێپەڕەوە: دایکیان، خواردیان.
یانزە: یازدە.
یانزەمین: یازدەمین.
یانزەهەم: یازدەهەم.
یانزەهەمین: یازدەهەمین.
یانە: هـ. خانوو.
یانێ: یەعنی.
یانی: یانێ.
یاو: تای نەخۆشی. ئاو.
یاوان: گەیشتنەجێ (هـ). بیابان (د)
یا و لەرز: تا و لەرز.
یاونیشان: شتێکە کە نیشانەی تابێ، وەک ئەو توێخەی کە لەسەر لێوی تاداردا پەیدادەبێ.
یاوس: ئاوس.
یاوە: د. وڕێنە.
یاوەر: یاریدەدەر (معاون). مرافق.
یاوەرە: د. پزدان.
یاوەیاو: د. خاوەخاو.
یای: یایە. دوگمەیەکە لە هێندێ شتدا کە دەستی پێدا نرا لە خۆیەوە کار دەکات.
یایە: وتەیەکە کە بە ژنی سەرە دەوترێ بۆ گەورەیی.
یخ: وتەیەکە بزن و مەڕی پێ لێ دەخوڕدرێ. وتەیەکە حوشتری پێ یخ دەدرێ.
یخدان: بەزەویدادانی وشتر و ڕەشەوڵاخ.
یخە: یخ.
یخەلێکردن: بریتییە لە گرتن و ڕاپێچکردنی چەند کەسێک چنگ لەسەر شان.
ێن: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(اسم مەنصوب): نیسک(ێن) د. ماش(ێن). پیتێکە بەهێندێ ناوەوە دەنرێ دەیکا بە(مصدر)ی یاری: گوێزێن، سنجووقێن، هەڵماتێن،

مزراحێن، هەلووکێن، فنجانێن، تۆپێن. پیتێکە بەدوای هێندێ ناوەوە دەنووسێ دەیکا بەکارکەر: کەرفر(ێن) ماین فر(ێن).

تو: هـ. یەک.

یۆز: درندەیەکی کێوییە لە تانجی دەچی زۆر بەچنگە و، هەموو دەعبایەک لێی دەترسێ.

یوسر: بەری دارێکی بۆن خۆشە دەکرێ بەتەزبیح.

یۆنجە: د. وێنجە.

یوو: یووە.

یووە: هـ. یەک.

یە: ئەمە (هـ). ئامرازی ناوبەند (اداتی ربط): ئەوی من کڕیومە ئەمەیە.

یەچک: چاکڵ.

یەحیابەگی: جۆرە هەنجیرێکی ڕەشباوی شیرینی پایزەیە.

یەخ: سەهۆڵ.

یەخاو: بەفراو و سەهۆڵاو.

یەخبەند: شوێنێکە سەهۆڵ تێیدا بەستبێتی.

یەخبەندان: سەهۆڵبەندان.

یەخترمە: ولاخێکە کە بەرەڵا بووبێ بەهۆی گەلان یا کوژرانی سواردکەیەوە.

یەختە: بارگیری خەساو.

یەختەخانە: تەویلەی یەختە.

یەختەسار: قڕ و مردنی هەرەوەز: ڕەشەگرانەتێ (یەختەسار)ی خستەناو ئاوایییەوە.

یەخدان: د. یەغدان.

یەخسیر: دیل.

یەخکردن: د. ڕچانی شتی شل و بوونی بەسەهۆڵ.

یەخنی: یەغنی.

یەخنی کێش: یەغنی کێش.

یەخە: بەرۆکی کالا. ملیوانی کالا.

یەخەچاڵ: د. چاڵەبەفر.

یەخەدادراو: جۆرە گەنمێکە.

یەخەدادرین: بریتییە لە وەڕسبوون و بەجێ هێشتنی شتێک. بریتییە لە ڕسواکردنی یەکێک: تۆ لەسەر ئەم کارە بیت (یەخەت دادەدرم).

یەخەدڕ: شوێنێکە کە دادڕابێ و هەڵکەنرابێ بەقووڵی و تەسکی بەجۆرێک کە سەری واڵ بێ: کارێزەکەم (یەخەدڕ)ە.

یەخەکێشیاگ: د. بریتییە لە منداڵێکی بێگانە کە کردبێتت بەمنداڵی خۆت.

یەخەگرتن: بریتییە لە دەمقاڵێ و شەڕ پێ فرۆشتن.

یەخەگیر: بریتییە لە شتێک کە بووبێ بەکوڵکتەوە.

یەدەک: شتێکە لە وێنەی ئەو شتەی کە بەکاری دەهێنیت بۆ ئەوەی کە ئەم نەما ئەو لە شوێنی دابنێیت (بدل).

یەرد: یارد.

یەردە: یاردە.

یەرمە: هـ. شاڵێکە لە ناوەڕاستی کۆپانادا دەدروێ و پووشی تێ دەناخنرێ بۆ ئەمەی پشتی ولاخەکە بریندار نەبێ.

یەرە: هـ. سێ.

یەرمژن: هـ. ئەژنۆ. ئانیشک.

یەرەق: ئێرەقی جووت.

یەرەقان: نەخۆشی زەردوویی.

یەرەقبوون: ئێرەقبوون.

یەرقکردن: ئێرەقکردن.

یەرێ: هـ. سیان.

یەزدان: ناوێکە لە ناوانی خوای گەورە.

یەشان: ئێشان: پشتم (یەشێ).

یەشم: جۆرە بەردێکی سەوزی تۆخی جوانە مۆری لێ هەڵدەکەنرێ.

یەع: وتەیەکە منداڵی ساوا بەکاری دێنێ بۆ شتی پیس و ناخۆشی.

یەغان: د. یەغدان.

یەغدان: سندووقی گەورە.

یەغر: گیانداری یاخی، (یەغربوون) یاخیبوون، (یەغرکردن) یاخیکردن.

یەغنی: گۆشتاو.

یەغنی کێش: دەفرێکی دەمپانی لێوداری قووڵی بنکداری مسینە.

یەق: قرقێنە.

یەقخواردنەوە: پۆنگخواردنەوەی شتێک لە شوێنێکدا.

یەقدانەوە: قرقێنەدانەوە، یەقخواردنەوە.

یەقکردنەوە: شێ هەڵهێنانی هێندێ شت، وەک شەکر و تووتن و گەزۆ. هێنانەوەی خواردن لە دەمەوە. یەقخواردنەوە.

یەقە: یەخە.

یەک: ناوە بۆ هەوەڵ ژمارە.

یەکالا: شتی دادڕاوی لە یەک بووەوە.

یەکالابوونەوە: دادڕان و لەیەک جیابوونەوەی شت.

یەکالاکردن: دڕینی شوێنێ لە ئەندام لە لایەن پەزشکی تایبەتییەوە (تشریح).

یەکالاکردنەوە: دادڕین و لەیەک جیاکردنەوەی شت.

یەکالە: د. یەکالا.

یەکالەبوونەوە: یەکالابوونەوە.
یەکالەکردنەوە: یەکالاکردنەوە.
یەکان: بەو ژمارانە دەوترێن کە دەکەونە خانەی یەکەوە.
یەکانە: بەرازی نێری برەدار.
یەکاوە: هـ. چێشتی قوبوولی.
یەکاویەک: دووچەندانەی شت: لەم کڕین و فرۆشتنەدا (یەکاو یەک) قازانجم کرد، یا ئەم برنجە (یەکاویەک) ئاو دەخوا.
یەکباد: شتی تەنراوی تەنکی یەک لۆنە. بریتییە لە مەردوومی لاواز.
یەکبازد: جۆرە یارییەکە یەکبازدی تێدا دەبرێ، هەرکەس کەمتر بروا دادەبێ.
یەکبال: یەکتەن.
یەکبر: جوانووی دوو ساڵە.
یەکبوون: یەکێتی.
یەکبینە: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەجێی وتەی (پەی دەرپەی): ئیمشەو (یەکبینە) نووسیومە.
یەکتا: شتی تاقانەی بێ مانەند.
یەکتایی: بێ مانەندی.
یەکتر: یەکتری.
یەکتری: وتەیەکە بەکاردێنرێ بۆ دوو کەس کە لە شتێکدا وەک یەک بەشداربن: من و فیسار کەس (یەکتری) باش دەناسین، واتە من ئەو باش دەناسم و ئەو من باش دەناسێت. یا نەریمان و فەرهاد (یەکتری) یان خۆش دەوێت.
یەکتوخم: یەک ڕەنگ.
یەکتەن: کەسێک کە یاریدەدەری نەبێ.
یەکتەنی: بوون بەیەکتەن: یەکتەنی هەر بۆ خوا باشە.
یەکجار: ئێجگار.
یەکجارەکی: ئێجگارەکی.
یەکجاری: ئێجگاری.
یەکچاو: گیاندارێکە کە تاقە چاوێکی مابێ.
یەکچاوبوونەوە: بریتییە لە لاچوونی دوودڵی و ساغبوونەوەی کار بەلایەکدا.
یەکدان: دانەوێڵەیەکە کە یەک توخم بێ.
یەکدڵ: هاوڕێیەکە کە بەدڵ لەگەڵتدابێ.
یەکدڵی: یەکێتی و ڕێکی لە ناوەندی دوو کەس یا زیاتردا.
یەکدەس: یەکدەست.
یەکدەست: کەسێکە کە تەنها دەستێکی بێ. دوو شتن کە وەک یەک وابن: ئەم دوو فەرشە (یەکدەست)ن.
یەکروو: بریتییە لە مەردوومی یەکڕەنگ کە لە پاشملە و لە ڕوودا وەک یەک وابێ.
یەکرووە: نیمڕوو.
یەکڕەنگ: بریتییە لە مەردوومی ڕاست و دروست لەگەڵ هەموو کەسێکدا.
یەکڕەنگی: بریتییە لە ڕاستی و دروستی لەگەڵ مەردوومدا.
یەکسان: بوونی چەند شتێک وەک یەک لە چۆنێتی یەکدا: ئادەمی هەموو (یەکسان)ن لە سروشتدا.
یەکسانی: چوونیەکی (مساواة).
یەکسم: وڵاخی بەرزەیە کە یەکسمی بێ، وەک ئەسپ و ماین و ئێستر و کەر.
یەکسەر: سەرانسەر: (یەکسەر)هەڵی دڕی. بێ پشوو: (یەکسەر) کارەکەی کرد واتە بەبێ وچان.
یەکسەری: شوێنێکی گوشاد کە هیچی لە بەیندا نەبێ: ژووری گەورەی (یەکسەری) خۆشە. ڕەشکەی گەورە.
یەکشەق: یەکسەر: (یەکشەق) کردی بەماڵدا، واتە بێ پرس.
یەکشەممە: ڕۆژی دووەمی حەفتە لە هەینی بەدواوە.
یەکشەموو: یەکشەممە.
یەکشەمە: یەکشەممە.
یەکشەوە: مانگی نوێ کە هەر ئەو شەوە دەرکەوتبێ. بریتییە لە کەسێک کە کوتوپڕ دەوڵەمەند بووبێ.
یەک قسە: کەسێکە کە هەر لەسەر قسەی خۆی بێ.
یەککەفتن: د. یەککەوتن.
یەککەوتن: بوونی چەند کەسێک بەیەک لە کارێکدا.
یەکگرتن: یەککەوتن.
یەکگرتوو: چەند شتێکن کەبووبن بەیەک.
یەکلا: شتێکە کە نوشتابێتەوە و دوولۆنە نەبووبێ.
یەکلایی: بوونی شت بەیەکلا.
یەکلنگە: جۆرە گیایەکە.
یەک لۆنە: یەکلا.
یەکلەچاو: گیاندارێکە کە چاوێکی کوێربێ.
یەکماڵ: بریتییە لە دۆستی ماڵ یەک: من و تۆ (یەک ماڵ)ین.
یەکماڵی: بریتییە لە تێکەڵی دوو کەس کە درێغیان لەیەک نەبێ.
یەکە: یەکتا: فیسارەکەس (یەکە) پیاوە. یەکانە.
یەکەتی: د. یەکێتی.
یەکەلەچاو: یەکچاو.
یەکەلەچنبوون: نەمانی چەند شتێک بەر و دوا بەئێجگاری.
یەکەلەچنکردن: نەهێشتنی چەند شتێک بەر و دوا بەئێجگاری.
یەکەلەشاخ: گیاندارێکە کە هەر شاخێکی بێ.
یەکەلەگون: گیاندارێکە کە هەر هێلکەگونێکی بێ.
یەکەم: شتێکە کە لە پایەی یەکدابێ.

یەکەمین: یەکەم.

یەکەندەردوو: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی کوتوپڕ.

یەکهۆ: د. کوتوپڕ: یەکهۆ چووە سەری.

یەکەوحەیزەران: جۆرە یارییەکە یەکێک دادەبێ و ئەوانی تر بەسەریدا هەڵدەچن، وەستاکەیان لە هەڵچووندا دەڵێ (یەکەوحەیزەران) تا جاری سێیەم کە دەڵێ (سێیەوحەیزەران) ئەوانی تریش دەبێ وەکو ئەو بڵێن، ئەوی لێی تێک بچێ تێ دەکەوێ و دادەبێ.

یەکەوڕاست: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جێی وتەی (ڕاستەوخۆ).

یەکەوکڵاوە: جۆرە یارییەکە وەک یەکەوحەیزەران بەڵام ئەم کڵاوێک لەسەر پشتی تێکەوتووەکە دادەنێن و بەسەریدا هەڵ دەچن، هەرکەسێک کڵاوەکەی خست تێ دەکەوێ.

یەکەوگۆتەکە: جۆرە یارییەکە وەک یەکەوحەیزەران بەڵام لەگەڵ هەڵچووندا گۆتێک دەدەن لە تێکەوتووەکە.

یەکهێشە: د. زەوییەکە کە یەکجار گاسنی لێ درابێ.

یەکە یەکە: یەک لە دوای یەک.

یەکێتی: ئاشنایی و بێ جیاوازی دوو کەس.

یەکیەک:یەکە یەکە.

یەکی یەکی: شتی هەڵبژاردەی نایاب.

یەگانە: شتی یەکتای بێ مانەند.

یەڵخی: د. گیاندارێکە کە بەدەمی خۆی بلەوەڕێ.

یەلغار: هێرش.

یەلەک: شتێکی بێ قۆڵە وەک سوخمە دەکرێتە بەر.

یەمەنی: کەوشی سوور.

یەن: یەند.

یەند: وتەیەکە بەکاردێنرێ بەمەعنا (نەوەندە): یەند غەمبارم ئاگام لە خۆم نییە.

یەندە: یەند.

یەو: ھ. جۆ.

یەواش: د. هێواش.

یەھ: وتەیەکە وڵاخی بەرزەی پێ هێدی دەکرێتەوە.

یەهەر: ھ. جگەر.

یەی: بۆچی (ھ). یەو.

یێ: ناوە بۆ پیتێک لە بیست و حەوت پیتەی کوردی. یەھ.

یژگە: وتەیەکە دەنرێ بەدوای وشەی (کوڕ) و (کچ) و (پیاو) و (ژن)ەوە بۆ خۆشەویستی: کوڕیژگە، کچیژگە، پیاویژگە، ژنیژگە.

ین: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکا بە(إسمی منصوب): ئاسن(ین)، دار(ین)، پەشم(ین).

ینە: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نووسا دەیکا بە(إسم منصوب): زەرد(ینە)، زیو(ینە)، شاڵ(ینە).

بەیارمەتی خوا دەستم کرد بەنووسینی ئەم فەرهەنگە لە ڕۆژی ١٩٣٦/٤/٦ و لە ڕۆژی ١٩٥٩/٦/٣ تەواوم کرد، سوپاس بۆ خوا کە لەوەپێش ئامادەی کردبووم بەزانینی زبانی فارسی و عەرەبی و، بەئەندازەیەک لە زانینی (نحو) و (صرف) و (منطق) و هێندێ لە زانینەکانی تر، کە ئەمانە هەمەوو دەخلیان بوو لە دانانی ئەم فەرهەنگەدا. بەم ڕەنگە ڕاڤەی هەمەوو وتەیەکم بەپێی دەسەڵات بەکۆکەرەوە «جامع» و دەرکەر «مانع» داناوە، ئینجا برای بەڕێز لە خوێندنەوەیدا ئەگەر خراپەیەکت بەدڵدا هات تۆزێ لێی وردبەرەوە نەوەک ڕاستێک بەچەوت و ساغێک بەهەڵە بزانیت لە پاشان کە بێگومان بوویت ئینجا پیاوانە و مەردانە ڕاستی بکەرەوە، چونکە هەر خوایە کە هەڵە ناکات.

پاشکۆ

چەند وتەیەکی کوردیی کۆن کە لە فەرهەنگێکی ماد دەرهێنراوە

لە ساڵی (١٩٤٣ز) قازی بووم لە چەمچەماڵ، خوالێخۆشبوو جەلال صائب بەقائیمقامی هات بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە من خەریکی نووسینی فەرهەنگی خاڵ بووم، لەلایەکەوە وتەی ئەو ناوچەیەم کۆدەکردەوە، لەلایەکی ترەوە ڕاڤە (شرح)م دەکردن، هەرچەند لەوەپێش زۆر شارەزای جەلال ئەفەندی نەبووم، بەڵام لەوێ کە لەگەڵیدا تێکەڵ بووم، تێگەیشتم کە خوێندەوارێکی بەرز و باڵا و شارەزایە لە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزیدا کاتێ کە زانی من خەریکی کۆکردنەوەی وتەی کوردی و نووسینی فەرهەنگێکی تێکڕاییم، زۆری پێ خۆش بوو و وتی: منیش یارمەتییەکت دەدەم، وتم: لە چ ڕوویەکەوە؟ وتی لە ساڵی ١٩١٧، ١٩١٨ز کە دیل بووم لە هیندستان، فەرهەنگێکی فارسی- ئینگلیزیم دەست کەوت کە دانراوی (ف- ستاینگاس) استادی زانستگای مونیخ - چاپی لەندەن بەپوختەکردنێکی تەواو لەسەر فەرهەنگی فارسی و عەرەبی (جۆنسن) و (ریچاردسن) هاتۆتە ڕوو، ئەم فەرهەنگە وتەی سێ چوار هەزار ساڵ لەمەوپێشی (سەنسکریتی) و (ماد) و (زەند) و (پازەند)ی کۆکردۆتەوە، کە زۆر لەو وتانە لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا یەکەن و، زۆریشیان لە ئاهەنگ و شێوەدا زۆر لە کوردییەوە نزیکن و، من ئەو وتانەم بۆ خۆم دەرهێناوە، بەڵام دەیاندەم بەئێوە کە تێکەڵی فەرهەنگەکەی خۆتانی بکەن، منیش سوپاسم کرد و، بەپێی ئەلفوبێ ڕیزم کردن و، کردنم بەپاشکۆی فەرهەنگی خاڵ و وا لێرەدا چاپی دەکەین، ئینجا جەلال ئەفەندی وتەکانی چۆن ڕاڤە کردووە، منیش هەر ئەوەم نووسی بێ ئەوەی دەستکاری بکەم، ئینجا ئەگەر وتەی عەرەبی زۆر بەکارهێنابێ ئەوە لە منەوە نییە.

هەر وتەیەکی ناو قەوس کە لەلای چەپیەوە (ز) دانرابوو ئەوە نیشانەی (زەند)ە و، ئەگەر (پ) دانرابوو ئەوە نیشانەی (پازەند)ە و ئەگەر هەردووکیان دانرابوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زەندیش و پازەندیشە، هیوادارم ئەگەر هەمووشی پەسند نەکرێ، بەشی زۆری پەسند بکرێ و هێندێ کەلێن و کەلەبەری زمانەکەمان پڕ بکاتەوە.

پیتی: أ

ئابجەر: هاتن و کشانەوەی ئاوی دەریا «مدوجزر».

ئابخوست: دەرگەیەکە کە کاسی تێدا نەبێ.

ئابخوون: ئابخوست.

ئابەستە: جاسووس.

ئاتوون: موعلیمەیەکە کە دەرسی خوێندن و نووسین و نەقش بەکچان بڵێ.

ئاخکوزە: دوگمە. قۆپچە.

ئاخکوژە: ئاخکوزە.

ئاخکوژنە: ئاخکوزە.

ئاخکون: کونی دوگمە و قۆپچە.

ئاخکونە: ئاخکون.

ئاروەند: جلالة، عظمت، سمو.

ئاروین: اختبار، امتحان، بەراورد.

ئازەب: عازەب.

ئاسی: ژنی هەویدار.

ئاشینە: هێلەک.

ئافەند: جەنگ. جدال.

ئالاموت: هێلانەی هەڵۆ.

ئالانە: باز. شاهێن. هێلانەی شاهێن، خوێندنی کەڵەباب.

ئالوەه: هەڵۆ.

ئامار: إحصاء.

ئامارگر: مأموری احصاء.

ئامارگیر: ئامارگر.

ئامارە: تدقیق و کۆڵینەوە.

ئامارەگر: مدقق. محاسب.

ئامدانە: تصادف، قضاء بەرێکەوت.

ئاموتیا: ز. ب. کچی عازەب.

ئاموسنی: قەپاتمە.

ئامە: ژنێکە کە بەبێ مارە و نکاح لای یەکێک بێ.

ئامیا: کیسەی پارە.

ئانگارین: جەدوەلی حیساب.

ئاوار: دەفتەری یومیە.

ئاوارچە: ئاوار.

ئاوارە: ئاوار. خەزێنەی قایم لە ئاسن و شتی تر.

ئاواردگر: (محاسب. أمین صندوق) مدیری ماڵ.

ئاوارەگیر: ئاوارەگر.

ئاوپچەخانە: جێگای حەرەس. نقطەی محافظە و حەرەس.

ئاوەرجە: مقبوضی پارە، علم و خەبەر.

ئاوەرد: حرب. مصادمة. تێک هەڵچوون.

ئاوەردگاە: مەیدانی حرب. صفی حرب. تعبیەکردن.

ئاوەزەند: ئەسلحەی عسکریە. عدەی عسکریە. تجهیزاتی عسکر.

ئاوژەند: ئاوزەند.

ئاوژەنگ: ئاوزەند.

ئاوی ڕەش: ز. پ. جرائمی زۆری گرنگ.

ئاهەنج: رسم. تصویر. ترتیب.

ئایشتە: جاسووس.

ئایشتەنە: ئایشتە.

ئوسقوور: ئاوی دەست نوێژ.

ئولام: وەڵام. خەبەر.

ئەب فەرە: فەحل.

ئەرچین: محەجەرەی پەیژە و پێپیلکە. پەیژە.

ئەرخەندە: دەرمانێکی زۆر ئاڵ و جوانە ژنان نینۆک و لێوی پێ سوور دەکەن.

ئەرزیز: قورقوشم.

ئەرسەن: کۆبوونەوە و اجتماع.

ئەرم: لە ئانیشکەوە تاشان.

ئەرووس: مۆبیلە.

ئەزرەخش: فەرتەنەی با و باران. بروسکە. تریشقە.

ئەزناوەر: گەورە و سەردار.

ئەستوانە: شتێکی گردە کە بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە.

ئەستووان: قایم. قەوی. قابلی اعتماد.

ئەستویی: ئەستۆ.

ئەسرەب: قورقوشم.

ئەسک: ئەسپی پۆستە. ئەوشتەی کە پۆستەی پێ هەڵدەگیرێ.

ئەسکدار: پۆستەچی. متعهدی پۆستە. کەسێکە کە پۆستە دابەش دەکات. جانتای پۆستە.

ئەسکەلە: بەندەر.

ئەشخار: پۆتاس. خوێی ئامۆنیاق.

ئەفشەک: ئاوونگ.

ئەفشەنگ: ئەفشەک.

ئەکبیا: ز. پ. پەی «عصب».

ئەلووم: دەستە. تاقم. جەماعەت، (ئەلووم ئەلووم) دەستە دەستە.

ئەمەد: وقت. فرسەت. هەلکەوت.
ئەنباز: شەریک. هاوڕێ.
ئەنبازناک: هاوسوێند.
ئەنبازی: شەراکەت. سوێندخواری. هاوڕێیی.
ئەند: هێند. ژمارەیەک لە ناوەندی سێ و دەدا. ماوەی ١٥٠٠ قەرن کە ١٥٠٠٠٠ ساڵە. عەقدەکە دە ساڵە.
ئەنداچە: ز. پ. ملاحظە. مطالعە. رای و فکر.
ئەندامە: حافظە. ذاکرە. سەرگوزەشتی تاریخی.
ئەندەرز: مشوەرەت. نەصیحەت. وەصیت. کتێب.
ئەندەرووز: مفتش. مدقق. سیاح. ممتحن. جاسووس.
ئەندەز: رای. فکر. مطالعە. اقتراح.
ئەندیشمار: محاضرە. إیضاح. مذکرە.
ئەندیشمال: ئەندیشمار.
ئەنفەت: زەرەر. ضیاع.
ئەنگاردە: حکایە. ماجری.
ئەنگارش: تاریخ.
ئەنگارە: جلدی مقبوضی مالیە. کتێبی حساب. إحصاء. ڕۆژنامە. سەرەتای تاریخ.
ئەنگامە: هیئتی تمثیل. أعضای تمثیلی حادثەیەک.
ئەنگەسبە: ملاک. راسمالی.
ئەنگەشبە: ئەنگەسبە.
ئەنگەشتە: ئەنگەسبە.
ئەنیشە: جاسووس.
ئەهزوون: ژنی نەزۆک.
ئەیار: حساب. تەخمین.
ئەیارگر: محاسب.
ئەیارە: ئەندازە. سجلی محاسبە. قەید. دەرمانی ڕەوانی.
ئەیازی: پەچەی ژنان.
ئیسپەتکار: تەنەکەچی.
ئیستروەند: ژنی نەزۆک.
ئیسفەرە: ئیسقەرە.
ئیسقەرە: چەند شیشێکن لەسەر ئاگر دادەنرێن بۆ گۆشت لەسەر برژاندن.
ئیسک: ئەسپی پۆستە و هەموو شتێکی تر کە پۆستە هەڵبگرێ.
ئیسکالش: انطباع. فکر. تصویر.
ئیسکانە: ئێسقانی لە ئەژنۆوە تا ئەشکنج.
ئیسکدار: ئەسکدار.
ئیسکرک: کۆکەڕەشە.
ئیسکەرە: ئیسقەرە.
ئیسکەلە: ئەسکەلە.
ئیسکەنە: ئەسکەنە.
ئێش: جاسووس.
ئیشکەفت: ئەشکەوت.
ئیشی: خانم، کابانی ماڵ.
ئیمشاش: مقیاس. قاعدة.
ئێنی: شکات حسبی حال. زولم.
ئێها: بێ ئیشی. دەست بەتاڵی.
ئیروون: گۆگرد.
ئیزارە: خاولی. پاڵپشت. دیواری کورت و نزم.
ئیزاربی: دەسەسڕی سەر ڕان. خاولی. پەچەتە.
ئیسا: ئێستا.
ئینەفت: عرضحال. استدعاء عرضی حاجەت.

پیتی: ب

بابوار: فصل. مادة. فقرة.
بابواری: تصنیف. تەرتیبی فصول و مواد.
باتوو: پرتەقاڵ.
باتووس: باتوو.
باتووش: باتوو.
بادابردنگ: باتوو.
بادارەنگ: باتوو.
بادخەن: فەرتەنە. عاصفة.
بارچە: صالۆنی محکمة. دیوانی محاکم.
بارگاو: إتفاق. معاهدة. تەفاهم.
بارگە: پارچە.
بازان: اصطلاحێکی ئاینییە بۆ ئەو زەردەشتییانەی کە لەگەڵ هاتنی ئیسلام موسڵمان بوون.
بازێرە: ئەو سەعاتەیەکە کات نیشان دەدا. ماوەی سەعاتێکە لە کات کە ٦٠ دەقیقەیە.
بازێرەی اول: هەوەڵی شەو.
بازێرەی اخر: ئاخری شەو.
باژ: باج.
باسیرە: شاعر. حکایەتخوانی لەبەر.
بالەست: کچی باکرەی دەست لێ نەدراو.
بان: ئەمیر. حاکم. گەورە.

بانوو: ئەمیرە. خانم. بووک.

باهە: گۆل. دەریاچە.

برووسان: شعب. قوم. جمعیت. ملت. جالیە.

برووشان: برووسان.

برینش: مەقەست.

بزیشک: بیطار.

بشتالم: طفیلی حیوان و نبات.

بشتام: بشتالم.

بلاژ: بەلاش.

بلووس: ڕیاکار. فێڵباز.

بنیەست: بنێشت.

بنیجە: شرکە و کومپانیە. جماعتی مشترکە.

بنیچە بەستن: کومپانیە یا شرکە تشکیل کردن.

بولغور: ساوەر.

بولکەفد: بەرتیلێکە کە درابێ بەحاکم.

بولکەفدە: بولکەفد.

بوێژە: ئومێدەوار.

بەبەک: بیبیلەی چاو.

بەت: خطی تفریقی جدولی حسابات.

بەخشی جەز: مأموری تەوزیعی معاشات.

بەخشی خانە: دائرەی توزیعی معاشات.

بەخشی گەری: مدیریتی محاسباتی عامة.

بەرات: حواڵەی پارە. چەکی حواڵە.

بەرانغار: میمنەی جیش.

بەربەر: سەرتاش.

بەردال: پەرگار.

بەردە: دیل. ئەسیر.

بەردەفرۆش: دیلفرۆش.

بەردەک: چیرۆک. حکایت.

بەردیق: جاهل. بێ خەبەر.

بەڕەبەند: إختصاصی. متخصص.

بەرفەندار: پرۆفیسۆر. داهی.

بەرگووک: عمارە. خانوو.

بەرگەس: وتەیەکە بەکاردێنرێ لە جیاتی وتەی: (پەنابەخوا).

بەرلاس: پیاوێکی نازا و جەسوور لە فامیلیایەکی ناودار.

بەرماچ: قوەی لامسە. تماس.

بەرماس: بەرماچ.

بەرناس: بێ موبالات. بێ مویا. لاتی. جاهل. جهل. بێ تجربة.

بەرنامە: قاعدة. پروگرام. مرسوم. نظام وتعلیمات.

بەرنایشتی: اتحاد. حمایة.

بەروار: هاوینەهەوار.

بەروارە: سالۆنی ئیستقبال. ژووری باڵەخانە. ڕێگای تایبەتی بۆ ناو حەرەم.

بەروان: دەسەسڕی بەرسنگ بۆ نانخواردن. بەروانکە.

بەریج: میزانیة. اجمالیەی حساب.

بەرید: پۆستە. مراسل. واسطەی مخابرة.

بەژکەم: مانع. عائق.

بەژهان: غبطة.

بەساوەند: قافیەی شعر. مترادف متشابە لە أشعاردا.

بەستوو: کووپەلەی شین.

بەستەک: خدمەتکار. بۆی.

بەشکیر: بەروان.

بەکرەس: مشمای باران.

بەکسەمەد: جۆرە پسکویتێکە کە بۆ سەفەر هەڵدەگیرێ.

بەلادەر: خشڵی زێرینی سەری ژنان.

بەلاش: صنعتکار. فني. ماهر.

بەلاغوور: ملتجیء. بێگانە.

بەلاق: غەزێمی لووتی ژنان.

بەلکەن: منجنیق.

بەلگەن: بەلکەن.

بەللار: بلوور.

بەلواژ: شووشە.

بەلووک: منطقة. ناحیة. جامی شەراب.

بەنتوومە: بنێشتەتاڵ.

بەندوور: قوەی مفکرە.

بەوێژە: وتەیەکە لەجێی وتەی «بالخاصة» بەکاردێنرێ.

بەهمەن: زۆر زیرەک. بلیمەت. هەوری باران. بەفرێکە کە بەباوە بباریێ. دەستدرێژ. زۆردار.

بەهو: هەیوان. باڵقۆن.

بەیات: حرص. مراق. إعتناء.

بیارە: سەوزییەکە کە بەسەر زەویدا تەرز بهاوێ و بەرز نەبێتەوە، وەک خەیار و ترۆزی.

بیاوار: مهنة. وظیفة.

بێ زینهار: بێ نەمان.

بێژە: خالص. تایبەتی.

بێغەرزانە: جاهلی تێ نەگەیشتوو.

بێلا: پارەیەکە بەخێر ببەشرێتەوە.
بێوارە: غریب. فەقیر.
بێرەزەن: تەنوور.
بیزارە: شهم. غیور. محب. دڵسۆز.
بیمە: سیگۆرتە.
بینە: جێی خۆ رووتکردنەوە لە حەمامدا.

پیتی: پ

پاچنار: نۆکەرێکە کە هەمیشە ئامادەی خزمەت بێ.
پاچنامە: لەقەب. حەلیف. رەفیق. ناوی مستعار.
پاچەنگ: ئەو کونانەن کە دەهێڵرێنەوە لە قوللە و قەڵادا بۆ شەڕ لێوە کردن.
پاد: پاسەوان و حارس. بەقودت.
پاژگەر: تحصیلدار.
پاژنامە: پاچنامە.
پاژوخ: پاسوخ.
پاساد: مدافعة. دفاع.
پاشنامە: پاژنامە.
پاکار: معاونی تحصیلدار.
پاڵەوان: مصفی = پلاوپالێو.
پاوپەڕ: قوة. سلطة. صلاحیة.
پایچەم: ترجومانی و تەرجەمەکردن.
پایخوان: پایچەم.
پایزە: وەزیری فوق العادە، وەزیری مفوض. سفیر. إمتیاز. بەرگی شەرەف.
پۆشنە: سەرقاپی مەنجەڵ و شتی تر.
پوودینە: نەعنا. پونگە.
پوولاب: حس. شعوور.
پوولایی: واضح. ئاشکرا. مکشوف.
پەچواک: تەرجومان. مترجم.
پەچوو: تەرجەمەکردن.
پەچوە: پەچوو.
پەربال: هاوینەهەوار «مصیف»
پەربالە: پەربال.
پەرخاش: حەرب. نزاع.
پەرداس: استهلاک و صرف.
پەرداغ: پەرداخ کردن.
پەردان: عاقل. متبصر. متانی.
پەردەک: معمی. صمیمی. پاک.
پەردەکی: ژنی عفیفەی مخدرە.
پەرسا: محقق. مستنطقی.
پەرسان: پەرسا.
پەرسیاوەشان: بەرەزا.
پەرکار: بەرگار.
پەرگار: پەرگار.
پەرگەنە: قضا. ناحیە.
پەرگەنەدار: مدیر یا مأموری ادارەی پەرگەنە.
پەرگینی: جمهوری ناس. جماهیر.
پەرماس: تماس. دلک. دەست لێدانی سووک. معلومات. علم.
پەرماسە: تماسێکی سووک.
پەرمان: ئەمر. ایعاز. حکم. ارادة.
پەرموو: بەتەمابوونی شتێک.
پەرمە: پەرموو.
پەرمەهە: تەفرەدان.
پەروا: عطلة. فەراغەت. مأذونیت. مقاوەمەت. قوة. تصرف.
پەروار: معارف.
پەروارە: پەروار.
پەرواش: بێ موبالات.
پەروانچە: پاس. وەثیقە. اجازة. وەرەقەی هەوێت.
پەرووسانان: هاودین.
پەرودرش: مورەبای گوڵ. شیرەی گوڵ.
پەروەری: استادی تربیە اختصاصی لە تربیەدا.
پەروێز: غاڵب. فائق. بەختیار. محتشم. خۆشەویست.
پەروێزەن: مصفی. پلاوپالێو.
پەرێز: شکات و حسبی حاڵ.
پەژوودە: جاسووس.
پەژە: وڵاتی پڕ شاخ و داخ.
پەستا: دەوام لەسەر کارێک کە دەستی درابێتێ.
پەسترمە: بەستەڵەک: سەهۆڵ. زوقوم.
پەشتوو: بطلی شووشە.
پەشتە: گردۆڵکە. سد و موانع لە خۆڵ.
پەشتەبەند: پرد.
پەشخە: فرچەی جل.
پەگاه: فجر. شفق.
پەگاهتار: فجری کاذب.

بەگاهتەر: پەگاهتار.
پەلکە: بەلکەن.
پەلواژە: شووشە. قاپی بلوور.
پەناد: هەوا. کوورەی هەوا.
پەناوە: إستقالە.
پەنبوون: پیاسەکردن.
پەنتوومە: بنێشتەتاڵ.
پەی: عصب.
پەیغام: خەبەر. تقدیر. راپۆرت.، إشاعة.
پەیک: قاصد. ناقلی بەرید.
پەیگ: مراسل. مخابری جریدة. ناقلی ئەخبار.
پێ خەس: سوئی ظن. تەخمین. کشف.
پیرمەهە: تەفرەدان.
پێش ئاران: رەچەتەی دکتۆر.
پێش گەهی: بەرچای.
پێغان: وعد. إتفاق. موافقت.
پیش بارە: کێکێکە کە لە ئارد و رۆن و هەنگوین و کەرە دروست کرابێ.
پیش پارچە: پیش بارە.

پیتی: ت

تاسەواسە: ئارەزوومەند.
تالەت: چەخماخساز.
تاوبەک: هودەی قایم.
تاهوو: شەراب. مسکر. ئەو شتانەی کە موادی کحولی تێدابێ.
ترس ئەستوودان: لە قەبرترسانی زیندووان.
تورفان: تەرجومان. مترجم. خطیبی بلیغ.
تۆژی: جەولە قوتابی مکتب.
توماندار: سەرکردەی دە هەزار کەس.
تومەن: دە هەزار کەس.
تووبەک: قاسەی پارە. خەزێنە.
توزەک: قانوون. نظام. دەستوور.
تەبار: عەشیرەت. خێزان. رەگ.
تەبری: ترشی سماق.
تەتری: تەبری.
تەراج: وتەیەکە لە جێی (ئامین) یا (خوابکا وابێ) دەوترێ.
تەربەند: هەڵکێشانی پەڕۆیەکی پاکە لە ئاوێکی سارد و خستنیەتی بۆ سەر چاوێکی ئێشاو، یا شوێنێکی ئاوساو «تضمیدی سارد». ئەو پارچە پەڕۆیەیە کە بەتەڕی دەخرێتە سەر شوێنی بەئازار.
تەرتیزەک: شهابی ئاسمان.
تەرخوون: پیاوکوژ. بەخوێن. تینوو. جەردە. بێ باک. جانی.
تەرزەفان: تەرجومان. مترجم. خطیب.
تەرغاق: حەرەسی شەو بەرامبەر بەدوژمن و جەردە.
تەرغاک: تەرغاق.
تەرغان: رەهبەر. دلیل. بەدرەقە.
تەرغەند: شەپلە. إفلیجی.
تەرفەندە: دعایەی درۆ. فیشاڵ.
تەرک: خووزە = کلاوزرێ.
تەرگ: تەرک.
تەروەند: إعتقادی باطل. خەرافە ئوسطوورە. وەعدی خلاف.
تەروەندە: میوە و محصولێکە کە زوو پێ بگا و بێتە بەردەست.
تەرهەندە: تازە. نازک. لطیف.
تەریر: ئەندازە. إخطار. هەڕەشە.
تەسلیخ: بەرماڵی نوێژ.
تەشلیخ: تەسلیخ.
تەغمە: داغمە . مۆر.
تەفەرچاغ: تەواو. حاضر. مهیأ.
تەفنوود: جرأت. ثبات. عزم.
تەگل: مەفرەزەی عسکر.
تەلف: ترخەکردن بەهۆی خواردنی ترێی زۆرەوە.
تەنخواە: مخصصاتێکە کە لە خەزێنە وەردەگیرێ. معاش.
تەنخواهدار: خاوەنی معاش یا مخصصات لە خەزێنە.
تەندەس: رەسم. پەیکەر.
تەندییە: شکلی ئادەمی.
تەنسوخ: تاسووق.
تەنکە: صفیحەیەکی زیو یا ئاڵتوونە. تەنەکەی عادەتی.
تەنووکە: تەنکە.
تەنەکە: تەنکە.
تەنکەرە: مەنجەڵ.
تەواجی: رئیس. قائد. سەرکردە.
تەوال: ئەنجام. نهایەت.، ئەوسەری کار.
تەیان: تیان.
تیان: مەنجەڵی زۆر گەورە.
تێکشمیش: سلامی ملوکانە. تقدیمی هدایا بۆ ملک.

تیتاڵی: قەشمەری.
تیداک: جوولەکە.
تیداکی: جوولەکانە.
تیردم: خانم. خانمی گەورە.
تیڤرەک: حەسادەت. حسد.

پیتی: ج

جابلیق: کەسێکە کە تەعبیری خەو لێک بداتەوە.
جاو: بانقەنۆت.
جلق: یەک تقسیم هەزار و هەشتا یەکێکی سەعات ١/ ١٠٨٠.
بیست و پێنج هەزار و نۆ سەد و بیست یەکی شەو و ڕۆژێک ١/ ٢٥٩٢٠.
جەبیرە: کۆبوونەوەی پیاوانی گەورە بۆ کارێکی زۆر گرنگ.
جەرگ: دائرە. کۆمەڵێک لە ئینسان یا لە حیوان. حەلقەیەک لە ئینسان.
جەرگە: جەرگ.
جەرمەزە: سەفەر.
جەلدوو: مکافأة و پاداش لەلایەن پیاوێکی گەورەوە.
جهمەرز: داوێن پیسی کردن «زنا».
جەنجال: قەڵەباڵغ.
جەندال:بۆرەپیاو. یەکێکی بێ نرخ.
جەندەل: تقویم. مفکرة.
جەنی وار: پردی سراط.
جەوانغار: مەیسەرەی جیش.
جەوتەرە: منارە. منارەی فانۆس. پارچەبنای بەرز و قووچ.
جەوحەگاه: مەیدانی جەنگ.

پیتی: چ

چاپلووس: مەردوومی ڕیاباز.
چاپلووسی: ڕیایی.
چارت لێدان: نوستنێکی کەم لەپێش نیوەڕواندا «قیلولە».
چارەک: قائدی عسکری. جەنڕاڵ. سەرکردەی کاروان.
چاغ: چاخ. ودقت. مووسم. یەک تەقسیم دوانزەی ڕۆژ «سەعاتێک» مووسمی شت.
چامە: قصیدەیەک کە لە حەڤدە شعر زیاتر نەبێ. گۆرانی. مقام. قسە و حکایەت.
چامەبێژ: گوێندە. شایەر.
چامەدان: خطیب بلیغ. شاعر.
چەبیرە: حاضر. مجلس. اجتماع. تجمعی گەورە.
چەروەند: فانۆس، فانۆسی سەفەری.
چەروەندە: چەروەند.
چەغامە: شعر. شاعر. قصیدة.
چەغداوول: دومداری جیش. سەرکردەی دومدار. پەراگەندەی جەیش.
چەک: حوکمی حاکم کە إمضا کرابێ. قراری محکمە. قراری دیوانی. وثیقە. هوبە. جوازی سەفەر.
چەکامە: قصیدەیەکە کە لە هەژدە شعر زیاتر بێ.
چەکنامە: سندی طاپۆ. حکمی تفویضی أراضی. قراری لەزمە.
چەکنویس: مأمووری طاپۆ، رئیسی تسویە.

پیتی: خ

خاکا: پلان. مسودە. مخطط.
خاکە: خاکا.
خلیدە: پەنچەر.
خوردەگیر: ڕەخنەگر.
خوردەگیری: ڕەخنەگری.
خەبەر پەژوورە: جاسووس.
خەسکانان: تحقیقات و تحریاتی بەهێز.
خەشک ئامار: خەسکانان.
خەشکەماز: خەسکانان.
خەشەندە: زواحف.
خەفتو: مۆتەکە.
خەفتەک: خەفتو.

پیتی: د

دامدار: حل و حسمی نزاع. تألیفی بێن. توفیقی ئارا.
داروبەرد: قوت. طاقت. حرب. مصادەمە. أملاک واراضی.
دازە: لفظ.
دالابە: نقطەی عسکر و شرطة لە حراستدا «رابیة».
دوودە: دائرة. محیطی دائرة. خانەدانی قبیلە.
دوودەمان: قبیلەی گەورە. طائفة. فاملیا. فرع.
دووێر: کاتب. محرر. معلم مکتب. معلمی زمان.
ددشتان: ژنی بێ نوێژ.
دەمار: ضروریات. حوائجی ژنان. هەناسە. دوکەڵ. تۆڵە. محلی إقامت.

دەمدەمیا: ز. پ. دەریا.
دیلماب: شیرێکە کە بە کوڵاندن خەست کرابێتەوە و، لەگەڵ هەنگوین یا شەکر تێکەڵ کرابێ.

پیتی: ر

رووچەک: یانزەهەمی مانگی شەعبان.
رووکاز: تەشهیرکردنی دز یا جەردە یا پیاوخراپێک و گێڕانی بەناو بازاردا.
ڕەبوون: قازانج. سلفە.
ڕەویە: عادەت. داب. مۆدە. نظام. قانون. قاعدة. سلوک.
ڕەویز: رای. فکر. مطالعة.
ڕەیت: حیات.
ریچار: هەڵبژاردەی میوەی هەڵگیراو «قۆنسێروە».
ریچاڵ: ریچار.
ریچاڵە: ریچار.
ریشانیل: ریش درێژ.
ریلو: خۆڵەمێشێکە کە سابوونی لێ دروست دەکرێ.

پیتی: ز

زانیج: شوێنی لەدایکبوون. وطنی أصلی.
زاو: وەستای بەننا، وەستای سواغ.
زاویل: بەننا و معمار.
زوویە: ز. پ. قەرز. اعادة. دەست قەرز .
زەراهـ: دەریا.
زەموو: قوڕ. هەوا. دەرەجەی تەڕی و وشکی هەوا.
زەمەنج: باگردێن.
زەو: شتێکە کە باسی بەسەردەمی ئەم و ئەوەوەبێ.
زەویج: باسترمەی گۆشت.
زیند: ز. پ. گیان.
زیباڵ: اسطول.
زیج: خفقانی قلب. لێدانی دڵ.
زیجەک: ریخۆڵەی کاوڕ کە پڕ بکرێ لە برنج و بەهارات و قیمە وەکو گیپە.
زیخ: بەدڵەکوتێیەک دەڵێن کە لە خۆشی یا لە ترسا پەیدا ببێ.
زیوار: شارێیەکە کە بەناو شار و دێدا بڕوا.

پیتی: س

سا: خەرج و باج. جووتانە. ضریبة.
سابان: نیشانەی سەر ڕێگا. نیشانەی کیلۆمتر.
ساتگین: پیاڵەیەکی گەورەی شەرابە کە لە چاوی یەکێک بخورێتەوە.
ساتگین: ساتگین.
ساتیگین: ساتگین.
سارا: صاف. خالص و بێ غەش. ممتاز.
سارە: سابان.
ساڵ گرێ: بەگرێیەک دەوترێ کە ساڵەوساڵ لێ بدرێ بۆ ڕاگرتنی تەمەنی یەکێک.
سام: ئەستوونە زێڕینە.
سامسوار: سواری زۆر خێرا.
سان: قانون. نظام. دەستوور. قاعدة. شرف. شهرەت. عظمت.
ساو: سا.
سپاسە: بەهەموو شتێک دەوترێ کە سوپاس هەڵبگرێ لە لطف و اینسانیت و چاکە.
سپاسی: سواڵکەر.
سپسار: دەلاڵ. ژنێکە کە ئافرەتان بەشووبدات.
سپیدبالا: فجری کاذب.
سپیدپەهنا: فجری صادق.
سپیدە: شەفق.
سندباد: کتێبی دائر بەفنونی عملیە
سندکەش: ئەستوونەزێڕینە. ڕیگی ڕەوان «سەراب».
سۆگ: تعزیة. ماتەم.
سۆگا: ماتەمی گەورە.
سۆگدار: کەسێکە کە جلی ماتەمی لەبەردابێ.
سۆگنامە: تعزیەنامە.
سۆگیانە: بەرگی ماتەم.
سوول: ئاوبارە.
سوومە: ئەنجام، شرط، نەخشی ناو سککە.
سوێرە: دوژمن.
سەدووس: چویت.
سەرباک: ضابطی شرطە.
سەرپاش: خردفان لەبەرپیری.
سەرکەلافە: جێبەجێکردنی کارێک.
سەرە: پارە. پارەی بەرەواج.

سەفرەنگ: شەرح. تەفسیر و إیضاح.
سەمێر: إمامەی تەزبیح.
سەنار: میناء = جێ وێستانی پاپۆڕ.
سەندارە: لقیطە.
سەنگار: هاوڕێ. قافڵەی پاپۆڕ.
سێبەندی: عەسکەرێکە کە خەرج و باج کۆ بکاتەوە.
سێپەهر: پاش نیوەڕۆ.
سێتوێ: معدەی حیواناتی کاوێژ کەر.
سینار: سەنار.
سیندارە: سەندارە.

پیتی: ش

شاماخچە: مەمک بەستی ژنان.
شامار: محلی عمومی بۆ اجتماع. ئاتەشکەدە.
شاماز: شامار.
شاماکچە: شاماخچە.
شاوار: ملوکانە. لائقی پاشا.
شەروین: قەڵای شیروان.
شەفا: خلال شرعی. قانوونی.
شەفوو: حەرام. بێ شەرعی ناجائز. بێ قانوونی.
شەفوود: شەفوو.
شەلە: حکمی اعدام بەقصاص.
شەمپوورگر: مجبر. ئامری جابر.
شەمپووری: إجباری. شتی غیرە طبیعی.
شەنبووسە: بۆرۆک.
شیفاد: شەفا.
شیروان: وڵاتی (مێد).

پیتی: ف

فرسناف: یەکەم شەوی ساڵی تازە.
فرسنافە: فرسناف.
فرۆزە: جنس. نوع. وصف.
فرووهەر: مادە. خلاصە. جەوهەر.
فرهانە: بردنەوەی قومار و هەموو جۆرە یارییەک.
فوراتە: شەرابێکی تازەیە کە لەگەڵ ئاردی ورد و کاکڵە گوێز و ناوکە بادامدا بکوڵێنرێ و ساردببێتەوە و بکرێ بە ماجووم بۆ خواردن.

فەدا: أصل. قاعدە. قانوون. منهج. نموونە.
فەراتە: شەرابێکە بە کوڵاندن خەست کرابێتەوە و لەگەڵ ئاردی بێژراو و ناوکە بادام، یا گوێز و هەنگوین و شەکر کرابێ بەمعجون.
فەربوود: جدی. کەسێکە کە بیروباوەڕی دامەزرابێ.
فەربوودی: جدیت. عقیدەیەکە کە لەوانە نەبێ بگۆڕدرێ.
فەرتاب: وحی. الهام.
فەرتاش: وجود. موجودیت.
فەرتوور: إنعکاس. عکسی صوت وضیا.
فەرجاد: ممتاز. عال. عالمی متبحر.
فەرجوود: معجزة. إعجاز.
فەرخاد: موفق. منتصر. غالب.
فەرخاش: محاربە. مصادمە. نزاع.
فەرخاگ: مێخلەمەی گۆشت و هێلکە.
فەرخەشتە: پاقلاوە.
فەرخەشە: کولیچەی بادام.
فەرخوی: أخلاق. طبیعت. غریزە.
فەردا: سبەینێ.
فەردەجان: مانگی تشرینی یەکەم.
فەرز: زانا. گەورە.
فەرزام: لائق. قابل. موافق.
فەرزان: فەن. زانین. زانا. قوت.
فەرزانە: عالم. ذکی.
فەرزانەگان: عولەما. متفنین. مشاوران. سەرکەوتووان.
فەرزانەگی: گەورەیی. عالمی.
فەرزوو: ذکاء. عاقڵی. تێگەیشتوویی.
فەرگاه: حضور. حضوری پادشا.
فەرگوفت: فەرمان. إرادە. ئەمر.
فەرگۆیا: شیفاهی.
فەرگەوهەر: عطر.
فەرنان: نا أصل. دەنی. خسیس.
فەرنوود: مظاهرە إثبات. دلائل. إظهاری مافی الضمیر.
فەرنوودسار: إنسیکلوپیدیا. (دائرة المعارف).
فەرنە: لعنت. لعنت لێکردن. جنێو پێدان.
فەروار: کۆشکی هەواداری دەرگا و پەنجەرە زۆر بۆ دانیشتنی هاوینان.
فەروارە: فەروار.
فەرواز: فەروار.

فەروال: فەروار.
فەرواله: فەروار.
فـەرویش: سـهـو. غلط. خطا. زهول. عطالت. بەتاڵی. طلبی ئیش نەکردن.
فەرهەنجە: مەردوومی عاقڵی موئەدەبی زیرەکی تێگەیشتوو.
فـەرهەنگ: قـامـووس. عـالمی. عـاقـڵی. عظمت. ممتـازی. نەجابەت. شیرپاکی. تووڵ کێشکردنی مێو.
فەرهەنگدار: رئیسی محکمه. حاکم.
فەرهەنگیان: علما. مشرعین.
فەرهەنگی: استادی قوانین و شەرائع (مدونی قانونی).
فەرید: جەجاڵ.
فەنجە: قسە. قسەکردن. وتار.
فیسا: طاووس.

پیتی: ک

کارژوول: مفتشی ئەشغال.
کارەنەفژوول: ملاحظی ئەشغال. معاونی ملاحظ.
کارەوژوول: کارەنەفژوول.
کاز: مەقەست.
کازوود: کاز.
کاژە: حەشاری ڕاوکەران.
کامورر: بسیط. واته عکسی مرکب و مخلوط.
کردەک: عبارة. جملة. کلمة. معما. لەغەز.
کرواس: کردەک.
کلۆ: گـەورەی حـەرەس. گـەورەی لایەک. (جناحـێـک) لە خەستەخانه. گەوردی شرطة. گەورەی حەسحەس باشی. گەوردی گوزەرێکی بازاڕ کە هەموو تابعی بن. محافظ. حاکم.
کۆتار: قیصری ناو بازاڕ.
کوریر: کارنەفژوول.
کەبار: کەسێکە کە داری سووتەنی بێنێ بۆ فرۆشتن.
کەبد: لەحیم. مادەی لەحیم کردن.
کەبدە: کەبد.
کـەران گاه: دەشـتـی تایبـەتی بۆ سبـاق. جـێگای ئیـسـتـعـراضی جەیش و قوتابی.
کەرتاخ: مسئلەی گرنگ کە حەل نەکرابێ.
کەرتەلە: کوڕێکە کە هێشتا خەتی نەدابێ.
کەردا: دوێنێ.
کەردەک: عبارة. جملة. کلمەی گرانی عاصی. معما. لەغەز.
کەرزە: منداڵێکە کە نیشانەی نێری و مێی نەبێ.
کەرکوز: ئیشارەتی نیشاندانی ڕێگا.
کەرکەز: کەرکوز.
کەروپێز: قسە. إفادە بیان. دلیل.
کەرەدان: سەرەنوێلک.
کەرەوێن: کەروپێز.
کەریوون: قەرن. عصر.
کەشاک: رای. فکر. تدبیر. انطباع.
کەشانی: چادری یەک کۆڵەکە.
کەشتاو: رەحمەت. دڵ نەرمی.
کەشخەر: ئاب و هەوا. مناخ إقلیم.
کەشسە: ئەمری تەحری لە حاکمەوە.
کەشمیدە: خط. خطی هندسی. خەطێک کە نووسراوی پێ شطب بکرێ.
کەفشیر: لحیم. قورقوشم. تەنەکە. لحیم کردن.
کەفین: شت. مادە. وجود.
کەلاجوو: پیاڵە. فنجانی شەراب یا قاوە.
کیکوو: دەریاچە. حەوزی گەورە.
کیلوو: گۆم. بحیرە. کەناری نهرێک کە بگونجێ بۆخۆشتن.

پیتی: گ

گارەندە: عامل. وکیل. بنکدار.
گاز: مەقەست.
گازە: کەپری پچووکی باخەوان کە سەری بەپەرۆ داپۆشرابێ، کە جار جارە جیهان بەم کەپرە تەشبیە دەکرێ.
گاشەک: باسترمە.
گاگا: ئەو شتانەی وەک میوە و چەرەز کە لە زیافەتدا بۆ میوان دادەنرێ. مەزە. شەوچەرە.
گرداوا: حارس. کشاف.
گرداوەر: مراقبی شرطە. قۆڵچی گوومرگ. حارس. مراقب.
گریب: واحدی قیاسی ئەراضی پێوان.
گۆران نگار: صالۆنی رسوم و تصاویری حیواناتی وەحشی.
گۆرەب: گۆرەوی کورت.
گۆشان: شەربەتی مێوژ.
گۆشانە: قوژبن. پەلاماردان لە کەمینەوە.

گونیە: مسطرەی دارتاش. عمودی معمار. گۆنیای هندسی.
گوشتاسب: خەوبینین. احتلام بوون.
گووران: محلی اجتماعی جیش. قاعەی إجتماع.
گووشتاسب: گوشتاسب.
گەرداس: ظالم. غدار.
گەرداش: گەرداس.
گەردبان: سەرکردە. قاندی عام.
گەردش: إنقلاب. ثورة. حرکەی قلبی سیاسەت.
گەری: مقیاس. واحدی قیاسی بۆ اراضی و قوماش و حبوبات و مالّیات و وقت. واحدی قیاسی وقت کە عبارە بێ لە بیست و دوو دقیقە و سی ثانیە.
گەزاردنامە: خەونامە.
گەزەرنامە: گەزارەنامە.
گەسی: عزلکردن.
گیارەنگ: جنراڵ. قاندی سەرکردە.
گیوەر: مۆرخ.

پیتی: ل

لاچین: خزمەتکار. بەندە.
لاخێز: فیضان.
لەباچە: جبە. رۆبی حاکم کە لەکاتی محاکەمەدا لەبەری دەکات.
لەباد: مشەممای باران.
لەبان: شەریک.

پیتی: م

ماچووچە: جۆرە شووشەیەکی لووت باریکی دابراوە، ئاو و دەرمانی پێ دەکرێتە ناودەمی منداڵەوە.
ماژ: سپۆرت. ریاضە. یاری.
ماطەک: شەکرێکە کە لە جۆ دروست بکرێ.
مانوو: دەنگەوەرە. شائعە.
مانە: مۆبیلیا. شتومەکی ناوماڵ.
مودام سیبەندی: موظفی دائمی.
مۆژ: تانکی ئاو. حەوض.
مۆژە: مۆژ.
مە: مانگ. قەڵەم.
مەت: شەربەتی مێوژ یا خورما.
مەتارە: دەفرێکی لاپانی دەم پچووکە لە لباد دەگیرێ و ئاوی تێ دەکرێ.
مەخێز: مامزی پێی سوار.
مەرە: تەخمین. ئەندازە. دەرەجە.
مەرێشم: مەشەممای برین.
مەشخ: سەرمەشق. نموونەی تدریب و تەعلیم.
مەها: بلوور.
مەهاباد: ناوی پێغەمبەرێکی زۆر کۆنی گەورەیە کە بۆ ئێران هاتووە و خاوەنی ئەو کتێبەیە کە پێی دەڵێن «دەساتیر».
میجری: قاپی داوودەرمان تێدا هەڵگرتن.
میها: گەورە.

پیتی: ن

ناج: داری سەوز.
ناجوو: سنەوبەر.
ناخە: سواڵکەر.
نارەنگ: پرتەقاڵ.
نارەنگە: نارەنگ.
نارەنگی: لالەنگی.
ناژ: سەرو. سنەوبەر.
ناژوو: ناجوو.
ناسپاڵ: تۆیکڵە هەنار کە بۆ دەباغ بەکاردێنرێ.
ناسەرە: سکەی قەڵب.
ناشخود: دەست لێ نەدراو. کەسێکە کە فەرتەنەی دەریا کاری لێ ناکات. حکم.
ناشک: قەرزدار.
نالە: چم. چەمی پچووک.
نامویە: ژنی مێردداری بەناموسی ڕاست لەگەڵ مێردەکەیدا.
نانوو: بێشکە، لای لایە. گورگانە شەوێ.
ناوچە: قایخ. بەلەم. مۆتۆری نەهری.
ناوژە: ناوچە.
ناوە: ناوژە.
ناوەر: ممکن. قابل.
ناوەران: ناوەر.
نکال: خەڵوزی مەعدەن.
نگال: نکال.
نووردند: تەرجەمە.
نوولە: قسە. تەنها وشەیەک.
نەبەس: کچەزا، چ کوڕ چ کچ.

نەبەشە: نەبەس.
نەبیر: کوری کور.
نەبیرە: نەبیر.
نەبیسە: کورەزا، چ کچ چ کور.
نەپراش: خاصیتی إقتداری حلی مشکلات بەئاسانی.
نەخشە: دلیل. قرنیە. ظواهر.
نەسبووت: ئەهلی خوبرە. خەبیر.
نەسوودی: زراع.
نەسیمەن: خواپەرستی. نوێژ.
نەشپیل: تۆری ڕاو. قولاپی ڕاوەماسی. قولاپی هەڵواسین.
نەشـخـار: ئەو ئەندازەیەی کـە گـیـانداری کـاوێژکـەر هەڵی دەهێنێتەوە بۆ کاوێژکردنی.
نەشخوور: کاوێژ.
نەفج: کاغزی نووسین.
نەماک: عادەت. ئەخلاق.
نەمشتە: عقیدە. باوەڕ.
نەوتاش: دائمی. ئەبەدی. هەتاسەر.
نیشپیل: نەشپیل.
نیشین: قطبی شمالی. بەرگی سەرین.
نیناو: سەبر. تحمل.
نیوار: ئاسمان. قوبەی ئاسمان.
نیوتوور: فخر. خۆ هەڵکێشان.
نیوەر: وجود. موجودات. کائنات.
نیـوەری نیـوار: مـوجـوداتی ئاسـمـانی وەکـو ئەسـتـێـرە و ئەو ئەستێرانەی کە دەکشێن و بەفر و باران و پەلکەزێرینە و گەلێ شتی تر.

پیتی: هـ

هاروون: ئەسـپـی سەرکـێش. سەرکـردە. گـەورە. ناقلی أخـبـار و بەرید. ساعی. بێکەسی و پەشۆکاوی.
هاری: گەسکدەری. کەسێکە کە هەموو فرمانێکی پیس و پۆخڵ إختیار بکات.
هامال: هاوفکر و هاورای. هاوحزب.
هاوەرد: رەقیب. منافس.
هاوین: نوێژی بەیانی.
هوودل: رەصد.
هوودلبەند: ئالتی رصد.
هەجاوەر: کۆبوونەوەی خەڵق.
هەرباسپ: ئەستێرەی گەڕۆک.
هەرپاسبان: سبعەی سیارە.
هەرماس: شیطان. رەهبەری بەد.
هەروانە: خەستەخانە. ئێش و ئازار.
هەرهەفت: حەوت شتن کـە ژن خۆی پێ جـوان دەکات بەتەرتیب: (١) گـیـایەکی جوانی هەمیشە سەوزە، بەچەپک دەیدەن لە سـەریان (٢) گـیـایەکی شینکارە (٣) سـووراو (٤) سپیاو (٥) کل (٦) زێڕ (٧) میسک.
هەرهەفت کەردە: ژنێکە کە بەهەر هەفت خۆی ئارایش دابێ.
هەری: زەوی دێم.
هەفت گەنجینە: بەحەوت جۆری تایبەتی دەڵێن لە کان: (١) زێڕ (٢) زیو (٣) تەنەکـە (٤) قـورقـوشم (٥) ئاسن (٦) مس (٧) زەرد.
هەلاج: لۆکە.
هەلیاک: شیرێکە کە بەکوڵاندن وشک کرابێتەوە.
هەماس: دۆست. شریک. هاوڕێ.
هەماک: هاوڕێی کار.
هەمال: هاوکار.
هەمسیراز: تەرجەمە.
هەنام: هیکل. تمثال.
هەنجار: شاووڵی بنا. ڕێگا. مادده. قانوون. اصول. عادە.
هەنجام: بێ ئیشوکار. سەرسەری.
هەنگ: تێگەیشتن. عقل. مجد. سلطە. عظمت. مطلب. علو. معـهـدی علمی. شەپۆل. ئەشکەوتی گەورە. وەزن و مقداری هەر شـتێ. عـاطفە قـوت. اقـتـدار. حراست. شـدید. ذکی. فـامـیلیـا و عـشـیـرەت. جیش. عـسکر. زللە لێدان. ئازار. برین. سەرما و باداری. وشکی و بێ ئاوی.
هەنگامە: اجـتـمـاع. کۆبوونەوەی تجار. مرکزی اجتماع. غرفەی تجارە.
هەنگامەسێبەندی: موظفی وەقتی.
هەنگە: مەلهی. تیاترۆ.
هەواری: دیوان. ژووری ئیستقبال. چادری گەورە.
هەتیال: وڵاتی بەقوەت کە هیچ خەرج و باجی لەسەر نەبێ.
هیرسا: یەکێکە لە عومری خۆی توخنی ژن نەکەتبێ.
هینگ: سعادة. رۆژی شادی. ئازار لە ڕیخۆڵەدا.

پیتی: و

وابا: عقل. فهم.
وات: پیت. وشه. کەوڵ و پۆست.
وادە: ڕەگ. بناغە. أساس.
وازیرە: وەقت.
واژ: کلمە.
واشینگ: رئیس الحراسین.
وانساز: قبلەنما.
وانسازە: وانساز.
وەبەردەک: مەتەڵ. معما.
وەجەر: حکمی حاکم. قراری محکمە.
وەجەرگەر: رئیس. رئیسی عدلیە. مترجمی قوانین. مفتی.
وەچەر: حکمی حاکم. ئەمری پێغەمبەر.
وەچەرگەر:حاکم. پێغەمبەر.
وەردەک: جیازی بووک.
وەرشاد: معاشی تقاعدی.
وەرشنان: أمتی پێغەمبەرێک.
وەرشەک: جانتایەکە کە داوودەرمانی تێدا هەڵبگیرێ.
وەرغ: سەددەی ئاو.
وەرگاز: میوەیەکە لە ساڵێکدا دوو جار ببێ.
وەرنامە: سەرلەوحە. عنوانی کاغەز.
وەروار: تەختی ملوکی. باڵقۆنی محتشم.
وەرەشتاد: متقاعد.
وەرەفان: واسطە. وسیط. شفیع.
وەرەنداز: مخطط. لوێلچی جل و پەراوەکردنی.
وەرەنگ: چنینەوەی جلی دڕاو.
وەستی: ترجمە. إیضاحیە.
وەسکەردە: ساعی. سریع. اختصاصی قوی.
وەسنی: هەوێ.
وەشک دانە: تۆوی داری هەڤرس.
وەشمەک: نەعلی چەرم.
وەشنی: سووراوی ژنان.
وەشەنگ: جیکەنە.
وەشیان: تعویض. مکافات.
وەفتووک: پێستی پڵنگ کە بەسەر تەختی ملوکیداردا خرابێ.
وەلواکیێ: ڕیخۆڵەباریکەی مەڕ و بزن کە بەبرنج و گۆشت و بەهارات پڕ کرابێ و کوڵێنرابێ بۆ خواردن.
ودنانە: سەمموونی خڕی گەورە.
وەوا: نیشانەی خێر و بەرەکەت.

پیتی: ی

یادە: بەرتیل دان بەحاکم بۆبێ قانوونی. هێزی حافظە.
یاسە: قانوون. نظام. ئەمر.
یالوو: کەناری دەریا. کەناری چەم و ڕووبار.
یۆسە: دارتاش. مشار.
یەفتەر: ئاوێکی ڕوونی پاک کە ڕەنگ و تام و بۆنی نەگۆڕابێ.
یەلکەن: منجنیق.
یەمسوو: باروت.
یەندوو: ضیاء. حەزمەی شعاعیەی ڕۆژ. ڕووناکی ڕۆژ.

پێرست

Aras Press and Publisher
Kurdistan - Erbil
2005
www.araspublisher.net
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە